تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دەوڵەتی عوسمانی

هۆی گەشەسەندن و ڕووخانی

نووسینی

دکتۆر علی محمد الصلابی

وەرگێڕانی

احمد عبدالرحمن احمد

نهاد جلال حبيب الله

کتێبخانەی نارین
هەولێر

دار المعرفة
بەیرووت

ناوی کتێب به عەرەبی: الدولة العثمانية عوامل النهوض والسقوط.

نووسینی : دکتۆر علی محمد محمد الصلابی

وەرگێڕانی : احمد عبدالرحمن احمد / نهاد جلال حبيب الله

بڵاوکار: کتێبخانەی نارین / هەولێر

ژمارەی سپاردن (845)ی ساڵی ۲۰۰۷ پێ دراوه

جميع الحقوق محفوظة
هذه الطبعة باذن من المؤلف
ترجمة واصدار دار المعرفة – لبنان.

بسمِ اللهِ الرّحمن الرّحيم

ئێمەی وەرگێڕیش قسەیەكمان هەیە

سوپاس بۆ خوای گەورە كە دوای ڕووخانی هەندێ قەوارە ئەفەرموێت: **(فاعتبروا يا أولي الابصار)** خەڵكە چاو ساغەكە! پەند وەربگرن.

سەڵات و سەلامیش بۆ سەر گیانی پێغەمبەر (ﷺ) كە ئەفەرموێت: **(كانت بنوا إسرائيل تسوسهم الانبياء كلما هلك نبي خلفه نبي وانه لا نبي بعدي، وسيكون خلفاء فيكثرون، قالوا: فما تأمرنا؟ قال: فوا ببيعة الاول فالاول، اعطوهم حقهم، فأن الله سائلهم عما استرعاهم)**[1].

واتا: نەوەكانی ئیسرائیل پێغەمبەران سەرپەرشتی كاروباری سیاسەتیان ئەكرد لە ناویاندا، كە پێغەمبەرێك ئەمرد پێغەمبەرێكی تر ئەهاتە جێگەكەی، بە دڵنیاییەوە دوای من پێغەمبەری تر نایەت و لەمەودوا خەلیفەكان ئەو كارە دەكەن و زۆریش ئەبن، وتیان: جا فەرمانت چیە بۆمان؟ فەرمووی: ئەمەكدار بن بۆ پەیمانی یەكەمجارتان پاشان یەكەمەكەی تر، ئێوە مافی ئەوان مەخۆن و بیپارێزن، بێگومان خوای گەورەش لە هەموو ئەو شتانە ئەپرسێتەوە كە خستبوویە ژێر دەستی ئەوان..

ئەم پەرتوكەی ئێستا لەبەر دەستی ئێوەی خوێنەری بەڕێزدایە وەرگێڕراوی كتێبی "**الدولة العثمانية، عوامل النهوض والسقوط**"ە لە نووسینی نووسەری گەورەی لیبی دكتۆر "علی محمد محمد الصلابی"یە. دكتۆر صەلابی نوسەرێكی بەتوانا و خاوەنی خامەیەكی زۆر بە بڕشتە و تا ئێستا زیاد لە دە بەرگ كتێبی مێژوویی نووسیوە و تێیدا هەموو ئەو گزیبازی و بوختانانەی هەڵوەشاندووەتەوە كە خامە گوماناویەكان لە كۆن و نوێدا خزاندوویانەتە ناو مێژووی ئیسلامەوە...

---

[1] **البخاري، كتاب الانبياء، باب: ما ذكر عن بني اسرائيل**

پێنج بەرگی گەورە کتێبی دەربارەی «خەلیفەکانی ڕاشیدین» **نووسیوە دوو بەرگ لە ژیانی پێغەمبەر** (ﷺ) و دوو بەرگ لە مێژووی ئیسلامی و دوو بەرگ لە مێژووی (ئەمەوی) و (عەباسی) و کتێبی تایبەتیش دەربارەی بزوتنەوەی (سەنوسیەکان) و (دەولەتی یەکتاپەرستەکان) و (سەلجوقیەکان) و (زەنکیەکان) و (ئەیوبیەکان) و.....هتد...

نووسینەکانی دکتۆر صەلابی دوو تایبەتمەندی زۆر دیاری هەیە:

یەکەمیان: بەردەوام لە سەرچاوەوە قسە ئەکات و زۆر کەم قسەی خۆی ئەکات.

دووەم: بە بەڵگە و موناقەشەی لۆژیکانە هەموو زانیاریەکی ناڕاست کە خراونەتە ناو مێژووەوە ڕەت ئەکاتەوە و باز نادات بە سەریاندا وەك هەندێ نووسەری تر ئەیکات و لەوەش خراپتر جاری وا هەیە کە بەرگریشی لێ دەکەن.

ئیمەش کتێبی " **دەولەتی عوسمانی** هۆکارەکانی گەشەسەندن و ڕووخانی "مان لەو کتێبانە هەڵبژاردووە لەبەر چەند هۆیەك:

یەکەم: خزمەتکردنی قوتابیانی زانکۆ بە تایبەت و خوێنەری کورد بەگشتی چونکە ئەوەی دیارە قوتابیان سەرچاوەی کوردی و باوەڕپێکراویان لە بەردەستدا نیە یاخود ئەوەندە کەمە لە ڕیزی نەبووندایە.

دووهەم: ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریە هەڵانەی دراوەتە پاڵ دەولەتی عوسمانی لەبەر هۆیەك یان زیاتر.

سێ یەم: ماددەیەکی زانستی بدەینە دەست ڕۆشنبیران بۆ ئەوەی ببنە خاوەن (ڕا) و (ڕای بەرامبەر) و تەنها بە ڕایەکی تایبەتەوە دەق نەگن.

ئێمە ئەزانین کە ئەم کتێبە هەندێ کەس و نووسەر زویر و توڕە ئەکات چونکە ئەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئابڕووی ڕۆشنبیری و ڕابردووی نووسینەکانی چونکە ئەو دەولەتی عوسمانی وا نەناساندووە لە ناو کورددا و بەڵکو هەر ئەوەی تفیوەتەوە کە دوژمنەکانی دەولەتی عوسمانی ناویانەتە دەمی.

لێرەدا ڕاستیەك هەیە کە تۆمارکردنی بە شتێکی بەسوود ئەزانین... هەندێ نووسەر هەیە زانیاریەکانی دەربارەی دەولەتی عوسمانی لە چوارچێوەی سەرچاوەکانی ڕەقیبانی دەولەتی

عوسمانی دەسورێتەوە کە ئەویش کارێکی نادروست و نازانستی یە... چونکە عەقڵ نایبرێت کە دوژمن بەو ویژدانەوە قسە دەربارەی دوژمنەکەی بکات... ئەمە وای کرد لە نووسەرێکی گەورەی وەك مارف خەزنەدار کە نووسینەکانی دکتۆر کەمال ئەزهەر بخاتە ژێر پرسیار و بازنەی گومانەوە و بلێت کتێبەکانی کەمال ئەزهەر دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی نرخی زانستیانەیان نی یە چونکە سەرچاوەی نووسینەکانەی بریتیە لە ئەرشیفی ڕووسی و ڕووسیاش دوژمنێکی سەرسەختی عوسمانیەکان بووە و هەمیشە لە هەوڵی ناشیرنکردن و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە... ئەوە ڕاستیەکە زۆر کەس لە ئاستیدا چاو دائەخەن گزی لە خۆیان و خوێنەری کوردیش ئەکەن و ڕەچاوی ناکەن لەکاتی نووسیندا.

ئەکرێ مێژووی کورد و بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ئەرشیفی بەعسەوە-بۆ نموونە- وەربگیرێت؟ یان مێژووی وڵاتی جەزائیر و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی لە ئەرشیفی فەڕەنساوە وەربگیرێت؟ و...وە هەروەها.

ئەو بەڕێزانەی کە تا ئێستا ناهەقی بە دەوڵەتی عوسمانی ئەکەن و بە هەموو هۆکارێك هەوڵی ناشیرنکردنی ئەدەن، با لە ئێمە زویر نەبن و لە بری خۆ تووڕەکردن بە خۆیان و نووسینەوەکانیاندا بڕۆنەوە و مێژوو لە سەرچاوەی ڕەسەن و دوور لە گومانەوە وەربگرن و بێلایەن بن لە نووسیندا چونکە بێلایەنی سەرەکیترین مەرجی مێژوو نووسە و پینەکردن و گزیبازیش بۆ کەس ناچێتە سەر بە بەردەوامی، عەرەب جوان ئەڵێت: (**تستطیع ان تخدع بعض الناس بعض الوقت ولكن لا تستطیع ان تخدع كل الناس كل الوقت**) **ئەتوانی هەندێ کەس بۆ ماوەیەك فریو بدەی بەڵام ناتوانی هەموو خەڵکی بۆ هەموو کاتێك فریو بدەی...**

لە وەرگێڕانی ئەم پەرتووکەدا هەندێ گرفتمان هاتە ڕێگە لەوانە:

گەورەیی کتێبەکە و بوونی هەندێ ڕای نووسەر کە لەگەڵ ڕای ئێمەدا یەکی نەدەگرتەوە و کەمی کات و چۆنیەتی بەچاپ گەیاندنی و وەرگرتنی شەرعیەتی ئایینی و یاسایی بۆ وەرگێڕان و چاپکردن و بڵاوکردنەوە...بەڵام خوا

لێـی بـەزیاد بێـت گرفتـەکانی ئاسـان کـرد و ئـەم کتێبـەش کەوتـە بـەر دەسـتی خوێنەرانی کورد.

هەندێ تێبینی هەیە لەسـەر وەرگێڕانەکە و کتێبەکە بە پێویستی ئەزانین کە خوێنەرانی لێ ئاگادار بکەین....

- لە هەندێ شوێندا پێویست بووە کە وشەیەك یان پێناسەیەك زیاد بکەین، ئەوە ئامازەمان پێداوە لە پەراوێزدا یان خستوومانەتە ناو دوو کەوانەوە.
- لەوانەیە هەندێ بیروڕای نووسەر هەبێت، ئێمـەی وەرگێڕ ڕامـان وا نـەبێت بەڵام بە پێویستمان نەزانیووە ئامازەیان پێ بدەین.
- ئەگـەر خـوا یاوەریمـان بکـات بـە نیـازین ئـەو بەرهەمـە مێژووییانـە کـە هەندێکیان لە ڕوویەکەوە یان زیاتر پەیوەندی بە ئێمەی کوردیشەوە هەیە بـە زمـانی شـیرنی کـوردی بخەینـە بـەر دەسـتی خوێنـەرانی بـە ڕێـز و ئومێـدیش ئەکـەین کـارێکی باشمـان کردبێـت و خوێنـەرانی بـەڕێز و قوتابیانی خۆشەویست ئەم نۆبەرەیەمان لێ وەربگرن و هەر هەڵەیەکیشیان بینـی بە دیاری بۆمـانی بنێـرن با ئـەوانیش بەشـداری خێـری چاککردنی چاپەکانی داهاتوو بن.

دیارە وەك "عماد الاصفهاني"یش ئەڵێ:

(شك نابەم کەسێك هەبێت شتێکی نووسیبێت و بۆ ڕۆژی دواتر نـەیوتبێت ئەگـەر ئەوەم گۆڕیبا چاکتر ئەبوو ئەگـەر ئـەوەم بۆ زیـاد بکردایـە خۆشتر ئـەبوو، ئەگـەر ئـەوەیانم لـە پـێش ئەوەیانـەوە بنووسیبا جـوانتر ئـەبوو... ئەمـەش گـەورەترین پەنـدە و بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە کـەم و کـوڕی زاڵـە بەسـەر هـەموو مرۆڤەکاندا...(القران منهل العلوم،ص٢٢٧).

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

أحمد عبدالرحمن أحمد

نهاد جلال حبيب الله

يادى نۆزدە ساڵەى كيمياباراني هەڵەبجە ٢٠٠٧

پێشکەش

بــەزانایانی ئیــشکەرو بــانگخوازانی دڵــسۆز و زانــستخوازانی تێکۆشــەر ونەوەدلێرەکانی ئەم ئوممەتە .

ئـەم کتێبـە پێـشکەش دەکـەم و بـەناوە چـاك و سـیفەتە بـەرزەکان خـوا لێـی دەپاڕێمەوە کە لەپێناو خۆیدا بێت .

خوا دەفەرموێت : (فمن کان یرجو لقاء ربه فلیعمل عملا صالحا ولا یشرك بعبادة ربه أحدا) الکهف :١١٠ ، واتە : هەرکەسێك بەتەمای گەشتنە بەپەروەردگاری خۆی با کردەوەی چاك بکات و هاوەڵ بۆ پەروەردگاری بڕیار نەدات .

پێشەکی :

أن الحمد لله ، نحمده ونستعينه ونستهديه ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .

(يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولاتموتن إلا وأنتم مسلمون) آل عمران : ١٠٢

(ياأيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا *يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيما) الأحزاب ٧٠-٧١

يارب لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك ، لك الحمد حتى ترضى ، ولك الحمد إذا رضيت .

ئەمە کتێبی شەشەمە (چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی ئیسلامی) لەبارەی دەوڵەتی عوسمانی (فاکتەرەکانی ڕاپەڕین وهۆکارەکانی کەوتنی) ەوە دەدوێین ، کە وێنەیەکی ڕوون دەبەخشێت لەمەڕ ڕەچەڵەك و ڕەگ و ڕیشەی تورکەکان و کاتی هاتنیان بۆ نێو ئیسلام لەگەڵ کردارە چاکسازییەکانیان بە درێژایی مێژوو کە چەند پێناسەو تەعریفێك لەنێوەندی سەرچاوەو مەرجەعەکانەوە دەردەهێنین بۆ ئەو کەسایەتییە تورکانەی کە لە قورئانی پیرۆز نزیك بوونەتەوەو بەشدارییان کردووە لە بنیاد نانی شارستانییەتی ئیسلامیدا و ڕێڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعەتیان سەرخستووە ، بە وێنەی(سوڵتان سەلجوق ، ئەلب ئەرسەلان ، نیزامولمولك ، مەلیکشاه)

هەروەها ئەم کتێبە لەمەڕ جیهادو بانگەوازو خوشەویستی ئەوانەوە دەدوێت بۆ زانست و دادپەروەری و ڕوونی دەکاتەوە کە : ئەو تورکانەی هەستان بە بنیاد نانی دەوڵەتی عوسمانی ، درێژە پێدەرانی سەلجوقیەکانن . بە ویژدانەوە لەبارەی سەرکردەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەدوێت ، وەك : عوسمانی یەکەم و ئورخان و مورادی یەکەم و محمد چەلەبی و مورادی دووەم و موحەممەدی فاتیح و سیفەتەکانیان بە دیار دەخات لەگەڵ ئەو مەنهەجەدا کە لەسەری ڕۆشتوون .

هەروەها لە بونیادنانی دەوڵەتدا چۆن هەڵسوکەوتیان کردووە لەگەڵ سوونەتە خواییەکانی وەك: سوننەتی پلە بەپلە (التدرج) و بەکارخستنی هۆکارەکان و سوننەتی گۆڕینی دەرونەکان و سوننەتی (تدافع) و دوچار بوون (إبتلاء) ، وەچۆن سەرکردە یەکەمینەکان مەرجەکانی دەسەڵات(تمکین) یان بەدی هێناوە و هۆکارە ماددی و مەعنەوی یەکانیان خستوەتە کار؟

ئەم کتێبە باس لە هەمووئەو قۆناغانەش دەکات کە دەوڵەتی عوسمانی پێیدا تێپەڕی کردووەوچۆن(قوستەنتینیە)ڕزگار کراوە لە ئەنجامی چەند هەوڵێکی زۆری کەڵەکە بووی زانایان وشەغرانەکان وسەربازوو سەرکردەکان بووە بە درێژایی هەموو ئەو سەردەم و ماوەو ڕۆژکارانەی پێشتر هاتوون .ڕۆشتون بەشدارییان تێیدا کردووە . بۆ خوێنەری بەڕێزیش دەردەکەوێت کە ڕاپەڕینی عوسمانیەکان گشتگیر بووە لەهەموو بوارە زانستی و سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندن و جەنگییەکاندا . دەسەڵاتداریش چەند سیفەتێکی هەیە کە پێویستە لەسەر کردەو ئوممەتیشدا هاتبنە دی کە بەلە دەستدانی ئەوانە دەسەلاتیش لەدەست دەچێت .

هەروەها ڕاستی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو بنەمایانەش کە لەسەری ڕاوەستاوە ، لەگەڵ ئەو کارە بەرز و بڵندانەدا ڕوون دەکاتەوەکە ئەم دەوڵەتە پێشکەشی کردووە بە ئوممەت وەك : پارێزگاری کردن لە شوێنە پیرۆزە ئیسلامییەکان لەدەست پیلانەکانی پورتوگالی خاچ پەرست ، وەسەرخستنی خەڵکانی باکوری ئەفریقی (موسوڵمانەکانی ئەوێ) دژ بە هێرشی ئیسپانیەکان و دوور خستنەوەی پەلامارەکانیان لە هەرێمەکانی شام و میسر و خاکە ئیسلامیەکانی تر .

ئەم دەوڵەتە ڕێگەی لەبلاو بوونەوەی مەزهەبی شیعەی ڕافیزی دوازدە ئیمامی گرت لە هەرێمە ئیسلامیەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی داهەروەها ڕێگەی نەداجوولەکە نیشتە جێ بن لە ٠٠ فەڵەستین٩٩داوبیکەنە نیشتمانی خۆیان،

هەروەها ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ئەوروپادا ڕوون دەکاتەوە .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی نالەباریەکانی (سلبیات) خەلافەتی عوسمانی و ئەو هۆکارانە دەدوێت کە کاریان کردە سەر لاواز کردنی فەرمانڕەواییەکەی ، وەك : پشتگوێ خستنی زمانی عەرەبی لە کۆتا ساتەکانی دا کە زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆزو فەرموودە بەرزەکانە ، هەروەها نەبوونی هۆشیارییە کی ڕاستە قینەیئیسلام ولادان لە شەریعەتی ئیسلام وکەوتنە ژێر کاریگەری بانگەشەی یەرۆژئاوایی بوون ، لەبارەی ڕاستی ململانێی نێوان بزوتنەوەی وەهابی و دەوڵەتی عوسمانی و ئەو ڕۆڵە گوماناوییە دەدوێت کە عەلی محمد پێی هەستا لە بەرژەوەندی بەریتانیاو فەرەنسادا بەلێدانی ڕەوتی ئیسلامی لە میسر و حیجاز و شام و ڕونکردنەوەی بزوتنەوە بەرۆژئاواییکەرەکەی ئەو. هەروەها لە مەڕ پاڵپشتی ماسۆنیی دەدوێت کەلەپشت سیاسەتە کاولکاری یەکانی محمد علی دابوو لە دژی ئوممەتی ئیسلامی .

ئەم کتێبە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە محمد علی چنگول و خەنجەرێکی ژەهراوی بووە کە دوژمنان لە جێبەجێ کردنی پیلانەکانیاندا بەکاریان هێناوە ، بۆیە لە ڕاپەڕینە زانستی و ئابوری و سەربازی یەکانیدا لەگەڵیدا ڕاوەستان ، پاش ئەوەی دڵنیا بوون لە کزی ، و بیرو باوەڕو ئیسلامییەتیەکەی محمد علی و هۆکارو سەربازەکانی ،ئەم لێکۆڵینەوە باس لەوە دەکات کە چۆن ئەم ڕۆڵەی محمد علی بینی لە هەموو ناوچەکە دا بویە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان هەموو ئاگادار بن لە ئاستی ئەو لاوازییەی دەوڵەتی عوسمانی تێی کەوتووەودواتر خۆسازدانیشیان بۆ دابەشکردنی زەوییەکانی عوسمانی لە هەرکاتێکدا کە بارودۆخی سیاسی لەبار بێت .

هەروەها لەبارەی سوڵتان مەحمودی دووەمەوە دەدوێت کە هەنگاو بە هەنگاوبە شوێن شارستانیی ڕۆژئاوادا ئەڕۆشت لەبزوتنەوە چاکسازی یەکەی

دا ، لەگەڵ باسی عبدالمجیدی کوڕی کە لە دوای خۆی دەسەڵاتی گرتە دەست ، کە لەژێر کاریگەری ڕەشید پاشای وەزیردا بوو کە بە هابالأکان و فەلسەفەی خۆیی لە ماسۆنیەتدا ئەبینیەوە ، وەچۆن ئەو وەزیرە لەگەڵ پشتیوانەکانیدا بەشکاری کرد لە خێراتر کردنی ڕەوڕەوەی• بەڕۆژئاوایی بوون٩دا کە بە دەوری سێ خاڵی گرنگ دا ئەسوڕایەوە :

فێربوون و وەرگرتنی ئەوەی پەیوەندی هەیە بەڕێکخستنی سوپاوە لە ڕۆژئاوا ، و ئاراستە کردنی کۆمەڵگە بەرەو پێکهاتەیەکی عەلمانی ، و چوون بەرەو مەرکەزی بوونی دەسەڵاتی لەئەستانبوڵ و لەویلایەتەکاندا . پاشان ئەو هەنگاوە دلێرانەی کە تورکە ماسۆنی یەکان گرتیانە بەر بەرەو بە عەلمانی کردنی دەوڵەت چۆن بوو لەگەڵ نیشاندانی دووهێڵی گوڵخانە و همایۆن و گەشتن بە دەستوری مەدحەت پاشا لەساڵی ١٨٧٦ ز دا .ئەم ڕووداوە لە مێژووی ئیسلام ودەوڵەتەکانی دا یەکەم جار بوو کە بە دەستورێکی وەرگیراو لە دەستوری فەرەنسی و بەلجیکی و سویسری کاروباری ببرێت بەڕێوە،کە ئەوانە چەند دەستورێکی دانراوی عەلمانی بوون . بۆ خوێنەریش ڕوون دەبێتەوە کە چۆن بزوتنەوەی ڕێکخستنەکان دەوڵەتی عوسمانی بەڕەسمی خستنە سەر ڕێگای کۆتا پێهاتنی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی و یاساکان کران بە عەلمانی و چەند دامەزراوەیەك دانران کە بەیاساگەلی وەزعی کاریان دەکردو دەوڵەت لەبوارەکانی بازرگانی و سیاسی و ئابووری لەیاساکانی ئیسلامی دوورکەوتەوە، بەمەش ڕەوابوونی (شەرعیەت) ی دەوڵەتی عوسمانی لە دیدی موسوڵمانەکانەوە پاشەکشەی کرد و نەما .

بۆ خوێنەری بەڕێز ڕوون دەبێتەوە کە چۆن پیاوانی بەڕۆژئاواییکەر لەسەردەمی سوڵتان عبدالعزیز دا بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا زاڵ بوون ، کاتێکیش بەرەنگاری زۆرێك لە پیلانە کانیان بویەوە لایانبرد و دواتریش کوشتیان .

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە هەموو ئەو هەوڵە گەورانەش دەکات کە سوڵتان عبد الحمید وەك خزمەتێك بە ئیسلام و بەرگری لە دەوڵەتەکەی و یەکخستنی هەوڵەکانی ئوممەت لە ژێر ئالای خۆیدا پێی هەستاو ، وەچۆن بیرۆکەی ،،کۆمەڵگەی ئیسلامی،، لەنێوەندی سیاسەتی دەوڵەتی دا لەسەردەمی سوڵتان عبدال حمید دا بەدەرکەوت ، درێژەش دەدات بە باسی ئەو هۆکارانەی کە سوڵتان عبدالحمید لە جێبەجێ کردنی نەخشەکەیدا گرتیە بەر بۆ گەشتن بە کۆمەڵگەی ئیسلامی وەك پەیوەندی کردن بە بانگخوازان و ڕێکخستنی ڕێبازە سۆفیزمەکان و کارکردن لەسەر بە عەرەبی کردنی دەوڵەت و بنیاد نانی خوێندنگەی هۆزەکان و دانانی هێڵی سکەی ئاسنی حیجازو پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن .

ئەم کتێبە جەخت دەکاتەوە لەسەر هەوڵە کانی زایونیزمی جیهانی لە پاڵپشتی دوژمنانی سوڵتان عبدالحمید ، وەك یاخیبوەکانی ئەرمەن و نەتەوە پەرستەکانی بەلقان و بزوتنەوەی حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی و ڕاوەستانیان لەگەڵ بزۆتنەوە جیاخوازیەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی ، وەچۆن دوژمنانی ئیسلام توانییان سوڵتان عبدالحمید لا بدەن و پاڵەوانی قەڵب «البطل المزيف» موستەفا کەمال دورست کرا ؟ ئەوکەسەی کە کاری دەکرد لەسەر داماڵینی تورکیا لە بیرو باوەڕو ئیسلامەکەی دەستی دا بەشەڕکردن لەگەڵ دینداریداوڕێگەی تەنگ دەکردەوە لە بانگخوازان و بانگەشەی بۆ بێحیجابی و تێکەڵی ژن وپیاو دەکرد .

ئەم کتێبە باسی مژدەی هاتنەوەی ئیسلام بۆناو تورکیاشی فەرامۆش نەکردووەوئاماژە دەکات بەوهەوڵە گەورانەی کە بزوتنەوەی ئیسلامی لەتورکیا بە کۆمەڵە جۆربە جۆرەکانیەوە پێی هەستاوە . خوێنەری موسوڵمانیش بەجێ دەهێڵێت تا بە ڕووناکی ئیمان بڕوانێتە داهاتووی ئیسلام لە تورکیاو جیهان بەگشتی .

له کۆتایی کتێبەکەدا توێژەر گرنگی دەدات بە نیشاندانی هۆکارەکانی کەوتن و دارِمان لە دیدێکی قورئانییەوە ، تا بۆ خوێنەر ڕوون ببێتەوە کە هۆکارەکانی کەوتن و دارِمان زۆرن لەوانە : لارِێبوونی (إنحراف) ئوممەت لە چەمکەکانی ئایینەکەی ، وەك بیروباوەڕی (ولاء و براء)، هۆگری و دورەپەرێزی ، و چەمکی پەرستش و بلاو بوونەوەی دیاردەکانی ،،شیرك،، و داهێنانە نارەوا(بدعه) ولا ڕێبوونەکان و دەرکەوتنی سۆفیەتی لا ڕێبو وەك هێزێکی ڕێکخراوی نێوکۆمەڵگای ئیسلامی کە چەند بیرو باوەڕو بیرۆکە و پەرستشێکی دوور لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر بێت) لە خۆگرتبوو ،خوێنەری موسوڵمانیش ئاگادار دەکاتەوە لەو دەستەو تاقمە گومڕایانەی کە ڕۆڵیان لە لاوازکردنی ئوممەتی ئیسلامیدا بینی وەك:،،تاقمی شیعەی ڕافیزی دوازدە ئیمامی،، و ،،دورزیەکان،، و ،،نوصەبیریەکان،، و ،،ئیسماعیلیەکان،، و ،،بەهائیەکان،، و جگە لەوانیش ئەو تاقم ودەستانەی کە لەسەرووئیسلام ئەژمێررێن ، هەروەها دەدوێت لەمەڕ نەبوونی سەرکردە ڕەبانییەکان وەك هۆکارێك بۆ فەوتانی ئوممەت ، بەتایبەت کاتێك زاناکانیان بوونە ئامێری یاریکردن بەدەست فەرمانڕەوا زۆردارەکانەوەو هەریەك پێشبڕکێیان دەکرد بۆ پلەو پایەکان و ڕۆڵی خوازراوو جیٚ ئومێدیان نادیار بوو ، ئینجا چۆن زانستە ئایینییەکان لەکۆتایی دەوڵەتی عوسمانی دا تووشی دۆگایی‌وگەشە نەکردن هاتن .

هەروەها چۆن زانایان گرنگییان دا بەکورت کردنەوەو شەرح و پەراوێز و ڕاپۆرتەکان و دوور کەوتنەوە لە گیانی ڕاستەقینەی ئیسلام کە لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەرە٠ص٩وەرگیراوە و ڕەفز کردنی دەرگای ئیجتیهاد لەلایەن زۆرێك لە زانایانەوە تاگەیشتنە ئەوەی بانگەوازکردن بۆ کردنەوەی ئەو باسە بوو بە تۆمەتێکی گەورە کە دەگەشتە ئەوەی بەتاوانە گەورەکان ئاماژەی پیٚ بکرێت و

لەلای هەندێ لە خەڵکەچاولێگەروودۆگماکان دەگەشتە ئاستی بێ باوەڕی و کوفر ؟!

ئەم کتێبە باسی ئەو ستەم کاریانەش دەکات کە لە دەوڵەتی عوسمانی دابلاو بوبوویەوەوە باسی ئەوخۆشخۆری وۆچوون لە ئارەزووبازی وئەو ناکۆکیەیە توند ودەستە دەستەوەستانە وەئەکات کە سەرەتای هەڵچنی بۆ دوورکەوتنەوە لە شەریعەتی خوا کە شوێنەواری ترسناکی گەورەیان دروست کردوەك: لاوازی سیاسی و جەنگی و ئابوری و زانستی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی . هەروەهاباسی ئەوە ئەکات چۆن ئوممەت توانای خۆی لەدەست دا بەرگریکردن و زاڵبوون بەسەر دوژمنانیدا و چۆن داگیر کرابیرو بیرکردنەوەی خرایە ژێر پەلاماریان،ئەویش و لەئەنجامی لە دەستدانی مەرجەکانی تەمکین و دورکەوتنەوەی لە هۆکارەمادی و مەعنەویەکان و نەزانی بەرامبەر سوننەتەکانی خوا لە ڕاپەڕین و کەوتنی ئوممەتەکاندا ، خوا دەفەرموێت : (ولو أن أهل القرى أمنوا واتقوا لفتحنا عليهم بركات من السماء والأرض ولكن كذبوا فأخذناهم بما كانوا يكسبون) الأعراف : ٦٩ .

واتە : ئەگەر خەڵکی شارەکان باوەڕیان بهێنایاو لەخوا بترسانایە ئێمە بەرەکەتەکانی ئاسمان و زەویمان بۆ گوشاد دەکردن ، بەڵام ئەوان دەستیان دایەدرۆ کردن و ئێمەش بەسزای خۆمان گرتمانن بەهۆی ئەو کارانەوە کەدەیانکردن .

ئەم هەوڵە ملکەچانە ، ڕەخنەو استکردنەوە هەڵدەگرێ، لەڕاستیشدا هەوڵێکی ڕاستەقینەی بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستن و واژەکردن (تفسیر)و لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوە مێژوویی یانەی کە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوویان داوە کەئەو ڕووداوانە بەهۆی جووڵەی میللەکان وململانێی توندی‌نێوانیانەوەدروست بووکە لە ئەنجامی جیاوازی بیرو باوەڕومتیۆدو ئامانج وبەهاو شتە پیرۆزەکانیانی هوریەکەیانەوە سەرچاوەی ئەگرت. جا ئەگەر چاك بوو تەنیا لە خواوەیە، ئەگەر

ڕێگاکەشم هەڵە کردبێت ئەوە لێ یدەگەڕێمەوە کاتێك ، ئەو هەڵەیەم بۆ ڕوون بوویەوە . دەرفەتیش کراوەیە بۆ ڕەخنەو وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوە .

ئامانجم لەم کتێبە :

١. تیشك خستنە سەر سەرکردەکانی دەوڵەتی عوسمانی یە ، وەك : عوسمانی یەکەم و ئورخان و محمدی فاتح و ئەوانی تر .

٢. ڕۆشنکردنەوەی ئەو میتۆدەیکە دەوڵەتی عوسمانی لە کاروانە دوورو درێژەکەیدا لەسەری دەڕۆشت .

٣. جەخت خستنەسەر ئەو فاکتەرانەی کە بەشدار بوون لە بنیادنانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو هۆکارانەش کە پوکاندیەوە و بەشدار بوون لە لاواز کردنی و پاشان کەوتن و ئاوابوونیدا .

٤. ئاسانکردنی بنەمای پەند وەرگرتن و ئامۆژگاری کردن بە ئاگاداربوون لە باری دەوڵەتان و ووردبوونەوە لەسوننەتەکانی خوا لە ئاسۆو دەروونەکان و کۆمەڵگاکاندا .

٥. ڕوونکردنەوەی ئەو فێڵە گەورەیەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن مەسیحی و یەهودی و تورکە عەلمانییەکان وکەسانی ترەوە بەرەو ڕووی بوویەوە .

٦. دەرخستنی ئەو درۆو بوختانەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە پێنووسە ژەهراویەکانەوە بەرەو ڕووی بوویەوە وڕۆشنکردنەوەی نادروستی ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی بە داگیر کەر ناو دەبات ویەکسانی ئەکات ڕۆژئاوای داگیر کەر بە داگیرکەری ڕۆژئاوایی وەك ئیمپریالیزمی فەرەنسی و ئینگلیزی .

٧. پشتگیری کردن لە برایانی ئایینیمان (عوسمانیەکان) کە بەرەوڕووی ستەم بوونەوەو چەندین ناڕاستی و درۆ لەلایەن جولەکەو مەسیحی و عەرەب و تورکە عەلمانیەکانەوە دراوەتە پاڵ مێژوەکەیان ومەبەستی ئەوەش هەیە بەرچاوی نەوەی داهاتووش ڕۆشن بکەمەوە تا ڕاستی ودروستی وعوسمانیەکان بزانێت.

٨. دەرخستنی لاپەڕەکانی ئەو جیهادە گەورەیەی کە عوسمانیەکان پێی هەستان لەگەڵ ئەو هەمووبەشداریەیان لە بانگەوازکردن بۆلای خوادا .کە دوژمنانی ئەم ئوممەتە بەردەوام هەوڵی سڕینەوەوگومان دروست کردن ئەدەن دەربارەی وتانە ئەخەنە سەر ڕاستی ودروستی یەکەی.

٩. دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی مێژوویی ئیسلامی بە لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست و ڕوانینێکی ساغی دوور لەژەهری ڕۆژهەڵاتناسان و بیرۆکەکانی ئەو عەلمانیانەی کە هەوڵی هەڵگێڕانەوەی ڕاستییە مێژووییەکان دەدەن لەپێناو خزمەت کردنی ئامانجەکانیاندا .

١٠. دەرخستنی ئەوەی کەئەو بزوتنەوە چاکسازی یانەی کە شیاوی ڕێز لێنانن ، لەناو ئەم ئوممەتەدا بریتین لەوانەی کە لەسەر مەنهەجی قورئانی پیرۆز و سوننەتی گەورەی نێرراومان محمد (درودی خوای لەسەر بێت) لەبیروباوەڕو پەرستش و ڕەوشت و کڕین و فرۆشتن و هەموو بوارەکانی ژیانی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) ڕۆشتووەو دەڕوات .

١١.ناساندنی هەندێ لەو زانا ئیشکەر و شەرعزانەپیشەدارانەی کە بەشداریان کردووە لە بنیاد نانی دەوڵەتی عوسمانی و پەروەردەی ئوممەتدا وەك شێخ ئەحمەدی گۆران و شمس الدین آق(محمد کوڕی حەمزە) و کەسانی تر .

ئەمەوهەستاوم بە دابەش کردنی ئەم کتێبە بۆ: دەروازەیەك ، و حەوت بەش و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە :

دەروازە : میتۆدە هاوچەرخەکان لە نووسینی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا .

بەشی یەکەم : ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی تورکەکان کە سێ باس لە خۆ دەگرێت:

باسی یەکەم : ڕەچەڵەك و نشنیگەی تورکەکان .

باسی دووەم : دروستکردنی دەوڵەتی سەلجوقی .

باسی سێیەم :کۆتایی هاتنی دەوڵەتی سەلجوقی .

بەشی دووەم : دروست بوونی دەوڵەتی عوسمانی و فتوحاتەکانی کە شەش باس لە خۆ دەگرێت :

باسی یەکەم : عوسمان دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی .

باسی دووەم : سوڵتان ئورخانی کوڕی عوسمان .

باسی سێیەم : سوڵتان مورادی یەکەم .

باسی چوارەم : سوڵتان بایەزیدی یەکەم .

باسی پێنجەم : سوڵتان محمدی یەکەم .

باسی شەشەم : سوڵتان مورادی دووەم .

بەشی سێیەم : محمد فاتح و ڕزگار کردنی قوستەنتینیە ، کە حەوت باس لە خۆ دەگرێت :

باسی یەکەم : سوڵتان محمدی فاتح .

باسی دووەم : ڕزگارکەری مەعنەوی قوستەنتینیە (شیخ ئاق شمس الدین) .

باسی سێیەم : کاریگەری ڕزگار کردنی قوستەنتینیە لەسەر جیهانی ئەورووپی وئیسلامی .

باسی چوارەم : هۆکارەکانی ڕزگار کردنی قوستەنتینیە .

باسی پێنجەم : گرنگترین سیفەتەکانی محمدی فاتح .

باسی شەشەم : شتێك لەکارە شارستانییەکانی .

باسی حەوتەم : وەسیەتی سوڵتان محمدی فاتح بۆ کوڕەکەی .

بەشی چوارەم : سوڵتانە بەهێزەکانی دوای محمدی فاتح کە نۆ باس لەخۆ دەگرێت :

باسی یەکەم: سوڵتان بایەزیدی دووەم .

باسی دووەم : سوڵتان سەلیمی یەکەم .

باسی سێیەم : سوڵتان سولەیمانی قانونی .

باسی چوارەم : دەوڵەتی عوسمانی و باکوری ئەفریقی .

باسی پێنجەم : موجاهیدی گەورە حسن ئاغای طوشی .

باسی شەشەم : موجاهید حسن خیر الدین بربروسە .

باسی حەوتەم : سیاسەتی صالح رایس .

باسی هەشتەم : سیاسەتی حەسەنی کوڕی خیرالدین لە فشار خستنە سەر ئیسپانیادا .

باسی نۆیەم :،، متوکل علی اللە ،،ی کوڕی عبداللە غالبی سەعدی .

بەشی پێنجەم : سەرەتای شلۆقی و پەشێو بوونی دەوڵەتی عوسمانی ، کەیازدەە باس لەخۆ دەگرێت :

باسی یەکەم : سوڵتان سەلیمی دووەم .

باسی دووەم : سوڵتان موورادی سیٚ یەم .

باسی سێیەم : سوڵتان محمد خانی سێیەم .

باسی چوارەم : سوڵتان ئەحمەدی یەکەم .

باسی پێنجەم : هەندیٚ سوڵتانی لاواز .

باسی شەشەم : سوڵتان سەلیمی سێیەم .

باسی حەوتەم : ڕەگ وڕیشەی هێرشی خاچ پەرستانەی فەرەنسی .

باسی هەشتەم : سوڵتان محمودی دووەم .

باسی نۆیەم : سوڵتان عبدالمجیدی یەکەم .

باسی دەیەم: سوڵتان عبدالعزیز .

باسی یانزەهەم: سوڵتان موورادی پێنجەم .

بەشی شەشەم : سەردەمی سوڵتان عبد الحمید کە هەشت باس لەخۆ دەگرێت:

باسی یەکەم : سوڵتان عبدالحمید .

باسی دووەم :کۆمەڵگەی ئیسلامی .

باسی سێیەم : سوڵتان عبدالحمید وجولەکە .

باسی چوارەم : سوڵتان عبدالحمید و دەستەی ئیتیحاد و تەرەقی .

باسی پێنجەم : دارماندنی دەسەڵاتی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم .

باسی شەشەم : فەرمانڕەوایی ئیتیحادیەکان و کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی .

باسی حەوتەم : مژدەی هاتنەوەی ئیسلام بۆ ناو تورکیای عەلمانیباسی هەشتەم : هۆکارەکانی کەوتن .

لەکۆتاییدا : دەپاڕێمەوە لەخوای گەورە کە ئەم کارە کارێکی دڵسۆزانە بێت لە پێناو خۆیدا وپاداشتم بداتەوە لەسەر هەر پیتێك کە نوسیبێتم و بیخاتە نێو تەرازووی چاکەکانمەوە ، پاداشتی ئەو برایانەشم بداتەوە کە یارمەتی یان دام لەپێناو تەواو کردنی ئەم کتێبە دا بە هەموو ئەو توانستەی کەهەیانبوو .

(سبحانك اللهم وبحمدك ، أشهد أن لاإله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك)

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين .

هەژار بە لێبوردن و چاوپۆشی پەروەردگار :

علی محمد محمد الصلابی

(دەروازە)

متیۆدە هاوچەرخەکان لە نوسینەوەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا :

مێژوو نوسە ئەوروپی و جولەکەو مەسیحی و عەلمانییە کینە لە دڵەکان خۆیان بەدوورناگرن لەهێرش کردنەسەر مێژووی دەوڵەتی عوسمانی داو هەموو ، شێوازەکانی تانەو توانج و ناشیرین کردن و گومان خستنەسەر ئەو کارانەی کە عوسمانییەکان لەپێناو خزمەتکردنی بیرو باوەڕو ئیسلامدا پێی هەستان ئەخەنە کار . زۆرێك لە مێژوو نووسە عەرەبەکانیش بە ئینتیماو ئاراستە نەتەوەیی و عەلمانی یەکانەوە ، لەگەڵ ئەو مێژوو نووسە تورکانەش کە کاریگەربوون بە ئاراستەی عەلمانی کە مستەفا کەمال سەرکردایەتی دەکرد ، بەوڕێبازە چەوتەدا ڕۆشتن . ئیدی شتێکی سروشتی بوو کە هەستن بە سەرزەنشتکردنی ماوەی خەلافەتی عوسمانی مێژوو نوسە تورکەکان کەوتن بەسەر سامانێکی گەورەدا کە بە دەستی گاوورو جولەکەکان نووسرابویەوە بوویە پاڵپشت لە ڕێگۆڕی نەتەوەیی عەلمانی یان لەتورکیادا پاش لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم .

لەئاست مێژوو نوسانی ئەوروپیدا ، هەڵوێست لەمەڕمێژووی عوسمانی بەهۆی کاریگەر بوونیان بەو فتوحاتە گەورانەی کە عوسمانییەکان بەدییان هێنابوو بەتایبەت لە دوای ئەوەی کە قوستەنتینیەی پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی کەوت و داڕماو عوسمانییەکان گۆڕیان بە (دار الإسلام) و ناویان نا إسلام بول ،ئیدی دەرونی ئەوروپییەکان ئەمە کاری زۆری تێکردوو پڕی کرد لە کینەو تاڵ چێژی و ڕق لە دژی ئیسلام ، ئەو ڕق و کینە یانەش لە قسەو کردارو نوسینەکانیاندا دیواودیوبوویەوە ، عوسمانیەکانیش هەوڵی بەردەوامی ڕۆشتنیان دەدا تاکوو لەگەڵ بەردەوامی جیهاد کردنەکەیاندا ڕۆما بخەنە سەر دەوڵەتی ئیسلامی تا باز بدەنە نێوەندی ئەوروپاو بگەنە ئەندەلوس بۆ ڕزگار کردنی موسوڵمانەکانی ئەوێ.

ئەورووپاش لەترس و سام و بیمدا دژیان و دڵەکانیان بەمردنی سوڵتان محمدی فاتح نەبێت ئارام نەبوویەوە . سەرکردە ئایینی یە کانی مەسیحیش بە قەشەوڕوهبان وپاشاکانیانەوە شەقامی ئەوروپی یان بەڕق و کینەی دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان پڕدەکرد . پیاوانی ئاینی کاریان دەکرد لەسەر کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و خۆبەخت کەران بۆ بەرەنگار بوونەوەی موسوڵمانە بەربەریەکان –بێ باوەڕەکان بە قسەی ئەوان –. هەرکات عوسمانی یەکان بەسەر ئەو خۆسازدان و ئامادە سازییانەدا سەردەکەوتن ،شەپۆلی بێزاری و کینە و ڕق دژ بە ئیسلام و کەسەکانی زیادی دەکرد .

ئیدی سەرکردە مەسیحیەکان عوسمانیەکانیان بە جەردە و دڕندە و دەشتەکی تۆمەتبار دەکرد ، ئەو تۆمەتانەش لەیادەوەری ئەورووپیەکاندا هەڵواسرا .

بەڕاستی هێرشە چڕەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن سەرکردە مەسیحیەکانەوە بۆ پارێزگاری کردن بوو لە دەستکەوتە سیاسی و ماددی یەکان و بێزاری دەربڕین بوو لەئیسلام و ئەهلی ئیسلام . هەندێك لەفەرمانڕەوابە کرێ گیراوەکانی ئەوروپاش توانیان بۆ ماوەیەکی کاتی درێژخایەن لەدەسەڵاتدا دەستبگرن بەسەر دەروونی کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا و چەندین دەستکەوتی گەورە بەدەست بخەن و خۆشییەکی گەورە بخەنە دەروونیانەوە کە لەهەموو ئەمانەدا پشتیان بە چە واشەکاری بەستبوو.

لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتە ئەوروپییەکان پاش ئەوەی کە چەواشەکاری ئەو دەستەو تاقمانەیان لەگەڵ سەرەتای سەردەمی ڕێنسانس دا بۆ بەدەرکەوت ، بەڕووی ئەو دەستەو تاقمانەدا چوون و سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەوروپا دا هاتەدی . کەچی ویژدانی کۆمەڵگای ئەوروپی هەر نەیتوانی ڕزگاری بێت لەو خلتەو شتانەی لە ئەو دەستەوتاقمانەوە بۆیان مابوویەوە دەربارەیجیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی و دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی تایبەتی . بۆیە هێزی (سەربازیەکان بە پاڵپشتی شارستانییەتە

ماددی یەکان سازدا بۆ تۆڵە سەندنەوە لەئیسلام و موسوڵمانانو فەرهود کردنی خێروو بێری وولاتەکانیان بەفاکتەرە ئایینی وئابووری وسیاسی وکەلتوریەکان .
نووسەران ومێژوو نووسەکانیشیان بە تانەو تەشەرو ناشیرین کردن و گومان دروست کردن لەمەڕ ئیسلام و بیرو باوەڕو مێژووەکەی پشتیوانیان ئەکردن و، دەوڵەتی عوسمانی لە م هێرشە دڕندانە داپشکی زۆر گەورەی بەرکەوت.
جولەکە ئەوروپییەکانیش بە پێنووسە ژەهراوی و بۆچوونە نە خۆشەکانیان بەشدارییان ئەکرد کرد لەو هێرشە بەردەوامانەدا کە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی و ئیسلام بەگشتی . دوای ئەوەی پیلانەکانیان بە درێژایی چوار سەدە٠کە تەمەنی سونی عوسمانی یە٩ لەدەست بەسەرداگرتنی هەر بستێك لە زەوییەکانی ئەو دەوڵەتە شکستی خوارد بۆ بنیاد نانی قەوارەیەکی سیاسی بۆخۆیان. ئیدی دوژمنایەتی جوولەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕووی لەزیاد بوون کرد .
جولەکە بەیارمەتی دەوڵەتە خاچ پەرستەکان و دەوڵەتە داگیرکەرە ڕۆژئاواییەکان و لە ڕێگەی کۆڕەکانی ماسۆنییەتەوە توانیان ئامانجەکانیان لەسەر حسابی ئەو ڕژێمە نەتەوەییانە بەدی بهێنن کە لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەبوون . ئەو ڕژێمانەی کە خۆیان بە پێشکەوتوو و مەدەنییەت وەسف دەکرد و خەلافەتی عوسمانیشیان بە درێژایی مێژوو بە لادان و دواکەوتوویی و دۆگماودا ڕووخا وشتی تر تۆمەتبار دەکرد . کۆڕە ماسۆنییەکان و و ڕێکخراوە نهێنییەکان سەر بە جولەکە و هێزە جیهانی یەکانی دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان ، وایان دەردەبڕی کە ناشیرینکردنی سەردەمەکانی مێژوویی دەوڵەتی شکۆداری عوسمانی لەگرنگترین ئامانجەکانیانە .
مێژوو نووسە عەرەبەکانیش لە جیهانی ئیسلامیدا ، لەگەڵ ئاڕاستەی ئەو کاروانی نەدابوون کە هێرشیان دەکردەسەر سەردەمی خەلافەتی عوسمانی ، پاڵنەریشیان بۆ ئەوە چەند هۆکارێك بوو کە پێش هەموویانەوە ئەودەست پێش

خەرییـــەی تورکیـــەکان بـــوو بەســـەرکردایەتی موســـتەفا ئـــەتاتورك بـــۆ هەڵوەشـاندنەوەی خەلافـەتی عوسمـانی لـە سـاڵی ١٩٢٤ ز دا ، پاشـان دەسـت پێشخەری حکومەتی عوسمانی تورکی دێت لە وەرچەخانی تەواوی بۆ مەنهەجی عەلمانی لە لایەنە کۆمەڵایـەتی و ئابوری و سیاسییەکان دا وە دەستیان بەردالـە شەریعەتی ئیسلامی کە بە درێـژایی تەمـەنی دەوڵـەتی عوسمـانی دەسـتی بەسـەر ئـەو کۆمەڵگەیـەدا کێشابوو.ئـەم حکوومەتـە ٠ناسیولـستە٩دەسـتی تێکـەڵ کـرد لەگـەڵ سیاسـەتە ئـەو رووپاییەکانـدا کـە دژ بـە دەوڵەتـە ئیسلامی وعەرەبییـەکان بـوون وبەشـداری زنجیرەیـەك هاوپـەیمانی سـەربازی ئـەورووپی‌یان کـرد دوای جەنگی جیهانی دوهەم.

ئەوجەنگەی کـە گەلـە عـەرەبی و ئیسلامیەکان و هەنـدێ لـە حکومەتـەکان ڕەتیـان کردەوە . تورکیا لەو دەوڵەتە یەکەمانە بوو کە دانی نا بە بەرپابوونی قەوارەیەکی سیاسی ئیسرائیلی لـە فەلەستین لەساڵی ١٩٤٨دا ، کـە وای لـە گەلـە عـەرەبی یـە ئیسلامیەکان کرد بو کوێرانە بچن بە دوای حکومەتـە نەتەوەییەکەیانـدا لـە دوای نەمانی ئەودەوڵەتە عوسمانییەی کە بە گژ هەموو کەسێکدا ئەچوو ئەگەر نیازی ئەوەی بکردایە بستێك لـە خـاکی موسوڵمانان داگیر بکات . لاسایی کردنـەوەی لێکۆڵینـەوەکانی قوتابخانـەی مێـژووی عـەرەبی بـۆ متیـۆدی ڕۆژئـاوایی یـەکان پاڵنەرێکی گرنگە بۆ ئەو ئاڕاستەیەی هێرش بکرێتە سەرخیلافەتی عوسمـانی،بە تایبەت دوای ئەوەی کە گۆشەنگیای مێژوو نوسە ئەورووپیەکان ومێـژوو نووسـە عەرەبـەکان لـە یـەك خاڵدایـەکیان گـرت ئـەویش شـێواندنی خیلافـەتی ئیـسلامی عوسمانی یە"

بـە ڕاسـتی زۆرێـك لـە مێـژوو نووسـە عەرەبییـەکان کەوتنـە ژێـر کاریگـەری شارسـتانیەتی مـاددی ئـەورووپی بۆیـە هـەموو شـتێکی پرشـنگداریان لـە مێژووی وولاتەکەیانـدا دەدایـە پـاڵ سـەرەتای کاریگـەربوونیان بـەو شارسـتانییەتەی کـە تـەواو دوور بوو لەمەنهەجی خـوایی. سـەرەتای مێژووەتازەکەشیان بە گەشتنی

هێرشی فەرەنسی بۆ میسرو شام و دارماندنی دیواری جیاکاری نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دیاری دەکەن کە بە دوایئەمەدا دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەردەمی محمد علی لەمیسردا ، دروست بوو هاوڕێ لەگەڵ ئەمەشدا دەستیان دایە مەحکووم کردنی دەوڵەتە عوسمانی ئەو دەوڵەتەی کە بەرگری ئەکرد لەبیرو باوەڕی گەلە ئیسلامیەکان و ئایین و ئیسلامەکەیان لەو هێرشە دڕندانەی کە ئەوروپای مەسیحی پێی هەڵئەستا .

هێزی ئەوروپی ئاڕاستەی ڕاپەڕینەکانی دژ بە خیلافەتی ئیسلامی گرتە خۆ و هەستا بە پاڵپشتی کردنی مێژوو نووس و بیریارەکانی میسر وشام تارەگ وڕیشە بدەنە چوارچێوەی ناسیو نالیزمی وئەو ئاڕاستەیە قوڵ بکەنەوە وەك (بوستانی و یازەجی و جۆرج زەیدان و ئەدیب ئیسحاق و سەلیم نەقاش و فەرەج ئەنتوان و شبلی شەیمل و سەلامە موسی وهنری کوربیل و مەلیل شفارتز و .....هی تریش) ئەوەی تێبینی دەکرێت کە زۆربەی ئەوانە مەسیحی و جولەکەن . هەروەك تێبینی ئەوە ئەکرێت کە ئەگەر هەموویان نەبێت ، ئەوازۆرینەیان ئەوانەن کە سەر بە ئەو بزوتنەوە ماسۆنیەتەن کە لە سەردەمی محمد علی یەوە لە ڕۆژهەلاتدا پەرەی سەندبوو و لە گەڵ پێشڕەوی ناپلیۆن لە هێرشە فەرەنسی یەکەیدا تۆوی یەکەمی ئەم بزووتنەوەیە داکرا .

لەڕاستی دا دوژمنانی ئوممەتی ئیسلامی دیتیان پاڵپشتی ئاراستەی نەتەوەیی و ڕاوەستان لەگەڵ بانگخوازانی ئەو ئاراستەیەدا بەسە بۆ لاواز کردنی ئوممەتی ئیسلامی و زاڵبوون بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا .

کۆڕە ماسۆنییەکانیش توانییان کە دەست بگرن بەسەر هۆش و عەقڵی سەرکردە کانی ئاراستەی نەتەوەیی نێو گەلە ئیسلامیەکان دا . ئەو سەرکردانەش ئەوەندەی ملکەچی ئاراستەی کۆڕە ماسۆنیەکان بوون ئەوەندە خواستی گەلەکانیان نەبوون ، بەتایبەت هەڵوێستیان لەڕووی ئایینی ئیسلامدا ، کە وێنەی چوارچێوەیەکی ڕاست و دروستی شارستانی و ڕۆشنبیری و زانست و زانیاری

موسـولمانانی دەنواند ، بەشـێوەیەکی گـشتیش ئـەو مەنهەجـە لاڕێبـووە لـە لای مێژوو نووسە عەرەبەکانیش لەدوای سەرهەڵدان و کودە تای سەربازی میسری لە ساڵی ١٩٥٢ ز دا ، بەبێ گۆڕانگاری مایـەوەو چەسـپا ، حکومـەتی سـەربازی لـە میسرداو لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوەو، زۆربـەی حکومەتە سـەربازییەکانی تریش دایانە پاڵیبۆ پشتیوانی کردنی ڕەوتی ناسیو نالیزمی ، هـەروەك چۆن زۆربـەی ئـەو حکومەتانـە جـەختیان کـردە سـەر چـەند بنەمایـەك ، لەهـەموو بوارەکاندا کە زیاتر بنەماگەلێکی عەلمانی بوون ، لەوانەش بـواری ڕۆشنبیری و فیکری ، جا خیلافەتی عوسمانی و حوکمی عوسمانییەکان بۆ گەلانی ئیسلامی و عـەرەبی وەك:شـەڕ فرۆشـی و داگیرکـەری سـەیر دەکـرد ، بەمـەش هـەموو هۆکارەکانی دواکـەوتوویی و لاوازی ودۆگمـایی و ئـەو شڵەژانەیان دایـە پاڵ کـە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پێوەی دووچاربووبوون. بزوتنـەوە جودا خوازەکان ویـاخی بووەکانیـان کـە لـە سـەردەمی عوسمانیـدا سـەریان هەڵـدا کەزۆربـەیان ، تـەماعی شەخسی یـان بەپاڵپـشتی هێـزە دەرەکیـە کـان کـە دوژمـنی خیلافـەتی عوسمـانی بـوون ئـەجولێنران ئەمانـەیان نـاو ئەنابزاڤـەکانی سـەربەخۆیی کـە سرووشتێکی ناسیونالیزمیان هـەبوو ، وەك : بزوتنـەوەی عـەلی بـەگی گـەورە لە میسر و قەرمانلی یەکان لە لیبیا و زاهر العمر لە فەلەستین و حوسەینی یەکان لە تونس و موعنییەکان و شەهابی یـەکان لـە لوبنـان و ......هتـد . ئەمـەش بۆ ئـەوە بـوو ڕەگ وڕیـشە بدەنـە ئـەو ئاڕاسـتە ناسـیو نالیزمـەی کە کە خستبوویانە نـاو خـەڵکی نـەك هـەر ئەمـە، بـەڵکو بانگەشـەی ئەوەشـیان دەکـرد کـە محمـد علـی سەرکردەیەکی ناسیو نالستە هـەوڵی یەکخستنی جیهانی عـەرەبی داوە بۆ بـەش شکستی خواردووە چونکە خۆی عەرەب نەبووە".

ئەمانە ئەوەیان لەبیر نی یە کە محمد علی خاوەن تـەماعی شەخصی بووەو هـەر ئەمـەش وایلێکـرد پەیوەسـت ببێت بـەو سیاسـەتە داگیر کەرانـەی کـە پاڵپـشتی بوونی ئەوەیان دەکرد و ئەوانیش ئامانجە شەڕەنگێزییەکانی خۆیانیان پێ جێ

بەجێ ئەکرد وەك:لێدانی دەوڵەتی سەلەفی سعودیەو لاواز کردنی خیلافەتی عوسمانی و پشتیوانی کردن لە کۆڕەماسۆنیەکان بۆلێدانی هێزە ئیسلامیەکانی ناوچەکەوئامادەکردنی بۆ داگیرکەری مەسیحی ڕۆژئاوایی کینە لە دڵ .

بەڕاستی کۆڕەکانی جولەکەی ماسۆنی هاوپەیمانی یان بەست لەگەڵ هێزە داگیرکەرە ڕۆژئاوایی و ئەو هێزە ناوچەیی یە ئیشکەرانەدا کە لە پێناو تەماعەکانیاندا خۆیان بەخت دەکرد ، بەمە هەموو لەپێناو کاولکردنی هێزی ئیسلامی و دەستبەسەردا گرتنی سەربەستیەکانی گەلانی ئیسلامی و تالانکردنی خێرو بەروبوومەکەیان و دانانی فەرمانڕەواییەکی دیکتاتۆرانەی پاڵپشت کراو بە چەکی نوێی ڕۆژئاواییدا بوونەیەك هەروەك چۆن محمد علی نیشانی دا .

هەندێ لە مێژوو نووسە سەلەفییەکانی ڕۆژهەلاتی عەرەبیش لەو هێرشەدا بەشدارن کە ئەکرێتە سەر ماوەی حوکمڕانی عوسمانییەکان وئەوەش پاڵی پێوە نان بۆ ئەم کارە ئەو کۆمەڵەهەڵوێستە.دوژمنکارانەی خیلافەتی عوسمانیدا کە بەرانبەر بانگەوازی سەلەفییەت هەیبووە لە زۆربەی قۆناغەکانی دەسەلاتیدا ،کە ئەویش دەرئەنجامی پیلانێکی پیلانێکی دەوڵەتە ئیمپریالیزمە ڕۆژئاوایی یەکان بووپاڵی ئەنا بە سوڵتانە عوسمانییە کانەوە بۆ ئەوەی هەڵبگرژێن بەو هێزە ئیسلامییەی لە نجد دا درووست بوو کە بە دڵی سەلەفییەت دا ئەنرا،ئەم پیلانە بۆ ئەوەش بووکە خیلافەتی عوسمانی بەرەو ئاڕاستەی سۆنیگەری ببات سەلەفییەکان ئەوەش ئەکەنە بیانووکە هەندێ دیارده کە کەلەبەر زۆر لایەنی شەریعەتی ئیسلامی دا دروست دەکات لەناو خیلافەتی عوسمانی دا هەبووە ،زیاد لەمەش دەوڵەتی خیلافەت لە کمۆتا ساڵەکانی دەسەلات داری دا بانگخوازانی نەتەوە پەرستەکانی تورك دەستیان گرت بەسەر دەوڵەتەکەداو بەتەواوەتی لە میتۆدی ئیسلامی دووریان خستەوە کە لەوەو پێش دەوڵەتی

عوسمانی بەو میتیۆدەوە گەردنگیر بووەو موسڵمانانی بۆ ئەو مەبەستە هانداوەو پشتیوانی لێکردووەو لە گەڵیدا وەستاوە...

مێژوو نووسە مارکسی یەکانیش شەڕێکیان بەرپا کرد کە هیچ سۆز و نەرمی و نەوازشێکی لە ڕووی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوو بەوەی ماوەی فەرمانڕەوایی یەکەیان بە بناغەی سەرکردایەتی گرتنە دەستی ئەو ڕێبازە دەرەبەگایەتییە ناوزەد دەکرد کە بەسەر مێژووی سەردەمە ناوەڕاستەکانی پێشوودا زاڵ بووبوو . عوسمانیەکان هیچ گەشەسەندنێکیان لەئامێر یان هێزەکانی بەرهەمهێناندا نەهێنایە دی ، مێژووی نوێش بە دەرکەوتنی چینی بۆرجوازی دەست پێدەکات . پاشان سەرمایەداری دێت کە بەشدار بوو لە هێنانەدی گۆڕانکاری لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەرەتای سەدەی ١٩ دا . بۆ ئەمەش لەگەڵ مێژوو نووسە خاوەن ئاراستە لیبرالی و تێڕوانینە نەتەوەییەکاندا یەك دەگرن .

هەندێك لەمێژوو نووس و بیریارە مەسیحی و جولەکەکان ، هەستان بە ڕەواج دان بە هەردوو دوو ئاراستەیی ڕۆژئاوایی و مارکسی ، ئەمەش بە هۆی نوسینی کتێب و وەرگێڕانی نوسینەکانیان ، کۆڕە ماسۆنیەکانیش پشتگیری ئەمەیان دەکرد و هەوڵیان ئەدا لەهەموو ئەو بازنە ئیسلامیانەی بۆ یەکێتی ئیسلامی پێشنیار ئەکرێت خۆیان بەدوور بگرن وباری ڕەوتە ناسیونالیزمەکان بە هەردوو چەمکە ناوچەیی یان عەرەبی یەکەی بدەن بەسەر ئەو ڕێگە ئیسلامیەدا وەك پرۆژەی هیلال خەصیب لە شام یان پرۆژەی یەکبوونی دۆڵی نیل لە نێوان میسرو ئەمە جگە لەوەی ڕەواجێکی زۆریان دا بە ڕەوتی ناسیو نالیزمی بەر تەسکی وەك بانگەوازکردن بۆ فرعەونیەت لەمیسرو بۆئاشوریەت لە عیراق وبۆفینیقیەت لەشام و.......هتد .

لەمەڕ ئەو مێژوونووسە تورکانەش کە لەماوەی بانگەوازی نەتەوەیی تورکیدا دەرکەوتن هێرشێکی زۆر ئەکەنە سەر ماوەی خیلافەتی عوسمانی ئیتر ئایا لە بەر ڕێکردەیی ئەو ئاراستە سیاسی و فیکرییە بێت ، کە پێشەنگی وڵاتەکەیانی

دەکرد لەگەڵ ئەو ماوە پێشینەی کە هەموولایەنەکانی لاوازی و داڕمانی لە خۆ گرتبوو یاخود ، لە بەرکاریگەر بوونی تورکەکان بێت بەو هەڵوێستە نەنگانەی کە دەسەلاتی خیلافەت لە دوای ئابلۆقەدانی سوڵتان عبدالحمید لەساڵی ١٩٠٩دا دەستی پێ کرد و بوو بەشێوەی ، پاش ئەوەی لەچەند شەڕێکی جۆراوجۆردا لە دوای چوونەنێو جەنگی جیهانی یەکەمەوە شکستی خوارد و بەدوای یەکدا زۆرێك لەزەویەکانی لە دەست دا ، لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدانی لە دانانی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩١٨ دا کە لە ڕاستی دا شکستێ بوو بۆ پیاوانی ئیتیحادو تەرەقی و ئەنجامێك بوو بۆ سیاسەتی ئەوان.

لە کاتێکدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال توانی تورکیا لەو سەرشۆڕیە ڕزگار بکات ، و زۆرێك لە زەویەکانی تورکیا بگێڕێتەوە ، یۆنان و ئەو هێزەش کە یونان دالدەی دەدات ناچار بکات بۆ هاتنەناو بوارو لایەنی کاریگەربوونی بیریارە تورکەکان بەهەڵوێستی هەندێ لەو عەرەبانەی کە لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا دالدەی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان دەدا ، دژ بە دەوڵەتی خیلافەت لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕش کردن بەسەر ئەو دەوڵەتەدا لەساڵی ١٩١٦ ز دا ، بەهۆی جیاوازی هۆکارەکانەوە زۆرێك لە مێژوو نووسەکان دووچاری سەرلێ شێوان و تەزویر کردنی مێژووی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی بوون ، ئەو مێژوو نووسانەی کە کاریان دەکرد لەسەر شێواندنی دەوڵەتی عوسمانی پشتیان دەبەست بە تەزویر کردنی ڕاستیەکان و درۆو قسە هەڵواسین و گومانسازی و داوو تەڵەنانەوە کە تێیدا مۆرکی ڕاستی کوێر بوویەوەو پاڵنەرە لاڕێبوەکان بەدوور لە بابەتی (وضوعی) بوونی ئەو باسە زاڵ بوون بەسەر ئەو کتێب وخوێندنانەدا . ئەمەش بوو بەهۆی دەرکەوتنی کاردانەوەیەکی ئیسلامی بۆ بەرپەرچ دانەوەیی ئەو تۆمەت و گومانانەی کە ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانی کرانەوە . لەگرنگترین و دیارترینیشیان ئەو نوسینە پەرش و بلاوانە بوون کە دکتور عبد العزیز لە سێ بەگی گەورەدا پێی

هەستا لەژێر ناونیشانی (الدولة العثمانية دولة مفترى عليها لەگەڵ ئەو هەوڵەی کە داویەتی وبە پاڵنەرێکی ئیسلامیانەش وپاپەند بوون بە باتەنیانەش لە زۆربەی نووسینەکەیداکەچی دکتۆر نەیتوانی وە باسی هەموو لایەنەکانی دەوڵەتی عوسمانی چارەسەر بکات وچەند تێبینی لەسەر نووسینەکەی هەیە وەك قسەکردن لەسەر ڕاستی ودروستی –ئینکشاریەکان–کە بەڕاستی لەبەردەم لێکۆڵینەوەی پاکی زانستی دا خۆی ناگرێت.

یەکێکی ترلەو هەوڵانەی شایانی سوپاسکردنە لەم مەیدانەدا ئەو هەوڵەیە کە لێکۆڵەری گەورەو مامۆستای ناسراوی تایبەتمەند لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دا ، "محمد حەرب"" پێی هەستاوەچەند کتێبێکی بەنرخی بۆ ئوممەتی ئیسلام نووسیوە، وەك : (العثمانيون في التأريخ والحضارة) و (السلطان محمد الفاتح ، فاتح القسطنطينية وقاهر الروم) و (السلطان عبدالحميد آخر السلاطين العثمانيين الكبار)[1]

لەکارە بەنرخەکانی ترکە دەربارەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی نوسراوە ئەوەیە کە" موفق الدين المدحة" لە نامەیەکی زانستیدا پێی هەستاوە بۆبەدەست هێنانی‌نمرەی ماستەر لە ژێرناونیشانی (صحوة الرجل المريض أو السلطان عبدالحميد أو الخلافة الإسلامية) ئەم کتێبە توانی زۆرێك لە ڕاستییە پشت بەستوەکانی بەبەڵگەنامەو بەڵگە مۆرکراوەکان ڕوون بکاتەوە جگە لەوەش چەند نوسەرێکی تری هاوچەرخ هەبوون ، بەڵام لێرەدا چەند لایەنێکی مێژووی خیلافەتی عوسمانی و ئیسلامی سەردەمی نوێمان هەیە کە پێویستی بە پێدا چوونەوە هەیە لە دیدێکی ئیسلامیەوە بەبەشداری کردن لە دەرخستنی ڕاستیەکان و سارێژکردنی ئەو درزو شکاویانەی کە لە ئەنجامی ڕێکخستنەوەی مێژوومان‌دا

---

[1] ئەم کتێبە وەرگێڕراوەتە سەر کوردی و نوسینگەی تەفسیر لە ژمارە (٢) ی زنجیرەی پیاوە ناودارەکانی ئیسلامدا بڵاوی کردوەتەوە . وەرگێڕ: ن .

دەرکەوت لە تێڕوانینێکی نەتەوەیی عەلمانیەوە کە بەپلەی یەکەم خزمەتی دوژمنانی کرد وەك هۆکارێك لە هۆکارەکان لە توانەوەو نەمانی گەلە ئیسلامیەکاندا بەکاریان هێنا .

پێویستە لەسەرمان کاتێ مێژووی نوێ دەنوسینەوە ڕۆڵی کۆڕەکانی ماسۆنیەت و نەخشەو پلانە ڕۆژئاواییەکان لە داڕشتن و ڕێکخستنەوەی پیسی مێژوودا ڕوون بکەینەوە و بەدەربخەین .

ئەو داڕشتنەوەی کە هەندێ بەکرێگیراوی جولەکەو نەصاڵکان پێی هەستاوون ولافی متیۆدی لیبڕاڵی وعەلمانیش لێی دەدەن.لە کاتێکدا کارەکەیان ئەوەیە ڕۆڵی بەر چاو بدەنە ئەو کەسە ماسۆنیاتنەی کە لە مەیدانی مێژوودا هەبوون ووایان بناسێنی کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەناو ماسۆنیەت داو پشتیوانیان لەڕاپەڕینە ئازادیخوازەکان کردووە.

لە ڕاستی دا مێژووی ئیسلامی کۆن و نوێ زانستێکە هەموو هێزە دوژمنەکان بە ئیسلام قەرەوڵیان لێ گرتووە چونکە بە کەشکۆڵی •عەقیدەو•بیروباوەڕو•میتۆدی پەروەردەی ئەزانن بۆدروستکردنەوەو داڕشتنەوەی ناسنامەی ئیسلامی هەموو گەلان.

ئەمەش هەوڵێکی ملکە چانەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی ، گرنگیش دەدات بە ڕۆڵی خیلافەتی عوسمانی لەباکوری ئەفریقی دا ، ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی دەکێشێت بۆ ئەو ڕەگ و ڕیشە کۆنانەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەری هەستاوەو دامەزراوە ، تائەو کاتەی کە خیلافەت لەسەر دەستی بەکرێ گیراوی ئینگلیزی و کینە لەدڵی گەورە مستەفا کەمال کەوت و شکستی خوارد ، لەلایەنەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دا لێکۆڵەر ڕووبەڕووی هۆکارەکانی هێزو تواناو لاواز بوونی عوسمانیەکان و سیفەتی کەس و سوڵتانە بەهێزەکان و گرنگی دانیان بە زانایان و جێ بەجێ کردنی شەرعی خواو جیهادی

گەورەیان بۆ بڵاو کردنەوەی ئیسلام و بەرگری دژ بە هێرشی خاچ پەرستەکان کە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە دەبێتەوە .

نووسەر لەکاتی خستنەڕووی ڕووداوەکاندا پابەندە بە مەنهەجی ئەهلی سوننەوە وهەوڵ ئەدات گەردنگیر بێت بە دادپەروەری وئینسافەوە لەکاتی بڕیاردان لەسەر ڕووداوەکان ، بەهیوای ئەوەی بەشداربێت لە ڕاست کردنەوەی زۆرێك لەو بڕیارو چەمکە هەڵانەی کە توشی دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانی بووبوون .

خواش لەپشت ئامانجەوەیە، هەرئەویش ڕێ نیشاندەرە بۆ ڕێگای ڕاست .

بەشی یەکەم
ڕەگ و ڕیشەو ڕەچەڵەکی تورکەکان
باسی یەکەم : (ڕەچەڵەك و نشینگەی تورکەکان)

لە ناوچەی ئەودیو ڕووبار ، ئەوەی کە ئەمڕۆ بە تورکستان ناوی دەبەین و لەبانی مەنغۆلیاو باکوری چین لەڕۆژهەلاتەوە بۆ دەریای خەزەر (دەریای قەزوین) لە ڕۆژئاواوە و لەدەشتایی سیبریا لە باکورەوە بۆ نیمچە دورگەی هیندی و فارس لە باشوورەوە ، خێڵەکانی غەز[1] و تیرە گەورەکانی لە وناچەیەدا نیشتەجێ بوون کە بە تورك یان تورکەکان ناسراون[2] .

پاشان ئەو هۆزانەی لەنیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی زایینییەوە لەچەند کۆچێکی گەورەدا کەوتنە خۆگواستنەوە لەنشینگەی سەرەکیانەوە بەرەو ئاسیای بچوك . مێژوونوسان بڕێك لەو هۆکارانەیان باس کردووە کە بەشدار بوون لە هۆی کۆچکردنیاندا . هەندێك وادەبینن کە ئەو کۆچە بەهۆی هۆکارە ئابورییەکانەوەبووبێت ، جا وشکی و بێ پیتی توند و بەهێز وزۆر بوونی وەچەو نەوە وایکرد کە ئەو هۆزانە لەناوچەکەی خۆیاندا شوێنیان تەسك بێت ، بۆیە کەوتنە کۆچ کردن بۆ گەڕان بەدوای لەوەڕگاو پاوەن و ژیانی خۆشگوزەرانیدا[3] . هەندێکیش ئەو کۆچانە دەگێڕنەوە بۆ هۆکارە سیاسیەکان ، کاتێك ئەو هۆزانە کەوتنە بەر چەندین فشاری گەورەی هۆزەکانی تر کەژمارەو توانایان لەوان زیاتر بوو ، کە مەغۆلیەکان بوون ، بەمە ناچاریان کردن بە کۆچکردن تاکوو بگەڕێن بە

---

[1] تأريخ الترك في آسيا الوسطى –بارتولد / ١٠٦

[2] أخبار الأمراء والملوك السلجوقية / ٢٠٤ .

[3] قيام الدولة العثمانية / ٨ .

دوای نشینگەیەکی تردا و زەویەکانیان بەجێ بهێڵن [١] بۆ گەڕان بەدوای بەخششی ئارامش و سەقامگیری .

دکتور عبداللطیف عبدالله ی کوڕی دهیش [٢] بۆ ئەم رایە دەچێت .

ئەو هۆزە کۆچەریانە ناچار بوون کە بەرەو ڕۆژئاوا ئاڕاستە وەربگرن و لەنزیك کەنارەکانی ڕووباری جەیحوندا دابەزن . پاشان هەندێ کات لە تەبەرستان و جورجان سەقامگیر دەبوون [٣] .

بۆیە نزیکی ئەو زەوی یە ئیسلامیانە بوونەوەکە موسوڵمانان لە دوای شەڕی نەهاوەند و کەوتنی دەوڵەتی ساسانی لە وولاتی فارس لە ساڵی ٢١ ك ، ٦٤١ ز دا فەتحیان کرد . [٤]

پەیوەندیان بەجیهانی ئیسلامیەوە :لەساڵی ٢٢ ك ، ٦٤٢ ز . دا سوپا ئیسلامیەکان بەرەو وولاتی پاپ کەوتنەڕێ بۆ ڕزگار کردنی ئەو ناوچەیە . ئەو زەویانەش تورکەکانی تێدا نیشتەجێ بوون .

لێرەدا سەرکردەی سوپای ئیسلامی عبدالرحمان کوڕی ڕەبیعە گەشت بە شەهر برازی پاشای تورك ، جاداوای ڕێککەوتنی لە عبدالرحمان کرد و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ بەشداری کردن لەسوپای ئیسلامیدا بۆ جەنگان دژ بە ئەرمەن .

عبدالرحمانیش ناردی بۆ لای سەرکردە سوراقەی کوڕی عەمر ، شەهر براز هەستا بە دانیشتن لەگەڵ سوراقە دا وبەشدارییەکەی لێ قەبووڵ کردونامەیەکیان نووسی بۆ خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (ر.ض)لەم ڕێکەوتنە ئاگاداریان کردو ئەویش ڕەزامەندی لەسەر ئەم کارە داوپاش ئەم ڕەزامەندییە ئاشتینامەکە

---

[1] كتاب السلوك –أحمد المقريزي : ١ /٣ .

[2] قيام الدولة العثمانية / ٨ .

[3] الكامل في التأريخ : ٨/ ٢٢.

[4] شوقي أبو خليل : نهاوند / ٥٥-٧٠ .

بەستراو، بەمە هیچ جەنگێك لە نێوان تورك و موسوڵمانەکاندا ڕووی نەدا . بەڵکو هەموو چوون بۆ ڕزگار کردنی وولاتی ئەرمەن و بڵاو کردنەوەی ئیسلام تێیدا [1].

سوپا ئیسلامیەکان پێشڕەوییان کرد بۆ ڕزگار کردنی وولاتەکانی باکوری ڕۆژهەلاتی وولاتی فارس تاکوو بانگەوازی خوای تێدا بڵاو ببێتەوە لەدوای ڕووخانی ئەو دەوڵەتە فارسەی کە لەبەردەم سوپا ئیسلامیەکانی ئەو وولاتەدا وەك بەربەستێکی گەورە ڕادەوەستان . بەنەمانی ئەو ڕێگریانەو لەئەنجامی ڕزگاری خوازیە ئیسلامیەکاندا دەرگای پاپ لەبەردەم جموجوڵەکانی گەلەکانی ئەو وولات و هەرێمانەدا کراوەبوو ، لەوانەش تورکەکان .

ئیدی پەیوەندی کردن بە گەلە ئیسلامیەکانەوە هاتە دی و تورکەکان ئیسلامیان گرتەخۆ و هاتنە ڕیزی موجاهیدەکانەوە بۆ بڵاو کردنەوەی ئیسلام و سەرخستنی ووشەی الله [2].

لەسەردەمی خەلیفەی ڕاشید ،٠ عوسمانی کوڕی عەففاندا٩١ ، وولاتی تەبەرستانیش ڕزگار کرا ، پاشان موسوڵمانان لەساڵی ٣١ ك .دا بەڕووباری جەیحوندا تێپەڕبوون و دابەزینە نێو وولاتی ئەو دیو ڕووبار .ئیتر زۆرێك لە تورکەکان هاتنە ناو ئیسلام و بوونە پشتیوانی و بەشدار بوون لە جیهاد کردن بۆ بڵاو کردنەوەی بانگەوازی خوا لەنێو جیهانیاندا [3].

بەردەوام سوپاکانی ئیسلام لەوهەرێمانەدا بەرەو پێشەوە دەچوون تالەسەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا ، وولاتی بوخارا ڕزگار کرا . ئەو سوپاسەرکەوتووانەهێندە ڕۆچوون تاکوو گەشتنە سەمەرقەند .

---

[1] تأريخ الأمم والملوك –محمد بن جرير الطبري : ٣/ ٢٥٦-٢٥٧ .

[2] الدولة العثمانية والشرق العربي : محمد أنيس / ١٢-١٣ .

[3] فتوح البلدان –البلاذري / ٤٠٥-٤٠٩ .

سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی هێندە دەرکەوت تاووڵاتی ئەودیو ڕووبار هەمووی کەوتە ژێر دادپەروەری دەسەڵاتی ئیسلامییەوە . ئەو گەلانەش لەشارستانیەتێکی قوڵی ئیسلامیدا ژیان [١] .
ژمارەی تورکەکان لە کوشکی خیلافەت و سەرکردە عەباسییەکاندا زیادی کرد . دەستیان کرد بە گرتنەدەستی پایە سەرکردەیی و بەڕێوەبەریەکانی دەوڵەت . ئەمانە سەربازو سەرکردەو نوسەریان تێدابووەو خۆیان بە ئارامی و لەسەرخۆیی و گوێڕایەڵی یەوە پابەند کرد تاکوو گەشتنە بەرزترین پلەکان .
کاتێك موعتەسیمی عەباسی خەلیفایەتی گرتە دەست ، دەرگاکان لەبەردەم گوزەری تورکیدا کرانەوەو پلە سەرکردەییەکانی دەوڵەتیان درایە پاڵ ، بەوەش بەشداری یان دەکرد لە گۆڕینی کاروباری دەوڵەتدا . سیاسەتی موعتەسیم ئامانجی بنبڕکردنی گوزەری فارسی بوو کە دەستی ڕەهای هەبوو لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عەباسی لەسەردەمی خەلیفە مەئموندا [٢] .
گرنگیدانی موعتەسیم بە ڕەگەزی تورکی بووە هۆی بارێکی ڕق و تووڕەیی توند لە نێو خەڵك و سەربازاندا ، بەمە موعتەسیم ترسا لەتۆڵەی خەڵك لە دژی ،بۆیە شارێکی نوێی بونیاد نا کە سامەڕا بوو نزیکەی ١٢٥ کم لەبەغداوە دوورە ، خۆی و سەربازو پشتیوانەکانی تیایدا نیشتەجێ بوون .
بەم جۆرە تورکەکان هەر لەمێژەوە دەستیان کرد بە دەرکەوتن لە سەر شانۆی مێژووی ئیسلامی لە بوارە گرنگەکاندا ، تاکوو دەوڵەتێکی ئیسلامی گەورەیان دامەزراند بەهۆی پەیوەستی بەهێزیان بەخەلیفەکانی دەوڵەتی عەباسییەوە کە بەدەوڵەتی سەلجوقی ناسرابوو [٣] . *[١]

---

[1] خراسان –محمود شاكر / ٢٠-٣٥ .

[2] قيام الدولة العثمانية / ١٢ .

[3] هەمان سەرچاوە / ١٢ .

باسی دووەم
هەستانی دەوڵەتی سەلجوقی

دەرکـەوتنی سـەلجوقیەکان لەسـەر شـانۆی ڕووداوەکـان لـە ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبی ئیسلامیدا ، کاریگەری یەکی گەورەی هەبوو لە گۆڕینی بارودوخە سیاسیەکانی ئەو ناوچـەیە کـە خیلافـەتی عەبباسـی سوننی لا لایەکـەوەو خیلافـەتی شـیعەی فاتیمی لە لایەنی دووەمەوە ناکۆکیان هەبوولە سەری . .

سەلجوقیەکان دەوڵەتێکی تورکیی گەورەیان بنیاد نا کە لەسەدەی ٥ ی کۆچی لە ١١ی زاینیدا دەرکـەوت و تـاکوو خوراسـان و ئـەو دیـو ڕووبـارو ئێـران و عێـراق و وولاتـی شـام و ئاسـیای بـچوك لـە خـۆ بگرێـت . سەرکردایەتیشیان لـە ئێـران و پاشان لە عێراق لە بەغداد پێگەی دەسـەلاتی سـەلجوقیەکان بـوو ، هاوکات چەند دەوڵەتۆکەیەکی سەلجوقی لە خوراسان و ئەودیو ڕووبارلە کرمـان و وولاتـی شام —سەلجوقیەکانی شام —و ئاسیای بچوك —سەلجوقیەکانی ڕۆم —دا پەیدابوون کـە پاشکۆو شوێنکەوتەی سوڵتانی سەلجوقی بوون لەئێران و عێراق دا .

سەلجوقیەکان پاش ئەوەی نزیکی دارمان بوونەوە لەنێوەندی دەسـەلاتی بوەیهی شیعە لە عێراق و ئێران و دەلاتی عەبیدی فاتیمی لەمیسر و شـامدا ، دایانـە پـاڵ خیلافـەتی عەبباسـی لـە بەغـدادو مەزهـەبی سـوننی خۆیـان سەرخـست . سەلجوقیەکان بە تەواوی زاڵ بوون بەسەر دەسەلاتی بوەیهیدا و ڕێگایان گرت لـە خیلافەتی عەبیدی فاتیمی [٢] .

---

[1]* ئێستا سـەرقاڵی وەرگێڕانـی کتێبی (تـأریخ دولـة آل سلجوق) ین کـە عمـاد الـدینی ئەسـفەهانی کـە لـە ٥٩٢ ك دا کۆچـی دوایـی کـردوە ، نوسـیویەتی و سەرچاوەیەکی ڕەسـەنە بەنزیکـەی ٧٠سـاڵ دوای سـەلجوقیەکان نوسـیویەتی . وەرگێڕ:ن.

[2] السلاطين في المشرق العربي / ١٧١ .

توغرول بەگ سەرکردەی سەلجوقیەکان توانی کە دەوڵەتی بوەیهی لە ساڵی ٤٤٧ ك لـە بەغـداد دا شکـست پـیٚ بهێنێـت و بیخـات . هـەوەها زاڵ بێـت بەسـەر ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی دا . ئەو جنێـو دان بـە٠صحابە٩شکە بـە دەرگـای مزگەوتەکانـدا داکوترابـوو ، هـەمووی لابـردن ونـەیهێلاٚن و ئـەبو عبـدالله ی جەللابیشی کوشت کە شێخی ڕافیزەکان بوو لەبەر ئەوەی زۆر ڕۆچووبوو لە ڕەفز کردندا [1].

بەڕاستی دەسـەلاٚتی بـوەیهی شـیعی پێـشتر زاڵبـوو بەسـەر بەغـداد و خەلیفـەی عەبباسیدا . دوای ئەوەی سەلجوقیەکان دەوڵەتی بـوەیهی یـان لـە بەغداد لابرد و تـوغرول بـەگی سـوڵتانیان چـووە نێـو پایتـەختی خیلافـەتی عەبباسـی یـەوە . خەلیفەی عەبباسی (القائم بأمر الله) پێشوازییەکی گەورەی لێکرد و بەرگێکی پایەداری بەبەرداکردو لەکەژاوەی خۆیدا داینیشاند و هەندیٚ نازناوی گەورەی بەسەردا بڕی، لە وانە نازنـاوی سـوڵتان روکنـەدین تـوغرول بـەگی لێنـا . هـەوەك خەلیفەی عەبباسی فەرمانی دەکرد کە نـاوی سـوڵتان تـوغرول بـەگ لـە سەر دراو هـەڵبکۆڵرێت و نـاوی لـەوتاری لەمزگەوتـەکانی بەغـداد دا بهێنرێـت و.... هتـد ، ئەمەش لەپایەی سەلجوقیەکانی زیاد کرد . لەوکاتەوە ئیتر سەلجوقیەکان شوێنی بوەیهیـەکانیان گرتـە دەسـت لـە زاڵبـوون بەسـەر کاروبـاری عـیراق و بـەکارهێنانی خەلیفەی عەبباسیش بەپێی خواستی خۆیان [2].

توغرول بەگ خاوەن کەسایەتی بەهێز بوویبرێکی تیژ وئازایـەتی یـەکی زۆر بـوو . هەروەها کەسێکی دیندار و خاوەن نـەوازش٠وەرع٩ و دادپـەروەری بـوو . لـە بـەر ئەمـەش بـوو کـە پـشتگیری و پـشتیوانییەکی گـەورەی لـە لایـەن گەلەکەیـەوە

---

[1] أيعيد التأريخ نفسه –محمد عبده / ٦٧ .

[2] قيام الدولة العثمانية / ١٩ .

بەدەست هێنا و سوپایەکی بەهێزی ئامادە کرد و هەوڵی یەکخستنی سەلجوقی یە تورکەکانی دا لەنێو دەوڵەتێکی بەهێزدا [1] .

بەهۆی بەهێزی پەیوەندیەکانی نێوان خەلیفەی عەبباسی قائم بأمر الله و توغرول بەگی سەرکردەی دەوڵەتی سەلجوقیەوە ، خەلیفە کچێکی جفری بەگی براگەورەی توغرول بەگی خواست . ئەمەش لە ساڵی ٤٤٨ك ، ١٠٥٩ز دا بوو . پاشان لە شەعبانی ساڵی ٤٥٤ك ، ١٠٦٣ز دا ، توغرول بەگ کچێکی خەلیفەی عەبباسی قائم بأمر الله ی خواست . بەڵام توغرول بەگ لەدوای ئەمەوە زۆر نەژیا و لەشەوی هەینی ٨ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٥٤ك ، ١٠٦٢ز دا کۆچی دوایی کرد کە لەوکاتەدا تەمەنی ٧٠ساڵ بوو . دوای ئەوەی لەسەر دەستی ئەودا سەلجوقیەکان لەناوچەکانی خۆراسان و ئێران و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق دا زاڵ بوون [2] .

یەکەم : سوڵتان محمدی ناسراو بە (ئەلب ئەرسەلان) واتە: (شێری دلێر) :

ئەلب ئەرسەلان لە دوای مردنی توغرول بەگ ،جڵەوی دەسەڵاتی لە وڵاتدا گرتە دەست ، چەند ناکۆکی یەك لە وڵاتدا لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات ڕوویدا ، بەڵام ئەلب ئەرسەلان توانی کە زاڵ بێت بەسەریاندا . ئەلب ئەرسەلان وەك توغرول بەگی مامی سەرکردەیەکی لێهاتووی هەڵمەت بەر بوو ، سیاسەتێکی تایبەتی گرتەبەر کە پشتی دەبەست بە جێگیر کردنی پایەکانی حوکمەکەی لە وڵاتا نەدا کە ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی سەلجوقیەکان پێش ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە هەرێمی تازەتر بخاتە >ێر دەسەڵاتی خۆیەوەو بیداتە پاڵ دەوڵەتەکەی . هەروەك شەیدای جیهادی ڕێگەی خواو بڵاو کردنەوەی بانگەوازی ئیسلام بوو ، لەناوئەو دەوڵەتی مەسیحی دراوسێیدا ، وەك وڵاتی ئەرمەن و ڕۆم . ڕۆحی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو / ١٧ .

[2] تأريخ الدولة العلية العثمانية / ٢٥ .

جیهادی ئیسلامی بزوێنەری ئەو بزوتنەوە ڕزگاریخوازانە بوو کە ئەلب ئەرسەلان پێی هەستاو مۆرکێکی ئایینی بەدەست خست کە بووە سەرکردەی سەلجوقیەکان وەك سەرکردەیەکی جیهادی . سوریش بوو لەسەر سەرخستنی ئیسلام و بەرزکردنەوەی لە و وولاتانەدا و بلاو کردنەوەی ئالای ئیسلام و شەکاندنەوەی بەسەر ناوچەیەکی زۆری زەوییەکانی دەوڵەتی بیزەنتی دا [1].

ماوەی ٧سالْ مایەوەو بەشەکانی دەوڵەتە پەرش و بلاوەکەی بەسەر ناوچەکاندا بەسەرئەکردەوە و پێش ئەوەی هیچ جۆرە فراوانخوازییەکی دەرەکی تر بکات .

کاتێکیش دڵنیا بوو لەسەقامگیری و ئاسایش و خۆسازدانی حوکمی سەلجوقیەکان لەهەموو هەرێم و وولاتە ژێر دەستەکانیدا ، نەخشەیەکی دانا بۆ هێنانەدی ئامانجە دوورەکانی کە بریتی بوو لە ئازاد کردنی وولاتە مەسیحی یە کانی دراوسێی دەوڵەتەکەی و خستنی دەوڵەتی فاتیمی (عەبیدی) لەمیسر ویەکخستنی جیهانی ئیسلامی لەژێر ئالای خیلافەتی عەبباسی سوننی و دەسەلاتی سەلجوقیەکاندا . بەمە سوپایەکی گەورەی ئامادە کردو بەرەو وولاتی ئەرمەن و جۆرجیا کەوتە ڕێ و ڕزگاری کردن و بەستنیەوە بە مەملەکەتەکەیەوە . هەوەك کاری ئە کرد بۆ بلاو کردنەوەی ئیسلام لەوناوچانەدا [2].

ئەلب ئەرسەلان پەلاماری باکوری شام داو دەوڵەتی (مرداسیە) ی لەحەلەب دا خستە <ێر ئابلۆقەوەو ئەو دەوڵەمەنەی کە کە صالحی کوڕی مرداسی بە پێی مەزهەبی شیعە لەساڵی {٤١٤ك- ١٠٢٣ز} دا دایمەزراند ، پاشان ئەمیرەکەی ئەوێی کە محمودی کوڕی صاڵحی مرداسی بوو ناچار کرد بانگەشە بۆ خەلیفەی

---

[1] قیام الدولة العثمانية / ٢٠ .

[2] قیام الدولة العثمانية / ٢٠ .

عەبباســی بکاتلــە جێگــەی خەلیفــەی فــاتیمی (عەبیــدی) لەســاڵی {٤٦٢ك – ١٠٧٠ز} دا [1].

پاشـان ئەتنسنر کـوڕی ئـوقی سـەرکردەی تـورکی خـوارزمی نـارد بـە هێزێکـەوە بۆپەلاماردانی باشوری شام و ڕەملـە و بەیتولمەقدیسی لەدەستی فاتیمیەکان (عەبیدیەکان) سەندەوە ، بەڵام نـەیتوانی دەست بگرێت بەسـەر عەسـەقەلان دا کـە بـەدەرگای چوونەناو میسر دادەنـرا . بەمـەش سـەلجوقیەکان نزیـك بوونـەوە لـە ســەربازگەی خەلیفــەی عەبباســی . ســوڵتانی ســەلجوقیش لــەناوخۆی بەیتولمەقدیسدا [2]. لەساڵی ٤٦٢ك دا نێردراوی گـەورەی مەککـە محمدی کـوڕی ئەبو هاشم هاتـە لای سـوڵتان و هـەواڵی وتـاردان بـۆ خەلیفە سەردەم و سـوڵتانی پێدا لەگەڵ لابردنی وتاردان بۆ گەورەی میسر (عەبیدی) و لابردنی (حیّ علی خیر العمل) لە بانگدا . سوڵتانیش {٣٠}سی هـەزار دیناری پێداو و پێی ووت ئەگـەر ئـەمیری "مەدینـە"ش وەك ئـەو بکـات ئـەوە{٢٠}بیست هـەزاردیناری پـێ دەبەخشین [3].

لە ڕاستی دا جەنگە ئازادیخوازەکانی* ئەلب ئەرسەلان ، "دومانۆس دیوجنسی" ئیمپراتۆری ڕۆمی تووڕەکرد ، بۆیە کەوتـە هـەوڵی بونیاد نـانی بزوتنەوەیەکی دژ بــۆ پارێزگــاری کــردن لەئیمپراتۆریەتەکــەی ،چــەند جارێــك کەوتنــە نــاو شەڕوپێکدادان لەگەڵ هێزەکانی سەلجوقیەکاندا . گرنگترینیان شەڕی (ملازگرد) بوو لەساڵی ٤٦٣ك هاوکاتی ئوغسطسي ساڵی ١٠٧٠ز *٢.

"إبن كثير" دەڵێت : (لەوساڵەدا ئەرمانوسی پاشـای ڕۆم بـە خـۆی وهێزێکـی بێشومارەوە کـەوەك شـاخ ئەیانوانـد لـە وێنـەیی میللـەتانی ڕۆم و ڕەخ و فـەرەنج

[1] السلاطين في المشرق العربي / ٢٥ .
[2] مرآة الزمان –أبن الجوزي / ١٦١ .
[3] أيعيد التأريخ نفسه –محمد عبده / ٦٨ .

پێکهاتبوون و ژمارەیەکی گەورە و چەندین کەرەسەی جەنگی لە گەڵدا بوو {٣٥} هەزار "باترباك"ی لەگەڵدا بوو. هەر باترياییێکیش {٢٠٠} دووسەدهەزار فەرەنجی لەگەڵدابوو ، لەو جەنگاوەرانەش کە لەقوستەنتینیە نیشتەجێ بوون {١٥} پانزەهەزار سواری هێنابوو. هەروەها {١٠٠} ڕۆژ جاریێ و {٤٠٠} عەرەبانەی پێبوو کە پێڵاوو بزماریان هەڵگرتبوو . هەزار عەرەبانەی کە چەك و زین و عەرادەو مەنجەنیقیان پێبوو . یەکێك لەمەنجەنیقەکان {١٢٠٠} هەزارودووسەد پیاوی پێ تایبەت کرابوو . نیازی تەواوی ئەم کابرایە{خواڕوویڕەش بکات} ئەوەبوو کە ئیسلام و شوێنکەوتوانی هەموو لەناو بەرێت وهەموو وولاتی بەخشی بوویە بەترياکەکانی تائەگەیشتە بەغداد . وەسیەتیشی کردبوو بۆ جێگرەکەی کە لەگەڵ خەلیفەدا باش بێت و پێی ووت : لەگەڵ ئەو پیاوەدا نەرم ونیان بە ، چونکە ئەو هاوڕێمانە ، جا ئەگەر پاشاکانی عیراق و خوراسانی کردە جێگەی متمانەی خۆی ، ئەوا ئەوا یەك هەڵمەتیش ئەبەن بۆ شام وخەڵکی شام لەدەستی موسوڵمانان دەسەننەوە .

خوای گەورە ئەفەرموێت : (لعمرك إنهم لفی سكرتهم یعمهون ﴾الحجر : ٧٢.

واتە :"بەگیانی تۆ ئەی پێغەمبەر بەدڵنیاییەوە بەردەوام سەرگەردان ئەبوون لەمەستییەکەیاندا"

سوڵتان ئەلب ئەرسەلان بە سوپاکەیەوە لە شوێنێکدا کە پێی دەوترێت زەهوە لە ڕۆژی چوار شەممە لە ٢٥ی زی القعدە دا بەرەنگاری بوویەوە . سوڵتان لەزۆری سەربازانی ڕۆم ترسی لێ نیشت . بەڵام شەرع زان "أبونصر محمدی کوڕی عبدالمليکی بوخاری" ئاماژەی پێ دا کە با ڕۆژی هەینی ودوای نیوەڕۆکەی دیاری بکرێت بۆ شەڕەکەئەو کاتەی خۆر لائەدات وتار خوێنەکان دووعا ئەکەن بۆموجاهیدەکان . کاتێك دوای نیوەڕۆی هەینی هات ، هەردوو دەستە ڕووبەڕووی یەکدی وەستانەوەو بەرانبەر یەك وەستان ، سوڵتان لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و کڕنوشی برد بۆ خوا و دەموچاوی لەنێو خۆڵدا گەوزاند و

کەوتە پاڕانەوە لەخواو داوای سەرکەوتنی لێکرد ، خواش سەرکەوتنی خۆی داباراند بەسەر موسوڵمانانندا ملی کافرانی خستە بەر دەستیان وئەوانیش زۆرێکیان لێ کوشتن و "دومانوسی" پاشایان بەدەستی کۆیلەیەکی ڕۆمی بەدیلی گیرا ، جا کەلەبەردەمی ئەلب ئەرسەلاندا وەستانیان ، بەدەستی خۆی سێ قامچی لێدا و پێی ووت : ئەگەر من لەبەردەستی تۆدا دیل بوومایە تۆچیت دەکرد ؟ ووتی : هەموو ناپەسەندی یەك . ووتی : ئەی تێڕوانین و گومانت لەمەڕمن چی یە ؟ ووتی : یان بمکوژی و بمگەڕێنیت بە وولاتەکەتدا ، یان لێبوردنت هەبێت و"فیدیەم"لێ وەربگری و بمگێڕیتەوە . ئەویش ووتی : جگە لە لێبوردن و"فیدیە" *هیچ نیازێکی ترم نییە . بۆیە بە ١,٥ مليونو نیوێك دینار ڕزگاری کرد . دومانوس لەبەردەستی ئەلب ئەرسەلانی پاشادا هەستایەوە ، ئەویش بڕێك ئاوی دەرخوارد دا . "دومانوسیش" زەویبەر پێیپاشای ماچ کردئەو زەوویەیشی ماچ کرد کە ڕووی لە خەلیفە بوو ، وەك ڕێزوو شکۆدارییەك شکۆداری بۆ پاشا ، پاشاش ١٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کرد بۆ ئەوەی خۆی پێ بخاتە ڕێ . دەستەیەکیش بەترياکی لەگەڵدا بەرداوفەرسەخێکیش لەگەڵیاندا بۆ خواحافیزی، لەشار دوور کەوتەوەو و سوپایەکیشی لەگەڵدا ناردبۆ ئەوەی تاکوو بیپارێزن تادەگاتە وولاتی خۆی . ئالایەکیشیان پێ بوو کەلەسەری نوسرلبوو (لاإله إلا الله محمد رسول الله)[1].

بەڕاستی سەرکەوتنی ئەلب ئەرسەلان بەو سوپایەکی کە لە ١٥ هەزار جەنگاوەر تێنەدەپەڕی بەسەر سوپای ئیمبراتۆر دومانوس دا کە ٢٠٠هەزار دەبوون ، ڕووداوێکی گەورەو خاڵی وەرچەرخانی نێو مێژووی ئیسلامی بوو ، چونکە ڕێگەی خۆشکردبۆدەسەلاتی لاوازکردنی گوزەری ڕۆمی لە زۆربەی هەرێمەکانی ئاسیای بچوکدا ، ئەوناوچانەی کە زۆر گرنگ بوون و پایەی ئیمپڕاریەتی

---

[1] البداية والنهاية –ابن كثير : ١٢/ ١٠٨ .

بیزەنتی بوون ، ئەمەش یارمەتی عوسمانیەکانی دا زاڵ ببن بەسەر دەوڵەتی بیزەنتی دا.

بەڕاستی ئەلب ئەرسەلان کەسێکی پیاوێکی چاك بوو، هۆکارە مەعنەوی و ماددیەکانی سەرکەوتنی بەکار دەخست و زانایانی لەخۆی نزیك دەکردەوەو ئامۆژگاریەکانیانی وەردەگرت . ئەو ئامۆژگاریەی زانای خواویست ئەبو نصر محمدی کوڕی عبدالملیکی بوخاری حەنەفی چەند جوان وشیرینە کە لەشەڕی مرازگرد دا بەسوڵتان ئەلب ئەرسەلانی ووت : (تۆ لەسەر ئاینێك شەڕ دەکەیت کە خوا پەیمانی سەرکەوتنی داوە زاڵی ئەکات بەسەر هەموو ئاینەکاندا. خوازیارم کە خوای گەورە ئەم ڕزگارکردنەی بەناوی تۆوە نوسیبێت . جا ڕۆژی هەینی لەوکاتەی کە ووتاربێژەکان لەسەر مینبەرن دووعا بۆ موجاهیدەکان دەکەن ڕووبەڕوویان ببەرەوە) .

جا کەهەینی هات لە وکاتەدا نوێژی بۆ کردن و سوڵتان گریا و خەڵکیش بە گریانەکەی ئەوگریان و پاڕایەوە و خەڵکەکەش ئامینیان بۆ کرد . جا پێی ووتن : ئەوەی دەیەوێتلێرە بڕوات بابڕوات . لێرەدا سوڵتانێك نییە فرمان و ڕێگرییەك بکات . ئنجا شمشێرو تیروکەوانەکەی فڕێداو شمشێرەکەی هەڵگرت وکلکە ئەسپەکەی بەدەستی خۆی گرێدا . سوپاکەیشی وەك ئەویان کردو جلی سپی لەبەرکرد وبۆنی خۆشی دا لە خۆی و ووتی : ئەگەر کوژرام ئەمە کفنمە [1].الله اکبر بەسەر ئەوجۆرەکەسانە دا سەرکەوتنی خوا دادەبارێت .

ئەو سوڵتانە لەسەر دەستی یەکێك لە یاخی بووەکان کوژرا کەناوی یوسفی خوارزمی بوو ، ئەمەش لەڕۆژی ١٠ی ڕەبیع الاولی ساڵی ٤٦٥ك ، ١٠٧٢ ز .

---

[1] تأريخ الإسلام –الذهبي –حوادث ووفيات / ٤٦٠-٤٧٠

*فیدیە وەرگرتن شتێکە لە بەرانبەر ئازادکردنی دیلێکدا وەك {دیل بە دیل}یان پارە یان هەر بەرانبەرێکە تر.وەرگێر

دابوو . لەشاری (مرو) لەپاڵ گۆڕی باوکی دا نێژرا . ئنجا مەلیکشاهی کوڕی هاتە جێگەکەی [1].

<u>شتێك لە ڕەوشتی سوڵتان ئەلب ئەرسەلان :</u>

ئەلب ئەرسەلان کەسێکی دڵ نەرم و نەرمونیان بوو لەگەڵ هەژاراندا . زۆر لە خوا دەپاڕایەوە بۆ بەردەوامی ئەو بەخششەی کە بەسەریدا ڕشتبووی . ڕۆژێکیان لە {مرو} داتیَ پەڕیو چاوی بە هەندیَ هەژاری کەڕوو لاڵ کەوت دەستی کرد بەگریان وداوای لەخوای گەورە کرد کە بەفەزڵی خۆی دەوڵەمەندی بکات .شتی زۆری دەبەخشی ، لەڕەمەزاندا ۱۵ هەزار دیناری دەبەخشی ، لەدیوانەکەیدا ناوی خەڵکێکی زۆری هەژارانی هەموو هەرێمەکانی وولاتەکەی هەبوون ، بەردەوام خێرووبێری ئەڕشت بەسەریاندا . لەهەموو وولاتەکەیدا تاوان یان ماڵ داگیر کردن نەبوو ، قەناعەتی کردبوو کە خەڵکی ، سالانە دووجار باجی سەرەکی خۆیان بدەن بەدووجار بۆئەوەی سووك بێت لەسەریان وناڕەحەت نەبن [2].

هەندیَ کەسی فیتنە شتێکیان دەربارەی{نظام الملك} یوەزیری بۆنوسی وتێیدا باسی موڵك وسامانەکانی ئەویان کردبووە لەکاتی دەسەلاتداریەکەیدا، ئەویش بانگی کرد و ووتی، کە ئەمەی ووتراوە ڕاستە دەی ڕەوشتت پوخت بکەرەوەو حاڵی خۆت چاك بکە ، ئەگەریش ئەمە درۆیە لەگوناهی ئەو کەسە خۆش بە .

<u>سور بوون لەسەر پارێزگارکردنی ماڵ و سامانی هاوولاتیەکانی :</u>

هەواڵی پێدرا کە یەکێك لە کۆیلەکانی وەرپێی لە هاوڕێکەی دزیوە ،ئەویش ئەو کۆیلەیەی لە خاچ دا ، بەمە هەموو کۆیلەکانی تر لەترسی توندی تۆڵەی ئەلب ئەرسەلان سلەمینەوە [3].

---

[1] قيام الدولة العثمانية / ٢١ .

[2] الكامل في التأريخ –ابن الأثير : ٢٥٢/٦ .

[3] البداية والنهاية –ابن كثير : ١٢/ ١١٤ .

زۆر جارمێژوو وئاكاری پاشاكان و یاساكانی شەریعەتی بۆ ئەخوێنرایەوە،كە لە ناو پاشاكانی سەردەمی خۆیدابە ژیان پاكی و چاكی ناوی دەركردو زانیان پارێزگاری لە خۆی دەكات هەموو ملیان بۆ كەچ كردوودەستیان دایە گوێڕایەڵی كردنی ودوای ئەوەی كە مازەیەك نكوڵیان لێ دەكرد،وای لێ هات لە ئەو پەڕی {پشتڕووبارەوە}وتا ئەمپەڕی شام هەموولای ئامادە ئەبوون [1].

دووەم : "مەلیكشاه" و شكستیی لەیەكخستنی خیلافەت و دەسەلاّت دا :

لەدوای ئەلب ئەرسەلان دەسەلاّت كەوتە دەست (مەلیكشاه) ی كوڕی ئەلب ئەرسەلان . بەلاّم قاوەردی كوڕی جغری مامی كە حوكمڕانی سەلجوقیەكانی كرمان بوو . بوویە نەیارو ڕێگری و خوازیاری دەسەلاّت بوو . لەنزیك هەمەدان پێكدادان لەنێوانیاندا ڕوویدا كە تێیدا قاورد شكستی خوارد و كوژرا . بەمەش مەلیكشاه زاڵ بوو بەسەر دەوڵەتی سەلجوقی یەكانی كرماندا . وەلەساڵی ٤٦٥ك،١٠٧٣ز دا سوڵتان شاهی كوڕی ئەلب ئەرسەلانی بەفەرمانڕەوای ئەوێ دەست نیشان كرد.

دەوڵەتی سەلجوقی لەسەردەمی سوڵتان مەلیكشاهدا فراوان بوو ، تاكوو گەشتنە ئەوپەڕی كشانی لە ئەفغانستان لە ڕۆژهەلاّتەوە بۆ ئاسیای بچوك لە ڕۆژئاواوە ، وە وولاّتی شام لە باشوورەوە . ئەمەش لە دوای ئەوەی كە لەساڵی ٤٦٨ك ، ١٠٧٥ز دا دیمەشق لەسەردەستی سەركردە توتسز شكستی هێناو بانگەواز بۆ خیلافەتی عەبباسی بەر قەرار بوو .

لەساڵی ٤٧٠ك ، ١٠٧٧ز دا ، مەلیكشاه ئەو ناوچانەی دایە پاڵ"تاج الدولە تتمشی" برای خۆی كە لەوولاّتی شامدا بەسەریاندا زاڵ بووبوو . ئەمەش لەپێناو درێژەدان بەو جەنگە ئازادیخوازانەی كە دواتر دەوڵەتی سەلجوقی یەكانی شامی دامەزراند . مەلیكشاه یەكێك لە نزیكەكانی خۆی وەك والی

---

[1] الكامل في التأريخ –ابن الأثير : ٦/ ٢٥٣ .

دەستنیشان کرد بەسەر ئاسیای بچوکەوە کەپێی ئەووترا سولەیمانی کوڕی قتلمشی کوڕی ئیسرائیل دەناسرا . هەروەها بۆ درێژەدان بە جەنگە ئازادیخوازانە لە ساڵی ٤٧٠ك ، ١٠٧٧ز دا ڕێگەی ڕۆمی گرتەبەر . بەمەش دەوڵەتی سەلجوقی‌یەکانی ڕۆمی دامەزراند [١] .

ئەم دەوڵەتە ٢٢٤ساڵ بەردەوام بوو ، تائەوەی ١٤کەس لە بنەماڵەی ئەبولفەوارس قتلمشی کوڕی ئیسرائیل بە دووی یەکدا هاتن ، کەیەکەمیان سولەیمانی کوڕی قتلمش بوو کە بە دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە دادەنرێ [٢].کە لەساڵی ٤٧٧ك ، ١٠٨٤ز دا ئەنتاکیەی ئازاد کرد . هەروەك داودی کوڕی دەستی گرت بەسەر قونیەدا ، لەساڵی ٤٨٠ك ، ١٠٨٧ز ، تاکوو بیکاتە پایتەخت بۆ خۆی .

قونیە لەدەوڵەمەندترین و جوانترین شارە بیزەنتیەکان بوو لە ئاسیای بچوکدا . سەلجوقی یەکان لە شارێکی مەسیحی بیزەنتی‌یەوە گواستیانەوە بۆ شارێکی سەلجوقی ئیسلامی . ئەو دەوڵەتەش لە ساڵی ٧٠٠ك، ١٣٠٠ز دا لەسەر دەستی مەغۆڵەکان کەوت و لەناو چوو [٣] .

سەلجوقیەکانی ڕۆم سووربوون لەسەر بەتورك کرنی ئاسیای بچوك و بڵاوکردنەوەی ئیسلام تیایدا لەسەر مەزهەبی سوننی . هۆکارێکی گواستنەوەی ژیاری ئیسلامیش بوون بۆ ئەو هەرێمانە . هەروەها ئەو هێڵە بەرگریەیان شکاند کە بۆ پاراستنی مەسیحی‌یەکانی ئەوروپا دژ بە ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتدا دروست کرابوو [٤] .

---

[1] السلاطين في المشرق العربي / ٢٨ .

[2] السلاطين في المشرق العربي / ٢٩ .

[3] السلاطين في المشرق العربي / ٢٩.

[4] السلاطين في المشرق العربي / ٢٩ .

لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی سەردەمی مەلیکشاه یشدا ، بەڵام سەرکردە ئوتسز سەرکەوتوو نەبوو لە یەکخستنی وولاتی میسرو شام ، لەدوای ئەوەی سەلجوقیەکان شێوەیەکی هەڕەشە ئامێزی کرداریی‌یان لەڕووی دەوڵەتی عەبیدی فاتیمی‌دا نواند لەناوخۆی میسردا .

کاتێك ئوتسز ویستی لەگەڵ میسر جەنگ بکات ، لەسەردەستی هێزێکی عەرەبدا لە ڕەجەبی ٤٦٩ك ، ١٠٧٦ز لەپێش ئەوەی بەرەنگاری ئەو سوپا گەورەیە ببێتەوە کە وەزیر بدر الجمال ئامادەی کردبوو ،شکستی هێنا .

شکستی ئوتسز بووە هۆی زیاتر بوونی پشێوی و ڕیزاڵ بوونی سیاسی و ململانێی خوێناوی تاکارەکە سەری کێشا بۆ کوشتنی ئوتسز لەساڵی ٥٧١ك ، ١٠٧٨ز دا .[1]

هەروەها مەلیکشاه نەیتوانی خیلافەتی عەبباسی بگۆڕێت بۆ خێزانی سەلجوقی لەکاتێکدا کە لەساڵی ٤٨٠ك ، ١٠٨٧ز دا کچەکەی شوی کرد بە خەلیفەی عەبباسی مقتدی بأمر الله و دواتر مناڵێکی بوو ، هەروەها کچەکەی تری شوی کرد بە مستظهر بالله ی عەبباسی . کەچی نەیتوانی خیلافەت و دەسەڵات لەنێونەوەکانی‌دا قۆرخ بکات[2] .

<u>مردنی</u> :

سوڵتان مەلیکشاه مردو ڕۆڵی تواناو شکۆداری لەساڵی ٤٤٧ –٤٨٥ ك ، ١٠٥٥- ١٠٩٢ز دا کۆتایی پێ‌هات .

دەوڵەتی سەلجوقی بەسەردەمی سێ سوڵتانەکە دەناسرا (توغرل بەگ ، ئەلب ئەرسەلان ، مەلیکشاه) پاشان قۆناغی لاوازی و ململانێ دەستی پێ‌کرد .

---

1 مرآة الزمان –سبط ابن الجوزي / ١٢٨ .

2 السلاطين في المشرق العربي / ٣٠ .

لەسەردەمی ئەلب ئەرسەلان و مەلیکشاه دا نیزامولمولکی وەزیر ناوی دەرکەوت کە گرنگە شارەزای ژیان ورۆڵی ببین لە بەهێزکردن دەوڵەتی سەلجوقیدا .

سێیەم : نیزامولمولك :

زەهەبی لەبارەیەوە دەڵێت : (وەزیری گەورە نیزامولمولك قوام الدین ، باوکی عەلی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئیسحاقی طوسي ،پیاوێکی ژیرو سیاسەتمەدارو پسپۆڕ و پایە بڵند و وابەستە بەدین وخاکی و بێ فیزبوو کۆرەکانی بە قورئان خوێن و زانایان گەرم دەکرد.

نیزامولمولك خوێندنگەیەکی گەورەی لە بەغداد و یەکێکی تریشی لە نەیسابوور و یەکێکی تری لە "طوس" دروست کرد . ئارەزوومەندی زانست بوو و بەردەوام یارمەتی وهاوکاری ئەرشت بەسەر زانتست خوازاندا فەرموودەی ئەنووسی یەوەو دەنگ وباسی دونیای گرتەوە [1] .

قۆناغ بە قۆناغ گەورەتر دەبوو تاکوو بوو بە وەزیری سوڵتان ئەلب ئەرسەلان و پاشان مەلیکشاهی کوڕی . ئەوکات لەسەر چاکترین شێوەی شیاو ناوچەکانی ڕکخست و ستەمی کەم و سوك کردەوە و بەزەیی بە ژێردەستەکانی دا دەهاتەوەو وەقفێکی* زۆری دامەزراند وچەند پیاوی گەورەوناودار کۆچیان کرد بۆ لای [2] .

نیزامولمولك پێشنیاری کرد بۆ مەلیکشاه دەدا ، بە دامەزراندنی ئەو سەرکردە و بەرپرسانەی کە ڕەوشت و دین و نەبەردیان تێدایە . شوێنەواری ئەو سیاسەتەش لە دواتر دەرکەوت . لەو سەرکردانەی کە هەڵی بژاردن (ئاق سنقز)

---

[1] سير أعلام النبلاء –الذهبي : ١٩/ ٩٤ .

*"وەقف"و"ئەوقاف"بریتین لەو موڵك وسەروەتانەی کەبڕیار ئەدرێت خێرەکەی بۆ هەژاران یا زانستخوازان یا خەڵکی نەخۆش...هتد دابنرێتوتایبەت بکرێت {وەرگێڕ}

[2] سير أعلام النبلاء –الذهبي : ١٩/ ٩٥ .

باپیری "نورالدین محمود" بوو کەکردیە والی حەلەب و دیاربەکر و جزیرە . إبن کثیر لە بارەیەوە دەڵێت :(باشترین وچاکترینی پاشاکانە لەڕووی خووڕەوشت و دڵسۆزی و نیازپاکی یەوەبووە .[1])

عمادالدین زەنگی کوڕی هەستا بە بەرپاکردنی جیهاد لە دژی خاچ پەرستان ، پاشان دوای ئەو نورەددین محمود پێی هەڵدەسا ، ئەو خێزانە بوو بناغەیان بۆ سەرکەوتنەکانی صلاح الدین و ظاهر بیبرس و قلاوون لە دژی خاچ پەرستەکان دانا . ئیدی سەردەمی یەکخستن ویەکبوون لە جیهانی ئیسلامیدا دەستی پێکرد [2] .

"ئاق سنقری برسقی"یەکێك بوو لەسەرکردەکانی سوڵتان مەحمودی سەلجوقی کە ئەمیری موسڵ بوو و سەرقاڵی جیهاد کردن بوو دژ بە خاچ پەرستەکان کە لەساڵی ٥١٠ ك دا (باتینی[3])یەکان کوشتیان لەکاتێکدا کە لە مزگەوتی گەورەی موسڵ دا نوێژی دەکرد .

"إبن الأثیر" لە بارەیەوە دەڵێت : مەملوکێکی تورکی زۆر چالاك بوو ، ئەهلی زانست و پیاوچاکانی خۆش دەویست ، دادپەروەری بەدی دەکردو جێبەجێی دەکرد چاکترین کاربەدەست بووەنوێژەکانی لەکاتی خۆیان دائەکردلە شەویشدا شەو نوێژێکی زۆریدەکرد[4]).

---

1 البدایة والنهایة –إبن کثیر : ١٢/ ١٥٧.

2 أیعید التأریخ نفسه / ٦٨ .

3 باتینی یەکان : دەستەیەکی شیعە مەزهەب بوون لەمێژوودا هەوڵی کوشتنی کەسانی هەڵکەوتووی سوننەیان دەدا . وەرگێڕ"ن"لە ، کە لە {أیعید التأریخ نفسه} ی وەرگیراوە.

4 الکامل في التأریخ : ١٠ / ٦٣٣ .

أبو شامەی مێژوو نووس لەبارەی شوێنەواری سەلجوقیيەکانەوە بۆمان دەدوێت بەتايبەت لەسەردەمی نيزامولمولك دا دەڵێت : (کاتێك سەلجوقيەکان بوونە دەسەلأتدار ، ئەوسام و شکۆيەی خيلافەتيان نویٚ کردەوە کە نەمابوو . بەتايبەت لەوەزارەتی نيزامولمولك دا ، چونکە ئەو ناموس و سام و شکۆی بۆ چاکترين بارودۆخەکانی خۆی گێڕايەوە [1]) .

<u>ڕێکخستنی بۆ کاروبارەکانی دەوڵەت</u> : کاتێك مەليکشاه کاروباری دەوڵەتی گرتە دەست ،کاروباری سەربازی بەرەڵابوو ، سەربازان دەستيان خستە ناو ماڵ و سامانی خەڵکەوە و ووتيان: جگە لە نيزامولمولك هيچ کەس ڕێگری سوڵتان نی يە کە ماڵ و داراييمان پیٚ ببەخشێت ، خەڵکی بەرەو ڕووی ئازارێکی توند بوونەوە ، نيزامولمولکيش ئەوەی بۆ سوڵتان باس کردوئەوەی بۆڕوون کردنەوە کە ئەم کاترەيان لاوازی و نەمانی سام و شکۆو ترس وکاول بوونی شارەکان و نەمانی سياسەتی بە دواداديٚت . ئەويش پێی ووت :چی بەبەرژەوەندی دەزانيت لەوکارەدا بيکە .

نيزامولمولك پێی ووت : ناتوانم هيچ بکەم بەفەرمانی تۆ نەبێت . سوڵتان ووتی : هەموو کاروبارەکانم بەگەورەو بچوکەوە گێڕاوەتەوەبۆ تۆ ، جا تۆلە جێی باوکيت وسوێنديشی بۆ خوارد و زياتر لەو بەشەی کە هەيبوو بۆی بڕيەوە پلەو پايەیزياتری دايەوچەند نازناوێکيشی پیٚدا . لەڕيزی ئەوانەدا : "ئەتابەگ" بە واتای "باوکە ئەمير"ديٚت ، ئەوەندە ڕێکی وپێکی ونەبەردی و ژيان چاکی بەدەرکەوت دڵی خەڵکانی زۆرخۆش کرد . بۆ نمونە: ژنێکی لاواز و بیٚهێز داوای فرياکەوتنی لیٚ کرد ، ئەويش لەگەڵيدا ڕاوەستا و پێکەوە قسەيان کرد . دەرگاوانەکەی ئافرەتەکەی دەرکرد ، ئەويش لۆمەو سەرزەنشتی کرد و ووتی :

---

[1] الروضتان في أخبار الدولتين : ١/ ٣١ ، کەلە کتێبی أيعيد التأريخ نفسه وەريگرتووە .

مـن تـۆم بۆخزمـەت کردنـی ئـەم جـۆرە کەسـانە دانـاوە، چـونکە کاربەدەسـت و بەرپرسان پێویستیان بە تۆنی یە . پاشـان دەرگاوانەکـەی لەسـەر ئەو کارە لابـرد [1].

خۆشەویستنی نیزامولمولك بۆ زانست و ڕێزگرتنی لە زانایان و بێفیزی خۆی :

نیزامولمولـــك زانـــستەکانی خـــۆش دەویـــست بەتایبـــەت فـــەرموودەکانی پێغەمبەر{صلی الله علیه وسلم} کە زۆر هۆگرو شەیدای بوو . دەیووت : من دەزانم کە ئەهلی گێڕانەوەی فەرموودە نیم ، بەڵام حـەز دەکـەم لـە شـەمەندەفەریکاروانی هـەڵگرانی فـەرموودەی پێغـەمبـەر (صـلی الله علیـه وسـلم)بم* . جـا لـە"قشیری"کـە {ئەبوموسـلیمی کـوڕی مهریزیـد}ەولـە ئـەبو حامیـدی ئەزهەبیـەوە فـەرموودەی وەردگرت و دەیبیست [2].

هەروەهالەسەر ئەوە سوور بوو کە ئەو خوێندنگایانـەی بنیـادی نـابوون پێویستە پـەیامی خۆیـان ، بـەدی بهێـنین . جـا کاتێـك ئـەبو حەسـەن محمـدی کـوڕی عـەلی واستی شارەزا لە فیقهی شـافیعی داچـەند دێـڕە شـیعرێکی بـۆ ناردو هـانی دا بـۆ ئـەوەی بەپـەلـە ئەوفیتنـەو ئاژاوانـەی کـە لـەنێوان حەنبـەلی و ئەشـعەرییەکاندا ڕووی داوە چارەسەر بکات ، نیزامولمولك هەستاو ئەو ئاژاوەیەی نەهێڵا . ئەوەی کە ئەبو حەسەنی واستی لەشیعرەکەیدا پێی ووتبوو بریتی بوو لە :

یانظام الملك قد حلّ	ببغداد النظام
وابنك القاطن فیها	مستهان مستضام
وبها أودی له قتلی	غلام وغلام
والذي منهم تبقی	سالما فیه السهام

---

1 بڕوانە:الکامل لابن الاثیر{٢٥٦/٢}

بڕوانە الکامل فی التأریخ{٢٧٦/٦}.

2 بڕوانە {سیر اعلام النبلاء}ی الذهبي{٩٥/١٩}

ياقوام الخطب وللحر	ب اتصال ودوام
فمتى لم تحسم الدّا	أياديك الحسام
ويكفّ القوم في	بغداد قتل وانتقام
فعلى مدرسة فيها	ومن فيها السلام
واعتصام بحريم	لك من بعد حرام

کۆڕەکانی ئەم پیاوە هەمیشە ئاوەدان بوو بە شەرعزان وزاناکان زۆربەی کاتەکانی ڕۆژی لەگەڵدا بەسەر دەبردن ، پێی ووترا : ئەوانە تۆیان لەزۆربەی بەرژەوەندیەکان سەرقاڵ کردووە . ئەویش ووتی : ئەوانە جوانی دونیاو دواڕۆژن . ئەگەر لەسەر سەریشم دایان بنێم وانازانم شتێکی زیادم کردبێت.

کاتێك ئەبوقاسمی قشیری و ئەبولمەعالی جوەینی بچوونایەتە لای ، لەبەریان هەڵدەستاو لەشوێنەکەی خۆیدا ولەگەڵ خۆیدا دایئەنیشاندن،خۆ ئەگەر{ئەبوعەلی فارەندی} بهاتایە ژوورەوەوئەو لەبەری‌هەڵدەستاولە جێگەکەی خۆی دایئەناو خۆی لەبەر دەمیدا دائەنیشت . جالەسەر ئەوە سەرزەنشت کرا . ئەویش ووتی :ئەو دوانە کاتێك دێنەلام دەڵێن : تۆئەمەو و تۆ ئەوەی وبەسەرمدا هەڵ دەدەن و بەگەورەم دەگرن و شتانێکم دەربارەی دەڵێن کە تیامدا نی یە ، بۆیە بەهۆی ئەوانەوە ئەوەی لە دەرونی مرۆڤێکدا هەیە لەلام زیاد دەکات . بەڵام کاتێك "ئەبوعەلی فارندی" دێتە لام هەڵەو ستەمەکانم باس دەکات ، بۆیە دەشکێم و لە زۆرێك لەو کارانەی کە تیایدام پەشیمان دەبمەوەوتۆبە دەکەم)[1] .

ابن الأثیر لەبارەیەوە دەڵێت : (بەڵام دەنگ وباسەکانی ئەوەیە کە پیاوێکی زاناو دینداروبەخشندە و دادپەروەر و لەسەرخۆ بووەو . زۆر لێبووردەبووە بەرامبەر

---

[1] البدایة والنهایة –ابن كثیر : ١٢/ ١٥٠ .

بەتاوانباران . زۆرترین کات بێدەنگ بووە . کۆڕەکانی بەقورئان خوێن وفیقه زان و ئیمامانی موسوڵمانان و ئەهلی چاکەو چاکە خوازی ئاوەدان بوو) [١] .

پیاوێك بوو هەمووقورئانی لەبەر بوو لەتەمەنی یازدە ساڵی دا هەموو قورئانی خەتم کرد ، سەرقاڵبوو بەمەزهەبی شافیعی یەوە،هەرگیز بەبێ دەستنوێژ دانەدەنیشت ، ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە ،ئەوادەبوو نوێژی سوننەتی بکردبا [٢] .

وەئەگەر گوێی لەبانگدەر بوایە دەستی لەهەموو سەرقاڵی‌یەك هەڵدەگرت و لێی دوور دەکەوتەوە ، کە لە بانگیش دەبوویەوە ، هیچی نەدەکرد لەپێش نوێژدا .ئەگەر بانگدەر بێئاگابوایە و کاتی بانگ بهاتبایە ، ئەوا فەرمانی پێ‌دەکرد بانگ بدات ، ئەوەش لووتکەی‌حاڵی ئەو کەسانەیە کە خۆیان یەك لا دەکەنەوە بۆ عیبادەت کردن وە کاتەکانیان ئەپارێزن وپاپەند ئەبن بەنوێژەکانەوە [٣] وە ئەم پیاوەپەیوەندی‌یەکی بەهێزی لەگەڵ خوادا هەبوو .جارێکیان ووتی : شەوێك لەخەومدا شەیتانم دیت و پێم ووت : قوڕبەسەر ، خوادروستی کردیت وبە دەمی {بە شەفەهی} فەرمانی پێ‌کردیت کڕنووش بەریت ، بەڵام تۆ نەتبرد ، من بە دەمیش فەرمانی پێ نەکردم بەکڕنووش بردن بۆی و کەچی لە ڕۆژێکدا چەندین جار کڕنوشی بۆ دەبەم . ئەم شیعرەشی بەم جۆرە هۆنیەوە :

من لم يكن للوصال أهلا فكل إحسانه ذنوب [٤]

ئەوەی شایەنی دیدار نەبێت هەموو چاکەکانی تاوانن

خوازیاربوو مزگەوتێکی هەبێت کە تیایدا پەرستش بکات ، و ڕۆژی داببن کرابێت . لەم بارەیەوە دەیووت : من خوازیارم کە گوندێکی تایبەت بە خۆم هەبێت لەگەڵ

[1] الكامل في التأريخ –ابن الأثير : ٦/ ٣٣٧ .

[2] سير أعلام النبلاء –الذهبي : ١٩/ ٩٦ .

[3] الكامل في التأريخ –إبن الأثير : ٦/ ٣٣٧ .

[4] البداية والنهاية –إبن كثير : ١٢/ ١٥٠ .

مزگەوتێك كە تیایدا كەنار بگرم بۆ پەرستشی پەروەردگارم ، پاش ماوەیەك خوازیار بووم كە هەموو ڕۆژێك كولێرەیەكم هەبێت ، لەگەڵ مزگەوتێكدا پەرستشی خودای تێدا بكەم [1] .

یەكێك لە بێنەفی یەكانی : ئەوەبووشەوێك نانی دەخوارد و لەپاڵیدا ئەبولقاسمی برای دانیشتبوو ، لەولاشەوە ڕاگری خوراسان ولەلای ڕاگریسشەوە مرۆڤێكی هەژاری دەست بڕاو هەبوو . نیزامولمولك سەیری كردو بینی كە ڕاگری خۆراسان لە كاتی‌نان خواردن دا خۆی بەدوور ئەگرێت لە كابرای دەست بڕاو نیزامولمولك فەرمانی پێ ئەكات بچێتە لایەكی تروكابرای دەست بڕاو لە خۆی نزیك بكاتەوەو نان لەگەڵ ئەودا ئەخوات خوو و نەریتی وابوو كە هەژاران ئامادەی خواردنی بكرێن و لەخۆی نزیكیان بكاتەوە و ئەیبردنە تەنیشتی خۆی [2] .

هەندێك لەشیعرەكانی بریتین لە :

بعد الثمانين ليس قوة	قد ذهبت شهوة الصبوة
كأنني والعصا بكفّي	موسى ولكن بلا نبوة [3]

(باس لەوەدەكات تەمەنی گەیشتووەتە هەشتا ساڵی وهێزی لاوییەتی نەماوەو وەك موسى گاچۆنێكی گرتووەبەدەستیەوە بەلأم بەبێ پێغەمبەرایەتی) .

هەروەها ئەم شیعرەی دەدرێتە پاڵ :

تقوّس بعد طول العمر ظهري	وداستني الليالي أي دوس
فأمسي والعصا تمشي أمامي	كأن قوامها وتر بقوس

---

[1] الكامل في التأريخ –إبن الأثير : ٦/ ٣٣٨ .

[2] الكامل في التأريخ : ٦/ ٣٣٨ .

[3] تأريخ الإسلام حوادث ووفيات (٤٨١-٤٨٩) / ١٤٧ .

واتە:پشتم وەك كەوان دوای تەمەنێكی زۆر چەماوەتەوەو شەویش خستومیەتە ژێر پێی خۆی ووام لێهاتووە گاچۆن لەپێشمەوە ئەڕوات وەك ئەوەیەتیرو كەوانەكە یەكیان ڕاگرتبێ شیعر زۆر كاری تێ دەكرد ، كاتێك ئەبو عەلی قومەسانی لە نەخۆشی‌یەكدا كە توشی بوو سەردانی كرد ، ئەم شیعرەی بۆ خوێندەوە :

إذا مرضنا نوينا كل صالحة	فإن شفينا فمنا الزيغ والزلل
ترجو الإله إذا خفنا ونسخطه	أمنّا فما يزكو لنا عمل

واتە{كە نەخۆش ئەكەوین نییەتی هەموو كارێكی چاك دێنین وكە چاكیش بووینەوە چی خراپەو لادان هەیە لێمانەوە دەردەچێت،كە ترسێكیش ڕوومان تێ دەكات ئومێد ئەدەینە خواو كە ئارام ئەبینەوە خودا عادز دەكەین
نیزامولمولكیش گریاو ووتی : وایە كە ووتت [1].

مردنی :لەساڵی ٤٨٥ك لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ی مانگی ڕەمەزان و لەكاتی بەر بانگكردنەوەدا ،نیزامولمولك نوێژی ئێوارەی كردو لەسەرخوان دانیشت و خەڵكێكی زۆر لە فیقهزان و قورئان خوێن و سۆفی و خەڵكی هەژاری لە لابوو ، دەستی كردە باسكردنی بەنرخی ئەو شوێنەی كە لەزەویەكانی نەهاوەند دا لایان دا بۆی و هەواڵی ئەو شەڕەی لەنێوان فارس و موسوڵمانەكاندا ئەگێڕایەوە كە لەسەردەمی ئەمیری باوەڕداراندا٭ عومەری كوڕی خەتتاب٩ (خوالێی ڕازی بێت) ڕوویدابوو باسی ئەو كەسەناودارانەیدەكرد كە لەوێ شەهیدبوو بوون ، پاشان دەیووت : خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی ئەگات بە خزمەتی ئەو كەسانە .. لەبەربانگەكەی بوویەوە ، بەمەبەستی چوونەوە بۆناو خێزانەكەی هاتە دەروولەپڕ لاوێكی "دەیلەمی"ی هاتەڕێی . وەك ئەوەی پەنای بۆهێنابێت وداوای شتێكی لێ بكات،لاوە دەیلەمییەكە هەڵزنی پێیداو دایە بەر{خەنجەر}وبرایەوە بەرەو ماڵی

---

[1] طبقات الشافعية الكبرى –السبكي : ٤/ ٣٢٨ .

خۆی،ئەڵێن نیزامولمولوکیەکەمین کەسە کە بە دەستیئیسماعیلە باتینیەکان تیرۆر کرابێت . هەواڵەکە لەناو سوپادا بڵاو بوویەوە و دەنگەکان بەرزبوونەوە و سوڵتان مەلیك شاه کە هەواڵەکەی پێگەشت بە ڕوخسارێکی غەمبارانەوە هات وگریان وشینی لێ بەرز بوویەوەو کاتژمێرێك لای نیزامولمولك دانیشت و سەیر ئەکات گیان ئەدات ولای مایەو تا گیانی دەرچوو.

نیزامولمولك بەبەختەوەری ژیاو بەشەهیدی مردوهەموو کەس بیری دەکردەوەوسوپاسگوزاری بوو [1] .

بکوژەکەی پێی هەڵکەوت لە پەتی خەیمەکەی وکاربەدەستەکانی نیزامولمولکیش پێی گەشتن و کوشتیان . هەندێك لە خزمەتگوزارەکانی دەڵێن کۆتاقسەی نیزامولمولك ئەوەبوو کەووتی بکوژەکەم مەکوژن ، چونکە من لێی خۆش بووم . پاشان شایەتومانی هێناو مرد [2]. کاتێك خەڵکی بەغداد هەواڵی کوژرانی نیزامولمولکیان پێگەشت ، بۆی دڵگران بوون و سێ ڕۆژ وەزیر و سەرکردەکان پرسەیان بۆ داناو شاعیرەکان بە قەسیدەکانیان شینیان بۆ گێڕا ، لەوانە موقاتیلی کوڕی عەتییە کە دەڵێت :

كان الوزير نظام الملك لؤلؤة	يتيمة صاغها الرحمن من شرف
عزت فلم تعرف الأيام قيمتها	فردّها غيرة منه الى الصّدف [3]

(باس لە سودبەخشی و بەنرخی نیزامولمولك و داڵدەیی خوا دەکات بۆی و بەزانینی نرخی لەلایەن کەسانێکەوە دەکات .)

ئیبن عەقیل دەڵێت:ژیانی نیزامولمولك لە ڕووی دەستگوشادی ودادپەروەریو بەخشەندەیی یەوە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێبازەکانی دینداری عەقڵەکان

[1] طبقات الشافعية الكبرى –السبكي : ٤/ ٣٢٢– ٣٢٣ .

[2] طبقات الشافعية الكبرى : ٤/٣٢٣ .

[3] البداية والنهاية –إبن كثير : ١٢/ ١٥١ .

سەرسام دەکات سەردەمی ئەو سەردەمی دەوڵەتی خەڵکی زانا بوو پاشان بە کوشتن ژیانی تەواو کرد لە کاتێك دا بۆ حەج دەڕۆشت لە مانگی ڕەمەزانیش دا بوو ئەم پیاوەش شاهاتنە لە دونیادا ژیاوشاهانەش لە ئاخیرەت دا ئەژی بەر ڕەحمەتی خوا بکەوێت [1].

باسی سێیەم

کۆتایی دەوڵەتی سەلجوقی

سوڵتان مەلیکشاه لەکاتی مردنی‌دا چوار کوڕی هەبوون کە بریتی بوون لە : برکیارق ، محمد ، مسنجر ، محمود–کە دواتر بە ناصر الدین محمود ناسرا – ،ئەو کاتەمنداڵ بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی تورکان خاتونی دایکی لە ڕۆژانی مەلیکشا دا خاوەن پێگەیەکی گەورەو بەرز بوو بەیعەتی دەسەڵات دارێتیان پێ دا، فەرمانڕەوایی‌یەکەی ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو ، لە ٤٨٥ك ، ١٠٩٢ز ەوە بۆ ٤٨٧ك ، ١٠٩٤ز . کە لەوساڵەدا خۆی و دایکیشی مردن . پاشان لەدوای ئەو ڕوکنەدین ئەبوالموزەففەر برکیارقی کوڕی مەلیکشاه هات کە فەرمانڕەواییەکەی تا ٤٩٨ك ، ١١٠٥ز خایاند . پاشان بەدوایدا مەلیکشاهی دووەم هات . لەهەمان ساڵدا غیاسەدین ئەبوشوجاع محمد دەسەڵاتی گرتەدەست و فەرمانڕەوایی‌یەکەی تا ٥١١ك ، ١١٢٨ز بەردەوام بوو . ئەمە دوا فەرمانڕەوای دەوڵەتی گەورەی سەلجوقی بووکە دەسەڵاتیان لە وولاتانی لە ئەودیو ڕووبارەوە هەبوو،هەروەك بەسەر خوراسان و ئێران و عێراقیشدا دەستیان زاڵ بوو . دەوڵەتەکەشیان لە ساڵی ٥٢٢ك ، ١١٢٨ز دا لەسەر دەستیشاهانی خوارەزمی پوکایەوە.

بەکەوتنی دەوڵەتی گەورەی سەلجوقی لەودیو ڕووباردا ،شیرازەی سەلجوقیەکان تێکچوو و یەکبوونەکەیان توایەوەو هێزیان لاواز بوو بوونە چەند حیزب وتاقم و سەربازگەیەکی جیاواز، لەناو خۆیاندا لەسەر کورسی دەسەڵات ململانێیان

---

[1] سیر أعلام النبلاء –الذهبي : ١٩/ ٩٦.

دەکرد . لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا دەوڵەتی گەورەی سەلجوقی دابەش بوو بۆ چەند دەوڵەت و میر نشینی بچووك . ئەودەوڵەت و هەرێمانەش ملکەچی فەرمانڕەوایی تاکە سوڵتانێك نەبوون ، بەوجۆرەی کە لە سەردەمی هەریەك لەسوڵتان توغرول بەگی یەکەم و سوڵتان ئەلب ئەرسەلان و سوڵتان مەلیکشاه ە ئەوانی پێش ئەوانیشدا هەبوون . بەڵکو هەموو بەشێك لەبەشەکانی دەوڵەتی سەلجوقی لەژێر سەرکردایەتی یەکی جوداخوازدا سەربەخۆکاریان دەکرد ، کەهیچ هاوکارییەك شیاوی باسکردن بێت لەنێوانیاندا نەبوو[1] .

لە ئەنجامی ئەمەدا ، دەوڵەتی خوارزمی لە ئەودیو ڕووبارەوە سەری هەڵدا ئەو دەوڵەتەی ، کە ماوەیەکی باش لەبەرامبەر هێرشەکانی مەغۆل دا خۆی گرت ولەگەڵ ئەویشدا چەند هەرێم و میرنشینێکی سەلجوقی لەباکوری عێراق و شامدا پەیدا بوون کە بە"ئەتابەگی یەکان" ناسران . لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی سەلجوقی یەکانی ڕۆم سەری هەڵدا کە لەڕووی هێرشە خاچ پەرستیيەکاندا ڕاوەستا و توانی لەقوڵی باکووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچوکەوە گەمارۆی بدات . ئەم دەسەڵاتەی سەلجوقیەکانی ڕۆم شالاوە یەك لە دوای یەکەکانی مەغۆلی تێکیشکاندو لەناوی برد.

لەڕاستی دا چەند هۆکارێك بوونەهۆی کەوتنی دەسەڵاتی سەلجوقی کە ڕێگە یان خۆشکرد بۆ کەوتنی خیلافەتی عەبباسی .

لەوهۆکارانە :

١. ململانێی نێو بنەماڵەی سەلجوقی لەنێوان براو مام و کوڕ و کوڕەزاکانیدا .
٢. دەست تێوەردانی ئافرەتان لەکاروباری فەرمانڕەوایی دا .
٣. هەڵگیرساندنی ئاگری ئاژاوە و فیتنە لەنێوان کاربەدەست سەلجوقیەکاندا لەلایەن هەندێ لە میرو وەزیر و ئەتابەگەکانەوە .

---

[1] قيام الدولة العثمانية / ٢٣.

٤. بێهێزی ئەو خەلیفە عەبباسی‌یانەی کە بەلاوازی لەبەرامبەر هێزە سەربازییە سەلجوقیەکاندا دەرکەوتبوون ، ئیدی سڵیان لەوە نەدەکردو دانیان ئەنا بەشەرعیەت و ڕەوا بوونی هەموو کەسێك کە لەسەر کورسی دەسەڵاتی سەلجوقی دابنیشێت وڕێگەیان ئەدا ووتار بۆ هەموو کەسێکی زاڵ وبەهێز بدرێ [١].

٥. دەسەو سانی دەوڵەتی سەلجوقی لەیەکخستنی وولاتەکانی شام و میسرو عێراق ، لەژێر ئالای خیلافەتی عەبباسی دا .

٦. ئەو دابەش بوونە ناوخۆیی‌یەی نێوان سەلجوقی یەکان خۆشیان کەگەشتە ئاستی ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی بەردەوام کە مەهێزی سەلجوقی یەکانی هەموو هەڵوەشاندکار گەیشتە ئەوەی دەسەڵاتەکەیان لەعێراق دا نشوستی هێنا .

٧. فێڵ و تەڵەکەی پیسی‌باتینی یەکان پیسەکان لەڕووی دەوڵەتی سەلجوقی دا ، ئەمەش لەهێرشی پاکتاو و هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ (تیرۆر) کردنی سوڵتان و سەرکردە و پێشەوا سەلجوقی‌یەکاندا خۆی دەبینێتەوە .

٨. هێرشی خاچ پەرستی لەودیو ڕووبارەکان وململانێی دەوڵەتی سەلجوقی لەگەڵ سوپا دڕندە شالاو بەرەکاندا کەلە ئەوروپاوەئەهاتن و چەند هۆکاری تریش . لەگەڵ ئەوەش دا سەلجوقی‌یەکان چەند کاری چاك و جوانیان هەبوو ، لەگرنگ ترینیان :

أ- نزیکەی دووسەدە ڕووخانی خیلافەتی عەباسی یان دواخست ، کەلەپێش هاتنی ئەماندا لەژێر سایەی بوەیهی‌یە شیعە ڕافیزیەکاندا ئەو دەوڵەتەخەریك بوو. بەرەو فەوتان وپوکانەوە دەچوو.

[1] السلاطين في المشرق العربي / ٥٠ .

ب- دەوڵەتی سەلجوقی ڕێگای لە دەوڵەتی عەبیدی لەمیسر گرت لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا کەمەبەستی بوو ڕۆژهەڵاتی عەرەبی ئیسلامی لەژێر ئالای عەبیدی باتینیڕافیزی داهەموو بکاتە یەك .

ج- ئەو هەولانەی کەدەوڵەتی سەلجوقی خستیە گەڕ ، ڕێخۆشکەر بوو بۆ یەکخستنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کە لەژێر دەستی صەلاحەددینی ئەیوبی و لەژێر ئالای خەلافەتی سوننی عەبباسیدا هاتە دی [1].

د- سەلجوقیەکان ڕۆڵێکی دیاروبەرچاویان گێڕابوو لە زیندوو کردنەوەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی خۆیان دا بوولەڕووی زانست وبەرێوە بردنەوە و ئاسایش و سەقامگیرییان تێدا بلاو کردەوە .

هـ-لەڕووی بزاوتنە خاچ پەرستییەکانی ئیمبراتۆرییەتی بیزەنتیدا ڕاوەستان و تائاستێکی زۆر بەربەستیان لەرێگەی مەترسیەکانی مەغۆل دا دانا

و-شان و شکۆی مەزهەبی سوننی و زاناکانی ئەو مەزهەبەیان لەوناوچانەدا بەرز کردەوە [2].

ئەمە پوختەیەکی کورتە لەمەڕ سەلجوقی یە سوننیەکانکان ، و ڕۆڵیان لەسەرخستنی ئیسلام دا . بەڕاستیش ئەوەستەم و درۆو بوختانە ئەگەر لەوکۆمەڵە دلێر و نەبەردانە ناوبنرێن خەڵکانی پەڕاکەندەوتاقمی بچووك بچووك، هەروەك مامۆستا نەجیب زەبیب لە کتێبی {الموسوعه العامه لتأريخ المغرب والاندلس} دا ئەم کارەی کردووە [3].

بەشی دووەم

بەر قەرار بوونی دەوڵەتی عوسمانی و جەنگە ئازادیخوازەکان

---

[1] السلاطين في المشرق العربي / ٥١ .

[2] قيام الدولة العثمانية / ٢٤.

[3] الموسوعة العامة لتأريخ المغرب والأندلس : ٣/ ١٠ .

عوسمانی‌یەکان دەدرێنە پاڵ هۆزێکی تورک کە لەسەرەتای سەدەی ٧ی کۆچی بەرامبەر بە ١٣زاینی لە"کوردستان" دا دەژیان و پیشەی شوانی‌یان هەبوو .
لەئەنجامی شالاوی مەغۆل بەسەرکردایەتی جنگیزخان بۆ سەر عێراق و ناوچەکانی باکووری ئاسیای بچووک ،سلێمان کە باپیری عوسمان لەساڵی ٦١٧ك ، ١١٢٠ز لەکوردستانەوە لەگەڵ هۆزەکەی‌دا کۆچیدەکات بۆ وولاتی ئەنادۆڵ و لەشاری (أخلاط) نیشتەجیٚ ئەبێت [1].
لەدوای مردنی خۆی لە ساڵی ٦٣٨ك ، ١٢٣٠ ز دا توغرولی کوڕە ناوەڕاستینەکەی شوێنی گرتەوە و درێژەی بە جموجوڵەکەی دا بەرەو باکوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ کە نزیکەی ١٠٠ خێزان و زیاتر لە {٤٠٠}چوار سەدسواری پیٚبوو [2]. کاتێك توغرولی باوکی عوسمان لەگەڵ ئەو خێڵەکەیدا کە لە ٢٠٠ خێزان تێنەدەپەڕی ، کە لە چەرمەسەری هێرشی مەغۆل ڕایکردبوولە دوورەوە دەنگی هەلاو هەرایەکی دەبیست . وکە لێی نزیك بوویەوە سەیر دەکات شەڕێکی گەرمە لەنێوان موسوڵمانان ومەسیحیەکانداو.تای تەرازووی شەەکەش بەلای بێزەنتی یەکان داقورسە ئەوو توغرولیش هیچی بۆ نەما ئەوە نەبێت بەهەموو حەماسەتێکودڵقاییمێکەوەکە هەیبوو هەڵمەتی‌برد بۆ فریاکەوتنی برا هاودین وهاوعەقیدەکانی وئەم بەشداری یەی ئەویش بۆیە هۆی سەرکەوتنی موسڵمانەکان بەسەر نەصاراکاندا [3].
دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ، سەرکردەی سوپای ئیسلامی سەلجوقی ئەو هەڵوێستەی ئەو توغرولی بەرز نرخاندو لەسنوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و لەسەر

[1] أخلاط شارێکی ڕۆژهەلاتی تورکیای ئەمڕۆیە لەنزیك دەریاچەی وان لەئەرمینیا.
[2] قيام الدولة العثمانية / ٢٦ .
[3] جوانب مضيئة في تأريخ العثمانيين / ٣٦،

سنوری ڕۆمەکان دا پارچەزەویەکی پێ بەخشین [1].بەمەش هەلی بەرفراوانیيان لەسەر حسابی ڕۆمەکان بۆ ڕەخساو سەلجوقیەکانیش هاوپەیمانێکی بەهێزو هاوکاریان لە جیهادی دژ بەڕۆمەکاندادروست بوو.

لەنێوان ئەم دەوڵەتە تازە پێگەشتووەو سەلجوقیەکانی ڕۆمدا ، پەیوەندیيەکی گەرم و گوڕ پەیدا بوو لەئەنجامی بوونی دوژمنێکی هاوبەشی بە بیرو باوەڕو ئایینیان .

ئەو پەیوەندیيە بەدرێژایی ژیانی ئەو توغرول بەردەوام بوو ، تائەوەی لەساڵی ٦٩٩ ك ، ١٢٩٩ز [2] دا عوسمانی کوڕی لەدوای خۆی شوێنی فەرمانڕەوایی گرتەوە و لەفراوانخوازی نێو زەویەکانی ڕۆم دا لەسەر سیاسەتی پێشووی باوکی دەڕۆشت [3] .

<u>باسی یەکەم : عوسمانی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی</u> :لەساڵی ٦٥٦ك ، ١٢٥٨ز دا ئورتوغرل عوسمانی کوڕی لەدایك دەبێت کەدەوڵەتی عوسمانی دەدرێتە پاڵ ئەم کوە [4]. ئەمەش ئەو ساڵە بوو کە تێیدا مەغۆل بەسەرکردایەتی هۆلاکۆ شالاوی بردە سەر بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەبباسی و چەندان ووداوی دڵتەزێن ولێقەومانی گەورە وویان دا .

إبن كثير :دەڵێت : (دایان بەسەر شارەکەدا و هەرچی پیاوو ئافرەت و منداڵ و پەککەوتەو هەرزەکاریان کەوتە بەردەست کوشتنیان و زۆرێك لەخەڵك چوونە ناو بیرو کایەن و جۆگە پیسەکانەوە ، بەوجۆرە چەندڕۆژێك خۆیان دائە شاردو

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٥٣ .

[2] تأريخ سلاطين آل عثمان / ١٠ .

[3] تأريخ الدولة العلية العثمانية / ١١٥ .

[4] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام عبد العزيز / ١٢.

دەرنەئەکەوتن ، کۆمەڵێك لەخەڵکانیش لەناو {خان}ەکاندا[1] کۆدەبوونەوەو دەرگاکانیان لەسەرخۆیان دادەخست ، تەتارەکانیشیان دەرگاکانیان دەشکاند یان ئاگریان تێ بەر ئەداو ئەیانکردنەوە ، پاشان دەچوونە ناوەوە ، هەیانبوو رایدەکردوو هەڵدەزنینە شوێنە بەرزەکان و ئەوانیش لەسەر بانەکان دا دەیانکوشتن وای لێ هات فاوی خوێن جۆگەلەی ئەبەست وبە کوچەکاندا دەڕۆشت (إنا لله وإنا إليه راجعون) بەو جۆرە لەمزگەوت وتەکیەو شوێنی کۆبونەوەکانیش دا خەڵکیان ئەکوشت و ، جگە لە ئەهلی زیممەی لەجوولەکەو نەصاراکان وئەوانەی کە پەنایان بۆ ئەوان بردبوو کەسی تر ڕزگار نەبوو لەدەستیان)[2] .

کارەساتەکان زیادیان کردو ڕووداوەکان تا ئەهات گەورە دەبوون و ئوممەتیش بەهۆی ئەو هەموو گوناه وتاوانەوەکە ئەکرا لاواز و ترسنوك بوو ، بۆیە مەغۆلەکان زاڵ بوون بەسەریانداو ناموسیان ئەتك کردن و خوێنیان ڕژاندن وماڵ و سامانیان تالآن کردن وماڵەکانیان وێران کردن .

لەو هەل ومەرجە سەختەداو لەکاتی ئەو لاوازییەدا کە بە جەنگەکانی ئوممەتی ئیسلامیدابلاّو بووبویەوە، عوسمانی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی لەدایك بوو لێرەدا مانایەکی جوان هەیە ئەویش ئەوەیە سەرەتای دەسەلاّت وبەهێز بوونی ئوممەت لەوپەڕی خاڵی لاوازی و داڕماندا دەست پێ ئەکات ،کە ئەمەش سەرەتای سەرکەوتن بوو بەرەو عیززەت و دەسەلاّت و سەرکەوتن . ئەوەش ویست دانایی و خواستی پەروەردگار بوو . خوا دەفەرموێت : ﴿إن فرعون علا في

---

[1] {خان} بەو شوێنانە ئەوترا کە غەریبەومیوان لە وێدا لایان ئەداوتێیدا ئەحەوانەوە،بەو شوێنانەش ئەوترێت کە {مەڕی} تێیدا ئەفرۆشرا.وەرگێڕ:ا سەیری {المنجد} ووشەی {خان} بکە.

[2] البداية والنهاية —إبن كثير الدمشقي :١٣/ ١٩٢-١٩٣ .

الأرض وجعل أهلها شيعا يستضعف طائفة منهم يذبح أبنائهم ويستحيي نسائهم إنة كان من المفسدين ﴾القصص : ٤ واته :فيرعەون لەسەر زەوی دا خۆی قیت کردەوەو دەستی دایە لەت وپەت کردنی خەڵکی سەر ئەم زەوی یە هەندێکی لیٚ لاواز ئەکردن وکوڕەکانی سەردەبڕین وژنەکانی دەهێلاٚنەوە،فیرعەون یەکێك بوو لە خەڵکە گەندەڵەکە.

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ ونريد أن نمنّ على الذين استضعفوا في الأرض ونجعلهم أئمة ونجعلهم الوارثين، ونمكن لهم في الأرض ﴾ القصص: ٥-٦ واتە :ئێمە ئەمانەوێت دەستی ڕێز بخەینە سەر ئەوانەی کە لاواز کراون لەسەر زەوی داوبیانکەینە پێشەواو سەردارو میراتی {ستەمکارانیان} پیٚ بدەین ودەسەلاٚتیان قایم بکەین لە زەوی دا.

گومانی تێدانی یە کە خوای گەورە دەتوانێت لە شەوو ڕۆژێکدا ، بەڵکوو لە چاوتروکاندنێکدا هێزو دەسەلاٚت بداتە بەندەکانی وەك دەفەرموێت : ﴿ إنما قولنا لشيء إذا أردناه أن نقول له كن فيكون ﴾ النحل : ٤٠ واتە :قسەی ئێمە بەدڵنیاییەوە هەر ئەوەندەیە کە شتێکمان ویست پێی ئەڵێین :ببە،یەکسەر ئەبێت.

جا ئەهلی ڕاستی پەلە لە بەڵێنی دەستنیشانکراوی خواداناکەن کە ڕادەی سەرخستن وهێنانەدی دەسەلاٚتیان پیٚ ئەدات ، بۆیە دەبێت ڕەچاوی سوننەتە شەرعی و گەردوونی یەکان و خۆڕاگری لەسەر ئەم ئایینەی خوابکرێت﴿ ولو يشاء الله لانتصر منهم ولكن ليبلو بعضكم ببعض ﴾محمد : ٤ واتە :ئەگەر خوا بیەوێت تۆڵە لە کافران دەسەنێت.بەلاٚم خوای گەورە ئەیەوێت هەندێکیان بەهەندێکی تریان تاقی بکاتەوە.

جائەگەر خوای گەورە شتێکی بوێت ، هۆکارەکانی بۆ ئامادە دەکات و هەنگاو بەهەنگاو دەیهێنێتە دی یان بەیەکجارئەیهێنێتە دی . چیرۆکی دەسەلاٚتی دەوڵەتی لەو کاتەوە دەست پیٚ دەکات کە عوسمانی سەرکردە بە دەردەکەوێت

که ساڵی ٦٠٦کۆچی له بەغداد خیلافەتی عەباسی نوشوستی ئەهێنێت ئەم لەو ساڵەدا له دایك ئەبێت.

یەکەم : گرنگترین سیفەته ڕابەرییەکانی له عوسمانی یەکەم دا :

کاتێك ڕادەمێنینه ژیانی عوسمانی یەکەم ، هەندێ سیفەتی بنەڕەتی عوسمانمان وەك سەرکردەیەکی سەربازی وپیاوێکی سیاسی لەکەسایەتیەکەیدا بۆ دەردەکەوێت که لەگرنگترینیان ئەمانەن :

۱) ئازایەتی : کاتێك لەساڵی {٧٠٠ك- ١٣٠١ز}دا میرەکانی نەصارا بێزەنتینیەکان بورسه و مادانوس و ئەدرەنوس و کتەو کستله داوایپێکهێنانی هاوپەیمانیەکی خاچ پەرستی یان کرد بۆ دژایەتی کردنی عوسمانی کوڕی ئورتوغرلی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی ، و هەموو نەصاراکان وەڵامی ئەو بانگەوازەیان دایەوەو هاوپەیمانیەتیان بەست بۆ لەناوبردنی بەسەر ئەو دەوڵەته کۆرپەیه ، عوسمان بە سەربازەکانیەوە پێشڕەوی کرد و خۆی جەنگەکانی گرته دەست وسوپا خاچ پەرستەکانی تێك شکاند و نەبەردی و بەجەرگی و لێ هاتوویی لێ بەدەر کەوت و لای عوسمانیەکان بوو پەندی سەرزمانیان [1].

۲) دانایی : پاش ئەوەی عوسمان ڕێبەرێتی هۆزەکەی گرتەدەست ، دانایی لەوەدا دەبینیەوە که دژ بە مەسیدیەکان لەگەڵ سوڵتان عەلائەددین دا ڕاوەستێت و له ئازادکردنی دەستەیەك لەشارە سەختەکان و هەندێك لەقەڵاتەوەکان دا یارمەتی یەکی باشی دا . بۆ ئەمەش پلەی میرایەتی له لایەن سوڵتان عەلائەددینی سەرۆکی دەوڵەتی سەلجوقیەکانی ڕۆمەوە پێدراو

[1] جوانب مضيئة في تأريخ العثمانيين الأتراك / ١٩٧ .

ڕێگەشی دا ناوی خۆی لەسەر سکە هەڵبکۆڵێت وله هەموو ئەو ناوچانەدا کە لەژێردەسەلاتی خۆی دایە لەڕۆژانی هەینیش دا دوعای بۆ بکرێت[1].

٣) دلسۆزی (الإخلاص) : کاتێك دانیشتوانی زەوی‌یە نزیکەکانی میرنشینی عوسمان ، هەستیان کرد بە دڵسۆزی ودڵپاکی عوسمان بۆ ئیسلام ، کەوتنە یارمەتی‌دان و ڕاوەستان لەگەڵ عوسمان دا لەپێناو بەهێز کردنی پایەکانی دەوڵەتێکی ئیسلامی‌دا بۆ ئەوەی وەك بەربەستێکی گەورە لە بەردەم ئەو دەوڵەتە دا بوەستێت کەدژایەتی ئیسلام وموسڵمانان دەکات[2].

خۆڕاگری : ئەم ڕەوشتە لەو کاتەوە لەکەسایەتی عوسماندا دەرکەوت کە دەستی کرد بە ئازادکردنی قەڵاو شارەکان . لەساڵی ٧٠٧ك دا قەڵاکانی (کتە و لفکە و ئاق حصار و قوج حصار) و لەساڵی ٧١٢دا قەڵاکانی (کبوه و یکیجه طراوقلوا و تکرر بیکاری)و چەندێکی‌تری ئازاد کرد . جەنگە ئازادیخوازەکانی بەئازادکردنی شاری(بروسه)تاجیان خرایە سەر پاش ئەوەی بۆ چەند ساڵێك ، بەڵکو لەسەختترین کارێك کە عوسمان لەجەنگ ئازادیخوازەکانیدا بەرەو ڕووی بوویەوە ، ئەو ململانێ توندە بوو کە لەنێوان عوسمان و ئەقرینوسی پارێزەری شارەکەدا –شاری بروسه– ڕوی دا و چەن ساڵێکی خایاند تاخۆی دا بەدەستەوە و شارەکە ی دایە دەست عوسمان ، خوا دەفەرموێت: ﴿یاأیهاالذین آمنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلکم تفلحون﴾ آل عمران:٢٠٠

واتە ئەی ئیمانداران،ئارام بگرن وئارام بەیەکتری بدەن وپاسەوانی بکەن ولەخوا بترسن بەڵکوسەرکەوتن بەدەست بهێنن

٤) یەکانگیری ئیمانی : ئەم ڕەوشتەی عوسمان ئەوکاتە دەرکەوت کە ئەقرینوسی سەرکردەی بروسە دایە پاڵ عوسمان و موسوڵمان بوو ،

---

[1] قیام الدولة العثمانیة / ٢٥ .

[2] قیام الدولة العثمانیة / ٢٦.

سـولْتانيش نازنـاوى بـەگى پـێدا و لـەدواتردا بووبەيـەكێك لەسـەركردە ديارەكانى دەوڵـەتى عوسمـانى . زۆرێك لـە سـەركردە بيزەنتىيەكان كاريگـەر بـوون بە كەسـايەتى و ئـەو ڕێبـازەى عوسمـانى لەسـەر دەڕۆيـشت . تـاواى‌لىْ هـات ڕيزەكـانى سـوپاى عوسمـانى پڕبـوو لـەو سـەركردانە [١] . بـەڵكو زۆرێـك لەكۆمەڵـە ئيسلاميەكان هاتنـە ژێـر دروشمـى دەوڵـەتى عوسمانىيـەوە . وەك كۆمەڵـەى (غزيـاروم) واتـە "جـەنگاوەرانى ڕۆم" كـە كۆمـەڵێكى ئيـسلامى سەنگەرنشينى بەرامبـەر بە ڕۆمـەكان بوون و هـەر لەسـەردەمى عەبباسىيەوە ڕێگـرى هێرشـەكانى ڕۆميـان دەكـرد لـەڕووى موسـوڵمانانـدا . ئـەم سـەنگەر نشينىيە چـەندين ئـەزمونى پێدابوون لـە جيهـاد كردنـى دژ بـە ڕۆم كـە بەمـە لايـەنگرىو پابەنـدىيان بـۆ هـەموو ياسـاكانى ئيـسلام قـووڵ بووبوويـەوە تيايـاندا.

هەروەها كۆمەڵەى (ئيخيان) واتە "برايان" ، كە كۆمەڵێكى چاكە خواز بوون و پاڵپـشتى و ميوانـدارى موسـوڵمانانيان دەكـردو لەگـەڵ سـوپاكانياندا دەڕۆيشتن بۆ ئەوەى‌خزمەت بە جەنگاوەران بكەن .

زۆبەى ئەندامانى ئەم كۆمەڵەيە ، لـەو گـەورە بازرگانانـەبوون كـە ماڵ و سـامانى خۆيـان وەگـەڕ خـستبوو بـۆ خزمـەتگوزارى ئيـسلامىيەكان وەك بنيـاد نـانى مزگـەوت وخـان و تەكيـە و ميوانخانـە . ئەمانـە پێگـەى بـەرزيان هـەبوو لـەنێو دەوڵەتـدا . لـەم نـاو كۆمەڵەيـەدا چـەندين زانـا هەڵكـەوتن كـە كاريـان بـۆ بـڵاو كردنەوەى ڕۆشنبيرى ئيسلامى دەكرد و خەڵكيان ڕادەكێشا بۆ پابەنـد بوونيـان بەئايينەوە .

هـەروەها كۆمەڵـەى (حاجيـات الـروم) واتـە حاجيـەكانى خـاكى ڕۆم ، كـە كۆمەڵێكى شـارەزا بە ئيـسلام بوون و تێگەشـتنێكى ووردیـان هـەبوو بۆ ياسـاو

---

[1] قيام الدولة العثمانية / ٢٨ .

ڕێساکانی ، ئامانجیان یارمەتیدانی موسوڵمانان بوو بەگشتی و موجاهیدەکان بەتایبەتی . هەروەها چەند کۆمەڵەیەکی تریش جگە لەمانە [1] .

٥) دادپەروەری : زۆربەی ئەو سەرچاوە تورکیانەی کەمێژووی عوسمانی‌یان تۆمار کردووە دەگێڕنەوە کە : ئورتوغرول دەسەلاتی قەزاوەتکردنی لە شاری "قرجە" دا بەعوسمانی کوڕی کە دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی‌یە . لەپاش ئەوەی لەساڵی ٦٨٤ک ، ١٢٨٥ز دا لەبیزەنتیەکانی سەندەوە ، عوسمان بڕیارێکی دەرکرد بۆ بیزەنتی‌یەکی مەسیحی لە دژی موسوڵمانێکی تورکی ، کارای بیزەنتی ئەمەی لەلا نامۆبوو ، و پرسیاری کرد لەعوسمان : ئەی چۆن لەبەرژەوەندی من بڕیار دەردەکەیت لە کاتێکدا من لەسەر ئاینی تۆ نیم ؟ عوسمانیش وەلامی دایەوە : چۆن لەبەرژەوەندی تۆ بڕیار نەدەم لەکاتێکدا ئەو خوایەی کە دەیپەرستین ،پێمان دەفەرموێت : ﴿إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات الى أهلها وإذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل﴾ النساء: ٥٨ . واتە :بەبێ گومان خوا فەرمانتان پێ دەکات کە سپاردەکانیان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان وکاتێکیش داوەری نێوان خەڵك ئەکەن،ئەوە بەداد داوەریان بکەن..

ئەم کارە جوان و ڕێزدارانەیە بوویە هۆی هیدایەتی کابراو--- گەلەکەی بۆ ئیسلام [2] .

بەڕاستی عوسمانی یەکەم دادپەروەری لەگەڵ ژێر دەستەکانی و ئەو ناوچانەشدا پەیڕەو دەکرد کە ئازادی کردبوون ، ئەو هەڵوێستی زۆرداری و ستەم و خۆسەپاندن و سەرکەشی و برسی کردنی لەگەڵ گەلە شکست خواردوەکاندا نەبوو . بەڵکو بەم دەستوورە خواییە ڕەفتاری دەکرد لە گەڵیاندا﴿ أما من ظلم

---

1 التراجع الحضاري في العالم الإسلامي –د. علي عبدالحليم / ٣٣١-٣٣٢ .

2 جوانب مضيئة / ٣٢ .

فسوف نعذبه ثم يرد الى ربه فيعذبه عذابا نكرا ، وأما من آمن وعمل صالحا فله جزاءالحسنى وسنقول له من أمرنا يسرا ﴾ الكهف : ٨٧-٨٨ واته :ئەوەی ستەمێکی کردبێت سزای ئەدەین پاشان ئەدرێتە دەست خوداوئەویش سزایەکی خراپی ئەدات،وئەوانەش کە بڕوایان هێناوەو کاری چاکە دەکەن ئەوە پاداشتێکی چاکیان ئەدرێتێ وئێمەش کارێکی چاك وئاسانی بەرانبەر دەکەین.

کارکردنیش بەم یاسا خواییە بەڵگەیە لەسەر ئیمان و لەخواترسان و هۆشیاری و زیرەکی و داد پەروەری و چاکە وڕەحمەت .

٦) وەفاداری : عوسمان وەفادار بوو بەرانبەر بەهەموو پەیمانێك ، کاتێك میری "قەڵای ئولوباد"ی خۆی دا بەدەست سوپای عوسمانیەوە ،ئەوەی بەمەرج دانا کە هیچ عوسمانیەکی موسوڵمان بەسەر پردەکەدا تێپەڕنەبێتە نێو قەڵاکەوە ، عوسمانیش و سوڵتانەکانی دوای ئەویش پابەند بوون بەو مەرجەوە [1].خوا دەفەرموێت : ﴿وأوفوا بالعهد إن العهد كان مسئولا ﴾ إسراء: ٣٤. واتە : وەفاتان بەپەیمانەوە هەبێت ، چونکە پەیمان پرسیاری لەسەرەدەکرێت .

٧) خۆ یەکلاکردنەوە بۆ خواله ئازادکردنی ولاّتاندا :

کارو جەنگە ئازادیخوازەکانی عوسمان لە پێناو بەرژەوەندی ئابووری و سەربازی یان شتی تردا نەبوو ، بەڵکو هەڵی گەیاندنی بانگەوازی خواو بلاّوکردنەوەی ئایینەکەی بوو . بۆیە ئەحمەد ڕەفیق لەئەنکسلوپیدیە کەیدا بەناوی (التأريخ العام الكبير) وەسفی عوسمان دەکات بەوەی کە : (عوسمان ئایندارێکی خاوەن ئامانج بووە و دەیزانی کە بلاّوکردنەوەی ئیسلام و گشتگیرکردنی پێویستیەکی پیرۆزە . هەروەها خاوەنی بیرێکی ڕامیاری فراوانی بەهێز بوو ،

[1] التراجع الحضاري في العالم الإسلامي –د. على عبدالحليم / ٣٣١-٣٣٢ .

عوسمان دەوڵەتەکەی لەبەرخۆشەویستی بۆ دەسەلات بنیات نەنا ، بەڵکو لەبەر خۆشەویستی بوو بۆ بلاو کردنەوەی ئیسلام)[1] .

مصرئوغلو دەڵێت : (بەڕاستی عوسمانی کوڕی ئوتوغرول ئیمانێکی قووڵی هەبوو بەوەی کە تاکە ئەرکی لەژیان دا بریتی بوو لە جیهادلە پێناوی خوادا بۆ بەرزکردنەوەی ووشەی خوا لەسەر زەوی‌دا ، بۆیە بەهەموو گوڕو تینێکەوە دەستی پێ‌کرد ، بۆیە بەوپەڕی ووزەو توانایەکییەوە کەهەیبوو لە پێناو بەدیهێنانی ئەوئامانجەدا تێدەکۆشا)[2] .

ئەمانە هەندێك لەو سیفەتانەی عوسمانی یەکەم بوو کە بەرهەمێکی سروشتی بوو بۆ ئەو بیرو باوەڕووئامادە سازی یەی کە بۆ ڕۆ>ی ڕەستا خێز وەری گرتبوو،خۆشەویستی بۆ ئەهلی ئیمان وڕق وبێزاری لە گوناە وئەهلی کوفرو خۆشویستنی بە دڵ بۆ جیهادی ڕێگەی خوداو خەڵك بانگ کردن بۆ لای ئەو ئەو عوسمانی کردە خاوەنی ئەو هەموو سیفەتە جوانە . بۆیە عوسمان لەجەنگە ئازادیخوازەکانیدا لەناوچەکانی ئاسیای بچوکدا . داوای لەسەرکردەکانی ڕۆم دەکرد کە یەکێك لەوسیٚ بوارە هەڵبژێرن کە ئەمانەن : چوونەناو ئیسلام یان پێدانی سەرانە یان شەڕ . بەمەش هەندێکیان موسوڵمان بوون و هەندێکی تر دایانە پاڵی و سەرانەیان قبووڵ کرد . ئەوانیش کە دوژمنایەتی‌یان دەکرد ، ئەم جیهادێکی بێبڕانەوەی لەدژیان بەرپاکرد و بەسەریان دا زاڵ بوو وبەمەش توانی هەندیٚ ناوچەی گەورەی تر بداتە دەم دەوڵەتەکەی .

بەڕاستی کەسایەتی عوسمان بەهۆی ئیمانە گەورەو بەهێزەکەی بەخوای گەورەو ڕۆژی دوایی‌یەوە سەنگین و دڵڕفێن بوو . بۆیە نەهێزی بەسەر دادپەروەری و دەسەلاتی بەسەر میهرەبانی و نەدەوڵەمەندی بەسەر ملکەچیەکەیدا زاڵ نەبوون .

---

[1] جوانب مضيئة / ٣٣.

[2] جوانب مضيئة / ٣٣،

بۆیە بوویە شیاوی پشتگیری و پاڵپشتی خوایی . خوای گەورەش بەپێدانی دەسەڵات و سەرکەوتن ڕێزی لێنا . ئەمەش فەزڵێکی خوایییە بەسەر عوسمانی بەندەیدا . بەمەش تواناو لێهاتوویی هەڵسوکەوت کردنی لەئاسیای بچوکدا پێدا لەڕووی بیرلێکردنەوەو بیروڕاو زۆری سەربازو سام و شکۆو نەرم و نیانییەوە بەڕاستی سەرپەرشتیاری خوایی بۆ عوسمان زۆر بوو . هەربۆیە دەرگای تەوفیقی بۆکردەوەو ئەو ئامانج و مەبەستەبەرز و بڵندانەی بۆ بەدیهێنا کە بە دوایدا دەگەڕا . کاروکردەوەکانی عوسمانیش بەهۆی خۆشەویستی بۆ بانگەوازکردن بۆ خوا شکۆداربوون ، توانی ئازادکردنی وڵاتان بە زۆری شمشێروو ئازادکردنی دڵان بەکاری چاکەو دینداری پێکەوە گرێبدات و . ئەگەر بەسەر گەلێکیشدا سەربکەوتایە ، ئەوا بانگی دەکردن بۆلای ڕاستی و ئیمان بەخوای گەورە . سوریش بوو لەسەر کاروکردارە چاکسازییەکانی لەهەموو ئەو هەرێم و شارانەدا کە ئازادی کردبوون . هەوڵی ئەدا ڕاستی ودادپەروەری باڵ بکێشێ بەسەر گشت لایەکداو خۆشەویست ولاگیری ئەهلی ئیمان بوو وەك چۆن دژو دوژمنی ئەهلی عصیان بوو .

دووەم : ئەو دەستورەی کە عوسمانییەکان لەسەری دەڕۆشتن :

سەر پاکی ژیانی میر عوسمان دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی بریتی بوو لە جیهاد کردن وخەڵك بانگکردن بوو بۆڕێگەی خوا . زانایانی ئایینیش چواردەوری میر عوسمانیان دەگرت و سەرپەرشتی نەخشەی کارگێڕی و جێبەجێکردنی شەرعی نێو میرنشینەکانیان دەکرد . بێگومان مێژوو وەسیەتەکەی عوسمانی بۆ ئورخانی کوڕی پاراستووە بۆ ئێمە.

ئەو وەسیەتە مانای ژیاری و بەرنامەیی شەرعی زۆری تێدایە کە دیارەدەوڵەتی عوسمانی لەودوا لەسەر ئەو مەنهەجە ڕۆشتووە ، عوسمان لەوەسیەتەکەیدا دەڵێت : کوڕی شیرینم : وریابە سەرقاڵ نەبیت بە شتێکەوە کە خوای

پەروەردگاری جیهانیان فرمانی پێ نەکردبێت ، ئەگەر لە حوکمڕانیشدا گرفتێکت بەرەوڕوو بوویەوە ، ئەوا ڕاوێژ کردن بە زانایانی ئایینی باقەڵای قایمت بێ.

کوڕی شیرینم ، ئەوەی گوێڕایەڵیت دەکات بەرز ڕاییبگرەوبا بەخششت هەمیشە بڕژێت بە سەر سەربازەکاندا ، وریابەشەیتانیش بەسەربازو ماڵ و سامانت فریوت نەدات . وریابە ئاگات لە خۆت بێت هەرگیز دوورنەکەویتەوە لە خزمەت کاری شەریعەت .

کوڕی شیرینم : تۆ دەزانیت کە تاکە مەبەستمان ڕازی کردنی خوای پەروەردگاری جیهانیانە ، بەڕاستیش بە جیهاد کردن ڕوناکی ئایینەکەمان هەموو لایەك دەگرێتەوە . جا بەدووی ڕەزامەندی خواشمان بۆ بەدەست دێ.

کوڕی شیرینم : ئێمە لەوانەنین کە بۆ ئارەزووی فەرمانڕەوایی و زاڵبوون بەسەر تاکەکاندا جەنگ دەنێنەوە ، ئێمە بەئیسلامەوە دەژین و بۆ ئیسلامیش دەمرین ، ئەمەش ئەو شتەیە کوڕم کە تۆ مەردی مەیدانی بۆی) [1].

لە کتێبی (التأريخ السياسي للدولة العلية العثمانية) دا گێڕانەوەیەکی تری ئەو وەسیەتە دەبینین :

کوڕی شیرینم :ئەوە بزانەکە بڵاو کردنەوەی ئیسلام و ڕێنمونی خەڵك بۆلای ، و پاراستنی ئابڕوو وماڵی موسوڵمانان ، سپاردەیەکە لەگەردنت دا کە دواتر خوای گەورە لەبارەیەوە پرسیارت لێ دەکات) [2].

لە کتێبی (مأساة عثمان) دا چەند دەستەواژەیەکی تری وەسیەتەکەی عوسمان بۆ ئورخانی کوڕی دەبینین کە دەڵێت : (ئەی کوڕی شیرینم : من وا دەگوازمەوە بۆلای خوا ، من شانازی بەتۆوەدەکەم کە لەمەودوا دادپەروەر دەبیت لەناو هاوڵاتیانداو موجاهیدێکی ڕێگەی خوادەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام ،

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة –د. محمد حرب / ١٦ .

[2] جوانب مضيئة / ٢١ .

ئەی کوڕی شیرینم : لەبارەی زانایانی ئوممەتەوە ئامۆژگاری ئەوەت دەکەم کە بەردەوام خاتریان بگرەو زۆر گەورە سەیریان بکەو کە ڕاوێژیان پێ دەکەی ئەوان چی یان ووت تۆ وا بکە ، چونکە ئەوانە جگە لەچاکە فەرمانی شتی ترتپێ ناکەن .

کوڕی شیرینم : وریابە کارێك نەکەیت کە خوا ناڕازی بێت پێی ،ئەگەر کارێکیشت لەسەر گران بوو ، ئەوا پرسیار بکە لەزانایانی شەریعەت ، چونکە ئەوان ڕێگەی چاکەت نیشان ئەدەن .

کوڕی شیرینم : بزانە کە تاکە ڕێگەی ئێمە لەم ژیانەدا بریتیە لەڕێگەی خوا ، تاکە مەبەستیشمان بریتیە لە بلاو کردنەوەی ئایینی خوا ، ئێمە بەدوای پلەو پایەدونیادا ناگەڕێین) [1] .

لە (التأريخ العثماني المصور) یشدا چەند دەستەواژەیەکی تر لە وەسیەتەکەی عوسمان هەیە کە دەڵێت : (وەسیەتم بۆ ڕۆڵە و هاوڕێکانم ئەوەیە، درێژە بدەن بەبەرزو بڵندی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەویش بەوە دەبێت بەردەوام جیهاد بکەن لە ڕێگەی خوادائالآی پیرۆزی ئیسلام بە شاکاوەیی وبڵندی بەدەستەوە بگرن بە هۆی جیهادی ڕاستەقینەوە. هەمیشە خزمەتگوزاری ئیسلام بن ، چونکە خوای گەورە بەندەیەکی لاوازی وەك منی بەکار هێنا بۆ ئازادکردنی وولآتان ، بەوشەی یەکتاپەرستیوبانگی جیهادکردنەوە لەڕێی خوادا بچن بۆ ئەو پەڕی دونیا ، هەرکەسیش لە بنەماڵەکەم لایدا لە ڕاستی و دادپەروەری ، ئەوا لەڕۆژی قیامەت دا بێبەش دەبێت لەشەفاعەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) . کوڕی شیرینم : کەس نییە لەم دونیایەدا گەردنی بۆ مردن کەچ نەکات ، دڵنیاش بە فەرمانی

---

[1] جوانب مضيئة / ٣ .

خوامەرگم نزیك بوویەوە ، ئەم دەوڵەتەت دەدەمە دەست و بەخوات دەسپێرم ، لەهەموو کاروبارێکتا دادپەروەربە ....)[١].

بەڕاستی ئەو وەسیەت و ڕاسپاردەیە ، بەرنامەیەك بووکە عوسمانیەکان لەسەری دەڕۆشتن بۆیە ، گرنگی یان ئەدا بە زانست و دامەزراوە زانستیەکان و سوپاو دامەزراوە سەربازیەکان و زانایان وڕێز گرتنیان وەك چۆن گرنگیان ئەدا بە ئەو جیهادە کە ئازادکردنی گەیاندە ئەوپەڕی شوێن کەئاڵای سوپای موسوڵمانانی بەسەردا شەکایەوە،بە چاوی گرنگیەوە ئەیانڕوانی بۆحوکمڕانی وشارستانیەتی[٢].

عوسمانی یەکەم دەوڵەتی عوسمانی بەجێ هێشت کە ڕووبەرەکەی دەگەشتە ١٦٠٠ کم دوجا ، توانیشی کە ڕێڕەوێك(منفذ) بدۆزێتەوە بۆ دەوڵەتە تازە پێگەشتووەکەی لەسەر دەریای مەڕمەڕە ، هەروەها توانی بەسوپاکەیەوە هەڕەشە بخاتە سەرگرنگترین دووشاری بیزەنتی لەوسەردەمەدا ، کە ئەزنیق و بورصە بوون[٣].

باسی دووەم : سوڵتان ئورخانی کوڕی عوسمان (٧٢٦-٧٦١ك ، ١٣٢٧-١٣٦٠ز)

لە دوای مردنی عوسمان ، ئورخانی کوڕی فەرمانڕەوایی گرتەدەست ، لە فەرمانڕەوایی و جەنگە ئازادیخوازەکانی دادا لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی دەڕۆشت ، لەساڵی {٧٢٧ك – ١٣٢٧ز} دا "نیقومیدیا"کەوتە دەستی ، کەدەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك نزیك بەشاری ئەستانبوڵ کە شاری ئەزمیتی ئەمڕۆیە . یەکەم زانکۆی عوسمانی تێدا دامەزراند و بەڕێوەبردنی

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٣٣.

[2] بڕوانە:العثمانيون في التأريخ والحظارة،ص ٢٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل ١٥.

زانكۆكەی دایە دەست داودی قەیسەری كە یەكێك بوو لەو زانا عوسمانیانەی كە لەمیسر خوێندبوویان .[1]

هەروەها گرنگی دا بەبنیادنانی سوپا لەسەر چەند بنەمایەكی سەردەمی و كردیە سوپایەكی نیزامی [2].

سوڵتان ئورخان لە سەر ئەوە سوور بوو كە ئەو موژدەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم))دەربارەی ڕزگاركردنی قوستەنتینیە دا بۆی بهێنێتە بۆیە دی پلانێكی ستراتیژی داناكە ئامانجی ئابلۆقەدانی پایتەختی بیزەنتی بوو لەیەك كات دا لەڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە ، بۆ بەدی هێنانی ئەوەش ، سولەیمانی وەلی عەهدی نارد تا لە تەنگاوی{دەردە نیل}ەوەبپەڕنەوەو دەست بگرن بەسەر ئەو ناوچانەدا كە دەكەونە قۆڵی ڕۆژئاواوە. .

لەساڵی ٧٥٨ك دا سولەیمان لەگەڵ ٤٠ پیاو لەسوارچاكانی ئیسلام دا بەشەو لە تەنگاوی دەردەنێلەوە دا تێپەڕبوون ، كاتێك گەشتنە كەناری ڕۆژئاوای ، دەستیان گرت بەسەر ئەو بەلەمە ڕۆمیانەدا گرت كە لەوێدا لەنگەریان گرتبوو وە بەو بەلەمانەوە گەڕانەوە بۆ كەناری ڕۆژئاوا چونكە ، لەوسەردەمەدا عوسمانیەكان هیچ كەشتیگەلێكیان نەبوو ، لەبەرئەوەی هێشتا دەوڵەتەكەیان لەسەرەتای دامەزراندنی‌دا بوو ، سولەیمان لەكەناری ڕۆژئاوادا فەرمانی كرد بەسەربازەكانی سواری بەلەمەكان ببن تا بیانگوێزێتەوە بۆ قۆڵە ئەوروپی یەكەی وئەوەبوو . كە بەندەری قەڵای {ترتب} و {غاليبول}ی‌یان ڕزگار كرد كە قەڵای "جناقلعە" و" ئەبسالا"و "رودستوی" تێدابوو ، و هەمووئەو ناوچانەش دەكەونە سەر تەنگاوی دەردەنێل لەباشوورەوە بۆ باكور ، بەمەش ئەم سوڵتانە

---

[1] قيام الدولة العثمانية / ٢٩ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ١٧.

هەنگاوێکی گەورەی بڕی کە کەسانی دوای خۆی لە فەتحکردنی قوستەنتینیەدا سودی زۆریان لیّ بینیی[1] .

<u>یەکەم : دامەزراندنی سوپای نوێی (ینی تتاری)</u> : لەگرنگترین ئەوکارانەی کە پەیوەنـدی هەیـە بـە ژیـانی سـوڵتان ئورخانـەوە ، دامەزرانـدنی سـوپایەکی ئیسلامی‌یە لەگەڵ سوربوونی لەسەر داهێنانی یاسایەکی تایبەتی بۆ سوپا، هات سوپاکەی دابەش کرد بۆ چەند یەکەیەك ، هەموو یەکێك لەو یەکانە لە ١٠ یان ١٠٠ یان ١٠٠٠ کەس پێك هاتبوو ، پێنج یەکی دەستکەوتەکانیشی تایبەت کرد بەبەخشش بەسەر سوپادا ، بەمە کردی بەسوپایەکی هەمیشەیی پاش ئەوەی کە پێشتر تەنها لەکاتی شەڕدا کۆدەبوویەوە . هەروەها چەند بنکەیەکی تایبەتیشی بۆ دارشت کە تیایدا مەشق دەکرا[2] . هەروەك سوپایەکی تری بۆ زیاد کرد کە بە "ئینکیشاری‌یەکان"[3] ئەناسرێن کە لەو تازە موسوڵمانانەی پێکهێنا کە ژمارەیان پاش فراوان بوونی خاکی دەوڵەت و سەرکەوتنە گەورەکانیان لەشەڕەکانی لەگەڵ دوژمنە ناموسوڵمانەکانیاندا ، زیادی کرد ، لەگەڵ هاتنە ناوی ژمارەیەکی زۆر لەنەوەکانی ئەو وولاتە ئازاد کراوانە بۆ ئیسلام و پاشان وابەستە بوونیان بە ڕیزەکانی موجاهیدانەوە ، لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا ، پاش ئەوەی کە موسڵمان ئەبوون وئیسلامیان وەرگرت و ئەخرانە ژێر پەروەردەیەکی ئیسلامی یەوەلەووی {فکر}ی و{سەربازییەوە} پەروەردە دەکران وئەو بەسەربازی لەبنکە جۆراوجۆرەکانی سوپادا دامەزران ، هەوەها زانا و فیقە ناسەکان لەگەڵ ئورخانی سوڵتانیاندا دەستیان دایە چاندنی خۆشەویستی جیهاد و پارێزگاری لەئاین و

---

1 الدولة العثمانية –د. جمال عبدالهادي / ٢٢ .

2 قيام الدولة العثمانية / ٣٠٢ ،

3 قيام الدولة العثمانية / ٣٠٢ .

تامەزرۆیی بۆسەرکەوتن یان شەهید بوون ، لەپێناوی دین دا ، تائەوەی لەکاتی چونیان بۆ مەیدانی شەڕ دروشمیان بووبوو بە (جەنگاوەری یان شەهیدی) [1].
زۆرێك لە مێژوو نووسە بێگانەکان لافی ئەوە لێدەدەن گوایە سوپای ئینکیشاری لەو منالە نەصریانە دروست ئەکران کە لە کەسو کاریان ئەسەنران وناچاریان ئەکردن موسڵمان بن بەپێی یاسایەك یان سیستمێك {بە قسەی ئەوان} گوایە ناوی سیستمی دەخشەری یە بووە ،بەقسەی ئەوان ئەم سیستمە لە بناغەدا باجێکی ئیسلامی یەو ناویان لێناوە باجی کۆیلەکان هەندێك جار ناوی ئەتێن باجی کوڕ کە باجێکە بە قسەی ئەوان بۆ موسڵمانە عوسمانییەکان حەلاڵە لە هەموو شاروو گوندێکی نەصرانی دا پێنج یەکی منالەکانیان وەربگرن بەو حسابەی ئەوە پێنج یەکی غەنیمەیەو پشکی بیت المالی موسڵمانانەلەو مێژوونووستنەی ئەو بوختانە ئەکەن وڕاستی ئەشێوێنن {کارل بروکلمان} و {جیبونس} و {جب} ن [2] .
ڕاستی وادەڵێت : کە ئەو سیستمە هەڵبەستراوە جگە لە درۆیەك زیارتر شتێکی تر نی یەو دراوەتە پاڵ مێژووی ئورخانی کوڕی عوسمان و مورادی کوڕی ئورخان ،لەوەو دوا ئەو بوختانە کێشی پێ هێنراو هەموو مێژووی عوسمانییەکانی تێپەڕ کرا.
ئەم سیستمەش جگە لە گرنگی دان بە منالانی بێسەرپەرستی نێو دەوڵەتی عوسمانی لەو منداڵە مەسیحی یانەی کە جەنگەبەردەوامەکان بەهەتیوی یان بێ سەرپەرستی ئەهێلانەوە، هیچی تر نییە ، جا ئیسلام کە دەوڵەتی عوسمانی کردبوویە ڕێبازی خۆی، بێ دوودڵی ئەو باجەی کە پێی باجی مندالان بە گشتی ڕەت دەکاتەوە کە مێژوو نووسە بیانی یەکینە لەدڵەکان ئەیدەنە پاڵ ئەو دەوڵەتە.

1 قیام الدولة العثمانية / ٣٠٢ .

2 جوانب مضيئة / ١٢٢ .

ڕاستی یەکەی ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر منداڵ بەهۆی شەڕو پێکدادانەکانەوە باوك ودایکــی خۆیــان لەدەســت ئــەدا موســڵمانە عوسمانیــەکانیش چــوون بــە هانایانەوەوباوەشیان بۆ کردنەوە چونکە ئەو مندالآنە سەرگەردان بوون ولەڕێگەو کوچـەو کۆڵانەکانـدا ئەمانـەوە لـە وولآتـە ئازادکراوەکانـدا لەبـەر ئـەوەی بـاوك و دایکیان نەما بووە عوسمانییەکان سوربوون لە سەر ئەوەی داهاتوویەکی باش دابین بکەن بۆ ئەم مندالآنە باشە داهاتوو لەوە باشتر ئەبێت کە فێری ئیسلام بکرێن ئـەرێ ئەگـەر موسـڵمان هـەوڵی ئـەوە بـدات منـداڵی بـێ سەرپەرشـت وسـەرگەردانی نـاو کۆمەڵگـە فێـری ئیسلامەتی بکـات ئـەبێ بوختـان چـی یـەکان ڕاســت ببنــەوەو بڵـێن موسـڵمانەکان منـدالآنیان لـە باوەشــی دایـك وباوکیـان دەرهێناوەو بە زۆر کردونیانن بە ئیسلام؟.

ئەوەی جێی داخـە : ئـەم بوختاتنـە پڕکینەیـە،ئـەم درۆ ئاشـکرایە،ئـەم نەهانەتییـە گەورەیـە کـە هەنـدێك لـە مێژوونوسـە موسڵمانەکان دەم بـەدەم وەریـان گرتـووەو لەخوێندنگـەو زانکۆکانیانـدا بـە وانـە و دەرس دەیڵێنـەوە ، وەك ئـەوەی شـتێکی بەڵگە نەویست بێت . واش بۆ زانست خوازان دەخرێتە ڕوو کە ئەمە ڕاستی یەکە لەڕاستیەکانی مێـژوو . کۆمـەڵێك لـە مێـژوو نووسـە موسـوڵمانەکان کاریگـەری کتێبــەکانی مێــژوو نووســە بیانیــەکانیان لەســەرە،هەنــدێ لەوانــە شــایەتی ئەوەشــیان بــۆ دەدرێــت کــە بەرانبــەر ئیــسلام خــاوەنی غیرەتــن،کەچــی ، و لەکتێبەکانیانـدا ئـەو بوختانـەی بـەردەوام ئەڵێینـەوە ،وەك مێـژوو نـووس محمـد فرید بەگی پارێزەر کە لەکتێبی : (الدولة العثمانیة العلیة) و د. علـی حسون لـە کتێبەکی (تأریخ الدولة العثمانیة) و مێژوو نووس {محمد کود عەلی} لە کتێبی (خطط الشام) و د. عمر عبدالعزیز لە کتێبەکەیدا (محاضرات فی تأریخ الشعوب الإسلامیة) و د. عبدالکریم غریبە لەکتێبی (العرب والأتراك) دا .

ڕاستیش دەڵێت : هـەموو ئەوانـەی باسـی بـاجی مندالآن ئەکـەن وئـەڵێن بـەزۆر لـە کـەس وکاریــان وەرگــیراون بــەپێی یاســای وەرگرتنــی پێــنج یــەکی منــدالآنی

شارولادێکان ، هیچ بەڵگەیەکیان نی یە کتێبەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی وەك جب و مێژوونووسی مەسیحی سوموفیل یان بروکلمان نەبێت ، ئەوانەش لە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی و نیازیان بەرامبەر بە ئیسلام و مێژووی ئیسلامداجێگەی دڵنیایی ومتمانە نین، ئەوانەی پەروەردەیەکی تایبەتی کران لەسەر جیهاد کردن مەسیحی نەبوو ، بەڵکو منالی باوکی موسوڵمانەکانیان بوون و وازیان لە مەسیحی یەت هێنابووڕوویان کردبووە ، ئیسلام ، و بەپێی خواستی خۆیان و بە دڵ هاتووبون نەك بەزۆر ، ئەوان منالەکانیان پێشکەش بە سوڵتان دەکرد تاکوو بەپەروەردەیەکی تەواوی ئیسلامی پەروەردەیان بکات ، بەلام ئەومنداڵی تریش ، ئەوە بریتی بوو لەو منالە بێ باوك وسەرگەردانانەی کە دەرهاویشتەی ئەنجامی شەڕەکان بوون دەوڵەتی عوسمانیش باوەشی سۆزی بۆ کردنەوە.

ڕاستی ئەو سوپایەی کە ئورخانی کوڕی عوسمان دای مەزراند بریتی بوولە سوپایەکی نیزامی نزیك لە خۆی تاهەمیشە سازوو ئامادە بێت چ حالەتەکە ئاشتی بێت یان حالەتی شەڕبێت، سوپاکە لەسوارەکانی خێڵەکەی خۆی و لەو موجاهیدە تاودراونە ڕێکخرابوو کە پێشبڕکێیان دەکرد لەوەلامدانەوەو بەدەمەوەچوونی بانگەوازکەری جیهاددا لەگەڵ ئەو سەربازە ڕۆمی یانەش کە ئیسلام و چووبووە نێو دڵەکانیانەوەوموسڵمانێکی چاکیان لێ دەرچوو بوو .

ئورخان هەرکە ڕێکخستنی ئەو سوپایەی تەواو کرد ، بەپەلە چوو بۆ لای زانای باوەڕداری لەخواترس (حاجی بەگتاش) و داوای لێ کرد کە نزای خێریان بۆ بکات ، ئەویش بەجوانی پێشوازی لێ کردن و دەستی خستە سەرسەری یەکێك لەسەربازەکان و نزای خێری بۆ کردن تاخوا ڕووسپی یان بکات و شمشێرەکانیان تیژو بڕندە بکات . و لەهەمووشەڕێکدا کە لەپێناو خوادا بیگرنەبەر خوا سەریان بخات ، پاشان ڕووی وەرچەرخاند بەلای ئورخان داو پرسیاری لێکرد : ئایا هیچ ناوێکت داناوە بۆ ئەم سوپایە ؟ ووتی : نەخێر ،

ووتی : دەی باناوی (ینی جری) بێت کەبە ینی {تشری} دەردەبڕێت ، واتە : سوپای نویٚ .

ئالاٚی سوپای نویٚ لەقوماشی سوور بوو ، لەناوەڕاستیدا مانگێك بوو لەژێر مانگەکەشدا وێنەیەکی شمشێر بوو کە ناوی (ذوالفقار) یان لیٚ نابوو ، وەك بەرەکەت وەرگرتنێك لە شمشێرەکەی ئیمامی عەلی خوای لیٚ ڕازی بێت [1] .

علاءالدینی کوڕی عوسمان برای ئۆرخان خاوەنی بیرۆکەکەبوو ، زانایەکیش بوو لە شەریعەت دا و بەدنیا نەویستی و تەسەوف ڕاستەقینە ناسرابوو [2] . پاش ئەوەی کە ئەرکەکانی جیهادو ڕووبونەوە لەگەلٚ بیزەنتییەکانی زیادی کرد ئۆرخان دەستی دایە زیاد کردنی ژمارەی سوپا نوێیەکەی ، بۆیە ژمارەیەك لەگەنجە تورکەکان و ژمارەیەکیش لەو گەنجە بیزەنتییانەی هەڵبژارد کە موسوڵمان بووبوون و ئیسلامیان بەچاکی وەرگرتبوو . ئەمانیشی خستە سەر سوپاکەو گرنگییەکی زۆری دا بە پەروەردەکردنیان بە لەڕووی پەروەردەیەکی ئیسلامی جیهادی یەوە . سوپای نویٚ زۆری نەبرد ژمارەیان زۆر زیادی کردو هەزاران موجاهیدی ڕیٚی خوای لەخۆگرت .

ئۆرخان و عەلائەدین کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنی سوپای نویٚ بریتی بێت لە درێژە پێدانی جیهادی دژ بە بیزەنتیەکان و ئازاد کردنی زیاتری خاکەکانیان بەئامانجی بلاٚوکردنەوەی ئیسلام تێیاندا و سوود بینین لەوموسڵمانە بیزەنتیانەوەربگیرێت لەبلاٚوکردنەوەی ئیسلامدا چونکە ئەوان گەشتبوونە پەروەردەیەکی ئیسلامی جیهادی باش و ئامانجەکانی ئیسلام لە ئاکارو جیهاددا لەنێو دڵیاندا داچەسپی بوو .

---

[1] جوانب مضيئة / ١٤٧ .

[2] جوانب مضيئة / ١٤٤.

پوختەی قسە ئەوەیە کە : سوڵتان ئورخـان تاکە منداڵێکی مەسیحیشی لەماڵی باوکیـدا دەرنـەهێناوە، هـەروەها تاکـە منـداڵێکی مەسـیحی بـەزۆر موسـڵمان نەکردووە . هەرچیش کە برۆکلمان و جب و جیبونز بانگەشەی بۆ دەکەن ، درۆو هەڵبەسـتەیەو پێویـستە شـوێنەواریان لەکتێبـەکانی مێـژووی ئیـسلامیماندا بسڕینەوە[1] .

بەڕاستی ئەمانەتی زانستی و برایەتی ئیسلامی لەگەردنی هەموو موسوڵمانێکی دلێرداو ، بەتایبەت زانا و ڕۆشنبیرو بیریارو مێژوو نووس و مامۆستا و لێکۆڵەرو پیاوانیڕاگەیاندندا ئەوە ئەخوازێت کە ئەو بوختانە بڕوخێنرێت و ئەو گومانە بەتاڵ بکرێتەوە کە دراوەتە پاڵ عوسمانیەکان و وای لێ هاتووەهەر وەك ڕاستی یەك بێت ، کەدەڵێی موناقەشەو گفتوگۆو پێداچوونەوەی ناوێت .

دووەم: سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ئورخان: پەلامارەکانی ئورخان ڕووبەڕووی ڕۆمـەکان کرابوویـەوە ، مـیری {قرەسـی} کـە یـەکێك لـە میرەکـانی میرنـشینی دەوڵـەتی سـەلجوقیەکانی ڕۆم بوولـە سـاڵی {٧٣٦ك-١٣٣٦ز} دا مـرد ، لـەدوای خـۆی دوو کوڕەکـەی نـاکۆکی یـان تێکـەوت ولەسـەر میرێتـی بوەناخۆشـیان ، ئورخان سوودی لەو هەلە وەرگرت و دەستی وەر دایە نێو ناکۆکیەکەوەو زاڵ بـوو بەسـەر میرنـشینەکەدا . ئـەوەش کـە دەوڵـەتی سـاوای عوسمـانی کردبـووی بەئامانجی ئەوەبوو کە ببێتە میراتگری دەوڵەتی سەلجوقیەکانی ڕۆم لە ئاسیای بـچوك و ناوچـەکانی تـری سـەلجوقیدا . ململانێکـە بـەردەوام بـوو لـەنێوان ئـەوو میرنشینەکانی تردا تا ڕۆژانی محمد فاتح هـاتن ئەوە بـوو هـەموو ئاسـیای بچوك ملیان بۆداو هاتنە ژێردەسەڵاتەکەیەوە.

ئورخـان گرنگـی بەتونـدکردنی پایـەکانی دەوڵەتەکـەی ئـەدا، جادەسـتی دایـە چاکسازی و ئاوەدانی دروست کردن و کاروبارەکانی بـەڕێوەبردنی کۆنترۆڵ کرد

---

[1] جوانت مضیئة / ١٥٥.

و سوپای بەهێز کرد و دەستی دایەمزگەوت کردنەوەو دروستکردنی پەیمانگەی زانستی دامەزراند [1] و چاکترین زاناو مامۆستاکانیئەو کاتەی کرد بەسەرپەرشتیکەری ، ڕێزێکی زۆریان هەبوو لەلایەن دەوڵەتەوە. هەموو گوندێك خوێندنگای خۆی هەبوو ، هەموو شارێکیش کۆلێژێکی خۆی هەبوو کە وانەکانی نەحوو و تەرکیبی زمانەوانی ومەنتیق و میتافیزیك و فیقهی زمان و زانستی داهێنانی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و ئەندازیاری و گەردوون ناسی تێدا ئەخوێنرا [2] بێگومان لەبەرکردنی قورئان و خوێندنی زانستەکانی قورئان و سوننەت و فیقە و بیرو باوەڕیش ئەخوێنرا.

ئورخان پاش زاڵبوونی بەسەر میرنشینی { قرەسی } دا بیست ۲۰ ساڵ بەبێ هیچ شەڕێك کوزەراند ، بەڵکوئەمبیست ساڵەی لە دەمە زەردکردنەوەی سیستمە مەدەنی و و سەربازییەکاندا بردە سەر کە دەوڵەت بەدیهێنابوون هەروەها خەریکی بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆیی و بنیاد نانی مزگەوتەکان و دانانی ئەوقافی پێویست بۆیان و بنیادنانی دامەزراوەی گشتی فراوان بوو لەو ماوەیەدا کە ئەمانە شایەتی گەورەیی و لەخواترسی و و دانایی دووربینی ئەدەن بۆ ئورخان. ئەم پیاوە لەبەر تەماعی فراوانخوازی شەڕ لەدوای شەڕی ئەنجام نەدەدا . بەڵکو سوور بوو لەسەر ئەوەی هەموو خاکێکی نوێ بە مۆرکی دەوڵەتی شارستانی و سەربازی و پەروەردەیی وڕۆشنبیری مۆر بکات. بەمەش ئەو وڵاتانە دەبوو بە بەشێك لە ومولکەکانی دەوڵەت ولێی جیا دەبوونەوەو بەو شێوەیە موڵکەکان لە ئاسیای بچوکدا هەموو وەك یەکیان لێ هات وئارامی ڕووی تێکردن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تێگەشتن و هەست پێکردنی ئورخان بەسوننەتی پلە بەپلە (التدرج) لە بنیاد نانی دەوڵەت و ژیارەکان و زیندوو کردنەوەی گەلاندا .

---

[1] محمد الفاتح –دسالم الرشیدین / ۲۵.

[2] في أصول التأريخ العثماني –محمد عبدالرحیم / ٤٠ .

ئورخان هێشتا بنیادی ناوخۆی تەواو نەکردبوو لە ناوخۆی دەوڵەتی بیزەنتی دا ململانێیەك لەسەر حوکم و دەسەلات ڕووی‌دا ، و ئیمبراتۆر کونتاکوزینوس داوای یارمەتی لە سوڵتان ئورخان کرد لە دژی ڕکەبەرەکەی ، سوڵتانیش چەند هێزێکی لە عوسمانی‌یەکان نارد بۆ بەهێز کردنی قەڵەمڕەوی عوسمانی لەئەورووپادا . تالەساڵی ١٣٥٨دا بومەلەرزەیەك شاری تراقیای گرتەوە و بەشی پێشەوەی غالیبولی داڕمان و خەڵکەکە شارەکەیان بەجێیان هێشت . ئەمەش کاری چوونە ناو شارەکەی بۆ عوسمانی‌یەکان ئاسان کرد. ئیمبراتۆر ناڕەزایی لەمەدەربڕی ، وەڵامی ئورخانیش ئەوەبوو کە یارمەتی خوایی دەرگاکانی شارەکەی لەبەردەم هێزەکەی‌دا کردۆتەوە ، زۆری نەبرد غالیبولی بوو بەیەکەم بنکەی عوسمانی لەئەورووپادا . ئیدی لەوێوە هێرشە یەکەمەکانی دەست پێ‌کرد کەکۆتایی‌یەکەی بەوە هات دەستگیر کرا بەسەر هەموو نیمچە دورگەی بەلقاندا.

کاتێك حەنای پێنجەمی بالیولوجنس تا کرەواتە فەرمانڕەوایی بیزەنتەی گرتە دەست ، دانی نا بەهەموو جەنگە ئازادیخوازەکانی ئورخان لە ئەورووپادا بەرامبەر بە بەڵێندانی سوڵتان بە ڕێخۆشکردنی گەشتنی خۆراك و دەستگرۆیی بۆ قوستەنتینیە . ئورخان ژمارەیەکی زۆرلە هۆزە موسوڵمانەکانی نارد لەبۆ ئەوەی بانگەواز بکەن بۆ ئیسلام و بەربەستێك دروست بکەن دواتر نەصاراکان نەتوانن عوسمانیەکان لەئەورووپادا دەربکەن [1].

سێیەم : ئەو هۆکارانەی یارمەتی سوڵتان ئورخانی دا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی :

١. ئەو قۆناغبەندی‌یەی کە ئورخان لەسەری دەڕۆشت لەگەڵ سود بینینی لەهەوڵەکانی عوسمانی باوکی و بوونی ئەو توانست و ئیمکانیەتە ماددی ومەعنەوی‌یانەی کە یارمەتی‌دان لەئازا کردنی خاکە بیزەنتی‌یەکان لەئەنادۆڵدا ،

[1] أصول التأريخ العثماني / ٤٧.

و قایمکردنی دەسەلاتیان لەو شوێنانەدا ، هەوڵەکانی ئورخان بەوە دەناسرێتەوە کە هەنگاوی لە سەرخۆوبێ دوودڵی ئەنا بۆ فراوان کردنی دەوڵەتەکەی و کشانی سنورەکەانی ، جیهانی مەسیحیش بیریان بولایمەترسی دەوڵەتی عوسمانی دانەئەڕۆیشت ، ئەو کاتە نەبێ کەعوسمانییەکان لەدەریا وە پەڕینەوەو دەستیان گرت بەسەر غالیبولی دا [١] .

٢. یەك ڕیزی ویەك ئامانجی ویەك مەزهەبی کە مەزهەبی سوننی بوو بە عوسمانیەکانەوە دیاربوو لەکاتی ئەو ڕووبەڕووبونەوەو شەڕانەدا کە لەنێوان ئەوان وگەلانی بەلقان داڕوویان ئەدا

٣. دەوڵەتی بیزەنتی گەیشتبووە لوتکەی شەکەت بوون و کۆمەڵگەی بیزەنتیش دووچاری هەڵوەشانێکی سیاسی و توانەوەیەکی ئایینی و کۆمەلایەتی بوو بوو، بۆیە بۆ عوسمانی یەکان ئاسان بوو هەرێمەکانی ئەودەوڵەتە بدەنە پاڵ خۆیان .

٤. لاوازی بەرەی مەسیحی لەئەنجامی نەبوونی متمانەی نێوان فەرمانڕەوادەسەلاتدارەکانی دەوڵەتی بیزەنتی و بولغاریاو ووڵاتی صربەکان و مەجەڕدا ، بۆیە زۆربەی کات نەیانئەتوانی هەمامەنگی تەواو بکەن لە نەخشە سیاسی و سەربازییەکانیاندا لە یەك بەرەدا دژ بەعوسمانی یەکان [٢] .

٥. جیاوازی ئایینی نێوان ڕۆماو قوستەنتینیە ، واتە لەنێوان "کاسۆلیك" و "ئەرسەزوکس" دا کە هەموو هەڵقەکانی ئەو جیاوازی یە دروست بووبوو. ئەمەش شوێنەوارێکی قوڵ و ڕیشەداری لەدەروونی ئەو دوو کۆمەڵەدا بەجێ هێشتبوو .

---

[1] الدولة العثمانية فى التأريخ الإسلامي الحديث / ٢٢ .

[2] الدولة العثمانية فى التأريخ الإسلامي الحديث / ٢٢ .

٦. دەرکەوتنی سیستمی نوێی سەربازی کە لەسەر چەند بنەمایەکی عەقائیدی و بەرنامەی پەروەردەیی و ئامانجی خواویستی یانە دروست بووبوو چاکترین سەرکردەکانی عوسمانیش سەرپەرشتی یان دەکرد .

باسی سێیەم

سوڵتان موورادی یەکەم (٧٦١-٧٩١ك ، ١٣٦٠-١٣٨٩ز)

موورادی یەکەم کەسێکی دلێری موجاهیدی بەڕێزی دینداربوو ، زۆر یاسای خۆشدەویست و پابەندیش بوو پێوەوی . دادپەروەربوو لەگەڵ ژێر دەستەو سەربازەکانیدا . عاشقی جەنگ و بنیادنانی مزگەوت و خوێندنگەو پەناگاکان بوو ، لەپاڵیشیدا کۆمەڵێك لەسەرکردەو پسپۆڕو سەربازە هەرەچاکەکان هەبوون ، ئەنجومەنێکی لێ پێك هێنان بۆ ڕاوێژ پێکردنیان . لەیەك کاتیشدا فراوانخوازی لەئاسیای بچووك و ئەورووپادا دەست کرد .

لەئەورووپادا سوپای عوسمانی هێرشی کردە سەر مۆڵکەکانی دەوڵەتی بیزەنتی ، پاشان دەستی گرت بەسەر شاری ئەدرنە دا لەساڵی {٧٦٤ك – ١٣٦٠ ز} کە ئەو شارە گرنگییەکی ستراتیژی هەبوو لە بەلقانداو دووەم شاری ئیمبراتۆریەتی بیزەنتی بوو لەدوای قوستەنتینیە ، موراد لەو شارەدا پایتەختێکی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دانا لەساڵی {٧٦٨ك – ١٣٦٦ز} بەمەش پایتەخت گوازرایەوە بۆ ئەورووپا، و "ئەدرنە" بوو بە پایتەختێکی ئیسلامی ، ئامانجی موراد لەم گواستنەوەیەدا بریتی بوو لە :

١. بەکارهێنانی شوێنە جەنگی یە قایمەکانی "ئەدرنە"ونزیکیەکەی لەشانۆی چالاکی یە جیهادییەکان .

٢. خواستی موراد بۆ لەخۆگرتنی ئەو هەرێمە ئەورووپییانەی کە لەجیهاد داگرتبوویان پێی خۆیان تێدا قایم کردبوو .

٣. موراد لەوپایتەختەدا هەموو کەرەسەکانی بەرقەرارکردنی دەوڵەت و بنەماکانی فەرمانڕەوایی کۆکردبویەوە ، لەو پایتەختەدا کۆمەڵێکی زۆر کارمەند

ولەشکری سوپایی وکۆمەڵێك یاساناس و زانایانی ئاییینی دروست کران ، هەروەهاچەند خانەی داد و خوێندنگەی شارستانی و پەیمانگەی سەربازی یەکان دامەزراند بۆ مەشق پێکردنی ئینکیشاری‌یەکان .
ئەدرنە لەسەر ئەو بارە سیاسی‌و سەربازی و ئیداری و ڕۆشنبیری و ئاییینی یە بەردەوام بوو تائەوکاتەی عوسمانی یەکان لەساڵی {٨٥٧ك - ١٤٥٣ز} دا قوستەنتینیەیان فەتح کرد و بووبە پایتەختی دەوڵەتەکەیان [١] .
<u>یەکەم : هاوپەیمانیەتیەکی خاچ پەرستی دژ بەموراد</u> :
سوڵتان موراد لە بزوتنەوەی جیهادو بانگەوازو ئازادکردنی هەرێمەکان لە ئەوروپادا بەردەوام بوو ، وەسوپاکەی نارد و"مەکدۆنیا"یان ئازاد کرد،سەرکەوتنەکانی موراد.زۆریان دایەوەو، بەو هۆیەوە هاوپەیمانیەتیەکی ئەوروپی بەلقانی خاچ پەرستی پێکهات کە پاپا ئوربای پێنجەم پیرۆزبایی لێ کرد و صربەکان و و بولغاری‌یە کان ومەجەریەکان و دانیشتوانی هەرێمی "والاشیا" شی گرتە خۆی ، دەوڵەتە ئەندامەکانی نێو هاوپەیمانێتی‌یە خاچ پەرستی‌یەکە توانیان سوپایەك کۆبکەنەوە کە ژمارەی دەگەشتە ٦٠ شەست هەزار سەرباز ، "لالاشاهین"کەسەرکردەیەکی عوسمانی یەکان بوو لالاشاهین بەهێزێك بەرەنگاریان بوویەوە کە ژمارەی هێزەکە کەمتربوو لە هێزی هاوپەیمانەکان .
لە نزیك" تشیرمن" ی سەر ڕووباری "مارتیزا" بەرەنگاریان بوویەوەو شەڕێکی تۆقێنەر ڕووی دا و سوپای هاوپەیمانی شکستی خوارد و هەردوو ئەمیرەکەی صربی هەڵهاتن ، بەڵام لە ڕووبای "مارتیزا"دا خنکان . پاشای مەجەڕیش بە شێوەیەکی زۆر سەیر ڕزگاری بوو ، سوڵتان مورادیش لەوکاتدا سەرقاڵی جەنگ بوو لەووڵاتی ئاسیای بچوکدا و چەند شارێکی ڕزگارکرد ، پاشان گەڕایەوە بۆ

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٣٨ .

پێگەی دەسەڵاتەکەی بۆ ڕێکخستنی ئەو هەرێم و شارانەی کە ڕزگاری کردبوون ، ئەوەش کاری هەموو سەرکردەیەکی دانایە [1].

سەرکەوتنی عوسمانیەیەکان لەسەر ڕووباری مارتیزا بەرهەمی گرنگی زۆر هەبوو ، لەوانە :

١. هەرێمی تراقیا و مەکدۆنیایان ئازاد کرد و گەشتنە باشوری بولغاریاو ڕۆژهەلاتی صیربیا .

٢. شارو مەملەکەتەکانی دەوڵەتی بیزەنتی و بولغاریا و صربیا وەك گەلای پاییز لەبەردەستیاندا دەکەوتن [2].

<u>یەکەم پەیماننامەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتیمەسیحی</u> :

کاتێك بازووی دەوڵەتی عوسمانی ئەستوور بوو، دراوسێکانی بەتایبەت لاوازەکانیان ترسیان لێ نیشت ، کۆماری "ڕاجوزە" دەستی پێشخەری کردبوو چەند نوێنەرێکی نارد بۆ لای سوڵتان موراد پەیماننامەیەکی دۆستانەو بازرگانیانە ببەستن لەگەڵ سوڵتان مورادا ، پەیمانی ئەوەیان دا سەرانەیەکی سالانە بەبڕی ٥٠٠ دۆقیەی ئاڵتون بدەن، ئەمەش یەکەم پەیماننامە بوولە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی مەسیحی دا ببەسترێت [3].

<u>"جەنگی قوصوە"</u> :سوڵتان مورادخودی خۆی و لەڕێگای سەرکردەکانیەوە چوونە ناو قولایی بەلقان وئەمەش صربەکانی ورووژاند چەندین جار هەوڵیان دا هەلی ئامادەنەبوونی سوڵتان لە ، ئەورووپادا بقۆزنەوەو هێرش بکەنە سەر سوپای عوسمانیەیەکان لە بەلقان و دەوروبەریدا ، بەلام شکستیان هێنا لەبەدی هێنانی سەرکەوتنێك بەسەر عوسمانیەیەکان دا کە جێگەی باسکردن بێت .

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية العلية / ١٣١.

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٣٧ .

[3] تأريخ الدولة العلية العثمانية –د . محمد فريد / ١٣٢ .

صربیاو بۆسنەییە بولغاریەکان هاوپەیمانی یەکیان بەست و سوپایەکی خاچ پەرستی ئەورووپی چڕو پڕیان ئامادە کرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو سوڵتانەی کە بەسوپایەکی ئامادەوە ، پاش خۆسازدانێکی بەهێز هاتبوویە ناوچەی کۆسۆڤا لەبەلقاندا ، لەوڕێکەوتانەی باس دەکرێت ئەوەیە کە وەزیرەکەی سوڵتان موراد قورئانێکی بەستەوە ئەبێت هەر لەخۆوە ئەوقورئانە ئەکاتەوە بەبێ مەبەست وچاوی ئەکەوێتەسەر ئەم ئایەتە ﴿ يأأيها النبي حرّض المؤمنين على القتال إن يكن منكم عشرون صابرون يغلبوا مئتينوان يكن منكم مئة يغلبوا ألفا من الذين كفروا بأنهم قوم لايفقهون ﴾ الأنفال : ٦٥. واتە :ئەی پێغەمبەر هانی موسڵمانان بدە بابجەنگن ئەگەر بیست کەسی بە ئارامتان تێدا بێت زاڵ ئەبن بەسەر دووسەد کەسداوئەگەر سەد کەستان ببێت زاڵ ئەبن بەسەر هەزار کەسی کافردا چونکە ئەوانە میللەتێکن نافامن.

بەمە خۆشی وموسوڵمانانیش ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دروست بوو زۆری نەبرد شەڕلەنێوان هەردوو لادا هەڵگیرسا و گەرم و توند بوو، شەڕەکە بەسەرکەوتنی موسوڵمانان کۆتایی هات سەرکەوتنێکی زۆر جوان و یەکلاکەرەوە [1].

دووەم : <u>شەهید بوونی سوڵتان موراد</u> :پاش سەرکەوتن لە"قوصر"ەدا ، سوڵتان موراد دەستی کردە گەڕان بەنێو مەیدانی جەنگەکە و ڕیزەکانی کوژراوانی موسوڵماناندا و دوعای خێری بۆدەکردن . هەروەك دەگەڕا بەسەر بریندارەکاندا ، لەوکاتەدا سەربازێکی صربی هەستایەوە کەخۆی وەك مردوو نیشان دابوو ، بەپەلە چوو بەرەو ڕووی سوڵتان . موسوڵمانەکان توانیان بیگرن ، بەڵام ئەو واخۆی نیشان دا کە هاتووە دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەگەڵ سوڵتان و موسوڵمان بوونی خۆی لەسەر دەستی ئەو ڕابگەیەنێت . ئەو کات سوڵتان ئاماژەی بۆ

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٨٩. و : محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي/٣٠

پاسەوان کرد کە بەری بدەن. ئەویش واخۆی نیشان دا کە دەیەوێت دەستی سوڵتان ماچ بکات ، کەچی هەستا بەجوڵەیەکی بەپەلە و خەنجەرێکی ژەهراوی دەرهێناو دای لەسوڵتان ، سوڵتانیش {بەڕەحمەت ببێت} بەمە لە ١٥ی شەعبانی {٧٩١ك} دا شەهید بوو [1].

أ —کۆتا ووتەکانی سوڵتان موراد :(لەکاتی ماڵئاواییمدا جگە لەوەی سوپاسی خوا بکەم هیچی ترناتوانم بڵێم ، چونکە هەر ئەو زانایە بە شتە نادیارەکان و نزای هەژار وەردەگرێت، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نىیە جگە لە "الله" کەسیش جگەلە ئەو شیاوی سوپاس و پێزانین نىیە . ژیانم نزیك بەکۆتایی هاتن بوەتەوە و سەرکەوتنی سەربازانی ئیسلامم بینی ، گوێڕایەڵی یەزیدی کوڕم بن و دیلەکان سزا و ئازار مەدەن و تالآنیان مەکەن ، لەو کاتە وساتەدا ماڵئاواییتان لێ دەکەم و ئێوەو سوپا گەورەو زاڵەکەمان ئەدەمە دەست خوا . چونکە هەر خوا دەوڵەتەکەمان لەهەموو خراپەیەك دەپارێزێت) [2]. ئەو سوڵتانە پاش ئەوەی ٦٥ساڵ ژیا بە شەهیدی سەری نایەوە.

ب—نزای سوڵتان موراد لەپێش بەجێهێشتنی شەڕی قوصرە :سوڵتان موراد دەیزانی کە ئەم لەپێناو خوادا شەڕدەکات ، و سەرکەوتنیش لەلای ئەوە، بۆیە زۆر نزای دەکردو لەخوا دەپاڕایەوە و هەژاری خۆی بۆ دەرئەبڕی و پشتی پێدەبەست ، جا لەو نزاو خۆزەلیل نیشاندانانەی کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی سوڵتان موراد باش پەروەردگاری خۆیناسیوەو واتاکانی بەندایەتی لەخۆیدا بەدی هێناوەو ، سوڵتان موراد لەموناجاتی پەروەردگاری دا ئەڵێت : (خودایە ! ئەی میهرەبان ! ئەی پەروەردگاری ئاسمانەکان ! ئەی ئەوەی نزا قەبوڵ دەکەیت ، سەرم شۆڕ مەکە ! ئەی میهرەبان و سۆزیار ، ئەم جارە نزای بەندەی هەژاری

---

[1] تأريخ سلاطين آل عثمان —القرماني / ١٦ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٩١ .

خۆت وەڵام بدەرەوە ! بارانی ئاسمانمان بۆ داباریّنە ، پەردەکانی تارکیمان بۆ برەویّنەوە دوژمنمان ببینین ، ئیّمە جگە لە بەندەگەلی تاوانباری تۆ هیچی تر نین ، تۆ بەخشندەیت و ئیّمەش هەژاری بەر بارەگاتین ، من جگە لە بەندەیەکی هەژاری سکاڵاکاری بارەگای تۆ هیچی تر نیم ،هەر تۆش زانایت ئەی زانا بەنادیارەکان ونهێنی نێو دڵەکان{خوایە خۆت ئەزانی} من هیچ ئامانج وبەرژەوەندی یەکی خودی خۆمم نی یەوغەنیمەت ودەستکەوتیش پاڵە پێوەنانی، من جگە لە ڕەزامەندی تۆ هیچ خواستێکی ترم نی یە ، یاالله یاعلیم . ئەی ئامادەبووی لای هەموو بوویەك ، ڕۆحی خۆمت فیدادەکەم ، دەی تۆش پاڕانەوەکەم وەربگرە و بێئومێدم مەکە . موسوڵمانانیش وا لێنەکەی سەرشۆڕی بەردەم دوژمنان بن ! خودایە ، ئەی میهرەبانترینی میهرەبانان ،مەمکە بە هۆکارێك بۆ مردنی موسوڵمانان ، بەڵکو بیانگێڕە بەسەرکەوتوان ! ڕۆحم بەخت دەکەم بۆ تۆ ئەی پەروەردگارم ! من خوازیار بووم و تائیستاش خوازیارم بگەم بە پلەی شەهیدی لەپێناو سەربازانی ئیسلامدا . دەی خوایە چەرمەسەری موسوڵمانانم پیشان مەدە ! ئەم جارە ڕێم بۆ واڵاکە تالەپێناو تۆو ڕەزامەندی تۆدا شەهید ببم ئەی پەروەردگارم !)[1] .

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە:ئە خوای خۆشەویست،بێ دوودڵی سوێند دەخۆم بە ::عیززەت وجەلالی تۆ،،کە مەبەستم بەم جیهاد کردنە دونیای خانی نی یە بەڵکو مەبەستم ڕازیکردنی خوایە،جگە لە ڕەزامەندی تۆش هیچ مەبەستێکی ترم نی یە ئەی پەروەردگارە خۆشەویستەکەم ،سوێند بە {عیززەت وجەلالی تۆ} ئەخۆم کە من ڕێگەی تۆم گرتووەتە بەر ڕێزوو حورمەتی زیاترم بدەرێ بە شەهید بوون لەپێناو ڕێبازەکەی تۆدا.

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٩٠ .

له گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە : (ئەی خوداو گەورەی من ! نزاو سکالاّم قبولّ بکەو بەڕەحمەتی خۆت بارانێکی ڕەحمەت دابارێنە سەرمان ، تاوەکو تۆزی گەردەلوولەکانی دەوروبەرمان دامرکێنێتەوە . وە ڕووناکیەکمان بۆ بنێرە تاریکی یەکانی دەوروبەرمان لابدات ، تاکوو بتوانین شوێنی دوژمنانمان ببینین . تا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئایینە خۆشەویستەکەتدا جەنگیان لەگەلّدا بکەین ، ئەی خواو گەورەی من ! مولّك و هێزهەر هی تۆیە ، ئەیدەیتە هەریەك لە بەندەکانت کە بتەوێت ، منیش بەندەیەکی دەستەوسان و هەژاری تۆم ، نهێنی و ئاشکرام دەزانیت ، سوێند دەخۆم بە{{عیزەت وجەلالی}} بەشکۆمەندی و بەرزو بلّندی تۆ کە مەبەستم لەم جیهادەدا کۆکردنەوەی ئەم دونیالەناوچووە نییە ، بەلّکوو مەبەستم ڕەزامەندی تۆیەو هیچ شتێکی ترم جگە لە ڕەزامەندی تۆ مەبەست نی یە [1].

ئەی خودای خۆشەویست گەورەی من ! بەبەرزو بلّندی خۆت لێت دەپاڕێمەوە کە بمکەیتە فیدا بۆ هەموو موسولّمانێك و نەمکەیتە هۆکارێك بۆ لەناو بردنی هیچ موسولّمانێك لە پێناو ڕێگەیەکی جگە لە ڕێگا ڕاستەکەی تۆدا ! ئەی خودای گەورەی من! ئەگەر لەشەهید بوونمدا ڕزگارییەك بۆ سەربازانی موسولّمانان هەیە ئەوا بێبەشم مەکە لە شەهیدی لەپێناو تۆدا تا بەشداربم لەبەخششی پەنای تۆدا ، چاکترین پەناش پەنای تۆیە .

ئەی خوای گەورەی من ! شەرەفمەندت کردم بەوەی ڕێنمونیت کردم بۆ ڕێگای جیهاد لەپێناو تۆدا ، جا شەرفمەندییشم زیاد بکە بەمەرگ لەپێناو تۆدا [2].

ئەم نزاکلّۆلاّنە بەلّگەیە لەسەر ئەوەی سولّتان مورادپیاوێکی زۆر خواناس بووە ، بەلّگەشە بۆ ئەوەی کە سولّتان مەرجەکانی (لا إلە إلا الله) ، ووشەی

---

1 جوانب مضيئة / ١٩٠ .

2 جوانب مضيئة / ٤٠-٤١ .

یەکتاپەرستی بەدی هێناوە ، مەرجەکانیشی لەئاکارو ژیانی خۆیدا کۆکردوەتەوە ئەولەسەر ئەمانە بووە :

- زانیاری هەبووە دەربارەی مانای {ئەریٚ} و {نەریٚ} ی {لا الە الا الله} ەکەو بیٚ ئاگانە بووە لیٚی ، خوادەفەرمویٚت ﴿ فاعلم أنه لا إله إلا الله ﴾ محمد: ١٩ ، واتە : بزانە هیچ پەرستراویٚك نی یە جگە لە خوا . هەروەها دەفەرمویٚت ﴿ إلامن شهد بالحق وهم يعلمون ﴾ الزخرف : ٨٦ ، واتە :کەسانیٚك نەبیٚت کە شایەتی بە هەم ئەدەن ومانای شایەتیەکەشیان ئەزانن،زانایان ئەفەرموون:شهد بالحق واتە شایەتی بە{ لا الە الا الله} ئەدەن و{يعلمون} یانی بە دڵیش ئەزانن مانای ئەو شایەتی یە چی یە کە بەزمان دەری ئەبڕن.
- دڵنیابوون لە{لا الە الا الله} کە گومان ناهێڵیٚت . جا سوڵتان موراد زۆر دڵنیابوو لەمەبەستەکانی ووشەی (لاإله إلا الله) . چونکە ئیمانیٚك بە کەڵك دیٚت کە یەقین ودڵنیایی تیٚدا بیٚت نەك گومان ودوودڵی [1].خوا دەفەرمویٚت : ﴿ إنما المؤمنون الذين آمنوا بالله ورسوله ثم لم يرتابوا وجاهدوا بأموالهم وأنفسهم في سبيل الله ،أولئك هم الصادقون ﴾ الحجرات : ١٥ . واتە :بە دڵنیاییەوە ئیمانداران ئەوانەن کە بڕوایان بە خواو پیٚغەمبەری خوا هەیەو پاش ئەوە دوو دڵی ڕوویان تیٚ ناکات لاوتیٚئەکۆشن بە ماڵ ونەفسی خۆیان لە ڕیٚگەی خوادا،ئەوانەو تەنیا ئەوانە ڕاستگۆن.
- ئەم ووشەیە داوای هەرچی لیٚبکات قەبوڵی ئەکات بە دڵ و بە زمانی و ملکەچ ئەکات بۆ هەموو {حەلاڵ} و {حەرامیٚك} کە ئەو ووشەیە بۆی دیاری ئەکات ، خوا دەفەرمویٚت : ﴿ ومن يسلم وجهه الى الله وهو محسن فقد استمسك بالعروة الوثقى وإلى الله عاقبة الأمور ﴾ لقمان : ٢٢ . واتە: هەر کەس ڕووی تەسلیم بە خوا بکات ئەوە

---

[1] معارج القبول : ٤١٩/٢ .

چاکە کاروو دەستی گرتووەبە هەڵقەی قاییمی سەر خوازییەوەو دا هاتووی هەموو کارێکیش هەر بەرەو خوا ئەبێتەوە .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ فلاوربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما ﴾ النساء : ٦٥ . واتە :سوێند بە خوای تۆ،نابنە ئیماندار تا لە هەموو کێشەیەکی ناو خۆیاندا تۆ نەکەنە داوەروپاشان لە دڵدا بێتاقەتی نەبینن،لەو بڕیارەی تۆ ئەیدەیت و بەتەواوەتی تەسلیمی ئەبن.

- لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا ڕاستگۆو نیازپاك بوو ، بەنیازپاکیەك کە پەڵەکانی هاوەڵ دانانی لە دەروونیدا پاك کردبووەوە . خوا دەفەرموێت : ﴿ وماأمروا إلا ليعبدوا الله مخلصين له الدين ﴾ البينة : ٥ . واتە :ئێمە هیچ فەمانێکی ترمان پێ نەکردوون ئەوە نەبێ کە تەنیا خوا بپەرەستن بە دڵێکی پاکەوە دینداری بۆ خوا بکەن.
- نیازپاك بوو بەرامبەر دروستکەرەکەی .ئامادەی بەخت کردنی گیانی بوو لە پێناوی خوادا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ومن الناس من يتخذ من دون الله أندادا يحبونهم كحب الله والذين آمنوا أشد حبا لله ﴾ البقرة : ١٦٥ . واتە :هەندێ کەس هەیە کە جگە لە خوا،هاوبەشی تر بۆ خوا دائەنێ وەك خوا خۆشیان ئەوێت بەڵام ئیماندارەکان خۆیان زۆرتر خۆش ئەوێ.

هەروەها دەفەرموێت ﴿ ياأيها الذين آمنوا .... لومة لائم ﴾ المائدة : ٥٤. واتە :ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە هەکەس لە ئێوە پاشگەز ببێتەوە لە ئایینەکەی ئەوە خوا میللەتێکی تر ئەهێنێت کە خۆشی ئەون و ئەوانیش خوایان خۆش ئەوێت.ملکەچی لە ڕووی ئیمانداراندا و بە عیززەتن لە ڕووی کافراندا جیهاد لە ڕێگەی خودا ئەکەن و لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسن ئەمەش فەزڵی خوایەو ئەیدات بە هەر کەس بیەوێت خواش فراوان و زانایە.

لە فەرموودەی صەحیحیشدا هاتووە (ثلاث من كنّ فيه وجد بهنّ حلاوة الأيمان...الخ) البخاري.

واتە:سیّ شت هەن هەرکەسێك بەدەستی خستن چێژی ئیمانی چەشتووە ، خواو پێغەمبەری لەهەموو کەس خۆشتر بوێت ، هەرکەسێکی خۆش ویست یان ڕقی لێی بوو لەبەرخوا بێت ، حەز نەکات بچێتەوە نێو کوفرو بێدینی یەوە وەك چۆن حەز ناکات بچێتە نێو ئاگرەوە .

بەڕاستی سوڵتان موراد لە ڕاستی ئیمان و ووشەی یەکتاپەرستی تێگەشتبووە ، شوێنەوارەکانیشی لە ژیانیدا ڕەنگی دابویەوە ، جالە دەروونی دا هەستی بە عیززەت و و سەربڵندی ئەکرد کە ئەوەش هەڵهاویشتەی ئیمانی بوو بەخوا ، دڵنیا بوو جگە لەخوا هیچ سوود بەخشێك نییە ، ئەو ژیێنەرو مرێنەرە . ئەو خاوەنی حوکم و دەسەلات و سەروەرییەی ،پاشان هەموو ترسێك لە دڵیدا جگە لەترسی خوا ، لە بەردەم هیچ دروستکراوێکی خوادا سەری شۆڕنەدەکرد و لێی نە دەپاڕایەوەو لەبەری نەدە لەرزی ، چونکە دڵنیا بوو لەوەی هەر خوا بەتواناو گەورەیە ، ئیمان بەخوا ، هێزێکی گەورەی وای پێدابوو مکوڕوو هەڵمەتبەروو بە ئارام ونەبەردوو پشت ئەستوور بوو بەخواو هەمیشە بۆ کاری گەورەو ڕەزامەندی خوا بەرز ئە بوویەوە . بۆیە لە هەموو جەنگەکانیدا وەك شاخی سەقامگیر و چەسپاوڕادەوەستاو دڵنیابوو لەوەی کە تاکە خاوەنی خۆی و ماڵی هەر خودایە . بۆیە گوێی لێ نەبوو کە بەهەموو شتێکی گران و هەرزان لەپێناو ڕەزامەندی پەروەردگاریدا قوربانی بدات .

سوڵتان موراد لەگەڵ ئیمانی ڕاستەقینەدا ژیا ، بۆیە ڕای دایە نێو مەیدانەکانی جیهاد و ئەوەی لەدەسەلاتیدا بوو لەپێناو بانگەوازی ئیسلامدا بەختی کرد . سوڵتان موراد ٣٠ ساڵ بە هەموو دانایی و لێهاتنێکیەوە کە هیچ سەرۆکێکی سەردەمی خۆی شانی نەیئەدا لە شانی توانی ڕابەرایەتی .

مێژوونووسی بیزەنتی ، مالکوندیلاس لە بارەی مورادی یەکەمەوە دەڵێت :(موراد چەند کارێکی زۆرو گرنگی کرد : ٣٧شەڕی لەئەنادۆڵ و بەلقاندا کرد ،

لەهەمووشیاندابەسەرکەوتوویی دەرچوو ، لەگەڵ هاولاتیانیدا* هەڵسوکەوتێکی پڕ بەزەیی نواندووە بەبێ گوێدانە جیاوازی لە ڕەگەزوئایینندا)[1] .

مێژوونووسی فەرەنسی "کرینارد" لەبارەیەوە دەڵێت : (موراد یەکێك بوو لە گەورەترین پیاوانی ئالی عوسمان ، ئەگەر پێوەرێکی شەخسی بۆ بکەین ، دەبینین ئاستی بەرزتر بووە لە ئاستی هەموو فەرمانڕەواکانی ئەوروپا لەسەردەمی خۆیدا)[2] .

(موڕادی یەکەم لەباوکیەوە میرنشینێکی گەورەی بەمیرات وەرگرت کە دەگەشتە ٩٥٠٠٠ نەوەدو پێنج هەزارکم دوجا ، لەکاتی شەهید بوونی دا ئەو میرنشینە عوسمانی یەی دا یەدەست بایەزیدی کوڕی پاش ئەوەی گەشتە ٥٠٠٠٠٠پێنج سەد هەزار کم دوجا ، بەواتای ئەوەی لەماوەی ٢٩ساڵداله چاو ئەوەی کە ئۆرخانی باوکی بە جێ هێشتبوو زیاتر لەپێنج ئەوەندەی زیادی کرد ،) [3] .

ئەو ئامانجانەی کە لە سەرکەوتنی موسوڵمانەکان لەشەڕی قوصرە دا هاتنە دی :

١.بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناوچەی بەلقان و وەرچەرخانی ژمارەیەکی زۆری خانەدانە کۆن و گەورەکان بۆ نێو ئیسلام بەپێی خواستی خۆیان .

٢.ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتە ئەوروپیەکان ناچاربوون دڵی دەوڵەتی عوسمانی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ، جاهەندێکیان بە دابین کردنی سەرانە بۆ عوسمانی یەکن دەستپێشخەری‌یان کرد ، هەندێکیش هەستان بە ڕاگەیاندنی دۆستایەتی و پشتیوانیان بۆ عوسمانی یەکان لەترسی بە هێزیان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە توورەیی یان.

---

*ووشەی{رعیة}کاتی خۆی بۆ {هاولاتیان }بەکار هاتووە

[1] العثمانیون في التأريخ والحضارة / ١٩ .

[2] العثمانیون في التأريخ والحضارة / ١٩ .

[3] العثمانیون في التأريخ والحضارة / ٢٠ .

٣.دەسەڵاتی عوسمانیەکان گەیشتە سەر میرەکانی مەجەڕو ڕۆمانیاو ناوچە نزیکە کانی ئەدریاتیك تەنانەت دەسەڵاتیان گەشتە ئەلبانیاش [1].

باسی چوارەم

سوڵتان بایەزیدی یەکەم (٧٩١-٨٠٥ك ، ١٣٨٩- ١٤٠٢ز)

دوای شەهید بوونی سوڵتان موراد ، بایەزیدی کوڕی فەرمانڕەوایی گرتە دەست کە کەسێکی دلێری مەردی بەخشندەی بە ووره بوو بۆ فتوحاتی ئیسلامی ، بۆیە گرنگیەکی گەورەی دا بە کاروباری سەربازی ، بۆیە میرنشینەکە مەسیحیەکانی لە ئەنادۆڵ کردە ئامانج و لەماوەی ساڵێکدا توانی بیانکاتە پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانی ، بایەزید لە جموجوڵەکانی نێوان هەردووبەرەی بەلقانی و ئەنادۆڵی دا وەك بروسکە بوو هەر بۆیە نازناوی (هەورە بروسکەیان) لێ نا [2].

یەکەم : سیاسەت لەگەڵ صربیا :بایەزید دەستی کرد بە دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ صربەکاندا ، هەرچەندە ئەوان هۆکاری بەرپابوونی هاوپەیمانیەکی بەلقانی بوون دژی بە دەوڵەتی عوسمانی ، مەبەستی بایەزید لەم پەیوەندیە بەکارهێنانی دەوڵەتی صرب بوو وەك بەربەستێك لە نێوان خۆی و مەجەڕ ، هەستی بەوە کرد کە زۆر پێویستی بە هاو پەیمانێك هەیەلەو سیاسەتە سەربازییە چالاکەی کە ئامانجە میرنشینە سەلجوقیە تورکیە ئیسلامیەکان بوو لە ئاسیای بچوك ، بۆیە بایەزید ڕێککەوت لەسەر ئەوەی هەردوو کوڕی پاشا (لازار) بکات کە لەشەڕی قوصرەداکوژرا بوو فەرمانڕەوایی صرب بکەن و ، وەپێویستی کرد لەسەریان کە هەردووکیان ببنە فەرمانڕەوا لەسەر صربیاو ، بەپێی یاساو داب و خوو ونەریتەکانی وڵاتی صرب

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور –د. عبدالعزيز العمري / ٣٨٨ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٠ .

فەرمانڕەوایی بکەن ، هەروەها لایەنگری خۆیان بۆ پاشا بنوێنن و سەرانەی بدەنێ و ژمارەیەکی دیاری کراو لەسەربازان لە تیپێکی تایبەت بە خۆیاندا بەشداری شەڕەکان بکەن [1]. دوای ئەوە بایەزد کچەکەی پاشا "لازار"ی خواست.

دووەم : سەردانەواندنی بولغاریا بۆ سەروەری عوسمانیەکان: پاش ئەوەی لێکگەشتن لەگەڵ صرب تەواو بوو، بایەزید گورزێکی بەپەلەی داله بولغاریا، لە ٧٩٧ك ، ١٣٩٣زدا و دەستی گرت بەسەری دا و دانیشتوانەکەی خستەژێر ڕکێفی خۆی ، بەمەش وولات سەربەخۆیی سیاسی خۆی لەدەست دا ، کەو بولغاریا کەوتە دەست دەوڵەتی عوسمانی دەنگێکی گەورەی دایەوە لە ئەوروپاداو، ترس وبیم بێقەراری هەموو لایەکی ئەوروپادا بڵاو بوویەوە ، هێزە مەسیحیەیە خاچ پەرستەکانیش کەوتنە هەوڵی لەناوبردنی دەسەڵاتی عوسمانی لەبەلقاندا [2].

سێیەم : کوتلە گەرایی مەسیحی خاچ پەرستی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی : "سیجسموند" پاشای مەجەڕ لەگەڵ پاپا بۆنیڤاسی نۆیەم دەستیان دایە بانگەواز بۆ کردن بۆ دروستکردنی بەرەیەکی ئەوروپی خاچ پەرستی مەسیحی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی . ئەم بەرەش لەگەورەترین ئەو کوتلە گەراییانە بووە کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی ١٤دا بەرەنگاری بوویەوە ، لەڕووی ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بەشدارییان تێدا کرد ، پاشان بەچەك و تفاق و ماڵ و هێز پشکداریان تێدا کرا و ژمارەی نزیکی ئەو هێرشە خاچ پەرستی یە ١٢٠٠٠٠سەدوبیست هەزار جەنگاوەر بوو لەهەمە چەشنەی ڕەگەزەکان (

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٠ .

[2] الدولةالعثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤١ .

ئـەڵمانیا، فەرەنـسا ، ئیـنگلترا ، سـکوتلەند ، سویـسرا ، لوکـسمبۆرگ ، خاکـە نشێوەکانی باشوور و هەندێ میرنشینی ئیتاڵیاش)[1].

هێزەکـە لـە سـاڵی {٨٠٠ك ، ١٣٩١ز} بـەرەو مەجـەڕ کەوتـە ڕێ بـەڵام سـەرکردەو ڕێبـەرانی هەڵمەتەکـە پـێش دەسـت پێکردنـی شـەڕ لەگـەڵ سیجسموند ناکۆکیـان تێکـەوت ، سیجسمونداوای بـەباش ئـەزانی چـاوەڕوان بێـت تـا عوسمـانی یـەکان دەسـت بەهێرش کـردن ئەکـەن ، بـەڵام سـەرکردەکانی هێرشـەکە دەسـتیان کـردە هێرش بـردن وبەکـەناری ڕووباری دانـوب دا لێژ بوونـەوە تاگەشتنە نیکوبـولیس لـەباکوری بـەلقان و گـەمارۆیان خـستە سـەری ، لەیەکـەمجاردا سـەرکەوتن بەسـەر هێزی عوسمانییەکاندا ، بەڵام لەناکاو بایەزید بـەخۆی و نزیکـەی ١٠٠٠٠٠سـەد هـەزار سـەربازەوەدەرکەوت کـە بـەژمارە کـەمتر بـوون لـەژمارەی کوتلەگەرایی‌یـە ئەوروپی یە خاچ پەرستی‌یەکە ، بەڵامبە یاساو بەچەك لـەوان زاڵتر بوون ، بۆیـە زۆربەی مەسیحی یەکان داڕوخان و پـەنایان بردەبەر ڕاکردن و هـەڵهاتن ، زۆرێك لەسەرکردەکانیان کوژران و بە دیل گیران .

عوسمانی‌یـەکان بەدەسـتکەوتێکی گـەورەو زۆرەوە لەجـەنگی نیکوپـولیس هاتنـە دەرەوەو دەستیان گرت بەسەر جبە خانەکانی دوژمن دا[2].

لە ترۆیکە سەرکەوتن و خۆشی داسـوڵتان بایەزیـد ووتـی:ئەمـەوێت ئیتاڵیا ئـازاد بکەم ولە کوشتارگەکەی قەشە"بترس"دا لە "ڕۆما"تێر جۆ بدەم بە ئەسپەکەم.[3]

زۆرێك لە خانەدانەکانی فەرەنسا لەوانە{کونـت دی نیڤر} خـۆی بـەدیلی گیران ، سوڵتان بایەزیدیش پێدانی فیدیەدانی لێ قبوڵ کـردن و دیلـەکانی لەگـەڵ {کونـت دی نیڤر} دائازاد کرد ، جا پابەندی کرد بە سوێند خواردن کەئیـدی نەگەڕێتـەوە

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية –د. علی حسون / ٢٤-٢٥ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٢ .

[3] محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي / ٣٣.

بۆ جەنگ کردن لەگەڵیدا ولەگەڵ ئەوەیش دا پێی ووت : من مۆڵەتت دەدەم کە ئەو سوێندە بشکێنی ،تۆش بۆت هەیە بگەڕێیتەوە بۆ شەڕکردن لە دژی من ، چونکە هیچ شتێك لەلای من لەوەخۆشتر نی یە لە بەرانبەر هەموو مەسیدیەکانی ئەوروپابجەنگم و سەرکەوتن بەسەریان دابەدەست بهێنم [1].

بەلام سیجسمۆندی پاشای مەجەڕ کە ئەوەندە بە هێزوو سوپاکەیدا ئەنازیوتووشی لوتبەرزی بووبوو،ئەیووت: : ئەگەرئەو ئاسمانە لەوبەرزیەوە دابرمێت ئەوا بە نێرەکانمان ڕائەگیرنەوە کەچی لە شەڕەکە هەلآت ورایە کرد، کە ڕودسی سەرکردەی سوارەکانیشی لەگەڵدابوو ، ئەوەندە دوور کەوتنەوە تاگەشتنە دەریای ڕەش ، کەشتی گەلێکی مەسیحیان لەوێدا بینی قونینە ناو یەکێك لەو بەلەمانەو

، وەبەپەلە وبێ لاکردنەوە لەهیچ تێی قووچاند ، پێگەی مەجەڕ لەبەرچاوی کۆمەڵگەی ئەوروپی لەدوای جەنگی نیکوبولیس زۆر کزی کردو ئەو سام و ترسەی هەیانبووبووبە هەڵم و چوو بەهەوادا [2].ئەو سەرکەوتنە یەکلاکەرەوە کاریگەری لەسەر بایەزیدو کومەڵگای ئیسلامی زۆر دروست کرد ، بۆیە بایەزید دەستی دایە بە ناردنی نامەگەلێك بۆ گەورە کاربەدەستەکانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی و مژدەی سەرکەوتنی گەورەی بەسەر نەصاراکاندا پێدان، ئەم نوێنەرانە کە ئەچوونە کۆشکی پاشا موسوڵمانەکان هەریەکەیان کۆمەڵێك دیلی هەڵبژاردەی مەسیحی لەگەڵ بوو وەك دیاری دەستی کەسێکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەش و بەڵگەیەکی ماددی بن لەسەرسەرکەوتنەکانی، بایەزید نازناوی "سوڵتانی ڕۆمی" وەرگرت وەك بەڵگەیەك لەسەر میراتگری دەوڵەتی سەلجوقیەکان و زاڵبوونی بەسەر نیمچە دورگەی ئەنادۆڵدا .

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية العلية –محمد فريد بك / ١٤٤.

[2] محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي / ٣٣.

هەروەها نوێنەرینارد بۆ لای خەلیفەی عەبباسی کە لە قاهیرە دائەنیشت داوای لێکرد کە دان بەو نازناوەدا بنێت سیفەتی ڕەسمی شەرعی بداتە ئەو دەسەڵاتە ی کە ئەم باوباپیرانی مومارەسەیان کردووە ، بەو شێوەیەش سام وترسی لەجیهانی ئیسلامیدا زیاد ئە کات . شتێکی سرووشتی بوو کە {برووق}ی مەملوکی خاوەن دەسەڵات کە پارێزەری خەلیفەی عەبباسی بوو ڕەزامەندی دا لەسەر ئەو داواکاری‌یە ،چونکە ئەم {بروق}ە سەیر دەکات تاکە هاوپەیمانی لە دژی هێزەکانی تەیموری لەنگ کە هەڕەشە لە دەوڵەتی مەملوکی ودەوڵەتی عوسمانی دەکات{بایەزید}ەو بەس دوای ئەمە ، هەزاران موسوڵمان کۆچیان کرد بۆ ئەنادۆڵ تا خزمەت بە دەوڵەتی عوسمانی بکەن، کۆچەکە پڕبوو لەوسەربازانەی بەشداری لەژیانی ئابووری و زانستی و دەوڵەتیان هەبوو لەئێران و عێراق و ئەودیو ڕووباردا . ئەمە جگە لەو کۆڕەوەی کە لە ترسی هێرشەکانی تەیموری لەنگ لەئاسیای ناوەڕاست ڕایان کردو هەڵاتن [1] .

چوارەم : <u>ئابلۆقە دانی قوستەنتینیە</u> :بایەزید توانی لەپێش شەڕی نیکوبولیس فشاری لەسەر ئیمبارتۆری بیزەنتی توند بکات ، وەئەوە بەسەر ئیمبراتۆردا بسەپێنێت کە ئەبێت قازی‌یەك-دادوەرێك-لەقوستەنتینیە دادابمەزرێنێت تا بڕیار لە کاروباری موسوڵمانانندا . بدات وزۆی نەبرد پایتەختی بیزەنتی ئابلۆقەدا ، ئیمبراتۆریش ئەوەی قەبوڵکرد کە دادگایەکی ئیسلامی دابمەزرێت و مزگەوتێك بکرێتەوەو حەوت سەد٧٠٠ماڵی ناوشاری تایبەت بکرێت بە ڕەوەندی ئیسلامییەوە هەروەها دەستی هەڵگرت لەنیوەی گەڕەکی غلطة (حي الغلطة) کە سەربازگەیەکی عوسمانی تێدا بوو کە ژمارەیان ٦٠٠٠ شەش هەزارسەرباز ئەبوون ، هەروەها سەرانەی دانراوی لەسەر دەوڵەتی بیزەنتی زیاد کردو خەزێنەی عوسمانی باجی خستە سەر ڕەزەکان وکێڵگە سەوزەکانی

---

[1] في أ صول التأريخ العثماني -احمد عبد الحليم / ٥٤-٥٥.

دەرەوەی شار بڵندگۆی مزگەوتەکان دەستیان کردەگواستنەوەی بانگ بۆ ناو پایتەختی بیزەنتی[١] .دوای ئەوسەرکەوتنە گەورەی عوسمانیەکان لەشەڕی نیکوبولیس بە دەستیان هێنا ، عوسمانیەکان پێیان لە بەلقان قایم کردوو ، ترس وبیم لەنێو گەلە بەلقانیەکاندا بڵاو بوویەوە و بۆ سنەو بولغاریا ملیان کەچکرد بۆ دەوڵەتی عوسمانی ، سەربازە عوسمانیەکانیش شوێن هێزە نەصرانیەبەزیوەکان کەوتبوون ، سوڵتان بایەزیدش فەرمانڕەواکانی نیمچە دورگەی مورەی سزادا لەبەر ئەوەی ، کە یارمەتی سەربازییان پێشکەش بە هاوپەیمانانی خاچ پەرستان کردبوو[٢]، وەك تۆڵە سەندنەوەیەکیش لە ئیمبراتۆری بێزەنتی لەسەر ئەو هەڵوێستە ددوژمنکارانەی کە هەیبوو بایەزید داوای لێکرد قوستەنتینیە بدات بەدەستەوە ، بەهۆی ئەمەوە ئیمبراتۆر مانوێل داوای هاوکاری لەئەوروپا کرد بەبێ هیچ سوودێك ، ڕاست ئەوەیە : دەست گرتن بەسەر قوستەنتینیە دا ئامانجێکی سەرەکی بوو لەبەرنامەی جیهادی سوڵتان بایەزیدی یەکەم دا .

بۆ مەبەستە{بایەزد}بە خۆی وسوپایەکەوە بزاوت وگەمارۆیەکی توندی خستە سەر بێزەنتەی پایتەخت و پاڵەپەستۆیەکی وای خستە سەری کە دەرچوونی بۆ نەبوو ، گەمارۆیەش دەوامی کێشا تا خەریك بوو بکەوێت، لەکاتێکدا کە ئەوروپا چاوەڕێی ئەم پایتەختەدێرینەی ئەکردلە ئەمڕۆ بە یانی دا کەچی سوڵتان پاشەکشەی کرد لەفەتح کردنی قوستەنتینیە ، لەبەرئەوەی مەترسیەکی نوێ لەسەر دەوڵەتی عوسمانی لە قوڵێکی ترەوە سەری هەڵدابوو[٣] .

---

[1] في أصول التأريخ العثماني –احمد عبدالحليم / ٥٣،

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٢ .

[3] الدولة العثمانية –د. إسماعيل أحمد / ٤٣.

پێنجەم پێکدادانی نێوان تەیموری لەنگ و بایەزید :تەیمور لەنگ سەر بە خێزانە خانەدانەکانی وولاتی ئەودیو ڕووبارە ، لەساڵی {١٣٩٩ ز}دا ، لەسەر تەختی خوراسان دانیشت کە سەمەرقەند بنکەکەی وولاتەکە بوو ،بەسوپا ترسێنەرەکانی یەوە توانی فراوان خوازی یەکی زۆر بکات ، دەست بگرێت بەسەر زۆربەی جیهانی ئیسلامیدا ، جاهێزە گەورەکانی بە ناوئاسیادا لەدلهی‌یەوە بۆ دیمەشق و لە دەریانی ئاراڵەوە بۆ کەنداوی عەرەبی بڵاو کردەوە ، وفارس وئەرمینیا و بەرزاییەکانی فورات و دیجلەوئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان دەریای قەزوینەوە تا دەریای ڕەش هەموو داگیر کرد ، هەروەها لە ڕوسیادا دەستی گرت بەسەر ناوچە درێژەوەبووەکانی نێوان ڕووبارەکانی فولجاو دۆن و دنیبرە ،

وەڕایگەیاند کە زۆر نابات دەست بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا ئەگرێت کە خەڵکی تێدایە دەیکاتە موڵکی تایبەتی خۆی ، هەمیشە ئەوەی دووبارە ئەکردەوە : (پێویستە لە یەك گەورە زیاتر لەسەرزەویدا نەبێت وەك چۆن جگە لەیەك خوا لەئاسمان دانی یە) [1].

تەیمورلەنگ بەوە دەناسرێت کە پیاوێکی دلێروو خاوەن لێهاتوویەکی سەربازی وبەهرەیەکی سیاسی بووە ، پێش ئەوەی بڕیارێکی بدایە زانیاری تەواوی‌بۆ کۆدەکردەوە وسیخوەکانی بڵاوەو پیێ دەکردو ، پاشان لەدوای تێڕامان و تیاوەستانێکی زۆرو دوور لە پەلە، بڕیارەکانی دەردەکرد ئەوەندە سامی هەبوولای سەربازەکانی هەر فەرمانێکی دەربکردایە خێرا جێ بەجێیان دەکرد،ئەو فەرمانە هەرچی بوایە ، تەیمور بەو پێیەی موسوڵمان بوو خاتری زانایان و پیاوانی ئایینی زۆردەگرت بەتایبەت شوێنکەوتوانی ڕێبازی(تەریقەت)ی نەقشبەندی [2].

---

[1] في ا صول التأريخ العثماني / ٥٦.

[2] في اصول التأريخ العثماني / ٥٦ .

چەند هۆکارێك هەبوون کە بەشداریان کرد لە دروستبوونی ململانێی نێوان تەیموری لەنگ و بایەزیددا ، لەوانە :

١. ئەوسەرکردانەی عێراق دابوون و تەیمور دەستی گرت بەسەروولاتەکەدایاندا ، پەنایان بردە بەر بایەزید ، هەروەك هەندێك لەسەرکردەکانی ئاسیای بچوك پەنایان بردەبەر تەیموری لەنگ ، جا پەنابەررانی هەردوولا هانی خانە خوێکانیان ئەدا بۆ ئەوەی شە ڕدژ بەلایەنی بەرامبەر ڕابگەیەنێت.

٢. هاندانی مەسیحی‌یەکان بۆ تەیموری لەنگ و پاڵپێوەنانی بۆ لەناو بردنی بایەزید.

٣. نامە ئاگرینەکانی نێوان هەردوولا ، جا یەکێك لەونامانەی کە تەیمور ناردبووی بۆ بایەزید کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوکایەتی پێ دەکات ، کاتێك بە ناڕوونی باسی شەجەرەی بنەماڵەکەی دەکات ، وەلێبوردنی بۆ خستۆتە ڕوو بە بیانووی ئەوەی کە ئالی عوسمان چەند خزمەتگوزاریەکی بەنرخیان پێشکەش بەئیسلام کردووە ، وەئەگەر چی نامەکەی بەسیفەتی سەرکردەیەکی تورك کۆتایی پێ هێناوە ، بەبچوك کردنەوەی شان و شکۆی بایەزیدێك کە ئەو تەحەددایەی قبوڵ کردو بڕیاری دار کرد کە بەزوویی تەیموری لەنگ پاشەکشە پێ دەکات بۆ تەبرێزو سوڵتان نی‌یە [1].

هەریەك لەو دووسەرکردە ، تەیمور لەنگ و بایەزید هەوڵیان بۆ فراوان کردنی دەوڵەتەکەی خۆیان ئەدا.

شەشەم : دارمانی دەوڵەتی عوسمانی :تەیموری لەنگ بەسوپاکانی‌یەوە پێشڕەوی کرد و سیواسی داگیر کرد و ئەو سەربازگەیەی لەناو برد کە ئەمیر ئورتوغرلی کوڕی یەزید سەرکردایەتی دەکرد ، هەردوو سوپا لەنزیك ئەنقەرە لەساڵی ٨٠٤ ك ، ١٤٠٢ز دا بەیەك گەشتن ، سوپای بایەزید دەگەشتە

---

[1] في أصول التأريخ العثماني / ٥٧.

١٢٠٠٠٠سەدو بیست هەزار موجاهید و کە ئامادە بوون بۆ ڕووبە ڕووبونەوە لە گەڵ د>ەکەیدا ، تەیمورلەنگیش بە ڕێبەرایەتی هێزێکی بێشومار ، لە ٢٠ ی یولیوی ١٤٠٢ز واتە ٨٠٤ك دا ، کشاو سەرئەنجام مەغۆل سەرکەوتنی بەدەست هێناو ، بایەزیدیش بەدیل گیرا ، لەناو کۆت و زنجیری دیلینیدا مایەوەو تا ساڵێك دوای ئەوە مەرگ بوویە میوانی و کۆچی دوایی کرد [١].ئەم نشوستی یە بە هۆی هەڵپەو پەلە پەلکردنی بایەزیدەوە ڕوویدا ، چونکە هەڵبژاردنی ئەو شوێنە گونجاو نەبوو کە ئەم سوپاکەی تێدا مۆڵدا، کە لە ١٢٠سودوبیست هەزار جەنگاوەر زیاتری نەبوو ، لە کاتێکدا کە سوپای بەرامبەری لە ٨٠٠ هەزار کەمتر نەبوون ، زۆرێك لەسەربازەکانی بایەزید لەشوێنێکدا لەبەر نەبوونی ئاو لوە تینوێتیدا مردن ، کاتەکەش هاوینێکی زۆر گەرم بوو ، هەر کەدووسوپاکە لەئەنقەرەدا بەیەك گەشتن ،ئەو سەربازەی تەتاریانەی لەسوپای بایەزیدا بوون لەگەڵ ئەو سەربازانەی لە میرنشینە ئاسیاییەکانەوە کە زۆر نەبوو ئازاد کرابوون وهاتبوونە ناو سوپای بایەزد ڕایان کرددایانە پاڵ تەیمووری لەنگ جا سوڵتانی عوسمانی دوای ئەوەی نە خۆی و نە سوپاکەی ئەو ئازایەتی وشە ڕی مان ونەمان لە جەنگەکەدا تێدا نەما [٢].

دەوڵەتە نەصرانیەکان لە ڕۆژئاوادا دڵخۆش بوون بەسەرکەوتنی تەیموری لەنگ ، و توشی گەشکە بوون بەفەوتانی بایەزید و ئەو لەیەك هەڵوەشان وپەرشو بڵاو بوونەوەی کە دەوڵەتەکەی دووچاری بوو . پاشاکانی ئینگلترا و فەرەنساو قشتالەیش و ئیمبراتۆری قوستەنتینیە نوێنەریان نارد بۆ لای تەیمورلەنگ تا پیرۆزبایی لێ بکەن لەسەر ئەو سەرکەوتنە گەورەو زاڵبونەگەورەی کە بەدەستی هێناوە ، ئەوروپا باوەڕی وابوو کە بۆ هەتایی ڕزگاری بوو لەمەترسی عوسمانی

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث.

[2] محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي / ٣٥.

کـە بـەردەوام دەیترسـاندن و هەڕەشـەی لـیّ دەکـردن [١]. تـەیموری لـەنگ دوای ڕوخانی بایەزید دەستی گرت بەسەر ئەزنیق و بروسەو چەندین شارو قەڵای تـردا ، پاشـان قـەڵاکانی ئـەزمیری کوتـا و لـەژێر چـنگی سـوارەکانی ڕۆوس (سوارەکانی قدیس یوحەننا) ڕزگاری کرد بۆ ئەوەی پاساو بنێتـەوە لەبەرامبـەر ڕای گشتی ئیسلامی دا کە تۆمەتباریان دەکرد بەوەی گورزێکی توندی ئاراستەی ئیسلام کردووە ،بە لەناو بردنی دەوڵەتی عوسمانی ، تەیمورلەنگ لە پەلاماردان وکوشتنی سوارەکانی قدیس یوحەننا مەبەستی ئەوە بوو مۆرکی جیهاد بدات لە جەنگەکانی خۆی لە ئەنادۆڵدا [٢]. هـەروەها تـەیموری لـەنگ میرەکانی ئاسیای بـچوکی گێڕایـەوە بۆسـەر موڵکـە پێشووەکانی خۆیـان ، ئـەو میرنـشینانەش کـە دابویانە پاڵ بایەزیـد سـەربەخۆیی خۆیـانی گـیّ ڕانـەوەو هـەروەها ، تەیمورلەنگ تۆوی دووبەرەکیشی چاند لەنێوان نەوە کانی بایەزیدا چاند کە لەسەر کورسـی دەسەلات ناکۆکیان تیّ کەوتبوو [٣].

حەوتـەم : جەنگـە ناوخۆیـیەکان : لەڕاستی دا دەوڵـەتی عوسمانی ڕووبە ڕووی مەترسـیەکی نـاوخۆیی بوویـەوە کـە لـە شـێوەی جـەنگێکی ئەهلی دایـە خـۆی دەنواند ، لەنێوان کوڕەکانی بایەزیـد دا لەسەر کورسـی دەسـەلات ، ئەوجەنگـەش ١٠ ساڵی خایاند، (٨٠٦-٨١٦ك ، ١٤٠٣-١٤١٣ز) ،[٤]بایەزید پێنج کوڕی هەبوو ، کەلەجەنگدا بەشداریان لەگەڵدائە کرد.

موستەفا یەکێکە لەکوڕەکان گومـان دەبرێت کە لەشـەرەکە دا کوژرابێت ، موسـی لەگەڵ باوکیدا بەدیل گیرا ، سیانەکەی تر هەڵهاتن و ڕزگاریـان بـوو ، گەورەکـەیان

---

1 محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي / ٣٦.

2 في أصول التأريخ العثماني / ٥٩ .

3 في أصول التأريخ العثماني / ٥٩ .

4 الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٣ .

سولەیمان بوو کە چوو بۆ ئەدرنە و خۆی بەسوڵتانی ئەویٚ ڕاگەیاند ، عیسی چوو بۆ بروسە و بەخەڵکی ڕاگەیاند کە ئەم خەلیفەی باوکێتی ، محمدیش کە بچوکترینیان بوو لەگەڵ هەندیٚ سەربازدا پاشەکشەی کرد بۆ ئەماسیا لە باکوری ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچوك ، جەنگ لەنێوان ئەوسیٚ برایەدا هەڵگیرسا و هەریەکەیان لەلایەکەوە لەنێوان خۆیاندا گۆشەیەکی دەوڵەتە هەڵوەشاوەکەیان بۆ خۆی دەکێشا ، دوژمنانیش لەهەموو لایەکەوە خۆیان بۆ مەڵاس دابوون . پاشان تەیموری لەنگ میر موسای بەردا بۆ ئەوەی ئاگری فیتنەی پیٚ خۆش بکاتوشەڕلەنێوانیاندا بڵێسە ی زیاتر بسێنێت ئاگرەکە خۆشتر بێت ودەستی کردە دنەدای ئەمیان دژ بەئەویان بە شەڕوو هەندێکیانی بەهەندێکی تریان فروو ئەدا [1]. پاش ساڵێك تەیموری لەنگ دوای ئەوەی تەڕوو ووشکی پێکەوە سوتاند ، بەسوپاکەیەوە کۆچی کردو وولاتی بەدوای خۆیدا بەجیٚهێشت لەسەر خراپترین باری دەمارگیری و وێرانەیی و پشێوی بە جیٚ هێشت [2].ئەم قۆناغە لەمێژووی دەوڵەتی عوسمانی دا قۆناغی تاقیکردنەوەو ی بەلابوو ، کە سەرەتا بوو بۆ پەیدابوونی دەسەلات کە خۆی لە ئازادکردنی قوستەنتینیەدا بینیەوە ، سوننەتی خواییش بەردەوام وابووە کە ئوممەت ناگاتە دەسەلات تا تاکو بە قۆناغە جیاوازەکانی تاقی کردنەوەدا تێپەڕنەبێت یان تا کانزاکەی لەبۆتەی ڕووداوەکاندا نەتوێتەوە ، ئەوکاتە خوای گەورەش پیس لەپاك جیا دەکاتەوە، ئەمەش سوننەتێکی بەردەوام بووە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی و پێچەوانەکەی ڕوونادات، خوای گەورە ویستی باوەڕداران توشی بەلا و تاقی بکات تا ئیمانیان بژار بکات ، پاشان لەدوای ئەمە لەسەر زەویدا دەسەلات وتەمکینیان دەستکەوێت .

[1] محمد الفاتح / ٣٦ .

[2] محمد الفاتح / ٣٦ .

تاقیکردنەوەی باوەڕداران لە پێش تەمکین کارێکی حاشا هەڵنەگرەو بۆ بژار کردنیئیماندارانە تابونیادیان قاییم بێت وڕیشك دابکوتن پێش تەمکین ، خوا دەفەرموێت : ﴿أحسب الناس ان يتركوا ان يقولو امنا وهم لا يفتنون{٢}ولقد فتنا الذين من قبلهم فليعلمن الله الذين صدقوا وليعلمن الكاذبين﴾العنكبوت : ٢-٣ .

واتە :خەڵکی وادائەنێین کە وازیان لێبهێنرێت کە وتیان ئێمە ئیمانمان هێناوەو ئیدی تاقی نەکرێنەوە*ئێمە خەڵکانی پێش ئێوەشمانت تاقی کردووەتەوەو تا خوا دەری بخات کێ ڕاستگۆیسەو کێ درۆزنە.

فیتنە بەواتای تاقی کردنەوە بە ئەرکی قورس وگران دێت .... وەك بەجێ هێشتنی نیشتمان و جیهاد کردنی دوژمنان و هەموو گوێڕایەڵیە قورسەکان و وازهێنان لە ئارەزووەکان وتاقیکردنەوە بە هەژاری و هەموو جۆرەکانی لێقەومان چ لەکەس وکاردا بێت وچ لە کاروو باردابێت ،هەروەها کێبەرکێ کردن لەگەڵ کافراندا لە سەر ئازاروو فرت وفێڵیان [1]. وەخۆڕاگری لەڕووی بێباوەڕان لەسەر ئازارو فێڵیان .

ابن کثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : پرسیارکردن لەئایەتی ﴿أحسب الناس ﴾ پێی ئەوترێ {ئیستفهامی ئینکاری واتە{پرسیارکردنی نکوتی کردن} ، واتاشی ئەوەیە کە خوای گەورە هەردەبێت بەندە باوەڕدارەکانی بەپێی ئەو ئیمانەی کە لەلایانە تاقی بکاتەوە ، هەروەهالە دەفەرمووەدەی صەحیحدا هاتووە : (أشد الناس بلاءا الأنبياء ثم الصالحون ثم الأمثل فالأمثل يبتلى الرجل على حسب دينه فإن كان في دينه صلابة زيد له في البلاء) رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح .

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕوونی کردۆتەوە تاقی کردنەوە سیفەتێکی پێویستە بۆ باوەڕدار کاتێك دەفەرموێت : (مثل المؤمن كمثل الزرع لا

---

[1] تفسير النسفي : ٣/ ٢٤٩ .

تزال الرّيح تميله ، ولايزال المؤمن يصيبه البلاء ، ومثل المنافق كمثل شجرة الأرز لا تهتز حتى تستحصد) رواه مسلم .

سوننەتی بە توشبوون بە بڵاوو تاقیکردنەوەلەنێو هەموو ئوممەت و دەوڵەت و گەل و کۆمەڵگەیەکدا هەبووە ، بۆیە سوننەتی خواییش توشی دەوڵەتی عوسمانیش بوو ، عوسمانییەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دیاننالاند بەدەست ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە کەچی خڕاگربوون لەبەردەم ئەو لێقەومانەدا کە اه ئەنقەرەدا توشیان هات، تاکو محمدی یەکەم لەساڵی ١٤١٣ز دا حوکمی گرتەدەست و توانی هەموو ئەو زەویانە کۆبکاتەوە و یەکبخات کە پێشتر هی دەوڵەت بوون و لەدەستی دابوون ، بەئاگاهاتنەوەی دەوڵەت لە کارەساتی ئەنقەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوبەرنامە خوایی یەی کە لەسەری دەڕۆشتن کە عوسمانیەکانی کردەئوممەتێکی بەئاگادا لەڕووی بیرو باوەڕی و ئاینی و ڕەوشتی وئاکاری جیهادیەوە ، بەفەزڵی خواش عوسمانییەکان گەرم گوڕیدیندری و ڕەوشتە بەرز و بەڕێزەکانیان خۆیانیان پاراست[1]. پاشان بەهۆی لێهاتوویی و کەم وێنەیی ئورخان و عەلائەددینی برای کە دەوڵەتە نوێکەیان پێ ڕێکخستنەوە بەهۆی ئەو کارگێڕییە ی جێگەی سەرسوڕمان بوو هەروەهابەهۆی ئەو فێرکردنە بەردەوامەی نەوەو گەنجە عوسمانییەکانیان وەریان دەگرت وهۆکاری تری زۆریش هەموو وای کرد کە هێزێکی زیندووی تەواوی بۆ عوسمانییەکان بگەڕێتەوە ، زۆری نەبرد ئەو دەوڵەتە لە دوای کارەساتی ئەنقەرە سەرلەنوێ لەنێو ئەو داڕمان و کەلاوانەدا سەر لەنوێ ژایەوەو گەشایەوەو ئاوی ژیان و ڕۆحی شەریعەت بەڕەگ و ڕیشەیدا دەستی بە هاتوو چۆکردن

[1] في أصول التأريخ العثماني / ٦١ .

کردەوزەو سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە ڕێگە بڕین وبەرەو پێشەوە چوون کە دوژمنان و دۆستانی سەرسام کرد [١].

باسی پێنجەم

سوڵتان محمدی یەکەم

سوڵتان محمدی یەکەم لەساڵی {٧٨١ك - ١٣٧٩ز} ، لەدایك بووە [٢] و کاروباری ئوممەتی لەدوای مردنی بایەزیدی باوکی گرتەدەست ، لەمێژوودا بە (محمدچەلەبی) یش ناسراوە ، باڵای مام ناوەند بووە ، دەم و چاوی خڕ و ئەبرۆکانی پێکەوە نووسا و پێستی سپی، ڕوومەتی سورو سینگی فراوان و خاوەنی جەستەیەکی بەهێز بووە ،ئەوپەڕی چالاکی و ئازایەتی دابووە مومارەسەی زۆرانبازی دەکرد ، بەهێزترین پەتی کەوانی ڕادەکێشا ، لەکاتی فەرمانڕەواییدا بەشداری ٢٤جەنگی کردووە ٤٠ جار بریندار بووە [٣] سولتان چەلەبی توانی کە زاڵ بێت بەسەر شەڕی ناوخۆیی دا بەهۆی ئەو وریایی و دووربینیەی کە هەیبوو ، هەروەها یەك یەك بەسەر براکانیدا سەرکەوت تاکو هەموو کارەکە بۆ خۆی مایەوەو بوو بەسوڵتان . حوکمی هەشت ساڵ تەمەنی لە ناو دەسەڵات دا بۆ سەر لەنوێ بنیادنانەوەی دەوڵەت و پتەوکردنی پایەکانی بردەسەر [٤].هەندێك لە مێژوو نووسان بەدامەزرێنەری دووەمی دەوڵەتی عوسمانی دادەنێن [٥]. ئەوەی لەو سوڵتانە بەجێماوە ئەوەیە کە : ورە و لەسەرخۆیی پێکەوە بەکار دەهێنا لەکاتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا کە دەستی

---

1 محمد الفاتح / ٣٧ .

2 أخطاء يجب أن تصحح (الدولة العثمانية) / ٣٣ .

3 السلاطين العثمانيون / ٤١ .

4 محمد الفاتح –د.سالم الرشيدي / ٣٧ .

5 السلاطين العثمانيون / ٤١ .

ئەگرتەوە بە سەریاندا پاش ئەوەی داری گوێڕایەڵی دەوڵەتیان ئەشکاند ،بۆ نمونە کاتێك دەستی گرتەوە بەسەر میری وولاتی (قەرمان) دا کە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بوو،ئەوە بوو گەردنی ئازا کردوو سوێنی بەقورئان پێ خوارد کە لەمەودوا ناپاکی لەدەوڵەت نەکات دوای ئەوەش کە سوێندەکەی شکاند بۆ جاری دووەمیش لێی خۆش بوو [1].ئامانجی سیاسەتەکەی بنیادنانەوەی دەوڵەت و بەهێز کردنی بوو لەناوخۆدا لەبەر ئەوەی ئاشتی لەگەڵ ئیمپراتۆری قوستەنتینیە ڕاگەیاندوو و هاوپەیمانی لەگەڵ بەست و هەندێ لەشارەکانی سەرکەناری دەریای ڕەش و شالیای بۆ گەڕاندەوە ، {بوندوقیە}شی ئاشت کردەوە لەدوای ڕوخانی کەشتیگەلەکەی لەبەرامبەر کیبتولی و ئاژاوەکان وشۆڕشەکانی ئاسیا و ئەوروپای دامرکاندەوەو ملی بە هەندێ لەو میرنشینە . هەندێ لەو ئیماراتە ئاسیاییانەش کەچ کرد کە تەیمورلەنگ زیندووی کردبوونەوە ،ملیان دانا بۆ گوێڕایەڵی و لایەنگری کردن [2]. لەسەردەمی سوڵتان محمد داکابرایەك بەناوی "بدرالدین" کە سیفاتی زاناکانی ئاینی ئیسلامی لە خۆی نابوو لەناو خەڵکدا ناوی دەرکرد کە پێشتر لەسوپای موسای برای سوڵتان محمد دابوو ، پلەی دادوەریی {قازی} وسەربازی گرتەدەست کە بەرزترین پلەکانی ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، ئەو قازیەش لەلایەن موسای کوڕی بایەزیدەوە باوەشی بۆ کرایەوە . خاوەنی (الشقايق النعمانية) دەڵێت : (شیخ بدرالدین محمودی کوڕی ئیسرائیلی ناسراو بە" ابن قاضي سيماونه" ، لەقەلای سیماونە لەولاتی ڕۆم لەدایك بووە کە یەکێکە لە لادێکانی ئەدرنە کە دەکەوێتە بەشە ئەوروپییەکەی تورکیا ، باوکی دادوەری ئەوێ بوو ، هەروەها میری سەربازگەی موسوڵمانان بوو لەوێ ، ئازادکردنی ئەو قەلایە لەسەر دەستی ئەودا

---

[1] تأريخ الدولة العلية العثمانية / ٢٤٩ .

[2] محمد الفاتح –الرشيدي / ٣٧ .

بوو ، لەدایك بوونی شێخ بدرالدین لەکاتی سوڵتانی غەزاکەر (خوداوەندکار)
واتە: {موڕادی یەکەم} دابوو کەیەکێك بوو لەسوڵتانەکانی ئالی عوسمان ، پاشان
ئەم شێخە هەر لەمنداڵیەوە زانستی لەباوکیەوە وەرگرت و قورئانی لەبەرکرد
.لەلای مامۆستایەك دەستی کرد بە خوێندن بە {شاهیدی}ناوبانگی دەر کردبوو
"صەرف" و "نەحو"یش لەلای مەولانا یوسف فێر بوو ، پاشان کۆچی کرد
بۆوولاتی میصر ناوچە میسریەکان ، لەوێ لەگەڵ بەڕێز شەریفیجورجانی دا
لەلای {مەولانا موبارەك شاهی مەنتیقی}کە مامۆستابوو لە قاهیرەدا هەندێکی
تری خوێند ، پاشان لەگەڵ "موبارەك شاه"دا حەجی کردو لەلای "شێخی
زەیلەعی" لەمەککە خوێندی پاشان چوو بۆ قاهیرە ولەگەڵ جورجانیدا لای
"شیخ أكمل الدینی بایبور"ی خوێندی وکە لەسەر دەستی ئەم{ شێخ بدر
الدین}ە دا سوڵتان فەرەجی کوڕی سوڵتان بەرقوقی پاشای میسر (سوڵتان
بەرقوقی مەملوکی میسر) پێگەییوە .
پاشان ئەم{ شیخ بدر الدین}ە فێری جەزبەی خودایی ئەبێت ، دواتر ئەچێتە لای
شیخ سعیدی أخلاطي كة لەوکاتەدا لەمیسر نیشتەجێ بوو ، ئیتر ئەوە ڕووئەدات
کە ڕووی دا (واتە بووبە موریدی) ، "شیخی أخلاطي" ناردی بۆ تەبریز بۆ
{{ئیرشادکردنی}}سۆفیزم ، دەگێڕنەوە کاتێك تەیموری لەنگ هاتە تەبریز ،
بدرالدین لە لایەن ئەمیری ناوبراوەوە -واتە تەیموری لەنگ- ماڵێکی زۆرو ئەو
پەڕی گەورەی پێدرا، پاشان شێخی بدر الدین هەموان بە جێ دێڵێ وئەچێت بۆ
بەدلیس ، پاشان ئەچێت بۆ میسر ، ئینجا بۆ حەلەب دواتر بۆ قونیە ، پاشان بۆ
{تبرە} لەوڵاتی ڕۆم ، پاشان سەرۆکی دورگەی ساقز-کە کابرایەکی مەسیحی
بوو -بانگی دەکات و ئەویش لەسەر دەستی شێخ موسوڵمان ئەبێت... ، موسا
کە یەکێك بووە لە لەکوڕەکانی {عوسمانی غەزاکەر}کە دەسەڵاتی پەیدا کرد
بەشێخ بدرالدینی کردە داوەری سەربازەکانی ، پاشا محمد موسای برای کوشت

و شـێخی لەگـەڵ خێزانەکەیـدا لەشـاری ئـەزنیق دەسـت بەسـەر کـرد [1]. شـێخ بدرالدین محمودی کوڕی ئیسرائیل لەئەزنیق کەشارێکە لـەتورکیا ، دسـتی کرد ەبانگەشە کردن بۆ ڕێبازە گەندەڵەکەی ، بانگەوازی یەکسانی ماڵ و کەل و پەل و ئایینـەکانی دەکرد و جیاوازی نێوان موسـوڵمان و ناموسـوڵمانی لـەبیرو بـاوەڕدا نەدەکردو ، دەیووت : خـەڵك بـران هەرچـەندە بیروباوەڕو ئایینیان جیاواز بێت ، ئەوەش ئەوەیە کە ماسۆنیەتی جولەکە بانگەوازی بۆ دەکات ، بۆیە زۆرێك لە گێل و نـەزان و خـاوەن مەبەسـتە نزمـەکان دایانـە پـاڵ بانگـەوازە پڕوپوچـەکەی ، بدرالـدین چـەند خوێنـدکارێکی هـەبوو کـە بانگـەوازیان بـۆ بەرنامـە و ڕێـڕەوە خراپەکەی دەکرد . لەناودارترین ئەو بانگخوازانە کەسێکی ناسراو بە (بیر قلیجە مستەفا) بوو هەروەها یەکێکی تریشی هەبوو بەناوی{طورە کمال}کە ئەڵێن لـە بنـەڕەت دا جوولەکـە مەزهـەب بـووە ،دیـارە جولەکـەش هەمیـشە لەپـشت پیلانەکانداية ، هەرلەکاتی پێغەمبەرەوە (ص) تائەم سەردەمەی خۆشمان ، ئەو ڕێبازە خراپـە بڵاو بوویـەوە و شـوێنکەوتەی زۆر بـوو ، سـوڵتان محمـدی چەلەبی بـەرەنگاری ئـەو ڕیبـازە پڕوپوچـە بوویـەوە ویـەك لەسـەرکردەکانی بەسـوپايەکی گەورەوە نـارد بـۆ شـەڕی بدرالـدین ، بەداخـەوە سـەرکردە "سیـستمان" کـە محمـد چـەلەبی نـاردبووی لەسـەر دەسـتی (بـیر قلیجـە) ی ناپـاك کـوژراو سـوپاکەی نـشوستی هێنـا ، سـوڵتان محمـد چـەلەبی سـوپايەکی تـری ئامـادەکرد ، بەسـەرکردایەتی بايەزيـد پاشـای وەزیـری یەکـەمی ، ئـەویش جـەنگی لەگـەڵ "بیرقلیجە"دا کردو لەناوچەی (قرەبورنو) بەسەریدا سەرکەوت ، و دواتـر سزای جـەنگی درا بەسـەر "بیرقلیجـە مـستەفا"دا وەك جێبـەجێ کردنـی ئـەم فەرمانـە خوايی یە [2] کە دەفەرموێت : ﴿انما جزاء الذين يحاربون ......عذاب عظيم﴾ المائده

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ١٣٣-١٣٤ .

[2] أخطاء يجب أن تصحح (الدولة العثمانية) / ٣٥ .

: ٣٣ .واتـه :بـه بـیٚ گومـان پاداشتی ئەوانـەی کـه شـەڕ لەگـەڵ خـواو پێغەمبـەردا ئەکەن وهەمیشه خەریکی ئەوەن که گەندەڵی له زەویدا بەر پابیێت ئەوەیـه کـه بـه خراپترین شێوه بکوژرێن یان چوار مێخه بکرێن یان دەست و قاچیان به پێچەوانه یەکترییەوه ببڕێت یان دووربخرێنەوه له وولاّت لـه زەوی ،با ئـەوه سـەر شـۆڕییەك بێـت بۆیـان لـەدونیاداو سـزایەکی سـەر سەختیـشیان لـه ئـاخیرەت دا بـۆ ئامـادە کـراوه.شـیخ بدرالـدین بـەردەوام بـوو لـه گومڕاییەکەیـدا ، وایـدەزانی کـه چـەند ولاّتێکی بەدەست دەکەوێت بەهۆی ئەو پەرتەوازەو پشێویەی که هـەموو لایـەکی وولاّتـی گرتبوویـەوه ، بدرالـدین دەیـووت: (مـن بۆیەشـۆڕش دەکـەم تـا هـەموو جیهـان بخەمـه ژێـر ڕکێفـی خۆمـەوه ، بـەپێی بیروباوەڕەکـانی مـن کـه پـڕن لـه ئاما>ەی نادیـار جیهـان دابـەش دەکـەم بەنێو موریدەکانمـدا ، بەهێزی زانست و نهێنی یـەکتا پەرسـتی . وەیاسـاکانی ئـەهلی چـاولێکەری و ڕێبازەکـەیان پـوچ دەکەمـەوه . بەبۆنـەی فراوانـی سەرچـاوەکانمەوه هەنـدیٚ لەحەرامـەکان حـەلاّڵ دەکـەم) [1]. میری {ئـەخلاق} لـه ڕۆمانیـا پالّپـشتی ماددی و سـەربازی ئـەم جـودا خوازی بیدعه چی یـه زندیقـەی* کـرد، سولّتان محمد چەلەبی لەقەرەولّدابوو بۆ ئەو بانگەوازە خراپه و پەتی خنکانی لیٚ توند کردەوه ، تاکو بدرالدین ناچار بوو کـه بپەڕێتـەوه بـۆ ناوچـەی دلـی ئورمـان –کـه ئەکەوێتـه بولغاریـای ئێـستا [2]– ، محمد شرف الدین دەربارەی هەلّهاتنی شێخ بدرالدین بۆ دلّی "ئۆرمان" دەلّێت (ئـەو ناوچـەیه و هـەموو ئـەو ناوچانـەی دەوروبـەر مۆلّگـەی باتینیـەکان بـوو ، ئـەو ناوچـەیەکه جمـەی دەهـات لـه شـوێنکەوتوانی شۆڕشـی بابـا ئیـسحاق کـه لـەدژی

---

[1] العثمانیون في التأریخ والحضارة / ١٤٠ .

*زندیق/بەکەسێك ئەوترێت که به ڕووکەش ئیمانداربێت ولـه ناخـەوه بێـدین بێـت سەیری {المنجد} بکه."وەرگێڕ.ا}

[2] العثمانیون في التأریخ والحضارة / ١٤٠ .

دەوڵەتی عوسمانی لەنیوەی سەدەی حەوتەمی کۆچی دا بەرپابوو بوو ڕووکردنی شێخ بدرالدین بۆ ئەو ناوچەیە وا سەرکەوتنی لە کۆکردنەوەی هەزاران وابەستەو پشتیوان بۆ خۆی و بزوتنەوەکەی لەوناوچەیەدا بەڵگەی تەواوە کە لەبەر چی شێخ ئەو ناوچەیەی هەڵبژارد [1]. لە دلی" ئورمان" هاوکاری یە ئەوروپیەکان بۆشێخ دەستی پیّ کرد ، سنووری ڕاپەڕین لەدژی سوڵتان محمدی یەکەم فراوان بوو ، دەستەی جودا خوازەکان کە دوژمنی ئیسلامی ڕاستەقینە بوون تا دەهات زیادی دەکردوو گەیشتە{٧}تا{٨}هەزارجەنگاوەر [2].

سوڵتان محمدی یەکەم بەوریایی و هۆشیاریەوە کاروبارەکانی جیّ بەجیّ دەکردو بیّئاگا نەبوو لەوەی کە ئەو ڕاپەڕیوانە دەیانکرد ، سوڵتان خۆی هەستا بەشەڕکردن دژ بەّ شیخ بدرالدین و ، ئەوەش بە ڕێبەری کردنی سوپایەکی گەورەبوو لە {دلی ئورمان} .

سوڵتان محمد مەڵبەندێکی بۆ سەرکردایەتی لەسیروز –یۆنانی ئەمڕۆ– دانا ، سوڵتان هێزەکانی نارد بۆ ڕاپەرینەکان و تێکی شکاندن و بدرالدینی سەرکردەی ڕاپە ڕیوەکان دوای شکاندنەکەی لەناوچەی {دلی ئورمان} خۆی شاردەوەو ڕای کرد تا نەکە وێتە لەدەست سوڵتان [3].هەواڵگیری سوڵتان محمدی یەکەم توانی ڕیزەکانی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە لەیەك بترازێنێت و نەخشەیەکی ووردو بەهێزیان بۆ دابنیّ ، کە ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە بدر الدینی بیدعە چی سەرکردەی ڕاپەڕیوەکان بە دیل گیرا [4]. کاتێك سوڵتان محمدی یەکەم بدرالدینی بینی پێی ووت : ئەوە چییە دەبینم دەمو چاوت زەرد بووە ؟ بدرالدین وەڵامی دایەوە و

---

1 العثمانيون في التأريخ والحضارة / ١٤٠ .

2 العثمانيون في التأريخ والحضارة / ١٤٠ .

3 العثمانيون في التأريخ والحضارة / ١٤٠ .

4 العثمانيون في التأريخ والحضارة / ١٤٠ -١٤٢ .

ووتـی : گـەورەم خـۆر کاتێـك لـەئاوابوون نزیـك دەبێتـەوە زەرد هەڵدەگـەڕێ .
زانایانی دەوڵەت دەستیان کرد بە مونازەرەیەکی زانستی ئازاد لەگەڵ بدرالدین دا ، پاشـان دادگایـەکی شـەرعی دانـرا ، وەحـوکمی لەسـێدارە دانـی دەرکـرد پـشت ئەسـتوور بەفـەتوای ئـەو زانایانـەی کـە بـەپێی ئـەم بـەر چاو ڕوونیـەی پێغەمبـەر (صلی الله علیه وسلم)کە ئەفەرموێت { من اتاکم وامـرکم جمیعا علـی رجـل واحـد یرید أن یـشق عـصاکم و یفـرق جماعتکم فـأقتلوه} واتـە:{ هـەر کەسێك هـات و لـە کاتێکیشدا کەکاروبارەکان یەکپارچەو هەموو لەدەوری یەك کەس کۆبوونەتەوەو ئەوئەیـەوێ داری دەسـەلآتتان بـشکێنێ وکۆمەڵەکـەتان لـەت وپـەت بکـات ئـەوە بیکوژن. رواه مسلم: ١٨٥٢
ئـەو ڕێـڕەوە خراپـەی کـە بدرالـدین بانگەشـەی بـۆ دەکـرد هەرهـەمان ڕێـڕەوی ماسۆنی جولەکەی سەردەمی ئەمڕۆیە –سەدەی ١٥ی کۆچی ، ٢٠ ی زایـنی –کـە کـاری ئەوەیــە ســنوور لــەنێوان نێـوان هــەوادارانی بــیرو بـاوەڕە ئیـسلامیەیە دروسـتەکان و هـەوادارانی بـیرو بـاوەڕە خراپەکانـدا نـەهێڵێت چـونکە چـۆن ڕێئەکەوێت برایەتی لەنێوان ئەونەی دژایەتی خواو پێغەمبەردەکەن وئەوانەی باوەڕداری یەکتاپەرستی دروست بێت ! [1]
سوڵتان محمدی یەکەم حەزی لە شیعرو ئەدەب و هونەر بوو ، دەوترێت : ئـەو یەکەم موسوڵمانی عوسمانییە کە دیاری سالآنەی ناردووە بۆ ئەمیری مەککە بەو دیاریە ئەوترا {کیسە زێڕ}کە بریتی بوو لە بڕێکی دیاریکراو پارە دەنێردرا بۆ ئەمیر تا دابەشی بکات بەسەر هەژارەکانی مەککە ومەدینەدا [2]. گەلی عوسمانی سوڵتان محمدی یەکەمیان خۆش دەویست و نازناوی{بەهلەوان}واتـە پاڵـەوانیان بەسـەردا بڕیبوو. ئەمـەش بەهۆی ئازایـەتی و چالاکی زۆرەیـەوە بوو. جا لەبـەر

[1] أخطاء یجب أن تصحح في التأریخ (الدولة العثمانیة) / ٣٨ .
[2] تأریخ الدولة العلیة العثمانیة / ١٥٢ .

ئەوە کارە گەورانەی کە پێی هەڵئەساو لەبەر ئەو لێهاتوویە تایبەتی کە لەو ماوەیەدا سەرکردابەتی دەوڵەتی عوسمانی پێ کرد ودەوڵەتەکەی گەیاندە کەناوی ئارامی ولەبەر ڕەوشت وئاکاری جوان و ڕەوشت و ئاکارو دلێری و خۆشەویستی بۆ داد وڕاستی خۆشەویستی چوویە دڵی گەلەکەی دیسان نازناوی (چلبی) بەسەردا بڕا کە ئەو نازناوێك بۆڕێزوو قەدر زانی بەکاردێت ، واتای دلێری و پیاوەتی تێدایە .

لەڕاستیدا : هەندێ لە کار بەدەستانی ئالی عوسمانی لە ئەم زیاتر ناودارن وباسیان زیاتر ئەکرێت،بەلآمدەکرێت محمدی یەکەم بەخانەدانترین کاربەدەستی عوسمانی دابنرێت ، جا مێژوو نووسە ڕۆژهەلآتی و یۆنانییەکان دانیان بە مرۆڤدۆستی ئەودا ناوە ، مێژوو نووسە عوسمانییەکانیش[1] بەوێنەی کەشتیەوانێکی لێهاتوو ئامارەی پێ دەکەن کە پارێزگاری لەسەرکردایەتی کەشتی دەوڵەتی عوسمانی کردبێت لەو کاتەدا کە، کاتێك لە لافاوی هێرشەکانی تەتەر و جەنگە ناوخۆیی یەکان وفیتنەی{باتنی یەکان} و هەڕەشەیان لەو دەوڵەتە دەکرد .

پاش ئەوەی کە سوڵتان محمدی یەکەم ئەو پەڕی هەوڵی خستە کار بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئەو فیتنەو ئاژاوانەی کە دەوڵەتی عوسمانی پێدا تێئەپەڕی ودەستی دایە ڕێکخستنی کارەکانی ناوخۆی دەوڵەت کە گرنتی ڕوونەدانی بشێوی ئەدات لە داهاتوودا ،لەو کاتەدا کە سوڵتان سەرقاڵی ئەم کارە گرنگانە بوو لە هەل و مەرجێکی ئارامدا هەستی بە نزیکبوونەوەی "ئەجەل "ی کردو ، هەستی کرد بە نزیك بوونەوەی مەرگی بۆیە پاشا بایەزیدی بانگ کردو پێی ووت من مورادی کوڕم بەجێگری خۆم دەستنیشان کردووە ، جا گوێڕایەڵی بکەو لەگەڵیدا ڕاستگۆبە ، وەك چۆن لەگەڵ منداڕاستگۆ بوویت ، ئێستا دەمەوێت

---

[1] في أصول التاريخ العثماني / ٦٢ .

موورادم بۆ بێنن چونکه من ناتوانم لەمەودوا لە جێگەکەم دا هەستم ، جائەگەر لە پێش هاتنی ئەو فەرمانی خوا ڕوویداو من مردم وریابن مردنەکەم رامەگەیەنن تا ئەو دێت [1].

مەرگی لە ناکاو لەسالّی {٨٢٤ك - ١٤٢١ز} داهاتە سەری و ، لەشاری ئەدرنە ولەتەمەنی {٤٣} سالّیدا رۆحی دایەوە دەست دروستکەرەکەی.

لەترسی ڕوودانی هەندێك شت کە بۆ داهاتوو باش نەئەبوو ئەگەر مردنی سولّتان محمدیان ئاشکرا ببوایە بزانیبا ، هەردوو وەزیرەکەی (ئیبراهیم و بایەزید) ڕێککەوتن لەسەر شاردنەوەی هەوالّی مردنی سولاّتان لای سەربازە کان تا مورادی دووەمی کوڕی دێت بۆیە وایان بلاّو کردەوە کە سولّتان نەخۆشە و هەوالّیان نارد بۆ کوڕەکەی ئەویش لەدوای ٤١ڕۆژ هات کلیلی حوکمڕانی گرتە دەست [2]. سولّتان محمدی یەکەم حەزی لە ئاشتی بوو زانست و فیقھ زانەکانی خۆش دەویست . هەربۆیە پایتەختی دەولّەتی لە ئەدرنەوە (کە شاری جەنگاوەران)بوو گواستەوە بۆ بروسە (کە شاری فیقھ زانانەکان بوو) [3] ،کابرایەکی ڕەوشت بەرزو بڕیار بەدەست و لەسەرخۆیی یەکی کەم وێنە و سیاسەتێکی بەهێزو ناوازە بوو لە هەلّسوکەوتیدا لەگەلّ دوژمنان ولەگەلّ دۆستانیدا .

باسی شەشەم

مورادی دووەم

سولّتان مورادی دووەم کاروباری وولاّتی لەدوای مردنی محمد چەلەبی باوکیلە سالّی {٨٢٤ك-١٤٢١ز} دا گرتەدەست ، کە تەمەنی لەو کاتەدا لە ١٨ سالّ

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٤١ .

[2] تأريخ الدولة العلية العثمانية / ١٥٢ .

[3] في أصول التأريخ العثماني / ٦٣ .

تیَنەدەپەڕی ، زۆر حەزی لە جیهاد کردن لەڕێی خواو بانگەوازکردن بۆ ئیسلام بووە لەبەشەکانی ئەوروپادا [1]. لەناو هەموو ژێر دەستەکانی بەوە ناسراو بووە کە پیاوێکی لە خواترس وداد پەروەرو بەبە زەییە یە [2]. سولْتان موراد توانی سەربکەوێت بەسەر بزوتنەوە ناوخۆییە یاخیبووەکان دا کە موستەفای مامی دروستی کردن و هەرلایەن دوژمنانی دەوڵەتی عوسمانیەوە پشتیوانی دەکران ، {مانوێلی دووەمی ئیمبراتۆری بیزەنتی} لەپشت هەموو ئەو ئاژاوەو پیلان و چەرمەسەریانەوەبوو کەسولْتان توشی سولْتان موراد بوونپشتیوانی ویارمەتیئەو بۆ مامی سولْتان مورادی کە ناوی موستەفابووای کرد ، شاری غالی بولی ئابلۆقەبدات لە پێناو سەندنەوەی لەسولْتان و کردنی بە بنکەیەك بۆخۆی ، بەلام سولْتان موراد توانی مامی دەستگیر بکات وروبەڕووی سێدارەی بکاتەوە ، لەگەڵ ئەوەدا ئیمبراتۆر مانوێلی دووەم بەردەوام پیلانی لە سولْتان دەکرد وباوەش بۆ برایەکی مورادی دووەم کردەوەو کردیە سەرۆکی هێزێك وپەلاماری {نیقیا}ی لە {ئەنادۆڵ}دا دەستی گرت بەسەر شارەکەداو ، موراديش چوو بە ڕەو ڕووی و توانی هێزەکانی دالەناو بەرێت وناحەزەکەی ناچار کرد کەخۆ بەدەستەوە بدات ، پاشان کوژرا ، جا هەربۆیە سولْتان موراد بڕیاریدا کە وانەیەکی کرداری بداتە ئیمبراتۆر ، بۆیە بەپەلە {سالونیك}ی داگیر کرد،و هێرشی کردەسە و بەشەو لە مارسی ١٤٣١ز ، ٨٣٣ك دا چوویەناوی شارەکەو بوویە بەشێکی جیانەکراوە لە دەوڵەتی عوسمانی .

سولْتان موراد بەردەوام گورزی بەئێشی ئاراستەی بزوتنەوە یاخیبوەکانی نێو وولاتی بەلقانی دەکرد ، مکور بوو لەسەر پشتیوانیکردنی دەسەلاتی عوسمانی لەو وولاتەدا ، سوپای عوسمانی ڕووی کردە باکور بۆ ملکەچ کردنی هەرێمی {

---

1 أخطاء يجب أن تصحح (الدولة العثمانية) / ٣٨ .

2 السلاطين العثمانيون / ٤٣ .

ولاشیا} ، وەسەرانەی سالانەی بەسەردا سەپاند وپاشای نوێی صرب (ستیف لازارمیتش) ی ناچاری ملکەچ کردن کرد ، بۆ عوسمانی یەکان و چوویە ژێر دەسەلاتیان و لایەنگری خۆی بۆ سوڵتان نوێ کردەوە و پاشان سوپای عوسمانی ڕوی کردە باشور و هەستا بەپتەوکردنی پایەکانی حوکمی عوسمانی لە ولاتانی یۆنان دا ، زۆری نەبرد سوڵتان لە ڕێگەی ئەم جیهادە بانگەواز ئامێزەیەوە توانی هەرچی پەرچی ڕێگەی هەیە ئەلبانیا و مەجەڕدا لە ناوی بەرێت ، عوسمانی یەکان توانیان ئەلبانیا لەساڵی ٨٣٤ك ، ١٤٣١ ز دا ئازاد بکەن و هێرشەکەیان چڕ بکەنەوە بۆسەر بەشی باشوری وولاتەکە لە باکوری ئەلبانیاش عوسمانییەکان جیهادێکی ئالیان بەرپاکرد و ئەلبانی یەکانی باکور توانیان لەشاخی ئەلبانیادا دوو سوپای عوسمانییەکان تێك بشکێنن ، هەروەك نشوستیان به دوو هەڵمەتی تر عوسمانییەکان بهێنن که خودی سوڵتان موراد سەرکردایەتی دەکردن ، عوسمانییەکان زیانێکی قورسیان لێ کەوت لەکاتی پاشەکشەدا ، دەوڵەتە نەصرانیەکانیش لەپشت ئەلبانەوە وەستابوون وپشتیوانیان ئەکردن دژ بە عوسمانییەکان ، بەتایبەت دەوڵەتی {بوندوقیە} کە هەستی بەمەترسی جەنگە ئازادیخوازەکانی عوسمانی دەکرد بۆ ئەو هەرێمە گرنگە بەهەردوو ناردە دەریایی یەکەی وبەندەرەکانیەوە کە {بوندوقیە}ی دەبەستێتەوە بە حەوزی دەریای ناوەڕاست و جیهانی دەرەوە ، ئەوان دەیانتوانی کە کەشتییە بوندوقیەکان لەنێو دەریایەکی داخراودا گەمارۆ بدەن ، کەدەریای ئەدریاتیکە ، بەو جۆرە سوڵتان مورادی دووەم هیچ سەقامگیرییەکی لەئەلبانیا بۆ حوکمی عوسمانی نەدیت [1]. ئەوەی پەیوەندی بەبەرەی مەجەڕەوە هەیە ، ئەوەیە عوسمانییەکان توانیان ، لەساڵی {٨٤٢ك-١٤٣٨ ز} دا شکست بەمەجەڕی یەکان بهێنن ، حەفتا ٧٠هەزار سەربازیان لێ بەدیل بگرن و دەست

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٦.

بەسەر هەندێ پێگەدا بگرن ، پاشان پێشڕەویان کرد بۆ بەنگرادی پایتەختی صرب ، بەڵام لەهەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبوون و بەپەلە هاوپەیمانیەتیەکی خاچ پەرستی گەورە پێك هێنرا کە پاپا پیرۆزبایی لێکرد ، ئەو هاوپەیمانیە ئامانجی وەدەرنانی عوسمانیەکان بوو لە هەموو ئەورووپادا ، هاوپەیمانیەتی یەکە وڵاتی پاپاو مەجەڕو پۆڵەندەو صرب و وڵاتی {ئەخلاق} جنوە و بوندوقیەو ئیمبراتۆری بیزەنتی ودۆقیەی برجندیای گرتە خۆی هەروەها چەند لەشکرێکی ئەڵمانیای و چیکیش دایانەپاڵ هاوپەیمانیەتیەکە ، سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەمانی خاچ پەرستی درایە سەرکردەیەکی مەجەڕی بەتوانا کە یوحەننا هنیادی بوو.

هنیادی هێزە ووشکانیە خاچ پەرستە سەرکردایەتی کردو بەرەو باشور کشا و لەدانوب پەڕیەوە ، دوشکستی قورسی دا لەعوسمانیەکان لەساڵی {٨٤٦ك – ١٤٤٢ز} و عوسمانیەکان ناچار داوای ڕێککەوتنیان کرد[1]. پەیماننامەی ڕێککەوتن لە {سیزهادن} بۆ ماوەی ١٠دەساڵ بەسترا، ئەمەش لەمانگی یۆلیۆی ساڵی ٨٤٨ك ، ١٤٤٤ز دابوو ، دەستی لەصرب کشاندەوەو دانی نا بەجورج برانکوفیتش وەك ئەمیری ئەوێ ، هەروەك سوڵتان موراد دەستی کشاندەوە لە{ئەفلاق} بۆ مەجەڕ و هاوسەری کچەکەی (محمود شبلی) بەبڕی ٦٠هەزار دۆقیەی ڕزگارکرد کە ڕێبەری گشتی سوپای عوسمانیەکان بوو ، ئەو پەیماننامە یەبەهەردوو زمانی عوسمانی و مەجەڕی نوسرایەوە ، ودیسلاسی پاشای مەجەڕ بەئینجیل سوێنی خوارد ، هەروەك چۆن سوڵتان موراد بە قورئان سوێندی خوارد کە مەرجەکانی گرێبەستەکە بە وەفاداری و شەرەفەوە بپارێزن .

کاتێك موراد لەگەڵ دوژمنە ئەورووپیەانیدا لە بەستنی ئاشتینامەکە بوویەوە گەڕایەوە بۆ ئەنادۆڵ و هات بەسەر مەرگی میر عەلای کوڕی دا ، زۆر خەفەتی بۆ

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسرامي الحديث / ٤٦ .

خوارد و لە دونیاو مولْك دوور کەوتەوە و دەسەلاّتەکەی دابەزی ودایە محمدی کوڕی کە ئەو کاتە لەتەمەتی ١٤ساڵی دابوو ، لەبەر کەمی تەمەنی باوکی هەندیْ لە پیاوانی دەوڵەتەکەی کە خاوەنیڕاو بۆچوون بوون لە چواردەوری کۆکردەوە ، پاشان چوو بۆ مغنیسیا لە ئاسیای بچوك ، تائەوەی ماوە لە ژیانیدا بەتەنیایی و ئارامش بیباتە سەر و لەو چۆڵەوانیەدا خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ پەرستنی خواو تێڕامان لە مەلەکوتی* خوا ، ئەمەش دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو لە سەقامگیر بوونی ئاسایش و ئاشتی لە بەشەکانی دەوڵەتەکەیدا ، سوڵتان زۆر خۆشی لەو چۆڵەوانی و پەرشتشە نەبرد [1] ، چونکە کاردینال سیزارینی و هەندیْ لە هاوکارانی دەستیان دایە بانگەواز کردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکان لەگەڵ عوسمانییەکاندا و دەرکردنیان لە ئەوروپا بەتایبەت کە کەسێکی بیْ ئەزموون...کەسێك ترسی لێی نەبووکورسی دەسەلاّتی عوسمانی لە لایەن مورادەوە بۆ کوڕە گەنجەکەی بەجیْ مابوو کە کەسێکی بیْ ئەزموون...کەسێك ترسی لێی نەبوو ، پاپا ئۆجینی چوارەم بەم بیرۆکە شەیتانی یە قایل بوو [2] و داوای لە مەسیحییەکان کرد پەیمانەکە و هەڵبوەشێننەوەو هێرش بەرنە سەر موسوڵمانەکان و بۆ مەسیحیەکانی ڕوون کردەوە کە ئەو پەیماننامەی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بەستراوە نادروستە چونکە بەبیْ مۆڵەتی پاپا بەستراوە ، کە وەکیلی مەسیحە لەزەویدا ،" کاردینال سیزارینی" زۆر چاك بوو بەردەوام دەجولاّ ، لە کار نەدەسواو بێزارنەدەبوو ، کوششی دەکرد و هەوڵی دەدا بۆ لەناو بردنی عوسمانییەکان ، بۆیە سەردانی پاشا نەصرانیەکان و ڕێبەرەکانی

---

*"مولك"و"مەلەکوت"دوو زاراوەی لاهونی یەو مەبەست بە"مەلەکوت"شوێنی قەشەکانە لە ئاسمانەکانداو ووشەیەکی سریانی یە

[1] محمد الفاتح –الرشیدي / ٤٢-٤٣ .

[2] محمد الفاتح –الرشیدي / ٤٢-٤٣ .

دەکردو هانی دەدان لە سەر پوچەڵ کردنەوەی پەیماننامەکە لەگەڵ موسوڵمانان دا ، وەهەموو کەسێکی قایل دەکرد کە ڕەخنەی لەشکانی گرێبەستەکەدا هەبوایە ، وەپێی دەووت : ئەو بەناوی پاپاوە گەردنیان ئازاد ئەکات ئەگەر پەیماننامەکە بشکێنن ،بەرەکەت ئەخاتە ناو سەربازەکان وچەکەکانیان وپێویستە شوێن ڕێگەکەی بکەوتنایە ، چونکە ئەوە ڕێگەی شکۆمەندی ورزگار بوونە ، هەرکەسێکیش دوای شکاندنی پەیماننامەکە ویژدانی ئازاری بدات وهەست بەگوناهباری بکات ئەوە ئەم لەجیاتی ئەودا گوناهەکە هەڵدەگرێت [1].
نەصرانیەکان پەیمانەکەیان شکاندو دەستیان کردە کۆکردنەوەی سوپا بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان و شاری (فارنا) ی بولغاریان گەمارۆ داکە دەکەوێتە سەرکەناری دەریای ڕەش ئەم شارە لەسەر دەستی موسوڵمانان ئازاد کرابوو ، پەیمان شکاندن دیاردەیەکی ئاشکرایە لەدوژمنانی ئەم ئایینەدا ، بۆیە خوای گەورە لەسەر موسوڵمانانی پێویست کردووەوکە لەگەڵیاندا بجەنگن وەك دەفەرموێت : ﴿فقاتلوا أئمة الكفر إنهم لا أيمان لهم لعلهم ينتهون﴾ التوبه : ١٠ . واتە : بجەنگن لەگەڵ سەرانی سەرانی {بێدینی} دا،ئەوانە گوێ بە پەیمان نادەن تا کوو بەڵکو دەست لەوە هەڵبگرن .پارێزگاری لەپەیمان وسوێندی خۆیان ناکەن وەك سرووشتی هەمیشەییان خۆیان لە پەلاماری هیچئوممەتێك ناپارێزن بێهێزییان لە هەر کەسێکدا شك برد ئەیکوژن و سەری ئەبڕن ،خوای گەورە زۆر ڕاست وێنەیان دەگرێت و دەفەرموێت{لا یر قبون في مؤمن الا ولا ذمة وأولئك هم المعتدون} التوبة/١٠ واتە:بەرانبەر موسڵمانان نە خزمایەتی و نە پەیمان ناکەن وئائەوانەن سنوور بەزێن.
کاتێك مەسیحی یەکان دەستیان بە جوڵان وهەڵمەتبردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی کردموسوڵمانان لەئەدرنە ئەو بزوتنەو کشانەی خاچ پەرستەکانیان بیست ،

[1] محمد الفاتح / ٤٤ .

ترس و بیم دایگرتن و پیاوانی دەوڵەت ناردیان بۆ لای سوڵتان موراد و داوایان لێکرد پەلە بکات لە هاتنی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو مەترسی‌یە ، سوڵتانی موجاهیدیش لەخەڵوەتگەکەی دەرچوو بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سوپا عوسمانی‌یەکان بکات دژی مەترسی خاچ پەرستی ، موراد توانی لەگەڵ کەشتیگەلی {جەنەوی}دا ڕێك بکەوێت تاکوو ٤٠چل هەزار سەربازی لەسوپای عوسمانی لە ئاسیاوە بۆ ئەوروپا بۆ بگوێزێتەوە بە دیاری چاوو گوێی کەشتیگەلی خاچ پەرستانیشەوە و لەبەرامبەر دینارێك بۆ هەر سەربازێك . سوڵتان موراد زۆر پەلەی دەکرد لە ڕۆشتندا و لەهەمان ئەو ڕۆژەی خاچ پەرستەکان گەشتبوونە {ادرنە} ئەویش گەشتە ئەویٚ ، لەڕۆژی داهاتوودا شەڕ لەنێوان هەردوو سوپای نەصرانی و ئیسلامی‌دا هەڵگیرسا کە شەڕێکی زۆر توند و گەرم بوو ، سوڵتان موراد ئەو گرێبەستەی کە دوژمنەکانی شکاندبوویان خستە سەر ڕمێك تا ببینن وئاسمان و زەویش شایەتی بدەن لەسەر ناپاکی و سنور بەزاندنیان ، هەروەها بۆ ئەوەی وورەی سەربازەکانی خۆشی زیاد بکات .هەردوو تاقم دایان لەیەکترو شەڕێکی ترسناك لەنێوانیاندا ڕووی دا کە خەریك بوو سەرکەوتن بۆ مەسیحی‌یەکان دروست ببێت ، لە ئەنجامی زیاتری گوڕو تینی ئایینی‌یان ، بەڵام ئەو گەرمی و وورە زیادەیان ڕووبەڕووی ئەو گیانە جیهادی یە بوویەوە کە عوسمانی‌یەکان هەیانبووپاشا لادیسلاسی پەیمان شکێن لەگەڵ سوڵتان مورادی بەوەفا بۆپەیماننامەکانی ڕووبەڕوو وەستانەوەوهەڵگژان بەیەکدا ، جەنگێکی ترسناك لەنێوانیاندا ڕووی دا وسوڵتان مورادی موسوڵمان توانی پاشای نەصرانی مەجەڕی بکوژێت ، بەوەی بەپەلەڕمێکی بە هێزی تیٚ بگرێت ولە ئەسپەکەی خستیە خوارەوەو هەندیٚ لەموجاهیدەکان بەپەلە سەریان لە

لاشـەی کـردەوەو بەتەهلیلـەو تـەکبیر کردنـەوە بـەڕمێك بـەرزیان کـردەوە و زۆر دڵخۆش بوون [1].

یەکێك لە موجاهیدەکان بەنێو دوژمنەکاندا هـاواری کـرد :ئـەی بێبـاوەڕان ! ئـەوە سەری پاشاکەتانە .

ئەو دیمەنە کاریگەری‌یەکی گەورەی هەبوو لەسەر هەموو نەصرانیەکان و ترس و ڕاڕایـی دایگـرتن و موسـوڵمانەکانیش هەڵمـەتێکی بـەهێزیان کردنەسـەر و ڕیزەکانیـانی تێکـشکاندو بـەخراپترین شـێوە شکـستیان پـێ هێنـان ، مەسیدی‌یەکانیش بەهەڵهاتنـەوە وەرچـەرخان و هەنـدێکیان پاڵیـان بەهەنـدێکی تریانەوەدەنا ، سوڵتان موراد شوێن پێی هەڵنەگرتن بەڵکو بەو هێندە سەرکەوتنە وازی هێنـا ، بەڕاسـتیش ئـەوە سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو [2]، ئـەو جەنگـە لـە کەنارەکانی قوصرەو لە ١٧ی ئەکتۆبـەری ٨٥٢ك ، ١٤٤٨ز ڕوویـدا، کە جەنگەکە سێ ڕۆژی خایاند و بەسەرکەوتنێکی پشتبشکێن بۆ عوسمانی‌یەکان کۆتـایی پێهـات [3]. ئـەو شـەڕە وڵاتـی مەجـەڕی بەلایـەنی کەمـەوە بۆ مـاوەی ١٠ ساڵ لـە ڕیزی ئەو وڵاتانەدا دەر هێنا کە دەیتوانی هەستێت بە جەنگ و هێرشبردن دژی عوسمانی‌یەکان.

سـوڵتان مـوراد دەسـتبەرداری دونیـا نەویـستی وپاشـایەتی نـەبوو ، بـەڵکو جـارێکی‌تر لەسـەر کورسـی دەسـەڵات دابـەزی بـۆ محمـدی کـوڕی و چـویەوە بـۆ کەنارگیری‌یەکـەی خـۆی لـە مەغنیـسیا ، هـەروەك چـۆن شـێری سـەرکەوتوو دەگەڕێتەوە بۆ نێو لانەکەی خۆی ، مێـژوو کۆمـەڵێك لە پاشاو فەرمانڕەواکانمان بۆ باس دەکات کە لەسـەر کورسـی دەسەڵاتیان دابـەزیون و لەخـەڵك دا بڕاون و

---

1 محمد الفاتح –عبدالسلام عبدالعزيز / ٢٢ .

2 محمد الفاتح –عبدالسلام عبدالعزيز /٤٦.

3 الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٤٧ .

پاشان چوون بۆ کەنارگیری ، هەندێك لەوپاشایانەش گەڕاونەتەوە بۆ کورسی دەسەڵات ، بەڵام باسی ئەوە نەکراوە کە هیچ یەکێکیان دوو جار لە کورسی دەسەڵات دەبەزیبێت ، جگە لە سوڵتان موراد ، زۆر نەبوو چووبوو بۆ خەڵوەتگەی لە ئاسیای بچوکدا ، ئینکیشاریەکان لە ئەدرنە ڕاپەڕین ودەستیان دایە ئاژاوە نانەوە و یاخیبوون وگەندەڵی وپیاو کوشتن ، سوڵتان محمدیش گەنجێکی تازە پێگەشتووی کەم تەمەن بوو ، هەندێ لەپیاوانی دەوڵەت ترسان کە کارەکە ئاڵۆز بێت ، و مەترسی‌یەکە گەروەتربێت و خراپەکە تەشەنە بکات و ئەنجام خراپ بکەوێتەوە ، بۆیە ناردیان بە دوای سوڵتان مورادداو داوای هاتنیان لێ کرد تاخۆی کارەکە بگرێتە دەست [١].ئینکیشاری یەکانیش ملکەچ بوون بۆی ومحمدی کوڕیشی نارد تا ببێتە فەرمانڕەوا لە ئەنادۆڵ دا ، سوڵتان موارادی دووەمیش لەسەر کورسی دەسەڵاتی عوسمانی مایەوە ، تا کۆتا ڕۆژی ژیانی و هەموو تەمەنی لە ئازادکردنی وولاتاندا بردە سەر [٢].

<u>یەکەم : مورادی دووەم و خۆشەویستی بۆ شاعیران و زانایان وکاری چاك :</u>

{محمد حرب} دەڵێت : (مورادی دووهەم ئەگەر هەزاریش بێت وئەو ڕێژە شیعرەشی کە لە وەستاندا یەکەم بێت و{زۆر نەبێت}هەر خاوەنی فەزڵە بەسەر ئەدەب وشیبعرەوەو نکوڵی لەمە ناکرێ ، چونکە نیعمەتێك بوو بەسەر شاعیرانەوە،و لەهەفتەیەکدا دوو ڕۆژ بانگی دەکردن بۆ کۆڕەکانی خۆی تا ئەوەی لەلایانە بیڵێن و قسەو دەمە تەقێ لە نێوان ئەوان و سوڵتان دا بکەن ، ئەویش یان بەچاکی دادەنا یان بەخەوشدار یان هەڵی دەبژارد یان نەیدەویست ، زۆر جار دەستی دەستکورتانی دەگرت وجل وبەرگی بۆ دەکردن یان پیشەی بۆیان ئەدۆزییەوە تا بەو ڕێگەیە کە خۆیان دەست بخەن وئەمەش بۆ ئەوە بوو

---

[1] محمد الفاتح / ٤٧ .

[2] محمد الفاتح / ٢٣

لەخەمەکانی ژیان ڕزگاریان بێت وخۆیان تەرخان بکەن بۆ توانستی ووتنی شیعر ، سەردەمی ئەوشاعیرانێکی زۆری هەڵ خست)[١] .کۆشکی فەرمانڕەوا گۆڕابوو بۆ جۆرێك لە ئەکادیمیای زانستی تائاری گەشتە ئەوەی کە شاعیران لەکاتی جیهاد کردنیدا هاودەمی‌یان دەکرد[٢] .یەکیٚ لە شیعرەکانی بریتی‌یە لە (وەرن بایادی خوا بکەین چونکە ئێمە هەمیشە لە دونیادا نابین[٣] .موڕادی دووهەم سوڵتانێکی زانای ژیری دادپەروەری دلێر بوو ، لەماڵی تایبەتی خۆی هەموو ساڵێك ٣٥٠٠ دیناری دەنارد بۆ خەڵکی مەککە و مەدینە و قودسی پیرۆز ، و گرنگی زۆری ئەدا بەکاروباری زانست و زاناو شێخ و پیاوچاکان ، میرنشینەکانی ڕێك خست و ڕێگەو بانەکانی ئاسایش و ئارام کردەوە وشەرع و ئاینی چەسپاندوبێباوەڕو مولحیدەکانی سەرشۆڕ کرد[٤] ، "یوسف ئاساف" دەربارەی دەڵێت : کەسێکی پیاو چاك و لە خوا ترس بوو،پاڵەوان و بەڕێز بوو،حەزی لە خێر بوو خوازیاری بەزەیی و چاکە بوو[٥] .

دووەم : <u>مردن و وەسیەتەکەی</u> :خاوەنی (النجوم الزاهرة)لە باسی ئەو کەسانەدا کە لە ساڵی ٨٥٥دا مردوون لەمەڕ مورادی دووەمەوە دەڵێت : (باشترین پاشای سەردەمی خۆی بوو لەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بە هۆی ئەو هەمووە عەقڵ و وورەو بێباکی وبەخشندەیی وئازایەتی و پلە بەرزی یەی کە هەیبوو، تەمەنی لە جیهادی ڕێی خوادا بەسەربرد ، چەندین شەڕی کرد ، و چەندین وولاتی ئازاد کردو چەندین قەلاّی قایم وقولە بەرزو شاری لەچنگ دوژمنی سەرشۆڕ دەر هێنا،

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٤٦ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٤٦ .

[3] السلاطين العثمانيون / ٤٣ .

[4] تأريخ سلاطين آل عثمان / ٢٥ .

[5] تأريخ سلاطين آل عثمان / ٥٥ .

هەرچەندە ئەو زۆر خەریکی ئەو خۆشیانە ئەبوو کە دەروونەکان دەیانخواست ، پێ‌دەچێت حاڵی وەك حاڵی هەندێك لە پیاو چاکان بوبێت کە پرسیار لە حاڵی‌دینی کرا ، ووتی : هەموو جارێ دێنم بە گوناه کردن ئە درێنم بەلأم بە تۆبەکردنیش پینەی دەکەمەوە.سوڵتان موڕادی دووهەم شیاوترین کەسە بەلێخۆش بوون و کەرەمی خوا ، چونکە ئەو چەندان هەڵوێستی بەناو بانگی هەبووە و لە پێشخستنی* ئیسلام و بەزاندنی دوژمندا دەستێکی باڵای هەبووە ، ئەوەتا لەبارەیەوە دەووترێت ، ئەو پەرژینێك بووە بۆ ئیسلام و موسوڵمانان ، {خوا لێی خۆش بێت} ، و گەنجێتی لەبەهەشت دا بۆ بگێڕرێتەوە [1]، سوڵتان لەکۆشکی {ئەدرنە} لە نزیکەی ٤٧ساڵی تەمەنی دا وەفاتی کرد ، لەسەر وەسیەتی خۆی -بەڕەحمەت بێت- لە نزیك {مزگەوتی موڕادیە} لە{بورسە} نێژرا ، وەسیەتی کرد کەهیچ لەسەر گۆڕەکەی بونیاد نەنێن و تەنیا چەند نشینگەیەك دروست بکەن لە چواردەوری گۆڕەکەیدا بۆئەوەی {حافز}و قورئان خوێنەکان تیایدا دابنیشن وقورئانی پیرۆزی لەسەر بخوێنن ووە لێتیشی دابوو لە ڕۆژی هەینیشدا بنێژرێت ، ئەوەبوو وەسیەتەکەی جێبەجێ کرا [2].

لەوەسیەتەکەیدا شیعرێکی بەجێ هێشت ،وزۆر دڵی لای ئەو ترسە بوو کە لەگۆڕێکی گەورەدا بنێژرێت چونکە ئەو دەیویست هیچ شتێك لەسەر گۆڕەکەی دروست نەکرێت و شیعرێکی لێ بنووسن کە بڵێت : ڕۆژێك دێت خەڵك تیایدا خۆڵەکەم دەبینن [3].

---

[1] النجوم الزاهرة -جمال الدين تغري :١٦/٣ .

[2] السلاطين العثمانيون / ٤٣ .

*{باڵە خانە یان باڵەکۆن}مان بۆ {شرفة}ی عەرەبی داناوە"وەرگێڕ"

[3] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٤٦ .

سوڵتان موراد لەسەردەمی خۆی دا مزگەوت و خوێندنگە و کۆشك و پردی زۆری بنیات نا، لەوانە مزگەوتی ئەدرنە کە سێ باڵەخانەی *مەزنی هەبوو ، لەتەنیشت ئەو مزگەوتە شدا خوێندنگەیەك و تەکیەیەکی دروست کرد کە بەردەوام هەژارو کەمدەستەکان خۆراکیان پێدەدرا [1].

بەشی سێیەم

محمدی فاتح و فەتح کردنی قوستەنتینیە

باسی یەکەم : سوڵتان محمدی فاتح

سوڵتان محمدی دووەم (٨٣٣-٨٨٦ك، ١٤٢٩-١٤٨١ز) لە زنجیرەی ئالی عوسماندا بە حەوتەم سوڵتانی عوسمانی دادەنرێت و بە فاتح و باوکی چاکەکان ناوزەد دەکرێت . نزیکەی ٣٠ساڵ فەرمانڕەوایی کرد کە ئەو ماوەیە خێرو سەربەرزی بووبۆموسوڵمانان [2]. لە دوای مردنی باوکی لە ١٦ی موحەڕڕەمی ساڵی ٨٥٥ك بەرامبەر بە ١٨ی فبرایەری ساڵی ١٤٥١ز دا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی گرتەدەست .

سوڵتان محمدی فاتح کە سایەتی یەکی تایبەتی وناوازەیهەیە هێزو دادپەروەری پێکەوە گرێدابوو . هەروەك هەر لەسەرەتای پێگەشتنیەوە ئیشی زۆرێك لە هاوەڵانی دا بوویەوە لە زۆرێك لەو زانستانەدا کە لەخوێندنگەی میرەکاندا دەخوێندرا وبە تایبەتیش زۆرێك لە زمانەکانی سەردەمی خۆی دەزانی وزۆر حەزی لە خوێندنەوەی کتێبەکانی مێژوو بوو ،هەر ئەمە یارمەتی دا لە دەرکەوتنی کەسایەتی یەکەیدا لە بواری کارگێڕی و مەیدانەکانی جەنگدا، تائەوەبوو لە کۆتایی‌دا لە مێژوودا بە نازناوی {محمدی فاتیح} ناسرا بەبۆنەی فەتح کردنی قوستەنتینیەوە .

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٤٣ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٥٣ .

سوڵتان ئەو بەرنامەیەی گرتەبەر کە باوك و باپیرانی لە فەتح کردنەکانیاندا لە سەری دەڕۆیشتین. لە دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست لەدەوڵەتی عوسمانیدا بە وە ناوی دەرکرد کە هەستاوە بە دووبارە ڕێکخستنەوەی بەڕێوبەرایەتی یە بردنە جیاوازەکانی دەوڵەت. زۆریش گرنگی بە کاروبارەداراییەکان . بۆیە کەوتە کارکردن لەسەر دیاری کردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت و ڕێگاکانی خەرج کردنی بەشێوەیەك کە ڕێگە بگرێت لە زیادە ڕۆیی و بەرزفڕی و ماڵ بە فیۆڕدان ، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر گەشە دان بە لەشکرەکانی سوپاو دووبارە ڕێکخستنەوەیان و دانانی لیستی تایبەت بە سەرباز و زیادکردنی مووچەکانیان و پشت قایم کردنیان چەکی دەستکەوتو لەو سەردەمە دا .

"محمد الفاتیح" لەسەر گەشەر پێدانی بەڕێوە بردنی هەرێمەکان دەکردو هەندێ لە کاربەدەستە پێشینەکانی لە هەرێمەکانی خۆیاندا هێشتەوە و ئەوانەی لابرد کە کەموکورتی یان کەمتەرخەمی یان لێ بەدیار کەوتبوو .

پاشان دەستی کردە گەشەدان بە کۆشکە سوڵتانیەکان و پڕچەککردنیان بەئەزمونە ئیداری و و سەربازییە باشەکان کە ئەمانە لە سەقامگیربوون و بەرەو پێشەوە چوونی دەوڵەتدا ڕۆڵی گرنگیان گێڕا.

پاش ئەوەی چەند قۆناغێکی بەرهەمداری لە چاکسازی ناوخۆییدا بڕی ، ئینجا خولیای فەتح کردنی ناوچە مەسیحییەکانی نێو ئەوروپا و بڵاو کردنەوەی ئیسلام تێیاندا .کەوتە سەری چەند هۆکارێك یارمەتی سوڵتان محمدی فاتیحیان دا لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا ، لە وانە : ئەو لاوازی یەی کە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی تووشی هاتبوو بەهۆی ئەو هەمووە کێشمە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپی یە کانی تردا ئەیکرد،هەروەها بە هۆی ئەو ناکۆکیە ناوخۆیی یەی کە هەمو ناوچەکان وشارەکانی بێزەنتەی گرتبوویەوە .

سوڵتان محمد بەمەوە نەوەستا ، بەڵکوو بە"جیدی" کاری لە پێناو ئەوەدا ئەکرد کە فەتحی قوستەنتینیەی پایتەختی ئیمبراتۆریەتی بیزەنتی بکاتە تاجی سەر

سەری جەنگە ئازادیخوازەکانی ئەو پایتەختەی کە قەلاّی گرنگو ستراتیژ بوو بۆ جموجووڵە خاچ پەرستی‌یەکانی دژ بە جیهانی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی زۆر کە ئیمبراتۆری‌یەتی بیزەنتی بە شێوەیەکی تایبەتی و مەسیحی یەت بەگشتی شانازی بەو پایتەختەوە دەکرد محمد فاتیح هات کردیە پایتەخت بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ئەوەی بەدیهێنا سەرکردە پێشینەکانی سوپا ئیسلامی‌یەکان لەوەو پێش نەیانتوانی بەدی بهێنن [1].

<u>یەکەم :فەتح کردنی قوستەنتینیە :</u>

قوستەنتینیە لە گرنگترین شارە جیهانی‌یەکان ئەژمار دەکرێت ، کە لەساڵی ٣٣٠ ز دا لەسەر دەستی ئیمبراتۆری بیزەنتی قوستەنتینی یەکەم بنیات نراوە [2].ئەم شارە پێگەیەکی جیهانی بێوێنەی هەیە ئەوەتا لەبارەیەوە دەوترێت (ئەگەر دونیا یەك میرنشین بوایە ، ئەوا قوستەنتینیە لە بارترینی شارەکان بوو تاببێتە پایتەختەکەی) [3]. لەگەڵ دامەزران و بنیاتنانی‌دا بیزەنتی‌یەکان کردیان بەپایتەختی خۆیان ، ئەو شارە لەگەورەترین و گرنگترین شارەکانی جیهانە .

کاتێك موسوڵمانەکان لەگەڵ دەوڵەتی بیزەنتی‌دا چوونە نێو جیهادەوە ، ئەو شارە لەو ململانێ‌یەدا پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ چەندین جار مژدەی بە فەتح کردنی ئەوشارە ، لەوانە : ئەوەی کە لەکاتی جەنگی خەندەقدا ڕوویدا ، بۆیە خەلیفە و سەرکردەکانی موسوڵمانان بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان بۆ فەتح کردنی ئەو شارە کێبڕکێیان دەکرد ، لە خۆشی ئەوەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ لە خۆیاندا بە دی بهێنن : (لتفتحنّ

---

[1] قيام الدولة العثمانية / ٤٣ .

[2] أوربة في العصور الوسطى –سعيد عاشور / ٢٩ .

[3] فتح القسطنطينية وسيرة السلطان محمد الفاتح –د. محمد مصطفى/ ٣٦-٤٦ .

القسطنطينية على يد رجل ، فلنعم الأمير أميرها ، ولنعم الجيش ذلك الجيش) رواه أحمد :٣٣٥/٤ . واتە: بەدڵنیاییەوە قوستەنتینیە لەسەردەستی پیاوێکدا فەتح دەکرێت ،میری ئەو سوپایە چەند میرێکی باشەو ئەو سوپایەش چەند سوپایەکی باشە{کە ئەو شارە فەتح دەکەن} .

بۆیە هەر لەڕۆژانی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە لەسەر دەستی هێزە موسوڵمانە موجاهیدەکان یەکەم هێرشی ئیسلامی بەرەو ڕووی قوستەنتینیە لەساڵی {٤٤ك} دا کەوتە ڕێ . ئەو هیرشەش سەرکەوتوو نەبوو ، چەندین هێرشی تر لەسەردەمی ئەودا دووبارە بوویەوە کە هەمان ئەنجامی پێشووی هەبوو ، هەروەها دەوڵەتی "ئومەوی" دەستی دایە هەوڵێکی تر بۆ فەتح کردنی قوستەنتینیە ، ئەو هێرشە بەبەهێزترین هێرشەکانی ئومەوی دادەنرێت بۆسەرئەو شارە ، ئەویش ئەو هێرشەبوو کە لە سەردەمی سولەیمانی کوڕی عبدالملك دا لەساڵی ٩٨ك دا ڕووی دا [١] .

هەوڵدان بەردەوام بوو بۆ فەتح کردنی قەستەنتینیە ، هەروەك سەردەمی یەکەمی عەبباسی چەند هێرشێکی چڕو پڕی جیهادی دژ بە بیزەنتی بە خۆوە بینی ، بەلاّم نەیتوانی بگاتە خودی قوستەنتینیە و هەڕەشە بخاتە سەری ، هەر چەندە شارەکەی کە هەژاندی و کاریگەری خستەسەر ڕووداوە ناوخۆییەکان بەتایبەت ئەو هێرشەی کە لە ڕۆژانی هارونەڕەشیدو لەساڵی {١٩٠ك} دا ڕووی دا [٢] .

لەوەودوا چەند دەوڵەتۆکەیەکی ئیسلامی لە ئاسیای بچوکدا بەرپابوون ، گرنگترینیان دەوڵەتی سەلجوقییەکان بوو کە دەسەلاّتی درێژ بوویەوە تا ئاسیای بچوك ، هەروەك سەرکردە ئەلب ئەرسەلان (٤٥٥-٤٦٥ك ، ١٠٦٣-١٠٧٢ز) توانی نوشوستی بهێنێت بەسەر دیمۆنسی ئیمبراتۆری ڕۆم لەناوچەی ملاّزگرد

---

[1] إبن خلدون : ٧٠/٣ .

[2] تأريخ خليفة ابن خياط / ٤٥٨ .

له ساڵی ٤٦٤ك ، ١٠٧٠ز دا بەدیلی بیگرێت وتیری لێ بدات وبیخاتەبەندیخانەو ، پاش ماوەیەك لە دوای پەیمانبەستنێك لەبەرامبەر سەرانەی ساڵانە بۆسوڵتانی سەلجوقی ئازادی کرد ، ئەوەش نیشانەیئەی ملکەچی بەشێکی گەورەی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی یە بۆ دەوڵەتی سەلجوقی ئیسلامی . دوای لاوازبوونی دەوڵەتی گەورەی سەلجوقیەکان ، چەند دەوڵەتێکی سەلجوقی دەر کەوتن ، لەوانە دەوڵەتی سەلجوقیەکانی ڕۆم لە ئاسیای بچوکدا کەتوانی دەسەلاتی لە ڕۆژئاواوە درێژ بکاتەوە بۆ کەنارەکانی دەریای ئیجە و ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانیش لاواز بکات .

لەسەرەتای سەدەی ٨ی کۆچی ١٤٠٠ی زاینی عوسمانییەکان شوێنی سەلجوقیەکانی ڕۆمیان گرتەوە [1] .

هەوڵە ئیسلامییەکانیش بۆ فەتح کردنی قوستەنتینیە سەریان هەڵدایەوە ، سەرەتاش بەوەبوو کە هەوڵێك لە ڕۆژانی سوڵتان بایەزید (هەورە بروسکە) دا دەستی پێکرد ، کە هێزەکانی لەئابلۆقەدانی شارەکەدا لە ساڵی ٧٩٦ك -١٣٩٣ز دا سەرکەوتن [2] .سوڵتان دەستی کرد بە دانیشتن لەگەڵ ئیمبراتۆری بیزەنتیدا بۆ بەدەستەوەدانی شارەکە بەئاشتییانە بیداتە دەستموسوڵمانان، بەلام ئیمپراتۆری بیزەنته کەوتە فێڵ کردن ودەستی دەستی پێکردو بەردەوام هەوڵی دەدا یارمەتی ئەوروپییەکان لێ بگات تا ڕێگا بگرێت لە هێرشە ئیسلامییەکەی سەرقوستەنتینیە .

هاوکات سوپاکانی مەغۆل بەسەرکردایەتی تەیموری لەنگ گەشتنە نێو خاکەکانی عوسمانی و دەستیان دایە ئاژاوەو گەندەڵی نانەوە سوڵتان بایەزید ناچار بوو هێزەکانی پاشەکشە پێ بکات و گەمارۆی سەر قوستەنتینیە

---

[1] قیام الدولة العثمانیة / ٤٦ .

[2] تأریخ سلاطین آل عثمان / ٤٦ .

هەڵبوەشـێنێتەوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی مـەغۆل بـە خـۆی و هێزەکـانی تـری عوسمـانی یـەوەو لـەنێوان هـەردوولادا شـەڕی بـە ناوبـانگی ئەنقـەرە ڕووی‌دا کـە تیایدا بایەزید"هەورە بروسکە" بەدیل گیراو دواتـر لەساڵی ١٤٠٢ز دا لە بەدیلی دا مـرد [١] . ئـەوەبوو کـە دەوڵـەتی عوسمـانی بەشێوەیەکی کـاتی هەڵوەشـایەوەو بیرکردنەوەش لە فەتح کردنی قوستەنتینیە بۆ ماوەیەك ڕاوەستا .

کاتێـك بـارودۆخی دەوڵـەت سـەقامگیر بوویـەوە ، سـەرلەنوێ ڕۆحـی جیهـادی گەڕایـەوە و لـەڕۆژانی سـوڵتان مـورادی دووەمـدا کـە لـەماوەی (٨٢٤-٨٦٣ك ، ١٤٢١-١٤٥١ز) دەسـەڵاتی گرتەدەسـت ، چـەند هـەوڵێك درا بـۆ فـەتح کردنـی قوسـتەنتینیە ، لـە ڕۆژانـی ئـەودا سـوپاکانی عوسمـانی چـەندین جـار ئابلۆقـەی قوستەنتینیەیان دا . ئیمبراتـۆریش لـە کـاتی ئـەو هەوڵانـەدا لەڕێگـەی ئەوانەوەکـە یاخی بووبوون لەسوڵتان کاری دەکرد بۆ ئاژاوە نانەوە لەنێو ڕیزەکانی عوسمانی دا ،[٢] . بەوڕێگەیـەش سـەرکەوتووبوو لەسـەرقاڵکردنی سـوڵتان لـەو ئامانجـە سەرەکی‌یەی کە هـەردەم لەسـەری سـوور بـوو ، بۆیـە عوسمانی‌یەکان نەیانتوانی لەوسەردەمەدا ئەو خواستە بەدی بهێنن تا سەردەمی محمدی فاتحی ڕۆڵـەیان کە دواتر هات وخواستەکەی هێنایە دی .

محمد فاتیح هەر لە ژیانی باوکیدا خەریکی کاروباری سوڵتانی دەبوو هـەر لـەو کاتـەوە لـە گـەڵ ملمڵانـی یانـەدا ئـەژیا کـە دەوڵـەتی بێزەنتـی هـەیبوو لـە هـەل و مەرجـە جـۆر بـە جۆرەکانـدا ئاگادارییـەکی تەواویـشی هـەبووە لـەو هـەموو هەوڵـە عوسمانیانـەی پێـشتر درابـوو بـۆ فـەتحکردنی"قوسـتەنتنیە". بـەڵکو هەوڵـە دووبارەبووەکانی پێـشووی نێـو دەوڵەتـە ئیسلامی‌یە پێشوەکانی دەزانـی . دواتـر

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٥٨ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٥٩ .

لەو کاتەی لەساڵی {٨٥٥ك - ١٤٥١ز} دا دەسەڵاتی عوسمانی گرتە دەست [1].
بەدووی فەتح کردنی قوستەنتینیەدا دەگەڕاو بیری لە فەتح کردنی دەکردەوە . پەروەردەی زانایان ڕۆڵی بەشدار یان هەبوولە پێگەیان دنی محمد فاتح دا لەسەر خۆشەویستی ئیمان و ئیسلام و کارکردن بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ . بۆیە پابەند بوو بە خۆشەویستی شەریعەتی ئیسلامەوە و بەلەخواترسی و خواپەرستی و خۆشەویستی زانست و زانایان ئەناسراو زۆر بڵاو بوونەوەی زانستەکان ، ئەم دینداریە بەرزەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە ئیسلامیەیە کامڵەی کە هەر لەمناڵی یەوە لە ڕێنومایی یەکانی باوکی و هەوڵەکانی کەسایەتیەیە زانستیەیە بەهێزەکانەوە وەری گرتبوو کە لە سەرپەرشتی پەروەردەکردن یان دەکرد ،هەروەها پاکی و دونیا نەویستی ئەو مامۆستا گەورانەو بێفیزی و جیهادکردنی بەردەوامی دەرونی خۆیان {کە سەرپەرشتی د پێگەیاندنی محمدیان دەکرد} [2] ڕۆڵی گەورەیان هەبوو

محمدی فاتح هەر لەمنداڵیەوە لە ژێر کاریگەری زانا خواپەرستەکاندا بووە ، کە تایبەتترینیان بریتی بوو لە {ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی گۆرانی} کە بەکەسێکی تەواو گەورە ناسراوە . ئەو لەسەردەمی سوڵتان مورادی دووەمی باوکی فاتح دا وانە بێژی محمدی فاتح بووە . لەوکاتەدا کە محمدی فاتح ئەمیری شاری مەگنیسیا بوو. باوکیشی ژمارەیەك لەمامۆستایانی بۆ ناردووە . بەڵام ئەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەکردن و هیچی نەدەخوێند و تەنانەت قورئانیشی خەتم نەکرد ، سوڵتانی ناوبراویش مورادی دووهەم داوای کرد پیاوێکی بە هەیبە ت و توندو تیژبێت ، ئەوانیش مامۆستا (گۆرانی) یان پیٚ نیشان دا . ئەمیش کردی بە مامۆستای کوڕەکەی و شوڵێکی پێدا تاکوو بەوە لێی بدات ئەگەر هاتوو

---

[1] الفتوح الإسلامي.ة عبر العصور / ٣٥٩ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية –د.على حسون / ٤٢ .

لەفــەرمانی دەرچــوو . مامۆســتا گــۆران چــوو بــۆ لای محمــد ورۆشــتە ژوورەوەوشوڵەکەشی هەر بە دەستەوە بوو. ئینجا ووتی : باوکت منی ناردووە بۆ فێرکردنت و لێدانت ئەگەر لەقسەی من لاتدا . سولتان محمد خانپێکەنی بەوقسەیە هات. مامۆستا گۆرانیش لە ودانیشتنەدا زۆر بەتوندی بەشوڵەکە هات بەسوڵتان محمد داو ئەوە بوو سوڵتان محمد خان ترسی لێ نیشت و لەماوەیەکی کەمدا قورئانی خەتم کرد [1].

ئەو پەروەردە ئیسلامییە ڕاستە قینەوو ئەو پەروەردەکەرە گەورەو بەڕێزانەی کە هەبوون بەتایبەت زانای گەورەی وەك گۆرانی کە فەرمانی نیشان ئەدڕاند ئەگەر بیانبینایە ناکۆکە لەگەڵ شەرعدا هەرگیز بۆ سوڵتان نەئە چەمایەوە وبە ناوی خۆی بانگی ئەکردو تەنیاتەوقەی لەگەڵ دەکردو دەستی ماچ نەدەکرد نەك ئەوە بەڵکو سوڵتان دەستی ئەوی ماچ ئەکرد ،زانای بەرزی وا زۆر سروشتی یە کە کەسانێکی گەورەی وەك محمدی فاتیح لەسەر دەستی دا پەروەردە دەبێت و موسوڵمانێکی باوەڕداری پابەند بەسنووری خوایی و فەرمان و نەهییەکانەوە بێت ، وگەورە سەیری شەریعەت بکات وپشتیوان وبەرگری کەر بێت لە دانانی ڕێو ڕەسم بۆ جێبەجێکردنی بەسەر خۆی دا پێش ئەوەی بەسەر خەڵکدا جێبەجێ بکات.سروشتی بەقوتابی ئەو پیاوە گەورانە بە کەسانی لەخواترس و پیاو چاك بن و داوای نزای خێرلە زانا ئیشکەرە چاکەکان بکات[2].

هەروەها ڕۆڵی شێخ ئاق شەمسەدین لە تەواوو کامڵ کردنی کەسایەتی محمدی فاتیح دا ئاشکرا دیارە کە هەر لەمنداڵیەوە مەسەلەی تێدا چاند کە بریتین لە :١- دووقات کردنەوەی بزوتنەوەی جیهادی عوسمانی . ٢- بەردەوام و هەر لەو منالی یەوە خەیاڵی بۆ ئەوە ڕادەکێشا کە تۆ ئەو میرەی کە فەرمودەکەی

---

[1] کتاب الشقائق النعمانية / ٥٢ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية –د.علي حسون / ٤٣ .

پێغەمبەر ﷺ باسی ئەکات وئەفەرموێ {لتفتحنَ القسطنطينية على يد رجل ، فلنعم الأمير أميرها ، ولنعم الجيش ذلك الجيش } رواه أحمد :٣٣٥/٤ . واتە: بەدڵنیایی‌یەوە قوستەنتینیە لەسەردەستی پیاوێکدا فەتح دەکرێت) بۆیە محمدی فاتح خوازیاری ئەوەبوو کە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ لە ئەودا کۆتایی بێتە دی [1].

دووەم : ئامادەسازی بۆ فەتح کردن : سوڵتان محمدی دووەم هەوڵە هەمەجۆرەکانی خستە گەڕ لە پێناو نەخشەکێشان وخۆڕێکخستن بۆ فەتح کردنی قوستەنتینیە . لەمەشدا کۆمەڵە هەوڵێکی زۆری بەخەرج دا بۆ بەهێز کردنی سوپای عوسمانی لەڕێگەی هێزە مرۆیی یەکانەوە تائەوەی ژمارەیان گەشتە ٢٥٠٠٠٠دووسەد پەنجا هەزار موجاهید [2].ئەمەش بەبەراورد کردن لەگەڵ سوپاکانی دەوڵەتانی ئەوکاتەدا ژمارەیەکی گەورەبوو . هەروەك گرنگی‌یەکی تایبەتی دەدا بە مەشق پێکردنی ئەوهێزانە لەسەر هونەرە جۆراوجۆرەکانی جەنگ . ومەشقکردن لەسەر چەکی هەمە چەشنە کە سازیان بکات بۆ چالاکی‌یە سەربازی‌یە چاوەڕانکراوەکان . هەروەك فاتح گرنگی ئەدا بە ئامادەسازی‌یەکی بە هێزوو تەواو لەڕووی مەعنەوی یەوە وگیانی جیهادی تێدا ئەڕواندن وئەوەی ئەهێنایەوە بیریان کە پێغەمبەر ﷺ مەرجێکی گەورەی ئەو ئەو سوپایەی کردووە کە فەتحی قوستەنتینیە دەکات بۆ ئەوەی ببنە ئەوسوپا ی کە مەبەستە . ئەمەش هێزێکی مەعنەوی و دلێری‌یەکی بێوێنەی پێبەخشین . وەك چۆن بڵاوکردنەوەی زانایان لەنێو ڕیزەکانی سوپادا کاریگەری‌یەکی گەورەی هەبوو لەسەر بەهێز کردنی عەزمی سەربازەکان و پەیوەستی‌یان بە جیهادی ڕاست و دروستەوە بە پێی فەرمانەکانی خوای گەورە . هەروەها لەقوڵی ئەورووپی‌یەوە

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٥٩ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية العلية / ١٦١ .

سوڵتان گرنگی زۆری دا به بنیاد نانی قەڵای (روملی حصار) لەسەر تەنگاوی بسفۆڕ لە تەسکترین خاڵیدا لەبەرامبەر ئەو قەڵایەوە کە لەسەردەمی سوڵتان بایەزید لە وشکانی ئاسیاییدا بونیات نرا .
ئیمپڕانۆریەتی بێزەنتی هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی سوڵتان دەست لە دروستکردنی ئەو قەڵایە هەڵبگرێ لە بەرامبەر پاپەند بونێکی دارای زۆرەوەو کە پەیمانی دا ئەو بیداتە سوڵتان . بەڵام فاتح هەرسور بوو لەسەر بنیاتنانەکە لە بەر ئەوەی گرنگی سەربازی ئەوشوێنە ی ئەزانی ، ئەوە بوو قەڵایەکی بەرزی بتەوو بەهێزی تەواوکرد کە بەرزییەکەی دەگەشتە ٨٢م ودوو قەڵاکە لە بەیەك وەستان وتەنیا ٦٦٠شەست سەدو شەست مەتر لەنێوانیاندا هەبوو ئەم دوو قەڵایە حوکمی هاتن و ڕۆشتنی کەشتییە تێپەڕبووەکانیان دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی {بسفور}ەوە تا ڕۆژئاوای کە ئاگری تۆ پەکانی ئەم دوو قەڵایە دەیتوانی ڕێگا بگرێت لە گەشتنی هەرکەشتییەك لەوناوچانەوە کە دەکەوتنە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ قوستەنتینیە ، وەك میرنشینی تەرابزۆن و جگەلەوێش کە دەیانتوانی لەکاتی پێویستدا پشتیوانی و پاڵپشتی شارەکە بکەن [1] .
أ : گرنگی دانی سوڵتان بە کۆکردنەوەی چەکی پێویست :سوڵتان محمد گرنگییەکی تایبەتی دا بەکۆکردنەوەی چەکی پێویست بۆ فەتحکردنی قوستەنتینیە ، لە گرنگترینیان ئەو تۆپانەبوون کە گرنگییەکی تایبەتییان هەبوو ، بۆیە ئەندازیارێکی مەجەڕی هێنا کە بە "ئوربان" بانگ دەکرا و لەدروستکردنی تۆپدا هەڵکەوتەو لێهاتوو بوو . ئەویش پێشوازییەکی چاکی لێ کرد و هەموو توانا دارایی و مرۆیی و ماددییەکانی بۆ دابین کرد ، ئەو ئەندازیارە توانی لەڕووی نەخشەیەکەوە ژمارەیەکی تۆپی گەورە دروست بکات کە لەسەروو هەموویانەوە تۆپی ناوداری سوڵتانی بوو کە ئەڵێن: کێشی

[1] سلاطين آل عثمان / ٢٦ .

دەگەشتە سەدان تەن و بۆ جولاندنی پێویستی بە سەدان گای بەهێز هەبوو . سوڵتان خۆی سەرپەرشتی دروستکردن و تاقیکردنەوەی ئەو تۆپانەی دەکرد [1] .

ب: گرنگیدان بە کەشتیگەل :زیاد لەم خۆئامادەسازییەش سوڵتان فاتیح کەوتە گرنگیدانێکی تایبەت بە گەشتیگەلی عوسمانی دا بەوەی کاری کرد لەسەر بەهێز کردنی و زۆرو زیاد کردنی بە جۆرەهاکەشتیگەل ، تا ئامادەی ئەوە بێت بە ڕۆڵی خۆی لە کاتی هێرش کردنە سەر قوستەنتینیەدا، ئەوشارە دەریاییەی کە گەمارۆدانی بەبێ بوونی هێزێکی دەریایی نەدەهاتەدی تاهەستێت بەئەو ئەرکە گرنگە . باس دەکرێت : ئەو کەشتیانەی بۆ ئەو کارە ئامادەکرابون گەشتبوونە زیاتر لە ٤٠ کەشتی [2] .

ج: بەستنی پەیماننامەکان :هەروەك چۆن فاتح لەپێش هێرشی بۆسەر قوستەنتینیە ، کاری لەسەر بەرستنی گەلێك پەیماننامە کردلەگەڵ دوژمنە جۆراوجۆرەکانیدا تاخۆی بۆ تاکە دوژمنێك یەکلا بکاتەوە بۆ ئەمە پەیماننامەیەکی بەست لەگەڵ میرنشینی غەلتەی دراوسێی قوستەنتینیە لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە کە تەنگاوی {قرن الذهبی} لەیەکی جیادەکردنەوە . هەروەها چەند پەیماننامەیەکی لەگەڵ {مەجد}و {بوندوقیە}دا بەست کە دوو هەرێمی دراوسێی ئەوروپی بوون .

بەڵام ئەو پەیماننامانە لەوکاتەدا کە هێرش کرایە سەر قوستەنتینیە خۆیان نەگرت ونەمانەوە .ئەوە بوو چەند هێزێك لەو شارانەو جگە ئەو شارانەشەوە بۆ بەشداری کردن لەپارێزگاری کردنی لە قوستەنتینیە [3] . خۆیان گەیاندە ئەویَ وەك

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٦١ .

[2] محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي / ٩٠ .

[3] تأريخ سلاطين آل عثمان / ٥٨ .

بەشداریکردنێکیان بۆ هاو دینەکانیان لە نەصرانیەکان هەموو ئەوە بوو پەیمان و گرێبەستەکانیان لەگەڵ موسوڵمانانندا لە بیری خۆیلن بردەوە .

لەوکاتەدا سوڵتان هێزی ساز دەدا بۆ فەتح کردن ، ئیمبراتۆری بیزەنتی هەوڵی مان ونەمانی ئەدا بۆ ئەوەی سوڵتان لە وئامانجەی لابدات بەناردنی دیاری جۆراوجۆر بۆ خۆی وناردنی "بەرتیل"بۆ هەندێ لە ڕاوێژکارانی سوڵتان بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر بڕیارەکەی [1]. بەڵام سوڵتان سوور بوو لەسەر جێبەجێ کردنی نەخشە داڕێژراوەکەی و هیچ کام لەوانە دەستی پێ هەڵنەگرت لەئامانجەکەی .

ئیمبراتۆری بیزەنتی کە بینی سوڵتان سورە لەسەر جێبەجێ کردنی ئامانجەکەی پەنای برد بۆ داواکردنی یارمەتی لە دەوڵەتە جۆراوجۆر شارە ئەوروپیەکان ، لەسەرووی هەموویانەوە پاپای سەرکردەی ڕێبازی کاسۆلیکی ، ئەمە لە کاتێکدا کە کەنیسەکانی دەوڵەتی بیزەنتی و لەسەروو هەمووشیانەوە شاری قوستەنتینیە شوێنکەوتەی کەنیسەی ئەرسەزۆکسی بوون کە دوژمنایەتیەکی توند هەبوو لەنێوان "کاثولیك"و"ئەرسەزۆکس"دا..

ئیمبراتۆر ناچار بوو دڵی پاپاڕابگرێت وخۆی لێ نزیك بکاتەوەو ئامادە بێ خۆی دەربخات بۆ کارکردن لەسەر یەکخستنی کەنیسەی ئەرسەزۆکسی ڕۆژهەڵاتی تا ملکەچی بکات بۆی . ئەمە لە کاتێکدا ئەرسەزۆکسی یەکان حەزیان بەوە نەدەکرد . لەسەر ئەمە پاپا هەستا بە ناردنی نوێنەری خۆی بۆ قوستەنتینیە و لەکەنیسەی ئەیاصۆفیا ووتاری دا و دوعا کرد بۆ پاپا و یەکخستنەوەی هەردوو کەنیسەکەی ڕاگەیاند ، ئەمەش بووە هۆی تووڕەکردنی جەماوەری ئەرسەزۆکسی لەوشارەداو هەستان بە بزوتنەوەیەکی دژایەتی کردنی ئەوکارە هاوبەشەی ئیمبراتۆری کاسولیکی،تەنانەت ، تائەوەی هەندێ لەسەر کردە

[1] فتح القسطنطينية –محمد صفوت / ٦٩ .

ئەرسەرزۆکسی‌یەکان دەیانووت : (من پێم باشترە لە شارەکانی بیزەنتەدا مێزەرەکانی تورك ببینم نەوەك کلاَوی لاتینی) [1].

دووەم : <u>هێرشەکە</u> : قوستەنتینیە لەسیٚ بەرەوە بەئاوی دەریایی گەمارۆ درابوو ، لەتەنگاوی بسفۆڕو دەریای مەڕمەڕەو (قرن الذهبی)کە بەزنجیرەیەکی تەواو گەورە و بەهێز پارێزگاری دەکرد لە هاتنە ناوەوەی گەشتی بۆ نێو قوستەنتینیە . زیاد لەوەش دووهێڵی پەرژین کراو لە ناوچەی ووشکانی کەناری دەریای مەڕمەڕەوە چواردەوری {قەرن الذهبی} دابووکە ڕوباری"لیکۆس"لە نێوانیاندا بوو لە نێوان ئەم دوو شوراشدا بۆشاییەك هەبوو پانیەکەی ٦٠شەست پیٚ ئەبوو شوراکەی ناوەوەش ٤٠ چل پیٚ بەرز بوو ، چەند بورجێکیشی لەسەر بوو کە بەرزی‌یان دەگەشتە ٦٠پیٚ ، شورای دەرەوەش بەرزی‌یەکەی دەگەشتە نزیکەی ٢٥پیٚ ، چەندبورجێکی تریش کە پڕ کرابوون لەسەربازی [2].

شارەکە لەڕووی سەربازی‌یەوە بەباشترین شارەکانی جیهان دەژمێردرا لەڕووی توندو تۆڵییەوە ، بەهۆی بوونی ئەو هەمووە شوراوقەلاَنەوە زیادلەو قایمکارییە قەلاَسروشتی یانەیش کە خۆیان هەبوون ، بۆیە پێداتێپەڕینی سەخت بوو ، لەبەر ئەمە بوو لەدەیان هێرشی سەربازی کە بۆ داگیر کردنی ئەو شارە ئەکرا ڕزگاری بوو ، لەوانە ١١ هەوڵی پێشووی ئیسلامیی .

سوڵتان فاتح خۆئامادەسازی‌یەکانی قوستەنتینیەی کامڵ کردو هەواڵی زانی و نەخشە پێویستی‌یەکای ئابلۆقەدانەکەی ئامادەکرد . هەروەك خۆی هەڵدەستا بەسەردانە هەواڵگیری‌یەکان کە تێیدا قایمکارییەکان و شوراکانی قوستەنتینیەی دەبینی [3].

---

[1] محمد الفاتح —د. سالم الرشيدي / ٨٩.

[2] تأريخ سلاطين آل عثمان / ٢ .

[3] محمد الفاتح —الرشيدي / ٨٢ .

سوڵتان کەوتە هەوڵی خۆشکردنی ڕێگاکانی نێوان ئەدرنە وقوستەنتینیە ، تا لەباربێت بۆ ڕاکێشانی تۆپە گەورە و زەبەلاحەکان لەوێوە بۆ قوستەنتینیە . بۆپەکان لە ئەدرنەوە بەرەو نزیکی قەستەنتینیە جوڵان و لەماوەی ٢مانگدا پاراستنی بەشی سوپایان تەواو کرد . تائەوەی لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ی ڕەبیعولئەووەلی ٨٥٧ك ، ٦ی ئەبریلی ١٤٥٣ز دا سەربازە عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی خودی فاتح گەشتنە چواردەوری قوستەنتینیە .

سەربازەکان کە نزیکەی ٢٥٠دووسەدو پەنجاهەزار سەرباز بوون کۆبوونەوە ، فاتیحیش وتارێکی بەهێزی بۆ دان وتیایدا هانی‌دان لەسەر جیهادکردن و خواستی سەرکەوتن یان شەهیدی . تیایدا خۆیەخشین و قوربانی دان و ، شەڕی ڕاستگۆیانە ی لەکاتی بەیەك گەشتنندا وە بیر هێنانەوە .

ئەوئایەتە قورئانی‌یەشی بەسەردا خوێندنەوە کە هانیان دەدات لەسەر ئەو کارە . هەروەك ئەوفەرموودانەی پێغەمبەری ﷺ بەبیر هێنانەوە کەموژدەی دەدا بەفەتحکردنی قوستەنتینیە و گەورەیی و بەڕێزی سوپا ڕزگارکەرو ئەمیرەکەی و ئەوەی وەبیر هێنانەوە لەو فەتحکردنەدا چەندەعیززەت و سەربڵندی ئیسلام و موسوڵمانانی تێدایە . سوپاش دەستی کرد بە (لاإله إلا الله) ووتن و (الله أكبر) و دوعا کردن [1]. زاناکانیش لە نێو ڕیزی سوپاو جەنگاوەرو موجاهیدەکان دا لەگەڵیاندا بڵاو بوونەوە کە ئەمەش کاریگەری خستە سەر مەعنەویەت و دەروونی هەموان تائەوەبووهەموو سەربازێك چاوەڕوانی جەنگی دەکرد زۆر بە خۆڕاگرانە ، بەڵکوو ئەوەی پێویستە لەسەری بەجێی بهێنێت [2].

---

[1] سلاطین آل عثمان / ٢٤-٢٥ .

[2] الفتوحات الإسلامیة عبر العصور / ٣٦٤ .

لە ڕۆژی داهاتوودا سوڵتان دەستی کرد بە دابەشکردنی سوپا ووشکانیەکە بەبەردەم شورا دەرەکییەکانی شاردا کە لەسێ بەشی سەرەکی پێکهێنابوو ، بەمە لە هەموو لاکانەوە بە توندی گەمارۆی ووشکانی دروست کرد .
هەروەك فاتح سوپاگەلێکی یەدەکیشی لەپشت سوپاسەرەکییەکەوە پێکهێنا .
هەروەها هەوڵی دامەزراندنی تۆپەکانی دا لەبەردەم شوراکاندا . گرنگترینیان تۆپی گەورەو زەبەلاحی سوڵتانی بوو کە لەبەردەم دەرگای "طب قابی"دا دانرا .
هەروەها لەپێگە نزیك و بەرزو جۆربەجۆرەکانی شاریشدا چەند دەستەیەکی دانا بۆ چاودێری کردن ، هاوکات کەشتییە عوسمانییەکانی بەنێو ئاوە کانی چواردەوری شارەکەدا بڵاو کردەوە . بەڵام بەهۆی بوونی زنجیرەیەکی گەورەوە کە ڕێگەی دەگرت لە هەر کەشتییەك بۆ چوونەناوەوە ،نە یتوانی بگاتە (قرن الذهبي)نەك ئەمە
بەڵکوو هەموو کەشتییەکی تێکدەشکاند کە هەوڵی چونە پێش و نزیکبوونەوەی بدایە . کە شتیگەلی عوسمانی توانی لەدەریای مەڕمەڕەدا دەست بگرێت بەسەر دوورگەکانی میواندا (جزر الأمراء)[1] .
بیزەنتییەکان هەوڵیاندا ئەوپەڕی هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ پارێزگاری کردن لە قوستەنتینیە ، بۆ ئەمە سەربازەکانیان دابەش کرد بەسەر شوراکاندا و قەڵاکانیان پتەوو توندوتۆڵ کرد .
سوپای عوسمانی توانی دەست بگرێت بەسەر شارەکەدا ، لەڕۆژانی یەکەمی ئابلۆقەدانەکەدا ڕەوشەکە ڕوودانی جەنگی نێوان عوسمانی وبیزەنتییە بەرگریکەرەکانی بەخۆوە نەدیت . دەرگاکانی شەهیدی کرانەوە و ژمارەیەکی زۆری عوسمانییەکان شەهید بوون بەتایبەت ئەو کەسانەی کە کاری نزیك بوونەوە لە دەرگاکانی پێ شپێردرابوو .

---

[1] العثمانيون والبلقان / ٨٩ .

تۆپـه عوسمانیـیـەکان لەشـوێنە جۆربـەجۆرو جیاوازەکانـەوە دەسـتیان کـردە تۆپبـارانی شـارەکە دەنگـە ترسـێنای ڕۆڵێکـی گـەورەی هـەبوو لـە دروسـتکردنی ترس لـەدڵی بیزەنتیـیەکان دا . ئـەم تۆپبارانـە بوو بەهۆی ڕوخانـدنی هەندێ لـە شوراکانی چواردەوری شارەکە ،بەڵام بەرگریکەران لەگەڵ هاویشتنی تۆپـەکان دا بەپەلە شوراکانیان بنیاد دەنایەوە . کۆمەکی یە مەسیحییەکانیش لە ئەوروپاوە بـەردەوام ئـەهات وهاوکاریـەکی زۆر لـە پێـنج کەشـتییدا کۆکرانـەوە و گەشتن بە قوسـتەنتینیە کـە سـەرکردەی ئـەو کەشـتییانە جستینیان جەنـەوی لەگەڵ ٧٠٠ جـەنگاوەری خۆبەخـشی نێـو دەوڵەتـە جیاوازەکـانی ئـەوروپاوە بـوون و هاودەمییـان دەکـردن . کەشـتییەکان تـوانی یـان بگەنـە پایتەختـە دێرینەکـەی بیزەنتـــە لـــەپاش بەرەنگاربوونەوەیـــەکی دەریـــایی لەگـــەڵ کەشـــتیگەلە ئابلۆقەدەرەکەی عوسمانییەکاندا . گەشتنی ئەو هێزە کاریگەرییـەکی گـەورەی هەبوو لەسـەر بـەرز کردنـەوەی وورەی بیزەنتییـەکان . جەستینیانی سـەرکردەی کەشتییەکان کرا بە سەرکردەی هێزە بەرگریکەرەکانی شارەکە [1] .

هێزە دەریایییە عوسمانییەکان هەوڵی بڕینی ئەو زنجیرە بەرزو گەورەیان دا کە لە (قرن الـذهبي) دا دەسترەو بوو بۆ ئەوەی کەشتی یە ئیسلامی یەکان بەدی نەهێنا ، بۆیە تیرەکانیان وەشاند بەسەر کەشتییە ئەوروپی و بیزەنتییەکاندا . بـەڵام هەرلەسـەرەتاوە شکـستیان هێنـا لەبـەدیهێنانی ئامانجەکەیانـدا . بەمـەش ڕۆحی مەعنەوی بەرگریکەرانی شارەکە بەرز تربوویەوە [2] .

قەشـە و پیـاوە ئاییندیـیـەکان بـەبێ بێزاربـوون بـە کۆڵانـەکانی شـارو شـوێنە قەڵاییـیەکانـدا دەگـەڕان و مەسـیحیەکانیان لەسـەر سـەقامگیری و خـۆڕاگری هانـدەداو خـەڵکیان هانـدەدا بـچن بـۆ کەنیـسەکان و هـاوار بکـەن مەسـیح و (

---

[1] العثمانيون والبلقان / ٩٢ .

[2] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٢٠ .

حەزرەتی مەریەم) بەڵكو شارەكە ڕزگار بكەن . ئیمبراتۆر قوستەنتین بۆ ئەو مەبەستە ، بەردەوام خۆی دەچوو بۆ كەنیسەی ئایا صوفیا [١] .

سێیەم : دانیشتنەكانی نێوان محمدی فاتح و قوستەنتین :

عوسمانی یە هەڵمەتبەرەكان بۆ سەر شارەكە قارەمانانە شەڕیاندەكردو لەسەروو هەموویانەوەمحمد فاتح خۆی . بیزەنتی‌یەكانیش بەسەرۆكایەتی قوستەنتین بەرگرییەكی قارەمانانەیان كردو. ئیمبراتۆری بیزەنتی هەوڵی‌دا (شار و گەلەكەی بە هەموو فێڵ و ڕێگەیەك ڕزگار بكات كە لەتوانایدا هەبێت . بۆیە خواستگەلێكی جۆراوجۆری خستە بەردەم سوڵتان محمد لە خشتەی بەرێت وپاشە كشەی پێ بكات لەیەرانبەر بڕێك ماڵ یان گوێڕایەڵی كردندا جگە لەمانەش شتی تری زۆری خستە بەردەم. بەلاّم لەبەرامبەردا فاتح (بە ڕەحمەت بێت) یەك وەلاّمی ئەدایەوە:بەدەستەوەدانی‌شارەكە [٢]. لەو حاڵەتەشدا هیچ كەسێك وهیچ كەنیسەیەكی شار ئازاریان توش نابێ.

ناوەڕۆكی نامەكە بریتی بوو لەمە : با ئیمبراتۆرەكەتان شاری قوستەنتینیە بدات بەدەستەوە ، منیش سوێند دەخۆم سوپاكەم دەست بۆ ماڵ و گیان و ناموسی هیچ كەس نابات . كێیش ویستی بالەشارەكەدا بمێنێتەوە و بەئاسایش و ئارامش تیایدا بژیت . كێش ویستی شارەكە بەجێ‌ی بهێڵێت وكۆچی لێ بكات ، ئەوا بۆ كوێ حەز دەكات بابچێت وئارامەو ئاشتی پارێزراوە [٣].

بەمانەوەی تەنگاوی "قرن الذهبي" لەدەستی هێزی دەریایی بیزەنتی‌یەكاندا ، ئابلۆقەدانەكە ناتەواو بوو . لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی عوسمانی بەبێ پسان بەردەوام بوو سەربازانی "ئینكیشار"ی دلێری‌یەكی زۆرو نەبەردی‌یەكی كەم

---

1 محمد الفاتح / ١٠٠ .

2 تأريخ سلاطين آل عثمان / ٥٨ .

3 محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ٩٢ .

وێنـەیان نواند . ئـەوان بـەبێ تـرس بەشوێنەواری هـەر بۆمبـارانێکی تۆپەکانـدا بـەرەو ڕووی مـەرگ دەچـوون . لـە ڕۆژی ١٨ ی ئـەبریل[١] دا تۆپەعوسمانیـەکان توانیـیان لەبەشی ڕۆژئاوای شوراکەوە لەلای دۆڵی لیکۆس کونێك بکەنە شورای بیزەنتیـیـەکان .سـەربازە عوسمانیـیـەکان بەهـەموو نەبـەردی و گـەرموو گوڕییەکەوە دەستیان کرد بە هەوڵی داگیرکردنی شارەکە لە ڕێگای ئەو کونەوە . هـەروەك هـەوڵی داگیرکردنـی شـوراکانی تریـان دا لـەڕێگای ئـەو پەیژانـەوە کـە نابوویـان بـە دیوارەکانـەوە . بـەڵام بەرگریکـەرانی شـارەکە بەسـەرکردایەتی "جستنیان" لـە پارێزگـاری کردنـی شـوراو ئـەو کونەکـە مانـەوە و ڕاوەسـتان و لەنێوان هەردوو لادا شەڕوکوشتار توند بوویەوە . کونەکە بچوك بوو . تیرورم ئەو شتانەی تریش کە ئەگیرانە سەربازە موسوڵمانەکان زیادیان کرد . لەگەڵ تەسکی شوێنەکە و توندی بەرگری دوژمنان و هاتنی شەودا ، لەپاش ئەوەی ترسیان لـە دڵی دوژمنە مەسیحییەکاندا بەجێ هێشت ، سوڵتان فاتح بڕیاری کشانەوەی بۆ هێرشبەران دەرکرد ، بەمەبەستی هەلێکی تر بۆ هێرش بردن[٢] .

هـەر لـەوڕۆژەدا هەنـدێ لـە کەشـتییە عوسمانیـیـەکان بەشـکاندنی زنجـیرەی بەربەستی "قرن الذهبي" هـەوڵی گرتنی "قـرن الـذهبي"یـان دا . بـەڵام کەشتییە بیزەنتی و ئەوروپییە هاوبەشەکان لەگەڵ دەستە بەرگریکەرو بەئاگاکانی پشت زنجیرە کـە پاراسـتنی کـەنادوی گەورەکـەیان لـە ئەسـتۆدا بـوو . بەهەموویانـەوە توانیـیـان ڕێگـا بگـرن لـەو کەشـتییە ئیـسلامییانەو هەنـدێکیان تێـك بـشکێنن ، لەبەر ئەوەی ئامانجەکە نەهاتە دی کەشتییەکانی تر ناچار بوون بگەڕێنەوە[٣] .

<u>چوارەم : لە کارلادانی سەرکردەی کەشتیوانی عوسمانی و دلێری محمدی فاتح :</u>

---

1 الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٦٧ .

2 محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٢٣ .

3 الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٦٨ .

پاش دوو ڕۆژ لە ڕوودانی ئەوشەڕە ، جەنگێکیتر لەنێوان هێزە دەریایی یەکانی عوسمانی و هەندێ لەو کەشتی یە ئەوروپی یانەدا ڕووی دا کە هەوڵی گەشتن بەکەنداوەکەیان دەدا و کەشتی لە ئیسلامی یەکانیش هەوڵێکی گەورەیان خستەگەڕ بۆ ڕێگە لێگرتن لێیان . محمدی فاتح لە کەنارەوە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد . هەواڵی نارد بۆ سەرکردەی کەشتیەوانەکانی و پێی ووت : یان دەست ئەگریت بەسەر ئەو کەشتی یانەدا ، یان دەیانکەیت بەژێر ئاودا ، ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوویت ، ئەوا بەزیندوویی مەگەڕێوە بۆ لامان [1].بەڵام کەشتییە ئەوروپییەکان لە گەشتن بە ئامانجەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون . کەشتییە عوسمانییەکانیش لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە گەورانەی لەو پێناوەدا بەگەڕیان خست ، نەیانتوانی ڕێگرییان لێ بکەن ، دواتر سوڵتان محمد زۆر بەتوندی تووڕە بوو و لەپاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ پێگەی سەرکردایەتییەکەی سەرکردەی کەشتیە کانی لەسەر لابرد [2].داوای کرد بانگی بکەن بۆی، ئینجا محمدی فاتح زۆر توند سەرزەنشتی ماتەی ئۆغلی سەرکردەی کەشتیە کانی کردو بەترسنۆك تۆمەتباری کرد ، ئەو توندو تیژیە کاری کردە سەر سەرکردەی کەشتیەوانی و ووتی : (من بەدڵێکی قاییمەوە پێشوازی مەرگ دەکەم ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کەبمرم و بەوجۆرە تۆمەتە تۆمەتباربم ، من و پیاوەکانم بەهەموو توانایەکی وڕێگەیەك کە هەبوو نەتوانیمان شەڕمان کرد . ئیجا سوچی مێزەرەکەی لەسەر چاوە برینداەرەکەی لابرد) [3] . محمدی فاتح زانی

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٠١ .

[2] مواقف حاسمة –محمد عبدالله عنان/ ١٨٠ .

[3] محمد الفاتح –الرشيدي/ ١٠٣ .

بۆی دەرکەوت کە ئەو پیاوەش عوزری خەڵکی بڕیوە ، بۆیە بەلەسەر کار لابردن وازی لیٚ هیٚناو وڕێگەی دابڕوات و حەمزەپاشای لەشوێنەکەی دا دانا [1].

سەرچاوە مێژوویی‌یەکان باس لەوە دەکەن کە سوڵتان محمدی فاتح بە سواری ئەسپەکەیەوە، چاودێری ئەو جەنگە دەریایی‌یانەی دەکردوبە ووره بەرزی یەکەوە بەرەو دەریا پێشڕەوی کرد ئەوەبوو ئاو تا سەر سنگی ئەسپەکە هات ماوەی ئەم وکەشتیە شەڕ کەرەکان ئەوەندە بووبەڕوو هەڵدەی بیگاتیٚ هاواری ئەکردە{بالطة ئۆغلی} وبەدەنگی بەرز ئەیقیڕاند کەشتیەوان ! کەشتیەوان !هەڕەشەی لیٚ دەکرد .

عوسمانی‌یەکان بەبیٚ ئەوەی کاریگەریەکی دیاریان هەبێت بۆ کەشتی‌یەکان هەوڵەکانی هێرش بردنیان زیاتر دەکرد [2].

شکستە دەریایی‌یەکانی کەشتیوانی عوسمانی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەسەر هەندیٚ لە ڕاوێژکارەکانی سوڵتان ، لەپێش هەمووشیانەوە ، "خەلیل پاشای وەزیر" بۆ ئەوەی واز لەوە بێنێت کە دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت وداوای لێکرد کە، بەپەیمان بەستن لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا ڕازی بێت ووازلە ئازادکردنی شارەکە بهێنیٚ و ئابلۆقەی سەرشارەکە هەڵبگرێت، بەڵام سوڵتان سوور بوو لەسەر هەوڵی فەتح کردنی شارەکەو لەهەموو لاوە بە تۆپەکانی بەردەوام بوو لەسەر بۆمباران کردنی بەرگریکەرانی شارەکە . هاوکات بەووردی بیری دەکردەوە بە هەر ڕێگەیەك بووە کەشتیە ئیسلامیەکان بەرێتە ناو{قرن الذهبي}ەوە ، بەتایبەت کە شوراکانی لای قرن الذهبي هەموو هاتبوونە خوارەوەو ، بیزەنتی یەکانیش ئەو کاتە ناچار ئەبن پاشەکشە بکەن بە هەندیٚ لە هێزە بەرگریکەرەکانیان لەشوراکانی ڕۆژئاوای شارەکە. بەم بەش بەش بوونەی

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٠٣.

[2] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٠٣.

هێزە بەرگریکەرەکان ، هەلێکی گەورە دەڕەخسێت بۆ هێرش کردنە سەر ئەو شورایانە پاش ئەوەی ژمارەی بەرگریکەرەکانی کەم دەکات [١].

<u>پێنجەم : لێهاتوویییەکی جەنگی ناوازە :</u>

سوڵتان بیرۆکەیەکی زۆر جوانی بۆ هات ئەویش ئەوەیەکەشتیەکان لە"بشكطاش"ەوە کە شوێنی وەستانیان بوو-لە ڕێگەی ووشکانیەوە بگەیەنێتە "القرن الذهبی" ئەم کارەش لەو ڕێگە ووشکانیەی نێوان هەردوو بەندەرەکە وە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی لە{حي الغلطة} خۆی بە دوور بگرێت وکەشتی یەکان لە مەترسی باشوریەکان بپارێزێت ،ماوەی نێوان ئەم دوو بەندەرە نزیکەی سێ میا ئەبوو ،زەوی یەکی تەختیش نەبوو بەڵکو پڕ بوو لە بەرزایی ونشێوی وتەختانی کەم بوو. محمدی فاتح سەرۆك جەنگییەکانی خۆی کۆکردەوە و بیرۆکەکەی خۆی بۆ خستنە ڕوو و شوێنی جەنگی داهاتووشی بۆ دەستنیشان کردن وئەو پەڕی هاندانی لە هەموو یانەوە بەدی کردو هەموویان سەرسوڕمانی خۆیان بۆ بیرۆکەکە دەربڕی وجێ بەجێکردنی پلانەکە دەستی پێکرد.

سوڵتان محمد فەرمانی دەرکرد بۆچاككردن وتەختكردنی زەویەکان ، لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا تەخت کرا ، پاشان چەند پارچە دارێکیان هێناو بەزەیت و چەوری ئاژەڵ چەوریان کردن ، پاشان بەشێوەیەك کە ڕاکێشانی کەشتیەکان بەهۆیەوە ئاسان بێت ،ئەو پارچە دارانەیان لەسەر ڕێگە لەبارەکەدا دانا سەختترین بەشی پڕوژەکە بریتی بوو لە گواستنەوەی کەشتییەکان بەسەر هەورازو تەپۆڵکەبەرزەکاندا ، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی کەشتی یەکانی عوسمانی لە قەبارەدا بچوك ولە کێشیدا سوك بوون [٢].

---

[1] الفتوح العثمانية عبر العصور / ٣٦٩ .

[2] محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٠٠ .

کەشتی یەکان لە بسفۆڕەوە بەسەر دارە چەورەکاندا بەوشکانی دا ڕاکێشران و بەماوەی سێ میل پاڵیان پێوەنرا تا گەشتنە خاڵێکی ئارام وخرانە ناو" قرن الذهبي "وەو.عوسمانیەکان توانییان لەو شەوەدا ٧٠کەشتی ڕابکێشن و و بەبێ ئاگایی دوژمنان لە "قرن الذهبي" دا بەڕێگەیەك دایانبەزێنن ، کەپێشتر سولتان محمد ڕێگەی وای نەیگرتبووەبەر ، سولتان خۆی سەرپەرشتی ئەوپرۆسەیەی دەکرد کە بە شەوو دوور لەچاودێری دوژمنەوە بەڕێوە دەچوو [١].
ئەم کارە بەراورد بە سەردەمەی کە ئەوڕووداوەی تێدا ڕوو دا ، کارێکی گەورە بوو ، بەڵکوو موعجیزەیەك بوو ، کە خێرایی بیرکردنەوەو خێرایی جێ بەجێکردنی تێدا دەر دەکەوێت . ئەمەش بەڵگەبە لەسەر وەر بەرزی وبیری نایاب وئەو پەڕی لێهاتووی عوسمانیەکان .
کاتێك ڕۆمەکان ئەمەیان بینی تەواو واقیان وڕما ، کەس نەیدەتوانی بڕوا بەوە بکات کە ڕوویدابوو ، بەڵام ڕاستەقینە{واقع} وای کرد کە دان بنێن بەو پلانە نایابەدا . شێوەی ئەو کەشتیانە کە بەچارۆکە بەرزەکانیانەوە بەناو ئەو کێڵگانەدا ڕێگەیان ئەکردو ئەڕۆیشتن وەك ئەوە وابوو بە ناو دەریایەکی لێ پەیدا بڕۆشتنایە دیمەنێکی تەواو دڵڕفێن وسەیرو جوان بوو گەو ڕەیی وفەزڵیش لەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ خوا پاشان بۆ زۆر زیرەکی وووره بەرزی وعەقڵییەتی گەورەی سوڵتان و توانای ئەندازیارە عوسمانی یەکان دەگەڕێتەوە هەروەك بۆ بوونی ئەو بڕە زۆرەی {دەستە ئیشکەرەکان } {الآیدی العاملة}ئەگەڕێتەوە کە ملیان بۆ ئەم کارە داو دەستیان دایە هەموو ئەم کاە لەیەك شەودا تەواو کرا
هەموو ئەمانە لە ماوەی یەك شەودا ڕوویان داو خەڵکە شارە هە<ارەکەش لە بەرە بەیانی ڕۆژی {٢٢/ئیبریل دا} بەدەنگی بەرزی الله اکبر هیتافکێشانی بەردەوام وسروودی ئیمانی پڕ مانای عوسمانییەکان خەبەریان بوویەوە کەلە القرن الذهبی

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧٠ .

وە ئەهات ،شتێکی کتو پڕی بوو کەشتیە عوسمانیەکان دەست بگرن بەسەر ئەو پردە ئاوی یەدا،وای لێهات لەنێوان عوسمانییەکان و بەرگریکەران لە شاری قوستەنتینە دا هیچ جۆرە بەربەستێکی ئاوی نەما [1].

یەکێك لەمێژوو نووسە بیزەنتی‌یەکان سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەمەڕئەو ڕووداوەو دەڵێت : (پێشتر هیچ شتێکی وەك ئەو شتە سەیروسەمەرەیەمان نەبیندی‌بوو و نەبیستبوو . محمدی فاتح زەوی بگۆڕی بە دەریاو کەشتیەکانی لە بڕی شەپۆلەکان بەسەر شاخەکاندا برد ، بەڕاستی محمدی دووەم بەم ئیشەی پێشی ئەسکەندەری مەکدۆنی گەورەی داوەتەوە) [2].

بێ‌هیوایی بە خەڵکی قوستەنتینیە وە دەرکەوت و پڕووپاگەندەی زۆر بەناوخەڵکدا بڵاو بوویەوە یەکێك لەو پڕپاگەندانە کە لەنێوانیاندا بڵاو بوویەوە دەیووت :هەرکات بینرا کەشتی بەسەر ووشکانیدا ئەڕوات ئەوە "قوستەنتینیە"ئەڕووخێت [3].

بوونی کەشتیە ئیسلامی‌یەکان لە {قرن الذهبی}دا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە لاواز کردنی ڕۆحی مەعنەوی بەرگریکەرانی شارەکە کە ناچار بوون هێزێکی گەورەی بەرگریکەرانی شوراکانی تر بکشێننەوە بتوانن بەرگری بکەن لە شوراکانی سەر {القرن الذهبي} ، چونکە ئەو شورایانە لاوازترین شورا بوون ، بەڵام پێشتر ئاوەکە ئەیپاراستن ، ئەمەش بشێوی خستە نێو بەرگریکەرانی شوراکانی ترەوە [4].

---

[1] الفتوح العثمانية عبرالعصور / ٣٧٠ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية –يلما أوزنتونا / ١٣٥ .

[3] محمدالفاتح –الرشيدي / ١٠٦ .

[4] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٠٦ .

ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی چەند هەوڵێکی زۆری دا کەشتیگەلی عوسمانی لە {القرن الذهبی} دا تێك بشکێنێ،بەلاّم عوسمانیەکان لە کەمیندا بوون بۆ هەموو ئەو هەولّ وپەك قاژە کردنەیان وتوانیان نوشوستی بە هەموو نەخشەو هەولّەکانیان بهێنن.

عوسمانیەکان بەردەوام خالّەکانی بەرگری و شوراکانی شارەکە یان بە تۆپ ئەکوتاو هەولّی هەلّزنینیان ئەدا بەسەر شوراکاندا ، هاوکات بەرگریکەرانی شارەکە لە لایەکەوە سەرقالّ بوو بوون بە بنیاد نانەوەو چاکسازی ئەو بەشانەی شورای شارەکەیان کە ڕووخابوون لەلایەکی ترەوە سەرقالّ بووبوون بە بەرپەرچ دانەوەی هەولّە چڕو پڕەکانی هەلّزنین بەسەر شوراکانداو گەمارۆش لە سەریان بەردەوام بوو ئەمانە بوون هۆی زیاد بوونی زەحمەت وماندوێتی وشەکەتبون و وایان لێهات شەو بدەنە دەم ڕۆژوو بەردەوام ئیش بکەو ئەمەش توشی بێ هیوایی کردبوون [1].

هەروەك چۆن عوسمانیەکان تۆپگەلێکی تایبەتیان لەسەربانە نزیکەکانی بسفۆڕو {قرن الذهبي} دانا کە گرنگی و ئەرکی ئەمانە کاولکردن و شکاندنی کەشتی یە کانی بیزەنتیو هاوکارانی بوو ، لە{ قرن الذهبي} و بسفۆڕ و ئاوە دراوسێکانی دا بوون وبەمەش گرێی لە جولّەی کەشتیەکانی دوژمندا دروست کردوو توشی گۆجی کردن بەتەواوی [2].

شەشەم : <u>کۆبوونەوەی نێوان پاشای قوستەنتینیە و یاریدەدەرەکانی</u> :

پاشا قوستەنتین و یاریدەدەرو ڕاوێژکارەکانی و پیاوانی ئایینی شارەکە کۆبوونەوەیەکیان بەست کە تیایدا ئاماژەیان بەوەکرد پاشا خۆی بچێتە دەرەوەی شارەکەو داوای یارمەتی و فریاکەوتن لە گەلە مەسیحی و دەولّەتە

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧١ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧١ .

ئەورووپی‌یەکان بکات ، بەڵکوو سوپا مەسیحی‌یەکان بێن و محمدی فاتح ناچار بکەن گەمارۆی لە سەر شارەکەیان هەڵبگرێت، بەڵام پاشا ئەو ڕایەی ڕەت کردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی تاکۆتاسات بەرگری بکات و گەلەکەی لەشارەکەدا بەجێ نەهێڵێت تا سەرەنجامی خۆی و ئەوانیش یەك سەرەنجام بێت ، ئەوەشی بەئەرکی پیرۆزی سەر شانی دەزانی . هەروەها فەرمانی پێ‌کردن کە هەرگیز ئامۆژگاری نەکەن بەچوونەدەرەوەی لەشارەکەدا ، بەڵکو تەنها هەستا بە ناردنی چەند وەفدێك وەك نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچە جیاجیاکانی ئەورووپا بۆ داواکردنی یارمەتی [1]. ئەو وەفدانەش بە بێئومێدی ودەستی خاڵیەوە دەگەڕانەوە ، دەزگاکانی هەواڵگری دەوڵەتی عوسمانیش چیلێسی خۆیان لە قوستەنتینیەو چواردەوری شارەکەدا کرد بۆیە وای لێهاتبوو سەرکردایەتی عوسمانی زانیاری تەواوی هەبوو کە چی لە چواردەوریدا ڕوودەدات .

حەوتەم : جەنگی دەروونیی عوسمانییانە : سوڵتان محمدی فاتح هێرشی سەر شوراکانی توند کردەوەو کردی بە جێ‌مەبەستی تەواوی لەنێو پلانێکدا کە بۆ لاوازکردنی دوژمن ئامادەی کردبوو ، هێزە عوسمانی‌یەکان بەشێوەیەکی پاڵەوانانە چەندین جار چالاکی هێرش بردن بۆ شوراکان و هەوڵی هەڵزنینپێیاندا دووبارە دەکردەوە کە ئەوپەڕی دلێری و خۆبەخت کردن و توانەوەی تێدا ئەبینرا، ئەوەی زیاتر سەربازەکانی ئیمبراتۆری قوستەنتینی دەترساند ، هاواری موسوڵمانەکان بوو کە ئەگەیشتە کەشکەکانی فەلەك و دەیانووت (الله أكبر الله أكبر) ئەو هاوارانە وەك هەورە بروسکەی کاولکەر دەبارین بەسەریاندا [2].

سوڵتان محمد دەستی کرد بە جێگیر کردنی تۆپە بەهێزەکانی لەبانەکانی پشت {غەلتە} دا ، ئەو تۆپانەش دەستیان کرد بە تۆپبارانێکی چڕوپڕی بەندەرەکە ،

---

[1] محمد الفاتح / ١١٦ .

[2] محمد الفاتح / ١٠٦ .

یەك لەتۆپەكان دای لەكەشتی‌یەكی بازرگانی و یەكسەر ژێرئاوی خست ، بۆیە كەشتی‌یەكانی تر ترسان و ناچار بوون بەڕاكردن ، شوراكانی {غەلتە}یان كردە پەناگە بۆ خۆیان ، هێرشی وشكانی عوسمانیش بەچەند پەلامارێكی خێراو كتوپڕو هێرش لەدوای هێرش بەردەوام بوو . سوڵتان محمدی فاتح بە بێ پچڕان و بەشەوو ڕۆژ لەدەریاو ووشكانی‌دا خۆی هاودەمی هێرشكردن و وەشاندنی تۆپەكانی دەكرد بۆ ئەوەی هێزی گەمارۆ ماندوو بكات وبواری حەسانەوە و بێخەم دانیشتنیان نەدات . بە وشێوەیە بەرگریكەران وورەو عەزیمەتیان لاواز بوو و دەروونیان ماندوو و بێزار و دەماریان گرژ وهیلاك بە ڕادەیەك بە هەموو شتێك تورە ئەبوون . هەر یەك لە وسەربازانە دەیڕوانی بۆ هاوڕێكەی و هێماكانی سەرشۆڕی و داڕمان و شكست خواردنی تێدا ئەبینی. كار گەییە ئەوەی بەئاشكرا دەستیان كرد بە قسەكردن لەبارەی ڕێگەی دەربازبوون و ڕزگاركردنی گیانیان لەوسەرەنجامەی كەلەعوسمانی‌یەكانیان چاوەڕێی دەكەن كاتێك كە شارەكەیان دەگرن.

ئیمپراتۆر قوستەنتین ناچار بوو بۆبەستنی كۆنگرەی دووهەم كە تیایدا یەكێك لەسەركردەكان پێشنیاری ئەوەی كرد كەلە پڕێكدا هێرشێكی توند بكەنە سەر عوسمانی یەكان ، تاڕێگەیەك بكەنەوە كە بیانبەستێتەوە بەجیهانی دەرەوە . لەوكاتەی كە لەكۆڕەكەیاندا لێكۆڵینەوەی ئەو پێشنیارەیان دەكرد ، یەكێك لەسەربازەكان كۆبوونەوەكەیانی پێ بڕین و ئاگاداری كردنەوە كە عوسمانی‌یەكان هێرشێكی قورسی چڕو پڕیان دەست پێ كردوە بۆ سەر دۆڵی لیكونس . بۆیە قوستەنتین كۆبوونەوەكەی بەجێ‌هێشت و سواری ئەسپەكەی بوو و داوای كرد سەربازەكانی بانگ بكەن و بردنی بۆ شوێنی جەنگەكە ،

کوشتار وجەنگ تاکۆتایی شەو بەردەوام بوو تا عوسمانیی‌یەکان پاشەکشەیان کرد [1].

سوڵتان محمد{بەڕەحمەت بێت}هەر جارەی ناجارێك دوژمنەکەی توشە شتی کتو پڕی ئەکردوەك داهێنانی هونەرێکی تازەی شەڕ کردن یان گەمارۆ دروست کردن یان جەنگی ئەعصاب*یان بەکارهێنانی شێوازی نوێو ڕێگەی تازەو داهێنراوی واکە دوژمن پێیان ئاشنا نەبوو[2].

لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی گەمارۆدانەکەدا عوسمانیی‌یەکان پەنایان بردە بەر ڕێگایەکی سەرسوڕهێنەری بۆ چوونەناوەوەی شارەکە ،هاتن دەستیان کرد بە هەڵکەندنی تونێل بەژێر زەوی‌دا بۆ ناو شارەکەو دانیشتوانی شار گوێیان لەتەقەتەقێکی زۆر بوو لە ژێر زەوی یەوەو هەستیان ئەکرد کەتەقەتەقەکە پلە پلە لە شار نزیك ئەبێتەوە . جا ئیمبراتۆر خۆی و چەند سەرکردەو ڕاوێژکارێکی بەپەلە چوون بەدەم دەنگەکەوە بۆیان دەرکەوت کە عوسمانیی‌یەکان بۆ گەشتن بەنێوشارەکە هەڵدەستن بە هەڵکەندنی تونێل بەژێر زەوی‌دا ، بۆیە بەرگریکەران بڕیاری خۆئامادەکردنیان دا بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بە هەڵکەندنی تونێلی هاوشێوەی ئەوان لەبەرامبەر تونێلەکانی هێرش بەراندا بۆ بەرەنگار بوونەوەیان بەبێ ئەوەی عوسمانیی‌یەکان بزانن ، ئەوە بووعوسمانیی‌یەکان گەشتنە ئەو تونێلانەی کە بۆ ئەوان ئامادە کرابوون ، وایان زانی ڕێیان لە ژێر زەوی و گونجی تایبەتی ونهێنی نێو شارەکە کەوتووە . بەمەش دڵخۆش بوون ، بەلام دڵخۆشی‌یەکە درێژەی نەکێشا وئەوە بوو ڕۆمی‌یەکان بەرەنگاریان بوونەوەو وەسیەت یان کردە ئاگر باران کردنیان و و نەوتی سوتێنەرو مادە گڕگرتووەکانیان بەسەردا باراندن ، ئەوە بووزۆرێکیان خنکان و بڕێکی تریان

---

[1] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٠٨ .

[2] السلطان محمدالفاتح –عبدالسلام فهمی / ١٠٨ .

سوتان وئەوانەش ڕزگاریان بوو ، بەشوێن پێی خۆیاندا گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتبوون[1] .

بەڵام ئەو شکستە بازووی عوسمانیەکانی لاواز نەکرد ، بەڵکو گەڕانەوە بۆ لێدانی تونێلگەلێکی تر لەچەند شوێنێکی تر لەناوچەی درێژەوەبووی نێوان "ئەکری فبو" و کەناری "القرن الذهبي" ،کە شوێنێکی لەبارە بوو بۆ ئەو کارە ، بەوجۆرە تا کۆتا ڕۆژەکانی ئابلۆقەدانەکە بەردەوام بوون ، خەڵکی قوستەنتینیە تووشی ترس وسامێکی گەورەی وابوون کە وەسف ناکرێت تائەو بارەی کە دەنگی پێی خۆشیان لەکاتی ڕۆشتنەڕێدا ببیستایە ، توشی دڵە خورپە دەبوون و لێیان دەبوو بەو دەنگ گەلە ترسناکەی ئەوهەڵکەندنەی کە عوسمانیەکان پێی هەڵدەستان . زۆرێکیان واخەیاڵیان دەکرد کە زەویەکە کەرت دەبێت و سەربازە عوسمانیەکان دێنە دەرێ و شارەکە پڕدەکەنەوە ، ئیدی بەلای ڕاست و چەپ دا لایان دەکردەوەو لەترساندا ئاماژەیان بەملاولای خۆیان دەکرد و دەیانووت : (ئەوە تورکێکە ! ئەوە تورکێکە !) . لەڕێڕۆشتنیاندا لەسێبەری خۆشیان دەترسان و وایان دەزانی دەیانفڕێنن . زۆر جاریش واڕوویدەدا پڕوو پاگەندەیەك بڵاو دەبوویەوە و وای لێدەهات کە وەك ڕاستیەك وابێت و یەکێکیان بەدووچاوی سەری خۆی دیتبێتی ، هەروەها لەناو دانیشتوانی قوستەنتینیەدا ترسێکی توند و زۆر چووبووە دڵیانەوە ، وەك ئەوەی سەرخۆش بن ، کەو سەرخۆشیش نەبوون ، دەستەیەك دەڕۆشتن و دەستەیەکیش دەیانڕوانی یە ئاسمان و کۆمەڵێکیش زەویان دەپشکنی و هەنێکیش دەیانڕوانیە دەم وچاوی یەکتر وەك کەسێکی خراپ دۆڕاوی وزۆر تورە.

---

*شەڕی ماندوو کردنی مێشك بە ڕادەیەك دوژمن شپرزە بکەی نەزانیٚ بەرەنگاری کام نەخشە بێتەوە"وەرگێڕ.أ"

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧٢ .

ئەو ئیشەی عوسمانییەكان ئاسان نەبوو ، چونكە ئەو تونێلانەی هەڵیانكەند ، ئەوە بوویە هۆی مردنی زۆرێكیان لەنێو زەوییەكەدا بەهۆی خنكانەوە یان سووتانەوە . هەروەك لەهەندێ هەوڵدا زۆرێكیان دەكەوتنە ژێر دەستی ڕۆمییەكان و سەریان دەبڕین وكەللەكانیان فڕێ ئەدانەوە بۆ سەربازگەی عوسمانییەكان [1].

پەلامارێكی لەناكاوی عوسمانیەكان : عوسمانی یەكان بۆ دەست گرتن بەسەر شارەكەداپەنایان بردە بەر شێوازێكی نوێی تر هاتن قەڵایەكی دارینی گەورەی بڵندی بزواویان دروست كرد كە لەسێ قات پێك هاتبوو ، كە بەرزتر بوو لەبەرزی شوراكان و بە زرێ و پێستی تەڕ كراو بەئاو داپۆشرابوو بۆ ئەوەی بیپارێزێت لەئاگر ، هەموو قاتەكانی ئەم قەڵایە پڕكرابوون لە پیاو ، ئەوانە یان كەلە قاتی سەرەوە بوون ئیشیان ئەوە بوو هەركەسێك سەری لەشوراكەوە بەرز بكردایەتەوە ، تیر بارانیان دەكرد .

كاتێك عوسمانییەكان بەو قەڵایەوە كشان و بەهۆیەوە لەلای دەرگای "ڕۆمانوس"ەوە لەشوراكە نزیك بوونەوە ، ترس و بیم كەوتە دڵی بەرگریكەرانی شارەكەوە ، عوسمانییەكان توانییان قەڵاكە بلكێنن بەشوراكەوە ، لەنێوان ئەوانەی نێو قەڵاكەو مەسیحییەكاندا جەنگێكی توند ڕووی دا ،ئیمپراتۆر خۆی وسەركردەكانی سوپاكەی چوون بۆ ئەوەی پاشەكشە بەو قەڵایە بكەن ولە شوراكانی دوور بخەنەوە تائەوەی هەندێ لەو موسوڵمانانەی لەقەڵاكەدابوون ، توانییان هەڵزنن بەسەر شوراكانداو لەوەدا سەركەوتووبوون ، قوستەنتین وایزانی شكستی خواردووە تائەوەی بەرگریكەران بەچڕی ئاگربارانی قەڵاكەیان كرد ئەوە بوو كاری تێكرد و ئاگری تێبەربوو و سووتاو كەوت بەسەر بورجە

[1] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١١٠ .

بیزەنتی‌یەکانی پاڵی‌دا ، ئەوانەی لەبورجەکەدابوون کوژران و خەندەقەکەی پاڵی پڕ بوو لە بەرد وخۆڵ [1] .
عوسمانی‌یەکان بێ‌هیوا نەبوون لەهەوڵدان ، بەڵکوو محمەدی فاتح کە خۆی سەرپەرشتی ڕووداوەکەی دەکرد ، ووتی : بەیانی چواری تر دروست دەکەین [2] .
گەمارۆکە زیاد و توندو بەهێز بوویەوە ،وئەوەی لەناو شاری بیزەنتیدا بوو شەکەت وماندوو بوو بوو ، بۆیە سەرکردەکانی شارەکە لە ٢٤ی مایۆدا کۆبوونەوەیەکیان لەنێو کۆشکی ئیمبراتۆردا بەئامادەبوونی خودی ئیمپڕاتۆر بەست ، لەسەروو هەمووشتەکانەوە بێ‌هیوایی کۆبووەکان لە ڕزگارکردنی شارەکە بەدیارکەوت . تاهەندێکیان پێشنیاری‌ئەوەیان بۆ ئیمبراتۆر کرد کە پێش ئەوەی شارەکە بکەوێت ، با ئیمبراتۆر بچێتە دەرەوە بەڵکو هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتی و فریاکەوتنی بۆ بدات ، یان لەدوای شکست و کەوتنی بیگێڕێتەوە و بەدەستی بهێنێتەوە ، بەڵام ئیمبراتۆر دووبارەئەوەی بەرپەرچ دایەوە و سوور بوو لەسەر مانەوەی لەناو شارەکەدا وڕێبەرایەتی کردنی گەلەکەی . پاشان چوویەدەرێ بۆ سەردانیکردنی شوراو قەڵاکان .
وای لێ هات پڕوو پاگەندە دەستی کێشا بەسەر شارەکەداو لەبەرگری بەرگریکەرانی شارەکەی کەم دەکردەوە ، بەهێزترینی ئەو پڕوپاگەندانە ئەوە بوو کە لە ڕۆژی ١١ی جەمادای بە٢٥ی مایۆ ڕووی‌دا کە خەڵکی شارەکە پەیکەرێکی مریەمیان (سەلامی خوای لەسەربێت) بەرز کردەوە و بەناو بەشەکانی شارەکەدا دەیانگێڕاو لێی دەپاڕانەوە و ملکەچی خۆیان بۆ دەنواند ، تا سەریان بخات بەسەر دوژمنەکانیاندا ، لەناکاو پەیکەرەکە لەدەستیان کەوت و شکا ، ئەوانیش ئەمەیان بە شوم و ئاگادارکردنەوەیەکی ترسناک هاتە بەر چاو ، ئەمە کاری کردە

---

[1] محمد الفاتح –سالم الرشيدي / ١٤٤ .
[2] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمی / ١٢٢ .

سەر دانیشتوانی شارەکە بەتایبەت بەرگریکەرەکانی . لەڕۆژی دواتردا ٢٦ی مایۆ بارانێکی توندی هاودەم بەهەورە بروسکە دایکردو یەکێك لەهەورە بروسکەکان دای لە کەنیسەی ئەیاصوفیا ، بەترپاکی کەنیسەکە بەمە ڕەشبین بوو و چوو بۆ لای ئیمبراتۆر و هەواڵی پێدا کە خوای گەورە وازی لێ هێناون و شارەکە بەم زوانە شکست دەخوات و بەدەستی موجاهیدە عوسمانیەکان دەڕمێت . ئەمە زۆر کاری کردە سەر ئیمبراتۆرو بوورایەوە [1] .

تۆپە عوسمانیەکان لەکاری خۆیان نەدەوەستان وبەردەوام شوراو قەڵاکانیان ئەکوتا، وبەشێکی گەورەی شوراو بورجەکانی ڕووخاند ، خەندەقەکانیش بەودارو پەردوانە پڕبوونەوە، کە بەرگریکەران بێهیوابووبوون لە لابردنیان ، بەمە توانستی دەستبەسەردا گرتنی شارەکە لەهەر چرکەساتێکدا هاتەدی تەنها ئەوە نەبێت کە کاتی دەستبەسەرا گرتنەکە هێشتا دیاری نەکرابوو [2] .

هەشتەم : <u>دانیشتنە کۆتاییەکانی نێوان محمدی فاتح و قوستەنتین :</u>

محمدی فاتح دڵنیابوو کە شارەکە خەریکە نشوستی دێنێت . لەگەڵ ئەوەدا هەوڵیدا کە چوونەژوورەوەی بەئاشتی بێت ، بۆیە نامەیەکی نوسی بۆ ئیمبراتۆر بۆ بەدەستەوەدانی شارەکە بەبێ ئەوەی خوێن برژێت ، هەروەها پاراستن ودڵنیایی چوونەدەرەوەی خۆی و خێزانی و هاوکارەکانی و هەرکەسێکی تری دانیشتوانی شارەکەی بۆ خستە ڕوو کە بۆ کوێ دەیانەوێت بەئاسایش و دڵنیاییەوە بچن [3] . خوێنی خەڵکەکەش لەشارەکەدا پارێزراو دەبێت و بەرەنگاری هیچ ئازارێك نابنەوە ، سەربەستیش بن لە مانەوە لەشارەکەیان یان کۆچ کردن لێی ، کاتێك ئەو نامەیە گەشت بە ئیمبراتۆر ، ڕاوێژکارەکانی

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي / ١١٨ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧٥ .

[3] محمد الفاتح –الرشيدي / ١١٩ .

کــۆکردەوە و ئــەو باســـەی بــۆ خـــستنەڕوو ، بەمـــە هەنـــدێك لایـــەنگری خۆبەدەســـتەوەدان بوونوهەنـــدێکی تـــریش ســـووربوون لەســـەر بـــەردەوامی بـەرگری‌کردن لەشـارەکە تـا مـردن ، ئیمبراتـۆریش بـەپاڵ ڕای ئەوانـەی ئـەتانوت تاکۆتاسات شەڕ دەکەین .

بۆیە ئیمبراتۆر پەیامنێرەکەی محمدی فاتحی بە نامەیەك ناردەوە کە تێیدا دەڵێت : (ئەو سوپاسی خوا دەکات کە سوڵتان پەنای بۆ ئاشتی بردووەو ، ئەو ڕازی دەبێت جزیە بدات ، بەڵام بۆ قوستەنتینیە ئەوا سوێندی خواردوە کە تا کۆتا هەناسەی ژیانی بەرگری لێ بکات ، جا یان دەسەڵاتی دەپارێزرێت یان لەژێر شوراکاندا دەنێژرێت)[1].

کاتێك نامەکە گەشت بە فاتح ، ووتی : (زۆر باشە کەواتە یان بەزوویی لە قوستەنتینیەدا دەسەڵات بۆ من دەبێت یان گۆڕەکەمی تێدا دەبێت)[2].

سوڵتان پاش بێ‌هیوابوون لە بەدەستەوەدانی شارەکە بەئاشتیانە ، دەستی دایە چڕکردنەوەی هێرشەکە ، بەتایبەت بۆمبارانکردنی شارەکە ئەوە بوو تۆپە گەورەکەی سوڵتانی لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی تەقیەوە هەموو ئەوانەشی کوشت کە کاریان لەسەری کرد لەسەروو هەموویانەوە ئەندازیاری مەجەڕی "ئوربان" کە سەرپەرشتی نەخشەسازی تۆپەکەی گرتبووە دەست . لەگەڵ ئەمەدا سوڵتان ڕێنمایی دا بە جێ‌بەجێ‌کردنی کاری سارد کردنەوەی تۆپەکان بەڕۆنی زەیتون ، تەکنیککارەکانی لەمەداسەرکەوتوو بوون و جارێکی تر تۆپەکان درێژەیان دا بە بۆمبارانکردنی شارەکە ، بەڵکو توانیان ئاڕاستەی

---

[1] محمد الفاتح –عبدالسلام / ١١٦ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور ٣٧٦ .

تۆپـەکان بەشـێوەیەك دابنـێن کـە لـە ناوەڕاسـتی شـارەکەدا بکەونـە خـوارەوەو تۆپبارانی شوراو قەلاًکانیش هەر بەردەوام بوونیە تۆپەکان [١] .

<u>نۆیەم / سولّتان محمدی فاتح کۆبوونەوەیەك بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژ دەبەستێت</u> :

سولّتان محمدی فاتح کۆبوونەوەیەکی بەست کە ڕاوێـژکارو گەورەسـەرکردەکانی خۆی لە خۆ دەگرت ،زیاد لە زاناو بەتەمەنەکان . محمدی فاتح داوای لەهەموویان کرد بەهەموو ڕاشکاویەك و بەبێ دوودلّی و پاشکەز بوونـەوە ڕاو بۆچوونەکانیان بلّێن ، هەندێکیان ئاماژەیان دا بەپاشەکشەکردن ، لەوانە خەلیل پاشای وەزیر کە بانگـەوازی دەکـرد بـۆ پاشەکـشە و نـەڕژانی خـوێن و ترسـان لـە تووڕەبـوونی ئـەوروپای مەسـیحی ، ئەگـەر بێـت و موسـولّمانان دەسـت بگـرن بەسـەر شارەکەدا ، جگە لەوە چەندین پاساوی تری خستەڕوو . ئەو تۆمەتباربوو بەوی‌ە لەگەلّ بێزەنتی یەکانداڕێکەو تووەوهەولّی ئەوە ئەدات کە خەلّکی لەجیاتی ئەوان سارد بکاتەوە [٢] .

هەنـدێ لـە ئامـادەبوانیش دەسـتیان دایـە هانـدانی سـولّتان لبـۆ درێـژە پێـدانی هێرشی سەر شارەکە تافەتح کردنی و دەستگرتن ن بەسەر ئەوروپا و هێزەکەی‌دا . هـەوەك ئامـاژەیـان کـرد بـۆ وورەو هەلّـچوونی سـەربازانی ئیـسلام بـۆ فـەتح کردنەکـە ، لەگـەلّ باسـکردنی ئـەو ڕووخـانی مەعنـەویاتی جیهادی‌یـەیان کـە لەپاشەکشەکردن و گەڕانەوەیاندا توشیان دەبێت .

لەوانە یەکێك لەسەرکردە دلێرەکان بوو کە بە(زوغنوش پاشا) بانگ دەکرا ، بە ڕەچەلّەك ئەلبانی بوو و پێشتر مەسیحی بوو موسولّمان بوو بوو ، مەسەلەی هێزە مەسیحی یەکانی ئەوروپایی لەبەرچاوی سولّتان زۆر ئاسان کرد [٣] .

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور ٣٧٦ .

[2] فتح القسطنطينية –محمد صفوت / ١٠٣ .

[3] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧٧ .

سەرچاوە مێژوویی‌یەکان باسی هەڵوێستەکەی "زوغنوش پاشا" دەکەن و دەڵێن : (کە سوڵتان پرسیاری لە ڕای ئەو کرد ، لەجێگای خۆی ڕاپەڕی و بەزمانێکی توركی کە زمان قورسی‌یەکی ئەڕنەئوتی تێکەڵ بوو ، هاواری کرد : ئەی سوڵتان ! حاشا و هەرگیز من ئەوە قبوڵ ناکەم کە خەلیل پاشا ووتی ، ئێمە جگە بۆ مەرگ بۆ هیچی‌تر نەهاتووینەتە ئێرە و ناشگەڕێینەوە) . ئەو دەنگ هەڵبڕینە کاریگەری‌یەکی قووڵی دەروونی ئامادەبووان و ماوەیەك بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر کۆڕەکەدا . پاشان زوغنوش پاشا درێژەی‌دا بە قسەکانی و ووتی : خەلیل پاشا بەو قسەیەی کەکردی ، ویستی ئاگری گەرموگوڕیتان تیٚدا دامرکێنێتەوە و دلێریتان بکوژێت ، بەڵام جگە لە هیوا بڕان وماڵ وێرانی هیچی‌تری بۆ نامێنێتەوە . سوپای ئەسکەندەری گەورە کە لەیۆنانەوە هەستاو تاهیندستان کشا و نیوەی ئاسیای گەورەی بەرینی بەزاند ، سوپاکەی لە سوپاکەی ئێمە گەورەتر نەبوو ، ئەگەر ئەوسوپایە توانی زاڵ بێت بەسەر ئەو زەوی‌یە گەورەو بەرینانەدا ، ئایا سوپای ئێمە ناتوانێت ئەو کەڵەکە بەردە فشۆڵە تێپەڕێنێت !! خەلیل پاشا ڕایگەیاند کە دەوڵەتە ڕۆژئاوایی‌یەکان بەرەو ڕوومان دەکشێن و تۆڵە دەستێننەوە ، بەڵام ئەو دەوڵەتە ڕۆژئاوایی‌یانە کامانەن ؟ مەبەستی ئەودەوڵەتە لاتینی‌یانە نی یە کە لەنێو خۆیاندا سەرقاڵی ڕق و کینەو ڕکەبەرین؟ یان مەبەستی ئەو دەوڵەتانەی دەریای ناوەڕاستە کە جگە لە دزی و جەردەیی ، توانای هیچی تریان نی یە ؟ ئەگەریش ئەو دەوڵەتانە بیانویستایە بیزەنتە سەرخەن ، ئەوا دەیانکرد و سەربازو کەشتیگەلیان بۆ دەناردن ، باواداببنێین ڕۆژئاوایی‌یەکان لە دوای ئەوەی فەتحی قوستەنتینیەمان کرد ، دەست ئەدەنە جەنگ و شەڕیان لەگەڵدا کردین ، دە ئایا ئێمە بە دەست بەستراوی و بەبێ جوڵان لە ڕوویاندا ڕادەوەستین ؟ ئایا سوپایەکمان نی‌یە بەرگری ئابڕوو و شەرەفمان بکات ؟ ! ئەی خاوەن شکۆ ، تۆ لەبارەی ڕای منەوە پرسیارت لیٚ کردم ، وامنیش بەقسەیەکی ڕاشکاوانە دەری دەبڕم ، پێویستە دڵەکانمان وەك بەرد وابن و بەبیٚ

ئەوەی بچوکترین لاوازی و دڵە خورپێیەکمان لێ دەربکەوێت ، درێژە بەجەنگەکە بدەین ، بەڕاستی ئێمە دەستمان کردووە بە کارێك و دەبێت تەواوی بکەین ، پێویستە هێرشەکانمان بە توندی و هێزەوە زیاد بکەین و دەلاقەی نوێ فەتح بکەین وبە دلێرییەوە زاڵ بین بەسەر دوژمندا ، جگە لەوە هیچی تر نازانم و ناتوانم هیچی تر بڵێم ...) [1].

بەمە و بەبیستنی ئەو قسەیە ڕوخسارێکی موژدەو دڵکرانەوە بەنێو دەم و چاوی سوڵتاندا دەرکەوت ، پاشان لای کردەوە بەلای ئورخان و پرسیاری لەبارەی ڕای ئەویشەوە کرد ، ئەویش خێرا وەڵامی دایەوە : بەڕاستی زوغنوش پاشا بەوەی کەووتی پێکای ، ئەی سوڵتانم ، منیش لەسەر ڕای ئەوم ! پاشان پرسیاری کرد لەئاق شەمسەددین و مەولای گۆرانی لەبارەی ڕای ئەوانەوە ، چونکە فاتح بەتەواوی متمانەی بەو دووانە هەبوو ، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە لەسەر ڕاکەی زوغنوش پاشان و ووتیان : (پێویستە درێژە بدەین بە جەنگەکە ، چونکە بەئامانجی نەمرانەو هەمیشەیی ،سەرکەوتن و زاڵ بوونمان دەست دەکەوێت) [2].
گەرم و گوڕی و وورە کەوتە نێو هەموو ئامادەبووانەوە ، سوڵتان فاتحیش دڵخۆش بوو بەهۆی نزای هەردوو زانای گەورەوە-ئاق شەمسەددین و مەولای گۆرانی) موژدەی زاڵبوون و سەرکەوتنی دەخواست ،ئینجا خۆی نەگرت و ووتی: لە نەژادی مندا کێ هێزی وای هەبووە [3] ؟!
زانایان ڕای قایل بوونی بەردەوامی جیهادیان پشتگیری کرد ، هەروەك سوڵتان لە دەربڕینی ڕای خۆیدا ، درێژە پێدانی هێرش تافەتح کردنی دەربڕی ، کۆبوونەوەکە بەچەند ڕێنماییەکی سوڵتان کۆتایی هات ، کەدەیووت : هێرشی

---

[1] محمد الفاتح —د.سالم الرشيدي / ١٢٢ .
[2] محمد الفاتح —د.سالم الرشيدي / ١٢٢ .
[3] محمد الفاتح —د.سالم الرشيدي / ١٢٢ .

گشتی و ڕێنمایی‌یەکانی دەست بەسەرداگرتنی شارەکە نزیك بووەتەوە ، بەزوویش فەرمانی دەرخستنی هەلی گونجاو دەدات ، پێویستە لەسەر سەربازەکانیش خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوە [1] .

دەیەم :محمدی فاتح ڕێنمایی‌یەکانی ئاراستە دەکات و خۆی شوێن پێی سەربازەکانی هەڵدەگرێت : لە ڕۆژی یەکشەممە ، ١٨ی جەمادی ولئەوەل ، ٢٧ی مایۆ ، دا سوڵتان محمدی فاتح ڕێنمایی سەربازەکانی کرد بە لەخوا ترسان و پاککردنەوەی دەروونەکان و نزیکبوونەوە لەخوا بە نوێژو هەموو گوێڕایەڵی و خۆکەم نواندنێك لە ڕووی خواا و پێکەوە پاڕانەوە ، بەڵکو خوای گەورە فەتحکردنەکەیان بۆ ئاسان بکات ، ئەو فرمانە بەنێو هەموو موسوڵمانان‌دا بڵاو بوویەوە ، هەروەك ئو ڕۆژە سوڵتان فاتح خۆی هەستا بە چاودێری کردنی شوراکانی شارەکەو ئاگادار بوونی کۆتا ئەو بارودۆخەی ئەوێ لەگەڵ ئەو هەواڵەی بارودۆخی خاڵە جیاوازەکانی برگریکەراندا کە پێی گەشتبوو ، چەند پێگەیەکی دیاری کراویشی دەستنیشان کرد کە دەبوو بۆمبارانی عوسمانی جەختی بخاتە سەر ، تیایدا چاودێری بارۆدۆخەکەی دەکرد و هانی دەدان بۆ جیددی بوون و خۆ بەخت کردن لە کوشتاری دوژمندا . هەروەك نوێنەری نارد بۆلای غەلتی‌یەکان کە هەڵوێستی بێلایەنیان هەبوو تا دەست وەرنەدەنە ئەوبارەی کە ڕوو دەدات .

بەمەش دەسەبەری پابەندبوون بە پەیمانی خۆی دەکات بۆیان ، هەروەها هەرزەرەرو زیانێك کە بەو هۆیەوە توشیان دەبێت ، هەموویانی بۆ قەرەبوو دەکاتەوە .

لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا عوسمانی‌یەکان ئاگرێکی چڕوپڕیان بەدەوری سەربازگەکەیاندا نایەوەو هاوارو دەنگی (لاإله إلاالله)و(الله أكبر) کردنیان بەرز

---

[1] تأريخ الدولة العلية –محمد فريد ١٦٤ .

دەبوویـــەوە [1] . تائـــەوەی ڕۆم وایـــان زانـــی ئـــاگر بەربووەتـــە ســـەربازگەی عوسمانیەکانەوە ، بەڵام بۆیان دەرکەوت عوسمانیەکان ئاهەنگ دەگێڕن بۆ سەرکەوتنێکی نزیکی خۆیان ، کە ئەمەش ترسی خستە دڵی ڕۆمەکانەوە .

لە ڕۆژی داهاتوودا ٢٨ی مایۆ ، خۆ ئامادەسازیە عوسمانیەکان بەتەواوی ئامادەبوون و تۆپەکان بەئاگربارانیان بیزەنتەیان تۆپ باران دەکرد . سوڵتانیش خۆی وەك چاودێری و ڕێنمایی کردن و بیرخستنەوەی نیاز پاکی و نزا و قوربانیدان و جیهاد کردن ، بەنێو پێگە سەربازیە جیاوازەکاندا دەسوڕایەوە [2] .

فاتح ئەگەر بەلای هەر سەربازگەلێدا تێپەڕ ببوایە ، ئەوا ووتاری بۆ دەدان و گەرم و گوڕی تێدا بەجێدەهێشتن و ووریـای دەکردنـەوە کـە بـە فـەتح کردنـی قوستەنتینیە شەرەفێکی گەورە و شکۆمەندیەکی هەمیشەیی و پاداشتێکی نەبڕاوەیان لەلای خوا دەست دەکەوێت ، بەزوویش ڕێگە لەو ئاژاوەگێڕیانەی شار دەگرێت کە هێشتا پڕ بوو لە دوژمن و پیلان گێڕان ، یەکەم سەربازیش کە لەسەر شوراکانی قوستەنتینیە ئاڵای ئیسلام داچەقێنێت ئەوا گەورەترین پاداشت و زەویەکی بەرفراوانی دەبێت [3] .

زاناو کەسە پایەبەرزەکانی موسوڵمانانیش ، بەنێو سەربازگەکاندا دەگەڕان و ئایەتە جیهادی و جەنگیەکان و سورەتی ئەنفالیان بەسەر موجاهیدەکاندا دەخوێندو گەورەیی شەهیدی ڕێگای خواو شەهیدە پێشووەکانی قوستەنتینیەیان بەبیر دەهێنانەوە ، لەسەروو هەمووشیانەوە شەهیدی قوستەنتینیە ئەبو ئەییوبی ئەنصاری ، بە موجاهیدەکانیشیان دەووت: کە

---

[1] تأريخ سلاطين آل عثمان / ٦٠ .

[2] الفتوح الإسلامية عبرالعصور / ٣٦٨ .

[3] محمد الفاتح —الرشيدي / ١٢٥ .

گەورەمان محمد ﷺ لەکاتی کۆچی بۆ مەدینە لەماڵی ئەبو ئەییوبی ئەنصاری دابەزی و ئەبوو ئەییوبی نارد بۆ ئەم هەرێمە ن ئەویش لێرە دابەزی ، ئەو قسەیە سەربازەکانی کڵپە پێدەسەندو گوڕو تینی لەدەرونیاندا زیندوو دەکردەوە [1].

پاش ئەوەی محمدی فاتح گەڕایەوە بۆ چادرەکەی خۆی ، گەورە پیاوانی سوپاکەی خۆی بانگ کرد ، و کۆتا ڕێنمایی‌یەکانی بۆ خوێندنەوە . پاشان ئەم ووتارەی بۆ خستنەڕوو : (ئەگەر فەتحی قوستەنتینیەمان کرد ، ئەوا فەرموودەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ و موعجیزەیەك لە موعجیزەکانی لەئێمەدا دێتە دی ، بەمەش لەوەدا بەختمان دەبێت کە پێغەمبەر ﷺ لەو فەرموودەیەدا لە لەبەرزو بڵندی و ڕێز لێنانەوە ئاماژەی پێداوە ، بۆیە بەتاکە تاکەی نەوە سەربازەکانمان بگەیەنن کە ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە بەم زوانە بەدەستی دێنین ، لە ڕێزو شەرەف ئیسلام زیاد دەکات ، پێویستە لەسەر هەموو سەربازێکیش ، ڕێنمایی‌یەکانی شەریعەتە بەرزو بڵندەکەمان بخاتە سەر هەردوو چاوانی و هیچکامیان ئیشێك نەکەن کە ئەو ڕێنماییانە بسڕێتەوە ، خۆشیان لەکەنیسەو پەرستگاکان بپارێزن و زیانیان پێنەگەیەنن ، وازیش لەو کەناگیرە مەسیحی ولاوازو بێتواناکانە بهێنن کە شەڕناکەن ....) [2].

لەوکاتەدا ئیمبراتۆری بیزەنتی خەڵکی شارەکەی کۆکردەوە ، بۆ هەستان بە پاڕانەوەیەکی گشتی ، تا تیایدا پیاوو منداڵ و ئافرەتان بپاڕێنەوە و لەڕووی خوادا ملکەچ بکەن و لەسەر ڕێبازی مەسیحی‌یەت لەکەنیسەکاندا بگرین ، بەلکو دوعاکەیان گیرابێت و شارەکە ڕزگاری بێت لەگەمارۆکە . ئیمبراتۆر ووتارێکی ڕەوانبێژانەی بۆ دان کە دووپاتی کردەوە بەرگری بکەن لەشارەکە ، تەنانەت ئەگەر ئەویش مرد ، لەگەڵ بەردەوامی پارێزگاری کردن لە مەسیحی‌یەت لەڕووی

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٢٦ .

[2] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٢٦ .

موســـوڵمانە عوسمانیی‌یەکانـــدا ، ئـــەوە ووتـــارێکی بێوێنـــە بـــوو کـــە وەك مێژوونووسان دەڵێن : هەموو ئامادەبووان گریان ، هەروەك ئیمبراتۆر و هاودەمە مەسیدیی‌یەکانی لـە کەنیسەی ئایا صـوفیادا کۆتـا نوێـژیان کـرد کـە پیرۆزتـرین کەنیسەبوو لەلایان [1].

پاشان ئیمبراتۆر چوو بۆ کۆشکەکەی و کۆتا سەردانیکرد و ماڵئاوایی و تەوقەی کـرد لـە هـەموو ئەوانـەی کـە لـەوێن ، دیمـەنێکی کاریگـەر بـوو ، مێژوونووسـە مەسـیدیی‌یەکان لـەبارەی ئـەو دیمەنـەوە نوسـیویانە و دەڵـێن : (ئـەوەی لـەو دیمەنەدا ئامادەبوو ، هەرکەسێکیان کە دڵیشی وەك تەختـە یان بـەرد بوایـە ئـەوا چاوەکانی بەو دیمەنە پڕ دەبوونە فرمێسك) [2].

قوستەنتین و ئەوانی دیکەش چوون بەرەو ڕووی وێنەیەك کە بەوێنەی مەسیح ناوزەدیـان دەکـرد و لەیـەکێك لـە ژوورەکانـدا هەڵواسـرابوو ، قوسـتەنتین لـەژێردا داچەمی و هەندێ نزای بۆ خوێند .

پاشان هەستاو کڵاوەکەی کردە سەری و لەنیوەی شەودا لەگەڵ هاودەم و هـاوڕێ و پـارێزەرە مێژوویی‌یەکەیدا –فرانتـزس– لەکۆشـکەکە چـوونە دەرێ . پاشـان هــەردوکیان پێکــەوە هەســتان بەســەردانێکی چــاوەدێری و پــشکنینی هێــزە بەرگریکـەرە مەسـیدیی‌یەکان و تێبـینی بزوتنـەوەی سـوپای چـالاکی عوسمـانی ئامادەبوونی هێرشی ووشکانی و دەریایی‌یان دەکرد ، کەمێك بەنزیکی ئەوشەوە ، ئاسمان بەبارشتێکی هێواش –نمەباران–دەستی کردە بارشت ، هەروەك ئەوەی ئاو پرژێنی زەوی بکات ، سوڵتان محمدی فاتحیش لە چادرەکەیدا هاتە دەرێ و چاوی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و ووتی : (خوای گـەورە ڕەحمـەت ویارمـەتی خـۆی

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي/ ١٢٩ .

[2] محمد الفاتح –الرشيدي/ ١٢٩ .

بۆ پێش خستن ، جا ئەو بارانە پیرۆزەی لەکاتی خۆیدا بۆ باراندین ن چونکە تۆز لادەبات و بزاوت و جولانی ئێمەش ئاسان دەکات)[1] .

یانزەهەم : نصر من الله وفتح قریب : لەیەکەم کاتژمێری سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی جەمادی لئولای ساڵی ٨٥٧ك ، ٢٩ی مایۆی ١٤٣٥ز دا هێرشی گشتی بۆ سەر شارەکە دەستی پێکرد ، پاش ئەوەی فەرمان بۆ ئەو موجاهیدانە دەرچوو کە دەنگیان بە (الله أكبر) بەرز دەبوویەوە و بەرەو شوراکە دەچوون . بیزەنتی یەکان زۆر ترسان و دەستیان کرد بە لێدانی دەرگەی کەنیسەکان و زۆرێك لە مەسیحی یەکان پەنایان بۆ ئەوێ برد .

هێرشە وشکاذی یەکە لەیەك کاتدا لەڕووی دەریایی و وشکاذی یەوە بەپێی ئەو نەخشە وردەی کە بەتوندو تۆڵی ئامادەکرابوو ، ئامادەو سازو لەبار بوو . موجاهیدەکان تامەزرۆی شەهیدی بوون ، بۆیە بەوپەڕی دلێری و خۆبەخت کردن و هەنگاونانێکەوە بەرەو ڕووی دوژمن پێشڕەوی یان دەکرد ، زۆرێك لە موجاهیدەکان گەشتن بەشەهیدی . هێرشەکە دابەش کرابوو بەسەر زۆرێك لەناوچەکان دا . بەلام بە پلەی یەکەم جەختی لەسەر ناوچەی دۆلی لیکۆس بوو بەسەرکردایەتی خودی سولتان فاتح . دەستەی یەکەمی عوسمانی یەکان بۆ هەولی لەپێشخستنی بزوتنەوەی بەرگریکەران ، شوراو مەسیحی یەکانیان دایە بەر لێزمەیەکی تۆپ و تیر ، لەگەڵ نەترسی و ئازایی بیزەنتی یەکان و دلێری عوسمانی یەکاندا کە بەمە قوربانی یە کانی هەردوولا بەژمارەیەکی زۆر داکەوتن[2] .

پاش ئەوەی دەستەی یەکەمی هێرش پەکی دەکەوت ، سولتان دەستەیەکی تری ئامادەکردبوو . دەستەی یەکەم دەکشانەوەو دەستەی دووەمی ئاراستە

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي/ ١٣٠ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٨٠ .

پێدەکردن . بەرگریکەران توشی ماندوویی بووبوون . دەستەی تازەش توانی‌یان بگەن بەشوراکان . لەهەوڵێکی نوێی دەستبەسەرداگرتن دا سەدان پەیژەیان بەسەر شوراکاندا دانا ، بەڵام مەسیحی‌یەکان توانی‌یان پەیژەکان هەڵگێڕنەوەو هەوڵە بێکۆتاکانی موجاهیدەکانیش بەردەوام بوو ، پاش دووسەعات لەو هەوڵانە ، فاتح فەرمانی کەمێك حەسانەوەی دەرکرد بۆ سەربازەکانی . لەدوای ئەوەی کە لەو ناوچەیەدا بەرگریکەرەکانیان ماندوو کردن ، هاوکات فەرمانی بۆ بەشی سێیەمی هێرشبەران دەرکرد بەهێرش کردنە سەر شوراکانی ئەو ناوچەیە ، پاش ئەوەی بەرگریکەران وایان زانی کە بارودۆخەکە ئارام بووەتەوە و ئەوانیش تەواو ماندوو بووبوون ، توشی ئەو شەپۆلە نوێیە بوونەوە ، ئەو هێرشبەرانە هەناسەیەکی تازەی ئامادەسازی‌یان هەبوو و حەسابوونەوەو تەواو خوازیاری بەدەستخستنی بەشی خۆیان بوون لەجەنگەکەدا [١].

جەنگەکە لە ناوچەی دەریایی‌دا بەدەست و بردی بەڕێوە دەچوو ، کە هێزە بەرگری‌کەرەکانی پەرش و بڵاوە پێ‌کرد و لە زیاتر لەیەك بەرەوە لەیەك کات دا سەرقاڵیان کردبوون .

لەگەڵ هەڵهاتنی بەرەبەیاندا هێرشبەران توانیان بەوپەڕی ووردی‌یەوە پێگەکانی دوژمن دەستنیشان بکەنو دەستیان کرد بە زیاد کردنی هەوڵەکانی هێرش بردن . موسوڵمانەکان لەگوڕو تینێکی تەواودابوون و سووربوون لەسەر سەرکەوتویی هێرشەکە ، لەگەڵ ئەوەدا سوڵتان محمد بڕیاری پاشەکشەکردنی دەرکرد بۆ سەربازەکانی بەنیازی ئەوەی هەلێك بقۆزنەوە بۆ تۆپەکانیان ،تاکوو جارێکی‌تر هەستن بە کارەکەیان ، ئیدی شوراکان و بەرگریکەرەکانی بەشەپۆلی تۆپەکان تۆپباران دەکران . ئەمەش پاش ئەو بێداری‌یەکان بەدرێژایی شەو ماندووی کردن ، پاش ئەوەی تۆپەکان هێور بوونەوە ، بەشێکی تازەی دلێرە

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٨١ .

ئینکیشارییەکان بەسەرکردایەتی خودی سوڵتان تیرو ڕمی ئەو موجاهیدانە دایپۆشین کە بە هەوڵی ڕێگری بەرگریکەرەکان لێك هەڵنەدەوەشان . سەربازە ئینکیشاریەکان دلێرییەکی سەرکەوتوو و نەبەردییەکی کەم وێنەیان لە هێرشەکەدا نواند و ٣٠ کەسیان توانیان هەڵزنن بەسەر شوراکەدا لەبەرامبەر ڕاچڵەکین و سەرسوڕماوی دوژمناندا ، هەرچەندە کۆمەڵێکیان کە سەرکردەکەشیانی تێدا بوو شەهید بوون . ئەوان توانییان ڕێگا ئاسان بکەن بۆ چوونە نێو شارەکەوە لەبەرەی طوب قاپییەوە و ئاڵاکانی عوسمانی بەرز بکەنەوە [1]. کە ئەمە وورەو گوڕوتینی سوپاکەی تری زیاد کرد بۆ دەستبەسەردا گرتن ، هەروەك هێزی لەبازووی دوژمنانی بڕی .

هاوکات جستنیانی سەرکردەی بەرگریکەران توشی برینێکی توند بوو کە ناچاری کرد بە پاشەکشە لەمەیدانی جەنگدا ، ئەمەش کاری کردە سەر بەرگریکەرەکانیتر . ئیمبراتۆر قوستەنتینیش خۆی سەرکردایەتی بەرگریکەرەکانی لە جێی جستنیان گرتە دەست . جستنیان بەمەبەستی ڕاکردن لەمەیدانی جەنگەکە سواری یەك لە کەشتییەکان بوو .

ئیمبراتۆر هەوڵگەلێکی زۆری خستەگەڕ بۆ سەقامگیرکردنی ئەو بەرگریکەرانەی کە بێهیوایی و بێسودی بەرگری کەڵەکە بوو بوو بەسەر دڵیانەوە ، لە کاتێکدا هێرشەکە بەتوند ترین شێوە بوو بەسەرکردایەتی خودی سوڵتان ، بەمەستی بەهەل وەرگرتنی لاوازی ڕۆحی مەعنەوی بەرگریکەران .

عوسمانییەکان لەناوچەیەکی شارەکەوە هێرشەکەیان درێژە پێدا تاکوو توانییان دەست بگرن بەسەر شوراکاندا و زاڵ بن بەسەر هەندێ لە بورجەکان و سەرکەون بەسەر بەگریکەرانی لای دەگای ئەدرنەو ئاڵا عوسمانییەکانی بەسەرەوە بەرز بکەنەوە . ئیدی لەو ناوچەوە سەربازە عوسمانییەکان دەرپەڕین

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٨٢ .

بەرەو شارەکە ، کاتێك قوستەنتین ئاڵا عوسمانیيەکانی بینی ، ڕای‌کرد بەرەو بورجەکانی باکوری شارەکە ، ئیدی دڵنیا بوو لە بێ‌سوودی بەرگری ، جلەکانی لابرد تاکوو نەناسرێتەوە ، ئیجا لەئەسپەکەی دابەزی و جەنگی کرد هەتاکو لە مەیدانی جەنگەکەدا کوژرا [1] .

بڵاو بوونەوەی هەواڵی مردنی ئیمبراتۆر ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە زیاد کردنی وورەو گوڕو تینی موجاهیدە عوسمانیيەکان و کەوتن و ڕمانی عەزیمەتی مەسیدیيە بەرگریکەرەکان .

سوپا عوسمانیيەکان توانیيان لەناوچە جیاجیاکانەوە بچنە نێو شارەکەوە ، بەرگریکەرانیش دوای نەمانی سەرکردەکەیان ، ڕایانکرد ، بەمە موسوڵمانەکان توانیيان بەسەر شارەکەدا زاڵبن .

لەوساتانەدا محمدی فاتحیش بەشداری دەکرد لە خۆشی و چێژی سەرکەوتنی سەربازەکانی بەسەرکەوتن بەسەر دوژمناندا بەوپەڕی سەربڵندیيەوە . سەرکردەکان پیرۆزبایيان لێدەکرد و ئەویش دەیووت : (سوپاس بۆخوا ، خوا ڕەحم بکات بەشەهیدەکانمان و شەرەف و سەربڵندی بکاتە بەشی موجاهیدەکان ، شانازی و سوپاسیش بۆ گەلەکەم) [2] .

لێرەدا هەندێ سوکە بەرگری لەناو شارەکەدا هەبوو کە بوو بەهۆی شەهید بوونی ژمارەیەکی موجاهیدەکان . زۆربەی خەڵکی شارەکەش ڕایانکرد بۆ کەنیسەکان . دیمەنی ئەو ڕۆژەی سێ‌شەممە ٢٠ی جەمادیلئەوەلی ٨٥٧ك ، ٢٩ی مایۆی ١٤٥٣ز ، وابوو کە سوڵتان فاتح لەناوەڕاستی شارەکەدا بوو کەسەربازو سەرکردەکانی چواردەوریان دابوو بە ماشاءالله وەڵامی دەدانەوەو لای دەکردەوە بەلایانداو دەیووت : بەڕاستی ئێوە بوون بەفەتحرکەری قوستەنتینیە . ئەوانەی

---

[1] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٣٩ .

[2] محمد الفاتح –الرشيدي / ١٣١ .

کە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی لە بارەوە دابوون . ئینجا پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێکردن و نەهی لێکردن لە کوشتن و فەرمانی پێکردن لەگەڵ خەڵکدا بەنەرمی و چاکە لەگەڵ کردندا بجوڵێنەوە . پاشان لەئەسپەکەی دابەزی و لەسەر زەوی کڕنووشی سوپاس و پێزانین و ملکەچی برد بۆ خودا [1].

دوانزەهەم : هەڵسوکەوتی محمدی فاتح لەگەڵ مەسیحیەیە بەسەرزاڵبوەکاندا :

محمدی فاتح چوو بەرەو کەنیسەی ئایا صوفیا ، خەڵکێکی زۆری تێدا کۆبووبویەوە لەگەڵ ئەو قەیس و ڕەهبانانەی نوێژو نزاکانیان بەسەردا دەخوێندنەوە . مەسیحیەیەکانی ناوەوە زۆرترسان . یەکێك لە ڕەهبانەکان هەستا بەکردنەوەی دەرگاکە بۆ سوڵتان ، ئەویش داوای لە ڕاهیبەکە کرد خەڵکەکە هێور بکاتەوە و دڵنیایان بکات و بەئارامشەوە بگەڕێنەوە بۆماڵەکانیان ، خەڵکەکەش دڵیان ئارام و هێور بوویەوە ، هەندێ لە ڕاهیبەکانیش لە ژێرخانی کەنیسەکەدا خۆیان شاردبوویەوە . کاتێك نەرم و نیانی و لێبوردنی فاتحیان بینی ، هاتنە دەرێ و موسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند . دوایی سوڵتان فەرمانی کرد بە گۆڕینی کەنیسەی ئەیاصوفیا بەمزگەوت . ئەوانیش واخۆیان بۆ ئەوکارە ئامادەساز کرد کە بۆ یەکەم هەینی داهاتووی تێدا بکرێت . کرێکارەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ ئەو کارە و خاچ و پەیکەرەکانیان لابرد و وێنەکانیان بەچینێك قسڵ داپۆشی . مینبەرێکیشیان دروست کرد بۆ ووتاربێژ .

هەندێ جار دروستە کەنیسە بگۆڕێت بەمزگەوت چونکە شارەکە بەزۆر فەتح کرا ، لەشەریعەتی ئیسلامدا بەزۆر فەتح کردن حوکمی خۆی هەیە .

سوڵتان ئازادی بەرپاکردنی دروشمە ئایینیەیەکان و هەڵبژاردنی سەرکردە ئایینیەیەکانی بەمەسیحیەیەکان بەخشی کە مافی حوکمدانیان هەبوو لە باس و

---

[1] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٨٣ .

خواسـه شارسـتانیەکان دا . هـەروەك ئـەو مافانـەی لـە هەرێمـەکانی تریـشدا بەخـشی بـە پیـاوانی کەنیـسە . بـەڵام لەوکاتـەدا سـەرانەی سـەپاند بەسـەر هەموویاندا [1] .

مێژوونووسـی ئینگلیـزی ئیـدوارد شیبردکریـسی لـە کتێبەکەی‌دا (مێـژووی عوسمانیـە تورکـەکان) هـەوڵی دا وێنـەی فـەتحکردنی عوسمانییـەکان بـۆ قوسـتەنتینیە تێـك بـدات ، سـوڵتان محمدیـشی بەکۆمەڵـە سـیفەتێکی ناشـیرین وەسف کرد لەڕقی فەتحکردنی شکۆداری ئیسلامی دا) [2] .

مەوسوعەی ئەمریکی چاپکراو لە ساڵی ١٩٨٠زدا لـە قوڕو چڵپاوی کینـەی خـاچ پەرستی دژ بەئیسلام دەچوو ، کەوا بانگەشەی دەکرد : سوڵتان محمد هەستاوە بـە کۆیلـە کردنـی زۆرینـەی مەسیحیەکانی قوسـتەنتینیە و لەبازاڕەنایابـەکانی شاری ئەدرنەدا بازاڕی پێوە کردوون و دواتر لەوێ فرۆشتوونی [3] .

ڕاسـتی ڕوونـی مێـژوویی دەڵێـت : سـوڵتان محمـدی فـاتح بەهەڵـسوکەوتێکی میهرەبانانـە لەگـەڵ خـەڵکی قوسـتەنتینیەدا هەڵـسوکەوتی کـردووەو فـەرمانی کـردووە بەسـەربازەکانی کـە بەچـاکی لەگـەڵ دیلەکانـدا هەڵـسوکەوت بکـەن و نەرمونیان بن لەگەڵیانـدا ، ژمارەیـەکی زۆری دیلەکانیـشی بـەماڵی تایبـەتی خـۆی ئـازاد کـردووە بەتایبـەت سـەرکردە یۆنانییـەکان و پیـاوانی ئـاینی . لەگـەڵ ئوسـقوفەکانیش دا کۆبووەتـەوەو تـرس و بیمیـانی هێـور کردۆتـەوەو دڵنیـای کـردوون لـە پارێزگـاری بـیرو بـاوەڕ و شـەریعەت و ماڵـەکانی پەرسـتشیان ، فەرمانیـشی پێکـردن بـە دانـانی بـەریکێکی نـوێ . ئـەوانیش ئەجنادیۆسـیان بەبەتریك هەڵبژارد . ئەویش لـەپاش هەڵبژاردنی لەمەراسیمێکی ئاهەنگگێڕیدا

---

1 الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٨٣ .

2 جوانب مضيئة / ٢٦٥ .

3 جوانب مضيئة / ٢٦٧ .

کە بەپێکهاتەی ئوسقوفەکانەوە بەرەو مەڵبەندی سوڵتان بەرێکەوت . سوڵتان محمدیش بەپێشوازییەکی گەورەوە ئەوپەڕی ڕێزی لێ گرت ! لەگەڵیشیدا نانی خوارد و لەبارەی چەندین بابەتی هەمەلایەنە و ئاینی و سیاسیو کۆمەڵایەتی دوا .

بەتریك لەدیمانەی سوڵتان چووە دەرێ و بەتەواوی بیرۆکەی بەرامبەر سوڵتانە عوسمانی و تورکەکان گۆڕا . بەڵکو بە گشتی بەرامبەر بە موسوڵمانان ، وەهەستی کرد کە : ئەو لەبەردەم سوڵتانێکی ڕۆشنبیری خاوەن پەیام و بیروباوەڕێکی ئایینی چەسپاوو مرۆڤایەتی بەرز و پیاوەتی تەواودایە .
ڕۆمەکانیش لەبەتریکەکەیان کەمتر کاریگەرو سەرسوڕماو نەبوون ، ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە : کوشتاری بەکۆمەڵ هەر دەبێت بیانگرێتەوە . ئیدی چەند ڕۆژێکی کەم تێنەپەڕی تاکوو خەڵك لە ئاشتی و ئارامش و دڵئارامیدا ژیانی ئاسایی شارستانییان بەسەر دەبرد [١].
عوسمانییەکان سوربوون لەسەر پابەند بوون بە بنەماکانی ئیسلامەوە . بەمە لەنێوان خەڵکدا دادپەروەری گرنگترینی ئەو بوارانەبوو کە سووربوون لەسەری . هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مەسیحییەکاندا دووربوو لە هەرشێوەیەکی ستەم و توڕەیی و دەمارگیری . بەخەیاڵی عوسمانییەکانیشدا نەدەهات کە مەسیحییەکان بەهۆی ئایینەکەیانەوە بچەوسێننەوە [٢].
بەڕاستی میللەتە مەسیحییەکانی ژێر دەستی فەرمانڕەوایی عوسمانی هەموو مافە ئایینییەکانی خۆیان بەدەست هێنا . هەرگەلێکیش سەرکردەی ئایینی خۆی هەبوو کە ڕاستەوخۆ بەبێ حوکمی عوسمانی بڕیاری بەسەردا دەدا .

---

[1] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٣٤، ١٣٥ .

[2] جوانب مضيئة / ٢٧٤ .

هەریەك لەوگەلانەش خوێندنگای تایبەتی و شوێنی پەرستن و دێریان هەبوو . هەروەك كەس دەستی وەرنەدەدایە دارایی‌یەوە . هەروەها لەقسەكردن بەهەرزمانێك كە دەیانەوێت سەربەستی پێدابوون [1]. بەڕاستی سوڵتان محمدی فاتح ئەو نەرمی نواندنەی لەگەڵ مەسیحی‌یەكانی قوستەنتینیەدا نەنواند تەنها لە بەر هاندەری پابەندبوونی ڕاستگۆیانەی نەبێت بەئیسلامی پیرۆزو بە پێشەنگی‌كردنی پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ و پاشان بە خەلیفە ڕاشیدینەكانی دوای پێغەمبەرەوە ﷺ ، ئەوانەی كە لاپەڕەكانی مێژوویان پڕبووە لە هەڵوێستگەلی نەرموونیانی ڕێزدار لەگەڵ دوژمنەكانیاندا [2].

باسی دووەم

فاتحی مەعنەوی قوستەنتینیە (شێخ ئاق شەمسەددین) :

ناوی محمدی كوڕی حەمزەی دیمەشقی ڕۆمی‌یە . لەگەڵ باوكی‌دا كۆچی كردووە بۆ ڕۆم و لە دواییدا هونەری زانستەكانی خوێندووە و پسپۆڕی تیایدا وەرگرتووە و بووە بە ناسراوێكی نێو ناسراوانی شارستانی ئیسلامی لە سەردەمی عوسمانی‌دا . مامۆستا و پەروەرشیاری محمدی فاتح بووە . ڕەچەڵەكی دەگەڕێتەوە بۆ خەلیفەی ڕاشید ئەبوبكری صدیق رضي الله عنه . لەدایك بوونی لەدیمەشق بووە لەساڵی ٧٩٢ك ، ١٣٨٩ز . لەتەمەنی ٧ساڵی‌دا قورئانی لەبەركردووە ، لە ئەماسیا و پاشان لە حەلەب و ئینجا لە ئەنقەرە خوێندوویەتی . لەساڵی ١٤٥٩ز یشدا كۆچی دوایی كردووە .

شیخ ئاق شەمسەدین زانستە بنەڕەتیەكانی ئەو سەردەمەی بە میر محمدی فاتح وتووەتەوە كە بریتی بوون لەمانە: قورئانی پیرۆز، حەدیسەكانی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، فیقهی ئیسلامی، زمانەكان (عەرەبی و فارسی و توركی) و لە

---

[1] جوانب مضیئة / ٢٨٣ .

[2] جوانب مضیئة / ٢٨٧ .

بــواری زانــسته کرداریەکانیــشدا «بیرکــاری و فەلــەکیات و میــژوو و هونــەری جەنگی» پیّ وتووە.
شیخ ئاق شەمسەدین لەو زانایانە بووە کە سەرپەرشتی سوڵتان محمدیان دەکرد لەوکاتەی سوڵتان محمد میرنشینی مەگنیسیای لەدەستدابوو ،بۆ ئەوەی لەسەر بەڕێوەبردنی میرنشین و بنەماکانی فەرمانڕەوایی مەشقی پیّ بکات و ڕایبهێنێت.
شێخ ئاق شەمسەدین توانی ئەمیری بچکۆلە ڕازی بکات بەوەی وا هەڵسوکەوت بکــات کــە مەبەســت و بــە فــەرموودەی پێغەمبــەر ﷺ (لتفــتحن القــسطنطينية ....)ئەو و سوپاکەی ئەوە.
کاتێـك محمـد بوو بەسـوڵتانی دەوڵـەتی عوسمـانی ، گـەنجێکی کـەم تەمـەن بـوو مامۆســتاکەی خێــرا ڕێنومــاییکرد بــۆ بزوانــدنی ســوپاکەی بــۆ هێنانــەدی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ، ئەوەبوو عوسمانییەکان لـە وشـکانی ولـە دەریـاوە گــەمارۆی قوستەنتینیەیان دا و ٥٤ڕۆژ جـەنگێکی تونـد بـەڕێوە چـوو . کاتێـك بیزەنتیــیەکان ســەرکەوتنێکی کاتییــان بەدەســت هێنــاو گــەلی بیــزەنتی بــە هاتنەناوەوەی چوارکەشتی کە پاپا بۆی ناردبوون دڵخۆش بوون و بەمە ڕۆحـی مەعنەویییان بەرز بوویەوە . سەرکردەو وەزیرە عوسمانییەکانیش کۆبوونەوە و بەرەو ڕووی سوڵتان محمـدی فـاتح بوونـەوەو پێیـان ووت : (تـۆ پاڵـت نـاوە بـەو ڕێـژە گەورەیـەی سـەربازانەوە بـۆ ئـەم گەمارۆیـە ، تـەنها لەبـەر قسەی یـەکێك لـە مامۆستایان –مەبەستیان ئاق شەمسەددین بوو – ئـەوەتا سـەربازەکان بەهیلاکدا چوون و زۆربەی چەکەکانیش لە کەڵك کەوتوون و کارەکەش گەیشتووەتە ئەوەی لـە وولاتـی ئیفرەنجـەوە کۆمـەکی بـۆ بێباوەڕانی نـاو قەلاکە بێـت ، ئیـدی لێرەدا هیوایەك نەماوە بۆ فەتح کردن) [1].

---

[1] البطولة والفداء عند الصوفية / ١٤٦ .

سوڵتان محمدیش ولی الدین أحمد پاشای وەزیری خۆی نارد بۆ لای شێخ ئاق شەمسەددین لە چادرەکەیدا تاکوو لەبارەی چارەسەرەوە پرسیاری لیٚ بکات ، شێخیش وەڵامی دایەوە : (هەردەبیٚ خوای گەورە بەوفەتحە منەت بخاتە سەرمان) [1].سوڵتان بەو وەڵامە قایل نەبوو ، بۆیە جارێکیتر وەزیرەکەی ناردەوە تاکوو داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لیٚ بکات ، ئەویش ئەم نامەیەی بۆ محمد فاتحی خوێندکاری نارد کە تێیدا دەڵێت : (خوا هەر خۆیخاوەنی عیززەتە و هەر خۆی سەرخەرە ،ڕاستە هاتنی ئەو کەشتییانە کاری تیٚ کردوون و تووشی دڵشکان و بێزاری کردوون، بێباوەڕەکانیشی دڵخۆش کردووە، بەڵام ئەوە کێشەی کە هەرگیز ناگۆڕێت بریتیە لەوەی بەندە تەگبیر ئەکات و خوای گەورەش بەرنامە دائەنێت و بڕیاریش هەر هی خوایە، ئێمە پەنامان بۆ لای خوا بردووە و قورئانی پیرۆزمان خوێندوەتەوە. ئەمەش تەنها وونەوزێکەو بەس ، تائەوەی میهری خوایی ڕوو دەدات و موژدەگەلی وادەردەکەوێت کە لەمەو پێش ڕووی نەداوە . . .) [2]. ئەم ووتارەی دا بۆ حەسانەوەو دڵئارامی سەربازەکان ، یەکسەر ئەنجومەنی جەنگی سەربازی بڕیاری درێژە پیٚدانی جەنگی دا بۆ فەتح کردنی قوستەنتینیە . پاشان سوڵتان چوو بەرەو چادرەکەی شێخ شەمسەددین و دەستی ماچ کرد و ووتی : گەورەم دوعایەکم فێر بکە کە لەلای خوا داوای سەرکەوتنی پیٚ بکەم . شێخیش نزایەکی فێر کرد . سوڵتان لەچادرەکەی ماٶستاکەی چوویە دەریٚ بۆ ئەوەی فەرمان بکات بەهێرشی گشتی [3]. سوڵتان ویستی لەکاتی هێرشەکەدا ماٶستاکەی لەلای بێت . بۆیە کەسێکی نارد تاداوای هاتنی لیٚ بکات بەڵام شێخ داوای کرد کەس نەچێتە چادرەکەیەوە بۆ

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٣ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٣ .

[3] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٣ .

لای . پاسـەوانەکانی چـادرەکەش ڕێگایـان گـرت لـە نێردراوەکـەی سـوڵتان بـۆ چوونە ژوورەوە . محمـدی فـاتح تـووڕە بـوو و خـۆی چوو بـۆ چـادرەکەی تـاکوو داوای لیٚ بکات کە بێت ، ئەوکات پاسەوانەکان لەسەر بڕیاری شێخ ڕێگریان کرد لە سوڵتان بۆ چوونەناو چادرەکەی . محمـدی فاتحیش خەنجەرەکـەی هـەڵگرت و چادرەکەی لەلایەکیەوە دڕاندو سـەیری نـاوەوەی کـرد ، بینی وا مامۆستاکەی لـە کڕنوشـێکی دوورودرێژدایـە بـۆ خـوای گـەورەو مێزەرەکـەی لەسـەری کەوتۆتـە خـواریٚ و قـژی سـپی و ڕەشـی لەسـەر زەوی‌یـە ، ڕیـشی سپیـشی وەك قـژەکانی ڕونـاکی دەداتـەوە . پاشـان سـوڵتان بـینی مامۆسـتاکەی لەکڕنووشـەکەی هەسـتایەوە لەکاتێکـدا فرمێسکەکان لەسـەر کوڵمـەکانی دەخلیـسکان ، لـەخوای خۆی دەپاڕایەوەو داوای داباراندنی سەرکەوتن و فەتحێکی نزیکی لیٚ دەکرد [1] .
بەدوای ئەوەدا سوڵتان محمدی فاتح گەڕایەوە بۆ پێگـەی سـەرکردایەتی‌یەکەی و سـەیری شـورا گـەمارۆ دراوەکـانی دەکـرد ، کـە سـەربازەکانی چـەند کـەلێنێکیان کردبـووە شـوراکەوە و سـەربازەکان پێیـدا تێدەپـەڕین بـۆ نێـو قوسـتەنتینیە [2] . سـوڵتان زۆر بـەوە دڵخـۆش بـوو و دەیـووت : هـۆی دلخۆشـیم ناگەڕێتـەوە بـۆ فـەتحی قوسـتەنتینیە، بـەڵکو دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی کەسـێکی وەك ئـەو پیـاوە موبارەکە لەم سەردەمەی مندا [3] .
شەوکانی لە (البدر الطالع) باس لەوە دەکات کە شێخ شەمسەددین بەرەکەت و فەزڵی لە ناو خەڵکدا بوەو ئەو ڕۆژەی بۆ سوڵتان دەستنیشان کردوە کە تێیدا قوستەنتینیە لەسەر دەستیدا فەتح دەکرێت [4] .

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٤ .
[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٤ .
[3] البدر الطالع : ٢/ ١٦٧ .
[4] البدر الطالع : ١٦٦/٢ .

کاتێك سوپای عوسمانی بەهێزو گوڕو تینێکەوە ڕژانە شارەکەوە ، شێخ پێشڕەوی کرد بۆ لای محمدی فاتح بۆ ئەوەی یاساکانی شەڕی لە شەریعەتی خوادا بیر بخاتەوە هەروەها لە گەڵ مافەکانی گەلی فەتحکراوی بیر بخاتەوە بەو شێوەیەی لەشەریعەتی ئیسلامیدا هاتووە [1].

پاش ئەوەی محمدی فاتح بەدیاری و بەخشین ڕێزی نا لەسەربازەکانی و سفرەو خوانێکی گەورەی بۆ کردنەوە و سێ ڕۆژ بەردەوام بوو ، و تێیدا دیمەنی خۆشی و جوانی و ئاهەنگ گێڕانی تێدا بەرپاکران . خودی سوڵتانیش هەڵدەستا بە خزمەتکردنی سەربازەکانی، وەك بەجێ گەیاندنی ئەو فەرموودەیەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرمووێت(سید القوم خادمهم) واتا:(گەورەی گەلێك خزمەتگوزاریانە) . پاشان ئەو مامۆستا زانا لێهاتووە هەستا و ووتارێکی بۆ خوێندنەوە و ووتی : ئەی سەربازانی ئیسلام ! بزانن و لە بیرتان بێت کە پێغەمبەر ﷺ لەبارەی ئێوەوە فەرموویەتی : (لتفتحنّ ....) داوا لەخوای گەورە دەکەین کە سەرکەوتوومان بکات و لێمان خۆش بێت . وریابن زێدەڕۆیی نەکەن لەو ماڵ و دەسکەوتەی بەدەستتان کەوتووە بەفیڕۆی نەدەن . لەچاکەو خێردا بیبەخشن وە بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا. گوێ لە سوڵتانەکەتان بگرن و گوێڕایەڵی بن و خۆشتان بوێت . پاشان ڕووی کردە فاتح و ووتی : ئەی سوڵتانم ! تۆ بوویتە بیلبیلەی چاوی بنەماڵەی عوسمان ، جا بەردەوام موجاهیدێکی ڕێگای خوابە ، پاشان بەدەنگێکی زۆر بەرزی نێرانە دەستی کردە (الله أکبر) کردن [2].

پاش فەتحی قوستەنتینیە ، شێخ ئاق شەمسەددین چوو بۆ لای گۆڕی هاوەڵی پایەبەرزی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەبو ئەییوبی ئەنصاری ، کەلەنزیك

---

[1] العثمانیون في التأریخ والحضارة / ٣٧٤ .

[2] محمد الفاتح / ١٤٩ .

شوراکەی قوستەنتینیەوە بوو [1].شێخ یەکەم کەس بوو لەمزگەوتی ئایاصوفیا دا ووتاری ڕۆژی هەینی پێشکەش کرد [2].

*شیخ ئاق شەمسەددین لەوە ئەترسێت کە سوڵتان سەرکەش ببێت : سوڵتان محمد زۆر ئاق شەمسەددینی مامۆستای خۆی خۆش دەویست ، پێگەیەکی گەورەشی لەدەروونی‌دا هەبوو ، پاش فەتحکردنەکە سوڵتان چواردەورەکەی کۆکردەوە و ووتی : (ئێوە دەمبینن دڵخۆشم ، دڵخۆشیم تەنها بە فەتحکردنی ئەو قەڵایە نی‌یە ، بەڵکو دڵخۆشیم خۆی لەبوونی شێخێکی بە هەیبەتدا خۆی دەنوێنێت کە لەسەردەمی مندا ئەژی کە ئەویش شێخ ئاق شەمسەددینی پەروەردەکەرمە) . سوڵتان ترسی خۆی لە قسەیەکدا لەمەڕمامۆستاکەی دەردەبڕێ کە لەگەڵ محمود پاشای وەزیری‌دا قسەی دەکردوو دەیووت : (بەڕاستی ڕێزم بۆ ئاق شەمسەددین ڕێزگرتنێکی خۆنەویستانەیە ، من کاتێك لای مامۆستاکەم دائەنیشم هەیبەت و گریان دەمگرێ) [3].

خاوەنی (البدر الطالع) باس دەکات کە:(پاش ڕۆژێك سوڵتان هات بۆ چادرەکەی ئاق شەمسەددین کە شێخ ڕاکشابوو و لەبەری هەڵنەستایەوە . سوڵتان دەستی ماچکرد و ووتی:هاتووم بۆ لات بۆ پێویستییەك . ئەویش ووتی : چی‌یە ؟ ووتی : ڕێگەم بدەی بێمە خەڵوەتگە لەگەڵتدا کەمێك لە چۆڵەوانید! بەڵام شێخ ڕازی نەبوو . سوڵتان چەند جارێك ئەم داوایەی لێکرد . ئەویش دەیووت : نا‌ء! سوڵتان تووڕە بوو ووتی : یەك لە تورکەکان دێت بۆ لات و بەیەك قسە لەگەڵ خۆتدا ئەیبەیتە خەڵوەتگە، بەڵام ڕێگە بە من نادەیت ؟! شێخ ووتی : تۆ کە چویتە خەڵوەتگە، تام وچێژێکی لێ دەبەیت و ئەو کاتە دەسەڵات و کورسیت

---

[1] محمد الفاتح / ١٤٩ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٤ .

[3] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٥ .

لەبەر چاو دەکەوێت و بەمەش تەرازووی دەسەڵات کون و کەلەبەری تێدا دەکەوێت خواش لێمان عادز ئەبێت، مەبەست لە خەڵوەتکردن بەدیهێنانی دادپەروەرییە ، تۆش پێویستە ئاوا ئاوا بکەیت . چەند ئامۆژگارییەکی بۆ باس کرد . دواتر سوڵتانیش ١٠٠٠ دیناری بۆ نارد ، بەڵام شێخ قبوڵی نەکرد ، کاتێك سوڵتان چوویە دەرێ ، بەهەندێ لەوانەی ووت کە لە دەوروبەریدا بوون! شێخ لەبەرم هەڵنەسا، ئەوانیش پێیان ووت : پێدەچێت سەرکەشییەکی تێدا بەدی کردبێت بەهۆی ئەو فەتحکردنەی کە هاوشێوەی ئەوە بۆ سوڵتانە گەورەکان ساز نەدراوە ، بۆیە ویستوویەتی بەوە هەندێك لەو لەخۆبایی بوونەت لەسەر هەڵگرێ)[1]. بەوجۆرە ئەو زانا پایەبەرزە سوور بووە لەسەر پەروەردەی محمدی فاتح ، لەسەر واتاکانی ئیسلام و چاکە ، ئەو شێخە تەنها لەزانستەکانی ئایین و دەرون پاکیدا دەریا نەبوو، بەڵکو زانایەکیش بووە لە گژو گیاو پزیشکی و دەرمان دروستکردندا .

لەسەردەمی خۆیدا ناسراو بووە بەوەی کە شارەزایەکی زانستە دنیایییەکان و لێکۆڵینەوەکانی زانستی گژوگیایە و کام گیا بۆ کامە نەخۆشی ئەشێت، ناوداری لەو کارەدا گەشتە ئەوەی لەناو خەڵکدا بەنموونە دەیانووت : گژوگیا قسە بۆ ئاق شەمسەددین دەکەن[2] .

شەوکانی لەبارەیەوە دەڵێت : لەگەڵ ئەوەی پزیشکی دڵەکان بووە بوو بەپزیشکی جەستەکانیش ، چونکە ئەو واناسرابوو کە درەخت بانگی دەکەن و دەڵێن: من شیفام بۆ فلانە نەخۆشی، پاشان فەزڵ و بەرەکەتی لە هەموو کەسێکەوە بەدیارکەوت[3] .

---

[1] البدر الطالع : ٢/ ١٦٧ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٥ .

[3] البدر الطالع : ٢/ ١٦٦ .

شێخ بەهێندەی گرنگیدان بە نەخۆشییە دەروونییەکان گرنگی بەنەخۆشییە جەستەییەکان دەدا ، شێخ گرنگییەکی زۆری دەدا بە نەخۆشیە ساریەکان کە لەسەردەمی ئەودا ئەو نەخۆشییانە بووبوون بە هۆی مردنی هەزاران کەس . لەم بارەیشەوە کتێبێکی بە تورکی داناوی بەناوی(مادة الحياة) کە تێیدا دەڵێت :ئەو ڕوانینە هەڵەیە کە نەخۆشییەکان خۆبەخۆ لە کەسەکانەوە دەردەکەون ، نەخۆشییەکان بەهۆی میکرۆبەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێنەوە ، ئەو میکرۆبە بەئاستێك بچووك و ووردە کە بەچاوی ئاسایی نابینرێت ، بەڵام ئەمە بەهۆی چەند تۆوێکی زیندووەوە ڕوودەدات) [1]. بەمە شێخ ئاق شەمسەددین لەسەدەی ١٥ی زایینیدا یەکەم کەس بوو کە پێناسەی میکرۆبی دانا ، کە تا ئەو کاتەمیکرۆسکۆب نەدۆزرابووەوە، بەڵکو پاش ٤سەدە دوای ئاق شەمسەددین ، کیمیازان و زانای بایۆلۆجی فەرەنسی ویس باستیر هات، دەستی دایە لێکۆڵینەوەکانی و گەشیتە هەمان ئەو ئەنجامەی ئاق شەمسەدینی پێی گەیشت.

هەروەها ئاق شەمسەددین گرنگیدا بە شێرپەنجە و نوسینێکی لەبارەیەوە نوسی ، شێخ لەبارەی پزیشکییەوە دوو کتێبی نوسیوە کە بریتین لە : (مادة الحياة) و (كتاب الطب) کە هەردووکیان بەزمانی تورکی عوسمانین .حەوت کتێبیشی بەعەرەبی هەیە کە بریتین لە (حلّ المشكلات) و(الرسالة النورية) و(مقالات الأولياء) و(رسالة في ذكر الله) و(تلخيص المتائن)و (دفع المتائن) ، نامەیەکیشی نوسیوە لە بارەی شەرح و پێناسی حاجی بایرامەوە [2].

<u>مردنی شێخ شەمسەددین</u>: شێخ پاش ئەوەی بەپێویستی زانی گەڕایەوە بۆ (کونیوکی) زێدی خۆی ، هەرچەندە سوڵتان زۆر داوای لێکرد کە لە ئەستانبوڵ بمێنێتەوە. ئەوەبوو لە ساڵی ٨٦٣ك ، ١٤٥٩ز دا وەفاتی کرد (ڕەحمەت و

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٦ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٦ .

لێخۆشـبوون و ڕەزای خـوای لێبێـت)، ئـەوەی سـوننەتی خوایی‌یـە لـە دروسـتکراوەکانی‌دا ئەوەیـە کـە هەرسـەرکردەیەکی خوانـاس و ڕزگارکـەرێکی پاڵەوان سـەر هەڵبدات ، کۆمەڵێك لـە زانـا خواناسـەکان لەدەوروبەری‌دا دەبن و بەشدار دەبن لە فێرکردن و پەروەردەو پێگەیاندنی‌دا . نموونە لەم بارەیەوە زۆرە وەك لـە دەوڵـەتی موڕابیتەکان دا باسی ڕۆڵـی عبداللە ی کوڕی یاسینمان کـرد ، لەگـەڵ یـەحیای کـوڕی ئیـبراهیم دا ، وقـازی أبوالفـضل لەگـەڵ صـلاح الـدینی ئەییوبی‌دا . ئـەوەش لـە دەوڵـەتی عوسمانی‌دا ئـاق شەمسەددین لەگەڵ سـوڵتان فاتح دا . ڕەحمـەتی خـوا لەهـەموویان ، خـوا هـەوڵ و کارەکانیـان قبـوڵ بکـات و لەنێو چاکەکاراندا ناویان پایە بڵند بکات [1].

باسی سێیەم

کاریگەری فەتحی قوستەنتینیە لەسەر جیهانی ئەوروپی ئیسلامی

قوسـتەنتینیە لـەپێش فـەتح کردنی‌دا بەربەسـتێکی گـەورەبوو لـەڕووی بـڵاو بوونەوەی ئیسلام لە ئەوروپادا ، بۆیە کەوتنی ئەو شارە یانی دەرگای چوونە ناو ئەوروپا بە ئاشـتی و قارەمانانـە کراوەتـەوە لـە بـەردەم ئیـسلامدا ،بەشێوەیەکی زیـاتر بـۆ ئەوانـەی ئیـسلام وەردەگـرن . فـەتحی قوسـتەنتینیە بـەگرنگترینی ڕووداوەکـانی مێـژووی جیهـانی دادەنرێـت ، بەتایبـەت لـە مێـژووی ئـەوروپاو چـۆنیەتی پەیوەنـدی بەئیـسلامەوە تەنانـەت مێـژوو نووسـە ئەوروپیـەکان و ئەوانەش بەشوێن ئەواندا ئەڕۆن ئەم ڕووداوە بە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەدەی نوێ دادەنێن [2].

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٣٧٦ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية –يلماز أوزنتونا/ ٣٨٤ .

دوای ئەوەی سوڵتان هەستا بەڕێکخستنی کارو بەشە جیاوازەکانی شارەکەو بنیاد نانەوەی قەڵاکانی و کردنی بەپایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و نازناوی (ئیسلام بول)ی لێنا ، واتە شاری ئیسلام [1].

ڕۆژئاوای نەصرانی بەهەواڵی ئەو فەتحکردنە کاریگەربوون و هەستیان بەترس و دڵگرانی و سەرشۆڕی کردو مەترسی سوپاکانی ئیسلامیان لە ئەستامبوڵ بۆ دەرکەوت . بەمە شاعیرو ئەدیبەکانیان هێندەی لەتوانایاندابوو بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری کینەو گڕکانی تووڕەیی لەدەروونی مەسیحییەکاندا دژ بە موسوڵمانان خستیانە گەڕ ، هەروەها سەرکردەو پاشاکان چەندین کۆبوونەوەی دووروو درێژو بەردەوامیان بەست و مەسیحییەکانیان بانگ کردن بۆ پشتگوێ خستنی ناکۆکی و شەڕەقسەکانیان لە نێوان خۆیاندا.

پاپا نیقۆلای پێنجەم لەهەموو خەڵك زیاتر کاریگەر بوو بەوهەواڵی کەوتن و ڕووخاندنەی قوستەنتینیە . بۆیە هەوڵی خۆی خستەکارو کاتی خۆی سەرف کرد لەیەکخستنی دەوڵەتە ئیتاڵییەکان و هاندانیان بۆ کوشتاری موسوڵمانان . سەرکردایەتی کۆنگرەیەکی کرد کە لە ڕۆما بەستراو تێیدا دەوڵەتە هاوبەشەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ یارمەتیدانی یەکترو ئاڕاستەکردنی هەموو هەوڵ و تواناکانیان دژ بە دوژمنی هاوبەشیان .خەریك بوو ئەو هاوپەیمانێتییە تەواو بێت و سەربگرێت کەچی مەرگی کتوپڕ هاتەسەر پاپا و بەهۆی ئەو خورپە لێکەوتنە توندەی کە ڕووخانی قوستەنتینیە بەدەستی عوسمانییەکانەوەی بۆی دروستکرد ، کەبوویە هۆی خەم و خەفەتی پاپا لە مەراقاندا لە ٢٥ی مارسی ساڵی ١٤٥٥زدا مرد [2].

---

[1] تأريخ الدولة العلية –محمد فريد بك / ١٦٤ .

[2] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٣٧، ١٣٦.

میر فیلیپ طیبي که دۆقی[1] بۆرگەندیا بوو و هەڵچوون و گەمبوونی زیادی کردو پاشاکانی مەسیحی بانگ کرد بۆ کوشتنی موسوڵمانان ، بەمەش سوارچاك و خوێنگەرم و دەمارگیرە مەسیحییەکان پەیڕەوییان کرد تاکوو بیرۆکەی کوشتنی موسوڵمانان گۆڕا بۆ بیروباوەڕێکی پیرۆز کە پاڵی پێوە دەنان بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەیشیان ، پاپاکان لەڕۆما سەرکردایەتی جەنگەکانی مەسیحییان دەکرد دژ بە موسوڵمانان ، سوڵتان محمدی فاتحیش لە قەرەوڵدابوو بۆ هەموو جموجووڵێکی مەسیحییەکان ، بەهەرجۆرێك کە بەباشی دەزانی بۆ وزە پێدانی دەوڵەتەکەی و داڕوخاندنی دوژمنەکانی ، نەخشەی بۆ دەکێشاو جێبەجێی دەکرد . بەمە ئەو مەسیحییانەی دراوسێی سوڵتان محمد بوون یان سنوریان لە ئاماسیاو وڵاتی مۆرە و تەرابزۆن وهی ترەوە لەپاڵ یەکدا بوون ، ناچار بوون هەستی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە و خۆشی و خۆشحاڵی پیشان بدەن و وەفدەکانیان بنێرن بۆ ئەدرنە بۆلای سوڵتان بۆ ئەوەی لەسەر سەرکەوتنەگەورەکەی پیرۆزبایی لێ بکەن[2].

پاپا (پیۆسی دووەم) بەهەموو توانایەکی وتاربێژی وژیرییەکی سیاسییەوە ، هەوڵی کڵپە پێسەندنی ڕق و کینەی خاچپەرستی دەدا لە نێو دەروونی مەسیحییەکاندا بەگەل و پاشاو سەرکردەو سەربازیانەوە .

هەندێ لە دەوڵەتەکان ئامادەی جێبەجێ کردنی بیرۆکە پاپابوون ، کە ئامانج لێی لەناوبردنی عوسمانییەکان بوو. کەچی کە کاتی دەرچوونی ئەو کارە هات ، دەوڵەتە ئەورووپییەکان بە بیانووی چەرمەسەرییە ناوخۆییەکانیانەوە

[1] دۆق: بەرزترین پلەی ڕێداریە دوای پلەی (میر)، بۆ یەکەمجار لە فەڕەنسادا بەکارهێنرا و ئێستا لە ئینگلتەرا بەکاردەهێنرێت و مەبەست پێی (پێشەوا)یە وشەکە لە بناغەدا لاتینیە (ن. وەرگێڕ).

[2] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٤٠.

بەشداری شەڕیان نەکرد، چەنکە جەنگی سەد ساڵە فەرەنساو ئینگلتەرای هیلاك کردبوو، هەروەها بەریتانیا سەرقاڵ بوو بە کێشە و سەرقاڵی‌یە دەستوری‌و جەنگە ناوخۆییەکانیەوە ، ئیسپانیاش سەرقاڵی بنەبڕکردنی موسوڵمانانی ئەندەلوس بوو. کۆمارەکانی ئیتالیاش بە ناچاری و لەبەر خۆشویستنی ماڵ و سامان ، گرنگی‌یان بە پتەوکردنی پەیوەندی‌یان لەگەڵ عوسمانی‌یەکاندا ئەدا .

پڕۆژەی هێرشی خاچ پەرستی بەمردنی پاپای سەرکردەی پرۆژەکە کۆتایی پێهات و هەریەکە لەمەجەڕ و بوندوقیە بە تەنها ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بوونەوە ، بوندوقیە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی گرێبەستێکی دۆستایەتی و چاك ڕەفتاری لەگەڵ دراوسێدای لەگەڵ عوسمانی‌یەکاندا بەست ، مەجەڕیش لەبەردەم سوپای عوسمانی‌دا داڕماو عوسمانی‌یەکان توانی‌یان وولاتی صرب و یۆنان و ئەفلاق و قەرەم و دورگە سەرەکی‌یەکانی ئەرخبیل بدەنە پاڵ دەوڵەتەکەی خۆیان ، ئەمەش لەماوەیەکی کەمدا کۆتایی پێهات ،ئەوەبوو سوڵتان محمد فاتح لەناکاودا دای بەسەریانداو ڕیزەکانیانی تێك شکاندن و بەتەواوی لەناوی بردن [1].

پاپا بیۆسی دووەم بەهەموو لێهاتوویی و توانایەکی سیاسی‌یەوە هەوڵی‌دا کە هەوڵەکانی لە دوو ناوچەوە توند بکاتەوە :

یەکەم : هەوڵی‌دا تورکەکان قایل بکات بەوەی ئاینی مەسیحی وەربگرن ، بۆ ئەم مەبەستەش نێردراوی موژدەدەری نەدەنارد ، بەڵکوهەستا تەنیا پەیامنێرێکی نارد بۆ سوڵتان محمدی فاتح کە داوای لێ کرد یارمەتی مەسیحی‌یەت بدات و بەهێزی بکات هەروەك چۆن پێشتر قوستەنتین و کلۆفس یارمەتیان داو بەهێزیان کرد ، پەیمانیشی دا ئەگەر بێت و بە دڵسۆزی مەسیحیەت وەربگرێت ، ئەوا لەتاوانەکانی خۆش دەبێت ، هەروەها پەیمانی ئەوەی پێدا کە بەرەکەتی بۆ

---

[1] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٤٠.

بنێرێت و باوەشی بۆ بکاتەوە و کارتی چوونەبەهەشتی پێبدات!! جا کە لەم نەخشەیەیدا شکستی خوارد ، پەنای بردە بەر نەخشەی دووهەم : کە نەخشەی هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی هێز بوو ، ئەنجامەکانی ئەم نەخشەی دووەمەش بەشکست هێنان و بەداڕمانی سوپا خاچ پەرستی‌یەکان دەستی پێکرد کە هونیاوی مەجەڕی سەرکردایەتی دەکرد [1] .

لەبارەی شوێنەواری ئەو فەتحە ڕوونە لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ، دەڵێین : خۆشی و شادی لە پارچەکانی ئاسیاو ئەفریقیادا موسوڵمانانی داگرت . ئەو فەتح کردنە خەونی باوباپیران و هیوای هەموو نەوەکان و دەستەو تاقمە یەك لەدوای یەکەکان بوو ، ماوەیەکی درێژ بەدوویدا گەڕان هاتەدی .

سوڵتان محمەدی فاتح چەند نامەیەکی نارد بۆ فەرمانڕەواکانی ناوچە ئیسلامی‌یەکان لەمیسر و حیجاز و وڵاتی فارس و هیند و ... هتد ، کە هەواڵی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پێدەدان ، هەواڵەکانی ئەو سەرکەوتنە لەسەر مینبەرەکانەوە بڵاو کرانەوە و نوێژی سوپاسگوزاری بەرپاکراو ماڵ و دوکانەکان ڕازێنرانەوە و پۆستەرو لافیتەی ڕەنگاوڕەنگ بە دیوارو حەوشەکانەوە هەڵواسران [2] .

ئیبن ئیياس خاوەنی کتێبی (بدائع الزهور) دەربارەی ئەو ڕووداوەوە دەڵێت : (کاتێك ئەو فەتحکردنە ڕوویدا و وەفدی فاتح گەشت ، موژدەکان لە قەڵاکاندا دادەکوتران و لەقاهیرە دا بانگەوازکرا بۆ ئاهەنگ ، پاشان سوڵتان برسبای ئەمیر ئاخوری دووەمی وەك نوێنەر دەستنیشان کرد بۆ لای (ئیبن عوسمان)تا پرۆزبایی ئەو فەتحکردنەی لێ بکات) [3] .

---

[1] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي / ١٤١.

[2] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي /١٤٢.

[3] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمي /١٤٢.

ئەبولمەحاسینی کوڕی تغری بردی مێژوو نوس ، هەست و حاڵی خەڵکی قاهیرە وەسف دەکات لەوکاتەی‌دا کە وەفدی فاتح لەگەڵ دوو دیل دا کە لەگەورەکانی ڕۆا ئەگەنە قاهیرە، و دیاری و خەڵاتیان پێ یە ، دەڵێت : (دەڵێم : سوپاس و منەت بۆ خوایە لەسەر ئەو فەتحە گەورەیە ، ئینجا نێردراوی ناوبراو هات و دوو دیلی لە گەورەکانی ئەستانبولی پێبوو کە هێنانی بۆ لای سوڵتان ئینالی سوڵتانی میسر . ئەو دوانە هەردوکیان خەڵکی قوستەنتیەنیە بوون کە گەورەترین کەنیسەی ئیستانبول بوو، سوڵتان زۆر دڵخۆش بوو ، خەڵکیش بەو فەتحکردنە گەورەیە سەرسام بوون ، تەپڵی خۆشی لە شاردا لێدرا، بەوهۆیەوە چەند ڕۆژێك قاهیرە ڕازێنرایەوە ، پاشان لە ڕۆژی ٢شەممە ٢٥ی شەووالدا نێردراوەکە لەگەڵ دو دیلەکەی بەردەستی‌دا پاش ئەوەی بە کۆڵانەکانی شاردا تێ‌پەڕبوون چوو بۆ قەڵا ، خەڵکی بە جوانکردنی دوکان و شوێنەکان ئاهەنگیان دەگێڕا ، لەم مەبەستەشیاندا چوست و چالاك بوون ، سوڵتانیش لەقەڵای جەبەل لە حەوشەی کۆشکی سوڵتانیدا خزمەتگوزاری خستە ڕوو ....) [١].

ئەوەی (ئیبن تغری بردی) لەوەسفی ئاهەنگ گێڕان و دڵخۆشی خەڵکی قاهیرە بەفەتحکردنی قوستەنتینیەی باسی کرد، تەنها وێنەیەکە لەو دیاردانەی کە لەووڵاتە ئیسلامیەکانی تردا بەرپاکرا .

هەروەها سوڵتان محمدی فاتح چەند نامەیەکی سەبارەت بەم فەتحکردنە نارد بۆ سوڵتانی میسرو شای ئێران و شەریفی مەککە و ئەمیری قرمان ، هەروەك هاوشێوەی ئەونامانەی نارد بۆ سەرکردە مەسیحی‌یە دراوسێکانی لە مۆرە و ئەفلاق و مەجەڕ و بۆسنە و صربیا و ئەلبانیا و هەموو دەوروبەری خاکی دەسەڵاتەکەی [٢].

---

[1] النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة : ٧١/١٦ .

[2] محمد الفاتح –سالم الرشيدي / ١٤٢ .

*هەندێ بڕگە لەنامەکەی فاتح بۆ سوڵتانی میسر : ئێستاش چەند پارچەیەکی نامەکەی فاتح دەخەینە ڕوو کە بۆ براکەی خۆی سوڵتانی خانەدانی میسر ئینالی نارد کە لە داڕشتنی شێخی گۆرانی‌یە : (یەکێك لە چاکترین نەریتی پێشنیەکانمان —ڕەحمەتی خوایان لێ بێت _ ئەوەیە کە موجاهیدی ڕێگەی خوابوون و لەلۆمەی لۆمەکاران نەترساون ، ئێمەش لەسەر ئەو نەریتە دەڕۆین و لەسەر ئەو ئومێدەش بەردەوامین ، صێڕەوی ئەکەین قسەی خوا کە دەفەرمووێت﴿قاتلوا الذين لايؤمنون بالله ﴾ التوبە: ٢٩ ، و پابەندین بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (من اغبرت قدماه في سبيل الله حرمه الله على النار) —واتە: هەرکەس پێکانی لە ڕێی خوادا تۆزیان لێ بنیشێ خوا ئاگری دۆزەخی لێ حەرام دەکات — کە بەفەرمانی خوا فەرمانی بەسەردا داوین ﴿ قاتلوا الذين يلونكم من الكفار ﴾ هەروەها سەربازو موجاهیدەکانمان لە وشکانی و دەریادا ئامادەکردووە بۆ فەتحکردنی شارێك کە پڕ بووە لە خراپەو بێباوەڕی و لە نێو مەملەکەتە ئیسلامی‌یەکانیشدایە و شانازی بە بێباوەڕی خۆشیەوە ئەکات و کەش و فشی دەکات:

كأنها حصف على الخد الأغر وكأنها كلف على وجه القمر

ئەو شارەی لایەکی لە سەردەریایە و لایەکەی تری لەسەر وشکانیە، ئێمەش هەروەك خوا فەرمانی پێ‌کردوین ، خۆمان ئامادەسازس کردووە ﴿ وأعدوا لهم مااستطعتم من قوة﴾ هەموو تفاقێکیش کە هێرشی پێ بکرێت و هەموو چەکێك کە پشتی پێ دەبەسترێ چ ئەوەی ڕووناکی بداتەوە و ئەوەی بگرمێنێ هەروەها مەنجەنیق و بیرهەڵکەن و دیوار کونکەر و هی تریش کە لە وشکانی‌دا کەڵك بگرێ، لەگەڵ کەشتی‌یە بارهەڵگرەکان و ئەوانەی وەك بەیداخ هاتوچۆدەکەن ، هەموو ئەمانەمان ئامادە کردوو، لە ٢٦ی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی ٨٥٧ك دا دابەزینە ناوشارەکە .

فقلت للنفس جدّي الآن فاجتهدي وساعديني فهذا ما تمنيت

ئەمانە هەركات بانگ بكرایەن بۆ ڕاستی لووتیان بەرز ئەكردەوە و لەسەر بێباوەڕی بەردەوام ئەبوون خۆیان ئەبردە ڕیزی بێباوەڕان. ئێمەش بەتەواوی گەمارۆمان دان و جەنگمان لەگەڵداكردن ، ئەوانیش جەنگیان لەگەڵدا كردین ولێمان كوشتن و لێیان كوشتین ، و ٥٤ شەوو ڕۆژ جەنگ لەنێوانماندا بەردەوام بوو .

إذاجاء نصر الله والفتح هيّن على المرء معسور الأمور وصعبها

ئینجا لەڕۆژی ٣شەممە ، ٢٠ی جەمادی ولئەووەل دا گزنگی ڕاستی هەڵهات و ئێمەش لەو كاتەدا بەوێنەی ئەستێرەكان تیربارانی سەربازانی شەیتانمان كردوهێرشمان كردنەسەر ، حوكمی صدیقی –واتە ئەبوبكری صدیق ﷺ – بەبەرەكەتی دادپەروەری فاروقی –عمری كوڕی خطاب ﷺ – بەلێدانی حەیدەری –علی كوڕی أبوطالب ﷺ –ئالی عوسمان ئامادی كرد ، خوای گەورەش پێش هەڵهاتنی خۆر لەخۆرهەلاتەوە بەو فەتحە منەتی خۆی دابەسەرماندا ﴿سیهزم الجمع ويولون الدبر *بل الساعة موعدهم والساعة أدهى وأمر﴾ القمر : ٤٥-٤٦ ، یەكەم كەسیش كەكوژرا و سەری لێ كرایەوە ،سەركردە سپڵە نەفرین لێكراوەكەیان بوو ، بەمە وەك گەلی عاد و ثمود لەناوچوون و فریشتەكانی سزا چواردەوریان دان و ئاگریان بەسەردا باراندن و سەرەنجامێكی خراپیان تووش بوو ، ئەوەی كوژرا كوژرا ، ئەوش مایەوە بەدیل گیرا ، ئینجا تاویان دا بۆ لای خەزێنەكانیان و زێڕو زیوەكانیان دەرهێنان ، بەمەش بارودۆخێكیان بەسەردا هات كە ناویان نەما ، ﴿ فقطع دابر القوم الذين ظلموا والحمد لله رب العالمين ﴾ الأنعام : ٤٥ ،ئەو ڕۆژە باوەڕداران دڵخۆش بوون بەو سەركەوتنە خواییە ، جاكەوتین بەسەر ئەو پیسە گلاوە دۆڕاوانەدا و ئەو بازنە و ناچانەمان پاك كردەوە و قەشەو خەچپەرست و زەنگەكانمان –لەجێی بانگی موسوڵمانانە– دەركردن ، پەرستگای بت پەرستەكانمان گۆڕی بەمزگەوتی دارو دەستەی

ئیسلام ، ئەو نەخشەیە بەهۆی دراوو وتاردانەوە سەرپەرشتی کرا ، بەمەش فەرمانی خوایی هاتەدی و ئەوەش ئەوان دەیانکرد پووچەڵ بوویەوە) [١].

هەروەها سوڵتان فاتح نامەیەکی نارد بۆ شەریفی مەککە لە ڕێگای سوڵتانی میسرەوە ، سوڵتانی میسریش پەیامەکەی سوڵتان محمدی بەدیاریگەلێکی پارچە پەخشانێکی ئەدەبی شکۆمەند وەڵام دایەوە ، چەند دێڕە شیعرێکیشی تێدا هاتبوو ، وەك قسەی شاعیر کەدەڵێت :

خطبتها بكرا وما أمهرتها — إلا قنا و قواضبا و فوارسا
من كانت السمر العوالى مهره — جلبت له بيض الحصون عرايسا
الله أكبر ماجنيت ثمارها — إلا وكان أبوك قبلك غارسا [٢]

هەروەها لە نامەکەی سوڵتانی میسردا ئەم دێڕە شیعرە هاتووە کە دەڵێت :

الله أكبر النصر والظفر — هذا هو الفتح لايزعم البشر [٣]

شاعیرەکەی سوڵتانی میسریش بەبۆنەی فەتح کردنی قوستەنتینیەوە دەڵێت :

كذا فليكن في الله جل العزايم — وإلا فلا تجفو الجفون الصوارم
كتائبك البحر الخضم جيادها — إذا ما تهدّت موجه المتلاطم
تحيط بمنصور اللواء مظفر — له النصر والتأييد عبد وخادم
فيا ناصر الإسلام يامن بغزوه — على الكفر أيام الزمان مواسم
تهنّ بفتح سار في الأرض ذكره — سرى الغيث يحدوه الصبا والنعايم [٤]

<u>نامەی سوڵتان محمدی فاتح بۆ شەریفی مەککە</u> :

بەبۆنەی فەتح کردنی قوستەنتینیەوە سوڵتان محمدی فاتح نامەیەکی ئاراستەی شەریفی مەککەی پیرۆز کرد کە تێیدا موژدەی ئەو فەتحکردنەی پێدابوو ، و داوای دۆعاو نزای لێ کردبوو و چەند دیارییەکی ناردبوو لەگەڵیدا لەو

[1] محمد الفاتح –د.سالم الرشيدي / ١٦٣، ١٦٧ .
[2] محمد الفاتح –د.سالم الرشيدي /١٧٥.
[3] محمد الفاتح –د.سالم الرشيدي /١٧٦.
[4] محمد الفاتح –د.سالم الرشيدي /١٧٧.

دەستکەوتانەی بەدەستیان خستبوو ، ئەمەش چەند بڕگەیەکیەتی کە لەپاش پێشەکییەکی پێداهەڵدان و سوپاسی شەریفی مەککە ، دەڵێت : (ئەم نوسینەمان وەك موژدەیەك ناردووە بەوەی خوای گەورە لەم ساڵەدا ئەو فەتحکردنەی پێبەخشین کە هیچ چاوێك نەیبینیوە و هیچ گوێیەك نەیبیستووە ، ئەویش ژێربارخستنی شاری بەناوبانگی قوستەنتینیەیە ، ئەوەی لە مەقامی موبارەکی ئێوە چاوەڕوان دەکرێ، ئەوەیە کە موژدەی ئەو دڵخۆشی و سەرسوڕمانە گەورەیە بدەن بەدانیشتوانی هەردوو حەرەمی پیرۆزو زاناو سەرکردە ڕێنموونی کراوو دنیانەویست و بەندەچاك و شێخ و مامۆستاو پایە بڵندەکانی ئەوێ و خەڵکی چاکی لەخواترس و گەورەو بچوك هەموویان کە دەستیان بە گۆشەی چادر و خێوەتی ماڵی خواوەیە و وەك ئەوەی گرێیەکی مەحکەم بن و جیابوونەوەیان لێی نییە و مژدەبە هەموو ئەوانەش بدەن کە سەرپەرشتیارانی زەمزەم و مەقامی پیرۆز ئەکەن هەروەها بە ئیعتیکاف کەرانی نزیکی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی لە بەردەم خوادا و لەعەرەفاتدا نزای سەرکەوتنمان بۆ بکەن بۆ بەردەوامی دەوڵەتەکەمان ، تاخوا بەرەکەتی ئەوانمان پێبدات و پلەیان بەرز بکاتەوە ، لەگەڵ ئەم شاندەشدا دیارییەکی تایبەتمان بۆ ناردوون کە ۲۰۰۰ سکەی ئاڵتوونی ڕەشی کێشی عەیارقورسە کە لەو دەسکەوتە بەدەستهاتوەیە کەبە دەستمان هێنا ، ۷۰۰۰ی تریشی بۆ هەژاران و لەوەشدا ۲۰۰۰ ی بۆ سەرکردەو نەقیبەکان و ۱۰۰۰ بۆ خزمەتگوزارە تایبەتییەکانی مزگەوتی کەعبەو مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ، ئەوی تری بۆ هەژارە موحتاجەکانی نێو مەککە و مەدینە ، خوا شکۆی هەردووکیان زیاد بکات . جا ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ لەتۆ دابەشکردنی ئەم لەنێوانیاندا بەپێی پێویستی و هەژارییان ، لەگەڵ ناردنی ڕاپۆرتێك بۆمان لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئاو کارە . هەروەها بەدەستخستنی نزای بەردەوامی ئەوان بۆ ئێمە بە داواکردنی میهرو چاکەی خوا

بەویستی خۆی ، خوا بتانپارێزێت و بەکامەرانی هەمیشەیی و سەروەری بەردەوام و تاڕۆژی قیامەت بتانهێڵێتەوە)[1] .

شەریفی مەککەش وەڵامی نامەکەی سوڵتان محمدی فاتحی دایەوە : (بەوپەڕی ڕێزەوە نامەکەمان کردەوە و لەبەرامبەری کەعبەی گەورەو لە نێو خەڵکی حیجازو نەوەکانی عەرەبدا خوێندمانەوە ، ئەوەی شیفاو ڕەحمەتی نێو قورئانە بۆ باوەڕداران لەنێو نامەکەدا دیتمان ، لە ناوەڕۆکی نامەکەتانەوە دەرکەوتنی موعجیزەیەکی پێغەمبەرمان ﷺ دێت کۆتایی بە پێغەمبەران هێناوە، ئەمە هەرئەو فەتحکردنە گەورەیەی قوستەنتینیەو ناوچەکانی سەر بەو شارەن لەنێو خەڵکدا قاییمی قولە و قەلاکانی ناودارو بەناوبانگە و ، پتەوی شوراکانی لای کەسانی تایبەت و خەڵکی ئاساییش ناسراوە، سوپاسی خواشمان کرد بە ئاسان کردنی ئەو ئیشە قورسە و بەدەستهێنانی ئەو گرنگیە ترسناکە ، بەتەواوەتی گەشاینەوە و بەزیندووکردنەوەی ڕێو ڕەسمی باوباپیرانی گەورە و کاری ڕێڕەوی باپیرانی بەڕێزتان دڵخۆش بووین ، خوا ڕۆحیان بحەوێنێتەوە و چاکترین کۆشکی بە هەستیان بکاتە نسیب و کە بووە هۆی دروستبوونی ئەو هەموو خۆشەویستیە لە مخاکە پیرۆزانەدا)[2] .

باسی چوارەم

هۆکارەکانی فەتحکردنی قوستەنتینیە :

بەڕاستی فەتح کردنی قوستەنتینیە لەلایەن موسوڵمانانەوە هەرلەخۆوە نەبوو ، بەڵکوو لەئەنجامی چەندین هەوڵی کەڵەکەبوەوە بوو کە موسوڵمانان هەر لەسەردەمە یەکەمەکانی ئیسلامەوە داویانە بەهۆی خواستی ئەو نەوانەوە بۆ هێنانەدی مۆژدەی کە پێغەمبەر ﷺ . گرنگی دان بەفەتحکردنی قوستەنتینیە

---

[1] الدولة العثمانية –د. جمال عبدالهادي / ٤٧ .

[2] الدولة العثمانية –د. جمال عبدالهادي / ٤٨ .

لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی‌یەکاندا زیادی کرد ، تێبینی دەکەین کە سوڵتانە عوسمانی‌یەکان لەبەکارهێنانی هۆکاردا خاوەن لێزانی و شارەزاییەکی قووڵ بوون ، محمدی فاتحیش ئەو شارەزایی‌یەی خستەکار ، ئەوەش لەماوەی ژیانی جیهادی و سوربوونی لەسەر ئایەتی خوادا دەردەکەوێت ، کە دەفەرموێت ﴿ وأعدوا لهم ماستطعتم من قوة ومن رباط الخيل ﴾ الأنفال : ٦٠ . واتە:(ئەوەندی لەتواناتاندایە ئامادەسازی بکەن بۆ دوژمنانتان لەئەسپ و ....) .

محمدی فاتح لەم ئایەتەوە تێگەشتبوو کە بواری تەمکین و دەسەڵات بۆ ئەم ئایینە پێویستی بە هەموو جۆرەکانی هێز هەیە ، ئەمیش بە شێوەیەکی کرداری لە نێو جیهادە موبارەکەکەی هەستا بە ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەوئایەتە و دەستی دایە کۆکردنەوە و یەکخستنی سوپایەکی گەورە بۆ گەمارۆدانی قوستەنتینیە ، کەمتەرخەمیشی نەکرد لەبەدەستخستنی هەموو چەکێکی ناوداری ئەو سەردەمەی وەك تۆپ و سوارەو تیرو ....هتد .

ئەو سوپایەی کە بەسەرکردایەتی محمدی فاتح ئابلۆقەی قوستەنتینیەی دا ،خواناسانە ساز و ئامادەکرابوو لەسەر واتاکانی ئیمان و لەخواترسان دامەزرا و چووە ژێر باری ئەم ئیسلامە و ئەو پەیامەی خرابویە سەر شانی بە ئەنجامی گەیاند و لەسەر واتاکانی بیرو باوەڕی ڕاست پەروەردە بووبوو .

زانایانیش سەرپەرشتی ئەو پەروەردەیان دەکرد و لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ بەرنامەیەکی پەروەردەکردنیان بۆدانان تا تاکەکانیان پەروەردە بکەن لەسەر ئەمانە:

١) خوا تاکەو هاوەڵی نی‌یە و هاودەم و کوڕی بۆ خۆی دانەناوە و دوورە لە کەم و کورتی و هەرچی سیفەتی (کەماڵە) بە بێ سنوور لە خوا هەیە.

٢) خوا دروستکەرو پادشای هەموو شتێکە و خۆی کارەکانی ڕێك دەخات ﴿ الا له الخلق والأمر﴾ أعراف : ٥٤ .

٣) لەم بوونەدا خوای گەورە سەرچاوەی هەموو شتێکە کە کەمی بکاتەوە یان زیادی بکات ، بەدیاری بخات یان بیشارێتەوە ﴿ومابكم من نعمة فمن الله﴾ النحل : ٥٣ .

٤) زانستی خوا گەمارۆدەرو زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا ، هیچ شاراوەیەکی لەئاسمان و زەوی دا لێ ناشاردرێتەوە ، مرۆڤیش نەخۆی پێ دەشاردرێتەوە و نەخۆی بەدیار دەخات ﴿ أن الله قد أحاط بكل شيء علما ﴾ الطلاق : ١٢ .

٥) خوای گەورە بەهۆی فریشتەوە لە کتێبێکدا کارەکانی مرۆڤ تۆمار دەکات کە بچووك و گەورە بە جێ ناهێڵێت و دەیژمێرێت ، ئەوەش لەکاتی پێویستدا بڵاو دەکرێتەوە ﴿ مايلفظ من قول إلا لديه رقيب عتيد ﴾ ق : ١٨ .

٦) خوای گەورە بەچەند شتێك بەندەکانی تاقی دەکاتەوە کە پێچەوانەی ئەوەیە ئەوان حەزی پێ دەکەن و خەیاڵیان بۆی دەچێت ، تاکوو خەڵك کانگای خۆیان بناسن کە کامیان ڕازی یە بە قەزاو قەدەری خواو بەئاشکرا و نهێنی خۆی دەدات بەدەستیەوە ، ئائەوە شیاوی خەلیفایەتیو پێشەنگی و سەرکردایەتییە ، هەروەها بزانن کامیان تووڕەو سەرکەش دەبێت و هیچ ناڕی و بۆ ئەوە ناشێت هیچ کارێکی بدرێتە دەست ﴿ الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم أحسن عملا ﴾ الملك : ٢ .

٧) خوای گەورە پاڵپشتی هەموو کەسێك دەکات و سەری دەخات کە پەنای بۆ دەبات و خۆی دەداتە پەنای خواوەو هەموو ئەو فەرمانانەی خوا بەکار دەهێنێت بۆ هەر شتێ ویستی بیکات یان وازی لێ بهێنێ ﴿ إن وليّـى الله الذي نزّل الكتاب وهو يتولى الصالحين ﴾ الأعراف : ١٦٩.

٨) خوای گەورە ماف بەسەر بەندەکانیەوە هەیە کە بیپەرستن و بەتاکی دابنێن و هیچ هاوەڵێکی بۆ دانەنێن ﴿ بل الله فاعبد وكن من الشاكرين ﴾ الزمر : ٦٦ .

٩) خوای گەورە واتای ئەو پەرستنش و یەکتاپەرستییەی لە قورئاندا دەشتنیشان کردووە ، جا زاناکانی دەوڵەتی عوسمانی لە پەروەردەکردنی تاك

و سەربازەکاندا لەڕاستی سەرەنجام و ڕێگای ڕزگاری‌دا بەرنامەی پێغەمبەری ﷺ پەیڕەو دەکرد، جەختیشیان دەکردەوە لەسەر خستنەڕووی ئەم لایەنانە :

أ- ئەم ژیانە چەندە بخایەنێت هەر بەرەو ئاوابوونە ، خۆشیەکەشی چەندە زۆربێت هەر کەمە ﴿إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالأَنْعَامُ ..﴾يونس : ٢٤ .

ب- هەمووکەس دەگەڕێتەوە بۆ لای خواو هەموو بەرپرسن لەکارەکانیان ولێیان دەپرسرێتەوە و لەبەهەشت یان دۆزەخ دا سەقامگیر دەبن ﴿ أيحسب الإنسان أن يترك سدى ﴾ القيامة: ٣٦ .

ج- خۆشی و بەخششی بەهەشت هەموو ماندوویی و تاڵی‌یەکی دونیا لەبیر دەباتەوە ،ئاگری دۆزەخیش هەموو حەسانەوەو چێژێکی ئەم دونیایە لە بیر دەباتەوە ﴿ أفرأيت إن متعناهم سنين *ثم جاءهم ماكانوا يوعدون ماأغنى عنهم ماكانوا يمتّعون ﴾ الشعراء :٢٠٥-٢٠٧ .

د- خەڵك لەگەڵ ئاوابوونی دونیا و جێگیربوونیان لە بەهەشت یان دۆزەخدا بە زنجیرەیەکی دوورودرێژی سەختی و توندو تیژی‌دا تێدەپەڕێت ﴿ يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ * يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾الحج : ١-٢ . ﴿سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا * إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ﴾المزّمل : ١٧-١٨ .

هـ- ڕێگای ڕزگاری لەو سەختی و توندی‌یانەو زەفەربردن بەبەهەشت و دووری لە ئاگر[1] بەبڕوابوونە بەخواو ئیشی چاك لەپێناو ڕەزامەندی خوادا ﴿ إن الذين

---

[1] منهج الرسول في غرس الروح الجهادية / ١٩، ٣٤ .

آمنوا وعملوا الصالحات لهم جنات تجري من تحتها الأنهار ذلك الفوز الكبير ﴾ البروج : ١١ .

زانا خواپەرستەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی لە بۆ ڕێپیشاندانی تاك و سەرکردەو گەل و ڕۆڵ و پەیامیان لەزەوی داو پێگەیان لە لای خوا ، لەسەر بەرنامەی پێغەمبەر ﷺ دەچوون ، لەسەر ئەو بارە لە ڕێپیشاندان و بیرخستنەوە بەردەوام بوون تائەوەی لەلای خواوە هاتبوو لە بیریاندا نەخشی دەگرت و ڕۆڵ و پەیامیان لەسەرزەوی دا چی یە، بەهۆی کاریگەری ئەم پەروەردە بەرزەوە وورەو گوڕو تین لەنێو دەروونی تاك و سەربازو سەرکردەکاندا پەیدابوو ، ئەوە محمدی فاتحە کە لەسەر ئەو بەرنامەیە پەروەردە بوو ، لەشیعرەکانیدا و شانازی بەو واتا و چەمك و ئاکارانەوە دەکات وەك دەبینین دەڵێت :

هەڵچون و حماسەتم : هەوڵدانمە ، بۆ خزمەتی ئایینەکەم ، ئایینی خوا .

عەزم و سوربوونم : ئەوەیە کە هەموو داروەستەی بێباوەڕان ببەزێنم بەسەربازەکانم ، سەربازەکانی خوا .

(تفکیري) بیرکردنەوەم : دامەزراوە لەسەر فەتحکردن و لەسەر سەرکەوتن و لەسەر بردنەوە لە ڕێگەی میهری خواوە.

(جیهادي) جیهادم : بەگیان و ماڵمەوە ، لەدونیادا جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا چی تر چاکترە ؟؟

(أشواقي) شەیدابیم : جەنگە و هەر جەنگە و سەدان هەزار جار هەر جەنگە.

(أرجائي) داخوازیم : هەر ئەوەیە خوا سەرم بخات ئەم دەوڵەتە پایەدار بکات بەسەر دوژمنانی خوادا [1] .

کاتێك سوڵتان محمد ویستی شاری تەرابزۆن ئازادبکات کە فەرمانڕەواکەی مەسیحی بوو ، دەیویست کتوپڕ بدات بەسەریدا ، بۆیە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٥٨ .

کرێکارانی درەخت بڕین و ڕێگاچاککردندا کە هاودەمی بوون ، خوسازدانێکی خستەڕوو ، فاتح لە ڕێگاکەیدا تووشی هەندێ شاخی بەرزی قورس و گران بوویەوە ، بۆیە لە ئەسپەکەی دابەزی و وەك هەموو سەربازەکانی تر بەدەست و پێکانی هەڵدەزنی ، (هەروەها دایکی حەسەن ئۆزونی سەرکردەی هۆزە تورکمانەکانی لەگەڵدا بوو کە هاتبوو بۆ ئاشتەوایی نێوان سوڵتان محمد و کوڕەکەی)بەسوڵتانی ووت :ئەرێ کوڕم لەپێناو چیدا! ئەم هەموو سەختییە دەدەیتە بەرخۆت و ئەم هەموو چەرمەسەرییە دەچێژیت ؟ ئایا تەرابزۆن ئەم هەمووزەحمەتە ئەهێنێ ؟ سوڵتانیش وەڵامی دایەوە : دایەگیان .. خوای گەورە ئەو شمشێرەی خستۆتە دەستم تاکوو لەپێناو خۆیدا جەنگی پێبکەم ، جائەگەر من لەڕووی ئەم سەختیانەدا خۆم نەگرم و مافی ئەم شمشێرە نەدەم ، ئەوە شیاوی نازناوی (غازي)[1] نیم کە هەڵمگرتووە ، پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا چۆن ڕووم بێ بگەم بەخوا ؟ [2] بە هەمان شێوە زۆربەی سەرباز و سەرکردەکانیش بەهۆی ئەم پەروەردە ئیمانییە قوڵەوە هەر وابوون .

بەڕاستی سوپای محمدی فاتح لە ئابلۆقەدانی قوستەنتینیەدا لەسەر لایەنێکی گەورەی پابەندبوون بە بیرو باوەڕی ڕاست و پەرستشەکان و هەستان بە دروشمەکانی ئایین و ملکەچی نواندن بۆخوا بوون [3] .

مێژوونووسان لە فەتحکردنی قوستەنتینیەدا هۆکاری زۆر باس دەکەن ، وەك لاوازی دەوڵەتی بیزەنتی و ململانێ مەزهەبیە ناوخۆییەکان و یەکتر خواردنەوەی نێوخۆیی دەوڵەتە ئەوروپییەکان بەهۆی ئەو کوشتارەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر

---

[1] بەسوڵتان محمدیان ئەووت: سوڵتانی غەزاکەر.

[2] محمد الفاتح –د. سالم الرشيدي / ٢٦٣ .

[3] الحسبة في العهد المملوكي / ٢٠٦.

دوورو درێـژ لـەنێو دەوڵەتـە ئەوروپییەکانـدا سـەری هەڵـدابوو، لەگـەڵ چـەند هۆکاری تریشدا:

*کاریگەری حوکم کردن بە شەرعی خـوا لەسـەر دەوڵـەتی عوسمـانی لەسـەردەمی سوڵتان محمدی فاتح دا :ڕامان لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەری خواو ﷺ ژیانی گەلان، شارەزایی ڕاست و تەواو کاریگەری سوننەتە خواییەکان لەنێو دەروون و بوون و هۆشدا بەدەست دەخات ، قورئانیش پڕە لە سوننەت و یاسا بڵاوەکانی خوا لەنێو کۆمەڵگاو دەوڵەت و گەلاندا ، خوا دەفەرموێت : ﴿ يريد الله ليبين لكم ويهديكم سنن الذين من قبلكم ويتوب عليكم والله عليم حكيم ﴾ النساء .

واتە: خوای گەورە ئەیەوێ بەرچاوڕوونیتان بداتێ و ڕێچکە و ڕێبازی ئەوانەی پێش خوتانتان بۆ ڕۆشن بکاتەوە و لێتان خۆش ببێت و خواش دانا و زانایە.

سوننەتەکانی خـوا بەبیرکردنـەوە لەقورئانـدا و هەرچـییەك بەڕاسـتی لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ هـاتووە ڕوون دەبنـەوە ، پێغەمبـەر ﷺ هەلـەکانی بەهەنـد وەردەگرت و سودی لە ڕووداوەکان وەردەگرت تاکوو هاوەڵانی ڕێنموونی بکات بۆ بەشێك لە سوننەتەکانی خـوا ، لەوانە وشـترەکەی پێغەمبـەر ﷺ نـاوی (عـضباء) بـوو ، هـیچ وشـترێك پێـشی نەدەکـەوت ، جارێکیـان وا ڕوویـدا دەشتەکیەك بە جوانە حوشترێکەوە پێشی کەوت ، ئەو بارە بەلای هاوەڵانی پێغەمبـەرەوە ﷺ گـران بـوو ، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ بەمەبەسـتی دەرخـستنی سوننەتێك لە سوننەتەکانی خوا پێی فەرموون (حق على الله ان لايرفع شيء من الدنيا الا وضعه)، واتا: خوای گەورە لەسەر خۆی داناوە کە لەدونیادا هەرچی بەرزکرایەوە ، دایبەزێنێتەوە) رواه البخاري[1].

هـەروەها قورئـان ڕێنموونیمـان دەکـات تـاکوو شـوێن شـوێنەواری سـوننەتەکان بکەوین و بیاندۆزینەوە بە هەوڵدان و ڕۆشتن چ ئەوانەی لە سەردەمی خۆماندا و

[1] رواه البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب ناقة رسول الله (صلى الله علية وسلم).

چ ئەوانەش بوونەتە مێژوو لە سەردەمە پێشووەکاندا، خوا دەفەرموێت : ﴿ قد خلت من قبلكم سنن فسيروا في الأرض فانظروا كيف كان عاقبة المكذبين * هذا بيان للناس وهدى وموعظة للمتقين ﴾ آل عمران.

واتە: پێش ئێوە-بە دڵنیاییەوە- زۆر سونەت و یاسای خوای گەورە هاتووە و ڕۆیشتووە دەی بڕۆن بە زەویدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە و سەیر بکەن بزانن سەرەنجامی خەڵکی درۆزن چۆنە* ئەمە بەرچاوڕوونیەکە بۆ خەڵکی و هیدایەت و ئامۆژگاریشە بۆ خەڵکی خواناس.

لە ڕوانگەی ئایەتەکانی قورئانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سوننەتە خواییەکان چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە :

یەکەم : ئەوە یاسا و بڕیاری پێشتری خوایە : خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ ماكان على النبي من حرج فيما فرض الله له سنة الله في الذين خلوا من قبل وكان أمر الله قدرا مقدورا ﴾ الأحزاب :٣٨.

واتا: شتێ کە خوا بەرنامەی بۆ دانا و بڕیاری لەسەردا هەر ئەبێ ببێ، ئەوەی خوا ویستی ئەبێت و ئەوەی خوا نەیویست نابێ ببێت.

دووەم : ئەمەش وەرچەرخان و گۆڕانی تێدا نیە: خوا دەفەرموێت: ﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً﴾الأحزاب : ٦٢.

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ولو قتلكم الذين كفروا لولوا الادبار ثم لا تجدون وليا ولانصيرا*سنه الله التى قد خلت من قبل ولن تجد لسنه الله تبديلا﴾ الفتح ٢٢-٢٣ .

واتە: ئەگەر ئەوانەی کافرن جەنگیان لە دژتان بکردایە بێگومان تێك دەشکان و پاشان هیچ پشتیوانێکیان دەست نەدەکەوت* ئەوەش یاسا و بەرنامەی خوایە و پێشتریش هەر وا بووە و قەت بەرنامە و یاسای خواش گۆڕانی بەسەردا نایەت.

سێیەم : ئەمە بەردەوامە و ناوەستێت: خوا دەفەرموێت : ﴿ قل للذين كفروا إن ينتهوا يغفر لهم ماقد سلف وإن يعوادوا فقد مضت سنة الأولين ﴾ أنفال : ٣٨ .

واتە: بەوانە بڵێ کە بێ باوەڕن کە کۆتایی بهێنن بە بێ باوەڕیەکەیان خوا لە گوناهی پێشوویان خۆش دەبێت بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ بێباوەڕی بەڕاستی باو و یاسای پێشینە خراپەکان چی بوو بۆ ئەمانیش وا دەبێت.

چوارەم : ئەمە لانادات و لادانیشی سودی نابێت ، خوا دەفەرموێت : ﴿أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِنۡهُمۡ وَأَشَدَّ قُوَّةٗ وَءَاثَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾﴾ غافر : ٨٢-٨٥ .

پێنجەم : لاسارەکان سودی لێ نابینن ، بەڵام لەخواترسان ئامۆژگاری لێ وەردەگرن :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُمۡ سُنَنٞ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٣٧﴾ هَٰذَا بَيَانٞ لِّلنَّاسِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٞ لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٨﴾﴾ آل عمران ١٣٧-١٣٨ .

واتە: پێش ئێوە-بە دڵنیاییەوە- زۆر سونەت و یاسای خوای گەورە هاتووە و ڕۆیشتووە دەی بڕۆن بە زەویدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە و سەیر بکەن بزانن

سەرەنجامی خەڵکی درۆزن چۆنە* ئەمە بەرچاوڕوونیەکە بۆ خەڵکی و هیدایەت و ئامۆژگاریشە بۆ خەڵکی خواناس.

شەشەم : ئەمە بەسەر چاکەکارو بەسەر لادەریشدا دەڕوات و جێبەجێ دەبێت ، باوەڕدار و پێغەمبەران کە زۆرترین ڕێزیان هەیە ، سوننەتە خوایی‌یەکانیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت ، خوای گەورە چەند سوننەتێکی بەردەوامی هەن کە پەیوەندیان بە شوێنەوارە یەك بەدوای یەکەکانەوە هەیە بەرامبەر هەرکەس کە فەرمانی خوا جێبەجێ بکات وازی لێ بهێنێت ، جابەوەی عوسمانی‌یەکان لەهەموو کاروبارەکانیاندا پابەندی شەرعی خوابوون ،بەچەند قۆناغێکی ئاسایی ژیانی دەوڵەتاندا تێپەڕبوون ، بۆیە کاریگەری حوکمی خواتیایاندا ڕوون و دیاربوو ، حوکم کردن بە پەیامی خوا کاریگەری دونیاییشی هەیە و هەندێکی دواڕۆژیشی هەیە ، ئەو کاریگەریە دونیایانەی کە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەمدا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بۆم دەرکەوتن ئەمانەن :

یەکەم : بوون بە خەلیفە و دەسەڵاتدار :

دەبینین عوسمانی‌یەکان هەر لەسەرکردەی یەکەمیانەوە کە عوسمانە تاکو محمدی فاتح و دوای ئەویش سور بوون لەسەر بەرپاکردنی دروشمەکانی خوا بەسەر خۆیان و کەسوکاریان دا .لە حوکم کردنی شەرعی خواش دا نیازیان بۆ خوا پاك بووە ، بۆیە خوای گەورەش بەهێزی کردن و پشتی گرتن و لەزەوی‌دا جێگیری کردن ، عوسمانی‌یەکانیش لەو زەویانەدا کە فەرمانڕەوایی‌یان دەکرد ، بەرنامەی خوایان بەرپادەکرد ، بۆیە خوای گەورە سەقامگیری کردن و سوڵتانی پێ بەخشین ، ئەمەش سوننەتێکی جێبەجێکراوی خوای گەورەیە لەنێو ئەو میللەتانەدا کە هەوڵی بەرپاکردنی بەرنامەی خوا دەدەن و ناگۆڕێت .

خوای گەورە باوەڕدارانی ئەم ئوممەتە ئەدوێنێت و پەیمانی ئەوەیان پێدەدات کە باوەڕدارانی پێشوو پەیمانیان پێ دراوە . وەك خوای گەورە لە سورەتی نوردا دەفەرموێت : ﴿ وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في

الأرض كما استخلف الذين من قبلهم ﴾ النور :٥٥ . بەڕاستی عوسمانیەکان زۆر گوێیان بە ئیمان ئەدەدا دەست خستبوو و بەبەرنامەی خوا فەرمانڕەواییان دەکرد ، بۆیە بەرهەم و شوێنەواری ئەوکارەیان بەدەست کەوت : ﴿ وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم ﴾ النور :٥٥ .

کە ئەوان خۆیان دایە دەستی ئایینی خوا، خواش سەقامگیری و دەسەلاتداری دایە دەستی ئەوان.

دووەم: ئاسایش و سەقامگیری : وولاتی ئاسیای بچوك پشێوی تێکەوتبوو، میرنشینێکی زۆری تێدا دروست بووبوو کە لە ناو خۆیاندا ناکۆك بوون، پاش ئەوەی خوای گەورە ڕێزی لە عوسمانیەکان گرت لەسەر دەستی ئەواندا ئەو میرنشینانە یەکیان گرت، عوسمانیەکان هەموویان خستە ڕێ بۆ جیهادکردن لە پێناوی خوادا، خوای گەورەش ئاسایش و بەرقەراری بەخشیە دەوڵەتی عوسمانی لە هەموو ئەو شوێنانەداە بە یاسای خوا حوکمیان ئەکرد.

دەبینین دەوڵەتی عوسمانی پاش ئەوەی بەرقەرار بوو خوای گەورە هوکارەکانی ئاسایش و سەقامگیری پێ بەخشین و بۆی بەدیهێنا ، تا پارێزگاری لە پێگەی خۆیان پێ بکات، ئەمەش سوننەتێکی بەردەوامی خوای گەورەیە گرەنتی داوە بە دارو دەستەی ئیمان وئەوانەی بەبەرنامەو حوکمی خواکار دەکەن کە ئەو ئاساییش و ئارامیەیان بۆ ئاسان بکات کە لەژیان و دەرونیاندا بەدوایدا دەگەڕێن ، جا خوای گەورە کلیلی کاروبارەکانی پێیە و گۆڕانی قەدەری تاکەکان بەدەستی ئەوە ، ئەوە کەدەتوانێت دڵەکان بگۆڕێت ، خوای گەورەش ئاسایشی تەواو بەکەسێك دەبەخشێت کە لەسەر یەکتاپەرستی بەردەوام و چەسپاوبێت و لەهەموو جۆرەکانی هاوەڵ دانان خۆی پاك بکاتەوە ، خواش دەفەرموێت : ﴿ الذين آمنوا ولم يلبسوا إيمانهم بظلم أولئك لهم الأمن وهم مهتدون ﴾ الأنعام: ٨٢. واتا: ئەوانەی بڕوادارن و بڕواکەیان تێکەڵ بە زوڵم و (شیرك) ناکەن، ئاسایشی تەواویان پێ ئەدرێت و هەر ئەوانیش بەر چاو ڕوون ئەبن.

ئەوانـە دڵ و دەروونیـان لـەبارەی تـرس وسـزاو سـەختییەوە دڵنیـاو ئارامـە ، بەمەرجێك بەدوور لە هاوەڵ دانانی بچوك و گەورە و دڵسۆز بن بۆ خـوای گـەورە ، بەڕاسـتی جێبـەجێکردن و حـوکم کـردن بـە بەرنامـەی خـوا ئـارامی دەرونـەکانی تێدایـە ، چـەنکە ئـاییـنی دادپـەروەری و ڕەحمـەت و دانایییـە کـی خـوا دووپـات دەکاتـەوە. خـوای گـەورە دوای ئـەوەی پـەیمان و بـەڵێن دەدات بـە بـاوەڕداران کـە بیانکاتە خەلیفە و دواتریش دەسەڵاتیان بداتێ،ئیتر دیارە بێبەشیان ناکات لـە ئاسـایش و دڵ ئـارامی و دووری لـەترس و دڵـەخورپێ. عوسمانیـیـەکان کاتێـك بەندایـەتی خوایـان هێنایـەدی و هـەموو جۆرەکـانی هـاوەڵ دانانیـان دابـڕی ، ئـەوکات خـوای گـەورش لەسـەر ئاسـتی گـەل و دەوڵـەت ئاسایـشی دەروونەکانی هێنایە دی .

<u>سـێیەم : سـەرکەوتن و فـەتح کـردن</u> :عوسمانیـەکان بەهـەموو توانایـەك کـە لەدەسەڵاتیاندا بوو کاریان ئەکرد بۆ سەرخستنی ئاییـنی خوا ، بەمەش سوننەتی خوا بۆ ئەوانیش هاتەدی بەوەی سەریان بخات تیایاندا هاتەدی، چونکە خـوای گەورە گرەنتی ئەوەی داوە هەرکەس لەسەر پەیامی خوا جێگیرو چەسپاو بێـت ، ئـەوا بـەعیززەت و توانـای خـۆی سـەری دەخـات بەسـەر دوژمنەکانیـدا ، خـوا دەفـــەرموێت : ﴿ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ۝٤١﴾ **الحج : ٤٠-٤١** .

(هیچ کات له مێژووی مرۆڤایەتی‌دا ڕووی نەداوە کە کۆمەڵێك لەسەر ڕێنموونی خوا مکوڕ بوون و بن ، لە کۆتایی ڕێدا خوای گەورە هێز و بەرگری و سەرکردایەتی پێنەبەخشیبن ، زۆر کەس بەزەییان دێتەوە بەو کەسانەدا کە شوێن بەرنامەی خوا دەکەون لە ژێر ڕۆشنایی هیدایەتی ئەودا ڕێدەکەن لەبەر ئەوەی دوژمنانی خوا و فێلّ و تەڵەکەی ئەوان گەلە کۆمێی دوژمنان لەسەریان وگەمارۆی ماددی و مەعنەوی چاوەڕوانیان ئەکات!! ئەمەش جگە لە وەهم و خەیاڵۆکەی زیاتر هیچی تر نی‌یە ، وەك ئەو ڕۆژەی قورەیش بە پێغەمبەریان ﷺ ووت : ﴿ إن نتبع الهدى معك نتخطف من أرضنا ﴾ القصص : ٥٧ .

واتا: ئەگەر ئێمە شوێن ئەم ئایین و هیدایەتە بکەوین لە نیشتیمانی خۆماندا ئەمانڕفێنن.

کەچی شوێن بەرنامەی خوای گەورە کەوتن، لەماوەی چارەکە سەردەیەك یان کەمتردا دەستیان گرت بەسەر ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای جیهان دا)[1].

خوای گەورە پاڵپشتی عوسمانیەکانی کرد بەسەر دوژمنان دا ، و بەپێبەخشینی فەتحکردنی زەوی‌یەکان و ملکەچ کردنیان بۆ حوکمی خواو فەتحکردنی دڵەکان و ڕێنموونی‌یان بۆ ئایینی ئیسلام ، منەتی خۆی دابەسەریان دا . کاتێك عوسمانی‌یەکان ئامادەباشی و هەستانەوەیان هەبوو بۆ حوکمی خوا ، فەتحکردن بوو بە بەشیان و سەرخستنی خوایی دابەزی بۆ سەریان ، ئەو گەلە ئیسلامی‌یانەی لەشەریعەتی خوا دوور دەکەونەوە ، ئەوا لەدونیا و دوا ڕۆژدا خۆیان زەلیل دەکەن .

بەڕاستی کاری فەرمانڕەواو دادوەرو زاناو بانگخوازانبۆ ئەوەی خەڵکی بە شەریعەتی خوا حوکم بکەن بەرپرسیاری‌یەتیەکی گەورەیە کە لەرۆژی دوایی دا لەبەردەم خوادا لەو بارەیەوە پرسیاریان لێ دەکرێت (ئەگەر کاربەدەستان

---

[1] في ظلال القرآن : ٤/ ٢٠٧٤ .

بەبەرنامەیەك جگە لەو بەرنامەی خوا دایبەزاندووە حوکم بکەن ، ئەوا شەڕ و شۆڕ ئەکەوێتە نێوان خۆیان...) ، (ئەمەش گەورەترین هۆکارەکانی گۆڕان و نەمانی دەوڵەتەکانە کە جار دوای جار لەسەردەمی ئێمەو لەسەردەمانی تریشدا ڕوو دەدات ، خوای گەورەش بەختەوەری هەرکەسێکی بووێت ، وای لێ دەکات پەند وەربگرێت لە کەسانی تر کە تووشی چەرمەسەری بوو ون)، ئەوکات ڕێڕەوی ئەوکەسە دەگرێتە بەر کە خوای گەورە پاڵپشتی کردوەو سەری خستووە ، دووریش دەکەوێتەوە لەڕێڕەوی ئەوکەسەی خوا ڕیسواو سەرشۆڕی کردووە .

خوا لەقورئاندا دەفەرموێت ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ۝ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ۝﴾ الحج ٤٠-٤١

واتە: هەر کەس دینی خوا سەربخات خواش ئەو سەردەخات بە ڕاستی خوا بەهێز و خاوەن عیزەتە* ئەوانەی خوا بەرقەراری کردن لە زەویدا، نوێژیان دەکرد و زەکاتیان ئەدا و فەرمانیان بە چاکە ئەکردو لە ڕووی خەراپەدا ئەوەستان و داهاتووی هەموو کارێکیش هەر بە دەستی خوایە.

جا خوا پەیمانی سەرخستنی داوە بەو کەسەی کە خواسەر بخات ، سەرخستنی خواش بریتییە لەسەر خستنی قورئان و ئاین و پێغەمبەرەکەی ، ئەوە سەرخستن نییە کە کەسێك بەبەرنامەی جگەلە خوا حوکم دەکات و قسە بە شتێك دەکات کە نایزانێت)[1].

<u>چوارەم قەدرو سەربەرزی</u> :سەربڵندی و شەرەفی گەورەی عوسمانییەکان کە لە کتێبە مێژوویییەکاندا تۆمارکراوە ، دەگەڕێتەوە بۆ دەستگرتنیان بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ ،ئەوەی شانازی بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە

---

[1] مجموع الفتاوى –الإمام إبن تيمية : ٣٨٨/٣٥ .

ﷺ بكات كه بەهۆيەوە ئوممەت قەدر پەيدا ئەكات و ناوى دەمێنێتەوە ، ئەوا پێى لەسەر رێگاى ڕاست داناوە و ڕێى كەوتووە لە سوننەتى بەدەوامى خوا لە سەربڵندو شەرەفداركردنى هەركەسێك كە دەستبگرێت بە قورئان و سوننەتى پێغەمبەرەوە ﷺ . خوا دەفەرموێت : ﴿ لقد أنزلنا إليكم كتابا فيه ذكركم أفلا تعقلون ﴾

واتا: ئێمە كتێبێكمان بۆ دابەزاندوويت كە باس و يادى خۆتانى تێدايە،دەى ژير بن.

إبن عباس لە تەفسيرى ئەم ئايەتەدا دەڵێت:(فيه شرفكم)واتا: (قەدرو ڕێتانى تێدايە)[1] .

عوسمانيەكان قەدرو ڕێزى خۆيان لە دەستگرتنيان بە حوكمەكانى ئيسلامەوە وەرگرت، وەك عومەرى كوڕى خەتتاب رضي الله عنه دەفەرموێت : (ئێمە سەرشۆڕترين گەل بووين كە خوا بەئيسلام سەربڵندى كردين ، جاهەركات بە شتێك سەربڵندىمان بوويت جگە لەو شتەى كە خوا سەربڵندى كردوين پێى، ئەوا خوا سەرشۆڕمان دەكات)[2] .

جا عومەر رضي الله عنه بەو ووشانەى چۆنيەتى پەيوەندى نێوان سەر برزى و سەر كزى بۆ دەرخستووين سەبارەت بە هەڵوێستى بەرامبەر بە قبوڵ كردنى بەرنامەى خوا يان پشت لێكردنى . ئەم ئوممەتە ڕۆژێك بە جگە لەئايينى خوا سەربڵند نەبووە ، هيچ ڕۆژێكيش بە جگە لە لاڕێبوونى ئەم ئايينە سەرشۆڕ نەبووە . خوا دەفەرموێت : ﴿ من كان يريد العزة فلله العزة جميعا ﴾ فاطر : ١٠ . هەروەها دەفەرموێت ﴿ ولله العزة ولرسوله وللمؤمنين ولكن المنافقين لايعلمون ﴾ المنافقون : ٨ .

---

[1] تفسير إبن كثير : ٣/ ١٧٠ .

[2] رواه الحاكم في المستدرك ، كتاب الإيمان : ٦٢/١ .

ژياننامەی سوڵتانە عوسمانیيەكانی وەك عوسمانی يەكەم و موراد و محمدی فاتح . سەربڵندبوونی ئەوانە بە ئيسلام و خۆشەويستیيان بۆ قورئان و ئامادەبونيان بۆ مردن لە ڕێگای خوادا ڕوون دەكاتەوە بۆمان .

بەڕاستی ئەمانە لەژيانێكی پڕ پيت و فەڕو بەرەكەت و بەسەربردنی ژيانێكی خۆش وكامەراندا بوون ، تەنها بە بەرپاكردنی ئايينی خواش گەشتن بەوە ، خوا دەفەرموێت ﴿ ولو أن أهل القرى آمنوا واتقوا لفتحنا عليهم بركات من السماءوالأرض ولكن كذّبوا فأخذناهم بما كانوا يكسبون ﴾ الأعراف : ٩٦ . واتە :(ئەگەر خەڵكی شار و گوندەكان باوەڕيان بهێنايەو لە خوا بترسايەن ئەوا لەئاسمان و زەویيەوە بەرەكەت گەلێكمان بەسەردا دەكردنەوە ، بەڵام درۆيان كرد بۆيە بەهۆی ئەو كارەی بەدەستيان خستبوو لەناومان بردن).

<u>پێنجەم : بڵاو بوونەوەی ڕەوشتە باشەكان و گرمۆڵە بوونی ڕەوشتە خراپەكان :</u>

لەسەردەمی محمدی فاتح دا هەرچی شتی چاكەو باش هەيە بڵاو بوونەوەو خراپەش تووشی گۆشەگيری بوو، لە ئەنجمی ئەمەشدا بەرەيەك دروست بوو كە خانەدانی و ڕێز و دلێری و بەخشندەيی و قوربانيدانی لە پێناوی بيروباوەڕ و شەريعەتدا لیٚ كەوتەوە ، كە چاويان بڕيبووە پاداشتی خوا ولە عادزی ئەو ئەترسان، ئەو كۆمەڵگايە بەگەل و دەوڵەت و فەرمانڕەواكانيانەوە چوون بەدەم ئەو پەيامەوە كە خوا پێيی خۆشەو ڕێنماييەكانی ئيسلامە .

شوێنەواری جیٚبەجێكردنی بەرنامەی خوا لەو گەل و دەوڵەتانەدا كە فەرمان و نەهیيەكانی خوای تێدا جیٚبەجیٚ دەكرێت ، بۆ لێكۆڵەری مێژوو ڕوون و ديارە ، ئەو شوێنەوارە پاك و جوانەش كە دەوڵەتی عوسمانی بەدەستی كەوت ، لە ڕێگەی ئەو سوننەتە بەردەوامانەی خواوە بوو كە ناگۆڕدرێن ، جا هەرگەلێك هەوڵی بۆ ئەو مەبەستە بەرز و كارە گەورەيە بدات ، ئەوا هەر پێی دەگات ، ئەگەر ماوەيەكی دواتريش بێت ، هەروەها شوێنەواری ئەو حوكم پێكردنە بەسەر تاك و كاربەدەستان دەوڵەتەكەيەوە دەبينێت .

ئامانج لە توێژینەوە مێژوویی‌یە ئیسلامی‌یەکان ، سوود وەرگرتنی تەواوە لەوانەی کە لە پێش ئێمەوە بە ئیمانەوە ڕۆیشتوون، سوود وەردەگرن لە جیهاد و زانست و پەروەردە و هەوڵی بەردەوامیان بۆ حوکمڕانکردنی بەرنامەی خوا و بەرکارهێنانی سوننەتەکانی بەرقەراربوون و دەسەڵات گرتنە دەست چۆنیەتی تێگەیشتن و ڕەچاوکردنی پلەبەندی و قۆناغ بڕین، تا بزانین چۆن تاکەکانی گەلیان پاڵاوتووە بەرەو ئەو کەماڵ و پێگەیشتنەیان بردوون کە ئیسلام ئەیەوێت. سەرکەوتنە گەورەکانی نێو مێژووی ئوممەتەکەمان ، خوای گەورە لەسەر دەستی کەسێك دەیبات بەڕێوە کە نیازی پاکە بۆ خواو ئایین و بەرنامەی شەریعەت ڕائەگرێت و دەروونی خۆی پاك کردۆتەوە ، بۆیە هەرگیز فەتح و ڕزگاری گەورە و ڕوون نایەت ، مەگەر بۆ کەسانێك نەبێت کە ئەو سیفەتانەی بەرەی خاوەن دەسەڵات و تەمکینیان تێدابێت کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردوون.

باسی پێنجەم

هەندێ سیفەتی ڕێبەریم لە کەسایەتی محمدی فاتح دا لەکاتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوندا بەدەرخستن کە لەگرنگترینی ئەو سیفەتانە ئەمانەن :

١) خاوەن بڕیار بوون: ئەمە لەکاتێکدا دەکەوت کە گومانی زۆری بۆ دروست بوو کە کەمتەرخەمی و خاوو خلیچکیەك هەیە لەلایەن (بالطة اوغلی) سەرکردەی کەشتی گەلی عوسمانیەوە هەیە، لە کاتی ئابلۆقەدانی قوستەنتینیەدا ، بۆیە نوێنەری نارد بۆ لای و ووتی : یان دەست بەسەر ئەو کەشتی‌یانەدا دەگریت یان نوقمیان دەکەیت ، ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوویت ، ئەوا بەزیندوویی مەگەڕێوە بۆ لامان [1].ئەوە بوو نەیتوانی کارەکەی جێبەجێ بکات ، لای بردو حەمزە پاشای لەشوێنی ئەودا دانا .

---

[1] محمد الفاتح / ١٠١ .

٢) دلێـری: محمــدی فــاتح خــۆی بەشــداری نێــو جەنگــەکانی دەکــردو بەشمشێرەکەی خۆی لەگەڵ دوژمنان دەجەنگا ، لەیەکێك لەشەڕەکان لەووڵاتی بەلقان دا سوپای عوسمانی بەرەو ڕووی کەمینێك بوویەوە لەلایەن سەرکردە بوغـدان أســفان ،لەکاتێکـدا لەگـەڵ ســوپاکەیدا لەپــشت درەختەچڕو پـڕە پێکداچـوو و هـەڵزنیوەکان دا خۆیـان شـاردبوویەوە ، کەموسـوڵمانەکان دایـان بەلای ئەو درەختانەدا ، تۆپ بارانی توندی تۆپەکان لەنێو دارو درەختەکانەوە ڕژا بەسەریاندا و سەربازەکانیش شالاویان بردنەسەر ، خەریك بوو پێکدادانەکە ڕیزەکـانی سـوپا لەیـەك بترازێنێـت ، ئەگـەر بهاتبـا و سـوڵتان محمـد پەلـەی نەکردایە و لە تۆپ بارانی تۆپەکان دوور نەکەوتایەتەوە ،محمد فاتح هەڵشاخا بەسەر سەرکردەی ئینکشارییەکاندا (محمد ترابزۆنـی) کە بۆچـی سـەربازەکان ئەوەنـدە کـەم ورەبـوون جـا خۆیبەنێویانـدا هـاواری کـرد: (ئـەی جـەنگاوەرە موجاهیدەکان ! سەربازی خوابن وورەو غیرەتی ئیسلامەتیتان تێدابێت [1].

قەڵغانەکـەی گرتـە دەسـت و شمـشێرەکەی هـەڵگرت و سـواری ئەسپەکەی بـوو ، بـەرەوپێش چـوو بـەبێ ئـەوەی هـیچ شـتێك بیگەڕێنێتـەوە ، بەمـە ئـاگری وورەو حەماسـەتی لـەنێو سـەربازەکانیدا کڵپـەی سـەند و هـەموو بەدوایـدا چـوون و جەنگەڵەکـەیان داڕمانـد بەسـەریاندا لـەنێو درەختەکانـدا جـەنگێکی تونـدی شمشێری ڕوویدا لەنێوانیاندا کە لەچێشتنگاوە تائێوارە بەردەوام بوو .

عوسمانیەکان سەربازە بۆغەندیەکانیان بەخراپترین شێوە تێك شکاند و أستفان لەسەر ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و زۆر بە زەحمەتی ڕزگاری بوو ، بەڕاکردنەوە ڕووی وەرگێڕا لـە جەنگەکـە ، عوسمانییـەکانیش سـەرکەوتن و دەسـتکەوتێکی زۆریان بەدەست هێنا [2] .

---

[1] محمد الفاتح /٢٤٦.

[2] محمد الفاتح /٢٤٧.

٣) زیرەکی : ئەم سیفەتەی لەو بیرۆکە هەڵکەوتوەیدا دەردەکەوێت کە ئەویش گواستنەوەی کەشتییەکان لە پێگەی خۆیانەوە لە بشکطاش بۆ قرن الذهبي ، ئەویش بەڕاکێشانیان بەسەر ڕێگای ووشکانی نێوان هەدوو بەندەرەکەوە، بەدوور لە ناوچەی غەلتە لەترسی کەشتی (جەنەوییەکان). ئەو نێوەندەش نزیکەی ٣ میل ماوەی هەبوو ، زەوییەکەشی ئاسان و فراوان نەبوو ، بەڵکو گردۆڵکەو چاڵایی سەخت و ناسازی تێدابوو ، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی نەخشەکەو زەوییەکەی ڕێککردو لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا تەخت کرا و پارچەدار هێنرا و بەپیوی ئاژەڵ و زەیت چەور کرا و بە شێوازێك خرانە سەر ئەو ڕێگایە کە خلیسکان و ڕاکێشانی کەشتییەکان ئاسان بێت لەسەری، بەڕاستی ئەو ئیشە لەچاو سەردەمی خۆیدا کارێکی گەورە بوو ، بەڵکو خێرایی بیرکردنەوەو جێبەجێکردن تێیدا بە جوانی دەدەکەوێ کە ئەویش بەڵگەیە لەسەر زیرەکی وهەڵکەوتەیی محمدی فاتح [1].

٤) عەزیمەت و سوربوون : کاتێك سوڵتان محمدی فاتح نوێنەری نارد بۆ لای ئیمبراتۆر قوستەنتین و داوای بەدەستەوەدانی قوستەنتینیەی لێ کرد تاکو خوێنی خەڵکەکە لەشارەکەدا نەڕژێت و دوچاری ئازار نەبن و سەربەست بن لەمانەوە یان بەجێ هێشتنی شارەکەدا ، جاکاتێك قوستەنتین بە دەستەوەدانی شارەکەی بەرپەرچ دایەوە ، سوڵتان محمد ووتی: زۆر باشە !! بەمزووانە لە قوستەنتینیەدا یان تەختێکم دەبێت یان گۆڕێك [2].

کاتێکیش بیزەنتییەکان توانییان قەڵادارینە گەورەکە ئاگر تێبەردەن ، وەڵامی محمدی فاتح ئەوەبوو کە ووتی : بەیانی چواری تر دروست دەکەین [3]. ئەو

---

[1] السلطان محمد الفاتح –عبدالسلام فهمی / ١٠٢ .

[2] الفتوح الإسلامية عبر العصور / ٣٧٦ .

[3] السلطان محمد الفاتح / ١٢٢ .

هەڵوێستانەش بەڵگەن لەسەر عەزیمەت و سوور بوونی لەسەر گەشتن بە ئامانجەکەی .

٥) دادپەورەری : ئەمە لەکاتێکدا کە بەپێی شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ ئەهلی کیتاب دا وەك (خاوەن پەیامە ئاسمانی‌یەکان هەڵسوکەوتی دەکرد ، مافە ئایینی‌یەکانی پێدان ، هیچ یەك لەمەسیحی‌یەکان ڕووبەڕووی ستەم و دەست درێژی نەبوویەوە، بەڵکو ڕێزی گەورەکانیانی دەگرت و چاکەی لەگەڵدا دەکردن ، دروشمی ئەوەبوو (دادپەروەری بناغەی دەسەڵاتە) [1].

٦) لەخۆبایی نەبوون بەتوانای خۆی و زۆری سەربازو فراوانی دەسەڵاتی : دەبینین سوڵتان محمد لەکاتی چوونە نێو قوستەنتینیەدا دەڵێت : سوپاش بۆ خوا ، خوا ڕەحم بەشەهیدانمان بکات و شکۆو پایەبڵندی بکاتە بەشی موجاهیدەکانم ، شانازی و سوپاسیش بۆ گەلەکەم [2]. بەڵێ ئەو فەزڵ و گەورەیی‌یەکەی دەدایە پاڵ خوا ، بۆیە زمانی بەسوپاس و پێزانین دەدوا بەرامبەر ئەو هاودەمەی کە سەری خست و پاڵپشتی کرد ئەویش بەڵگەیە لەسەر قوڵی ئیمانی محمدی فاتح بەخوای گەورە .

دڵسۆزی : زۆربەی ئەو هەڵوێستانەی لە مێژووی محمدی فاتح دا تۆمار کراون ، بەڵگەن لەسەر قوڵی دڵسۆزی محمد بۆ ئایینەکەی و بیرو باوەڕی لەشیعرەکانیدا و موناجاتی لەگەڵ خوای خۆی دا لەکاتێك دا دەڵێت : نیەتم : ملکەچکردنمە بۆ فەرمانی خوا ﴿ وجاهدوا في سبيل الله﴾ البقرة: ٢١٨.

هەڵچون و حماسەتم : هەوڵدانمە ، بۆ خزمەتی ئایینەکەم ، ئایینی خوا .

عەزم و سووربوونم : ئەوەیە کە هەموو داروودەستەی بێباوەڕان ببەزێنم بەسەربازەکانم ، سەربازەکانی خوا .

---

1 السلطان محمد الفاتح /١٥٢ .

2 محمد الفاتح /١٣١.

(تفكـيري) بيركردنـەوەم : دامـەزراوە لەسـەر فـەتحكردن و لەسـەر سـەركەوتن و لەسەر بردنەوە لە ڕێگەی میهری خواوە.

(جیهـادي) جیهـادم : بـەگیان و ماڵـەوە ، لـەدونیادا جگـە لـە جێبـەجێكردنی فەرمانەكانی خوا چی تر چاكترە ؟؟

(أشواقي) شەیداییم : جەنگە و هەر جەنگە و سەدان هەزار جار هەر جەنگە.

(أرجائي) داخـوازیم : هـەر ئەوەیـە خـوا سـەرم بخـات ئـەم دەوڵەتـە پایـەدار بكـات بەسەر دوژمنانی خوادا [1].

٧) زانستی محمـد فـاتح : بـاوكی هـەر لەمنداڵییـەوە گرنگـی پـێدەدا ، بەمـەش سوڵتان محمدی فاتح ملكەچی سیستەمێكی پەروەردەیی بوو كە كۆمـەڵێك لە زانـاو ناودارەكـانی سـەردەمەكەی سەرپەرشتییان دەكـرد ، بەمـەش قورئـان و فـەرموودەو فیقـه و زانـستە سـەردەمییەكانی وەك بیركـاری و گەردونناسـی و مێژوو و وانە گەلی زۆری سەربازی چ تیۆری(نظري) و چ كردارەكـی فێر بوو ، ئەوەی كە خوا ڕێزی لە سوڵتان محمدی فاتح نا ئەوە بوو كە كۆمەڵێك گەورەو زاناكانی سەردەمەكەی سەرپەرشتییان دەكرد ، لەپێش هەموویانەوە شێخ ئاق شەمـسەددین و مـەلای گـۆرانی ، (كەزانایـەكی ئـایینی بـوو لـەلای عوسمانیـە پێشینەكان و دەریایەك بوو لـە زانیـاری*[2] لـە زانـستە نـاودارە جۆراوجۆرەكـانی ئەو سەردەمەدا)، محمدی فاتح پێشوازی پەروەردەی مامۆستاكانی كاریگەریان لەسەر دانابوو، شوێنەواری ئەو پەروەردەیـەش لەڕوانگە ڕۆشنبیری و سیاسـی و سـەربازی یەكانیـدا دەردەكـەوتن [3]. محمـدی فـاتح لـە سـێ زمانـە سـەرەركییە

---

[1] العثمانیون في التأریخ والحضارة / ٢٥٨ .

[2] فەرهـەنگی زمانـەوانی كـوردی لـە جیـاتی وشـەی (موسـوعة) وشـەی (دەریـای زانیاری) بەكاردێنێ (وەرگێڕ:ن).

[3] السلطان محمد الفاتح / ١٣١ .

ئیسلامی‌یەکاندا تەواو ڕۆچووبوو ، کە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە کەسیان بێ منەت نەبوو ، ئەویش عەرەبی و فارسی و تورکی بوو ، سوڵتان محمدی فاتح شاعیر بووەو دیوانێکی بە زمانی تورکی بەجێ هێشتووە [١] .

باسی شەشەم

شتێك لەکارە ژیارییەکانی

❖ گرنگی دانی بە خوێندنگە و پەیمانگاکان: سوڵتان محمدی فاتیح زانست و زانایانی خۆش دەویست بۆیە گرنگی ئەدا بە دروستکردنی خوێندنگا و پەیمانگاکان لە هەموو بەشەکانی دەوڵەتەکەیدا، (سوڵتان ئورخان) یەکەم کەس بوو کە خوێندنگای نمونەیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزراند، لەدوای ئەویش سوڵتانەکانی دەوڵەت لەسەر ڕێبازەکەی ئەو چوون و خوێندنگا و پەیمانگاکان لە پروسە و ئەدرنە و شارەکانی تردا بڵاو بوونەوە.

محمدی فاتیح لەو ڕوانگەیەوە باوباپیرانی خۆی لە بیرنەکردو هەوڵگەلێکی زۆری خستەڕوو بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و دامەزراندنی خوێندنگا و پەیمانگا، چەند چاکسازیەکیشی خستە نێو پرۆسەی فێرکردنەوە ، هەروەها سەرپەرشتی پوختەکردن و گەشە پێدانی بەرنامەکانی دەکرد و سوور بوو لەسەر بڵاو کردنەوەی خوێندنگاو پەیمانگاکان بەهەموو شارە گەورەو بچوکەکان و هەروەها لادێکانیشدا، بۆ سەرپەرشتی ئەمەش چەند وەقفی گەورە گەورەی تایبەت کردپێیانەوە.

هەروەها ئەو خوێندنگایانەی ڕێکخست و کردنیە چەند پلە و قۆناغێك و بەرنامەیەکی بۆ هەموو ئەو قۆناغانە دانا و ئەو زانست و بابەتانەی دەستنیشان

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٥٤، ٢٥٩ .

کرد کە لەهەریەك لە قۆناغەکاندا دەخوێندران، یاسای بۆ تاقیکردنەوەکانیش دانا و هیچ خوێندکارێك لە قۆناغێکەوە نەدەچووە قۆناغێکی تر تا لە زانستەکانی قۆناغی پێشوودا شارەزایی پەیدانەکردایە و ملکەچی تاقیکردنەوەیەکی وورد نەبوایە. سوڵتان محمد خۆی چاودێری و سەرپەرشتی ئەو کاروبارانەی دەکرد ، هەندێ جاریش ئامادەی تاقیکردنەوەکانی خوێندکاران دەبوو و ساتەوناسات سەردانی خوێندنگاکانی دەکرد ولای عەیب نەبوو گوێی لەو وانانە بگرێت کە مامۆستاکان پێشکەشیان دەکردن و ئامۆژگاری خوێندکارەکانی دەکرد بۆ کۆشش کردن و هەوڵدان. درێغی نەدەکرد لە دیاری ناردندا بۆ مامۆستا و خوێنکارە هەڵکەوتوەکان. خوێندنی لە هەموو خوێندنگاکانی دەوڵەتدا کرد بەخۆڕایی. ئەو وانانەی کە لەو خوێندنگایانەدا دەوترانەوە ئەمانە بوون: تەفسیر ، فەرموودە ، فیقە ، ئەدەب ، ڕەوانبێژی ، زانستەکانی زمان ، لە (معانی ، بیان ، بدیع) و ئەندازیاری و .....هتد .

لەپاڵ ئەو مزگەوتەی کە لە قوستەنتینیەدا دروستی کرد ، هەشت خوێندنگای دامەزراند کە لە هەرلایەکی مزگەوتەکەوە چوار خوێندنگە هەبوو کە حەوشەیەکی فراوانی لەناوەڕاستدا دروست کرابوو ، تێیدا خوێنکار قۆناغی کۆتایی خوێندنی دەبردەسەر . لەگەڵ ئەو خوێندنگایانەدا شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خوێنکاران هەبوو کە تێیدا دەخەوتن و نانیان دەخوارد ، موچەیەکی مانگانەی داراییشی بۆ بڕیبوونەوە ، ماوەی خوێندن لەو خوێندنگایانەدا بە درێژایی ساڵ بەردەوام بوو ، لە پالیشیدا کتێبخانەیەکی تایبەتی دامەزراند ، کە مەرج بوو ئەو کەسەی ئەو خوێندنگایە دەگرێتە ئەستۆ لە ئەهلی زانست و لە خواترسان بێت و شارەزا بێت لە ناوی کتێب و نووسەرەکاندا.

سەرپەرشتیاری کتێبخانەکە بەشێوەیەکی وورد و دروست بۆ ماوەیەکی کاتی کتێبی دەدا بەلای خوێندکارو وانەبێژەکانەوە بەپێی داخوازی ئەو کتێبەی دەیانەوێت. ناوی کتێبە بەماوە وەرگیراوەکانی لە دەفتەرێکی تایبەت دا تۆمار

دەکرد، ئەو ئەمیندارەش بەرپرسیار بوو لەو کتێبە و پاراستنی لاپەڕەکانی کە لەلایەتی [1]. ئەو کتێبخانە بەلایەنی کەمەوە دەبوو سێ مانگ جارێك بپشکنرایە، بەرنامەی ئەو خوێندنگایانەش بریتی بوو لە سیستەمی پسپۆری هێنانەوە، بۆ نموونە بەشی تایبەت هەبوو بۆ زانستە عەقلی و نەزەرییەکان، زانستە جێبەجێکارییەکانیش بە شی تایبەتیان هەبوو ، وەزیرو زانا خاوەن سامانەکان کێبڕکێیان دەکرد لە دامەزراندنی پەیمانگاو خوێندنگاو مزگەوت و دانانی ماڵە وەقفیەکاندا [2].

❖ گرنگیدانی سوڵتان محمدی فاتیح بە زانایان: بەڕاستی زانایان و ئەدیبەکان پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو لەلای سوڵتان محمدی فاتیح ، زانایانی لەخۆی نزیك دەکردەوە و ڕێزیانی بەرز ڕادەگرت، هانی دەدان لەسەر کاروبەرهەمهێنان، ماڵ و سامانی پێدەدان و دیاری و خەڵاتی ئەرشت بەسەریاندا، تاکوو خۆیان یەکلابکەنەوە بۆ زانست و فێرکردن، ئەوپەری ڕێزی لێ دەگرتن ئەگەر لە دژیشی بوونایە! جا کاتێك هەرێمی قرمان خرایە سەر دەوڵەتەکەی، فەرمانی دەرکرد بە گواستنەوەی کرێکار و پیشەگەرەکان بۆ قوستەنتینیە، کە بیستی (روم محمد پاشا)ی وەزیری ستەمی لەخەڵکەکە کردوەو لەوانەش کە ستەمیان لێکراوە هەندێك لە زانا و پیاوماقوولیشی تێدابووە وەك زانا: محمد چەلەبی کوڕی سوڵتان ئەمیرعەلی، کاتێك سوڵتان بەم کارەی زانی ، داوای لێبوردنی لێ کرد و لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەربەرزی و بەڕێزلێنانەوە گێڕایەوە بۆ نیشتمانی خۆی ، پاش ئەوەی ئوزون حەسەنی سەرکردەی تورکمان شکستی خوارد ، ئەو سەرکردەیەی کە پابەندی هیچ پەیمانێك نەدەبوو و بەردەوام یارمەتی دوژمنانی عوسمانیەکانی دەدا لە هەرگەلێ بوونایە ، جاکە سوڵتان محمدی فاتیح شکستی

---

[1] محمد الفاتح / ٣٨٤، ٣٨٥ .

[2] محمد الفاتح / ٣٨٤.

پێ هێنا ، ژمارەیەکی زۆر دیلی کەوتە بەردەست ، سوڵتان محمد فەرمانی کرد بە کوشتنیان جگە لە زانا و خاوەن مەعریفەکانیان نەبێت وەك قازی محمد شورەیجی کە یەکێك بوولە پایەدارەکانی سەردەم ، ئەوە بوو سوڵتان ڕێزێکی زۆری لێگرت .

سوڵتان فاتیح ڕێزی زانا و خاوەن وەرع وپیاوە لەخواترسەکانی دەگرت ، ئەگەر هەندێ کات هەڵپەیەکی سەرکێشی و تورەبوونێکی لەناکاوی توش بهاتایە ، بەپەلە دەگەڕایەوە سەر نەرمونیانی و لەسەرخۆیی و ڕێز لێگرتنیان .

کتێبەکانی مێژوو ئەوەمان بۆ باس دەکەن کە سوڵتان محمد لەگەڵ یەکێك لە خزمەتگوزارەکانیدا نوسراوێکی ناردووە بۆ لای شێخ أحمد گۆرانی کە لەو کاتەدا دادگای سەربازانی بەدەستەوە بوو ، شێخ فەرمانێکی تێدا دیت کە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بوو ، بۆیە نامەکەی دڕاندو دای لە خزمەتگوزارەکە ، ئەوە سەخت بوو لەسەر سوڵتان محمد لەو کارەی شێخ أحمد گۆرانی تورەبوو و لەپلەکەی لای برد . بەمە دڵ ئێشان و لێکدووری کەوتە نێوانیان و شێخی گۆرانی چوو بۆ میسر ، سوڵتانی ئەوێ (قیتبای) پێشوازیەکی گەرمی لێکرد و ڕێزی لێنا . لەوێ ماوەیەك مایەوە ، زوو بەزوو سوڵتان لەو کارەی پەشیمان بوویەوە و نامەیەکی بۆ سوڵتانی (قیتبای) نووسی و داوای لێکرد کە شێخی گۆرانی بنێرێت بۆ لای ، سوڵتان (قیتبای) نامەناردنەکەی سوڵتان محمدی بۆ شێخی گۆرانی گێڕایەوە و پاشان پێی ووت مەڕۆ بۆ لای ، من زیاد لە ئەو ڕێزەی ئەو ڕێزت دەگرم ، ئەویش ووتی بەڵێ وایە ، بەڵام لە نێوان من و ئەودا خۆشەویستییەکی گەورە هەیە ئەو خۆشەویستیەی وەك لەنێوان باوك و کوڕدا هەیە ، ئەوەش لە نێوانماندا ڕوویدا شتێکی ترە و ئەو لێم تێدەگات و ئەزانێ بەردەوام دڵم لایەتی ، جا ئەگەر نەچم دەزانێت کە بەهۆی تۆوەیە و بەمەش دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوانتانەوە ، سوڵتان (قیتبا)یش ئەو قسەیەی بەباش زانی و ماڵێکی زۆری پێداو هەموو ئەو پێویستیانەی بۆ ئامادەکرد کە بۆ سەفەر

پێویستن ، چەند دیارییەکی گەورەشی لەگەڵدا نارد بۆ لای سوڵتان محمد خان ، سوڵتان محمدی فاتحیش کاری دادوەری و دواتر فەتوادانیشی دایە دەستی و دیاریەکی زۆری پێبەخشی و بەشێوەیەکی بێوێنە ڕێزی لێگرت [1].
شەوکانی لەبارەیەوە دەڵێت : (لەبواری دادگای سەربازیەوە گواستیەوە وبەردەوام پیاوە گەورەکان هاتووچۆیان ئەکرد و کتێبی (جمع الجوامع) ی راڤەکرد و پەراوێزێکی زۆریشی لەسەر کتێبی (المحلی) ی (جلال الدینی محلی تەفسیرکەری قورئان) نووسی زیادی تەفسیر و شەرحێکی بۆ صەحیحی بوخاریش کرد و قەسیدەیەك لە شەش سەد بەیتیشی لە زانستی (عروض) دانا. مزگەوتێکیشی لە ئەستانبوڵ دامەزراند لەگەڵ خوێندنگەیەك کە ناوی نا(دار الحدیث) . دنیا لێی کۆبوویەوە وئاوەدانی خستە وڵات و زانستی بەهەموو لەیەکدا بڵاوبوویەوە و زانا گەورەکان ئەهاتنە خزمەتی بۆ وەرگرتنی زانست، لەساڵی ٧٦١ك حەجی ماڵی خوای کرد ، بەردەوام پایەبەرز بوو تا لەکۆتاییەکانی ساڵی ٧٩٣ك دا وەفاتی کرد و سوڵتان و کەسانی تری خوار ئەو نوێژیان لەسەر کرد . هەندێك لەسەرەتای قەسیدەکانی لە پیاهەڵدانی سوڵتانەکەیدا دەڵێت:

هو الشمس الا انه اللیث باسلا هو البحر الا انه مالك البر

واتا: سوڵتان خۆرە هەرچەندە شێرێکی نەبەرد، ئەو دەریایە هەر چەندە خاوەنی گشت ووشکانیە.

خاوەنی کتێبی (الشقائق النعمانیة) ژیاننامەیەکی ڕازاوەی نوسیوەتەوە...شێخی گۆرانی سوڵتانی بەناوی خۆیەوە بانگ دەکرد و پیایدا هەڵی نەئەداو دەستی ماچ نەدەکرد ، بەڵکو تەنها تەوقەی لەگەڵ دەکرد ، هەروەها نەدەچوو بۆ لای سوڵتان مەگەر بیناردایە بەشوێنیدا . بەسوڵتانی دەووت : خواردن و جل و بەرگت حەرامە ، بۆیە پێویستە ئاگات لە خۆت بێت.

---

[1] محمد الفاتح / ٣٨٩ .

چەند شتی جوانی زۆری تری باس کردووە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یەکێك بووە لە زانا ئیشکەرەکان..)[1]

سوڵتان لەهەر شوێنێکدا بیبیستایە کە زانایەك هەژاری یان کەمدەستی تووش بووە یەکسەر دەچوو بە هانایەوەو ئەوەی لە بواری دنیاییدا پێویستی پێی بوایە بۆی دابین دەکرد .

سوڵتان سروشتی وابووە کە لە مانگی ڕەمەزاندا لە دوای نوێژی نیوەڕۆ کۆمەڵێك لە زانا تەواو شارەزاکانی قورئانی دەهێنا بۆ کۆشکەکەی و هەر جارەی یەکێکیان تەفسیری ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی ئەکرد و هەموو زانایان گفتوگۆیان لەسەری دەکرد. سوڵتان محمد خۆشی بەشداری لەگەڵدا دەکردن و ئەو زانایانەی بەردەوام هان ئەدا لەسەر کارەکەیان بەخەلات و دیاری و دەستگرۆیی زۆری مادی بۆیان.

❖ گرنگیدانی بەشاعیرو ئەدیبەکان : مێژوو نوسی ئەدەبی عوسمانی باس دەکات کە سوڵتان محمدی فاتیح (سەرپەرشتیاری ڕاپەڕینی ئەدەبی بوو، شاعیرێکی پایە بەرز بوو ٣٠ ساڵ حوکمی کرد، کە ئەو ساڵەیان پڕ پیت و بەرەکەت وا خۆشگوزەرانی گەشەی بەردەوام بوو، بە (أبو الفتح) یش ناوی دەرکرد، چونکە بەسەر دوو ئیمبراتۆریەتی گەورەدا زاڵبوو هەروەها حەوت میرنشینی ئازادکرد و دەستی گرت بەسەر ٢٠٠ شاردا ژمارەیەکی زۆر خانەی زانست و خانەی پەرستشی دروستکرد و هەروەها بە (أبو الخيرات)یش ناسرا)[2].

محمدی فاتیح بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە ئەدەب و بەشێوەیەکی تایبەتی بە شیعر دەدا ، هاوڕێیەتی شاعیرانی دەکرد و هەڵی دەبژاردن و زۆرێکیانی دەکردە

---

1 البدر الطالع :١/ ٤١ .

2 العثمانيون في التأريخ والحضارة /٢٤٧ .

وەزیر ، لەوانە : أحمد پاشا محمود ، محمود پاشا ، قاسم جزری پاپا ، کە هەبوو شاعیر بوون [1] . هەروەك لە کوشکی پاشادا ٣٠ شاعیر هەبوون کە هەریەکەیان مانگانەی بەبڕی هەزار درهەم موچەی دەدرایە ، بۆیە لەدوای ئەو گرنگی پێدانە ئاساییە کە شاعیرو ئەدیبەکان لە مەدحی سوڵتان محمددا بکەن لە پاداشتی ئەو هەموو خزمەتەیدا کە بەرامبەر زانست و ئەدەب کردی بەوەی زۆر جوان هانی شاعیران و ئەدیبانی ئەداو زۆر بەخشندانە سەرپەرشتی ئەکردن.

سوڵتان ڕێگری لە شاعیرەکان دەکرد کە خۆیان سووك بکەن و دەست بدەنە گاڵتەوگەپ و بێ بێ نەزاکەتی، ئەوەش لە نەزاکەت و ئەدەب لایبدایە بەزیندان کردن یان دەرکردنی لە کۆشك سزای دەدا [2] .

❖ گرنگیدانی بە وەرگێڕان : سوڵتان محمدی فاتیح توانای قسەکردنی بەزمانی ڕۆمی هەبوو، لە پێناو ئەوەی کە ڕاپەڕینێکی فکری لە گەلەکەیدا بەرپا بکات فەرمانی کرد بە وەرگێڕانی زۆربەی ئەو کەلەپوورانەی بە زمانی یۆنانی و لاتینی و عەرەبی و فارسی نووسرا بوون بۆ زمانی تورکی. لەوانەیش کتێبی (مشاهیر الرجال) ی بلوتارك ، هەروەها کتێبی (التصریف فی الطب)ی أبو قاسم زەهراوی دکتۆری ئەندەلوسی وەرگێڕا بۆ تورکی، لەگەڵ هەندێ زیادەیەکاریدا لە وێنەی ئامێرەکانی برینپێچی و باری نەخۆشان لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا.

❖ کاتێك کتێبەکەی بەتڵیمۆسی دیت لە جوغرافیادا کە نەخشەیەکیشی لەگەڵ دابوو هەستا بە موتاڵەعەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ (جۆرج أمیروتزوس) زانای ڕۆمی دا، پاشان فاتیح داوای لە خۆی و کوڕەکەی کرد کە دوو زمانی ڕۆمی و عەرەبی بەباشی دەزانی هەستن بە وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ عەرەبی و دووبارەکێشانەوەی نەخشەکە لەگەڵ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ناوی شارەکان و نوسینی

---

[1] العثمانیون في التأریخ والحضارة / ٢٤٧ .

[2] محمد الفاتیح / ٣٩٣ .

بەهەردوو زمانی عەرەبی و ڕۆمی ، بۆ ئەو ئیشەیش خەلاّتێکی گەورە و زۆری کردن، زانای گەورەیش علی القوشچی کە گەورەترین زاناکانی سەردەمی خۆی بوو لە بیرکاری و گەردونناسیدا، هەرکاتێك بە فارسی کتێبێکی دانابنایە خێرا وەریدەگێڕایە سەر عەرەبی و پێشکەشی فاتیحی کرد.

❖ فاتیح گرنگی بە زمانی عەرەبی دەدا، چونکە زمانی قورئانی پیرۆز بوو ، هەروەك لە زمانە زانستیە بلاّوەکانی ئەو سەردەمە بوو ، بەڵگەش بۆ گرنگی دانی فاتیح بە زمانی عەرەبی زیاتر ئەوەیە کە داوای لە مامۆستاکانی هەر هەشت خوێندنگەکەی شار کرد کە لە کاتی وتنەوەی زانستی زمانەوانیدا هەر شەش کتێبە (صەحیحەکەی) زمانی عەرەبی وەك، وەك صحاح ، التكملة ، القاموس ، و هاوشێوەکانی[1] پێەکەوە بلێنەوە، فاتیح پاڵپشتی بزوتنەوەی وەرگێران و دانانی کتێبی کرد لە پێناو بلاّو بوونەوەی هۆشیاری لە نێو ژێردەستەکانیدا، ئەویش بە زیادکردنی کتێبخانە گشتیەکان، لە کۆشکەکەیدا خەزێنەیەکی تایبەتی بە کتێب دروستکرد کە چ کتێبی سەیر هەیە لە هەموو زانستێکدا لەو کتێبخانەدا هەیبوو، شێخ لوتفی کردە ئەمینداری و کتێبخانەکە ١٢هەزار بەرگ کتێبی تێدا بوو. مامۆستا (دیزمان) ئەو کتێبخانەیە بەوە وەسف دەکات کە خاڵی وەرچەرخانە لە ڕووی زانستەوە لە نێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوادا [2].

❖ گرنگیدانی بە ئاوەدانی و تەلارسازی دروستکردنی خەستەخانە: سوڵتان محمدی فاتیح زۆر کەیفی ئەهات بە بنیاد نانی مزگەوت و پەیمانگاو کۆشك و

---

[1] شەش کتێبی ناسراو هەیە لە زانستی زمانەوانیدا (فەرهەنگی عەرەبی) وەك: الصحاح کە هی ئیمامی جەوهەریەو ئیمامی ڕازی لە ناو (مختار الصحاح) کورتی کردووەتەوەو (القاموس المحيط)یش هی (فەیروز ئابادی)یە، وە هەروەها (وەرگێڕ: ن).

[2] محمد الفاتح / ٣٩٦ .

خەستەخانەو بنکەو حەمام و بازاڕی گەورەو باخچە گشتیەکان. بەهۆی لولەکێشی تایبەتەوە ئاوی هێنایە نێو شارەکەوە . هەروەها وەزیرەکان و گەورەیاوانی دەوڵەت و دەوڵەمەندان و ناسراوانی هان دەدا بۆ دامەزراندنی بیناو دروست کردنی دوکان و حەمام و بینای تر کە نرخ و جوانیەك دەدات بە شارەکان . گرنگیەکی تایبەتیشی بە ئەستانبوڵی پایتەخت داو سوور بوو لەسەر ئەوەی بیکاتە جوانترین پایتەختەکانی جیهان و سەرچاوەی زانست و هونەر . لەسەردەمی محمد فاتح دائاوەدانی زۆر زیادی کردو پەرەی سەند و گرنگی بە خەستەخانە دەداو یاسایەکی نموونەیی بۆ دانا کە ئەو پەڕی وردی و سەرسامی وجوانی تێدا بوو. جا هەر بنکەیەکی ئەسپارد بە پزیشکێك ودواتر کردیە دوو پزیشك لە پزیشکە لێهاتوەکان ئیدی لەهەر ڕەگەزێك بوونایە، لەگەڵ ئەو دوو دکتۆرەدا (کحّال)[1] و برین پێچێك و سەیدەلانیەك و کۆمەڵێك لە خزمەتگوزارو دەرگاوان یارمەتیان دەدان. مەرج بوو بۆ هەموو کارگوزارێکی خەستەخانە قەناعەت و نەرمونیانی و مرۆڤ دۆست بێت. لەسەر پزیشکەکانیش پێویست بوو کە لە ڕۆژێکدا دوو جار سەردانی نەخۆشەکان بکەن و دەرمان بۆ نەخۆشەکان نەنوسن تا لەئامادەکردنەکەی وورد نەبنەوە . لەسەر چێشت لێنەری خەستەخانەیش پێویست بوو کە شارەزا بێت بەجۆرو شێوەی ئەو خواردنانەی کە لەگەڵ نەخۆشەکاندا دەگونجێت. چارەسەرو دەرمان لەو خەستەخانانەدا بەخۆڕایی بوو ، خەڵکیش هەموو سودی لێوەردەگرت بەبێ جیاوازی لە ڕەگەز و ئاینیاندا[2].

---

[1] کحال: پێ دەچێ مەبەست پێی ئەو کەسە بێت کە (کحول) (واتا پیسقرتۆ) بدات لە برین و پاکی بکاتەوە (وەرگێڕ: ن).

[2] محمد الفاتح / ٤١٣ .

❖ گرنگیدان بە بازرگانی و پیشەسازی : سوڵتان محمد گرنگی بە بازرگانی و پیشەسازی ئەداو ئیشی زۆری کرد لە پێناو بوژاندنەوەیاندا بەهەموو ئامێرو هۆکارێك. بەمەش ڕێبازی باوباپیر و سوڵتانەکانی گرتەبەر کە بەردەوام لە هەوڵی ئامادەسازیدا بوون بۆ بوژاندنەوەی پیشەسازی و کەری بازرگانی، لە نێو ژێردەستەکانیاندا . زۆرێك لە شارەگەورەکان گەشەسەندنی گەورەیان بەخۆوە دیت پاش ئەوەی فەتتحی عوسمانی ڕزگاری کرد لەوەی کە لەسەردەمی بێزەنتیەکاندا توش بووبوو بە هۆی ئەوەی سامانی دەوڵەتی دەستی گرتبوو بەسەر هەموو بوارێکدا و تەگەرەی خستە نێو ڕاپەڕینیەوەو بزاوتنی لەپێ خستبوو ، لەوشارانە : نیقیە بوو، عوسمانیەکان زۆر شارەزایی بازاڕە جیهانیەکان و ڕێگە دەریایی و وشکان بوون و ڕێگە کۆنەکانیان گەشە پێدەداو پێگەی بازرگانی نوێیان دادەمەزراند کە بزوتنەوەی بازرگانی لە هەموو بەشەکانی دەوڵەتدا خستە جووڵە. دەوڵەتە بیانیەکانیش ناچار بوون کە مەرزەکانیان بەڕووی خەڵکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بکەنەوە تاکوو پیشەی بازرگانی لە ژێر سێبەری ئاڵای عوسمانیدا مومارەسە پێبکەن و فێربن .

کاریگەری سیاسەتی گشتی دەوڵەت لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازیدا ئەوەبوو کە خۆشگوزەرانی و ئاسانکاری باڵی کێشابوو بەسەر هەموو بەشەکانی دەوڵەتدا ، بەمەش دەوڵەت دراوی تایبەتی زێڕینی دەستکەوت [1]. هەروەها دەوڵەت دامەزراندنی ڕۆڵی پیشەسازی و پیشەسازیەکانی زەخیرەو چەکی پشتگوێ نەخست بەڵکو قەڵاو شوراکانی لە هەموو ناوچە گرنگ و سەربازیەکانی وڵاتدا بنیاد نا [2] .

---

[1] محمد الفاتح / ٤١٤ .

[2] محمد الفاتح / ٤١٠ .

❖ گرنگیدانی بەڕێکخستنەکارگێڕیەکان : سوڵتان فاتیح ئیشی ئەکرد بۆ گەشەپێدانی دەوڵەتەکەی، بۆ ئەمەش چەندیاسایەکی دانا تا بتوانێت کاروباری کارگێڕی خۆجێیی لە دەوڵەتەکەیدا ڕێك بخات . ئەم یاسایانە لەشەریعەتی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتبوو . سوڵتان محمد لیژنەیەکی لە چاکترینی زاناکان پێکهێنا بۆ سەرپەرشتی دانانی (قانون نامە) کە لەشەریعەتی پاکی ئیسلامەوە سەرچاوەی دەگرت. و کردی بە بناغەی حوکمی دەوڵەتەکەی ، ئەو یاسایە لەسێ بەش پێك هاتبوو، کە پەیوەندی بە پایەی کارمەندان و هەندی داب و نەریتەوە هەبوو لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە ڕێو ڕەسم و ئاهەنگە سوڵتانیەکاندا بکرێت. هەروەها سزاو غەرامەکردنی دانا و بە ڕاشکاوی دەوڵەتی بە حکومەتێکی ئیسلامی ناوزەند کرد کە لەسەر باڵادەستی ڕەگەزی ئیسلامیدروست ئەبێت و ئیتر لەهەر ڕەگەز و بنچینەك بێت[1] .

محمدی فاتیح گرنگی زۆری بەوە دا کە یاسایەك هەموار بکات پەیوەندی دانیشتوانی ناموسوڵمان ڕێك بخات بەو دەوڵەتانەوە کە دراوسێیانن و موسوڵمانن، هەروەها پەیوەندی ئەو دانیشتوانە ڕێك بخات لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە حوکمیان دەکەن و سەرپەرشتی ئەوانیان لە ئەستۆدایە، هات دادی خستە ناو دانیشتوان و زۆر بە (جیدی) کەوتە ڕاوەدونانی دز و ڕێگر و ئەوەی بڕیاری ئیسلام بوو بەسەریاندا جێبەجێی ئەکرد، بەمەش هێمنی و ئاسایش باڵی کێشا بەسەر هەموو لایەکی دەوڵەتی عوسمانیدا. سوڵتان محمد هەموو ئەو یاسایانەی هێشتەوە کە بۆ فەرمانڕاوایی کردنی هەرێمەکان بەکاردەهات لەپێش خۆیدا، بەڵام چەند گۆڕانکاریەکی کەمی تێدا کرد کە لەگەڵ سەردەم و دەوڵەتەکەیدا بگونجێت، دەوڵەت دابەش دەبوو بۆ چەند میرنشینێکی گەورە، کە میری میران فەرمانڕەوایی دەکرد کە بە (بەگلەربەگ) ناودەبرا و

[1] السلطان محمد الفاتح / ١٥٤ .

هەروەها چەند میرنشینێکی بچوك كە (میری لیوا) فەرمانڕەوایی دەكرد و بە (سنجق بەگ) ناودەبرا، هەریەك لەم دوو فەرمانڕەوایە هەڵدەستان بە چەند كارێکی شارستانی و سەربازی لەیەك كاتدا ، هەندێ لە میرنشینەكانی (صەقالیبە) هەر لەسەرەتاوە جۆرێك لەسەربەخۆیی ناوخۆییان پێ دەدرا كە هەندێ لەسەركردەكانی خۆیان فەرمانڕەواییان دەكردن، بەڵام پاشكۆی دەوڵەت بوون و فەرمانەكانی سوڵتانیان بەوردی جێبەجێ دەكرد، خۆ ئەگەر لەفەرمانی سوڵتان لایان بدایە یان بیریان لەشۆڕش بكردایەتەوە بەسەر حكومەتی عوسمانی دا ئەوە لەسەر كار لای ئەدان و تۆڵەی لێ ئەسەندن، كاتێك دەوڵەت جیهادی ڕاگەیاندایە و میری میرنشین و لیواكانی بانگ بكردایە لەسەریان پێویست بوو بچن بەدەم بانگەوازەكەوەو بەو سوارانەی كە چاك ئامادەیان كردبوون بەشداری لە جەنگدا بكەن ، ئەمەش بەپێی ڕێژەیەكی دیاری كراو، كە بەچەكی تەواوو بەتوانای جەنگ كردنەوە سوارەیان ئامادەسازی پێدەكرد لە هەموو (٥) هەزارێك یەك لە ئەندامانی هەرێمەكەی جا ئەگەر هەرێمەكەی ٥٠٠ هەزار بوایە پێویست بوو سەد سوارە بەشداری پێ بكات . سەربازانی ناوچەكان لە سوارەوە پیادە پێك هاتبوو ، پیادەكانیش لەژێر سەركردایەتی و كارگێڕی پاشاو بەگەكانی ناوچەكەو لیواكاندا بوون [1] .

سوڵتان محمد هەستا بە پاكسازیەكی فراوانی هەموو كارمەندە كۆنە بێتواناكان و كەسی لێهاتووی لە شوێنیاندا داناو بەتەنها لێهاتوویی كردە بنەمای هەڵبژاردنی پیاوان و یاریدەدەرو والیەكان ، هەروەها گرنگی بە نیزامی ماڵ و دارایی داو بنەما گەلێكی پتەوی لە پارێزگاری ماڵ و دارایی دەوڵەتدا دانا و كەمتەرخەمی باجگران و یاریكردن بە سامانی دەوڵەتی لەناو برد كەئەم كەمتەرخەمی و یاریكردنە بە سامانی دەوڵەت سەروەتێكی زۆری لە كیسی

[1] السلطان محمد الفاتح / ١٥٥ .

دەوڵەت دەدا ، بەڕاستی سوڵتان محمد لێهاتوویی و توانستێکی وای لە لایەنی کارگێڕییەوە نیشاندا کە هیچی کەمتر نەبوو لەو لە لێهاتوویی و توانایەی کە لە لایەنی ڕامیاری و جەنگیدا نیشانی دابوو [1].

❖ گرنکیدانی بە سوپاو هێزی دەریایی : سوپای نیزامی هەر لەسەردەمی سوڵتان ئورخاندا دامەزرا، ئەو سوڵتانانەی دوای ئەویش هاتن گرنگیان بە گەشەپێدانی سوپا زۆر ئەدا بەتایبەت سوڵتان محمد کە گرینگیەکی تایبەتی ئەدا بەسوپا. لە ڕوانینی ئەودا سوپابناغەی دەوڵەتە و یەکێکە لە پایە گرینگەکانی بۆیە دوبارە ڕێکی خستەوەو دایمەزراندەوە و بۆ هەر دەستەیەك (ئاغا)یەکی دانا کە سەرکردایەتی بکات ، ماف پێشڕەویشی دا بە سەرکردایەتی ئینکیشاری بەسەر هەموو سەرکردەکانی تردا ، ئەویش فرمانەکانی لەسەرەوە پێدەگەشت لە کەسێکەوە بەناوی (الصدر الأعظم) کە سوڵتان کردبوویە سەرکردەی گشتی سوپا .

سەردەمی سوڵتان محمدی فاتیح بەوە جیا دەکرێتەوە کە هێزی میرۆیی سوپا زۆر بەهێز و بە ژمارەش زۆربوون، ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی چەندین سەربازگەی جۆراوجۆرەوە هاتە بەر، هەروەها پیشەسازی سەربازی هاتە کایەوە بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی سوپا لە جلوبەرگ و ڕەخت و قەڵغان و پیشەسازی زەخیرەو چەك . قەڵاکانیشی لە ناوچە خاوەن گرنگیە سەربازیەکاندا بنیاد نا ، لێرەدا ڕێکخستنی سەربازی جۆراوجۆر بەوردەکاری و دروستی هەبوو لە سوارەو پیادەو تۆپ و دەستەی هاوکاری کە پێویستی ئازوقەو چەك و ئالیکی ئاژەڵ و سندوقی خەزێنەکانی دەگەیاندە هێزە جەنگاوەرەکان لە مەیدانی جەنگ دا . لێرەدا دەستەیەك لە سەربازان هەبوون کە بە (لغمچیە) ناسراو بوون و کاریان چاندنی مین و لێدانی تونێل بوو بەژێر زەویدا لە کاتی

[1] محمد الفاتح / ٤٠٦ ، ٤٠٧ .

ئابلۆقـەدانی قەڵایەکـدا کـە بیانویـستایە ئـازادی بکـەن. هـەروەها ئاوگێڕەکـان لەسەریان بوو ئاو بگەیەنن بەسەربازەکان .

لەسەردەمی فاتیح دا زانکۆی سەربازی گەشـەی سـەندو دەسـتە لـە دوای دەسـتە ئەندازیارو پزیشك و بەیتاڵ و زانایانی کەش و هەوا و ڕووبەرەکان پێدەگەیاند و دەری دەچاندن (تخرج). هەروەها بـەردەوام سـوپای پڕ چەك ئـەکرد بـە کەسـانی پسپۆڕ لە بواری تەکنیکدا ئەم عوسمانیانە شۆرەتێکی بەرفراوانیان لە وردەکاری و ڕێکخستندا بەدەست هێنا [1] .

سوڵتان محمد سور بوو لەسەر گەشەپێدانی سوپای ووشکانی و هێـزی دەریـایی ، ئـەو گرنگـی پێدانەیـشی لـە کـاتی فـەتحی قوسـتەنتینیەدا دەرکـەوت کاتێـك کـە کەشـتیگەلی عوسمـانی ڕۆڵێکـی دیـاری هـەبوو لـە بـەهێز کردنـی ئابلۆقـەدانی شارەکە و چواردەوردانی لە دەریاو وشکانیەوە .

لـەدوای فـەتحی قوسـتەنتینیە پـشت بەسـتن بـە چـەکی دەریـایی دووبەرامبـەر بوویەوە ، بۆیە ماوەیەکی کەمی نەبرد کە کەشتیگەلی عوسمانی زاڵ بـوو بەسـەر هەردوو دەریای ڕەش و سپی دا . کاتێك کتێبی (حقائق الأخبار عن دول البحار) ی ئیـسماعیل سـەرهەنگ دەخوێنینـەوە ، تێبـینی گرنگیـدانی سـوڵتان محمـد دەکـەین بـە دەریـاوانی عوسمـانی . ئـەوەیش گرنگـی پێـدانێکی گـەورەبوو کـە شیاوی ئەوەیـە مێژوو نوسان بە دامەزرێنـەری کەشتیگەلی دەریـایی عوسمـانی دابنێن . هەروەها محمدی فاتیح سودی لەو دەوڵەتانە وەرگرت کە گەشـتبوونە ئاستێکی باڵا لە دروست کردنی کەشتیگەلدا، وەك کۆمارە ئیتالیەکان بە تایبـەت (بوندوقیـە) و (جەنـەوا) کـە گـەورەترین دەوڵـەتـە دەریاییـەکانی ئەوکاتـە بـوون [2] .

کاتێك سوڵتان لە (سیئوب) کەشتیەکی گەورەی کەم وێنەی بینی فەرمانی کرد بە

---

[1] محمد الفاتح /١٦٣ .

[2] محمد الفاتح /٤١١ .

هێنانی ودروستکردنی چەندین کەشتی لەسەر شێوازی ئەو ، لەگەڵ چەند چاکسازییەك کە تیایدا کردیان[1].

کەشتیگەلی عوسمانی بە ئەسکەلەی چاککردنی کەشتی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکرا ، یەك لە بەشە تایبەتیەکانیشی کە بە (طائفة الغرب) دەناسرا و ژمارەیان نزیکەی ٣ هەزار سەربازی دەریایی دەبوو کە لە کەشتیەوان و سەرکردەی کەشتی و ئەفسەر و دەریاوان پێك هاتبوو [2].

❖ گرنگیدانی بەدادپەروەری : هێنانەدی دادپەروەری لەنێو خەڵکدا لە ئەرکەکانی سوڵتانە عوسمانیەکان بوو ، سوڵتان محمدیش لەمەدا لەسەر ڕۆڵی باو باپیرانی دەچوو بە سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی دادپەروەری لە بەشەکانی دەوڵەتەکەیدا . بۆ دڵنیابوونیش لەوە جاربەجار هەندێ پیاوانی ئاینی مەسیحی وەك نوێنەری دەنارد بۆ گەڕان و سەردانی بەشەکانی دەوڵەت و نوسراوێکی ڕەسمی پێدەدان کە ئەك و دەسەڵاتی ڕەهایانی پێ ئەدان لە پشکنین و گەڕان و لێکۆڵینەوە تا ئاگاداری ئەوەبن چۆن کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەبرێت و تەرازووی دادپەروەری لەنێو خەڵکیدا چۆن بەڕێوە دەچێت لە دادگاکاندا .

هەروەها سەربەستی تەواوی بەو نێردراوانە دا بە ڕەخنەگرتن و تۆمار کردنی ئەوەی کە دەیانبینی و پاشان هەمووی بەرز بکەنەوە بۆ لای سوڵتان . هەمیشەش ڕاپۆرتەکانی ئەو نێردراوە مەسیحیانە بە چاکی باسی کاری دادگاکان و بەڕێوە چوونی دادپەروەری تەواویان و ووردەکارانەیان لە نێو خەڵکدا باس دەکرد بەبێ ئەوەی خزم خزمێنە بکرێ یان جیاوازی بکرێت لە نیوان خەڵکدا. سوڵتان محمد لەکاتی دەرچوونی بۆ جەنگەکان لە هەندێ لە

---

1 محمد الفاتح /٤١١ .

2 محمد الفاتح /١٦٢ .

هەرێمەکاندا ڕادەوەستا و چادری هەڵدەدا تا خۆی دابنیشێت بۆ لابردنی ستەم و هەرکەس شکایەت و مافێکی خوراوی هەیە بەرزی بکاتەوە بۆ لای.
محمدی فاتیح بەتەواوی هەستی بەوە دەکرد کە پیاوانی فیقھ و شەریعەت شارەزاترین و بینەرترینی خەڵکن بەدادپەروەری و پێگەکانی و لە هەموو کەس مکوڕترن لە جێبەجێکردنیدا. ئەو وای دەبینی کە زانایان لە دەوڵەتدا وەك دڵ وان لە جەستەدا. ئەگەر ئەوان چاك بن دەوڵەتیش چاك دەبێت، بۆیە گرنگی زۆری ئەدا بەزانست و یاوەرانی زانست و ڕێگای زانستی بۆ خوازیارەکانی ئاسان کرد و بژێوی ژیانی و دەستکەوتی بۆ دابین کردن تاکوو یەکلا ببنەوە بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی زانست . ڕێزی زانایانیشی ئەگرت و پێگەیانی بەرز ئەکردەوە. فاتیح بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە قازی و پیاوانی دادوەری ئەدا کە حوکم و یەکلاکردنەوەی کاروباری خەڵکیان دەبرد بەڕێوە بۆیە بۆیە لای ئەو ئەوە بەس نەدەبوو ئەو زانایانە دەستی بالآیان هەبێت لە فیقھ و شەریعەت و دەستپاکی و نەدۆڕاویدا، بەڵکوو دەبوو لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی ڕێزو خۆشەویستی بن لە نێو خەڵکیشدا، دەوڵەتیش ئەبوو پێویستییە مادديەکانیان بگرێتە ئەستۆ تا هەموو ڕێگەکانی بەرتیل و فریودان دابخات و هەر بۆیە خۆی باری گوزەرانیانی زۆر خۆش کرد و پلە و کارەکەیانی بە سام و هەیبەت و پیرۆزی دەورەدا[1].
کتێبەکانی مێژوو باسمان بۆ دەکەن کە : یەك لە غولامەکانی محمدی فاتیح هەندێ گەندەڵی لێ دەرکەوت لە (ئەدرنە)دا، ئەوەبوو دادوەر هەندێ لە خزمەتکارەکانی نارد بۆ ڕێگە لێگرتنی ، ئەویش وازی نەهێنا، دادوەر خۆی چوو، غولامەکەیش هێرشی کردەسەری و بەتوندی لێیدا ، کەسوڵتان محمد ئەمەی بیست تورەیی گرتی و بەرچاوی ڕەش کردو فەرمانی کوشتنی ئەو

---

[1] محمد الفاتح /٤٠٩ .

غولامـەی دا لـە بـەر بێرێـزی نوانـدن لـە ڕووی جێگـری شـەریعەتدا ، وەزیرەکـان سکالآیان بۆ ئەو غەلامـە کـرد لـە لای سـوڵتان فـاتیح، بـەڵام ئـەو سـکالآکەی قبـوڵ نـەکردن ، بۆیـە تکایـان کـرد لـە مـەولا محـی الـدین محمـد کـە ئـەو کێشـەیە لـەلای سوڵتان چارەسەر بکات بەڵام فاتیح لە ڕوویدا وەستاو قسەکەی بەرپـەرچ دایـەوە ، مـەولا محـی الـدین پێـی ووت : دادوەر بەهەسـتانی لـە کـۆڕی دادوەریـدا بـەهۆی تورەییـەوە لـە پلـەی دادوەری کـەوتوە و بەمـە ئـەو لـە کـاتی لێدانەکـەدا دادوەر نەبووە ، بۆیە ئەمە ئەمـە نابێتـە سـوکایەتی کـردن بـە شـەریعەت تـا کوشـتنی ئـەو منداڵە ڕەوابـبێت، بەمە سوڵتان محمد بێدەنگ بـوو ، پاشـان منداڵەکـەیان هێنـا بـۆ قوسـتەنتینیە و بردیـان بـۆ لای سـوڵتان محمـد خـان تـا لەپاداشـتی لێبوردنیـدا، دەسـتی سـوڵتان مـاچ بکـات ، سـوڵتانیش دارێکـی گـەورەی هـەڵگرت و بەتونـدی هات لە غولامەکەی داو بەو بۆنەیەوە منداڵەکە ٤ مانگ نەخۆش کەوت .

دوایـی چارەسـەریان کـرد وا چـاك بوویـەوە. دوایـی ئـەو غولامـە کـە نـاوی (داود پاشا) بوو، بوو بە وەزیری سوڵتان بایەزید. لە دواییدا ئەم کوڕە نـزای خێـری بـۆ سوڵتان دەکرد و دەیوت : ئەم پێگەشتنەم تەنها بەهۆی لێدانەکـەی ئـەوەوە بـوو[١].

بـەڵام هـەر دادوەرێکـیش بـەتیلی بخواردایـە لـە لای سـوڵتان جگـە لـە کوشـتن سزایەکی تری بۆ نەبوو.

سوڵتان فاتیح لەگەڵ سەرقاڵ بوونی بە جیهادو ئازادکردنی وڵاتـەوە، چاودێری هەموو لایەنەکانی دەوڵەتی دەکرد بەبێداری و گرنگی پێدانـەوە، ئـەوەی یارمـەتی دەدا لەمـەدا ئەوەبوو کـە خـوا زیرەکیـەکی بـەهێزو چاوڕونیەکی جێبەجێکەرانـەو بیرەوەریـەکی پـارێزەرو جەسـتەیەکی بـەهێزی پـێ بەخشـیبوو . زیـاتر بەشـەواندا

---

[١] محمد الفاتح / ٤٠٩.

دادەبەزیە نێو ڕێگاو کۆڵانەکان تا بۆ خۆی شارەزای باری ژیانی خەڵك بێت و سکاڵایان ببیستێت[1].

هەروەك دەزگای ئاسایشی دەوڵەت یارمەتی دەدا لە شارەزایی باری خەڵکدا کە زانیاری و هەواڵەکانی کۆ دەکردەوە کە پەیوەندیان بە دەسەڵاتەوە هەبوو و بەرزیان دەکردەوە بۆلای سوڵتان کە سوربوو لەسەر بەدواداچوونی بارودۆخی ژێردەستەکانی و چاودێری کاروبارەکانیان و ئاگاداربوون لە لایەنی هەڵەو کەم و کورتی تاك و کۆمەڵەکەی. سوڵتان فاتیح ئەم چاودێری کردن و بەدواداچوونەی لە بارودۆخی (سولەیمان علیه السلام) دەرگرتبوو کە خوا دەفەرموێت: ﴿ وتفقد الطير ﴾ ئەمەش بەپێی ئەوەی کە کاروبارەکانی پاشاکان ئەیخوازن و پێویست ئەبێ لەسەریان کە گرینگی بە هەموو بەشێکی مەملەکەت بدەن و چاودێری هەموو حاڵەتێك بکەن، بەتایبەتی حاڵی لاوازەکان[2].

باسی حەوتەم

وەسیەتەکەی سوڵتان محمد بۆ کوڕەکەی

ئەمە وەسیەتی محمدی فاتحیە بۆ کوڕەکەی لەناو جێگای مردنیدا کە ڕاستترین دەربڕینە بۆ بەرنامەو ئاکارو ئامانجێك کە باوەڕی پێی هەبوو لە ژیانداو خوازیاربوو لە خەلیفەکانیش کە لە دوای خۆی لەسەر بڕۆن : (ئەوامن دەمرم ، بەلام خەمم نىیە، چونکە تۆم لە دوای خۆم بەجێ هێشتووە . دادوەرو پیاوچاك و میهرەبان بەو بەبێ جیاوازی کردن با بەرگریکردنت لە ژێردەستەکانت بە هەموو لایەك بێت، کار بکە بۆ بلاو کردنەوەی ئایینی ئیسلام ، چونکە ئەوە ئەو ئەرکە گەورەیە لەسەر زەویدا لە هەموو کەسەوە دیارە، گرنگیدان بەکاروباری ئایین لە پێش هەموو شتێك دابنێ و مەپسێ و ماندوو مەبە لە پارێزگاری

---

[1] محمد الفاتح / ٤٠٩.

[2] تفسير القرطبي : ١٧٧/١٣ .

کردنیدا، ئەو کەسانە بەکار مەهێنە کە گرنگی نادەن بەکاروباری ئایین و لە تاوانە گەورەکان دوور ناکەونەوە و لە خراپەکاریدا ڕۆچون و خۆت لە (بیدعە)ی گەندەڵ بەدوور بگرە. ئەوانیش لە خۆت دوور بخەرەوە کە هانت دەدەن بۆ کردنی ئەو بیدعانە، خاکی وولات بە جیهاد کردن فراوان بکە و پاسەوانی ماڵ و سامانی (بیت المال) بکە لەوەی کە پەرش و بلاو بێتەوە، دەخیلت بم دەستت نەبەیت بۆ ماڵی هیچ کەسێك لە رەعیەتەکەت مەگەر بەماڤ ئیسلام نەبێت. خۆراکی بێ دەرەتان و پەککەوتەکان دابین بکەو، ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە بگرە کە شایەنی ئەوەن ڕێزیان لێ بگری، لەبەر ئەوەی کە زانایان پێگەی هێزی بلاو بوەوەن لە جەستەی دەوڵەتدا، بۆیە پشتیان بگرە و هانیان بدە، ئەگەر هەواڵی یەکێکیانت زانی کە لەشارێکی تردایە ئەوا بنێرە بەپێشوازیداو بیهێنە بۆ لای خۆت و بەماڵ و سامان ڕێزی بنێ، وریابە! وریابە! سەروەت و سامان و سەرباز لە خۆت نەکەن. دەخیلت بم! هەرگیز ئەهلی شەریعەت لە دەرگاکەت دوور نەخەیتەوە ! دەخیلت بم! دڵ نەدەیت بەکارێك کە پێچەوانەی یاساکانی شەریعەت بێت، چونکە ئایین ئامانی ئیمەیەو هیدایەتی خوا بەرنامەمانەو هەر بەوەیش سەرکەوتوو دەبین.

لە منەوە ئەم پەندە وەربگرە : کە هاتمە ئەم ولاتە وەك مێرولەیەکی بچووك وابووم، خوای گەورە ئەم هەموو بەخششە گەورانەی پێبەخشیم ، دەی تۆیش بە ڕێگەکەی مندا بڕۆ جێ پێکانی من هەڵبگرە، کار بۆ ئەوە بکە ئەم دینە بڵند و بە دەسەلات بێت، ئەهلی ئەم دینە بەڕێز و حورمەت گیراو بن، وریابە سەروەت و سامانی دەوڵەت لە خۆشگوزەرانی و گاڵتە و گەپدا خەرج مەکە یان زیاد لە ڕێژەی پێویست لە کارەکە خەرج بکەی! چەنکە ماڵ بەفیڕۆدان لە گەورەترین هۆکارەکانی تیاچوونە[1].

---

[1] السلطان محمدالفاتح / ١٧١-١٧٢.

١. دادپەروەرو پیاوچاك و میهرەبان بە : بەڕاستی محمدی فاتیح ئەو بنەمایەی بە چاكی جێبەجێ كرد لەگەڵ ئەو مەسیحیانەی كە كەوتبونە ژێر چاودێری دەوڵەتەكەیەوە ، كاتێك چویە نێو قوستەنتینیە كە بە پێی ڕێنماییەكانی ئیسلام جەنگی دەكرد (واتە وەك ئیسلام داوای دەكات) كە تیایدا: ئابڕوی كەس ناتكێنرێ و منداڵ و پیر و ئافرەت ناكوژرێ و كێڵگەی كشتوكاڵی ناسوتێنرێت و هیچ لاوازێك لەناو نابرایێت و سوكایەتی بە جەستەی هیچ كوژراوێك ناكرێت و جگە لەو جەنگاوەرانەی چەكیان لە ڕووی موسوڵمانانندا هەڵگرتووە كەس تووش هیچ زیانێك نابێت)[1]. محمدی فاتیح كە نوێنەرایەتی ئیسلامەتی و بیرو باوەڕو مەنهەجە ئیسلامی ئەكرد لە جەنگدا لەسەر ڕێنمونیەكانی حەزرەتی (أبو بكر) ڕەزای خوای لەسەر بێت بوو لە هەڵسوكەوتی لەگەڵ ڕۆمدا كە ئەیفەرموو: (ناپاكی مەكەن و تەندڕەو مەبن و غەدر مەكەن سوكایەتی بە جەستەی كوژراو مەكەن، مندالانی بچوك و پیرە بەتەمەنەكان و ئافرەت مەكوژن و دارخورما مەبڕن و مەیسوتێنن و هیچ درەختێكی بەردار مەبڕن ، مەڕو وشتر سەرمەبڕن بۆ خواردن نەبێت، ئەوەی بزانن لەمەودوا بەلای گەلانێكدا دەدەن كە خۆیان یەكلا كردووەتەوە بۆ كڵێسا و خەڵوەتگەكان ئێوەیش واز لە خۆیان و ئەو كڵێسا و خەڵوەتگەكایانە بهێنن، بەناوی خواوە هەڵمەت بەرن)[2].

محمدی فاتیح چووە نێو دڵی پایتەختی بیزەنتی و وانە گەلێكی لە دادپەروەری و میهرەبانی بەخشی بە جیهانی ڕۆژئاوای مەسیحی . ئەمەش بوویە مەشخەڵێك لە مەشخەڵەكانی مێژوی عوسمانی ، دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بەرنامەی ئیسلام دەرۆیشت، بەمەش دادپەروەری و میهرەبانی بۆ ئەوانەی كە فەرمانڕەواییان دەكردن لێوە وەرگرت (عبدالرحمن عەززام) لەمەڕ میهرەبانی و دادپەروەری

---

[1] المسألة الشرقية / ١٠٤ .

[2] المسألة الشرقية / ١٠٦ .

عوسمانیەکان دەدوێت لە بەرامبەر ئەو گەلانەدا کە حوکمیان دەکردن، وەدەڵێت: (هەندێ کەس بڕوا ئەکات بەو قسەو شۆخیانەی کە دەیگوێزنەوە دەربارەی سەردەمەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەڵێن: دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی گەورەبووە، بەڵام سیفەتی میهرەبانی لە تایبەتمەندیەکانی ئەو نەبووە، ئەمە هەڵەیەکی بڵاوە کە لەبەردەم لێکۆڵینەوەو وردکردنەوەدا خۆی ناگرێت من خۆم باسی ئەو میهرەبانیەم لە (بسرابیا) لە (ڕۆمانیا)و لەسەر ڕوباری (دنیستز) بیستوە کە پێیان ووتم: نمونەی جوتیارانی ئەم دەورەوبەرەی جێماوی دەسەڵاتی عوسمانی هێشتا ئاماژە بە میهرەبانی و دادپەروەری تورکی دەکەن ، ئەو قسانە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە دادپەروەری لە تورکەکانەوە کەوتووەتە سەرزەوی ، سەیرم کرد لە پۆلۆنیا و ڕۆمانیا و وڵاتی بەلقانداو لەو سەفەرە جۆراوجۆرانەدا ئەمکردن، چەند نموونەو ئەفسانەی زۆریان ئەوتەوە کە بەردەوام ئاماژەیان بەو ڕێزگرتنەی تورکی موسوڵمان دەکرد وەك میهرەبانێکی دادپەروەر کە لە دەرونی ئەو گەلە مەسیحیانەدا جێگەی گرتبوو ، لە ساڵی ١٩١٧دا من لە (ڤیەننا) بووم، بۆم گێڕدرایەوە کە پۆلۆنییەکان موژدەیان بە یەکتری داوە بەگەیشتنی سەربازی عوسمانیەکان دەدا بۆ گالیسیا وەك کۆمەکێك بۆ نەمساویەکان[1].

(بە دڵنیاییەوە دادپەروەری و میهرەبانی ئیسلامی ئەو دووشتەبوون کە لە ئەوروپادا ڕیشەی عوسمانی داکوتا، بە هۆی دادپەروەری و میهرەبانیشەوە بوو کە ئەو ئوممەتانە لەبەر بەریەت و کەللەڕەقی ڕزگاریان بووو یەکسانی و ویژدان بە خەرجدان فێربوون، ئەوەندە بەسە کە بزانیت: بەکۆیلە کردنی دەستەو تاقمەکان بەناشیرینترین شێوە یاسایەکی نێو دەوڵەتی پەیمانبەستوی ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای باشور بووە، تائەو کاتەی عوسمانیەکان هەڵیان

1 الرسالة الخالدة / ٢٤،٢٢.

وەشاندەوە چەندین پەیمانی نێودەوڵەتی لە نێوان (مەلداف) و (پۆڵۆنیەکان) و (مەجەڕ)دا هەبوو بەتەسلیم کردنەوەی هەموو جوتیارێك کە لە کێڵگەی کشتوکاڵی گەورەکەی هەڵبهاتایە بۆ یەکێك لەو وڵاتانە کۆچی بکردایە! ئەو کێڵگە کشتوکاڵیانە بە ئاژەڵو جوتیارەکانیانەوە ئەفرۆشران! عوسمانیەکان کە هاتنە ئەوروپا هەڵگری ئەم سۆز و میهرەبانیە بوون هەروەك چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی دەویست ، تورکەکان بەژمارەیان بە چەك و تفاق لە هیچ گەلێك لەو گەلانە زیاترنەبوو کە زاڵ بوون بە سەریاندا و لە ڕێگەی ئەوانەوە گەیشتنە ڤیەننا هەر ڕەوشتی میهرەبانی بوو کە ڕێگەی سەختی شاخ و دەریاو چالاییەکانی بۆ ئاسان دەکردن ، هەروەك پێشتر ئەو سیفەتە فەتحکردنی ئەفەریقیا و ئاسیای بۆ عەرەبەکان ئاسان کرد[1]. محمدی فاتیح لەسەر بەرنامەی میهرەبانی و دادپەروەری دەچوو و وەسێتی بۆ نەوەکانی دوای خۆشی هەر ئەوەبوو کە پابەندی ئەو بەرنامەیە بن کە ڕاستی ئیسلامی دەردەخات.

٢. بەبێ جیاکاریکردن با بەرگری کردنت لە ژێردەستەکانت بۆ هەموو لایەك بێت:
ئەمە ئەو کارەبوو کە سوڵتان محمد خۆی پێی هەڵئەستا زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی پارێزگاری هەموو ژێردەستەکانی دەوڵەت بکات، ئیدی موسوڵمان بن یاخود مەسیحی ، لەو چیرۆکە خۆشانەی لەم بارەوە ئەیگێڕنەوە ئەوەیە کە خەڵکی دورگەی (خیوس) قەرزی یەکێك لە بازرگانەکانی (غەلتە)یان لەسەربوو و بەبڕی ٤٠هەزار دۆقیە کە ئەو بازرگانە ناوی (فرانسسکوادرابیریو) بوو، کاتێك ئەو قەرزدەرە نەیتوانی قەرزەکەی وەربگرێتەوە لەخەڵکی دوورگەکە سوڵتان فاتح وای ئەبینی کە ئەبێت ئەو هەستێت بەو کارە چەنکە ئێستا ئەو بازرگانە یەکێکە لە ژێر دەستەکانی ئەم و پاراستنی مافەکانی یەکێکە لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی عوسمانی، بۆیە محمد فاتح هەستا بە ناردنی چەند کەشتیەك بۆ دورگەکە

[1] المسألة الشرقية / ١٠٧ .

بەســـەرکردایەتی حـــەمزە پاشـــا. هەرچـــەندە خـــەڵکی دورگەکـــە هەنـــدێ لەسەربازەکانیان کوشتن و ملکەچ نەبوون و ئامادە نەبوون گوێ بۆ داواکانیان بگرن! بۆیە محمدی فاتیح بە(درابیریو)ی بازرگانی ووت (من قەرزەکەی تۆ لەخەڵکی دوگەکە وەردەگرم بە دووکان و داوای پارەی خوێنی ئەو سەربازانەش دەکەم کە لەناوچوون)[1]. سوڵتان محمد کەشتیگەلێکی بەڕێخست بۆ ئەو دورگەیە و خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی کرد بۆ دورگەنزیکەکانی و (دورگەی خیوس)ی بەبێ جەنگ و کوشتار ئازادکرد و هەردوو دورگەی (ئیمبروس) و (ساموتراسی) ناچار بەخۆدەستەوەدان کرد و هەدوو دەرگاکەی بەگرتنیان کرانەوە بۆ عوسمانیەکان، بۆیە دورگەی (خیوس) ناچاربوو بەدانەوەی ئەو قەرزەی بازرگانە جەنەویەی کە لەسەری بوو لەگەڵ پێدانی سەرانەیەکی ساڵانە بەسوڵتان بەبڕی ٦هەزار دۆقیە لەگەڵ دانەوەی قەرەبووی ئەو کەشتیە عوسمانیانەك کە کەوتنە ژێر دەریاوە. ڕاستە بەرگریکردن لە ژێردەستەو پاراستنی مافەکانیان یەکێکە لەئەرکەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

٣. ئیش بکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام چونکە ئەوە ئەو ئەرکە گەورەیە لەسەر زەویدا لە هەموو کەسەوە دیارە: سوڵتان محمد لەجەنگەکانیدا ئەوەی لەبیر نەدەکرد کە ئەو بانگخوازێکی ئیسلامیە، بۆ ئەمەیش سەرکردەو سەربازەکانی هاندەدا بۆ بڵاو کردنەوەی ئایین و بیرو باوەڕو ئیسلامەتی، سوپاسی ئەو سەرکردانەی دەکرد کە لەسەر دەستیان شارەکان ئازاد دەکران، کاتێك فەرمانی کرد بە عمری کوڕی طرخانی سەرکردەی بۆ ئەوەی بەسوپاکەیەوە بەرەو ئەسینا بکشێ و لە ئەنجامدا دەستی گرت بەسەر شارەکەدا و بەستیەوە بە دەوڵەتی عوسمانیەوە، سەرکردە عومەر کە بەسوپاکەیەوە بەڕێکەوت و شارەکەی

---

[1] محمدالفاتح / ٢١٧ .

ناچار بەخۆبەدەستەوەدان کرد ، سوڵتان لەدوای دووساڵ لە ئازادکردنی شارەکە سەردانی شارەکەی کردو ووتی: ئیسلام چەند قەرزاری ئیبن طرخان بوو).

دەوڵەتی عوسمانی گرینگی زۆری ئەدا بەبانگەوازکردنی خەڵك بۆ لای خواو جێ پەنجەی خۆی بەڕوونی و بە چاکی لەبواری بڵاو کردنەوەی بانگەوازدا بەجێ هێشتووە لەئەوروپادا، بەدرێژایی سەدەکان و یەکبەدوادا هاتنی ساڵ و سەردەمەکان چەندین کۆمەڵی ئیسلامی بەرەنگاری هەموو جۆرە فشارێکیان دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ مەسیحیەت. بەردەوام ئەو کەمینە ئیسلامیانە تا ئەمڕۆش لە بولغاریا و ڕۆمانیا و ئەلبانیاو یۆنان و یۆغسلافیادا هەن کە ژمارەیان دەگاتە ملیۆنەها کەس [1].

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فەزڵی خوا بەسەر ئەو گەلانەوە و پاشان بۆ ئەو سوڵتانە عوسمانیانەی کە سوور بوون لەسەر ڕێنمونی خەڵك و هێنانیان بۆنێو ئیسلام.

٤. گرنگیدان بە کارو باری ئایین لە پێش هەموو شتێك دابنێ ماندوو مەبە لە پارێزگاری کردنیدا: سوڵتانە عوسمانیەکان چ پێش سەردەمی محمدی فاتیح و چ پاش ئەویش پاك و ئیسلامیانە پەروەردە بووبوون پەروەردەیەك تێکەڵ بە باوەڕێکی قووڵ کە ئاڕاستە کرابوون بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی بیروباوەڕی ڕاشکاو، کە لە پێناو ئەو ئامانجانەدا چەندین جەنگی توندی ئایینی یان ئەنجام دا. جوانترین دەستەواژەی سەر زمانی عوسمانیەکان لەکاتی هەڵمەت بردن و جیهاددا ئەوە بوو: (أما غاز أو شهيد) واتا: یان جەنگاوەری یان شەهیدی. ئەوەبوو لە سەرەتای دامەزراندنیدا نازناوی (غازی) نرا لە سەرکردەکەیان کە بەواتای (موجاهیدی ڕێی خوا) دێت، ئەو نازناوە بەردەوام لە پێش هەموو نازناوەکانی ترەوە بوو لەلای سوڵتانە گەورەکان. ئامانجی دەوڵەتی

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ١/ ٢٩، ٣٠ .

عوسمانیش بریتی بوو لە: (بەرگریکردن لە ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئالاّی بەسەر هەموو خەڵکدا).

بۆیــە دەوڵــەت وەك گــەل و ســوڵتان وەك حکومــەت و ســوپاو وەك ڕۆشــنبیری و یاســای دەوڵــەت و وەك بەرنامــەو ویــژدانی خەڵکەکــەوەك ئامــانج و پــەیامیان هەمووی پێکەوە بەڕەنگێکی ئیسلامی بێگەرد هەر لەسەرەتاوە و بەدرێژی حەوت ســەدە ڕەنــگ کرابــوون. بەڕاســتی گرنگیــدانی ســوڵتانەکان بــە بــواری ئــایین زۆر گــەورەبوو و پــێش هــەموو شــتێکیان دەخســت و لەســەری ئەڕۆیــشت تائــەو پــەڕی سنوور، دوپاتیشیان دەکردەوە کــە ئــەوان ئیمانیــان تــەنها بــۆ ئیــسلام و کەلــەپورو ژیــاری ئیــسلام دەگەڕێتــەوە. نیــشتمانیش لــەلایان هــەموو زەویــەك بــوو کــە موســوڵمانانی تێــدا نیــشتەجێ بێــت ، ووشــەی میللــەتیش لایــان واتــای هــەموو ئوممەت و ئاییني دەدا پێکەوە ، ئەو ئامانجەی بەرنامەی پەروەردەیی هەیبوو لـە هەموو خوێندنگەو زانکۆو پەیمانگەکاندا کە دەرونـە تـازە پێگەیـشتووەکانی هـەر لەسـەرەتای فێرکردنیانـەوە لـە نوسـینەکاندا پـێ ڕەنـگ دەکـرد هـەر ئیـسلام بـوو، هــەموو موســوڵمانان لــە دەزگاکــانی بــاری تاکــە کەســیدا تۆمــار دەکــران و لــە شوناسنامە عوسمانیەکانیشدا وەك پسوڵەی پێناسی تەنیا ناسنامە ئیسلامە کە ئەنوسرا. بێ ئەوەی لەگەڵ ئەمەدا باسی ئەو لایەنە نەتەوەییەکە بکرێت کە تورکە یان عەرەبە یان شەرکەسیە یان ئەلبانە یان کوردە. ئەوەی لای دەوڵەت گرنگ بوو و لە میللـەت و ئایینیانـدا ببـووە جێ مەبەسـت ئـەوەبوو کـە موسـوڵمانن و بـەس. عوسمانیــەکان هــەموو جــەنگاوەرێکی موســوڵمان کــە لــە پێنــاو خــوادا جــەنگی بکردایــە بــە کەلــەپوری پاڵــەوانێتی و خەلیفــەی مێــژوویی خۆیــان دەزانــی، بــا ڕەگەزەکانیش جیاواز بوونایەو سەردەمەکانیش لێك دوور بوونایە .

لەوانـە: (عبـدالله البطـال) ی موجاهیـد کـە لـە جـەنگی ئـەگرتیون دا لـە ئاسـیای بچوك لـە سـاڵی ۱۲۳ك لەسـەردەمی دەوڵـەتی ئومەویـشدا شـەهید بـوو، کـە طبري کاتێـك بـاس لـە ڕووداوەکـانی سـاڵی ۱۲۳ وە ئـەکات و دەڵێـت: تیایـدا (عبـدالله

البطال) لەگەڵ کۆمەڵێکی موسوڵماندا لە خاکی ڕۆمدا کوژرا[1]. عوسمانیەکان بە پاڵەوانی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن لە کاتێکدا (عبدالله البطال) عەرەب بووەو دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی نزیك بە ٧٠٠ ساڵ دوای ئەوە بوو، بەڕاستی مێژووی عوسمانیەکان و پاڵەوانە عوسمانیەکان بریتی بوو لە ڕەگەز و ڕەچەی ئیسلام و مێژوو و موجاهیدانی ئیسلام[2].

سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەزۆر نازناو ناوزەد دەکران کە دەردەکەوێت ئامانجی گەورەو مەبەستی سەرەکیان خزمەتی ئایینی خوابووە .وەك نازناوی : سوڵتانی (غەزاکەرەکان) و (موجاهیدەکان)، (خزمەت گوزاری دوو حەرەمە پیرۆز)ەکە، خەلیفەی موسوڵمانان[3].

٥. ئەو کەسانە بەکار مەهێنە کە گرنگی بەبواری ئایین نادەن و لە تاوانە گەورەکان دوور ناکەونەوەو لە خراپەکاریدا ڕۆچوون: سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی گرنگی زۆریان ئەدا بە دامەزراندنی زانکۆگەلێك بۆ دەرچواندنی کۆمەڵێك سەرکردە بۆ سوپاو ئەرکە گرنگەکانی دەوڵەت ، بەرنامەیەکی پەروەردەییشیان بۆ ئامادە سازی سەرکردەکان و بەتایبەت لە نێو سوپادا دانا . سوربوون لەسەر ئەوەی کە کەسە دەستپاك و لێهاتوو و خاوەن عەقڵ و ژیری و لە خواترسی هەڵبژێرن بۆ ئەو پلەو پایەیەکانی دەوڵەت و لە پاشاندا ئەوە بوو کە هەرێمەکان و سەرکردایەتیەکانی نێو سوپاو پایەکانی دادوەریان دایە دەست ئەوانە. هەرچی شتێکیش کە گرنگی بە کاروباری ئایین نەدایە لێی دوور ئەکەوتنەوە هەروەها دورکەوتنەوە لە تاوانە گەورەکان و داوێن پیسی و خراپەکاری. سوڵتانە پێشووەکانیش هەروابوون.

---

[1] تأريخ الطبري : بەشی دووەم ڕووداوەکانی ساڵی ١٢٢ك .
[2] المسألة الشرقية /٥٧ .
[3] المسألة الشرقية / ٥٧ .

٦. دووركـەوەرەوە لـە ئەوانـەش هانـت دەدەن بـۆ ئـەو بیدعانـە لـە خـۆتی دوور بخـەوە: سـولّتانە پێـشینەكانی عوسمـانی لەسـەر بەرنامـەی ئـەهلی سـوننەت و جەماعـەت دەچـوون و مەترسـی بیدعـە (داهێنـراو) و نزیـك خـستنەوەی ئـەو كەسانەیان دەزانـی.خـۆیان وابەستەی قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) و یەكدەنگی زانایـان و ئیجتیهادە سـەقامگیرو دروستەكانی زانایـان دەكرد .

٧. ڕووبەری وولاّت بە جیهاد كـردن فـراوان بكـە: بەڕاسـتی سـولّتانە پێشینەكانی عوسمـانی هەسـتان بـە فـراوان كردنـی ڕووبـەری وولاّت بـە جیهـاد كـردن ، وە ئاسایـیـشیان بـلاّو كـردەوە و ئـەو مەترسـیانەیان لـە نـاوبرد كـە هەڕەشـەیان لـە دەوڵەتەكـەیان دەكـرد ، كاریـشیان كـرد لەسـەر پتـەوكردنی سـنوورەكان بەچـەند بەربەست و هێزێكی ڕێگر تاكوو دوژمنان لەو سنوورانەوە دزە نەكـەن یـان سنور نەبەزێنن و خوێنی موسوڵنان و پەیماندەران نەڕێژن . سولّتان محمد و ئەوانـەی پێش كاریان كرد لەسـەر ئامـادەكردنی ئوممـەت بە ئامادەسازیەكی جیهادیانـە و هەستان بە ئەركی خۆیان لە جیهادكردنی بێباوەڕە نكۆڵی كەرەكان لـە ئیسلام تـا موسوڵمان بن یاخود بێنە نێو (پـەیمان)ی موسـوڵمانانەوە. كۆمەڵگـەی عوسمـانی بـەڕەنگێكی جیهـادی بانگـەوازی ڕەنـگ كرابـوو ، تاكـەكانی سـوپایش هـەر لەسەرەتای پێگەیشتنیانەوە بە ئامادەسازیەكی وورد وتـەواو ئامـادەی ژیـانێكی توندی جیهاد كرابوون .

بەڕاسـتی سـوپا عوسمانیـەكان چـەندین سـەركەوتنی بـەرز و بڵـندیان لـە مەیدانـە ئەوروپیەكاندا بەدی هێنا [1] .

دەوڵـەتی عوسمـانی تـا سـەردەمی سـولەیمانی قـانونی چـەندین هیـوای بـەرزیان بـەدی هێنـا كـە موسـوڵمانان مـاوەی ٩ سـەدە بـوو كردبوویـان بـەئامانج ،

---

[1] المسألة الشرقية / ٦٠ .

بەبەرزکردنـــەوەی ئـالآی محمـد لەســەر قەلآگـەلێکی پایتەختــە گـەورەکان لــە ئەورووپاوملکەچ کردنی زۆرێك لە دەسەلآت و هەرێمەکان بۆ حکومەتی ئیسلامی و سێبەری ئیـسلام درێـژ دەبوویـەوە تائـەوەی سـوپای موسـوڵمانان خـەریك بـوو ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوای بەتەواوی بگرن و بگەنە زەوی گەورە [1].

لە کۆنگرەی حەوتـەمی وەزیرانـی دەرەوەی دەوڵەتـە ئیسلامیەکان لە ئەستانبول موجاهیدی پرۆفیسۆر ئەندازیار (نجم الدین ئەربەکان) ووتارێکی پێشکەش کرد کـە تیایـدا خوازیـاری گەڕانـەوەی ڕۆڵـی پێـشووی ئیـسلام بـوو کـە دەوڵـەتی عوسمـانی نوێنەرایـەتی دەکـرد . لـە ووتارەکەیـدا ووتـی: (... ئەم کۆشـکەی کە خوا ویستی تیایدا کۆنگرەی گەورەی ئیسلامی تێدا ببەسترێت و ووشـەی (لاإلە إلا الله) لەسەر دەرگاکەی نەخشێنراوە ئەو وشەیەی کە هەموو ئیسلامی تێدا جێ ئەبێتـەوە، ئـەوە کۆشـکی محمـدی فاتیحـە کـە لـە دوای فـەتحکردنی ئەسـتانبول بنیادی نا ئەم شوێنە چۆن مێژووی نەبێ لە کاتێکدا کاروباری جیهانی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی زۆر لێرەوە نەخشەی بۆ دائەنرا؟ چۆن مێژووی نـەبێت لـە کاتێکدا تیایدا سوپاکانی موسوڵمان بەرەو هەموو ناوچەکانی جیهان بەمەبەستی جیهاد کردن لە ڕێی خوادا دەرچوون و ڕووناکی و ڕێنمونی و دادپەروەریان لە هەرکوێ لە بارو لـە چەندە توانرابێت بلآو کردۆتـەوە . چۆن مێژووی نـەبێت لـە کاتێکدا لەســەر ئــەو بــەردەی کــە مایکرۆفۆنەکــەی لەســەر چەسـپاوە ئالآکـانی سـوپا ئیـسلامیەکان لەسـەر دائـەکوترا و هەریەکـەیان بـۆ بـەرگریکردن لـە وولآتـانی موسوڵمانان هەریەکەو لە تۆلێکەوە دەردەچوو، بۆ وێنەش چەند دانەیەکیان باس دەکـەم: لێـرەدا بڕیـاری نـاردنی گەلـە کەشـتی عوسمـانی بۆ بـەرگریکردن درا بـۆ ئـەوەی ئەندەنوسـیاو فلیـپین نەکەونــە ژێــر چـنگی داگیرکـەری هۆڵەندیــەوە،

---

[1] المسألة الشرقية /٦٣ .

هەرلێرەدا چەندان بڕیاری تر درا بە ناردنی سوپاو گەلەکەشتیی عوسمانی بۆ پارێزگاری کردنی باکوری ئەفەریقا لە جەنگاوەرە چاو چنۆکەکان.
لەسەر هەموو ئەمانەوە ئەو بنیادە مێژووییە لە نێوەندی دیوارەکانیدا ئالآی پێغەمبەری گەورەی (صلى الله عليه وسلم) لە خۆگرتبوو لەگەڵ عەبا پیرۆزەکەی و شمشێر و زۆرێك لە شوێنەوارە پیرۆزەکانی)[1].
٨. پاسەوانی ماڵ و دارایی (بيت المال) بکە لەوەی پەرش و بڵاو ببێتەوە: سوڵتانە عوسمانیەکان وایان دەدیت کە: دەوڵەت دەستەیەکی جێبەجێکاری و دەمڕاستی ڕای ئوممەت و ئەرکباری پارێزگاری بەرژەوەندیەکانیەتی. جا بەرپرسیارێتی دەوڵەت تانیا دابینکردنی ئاسایش وپارێزگاری نەبوو، بەڵکوو بەرپرسیار بوو لە چاودێری بەرژەوەندیە کۆمەلآیەتیەکان و پارێزگاری (بيت المال) لە زیادە خەرج کاری و بەفیڕۆدانی، هەروەها پاراستنی سەرچاوەو داهاتەکانی بيت المال.
٩. ووریابە دەستت درێژ نەکەی بۆ ماڵی هیچ کەس لە ژێردەستەکانت مەگەر بەمافی ئیسلام نەبێت: ئەرکی دەوڵەت جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شەریعەتە ، شەریعەتیش بۆ پاراستنی ماڵ و سامانی خەڵك هاتووە کە ڕاگری ژیانیانە ، ئیسلامیش هەموو هۆکارێکی ماڵ بردنی بەبێ ماف شەرعی حەرام کردووە. ئەرکی فەرمانڕەوایش پارێزگاری ماڵ و سامانی ژێر دەستەکانیەتی لە دزی و تالآنکاری، نە دەست ڕاکێشێت بۆ ماڵی خەڵکی و دەستدرێژی بکاتە سەر سامانیان، بەبێ هیچ مافێك.
١٠. خۆراکی بێدەرەتان و پەککەوتەکان دابین بکەو ڕێز لە هەموو ئەوانە بگرە کە شایەنی ئەوەن ڕێزیان لێ بیگرێت: سوڵتانە عوسمانیەکان پێشبڕکێیان دەکرد لە بەخشین بۆ هەژاران و کەمدەستان و ڕێبواران و هەر کەسێك پێویستی

---

[1] المسألة الشرقية / ٦٣،٦٤،٦٥.

بەچاکەو بەخشین بێت ، دەوڵەت لەو بوارەدا هەستا بە چەند کارێکی گەورە، بەڵکو سوڵتان و وەزیرەکان بەشێکی زۆر لە وەقفیان تایبەتکرد بۆ زانستخوازان و هەژارو کەمدەست و بێوەژنان و ...هتد ، وەقف کردنیش پایەیەکی سەرەکیە لە ئابوری دەوڵەتدا . مامۆستا محمد حرب دەڵێت : (... بزوتنەوەی زانستی لە زانکۆکانی ئەستەنبولدا زۆر چالاك بوو... بۆ نمونە صقوللي محمد پاشا داهاتی وەقفی نزیکەی ۲۰۰۰ گوندی چیکۆسلۆفاکیا واتە بەلقان بوو کە پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانی بوون ئەبەخشی بە بزاڤی زانستی لە ئەستەمبۆڵدا! ئەسعەد ئەفەندیش کە دادوەری سەربازی ڕوملی دوو وەقفی گەورەی تایبەت کرد بۆ ئەو کچۆڵە نەدارانەی کە گەیشتبوونە تەمەنی شووکردن، عوسمانیەکان وەقفگەلێکی گەورەو جۆراوجۆریان هەبووە. نموونەیەکی تر: وەقفگەلێك هەبوون بۆ دابەشکردنی موچەی مانگانە بۆ خێزانە پەککەوتەکان –جگە لە خواردن– چونکە خواردنی بەخۆڕایی وەقفگەلی تری گشتی هەبوو کە بە (عمارات وقفی) ناودەبرا . واتە : وەقفی چێشتخانە خێریەکان . ئەو (عمارات) ە خواردنی بەلاشی پێشکەش دەکرد بە بڕی ۲۰۰۰۰ کەس لە هەر ڕۆژێکدا بە خۆڕایی ، ئەمەش لە هەموو هەرێمەکانی تردا هەبوو[1]. چێشتخانەی خەیری لە مزگەوتی سولەیمانیە میزانیەی ساڵی ۱۹۵۸ ی دەگەشیتە ۱۰ ملیون دۆلاری ئەمەریکی تۆزێ کەمتر[2]. سیاسەتی دەوڵەتیش لەسەر ئاستی سوڵتان و ئەمیرو وەزیرەکان خۆراکی پەککەوتەکانی دابین دەکرد و بەتەواوی ڕێزی کەسانی شیاویان دەگرت.

۱۱. لەبەر ئەوەی زانایان بێچکەی هێزی بڵاو بوەوەن لە جەستەی دەوڵەتدا بۆیە پشتیان بگرەو هانیان بدە ،ئەگەر هەواڵی یەکێکیانت زانی لەشارێکی تردایە ئەوا

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٤٤٢ .

[2] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٤٢٢.

بنێره به شوێنیدا و بیهێنه بۆ لای خۆت و بەماڵ و سامان ڕێزی لێ بنێ: سوڵتان محمدی فاتیح هەستا بە ڕێکخستنی ئەرکەکانی زانایان لە زانکۆگەورکاندا، چەند یاسایەکی پێش وەختیشی بۆ دانا و بە نوسراوێکی تایبەتی ئەو یاسایانەی ڕێك خست. گرنگترین پلەکانی مزگەوتە گەورەکان بریتی بوون لە ووتاربێژ، بەرنوێژ، ڕاگر، بانگدەر، کەسانی هەڵبژێردراو بۆ ئەو ئەرکانە هەڵدەستان بە خوێندن لەو خوێندنگە گەورە ئایینیانەی کە سوڵتان و وەزیرەکان بەردەوام کێبڕکێیان دەکرد بۆ دامەزراندن و پێشخستنیان بە کێبڕکێیەکی خانەدانانە.ئەم کاربەدەستە ئایینیانە لە پایتەختدا ڕاستەوخۆ ملکەچ بوون بۆ دەسەلاتی موفتی. لە هەرێمە گەورکانیشدا دادوەری سەربازیی ئەبویە جێگری (موفتی)، لە هەرێمە بچکۆلەکانیشدا ئیمامی مزگەوت هەڵدەستا بە هەموو کارە گرنگە ئایینیەکان بە تایبەت لە لادێکاندا. ئەو خوێندنگایانەی کە کارمەندە ئایینیەکانی پێئەگەیاند سێ چین زانستخوازانی هەبوو کە (سوفتا) نزمترینی بوو لە دوای ئەوە دەستەی (میعد)ەکان بوو کە لە کاتی دەرچووندا نازناوی (دانشمند) یان (زانا)ی لێدەنرا، بەزرترین چین وانە بێژ (مدرس) بوو. ژمارەی (سوفتا) لەسەردەمی سوڵتان موورادی دووەمدا گەیشتە ٩٠هەزار کەس، زۆرجار ئەوانە ڕۆڵیان هەبوو لە کاروباری دەوڵەتدا[١].

١٢. وریابە، وریابە کەماڵ و سامان و سەرباز لە خۆت بایی نەکەن، دەخیلت بم! هەرگیز ئەهلی شەریعەت لە دەرگاکەت دوور نەخەیتەوە، دەخیلت بم! دڵ نەدەیت بە کارێك کە پێصچەوانەی یاساکانی شەریعەت بێت، چونکە ئایین ئامانی ئێمەیەو هیدایەتی خوا بەرنامەمانەو هەر بەوەیش سەرکەوتوو دەبین: سوڵتان محمدی فاتیح هۆشیاری بە خەلیفەی دوای خۆی ئەدات کە ماڵ و سەرباز لە خۆ بایی نەکەن. مەترسی دورخستنەوەی زانایان و فیقه ناسانی لە فەرمانڕەوا بۆ

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية ، د. علي حسون / ٤٠٥ .

ڕوون کردۆتەوە ، هەروەك ووشیاری دەکاتەوە لە وەی پێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەت نەکات چونکە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرگەردانی و چەمەسەری بۆ تاك و ئوممەت لە دونیادا و بەهیلاکدا چوون و سزا لە قیامەتدا ، ئاسەواری خراپی دوورکەوتنەوە لەشەرعی خواو حوکمەکانی لە ژیانی ئوممەتدا لە مەیدانەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوریدا ڕەنگ ئەداتەوە. نهێنی ووزەو تواناو عیزەت و شکۆداری عوسمانیەکان لەگوێڕایەڵی خواو جێبەجێکردنی حوکمەکانی و پابەند بوون بەشەریعەت و جیهادکردن بۆ خوا و بانگەواز بۆ کردنی دا مۆڵی دابوو. بۆیە محمدی فاتیح بەکوڕەکەی دەڵێت: چونکە ئایین ئامانی ئیمەیە هیدایەتی خوا بەرنامەمانەو هەر بەوەیش سەرکەوتوو دەبین).

١٣. کار بۆ ئەوە ئەم دینە بکە بڵند و بەدەسەلات بێت و ئەهلی ئەم دینە بەڕێزو حورمەت گیراو بن: بەڕاستی سەربڵندکردنی ئەم ئایینە و سەقامگیرکردنی لە زەویدا ئانجامگەلێکی باش لە ژیانی ئوممەت و دەوڵەتدا دێنێتەدی . لەو ئەنجامانەیش پوخت کردنەوەی دەرونە لە خراپەو تاوانەکان . و ڕازاندنەوەیەتی بە چاکە، بۆیە سام دروستکردن بۆ ئایین بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی سەربڵند کردنی ئەم ئایینە و ڕێگرێك دەبێت لە بەردەم تاوان و سەرگیری دەرون لەسەری ، لەبەردەم چاویشدا دەبێتە وێنەیەك کە دەروون والێدەکات لە خوا بترسێت بە هەمیشەیی، هەوەك سەربڵندکردنی ئەم ئایینەو سەقامگیرکردنی شەرعی ئیسلام یەکسانی نێوان سەرپەرشتیارو سەرپەرشتیکراودا دێنێتە دی لە ماف و ئەرکەکانداو دادپەوەری لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بۆ هەموو دانیشتوانەکەی بڵاو دەبێتەوە ، هەروەك جێبەجێکردنی شەریعەت هۆی دابەزینی بەرەکەت و یەکبەدوایەکدا هاتنی بەخششەکانە ، چونکە ڕێگەیەکی سەربەخۆ نیە بۆ پاداشتی خێر وەرگرتنەوە لە ڕۆژی دواییداو ڕێگەیەکی تریش هەبێت بۆ بەرژەوەندیەکانی ژیان لە دونیادا. بەڵکو یەك تاکە ڕێگە هەیە کە دونیاو دواڕۆژی

پیٚ چاك دەكریٚت و لە جیٚبەجیٚكردنیدا بەرەكەتی تیٚدایە بۆ دەروون و هەستەكان و خۆشیەكانی ژیان. كە ئەویش ڕیٚگەی دینە هەندیٚ جار بەرەكەت لە شتی كەمدایە ئەگەر چاك سود لیٚببینینی. یەكیٚك لە ئەنجامەكانی خەڵبژاردنی ئیسلام بریتیە لە بنیادنانی كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی كە شانازی بە ئایین و بیرو باوەڕەوە ئەكات بەوەی پابەندە بە ئاكارگەلیٚك كە سەرچاوەكەی قورئان و سوننەتی پیٚغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، ئەم سەرچاوەیە هەموو كەرەستەپیٚویستەكانی تیٚدایە بۆ بنیادنانی تاكی موسوڵمان و كۆمەڵی ئیسلامی و ئوممەت و دەوڵەتی موسوڵمان. هەروەك لە ئەنجامەكانی ئەم پەیڕەوكردنە لە ئیسلامدا ئەوەیە ورە بە مرۆڤ ئەدات و دەرونەكان زیندوو ئەكاتەوە بۆ دەست گرتن بە هۆكارەكانی زانست و ژیارو پیٚشڕەوتی و پیٚشكەوتنەوە كە ئەم شەریعەتە لە بانگەواز بۆ ژیاندا ئەگریٚتە خۆی و هەر ئەم شەریعەتە باس و خواستیٚكی زۆری دەربارەی ژیانی شارستانیٚتی ئەو كۆمەڵگە خراپانە لە خۆگرتووە هەرچی بن و لە هەر كویٚ بن[1].

خەڵك پیٚویستیان بە زانا خواویستەكان هەیە تا ئایینەكەیانیان فیٚر بكەن و دەرونەكانیان لە سەر گویٚڕایەڵی خوا پەروەردە بكەن ، بۆیە پیٚویستە لەسەر سەركردایەتی ئیسلامی كە ڕیٚزیان بگریٚت ، چونكە ئەوانن كە حوكمی خواو پیٚغەمبەرەكەی واژووی (تەفسیر) دەقە شەرعیەكان بۆ خەڵك ڕوون دەكەنەوە بەپیٚی بنەما گشتیەكانی ئیسلام ، خوا دەفەرمویٚت : ﴿ فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون ﴾ النحل: ٤٣.

١٤. وریابە سەروەت و سامانی دەوڵەت لە خۆشخۆری و گاڵتەو گەپدا خەرج مەكە یان زیاد لە ڕیٚژەی پیٚویست لە كارەكە خەرج بكەی، چونكە ماڵ بەفیڕۆدان لە گەورەترین هۆكارەكانی تیاچوونە: ئەم وەسیەتە جیٚگری سوڵتان (ولی

1 تطبيق الشريعة الإسلامية ، الطريقي / ٦٠، ٦١ .

العهد)ی محمدی فاتیح ڕێنموونی دەکات بۆ دادو میانڕەوی لە خەرجکردندا، ئەم وەسیەتەش ئەو تێگەیشتنەیە لە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی کە موسوآمانان بانگ دەکرێن بۆ میانڕەوی. سوڵتان محمد وای دەبینی کە پێویستە فەرمانڕەوا و دەوڵەتەکەی دورەپەرێزی بکەن لە زیادەڕۆییدا چونکە نیگوێیی خواو پێغەمبەری تێدا بەدی دەکرێت.

مردنی محمدی فاتیح و کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات :

لەمانگی ڕەبیعی لە ساڵی ٨٨٦ك -١٤٨١ز . دا سوڵتان محمدی فاتح قوستەنتینیەی بەجێ هێشت بەرەو ئاسیای بچوك کەوتە ڕێ، لە (إسكدار)دا سوپایەکی تری گەورەی ئامادە کردبوو ، سوڵتان محمد پێش دەرچونی لە ئیستانبول توشی ئازارێکی تەندروستی بوو بەلاّم بەهۆی خۆشەویستی زۆری بۆ جیهاد کردن و شەیدایی بەردەوامی بۆ جەنگ و غەزا ، گرنگی پێنەدا، بە سوپاکەیەوە دەرچوو کە خۆی سەرکردایەتی ئەکرد ، عادەتی وابوو کە لە تێوەگلانی نێو گەرمەی جەنگەکاندا شیفاو چارەسەری دەبینی بۆ ئەو نەخۆشیانەی . بەلاّم ئەمجارە نەخۆشیەکەی لە سەری توند بوو ، و لەدوای گەیشتنی بە (إسكدار) نەخۆشیەکەی تەواو قورس بوو لەسەری ، داوای لە پزیشکەکانی کرد بۆ چارەسەر، بەلاّم کار لە کار ترازابوو ، نەچارەسەرو نەدەرمان سودی نەبوو ، سوڵتان محمد لە نێو سوپا بێ شومارەید لە ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی ربیع الأول ی ٨٨٦ك -٣ی مایۆی ١٤٨١ز دا وەفاتی کرد ، کەلەتەمەتی ٥٢ساڵیدا بوو پاش ئەوەی سی و شتێ ساڵ حوکمی کرد [1].پاش ئەوەی هەواڵی مردنی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بلاّو بوویەوە ، شڵەژانێکی کوت و پڕ ڕویدا کە مەسیحیەت و ئیسلامی هەژاند ، مەسیحیەکان لەنێو خۆشی و

---

1 محمد الفاتح / ٣٧٢ .

دڵخۆشبوون و مزگێنیدا ڕۆچوون و لە ڕۆدس هەستان بە ئەنجامدانی نوێژی سوپاس بە ڕزگاربوونیان لەو دوژمنە ترسێنەرە [1].

سوپاکانی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتنە باشوری ئیتاليا بۆ ئازادکردنی هەموو ئیتالیا و نوساندنی بە دەوڵەتی عوسمانیەوە ، کە هەواڵی مردنی محمدیان پێگەیشت ، پەژارەیەکی توند و خەفەتێکی قوڵ سەربازەکانی داگرت و عوسمانیەکان ناچار بوون بچنە نێو چەند دانوستانێکەوە(مفاوضات) لەگەڵ پاشای (ناپۆلی) دا تا بەدڵنیابوون لە ژیان و کەلو پەل و چەکیان وەپاشەکشەبکەن ، ڕێکەوتن لەسەر ئەوە کرا . بەلام مەسیحیەکان بەرامبەر بەو پەیمانەیان وەفایان نەبوو و هەندێ لە سەربازە بەجێماوەکانیان گرتن و بەئاسن کەلەبچەیان کردن و بەستنیانەوە [2]. کاتێك هەواڵی مردنی سوڵتان گەیشت بە ڕۆما ، پاپا دڵخۆش بوو و فەرمانی کردنەوەی کەنیسەکانی داو تیایدا نوێژ و ئاهەنگەکان بەرپاکران و جموجوڵە گشتیەکان کۆڵان و ڕێگاکانی داگرتبویەوە کە سرودەکانی سەرکەوتن و خۆشیان دەوتەوەو تۆپیان ئەتەقاند بە ئاسماندا ، ئەو ئاهەنگ و میهرەجانانە لە ڕۆمادا بە درێژایی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو ، بەڕاستی مەسیحیەت بە مردنی محمدی فاتیح لە گەورەترین مەترسیەك ڕزگاری بوو کە هەڕەشەی لێدەکرد [3]. کەس شتێکی لەو لایەنە نەدەزانی کە محمدی فاتیح بەم سوپایەوە بە نیازی کوێ بوو، گومانەکانی خەڵك لەمەدا بۆ چەندین لادەچوو ، ئایا مەبەستی ئەوە بوو بچێت و ڕۆدس بکات ئەو دورگەیەی کە ڕێگرە لەبەر دەم مەسیح پاشادا کە یەکێکە سەرکردەکانی ئەم ؟ یان بۆ لای بە سوپا سەرکەوتووەکەی ئەڕوات لە باکوری ئیتالیادا تا یەك بگرنەوە، و دواتر بکشێن بۆ

---

[1] محمد الفاتح / ٣٧٣ .

[2] محمد الفاتح / ٣٧٣ .

[3] محمد الفاتح / ٣٧٤ .

ڕۆما و باکوری ئیتالیا و فەرەنسا و ئیسپانیا ؟ [١] ئەوە نهێنیەك بوو کە محمدی فاتیح لە دڵی خۆیدا پێچابوویەوە و کەس پەی پێنەدەبرد ، پاشان لە دوای ئەوە مەرگیش ئەم نهێنیەی پێچایەوە. بەڕاستی محمدی فاتح عادەتی (خوی) وابوو کە پارێزکاری بکات لەو جێگەیەی بۆی ئەڕوات و بەتەواوەتی بیشارێتەوە و دوژمنەکانی لە بێئاگایی و سەرسوڕمانی کارەکەیاندا بهێڵێتەوە و هیچکامیان نەزانن کەکەی گورزی داهاتوویان تێ ئەسرەوێنێ. پاشان ئەو تەواو شاردنەوەیە هەنگاوی کتوپڕی بەپەلەی بەدوادا دەهات ، بەمە بوارێکی بۆ دوژمنەکەی نەدەهێشتەوە تا خۆسازدان و ئامادەسازی بکات. جارێکیان یەك لە (قاضي)ەکانی پرسیاری لێکرد : بەم هەموو سوپاوە نیازت کوێیە ؟ فاتیح وەڵامی دایەوە : ئەگەر تاڵێك لە ڕیشم بەوە بزانێت ئەوا هەڵی دەکێشم و ئەیخەمە نێو ئاگرەوە ..) [٢] .

لە ئامانجەکانی فاتیح ئەوەبوو کە هەستێت بە بزاڤی فتوحاتی ئیسلامی لە باشوری ئیتالیاوە بۆ ئەو پەڕەکەی لە باکورەوە ، و بەردەوام بێت لەم فتوحانەدا تا فەرەنسا و ئیسپانیا و ئەو دەوڵەت و گەلانەی لەوێشدا هەن هەموویان ئازاد بکات.

بەڕاستی موسوڵمانان لە جیهانی ئیسلامیدا بەمردنی سوڵتان محمد کاریگەر بوون زۆر خەفەتیان پێ خوارد و موسوڵمانان لە هەموو لایەکەوە بۆی گریان کە سەرکەوتنەکانی سەسامی کردبوون و ژیانی موجاهیدە یەکەمەکانی لە پێشینەی ساڵحی ئەم ئوممەتە بۆ گەڕاندنەوە [٣] .

---

[1] محمد الفاتح / ٣٧٣ .

[2] محمد الفاتح / ٢٦٠ .

[3] السلطان محمد الفاتح / ١٦٨ .

عبدالحی کوڕی عماد الحنبلی لە مردووەکانی لە ساڵی ٨٨٦ك دا لە مەڕ مردنیەوە دەڵێت: (... لە گەورەترین سوڵتانەکانی نەوەی عوسمان بوو ، پاشایەکی بەرزو بەڕێز و هەڵکەوتەو گەورەو شکۆدار بوو . لە هەموو پاشاکان زیاتر جیهادی دەکرد و لەپێشڕەوی و ئیجتیهاددا لە هەموویان بەهێزتربوو ، لە هەمووشیان دامەزراوتر بوو لەڕووی ئازایەتی و هەڵەت بردندا. لەهەموویان زیاتر پشتی بەخوا دەبەست و دەیکردە وەکیلی خۆی ، ئەوبوو دەسەڵاتی نەوەی عوسمانی دامەزراند ، و چەند یاسایەکی بۆ دانان کەوەك ملوانکە کردیە ملی سەردەمەکانی دوای خۆشی. چەند هەڵوێست و جوامێریەکی جوان وتایبەتمەندی بەرز و بڵندی شکۆدارو شوێنەواری بە جێماوی لە نێو لاپەڕەکانی شەوو ڕۆژەکاندا هەیە ، لەگەڵ چەند ئاسەواری بەجێماو کە بەهاتن و ڕۆیشتنی ساڵەکان نایسڕێتەوە و چەندین داستانی قارەمانێتی هەیە کە پشتی خاچپەرست و بت پەرستانی تێدا شکاندووە، لە گەورەترینی ئەو داستانانە: فەتحی گەورەی (قوستەنتینیە)یە ، کە تونای بە ناو دەریاو بەناو وشکانیدا گەلە کەشتیەك بەرێتە شارەکە بە سەربازو پاڵەوانەکانیەوە هێرشیان بردە سەر شارەکە و بە ئەسپ و پیاوەکانیانەوە پێشڕەویان دەکرد . توندترین ئابلۆقەی بۆ ماوەی ٥٠ ڕۆژ خستە سەری و گوشاری برد بۆ ئەو بێباوەڕە لادەرانەی کە تیایدا بوون ، شمشێری هەڵکێشراوی خوای لە ڕوودا دەرهێنان و قەڵغانی پتەوی خوایی بەکارهێناو دای لە دەرگای سەرکەوتن و بە سواری ئەسپی ئارامگرتنەوە و لە دەرگای داو چووە ژوورێ و تا خوای گەورە هات بەهانایانەوە و دەرووی لێ کردنەوە لە ڕۆژی (٥١)ەمی ئابلۆقەدانەکەیدا ئەستامبولی فەتح کرد کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی جمادی الآخرە ساڵی ٨٥٧ بوو ، لە ناو گەورەترین کەنیسەکانی مەسیحیدا نوێژی هەینی کرد کە کەنیسەی (ئایاسوفیا)بوو کە گومەزیەکی هەبوو و بەگومەزی ئاسمان دەناسراو تیایدا شێوازی پتەوکاری

گومـــەزی هەرەمـــەکانی دوبـــارە دەکـــردەوە و پریـــشکی گـــەورەیی دەدایـــەوەو هەرەمەکانیش پێی نەدەگەیشتن .

لەئەستانبول بناغەیـەکی ڕیشەداری بۆ زانست دانا کە ترسـی ئـەوەی لێ نـەکرێ خۆری ئاوابێت، چەند خوێندنگەیەکی دامەزراند لە شێوەی حەوزێکی گەورەدا وەك (جفان) کە هەشت دەرگای هەبوو ئاسان لێوەی ئەڕۆیشتیتە ژووری، چەند یاسـایەکی دانـا بـۆ ئـەو قوتابخانانەکـە گونجـاو بـوو لەگـەڵ (شـەرع) لەگـەڵ (عەقڵیشدا) چونکە کارێکی وای کرد خوای گەورە لە جیاتی ئەو زانستخوازانە پاداشـتی بداتـەوە و دەسـتمایەو پاداشـتی گـەورەی پێبەخـشێت، زانـستخوازان تووشی هەژاری و کەمدەستی نـەبن لـە ڕۆژانـی خوێنـدندا و ئەو هاوکاریانـەی بۆ قوتابیان ئاهی هێنایەوە بە بەریاندا و لە دوای ئەوەیش چەند قۆنـاغێکی دانا کە پلە پلە بۆی سەردەکەوتن و بۆ بەدیهێنان و پێگەیشتنی هەنگاویان ئەنا تا بگەنـە کامـەرانی لـە دونیـا و بیکەنـە هۆکـاری پەیوەنـدی بـۆ کامـەرانی ڕۆژی دوایـیش ، هەروەها زانـا گـەورەکانی لەوپەڕی شارەکانەوە ڕادەکێشا و بەخشـشی بەسـەردا دەڕژانـدن و چـاکەی زۆری لەگەڵیانـدا دەکـرد، وەك (مـەولانا عـەلی قوشـجی) و (طوسي) و (گۆرانی) و زانایانی تـری ئیـسلام و پیـاو مـاقوڵانی نێـو خـەڵك ، بەمـە ئەسـتانبوڵ بۆیـان بـوو بـەدایکی جیهـان و کـانی شـانازی و سـەربەرزی . ئـەهلی کەماڵی لە هەموو هونـەرو بەشەکان تیایـدا کۆ بویـەوە. تائێستاش زاناکانی ئەو شـارە گـەورەترین زاناکـانی ئیـسلامن ، پیشەگەرەکانیـشی تایبەتمەنـدترین هەڵکوتـەی نێـو خـەڵکین ، سەرپەرشـتیارانی دەوڵەتەکەیـشی خـاوەنی کامـەرانی بێوێنە بوون ، ئەم پیاوە پیرۆز کۆچکردووە زنجیرەیەك منەت و سەروەری هەیە لە گەردنی موسوڵماناندا بەگشتی و زانا بەڕێزەکان بە تایبـەتی کـە نایەتـە ژمـارە[1].

---

[1] شذرات الذهب : ٧/ ٣٤٥ .

ڕەحمەت و لێبودن و ڕەزامەندی خوا بڕژێ بەسەر سوڵتان محمدی فاتیحدا و باسی لە نێو چاکسازاندا نەمر و شکۆدار بێت .

بەشی چوارەم

سوڵتانە بەهێزەکانی دوای محمدی فاتح

باسی یەکەم : سوڵتان بایەزیدی دووەم

پاش مردنی سوڵتان محمدی فاتح ، بایەزیدی دووەمی کوڕی (٨٨٦-٩١٨ك) لە وولاتدا دەسەلاتی گرتەدەست . بایەزید سوڵتانێکی نەرمونیان بوو ، بەخۆشویستنی ئەدەب پێگەشتبوو . لە زانستی شەریعەتی ئیسلامدا شارەزابوو ، هۆگری زانستی فەلەك بوو ، لە چاککردنی تۆڕی ڕێگەو پردەکاندا بۆ پێکەوە بەستنەوەی هەرێمەکان بەیەکترەوە ، پشتی دەبەست بە تەکنیککارە شارەزاکانی یۆنانی و بولغاری [1] .

یەکەم : ململانێ لەگەڵ براکەیدا لەسەر دەسەلات :

میر(جەم) کاتێك هەواڵی مردنی باوکی پێگەیشت ، ئەو کات ئەو لە بروسە دادەنیشت ، توانی وەك هەر سوڵتانێکی دەوڵەتی عوسمانی ،متمانەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەدەست بهێنێت کە لە ژێر دەسەلاتیدابوون ، پاش ئەوەی لە (بروسە) و دەوروبەریدا کاروباری کەوتە دەست ، ناردی بەدوای بایەزیدی برایدا تا داوای گرێبەستی ئاشتی لێ بکات و پێشنیاری ئەوەشی کرد کە ئەو دەست لە دەسەلات هەڵبگرێ بۆ ئەم، سوڵتان بایەزیدیش بەرپەرچی ئەوەی دایەوە ، چونکە باوکی وەسیەتی دەسەلات گرتنەدەستی لە دوای خۆی بۆ ئەم کردبوو ، بەلام میر (جەم) بەوە قەناعەتی نەکرد ، بۆیە جارێکی تر پێشنیاری بۆ بایەزیدی برای کرد کە دەوڵەتی عوسمانی بکەنە دووبەش ، بەشی ئەوروپی بۆ بایەزید ، و بەشی ئاسیای بۆ ئەو ، بەلام دووبارە بایەزید هەر

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٥٠ .

له بنەڕەتەوە بیرۆکەی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بەرپەرچ دایەوە ، چونکە دواتر ئەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو دەوڵەتەی کە پێشینان لە پێناو بنیادنان و یەکخستنیدا چەندین شەونخونیان کێشاوە ،لەسەر ئەوە سوربوو کە دەوڵەت بە یەکگرتوویی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە ، بۆیە سوپایەکی گەورەی سازداو بەرێی خست بۆ (بروسە)و هێرشی کردەسەری (جەم) هەڵات بۆلای (قابتای) سوڵتانی مەمالیکەکان لەمیسر [١] . ئەویش بەخێرهاتنی کردو ڕێزی لێگرت و بە هەموو جۆرە پێویستیەکی ماڵ و سامان یارمەتی دا تا لەگەڵ خێزانەکەیدا سەفەر بکات بۆ حیجاز بەمەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج .

پاش ئەوەی کە لە خاکەپیرۆزەکان گەڕایەوە بۆ میسر ، سوڵتان بایەزید نوێنەری نارد بۆلای و پێی ووت : (تۆ کە ئەمڕۆ لە حەجدا گەڕاویتەتەوەهەستاویت بە پێویستیە ئایینیەکانت ، دەی ئیتر بۆچی هەوڵی شتە دنیایەکان دەدەیت ! ؟ خۆت ئەزانی کە دەسەڵات بەفەرمانی خوا بەشی منە*، ئیدی بۆچی ڕێگری لە خواستی خوا دەکەیت ؟) ئەویش بەم قسەیە وەڵامی دایەوە : ئایا ئەوە دادپەروەریە کە تۆ لەسەر بێشکەی حەسانەوەو خۆشگوزەرانی ڕاکشێیت و ڕۆژەکانت بەئاسودەیی و چێژەوە بەریتەسەر ، منیش بێبەش بم لەو چێژو حەسانەوەیە و سەرم لەسەر دڕك دابنێم ؟ [٢]

دوای ئەمە (جەم) هەستا بە پەیوەندی کردن بەگەورە شوێنکەوتوەکانیەوە لە (ئەنادۆڵ)دا و دژ بە بایەزید هانی دان و لەگەڵ شوێنکەوتوەکانیدا پێشڕەوی کرد تا تەختی خیلافەت داگیر بکات، بەڵام نشوستی هێنا و جارێکی تریش هەوڵی دایەوە ،بەڵام دیسان نوشوستیەکیتریشی بەسەردا هات.

---

[1] قیام الدولة العثمانیة / ٥٧ .

[2] تأریخ سلاطین آل عثمان ، یوسف آساف / ٦٣– ٦٥ .

(جەم) پەنای برد بۆ (ڕۆدس) کە سوارەکانی (قدیس یوحەننای) تێدا بوون و لەگەڵ سەرۆکی سوارەکاندا گرێبەستێکی بەستا بەلام لەژێرفشاری بایەزیدداگرێبەستەکەی هەڵوەشانەوە ، (جەم) لە دورگەی ڕۆدسدا بەدیل گیرا ، سوارەکانی (قدیس یوحەننا) بەم بارمتە گرینگە چەند ئیمتیازێکیان جارێك لە بایەزیدی دووەم و جارێکیش لە هەوادارانی (جەم) لە قاهیرەدا بەدەست هێنا ، پاش ئەوەی ماڵ و سامانێکی زۆریان بەدەست کەوت هاتن ئەم بارمتەیان فرۆشت بە پاپا (أنوستی هەشتەم)، کاتێك کە ئەو پاپایە مرد ، لە دوای خۆی (جەم)ی بەجێ هێشت بۆ ئەسکەندەری شەشەم ، بەڵام ئەسکەندەر زۆر (جەم)ی ڕانەگرت و کوشتی، لە مەشدا بایەزیدی دووەمی تۆمەتبار کرد کە ڕزگاری بوو بوو لەمەترسی براکەی[1].

دووەم : هەڵوێستی سوڵتان بایەزید لەگەڵ مەمالیکدا :

سنوری شامدا چەندین شەڕ لە نێوان عوسمانی و مەمالیکەکاندا ڕوویدا ، هەرچەندە ئەمە نەگەیشتە ئاستی هەڕەشەی ڕوودانی جەنگێکی هەمەلایەنە لە نێوانیاندا ، هەرچەندە بووە هۆی ئەوەی بێ متمانەیی باڵ بکێشێ بەسەر هەردوو لادا ئەمە وایکرد گفتوگۆی ئاشتی لەساڵی ١٤٩١ ز دا سەر هەڵبدات لە نێوانیاندا،هەرچەندە (قیبتای) سوڵتانی مەمالیکەکان چەند ترسێکی لێ نیشت لە ئەگەری بەرپابوونی جەنگێکی فراوانی نێوان ئەو و دەوڵەتی عوسمانیدا .

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٤٩، ٥٠ .

* مەبەستی بایەزید ئەوەیە کە وەك بڕیاری یاسای شەریعەت: هەر کەس موسوڵمانان هەڵیان بژاردو کردیانە خەلیفە و بەیعەتیان پێدا ئەوە ئیتر خواش بەوە ڕازیە، ئیمامی عەلی ئەفەرموویێت:(فان اجتمعوا على رجل وسموه اماما كان ذلك لله رضى) واتا: کە موسوڵمانان ڕێککەوتن لەسەر کەسێك و ناویان نا ئیمام (خەلیفە) ئەوە خواش بەوە ڕازییە.(وەرگێڕ:ن).

ئیدی بەهۆی هەستکردنی بەو هێزە بێت کە عوسمانیەکان هەیانبوو ، یان بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەشێکی گەورەی هێزەکانی خۆی بێت لە بەرەنگاری پورتوگالیەکاندا .بەڵام سوڵتانی عوسمانی بایەزیدی دووەم ئەو مەترسیانەی ڕەواندەوە و هەستا بە ناردنی نوێنەرێك لە لایەن خۆیەوە بۆ لای سوڵتانی مەمالیکەکان لە ساڵی ١٤٩١ ز دا کە کلیلی ئەو قەلایانەی پێبوو کە عوسمانیەکان لەسەر سنور دەستیان بەسەردا گرتبوو ، ئەم کارە لە لایەن سوڵتانی مەمالیکیەوە پێشوازی لێکرا ، بۆیە هەستا بەبەردانی دیلە عوسمانیەکان . ئەم سیاسەتە ئاشتیخوازیەی بایەزید ئاماژەیەك بوو بۆ گرێبەستی ئاشتی نێوان عوسمانی و مەمالیکەکان ، کە لەو ساڵەوە -١٤٩١ز- ئەو ئاشتیە تاساڵی ١٥١٢ز بەردەوام بوو کە کۆتایی سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەمە . ئەو ڕووداوەیش مکووڕی سوڵتان بایەزید دوپات دەکاتەوە لەسەر سیاسەتی ئاشتی لەگەڵ موسوڵماناندا [1].

سێیەم : سوڵتان بایەزیدو دیبلۆماسیەتی ڕۆژئاوایی :

بەدرێژایی سەردەمی سوڵتان بایەزید ، ئاڵای جیهاد بەردەوام بەرزو بڵند بوو ، بەمە دوژمنان زانیان کە ناتوانن لە جەنگی نیزامیدا بەرەنگاری هێزە جیهادیەکان ببنەوە تیایدا چاوچنۆکیەکانیان بهێننەدی . بۆیە پەنایان بردە بەر ئاکارێکی تر کە لە ژێر ناوی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکاندا دایانپۆشیبوو ، تا وەك خۆرە ئێسکی ئوممەت بکرۆژن و کۆمەڵگەی ئیسلامی و لە ناوەوە بڕوخێنن . لەسەردەمی سوڵتان بایەزیددا و لەساڵی ٨٩٨ك -١٤٩٢ز ، یەکەم باڵوێزی ڕووسی گەیشتە ئەستانبوڵ .

بەڕاستی گەیشتنی باڵوێزی ڕووسی لە ساڵی ١٤٩٢ز لەسەردەمی دوق موسکو (إیڤان) کە بەدوایدا پتەوی و جێگیری و چەندین ئیمتیازی بەخشی بە دۆق

---

[1] قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين / ٦٦.

موسکو و کەسانی تری کە دەرگای لەبەردەم دوژمنانی ئوممەتی ئیسلامیدا کردەوە بۆ دەرخستنی کەم و کورتی و ناسینی خاڵە بێهێزەکانی و کارکردن بۆ گەندەڵکردن و پیلانگێڕان لە دژی و بێهێزکردنی دەسەڵاتی بیروباوەڕ لە دەرونی نەوەکانیدا .

هەر لەسەردەمی بایەزیدی دووەمدا لە ٨٨٦ ك دا دوق موسکو ئیڤانی سێیەم توانی میرنشینی موسکو لە دەستی موسوڵمانە عوسمانیەکان بسەنێتەوە ، لەسەر حیسابی هەرێمە ئیسلامیەکان دەستی کردە فراوانخوازی[1] . ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سوڵتان بایەزید هەڵوێستێکی لاوازی لەبەردەم ئەم بارودۆخانەدا بە خەرج دابێت بەڵکو مەسەلەکە ئەوە بوو کە دەوڵەت بە هەڵ و مەرجێکی نالەباردا ئەڕۆییشت و لە شەڕێکی گەورەدابوو لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا لە نیمچە دورگەی ئەنادۆڵ و هەموو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا و بەوانەشەوە سەرقاڵ بوو[2] .

چوارەم: وەستانی لەگەڵ موسوڵمانانی ئەندەلوسدا :

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمە نوێکاندا ، ڕووداوەکان لە نیمچە (دورگەی ئیبریە)دا گەشەیان سەند ، ئیدی تەنیا کاری ئیسپانیا بوو بە یەکخستنی خاکەکانی و داڕنینی ئەو شوێنانەی تر کە هێشتا موسوڵمانەکانی تیایدا مابوون ، بەتایبەت دوای هاوسەرگیری (ئیزابیلای) شاژنی (قشتاڵە) لەگەڵ (فردیناندی) پاشای (ئارگۆن) دا کە کەوتە ژێر یەك دەسەڵاتەوە ، ئیدی میرنشینە یەکگرتووەکانی ئیسپانیای تۆزێك پێش ڕووخانی (غەرناتە) کەوتنە پاکتاوکردنی بوونی ئیسلامی لە هەموو ئیسپانیادا بۆ ئەوەی لەوەو دوا خۆیان یەکلا بکەنەوە و

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٤٩-٥٠ .

[2] الدولة العثمانية –د. جمال عبدالهادي / ٥٠ .

گرنگیان بخەنە سەر تاکە میرنشینی ئیسلامی کە غەرناتەیە ئەو میرنشینەی کە هێمایەك بوو بۆ مەملەکەتی ئیسلامی ئەو کاتە[1].

ئیسپانیا توندترین و نارەترین ڕێوڕەسمی سەپاند بەسەر موسوڵمانەکاندا بۆ ئەوەی موسوڵمانان بکەنە مەسیحی و پەتی خنکان تەند بکەن لە ملی موسوڵمانەکاندا تا لە نیمچە دورگەی ئیبریە کۆچیان پێ بکەن.

لە ئەنجامی ئەمەدا موسوڵمانە (مورسکیەکان) پەنایان بردە بەر چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین لە زۆرینەی شارە ئیسپانیەکان و ئەو شوێنانەی کەکەمینەی موسوڵمانانی تێدا بوون ، بەتایبەت (غەرناتە)و (بلنسیە)، ئەو شۆڕشانەیش بەبێ هیچ سۆزو ڕەحمێك سەرکوت کران لەلایەن ئەو دەسەڵاتە ئیسپانیانەوە کە وەك هۆکارێك بۆ قوڵکردنەوەی بێزاری و کینەی دژ بە موسوڵمانان بەکار دەهێنران .

لە لایەکی ترەوە سروشتی و ئاسایی بوو کە ئەو موسوڵمانە مورسکیەکان وەك ڕزگارکەرێك بڕواننە پاشایانی موسوڵمانانی لە ڕۆژهەلات و لە ڕۆژئاوادا. چەند جار نوێنەر و نامەیان بۆ ناردن تا کاربکەن بۆ ڕزگار کردنیان لەو ستەمکارانەی کە ئازاریان دەدان بەتایبەت پیاوانی کەنیسەوئەو دەزگا و دیوانانەی دانرابوون بۆ بە دوادا چوون و لێکۆڵینەوە، کە بەردەوام خراپەو گەندەڵیان دەنایەوە و هەموو جۆرەکانی سزاو خۆسەپاندنیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردبوو دەرهەق بە موسلمانان[2].

هەواڵەکانی ئەندەلوس گەیشتنە ڕۆژهەلات و جیهانی ئیسلامی هەژاند[3].

ئەشرەف پاشا (پاشای موسوڵمانەکان) چەند شاندێکی نارد بۆ لای پاپا و پاشا

---

1 جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ١٢٥ .

2 رسالة من مسلمي غرناطة للسلطان ، سليمان التميمي ، مجلة المغربية ، العدد : ٣ ، س: ٣٨

3 خلاصة تأريخ الأندلس ، شكيب أرسلان / ٢١٣ .

مەسیحیەکان و بەئاگای هێنانەوە کە ئەو مەسیحیانەی لە ژێر چاودێری ئەودان بەئازادی دەیگوزەرێنن ، لە کاتێکدا نەوەکانی ئایینەکەی ئەم لەشارە ئیسپانیەکاندا بە دەست توند ترین جۆرەکانی ستەمەوە دەناڵێنن ، هەروەها هەڕەشەی کارکردنی بە سیاسەتی تەندو تیژی تۆڵە سەندنەوە کرد لە بەرپرسە مەسیحیەکان ئەگەر بێت و پاشای (قشتاڵە) و (ئارگۆن) لەو دوژمنایەتیەو وەدەرنانی موسوڵمانان لە خاکەکانیان دەست هەڵنەگرن هەموو ئەو زەویانەیشیان کە داگیرکرابوون نەگێرنەوە بۆیان، بەڵام پاپا و دووپاشا کاسۆلیکیەکە وەڵامیان بۆ ئەو هەڕەشەیە نەبوو کە لەلایەن ئەشرەف پاشاوە لێیان کرا ، وەبەردەوام نەخشەکانیان جێبەجێ دەکرد لە پاکتاو کردنی بوونی ئیسلامی لە ئەندەلوس دا .

بەردەوامیش نامەی سکاڵا و هانا بردن بۆ سوڵتان بایەزیدی دووەم ئەهات بۆی تا ئەم نامەیەی پێگەیشت: (جەنابی شکۆدار ، خوا کامەرانی بکات و بەرزی بکاتەوەو سنوری هەرێمەکەی درێژتر بکاتەوە و پشتیوانانی سەربخات و دوژمنانی ریسوا بکات . جەنابی گەورەمان پایەی دونیاو ئایینمان ، سوڵتانی پاشای سەرخەری دین و دونیا ، سوڵتانی ئیسلام و موسوڵمانان و سەرکوتکەری دوژمنە بێباوەڕەکانی خوا ، پەناگەی ئیسلام و سەرخەری ئایینی پێغەمبەرمان محمد (صلى الله عليه وسلم) و زیندوکەرەوەی دادپەروەری ، دادگەری ستەملێکراو لەو کەسەی کە ستەمی لێکردووە ، پاشای عەرەب و عەجەم و تورك و دەیلەم ، سایەی خوا لە زەویدا کە هەڵدەستێت بە سوننەت و فەرزەکانی ، پاشای هەردوو ووشکانی و سوڵتانی دوو دەریاکە ، پارێزەری شتە پیرۆزەکانی موسوڵمانان سەرکوتکەری بێباوەڕان ، گەورەو پایەی ژیانمان و فریادڕەسمان کە موڵکەکەی بەردەوام پشتیوانی هەیە و هاوڕێی سەرکەوتنە ، ئەو سوڵتانەی کە شاکارەکان و شوێنەوارەکانی هەمیشە زیندوون وسەروەری و کارە پڕ شانازیەکانی بە ناوبانگە تەنیا ئەو خەریکی ئەو چاکانەیە کە لە ڕۆژی دواییدا

پاداشتی زیادی لەسەر وەردەگرێت، لە دونیایشدا سوپاسگوزاری جوان و ڕێك و سەركەوتنی دەبێت ، بەردەوام خۆسازدانە بەرزو بڵندەكانی بە فەزڵەكانی جیهادەوە تایبەتمەندن ، ڕووتە نەلەڕووی دوژمنانی ئاییندا و خراپەو توندی لە ڕووی دڵانی بەرەبەیان و چاكدا نابێت ، زمانی چەك كە خوازیاری ئەو كۆگایانەن كە لە دونشینگانەدان كە تێیدا چاكەكان وابەستەی جیاخوازی جەستەكانن لە ڕۆحەكان ، شوێنپێ هەڵگری ڕێگای پێشینە براوەكانە لەڕۆژی دواییدا بە ڕەزامەندی و گوێڕایەڵی خوا .[1])

لە نێو نامەكەدا چەند دێڕێكی قەسیدەیەك هەیە كە پیاهەڵدانی خاوەنەكەی بوو بۆ سوڵتان بایەزیدی سێیەمی سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی ، و دوعا ئەكات بۆ بەردەوامی و مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، كە دەڵێ:

سلام كريم دائم متجدد — اخص به مولاي خير خليفة
سلام على مولاي ذي المجد والعلا — ومن البس الكفار ثوب المذلة
سلام على من وسع الله ملكه — وايده بالنصر في كل وجهة
سلام على مولاي من دار ملكه — قسطنطنية اكرم بها مدينة
سلام على من زين الله ملكه — بجند واتراك من اهل الرعاية
سلام عليكم شرف الله قدركم — وزادكم ملكا على كل ملة
سلام على القاضي ومن كان مثله — من العلماء الاكرمين الاجلة
سلام على اهل الديانة والتقى — ومن كان ذا رأي من اهل المشورة

پاشان قەسیدەكە باسی ئەو بارودۆخەی دەكات كە موسوڵمانانی پیرو ئافرەت تێیدا ئەژیان بەرەو ڕووی ئەو ناموس شكێنی ئەبوونەوە و ئایینەكەیان تووشی نارەحەتی ئەبوو، ئەوەتا دەڵێ:

سلام عليكم من عبيد تخلفوا — باندلس بالغرب في ارض غربة
احاط بهم بحر من الردم زاخر — وبحر عميق ذو ظلام ولجة
سلام عليكم من عبيد اصابهم — مصاب عظيم يا لها من مصيبة
سلام عليكم من شيوخ تمزقت — شيوخهم بالنتف من بعد عزة
سلام عليكم من وجوه تكشفت — على جملة الاعلاج من بعد سترة
سلام عليكم من بنات عوائق — يسوقهم اللباط قهرا لخلوة

---

[1] أزهار الرياض في اخبار الرياض/التلمساني(١/١٠٨,١٠٩).

سلام عليكم من عجائز اكرهت　　على اكل خنزير ولحم جيفة

دوای ئـەو وەسـفە قەسـیدەکە ڕێڕەوێکـی تـر دەگرێتـەخۆ بـەوەی هەسـتی موسوڵمانان بەرامبەر بە دەوڵـەتی عوسمـانی ڕوون دەکاتـەوە و سکاڵا پێشکەش بە سوڵتان دەکات و دەڵێ:

نقبل نحن الكل ارض بساطكم　　وندعو لكم بالخير في كل ساعة
ادام الاله ملككم وحياتكم　　وعافاكم من كل سوء ومحنة
وايدكم بالنصر والظفر بالعدا　　واسكنكم دار الرضا والكرامة
شكونا لكم مولاي ما قد اصابا　　من الضر والبلوى وعظم الرزية

پاشان قەسیدەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاڤەی چەرمەسەریەکان وئەو گۆڕانانـەی بەسـەر ئاییندا هاتووە و هەندێ لەو بابەتانە دەڵێ:

غدرنا ونصرنا وبدل ديننا　　ظلمنا وعوملنا بكل قبيحة
وكنا على دين النبي محمد　　نقاتل عمال الصليب بنية
ونلقى امورا في الجهاد عظيمة　　بقتل واسرثم جوع وقلة
فجائت علينا الروم من كل جانب　　بسيل عظيم جملة بعد جملة
ومالوا علينا كالجراد بجمعهم　　بجد وعزم من خيول وعدة
فكنا بطول الدهر　نلقى جموعهم　　فنقتل فيها فرقة بعد فرقة
وفرسانها تزداد في كل ساعة　　وفرساننا في حال نقص وقلة
فلما ضعفنا خيموا في بلادنا　　ومالوا علينا بلدة بعد بلدة
وجاءوا بانفاض عظام كثيرة　　تهدم اسوار البلاد المنيعة
وشدوا عليها الحصار بقوة　　شهورا واياما بجد وعزمة
فلما تفانت خيلنا ورجالنا　　ولم نر من اخواننا من اغاثة
وقلت لنا الاقوات واشتد حالنا　　احطناهم بالكره خوف الفضيحة
وخوفا على ابنائنا وبناتنا　　من ان يؤسروا او يقتلوا شر قتل
على ان نكون مثل من كان قبلنا　　من الدجن من اهل البلاد القديمة

پاشان قەسیدەکە باس لەوە دەکات لەوەها حاڵەتێکدا پێویستداچی بکرێ،ئەبێت یان ملکەچ بکرێت بۆ ئەو بارودۆخەی پێشوو، یان ئەبێ هـەموو ڕەو بکـەن، جا فریا ئەکەوێت و ئەڵێت:

ونبقى على اذاننا وصلاتنا　　ولانتركن شيئا من امر الشريعة
ومن شاء منا الجر جاز مؤمنا　　بما شاء من مال الى ارض عدوة

الی غير ذلك من شروط كثيرة　　تزيد على الخممسين شرطا بخمسة
فقال لنا سلطانهم وكبيرهم　　لكم ما شرطتم كاملا بالزيادة
فكونوا على اموالكم ودياركم　　كما كنتم من قبل دون اذية

هەرچەندە دووپاشا كاسۆلیكیەكە وەفایان بۆ پەیماننامەكە نەبوو و دەستیان كرد بە ناپاكی لەڕووی موسوڵماناندا قەسیدەكە ئەڵێ:

فلما دخلنا تحت عقل امامهم　　بدا بدرهم فينا بنقص العزيمة
وخان عهودا كان قد غرّنا بها　　ونصرنا كرها بعنف وسطوة
وكل كتاب كان في امر ديننا　　ففي النار القوه بهزءة وحقرة
ولم يتركوا فيها كتابا لمسلم　　ولامصحفا يخلى به للقراءة
ومن صام او صلى يعلم حاله　　ففي النار يلقوه كل حالة
ومن لم يجيء منا لموضع كفرهم　　يعاقبه اللبّاط شر العقوبة
ويلطم خديه ويأخذ ماله　　ويجعله في السجن في سوء حالة
وفي رمضان يفسدون صيامنا　　بأكل وشرب مرة بعد مرة

بەو شێوەیە مەسیحیەت بەردەوام بوو لە ئابڕوو بردن و زەلیل كردنی موسوڵمانان هەر لە دەستخستنەنێو پەرستشی موسوڵمانان تا قسە ووتنیان بە ئیسلام و قەسیدەكە ئەڵێ:

وقد امرونا ان نسب نبينا　　ولا نذكرنه في رخاء وشدة
وقد سمعوا قوما يغنون باسمه　　فادركهم منهم اليم المضرة
وعاقبهم حكامهم وولاتهم　　بضربوتغريم وسجن وذلة
ومن جاءه الموت ولم يحضر الذي　　يذكره لم يدفنوه بحيلة
ويترك في زبل طريحا مجدلا　　كمثل حمار ميّت او بهيمة

، پاش ئەوە پاشا كاثولیكیەكان دەستیان كرد بە تواندنەوەی كۆمەڵگای ئیسلامی ، ئەویش بە گۆڕینی پێناسی ئیسلامی قەسیدەكە ئەڵێ:

وقد بدلت اسمائنا وتحولت　　بغير رضا منا وغير ارادة
فاه على تبديل دين محمد　　بدين كلاب الروم شر البديلة
واه على اسمائنا حين بدلت　　باسماء اعلاج من اهل القيادة
واه على ابنائنا وبناتنا　　يروحون للباط في كل غدوة
يعلمهم كفرا وزورا وفرية　　ولا يقدر ان يمنعوهم بحيلة
واه على تلك المساجد سورت　　مزابل للكفار بعد الطهارة

واه على تلك الصوامع علقت | نواقيسهم فيها نضير الشهادة
واه على تلك البلاد وحسنها | لقد اهدمت بالكفر اعظم ظلمة
وصارت لعباد الصليب معاقلا | وقد امنوا فيها وقوع الاغارة
وصرنا عبيدا لا اسارى فنفتدي | ولا مسلمين منطقهم الشهادة

دواتر قەسیدەکە ئاماژە دەکات بە داخوازی فریاکەوتن لە سوڵتان بۆ فریاکەوتن و ڕزگارکردنیان لەو چەرمەسەریە وەك ئەڵێ:

فلو ابصرت عيناك ما صار حالنا | اليه لجادت للدموع الغزيرة
فياويلنا يا بؤس ما قد اصابنا | من الذل والبلوى وثوب المذلة
سألناك يا مولاي لله ربنا | وبالمصطفى المختار خير البرية
عسى تنظروا فيناوفيما اصابنا | لعل اله العرش يأتي برحمة
فقولك مسموع وامرك نافذ | وما قلت من شيء يكون بسرعة
ودين النصارى اصله تحت حكمكم | ومن ثم يأتيهم الى كل كورة
فبالله يامولاي منوا بفضلكم | علينا برأي او كلام بحجة
فانتم اولوا الافضال والمجد والعلا | وغوث عباد الله في كل افة

،پاشان موسوڵمانەکان داوا لە سوڵتان بایەزید دەکەن تا بکەوێتە نێوان ئەوان و پاپای ڕۆما. چەنکە سەڵتان قورسایی سیاسیی خۆی لای پاپا لە ئەورووپا هەیبوو قەسیدەکە ئەڵێ:

فسل بابهم اعني المقيم برومة | بماذا اجازوا الغدر بعد الامانة
وما لهم مالوا علينا بغدرهم | بغير اذى منا وغير جريمة
وجنسهم المقلوب في حفظ ديننا | واحسن ملوك بوفاء اجلّة
ولم يخرجوا من دينهم وديارهم | ولا نالهم غدر ولا هتك حرمة
ومن يعط عهدا ثم يغدر بعهده | فذلك حرام الفعل في كل ملّة
ولاسيما ان الملوك فانه | قبيح شنيع لا يجوز بوجهة
وقد بلغ المكتوب منكم اليهم | فلم يعلموا منه جميعا بكلمة
وما زادهم اعتداءا وجرئة | علينا واقداما بكل مساءة

، موسوڵمانەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کەوتنە نێوان پاشاکانی میسر لەلای مەسیحیەکان هیچی لە مەسەلەکان نەگۆڕی، بەڵکو کەلەڕەقیی و لاساریانی زیاتر کرد ، و دەڵێن:

وقد بلغت ارسال مصرا اليهم | وما نالهم غدرا ولا هتك حرمة

وقالوا بتلك الرسل عنا باننا رضينا بدين الكفر من غير قهرة
وساقوا عقود الزور ممن اطاعهم وواالله ما نرضى بتلك الشهادة
لقد كذبوا في قولهم وكلامهم علينا بهذا القول اكبر فرية
ولكن خوف القتل والحرق رونا نقول كما قالوه من غير نية
ودين رسول ما زال عندنا وتوحيدنا لله في كل لحظة

، دوای ئەوە موسوڵمانەکان ئەوە بۆ سوڵتان بایەزید ڕوون دەکەنەوە کە لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا ئەوان پابەندن بە ئاییینی ئیسلامەوە ، ئەمەیشیان بەوقسەیان دووپات دەکردەوە کە دەڵێن:

وواالله ما نرضى بتبديل ديننا ولا بالذي قالوا من امر الثلاثة
واين زعموا انا رضينا بدينهم بغير اذى منهم لنا ومساءة
فسل وحرا عنهم كيف اصبحوا اسارى وقتلى تحت ذل ومهنة
وسل بلفيقا عن قضية امرها لقد مزّقوا بالسيف من بعد حسرة
وضيافة بالسيف مزّق اهلها كذا فعلوا ايضا باهل البشرة
واندرش بالنار احرق اهلها بجامعهم صاروا جميعا كفحمة

موسوڵمانەکان بەردەوام داوای یارمەتیان لە دەوڵەتی عوسمانی دووبارە دەکەنەوە و لە دوای پێشکەشکردنی ئەو سکاڵایە کە دەڵێت :

فها نحن يامولاي نشكو اليكم فهذا الذي نلناه من شر فرقة
عسى ديننا يبقى لنا وصلاتنا كما عاهدونا قبل نقل العزيمة
والا فيجلونا جميعا عن ارضهم باموالنا للغرب دار الاحبة
فاجلاؤنا خير لنا من مقامنا على الكفر في عزّ على غير ملّة
فهذا الذي نرجوه من عز جاهكم ومن علمكم تقضي لنا كل حاجة
ومن عندكم نرجو زوال كروبنا وما نالنا من سوء حال وذلة
فانتم بحمدالله خير ملوكنا وعزتكم تعلوا على كل عزة
فنسأل مولانا دوام حياتكم بملك وعز في سرور ونعمة
وتهدين اوطان ونصر على العدا وكثرة اجناد ومال وثروة
وثم سلام الله قلته ورحمة عليكم مدى الايام في كل ساعة

ئەمە ئەو نامەیە بوو کە موسوڵمانانی ئەندەلوس ناردیان وداوای کۆمەکیان ئەکرد بۆ ئەوەی هەڵوێستەکەی پێ ڕزگار بکەن، سوڵتان بایەزیدیش گیرۆدەی دەست ئەو ڕێگریانەبوو کە ڕێگەیان دەگرت لە ناردنی موجاهیدان بۆ ئەوێ .

زیاد لەوەیش کێشەی ناکۆکی لەگەڵ میر (جەم)ی برای لەسەر دەسەلآت ، لەگەڵ ئەو شوێنەوارانەیش کە ئەو کێشەیە نایەوە [1] لەگەڵ پاپای ڕۆما و هەندێ لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان و هێرشی پۆڵەندیەکان بۆسەر مالدیفیا و جەنگەکانی لە ترانسلڤانیا و مەجەڕ و بوندوقیە و سازدانی هاوپەیمانی نوێی خاچپەرستی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن پاپا جویلسی دووەم و کۆماری بوندوقییە و مەجەڕو فەرەنساوە . کە لە ئەنجامی ئەمەدا هاوپەیمانی لە ئاڕاستەکردنی هێزە عوسمانیەکانی لێکەوتەوە بۆ ئەو ناوچانە . لەگەڵ ئەمەیشدا سوڵتان بایەزید هەستا بە پێشکەش کردنی یارمەتی و هودنەی ئاگربەستی لەگەڵ سوڵتانی گەورەی مەمالیکەکاندا بەست بۆ یەکخستنی هەوڵەکان لە پێناو یارمەتیدانی (غەرناتە) و گەیشتنە ڕێکەوتنێك کە دەبوو سوڵتان بایەزید گەلە کەشتیەك بنێرێت بۆ سەر کەنارەکانی (سەقلیە) لەبەر ئەوەی کە پاشکۆی میر نشینی ئیسپانی بوو ، سوڵتانی مەمالیکەکانیش چەندین هێرشی تر ئامادە بکات بۆ سەر ناوچەی ئەفریقی [2]. هەر بەو جۆرە سوڵتان بایەزید کەشتیگەلێکی عوسمانی نارد و کەوتنەڕێ بۆ کەنارەکانی ئیسپانیا، سەرکردایەتیەکەیشی دایە دەست کەمال ڕایس کە ترس و بیم و سامی خستە نێو کەشتیگەلە مەسیحیەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەمدا [3].

هەروەك چۆن سوڵتان بایەزید موجاهیدەکانی لە کەنار دەریادا هان دەدا بەدەستپێکردنی گرنگی بۆیان و بوونی سۆزی لە ڕوویاندا ، موجاهیدە عوسمانیەکانیش دەستیان کرد بە جووڵەو بەڕێکەوتن بۆ بەدەمەوە چوونی برا موسوڵمانەکانیان ، لە هەمان کاتدا زۆرێك لە دەستکەوتی ئاسانیان بەدەستکەوت

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها :٢/٩٠٣ .

[2] علاقات بين الشرق والغرب ، عبدالقادر أحمد / ٢٥٦ .

[3] خلاصة تأريخ الأندلس ، شكيب ارسلان / ٢١٣ .

لە مەسیحیەکانەوە، بەو جۆرە ژمارەیەکی زۆری موجاهیدە موسوڵمانەکان لە کاتی دامەزراندنی کەشتیگەلی عوسمانیدا پێڕاگەشتن و چوونە ژێر خزمەتیەوە ، دوای ئەوە عوسمانیەکان لە ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاستدا هێزی دەریایی نوێیان بەکار دەهێنا بە هانی ئەم موجاهیدانەوە[1]. ئەمەیش ئەوە بوو کە سوڵتان بایەزیدی دووەم توانی بیکات .

بێگومان هەڵسوکەوتە نەنگەکانی (جەم) بوو بەهۆکارێك کە بزوتنەوەی فراوانخوازی هەرێمی لەنگ کردو تەگەرەی خستە بەردەم کارە دروستکەرانی سوڵتان بایەزید ، بەمە گرنگی و کاری سوڵتان گۆڕا بۆ گەڕان بەدوای هەواڵی براکەی و کارکردن لە سەر ڕزگار بوون لێی بەهەموو هۆکارێك [2].

بەگشتی بایەزید توانی لەساڵی ١٤٩٩ز دا لە کەنداوی (لبانتو) لە وڵاتی یۆنان سەرکەوتنێکی دەریایی بەدەست بهێنێت بەسەر (بوندوقیەکاندا) ، لەساڵی داهاتوویشدا شاری (لبانتو)ی گرتەدەست ، کە عوسمانیەکان دەستیان گرت بەسەر ناوچەی بوندوقیەکان لە یۆناندا ، پاپا ئەسکەندەری شەشەم لەسەر داوای بوندوقیەکان هەستا بە دروستکردنی هاوپەیمانێتیەك لە دژی عوسمانیەکان کە پێکهاتبوو فەرەنساو ئیسپانیا ، ئیدی عوسمانیەکان ڕوو بەڕووی هێرشی هەرسیٚ گەلە کەشتی فەرنسا و ئیسپانیا و پاپا بوونەوە .

دەوڵەتی عوسمانی توانی کە ڕێککەوتنێك ببەستێت لەگەڵ بوندوقیەکاندا [3]، بایەزید زۆر خوازیاری ئاشتی بوو ، پێشتر پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەوروپا تەنیا لەگەڵ ئەو شارانەدا بوو کە کەوتبونە سەر سنورەکانی دەوڵتی عوسمانی، بەڵام پاشتر ڕووی لە پاپایی و فلۆرەنساو ناپۆلی

---

[1] في أصول التأريخ العثماني / ٧٤ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ٥٢ .

[3] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ٥٢ .

و فەرەنسادا کردوو ڕێکەوتنێکی لەگەڵ بوندوقیەکان و مەجەڕدا بەست ، بایەزید گرنگی بە داڕشتنەوەی پێگە گشتی و کارە خێر خوازیەکان ئەدا، مزگەوت و خوێندنگەو بینای بەرزو شوێنی میوانداری و تەکیەو نەخۆشخانەکانی بۆ نەخۆشەکان و حەمام و پردەکانی کردەوە ، بۆ موفتی وئەو زانایانەی لە پلەی ئەودا بوون لەسەردەمی ئەمدا موچەی هەموو ساڵێك ١٠ هەزاری عوسمانی بڕیەوە ، بۆ هەموو مامۆستایەکی خوێندنگە سوڵتانیەکانیش لە نێوان ٧ بۆ ١٢هەزاری عوسمانی ، هەروەها بۆ شێخەکانی ڕێبازە سۆفیەکان و موریدەکانیشیان لەگەڵ (زوایا) کان هەریەکەو بەپێی پلەکەی ، ئەوەیش بڕیارو فرمانێکی لە کارنەکەوتوو و بەردەوام بوو ، خەڵکی مەککەو مەدینەی زۆر خۆش دەویست [1] .

لەسەردەمی ئەودا چەند بومەلەرزەیەکی گەورە لە قوستەنتینیەدا ڕوویاندا کە ١٠٧٠ ماڵی کاول کرد لەگەڵ ١٠٩ مزگەوت و لایەکی گەورەی کۆشك و شوراکانی شارەیش ، جۆگە ئاویەکانی لەکار خست و دەریا هەڵزنی بۆ سەر وشکانی ، شەپۆلەکانی ئاوەکە سەرکەوتن بەسەر شورەکانیدا ، ئەو بومەلەرزەیش ڕۆژانە ئەهاتەوەو ٤٥ ڕۆژی خایاند ، کاتێك کاروبارەکان هێور بوونەوە ، سوڵتان ١٥ هەزار لە کرێکارەکانی خستەکار بۆ چاککردنەوەی ئەوەی کاول بوو بوو [2] .

بایەزید ٧٦ساڵ ژیا و پیاوێك بوو بنیادێکی بەهێزی هەبوو ، لوتی چەماوەو قژی ڕەش و سروشتی نەرم و نیان بوو، زانستەکانی خۆش دەویستن و دەرسی نەئەفەوتاند، شاعیرێکی هونەرمەند و خاکی و لە خواترس بوو ، دەڕۆژەی کۆتایی ڕەمەزانی بە پەرستش و زیکرو گوێڕایەڵی بەسەر دەبرد ، لەوەشاندنی

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ٥٣ .

[2] تأريخ سلاطين آل عثمان ، يوسف آساف / ٦٦ .

تیرو ڕمدا هەڵکەوتەبوو ، خۆی بەشداری شەڕەکانی دەکرد[١]. بڕۆیشتایەتە هەر شوێنێك تۆزی سەر جل و بەرگەکەی ناو شەڕەکانی تێدا کۆئەکردەوە و هەڵی دەگرتن، کە کاتی سەرەمەرگی هات ، فرمانی کرد ئەو تەپوتۆزەیان هێنا و خشتێکی بچوکیان لێ دروست کرد ،پاشان فەرمانی کرد کە لەگەڵیدا بخرێتە نێو گۆڕەکەی و لەژێر ڕوومەتی ڕاستیدا دایبنێن ، ئەو کارەیشی بۆیە کرد مەبەستی بوو ئەو ناوەڕۆکی فەرموودەیەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسام) بێنێتەدی کە دەفەرمووێت: (من اغبرّت قدماه في سبيل الله حرم الله عليه النار).

واتە: هەرکەس پێکانی لە پێناوی خوادا تۆزاوی بووبن ئەوا خوا ئاگری لەسەر حەرام دەکات .

ماوەی دەسەلاتەکەی ٣١ساڵ بوو و چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت[٢].

سوڵتان بایەزید زانابوو لە زانستە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا ، وەك چۆن لە گەردون ناسیدا شارەزابوو ، گرنگی دەدا بە ئەدەب و ڕێزی شاعیر و زانایانی دەگرت ، موچەی تایبەتی بۆ زیاتر لە ٣٠ شاعیرو زانا بڕیەوە، خۆیشی شاعیرێکی چاك بوو ، شیعرەکانی بەوە دەناسرانەوە کە زۆر قوڵ هەستکردن بە گەورەیی و توانای خوایان پێوە دیاربوو ، چەند شیعرێکیشی هەبوو لە حیکمەتدا ، وەسیەتی دەکرد بە هەستانەوە لەخەوی بێئاگایی و ڕوانین لە جوانی ئەو سروشتەی کە خوا دایهێنابوو ، لەو بارەیەوە ئەڵێت:

إستيقظ من نوم الغفلة — وانظر الى زينة في الأشجار

انظر الى قدرة الله الحق — انظر الى رونق الأزهار

وافتح عينيك لتشاهد — حياة الأرض بعدالممات [٣]

---

1 تأريخ سلاطين آل عثمان ، يوسف آساف / ٦٦ .

2 تأريخ سلاطين آل عثمان ، القرماني / ٣٦ .

3 العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٤٩ .

واتــه : لەخــەوی بێئاگــایی ڕابــەو ســەیری جـوانی درەختــەکان بکــە ، ســەیری دەســەڵاتی خــوای باڵادەســت بکــە ، ســەیری ڕەونــەقی گوڵــەکان بکــە ، چاوەکانت بکەرەوە تا ژیانەوەی زەوی پاش مردنی ببینیت .

لــە ١٨ی ســەفەری ٩١٨ك دا هاوکــات بــە ٢٥ی ئــەبریلی ١٥١٢ ز فــەرمانڕەوایی دەوڵـەتی بەجێهێشت بۆ کوڕەکـەی کە سەلیمی یەکەمە (٩١٨ -٩٢٦ك ، ١٥١٢- ١٥١٩) ئەوەیش بە پاڵپشتی سوپا ، کەوای بۆ دەڕوانی کە جێگەی هیوایە لە زیندوو کردنەوەی چالاکی جەنگی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی فراوانتر و پاڵنان بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیەکانەوە بۆ پێشەوە ، بۆیە سوپا پەلەی کرد لە لابردنی باوکیداو دانانی سەلیمی کوڕی لە شوێنەکەیدا [١] .

ســوڵتان بایەزیــد لەکاتێکــدا بــۆ دیمتوقــە دەچــوو وەفــاتی کــرد و تەرمەکــەی گوازرایەوە بۆ ئەستانبوڵ و لە پاڵ مزگەوتەپیرۆزەکەیدا نێژرا [٢] .

باسی دووەم

سوڵتان سەلیمی یەکەم

(٩١٨ -٩٢٦ك ، ١٥١٢-١٥٢٠ ز)

ســوڵتان ســەلیمی یەکــەم لــە ســاڵی ٩١٨ ك دا کورســی دەســەڵاتی عوســمانی گرتەدەســت و هــەر لەســەرەتای فەرمانڕەواییــەوە خواســتی بــۆ پاکتــاوکردنی نەیارەکانی بەدەرکەوت ، تەنانەت ئەگەر نەوەکانی خۆیشی بن ، حەزی لە ئەدەب و شیعری فارسی و مێژوو بوو ، لەگەڵ ئەو دڵڕەقیەیدا کە هەیبوو بەڵام حەزی لە هاوەڵایــەتی پیــاوانی زانســت بــوو و مێــژوونووس و شــاعیرەکانی لــە مەیــدانی جەنگدا دەکــردە هــاودەمی خــۆی تــا قۆناغــەکانی جەنگــەکان تۆمــار بکــەن و ئــەو قەسیدە شیعریانە بهۆننەوە کە سەروەریەکانی ڕابردوو دەگێڕنەوە .

---

[1] قیام الدولة العثمانیة / ٥٨ .

[2] تأریخ سلاطین آل عثمان ، یوسف آساف / ٦٦ .

کاتێك سوڵتان سەلیمی یەکەم چووە سەر کورسی دەسەڵاتی عوسمانی ، دەوڵەتی عوسمانی توشی دوو ڕیانەیەك هات، ئایا لەم بارودۆخەو ئاستەدا کە دەوڵەتێکی بەلقانی ئەنادۆڵی فراوانە بمێنێتەوە؟ یان بەردەوام بێت لە فراوانخوازی هەرێمی لە ئەوروپادا ؟ یان ڕووبکاتەوە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی؟

ڕاستی ئەوەیە کە سوڵتان سەلیمی یەکەم گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە سیاسەتی جیهادی دەوڵەتی عوسمانیدا هێنایە دی ، لەسەردەمی ئەودا کشانی عوسمانی بەرەو ڕۆژئاوای ئەورووپی ڕاوەستا یان نزیك بوو لەوە ڕابوەستێت ، دەوڵەتی عوسمانی ئاڕاستەی خۆی گۆڕی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، هەندێ لە مێژوو نوسان ئەو هۆکارانە باس دەکەن کەبووە هۆی گۆڕانی سیاسەتی عوسمانی، لەوانە :

١ . تێربوونی سەربازی عوسمانی لە ئەوروپا . خاوەنی ئەم ڕایە وا دەبینێت کە دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی ١٥ دا گەیشتە پلەی تێر بوون لە بزاڤە ئازادیخوزییەکانیدا لە ڕۆژئاوادا، بۆیە دەبوو لەسەرەتاکانی سەدەی ١٦دا بگەڕێت بەدوای مەیدانگەلێکی تری نوێدا بۆ چالاکی و فراوانخوازی . ئەو ڕایەش دژی ڕاستیە ، چونکە بزاڤی ئازادیخوازی عوسمانیەکان بە تەواوی لە بەرەی ڕۆژئاواییەوە هەر بەردەوام بوو، هەرچەندە مەڵبەندی قورسایی لە فراوانخوازی عوسمانیدا بە یەکجارەکی لە ڕۆژئاواوە گوازرایەوە بەرەو ڕۆژهەڵات[١] بە هۆکاری تێربوون نەبوو ، هەروەك هەندێ لە سەرچاوەکان کە شارەزای بارودۆخی ڕاستی نین دەیڵێن .

٢ . بزاڤی دەوڵەتی عوسمانی بەرەو ڕۆژهەڵات لە پێناو ڕزگار کردنی جیهانی ئیسلامی بوو بەشێوەیەکی گشتی و پیرۆزیە ئیسلامیەکان بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەرامبەر ئەو بزاڤە نوێیەی خاچپەرستیدا کە لە لایەن ئیسپانیا (لە دەریای

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٢٦ .

ناوەڕاست) و پورتوگالیەکان (لە زەریای هیندی و دەریای عەرەب و دەریای سوور)ەوە دەستی پێکردبوو، ئەمانە کە گەمارۆی جیهانی ئیسلامیان دابوو ئابلۆقەیەکی ئابووریان سەپاندبوو بە سەریدا تا قوتدانی ئاسان بێت [1].

٣ . سیاسەتی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران و پەیوەند بە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی مەزهەبی شیعە لە عێراق و ئاسیای بچوکدا کە پاڵی نا بەدەوڵەتی عوسمانیەوە بۆ دەرچوون بەرەو ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بۆ پاریزگاری لە ئاسیای بچوك بە شێوەیەکی تایبەت و جیهانی سوننی بەشێوەیەکی گشتی [2].

سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سەلیمدا لەسەر ئەم بنەمایانە دەڕۆیشت: لەناوبردنی دەوڵەتی سەفەوی شیعە، دەوڵەتی مەملوکی بخاتە سەر خۆی و پارێزگاری لە زەویە پیرۆزەکانبکات و گەلەکەشتیەکەی بورتوغالیەکان ڕاوبنێت و پاڵپشتی بزوتنەوەی جیهادی دەریایش بکات لە باکوری ئەفریقیدا بۆ ئەوەی ئیسپانیەکان لە ناو بەرن و بەردەوامی دان بە جیهادی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا .

یەکەم : جەنگان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی شیعەدا :

ڕەگەزی سەفەویەکان دەگەڕێتەوە بۆ شێخ صفی الدین ئەردەبیلی (٦٥٠-٧٣٥ك ، ١٢٥٢-١٣٣٤ز) کە باپیرەگەورەی شا ئیسماعیلی سەفەوی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەویە .

ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتوە موریدەکان لە دەوری شێخ صفی الدین ئەردەبیلی کۆبوونەوە دایانە پاڵی لە ئەنجامی ئەو بانگەوازە بەهێزەی هەیانبوو، ئەو بانگەشە کاریگەرەی کە خۆی و شوێنکەوتوەکانی لە سۆفی و دەروێشەکان

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ٢٦ .

[2] ئیسلام لە ئاسیا / ٢٤٠ .

پێی هەستان و توانیان بانگەوازەکەیان نەك لە تەنیا ئێران بەڵکوو لە هەندێ لە هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی و عێراق و وڵاتی شامدا بڵاو بکەنەوە[1].
شێخ سفی الدین توانی لە ڕێگەی یەکێك لەو دەستانەی کە سەرکردایەتی دەکرد ڕێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا بېڕێت بچێتە ناویانەوە هەوەك توانی پشتگیری و متمانەی زۆربەی ئێرانیەکان بەدەست بهێنێ کە بویە هۆی ئەو دەستەیە یەکجاری ببنە شیعە و بانگەواز بۆ مەزهەبی شیعە بکەن لە کاتێکدا وا بڵاوی بکەنەوە کە شێخ صفی الدین و منداڵەکانی لە نەوەی (ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب)ن ڕەزای خوای لێبێت، هەر بۆیە ڕەوایە بۆیان داوای دەسەڵات بکەن.
صفی الدین پەنای برد بۆ (توقیەکردن، بەڕواڵەت ئەیوت من (سوونی مەزهەب)م و لەسەر ڕێڕەوی ئیمام شافیعیم، کە ڕێگە لەبەر دەم ئەم بانگەوازی بە شیعەکردنە والابوو بۆیان یەکێك لە کوڕەزاکانی ئەم صفی الدینە بە ناوی (شا ئیسماعیل)ە بانگەوازی شیعەگەرایی ڕاگەیاند، نەك هەر ئەوە بەڵکو سوڵتان (حیدر) بە ئاشکرا لەناو خەڵکدا ئەیووت من لە نەوەی (ئیمام موسای کاظم)م و ئیتر بەو شێوەیە دەوڵەتی صەفەوی لە ئێراندا خۆی وا ئەناساند کە دەوڵەتی ئالو بەیتی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم).
ئیسماعیلی سەفەوی سوور بوو لەسەر سەپاندنی مەزهەبی شیعە بەسەر گەلەکەیدا و وەك مەزهەبێکی ڕەسمی دەوڵەتی ڕاگەیاند لە ئێراندا و بەزەبری چەك هەموو نەیارەکانی لەناو برد، سەفەویەکان توانیان ژمارەیەکی بێشومار لە شوێنکەوتەو موریدەکان بەدەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە و بانگەشەی بەهێزی شیعە ڕابگەیەنن چ لەناو پاشماوەکانی (عەبیدیە) فاتیمیەکانی میسردا و چ لەناو ئیسماعیلیەکان و چ لەناو خودی بنەماڵەی سەفەویداو بەواتە توانیان

[1] بڕوانە (الإسلام في آسيا الوسطى منذ الغزو المغولي) د.محمد نصر،/ص٢٤٠ .

مەزهەبی شیعە لە ئێراندا جێ بکەنەوە دوای ئەوە ئێران بەگشتی لە مەزهەبی سوننیەوە ببنە شیعە مەزهەب کە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەتە نوێیەکە بوو.

پەرچەکرداری توند هەبوو بەتایبەت کە زۆرینەی دانیشتوانی شارە سەرەکیەکان لە ئێراندا وەك تەبریز لە سوننەکان بوون ، بەڵکوو خودی زاناکانی شیعە لە مەزهەبەکە دەترسان بەرەفزکردنی سوننە و ڕاگەیاندنی یاخیبوونیان دژ بە فەرمانڕەوای سەفەوی شیعە مەزهەب .

شائیسماعیلی سەفەوی هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ بۆ سەپاندنی مەزهەبی شیعە لە ئێراندا ، جا لەگەڵ ئامادەبوونی ڕۆحی بۆ بانگەوازی شیعەدا لە نێو ئەو دانیشتوانە ئێرانیانەدا کە زۆربەیان سوننەبوون ، ئیسماعیلی سەفەوی وای دەبینی کە ئەو هەڵوێستە بە لەکارخستنی ڕەگەزی شیعەکان ئاراستە بکات بۆ ئەو مەبەستە ، لەمەدا پشتگیری و سەرخستنێکی بەدی کردو ئەو گەرموگوڕیەی سەرخستنەیانی بەهەل قۆستەوە و پاڵی پێوە نان بۆ لێدانی بەرەنگارەکانی و دووپات کردنەوەی مەزهەبەکەی لەئێراندا .

شائیسماعیلی سەفەوی پەنای برد بۆ سیاسەتێکی لێهاتوانە لە دوپاتکردنەوەی بانگەوازە سیاسی و مەزهەبیەکەی ، هات پشتی بە هۆزەکانی تورلباش بەست کە لە بنەڕەتدا تورکن تاکوو ببێتەناوکێك بۆ هێزە سەربازیەکەی ، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێرانی لەو کاتەدا لە چەند ڕەگەزێکی جۆراو جۆر پێك هاتبوو کە لە ئەندامی چەندین پەلاماری سەربازی یەك بەدوای یەکدا بۆ ئەو وڵاتە دروست بووبوو، کە زۆر زەحمەت بوو هەموو ئەو ڕەگەزانە لە بۆتەیەکدا بتوێنێتەوە.

بەڕاستی ئیسماعیلی سەفەوی توانی بەو سیاسەتەی ئەو ووزە مەزهەبیەی لە لای ئەو ڕەگەزانەوە هەبوو لەکار بخات تا ببێتە تەوەرەیەك و بە دەوریدا کۆببنەوەو دەستە هەڵکەوتەکانی تر تیایدا بتوێنەوە و شوێنی خۆی وەك

یەکبونێکی مەزهەبی جێگیر بکات و ئەوەی بۆ بێتە دی کە قەوارەیەکی سیاسی نوێی لەسەر بنیاد بنێت [1].

بەڕاستی ئیسماعیلی سەفەوی زۆر دڕندە بوو لە جەنگەکانیدا و بێبەزەیی بوو بەرامبەر نەیارانی، بەتایبەت ئەگەر ئەو نەیارانەی لە ئەهلی سوننە بونایە (.. هەموو میرنشینەکانی عەجەمی داگیرکردو هەموو کەسێکی دەکوشت کە بەسەریاندا زاڵ ببوایە و هەموو ئەو ماڵ و سامانەی کە تالانی کرد دابەشی دەکرد بەنێو هاوەڵەکانیدا و هیچی لێ هەڵنەدەگرت ، لەوانەی کە دەستی بەسەریدا گرت: تەبریز و ئازەربایجان و بەغداد و عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەب و خوراسان بوو ئەم شا ئیسماعیلە گەیشتە ئەوەی خەریك بوو بانگەشەی خوایەتی بکات و سەربازەکانی کڕنوشیان بۆ دەبرد و بەفەرمانەکانی ئەو کاریان دەکرد ، قوتبەدینی حەنەفی لە (الأعلام) دا دەڵێت : شا ئیسماعیل زیاتر لەیەك ملیۆن کەسی کوشت بەمەرجێك لە سەردەمی نەفامی و لە ئیسلامی و لە گەلە پێشوەکانی تریشدا هەرگیز ئەوەندە خەڵك نەکوژراوە کە شائیسماعیل کوشتونی ، ژمارەیەکی زۆریشی لە زانا گەورەکانیش کوشت بە جۆرێك کە لە وڵاتانی عەجەمدا کەسێك لە ئەهلی زانست نەمایەوەو هەموو کتێب و قورئانەکانیشی سوتاند ، ئەو بە پێچەوانەی باوباپیری زۆر توندڕەو بوو لە شیعەگەریدا، لەوێنەی بەگەورە نواندنی لەلایەن هاوەڵەکانیەوە ئەوەبوو کە جارێك دەستەسڕێك لە دەستی کەوتە ناو دەریاوە ، کە لەسەر شاخێکی بەرزدا بوو لەسەر ئەو دەریایەدا ، خۆی بەدوای ئەو دەستەسڕەدا فڕێدایە ناوی دەریاکە کە هەزار کەس لە مورییدەکانی پێش ئەو خۆیان هەڵدایە ناو ئاوەکەو هەموویان تیاچوون و خنکان ، ئەوان خواوەندێتیان تێدا دەبینیەوە ، قوتب ئەمەش دەگێڕێتەوە ، هیچ

[1] الإسلام في آسيا ../ ٢٤٢، ٢٤٣ .

ئالآیەکی شکستی نەخواردووە تاکوو سوڵتان سەلیم (کە پێشتر باسمان دەکرد) جەنگی لەگەڵدا کردو تێکی شکاند)[1].

شا ئیسماعیل بەڕاستی سەرکردایەتی مەزهەبی شیعەی ئەکرد و سوور بوو لەسەر بلاو کردنەوەی شیعەگەری، بانگەوازەکەی گەیشتە هەرێمە پاشکۆکانی دەوڵەتی عوسمانی ، ئەو بیرۆکەو بیروباوەڕانەی کە لەو هەرێمانەدا بلاو دەبوویەوە ، کۆمەڵگەی سوننی عوسمانی ڕەفزی دەکردەوە ، لەو بیروباوەڕە خراپانەیان هەیانبوو بەکافردانانی صەحابەکان ، نەفرین کردن لە بەرەی یەکەمی موسوڵمانان وەك، بڕوایان وایە کە قورئانی پیرۆز تەحریف کراوە و چەندین بیرۆکەو بیرو باوەڕی تر. جا سروشتی بوو کە سوڵتان سەلیمی سەرکردەی دەوڵەتی سوننی بەرەنگاری ئەو بانگەوازە ببێتەوە و ڕێگری لێبکات ، لە کۆبوونەوەیەکی گەورە پیاوانی دەوڵەت و دادوەرو پیاوانی سیاسەتمەدار و دەستەی زانایاندا لەساڵی ٩٢٠ ك ، ١٥١٤ز دا ڕایگەیاند کە ئێران بە حکومەتە شیعەگەرایی مەزهەبە شیعەکەیەوە مەترسیەکی گەوەر دەنوێنن نەك بەتەنها لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بەڵکو لەسەر هەموو جیهانی ئیسلامی ، بۆیە جیهادی پیرۆزی دژ بە دەوڵەتی سەفەوی بەباش دەزانی ، ڕای سوڵتان سەلیم ڕای زاناکانی ئەهلی سوننە بوو لە دەوڵەتدا، شائیسماعیل کاتێك چووە نێو عێراق هەستا بەسەربڕینی موسوڵمانە سوننیەکان بە شێوەیەکی فراوان و مزگەوت و گۆڕستانەکانیانی کاول کرد ، دڕندەیی و مەترسی شیعە لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی سوڵتان بایەزیددا زۆر زیادی کرد ، کاتێك سوڵتان سەلیم دەسەڵاتی گرتە دەست ، دەزگا ئاسایشیەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەستان بە ئابلۆقەدانی ئەو شیعانەی کە هەواداری شائیسماعیل و نەیارانی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

---

[1] البدر الطالع : ١/ ٢٧١ .

پاشان هەستا بە پاکتاوکردنی شوێنکەوتوانی شائیسماعیل و ڕێژەیەکی زۆری پشتیوانانی شائیسماعیلی لە ئەنادۆڵ بەدیل گرتن و لە سێدارەی دان ، پاشان هەستا بەهێرش کردنە سەر خودی ئیسماعیل ، جا چەند نامەیەکی زەبر لە نێوانیاندا گوازرایەوە ، بەو شێوەیەی کە ئەیخواست.

سوڵتان سەلیم نامەیەکی بۆ شا ئیسماعیلی سەفەوی نوسی کە تیایدا ئەڵێت: (.. ئەی ئیسماعیل ، زاناکانمان و پیاوانی یاسا بڕیاری کوشتنیان بەسەر تۆدا داوە لەبەر ئەوەی کە پاشگەزبوویتەتەوە، لەسەر هەموو موسوڵمانێکی ڕاستیشیان پێویست کردووە کە بەرگری لە ئاینەکەی بکات و ئەم بیدعەیەی لە ویندا تۆو شوێنکەوتووە گەمژەکانت دروستتان کردووە،وردو خاش بکەن، بەڵام پێش ئەوە جەنگ لەگەڵ ئێوەدا دەست پێ بکات، ئێمە بانگتان دەکەین بۆ هاتنەوە بۆ نێو ئایینی ڕاستەقینە پێش ئەوەی شمشێرەکانمان دەربکێشین ، لەمەش زیاتر پێویستە لەسەرت کە ئەو هەرێمانە چۆڵ بکەیت کە لە ئێمەت داگیر کردووە ، ئەو کات ئێمە ئامادەین دڵنیاییت بکەینەوە کە ژیانت پارێزراوە...) [1].

وەڵامی شائیسماعیل بۆ ئەو نامەیە ئەوەبوو کە هەندێ تلیاکی بەدیاری بۆ نارد و بۆی نووسی: ئەو پێی وایە کە ئەو دەقەی لەژێر کاریگەری مادەی سەرخۆشکەردا نوسیوە [2].

---

[1] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٤٣٥ .

[2] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٤٣٥ .

*داری دەسەڵات: بە عەرەبی پێی ئەوترێت (صولجان) کە هەر میرو شایەك لە شێوەیەکی تایبەتیدا دروستی دەکەن، هەیە وەك سەری مار دروستی دەکات و هەیە وەك گۆچان و هەیە وەك شێوەی ئەستێرە، سەیری المنجد/وشەی(صلج) بکە (وەرگێڕ:ن).

هەروەها لە دەقێکی تری هاوشێوەدا هاتووە کە : (... من سەرکردەو سوڵتانی ئالی عوسمانم ، من گەورەی سوارچاکانی ئەم سەردەمەم ، من خاوەن دلێری و توندی ئەفریدۆنی خاوەن شکۆداری ئەسکەندەر و هاوشێوەی دادوەری کیسرام من بت شکێن و لەناوبەری دوژمنانی ئیسلامم . من ترسی زۆرداران و سامی ستەمکارو خۆ بەزل زانەکانم، من ئەوەم کە پاشا دکتاتۆرو خۆسەپێنەکان لە بەردەمیدا سەرشۆڕ دەبن. من ئەو کەسەم کە داری دەسەڵات*لەتاو هێزی من فەرمانڕەوایی دەکات و ملکەچ ئەبێت بۆم، من پاشای جوامێر سوڵتان سەلیم خانی کوڕی سوڵتانی گەورە موراد خانم ، ئایا بە ئاماژەیەك بۆ تۆ ئەی شا ئیسماعیل سەردانەوێنم؟! ئەی سەرکردەی سەربازە فارسیەکان !! جا کەمن یەکێکم لە موسوڵمانە تایبەتیەکان و سوڵتانی کۆمەڵی باوەڕدارانی یەکتاپەرست و سوننی ڕێباز... ئەوە بزانە ئەو زاناو فیقه ناسانەی کە لە نێوانماندان فەتوایان داوە بەپێویستی کوشتنی خۆت و جەنگان لە دژی گەلەکەت ، بۆیە هەقمانە کە زۆر چالاکانە شەڕ بکەین دژ بە تۆو خەڵکی لە شەڕەنگێزی تۆ ڕزگار بکەین)[1] .

سوڵتان سەلیمی یەکەم ئامادەبوو بۆ جەنگێکی درێژخایەنی یەکلاکەرەوە لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویدا ، کە گەیشتە ئەستانبول و دەستیکرد بە لەشکر کێشی بەرەو خاکی ئێران، (اسکرترای) بەجێهێشت، نامەیەکی هەڕەشەی نارده سەر شا ئیسماعیلی سەفەوی و تیایدا دەڵێت: (بەناوی خوای گەورەومیهرەبان خوای گەورەی دەسەڵاتداری زانا دەفەرموێت : (إن الدين عندالله الإسلام) آل عمران: ١٩

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَـٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾ آل عمـران : ٨٥ ﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰا۟ لَا يَقُومُونَ

---

[1] فتح العثمانيين عدن / ١١٣ .

إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ
إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ
مَوۡعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ
فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾» البقـــــرة : ٢٧٥.

خوايه بمانكەيتە ڕێنموني كەرونەمانكەيتە ئەوانەى سەريان لێ شێواوە و سەر لە خەڵكيش ئەشێوێنن درودى خواش لەسەر گەورەى جيهان محمدى پێغەمبەرى هەڵبژێردراوو هەموو يارانى بێت)[١].

هەر لەو كاتەدا سوڵتان سەليمى يەكەم نامەيەكيشى نارد بۆ يەكێك لە ئەندامانى خێزانى (ئاق قۆيونلو) كە (محمدى كوڕى فەرەج شابەگ) بوو و هانى دا بۆ ئەوەى بەشدارى بكات لەگەڵيدا لە جەنگى ئيسماعيلى سەفەويدا ، جەنگى هەواڵگرى لە نێوان هەردوو سەربازگە جەنگاوەريەكەدا دەستى پێكرد ، بەڵام سوڵتان سەليمى يەكەم دەستى كرد بە سەرەقا هەڵچنين بۆ چوونە نێو جەنگەكەوە و لە بيابانى (ياس جمن) لە نزيكى ئازەربايجان سەربازگەى داكوتا، ئەو هەواڵانەى كە هەوڵگرەكانى (ياس جمن) پێيان دەگەياند دەيانووت شا ئيسماعيلى سەفەوى نيازى شەڕى نيەو دواى ئەخات بۆ وەرزى زستان تا سوپاى عوسمانيەكان لە تاوسەرماو برسێتى لەناوبچن[٢].

---

1 الإسلام في آسيا / ٢٤٦ .

2 الإسلام في آسيا / ٢٤٦ .

سوڵتان سەلیمی یەکەم پەلەی دەکرد لە بزواندنی ململانێی نێوان خۆی و شا ئیسماعیل ، بۆیە بۆ جاری دووەم کەسێکی نارد بۆ لای و لەگەڵ نامەکەدا خەرقەیەك* و تەزبیحێك و کەشکۆڵێك و دارێکی بۆ نارد هێمای دەستەی درویشانە مەبەستی ئەوەبوو ڕەچەڵەکی خۆی و بنەماڵەی سەفەوی بەبیر بهێنێتەوە کە ناتوانێت لە جەنگدا خۆی ڕابگرێت، لەگەڵ ئەمەدا شا ئیسماعیل وەڵامی نامەکەی بەوە دایەوە کە ئەو خواستی هودنەکردن و نوێکردنەوەی پەیوەندیەی دۆستانە و ئاشتیانەی هەیە لە نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا، سەلیم ئەمەی لە شای سەفەویەکان قبوڵ نەکرد و بەڵکو سوکایەتیشی کرد بە نێردراوەکەی شا ئیسماعیل و فەرمانی کرد بە کوشتنی، سەلیم ئەیزانی کە پلانی دوژمنەکانی لە هودنەکردندا لەمەدا کورت ئەبێتەوە کە کاتی شەڕەکە دوابخەن تابگاتە وەرزی زستان، سوڵتان سەلیم پەلەی کرد لە بزاوتنیدا . هەواڵی پێگەیشت کە ئیسماعیلی سەفەوی دەستی کردوە بە خۆئامادەسازی بۆ جەنگ نەك ئەوە بەڵکو خەریکە ئەگاتە بیابانی (چاڵدێران)، بۆیە سەلیمی یەکەم دەستی کرد بە ڕێبڕین بەرەو لای چاڵدێران، لە ئوغسگسی ساڵی ١٥١٤ ز دا پێی گەیشتە ئەوێ و شوێنە گرنگەکانی داگیر کرد و سەرکەوت بەسەر پێگە بەرزاییەکانی کە دەیتوانی شکست پێهێنانی ئیسماعیلی سەفەوی و سەربازەکانی بۆ بەدی بهێنێت ، لە ناو خاکی خۆیدا شکستێکی توند توشی سوپای سەفەوی شیعە بوو[١].

شا ئیسماعیل ناچار بەڕاکردن بوو لەو کاتەدا کە سەلیمی یەکەم ئامادەبوو بۆ چونە نێو تەبریز کە پایتەختی سەفەویەکان بوو، سەلیم چووە نێو تەبریز و ماڵو

[1] الإسلام في آسيا / ٢٤٦ .

دارایــی شــای ســەفەوی و پیــاوە قزڵباشـیـەکانی ئابلۆقــەداو کردیــە مەڵبەنـدی چالاکیە جەنگیەکانی[1].

ململانێ لەنێوان سوننەی نێو دەوڵەتی عوسمـانی و شیعەی نێو ئێرانـدا کۆتـایی پـێ نـەهات بـە جـەنگی چـاڵدێران، بـەڵکو دوژمنـایـەتی بەشـێوەیەکی بەرچـاوو ململانـێ بەتونـدی زیـادی کـرد ، هـەردوولا قـەرەوڵی دەگـرت بـۆ ئـەوی تریـان . بەفەزڵی خـوا سوڵتان سـەلیم و بیرو باوەڕەساغەکەی و بەرنامـە پوخـت و چەکە پێشکەوتوو و سـوپا عەقائیدیـە مەشـق پێکراوەکـەی سـەرکەوت و گەڕایـەوە بـۆ وڵاتەکـەی خـۆی پـاش ئەوەیدەسـتی گـرت بەسـەر کوردسـتان و دیاربـەکر و مەرغەش و ئیبلسین و موڵکەکانی تری (دلفاود)دا ، بەمە ئەنادۆڵ بـێترس بـوو لـە دوژمنایـەتی لــە ڕۆژهەڵاتــەوەو ڕێگــەکان بــۆ ئازەربایجـانی قــەوقاز لەبــەردەم عوسمانیەکاندا کرانەوە[2].

کە فارس لـە پێگـەی چاڵدێرانی پێشوودا لەبـەردەم سـوڵتان سـەلیمدا شکستیان خــوارد زیــاتر خۆیــان ئامــادە کــرد و چــونە پــێش بــۆ هاوپــەیمانێتی لەگــەڵ پورتوگالیەکان ، ئـەم خۆسـازدانی پەیوەندیـە بـە پورتوگالیـەکان لـەدوای زاڵبـونی (بـوکرك) بەسـەر (هـورمز)دا دەسـتی پێکـرد دوای ئـەوە نوێنـەرێك لـە لایـەن شـا ئیــسماعیلەوە نێــردرا و ڕێکــەوتنێکی ســنوردار لــە نێــوان پورتوگــالی و سـەفەویەکاندا بەسترا کـە بـەم دەقـە هـاتبوو : پورتوگـال گەلەکەشتیەکەی بـەرەو پـێش بـەرێت بـۆ یارمـەتی فارسـەکان لەجـەنگی بـەحرەین و قەتیفـدا ، هـەروەك

---

[1] الإسلام في آسيا / ٢٤٧، ٢٤٨ .

[2] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٤٣٦ .

* خەرقە: جلێکی هەژارانەیە زۆرتر سۆفیەکان لەبەری ئەکەن بۆ بەزاندنی نەفسی خۆیـان،ئەوتریێ فـلان خەرقـەی سـۆفیێتی کـردە بـەر، یـان فـلان خەرقـەی سـۆفیێتی فڕیدا..(وەرگێڕ:ن).

یامەتی پێشکەش بکات بە شائیسماعیل بۆ سەرکوتی شۆڕش لە مەکران و بلوجستان . وە هەردوو گەلی پورتوگالی و فارسی یەکێتیەك پێك بهێنن لە دژی عوسمانیەکان ، بەڵام مردنی (بوکرك) کە لە دوای ئەوەهات ئەو ڕێکەوتنەی پەك خست[1].

بەڕاستی پورتوگالیەکان خوشەویستیەکیان بۆ شائیسماعیل نواند پێش جەنگی چاڵدێران کە لەپشت ئەو خۆشەویستی نواندنە بۆ سەفەویەکان ئامانجیان ئەوەبوو کە هەلی بەدی هێنانی ئامانجەکانیان بۆ هەڵکەوێت لە بەدیهێنانی چەند مەڵبەندێك بۆ خۆیان لەکەنداوی عەرەبیدا ، چونکە دەیانزانی کە ئەگەر ئەو یەکانگیری و خۆشەویستیەی سەفەویەکان بە دەست نەهێنن ئەوکات یارمەتی هێزەکەیان لەگەڵ هێزە خۆجیٚ ییەکانی کەنداودا دەبێتە هۆی فەشەلی پورتوگالیەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا ، بەتایبەت کە پرۆژەکانیان لە بەدیهێنانی مەڵبەندەکانی تێپەڕبوون بە دەریای سوردا تائاستێکی زۆر شکستی هێنابوو[2].

سیاسەتی ئاڕاستەکراوی پورتوگال بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ فارسەکاندا لە نامەیەکدا دەردەکەوێت کە (بوکرك) ناردبووی بۆ (شا ئیسماعیلی سەفەوی) و تیایدا هاتبوو : (من ڕێزگرتنی مەسیحیەکان لەولاتەکەدا لەبەرچاو دەگرم و کەشتیگەل و سەربازو چەکت بۆ دەستە بەر ئەکەم بۆ بەکارهێنانی لە دژی قەلای تورك لە هیندستان ، گەر ویستیشت پەلاماری ولاتانی عەرەب بدەیت یان هێرش بکەیتە سەر مەککە ئەوا من لە لای دەریای سورەوە لە بەرامبەر (جەددە) یان (عەدەن) یان (بەحرەین) و (قەتیف) یان (بەسرە)دا دەبینیتەوە . با(شا) ئەوە

[1] جهودالعثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٤٣٧ .

[2] قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين / ٦٣ .

بزانیٚ بە دریـژایی کـەناری فارسـیدا دەمبینیٚتـەوە و لەگەڵیـدام و هـەموو ئـەوەی دەیەویٚت بۆی جیٚبەجیٚ دەکەم)!![1].

بەڕاستی شکستی شائیسماعیل لەبەردەم عوسمانیەکاندا بووە هـۆی سوربوونی تەواوی بۆ هاوپەیمانیٚتی لەگەڵ مەسیحیەکان و دوژمنانی دەوڵـەتی عوسمانیدا. بۆ ئەمەیش هاوپەیمانی لەگەڵ پورتوگالیەکاندا بەست دانی نا بە دەست گرتنیان بەسەر تەنگاوی هورموزدا لەبەرامبەر یارمەتیدانی بۆ شەڕی بەحرەین و قەتیف و لە هـەمان کاتدا پـەیمانیان بە سەفەویەکان دابوو کە هاوکاریـان بن دژ بە هیٚزە عوسمانیـەکان (لـە هـەموو شـویٚنیٚکدا). (پـرۆژەی هاوپـەیمانیٚتی پورتوگـالی سەفەوی) دابەشکردنی ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبی لـە خۆگرتبـوو ناوچـەکانی دەسـەڵاتی نیٚوانیـان وەك بـرا بـەش بکـەن پیٚـشنیاری ئـەوە بـوو سـەفەویەکان میـسر و پورتوگالیەکان فەلەستین داگیر بکەن[2].

د. عبدالعزیز سلیمان نواز دەڵیٚت : (شا لەگەڕان نەوەستا بـەدوای هاوپـەیمانانی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی کە بوونە هیٚزی گەورە کە لـە نیٚـوان ئـەوان وگەیـشتنیان بـە دەریـای ناوەڕاسـت. شـا ئیـسماعیل ئامـادەبوو کـە هاوپـەیمانی ببەسـتیٚت تەنانەت لەگەڵ پورتوگالیەکان کە ترسناکترین هیٚزی مەترسـیداری سـەر جیهـانی ئیسلامی بـوون لەوکاتـەدا. لـە کاتیٚکـدا کـە پورتوگالیـەکان لـە بـوونی بەرەیـەکی بەهیٚزی ئیسلامی دەترسان لە ئاوە ئیسلامیەکاندا ، دیتیـان کـە لەویٚـدا کەسـانیٚك هەن دەیانەویٚت یامەتیان بدەن!

هەرچـەندە هـورمز –ئـەو دورگـە بچوکە زیـانی ئـابووری زۆری لیٚ کـەوت بـەهاتنی پورتوگالیـەکان– بـەڵام شائیـسماعیل بەرژەوەندیـە تایبەتیـەکانی خـۆی و ڕقـی تونـدی بەرامبـەر تورکـە عوسمانیـەکانی خـستە ڕوو هـەر ڕیٚکـەوتن و

---

[1] قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين / ٦٣ .

[2] قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين / ٦٤ .

هاوپەیمانیەتیەك لەگەڵ پورتوگالیەكاندا بیبەستێت. جا گرنگ نەبوو كە هورمز لەژێر دەسەڵاتی پورتوگالیەكاندا بمێنێتەوە لە بەرامبەر دەستكەوتنی (احساء)دا، هەرچەندە پورتوگالیەكان ئەو هەلەشیان لە بار برد بۆ شای هاوپەیمانیان، ئەنجام ئەوەبوو كە ئەم سیاسەتەی شا بوو بەهۆی بەهێزكردنی پورتوگالیەكان و توانیان دەست بەسەر كەنداودا بگرن...)[1].

سولتانی عوسمانی بەسەركەوتنی لە چاڵدێراندا وازی هێناو ناچار بوو بەگەڕانەوە بۆ وڵاتەكەی خۆی دوای سەپا بەزیوەكەی شائیسماعیل نەكەوت لەبەر چەند هۆیەك:

١ . ڕوودانی جۆرێك لە یاخیبوون لە ڕیزی ئەفسەرەكانی سوپای عوسمانیدا بە هۆی بەردەوام بوونی جەنگ لەگەڵ فارسدا دوای ئەوەی سولتان ئامانجەكەی بەدی هێنا و سام و شكۆی شائیسماعیلی سەفەوی بێهێز كرد .

٢ . ترسی سولتان سەلیم لەوەی كە سوپاكەی بكەوێتە كەمینەكانی سەفەوییەكانەوە ئەگەر بچنە نێو وڵاتەكەیانەوە .

٣ . وایدەبینی كە گرنگی بە لەناوبردنی مەمالیكەكاندا بدات باشترە چونكە دەزگای ئاسایشی دەوڵەتی عوسمانی چەند نامەیەكی نێوان مەمالیك و صەفەویەكانی دەستكەوتبوو كە ئاماژەی بەبوونی یارمەتی نێوانیان دەكرد دژ بە دەوڵەتی عوسمانی [2].

ئەنجامی ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەویەكان ئەمانەی لێ كەوتەوە:

١ . باكوری عێراق و دیاربەكر درایە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی .

٢ . عوسمانیەكان ئاساییشیان لەسنوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەكەیان دەستەبەركرد.

---

[1] الشعوب الإسلامية / ٢٢٦ .

[2] الشعوب الإسلامية / ٢٢٥ .

٣ . زاڵبونی مەزهەبی سوننی لە ئاسیای بچوکدا دوای ئەوەی شوێنکەوتەو هەوادارانی ئیسماعیلی سەفەویان لەناو برد وپاشان نشوستیان هێنا بەسەر شیعەدا لە چاڵدێران. بەمەش هەستی دەوڵەت بەرامبەر جیهانی ئیسلامی زیندووکردەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی خۆی وەك پارێزەری موسوڵمانان ڕاگەیاندبوو[١].

٤ . هەست کردنی دەوڵەتی عوسمانی بەوەی پێویستە ئەم هێزی دووهەمە کە مەمالیکەکانە نەهێڵێت[٢].

٥ . پێکدادانی چەکدارانەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەکان کاریگەری خراپی دروستکرد لەسەر نرخی باجی گومرگی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگە کۆنەکانی ئەنادۆڵدا. بەڕاستی لە دوای ساڵانی ٩١٨ ك-١٥١٢ ز ڕێژەی هاوردە زۆر هاتە خوارەوە ئەویش لە ئەنجامی جەنگی نێوان سەفەوی و عوسمانیەکانەوە بوو کە زۆربەی ڕێگە کۆنەکانی بازرگانی داخست و مەترسیان کەوتە سەر و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێمە ئێرانی وعوسمانیەکاندا سنورداربوو،لەوانە اوردنی ئاوریشمی فارسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی زۆر دابەزی[٣].

٦ . پورتوگالیەکان سودی زۆریان وەرگرت لە ململانێی سەفەویەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و هەوڵیاندا کە ئابلۆقەیەکی گشتی بسەپێنن بەسەر دەریاکانی ڕۆژهەڵاتدا لە هەموو ڕێگە کۆنەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە[٤].

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية / ٥٦، ٥٧ .

[2] تأريخ العرب / ٣ .

[3] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٤٣٧ .

[4] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٤٣٨ .

٧ . کامەرانی ڕووی لە ئەوروپییەکان کرد بەهۆی جەنگەکانی نێوان عوسمانی و سەفەوی ، ئەوروپییەکان کاریان لەسەر ئەوە ئەکرد کە لەگەڵ شیعەی سەفەویدا بن لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بۆشپرزەکردنی تا نەتوانێت بەردەوام بێت لە کشانی بەرەو ئەوروپا[١] .

دووەم : ڕاکێشانی دەوڵەتی مەمالیك : پاش ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم سەرکەوت بەسەر سەفەویەکاندا لە باکورو ڕۆژئاوای ئێراندا ، دەستی کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی مەمالیك. چەند هۆکارێك بەشدار بوون لە ئاڕاستە بوونی عوسمانیەکان بۆ ڕاکێشان و پێکەوەلکاندنی شام و میسر ، لەوانە :

١ . هەڵوێستی دوژمنکارانەی مەمالیك لە دەوڵەتی عوسمانی ، ئەوەبوو قانصوی الغوری (٩٠٧-٩٢٢ك ، ١٥٠١-١٥١٦ز) سولتانی مەمالیکی هەستا بە پشتگیریکردنی هەندێ لە ئەمیرە عوسمانیە هەڵهاتوکان کە لە سوڵتان سەلیم یاخی بوون، لەپێش هەموویانەوە أحمدی برای سوڵتان سەلیم، دەسەڵاتە مەملوکیەکان دەیانویست ئەو ئەمیرانە وەك ئامێرێك بە کاریان بهێنن لە لایان خۆیانەوە بۆ دروستکردنی زەحمەتی زیاتر بۆ سوڵتان سەلیم، هەروەها هەڵوێستی ناباش (سلبی) دەوڵەتی مەمالیك لەدا کە پاڵپشتی مەعنەویان لە شا ئیسماعیلی سەفەوی ئەکردو نەیانتوانی بەتەواوی بێ لایەنی خۆیان لە نێوان عوسمانی و سەفەویەکاندا ڕابگرن، هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی ڕوونیان لە مەرسوڵتان سەلیم وەرنەگرتبوو!!

٢ . جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا لەسەر سنوری لە گرسوس لە ناوچەی نێوان لای باشوری ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك و باکوری شام ، لەو ناوچەیەدا چەند میرنشین و هۆزێك هەبوون کە لە نواندنی (ولاو) هۆگری بۆ

---

[1] القوة العثمانية بين البر والبحر / ١١١ .

دەوڵـەتی عوسمـانی و مـەمالیك دا ئـەملاولایان بـوو ، ڕاڕایيئـەو خێڵانـە مايـەی نائارامی پەيوەندی نێوان هـەردوو دەوڵـەت بـوو بوويـە سەرچاوەی ململانێيـەكی بـەردەواميش. سـوڵتان سـەليمی يەكـەم ويـستی سـەرەتا كێـشەی سـنور يـەكلا بكاتەوە بەوە دەست بەسەر تەواوی ناوچەكە و دانيشتوانەكەيدا بگرێت.

٣ . بڵاوبونـەوەی سـتەمی مـەملوكی لـەناو خەڵكيـدا و خواسـتی خـەڵكی شـام و زانايـانی ميـسر لـە ڕزگـاربوون لـە دەوڵـەتی مـەملوكی و لكانيـان بـە دەوڵـەتی عوسمانيەوە . جا زانايان و قازيەكان ناودارو‌پياو ماقووڵان و خاوەن ڕاكان لـەناو جـەماوەردا كۆبونـەوەو لـە بـاری خۆيـان دەكۆڵينـەوە ، پاشـان بڕياريـان دا كـە قازيـەكانی هەرچـوار مەزهەبەكـە پياوماقووڵان، عەريزەيـەك كـە جێـی ڕەزامەنـدی هەموان بێت بنوسن و تيايـدا لەگـەڵ سـوڵتان سـەليمی يەكـەمی عوسمانيـدا قسە بكەن و بڵێن : بەڕاستی گەلی سوريا لەسـتەمی مـەملوكی بێـزارو بـارگران بـووە و فـەرمانڕەواكانی مـەماليك پێـچەوانەی شـەرعی پـيرۆز ڕەفتـار دەكـەن ، جائەگـەر سوڵتان بڕياری پەلامار بۆ سەر دەوڵـەتی مـەملوكی بدات ، ئـەوا (گـەل) پێـشوازی لیٚ دەكات و خۆشی دەردەبڕێت بە هاتنی هەموو چين و توێژەكانی بۆ عينتـاب – كە لەدووری حەلەبەوەيەو– تەنها بە پێشوازی كردنيان بـۆ وولاتەكـەيان ناوەستن ، داوايان لە سوڵتان سەليميش كرد كە نوێنەری بنێرێت بـۆ لايـان ، وەك وەزيـریٚ كە جێگەی باوەڕبێـت تـا بـەنهێنی گفتوگۆيـان لەگەڵـدا بكـات و پـەيمانی ئـەمانيان بداتیٚ تادڵی خەڵك ئارام بگرێت و لە سەر و ماڵيان دڵنيا بن[11].

(د. محمدحرب)وا باس دەكات: كە ئەو بەڵگەنامەيە لە ئەرشيفی عوسمانيدا هەية لـە مۆزەخانـەی (طـوب كـابي) لـە ئەسـتانبوڵ بـە ژمـارە ١١٦٣٤ (٢٦) ڕوونـی دەكاتەوە كە وەرگێراوی بەڵگەنامەكە لـە عوسمانيـەوە بـۆ عـەرەبی بـەم شـێوەيەی خـوارەوە: (هـەموو خـەڵكی حەلـەب زانايـان و نـاودارو ناسـراوان ، خانـەدان و

---

11 العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٧٠ .

خەڵکانی وڵات، بەبێ هەڵاویرکردنی گوێڕایەڵی و پشتیوانیان بە خۆشی خۆیان بۆ سوڵتان (خوا سەربلندی بکات) دەدەبڕن و بەموڵەتی هەموو خەڵکی ئەم نامەیە دەنوسن : ئێمە ئەم نامەیەمان نوسی تا بنێردرێت بۆ لای جەنابی سوڵتانی گەورە ودڵنیاتان ئەکەینەوە کە هەموو خەڵکی (حەلەب) کە لە پشتیوانانی ئێوەن داوا ئەوە لە جەنابتان دەکەن کە ئەمانیان پێ بدەن، ئەگەر ئێوەش بڕیارتان دا ئەوا ئێمە ئەو شەڕکەسیانە دەگرین و دەیاندەینە دەستتان یان ڕاویان دەنێین ، هەموو خەڵکی حەلەبیش ئامادەی هاتنە دەم و پێشوازیتانن تەنها بەوەی پێ بخەنە نێو خاکی عینتاب ، ئەی سوڵتان! ڕزگارمان بکە لەدەستی حوکمی تاوان و زۆرداری (شرکسی) هەروەها لەدەستی بێباوەڕان بمانپارێزە پێش ئامادەبوونی تورکمان، با سوڵتانی گەورەمان ئەوە بزانێت : کە شەریعەتی ئیسلامی لێرەدا ڕێڕەوی خۆی نەگرتووەو کاری پێ ناکرێ، مەمالیکەکان حەزیان لە هەرشتێك بێت یەکسەر دەستی بەسەردا دەگرن، ئیدی ماڵو سامان بێت یان ئافرەت و خێزان. ڕەحم بە کەسیان مەکەن هەریەکەیان زۆردارێکە بۆ خۆی. ئەوان لە هەرسێ ساڵێك داوای پیاوێکیان لێدەکردین، ئێمەیش بەدەم خواستەکەیانەوە نەچووین ، ئەوانیش دەستیان دایە دوژمنایەتی کردنمان و حوکمی ناڕەوا دەربارەمان. (دەمانەوێت) پێش ئەوەی تورکمان بڕوات وەزیرێکی خۆتان بێت بۆ لامان ئەی سوڵتانی خاوەن دەوڵەت ، ئارامش و ئەمان بەخۆمان و کەسوکارو خێزانمان بدەن و کەسێکی جێباوەڕو متمانەی خۆتان بنێرن بۆ لامان تابە نهێنی بێت و پێمان بگات و پەیمانی ئەمان و پارێزراویمان بداتێ تا دڵی ئەو هەژارانە ئارام بگرێت . وصلی اللە علی محمد وعلی آلە أجمعین [1].

دەربارەی زاناو فیقهـ زانەکانی میسریش (عبداللە ی کوڕی رچوان) لەکتێبەکەیدا (تأریخ مصر) بە پێی دەستنووسی ژمارە(٤٩٧١) کە لە کتێبخانەی بایەزید لە

[1] العثمانیون في التأریخ والحضارة / ١٧٠ ، ١٧١ .

ئەستانبول هاتووە باسی ئەوە دەكات: كە زانایانی میسر (كە خودی خەڵكی میسر و نوێنەرانی ئەوێ بوون) بە نهێنی بەهەموو باڵیۆزێكی عوسمانی دەگەیشتن كە دەهاتە میسر ، وەگلەیی و گازندەی خۆیان و (سكاڵای ڕەوای خۆیان) لاباس دەكرد و (داوای ڕاپەڕینی دادی سوڵتانی عوسمانیان دەكرد تا بێت و میسر بگرێت، بەڕاستی زانایننانی میسر بەردەوام نامە گۆڕینەوەیان هەبوو لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەكەمدا تا بێت بۆ میسر بە سوپاكەیەوە ودەست بگرێت بەسەریدا مەمالیكەكانی لێدەر بكات[1].

٤ . ڕای زانایانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەبوو كە یەكگرتنەوەی شام و میسر لە بەرژەوەندی ئوممەتە و سوود بە ئامانجە ستراتیژیەكانی ئەگەیەنێت، چونكە مەترسی پورتوگالی لەسەر دەریای سورو ناوچە پیرۆزە ئیسلامیەكان و هەروەها مەترسی سوارەكانی (قدیس یوحەننا) لە دەریای ناوەڕاست هۆی سەرەكی بوو كە سوڵتانی عوسمانی هاندا تا ڕوو لە ڕۆژهەڵات بكات و لەگەڵ هێزە مەملوكیەكاندا بۆ ئەو مەبەستە لەسەرەتاوە هاوپەیمانی ببەستێت و دواتر هەموو قورساییەكە بگرێتە ئەستۆ بۆ بەرەنگاری ئەو مەترسیانە كاتێك كە حوكمی مەملوكی ڕماو نەما[2].

بۆ ئەمەیش ئەوە بەبەڵگە دێنینەوە كە سوڵتان سەلیم بە (تومان بای) كۆتا سوڵتانەكانی مەمالیكی وتووە پاش ئەوەی لە جەنگی ریدانیەدا شكستی پێهێنا (من تەنها لەسەر فەتوای زانایانی سەردەم و ئەم وڵاتانە) هاتووم، من بەرەو جیهادی ڕافیزەكان (واتە سەفەویەكان) و خراپەكارو لادەرەكان (واتە پورتوگالی و سوارەكانی قدیس یوحننا) ڕووم نابوو بەڵام كاتێك كە (میر غوری) سەركردەتان یاخیبوونی ڕاگەیاند بەسەربازەكانیەوە هات بۆ حەلەب و لەگەڵ

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة/ ١٦٩ .

[2] قراءة جديدة في التأريخ العثماني / ٧٠ .

ڕافیزیەکاندا ڕێککەوت و ئەوەی هەڵبژارد کە بچێتەمەملەکەتی من کە لە باوو باپیرانەوە بۆبەجێماوە، کە ئەمەم بۆ دەرکەوت، ڕافیزەکانم واز لێهێناو ملی ڕێگەم بەرەو ئەو گرت)[1].

أ : ڕووداني پێکدادانەکە: پاش ئەو پەرەسەندنانەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەکان ڕووی دا ، لەسەر سوڵتان قانصوهی مەملوکی پێویست بوو کە یەکێك لەم هەڵوێستانە بەرامبەر ڕووداوەکە وەربگرێت ، یان :

١ . بداتە لای عوسمانیەکان لە دژی سەفەویەکان.

٢ . بداتە لای سەفەویەکان دژی عوسمانیەکان.

٣ . یان بێلایەنی هەڵبژێرێت لە نێوان هەردوولادا .

(غوری) ئەوەی بە چاك ئەزانی کە بەبێ لایەنی خۆی نیشان بدات ، بەڵام دەزگای زانیاری عوسمانی دەستی گرت بەسەر دەقی هاوپەیمانیەکی نهێنیدا کە پەیوەندی نهێنی نێوان مەمالیك و فارس دووپات دەکاتەوە. دەقەکەش لە ئەرشیفی مۆزەخانەی (گوب قابو) لە ئەستانبوڵ پارێزراوە، سوڵتان سەلیم دەیویست هێرش بکاتە سەر شیعەی سەفەوی لە وولاتی فارسدا ، لەگەڵ ناجێگیری ڕووداوەکاندا ، سوڵتان سەلیم ئەوەی بەباش زانی کە پشتەوەی خۆی ئارام و دڵنیا بکات ، ئەوەیش بەوە دەبوو کە دەوڵەتی مەملوکی بخاتە سەر موڵکی خۆی.

هەردوو کۆمەڵ لە دەوروبەری (حەلەب) لە (مەرج دابق) لە ساڵی ١٥١٧ز دا بەیەك گەیشتن و عوسمانیەکان سەرکەوتن و (غوری) سوڵتانی مەمالیك کوژرا . لە دوای مردنی غوری عوسمانیەکان ڕێزی تەرمەکەیان گرت و نوێژی جەنازەیان لەسەر کرد و لە دەوروبەری حەلەب ناشتیان . سەلیم چووە حەلەب ، پاشان دیمەشق و

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٧١ .

لەمزگەوتەکاندا دۆعای بۆ کراو دراو بەناوی ئەوەوە وەك سوڵتان و خەلیفە لێدرا [1].

لە شامەوە سوڵتان سەلیم نامەیەکی نارد بۆ (گومال بای) کە سوڵتانی مەمالیکەکان بوو لە میسر تا پابەندی گوێڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی بێت ،وەڵامی مەمالیکەکان ئەوەبوو تێر گاڵتەیان بە نوێنەری سوڵتان کرد و دواتر کوشتیان. سوڵتان سەلیم جەنگی ڕاگەیاند و بەرەو میسر کشاو بیابانی فەلەستینی بەرەو میسر بڕی و قەدەری خوا باران داباری بەسەر شوێنەکان گەشتی هێرشەکەدا کە بڕینی بیابانی لماوی بۆ ئاسان کردن چونکە بارانەکە لمەکەی تەڕو پاراو و توندکردەوە کە تێپەڕبوون بەسەریدا ئاسان بوو.
(سلام نوری) مێژوونوسی خاوەنی دەستنوویی (فەتح نامە دیار العرب) کە هاودەمی سەلیم بوو دەگێڕێتەوە کە : سەلیمی یەکەم لە مزگەوتی (صخرە) لە قودس بەتوندی و گەرمی دەگریا و نوێژی پێویستی* کرد وەك پاڕانەوە لە خوا کە میسری بۆ فەتح بکات .
عوسمانیەکان سەرکەوتنێکی تەواویان بەسەر مەمالیکدا بەدەست هێنا لە جەنگی (غەززە) پاشان لە جەنگی زیدانیە دا .
ئەوهۆکارانەی بونە هۆی شکستی مەمالیك و کۆتایی پێهێنانی دەوڵەتەکەیان و سەرکەوتنی عوسمانیەکان و بەرزبوونەوەی ئەستێرەیان چەند شتێك بوو:
١ . پێشکەوتنی سەربازی لەلای عوسمانیەکان: چەکی تۆپهاوێژی مەملوکی پشتی بە تۆپگەلێکی گەورەی جێگری نەجولاوی دەبەست ، لە کاتێکدا چەکی تۆپهاوێژی عوسمانی پشتی بە تۆپی سوکی شیاو بۆ جولان دەبەست بەرەو هەموو ئاراستەکان .

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٢٩ .

٢ . سەلامەتی نەخشە و پلانە سەربازیەکانی عوسمانیەکان : لەگەڵ ئەوەی عوسمانیەکان بۆ بڕینی ماوەیەکی زۆر کە ناچار بوون بە بڕینی و جەنگیان لە زەویەکدا کە هی دوژمن و بەرامیەرەکەیان کە مەمالیك بوون کەچی کتوپڕ دایان بە سەریاندا و شەڕەکەیان هەڵگیرساند، هەموو ئەمانە دەچوونە نێو هۆکارەکانی سەرکەوتن. سەلامەتی نەخشە و پلانەکانی عوسمانی لەوەدابوو کە هێزە عوسمانیە کان لە پشت تۆپە قورسەکانی مەمالیکەوە هێرشیان کردنەسەر کە ئەگەر بویستراية بجولێنرێن نەئەتوانرا بجولێنرێن چونە ناوەوەی ئەو هێزە عوسمانیە بەتوانایە لە ڕێگەی هەڵمەت و بڕیندا کە ڕۆلی تۆپی مەملوکی لە کار خست، دواتر شپرزی لە نێو سوپای مەملوکیدا ڕوویدا و توانای بەرگریان نەما لە پشت عوسمانیەکانەوە بە ناڕێك و پێکی هەر ئەهاتن بەیەکدا.

٣ . مەعنەویاتی بەرزی سوپای عوسمانی و پەروەردە بەرزە جیهادیەکەی و بڕوا بوونی بەوەی کە جەنگەکەی دادپەروەرانەیە ، بەپێچەوانەی هێزە مەملوکیەکان کە ئەو سیفەتانەیان لە دەست دابوو.

٤ .سوور بوونی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر پابەند بوون بەشەرع لە هەموو لایەنەکانی ژیان و گرنگیدانی زۆریان بە دادپەروەری لە نێو ڕیزی ئەندامانی دەوڵەت دا ، بە پێچەوانەی دەوڵەتی مەملوکی کە لایدابوو لەو شەریعەتە بێوێنە بەرزەو هەر خەریکی ستەم بوون بەسەر تاك و ئەندامانی دەوڵەتەکەیاندا[1].

٥ . بوونی کۆمەڵێکی سەرکردایەتی لە کاربەدەستانی مەمالیك کە بڕوایان وابوو بدەنە پاڵ سوپای سوڵتان سەلیم و ئامادەی هاوکاریکردن بوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایی لە چوارچێوەی حوکمی

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة /٣١ .

عوسمانيدا ، له نموونەی ئەوانە: (فایر بەگ) کە سوڵتان سەلیم حوکمی میسری دایە دەست، (جان بردی غەزالی) کە دواتر حوکمی دیمەشقی گرتەدەست [1].

بەڕاستی مەمالیك تووشی شکست و داڕمان بوونەوە لەساڵی ١٥١٦ - ١٥١٧ ز ، لەکاتێکدا کە لە تەمەنی پیری دەوڵەتەکەیان و کۆتا لاپەڕەکانی مێژوویاندا بوون وەك هێزێکی ئیسلامی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان لە جیهاندا، ئەوان زیندوێتی و توانای خۆیان لەدەست دابوو نەیانئەتوانی گەنجێتیان تازە بکەنەوە ئەوەبوو دەوڵەتەکەیان ئاوابوو و ئەو وڵاتانەی لەژێر فەرمانڕەواییاندابوون کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی [2].

(د. علی حسون) کە لە (جبرتی) وەرگرتووە لە کتێبەکەیدا (تأريخ عجائب الآثار في التراجم والأخبار) لە بەرگی یەکەمدا وەسفێکی بۆ سەردەمی حوکمی عوسمانیەکانی کردووە لە میسردا لەکاتی سوڵتانە بەهێزەکانیاندا کە بڕێکی لێ وەردەگرین: (میسر گەڕایەوە بۆ سەردەمی نوێنەرایەتی، هەروەك لەسەردەمی ئیسلامدا هەبوو . کاتێکیش سوڵتان سەلیم کاروباری میسری کەوتە دەست، لە هەموو ئەوانە خۆش بوو کە چەرکەسی و منالی چەرکەسی بوون، دەستی نەبرد بۆ وەقفەکانی سوڵتانە میسریەکان ، بەڵکو بڕیاری کارکردنی پەمووچڕی و وەقفەکان و شوێنە خەیریەکان و ئالیك و کرێی دوو شارە پیرۆزەکە و گەنجینەکاندا وە موچەی بۆ هەتیوان و پیرو خانەنشینەکان و بەڕێوەبەرانی قەڵاو سەنگەرنشینان بڕیەوە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی داگیرکاری و سەرانە و باجی دا. کاتێك کە مرد کوڕە جەنگاوەرەکەی کە سوڵتان سولەیمانە (بەڕەحمەت بێت) هاتە جێگەی کە ڕێسا و یاسای دەمەزراند و مەبەستی دانا بۆ شتەکان و هەرێمەکانی ڕێك خست و تاریکیەکانی چراخان کردەوە و بانگۆی ئایینی بەرز

[1] الشعوب الإسلامية / ٩٣ .

[2] الشعوب الإسلامية /٩٢ .

کـردەوە و ئـاگری بێبـاوەڕانی کوژانـدەوە....دوای ئـەوان بـەردەوام وڵاتـەکان ڕێکوپێکی بەڕێوە ئەڕۆیشتن و گوێڕایـەڵی حوکمی ئـەوان بوون... عوسمانیـەکان بەتایبەت لە سەرەتای دەوڵەتەکەیانـدا کەسانی وایـان هـەبوو چاکترین کەسـانێك بوون کە دوای خەلیفەکانی ڕاشیدین کاروباری ئەم ئوممەتـەیان گرتبێتـە دەسـت، چاکترین کەسێك بوون کە بەرگریان لەم ئایینە کردبێت، قارەمانترین کەسێك بوون کـە جیهـادی بێباوەڕانیـان کردبێـت، هـەر بۆیـە خـوا لەسـەر دەسـتی ئـەوان و نوێنـەرانی ئەوانـدا ئـەو هـەموو وڵاتـەی ئـازادکرد.... لەگـەڵ ئەمانـەدا هـەرگیز کاروبـاری دەوڵـەتیان فـەرامۆش نەئـەکرد و هـەروەك ناوچـەو سـنورەکان و بـەرز ڕاگــرتنی دروشمــە ئیــسلامیەکان و ســوننەتە محمدیەکانیــشیان پــشتگوێ نەدەخست و حورمـەتی زۆری زانایـان و ئـەهلی ئایین و خزمـەتگوزارانی کەعبـەو مزگەوتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لابوو[1].

ب : <u>باسـی گواسـتنەوەی خیلافـەت</u>: باسـی گواسـتنەوەی خیلافـەت بـۆ ئـالی عوسمـان پەیوەنـدی بـە ئـازادکردنی میـسرەوە هەیـە لەلایـەن عوسمانیەکانـەوە، ووتویـشیانە : کۆتـا خەلیفـەی عەبباسـیەکان لـە قـاهیرە نەوازشـی لـە خیلافەت کـردوە بـۆ سـەلیم . هـەروەها مێژوونووسـی هاوچـەرخ (ابـن إیـاس) لـە باسـی ڕاکێشان و پێکەوە لکانی میسر بە دەوڵەتی عوسمانیەکانەوە باسـی شتی وای نەکردووە، هەروەها ئەو نامانەی کە سوڵتان سـەلیم نـاردی بـۆ سولەیمانی کـوڕی هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەهاتووە بە نەوازش پێکردنی خەلیفە لە نازناوی خـۆی بـۆ سوڵتان . هەروەها سەرچاوە هاوچەرخەکانیش ئاماژە بە مەسەلەی گواسـتنەوەی خیلافەت بۆ ئالی عوسمان بە ڕێگەی نەوازش کردن ناکەن ، کە لە نـەوەو وەچـەی پێغەمبەریش نین (صلی الله علیه وسلم).

---

[1] تأریخ الدولة العثمانیة / ٦٣ .

ڕاستی مێژوویی دەڵێت : سوڵتان سەلیمی یەکەم نازناوی (خەلیفەی خوا لە هەموو زەویدا) ی لە خۆی نا ، لە ساڵی ١٥١٤ ز ، ٩٢٠ك ، واتە : پێش فەتحکردنی شام و میسر و ڕاگەیاندنی حیجاز بە سەردانەواندنی بۆ ئالی عوسمان . جا سوڵتان سەلیم و باوباپیرانی پێگەیەکی گەورەیان بەدەست هێنا کە لەبار بوو بۆ بەکارهێنانی نازناوی خەلیفە ، لە کاتێکدا مەرکەزی خەلیفە لە قاهیرەدا هاوشێوەی نەبوو، هەروەك فەتحکردنەکەی سەلیم توانای دەسەڵاتێکی مەعنەوی و ماددی بۆ بەدەست خست بەتایبەت دوای چوونی مەککەو مەدینە بۆ ژێر دەسەڵاتی سوڵتان . سوڵتانی عوسمانی بوو بە پەناگەیەك بۆ ئەو موسوڵمانە لاوازانەی کە دەگەڕان بەدوای یارمەتیدانیدا لە دوای ئەوەی پورتوغالیەکان هێرشیان کردەسەرد ناوچە ئیسلامیەکان لە ئاسیاو ئەفەریقادا .

پوختەی باسەکە ئەوەیە کەسوڵتان سەلیم گرنگی بە نازناوی خەلیفە نەدەدا ، هەروەها سوڵتانەکانی تری عوسمانی دوای خۆیشی وابوون ، گرنگی دان بەو نازناوەش هەندێ لە لاوازیەکانی دەوڵەتی عوسمانی گەڕاندەوە [1] .

ج : هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی مەملوکی : لێرەدا چەند هۆکارێك کۆبوونەوە و یارمەتیان دا لە کۆتایی پێ هێنانی دەوڵەتی مەمالیك ، گرنگترینیان :

١ . گەشەنەدانی مەمالیك بە چەك و هونەرە جەنگیەکانیان ، مەمالیکەکان پشتیان دەبەست بە نیزامی سوارەیی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زاڵ و بەرچاو بوو . عوسمانیەکان پشتیان دەبەست بە بەکارهێنانی چەکی ئاگرین و بەتایبەت تۆپ .

٢ . زۆری ئاژاوەو ڕاڕایی و پێکدادانەکان لە نێوان مەمالیکدا لەمەڕ ویلایەتی حوکم کە بوویە هۆی نەبوونی جێگری فەرمانڕەوایی حوکم لەسەرختترین کاتەکاندا .

---

[1] الدولة العثمانية في التاريخ الإسلامي الحديث / ٦١-٦٢ .

٣ .بێزاری ژێردەستەکان لە سوڵتانە مەمالیکەکان ، کە چینێکی ئەرستۆکراتی سەرەوەی دوورەپەرێز لەگەلەکانیان پێك هێنابوو .
٤. لێدانی هەندێ ناکۆکی و بەش بەشی لە نێو ڕیزەکانی مەمالیکدا ، هەروەك والی حەلەب (خایربك و جانبرد الغزالي) کردی کە بوویە هۆی پەلەیی ڕووخانی دەوڵەتی مەملوکی .
٥ . خراپی بارودۆخی ئابووری و بەتایبەت کاتێك ڕێگەکانی نێو میسر گۆڕان و دۆزینەوەی ڕێگەی لوتکەی هیوای چاك (رأس الرجاء الصالح) ڕوویدا .
٦. هۆکاری کەرەوەی هۆکارە پێشینەکان : لاوازی پابەندی مەمالیك بوو بە بەرنامەی خواو لە
بەرامبەریدا بەهێزی دەست پێوەگرتنی عوسمانیەکان بەشەرعی خوا [١].
د : ملکەچی حیجاز بۆ عوسمانیەکان : حیجاز شوێن کەوتەی مەمالیك بوو ، کاتێك شەریفی مەککە زانی بەکوژرانی سوڵتان غوری و تومان بای جێگری، شەریفی مەککە (بەرەکاتی کوڕی محمد) ی نارد بۆ نواندنی گوێڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم و کلیلەکانی کەعبە و هەندێ شوێنەواری دایە دەست ، بەمە سوڵتان سەلیم دانی نا بە شەریفی حیجازدا وەك ئەمیری مەککە و حیجاز و چەند توانستێکی (صلاحيات) بەرفراوانی پێبەخشی [٢].
بەمە سوڵتان سەلیم بوو بە خزمەتگوزاری هەردوو حەرەمی پیرۆز و پێگەی تەواو بەهێز بوو لە لای گەلانی ئیسلامی و بەتایبەت دەوڵەت چەند وەقفێکی زۆری دانا بۆ ناوچە پیرۆزەکان ، دەسکەوتەکانی لە خەزێنەیەکی سەربەخۆی کۆشکی سوڵتانیدا دادەنرا ، پێکەوەلکانی حیجاز بە عوسمانیەکان بووە هۆی فراوانی دەسەڵاتدارێتی عوسمانی لە دەریای سوردا کە بوو بە هۆی لابردنی مەترسی

---

[1] تأريخ العرب الحديث / ٤٠ .
[2] تأريخ العرب الحديث / ٤٠ .

پورتوگـالی لـه حیجـاز و دەریـای سـووردا. ئـەوەیش تـا کۆتـایی سـەدەی ١٨ بەردەوام بوو [1] .

ه : <u>یەمـەن</u> : دوای شکستی مـەمالیك فـەرمانڕەوای مـەملوکی چەرکەسـی یەمـەن (إسکندر) وەفدێکی نارد بۆ لای سوڵتان سەلیم تاکوو هۆگری و گوێڕایـەڵ بوونی خۆی بۆ بخاتە ڕوو، سوڵتانی عوسمانیش ڕازی بوو بەمانەوەی لە پایـەی خۆیدا ، یەمەن پێگەیەکی ستراتیژی پێکدەهێنا و بەکلیلی دەریای سوور دادەنرێت ، لـە سـەلامەتیدا ، سـەلامەتیە بـۆ پێگـە پیرۆزەکـان لـە حیجـازدا ، دەسـەڵاتداری عوسمانی لە سەرەتادا لاواز بوو ، بەهۆی ململانێی ناوخۆیی نێوان سەرکردەکان و مـەمالیك لـە بواری قەڵـەمڕەوی ئیمامـەتی زەیدیەوەلـە نێو هۆزەکانی شاخدا . ئەمـە و لەگـەڵ مەترسـی پورتوگـالی کـە هەڕەشـەی کـەنارە یەمەنیـەکان دەکـرد ، ئەمـەش سـوڵتانی پـاڵ پێوەنـا بـۆ نـاردنی هێزێکـی دەریـایی ، بـەڵام بـەهۆی ئـەو ململانێیـەوە سـەرنەکەوت کـە لـە نێـوان سـەرکردەکەیدا (حـسین رۆمـی) تـەواو سەربەسـت لـە جموجوڵـدا و (ڕەیـس سـلمان)ی یـەك لـە سـەرکردە عوسمانیـە دەریاوانەکاندا ڕوویدا [2] .

پاشـان سـوڵتان سـلیمان(سـلیمان پاشـای أرنـائۆوگی) هێرشـێکی نـارد لەسـاڵی ٩٤٥ك ١٥٣٨ ز ، هێرشـەکە ٧٤ کەشـتی و ٢٠٠٠٠ کەسـی لـە خـۆ گرتبـوو کـە ئامانجی هێرشەکە داگیرکردنی یەمەن و بەتایبەت عەدەن بوو ، پاشان داخستنی گـەرووی بابولمەنـدەب لـە بـەردەم کەشـتیە پورتوگالیەکانـدا . عوسمانیـەکان لـە ساڵی ٩٤٦ك ١٥٣٩ز دا چونە عەدەن و لە ٩٥٢ ك ١٥٤٥ز چوونە تعر ، سەنعایش لـە سـاڵی ٩٥٤ك ، ١٥٤٧ ز دا کەوتـە نێـو دەسـتیان ، سـلیمان پاشـا بـە کەشتیگەلەکەیەوە ڕۆیشت تاکوو دەست بگرێت بەسـەر هەنـدێ ناوچـەی عـەرەبی

---

1 تأريخ العرب الحديث / ٤١ .

2 تأريخ العرب الحديث / ٤١ .

لــه حەزرەمــەوت ، لەوانــه (الــسحر، المكــلا) و كــەناری حەبەشــه و ســەواكین و مصوعی له سەر كەناری ڕۆژئاوای دەریای سووری گرتەوه له ٩٦٤ك ، ١٥٥٧ز .
یەمەن له ماوەی ملكەچبوونیدا بۆ حوكمی عەباسـی (١٥٣٨، ١٦٣٥ز) بەردەوام له ململانێی هێزه عوسمانیەكان و ئیمامەته زەیدیەكاندابوو . جا عوسمانیەكان نەیانتوانی كه تەواو زاڵبن بەسەر شارەكاندا له ئەنجامی ئەو بزوتنـەوه بەرگریـەی كه بەرەنگاریان بوویەوه [1] .
بەڕاسـتی یەمـەن لـه مـاوەی زاڵبـوونی دەوڵـەتی عوسـمانی بەسـەریدا (١٥٣٨ – ١٦٣٥ز) هێزەكانی عوسمانی و ئیمامەته زەیدیەكەی ململانێیـان بوو لەسەری ، جـا عوسمانیـەكان نـەیانتوانی بەتـەواوەتی زاڵ بـن بەسـەر شـارەكانیدا بـەهۆی هەڵگێڕانەوەی هەندێ له هۆزەكان [2] .
عوسمانیـەكان لـه بونیـان لـه یەمەنـدا سـودیان وەرگـرت و هەسـتان بـه چـەند هێرشـێكی دەریـایی بـۆ سـەر كەنـداو بەمەبەسـتی ڕزگـاركردنی لـه فـشاری پورتوگالی [3] .
سێیەم : ململانێی عوسمانی پورتوگالی : دەوڵەتی پورتوگال لەساڵی ١٥١٤ ز دا هەستا به بزواندنی هێرشێك بۆ سەر ڕۆژئاوای دوور كه سەركردە هنری گەشتیار سـەركردایەتی دەكـرد . ئـەو هێرشـه تـوانی بەنـدەری سـەبتەی ڕۆژئـاوایی داگـیر بكـات . ئەمـه سـەرەتایەك بـوو بـۆ زنجیرەیـەك لـه كـاره دوژمنكارییـه یـەك بەدوای یەكدا هاتووەكان [4] .

---

[1] تأريخ العرب الحديث / ٤١ .
[2] تأريخ العرب الحديث / ٤٢ .
[3] تأريخ العرب الحديث / ٤٢ .
[4] التأريخ الأوروبي الحديث في عصر النهضة الى مؤتمر فينا / ٤٨ .

پاشان پورتوگال هێرشەکانی گەیاندە باکوری ئەفریقی تاکوو زاڵبوو بەسەر ئەصیل و ئەرائیش و دواتر تەنجە لە ساڵی ١٤٧١ زدا[١].

دوای ئەوە چاوچنۆکیەکانی گەیاندە مەڵبەندە تەواو گرنگەکانی وەك بەندەری (أسفی ، ئەغادیر ، أزمورە ، ماسە)[٢].

ئەو ئاراستەی پورتوگال کە بەرەو زەریای ئەتڵەسی و هەوڵی چواردەوردانی جیهانی ئیسلامی بوو ئەوا بەپلەی یەکەم بە پاڵپشتی خاچپەرستی دڵڕەقانە دژ بە موسوڵمانان کاریکرد. کاتێك پورتوگال وای دەردەبڕی کە ئەو سەرخەرو پارێزەری مەسیحییەتە و دژی موسوڵمانان و کوشتنی موسوڵمانانی بەپێویستیەکی گرنگ و یەکلایی داناو ئیسلامی وادەدیت کە دوژمنی ناحەزیەتی و پێویستە لە هەموو شوێن کوشتاری بکەیت[٣].

هنری گەشتیار دەمارگیری توندی هەبوو بۆ مەسیحیەت و تەواو ڕقی بوو لە موسوڵمانان ، هنری ئەمەی لەلای پاپا نیقولای پێنجەم بەدەست هێنابوو وەك مافێك لە هەموو دۆزینەوەکانیدا هەتا گەیشتە هیند ، بەوەی دەڵێت : (بەختەوەری گەورەمان ئەوەیە کە دەزانین هنری کوڕمان ئەمیری پورتوگال ڕێبازو جێپێی باوکی گەورەی پاشا یوحەننا دەنوێنێت ، ئەو غیرەتەی قوتداوە و لوش داوە کە دەرونە بەرزەکان دەبنە خاوەنی وەك سەربازێکی نەبەردی سەربازانی مەسیح ، بەناوی خواوە بەرەوپێش چوو بۆ ئەوپەڕی وڵاتەکان و دورترین شوێنەکانی جێماوەی زانیاریمان ، هەروەك لە نێو کۆشکی کاسۆلیکیە دلێرەکاندا دوژمنانی خواو مەسیحی وەك عەرەب و بێباوەڕانی دەرکرد ..)[٤].

---

1 الکشوف الجغرافية / ٩٩، ١٠٠ .

2 الکشوف الجغرافية / ٩٩، ١٠٠ .

3 آسيا الوسطى المغربية / ٢٤، ٢٥ .

4 دراسات متميزة من العلاقات بين الشرق والغرب / ٥٨ .

بوكرك لەو ووتارەیدا كە دای بۆ سەربازەكانی لە دوای گەیشتنی بە (مەلقا) بەم دەقە ووتی : (دورخستنەوەی عەرەب لە بازرگانی (افاویە) ئەو هۆكارەیە كە پورتوگالیەكان بۆ لاوازكردنی هێزی موسوڵمانان خوازیارینی) .
لەهەمان ووتاردا ووتی: (ئەو خزمەتە بەرزو بەنرخەی كە پێشكەش بە خوای دەكەین وەدوونانی عەرەب لەم وولاتانەو كوژاندنەوەی ڕوناكی یارانی محمد بەجۆرێك كە جارێكی تر كڵپەو گڕێكی تر نەبینێت بەخۆوە لێرەدا ، ئەوەش چونكە من دڵنیام ئەگەر ئێمە بازرگانی (مەلقا) مان لە دەستیان دەركرد (واتە موسوڵمانەكان) ئەوا هەریەك لە قاهیرەو مەككە دەبنە شوێنەوارێكی دوور لە چاو ، لە بوندوقیەش هەموو بازرگانیەكی لێ بێبەش دەبێت گەر بازرگانەكانی نەچن بۆ پورتوگال بۆ شەڕكردن لێرەدا)[1].
ڕۆژێكی تریش ووتی: (ئامانجمان گەیشتنە بە شوێنە پیرۆزەكانی موسوڵمانان و كاولكردنی مزگەوتی پێغەمبەر و بردنی لاشەی پێغەمبەر محمد وەك ڕەهینە تاكوو بەرەنگاری عەرەبی پێبكەین لە پێناو گەڕاندنەوەی قودس)[2].
عەمانوئێلی یەكەمی پاشای پورتوگال بە ئاشكراكردنی ئامانجی هێرشە پورتوگالیەكان دەڵێت : مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەی دەریایی بۆمینا بڵاوكردنەوەی مەسیحیەت و بەدەستخستنی سامانی ڕۆژهەلاتی بوو[3].
هەروەها بۆ توێژەری بەویژدان دەردەكەوێت : كە پاڵنەری ئایینی بۆ دۆزینەوە جوگرافیەكان لە گرنگترین ئەو هۆكارانە بوو پورتوگالی هاندا بۆ تێپەڕاندنی دەریاكان و سوڕانەوە بەدەوری جیهانی ئیسلامیدا . بوكرك بڕیارو فرمانەكانی دەركردو وێنەی خاچ و تۆپەكان نەخشێنرا وەك دروشمی هێرشەكان ، ئامانج

1 دراسات متميزة من العلاقات بين الشرق والغرب / ٥٩.
2 الدولة العثمانية دولة إسلامية : ٢ / ٦٩٨ .
3 موقف أوربة من الدولة العثمانية / ٣٧ .

لەوەیش ئەوە بوو کە لەسەر موسوڵمانانە مەسیحیەت لەکۆش بگرن ، ئەگەر نا دەبێت بەرەنگاری تۆپەکان ببنەوە .

پاڵنەری ئابوری لە پلەی دووەمدا بوو ، وەك هۆکارێکی کاریگەر لە گەڕانی دۆزینەوە جوگرافیە پورتوگالیەکان ، کە دۆزینەوەی ڕێگەی لوتکەی هیوای چاك (رأس الرجاء الصالح) ی لە ساڵی ٩٠٤ك ، ١٤٩٧ ز ئاسان کرد بەهۆی فاسکودی ماجا جێگرنگی گەیشتنی بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور بە بازاڕە ئەوروپیەکان بەبێ پێویستی تێپەڕبوونی بەڕێگەی میسردا . ئەمەش یارمەتی گۆڕینی هێڵی بازرگانی دا لە ناوچەکانی تێپەڕبوونی عەرەبی و ئیسلامیەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاینی . ئەمەش بەوەی کە بواری ئابوری کاریگەری بەهێزی هەبوو لە لاوازکردنی هێزی ئیسلامی کە کاریگەریەکەی گەیشتە لە راندن و شۆکاندنەوەی ئەوروپا بۆ چەند سەدەیەك بەهۆی ئەو لاوازی بازرگانیەی کە دەوڵەتی مەمالیکی بەهۆی ئەو گۆڕانە لە ناکاوەوە توشی بووبوو [1] .

ئەوەی شیاوی باسکردنە ئەوەیە : پورتوگالیەکان لە هێرشەکانیاندا داوای یارمەتی و پاڵپشتیان لە جولەکەکان کرد کە وەك جاسوس بەکاریان دەهێنان . لەمەشدا شارەزاییان لە زمانی عەرەبی یارمەتی دان ، بۆ نمونە پاشای پورتوگال یوحەننای دووەم خزمەتگوزارە تایبەتیەکەی خۆی نارد بۆ میصرو هیندستان و حەبەشە کە هاوڕێیەکی جولەکە بوو لەگەڵیدا. ئەنجامی کۆچ و سەفەرەکەیان پێشکەشکردنی پەیامێك بوو کە هەندێ نەخشەی عەرەبی وسەر زەریای هیندیان گرتبوە خۆ [2] .

إبن إیاس باس دەکات : لە سەردەمی شەریف بەرەکاتی ئەمیری مەککەدا سێ کەس چوونە نێو مەککەو بەدەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە کە جل و بەرگی

---

1 دراسات متميزة / ٦٠-٦١ .

2 أوربة في مطلع العصور الحديثة : ١/ ١٢٣ .

عوسمانیان لەبەربوو و بەعەرەبی و تورکی قسەیان دەکرد ، ئەویش فەرمانی کرد بە گرتنیان و دەرخستنی جەستەیان . ڕوون بوویەوە کە مەسیحین ، چونکە ئەوان خەتەنە نەکرابوون ، پاش لێکۆڵینەوەیان دەرکەوت کە ئەوان جاسوسن و نێردراون بۆ کارکردن وەك ڕێنیشاندەری سوپای پورتوگالی خاچپەرستی لە کاتی چونە نێو مەککە پاش ئەوە نێردران بۆ لای سوڵتان قانصوەی غوری .

بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پورتوگالیەکان ، سیاسەتمەدارو گێڕەوە دۆزینەوەکان پێویستی دەستەسەرداگرتنی گەروی (هورمز) یان دادەنا تاکوو دوژمنانی ئیسلام هێرشەکەیان لە پشتەوە بۆ سەر جیهانی ئیسلامی دەستپێبکەن و دەماری بازرگانی لەناوچە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا وەلاخەن و دواتر مەسیحیەت لە هەموو ئەو شوێنانە بڵاو بکەنەوە کە پێی دەگەن[1] .

پورتوگالیەکان لە پلانەکانیاندا سەکەتووبوون و توانیان زاڵبن بەتێپەڕگە بازرگانیەکانی لە کەناری ئەفریقی و کەنداوی عەرەبی و دەریای عەرەبدا و هەستان بە ڕێگری گەیشتنی بەرهەمە ڕۆژهەڵاتیەکان بۆ ئەوروپا لەو ڕێگەیەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەوەیش نەبوونی هیچ ڕکەبەرێکی دەریایی یان یارمەتیدان تا زاڵبن بەسەر مەڵبەندە گرنگەکاندا. پاشان پورتوگالیەکان دەستیان نەگرتەوە لە بەکارهێنانی توندو تیژی دژ بە ئەو ناوچانەی کە پێیان دەگەیشتن و داگیریان دەکردن ، قەسابخانە و خستنەوەی ئاگرو کاول کردن و دەستدرێژی کردنە سەر ئابڕوی خەڵك و ڕێگری موسوڵمانان بوو چوون بۆ حەج و ڕوخاندنی مزگەوتەکان بەسەریاندا لەو دیمەنانە بوون[2] .

هەڵوێستی موسوڵمانان لەو جەنگە دڵڕەقانەدا ئەوە بوو کە مەمالیکەکان لەو کاتەدا لە بارێکی نالەباردا بوون چونکە لاوازی ئابووری و سیاسیان توش بوبوو

---

[1] موقف أوربة من الدولة العثمانية / ٣٨ .

[2] علاقة ساحل / ١٩ .

و سـوڵتانەکان سـەرقاڵ بـوون بـە کێـشە ناوخۆییـەکان و سـەنگەرگرتنی دژبـە دەوڵـەتی عوسمـانی و سـەرکوت کردنـی چـالاکی سـوارە ئیـسپارتیەکان لـە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا [1].

بۆیە دانیشتوانی کەناری ئەفریقی و کەنداوو یەمەن سەرەنجامیان بەرەو ڕووی خۆیان بوویەوەو لە هەموو شوێن لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاو لە مەسقەت و بەحرەین و قریات و عەدەن هێرشیان دەکردە سەر پارێزگە پورتوگالیەکان بەبێ گوێدانە جیاوازی کێشی تواناییان [2].

پاشان مەمالیکەکان هەستیان کرد بە بەرپرسیارێتی لەگەڵ بوونی ئەو کێشانەی کـە دەوڵەتەکـەیان تیایـدا دەژیـا ، جێش لـە توانایانـدا بـوو خـستیانە گـەڕ بـۆ سـنوردارکردنی گەیـشتنی پورتوگالیـەکان بـە پێگـە پیرۆزەکـان ، جـا سـوڵتان قانصوە الغوری هەستا بە ناردنی هێرشێکی دەریایی پێکهاتوو لە (١٣) کەشتی کە ١٥٠٠ کەسی تێدابوو بەسەرکردایەتی حوسەینی کوردی و گەیشتە کەنداوی (دیـو) پاشـان (شـول) و لەگـەڵ کەشـتیگەلی پورتوگالیـدا بـە یەکگەیـشتن بەسـەرکردایەتی (الـونزدی الميـدا) ئـەوەیش لـە سـاڵی ٩١٤ ك ، ١٥٠٨ ز دا و سەرکەوتن بوو بە بەش وهاودەمیان . پاشان پورتوگال هێزەکانیان بەهێز کرد و جـارێکی تـر زەویـان گەڕانـدەوە بـۆ خـۆ کـە بـووە هـۆی شکـستی کەشـتیگەلی ئیسلامی لە ساڵی ٩١٥ك ، ١٦٠٩ ز لە جەنگی (دیو) ی بەناوبانگ لە مێژوودا [3].

دەوڵەتی عوسمانیش لەسەرەتادا دووربوو لە مەیدانی جەنگەکەو نێوانی ئەو و پورتوگال دەوڵەتی مەمالیك و دەوڵەتی سەفەوی بوو ، لەگەڵ ئەوەیشدا سوڵتان بایەزیدی دووەم داوای یارمەتی سوڵتان غوری پەسەند کرد دژ بە پورتوگالیەکان

---

1 دراسات في .../ ١١٤ .

2 موقف أوربة من الدولة العثمانية / ٣٨ .

3 النفوذ البرتغالي في الخليج العربي / ١٠٦ .

له مانگی شەوالی ساڵی ٩١٦ك ، ١٥١١ز چەند کەشتیەکی هەڵگری تیرو ڕم و چل سندوقی باروت و چەندین پێداویستی تری سەربازی و ماڵ و سامانی پێویستی نارد[١]. بەڵام ئەو یارمەتیە بەتەواوی نەگەیشت بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ سوارەکانی قدیس یوحەنناندا[٢].

پاش ئەوەی عوسمانینەکان وولاتی میسرو شامیان گرتەخۆو وولاتانی عەرەبی چوونە ژێر باری فەرمانڕەوایی عوسمانی دەوڵەتی عوسمانی بەرەنگاری پورتوگالیەکان بوویەوە بە دلێریەکی کەم وێنەوە و توانی هەندێ بنکەو شوێنی ئیسلامی لەدەریای سوربگێڕێتەوە وەك (مصوع ، زەیلەع) هەروەك توانی هێزێکی دەریایی بەسەرکردەیی میرعەلی بەگ بنێرێت بۆ کەناری ئەفریقی بەمەیش ڕزگارکردنی مەقدیشۆ و مەبسە هاتەدی و سوپا پورتوگالیەکان کەوتنە ژێر باری زیانگەلێکی گەورەوە [٣].

لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی ٩٢٧-٩٧٤ك ، ١٥٢٠ -١٥٦٦ز ، دەوڵەتی عوسمانی توانی پورتوگالیەکان لەدەریای سور دوور بخاتەوە و هێرشیان بکاتە سەر لەومەڵبەندانەی کە لە کەنداوی عەرەبیدابوون و تیایدا نیشتەجێ بووبوون . سوڵتان سولەیمان هەستی کرد کە بەرپرسیارێتی پارێزگاریکردنی پێگەپیرۆزەکان ئەرکی دەوڵەتی عوسمانیە ، بۆیە ڕێککەوتنێکی بەست لە گەڵ هەردوو فەرمانڕەوا (قالیقوگ)و (کامبای) کە دوو فەرمانڕەوای هیندی بوون و کاریگەری جەنگی پورتوگالیان بەرکەوتبوو. ئەو ڕێککەوتنە جەختی لەسەر کاری هاوبەش دەکردەوە دژی پورتوگال ، لەدوای ئەو ڕێککەوتنە دەقەکەی نێردرا بۆ سولەیمان پاشای خادم والی میسر کە ئەمە دەقەکەی بوو : (

---

1 المماليك الفرنج / ١١٥ .

2 تأريخ كشف أفريقيا / ١٧٢ .

3 موقف أوربة من الدولة العثمانية / ٣٩ .

ئەی بەگی بەگەکان سولەیمان پاشا لە میسر پێویستە بەپەلە هەستیت بە جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانانە ، بە ئامادەکردنی جانتاو پێویستیەکانت و خۆ ئامادەکردن بۆ جیهاد لە ڕێی خوادا لەسویس ، دەبێ بەرەو هیند دەربچیت و زاڵ بیت و پارێزگاری لەو بەشانە بکەیت ، چونکە تۆ ئەگەر ڕێگەکەت بڕی و ئابلۆقەی ڕێگەکانی سەر مەککەی پیرۆزت دا ئەوا ئەو خراپانە دوور دەخەیتەوە کە پوتوگالیەکان دەیکەن و ئالاو دروشمیان لە دەریادا کۆتایی پێ دێنیت) [١].

سولەیمان هەستا بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی سوڵتانی عوسمانی و پاش حەوت ڕۆژ گەیشتە جەددە و پاشان بەرەو کەمران چوو ، دواتر دەستی گرت بەسەر عەدەن داو یەکێك لە کاربەدەستە سەربازیەکانی (چابگ) لەسەر داناو بەژمارەیەکی سەربازەکانی کە دەگەیشتنە ٦٠٠ سەرباز پارێزگاری لێکرد، پاشان درێژەی دا بە ڕۆیشتنی بەرەو هیند ، لەکاتی گەیشتنی بە (دیو) نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت ، و پاشەکشەی کرد پاش ئەوەی نزیکەی ٤٠٠ سەربازی لەدەست دا جارێکی تریش هەوڵی دا زاڵبێت بەسەر قەلاکانی پێشەوە تاکوو یەکێکیان خۆی بەدەستەوەداو ٨٠ پورتوگالی گیران ئەگەر یارمەتی نوێی پورتوگالی نەبوایە ئەوا هەموو قەلاکان دەگیران ، بەمە دەرکردنی پورتوگالیەکان لە هیند هاتەدی و قەلای دیو بەتەواوی ملکەچی عوسمانیەکان بوو [٢].

بەمجۆرە عوسمانیەکان توانیان ڕێگە لە پورتوگالیەکان بگرن و بەدوور لە خاکە ئیسلامیەکان بیانوەستێنن و سنوردابنێن بۆ چالاکیان ، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ئاسایش پێدانی دەریای سوور و پارێزگاری شوێنە پیرۆزەکان بەرامبەر فراوانخوازی پورتوگالی خاوەن ئامانجی

---

[1] موقف أوربة من الدولة العثمانية / ٤٠ .

[2] صراع المسلمين مع البرتغاليين / ٢٢٦ .

داگیرکاری و مەبەست نزمخاوەن هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئیسلام و موسوڵماناندا بەهەموو جۆرە ڕێگەیەك .
ئەو سەرکەوتنەی دەوڵەتی عوسمانی بەدیهێنا بە لادانی مەترسی پورتوگالی لەسەر جیهانی ئیسلامی شیاوی هەموو ڕێزلێنان و دەستخۆشیەکە ،چونکە دەوڵەتی لاواز و ماندووی مەمالیکی لەسەر لێواری دارمان بوو ، لە ئاستێکی هێزێکی وایشدا نەبوو کە بتوانێت لە بەردەم هێرشی پورتوگالیدا بووەستێت . دەوڵەتی عوسمانیش ئەرکی بەرگریکردنی لە ماف و موڵکی موسوڵمانانی گرتە ئەستۆو بەتەواوی سەرکەوت لە سنوردانان بۆ چاوچنۆکی جەنگاوەرو هێرشبەران و گەیشتنیان بە شوێنە پیرۆزەکان بەو جۆرەی دەیانویست [1] .
لەمەڕ دەوڵەتی سەفەوی ، ئەوا ئەو دەوڵەتە بێپۆڵ بوو لە یارمەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا، کە هێرشی بەریتانی پێگەیشتبوو ، ئەو وازی هێنا لە شارەکانی کەنداوی عەرەبی تا بۆ خۆیان بەرەو سەرەنجامێك بڕۆن ، زیاتر لەوەیش دەوڵەتی سەفەوی بەڕێگەی کەشتی دوژمندا دەڕۆیشتن و بەڵێیان بۆ خواستەکانیان دەکرد بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئەو لە باری دوژمنایەتی و ناکۆکی مەزهەبیدا بوو لەگەڵ مەمالیك و دەوڵەتی عوسمانیدا ، بۆیە دەبینین سەرکردەی پورتوگالی بوکیرکلە ئەو هەڵویستە بە هەند وەدەگرێت و لەساڵی ٩١٥ك ، ١٥٠٩ ز دا نوێنەری خۆی (روی جومیری) دەنێرێت کە نامەیەکی پێیەو تیایدا هاتووە (من ڕێزی ئەو ڕێز لێنانەت دەگرم کە لە مەسیحیەکانی وڵاتەکەت دەگری و کەشتیگەلەکەم و سەربازو چەك دەخەمە خزمەتت تا دژ بە قەڵای تورك لە هیندستان بەکاری بهێنیت ، ئەگەریش ویستت قەرەوڵ بگریت بۆ ووڵاتانی عەرەب ، یان هێرش بکەیتە سەر مەککە ئەوا من لە لای دەریای سورەوە لە بەرامبەر جەددە یان لە عەدەن یان لە بەحرەین یان لە قطیف یان لە بەسرە دەبینیەوە و شا من لە لایەن

[1] موقف أوربة من الدولة العثمانية / ٤٠ .

خۆیەوە دەبینێت بۆ بەرفراوانکردنی کەناری فارسی ، هەرچییەکیش ئەو بیەوێت جێبەجێی دەکەم)[1] .

ئەو خستنەڕوو یان ئەو هەڵوێستە هاوکاتی ئەو ماوەیەبوو کە هێزە عوسمانیەکان تیایدا بەرەنگاری سەنگەری سەفەوی بووبوونەوە لە سەر سنووردا ، کە لە دوای ئەو جەنگی چەڵدێران ڕوویدا لە ساڵی ٩٢٠ ك ، ١٥١٤ز دا کەتیایدا فارس بەشکستێکی توند لە بەرامبەری عوسمانیدا شکاو وای لە فارس کرد زیاتر ئامادەی هاوپەیمانی بێت لەگەڵ پورتوگالیەکان دژ بە عوسمانیەکان ، پورتوگالیەکانیش هەلیان بۆ نەدەڕەخسا کە نەدەهاتەوە بەتایبەت کە ئەوان ئاستی ئەو مەترسیەیان دەزانی کە هەڕەشەی لێدەکردن و ئاسایشیانی لەق دەکرد لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ، بۆیە داگیر کردنی هورمز یان لەساڵی ٩٢١ك ، ١٥١٥ز قۆستەوە و یەکسەر لە دوای ئەو پەیوەندیەیان لەگەڵ سەفەویەکاندا بەست بە گرێبەستێك کە لە گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوو لەوەی پورتوگال کەشتیگەلەکەی پێشکەش بە شا بکات بۆ یارمەتی دانی لە هێرشەکەی بۆ بەحرەین و قطیف لە بەرامبەردانانی شا بە پارێزگاری و بوونی پورتوگالی لەسەر هورمز و یەکخستنی هەردوو هێزەکە لە کاتی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دوژمنی هاوبەشیاندا[2] .

دەردەکەوێت پورتوگال لە هاوپەیمانیان لەگەڵ سەفەویەکاندا هۆکاری بەدیهێنانی یەکنەگرتنی دەوڵەتە عوسمانیەکانیان بەدی دەکرد ، کە ئەگەر یەکیان بگرتایە لە دژی نەیدەتوانی زاڵ بێت بەسەر توانستەکانی گەلەکاندا لە ناوچەی کەنداوو دەریای سورو عەدەن و ئەو ناوچانەی تر کە چونە ژێر باری پورتوگالی ، لەلایەکی ترەوە هاوپەیمانی سەفەوی پورتوگالی و باری سیاسی و

---

[1] التيارات السياسية / ١٧ .

[2] التيارات السياسية / ٩٨ .

ئابوری شکست خواردووی مەمالیکەکان هەموو ئەمانە وای کرد کە دەوڵەتی عوسمانی بەرپرسیارێتی تەواوی بەرگریکردنی لە پێگە ئیسلامیەکان لە هەموو شوێنێکدا بگرێتە ئەستۆ کە پورتوگالیەکان هەوڵیان دەدا پێی بگەن و بەسەریدا زاڵ بن .

لەبەرهەمەکانی ململانێی عوسمانی پورتوگالی بریتی بوو لەوەی کە :

١. عوسمانیەکان پارێزگاریان لە شوێنە پیرۆزەکان و ڕێگەی حەج کرد .
٢. پارێزگاری سنورە وشکانیەکانیان کرد لە هێرشی پورتوگالیەکان بەدرێژایی سەدەی ١٦ .
٣. بەردەوامی ئەو ڕێگە بازرگانیانەی کە هیندستان و ئەندەنوسیای دەبەستەوە بە ڕۆژهەلاتی نزم لە ڕێگەی کەنداوی عەرەبی و دەریای سورەوە .
٤. بەردەوامی چالاکیەکانی ئالوگۆڕی شمەکە هیندیەکان لەگەڵ بازرگانانی ئەوروپا لە بازاڕەکانی حەلەب و قاهیرە و ئەستانبوڵدا . جالە ساڵی ١٥٥٤ دا بوندوقیەکان ٦هەزار سندوقی تەوابیل یان کڕی لە کاتێکدا کە ٢٠ کەشتی هەڵگری شمەکی هیندی (بەهارات و پێستەو قوماش) گەیشتە بەندەری جەددە .

مردنی سوڵتان سەلیم :

لە ٩ی شەوالی ساڵی ٩٢٦ لە شەوی شەممەدا سوڵتان سەلیم وەفاتی کرد ، وەزیرەکان مردنەکەیان شاردەوە و ناردیان بەدوای سوڵتان سولەیمانی کوڕیدا ، کاتێك گەیشتە قوستەنتینیە مردنی سوڵتان سەلیمیان ڕاگەیاندو لە مزگەوتی سوڵتان محمد نوێژیان لەسەر کرد و پاشان هەڵیان گرت و لە گۆڕەکەیدا ناشتیان ، سوڵتان سولەیمان خان فەرمانی کرد بە بنیادنانی مزگەوتێکی گەورە و بینایەك بۆ خۆراك دان بە هەژاران وەك خێرێك بۆ باوکی .

سوڵتان سەلیم بەر ڕەحمەتی خوا بکەوێت، کەسێکی شکۆدار و زیرەك و ئاکار جوان بوو، سەرکەش نەبوو ، خاوەن ڕاو بیرکردنەوەو بڕیار بوو ، هەرسیٚ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەزانی ، نیزامێکی هەڵکەوتەی باشی دانا ، هەمیشە بیری لە بارودۆخی ژێر دەستەو وولاتەکەی دەکردەوە ، پاشاکانی گوێپێنەدەدا و لە ناوی دەبردن ، کاتێك لە میسر بوو لەسەر لێواری دیواری ئەو کۆشکەی کە تیایدابوو بە دەستنوسی خۆی نووسی :

الملك لله من يظفر بنيل منى يردّده قهرا ويضمن بعده الدركا

لوكان لي أو لغيري قدر أنملة فوق التراب لكان الأمر مشتركا

لە تەمەنی ٥٤ساڵیدا مرد ، ماوەی فەرمانڕەواییەکەی ٩ساڵ و ٨ مانگ بوو [١] .

باسی سێیەم

سوڵتان سولەیمانی قانونی

سولەیمانی قانونی لە شاری (تەرابزۆن) لەدایك بووە کە لەوکاتەدا باوکی والی ئەو شارە بووە ، باوکی گرنگیەکی گەورەی پێداوە و بەخۆشەویستی زانست و ئەدەبو زانایان و ئەدیب و فیقھ زانەکان پێگەیشت ، هەر لە گەنجیەوە بەکەسێکی ووردو جیددی و لەسەرخۆ ناسراو بووە ، لە ٢٦ساڵیدا چووەسەرکورسی دەسەلات ، لە هەموو کاروبارەکانیدا لەسەرخۆبوو ، پەلەی لەوکارانەدانەدەکرد کە دەیویست جێبەجێیان بکات ، بەڵکو بەقووڵی بیری دەکردەوەو پاشان بڕیاری دەدا . ئەگەر بڕیارێکیشی بدایە لێی پاشگەز نەدەبویەوە [٢] .

<u>یەکەم</u> : ئەو کێشانەی لەسەرەتای فەرمانڕەواییدا بەرەوڕووی بوونەوە :

سولەیمان لەساڵانی یەکەمی فەرمانڕەواییدا توشی چوار هەڵگەڕانەوەبوویەوە کە دوایخست لە بزوتنەوەی جیهادکردن ، کاتێك والییە چاوچنۆکەکان وایان دیت

---

[1] تأريخ سلاطين آل عثمان / ٤٠ .

[2] السلاطين / ٥١ .

که هەلی سەربەخۆیی لە هەرێمەکانیاندا کاتی هاتووە ، بۆیە جان بردی غەزالی والی شام هەستا بە هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەت و سەرکەشی خۆی ڕاگەیاند و هەوڵی دا دەست بگرێت بەسەر حەلەبدا بەڵام لەوەدا شکستی خوارد ، سوڵتان سەلیم فەرمانی کرد بەسەرکوتکردنی کێشەکە و کێشەکە سەرکوت کراو سەری جان بردی هەڵگەڕاوە بڕدراو نێردرا بۆ ئەستانبوڵ وەك بەڵگە لەسەر کۆتایی پێهێنانی هەڵگەڕانەوەکە .

هەڵگەڕانەوەی دووەم ئەحمەد شاهی ناپاك لەمیسر پێی هەستا کە لەساڵی ٩٣٠ك ، ١٥٢٤ز بوو ئەو پاشایە چاوچنۆك بوو لەمەڕ پلەی (صدرالأعظم) بەڵام لە بەردیهێنانی ئامانجەکەیدا سەرنەکەوت و داوای لە سوڵتان کرد وەك والی دایبنێت لەسەر میسر ، ئەویش دەستنیشانی کرد بە والی میسر ، کە گەیشتە میسر هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکی بۆ لای خۆی دا ، خۆی بە سوڵتانێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند ، بەڵام ئەهلی شەرع و سەربازانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئینکیشاریەکان لە دژی والی هەڵگەڕاوە هەستان و کوشتیان ، ناویشی لە مێژوودا بەناپاك و خیانەتکار نوسرا .

هەڵگەڕانەوەی سێیەم دژی خەلیفەی موسوڵمانان ، هەڵگەڕانەوەیەکی شیعەیی ڕافیزی بوو کە پاپا ذوالنون پێی هەستا لە ساڵی ١٥٢٦ز لەناوچەی یوزغاد ، کاتێك ئەو پاپایە نزیکەی ٣بۆ ٤ هەزار شۆڕشگێڕی کۆکردەوە و خەراجی بەسەر ناوچەکەدا سەپاند و بزوتنەوەکەی بەهێز بوو تائەوەی توانی هەندێ لەوسەرکردە عوسمانیانە شکست پێ بهێنێت کە بەرەو سەرکوتکردنی بزوتنەوەکەی دەچوون ، فیتنەی شیعە بەشکستی پاپا ذوالنون کۆتایی پێهات و سەری نێردرا بۆ ئەستانبوڵ .

هەڵگەڕانەوەی چوارەم دژی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سولەیمان قانونیدا هەمدی هەڵگەڕانەوەیەکی شیعەیی ڕافیزی بوو لەسەرو هەمویشیەوە قەلەندەر چەلەبی بوو لە دووناوچەی قونیەو مرعش کە ژمارەی شوێنکەوتوەکانی ٣٠٠٠٠

شیعە بوون هەستان بە کوشتنی موسوڵمانە سوننیەکان لەو دوو ناوچەیەدا ، هەندێ لە مێژوو نوسان دەڵێن : قەلەندەر چەلەبی دروشمەکەی ئەوەبوو کەهەرکەس موسوڵمانێکی سوننی بکوژێت و دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتێکی سوننی بەوە گەورەترین پاداشتی بەدەست خستووە . بەهرام پاشا چوو بۆ سەرکوتکردنی ئەو سەرکەشیە ، بەڵام سەرکەشەکان کوشتیان ، پاشان فێڵ کردن لەگەڵیاندا سەرکەوتوو بوو بەوەی إبراهیم پاشای (الصدر الأعظم) هەندێ لە پیاوانی قەلەندەر چەلەبی لەلای خۆدا ڕاکێشاو هێزەکانی کەمبونەوە و شکستی خوارد و کوژرا .

دوای ئەوە کاروبارەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا هێور بوونەوە و سوڵتان دەستی کرد بە پلان داڕشتن بۆ سیاسەتی ج
یهاد لە ئەوروپادا [1].

دووەم : فەتحکردنی ڕۆدس : ڕۆدس دورگەیەکی نالەبارو تەخت بوو ، کە قەڵایەکی پتەوبوو بۆ سوارەکانی قدیس یوحەننا کە ڕێگەی حاجیە موسوڵمانە تورکەکانیان بۆ حیجاز دەبڕی بەهۆی کردارە دوژمنکاریەکانیان دژ بە هێڵەکانی گەیاندنی دەریایی عوسمانی ، بۆیە سوڵتان سولەیمان گرنگی دا بەفەتحکردنی و هێرشێکی گەورەی ئامادە کرد کە چەند هۆکارێك یارمەتی دا لەهێنانەدییدا :

١. سەرقاڵی ئەوروپا بەجەنگی گەورەی نێوان شارلی پینجەم (کنت) و ئیمبراتۆری دەوڵەتی پیرۆزی ڕۆمانی و فرانسوای پاشای فەرەنسا .
٢. بەستنی ئاشتینامە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بوندوقیەدا .
٣. گەشەسەندنی دەریایی عوسمانی لەسەردەمی سەلیمی یەکەمدا .

سولەیمانی قانونی جەنگێکی گەورەی دژی ڕۆدس بەرپاکرد لە نێوەندی ساڵی ١٥٢٢ ز دا، و فەتحی کرد ، ماف گواستنەوە و جێهێشتنی بە سوارەکان دا ،

---

[1] العثمانيون في التأريخ والحضارة / ٩١ ، محمد حرب .

ئەوانیش چوون بۆ (مالطة) و شارل كنت ماف فەرمانڕەوایی ئەو دورگەیەی پێدان [1] .

سێیەم : كوشتاری مەجەڕ و ئابلۆقەی ڤیەننا :پاشای مەجەڕ (فیلادیسلاڤ دووەم گاگیلۆ) بوو كە سوور بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەر پەیماننامەیەك كە لە پێشتردا درابوو بە سوڵتانەكانی دەوڵەتی عوسمانی ، تاگەیشتە كوشتنی نێردراوی سوڵتان سولەیمان بۆلای ئەو ، نێردراوەكە داوای سەرانەی ساڵانەی سەپێنراوی سەرمەجەڕی دەكرد ، بۆیە سولەیمان لەساڵی ١٥٢١ز به هێرشێكی گەورە دژی مەجەڕ وەڵامی دایەوە ، بەڵام جەنگەكان بەردەوام بوون تا توركەكان سەركەوتنەگەورەكانیان بەدەست هێنا لەناوچەی موهاكس لە ساڵی ١٥٢٦ ز .

سولەیمانی قانونی لە ١١ی سبتێمبەری ١٥٢٦ز دا چووە ناو (بودا) لەگەڵ ئەوەیشدا بەرەنگاربوونەوەی هەنگاری بەردەوام بوو ، سوڵتان فشارەكەی خۆی درێژە پێدا تائەوەی سوپاكانی گەیشتنە شوراكانی ڤیەنناى پایتەختی ئیمبراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانی لەساڵی ١٥٢٩ ز بەڵام دوورو درێژی هێڵەكانی پەیوەندی و هەڵگەڕانەوەی شارل كنت لە جەنگی فرانسوا بۆ ئاشتیبەستن لەگەڵی تاهەلی جەنگی عوسمانیەكانی هەبێت ، لەگەڵ ڕزگاركردنی مایسبورجی پایتەخت ، وایانكرد سوڵتان سولەیمانی قانونی نەتوانێت ئەو پایتەختە فەتح بكات و پاشەكشەی لیٚ كرد ، لەكاتێكدا كە ململانیٚ لەنێوان سولەیمان و هێزە ئەورووپیە پاڵپشتەكانی پاشای مەجەڕ بەردەوام بوو لە پێناو زاڵبوون بەسەر ئەو وڵاتەدا تامردنی سولەیمان . دیارترین ڕووداوی مێژوویی لەسیاسەتی دەرەكی عوسمانی لەسەردەمی سولەیمانی قانونیدا بریتی بوو لە پەیوەندی لەگەڵ فرانسوا ، ئەو پەیوەندیەی كە گۆڕا بۆ هاوپەیمانی بەستن [2] .

---

[1] الشعوب الإسلامية / ١٤٧ .

[2] الشعوب الإسلامية / ١٤٧ .

چوارەم : سیاسەتی نزیکبونەوەی عوسمانی فەرەنسی : سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی وەك سەری هەرەم وابوو لەمەڕ هێزو پێگەی دەوڵەتی عوسمانی لەنێو دەوڵەتانی ئەو سەردەمەی جیهاندا ، سەردەمی سوڵتان سولەیمان بەسەردەمی زێڕینی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت کاتێك کە ساڵانی حوکمی لە٩٢٦-٩٧٢ ك هاوکات بە ١٥٢٠-١٥٦٦ ز فراوانخوازیەکی گەورەی بەخۆوە دیت کە پێشتر وێنەی نەبوو ، هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سێ کیشوەری جیهانیدا بڵاو بوونەوە .

ئەو دەرکەوتنە کاریگەری خۆی لەسەر دەوڵەتانی ئەو سەردەمەی جیهان هەبوو بەتایبەت لەسەر دەوڵەتانی ئەوروپا کە لە دابەشبونێکی سیاسی و ئایینی مەترسیداردا دەژیان ، بۆیە هەڵوێستەکانی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی بەپێی بارودۆخی هەردەوڵەتێکیان جیاوازبوو . تشارلزی پێنجەمی پاشای ئیمبراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانی کێبڕکێی لەگەڵ فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنسادا دەکرد لەسەر کورسی حوکمڕانی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی ، پاپا لیۆی دەیەمیش کێبڕکێی لەگەڵ ڕاهبی ئەڵمانی ماتن لوسەری سەرکردەی بەرەنگاری پرۆتستانتی دەکرد [1].

بەلگراد دەینالاند بەدەست پێکدادانە نێوخۆییەکانەوە بەهۆی بچوکی تەمەنی پاشاکەیەوە لویسی دووەم کە بوویە هۆی پەیدابون و کەوتنەوەی ناکۆکی لەنێوان ئەمیرەکاندا [2].

بۆیە فرانسوای یەکەم وای بەباش زانی پێگەو هێزی دەوڵەتی عوسمانی بقۆزێتەوە و بیکاتە دۆستی خۆی ، بۆیە هەڵوێستی دۆستانەو خواستی یەکگرتنی لەگەڵدا نواند بەو بڕوایەی دەوڵەتی عوسمانی سنور بۆ

---

[1] دراسات متميزة / ٩٢ .

[2] دراسات متميزة / ٩٢ .

چاوچنۆکیەکانی تشارلزی پێنجەم دادەنێت و لە سنوری خۆیدا ڕایدەوەستێنێت . ئەوەی ئەو تێڕوانینە فەرەنسیە بە دیاردەخات ئەوەیە کە نوێنەری ڤینیسی باسی دەکات کاتێك دەڵێت : (بەختەوەری نوێنەر وام لێناکات کە ئەوە دەرنەبڕم کە من بەتەواوی ئەوە بەباش دەزانم تورکەکان بەتەواوی بەبەهێزو ئامادەی جەنگ بزانم ، تەنها لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی سوڵتانی عوسمانی نا ، بەڵکو بۆ لاواز کردنی هێزی ئیمبراتۆر تشارلزی پێنجەم و بەو پەڕەوە سکاڵا لێکردنی و پێدانی ئاسایش و دڵنیایی هەموو حکومەتەکان دژی دوژمنێکی گەورەی وەك (ئیمبراتور تشارلز) [1].

دانوستانەکانی فەرەنسا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە دوای جەنگی (بافیا) دەستی پێکرد کە تیایدا پاشای فەرەنسی فرانسوای یەکەم لەساڵی ١٥٢٥ز دا گیرا ، بۆیە دایك و جێگرەکەی کە لەسەر کورسی دەسەلات بوو نوێنەری خۆی نارد (جون فرانجیبانی) کە دەقێکی ئەوی پێبوو لەگەڵ دەقێکی پاشای گیراودا کە تیایدا داوای هێرش کردنە سەر هێزەکانی بنەماڵەی هایسبوج و ڕزگارکردنی پاشای گیراویان دەکرد [2].

لەگەڵ ئەوەی پاشای گیراو بەپێی پەیماننامەیەك بەردرا کە لە مەدرید لە نێوان فەرەنساو خێزانی هایسبورج دا بەسترا لە ساڵی ١٥٢٦ز ، بەڵام فرانسوا لە دوای بەربونی لەساڵی ٩٤١ك ، ١٥٣٥ز (جان دی لافوریه) ی سکرتێری خۆی نارد بۆ لای سوڵتان سولەیمان بە ئامانجی بەستنی هاوپەیمانیەك لە شێوەی پەیماننامەیەکدا [3].

---

1 موقف أوربة / ٤٧ .

2 موقف أوربة / ٤٧ .

3 موقف أوربة / ٤٧ .

کە دەواتر بە (پەیماننامەی ئیمتیازاتی عوسمانی فەرەنسی) ناونرا ، لەگەڵ ئەوەی ئەو پەیماننامەیە گرنگیەکی گەورەی هەیە ، دواتر لێرەدا گرنگترین دەقەکانی دەهێنین :

١. ئازادی تەواوی ئاڵوگۆڕ و بەیەکگەیشتن لە نێو کەشتیگەلی چەکداری و ناچەکداری.
٢. ماڤ بازرگانی کردن لە هەموو بەشەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لەمەڕ ژێر دەست و کەسانی پاشای فەرەنسا .
٣. یاسا گومرگیەکان و باجەکانی تر یەکجار لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەسەنرێت .
٤. ئەو باجانەی فەرەنسیەکان دەیدەن بە دەوڵەتی عوسمانی هەمان ئەو باجانەیە کە ژێر دەستە تورکەکان دەیدەن .
٥. ماڤ کاری قونصولی ، لەگەڵ قەڵایەکی قونصولی بۆ خۆی و نزیکان و کارەکەرەکاندا .
٦. قونصولی فەرەنسی ماڤ ئەوەی هەیە لەو کاروبارە شارستانی و تاوانیانە بڕوانێت کە لە لای ژێر دەستەکانی پاشای فەرەنساوە دەبن ، وە دەتوانێت حوکم بدات بەسەر ئەو کاروبارانەدا ، بەڵکو قونصول بۆی هەیە پشت بە دەسەڵاتە ناوچەییەکان ببەستێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی .
٧. لە ومەسەلەو کاروبارە جۆراو جۆرانەی کە یەك لە لایەنەکانی ژێردەستەکانی عوسمانی تێدایە ، ئەوا ژێر دەستەی پاشای فەرەنسی بانگ ناکرێت بۆ لێپرسینەوە و دادگایی ناکرێت مەگەر بە ئامادەبوونی نوێنەری قونصولی فەرەنسی .
٨. ئیفادەی ژێردەستەی پاشا لە کاروبارو مەسەلەکاندا وەرگیراوەو دەرکردنی بڕیاری پێوەردەگیرێت .

٩. ئازادی پەرستش پارێزراوە بۆ ژێر دەستەکانی پاشا .

١٠.ڕێگری بەبەندە کردنی ژێردەستەکانی پاشا .

لە بەرهەمەکانی ئەو پەیماننامەیە زیادبوونی یارمەتی نێوان دوو کەشتیگەلی فەرەنسی و عوسمانی بوو لەگەڵ ئەوەی کەشتیگەلی عوسمانی چەند هێرشێکی بەهێزی دەستپێکرد بۆ سەر کەنارەکانی مەملەکەتی ناپۆلی کە پاشکۆی شارل کنت بوو ، وەلە ساڵی ١٥٤٣زدا یەکەکانی کەشتیگەلەکانی عوسمانی و فەرەنسی کۆبونەوەو هێرشیان کردە سەر (نسیر) ی پاشکۆی دوق سافۆی هاوپەیمانی شارل کنت [١].

فەرەنسا لە نزیکبونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی لە بواری سەربازی و ئابوری و سیاسیەوە سودی بینی ، لە وپەیماننامەیەی پێشویش هۆکاری کردنەوەی دەرگاکانی بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا دەستکەوت بەبێ سەردانەواندن بۆ قۆرخکاری بازرگانی کە پورتوگال لە دوای دۆزینەوەی ڕێگەی لوتکەی هیوای چاك (راس الرجاء الصالح) سەپاندبووی . هەروەك بەهۆیەوە ماف تایبەتی پارێزگاری لە ژێر ئاڵاکەیدلا بەدەست خست بۆ ژێردەستەکانی دەوڵەتانی تری ڕۆژئاوایی . کە بەمە پێگەیەکی بڵندی ناسراوی لە نێو دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەوروپادا بەدەست خست .

بەهەموو پەژارەیەکەوە ئەو پەیماننامەیە لە لایەن ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە سودی لێنەبینرا ، وەك ئەوەی تەنها بۆ بەڵێ کردن بۆ خواستەکانی ڕۆژئاوایی و بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی دوژمن بەسترابێت بەبێ بەرامبەرێك کە جێی باس بێت . ئەو پەیماننامەیە ئەو بنەمایەبوو کە لەسەری بنیاد نرا ، زۆرێك

---

[1] موقف أوربة / ٤٧ .

لەو پەیماننامانەی تریش لەسەر هەمان ڕێڕەوی بەستران کە دواتر لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی بەسترا [1].
پاشای فەرەنسا نەیتوانی پابەند بێت بە پەیمانەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەهۆی ڕای گشتی مەسیحیەوە بۆیە ناچاربوو بە پاشەکشەو هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکان، پاشان سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوەو خوازیاری سۆزو پشتگیری عوسمانیەکان دەبێتەوە. بەڵام ڕای گشتی لە دژی ڕادەپەڕێت ، ڕاستی مێژوویی دەڵێت : خاچپەرستانی دوژمنانی ئیسلام ناتوانن هەندێکیان لە هەندێك ببڕێن لە بەردەم هەڕەشەی توندی بەرامبەریاندا، ئەگەر بەڕوخساریش ناکۆك بن لەبەر شوێنکەوتنی بەرژەوەندی و ئارەزوەکانیان .
بەڕاستی دوژمنانی ئیسلام لە خاچپەرستە کینەلەدڵەکان هیچ هاوپەیمانی و گرێبەستێکیان بۆ نیە لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ موسوڵماناندا ، وەك خوای گەورە لە قورئاندا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە (الأنفال ٥٦ ، البقرة ١٠٠) هەرکە خاڵێکی لاوازی موسوڵمانیان بۆ دەربکەوێت ، ئەوا بەپەلە یارمەتی دانی یەکتریان بەهێز دەکەن تا خۆیان ئامادەکەن بۆیان و لێیان دەن ، لە کاتێکدا ئەوان نەوازشیان بۆ هیچ فەرمانڕەوایەکیان نیە باهەر جۆرە تێڕوانینێکی هەبێت یان بیەوێت لەگەڵ موسوڵماناندا هاوکاری بکات . هەرچەندە بەرژەوەندیەکانیش جیاواز بن ، بەڵام ئەوان بۆ دژایەتی کردنی ئەم ئایینەو کوشتنی خەڵکەکەی لە هەموو کات و شوێنێکدا ڕێکدەکەون [2].
بەڕاستی ئەو ئیمتیازاتانەی درا بە دەوڵەتی فەرەنسی یەکەم (إسفين) بوو کە نرا بە تابوتی دەوڵەتی عوسمانیەوە کە کاریگەریە دورەکانی لە دواتردا دەکەوتن .

---

[1] موقف أوربة / ٤٧ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية / ٧٥ .

لە کۆتا ڕۆژەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەوڵەتە مەسیحیە ئەوروپیەکان دەستیان وەردەدایە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر چاودێری ئیمتیازاتەکانەوە و پارێزگاری و پاڵپشتی ئەو مەسیحیانەیان دەکرد کە دەگەڕێنەوە بۆ ژێر دەستەیی و ئەندامی دەوڵەتە بیانیەکان بەتایبەت لە وولاتی شامدا [1].

باسی چوارەم

دەوڵەتی عوسمانی و باکوری ئەفریقی

لە کاریگەریەکانی کۆچکردنی بەکۆمەڵی موسوڵمانان لەئەندەلوس و کشانی ژمارەیەکی گەورەیان بۆ باکوری ئەفریقی کێشەیەکی زۆری کۆمەلایەتی و ئابوری لە هەرێمەکانی باکوری ئەفریقیدا ڕویدا ، لەگەڵ ئەوەی لە نێو موسوڵمانە کشاوەکان بۆ ئەو ناوچانەدا ژمارەیەکی زۆری دەریاوان هەبوو ، بۆیە پێویست بوو کە بگەرێت بە دوای هۆکارە لەبارەکانی جێگیربوونی ئەوانەدا، بەلام هەندێ لە هۆکارەکان لە باربوون بۆ پاڵنان بە ژمارەیەکی ئەو دەریاوانانە بۆ ڕێگەی جیهاد دژی هێزە مەسیحیەکان لە دەریای ناوەڕاستدا ، لەپێشەکیەکانی ئەو هۆکارانەدا پاڵنەری ئایینی دێت بەهۆی ململانێی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت و دەرکردنی موسوڵمانان لە ئەندەلوس و بەدووکەوتنی ئیسپانیاو پورتوگالیش بە دوای موسوڵمانان لە باکوری ئەفریقیدا . بزوتنەوەکانی جیهادی ئیسلامی دژی ئیسپانیا و پورتوگالیەکان ڕێکخراو نەبوو تا دەرکەوتنی هەردوو برا خیرالدین و عروج بربروسا ، کە توانیان هێزە ئیسلامیەکان لە جەزائیر کۆ بکەنەوەو بەرەو ئامانجی هاوبەشیان ببەن بۆ ڕێگری لە دوژمنانی ئیسلام لە فراوانخوازی بۆ کەنارو شارەکانی باکوری ئەفریقی .

ئەو هێزە ئیسلامیە نوێیە لە جیهادەکەیدا شێوازی (کرّ و فرّ) ی لە دەریادا بە کار دەهێنا بە هۆی نەبوونی توانستی چونە نێو جەنگێکی ڕێکخراوەیی دژی هێزە

---

[1] قراءة جديدة في تأريخ .. / ٧٧-٧٨ .

مەسیحیەکانی ئیسپانیا و پورتوگالیەکان و سوارەکانی قدیس یوحەننا ، ئەو موجاهیدانە سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنا کە کاریگەری پاڕایی بۆ سەر هێزە دوژمنەکان هەبوو پاشان کونەبەرێکیان دۆزیەوە تا لە ژێر سەرپەرشتی و سەرکردایەتی دەوڵەتی عوسمانیەوە بچنە ژورێ بۆ یەکخستنی هەوڵەکانی موسوڵمانان دژی مەسیحیە کینە لە دڵەکان .

مێژوو نوسە ئەوروپیەکان هەوڵی دوودڵ و پاڕا کردنی سروشتی بزوتنەوە جیهادیەکەی نێو دەریای ناوەڕاستیان داوە ، بە ڕۆڵی جەردەیی وەسفیان دەکەن ، هەروەها دوودڵی دەخەنە نێو بنچینەو ڕەچەڵەکی گرنگترین سەرکردەکانیەوە کە خیرالدین و عوروجی برای بوون ، ئەو بوارەی کە پێویستی دەکات تیشك بخرێتە سەر ڕۆڵی ئەو دوو براو بنچینەیان لەگەڵ کاریگەری ئەو بزوتنەوە یە لە سەر ڕۆڵی خاچپەرستی لە دەریای ناوەڕاست لەسەردەمی سوڵتان سەلیم و سوڵتان سولەیمانی قانونی دا .

یەکەم : ڕەگەزی دووبراکە (عروج و خەیرەدین) : بنچینەی ئەو دووبرا موجاهیدە دەگەڕێتەوە بۆ تورکە موسوڵمانەکان ، کەباوکیان یەعقوبی کوڕی یوسف بوو لە پاشماوەی فەتحکەرە موسڵمانەکانی تورکیا کە لە دورگەی (مدللی) یەکێك لە جەزیرەکانی ئەرخەبیل نیشتەجێ بوونە[١] .

دایکیشیان موسوڵمانێکی ئەندەلوسی بوو کە کاریگەری هەبوو لەسەر منداڵەکانی لە گۆڕینی چالاکیان لە کەرتی وولاتی ئەندەلوسدا کە لە وکاتەدا لەژێر چاوچنۆکی و برسیەتی ئیسپان و پورتوگالیەکاندا بوو[٢] .

عوروج و خەیرەدین دووبرای موجاهیدیان هەبوون کە ئیسحاق و محمد إلیاس بوون ، مێژوو نووسە موسوڵمانەکان بنچینەیان دەدەنە پاڵ ئیسلامی بەم بەڵگانە :

---

[1] المغرب العربي بداية العصور الحديثة / ٣٧ .

[2] حرب الثلاثمائة / ١٦٠، ١٦١ .

١ . ئەوەی مێژوو نوسی جەزائیری (أحمد توفیق مدنی) باسی دەکات بەپشت بەستن بە دوو شوێنەوار کە تائێستایش لە جەزائیر هەن ، یەکەمیان: (مەرمەڕێکی نەخشێنراوە کە لەسەر دەرگای قەڵای شرشال دانراوە .دووەمیشیان : مەرمەڕێکە کە لەسەر دەرگای مزگەوتی شەوواس لە پایتەختی جەزائیریدا هەیە لەسەر مەرمەڕی یەکەم ئەمە نەخشێنراوە : (بسم الله الرحمن الرحیم وصلی الله علی سیدنا محمد وآله ، ئەمە بورجی شەرشالە کە محمودی کوڕی فارسی تورکی موجاهید لە خیلافەتی ئەمیری حاکم بأمر الله موجاهیدی ڕێگەی خوا (ئوروجی کوڕی یەعقوب) بە مۆڵەتی ئەو لە مێژووی ٢٥ی دوای نوسەد (١٥١٨ ز) بنیاد نراوە . لەسەر مەرمەڕی دووەم ئەمە نەخشێنراوە : (ناو (ئوروج) ی کوڕی ئەبو یوسف یەعقوبی تورکی) . هەروەها مەرمەڕێکی تر هەیە کە هەندێ لەو شتانەی لەسەر نووسراوە کە خەیرالدین لە جەزائیر لە ساڵی ١٥٢٠ ز دا بنیادی ناوە [١] .

٢ . ناوی عوروج (ئوروج) لە ڕوداوی ئیسراو میعراج وەرگیراوە کە ڕای زیاتر وایە لەو شەوەدا لەدایك بووە، کە تورك بە (ئوروج) دەری دەبڕن پاشان کرا بە (عروج) [٢] .

٣ . ئەوەی لە و ڕۆڵە باس دەکرێت کە هەردوو براگێڕایان ، دووپاتی سوربونیان دەکاتەوە لەسەر جیهادکردن لە ڕێی خوا و بەرگری لە مەملەکەتە ئیسلامیەکانی باکوری ئەفریقی لە ڕووی چاوچنۆکیەکانی ئیسپانیا و پورتوگال.

بەڕاستی ئەو دوو برایە داهێنانیان کرد لە جیهادی دەریایی دژی مەسیحیەکان و بزوتنەوەی جیهادی دەریایی لە سەدەی ١٦دا چەند مەڵبەندێکی گرنگی لە شرشال و وەهران و جەزائیر و دلی و بجایە و پاشماوەکانی ڕاوەدونانی موسوڵمانان لە ئەندەلوسدا دانا . لە ڕاستیدا بزوتنەوەکە بەهۆی دانەپاڵی

---

1 حرب الثلاثمائة / ١٦٠ ، ١٦١ .

2 الدولة العثمانیة العلیة / ٩٥ .

موسـولمانە ڕاکردوەکـانی ئەنـدەلوس و شـارەزایانی دەریـاوانی و هونـەرەکانی و ڕاهێنەرانی دروستکردنی کەشتی بە هێز بوو [1].

دووەم : ڕۆڵـی دووبراکـە لـە جیهـادکردن دژ بـە جـەنگی مەسـیحی : هـەردوو بـرا ، عوروج و خەیرەدین هەر لە منداڵیەوە کەوتنە جیهادی دەریایی، لەسەرەتاوە و لە ساڵی ١٥١٠ز دا چالاکی یان بەرەو دەریای ئەرخەبیلی سەرەکیان بوو، بەڵام ئاڵۆزی ململانێی نێوان هێزە مەسیحیەکان لە وولاتی ئەندەلوس و لە باکوری ئەفریقیا لە نێوان موسوڵمانان ئەوەیش کە ئەو ئاڵۆزیـەی تونـد کـرد لـە سـەرەتای سـەدەی ١٦، هـەردوو بـرا کـەناریان گـرت تـاکوو چالاکی یـان بـەرەو ئـەو ناوچـانە بگوێزنـەوە بـە تایبـەت پـاش ئـەوەی ئیـسپانیا و پورتوگالیـەکان توانیـان دەسـتبگرن بەسـەر ژمارەیەك لە مەڵبەندو کەنارە دەرياييەکانی لە باکوری ئەفریقیادا [2].

هەردوو برا ژمارەیەك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بە سەر جەردە مەسیحیەکاندا ، ئەو کارەی کە سەرسوڕمانی هێزە لاوازە ئیسلامیەکانی ئـەو ناوچـەی لێ کەوتـەوە ، ئەمـەیش لـە و ماوەیـەدا دەردەکـەوێت کـە سـوڵتان (حفـصی) مـافی جێگیربـوونی پێـدان لــە دورگــەی جوربــەی تونــسیدا. ئەوەیــشی خــستە ڕوو بــۆ هێرشــێکی بەردەوامی ئیسپانی کە ناچاری کرد بە قبوڵ کردنی پارێزگاری ئیسپانی بـەزەبرو هێز هەروەك لە داخوازی ڕزگاری خەڵکی ئەو ناوچانەدا دەردەکەوێت کە لـە و دوو برا یەیان کرد لەگەڵ کاریگەریان لە ناو وولاتەکەیاندا کە بەشداربوو لە بەدیهێنانی بنکەیـەکی جـەماوەری بـۆ دوو براکـە چـونکە فـەرمانڕەوایی جـەزائیر و هەنـدێ ناوچەی دراوسێی بۆ بەدیدەهێنان . هەندێ لە مێژوو نوسـان وا دەبیـنن کـە چـونی عـوروج و براکـەی بـۆ جـەزائیر و فـەرمانڕەواییان بەڵگـە نیـە لـە سـەر خواسـتی دانیـشتوانەکەی ، بـەڵکو ئەوانـە دەدرێنـە پـاڵ بـوونی هەنـدێ هێـز کـە چاودێری

---

[1] قراءة جديدة في التأريخ العثماني / ٧٩-٨٠ .

[2] الدولة العثمانية / ٥٣ .

هەڵـەکانیان دەکـرد بـۆ دەرکردنـی ئـەو دوو برایـە و تورکـە پـشتگیرەکانیان ، بـەڵام هەنـدێکی تـر وا دەبیـنن کـە گەیـشتنی عـوروج و براکـەی لەسـەر داخـوازی و بـانگکردنی دانیـشتوانەکەی بنیـاد دەنرێـت بـۆ ڕزگارکردنیـان لـە هێرشـی شەڕەنگێزانەی ئیسپانی . ئەو هێزە ساکارانەیش کە بەرەنگاری بونیانی دەکرد ، شـوێن پێـی هەنـدێ لـە و فەرمانڕەوایانـە یـان دەگـرت کـە لـە فـەرمانڕەوایی دوور خرابوونەوە لەبەردەم هەوڵە گرنگەکانی هـەردوو براکـەدا بـۆ یەکخستنی وڵات کە پێش هاتنی ئەو دوو برایە لە شێوەی دەوڵەتی (ملوك الطوائف) پاشای هۆزەکانی ئەندەلوس دەچوو .

زوربەی خەڵکی وولات دایانە پاڵ هەوڵەکانی دووبراکە و ژمارەیەکی زۆریان لە و هێرشانەدا بەشداریان کرد ، هەروەك ژمارەیەك لە و فەرمانڕەوا ناوچەییانەیش دایانە پاڵیان کە هەستیان بە مەترسی هێرشی خاچپەرستی ئیسپانی کردبوو [1].

ڕۆڵی ئەو دوو برایە دەردەکەوێت لە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی (بجایە) لە حوکمی ئیـسپانی لـە سـاڵی ١٥١٢ز دا ، بـۆ ئـەو مەبەسـتەیش بنکـەی چـالاکیەکانیان گواسـتەوە بـۆ بەنـدەری جیجـل لـە ڕۆژهـەلاتی جـەزائیردا دژ بـەهێزە ئیـسپانیەکان دوای ئەوەی توانیان بچنە ناوی و پارێزەرە جەنەویەکانی بگوژن لـە ساڵی ١٥١٤ ز دا، تاکوو ببێتە وێستگەی وزە پێدان بۆ ڕزگارکردنی (بجایە) لە لایەك و هـەوڵی یارمـەتی موسـوڵمانانی ئەنـدەلوس لـە لایـەکی تـرەوە . دەردەکـەوێت کـە هـەردوو براکـە بـەرەنگاری هاوپەیمانیـەکی بـەهێز بووبوونـەوە کـە لـە ئەنجامیـدا ژمارەیـەك جـەنگی ڕێکخراوەیـی لێکەوتـەوە . ئـەویش کارێـك بـوو کـە خویـان بـۆ ئامـادە نەکردبوو ، بەڵکو پێی ناچار بوون بە هۆی جێگیربونی حوکمیان لە جەزائیردا.

کوشتنی عوروج لە یەکێك لە جەنگەکان لە ساڵی ١٥١٨ ز بارەکەی خراپتر کرد کە خەیرەدینی ناچار کردبگەڕێت بە دوای هاوپەیمانیەکا کە جێگیری و بە رگری و

---

[1] المغرب في بداية العصورالحديثة / ٣٨/٣٧ .

بەردەوامی جیهادی بۆ دەستەبەر بکات . دەوڵەتی عوسمانیش بەهێزترین هێزە پاڵاوتەکان بوو بۆ ئەو هاوپەیمانێتیە ، ئیدی بە هۆی ڕۆڵی دەرکەوتووی بێت لە مەیدانی دەریای ناوەڕاستدا یان بەهۆی ئەوەی هێزە ناوچەییەکانی باکوری ئەفریقیا سۆزیان هەبوو بۆی [1].

سەرکەوتنەکانی عوسمانی درێژەی کێشا بۆ سەر مەیدانی ئەوروپی هەر لە فەتحکردنی قەستەنتینیەوە چوونە هاوپەیمانیەتی ئەو دوانەیش ڕۆڵی زیاتری خەیرەدینی تیابوو لە پاڵپشتی کردن لە لایەن ئەو هێزانەوە، لە پاڵ ئەوەیشدا دەوڵەتی عوسمانی بەڵێ و وەڵامدانەوەی هەبوو بۆ یارمەتیدان هەر کاتێك دووبراکە داوایان لێبکردایە ، هەروەك خواستی خۆی دەربڕی بۆ زیاتر یارمەتیدانی ڕۆڵی ئەوو پاشماوەی موسوڵمانەکانی ئەندەلوس . لە ڕوانگەیەکی ئاینیشەوە بەشداری کرد لە بەدەستهێنانی ڕۆڵی وەك پاڵپشتیەکی جەماوەری و بەدیهێنانی هەوڵی لێ نزیك بوونەوە یان نرخ پێدانی هاوپەیمانی لە گەڵیاندا [2].

لە لایەکی ترەوە بارودۆخەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا لە باربوو بۆ قبوڵ کردنی ئەو هاوپەیمانێتیە ، بەتایبەت دوای ئەوەی هێزە عوسمانیەکان دەچوون بەرەو ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، لە دیارترین ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی لەو ئاراستەیەدا —وەك پێشتر ڕوون کرایەوە— بریتی بوو لە ڕێگریکردنی لە ڕۆڵی پورتوگایەکان و ئیسپانیاو سوارەکانی قدیس یوحەننا لە ناوچەکەدا . شتێکی مەنتیقیشە کە هاوپەیمانی هەبێت لەگەڵ هەریەك لە و هێزە ناوچەییانەی کە یارمەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیان دەدا [3].

---

[1] الدولة العثمانية دولة اسلامية : ٣/ ٩٠٢ .

[2] الدولة العثمانية دولة اسلامية: ٩٠٢/٣ .

[3] قراءة جديدة في تاريخ العثمانيين / ٨٣ .

سێیەم : هاوپەیمانی لەگەڵ عوسمانیەکاندا : زانایانی مێژوو ناکۆکیان هەیە لەسەر سەرەتای هاوپەیمانی نێوان عوسمانیەکان و هەردووبرا عورووج و خیرالدین . هەندێ لە سەرچاوەکان باس دەکەن کە سوڵتان سەلیمی یەکەم لە پشت ناردنیانەوە بوو بۆ کەناری ئەفریقی وەك بەڵێ کردن بۆ داخوازی یارمەتیدانی دانیشتوانی باکوری ئەفریقی و کارکردن بۆ لەکارخستنی ئامانجەکانی پورتوگالیەکان و ئیسپانیا لە ناوچەی دەریای ناوەڕاستدا. لەگەڵ نەبوونی گشتگیری ئەو سەرچاوە لە لای مێژوو نوسان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عوسمانیە کان بەدوور نەبوون لەو ڕووداوانەی کە لەسەر مەیدانی دەریای ناوەڕاست ڕوویان داوە [١] .

هەندێ لە مێژوو نوسان هاوپەیمانی نێوان هەردوولا دەگێڕنەوە بۆ ساڵی ١٥١٤ ز لە دوای ئەوەی عورووج و خەیرەدین بەندەری (جیجل) یان فەتح کرد کاتێك هەردوو برا کۆمەڵێك لە و شمەکە گرانبەهایانەیان نارد بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم کە لە دوای فەتح کردنی شارەکە دەستیان بەسەردا گرتبوو . سوڵتانیش قبوڵی کردن و دیاریەکی بۆ ناردن بەناردنی ١٤کەشتی جەنگی پڕچەك و سەرباز [٢] . ئەم وەڵامەی سوڵتانی عوسمانی ڕەنگدانەوەی خواستی بوو لەسەر بەردەوامی چالاکی ڕۆڵی دووبراکە و پاڵپشتی کردنی ئەو چالاکیە . لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە مێژوونووسان باس دەکەن کە پاڵپشتی عوسمانی بۆ ئەو بزوتنەوەیە لە دوای مردنی (عورووج) بووە لە ساڵی ١٥١٨ ز دوای گەڕانەوەی سوڵتانی عوسمانی لە میسرەوە بۆ ئەستانبوڵ لە ساڵی ١٥١٩ ز دا [٣] .

---

[1] قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين / ٨٣ .

[2] قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين / ٨٤ .

[3] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ٢/ ٩٠٩ .

لەگەڵ ئەوەدا ڕای دروستت ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی نێوان عوسمانیەکان و ئەو بزوتنەوەیە پێش مردنی عوروج و فەتحی شام و میسر بووە لە لایەن عوسمانیەکانەوە . ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دووبراکە لە ئەوپەڕی پێویستی پاڵپشتی کردن یان هاوپەیمانیدابوون لەگەڵ عوسمانیەکاندا پاش سەرنەکەوتنیان لە فەتحکردنی (بجایە) هەروەك لە (جیجل) ئابلۆقە درابوون لە نێوان ئەو حەفصیانەدا کە بووبوونە شوێنکەوتەو پاشکۆی ئیسپانیا لە گەڵ (سالم تومی) فەرمانڕەوای جەزائیر کە فەرمانڕەواییەکەی بەخت کرد بۆ پاڵپشتی ئیسپانیا بەهۆی هێزی ئیسپانیاو سوارەکانی قدیس یوحەننا کە لە دەریادا ئابلۆقەی دابوون . جا گەیشتنی پاڵپشتی عوسمانیەکان کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر پاڵپشتی ڕۆڵیان و دەستکردنیان بەچونە نێو جەزائیر بەهۆی ئەو هۆکارانەوە ، کاتێك عوسمانیەکان لەگەڵ دووبراکە دا ڕێك کەوتن لەسەر پێویستی پەلەکردنیان بۆ چوونە ژوورەوەیان لە پێش هێزە ئیسپانیەکان بەهۆی نایابی ناوچە کەیان لە لایەك و تاپێش ئیسپانیەکان بکەون تابیکەنە بنکەیەك بۆ کاولکردنی پێگە ئیسلامیەکانی ژێر داگیرکاری ئیسپانی وەك (بجایە) و هتد ، لەلایەکی ترەوە .

عوروج توانی بەهۆی ئەو پاڵپشتیەوە بچێتە ناو جەزائیرەوە فەرمانڕەواکەی بکوژێت پاش ئەوەی دڵنیا بو لە هەوڵەکانی ئەو فەرمانڕەوایە بۆ پشت بەستن بە هێزە ئیسپانیەکان . هەروەك توانی بچێتە بەندەری شرشال و کاروباری جەزائیری لەدەستیدا کۆبوویەوە و لە هەمان ساڵدا کە تیایدا هێزە مەملوکیەکان لەشام لە ساڵی ١٥١٦ ز دا لە ڕووداوی مەرج دابق لە بەردەم هێزەکانی عوسمانیدا شکان . بەیعەتی پێدرا [1] .

---

[1] حرب الثلاثمائة سنة بين الجزائر وإسبانيا / ١٧٤، ١٧٥ .

ئەو دووبرایە نەیاندەتوانی هەستن بەو فەتحکردنانە ئەگەر هاندانی سوڵتانی عوسمانی و پاڵپشتی نەبوایە بۆ پاڵ پشتی گەلانی ناوچەکە . پێشتر باسکرا کە شکستیان خوارد بۆ چوونە ناو بجایە لە بەرامبەر هەمان ئەو هێزە دوژمنانە دا [1].
پاش ئەوەی خەیرەدین لە جەزائیر بەڵێنی پێدرا لە دوای ئەو سەرکەوتنانەی کە بەسەر ئیسپانیاو سەرکردەناوچەییە هاوپەیمانەکانی ئیسپانیدا بەدەستی هێنا . بوویە وێستگەی هیوای زۆرێك لە و ویلایەت و ناوچانەی کە هێشتا ملکەچ بوون بۆ ئیسپانیەکان یان بەکرێگیراوە ئیسپانیەکانیان .
یەکەمینی ئەوانەی داوای سەرخستنیان لێکرد ، خەڵکی تلمسان بوون ، لەگەڵ ئەوەی دا دەکرا داخوازی ڕزگارکردن و فریاکەوتنی خەڵکەکە کە بەست بێت بۆ دەستێوەردانی (خەیرەدین) لەگەڵ ئەوەدا پێگەی ستراتیژی تلمسان بوونی خەیرەدینی لە جەزائیر دەکردە هۆی لاواز نەبوون و لە ناو نەچوونی ، ئەمە وای لە خەیرەددین کرد بیر بکاتەوە لە دەستێوەردان پێش ئەوەی خەڵکی ناوچەکە داوای ڕزگارکردن و فریاکەوتنی لێبکەن . داواکاریەکانیش دەبوونە هۆی پەلە کردنی لەو کارەدا [2].
خەیرەدین سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد و پێی کشا بۆ تلمسان لە ساڵی ١٥١٧ز و ڕێگەکەی بۆ ئارام و بێترس کرد ، دوای ئەوەی توانی سەرکەوێت بەسەریدا ، ئیسپانیاو بەکرێگیراوەکانیان توانیان بە هۆی بەنوحەمودەوە بیگێڕنەوە و یەك لە براکانی خەیرەدین لە ناو بچێت کە ئیسحاق بوو ، هەروەك عوروج و زۆرێك لە پیاوەکانی لە کاتی ئابلۆقەی شارەکەدا کوژران ، ئەو ئابلوقەیەی کە بۆ ماوەی ٦ مانگ یان زیاتر درێژەی کێشا تا ساڵی ١٥١٨ ز .

---

[1] قراءة جديدة في تاريخ العثمانيين / ٥٨ .
[2] قراءة جديدة في تاريخ العثمانيين / ٨٦ .

ئەو ڕوداوانە کاریگەریەکی گەورەی لە دەرونی خەیرەدینندا بەجێهێشت کە پاڵی پێوە نا بۆ بیرکردنەوە لە بەجێهێشتنی جەزائیر ئەگەر بێت و خەڵکەکەی زۆریان لێنەکردایە بۆ مانەوە . ڕازی بوونی لەسەر مانەوە وای لێکرد هەوڵی زیاتر بە خەرج بدات لە ترسی ئەوەی ئیسپانیاو هاودەمەکانی هێرشی نەکەنەسەر . هەروەك ئەوە بووە هۆی ئەوەی زیاتر ئاراستەی بەرەو پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانی ببات بە تایبەت دوای ئەوەی میسرو شامی گرتەدەست . ئەوەیش پێویستبونی هەردولا دوپات دەکاتەوە بە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تریاندا[1] .

چوارەم : دانیشتوانی شاری جەزائیر نامەیەکی فریاکەوتنیان نارد بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم ، مامۆستا دکتۆر عبدالجلیلی تەمیمی هەستا بە وەرگێڕانی بەڵگەنامەیەکی تورکی پارێزراو لە (دار المحفوظات التأريخية) لە ئیستانبوڵ ،- طوب قابی سیرای -لە ژمارە ٤٦٥٦ ئەو بەڵگەنامەیە ئاماژەیە بە نامەیەکی ئاراستەکراو لە لایەن خەڵکی شاری جەزائیرەوە بە هەموو پایەو ئاستەکانیانەوە ، کە مێژووی سەرەتاکانی مانگی ذي القعده ی ساڵی ٩٢٥ك پێوەیە لە ماوەی ٢٦ ی مانگی ئۆکتوبەر (تشرینی یەکەم) بۆ ٣ی مانگی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم)ی ساڵی ١٥١٩ ز ، کەبە فەرمانی خەیرەدین نوسرابوو بۆ سوڵتان سەلیم دوای گەڕانەوەی لە میسرو شامەوە بۆ ئەستانبوڵ ، مەبەست لەم نامەیە بەستنەوەی جەزائیر بوو بە دەوڵەتی عوسمانیەوە . لە نامەکەدا هاتبوو کە خەیرەدین تەواو خوازیاری ئەوەیە خۆی بچێت بۆ ئەستانبوڵ تاکوو خودی خۆی لایەنەکانی باس و خواسی جەزائیر بخاتە ڕوو بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم ، بەڵام سەرکردەکانی شاری جەزائیر داوایان لێکرد لەوێ بمێنێتەوە تابتوانێت بەرەنگاری دوژمنان ببێتەوە ئەگەر جولان . داوایشیان لێکرد باڵوێزێك بنێرێت لە جیاتی خۆی ، ئەو نامەیەی کە دەستەیەکی نێردراو بەناوی دادوەرو وتاربێژ و فیقە زان و خەڵکەکەو بازرگان و

---

[1] قراءة جديدة في تاريخ العثمانيين / ٨٦ .

ناوداران و هەموو دانیشتوانی نیشتەجێی شاری جەزائیرەوە هەڵیان گرتبوو . هۆگری قوڵی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەنواند ، ئەوەیش سەرکردایەتی باڵویێزەکەی دەکرد (فیقه زانی زانا مامۆستا أبو العباس احمدی کوڕی قاضي) بوو کە لە گەورەترین زاناکانی جەزائیر بوو هەروەك سەرکردەیەکی سەربازی و پێشەوایەکی سیاسیش بوو دەیتوانی بارودۆخی وولاتەکەی و ئەو مەترسیانە بخاتە ڕوو کە لە هەموو لاوە چواردەوریان دابوو .

باسی جیهاد کردنی (عوروج) لە بەرگری بێباوەڕاندا کرد لەگەڵ ئەوەی ناصر الدین چۆن بووە بە پارێزگاری موسوڵمانان ، هەروەها باسی ئەوەیان کرد کە چۆن جیهادی کردووە تاکو شەهید بووە لە ئابلۆقەی شاری تلمسان لە لایەن ئیسپانیایەکانەوە ، وەچۆن براکەی (موجاهیدی ڕێگای خوا أبو التقی خیرالدین) جێگەی گرتەوە کە چاکترین جێگیر بوو و بەرگری لێکردین ، جگە لە دادپەروەری و بەویژدانی و شوێنکەوتنی پەیامی پیرۆزی پێغەمبەرایەتی هیچی ترمان لێنەدیتوە ، ئەو بە چاوێکی گەورەرو شکۆوە دەڕوانێت بۆ پایەی ئێوەو ماڵ و سامان و گیانی خۆی بۆ جیهاد لە پێناو ڕەزامەندی خواو بەرزکردنەوەی قسەی خوادا تەرخان کردووە ، سەری هیوایشی دەسەڵاتی بەهێزتانە کە شکۆداری و گەورەیەکەی دیارە ، هەروەك خۆشەویستیمان بۆی پاك و ڕوونە و ئێمەش لە گەڵیدا ڕادەوەستین ئێمەو ئەمیرەکەمان خزمەتگوزاری دەرگای ئێوەین ، خەڵکی هەرێمی بجایە و ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات لە خزمەتی پایەی بەرزی ئێوەدان ، ئەوەی جێباسە هەڵگری ئەو نامە نوسراوە ئەوەتان بۆ دەخاتە ڕوو کە چی ڕوداوو ئاشتی لەو وڵاتەدا ڕووئەدات)[1] .

ئەو نامەی پێشوو ڕای جەزائیریەکان ڕوون دەکاتەوە بۆ لێکۆڵەر بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی ، لەو ڕایانە ئەوەیە کە خەیرەدین وەك حاکمێکی موسوڵمان لە

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ٢/ ٩١٠ .

باكوری ئەفریقادا ڕەفتار دەكات ، ئەو ڕێزی ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام دەگرێت و جێبەجێی دەكات ، وە بە دادپەروەری بەرنامەو یاسای لێوەردەگرێت لە فەرمانڕەواییدا :

–چالاكی ئەو جەخت دەكاتەوە لەسەر سەركردایەتی چالاكیە جیهادیەكان دژ بە مەسیحیەكان .

–ئەو هەموو ڕێزو پێزانینێك دەخاتە ڕوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی و پاشاكەی.

–نامەكە بەڵگەیە لەسەر پابەندی و یەكانگیری بەرەی ناوخۆیی و ڕونی ئامانجی بەرامبەر موسوڵمانانی جەزائیر [1] .

پێنجەم : وەڵامدانەوەی سوڵتان سەلیمی یەكەم بۆ خەڵكی جەزائیر :

سوڵتان سەلیم بە پەلە پایەی بەگلەربەگی دا بە خەیرەدین پرپروسە ، بەمە بووە سەركردەی هەرەگەورەی هێزە چەكدارەكان لە ناوچەكەیدا ، وەك نوێنەری سوڵتان ، بەمە جەزائیر كەوتە ژێر حوكمی دەوڵەتی عوسمانی و هەر دەستدرێژیەكی دەرەكی بۆ سەر خاكەكانی بەواتای دەستدرێژی بوو بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی ، سوڵتان سەلیم ئەو بڕیارەی پاڵپشتی كرد بەوەی هێزێكی لە چەكی تۆپ و ٢٠٠٠ سەربازی ئینكیشاری نارد بۆ جەزائیر لەو كاتەوە (١٥١٩ز) ئینكیشاریەكان لە ژیانی سیاسی و سەربازیدا دەركەوتن لە هەرێمەكانی عوسمانی لە باكوری ئەفریقادا و بوونە ڕەگەزێكی دیار و كاریگەر لە ڕوودانی ڕووداوەكاندا پاش ئەوەی ڕێژەیەكی زیاتریان لێنێردرا بۆ ئەو هەرێمانە .

سوڵتان مۆڵەتی دابە هەریەك لەو ژێر دەستە موسوڵمانانەی كە بیویستایە گەشت بكەن بۆ جەزائیر و چونە نێو ڕیزی موجاهیدەكان ، بڕیاری پێدانی دەستكەوت (إمتیان) ی دا بۆ ئەو خۆبەخت كەرانەی كە دەچن بۆ جەزائیر بۆ نێو فەیلەقە ئینكیشاریەكان وەك هاندانێكیان بۆ چوونەنێو كەتیبەی موجاهیدەكانەوە .

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية :٢ / ٩١١ .

دانیشتوانی ئەنادۆڵ لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیان کرد بۆ جەزائیر بۆ جیهاد کردن دژی مەسیحیەکان ، ئەو بڕیارانەی کە سوڵتان سەلیمی یەکەم دەری کردن چەند ئەنجامێکی گرنگی لێکەوتەوە ، لەوانە :

١. جەزائیر بەڕەسمی چووە ژێر سەرکردایەتی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٩ ز دا، وەلەسەر مینبەرەکان دوعا بۆ سوڵتان سەلیم کراو بەناوی ئەوەوە دراو لێدرا .

٢. ناردنی هێزە عوسمانیەکان لە ئەنجامی داخوازی فریاکەوتنی خەڵکی جەزائیرەوە بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و وەڵامدانەوەی خواستەکەیان، بۆیە چوونە ناوی هێزە عوسمانیەکان بە جەنگ یان فەتح کردنی سەربازی نەبووە دژ بە خواستی خەڵکی وڵاتەکە .

٣. هەرێمی جەزائیر یەکەم هەرێم بوو لە هەرێمەکانی باکوری ئەفریقیا کە چووە ژێر سەرکردایەتی عوسمانی ، جەزائیریش بووە جێگەی جەختی بزوتنەوەی جیهادی دەوڵەتی عوسمانی لە دەریای ناوەڕاستدا [1].

کە دوای ئەوە سوربوو لەسەر کشانی قەڵەمڕەوی بۆ هەموو هەرێمەکانی باکوری ئەفریقی بۆ یەکخستنی لە ژێر ئاڵای ئیسلام و کارکردن بۆ ڕزگار کردنی موسوڵمانانی ئەندەلوس لەو کارە دڕندانانەی کە ئیسپانیای مەسیحی پێی هەڵدەستا .

بەڕاستی سەردەمی سوڵتان سەلیم سەرەتایەکی نەوازشی بوو بۆ کشانی قەڵەمڕەوی عوسمانی بۆ هەرێمەکانی باکوری ئەفریقیا لە پێناو پارێزگاری کردن لە ئیسلام و موسوڵمانان ، سولەیمانی کوڕیشی ئەو پرۆژە جیهادیەی درێژە پێدا .

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ٢/ ٩١٣ .

سوڵتان سەلیمی عوسمانی وەڵامی ئەو بانگەوازەی برا ئایینیەکانی دایەوە بۆ جیهاد کە هەر لەسەرەتاوە پەیوەست بوو بە ناوی دوو براکەوە ، عوروج و خەیرەدین پرپروسە [1] .

شەشەم : ئەو هەڕەشانەی لە بەرامبەر خەیرەدیندا هەبوون :

خەیرەدین دەبوو لە بارودۆخی سیاسی و سەربازی نوێیدا جەنگ لە دژی دوو بەرە بکات :

١. بەرەی ئیسپانی بۆ ڕاوە دوونانی ئیسپانیەکان لەو شوێنانەی کە تیایدا جێگیر بووبوون و دەستەو کەمینەیەك لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر دایانە پاڵیان و سەرکەوتنێکی دیاریان بەسەر ئیسپانیەکاندا بەدەست هێنا کاتێك لەساڵی ١٥٢٩ ز دا زاڵبوون بەسەر قەڵای بینونی ئیسپانی لە سەر جەزیرەی بەرامبەری وڵاتی جەزائیردا. بەردەوام ئەو قەڵایەی بە گوللەی تۆپەکانی تۆپباران دەکرد بە درێژایی ٢٠ ڕۆژ تاکوو لاکانی کەوتن و ڕوخان ، پاشان قەڵاکە تێکشکا لەگەڵ هێزێکی ژمارە چڕدا کە ٤٥کەشتی هەڵیانگرتبوون کە لە کەنارەوە هاتبوون ، ئینجا سەرکردەی قەڵاکە لەگەڵ گەوەر ئەفسەرەکانیدا گیرا .

زاڵبوونی خەیرەدین بەسەر بینون دا لەساڵی ١٥٣٩ ز دا بەسەرەتای ئەو دامەزراندنە دادەنرێت کە بە ناوی (نیابة الجزائر) ناسراوە ، لەو مێژووەوە بەندەری جەزائیر بوویە پایتەختێکی گەورەی ڕۆژئاوای ناوەڕاست ، بەڵکو دواتر هەموو باکوری ئەفریقیای عوسمانی بوو ، بەمە بەکارهێنانی چەمکی جەزائیر بۆ ئاماژە بۆ هەرێمەکانی جەزائیر بوو تاکۆتایی سەدەی ١٨ز .

٢. بەرەی ناوخۆیی : ئەمەش خۆی دەنواند لە هەوڵی یەکخستنی ڕۆژئاوای ناوەڕاستدا کە بێبەش نەبوو لە پیلانەکانی بەنی زیان و حەفصیەکان و هەندێ لە هۆزەبچوکەکان ، بەڵام توانی کە ناوچەی قەڵەمڕەوی بەناوی دەوڵەتی

---

[1] المشرق العربي والمغرب العربي / ٩٧ .

عوسمانی بەوە درێژە پێبدات ، ئیمارەتە بچوکەکان چوونە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیەوە تاکوو بەو هێزەوە پارێزگاری لە چاوچنۆکیە خاچپەرستیە ئیسپانیەکان ولە کۆش نەگرتنی مەسیحیەت بکات. خەیرەدین بەردەوام بوو تا قەڵەمڕەوی عوسمانی گەیاندە هەندێ شاری گرنگی ناوخۆیی وەك قوستەنتینیە [1].

بەڕاستی خەیرەدین سەرکەوتوو بوو لە دانانی پاڵپشتی بەهێزدا بۆ دەوڵەتی گەنجی جەزائیر ، یارمەتیە عوسمانیەکانیش بەبەردەوامی لە لایەن سوڵتان سولەیمانی قانونیەوە دەگەیشتن کە بەهۆیەوە توانی هەزاران موسوڵمان لە ئیسپانیا ڕزگار بکات .
لە ساڵی ٩٣٦ك ، ١٥٢٩ ز هەستا بە ئاراستەکردنی ٨٦کەشتی بەحەوت جار بۆ کەنارە ئیسپانیەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەحەوزی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ، بەفەزڵی خواو پاشان بەهۆی یارمەتیەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەستکەوتەکانی خەزێنە جۆراوجۆرەکانی جەزائیر لە باج و (سبی) و دەستکەوت و زەکات و دەیەك و سەرانەو فەیئ و خەراجەوە، هەروەهائەو دابینکاریەی دەسکەوت و شتی تر لەلایەن فەرمانڕەواو سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکانەوە هەبوو، دەوڵەتی جەزائیر بنکەیەکی ئابوری بەهێزی بۆ دروست بوو [2].
بەڕاستی ئیسپانیا بە سەرکەوتنی خەیرەدین لە باکوری ئەفریقیدا زیانی لێکەوت کە ئیسپانیا لە لایەن شارلی پێنجەمەوە ئیمبراتۆری دەوڵەتی ڕۆمانی پیرۆزەوە سەرکردایەتی دەکرا ئەو کاتەیش ئیسپانیا و بەلجیکاو هۆڵەندا و ئەڵمانیا و نەمساو ئیتالیای لە خۆ دەگرت ، ئەو دەوڵەتە ڕۆمانیە پیرۆزە بەرگری لە

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ٢/ ٩١٣ .
[2] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٣١١ .

ئەوروپای مەسیحی دەکرد دژ بە مەترسی عوسمانی لەسەر ڕۆژهەلات و ناوەڕاستی ئەوروپا ، بۆیە دەکرێت بلێین ململانێی نێوان شارلی پێنجەم و نێوان بەگلەربەگی جەزائیر کردنەوەی بەرەیەکی جەنگی نوێیە دژی دەولەتی عوسمانی لە باکوری ئەفریقیدا، بۆیە شارل بەهێرش بردنی لەناکاو بۆ سەر کەنارەکانی جەزائیر نەوەستا بەلکو لەسالی ٩٤٠ ك ، ١٥٣٣ز دانێردراوێکی نارد بۆ هەوالگری لە باکوری ئەفریقیا ، کە (أوشوا دوسلا) ی ئەفسەر بوو دوسلا چواردەوری تونس گەڕا ، لێرەدا ئامادەیی حەفصیەکان دەردەکەوێت بۆ یارمەتیدانی شارلی پێنجەم ، کە دەترسا لە فراوانبوونی قەلەمڕەوی عوسمانی بۆ سەر تونس ، باس دەکرێت کە ئەو زالبونە دەبێتە هۆی ئاسان زالبونی عوسمانیەکان بەسەر ئەفریقیادا ، پاشان دوای ئەوە دەکەونە ڕێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەندەلوس ئەوەیش ئەوەبوو کە جیهانی مەسیحی لێی دەترسا .

سیاسەتی مەملەکەتی حەفصی لە تونس بەرەو دواکەوتنێکی بەدەوام دەچوو ، سولتانی حەفصی حەسەنی کوڕی محمد خراپەکاری ئەنجام دەدا لە وولاتدا و ژمارەیەك لە براکانی خۆی کوشت بەمە بارودۆخەکان لە تونسدا پێکیانداداو هەندێ کەس لە گوێڕایەلی سولتانی حەفصی دەرچوون .

براکەی حەسەن ناو دەبرا بە (الامير الرشيد) لە ترسی کوشتن لە براکەی ڕایکردو پەنای برد بۆ لای عەرەب لە بادیە ، پاشان چوو بۆ جەزائیر بۆ لای خەیرەدین و داوای پاراستن و یارمەتیدانی لێکرد دژ بە براکەی[1] .

خەیرەدینیش ئامادەیی خۆی نواند بەو هۆیەی کە گرینگیدانی ئەو جەختی دەکردەوە لەسەر تونس بەهۆی لاوازی حەفصیەکان و ئەو ناکۆکیە ناوخۆییانەی کە بنەمالەی حەفصی تواندەوە . هەروەك لە ڕوانینی ئەودا تونس گرنگیەکی ستراتیژی گەورەی هەبوو بۆ سەرپەرشتی کردنی گەرووی سەقلیە بەجۆرێك

---

[1] جهود العثمانيين لإنقاذ الأندلس / ٣١١ .

زاڵبون بەسەریدا سنوردارکردن و بڕینی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو حەوزی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی یان بۆ لەبار بکات .
ئەمە لەگەڵ خواستی خەیرەدیندا بۆ یەکخستنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەژێر حوکمی دەوڵەتی عوسمانیدا تاکوو گەڕاندنەوەی ئەندەلوسیان بۆ بەدەست بهێنێت .
حەوتەم : سەفەری خەیرەدین بۆ ئەستانبوڵ : سوڵتان سولەیمانی قانونی پاش ئەوەی دەستی گرت بەسەر بەلگراد دا سوربوو لەسەر بەڕێکردنی سەربازەکانی بۆ ئیسپانیا تاکو سەرکەوێت بەسەر ئەوێیشدا .
سوڵتان سولەیمان ڕای وابوو کە دەبێت کەسێك هەبێت کە پشتی پێببەسترێت بۆ چوونەنێو ئەو وڵاتانە بەوەی شارەزای بارودۆخەکەی بێت . بۆیە خەیرەدینی هەڵبژارد چەنکە ئەو دلێربوو و ئامادەبوو شارەزایی هێرش کردنە سەر ئەو ناوچەیەشی هەبوو جگە لەوەی کە هەستابوو بە فەتحکردنی وڵاتانی عەرەب لە باکوری ئەفریقیدا و حوکمی عوسمانی تێدا چەسپابوو. بۆیە دەقێکی ئاراستەکرد کە تیایدا داوای ئامادەبوونی لیٚ دەکات و فەرمانی پێدەکات تا کەسێك لەوانە بکاتە جێگیر لە جەزائیردا کە جێی متمانەی ئەون، ئەگەر کەسی نەدۆزیەوە بۆ لەبارکردتی ئەو کارە ئەوا سوڵتان جێگرێکی بۆ دەنێرێت . ئەو دەقەی لەگەڵ پیاوێکدا نارد کە بە (سنان جاوشی) بانگ دەکرا . ئەویش گەیشتە جەزائیر و دەقەکەی سوڵتانی گەیاند بە خەیرەدین و ئەویش قبوڵی کرد.
کاتێك خوێندیەوە و شارەزای مەبەست و خواستی ناو دەقەکە بوو ، دیوانێکی گەورەی سازدا و هەموو زانایان و ناودارانی وڵاتی ئامادەکرد و دەقەکەی سوڵتانی بۆ خوێندنەوە کە سوڵتان ئاراستەی کردبوو . وەتێیگەیاندن کە ناتوانێت لە فەرمانەکەی سوڵتان لابدات، کاتێك ئەندریا دوریا پێشەوای کەشتیەوانی مەسیحی لە دەریای ناوەڕاست ئەو سووربونەی سوڵتانی بیست

لەمەڕ فەتح کردنی ئیسپانیا هاوکات بەدەمەوەچوونی خەیرەدینیش لە جەزائیردا بۆ ئەو کارە، ویستی کە خەیرەدین سەرقاڵ بکات تا نەچێت بۆ لای سوڵتان [1].

لە نێو دیلە مەسیحیەکانی جەزائیردا بانگەشە بڵاو بوویەوە لەبارەی سوربونی حکومەتی ئیسپانی لەمەڕ هێرش کردنە سەر بۆ سەر جەزائیر و ڕزگارکردنیان لە دیلی . بۆیە دیلەکان دڵخۆش بوون بەو هەواڵە و لە خەیرەدین هەڵگەڕانەوە کە وایدەبینی بەرژەوەندی گشتی وایە کە ئەو دیلانە لەسێدارە بدات تاکوو دڵنیابێت لە زیاد نەبوونیان ، پاشان هەستا بەبەهێز کردنی قایمکاریەکانی جەزائیر ، ژمارەی قەڵاکانیشی بەشێوەیەکی دیار زیاد کردو گوێڕایەڵی بۆ سوڵتان هێنایەدی [2].

خەیرەدین سووربوو لەسەر چوونی بۆ ئەستانبوڵ لە ٩٤٠ك ، ١٥٣٣ز و حەسەن ئاغا طوشي لە شوێنی خۆیدا دانا کە پیاوێکی ژیر و پیاوچاك و خاوەن زانستێکی فراوان بوو [3].

خەیرەدین لە دەریای ناوەڕاستەوە بە هاودەمی ٤٤ کەشتی ڕووەو ڕۆژهەڵات چوو ، لە ڕێگەکەیدا دەستەیەك لە کەشتیەکانی ئالی هایسبوجی لە نزیك مۆرە تێکشکاند، خەیرەدین لە گەشتەکەیدا بەردەوام بوو و گەیشتە بیروزان ، خەڵکی شارەکە بە هاتنی خۆشحاڵ بوون ، چونکە ئەوان لە هێرشی ئەندریا دوریا دەترسان کاتێك خەیرەدینی هات، هێرشەکە دورکەوتەوە ، پاشان خەیرەدین درێژەیدا بە گەشتەکەی ، تاکوو گەیشتە قەڵای أواریـن (أناوارنیە) لەوێدا گەیشت بە کە شتیگەلێکی سوڵتان سولەیمانی قانونی هەموان بەمە خۆشحاڵ بوون ، پاشان هەموو پێکەوە دەرچوون تا گەیشتنە چەند شیلانێك (قرون)

---

[1] سیرة خیر الدین باشا ،ق ٤٨أ٤٨ب .

[2] حقائق الأخبار عن دول البحار : ١/ ٣٦١ .

[3] فتوحات خیرالدین ، ق ٢٧٠ أ ، ٢٧٠ .

پاشان خەیرەدین نامەیەکی نوسی بۆ سوڵتان و ئاگاداری دەکردەوە بە گەیشتنی و داوای وەرگرتنی مۆڵەتی ئامادەبوونی لێدەکرد ، سوڵتانیش دەقێکی ئاراستەکرد کە شەیدایی خۆی نیشان دەدات بە هاتنی [1].

خەیرەدین لەو شیلانانەوە بەڕێکەوت و لەگەشتەکەیدا بوو تاکووگەیشتە ئەستەنبوڵ و لەوێ وەستا ، لەوێ وەك نەریتیان تۆپیان وەشاند بەئاسماندا (لەخۆشیدا) خەیرەدین چووە لای سوڵتان بوو و لەبەردەستیدا ڕاوەستا ئەویش فەرمانی کرد ك خۆی و هاوەڵە تایبەتیەکانی لە (الجرایات الوافره) سەگە هاودەمەکانیان دوور بگرن و لەیەکێك لە کۆشکەکانیدا دایبەزاندن و لە (دار الصناعه) چاوخشاندن بە کاروبارەکانی پێ سپارد [2] و نازناوی (قبودان پاشا – وەزیری دەریایی) پێبەخشی تاکو دەسەڵاتی تەواوی یارمەتیدان و دەستگرۆیی هەبێت .

(الصدر الأعظم) سەدری گەورە لەو کاتەدا لەشاری حەلەب بوو کەهاتنی خەیرەدینی بیست بۆلای سوڵتان ، ئەو هەواڵی جەنگەکانی بەرەنگاری مەسیحیەکانی پێی گەیشتبوو ، بۆیە تامەزرۆی بینینی خەیرەدین بوو ، بۆیە دەقێکی ئاراستەی سوڵتان کرد کە تیایدا تکای لێ دەکرد خەیرەدین بنێرێت بۆ لای تا ببینێت ، سوڵتانیش هەواڵی نارد بۆ لای خەیرەدین لەمەڕ تامەزرۆیی سەدری گەورە ، خەیرەدینیش بەڕەزامەندی وەڵامی دایەوە ، خەیرەدین بەرەو حەلەب بەڕێکەوت ، سەدری گەورە بەهاتنی خەیرەدین بۆ حەلەب ئاهەنگێکی گێڕاو لە هەندێ کۆشکی سەرسوڕهێنەردا دایبەزاند ، لە ڕۆژی دووەمی گەیشتنی خەیرەدین دا نێردراوێك لە لایەن سوڵتانەوە گەیشت کە جلێکی پێبوو تیایدا فەرمانی بەوە کرد کە خەیرەدین لە وەزیرەکانی سوڵتانەو ئەو جل

---

[1] فتوحات خیرالدین ، ق ۲۷۰ أ ، ۲۷۰ .

[2] فتوحات خیرالدین ، ق ۲۷۰ أ ، ۲۷۰ .

لەبەردەکات ، ئەو کات چووە دیوانی گەورە و جل و بەرگی وەزارەتیان لەبەرکرد و ئاهەنگێکی سەرسوڕهێنەریان بۆ گێڕا و ڕێزێکی گەورەیان لێگرت بەو هۆکارەی ئەو لە حەوزی دەریای ناوە لە ڕاستیدا چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش کردبوو بە ئیسلام و موسوڵمانان.

پاشان خیرەدین گەڕایەوە بۆ ئەستانبول و سوڵتان ڕێزی لێگرت ، خەیرەدین دەستی کرد بە ڕوانینە نێو کاروباری (دار الصناعە) هەروەك سوڵتان ئەو ئەرکەی پێ سپاردبوو[1].

پاش ئەوەی ئامادەکردنی کەشتیگەلی نوێی عوسمانی تەواو بوو ، خەیرەدین بربروسە بە کەشتیگەلە بەهێزەکەیەوە لە دەردەنێلەوە دەرچوو بەرەو کەنارەکانی ئیتالیای باشور و توانی زۆرێکیان بگرێت و شارو کەنارەکانی دەست بەسەردا بگرێت ، پاشان بەرەو دورگەکانی صەقلیە چوو و کورون و لیبانتوی گەڕاندەوە (بۆ دەوڵتی عوسمانی)[2].

سوڵتان سەلیم لەگەڵ خەیرەدین بربروسەدا گفتوگۆی لەسەر گرنگی تونس و پێویستی چونی تونسی دەکرد نێو چوارچێوەی ستراتیژی دەوڵەتی عوسمانی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەی بەرەو گەڕاندنەوەی ئەندەلوسدا. گرنگی تونس لەمەڕ دەوڵەتەوە بەپێی پێگە جوگرافیەکەی دێت کە دەکەوتە نێوەندی کەناری باکوری ئەفریقی و نێوان جزائیر وتەرابلوسەوە ، هەروەها لەبەر نزیکی لە ئیتالیا کە یەکێکە لە باڵەکانی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز لە کاتێکدا باڵەکەی تری ئیسپانیابوو ، لەسەرو ئەوەیشەوە ، هاوسێیەتی لەگەڵ دورگەی ماڵتەی پێگەی سوارەکانی قدیس یوحەننای هاوپەیمانی ئیمبراتۆر شارلی پێنجەم و توندترین هۆزە مەسیحیە دوژمنکارەکانی موسوڵمانان و پاشان ئەو توانا لە بارانەی کە

---

[1] جهود العثمانيين لإسترداد الأندلس / ٣١٧ .

[2] ليبيا بين الماضي والحاضر / ١٦٦ .

شوێنەکانی تونسی دەگرتەوە لە حوکم پێکردنی پەیوەندیە دەریاییەکانی دەریای ناوەڕاستدا. بەو جۆرە ئەو هۆکارانە بوونە مایەی باڵکێشانی گرنگی سەربازی بەسەر تونسدا [1].

قۆناغی دووەم لەبارەی خەیرەدینەوە لە دوای هێرشەکەی بۆ سەر کەنارەکانی باشوری ئیتالیاو دورگەی صەقلیە تونس بوو ، ئەمەیش بۆ جێبەجێکردنی پلانی دەوڵەت بوو کە پاککردنەوەی باکوری ئەفریقای لە خۆ دەگرت لە ئیسپانیەکان وەك سەرەتایەك بۆ گەڕاندنەوەی ئەندەلوس کە پێشتر ئاماژە بەوەکرا خیرەدین بربروسە ئاماژەی بۆ سوڵتان سەلیمی قانونی کرد لەو دەقەیدا کە بۆ سوڵتانی نارد کە کەمێك پێش داواکاری و بانگکردنەکەی سوڵتان بوو لە ٩٤٠ك ، ١٥٣٣ز ، تیایدا ووتی: (... ئەگەر پایەی بەشداریم پێدرا ئامانجی من بریتیە لە دەرکردنی ئیسپانیا لە ئەفریقیا لە کورتترین کاتدا ، دەشکرێت دوای ئەو ببیستیت کە ڕۆژئاواییەکان سەرلەنوێ دەدەن بەسەر ئیسپانیادا تاکوو مەملەکەتی قرتاجە بگێڕنەوە ، و تونس بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تۆوە ، من لەپشت ئەمەوە ناتوانم نێوانی تۆو ئاراستەکردنی هێزەکانت لەبەرەی ڕۆژهەڵاتەوە لێك جیابکەمەوە ، نەخێر ، چونکە ئەوە پێویستی بەوەندە هێز نیە ، بەتایبەت کاتێك جەنگەکانت لە ئاسیا یان ئەفریقیا زیاتر پشت بەوە دەبەستێت کە بەهێزی ووشکانی پشتی بەستبێت ، لەمەڕ ئەم بەشی سێیەمەی جیهانیش ئەوەی من داوای دەکەم بەشێکە لە کەشتیگەلەکەت و ئەوەیش بەست دەبێت ، چونکە ئەو بەشە پێویستە ملکەچی دەسەڵاتی تۆ بێت ..) [2].

کەشتیگەلی عوسمانی لەژێر سەرکردایەتی خەیرەدین دا گەیشتە کەنارە تونسیەکان و لەسەر شاری عەننابە وەستاو هەندێ فریاگوزاری ئەنجامدا، پاشان

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها : ٢/ ٩١٥-٩١٦ .

[2] فتح العثمانيين عدن/ ١٢٧ .

بەرەو بنزرت پێشکەوت پاشان بەرەو حلق الواد چوو ، کە بەبێ سەختی و گرفت دەستی گرت بەسەریدا[1]. خەیرەدین لەلایەن وتاربێژو زانایانەوە پێشوازی لێکراو ڕێزیان گرت ، لەو کاتەدا بەرەو تونس چوون ، سوڵتانی حەفصی حەسەنی کوڕی محمد ڕایکرد بۆ ئیسپانیا ، پاشان خەیرەدین ڕەشیدی برای حەسەنی کوڕی محمدی لەسەر تونس دانا و لکانی تونسی ڕاگەیاند بە مەملەکەتەکانی عوسمانیەوە لە کاتێکدا کە قەڵەمڕەوی عوسمانیەکان لە حەوزی ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاستدا بڵاوبووبوویەوە[2].

هەشتەم : کاریگەری جیهادی خەیرەدین لە سەر ڕۆژئاوای دوور:

سوڵتان أحمد أعرجی سەعدی سودی بینی لەو هەلانەی کە دەوڵەتی عوسمانی و گەلی جەزائیری خستیەگەڕ بە سەرکردایەتی خەیەردین بربروسە ، بۆیە هەستا بە گەمارۆدانی شاری ئاسفی لە ئەزمور ، ئەوەیش لە ساڵی ٩٤١ك ، ١٥٣٤ز بوو کە خەریك بوو شارەکە بکەوێتە دەستی سەعدیەکان ئەگەر بێت و ئەو فریاگوزاریانە نەبوایە کە پورتوگالیەکان ناردیان بۆ شارە گەمارۆ دراوەکە، وادیاربو هاوکاریەك لە نێوان عوسمانیەکان و هێزە ئیسلامیەکانی ڕۆژئاوادا دژ بە مەسیحیەکان و مەڵبەندەکانیان لە باکوری ئەفریقی هاتەدی ، کاتێك پاشای پورتوگالی جانی سێیەم هەواڵی گەیشتنی کەشتیگەلی عوسمانی بیست لە ٣ی ڕەبیعی یەکەمی ٩٤١ك ، ١٣ی سێبتەمبری ١٥٣٤ز بەسەرکردایەتی خەیرەدین بربروسە بۆ باکوری ئەفریقی ، بیری کردەوە لە دەست بگرێت بەسەر هەندێ لە مەڵبەندەکاندا وەك سەبتەو تەنجە کە بەڕای ئەو ناوچەی زیندوی بەرگری بوون لە بەرژەوەندیەکانی مەسیحیەکان لە ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست و بەرگری هێرشی عوسمانی لە نیمچە دورگەی ئیبیریەوە پاشا یوحەنای سێیەم

---

[1] حرب الثلاثمائة سنة / ٢٣٠ .

[2] فتح العثمانيين عدن / ١٢٨ .

ڕاپرسیەکی نارد بۆ هەموو دەستەو ناوداران و ئوسقوفەکان لە وڵاتەکەیدا کە ڕاویـژی پێـدەکردن لەمـەڕ بـاس و خواسـی دەسـتگرتن بەسـەر هەنـدێ لـە مەڵبەنـدەکانی بـونی پورتوگالیـەکان لـە باشـوری ڕۆژئـاواوە . ئـەوەیش جێـی داخوازی بوو بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئایا شیاوە کە ئاسفی و ئەزمور بە جێ بهێڵێین بۆ ڕۆژئاواییەکان ؟ ئایا شیاوە بەسەریاندایان بەسەر بەشێکیاندا زاڵ ببین ؟ ئەگەریش شیاوی پارێزگاری لێکردنیانن ، ئایا نەگۆڕێن بۆ قەڵا تاکوو کێشی تێچونیان کەم بکرێتەوە ؟ پاشان ئەو زیانە دەرەنجامەکانی چین و چۆن چارەسەریان بکەین؟.

پاشای پورتوگالی وەڵامگەلێکی پێگەیشتەوە لەنێو هۆگرانیدا لەبارەی مانەوە لە ناوچە باشوریەکانی حەوزی پورتوگالیدا. لەگەڵ بوونی نەیارانێکی ئەم ڕایەدا ، وەڵامـی پیاوانی ئاینی بۆ پاشا جانی سێیەم ئێوە یەکدەنگ بوونێك بووکە ئامۆژگاری پاشایان دەکرد بە چۆڵ کردنی مەڵبەندەکانی باشورو پاشا هەموو هۆکارەکانی بەرگری ئەوێ بگوازرێتەوە بۆ مەڵبەندی باکور بۆ ڕێگری مەترسی عوسمانی بەسەرکردایەتی خەیرەدین بربروسە . ئوسقوفیش ئامۆژگاری دەکرد بە چۆڵ کردنی سانتاکروز و ئاسفی و ئەزمور . چونکە گرنگیان کەمترە لە زۆربەی ئەو تێچونانەی کە تیایدا بەخەرج دەدرێن ، هەروەها ئاراستەی هێزەکانی دژ بە فاس بەچاك دەزانی ، هەوەك ئامۆژگاری دەکرد بەچاك کردنی هۆکارەکانی بەرگریکدن لەسەبتە لەترسی هێرشی خەیرەدین بربروسە [1] .

بـونی عوسمـانی لـە جـەزائیردا کاریگـەری نوانـد لەسـەر هەڵوێستی پاشـای پورتوگالی لە ڕۆژئاوادا بەوەی پاشەکشەی کرد لە هەستانی بە چالاکی سەربازی لەو ناوچەیەدا هەروەك زاڵبوونی عوسمانیەکان بەسەر تونسدا سامێکی خستە نێو دەرونی پاپاو ئیمبراتۆر شارلی پێنجەمەوە پاپا کە ئەوەی بەهەڕەشەیەکی

[1] جهود العثمانيين / ٣٢٠ .

ڕاستەوخۆ دادەنا بۆ سەر مەسیحیەت و هێڵەکانی پەیوەندی دەریایی لەگەڵ دەوروبەری مەملەکەتەکەیدا [١].

هەڕەشەی عوسمانی گەیشتە ئەوپەڕ ، بەو هۆیەی کە دەوڵەتی عوسمانی زمانەتی زاڵبون بەسەر ڕێڕەوە تەسکەکانی نێوان صەقلیەو ئەفریقیای کردبوو [٢].

نۆیەم : دەستگرتنی شارلی پێنجەم بەسەر تونسدا : هەڵوێستەکە بۆ ئیسپانیا لەباربوو ، ئەوەیش بۆ هەستان بە وەڵامدانەوەیەکی توند ، چونکە دەوڵەتی عوسمانی سەرقاڵ کردبوو بەجەنگ لەگەڵ شیعە لە وولاتی فارسدا و زاڵ بووبوو بەسەر ململانێی نێو ئەوروپادا ، فرانسوای یەکەمی پاشای فەرەنسایش پەیمانی بە شارلی پێنجەم دا بێ لایەن بوەستن، شارل دوودڵ بوو لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنەدا کە بۆی بڕوات بۆ لێدانی جەزائیر یان تونس لە باکوری ئەفریقیادا، بەڵام ڕزگاریخوازی سوڵتانی حەفصی حەسەنی کوڕی محمد و خواستی لە دەرچوون لە ئیستانبوڵ، شارلی پێنجەمی پاڵ پێوەنا بۆ هەڵبژاردنی هێرش کردنە سەر تونس [٣].

شارلی پێنجەم سەرکردایەتی چالاکیەکی سەختی دەریایی کرد کە لە ٣٠ هەزار جەنگاوەری ئیسپانی و هۆڵەندی و ئەڵمانی و ناپۆلی و صەقلی پێك هاتبوو لە نێو ٥٠٠ کەشتیدا . ئیمبراتۆر لە بەندەری بەرشەلۆنەوە چووە نێو دەریا ، کاتێك کەشتیەکانی لە بەرامبەر تونسدا وەستاند، جەنگانێکی توندو قورس لە نێوان هەردوو لادا بەرپابوو [٤] .ئەو هۆکارەی کە زاڵبوونی ئیسپانیای بەسەر تونسدا

---

1 رسالة غرناطة الى سلطان سليمان ، العدد :٣ تونس .

2 جهود العثمانيين لإسترداد الأندلس / ٣٢١ .

3 تأريخ الجزائر الحديث / ٣٤ .

4 حقائق الأخبار عن دول البحار : ١/ ٤٣٠ .

گەڕاندەوە لە ساڵی ٩٤٢ك ، ١٥٣٥ز [1] ئەوەبوو کە هێزی خەیرەدین هێندەی پێویست نەبوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێرشە ، سوپای ئیسلامی ژمارەی سەربازەکانی ٧هەزار سەربازی عوسمانی بوو کە لەگەڵ خەیرەدیندا هاتبوون لەگەڵ ٥هەزار تونسیشدا ،هەروەك عەرەبەکان لە جیهادکردنەکە دواکەوتن ، بۆیە ئەنجامی بەدڵنیاییەوە ئەوەبوو کە شارل دەستی گرت بەسەر قەڵای (حلق الواد مرسی تونس) دا [2] .

ئیسپانیا حەسەنی کوڕی محمدیان بەفەرمانڕەوا دانا تاکوو بەپێی ئەو گرێبەستە کار بکات کە حەسەنی کوڕی محمد (بونەو مهدیە) بدات بە دەستی شارلی پێنجەمەوە ، بەڵێ دەستی گرت بەسەر (بونەدا) ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە مەهدیە لە حەوزەی عوسمانیەکاندابوو ، بۆیە حەسەن نەیتوانی پەیمانەکەی بێنێتەدی ، بۆیە ئیسپانیەکان مەرجیان لەسەر دانا کە ببێتە هاوپەیمان و یارمەتیدەری سوارەکانی قدیس یوحەننا لە تەرابلوس [3] و هەستێت بە دژایەتی کردنی عوسمانیەکان و بەلایەنی کەمەوە ئەرك و خەرجی ٢هەزار ئیسپانی بگرێتە ئەستۆ کە وەك پارێزەر لە قەڵای حلق الواد دا بەجێ دەمێنن ، شارلی پێنجەم گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا و پێشوازی کرا جەنگاوەرە فەتحکەرەکان لە کاتێکدا کە سوڵتان جەنگی لەگەڵ سەفەوی شیعەی ڕافیزی دا دەکرد لە وڵاتی فارس [4] .

دەیەم : گەڕانەوەی خەیرەدین بۆ جەزائیر : خەیرەدین لە دوای شکانی لە تونسدا گەڕایەوە بۆ جەزائیر و یەکەم جار لە قوستەنتینیەدا جێگیر بوو ، لێرەوە خۆی ئامادە کرد بۆ بەرپاکردنی جیهاد دژ بە ئیسپانیا لەو بەرانەوە کە دەست نیشانی

---

1 جهود العثمانيين / ٣٢١ .

2 حرب الثلاثمائة / ٣٢١ .

3 الأتراك العثمانيون في الأفريقية الشمالية / ٣٨ .

4 فتح العثمانيين عدن / ١٣٠ .

دەکـردن و بـە خـەیرەدینـەوە پەیوەسـت بـوون، بـۆ ماوەیـەکی کـاتی لـە شـاری جەزائیردا جێگیر بوو لەبەر ئەو پابەند بوونانەی کە نەخشە نوێیەکە بەسەریدا دەچەسپاند ، وەك بـەنی قبـودان پاشـا بۆکەشـتیگەلی ئیـسلامی عوسمـانی کـە شارلی پێنجەم هەستی بە بوونی دەکرد تا بە لێدانێکی هاوشێوە بەرپەرچی ئەو لێدانـەی تـونس بداتـەوە. بۆیـە هەسـتا بـە هێـرش کردنـە سـەر دورگـەی ئیـسپانیەکانی بلبـار و کـەنارەکانی باشـوری تاگەیـشتە گـەروی جبـل تـاریق ، عـەننان خـۆی هەسـتا بـە هێـرش بردنـە سـەر کەشـتیە ئیـسپانی و پورتوگالیەگـەڕاوەکانی زەویـەکانی ئـەمریکا کـە هـەڵگری زێـڕو زیـو بـوون ، ئـەم ڕووداوانـە هـەموو نێوەنـدەکانی مەسـیحیەتی هەژانـد و شـارل دودڵـی و ڕاڕایـی تێکەوت لە کاتێکدا وای دەزانـی خـەیرەدین هـەرگیز خۆی بەهێز ناکاتـەوە پـاش ڕووداوی پێشووی تونس لە ٩٤٢ك ، ١٥٣٥ز دا [1].

لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی عومسانی چووە نێو هاوپەیمانێتیـەکی ڕەسمـی لەگـەڵ فەرەنسادا لەسـاڵی ٩٤٣ك ، ١٥٣٦ز کـە ئەمـەیش بـە دژە هەڵوێـستێك دادەنرێـت بەسەر ئەو هێرشە دژایەتیەی کە ئیسپانیا پێی هەستا بۆسەر تونس [2].

بۆیـە واهاتـە پـێش کـە ئیمبراتۆیـەتی پیرۆزی ڕۆمـانی لەلایـەن نـەیار فەرەنـساو عوسمانیەکانـەوە گـەمارۆ دراوە ، کـە بوویـە هـۆی سـەرلەنوێ سـەرهەڵدانەوەی جەنگـەکانی نێوانیـان ، هـەروەك ئامانجـەکانی ئیـسپانیا و پورتوغـال بووبەیـەك ، ئەمـەیش لـە داگـیر کردنـی مەڵبەنـدەکانی ڕۆژئـاوادا لەگـەڵ بـوونی ترسـیان لـە پێشڕەوی عوسمانیەکان بو نیمچە دورگەی ئیبیری .

---

[1] حرب الثلاثمائة عام / ٢٢٧، ٢٣٦، ٢٤١، ٢٤٢ .

[2] جهود العثمانيين / ٣٢٣ .

دیبلۆماسیەتی پورتوگالی و هەڵوەشاندنەوەی یەك ڕیزی لە باكوری ئەفریقیادا :

ئەحمەد وەطاس لە ٩٤٣ك ، ١٥٣٦ز لە ڕووی سەعدیەكاندا لە ناوچەی (بیرعقبە) لەنزیك (وادی العبید) توشی شكست بوو. پشێوی لە هەموو سوپادا بڵاو بوویەوە ، بەهۆی ئەو شكستەوە ئەحمەدی وەطاسي لە پورتوگال نزیك بوویەوە ، ئەمەیش لە ئەنجامی هەستكردنی بوو بە سەرقاڵ بوونی عوسمانیەكان لە جەنگەكانیاندا دژ بە ئیسپانیا ، بۆیە لە گەڵیاندا گرێبەستێكی بەست بۆ ماوەی ١١ساڵ كە بارودۆخی ڕۆژئاواییە نیشتەجێكانی ناوچەكانی ئەهیلا و طنجة و (القصر الصغير) ی دەخستە ژێر دەسەلاتی قەڵەمڕەوی پاشای فاسەوە ، هەروەك بۆ ژێردەستە بازرگانە دەریاییەكانی پاشای وەطاسي هەبوو كە بچنە ئەو ناوچانەوە بە مەرجی نەبونی بازرگانی چەك و شمەكە مەترسیدارەكان .

ئەگەر پاپۆڕە عوسمانی یان فەرەنسی یان شوێنكەوتوەكانی مەسیحیەكانی جگە لە ئیسپانیا و پورتوگالیەكان هاتن بۆ خاكی پورتوگالیەكان بە شمەكەوە ، ئەوا ڕۆژئاواییەكان هیچیان لێناكرێن ، هەروەها لەمەڕ ڕۆژئاواییەكان دەبێت شمەك لە عوسمانیەكان نەكرن تادەست بەسەر دەستكەوتەكاندا بگیرێت و لەلایەكەوە بۆ لایەكی تر بنێردرێن تا هێزەكانی دوژمن هەلی هێرش كردنە سەریان بۆ نەڕەخسێت [1].

بەشی پێنجەم

سەرەتای پوكانەوەی دەوڵەتی عوسمانی

مێژوونوسان لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە پاش مردنی سولەیمانی قانونی كە سوڵتانێكی عوسمانی بوو ، دەوڵەتی عوسمانی شەوكەتی نەما كە دروست ئەكاتە ساڵی ٩٧٤ك ، ١٥٦٦ز ، بەڵێ سەرەتاكانی بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سولەیماندا دەركەوتن ، سەرەتاكەش ئەوەبوو كە سوڵتان

---

[1] جهود العثمانيين / ٣٢٣ .

سولەیمان کەوتە ژێر کاریگەری (ڕۆکسلانا) ی ژنیەوە کە دەستی کردە پیلانگێران دژ بە (ئەمیر مستەفا) بۆ ئەوەی لە جێی ئەو سەلیمی دووهەم {کە کوڕی خۆی بوو} دوای باوکی خیلافەت بگرێتە دەست ، {مستەفا} سەرکردەیەکی گەورەو خۆشەویست بوو لە لای ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی سوپا ، ئەم دەستێوەردانەی ژنەکەی بوو بەهۆی ئەوەی کە (ئینکیشارەیەکان) تووڕەبن و شۆڕشێك دژ بە سوڵتان دروست بکەن ئەوەبوو {سوڵتان سولەیمان} دای مرکاندەوە و {مستەفا} و کوڕە شیرە خۆرەکەشی لەم شۆڕشەدا تیاچوون ، هەروەها بە دەسکیسەی هەندێ لە وەزیرەکان سوڵتان (بایەزیدی کوڕی و چوار کوڕی ئەویشی) لەناو برد [١].

هەندێك لە نیشانەو دیاردەکانی بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەبوو لەسەردەمی سوڵتان سولەیماندا کە سوڵتان خۆی بەشدای دانیشتنەکانی دیوانی نەئەکرد ، ژن و منداڵ دەسەڵاتیان بەسەر حوکمدا پەیدا کردبوو ، دەستەوسان مابوون لە بەرامبەر کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا ، بەڕادەیەك ڕێگەیان خۆش کرد بۆ یاخی بوونی جەماوەری لە (رومیلی) و (ئەنازۆڵ) دا [٢].

باسی یەکەم

{سوڵتان سەلیمی دووەم}

لە ٩ی ربیعی یەکەمی ٩٧٤ی کۆچیدا حوکمی گرتەدەست ، بەڵام نەیتوانی پارێزگاری لە سەروەری و فتوحاتەکانی سوڵتان سولەیمان بکات ، خۆ ئەگەر{محمد پاشای صقللی} [٣] کە وەزیرێکی تێکۆشەرو لێوەشاوەو پیاوێکی وریاو سیاسەتمەدار بوو نەبوایە ئەوە هەرزوو دەوڵەتەکەی ئەڕوخا ، ئەم وەزیرە

---

[1] في أصول التأريخ العثماني / ١٠٢ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ٩٤ .

[3] تأريخ الدولة العثمانية ، د. علي حسون / ١٢٣.

هـەرزوو هەسـتا بـە دروسـتكردنەوەی سـام و هەيبـەت بـۆ دەوڵـەت لـە دڵـی دوژمنەكانيـدا و ئاشتينامەيەكيشی مۆر كرد لەگەل (نەمسا) لە ساڵی ٩٧٥ی كۆچيدا كە بەرامبەر ئەوەستیٚ لەگەڵ ساڵی ١٥٦٧زاينيدا ، بەپێی بڕگـەكانی ئەو ئاشـتينامەيە (نەمـسا) دەسـت ئەگرێتـەوە بەسـەر موڵكەكانيـدا لـە وولاتـی (مەجـەر) دا و سـالانەش ئـەو بـڕە باجـە ئـەدات بـە دەوڵـەتی عوسمـانی وەك لـە پێـشەوە بڕيـاری لەسـەر دراوە بـەپێی دان پيانانـەكانی ميروكـانی هەريـەك لـە (تراسلفانيا) و (ئەفلاق) و (بەغدان) [1].

يەكـەم :نـویٚ كردنـەوەی (شـەڕ ڕاگـرتن و ئاگربەسـت –هدنـە –) لەگـەڵ شـارلی نۆيەمی پاشای فەرەنسا دا :

ئاگربەست لەگەڵ پۆڵۆنيا شارلی نۆيـەمی فەرەنسا تازە كرايـەوە لەساڵی ٩٨٠ی كۆچی بەرامبەر بە ١٥٦٩ی زاينی ، هـەروەك (إمتيـازات) زيـادكرا بۆ قونـصولی فەرەنسا و (هنری دی فالوا) كە برای پاشای فەرەنسابوو كرايە پاشای پۆڵۆنيـاو بـەپێی ڕێكەوتننامەيـەك لەگـەڵ فەرەنـسادا بـەو پێيـە فەرەنـسا بوويـە پاشـای بازرگانی لە دەريای ناوەڕاستدا ، هـەروەها بـەپێی ئـەو ڕێكەوتننامەيـەی پێشوو فەرەنسا بۆی هەبوو كە شاندی هەمەجۆرەی نەصرانی بنێرێت بۆ ئەو شوێنانەی كە نەصرانيەكانی تێدايە لە ناو دەوڵەتی عوسمانيـدا ، بە تايبـەت وولاتـی شـام ، ئـەم شـاندانە هەڵئەسـان بـەوەی كـە فەرەنـسايان لای نەصـرانيەكانی وولاتـی شـام خۆشەويست ئەكرد ، كە ئەم خاڵە يەكێكە لـەو خالانـەی باس ئـەكرێت دەربـارەی بێهێز بوونی دەوڵەتی عوسمانی چونكە دەستی فەرەنسا گەيشتە نەصرانيەكانی شـام و بـەو شـێوەيەش گوێڕايـەڵی نـەكردن دەسـتی بـەزيادكردن كـرد و گەيـشتە ياخی بـوون لـە دەوڵـەت ، ديـارترين ئاسـەواری ئـەم دەستكێشانەناو نەصـرانيانە ئەوەبو بە هەمووشێوەيەك پارێزگاريان لە (ڕەگەز) و (زمان) ی كەمـە نەتەوەييـە

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية ، د. علي حسون / ١٢٣.

نەصرانیەکان ئەکرد تا سازو ئامادەبن بۆ ئەو ڕۆژەی دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز ئەبێت و ئەم کەمە نەتەوەییانە داوای سەربەخۆیی ئەکەن و دەست ئەدەنە شۆڕش کردن ،ئەو کاتە ئەورووپاش پشتیوانیان لیٚ ئەکات بە هەموو دەوڵەتە نەصرانیەکانەوە [1].

بونی ئەو قەناعەتە لەناو دەوڵەتە ئەورووپیەکاندا کە وەرگرتنی (إمتیازات) لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا یەکێکە لە مافە سروشتیەکانی خۆیان ، وای کرد لە فەرەنسا کە سوپایەك بنێرێت بۆ (بوندوقیە) کە سوڵتان مورادی چوارەم (١٦٢٤-١٦٤٠ز) شەڕی لەگەڵ ئەکردن ، نەك هەرئەمە بەڵکو سەفیرەکەی خۆشی بە هاوڕێیەتی هێزێکی سەربازی دەریایی نارد تا دەوڵەتی عوسمانی پیٚ چاوترسێن بکات و داوای دیاری کردنی (إمتیازات)ی تر بکات ، بەڵام (صەدری ئەعزەم) هەرئەوکاتە کە هێشتا بڕیاری سیاسی لەدەستی خۆیدا بوو ، خێرا پێی ڕاگەیاند کە ئەو ڕێکەوتننامانە ئیلزامی نین بەو شێوەیەی کە هەرئەبیٚ جێبەجیٚ بکرێن .چونکە (إمتیازات) تەنیا بەخششێکی سوڵتانیە و بەس ، ئەمە وای کرد کە فەرەنسا دەست هەڵبگریٚ لەو هەڕەشەو گوڕەشانەی خۆی و دەستبکاتە فرت و فێڵ لە بەردەم سوڵتاندا بۆ ئەوەی سوڵتان سەرلەنویٚ یاسای (إمتیازات) ەکان مۆر بکاتەوە لەساڵی ١٦٧٣ ز ، جا ئەمە قوڕەکەی خەستتر کردەوە ، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی لە بری ئەوەی دەرس وەرگریٚ لەوەی ڕوویدا ، هات سوڵتان محمدی چوارەمی (١٦٤٨-١٦٨٧ز) ڕاسپارد کە ماف سەرپەرشتی کردنی (قدس) بدات بە (فەرەنسا)[2] !!

فەرەنساش دەستی دایە داوای تازەترو (امتیازات)ی زۆرترو هەرجارەش کۆتێکی زیاتری لەسەر سوڵتان دائەنا ، لەکاتی تازەکردنەوە(إمتیازات) دا

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية ، د. علي حسون / ١٢٣.

[2] الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الأنحطاط ، جواد العزاوي / ٢٦ .

لەساڵی ۱۷٤۰ ز سوڵتان (إمتیازات) ی بازرگانی تازەتری دایە فەرەنسا ، هەرچەندە ئەم (إمتیازات)انە بە تەواوی توشی هەڕەشە هاتن لە کاتی داگیرکردنی میصردا لەلایەن (ناپلیون پۆنابارت) ەوە ، چونکە سوڵتان کارکردن بەو (امتیازات) انەی ڕاگەیاند ، بەڵام ناپلیۆن بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ سوڵتاندا وەك خۆی بمێنێتەوە خێرا پاشەکشەی لە میصر کرد و لەگەڵ سوڵتاندا ڕێکەوتننامەی تازەکردنەوەی (إمتیازات) ەکانی بەمەرج گرت بۆ پاشەکشەی لەمیصر و لە ڕاستیشدا لە ۹ی تشرین یان ئۆکتۆبەری ۱۸۰۰ز ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیمزاکرا و سوڵتان (إمتیاز) ێکی تری تازەی دایە فەرەنسا ئەویش ئەوەیە : فەرەنسا بۆی هەیە کە بازرگانی لە دەریای سوردا بە ئازادی بکات [1].

دانی ئەم (امتیازات)انە دەرەنجامێکی ڕەشی هەبوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی ، (ویمێتری کیستیکس) مێژوو نوسی یۆنانی ئەڵێ : (... پێدانی ئەم (امتیازات) ە زۆرانە ئابوری ئیمبراتۆریەتی عوسمانی تێك شکاند چونکە یاسای باجی دەوڵەتی عوسمانی ڕوخاند ، کەیاساکە پارێزگاری لەبازرگانی خۆجێی ئەکرد لە بەرامبەر بازرگانیە بیانیەکاندا کە بەردەوام پێشبڕکێی بوو لەگەڵیدا) [2] ، نەك هەرئەمە ، بەڵکو ئەم (امتیازات) دانە بوویە پەرچێکی گەورە لە بەردەم دەوڵەتی عوسمانیدا کە نەیتوانی پرۆژەیەکی ئیصلاحی جێبەجێ بکات یان سەرچاوەی دارایی تر بەدەست بهێنێت بۆ خۆی تا ڕووبەڕووی ئەو هەموو خەرجیە بێتەوە کە دەوڵەت لە حوکم و بەڕێوەبردندا ئەیکات ، بۆیە بەڕاستی ئەو پەیماننامانەی کە ئیمتیازاتیان ئەدا بە دەوڵەتانی تر هەمووی بوونە مایەی زەلیلکردنی

---

[1] الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الأنحطاط ، جواد العزاوي / ٢٦ .
[2] الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الأنحطاط ، جواد العزاوي / ٢٧ .

عوسمانیەکان دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش کە ملکەچ نەبوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی وایان لێهات بوونە حکومەتێك لەناو حکومەتی عوسمانیدا [1].

دووهەم : سەرۆکی (خوارەزم) داوای هێزی پارێزەری (الحمایە) ئەکات لە سوڵتان سەلیمی دووهەم : سەرۆکی خوارەزم شکاتێکی بەرز کردەوە بۆ سوڵتان سەلیمی دووەم و تێیدا ئەڵێ : پاشای فارسەکان دەست ئەگرێت بەسەر هەموو ئەو حاجیانەدا کە لە تورکستانەوە دێن هەر لەبەر ئەوەی کە ئەدەن بە سنورەکانی ئەودا ، هەروەها مۆسکۆ پاش داگیرکردنی (استراخان) نایەڵێ نە حاجی و نەبازرگانی ئێمە بچنە وولاتی ئەو و چەندان ڕێگری داناوە لەبەردەممانـدا ، بۆیە چ سەرۆکی خوارەزم و چ سەرۆکەکانی (بوخارا) و (سەمەرقەند) داوا ئەکەن لە سوڵتان سەلیمی دووهەم کە هەرچی کردووە (استراخان) بگێڕێتەوە تا ڕێگەی حەج کردن والابێت لەبەردەمیاندا [2].

ئەم داوایە جێگەی قەبوڵی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، بۆیە (صوٚقللی باشا) کە (صەدری ئەعزەم) بوو لە دەوڵەتدا هێزێکی پەلاماردەری گەورەی پێکەوەنا ، لەساڵی (٩٧٦-٩٧٧ك ، ١٥٦٨-١٥٦٩ز) تا (استراخان) ڕزگار بکات و بیکاتە بنکەیەکی سەربازی عوسمانی بۆ ئەوەی هەموو ئەو ناوچانە بپارێزێت و لە نێوان دوو ڕووباری (قولجا) و (دون) دا کەنداوێکی گەورە ببەستێت بە ڕادەیەك ببێتە ڕێگەیەکی چاك بۆ هاتوچۆی گەلە کەشتی عوسمانی بەئاسانی بۆ ناو دەریای خەزەر (قەزوین) لە ڕێگەی دەریای سورەوە ، تا عوسمانیەکان لەلایەك بتوانن ڕێ بگرن لە فراوان خوازیـو کشانی ڕوسیا بەرەو باشور ، و لە لایەکی تریشەوە نەك هەر فارسەکانیش لە قەوقاز و ئازەربایجان دەربکات بەڵکو ڕێگەی ئەوەشیان لێبگرێت کە بەرەو باشوور بکشێن ، جگە لەمانە ڕێگەش بۆ سوپای

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها : ١/ ٧٥ .

[2] في أصول التاريخ العثماني / ١٤٤ .

عوسمانی خۆش ئەو بێ و ناچار نابن کە بە زەوی ئازەربایجاندا ڕێ بکەن کە زەویەکی سەخت و پڕ کەندەڵانە ، هەروەها پەیوەندی کردنیشیان بە ئۆزبەکیەکانەوە بۆ ئاسان ئەکات کە دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی سەفەوی و تەتارەکانی (قرم) بوون ، هەموو ئەمەش ڕێگەی کاروانیە کۆنەکان کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و بەرەو ڕۆژئاوا ئەڕۆیشتن زیندوو ئەکاتەوە [1].

عوسمانیەکان دەستیان دایە جێبەجێ کردنی پرۆژەی بەستنەوەی دەریای (دون) بە (ڤولجا) وە ، و مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ٩٧٧ ك ، ئۆکتۆبەری ١٥٦٩ ز هاتە پێشەوەو سێیەکی پرۆژەکە تەواو بوو بوو ، هەرچەندە وەرزی زستان بوویە هۆی ڕاگرتنی پروژەکە بەڵام سەرۆکی هێرشەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کە کەشتی بچوك بەکار بهێنرێت لە هێرشەکەدا بۆ ڕزگارکردنی (استراخان) ،بەوەی چەك و تفاق و تۆپەکان بگوازرێنەوە پێیان و هێرش بکرێتە سەریان ، بەڵام بە بۆنەی نەگونجاوی هەلومەرجە سروشتیەکانەوە ئەم شەڕە سەری نەگرت ، لەگەڵ ئەوەشدا (صوٚقللی پاشا) توانی هەندێ دەستکەوت بە دەست بهێنێ لەوانە سنوردانان بۆ سەرۆکەکانی (مولدافیا) و (ولاشیا) و (پۆلندا) و بەو شێوەیەش دەوڵەتی عوسمانی توانی ڕێگە لە فراوان خوازیەکانی ڕوسیا بەرەو باکور و خۆرئاوای دەریای سور بەشێوەیەکی کاتی بگرێت [2].

سێیەم : ڕزگارکردنی (قبرص)

ئیتالیا و ئیسپانیا گرنگی دورگەی قبرصیان چاك ئەزانی ، لە ئەوروپاشدا هەواڵێك بڵاو بوویەوە گوایە دژ بە سوڵتانی عوسمانی (هاوپەیمانیەتیەك) دروست بووە ، هەرچەندە ئەو هاوپەیمانیەتیە نەیتوانی (قبرص) لە دەستی

---

[1] فتح عدن ، محمد عبداللطيف البحراوي / ١٤٥ .

[2] جهود العثمانيين / ٤٤٧ .

عوسمانیـــەکان بـــسەنێتەوە کـــە بـــە هێزێکـــی بێـــشومارەوە چـــوونە نـــاوی ، عوسمانیەکان بە ئاسانی چوونە ناو دوورگەکەو ڕووبەڕووی هیچ ناڕەحەتیەك نەبوونـەوە ، تـەنها شـاری (فامرجـستا) کـە قەڵایـەکی سـەخت بـوو لـە بـەردەم عوسمانیەکانـدا وەسـتان بەسـەرۆکایەتی (بـاحلیون) و (براجـادنیو) و هێـزی عوسمانیەکان ئەوکاتە ئەگەیشتە سەد هـەزار سـەربازی شـەڕکەر ، عوسمانیـەکان هەرچی کەرەستەی (ئابلۆقەدان) لەوکاتەدا هەبوو بەکاریان هێنا وەك (کرّ و فرّ) و چاندنی (مین) ، بـەڵام هـیچ کاریگـەری لەسـەریان دروسـت نـەکرد ، هەرچـەندە ئەگەر هێزێکی مەسیحی بهاتایە بە هانایانەوە ئەوە حاڵی عوسمانیەکان ئەکەوتە مەترسیەوە ، بەڵام ئەوەبوو کە برسێتی کاریگەری خۆی لەسـەریان بـەجێ هـێڵاو ناچار شارەکەیان تەسلیم کرد لە ڕەبیعی دووەمی ٩٧٩ك ، أغسگسی ١٥٧١ز دا . دەوڵەتی عوسمانی خەڵکێکی زۆری ئەنازۆڵی گواستەوە بۆ ئـەویٚ کـە تائێـستاش نـەوەیان هـەر لـەو دورگەیـەدا هەیـە ، هەرچـەندە قوبروسـیە ئەرسەزۆکسەکان زۆر دڵخـۆش بـوون بـە حـوکمی عوسمانیـەکان چـونکە لـەژێر سـتەم و چەوسـانەوەی کاسـۆلیکەکان ڕزگاریـان کـردن کـە (بوندوقـدارەکان) بـۆ چـەند سـەدە ئـەو چەوسانەوەیان خستبوونەسەر ، لەگـەڵ ئـەوەدا داگیرکردنـی {قبرص} لـە لایـەن عوسمانیەکانەوە دەوڵەتی (کاسۆلیکی) ورووژاند [1] .

گەلـە کەشـتی عوسمـانی دوای ئـەم کـارەی لـە (ابنـانجني) دا دامـەزرا و زۆربـەی سەربازەکانیـشی بە بۆنـەی وەرزی زسـتانەوە گەڕانەوە شوێنی خۆیـان ، چـونکە شەڕ لەو وەرزەدا ئەوەستیٚ و خەڵك خۆی بۆ ساڵی داهاتوو ئامادە دەکات [2] .

چوارەم : شەڕی لیبانتۆ [3]

---

[1] في أصول التأريخ الإسلامي : ٢/ ١٤٦-١٤٧ .

[2] فلسفة التأريخ العثماني ، محمد جميل بيهم / ١٤٢ .

[3] ئەکەوێتە ڕووی باکوری دەروازەی کەنداوی (کورنت) لە یۆنانی ئەمڕۆدا .

میللەتە مەسیحیەکان بە گشتی ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە ئەم مەترسیە ئیسلامیە دوورنیە هەموو ئەوروپا بگرێتەوە ئەگەر هەر ئاوا سوپای عوسمانی لە وشکانی و لە ئاوەوە داببەزنە ئەوروپا ، بۆیە (پاپا بیوسی پێنجەم ، ١٥٦٦-١٥٧٢ز) سەرلەنوێ کەوتەوە هەوڵی کۆکردنەوەی دەوڵەتە ئەوروپیەکان کە ناکۆکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو ، بەمەبەستی ئەوەی هێزێکی یەکگرتوویان لە ژێر ئالای (پاپا)[1] دا لە ئاوو لە وشکانیدا لێ دروست بکات ، بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەکی نوسی تێیدا دەڵێت : (... بەڕاستی سوڵتانی تورك لەبەر خوێڕیەتی و بێنرخی ئێمە تەواو گەشەی کردووەو دەسەڵاتی فراوان بووە)[2].

{پاپا بیوسی پێنجەم} و {فیلیپی دووهەم}ی پاشای ئیسپانیا و کۆماری بوندوقدارەکان پەیماننامەیەکیان لە نێوان خۆیاندا مۆر کرد لەسەرەتای (٩٧٩ك ، ١٥٧١ز) کە تێیدا پەیمانیان بەیەکتری دا کە هێرشێکی گەورەو بەرفراوان بکەنە سەر عوسمانیەکان لە دەریاوە ، لەم هێرشەدا هەندێ لەشارەکانی ئیتالیاش بەشدارییان کرد چونکە {پاپا بیوسی پێنجەم}گیانی هاوپەیمانیەتی تێدا بزواندن و بەوبۆنەیەوە (توسکانی) و (جنوە) و (سافوی) و هەندێ لە ئیتالیەکانیش هاتنە ناو ئەم هاوپەیمانیەتیە پیرۆزەوە [٣].

{پاپا} نامەیەکیشی نارد بۆ پاشای فەرەنسا و داوای کۆمەك و یارمەتی لێکرد ، بەڵام {شارلی نۆیەم} داوای لێبوردنی کرد و ووتی : من لەگەڵ عوسمانیەکاندا چەند ڕێکەوتننامەیەك هەیە لەنێوانماندا . پاپا لە وەڵامدا داوای ئەوەی لێکرد کە پەیمانەکانی لەگەڵ عوسمانیەکاندا بشکێنێ ، چەند ڕۆژێکی کەمی خایاند ئەوەبوو ئیمبراتۆر هەموو پەیمانەکانی لەگەڵ عوسمانیەکاندا هەڵوەشاندەوە و

---

[1] حرب الثلاثمائة سنة / ٣٩٦ ص ٩.

[2] تأريخ الدولة العثمانية / ١٢٥ .

[3] جهود العثمانيين / ٤٥٢ .

چوویە ناو هاوپەیمانیەکە و ڕووی لە (إیڤان) یش کرد کە پاشای روسەکان بوو پێی ڕاگەیاند کە ئەویش بێت بەدەم ئەم جاڕی شەڕەوە کە پاپا داوێتی ، خاوو خلیچکیەکی لە پاشای پۆڵۆنیادا بینی و ئەوەبوو (دون جوان)ی نەمساوی کرا بە سەرکردەی ئەم سوپا پەلاماردەرە ، لەیەکێك لە بڕگەکانی ئەم پەیماننامە نەصرانیەدا هاتووە : (پاپا بیوسی پێنجەم و فلیب پاشای ئیسپانیا و کۆماری بوندوقدارەکان شەڕی پەلاماردان و شەڕی بەرگری دژ بە تورکەکان ڕادەگەیەنن ، بەمەبەستی ئەوەی هەموو ئەو شوێنانەی کە ئەوان لەژێر دەستی مەسیحیەکاندا دەریان هێناوە لە دەستیان بسەنرێتەوە ، بەناوچەکانی تونس و جەزائیرو تەرابولسیشەوە)[1].

(دون جوان) بەخۆی و سوپاکەیەوە بەرەو دەریای (ئەدریاتیك) کشاو تاگەیشتە تەنگەلانی کەنداوی کورنت نزیك (باتراس) کە زۆر دوورنەبوو لە (لیبانتۆ) کە پاشان شەڕەکە بەم ناوە ناونرا .

ڕای سەرکردەکانی کەشتیگەلی ئیسلامی ئەوەبوو کە کەنداوەکە بپارێزن و مەحکەمکاری تێدا بکەن و هەنەگژێن بە کەشتیگەلی صەلیبیەکاندا ، تەنیا (علی پاشا) نەبێت کە سەرۆکی گشتی بوو ، ئەو بڕیاری ئەوەی دا کە لە دوژمن بچنە پێشەوە و شەڕی لەگەڵدا بکەن چونکە بەزۆری کەشتیەکانیدا ئەینازی ، بەڵێ (علی پاشا) سوپای ڕێکخست و هەموو کەشتیەکانی بەیەك شێوە لە باکورەوە بۆ باشور دامەزراند ، بە شێوەیەك بەندەرلای (لیبانتۆ) ئەکەوتە لای ڕاستی سوپاکە و ناوەڕاستی دەریاکەش لەبەردەم سوپاکەدا بوو ، جا (علی پاشا) سوپاکەی کردە دوو باڵ و چەقێك ، خۆی لە چەقی سوپاکەدا بوو ، (سیروکو) ی لە باڵی ڕاستیدا داناو باڵی چەپیشی سپارد بە (قلج علی) ، سوپای صەلیبیەکانیش بە بەرانبەریانەوە بەهەمان شێوە سوپاکەیان کردە سێ بەشەوە

[1] تأريخ الدولة العثمانية / ١٢٥، ١٢٦ .

هەروەك سوپای ئیسلامی ، باڵی چەپی سوپاكە (دوریا) سەركردایەتی دەكرد بە بەرامبەر (قلج علی) یەوە و سەرۆكایەتی لای چەپیش درا بە (بربوریجو) لە بەرامبەر {سیروكو}ەوە ، و (دون) خۆشی سەرۆكایەتی چەقی سوپاكەی ئەكرد و كەشتیگەلێكی (یەدەك)یشی بەسەرۆكایەتی (سانت كروز) لە دوورەوە دانا [1].

پێنجەم : گەرمبوونی شەڕەكە :

شەڕەكە لە ڕۆژی ١٧ی جەمادی یەكەمی ٩٧٩ك ، ١٧ی أكتوبری ١٥٧١ ز هەڵگیرسا ، سەرەتا گەلە كەشتی ئیسلامی گەمارۆی گەلە كەشتی مەسیحی دا و عوسمانیەكان دڕیان بەكەشتیەكانی دوژمن داو زۆر چوونە ناوەوە و شەڕ گەرم بوو ، هەردوو سوپاكە ئەلهەق قارەمانیەتیەكی بەرچاویان نواند و شەڕێكی پیاوانەیان كرد [2]، ویستی خوا وابوو كە موسوڵمانەكان بشكێن و لەو شەڕەدا سی هەزار {٣٠٠٠٠} پیاوی شەڕكەریان لێ بكوژرێت و ئەشوترێت بیست هەزار كەس ، (٢٠٠) كەشتی جەنگیشیان لەدەست دا كە {٩٣} دانەیان ژێرئاو كەوت و ئەوانی تریان كەوتنە ژێر دەستی دوژمن وگەلە كەشتی یەكگرتووە نەصرانیەكە لە ناو خۆیاندا دابەشیان كردن [3].

دەهەزار كەسیشیان بەئەسیر لێ گیرا ، بە لێ (قلج علی) توانی كەشتیەكانی لای خۆی ڕزگار بكات و هەموو ئەوكەشتیانەش كە بە غەنیمەت گرتبوونی لە دوژمن لای خۆی بپارێزێ كە یەكێك لەو كەشتیانە كەشتی تایبەتی (پاپا) خۆی بوو ، (قلج علی) ئەم كەشتیەی پاپای هێنایەوە بۆ ئەستەنبوڵ كە لەوێدا پێشوازیەكی سەركەوتوانەی لێ كرا ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شكستە تاڵەی بەسەردا هاتبوو ، سوڵتان سەلیمی دووهەم لەپاش ئەم شەڕە هەستا بە بەرزكردنەوەی پلەی (قلج

---

1 حرب الثلاثمائة سنة / ٣٩٦ .

2 جهود العثمانيين / ٤٥٤ .

3 تأريخ الدولة العثمانية / ١٢٦ .

علی) بۆ (سەرۆکی دەریایی عوسمانیەکان) (واتە:قبودا ن پاشا) لەگەڵ مانەوەی کارەکەی خۆشی کەبریتی بوو لە (کبیرلربك) ی وولاتی جەزائیر [1] .

شەشەم : شوێنەواری (لیبانتۆ) لەسەر ئەوروپا و لەسەر دەوڵەتی عوسمانیش : کیشوەری ئەوروپا ئاهەنگیان دەگێرا بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە (لیبانتۆ) چونکە بۆ یەکەمجارە لەسەرەتای سەدەی (١٥)دا کە عوسمانیەکان شکست بخۆن [2] ، ئەوروپاییەکان دەستیان دایە هەلهەلە کێشان و ئەوەندە ئەم سەرکەوتنەیان بە گەورە دایە قەڵەم لە هەموو شوێنێکدا دەستیان دایە ڕازاندنەوەی شارەکان و ئەوەندەش موبالەغەیان لە سوپاسکردنی (دون جون) دا کرد کە ڕابەرایەتی ئەم هێرشەی کردبوو گەیشتنە ئەوەی کە تەنانەت پاپا خۆشی لەوە نەپاراست کە لە کاتی ئاهەنگ گێڕاندا لە کەنیسەی (قدیس بترس) دا کە بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە گێڕرا بڵێ : (ئینجیل مژدە ئەدات بەوەی لە لایەن خواوە پیاوێك بەناوی (حنا) وە دێتە بوون بە دڵنیاییەوە مەبەستی بەو پیاوە (دون جون) ە ، لەو ڕۆژەوە ئیتر دونیای مەسیحیەت بەردەوام ئەو سەرکەوتنە دەریاییە باس ئەکەن و پیایدا هەڵئەدەن ، تەنانەت لە فەرهەنگە تازەکانی قوتابخانەکانیاندا کاتێك کە باسی (لێواری لیبانتۆ) ئەکرێت ، یەکسەر بەدوایدا باسی (دون جون) ئەکرێت وەك کەسێك کە مەسیحیەتی لە ترسناکیەکی گەورە ڕزگار کردبێت کە گەمارۆی داوە لە ڕۆژگارێکدا [3] .

پاپا زۆر زۆر دڵخۆش بوو بەم سەرکەوتنە هەرچەندە هەر لە دڵە ڕاوکێدا بوو چونکە دوژمنەکەی هێشتا هەر مەزنەو سامی تایبەتی خۆی هەبوو ، بۆیە هەوڵی دا کە شیعە دوانزە ئیمامیەکانی صەفەوی دژ بە عوسمانیەکان هان بدات و ئەو

---

[1] جهود العثمانيين / ٤٥٤ .

[2] في أصول التأريخ العثماني / ١٤٧ .

[3] فلسفة التأريخ العثماني / ١٤٣ .

جیاوازی بیرو باوەڕەی کە شیعە هەیبو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بقۆزێتەوە ، بۆیە نامەیەکی بۆ (تهماسب پاشا) نارد کە پاشای عەجەمەکان بوو تێیدا نووسی : (... هیچ کاتێك هەلی لەمە باشترت بۆ ڕێ ناکەوێك بۆ پەلاماردانی عوسمانیەکان ، چونکە ئێستا لە هەموو لایەکەوە گومانی پەلاماردانیان هەیە [١] .
هەروەها پاپا کاغەزێکیشی بۆ پاشای حەبەشەو ئەمیری یەمەن نارد تا هانیان بدات لە دەوڵەتی عوسمانی بەڵام مەرگ یەخەی پێ گرت و مرد [٢] .
دەرەنجامی شەڕی لیبانتۆ ئومێدەکانی دەوڵەتی عوسمانی کوژاندەوە ، چونکە ترسناکی دەوڵەتی عوسمانی لە دەریای ناوەڕاستدا نەهێشت ، کە ترسناکی نەما ئەو ترسەش نەما لەلای خەڵکی تادەست بگرن بەو هاوپەیمانیە تی یە پیرۆزەوە کە هەمووی کۆکردبوویەوە ، بۆیە لەبری ئەوە سەر لە نوێ ئێرەیی بردن و غیرەتکێشی دەوڵەتە مەسیحیەکان دەستی پێکردەوە [٣] .
لە ڕاستیدا گرنگی (لیبانتۆ) نکولی لێ ناکرێ و ئەو ئەفسانەشی نەهێڵا کە گوایە عوسمانیەکان هەرگیز ناشکێن ، هیچ نەبێت بۆ شەڕی ناو دەریا ئەو ترسەی ڕەواندەوە ، ڕەوینەوەی ئەم ترسەش لەدڵی کاربەدەستانی ئیتالیاو ئیسپانیادا شتێکی گرنگ بوو ، هەر ئەم شەڕە وای کرد کە کاریگەری دەوڵەتی عوسمانی لەسەر سیاسەتی هێزە ڕۆژئاواییەکانی ئەوروپا نەمێنێ ، چونکە ئەوە ڕاستەقینەیەك بوو بوو کە هێزی عوسمانی هێزی زاڵ و گەورەیە چ لە وشکانیدا بێت یان لە دەریادا بێت [٤] .

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية / ١٢٦ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية / ١٢٦ .

[3] جهود العثمانيين / ٤٥٥ .

[4] جهود العثمانيين / ٤٥٥ .

هەر ئەم سەركەوتنەی لیبانتۆ بوو لەساڵی ١٥٧١ ز كە ڕێگەی خۆش كرد بۆ خۆ ئامادەكاری بۆ هاوسەنگ كردنی هێزە دەریاییەكان لە دەریای ناوەڕاستدا ، هەروەك چۆن قۆناغێكی كۆتایی پێهێنا كە بەردەوام لە دەریادا شەڕ ئەكرا و ئەوەش خەرجی و ئەركێكی گەورەی خستبوە سەر هەموو لایەك [١].

دوای ئەمە ئیتر عوسمانیەكان بیریان لەوە نەئەكردەوە كە سەروەری زیاتر زیاد بكەن بۆ ئەو زنجیرە سەروەریەی تۆماریان كردبوو لە دەریادا [٢]. بۆیە ئەم تێكشكانە بە خاڵی وەرچەرخان و سەرەتا دائەنرێ بۆ ڕاوەستانی سەردەمی گەشەی هێزە دەریایەكانی دەوڵەتی عوسمانی [٣].

حەوتەم : چاوتێبڕینی فەرەنسا بۆ كیشوەری ئەفریقا دەردەكەوێت :

شەڕی لیبانتۆ هەلێكی چاك بوو بۆ ئەوەی فەرەنسا چاو ببڕێتە ڕۆژئاوای دونیای ئیسلامی ، ئەوەبوو هەركە هەواڵی شكستی گەلە كەشتی عوسمانی لەو شەڕەدا بڵاو بوویەوە خێرا پاشای فەرەنسا (شارلی نۆیەم) پرۆژەیەكی نارد بۆ سوڵتانی عوسمانی (٩٨٠ ك ، ١٥٧٢ ز) لە ڕێگەی باڵوێزەكەیەوە لە (استنبول) ، ئەم پروژەیە داوا ئەكات كە دەسەڵات بدرێتە فەرەنسا لە (جەزائیر) دا بە بیانوی پاراستنی ئیسلام و موسوڵمانان لەو وولاتەدا ، بەرامبەر ئەمەش فەرەنسا ئامادەیە كە باجێك بداتە (باب العالی)ی لە دەوڵەتی عوسمانیدا ، سەرەتا سوڵتان ئەم پرۆژەیەی ڕەت كردەوە و پشتی تێكرد ، بەڵام فەرەنسا هەر كۆڵی نەداو سوربوو لەسەر ئەو داوایەو چەندەها ڕێگەی دیبلۆماسی گرتەبەر تا ئەوەبوو چەند (امتیازات) ێكی تایبەتی وەرگرت و لە (سقالە) و چەند

---

[1] جهودالعثمانيين / ٤٥٥ .

[2] بداية الحكم المغربي في السودان / ٩٤ .

[3] فلسفة التأريخ العثماني / ١٤٣ .

شـوێنێكی تـری كـەناری جـەزائیر و فـەرمانێكی سوڵتانیـشی بـۆ ئـەو مەبەسـتە وەرگرت كە چەند بنكەیەكی بازرگانی دابنێ تێیاندا [1].

هەشتەم / دروستكردنەوەی سەر لە نوێ گەلە كەشتی عوسمانی:

قبـودان پاشا قلـج علـی بـە وورەو چالاكیەكی زۆرەوە سـەرلەنوێ دەسـتی دایـەوە تـازە كردنـەوەی گەلەكەشـتی عوسمـانی تـا قـەرەبووی ئـەوە بكاتـەوە كـە لـە شەڕەكەدا لەدەستی دابوو ، هاوینی ساڵی ٩٨٠ ك ، ١٥٧٢ز ، هاتە پێش و تائەو كاتـە تـوانی دوسـەدو پـەنجا كەشـتی تـازە سـازو ئامـادە بكـات ، {قلج علی} بـەم كەشـتیە تازانـەوە لـە نـاو دەریـادا خۆنوانـدنێكی گـەورەی ئـەنجام داو {بوندوقدارەكان} لەم ئامادەباشیەی گەلە كەشتی عوسمانی زۆر ترسان و ناچار بەپەلـە داوای ئاشـتینامەیەكی سەرشـۆڕانەیان لـە عوسمانیـەكان كـرد بـەوەی (قبرص) یان بـۆ جێهـێڵان و سـێ سـەد هـەزار (دوكـە) [2] ش باجیان دا بەدەوڵەتی عوسمانی ، بەڵام ئەم بەخەبەر هاتنەوەی گەلە كەشتی عوسمانی وەك پەلە فرتەی پـێش مـەرگ بـوو ، چـونكە دەوڵـەت لـە هـەموو لایەكـەوە توشـی شـەڕ هـاتبوو لـە لایەكـەوە نەمسـاو هاوپەیمانـەكانی شـەڕیان تـێ ئاڵانـدبوو ، لەلایـەكی تریـشەوە فـارس و لـە لایـەكی تریـشەوە سـەرقاڵی دامركاندنـەوەی شۆڕشـە ناوخۆییـەكان بووبوویەوە و هێزی لەبەر چنرابوو [3].

نۆیەم : داگیر كردنی تونس :

{فلیپـی دووەم} تـەماحگیری تـونس بـوو دوای ئـەوەی كـە (سـوڵتانی حفـصیی ئەبولعەباسی دووهەم) كە حوكمی تونسی ئەكرد (٩٤٢-٩٨٠ ك ، ١٥٣٤-١٥٧٢ ز) داوای ئەوەی لێكرد كە هاوكاری بكات بۆ دامركاندنەوەی ئەو شۆڕشانەی دژ

---

[1] تأريخ الجزائر العام : ٣/ ٩٧ ، ٩٨ .

[2] حرب الثلاثمائة سنة / ٣٩٩ .

[3] جهود العثمانيين / ٤٥٦ .

به ئەم ئەكرا، ئەویش لەبری ئەم هاوكاریەدا داوای (امتیازات) یێكی زۆری كرد كە بیداتیٚ ، لەوانە بۆیان ببێت لە هەرشوێنێكی تونسدا نیشتەجیٚ بن ، و دەستیش لە{عینایە}و{بنزرت}و (حلف الواد) یش هەڵبگریٚ[1] ، (ئەبولعەباس) ئەم مەرجانەی ڕەت كردەوە بەڵام (محمد بن الحسین) ی برای مەرجەكانی قەبولٚ كرد[2]. دوای ئەمە (دون جون) لە رەجەبی ٩٨١ك ، أكتوبری ١٥٧٣ ز لە دوورگەی {صقلیە} وە بەخۆی و سەدو سی و هەشت كەشتی و بیست و پێنج هەزار سەربازەوە ڕووی كردە تونس و لە قەلاّی (حلق الواد) كە ئیسپانیا داگیری كردبوو نیشتەجیٚ بوو ، جا دون جون لە ناكاودا دای بەسەر تونسدا و داگیری كرد و خەڵكەكەشی لە ترساندا لە دۆڵی تونسەوە رایان كرد،لە پێناو پاراستنی دینی خۆیان لەشەڕەنگێزی ئیسپانیەكان[3]. و حاكمەكەی تونسیش ڕای كردو خۆی گەیاندە (قەیرەوان)[4] و ئەوروپاش ئەوەی باش ئەزانی كە تا كۆنەبنەوە ناتوانن زالٚ بن بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا[5].

دووەم : {قلج علی} زۆر گرنگی بەوە ئەدا كە هێزی دەریایی دەوڵەتی عوسمانی فێری شەڕكردن بكات لەسەر چەكی تازە ، ئەم گرنگی دانەی (قلج علی) سەرنجی هەموو ئەو بێگانانەی ڕاكێشا كە لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئیقامەیان پیٚ درابوو ، هەروەها پلەی {قلج علی}شی لای خەڵك بەرز كردەوە بەڕادەیەك (پاپا) ئامۆژگاری فلیپی دووهەمی كرد كە پاشای ئیسپانیا بوو تا هەولٚ بدات بە شتێك

---

1 تأریخ الجزائر الحدیث / ١٤٣ .

2 جهود العثمانیین / ٤٥٧ .

3 حرب الثلاثمائة سنة / ٣٩٩، ٤٠٠ .

4 تأریخ الجزائر الحدیث / ٥٠ .

5 جهود العثمانیین / ٤٥٧ .

لە خشتەی بەرێت [١] ، بەوەی کە مووچەیەکی دەهەزاری بۆ ببڕێتەوە و ناوچەیەکی گەورەشی لە میرنشینی نابلس یان هەرشوێنێکی تر بۆ دیاری بکات ، لە موڵکەکانی شانشینی ئیسپانیا کە ببێتە موڵکی خۆی و نەوەکانی دوای خۆی وە پلەی (کونت) یان (مارکین) یان (دۆق) یشی پێ بدرێ ، ئەم پرۆژەیەی پاپا ئەوەشی تێدابوو کە هەمان (امتیازات) بدرێت بە دوو کەسی تر لە یاریدەدەرەکانی [٢] .

پاپا لەوەباش حاڵی بووبوو کە ئەم هەوڵە ئەگەر سەریش نەگرێت خۆ سوڵتانی عوسمانی دڵ کرمیین ئەکات لە {قلج علی} کە تاکە کەسێکی بە توانایە لە پشتیوانی کردنی دەوڵەتی عوسمانیدا ، بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت ، و لەبری ئەوەی کە {قلج علی} لە پاپا نزیک بکاتەوە ئەوەندەی تر ڕقی لێی هەستا ، چونکە ووتی ڕێی تێناچێ موسوڵمانی تێکۆشەری دەستپاك خۆی بفرۆشێ لەکاتێکدا ئەو بوونی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بەوە ئەزانێ کە نەفسی خۆی فرۆشتوە بە خواو لە ڕێگەی خوادا بەنیازە پێشکەشی بکات ، ئەمەش یەکێك بوو لەو سیاسەتانەی کە دەوڵەت بە درێژایی فتوحاتی ئیسلامی کاری لەسەردەکرد ، ڕێی تێ ئەچێ کە ئەم ڕۆحیەتە ڕۆڵی گرنگی بینیبێت لە سەرخستن و خێرا کردنی پرۆسەی فتوحاتدا ، لە هەموو ئەو هەرێم و مەیدانانەدا کە دەوڵەتی عوسمانی ئەچوویە ناوی ، لەبەر ئەوە هەر عوسمانیەك کە لە شوێنێکدا کاری دەکرد بە هەموو دڵێکەوە کارەکەی ئەکردو وای ئەزانی کە خزمەتی ئەم خزمەتە بە ئیسلام [٣] .

یازدەهەم : {سوڵتان سەلیم} فەرمانی گرتنەوەی تونس دەردەکات :

---

[1] تاریخ الجزائر الحدیث / ٥١ .

[2] أطوار العلاقات المغربیة العثمانیة / ٢٨٠ .

[3] جهود العثمانیین / ٤٥٨ .

{سوڵتان سەلیمی دووهەم} فەرمانێکی دەرکرد بۆ {سنان پاشای} وەزیر و {قلج علی قبودانی} ، تاخۆیان ئامادە بکەن و پێویستە کە تونس بەتەواوەتی ڕزگار بکەن و دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی بگێڕنەوە بەسەریدا ، بە هەمان شێوە فەرمانی دەرکرد بۆ هەموو هەرێمەکان کە سەربازو ئازوقە ئامادە بکەن بۆ ئەو مەبەستە ، و لەگەڵ سەربازەکانیشدا پێویستە (٢٨٣) کەشتی قەبارە جۆراوجۆر ئامادە بکەن ، هەروەها فەرمانی کرد بەهەموو ئەو سەربازانەی کە لە ئەرکی سەربازی (ئەنازۆڵ و ڕۆم یلی) دا بوون لە ڕێگەی دەریاوە بگەڕێنەوە و بەشداربن لەو شەڕەدا ، هەروەها فەرمانی کرد بە هەموو ئەو سەوڵ لێدەرانە ئەبێ لەگەڵ گەلە کەشتی عوسمانیدا بەشداربن و ئاگاداریشی دا بەوەی هەرکەسێك بەشدار نەبێت دەرئەکرێت و شوێنەکەی لێ ئەسەنرێتەوە و لە داهاتوویشدا ناخرێتە سەر هیچ کارێك ، کە کەشتیگەلی عوسمانی کەوتە جوڵە (حیدر پاشا) حاکمی عوسمانی لە تونس {ئەوەی کە ڕایکرد بۆ قەیرەوان} دەستی دایە کۆکردنەوەی (موجاهیدەکان) لە هەموو ئەو خەڵکەی کە دەوریان لێدابوو [١] .

گەلەکەشتی عوسمانی بە سەرۆکایەتی سنان پاشا و {قلج علی} لە ٢٣ی محرمی ٩٨٢ك ، ١٤ی مایوی ١٥٧٤ ز دا لە دەریادا دەستیان بە جووڵە کرد و لە تەنگەلانەکانیان هاتنەدەرەوە و جارۆکەیان هەڵدا لەناو دەریای سپی دا ، و دەستیان کردە تۆپبارانکردنی کەنارەکانی (کالابربا مسینا) و هەرزوو دەستیان گرت بەسەر گەلە کەشتیەکەی مەسیحیەکاندا ، و لەماوەی پێنج ڕۆژدا چوونە ناوەڕاستی دەریا[٢] و لە هەمان کاتدا {حیدر پاشا}ی حاکمی تونس و هێزێکی خەڵکی جەزائیر بە سەرۆکایەتی (رمەزان پاشا) و هێزێکی تەرابولسی بە

---

[1] الأتراك العثمانيون في أفريقيا الشمالية / ٢٥١ .

[2] الأتراك العثمانيون في افريقيا الشمالية / ٢٥٠ .

سەرۆکایەتی موستەفا پاشا و ژمارەیەکیش خەڵکی خۆبەخشی میسری گەیشتنە ئەوێ [1].

شەڕ لە ڕەبیعی یەکەمی ٩٨١ك ، ١٥٧٤ ز دەستی پێکرد ، عوسمانیەکان توانیان دەست بەسەر (حلق الواد) دا بگرن پاش گەمارۆیەکی توند [2] ، هێزێکی تر لەولاوە گەمارۆی شاری تونسی داو ئیسپانیەکان ناچار هەڵاتن و شای حەفصیەکان {محمد بن الحسن پاشا}ش هەلات بۆ {بستیون} [3]، کە قەلایەکی مەحکەمی ئیسپانیەکان بوو زۆر تێیدا خەریك بوو بوون و کردبوویانە بەهێزترین قەلاو مەڵبەندی خۆیان لەباکوری ئەفریقیادا .

عوسمانیەکان پاش ئەوەی هێزەکانی خۆیان سەرلەنوێ کۆکردەوە بەرەو قەڵای {بستیون} کشان و لەهەرچوارلاوە گەمارۆیان خستەسەر و تینیان بۆ خەڵکەکەی هێنا ، {سنان پاشا}ی وەزیر خۆی وەك یەکێك لەسەربازەکان شەڕی ئەکرد ، تەنانەت فەرمانی دا کە قەڵغانێکی گەورەی بۆ دروست بکەن بچێتە سەری و بەرز بکرێتەوە تا لەو بەرزاییەوە درێژەی شەڕی ناو {بستیون} ببینێ ، هەروەها خۆی بەردو خۆڵی ئەنا بەشانیەوە وەك هەموو سەربازێك ، سەربازێك ئەیناسێتەوەو پێی ئەڵێ : جەنابی وەزیر چی ئەکەی ؟ ! ئێمە پێویستیمان بە بیروڕای جەنابت هەیە نەك دەست و بازوت ، {سنان پاشا} پێی ووت : جا بۆچی لەخێر و پاداشت بێبەشم ئەکەی ؟

{سنان پاشا} تا ئەهات گەمارۆکەی لەسەر توندئەکردن ، ئەوەبوو قەڵاکەی ڕزگار کرد [4]. حەفصیەکان ڕایان کرد بۆ (صقلیە) و لەوێ مانەوەو ئیتر دەستیان دایە

---

[1] حرب الثلاثمائة سنة / ٤٠٠ .

[2] تأريخ الجزائر الحديث / ٥١ .

[3] بڕوانە :{بستيون قلعة بناها الاسبان بجانب تونس} .

[4] حرب الثلاثمائة سنة / ٤٠١ .

فرت و فێڵ و پیلانگێڕی و مامەحەمەیی کردن بۆ پاشاکانی ئیسپانیا تا بەڵکو دەسەڵاتەکەیان بۆ وەربگرنەوە ، ئیسپانەکانیش کردنیان بە خزمەتکارو دەرباری خۆیان و بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنان ، لە دەستدانی تونس چی ئومێدو نەخشەی ئیسپانەکان هەیە لە ئەفریقیادا هەمووی دا بەئاودا و کەمکەم دەسەڵاتیان کز بوو تاوای لێهات تەنیا دەسەڵاتیان بەسەر چەند کەنارێکدا مایەوە وەك (ملیلە) و (وهران) و (مرسی گەورە) ئەو خەوەی ئیسپانیش ئەیبینی گوایە دەوڵەتێکی ئیسپانی لە باکوری ئەفریقادا دروست بکات بە تەواوی بەرباد بوو و چووە ژێر لمی ئەو بیابانانە [1] .

دوانزەهەم : {سوڵتان سەلیم} سوپایەکی گەورە ئەنێرێت بۆ یەمەن :

بارودۆخی یەمەن ئاژاوەی تێکەوت چونکە (مگهر) کە ڕێبەرێکی زەیدیەکان بوو دەستی کردە نامە نوسین بۆ خەڵکی یەمەن تا لە حاکمە عوسمانیەکەی ئەوێ ڕابپەڕن و دەری بپەڕێنن ، پاش چەند سەرکەوتنێکی بەسەر عوسمانیەکاندا ئەم (مگهر) ە چووە (صنعاو)[2] . حکومەتی عوسمانی هەستی بە ترسناکی هەڵوێستەکەی کرد بۆیە بڕیاریدا کە سوپایەکی گەورە بەسەرۆکایەتی {سنان پاشا} بنێرێت بۆ یەمەن ، {سوڵتان سەلیم} گرنگیەکی زۆری دا بەم سوپایە چونکە ئەیزانی یەمەن شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەیە بۆ عوسمانیەکان لە دەریای سوردا ، چونکە ئەتوانن هەرکەی ویستیان ئەو دەریایە دابخەن بە ڕووی ترسناکی پورتوگالیەکاندا [3] .

لەسەروو ئەوەشەوە یەمەن قەڵغانێکی بەهێز بوو بۆ حیجاز و بنکەیەکی هەڵمەتبردنیش بوو بەرەو ئۆقیانوسی هیندی .

---

1 جهود العثمانيين / ٤٦٠ .

2 البرق اليماني في الفتح العثماني ، قطب الدين النهرواني / ١٧٣-١٧٧ .

3 دراسات في تاريخ العرب القديم ، عمر عبدالعزيز / ١٠٢ ، ١٠٣ .

{سـنان پاشـا} ی وەزیـری عوسمـانی گەیـشتە میـصر بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەم فەرمانـەی سـوڵتان ، و لەوێـدا لـە هـەموو لایەکـەوە سـەربازی بۆهـات و لێـی کـۆ بوونـەوە ، تەنانـەت لـە میـصردا وای لێهات جگـە لـە پـیرو پەککەوتـەکان هـەموو دەستان دایە چەك [1].

سـوپاکە کەوتـە ڕێ و گەیـشتە (ینبـع) و (قاچـی القـچاە) ی مەککـە هاتـە پێشوازی {سـنان پاشـا} و کـە سـوپاکە گەیـشتە مەککە هـەموو خـەڵکی مەککـە هاتنە پێشوازیان و لەوێدا سـوپا میـصریەکەو سـوپاکانی { شـام } و {حەلـەب} و {فەرمان} و {مرعش} یەکانگیر بوون ، {سنان پاشا} سوپاکەی سەرلەنوێ ڕێك خـستەوە و دەسـتی کـردە دابـەش کردنـی زەکـات و تفـاق بەسـەریانداو ڕێـزی تایبـەتی بـۆ زانـاو فەقیهـەکان نوانـد ، چـەند ڕۆژێـك لـە مەککـەدا مایـەوەو پاشان بەرەو (جازان) کەوتە ڕێ و کە لەوشارە نزیك بوویەوە ئەو حاکمەی کـە (مگهـر) ی زەیـدی دایـنـابوو ، هـەڵاتن و سـنان پاشـا لـە {جـازان} ماوەیـەك مایـەوەو عەرەبەکانی ئـەوێ هـەموو هاتنـە لای گوێڕایـەڵی خۆیـان بـۆ نوانـد ، لەوانـەی کـە هاتنـەلای (خـەڵکی صـیبا) بـوون کـە لـە ڕاسـتیدا {سـنان پاشـا} ڕێـزی زۆری لێگـرتن و فـەرمانی دا کـە جـل و بـەرگ و کـاڵای باشـیان پـێ بـدرێت ، هـەروەها نوێنەرانی عەرەبەکانی یەمـەن هـەموو هـاتن و گوێڕایـەڵیان دەربڕی بۆ دەوڵـەت و داوای (ئەمان)یان بۆ خەڵکەکە کرد .

{سـنان پاشـا} بـە پەلـە خـۆی نابـە (تعـز) ەوە پـاش ئـەوەی کـە (جـازان) ی کـۆنترۆڵ کـرد و دایمەزرانـد ، هۆکەشـی ئـەوەبوو کـە هـەواڵی پێگەیـشت حـاکمی عوسمـانی (تـەعز)ە ئـەو سـەربازانەی کـە لەگەڵیـدان ئابڵۆقەیـەکی تونـدیان کەوتووەتـە سـەر چـونکە (عەرەبـە شـاخیەکان) ی ئـەوێ ڕێگـەی خـواردن و ئازوقـەیان لـێ گرتـوون و توشـی گرانـی و برسـێتی بـوون ، {سـنان پاشـا} ئـەو

---

[1] غاية الأماني في أخبار القطر اليماني ، يحيى بن الحسين : ٢ / ٧٣٣ .

ماوەیەی بە خێراییەکی پێوانەیی بڕی و لە دەرەوەی (تەعز)سوپاکەی مۆڵدا و سەربازەکانی بە شاخەکاندا بڵاو کردەوە ، کە زەیدیەکان ئەو سوپا بێشومارەیان بینی ناچار هەڵاتن و خۆیان لە شاخی (ئەغبەر)دا قایم کرد .
{سنان پاشا} بە هێزێکی بچوکەوە پەلاماری زەیدیەکانی دا لە شاخی (ئەغبەر) دا و ناچاری کردن کە لە حەشارگەکانیان بێنە دەرەوەو دەست بکەنەوە لە عوسمانیەکان ، بەڵام زۆری نەبرد شکان و هەڵاتن و هەریەکەی بە لایەکدا ڕۆیشتن ، {سنان پاشا}ش لە پاداشتی ئەم نەبەردیەدا هەموو ئەو سەربازانەی خەڵات کرد کە بەشداری ئەم شەڕەیان کردبوو [1].
سیازدەهەم : گرتنی (عەدەن) :
{سنان پاشا} دوو سوپای بۆ گرتنی عەدەن ئامادە کرد ، یەکەمیان لەڕێگەی دەریاوە بەسەرۆکایەتی {خیرالدینی کەشتیەوان} کە بە (قووت أوغلی) ناوبانگی دەرکردبوو ، لەگەڵ برایەکی {سنان پاشا} خۆیدا ، سوپای دووەم لە ڕێگەی ووشکانیەوە بوو بە سەرۆکایەتی {ئەمیر حاجی} کە چەند سوارچاکێکی لەگەڵدا بوو .
{قاسم کوڕی شوەیع} کە حاکمی عەدەن بوو لە لایەن مگهرەوە دانرابوو کە ئیمامی زەیدیەکان بوو، دەستی دابوویە بانگەشە بۆ مەزهەبی زەیدی ، خەڵکی عەدەنیش لەبەر ئەوەی شافیعی مەزهەب بوون و لەسەر قورئان و حەدیس ئەڕۆیشتن هەموو رقیان لێ هەڵگرتبوو ، ئەم کابرایە قوتابخانەیەکی لە عەدەندا کردبوو بەناوی (مطهر) ەوەو وانەی مەزهەبی زەیدی تێدا ئەوتەوە، جگە لەمە داوای کۆمەك و هاوکاریشی لە پورتوگالیەکان کردو هێنانیە ناو عەدەن و ئاگاداری کردن بەسەر هەرچی لە ناو قەڵاکەدا هەبوو ، هەموو ئەو تۆپ و ئازوقەیەش کە هەبوو لە عەدەندا دابوویان بە پورتوگالیەکان بۆ ئەوەی ئەوان لە

---

[1] البرق اليماني في الفتح العثماني / ٢١٨ -٢٢٨ .

دەریاوە بەرگری لە عەدەن بکەن و زەیدیەکان و ئەوانەش لەگەڵیاندان لە ووشکانیەوە بەرگری بکەن ، بەڵام {خیرەدینی کەشتیەوان} هەرزوو خۆی گەیاندە عەدەن و سەیر ئەکات لە ناوەڕاستی دەریادا بیست کەشتی چارۆکەداری مەسیحیەکان بەرەو عەدەن دێن کە {خەیرەدین} لەوە دڵنیابوو بەرەو ئەو کەشتیانە کشاو ناچاری هەڵاتن و ڕاکردنی کردن و بە شوێنیاندا هەر ڕۆیشت تا تەواو لە دوور کەوتنەوەیان دڵنیابوو .

{خەیرەدین }گەڕایەوە بۆ کەناری دەریاو تۆپەکانی ڕووکردە قەڵای عەدەن و چاوەڕوانی ئەوەی ئەکرد کە سوپاکەی وشکانیش {کە ئەمیر حاجی سەرۆکایەتی ئەکرد} بگەنە ئەویٚ و پێکەوە پەلاماری عەدەن بدەن ، بەڵام زەیدیەکان توشی هێرشێکی کتوپڕی یان کردن و شەڕ دروست بوو زۆری نەبرد ئەمیر حاجی بەخۆی و سوپاکەیەوە هاتن و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی عەدەنیان داو لەیەك کاتدا لە هەموو لاکانەوە پەلاماریان دا و خەیرەدین (ئەمان) ی دا بەو خەڵکەی کە (قاسم کوڕی شوەیع) و کوڕەکەو نزیکەکانیان هێنایە بەردەستی ، یەکێك لەوانەی کە لەناویاندا بوو دانەویەوە کەدەستی خەیرەدین ماچ بکات لە ژێرەوە خەنجەرێکی دەرهێناو بە پەلە کردی بە سکی خەیرەدیندا و برینداری کرد ، ئەمیر حاجی هاتە پێشەوەو قاسمی کوڕی شوەیعی کوشت ، چونکە ئەو ناپاکیەی بە پیلانی ئەو زانی ، و یستی کوڕەکەی و هەموو هەوادارەکانیشی بکوژێ بەڵام {میر خەیرەدین} نەیهێشت و لێیان خۆش بوو ، {سنان پاشا}ی وەزیر دڵخۆشی زۆری بەم سەرکەوتنە دەربڕی و سەربازەکانیش بەهەمان شێوە ، ئەوەبوو هەموو شارەکانی (تەعز) و (زبید) و هەموو میرنشینەکانی عەدەنیان ڕازاندەوە و دەستیان کردە ئاهەنگ گێڕان .

سنان پاشا (خوشکەزاکەی) خۆی کە ناوی {ئەمیر حسینی} بوو دانا بە حاکمی عەدەن و دووسەد سەربازیشی لەگەڵدا داناو ، هەموو ئەو سەربازانەی کە بەشداری ئەم شەڕەی عەدەنیان کرد پلەی بەرز کردنەوە [1] .

چواردەهەم : گرتنی (صنعاو)

{سنان پاشا} کە دەستی خاڵی بوو لە خوارووی یەمەن ، بەرەو (ژمار) کەوتە ڕێ و فەرمانی دا کە تۆپەکان بکشێنرێنەوە بۆ گەمارۆدانی (صنعاو) ، {مگهر} کە بەمەی زانی هەرچی تفاق و چەك هەیە کۆی کردەوە و پاشەکشەی کرد لە (صنعاو) ، کە {سنان پاشا} بەرەو (صنعاو)کەوتە ڕێ وادەی (ئەمان) ی دا بە خەڵکی ، کە خەڵکەکە لەوە دڵنیابوون ژمارەیەکی زۆریان کردە نوێنەری خۆیان و ناردیانە لای {سنان پاشا} ، ئەویش ڕێزی زۆری لێگرتن و بەبێ شەڕ چوویە ناو شارەکە هەرچەندە لەشارەکەدا نەمایەوە و بەڵکو ئەو سوپا بێشومارەی خستەڕێ بۆ شەڕی (کوکبان) و (پلا) . چونکە سنان پاشا ئەیزانی بارودۆخی یەمەن دانامەزرێ ئەو کاتە نەبێ کە مگهر و شوێنکەوتوەکانی سەرکوت ئەکرێن ، ئەوەبوو کە هێز دوای هێز ئەینا بەیەکترەوە و والی عوسمانیەکانیش بە شوێنیاندا هات و شەڕی ئەم مگهرە نزیکەی دوو ساڵی خایاندو جارێك ئەم و جارێك ئەو ئەیبردەوە ، تاکوو لە کۆتاییدا و لەساڵی ٩٨٠ ك ، ١٥٧٣ ز ، ئیمام {مگهر} لە (پلا) وەفات ئەکات و بزوتنەوەکەی کز ئەبێت ، مردنی ئەم {مطهرة} ڕێگەیەکی زۆری خۆش کرد بۆ عوسمانیەکان تا بەتەواوەتی دەسەلات بکێشن بەسەر ئەو وولاتەدا ، بەڕادەیەك (حسن پاشا) کە والی عوسمانیەکان بوو توانی دەست بکێشێ بەسەر هەریەك لە (ثلا) و (مدع) و (عفار) و (دی مرمر) هەردوو (شرفینی) سەرو و خواروو هەروەها (صعدە) کە بنکەی سەرەکی ئیمامانی زەیدیەکان بوون ، بەم شێوەیە بۆ ماوەیەك توانرا کە

---

[1] البرق اليماني في الفتح العثماني / ٢٤٩ -٢٥٥ .

بزوتنەوەی بەرگری یەمەنی دابمرکێننەوە و {حسن پاشا}ش توانی کە (ئیمام حەسەنی کوڕی داود) کە دوای {مطهر} بوویە ڕێبەری زەیدیەکان بە ئەسیری بگرێت [1].

دوای شەڕی لیبانتۆ (٩٧٩ ك – ١٥٧١ز) دەوڵەتی عوسمانی غەمی گەورەی ئەوەبوو کە پارێزگاری لە شوێنە ئیسلامیە پیرۆزەکان بکات بە پلەی یەکەم و پاشان دەریای سوورو کەنداوی عەرەبی قایم بکات وەك پشتێنەیەکی ئەمنی بەدەوری ئەو شوێنانەدا ، ئەمەش وای ئەخواست کە کەشتیگەلێکی بەهێزیان تێدا دابنێ تا ڕێگە لە پورتوگالیەکان بگرێت [2].

بەڵێ دەوڵەتی عوسمانی توانی قەڵغانێکی بەهێز بە دەوری ئەو شوێنە ئیسلامیە پیرۆزانەدا دابنێ لەبەرامبەر هێرشی مەسیحیەکاندا ، لەگەڵ ئەمەشدا سوڵتان توانی کە هێزێکی تایبەتی عوسمانی لە (مەککە) و (مەدینە) و (ینبع) دا بهێڵێتەوە ، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی چەند قولله و قەڵایەکیشی بۆ پاسەوانی دانا بەدرێژایی ڕێگەی میسرو سوریاو مەککە بۆ پاراستنی بیرە ئاوەکان و کاروانەکانی بازرگانی ، هەروەها دەوڵەت ئەو بڕیارەشی دا کە پێویستە والی (جدە) نوێنەری {باب العالی} بێت لە حیجاز دا ، حیجاز یەکێك بوو لەو وڵاتانەی لەسەردەمی عوسمانیەکاندا دوو جۆر کاربەدەستی هەبوو ، بۆیە بڕیاری دەوڵەت وابوو کە ئەو گومرگ و باجەی لە مینای {جدە} دا لە کەشتی وەردەگیرێ بکرێتە دوو بەشەوە بەشێکیان بدرێتە والی عوسمانیەکان و بەشەکەی تری بدرێتە شەریفی مەککە [3].

پازدەهەم : بەرگری یەك لە سوڵتان سەلیم و مردنەکەی (بەڕەحمەت بێت) :

---

1 الفتح العثماني لليمن ، فاروق أباظة / ٢٣ .

2 جهود العثمانيين / ٤٨٤ .

3 جهود العثمانيين / ٤٨٧ .

(كارل بروكلمان) [1]ی ڕۆژهەڵاتناس وا وەسفی سوڵتان سەلیم ئەکات گوایە بە (پیاوە سەرخۆشەکە) خەڵك ناویان بردوە ، هەروەها کابرایەکی گوناهکار و ئەهلی کەبیرە بووە و هاودەمی خەڵکی خراپ و گوناهبار و بەرەڵلا بووە ،(د. عبدالعزیز الشناوی)[2]یش –بەرەحمەت بێت – هەمان قسەی بروکلمان ئەکات ، بەڵام {د. جمال عبدالهادی} ، بەبەڵگەوە وەڵامی هەموو ئەو تۆمەتانە ئەداتەوەو ئەڵێ :

١ ٠شایەتی کافر دژ بە موسوڵمان وەرناگیرێ ، ئیتر نازانم نووسەری ئیسلامی چۆن ڕێگە بە خۆی ئەدات کە ئەم جۆرە درۆ و شایەتیانە بجوێتەوە دەربارەی کاربەدەستانی موسوڵمانان بەبێ ئەوەی بەڵگەیان هەبێت ، ئایا لە قوتابخانەی ئیسلامدا فێری ئەوە نەبوو کە خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ لولا إژ سمعتموه ڨن المؤمنون والمؤمنات بأنفسهم خيرا ﴾ النور : ١٢ ، یان ئەفەرموێ ﴿ يايها الژين ێمنوا إن جائكم فاسق بنبأ فتبينوا ﴾ الحجرات : ٦ .

٢ ٠ ڕۆژهەڵاتناسان و ئەوانەی کە لەسەر هەمان بەرنامەی ئەوان ئەڕۆن ، خوویان بەوەوە گرتووە کە هەرکات هاتنە سەر باسی کاربەدەستانی ئیسلامی بە تایبەتی ئەوانەیان کە موجاهیدو تێکۆشەربوون خێرا پەنا ئەبەن بۆ ئەوەی وای نیشان بدەن کە پیاوێکی مەشروب خۆربووەو خۆی لە خراپەو خراپەکاری نەپاراستوە ، نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەو کەسانە ڕاهاتوون کە هاتنەسەرباسی دین ئیتر ئەوەی نەشێ بەرامبەری دەیڵێن ، هەروەك بەرامبەر بە پێغەمبەران هەموو شتێکی ناڕەوا دەڵێن ، دەی ئیتر چۆن ئەبێت ئێمە قسە لەمانە وەربگرین پاش ئەوە ئەزانین ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە دەستپاك و ئەمین نین ؟

---

[1] الأتراك العثمانيوون ، كارل بروكلمان : ٣/ ١٣٧ .

[2] الدولة العثمانية دولة مفترى عليها : ١/ ٦٧٩ .

پاشان دێته سەر باسی گرنگترین کارەکانی سوڵتان سەلیمی دووهەم کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو کابرایە دوورە لە هەموو ئەو تۆمەتانەی ئەدرێنە پاڵی ، دوای ئەوە ئامۆژگاریەکی هەموو ئەو مامۆستایانەی مێژوو ئەکات کە گوێ بە ڕاستی و ڕادەی زانستی زانیاریەکان نادەن و ئەڵێ : (ئامۆژگاریەکم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەدوای ڕاستیدا ناگەڕێن و خەڵکی بەردە باران ئەکەن بەبێ بەڵگە و بەرچاوو ڕوونی ، باهەرچیان بیست داوای بەڵگە بکەن بۆی و بەبێ بەڵگەش خۆیان شت نەڵێن ، ئەوەشیان هەمیشە لەبەرچاو بێت کە ناشیرین کردن و (قذف) جینایەتێکی گەورەیە ، و سزای لەسەر دانراوە (لەشەرع و لە یاساشدا) ، ئومێدەوارم کە مامۆستایانی مێژوو بە تایبەتی زۆر ئاگایان لەمە بێت و خۆیان لەوە بپارێزن کە کاتێك گومانێك یان تۆمەتێك ئەدرێتە پاڵ هەرکەسێك بەبێ بەڵگە نەوەری بگرن و نەبیشی لێنەوە .

با ئەوەشیان لەبەر چاودا بێت کە خوای گەورە کێشانە بۆ کردەوەی چاك و کردەوەی خراپ دائەنێت ، خۆ خوای گەورە ترازوو تەنها بۆ خراپەکان دانانێت و چاکەکان پشتگوێ بخات ، مێژوو نوس ئەبێت ئەمەی هەمیشە لەیاد بێت ، ئەبێت ئەوەش بزانێ کە ووشە سپاردەو ئەمانەتێکە و شایەتیدانێکە لەبەردەم خوادا (خوا لێی ئەپرسێتەوە) ، ئالێرەوە پێویستە کە سەرەتا لە هەموو قسەکانی دڵنیا ببێت پاشان بێت و لە کتێبەکەیدا بینوسێ)[1] .

هەموو ئەوانەی کە لێکۆڵینەوە دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت کە دەوڵەت چەند هێزو پێزی بووە لەسەردەمی سوڵتان سەلیم دا .

جێگری بوندوقدارە صەلیبیەکان لە (استانبول) دوای شەڕی {لیبانتۆ} و تێکشکانی کەشتیگەلی عوسمانی ، داوای کرد کە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ {صەدری ئەعزەم محمد صوقلو پاشا} دا بکات ، تا لەو چاوپێکەوتنەدا بەناخی

---

[1] أخطاء يجب أن تصحح في التاريخ ، جمال عبدالهادي / ٦٥ .

{صەدری ئەعزەم} دا بچێتە خوارەوەو سیاسەتە باڵاو ئاراستەکانی دەوڵەتی بۆ دەرکەوێت بەرامبەر بوندوقدارەکان ، بەڵام {صەدری ئەعزەم} هەرزوو پێی ووت : من دڵنیام کە تۆ بۆ ئەوە هاتووی سیخوڕی بکەیت بەسەرمانەوە و ئەتەوێ بزانی ئێمە ئەم ئازایەتیەمان لە کوێ بوەو لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ ، بەڵام حەز ئەکەم ئەوە چاك بزانی دۆڕاندنی ئێمە و دۆڕاندنی ئێوە زۆریان جیاوازە ! دەست بەسەراگرتنی ئێمە بۆ (قبرص) وەك ئەوە وابوو کە باڵێکی ئێوەمان شکاندبێت و بڕیبێتمانەوە ، بەڵام ئێوە کەشتیگەلەکەی ئێمەتان تێك شکاندووە وەك ئەوە وایە ڕیشمانتان تاشیبێت و ڕیشیش زۆر نابات دێتەوە و پڕ ئەبێتەوە ، زۆر لەوە بەپەلەتر کە بۆ یەکەمجار لە دەموچاودا ئەڕوێت !! [1]

لە ڕاستیدا {صەدری ئەعزەم} قسەو کردەوەی وەك یەك بوو : هەرزوو دەستی دایە دروستکردنەوەی کەشتیگەلی عوسمانی ، لەڕووی ویژدانیشەوە قسە بکەین کە سوڵتان سەلیمی دووهەمیش زۆر بە حەماسەتەوە هەوڵی دابۆ دروست کردنەوەی ئەم کەشتیگەلە، ئەوەبوو زۆر دەسکراوانە و لەماڵی تایبەتی خۆی شتێکی زۆری بەخشی بۆ ئەو کارەو دەستیشی نا بە ئەو هەموو مافەی هەیبوو لەباخەکانی کۆشکی سوڵتانیدا تا کۆمەڵێکی زۆر حەوزی تێدا دروست بکرێت و بەپەلە کەشتیەکان دروست بکرێنەوە و یەکەیەکی دریایی تازە بنیات بنرێتەوە ، ئەوەبوو کەشتیگەلێکی تازەی عوسمانی دەستی کردەوە بە هاتن و ڕۆیشتن لە ناو دەریای ناوەڕاستدا [2] .

ئەم هەڵوێستە ئەوە دەردەخات کە بەڕێوە بردن تەنیا بە حەماسەت نابێ ، بەڵکو ئەبێ لەگەڵ ئەوەشدا کاری جیدی بۆ بکرێت ، ئەوەبوو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەرلەنوێ کەشتیگەلێکی تازە بنیات نرایەوە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە

---

[1] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ١/ ٦٧٨ .

[2] الدولة العثمانية دولة إسلامية : ١ / ٦٧٧ -٦٧٨ .

لەو سەردەمەدا خەڵك لە خۆشگوزەرانیدا ژیاوە ، ئەوەبوو نە باجیان دانا لەسەر خەڵك و نە ماڵی کەسیش دەستی بەسەردا گیراو نەبە خەڵکیشیان ووت ئەبێ لە برساندا بمرن چونکە نابێ دەنگی کەس لە دەنگی شەڕ بەرزتر بێت ، {سوڵتان سەلیم} خۆی و لەماڵی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی ئەرکی مەسەلەکەی گرتە ئەستۆ چونکە لە قوتابخانەی ئیسلامەوە ئەوە فێر بووە کە خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ وما تنفقوا من شيء في سبيل الله يوفّ إليكم وأنتم لاتظلمون ﴾ الأنفال : ٦٠ .

مردنەکەی :

مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان واباس ئەکەن کە {سوڵتان سەلیمی دووهەم} بە هۆی مەشروب خواردنەوەی زۆرەوە مردووە ، بەڵام مێژوو نووسە موسوڵمانەکان ئەڵێن : هۆی مردنەکەی ئەوەبوو کە ڕۆژێکیان لە (گەرماو) دا پێی ئەخلیسکێ و زۆر خراپ ئەدات بەزەویداو بەو بۆنەیەوە چەند ڕۆژێك نەخۆش ئەکەوێت و پاشان ئەمرێت لەساڵی ٩٨٢ ك دا [١] .

باسی دووهەم: سوڵتان موورادی سێهەم (٩٨٢-١٠٠٣ ك ، ١٥٧٤-١٩٥٤ز)

پاش مردنی باوکی تەختی پاشایەتی گرتەدەست کەوتە گرنگیدان بە زانیاری و ئەدەب و شیعر ، سێ زمانی بە چاکی ئەزانی ، تورکی و عەرەبی و فارسی ، پیاوێك بوو حەزی لە (تصوف) بوو ، بەوە بەناوبانگ بوو کە پیاوێکی لە خواترسەو حورمەتی زانایانی زۆر لایە ، بۆ هەموو سەربازێکی (دانیشتوو) بڕی (١١٠٠٠٠) سەدو دە هەزار لیرەی ئاڵتونی بڕیەوە ، ئەمەش بوویە هۆی ئەوەی پشێوی نەمێنێ کە زۆر جار بەهۆی دواکەوتنی خەڵات و موچەوە ڕووی ئەدا [٢] .

یەکەم : هەستا بە یاساغ کردنی عارەق :

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية ، د . جمال عبدالهادي / ١٢٨ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي /١١٠ .

یەکەمین کارێك پێی هەستا ئەوەبوو عارەق خواردنەوەی یاساغ کرد چونکە خەڵکی سەری کردبوویە ئەو کارە خراپە ، تەنانەت سەربازەکانیش و بە تایبەتی (ئینکیشاریەکان) ، بۆیە بەرگەی ئەم فەرمانەیان نەگرت و لەسوڵتان ڕاپەڕین و ناچاریان کرد کە لەو فەرمانە پاشگەز بێتەوەو ئەویش ملی بۆدان ، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت نیشانەکانی بێهێزبوونی لێوە دەرکەوتبوو ، چونکە یانی چی سوڵتان نەتوانێت عارەق یاساغ بکات و یاساکانی شەرع بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ ؟ هەروەها ئەمە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە (ئینکیشاریەکان) لە ئیسلامی ڕاستەقینە لایان داوە و لە یاسا بەرزەکانی پەروەردەی ئیسلام دوور کەوتوونەتەوە و خۆشەویستی و عەشقی جیهاد لە دڵیاندا نەماوە [1].

دووهەم : بڕیاری پاراستنی {پۆڵۆنیا} و تازەکردنەوەی (امتیازات) :

{سوڵتان مورادی سێهەم} لەسەر هەمان سیاسەتی پێشوی باوکی ئەڕۆیشت ، ئەوەبوو لەسەردەمی ئەمیشدا چەندان شەڕی ئەملاولای کرد ، لەساڵی ٩٨٢ك ، ١٥٧٤ز پاشای پۆڵۆنیا (هنری دی فالوا) هەڵات و ڕۆیشت بۆ فەرەنسا ، خەلیفەی عوسمانی گەورە پیاوانی پۆڵۆنیای ئاگادار کردەوە کە ئەمیری (ترانسلفانیا) بە پاشای خۆیان هەڵبژێرن، ئەوانیش بەگوێیان کرد ، ئیتر پۆڵۆنیا (پۆڵندا) بەیەکجاری و لە ساڵی (٩٨٣ك ، ١٥٧٥ز) هاتە ژێر چاودێری دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی (نەمسا) ش لە ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتیدا کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مۆری کرد بۆ ماوەی (٨) ساڵ دانی بەمەدا نا ، تەتارەکان لە ساڵی (٩٨٤ك ، ١٥٧٦ز) پەلاماری سنورەکانی پۆڵۆنیایان داو ئەویش هانای برد بۆ دەوڵەتی عوسمانی و بەڕەسمی ئەوە ڕاگەیەنرا کە (پۆڵۆنیا) لەژێر پاراستنی دەوڵەتی عوسمانیدایە [2].

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية العلية / ٢٥٩ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ١٠٠ .

{سوڵتان موراد} سەرلەنوێ لەگەڵ فەرەنساو بوندوقداەرکاندا (امتیان)ەکانی تازەکردەوە و هەندێ لە (امتیان) ی زیاتر تری دابە قونسوڵگەری و بازرگانیەکانیان لەگەڵ زیاد کردنی چەند بڕگەیەك بۆ ڕێکەوتننامەی ئاشتی نێوانیان کە لە بەرژەوەندی ئەوان بوو، گرنگترینیان ، ئەبێ باڵوێزی فەرەنسا لەپێش هەموو باڵوێزەکانی تری وڵاتانەوە بێت لە ئاهەنگە ڕەسمیەکان و چاوپێکەوتنە حکومەتیەکاندا ، ئەمە وای کرد کە هاتوو چۆی باڵوێزەکانی فەرەنسا زۆر بە چڕی چاوپێکەوتن و سەردانی (باب العالی) بکەن و هەریەکەی لە لایەکەوە پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵدا مۆر بکات و ئەوەش بوویە هۆکارێك بۆ دەستخستنە ناو کاروباری دەوڵەتەوە ، لەسەردەمی {سوڵتان موراد}دا بوو کە (ئیزابێلا) شاژنی ئینگلیز (امتیان) ی تایبەتی وەرگرت بۆ بازرگانەکانی وڵاتی خۆی کە کەشتیە دەریاییەکانی ئینگلیز ئاڵای (بەریتانیا) یان ئەکرد بە کەشتیەکانیانەوە و بەئازادی ئەهاتنە ناو بەندەرەکان و ڕۆخەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە [1].

سێهەم : ململانێ لەگەڵ شیعەی صەفەویدا :

لە ساڵی ٩٨٥ ك ، ١٥٧٧ ز دا پاش ئەوەی کە وڵاتی فارس ئاژاوەی تێکەوت بە مردنی (طهماسب) ، عوسمانیەکان هێرشێکی سەربازیان کردە سەر ئەو وڵاتەو توانیان ڕووبەرێکی زۆر فراوان داگیر بکەن لە وڵاتی قەوقاز و شاری (تفلیس) و گورجستان (کەرەج) بگرن ، پاشان عوسمانیەکان چوونەناو شاری تەورێز لە ساڵی ٩٩٣ك ، ١٥٨٥ ز ، سوپای {سوڵتان موراد} توانی دەست بکێشێ بەسەر ناوچەکانی (ئازەربایجان و کەرەج و جۆرجیا و شیروان و لوزستان دا ، بەڵام کە شاعەباسی گەورە حوکمی وڵاتی فارسی کەوتە دەست هات لەگەڵ عوسمانیەکاندا ئاشتینامەیەکی مۆرکرد و بەپێی ئەو ئاشتینامەیە

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية العلية / ٢٦٠ .

دەستی لە هەموو ئەو ناوچانە هەڵگرت کە کەوتبوونە ژێر دەستی عوسمانیەکان و هەر بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەش پەیمانی ئەوەیان دا کە لەوەودوا بە هیچ شێوەیەك لە شانشینی ئەودا قسە نەوترێت بە خەلیفەکانی ڕاشیدین (أبوبکر و عومەر و عوسمان "خوایان لیّ ڕازی بێت" ، (حیدر میرزا) کە ئامۆزای خۆشی بوو بە (بارمتە) ناردیە (استنبول) وەك گرنتیەك بۆ جێبەجیّ کردنی ئەوەی ڕێککەوتبوون لەسەری [1] .

چوارەم : یاخیبوون وبیگوێیی لەسەر دەستی "ئینکشاریەکان"دا دەست پیّ دەکات :

پاش ئەوەی جەنگ ڕاوەستا ئینکیشاریەکان لە ویلایەتە عوسمانیەکاندا یاخیبوون و لاساریان ڕاگەیاند ، ئەویش ئەوەبوو سوڵتان فەرمانی پیّ کردبوون کە لەگەڵ (مجر) دا بەشەڕبێن ، کەچی ئەمان هەر لەبەردەم (نمسا) دا کە هاوکاری (مجر) بوو شکان و هەلاتن ، و چەند قولەو قەلایەکی قایمیان لە عوسمانیەکان گرت و ئەوەبوو (سنان پاشا) هەمووی لە ژێر دەست دەرهێنانەوە ، لەهەمان کاتدا ئەمیرەکانی { ئەفلاق}و{بەغدان}و (ترانسلفانیا) ش یاخی بوون و دایانە پاڵ نەمسا دژ بە عوسمانیەکان ، سنان پاشاش لە ساڵی ١٠٠٣ ك ، ١٥٩٤ ز هێرشێکی بردنە سەر بەلام نەك هەر تێیدا سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو چەند شارێکیشی لەدەست دا [2] .

پێنجەم : کوژرانی {صەدری ئەعزەم صوقللی محمد پاشا} :

بەپیلانی هەندیّ لە نزیکەکانی سوڵتان کە دەستی دوژمنیان پێگەیشتبوو- ئەوانەی کە چاویان هەڵنەدەهات بەم وەزیرە بەڕێزە -صەدری ئەعزەم کوژرا ، کە پیاوێکی تا بڵێی نەگۆڕ بوو ، لەسەر بەرنامەیەکی پڕ حیکمەت هەنگاوی هەڵدەنا

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ١٠١ .

[2] الدولة العثمانية في التاريخ الإسلامي/ ١٠١ .

، و هەوڵی بنیادنانی دەوڵەتی ئەداو پیاوێکی لێوەشاوەش بوو بۆ سەرکردایەتی کـردن ، و لـە بەرنامـەدانان و کـۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبەرایـەتی و بەدواداچـوونی کاربەدەستان و قۆستنەوەی هەلدا هەناسەیەکی درێژی هەبوو ، بۆیـە لـە ڕاستیدا مردنـی ئـەم پیـاوە گـورزێکی کوشـندە و لێقـەومانێکی گـەورەبوو بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی و دوای ئـەم دەرگـای فیتنەیـەکی گـەورە کرایـەوە لـەڕووی پلـەی (صـەدری ئـەعزەم)یـدا و کێبـەرکێو ململانێـی لەسـەر ردوسـت بـوو ،کـە ئـەو ململانێیانە دەوڵـەتی عوسمانی زۆر بێهێز کرد و پشێوی لـە وولاتـدا نایـەوەو ، هەندێ لە (فرق) ەکانی سوپای فێری لاساری و یاخی بوون کرد و حکومـەتیش نەیتوانی بەسەر ئەو یاخی بوونانـەدا زاڵ بێت و لـە ئـەنجامی ئەم یاخی بـوون و شۆڕشـە ناوخۆییانەشـدا {پۆڵۆنیـا} لـەژێر دەسـەڵاتی عوسمـانی هاتـە دەرەوە ودەستی دایە هەندێ دەرگیری لەگەڵیدا [1] .

شەشەم : جوولەکەو {سوڵتان موورادی سێهەم} :

جوولەکە وای بۆ ئەچوون کە هەل هەڵکەوتووە بۆ هاتنەدی ئەو شتەی ماوەیەکی زۆر بـوو خـەویان پێـوە ئـەبینی ، بۆیـە دەسـتیان دایـە کۆچـکردنی پـچڕ پـچڕ و بـەدوای یەکدا بـۆ {سـینا} و لـە وێـدا نیـشتەجێ ئـەبوون ، بەرنامەکـەی خۆیـان وابوو کە لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵیان لەوەدا چڕ بکەنەوە کە لـە شاری (گـور) دا زۆرترینەی کۆچکەران نیشتەجێ بکەن و هەڵبژاردنی ئەم شـارە هـەروا لـە گـۆترە نـەهاتبوو ، بـەڵکو ئـەوان ئـەیانزانی کـە ئـەم شـارە ئەکەوێتـە کـەناری ڕۆژهـەڵاتی {کەنداوی سویس} کە بەندەرێکی چاکی لێیە بۆ ئەوەی کەشتیە بازرگانیەکان لەنگەری تێدا بگرن و هەموو ئەو کەشتیانەش کە لـە (جده) و (ينبع) و (عقبـه)و (قلزم) ەوە ئەهاتن هەر لەوێدا لەنگەریان ئەگرت ، هەروەها ئەوەشیان ئە زانی

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ١٠٢ .

که ئەم شارە هێڵی وشکانیش بەستراوەتەوە بە کاروانەکانی (قاهیرە) و (فرما) وە.

بەم بەرنامەیە جوولەکە باشترین پەیوەندی دەرەکی دروست ئەکات لەگەڵ دونیادا و لە جیهان دانابڕێن و هەموو ئەو کەشتیانەش کە دێنە بەندەری (گور) ئەتوانن کۆمەڵ کۆمەڵ جوولەکەی تازە هەڵگرن و بیانگوازنەوە ..

(ابراهام) ئەو کەسەبوو کەسەپەرشتی ئەم کۆچکردنەی جوولەکەی ئەکرد ، سەرەتا خۆی و منداڵەکانی هاتنە (گور) و تێیدا نیشتەجێ بوون ، ئەم جوولەکانە هەرئەوەندەی تۆزێك ژمارەیان زۆر بوو دەستیان دایە ئەزیەتدانی ڕاهیبەکانی (دیرسانت کاترین) ، ئەوانیش شکاتنامەیەکیان بڵاو کردەوە و گەیاندیانە سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و تێیدا باسیان لە ئەزیەتدانی جولەکەکان کردوە بۆ ئەمان و ئەوەش وەبیر دەوڵەتی عوسمانی دێننەوە کە چۆن دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری پاراستنی ئەمانی لەئەستۆ گرتووە هەروەها ئەو حەزەرەش ئەدەنە دەوڵەتی عوسمانی کە ڕێگە بگرێت لەوەی جوولەکە {سینا} بکەنە نیشتمانی خۆیان و لەشوێنەکانی ترەوە بگوازنەوە بۆ ئەوێ ، بەتایبەتی ناوشاری (گور) چونکە مەبەستیان فیتنەو ئاژاوەنانەوەیە.

بە حوکمی ئەوەش کە لەڕووی شەرعەوە دەوڵەتی ئیسلامی بەرپرسە لە پاراستنی (ئەهلی زیممە) بۆیە بەپەلە سوڵتانە عوسمانیەکان سێ فەرمانی دیوانیان دەرکرد لەسەردەمی {مورادی سێیەم }داو تێیدا فەرمانیان کرد بە دەرکردنی (ابراهام) و ژن و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی و هەموو ئەو جولەکانەش کە هاتبوونە {سینا}و ئەوەشیان لێ یاساغ کردن کە لەمەودواش بگەڕێنەوە ناوچەی {سینا} و شاری (گور) و تێیدا نیشتەجێ بن یان بمێننەوە [1].

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٦٨ .

حەوتەم : مردنی {سوڵتان موورادی سێهەم} :

{سوڵتان موورادی سێهەم} له ١٩ی کانونی دووەمی ١٥٩٨ز و کە تەمەنی بەرەو ٤٩ ساڵی ئەڕۆیشت کۆچی دوایی کرد و {بەڕەحمەت بێت} لە حەوشەی (ئایا صۆفیا) دا نێژرا [1].

باسی سێهەم

{سوڵتان مورادخانی سێهەم}

لە ساڵی ٩٧٤ك دا لەدایك بووە، ولەساڵی ١٠٠٣ك لەسەر تەختی پاشایی دانیشتووە، لەپاش مردنی باوکی بە دوازدە ڕۆژ، چونکە لە (مغنیسیا) دائەنیشت [2]. دایکیشی لە بنەڕەتدا خەڵکی {ئیتالیایە} و ناوی (صفیە) بوو [3]. هەرچەندە بێهێزی و داڕوخان ڕووی کردبوویە دەوڵەتی عوسمانی کەچی ئاڵای (جیهاد) دژ بە خاچپەرستەکان هەر ئەشەکایەوە، یەکێك لەو سەروەریانەی بۆ ئەم سوڵتانە باس ئەکرێت ئەوەیە ئەم کە دەرکی بەوە دەکرد بەشێك لە بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە بەرپرسە باڵاکان خۆیان ناچن بۆ شەڕ و سەرکردایەتی شەڕەکان بکەن، ئەم هات ئەو باوەی شکاند و خودی خۆی ئەچوو بۆ شەڕو هەمان شوێنی {سوڵتان سەلیم} و {موورادی سێهەم}ی بۆ خۆی وەرگرتەوە لە ناو خەڵکدا، ئەویش ئەوەبوو پێشەوایەتی هەموو سوپای ئەکرد بەخودی خۆی و بەرەو (بلغراد) کەوتەڕێ و لەوێوە بەرەو مەیدانی شەڕو جیهاد کردن ، کە خەڵکی ئەمەی لێ بینی بە جارێك وورەو غیرەتی ئایینی و سەربازی گرتنی و گیانێکی تازەیان هاتەوە بەبەردا ، ئەوەبوو لەساڵی ١٥٥٦ز دا قەڵاسەختەکەی (ئارلو) ی گرت کە تەنانەت {سوڵتان سولەیمان} نەیتوانی

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٥ .

[2] تأريخ سلاطين آل عثمان ، يوسف آصاف / ٨٦ .

[3] الدولة العثمانية / ٧٠ .

بیگرێ كه له ٢٦ی ئۆكتۆبەری ١٥٥٦دا،ئەم توانی سوپای (مجر) و (نەمسا) له دۆڵی (كوزن) تێك بشكێنێت كه نزیك بەم قەڵایه مۆڵیان دابوو ، ئەوەبوو پاشان ئەم شەڕەیان هاوشێوەئه كرد بەشەڕی (موهاكز) [1] كه لەساڵی ١٥٢٦ز دا {سوڵتان سەلیم} تێیدا سەركەوتنی بەدەست هێنا ، دوای ئەم شەڕە بەردەوام شەڕ ڕوویئەدا بەڵام شەڕی گەورەی وا ڕووی نەئەدا كه یەكلاكەرەوە بێت .

لەسەردەمی {سوڵتان محمد خانی سێهەم}دا دەوڵەتی عوسمانی تووشی شۆڕشی ناوخۆیی زۆر بوویەوە كه (قەرەیازیجی) ڕێبەرایەتی ئەكردن ، هەندێكیشیان ئەسپ سوارەكان ڕێبەرایەتیان ئەكردن ، هەرچەندە سوڵتان زۆر به ناڕەحەتیش سەركوتی كردن ، ئالەم ئاژاوە زۆرانەوە لێكۆڵەرەوەی وورد بۆی دەرئەكەوێت كه تاچ ڕادەیەك پشێوی له یاسای سەربازی دەوڵەتدا دروست ببوو بەڕادەیەك بۆ ئەوە نەئەشیا مرۆڤ بەو جۆرە یاسا سەربازیانە بڵێ سوپای وڵاتپارێز لەڕووی دوژمنەكانیدا.

یەكەم : {شێخ سعدالدین ئەفەندی} :

ئەم زانا بەرزە یەكێك بوو له مامۆستاكانی {سوڵتان محمدی سێهەم} و هەرئەمیش بوو كه هانیدا خودی خۆی سەركردایەتی سوپا بكات و بەسوڵتانی فەرموو : (منیش حەز ئەكەم لەشەڕدا لەگەڵ تۆدا بەشداری بكەم تا گوناهەكانم بسڕمەوە چونكه بەڕاستی بوومەتە ئەسیریان) [2] ، له یەكێك له شەڕەكاندا زۆری نەمابوو سوڵتان بكەوێتە دەست دوژمن و ئەسیر بكرێت و چی سەرباز و هاوڕێكانی هەیە ڕایان كرد و بەجێیان هێشت ئەم شێخە بەڕێزە نەبێت ، ڕووی تێكرد و فەرمووی : سوڵتانی بەڕێز خۆڕاگربە و دڵنیابە كەسەركەوتن بەدەست دێنی لەسایەی فەزڵی ئەو خوایەوە كه فەزڵێكی زۆری بەسەرتا ڕشتووەو لای لێ

---

[1] تاریخ الدولة العثمانیة العلیة / ٢٦٨ .

[2] تأریخ سلاطین آل عثمان ، القرماني / ٦٣ .

کردویتەتـەوە ، سـوڵتان بـەم چـەند قـسە کەمـە وورەی هاتـەوە بـەرو سـواری ئەسـپەکەی بـوو بـەدەم دووعـا کردنـەوە شمـشێرەکەی لـە کـێلان دەرکێـشا و پەلاماری دا ، زۆری نەبرد خـوای گـەورە بیٚ دڵـی نـەکرد و سـەرکەوتنی بۆ نـارد، ئەم شەڕە دوای شەڕی گرتنی قەڵای (ئاکری) بوو [1] .

دووهەم : هەندیٚ لە شیعرەکانی :

{سوڵتان محمدی سێهەم} ئاستێکی بەرزی هەبوو لە ڕووی ئـەدەبی و ڕۆشنبیری و خوێندەواریـەوە، پیـاوێکی زۆر بـەدینیش بـوو ، حـەزی لـە (تـصوف) بـوو، ئەمەش نمونەیەکە لە شیعرەکانی کە چەندین مانای بەرزی تێدایە :

(ئێمـە حـەزمان لەسـتەم نیـە بـەڵکو ئەویندـاری دادو یەکسانین [2] ، ئێمـە بـۆ ئـەوە کاردەکـەین خـەڵك خـوای خـۆش بوێـت ، خۆشمـان بـەوردی گـویٚ ڕادێڵـین بـۆ فەرمانەکانی ئەو خوایە [3] ، ئاواتمـان ئەوەیـە ئەو خوایە لێمـان ڕازی بێـت [4] ، ئێمـە خەڵکێکی خواناسین و دڵیشمان ئاوێنەی هەموو دونیایە ، هەر لـە ئەزەلـەوە ئێمـە دڵمان بەئاگری عەشق سوتاوە، ئێمە دورین لە فرت و فێلّ و خـەڵکێکی بێگـەرد و دڵپاکین [5] .)

سێهەم : مردنەکەی :

{سوڵتان محمدی سێهەم} پاش ئەوەی کە هەموو ئەو شۆڕشە توندو بزاق یـاخی بونانـەی سـەرکوت کـرد، و بـاوی سـەرکردایەتی کردنـی سـوپای لـە لایـەن سوڵتانەکان خۆیانەوە زیندوو کردەوە، خۆی وەفاتی کرد، مردنەکەشی لە ڕۆژی

---

1 تاريخ سلاطين آل عثمان / ٦٣ .

2 السلاطين العثمانيون / ٥٧ .

3 تاريخ الدولة العثمانية / ١٣١ .

4 السلاطين العثمانيون / ٥٧ .

5 السلاطين العثمانيون / ٥٧ .

یەك شەممە ١٨ی ڕەجەبی ١٠١٢ ك دا بوو، ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم سوڵتانە (نۆ ساڵ و دوومانگ و دووڕۆژبوو، تەمەنیشی ئەوکاتەی کەمرد (٣٨) ساڵ بوو [1]، ئەم سوڵتانە سیفەتێکی سەیری هەبوو، هەرکات ناوی پێغەمبەر {صلى الله عليه وسلم } ببرایە هەڵئەسایە سەرپێ و سڵاوی لە دیداری ئەدا وەك زیادە ڕێزو زیادە بەگەورە زانینێکی پێغەمبەری گەورەی کائینات [2].

باسی چوارەم

{سوڵتان ئەحمەدی یەکەم} (١٠١٢ -١٠٢٦ك ، ١٦٠٣ -١٦١٧ز)

پاش مردنی باوکی حوکمڕانی کەوتە دەست و ئەوکاتە تەمەنی (١٤) ساڵ بوو، جگە لەم کەس لە سوڵتانەکانی عوسمانی لە ئەم تەمەنە کەمەدا حوکمڕانی نەکەوتووەتەدەست ، لەکاتی ئەمدا دەوڵەت زۆر شپرز بووبوو بەدەست شەڕی {نەمساوە} لە ئەوروپادا و هەروەها بەدەست شەڕی ئێرانەوە ئەمە بێجگە لە شۆڕشە ناوخۆییەکانی ئاسیا ، ئەم سوڵتانەش هەروەك باوکی دەستی دایە کۆکردنەوەی تفاقەکانی شەڕ [3].

یەکەم : شەڕ لەگەڵ {نەمسا} و دەوڵەتانی ئەوروپیدا:

{سوڵتان ئەحمەد} ، {لالا محمد پاشا} ی بە {صەدری ئەعزەم} دانا ، لەپاش (یمشجی حسن پاشا)، کە سەرداری گشتی هەموو ئەو سوپایە بوو کە جیهادیان دژ بە {نەمسا} ئەکرد ، ئەم پیاوە لە باشترین سەرکردە سەربازیەکان بوو ، گرنگیەکی زۆری بە سوپای عوسمانی ئەداو قەڵای (استراغون) ی گەمارۆ داو لە کۆتاییدا ئازادی کرد ، هەروەك چۆن لە هەمان کاتدا هێرشی کردە سەر میرنشینەکانی (ئەفلاق و بەغدان و ئەردەڵ) و ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵیاندا

---

[1] تأريخ سلاطين آل عثمان ، القرماني / ٦٤ .

[2] السلاطين العثمانيون / ٥٧ .

[3] الدولة العثمانية في التاريخ الإسلامي / ١٠٥ .

ئیمزاکرد ، کە (لالاپاشا)ش مرد (قبوجی مراد پاشا) جێگەی گرتەوە و بوویە {صەدری ئەعزەم} کە پێشتر سەرکردەی یەکێك لە تیپەکانی سوپا بوو ، سوپای عوسمانی شەڕی لە {نەمسا} بردەوەو توانی هەموو قەڵاسەختەکانی لە شارەکانی (یاتق) و (استراغون) و (بلغراد) و هەندێکی تریشی لێ بگرێ ، هەروەها لە سوپای عوسمانی بەسەر سوپای نەمسادا لە مەجەریشدا هەرسەرکەوتنی بەدەست هێنا ، سەرەنجامی ئەمەش ئەوەبوو کە نەمسا ئاشتینامەی قەبوڵ کرد و بڕیاری دا کە باج بداتە دەوڵەتی عوسمانی کە بڕەکەی بریتی بوو لە (دووسەد هەزار دوکەی ئاڵتون) ، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیەش وڵاتی مەجەڕ بوویە وڵاتێکی پاشکۆ بۆ دەوڵەتی عوسمانی [1] هەروەها لە چەند شەڕێکی ناو دەریاش لە نێوان کەشتیگەلی عوسمانیەکان و کەشتیگەلی ئیسپانیاو ڕاهیبەکانی (قدیس یوحەننا) لە {ماڵتە} و میرنشینە {ئیتالیەکان} دا ڕوویان داو سەرکەوتن هەرجارەی دەستی لایەکیان ئەکەوت [2] .

دووهەم : تازە کردنەوەی (ئیمتیازاتەکان) :

لەم ماوەیەدا دەوڵەتی عوسمانی (امتیازات)ی بۆ{ فەرەنسا }و {بەریتانیا} تازە کردەوە ، وەك خۆی، هەروەها (امتیازات) ی پۆڵۆنیای تازە کردەوە بەو شێوەیەی کە دەوڵەتی عوسمانی ڕێ لە تەتاری {قەرەم} بگرێ و نەیەڵێ پەلاماری {پۆڵۆنیا} بدات ، و {پۆڵۆنیا}ش ڕێگە بگرێ لە هێرش و پەلاماری (کازاق) بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی [3] .

{هۆڵەندا} توانی چەند (امتیازات)ێك بۆ خۆی وەربگرێ و بەو ڕێگەیە کەوتە بڵاو کردنەوەی {جگەرە} لە ناو وڵاتانی ئیسلامیدا و سەربازەکان سەریان

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ العثماني / ١٠٥ .

[2] الدولة العثمانية في التاريخ العثماني / ١٠٥ .

[3] الدولة العثمانية في التأريخ العثماني / ١٠٥ .

کـردە جگـەرە کێـشان ، مفـتی وولاّت فـەتوای حـەرامبونی جگـەرەی دەرکـرد ، سەربازەکان کەوتنە هات و هاوار و فەرمانبەرەکانیش پشتیان گرتن و زانایانیش ناچار بوون کە لە مەسەلەکە بێدەنگ بن [1] .

بەم شێوەیە سەربازانی دەوڵەت کەوتنە شوێن هەواو ئارەزووی خۆیـان و کەوتنـە ڕەخنەگرتن و بەرپەرچدانەوەی زانایان !

هێزە بێدینەکان بە هەموو شێوەیەك لـە هـەوڵی ئـەوەدان کـە هەرچی حـەرام هەیـە ئاسانی بکەن لە لای گەلانی ئیسلامی .

ڕاستە خـوای گـەورە هەرشـتێك کـەڵکی ببێـت بۆمـان بـۆی حـەڵاڵ کـردوین بـەڵام هەرشتێکیش زیانمان پێ بگەیەنێ حەرامی کـردووە لێمـان ، ئیتر ئـەو زیانـە لـە (عەقڵ) مان یان لە (لەش) مان یان لـە (ماڵ) مـان بکـەوێت وەك یـەکە، هەربۆیـە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ، جگەرەخواردن و فرۆشتن و کڕینی بە حـەرام ئـەزانن ، لەبـەر ئـەوەی کـە لـە هـەموو ڕووەکـانی (ئـایینی) و (دوونیـایی) و (تەندروستی) و (کۆمەڵایەتی) یەوە زیان ئەگەیەنێت پێمان ، بۆ نمونە :

١. ئەم دوکەڵە ،مرۆۆ نە گۆشتی پێ ئەگرێ و نەبرسێتیشی لە کۆڵ ئەخات .
٢. ئەم دوکەڵە پیسە زیان بەم لەشە بەنرخەی مـرۆۆ ئەگەیـەنێت و هەرچیش حاڵی وابێ کەواتە حەرامە بەکار بهێنرێت .
٣. جگەرە لەوشتە پیسانەیە کە خوای گەورە ئەفەرموێ (ويحل لهم الطيبات ويحرم عليهم الخبائث) الأعراف : ١٥٧ . واتە : هـەموو شـتێکی پاکتـان بۆ حـەڵاڵ ئـەکات و هـەموو شـتێکی پـیس و زیانبەخشیشتان لـێ حـەرام ئەکات
٤. بۆنی جگـەرە زۆر ئـازاری خـەڵك ئـەدات بـە تایبـەت ئەوانـەی کـە نـایخۆن و بەکاری ناهێنن ، نەك ئەوە بەڵکو مەلائیکەی خواش ئازار ئـەدەن ، چونکە

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧٢ .

مەلائیکە بە هەموو ئەوانە ئازار ئەخۆن کە مرۆڤ ئازاری پیٚ ئەخوات ، خوای گەورەش ئازاردانی موسوڵمانانی حەرام کردووە وەك ئەفەرمویٚ : (والذين يؤذون المؤمنين والمؤمنات بغير مااكتسبوا فقد احتملوا بهتانا واثما مبينا) الٲحزاب : ٥٨ .واتە : ئەو کەسانەی ئازاری موسوڵمانان ئەدەن بەبیٚ ئەوەی کاریٚکی وایان کردبیٚ شایەن بیٚت بەو ئازاردانە ، ئەوە بۆختان و گوناهیٚکی ئاشکرا ئەکەن بە کۆڵەوە لە ئەنجامی ئەو ئازار دروست کردنەیاندا .

ئەمەو چەندین بەڵگەی تریش هەیە زانایان باسی ئەکەن دەربارەی حەرامبونی جگەرە ، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵك دینی لاواز بووەو سوڵتانی دەوڵەتیش کزە و ناتوانیٚ یاساکانی ئیسلام جیٚبەجیٚ بکات ئاوەها سەربازەکان و خەڵکی تریش دەست ئەدەنە یاخی بوون .

سیٚهەم : شەڕ لەگەڵ {شیعە صەفەویەکان}دا (فارسەکان) :

{شا عەباسی صەفەوی} ئەوەی بەهەل زانی کە دەوڵەتی عوسمانی پشیٚوی کەوتوەتە ناوی بۆیە پەلاماری عیراقی عەجەمی داو (تەبریز) و (وان) و چەند شویٚنیٚکی تریشی داگیر کرد، هەروەها توانی (بەغداد) و شویٚنە پیرۆزەکانی شیعە لە (نجف) و(کربلا) و (کوفە) داگیر بکات و خۆی لە ناو ئاپۆرەیەکی گەورەدا هەستا بە زیارەتکردنی ئەو شویٚنانە، میٚژوو نووسان ئەڵیٚن {شا عەباسی صەفەوی} لەم سەردانەی دا (دە) ڕۆژ لە نەجەف مایەوەو خۆی خزمەتی حاجیانی لەو شویٚنەدا ئەکرد ، هەروەها باسی ئەوەش ئەکەن کە بۆ زیاتر دەربڕینی گەردنگیری بە مەزهەبی شیعەگەری و پشتیوانی لە ڕافیزیەت ئەمەی کردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەمارگیر بووە بەمەزهەبی شیعەگەریەوە کەچی نەیهیٚڵاوە پیاوانی ئایینی دەست بخەنە کاروباری سیاسەت و حوکمڕانیەوە و خۆی بەتەنیا جۆریٚك لە دەسەڵاتی ڕەهای بۆ خۆی بڕیار داوە .

{شا عەباسی صەفەوی} سەختترین سزای بۆ دوژمنانی دەوڵەتەکەی لە ئەهلی سوننەت بڕیارداوە ئەویش یان کوشتنی بەکۆمەڵ یان چاو هەڵکۆڵین و لەگەڵ کەسدا نەرمی نەنواندووە کاتێك نەبێت کە دەستبەرداری مەزهەبی سوننی بووبێت و خۆشەویستی و پشتیوانی بۆ مەزهەبی شیعە ڕاگەیاندبێت ![1]، دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو کە هەموو ئەو قەڵاو شارو ناوچانە بۆ دەوڵەتی صەفەوی شیعەی ڕافیزی مەزهەب جێ بهێڵێت کە لەکاتی سوڵتانی غەزاکەر سولەیمانی یەکەمدا فەتحکرابوون ، بەغداد یەکێك بوو لەو شارانە ، ئەمەش بە یەکەمین پەیماننامەیەك دائەنرێت کە دەوڵەتی عوسمانی دەستی لە وڵاتی فەتحراو هەڵگرتبێت و هەرئەمەش بە سەرەتای تیاچوون و بێهێزی دائەنرێت و ئەو پەیماننامەیەش بەیەکەمین پەیماننامە دائەنرێت کە بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی دەرخستبێت[2].

{شا عەباسی صەفەوی} زیادەڕەوی زۆری لە دوژمنایەتی کردنی مەزهەبی سوننیدا کردو پەیوەندی کرد بەپاشاکانی مەسیحیەوە و بۆ زیاتر ڕۆچوون لە لێدانی دەوڵەتی عوسمانی کە پاسەوانی مەزهەبی سوننی بوو ، هات پەیماننامەیەکی لەگەڵیاندا مۆرکرد (بەرگری هاوبەش لە یەکتری) بۆ ئەوەی بە هەردوولاوە کۆڵەکەکانی دەوڵەتی عوسمانی سوننی لەبن و بێخ بهێنن ! بۆ ئەمەش هیچ گوێی بەو هەمووە دابەزینە نەدا بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا لە پێناوی ئەوەی ئەم هاوپەیمانیەی سەربگرێت و دوژمنان هان بدات لە دەوڵەتی عوسمانی {شاعەباسی صەفەوی} لەگەڵ مەسیحیەکانی ئێراندا زۆر باش مامەڵەی دەکرد بە پێچەوانەی مامەڵەی لەگەڵ ئەهلی سوننەتی ئێران دا، هۆی ئەم مامەڵە باشیەی لەگەڵ مەسیحیەکاندا بزاڤ بەمەسیحیکردن (تبشیر) لە ئێراندا زیادی

---

[1] الإسلام في آسيا ، د. محمد نصر مهنا / ٢٤٩ –٢٥٠ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية العلية / ٢٧٢

گەڵیدا جوڵایەوە و کردیە پەند و صەدری ئەعزەم (قبوجی مراد پاشا) توانی کە ئەنازۆڵ لە خەڵکە ڕاپەڕیوەکە پاك بکاتەوە [1] .

پێنجەم : بزوتنەوەی {فەخرەدین دورزی کوڕی مەعنی دووهەم} :

{فەخرەدینی کوڕی مەعنی دووهەم} لە ساڵی ٩٩٩ك دا دەسەڵاتی لە لوبناندا گرتە دەست ، پیاوێکی دورزی گەورەی هەلپەرست بوو ، توانی ژمارەیەکی زۆری دوژمنانی ئیسلام لە {نەصاری }و{ دورزی} و {نوصەیری} و لەو هاوچەشنانە لە خۆی کۆ بکاتەوە [2] .

کورتەیەك دەربارەی دورزیەکان :

تاقمێکی بابی مەزهەبن (حاکم بأمر الله) کە خەلیفەی فاتمیەکان بوو – بەخوا ئەزانن {والعیاذ بالله} ، ئەم تاقمە زۆربەی بیروڕاکانیان لە (ئیسماعیلیەکان) وەرگرتووە ، دورزیەکان خۆیان ئەدەنە پاڵ (نشتکین دورزی) ، ئەم تاقمە سەرەتا لە میصردا دروست بوو پاشان هاتنە وولاتی شام ، ئەم پێڕە مەزهەب و بیرو باوەڕیان تێکەڵەیەکە لە هەموو بیرو باوەڕو دینەکان ، بڕوایان بە کاری نهێنی هەیە و بیرو ڕای خۆیان لە خەڵك ئەشارنەوە ولای خەڵك باسیان ناکەن [3] .

لە گرنگترین بیرو ڕاکانیان ئەمانەی خوارەوەیە :

- {حاکم بأمر الله }کە خەلیفەی فاتمیەکانە ، بە خوا ئەزانن و کاتێکیش کە مرد وایان ڕاگەیاند کە (غەیب بووە) و زۆر نابات ئەگەڕێتەوە بۆ دونیا .
- نکولی لە پێغەمبەران و خاوەن پەیامە خوداییەکان ئەکەن و بە (شەیتان) ناویان ئەبەن .
- بڕوایان وایە (حەمزە) کە ڕێبەرێکی خۆیانە بریتیە لە حەزرەتی مەسیح .

---

1 تأریخ الدولة العثمانية ، د. علي حسون / ١٣٢ .

2 الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧١ .

3 الموسوعة الميسرة في الأديان : ١/ ٤٠ .

- ڕقیان لە خەڵکی هەموو ئایینەکانی تر ئەبێتەوە ، بە تایبەتی موسوڵمانەکان ، هەموو شتێکی ئەوان بە حەڵاڵ ئەزانن وەك خوێن و ماڵیان و گزی لێکردنیان ئەگەر هەلیان بۆ هەڵکەوت .
- بڕوایان وایە ئەم دینەی ئەوان هەموو دینەکانی تری پێش خۆی سڕیوەتەوە و نکولی لە هەموو ئەو عیبادەت و یاسا و بنەمایانە ئەکەن کە ئیسلام دایناون .
- هەرکەسێك کە (پەیمانی تایبەت) نەنوسێ یان نەخوێنێتەوە بە {دورزی} نازانن .
- بڕوایان بە (تناسخ الارواح)[1] هەیە ، و بڕوایان وایە کە (پاداشت) و (سزا) ی مرۆۋ ئەوەیە ئەو گیانەی کە دەرئەچێت ئەڕواتە لەشی گیاندارێکی تر کە تێیدا یان (نارەحەت) یان (ئاسودە) ئەبێت .
- نکولی لە بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزای قیامەت ئەکەن .
- نکولی لە قورئان ئەکەن و ئەڵێن گوایە سەلمانی فارسی قورئانی داناوە و خۆیان قورئانێکی تایبەتیان هەیە کە پێویستە مرۆۋ کە تەنیا بوو ئەوجا دەستی لێ بدات .
- بیروڕاکانیان ئەبەنەوە سەر سەردەمە زۆر کۆنەکان و شانازی بەوەوە دەکەن گوایە ئەمان نەوەی فیرعەونە کۆنەکان و فەیلەسوفە کۆنەکانی هیندستانن .

---

[1] بیروڕای (تناسخ الأرواح) واتە : دەرچوونی گیان لە لەشی مرۆۋ و چوونە ناو لەشی گیاندارانی تر ، ئەم تاقمە بڕوایان وایە کە گیانی مرۆۋ کە لە لەشی دێتە دەرەوە ناچێتە دونیای ڕۆحەکان (عالم الأرواح) بەڵکو ئەگەر گیانێکی پاك بێت ئەچێتە لەشی ئاژەڵێکی ماڵی بێ زیان و ئەگەر گیانی کەسێکی خراپیش بێت ئەچێتە لەشی ئاژەڵێکی بەزیان ((وەرگێڕ))

- مێـژوو لـه لای ئـەوان لـه سـاڵی ٤٠٨ كۆچـیـەوه دەسـت پـێ ئـەكات ، كـه ئەكاته ئەو ساڵەی (حمزه) ی ڕێبەریان (خوایەتی) {حاكم بأمر الله} ی ڕاگەیاند {سبحان الله عما یشركون}.
- بیروڕایـان وایـه كـه قیامـەت بریتیـه لـه گەڕانـەوەی حـاكم بـۆ دونیـاو ڕابەرایەتی كردنیان تا ئەیانبات كەعبەیان پێ ئەڕوخێنێت و موسوڵمانان بە جارێ هەموو تێك ئەشكێنێت و لـه تـەواوی سـەرزەمیندا و پاشـان ئـیتر تا هەتاهەتایه فەرمانڕەوایی خۆیان ڕائەگەیەنن و (جزیه) ی كزۆڵی بەسەر موسوڵماناندا ئەسەپێنن .
- بڕوایان وایه كه حاكم پێنج پێغەمبەری ناردووه بۆ خەڵكی كه (حمزة) و (ئیسماعیل) و (محمد الكلمة) و (أبو الخیر) و (بهاء) ن .
- ژن هێنـان لـه جگـه لـەخۆیان بـه حـەرام ئـەزانن هـەروەك هاوكـاری كـردن و خێـر پێكردنیـان بـه حـەرام ئـەزانن ، فرەژنـی و هێنانـەوەی ژنـی تـەڵاق دراویش هەر بە حەرام ئەزانن .
- كچان بێبەش ئەكەن له میرات .
- خوشك و برای شیری به حەرام نازانن بۆ یەكتری .
- قسەی خراپی زۆر بەرامبەر به هاوەڵان ئەكەن بۆ نموونه ئـەڵێن : (فحشاء) و(منكر) واته : (أبو بكر و عمر) –ڕەزای خوایان لێبێت –
- له ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نابن و حـەجی مـاڵی خـواش ناكـەن ، بـەڵكو سـەردان كردنی (خلوة البیاضة) له هەرێمی حاصبیەی لوبناندا به حەج ئەزانن .
- ڕەگ و ڕیشەی بیروڕاكانی دورزیـەكان ئەگەڕێتـەوه بـۆ مەزهـەبی باتنـی بـه تایبـەت {فیـساغورس} كـه ئـەوان بـه ڕێبـەری ڕۆحـی گـەورەی خۆیانیـان ئـــەزانن ، زۆربـــەی بیروباوەڕەكانیـــان هـــەمان بیروبـــاوەڕی تـــاقمی ئیسماعیلیەكانن ، كاریگەری مولحید و دەهریەكانیان لەسەره به تایبـەتی لـەوەدا كـه ئـەڵێن ژیـان تـەواو بـوونی بـۆ نیـه ، هـەروەها كاریگـەری (

بوگیه)کان و (فەیلەسوفەکانی فارس و هیندو فیرعەونە کۆنەکان)یان زۆر بەسەرەوە دیارە [1].

ئەمە کورتەیەکی گرنگ بوو دەربارەی بیروڕاکانی دورزیەکان بۆیەش باسم کرد تا نەوەی داهاتوو بزانن کێ دوژمنیانە و چۆن هەمیشە لە هەلێك ئەگەڕێن کە قەلاچۆی ئیسلام و ئەهلی ئیسلام بکەن .

ئەم {فەخرەدینی کوڕی مەعنی دووهەم}ە خۆی لە خەلیفەی عوسمانیەکان نزیك کردەوەو بەدەم ڕایگەیاند کە گوێ لەمشتی خەلیفەیە تادەسەلاتی بەسەر شاخەکانی لوبنان و کەنارەکانی فەلەستین و هەندێ پارچەی سوریادا پەیدا کرد ، کە دەسەلاتەکەی دامەزراند و بەهێزی کرد دەستی کردە دانوستان لەگەڵ ئیتالیەکان دا ئەوانیش پشتیوانیەکی گەورەی ئابوریان لێکرد و بەو هۆیەوە توانی قولەو قەلای زۆر دروست بکات و سوپایەکی گەورەی پێکەوەنا کە خۆی ئەدا لە زیاتر لە (چل هەزار)کەس و پاش ئەمە یاخی بوونی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند لەساڵی ١٠٢٢ ی کۆچیدا ، بەلام سوپایەکی عوسمانی تێکیان شکاند و هەلات و ڕای کرد بۆ ئیتالیا ، ئەم {فەخرەدین دورزیە} کۆمەکی لە میرنشینی فلۆرنسا ی ئیتالی و پاپا و ڕاهیبەکانی دوورگەی ماڵتە (سوارەکانی قدیس یوحەننا) وەرئەگرت [2].

لە ساڵی ١٦١٨ی زایینیدا فەخرەدین گەڕایەوە بۆ لوبنان ، پاش ئەوەی کە سوڵتان فەرمانێکی لێبوردنی بۆ دەرکرد ، کەچی ئەم بانگەشەی بۆ بەرۆژئاواکردنی وولات ئەکرد و سەرلەنوێ و جارێکی تر یاخی بوونی ڕاگەیاندەوە و هەلی شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و شیعەی صەفەوی قۆستەوە ، بەلام ئەم جارەش دۆڕاندی و بەئەسیرگیرا و ڕاپێچ کرا بۆ ئەستەنبوڵ

---

[1] الموسوعة الميسرة في الاديان :١/٤٠٠-٤٠٤ .

[2] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧١ .

و پاشان شۆڕشی ساڵی ١٠٥٤ ك ڕوویدا و ئیتر ئەم جارەیان کە بە ئەسیری گیرا لە سێدارە دراو ، شۆڕشە چەکداریەکەی دوای خۆشی کە (ملحم) ی برای بۆ تۆڵەسەندنەوە سەرۆکایەتی ئەکرد هەر ئاشبەتاڵی پێ کرا و نەگەیشتە ئەنجام [١] .

شەشەم : مردنی {سوڵتان ئەحمەدی یەکەم} :

{سوڵتان ئەحمەد} بەڕەحمەت بێت پیاوێکی تا بڵێی خواناس بوو ، بەردەوام خەریکی عیبادەت کردن بوو ، ڕاستەوخۆ کاروباری دەوڵەتی بە خودی خۆی ئەبرد بەڕێوە ، پیاوێکی خاکی بوو لە جل و بەرگداو ڕاوێژی زۆری بە زانایان و ڕۆشنفکران و سەرکردەکانی سوپا ئەکرد ، پێغەمبەری {صلى الله عليه وسلم} زۆر خۆش ئەویست ، لەسەردەمی ئەمدا بوو کە لە ئەستەنبوڵەوە پەردە بۆ کەعبەی شەریف ئەنێردرا ، پێش ئەم لە میصرەوە بۆی ئەبرا ، لە ساڵی ١٦١٧ ی زایینیدا وەفات ئەکات و لە مزگەوتی (سوڵتان ئەحمەد) دا ئەخرێتە ناو قەبر [٢]

ئەم چەند دێڕە شیعرانەی داناوەو لەژێر عەمامەکەیدا هەڵی ئەگرتن :

ارغب دوما في حمل صورة انطباع اقدام النبيّ عالي المقام
من هوسيد الأنبياء فورد حديقة الأنبياء ملكة هذه الأقدام الشريفة
فيا أحمدي لا تتردد ولو للحظة ومرغ وجهك بأقدام الوردة الرفيعة الشريفة [٣]

باسی پێنجەم

هەندێ لە سوڵتانە بێهێزەکانی عوسمانی

یەکەم : {سوڵتان موستەفای یەکەم} :

پاش مردنی براکەی لەساڵی ١٢٠٦ك دەسەڵاتی گرتە دەست ، لەسەردەمی ئەمەوە بەئاشکرا دیارە کە دەستێکی شاراوە ڕۆڵی ئەبینی لە دانان و لابردنی

---

1 تأريخ الدولة العثمانية / ١٤٣٣ .

2 السلاطين العثمانيون / ٥٩ .

3 تأريخ الدولة العثمانية / ١٣٣ .

خەلیفەکانی عوسمانیدا ، ئەم سوڵتانە هەردوای سێ مانگ لەسەر کار لابرا ، و برازاکەیان هێنایە سەر تەخت کە ناوی (عوسمانی دووهەم) بوو ، کە ئەو کاتە تەمەنی نەئەگەیشتە سیازدە ساڵ [1] .

دووهەم : {سوڵتان عوسمانی دووهەم} (١٠٢٦ – ١٠٣١ ك ، ١٦١٧ – ١٦٢١ز):

پاش ئەوەی {موستەفای یەکەم} یان لەسەرکار لابرد ئەمیان خستە جێگەکەی ، ئەم زۆر منداڵ بوو هێشتا سیازدەساڵی پڕ نەکردبوویەوە ، کەچی جیهادی دژ بە {پۆڵۆنیا} ڕاگەیاند چونکە دەستی کێشابوویە ناو کاروباری میرنشینی (بغدان) ، لە ئەنجامدا و لەسەر داوای پۆڵۆنیا ئاشتینامەیەك لە ساڵی (١٠٢٩ ك ، ١٦٢٠ ز) لە نێوان هەردوولادا مۆر کرا ، (ئینکیشاریەکان) توانای درێژەدانی شەڕیان نەمابوو و بۆیە داوای ئاشتیان ئەکرد و خەلیفەش زۆر لێیان تووڕە بوو [2] ، چونکە ئەوەی بە تەمبەڵی و بەزین و پاڵدانەوە ئەزانی کە زۆری لێ دەکەن قەبوڵی ئاشتی بکات لەگەڵ پۆڵۆنیادا ، بۆیە بڕیاری هاتە سەر ئەوەی کە ڕۆژێك زووتر لەم تاقمە یاخیە خۆی ڕزگار بکات ، جا بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە ترسناکەی دەستی کردە ڕاهێنان و دروست کردنی سوپایەکی تازە لە ویلایەتەکانی ئاسیادا تا جێگەی ئەمانی پێ بگرێتەوە و کە ئینکیشاریەکان بەمەیان زانی هارو شێت بوون و دەستیان دایە هات و هاوارو لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئەبێ سوڵتان لەسەر کار لابەرن ، ئەوەبوو لە ٩ی ڕەجەبی ١٠٣١ ك کە ئەکاتە ٢٠ی مایۆی ١٦٢٢ ز کارەکەیان ئەنجام دا و {سوڵتان موستەفا} یان سەرلەنوێ خستەوە جێی خۆی و {سوڵتان عوسمانی دووهەم} یان کوشت .

هەندێ شیعری لە دوای خۆی بۆ جێ هێشتووین کە ئەمە نموونەیەکیانە :

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي/ ٧٢ .

[2] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ١٠٦ .

كانت نيتي الخدمه لحكومتي ودولتي   وللعجب أن الحسود يعمل لنكبتي [1]
{سولّتان موستەفا} بۆ جاری دووهەم دەسەڵاتی گرتەوە دەست بە هۆی ئاژاوە گێڕی ئینکیشاریەکانەوە و دەوڵەت بوویە یاری دەستیان و بە ئارەزووی خۆیان ئەم وەزیریان دائەناو ئەو وەزیریان لەسەر کار لائەبرد ، و وای لێهات وەزارەتەکان بە ئاشکرا سەوداو مامەڵەیان پێوە ئەکراو جۆرەها زوڵمیان لێ ئەوەشایەوە [2].

(وەزیرەکانی صەدر) لەسەردەمی ئەمدا و لە ماوەی ساڵێك و چوار مانگ دا حەوت جار گۆڕانکاریان بەسەردا هێنان ، ناکۆکی لە نێوان میرانی ئەنازۆڵ و تاقمی (سباهیه) دەستی پێکرد لەسەر ماوەی وەزیرەکانی (صەدر) ، چونکە هی وایان هەبوو مانگی پڕ نەئەکردەوە لەسەر کارەکەی لائەبرا ، بەهۆی لاوازی و بەکارنەهاتوویی سوڵتان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وولات ئەوە بوو لەسەر کار لایان داو {میر موورادی چوارەم} یان کردە خەلیفە کە کوڕی {سوڵتان ئەحمەدی یەکەم} بوو [3].

سێهەم : موورادی چوارەم (١٠٣٢ -١٠٤٩ ك ، ١٦٢٢ - ١٦٣٠ ز) :

دوای لادانی موستەفای مامی لە ساڵی (١٠٣٢ ك ، ١٦٢٢ ز) کاروباری سوڵتانی گرتە دەست ، ئەم مووراده برای {عوسمانی دووهەم} بوو ، لەبەر ئەوەی زۆر منداڵ بوو ، ئینکیشاریەکان بەتەواوەتی دەستیان زاڵ بوو بەسەریدا ، بارودۆخی دەوڵەتی لەوپەڕی خراپیدا بوو ، ئەم سوڵتانە سەرەتا گرنگی دا بەڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی تا دواتر بۆ کاروباری دەرەوە خۆی یەکلا بکاتەوە ، یەکەم کارێك کە پێی هەستا ئەوە بوو هەموو ئەو سەربازە یاخیانەی لەناو برد کە

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٦١ .

[2] تأريخ الدولة العلية العثمانية / ٢٧٩ .

[3] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ١٠٧ .

دەستیان لە کوشتنی عوسمانی برایدا هەبوو [1]. هەروەها ئەوانەشی کە لە ئەستەنبوڵ و تەواوی ناوچەکانی دەوڵەتدا دەستیان دابوویە دەمدرێژی و دەستدرێژی هەموویانی گرت و لەناوی بردن و دەستی دایە دروست کردنی تۆڕێکی هەواڵگری توندوتۆڵ و ناوی هەموو ئەوانەی کە دەستیان دابوویە تاکرەوی لە ناو دەوڵەتدا کۆکردەوە و هەرێم بە هەرێم کە ئەگەڕا ئەو ناوانەی لەگەڵ خۆی ئەبرد و یەك یەك بانگی ئەکردن و لەناوی ئەبردن [2].

لەسەردەمی ئەمدا جگەرە خواردن و عارەق خواردنەوە قەدەغە کراو هەرکەسیش لە ئیسلام پاشگەز ببوایەتەوە ئیعدام ئەکرا [3].

شەڕکردن لەگەڵ شیعەی صەفەویدا :

لە ساڵی (١٠٤٤ ك ، ١٧٦٣٤ ز) شەڕ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و شیعەی صەفەویدا لە عیراق هەڵگیرسا ، {سوڵتان موراد} خودی خۆی سەرکردایەتی سوپای عوسمانیەکانی گرتە ئەستۆ و بەرەو بەغداد کەوتە ڕێ ، ئەوکاتە {شا عەباسی فارسی} پاش کوشتنی والی عوسمانیەکان دەستی بەسەر بەغدادا گرتبوو دەستی دابووە زەلیل کردنی ئەهلی سوننەت و کاری زۆر خراپی دەرهەقیان ئەکرد ، سوڵتان موراد ئابڵۆقەی بەغدای داو بەشێکی گەورەی شورای شارەکەی بە تۆپ ڕوخاند و لە ساڵی ١٠٤٨کۆچییدا چوویە ناو شارەکەو بیست هەزار سەربازی شیعەی تێدا کوشت و ماوەیەکی باشیش لە بەغدا مایەوە و دەستی کردە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەو هەموو شوراکانی بۆ دروست کردەوەو وەزیرێکی بۆ دانا ، ئەم سوڵتانە ڕاستەوخۆ خۆی بەشداری شەڕەکانی ئەکرد و

---

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي الحديث / ١٠٧ .

[2] السلاطين العثمانيون / ٦٣ .

[3] تأريخ الدولة العثمانية / ١٣٦ .

سەرپەرشتی ئەکردن ، لەگەڵ سەربازەکاندا بە تێکەڵ دائەنیشت و جاری واش هەبوو لە هەندێ لەشەڕدا بەسەر ئەسپەکەیەوە ئەخەوت [١] .

مردنەکەی :

{سوڵتان موراد} لە ساڵی ١٦٤٠ی زاینیدا نەخۆش ئەکەوێت و زۆر لێی ئەترسن کە بمرێت بەڵام چاك ئەبێتەوە ، زۆرنابات جارێکی تر نەخۆش ئەکەوێتەوەو لە ٨ی شوباتی ١٦٤٠ی زاینیدا بە نەخۆشی پێ ئێشە[٢] وەفات ئەکات [٣] ، ماوەی دەسەڵاتی ئەم سوڵتانە شازدە ساڵ و یازدە مانگ بوو ، کە ئەم خەزێنەی دەوڵەتی گرتەدەست بە خاڵێتی وەریگرت کە مرد {بەڕەحمەت بێت} خەزێنەی دەوڵەت لێی ئەڕژا [٤] .

ئەم سوڵتانە پیاوێکی ژیرو ئازاو خاوەن ڕا بوو ، گەندەڵی لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنا و خەڵکی لاساری تەمێ کرد ، {سوڵتان موراد} بە دامەزرێنەری دووهەمی دەوڵەتی عوسمانی ناو ئەبرێت ، چونکە بۆ جارێکی تر دەوڵەتی زیندوو کردەوە کە خەریك بوو ئەڕووخا ، هەروەها خەزێنەی دەوڵەتی ئاوەدان کردەوە کە خەریك بوو ئیفلاسی ئەهێنا [٥] .

چوارەم: {سوڵتان ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد} (١٠٤٩ – ١٠٥٨ ك ، ١٦٣٩ – ١٦٤٨ ن) :

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٦٣ .

[2] توشی نەخۆشی (نقرس) ئەبێت کە نەخۆشیەکە قاچ ئەخوات و ئەداتە جومگەکانی لەش (وەرگێڕ)

[3] السلاطين العثمانيون / ٦٣ .

[4] السلاطين العثمانيون / ٦٣ .

[5] الدولة العثمانية / ١٣٦ .

پاش مردنی مورادی برای كه هیچ كوڕێكی له دوای خۆی جێ نەهێشت ئەم دەسەڵاتی گرتە دەست ، پاش مردنی {سوڵتان مورادی چوارەم}یش لە نەوەی ئالی عوسمان جگە لە {سوڵتان ئیبراهیم}ی برای هیچ نەوەیەكیان نەمابوو ، {سوڵتان ئیبراهیم}یش لە ماوەی دەسەڵاتی مورادی برایدا لە زینداندا ژیانی بەسەر ئەبرد ، كە {سوڵتان موراد} مرد گەورە بەرپرسەكانی دەوڵەت چوونە لای {ئیبراهیم} لە زیندانەكەیدا و هەواڵی مردنی براكەیان پێ ڕاگەیاند ، كاتێك هاتنە ژوورەوە بۆلای وای گومان برد هاتبوون بۆ كوشتنی ، بۆیە زۆر ترساو كەوتە ئەملاولاكردن و بڕوای بەقسەكەیان نەكرد و دەرگای زیندانەكەی داخست و بۆی نەكردنەوەو ئەوانیش ناچار دەرگاكەیان شكاند و چوونە ژوورەوە و پیرۆزباییان لێ كرد ، كەچی هەر بڕوای نەئەكرد و وای ئەزانی فێڵی لێ ئەكەن تا بزانن چی لە دڵیدا هەیە پێی دەربهێنن ، بۆیە پێی وتن : لێم گەڕێن من ئەم تەنیاییەم نادەم بە هەموو موڵكی دونیا ، ئەوەبوو كاتێك ئەم گەورە بەرپرسانە نەیانتوانی قەناعەتی پێ بكەن ، چوون دایكیان هێنا بۆلای و مەیتی براكەیان پیشان دا بۆ ڕاستی قسەكەیان و ئەوكاتە قەبوڵی كورسی دەسەڵاتی كرد ، و فەرمانی كرد جەنازەی براكەی ئەسپەردەی خاك بكەن لە مەراسیمێكی گەورەو پڕ شكۆدا كە سێ ئەسپ لە چاكترین ئەو ئەسپانەی كە بۆ شەڕی (بغداد) سواریان ئەبوو لە پێش جەنازەكەوە ڕێیان ئەكرد ، كە لە بەخاك سپاردنی براكەی بوویەوە ، بەرەو مزگەوتی (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) كەوتە ڕێ و لە وێدا شمشێری خیلافەتیان لە ناوقەد بەست و بوون بەخەلیفەییان ڕاگەیاند لەناو خەڵكدا [1].

كەچوویە سەر عەرشی خیلافەت ئەیووت : سوپاس بۆتۆ خوایە ، خوای پەروەردگار عەبدێكی لاوازی وەك منت بە شیاو زانیوە بۆ ئەم پلەوپایەیە ، دەی

---

[1] تاریخ سلاطین آل عثمان ، یوسف آصاف / ١٠٥ .

خوای گەورە چاکەم بەرامبەربکە و لەماوەی حوکمڕانی مندا خێرو خۆشی بخەرە ناو ئەم میللەتەوەو وامان لێ بکە لە یەکتری ڕازی بین [1].

نوسەری کتێبی (السلاطين العثمانيون) بەرگری زۆر لەم سوڵتانە ئەکات و ئەڵێ : (ئەو درۆو بوختانانەی بەرامبەر ئەم سوڵتانە ئەکرێ هەرهەمووی هەڵبەستراوو درۆی شاخدارن و ئەوانە بۆیان هەڵدەبەست کە لە دواییدا لەسەر کار لایان بردو کوشتیشیان [2]، بارودۆخی ناوخۆ لەسەردەمی ئەمدا تا ڕادەیەك هێمن و ئارام بوو چونکە {سوڵتان موراد} ی برای چاکسازی زۆری کردبوو بە تایبەت بەرکەنارکردنی (ئینکیشاریەکان) و تازەگەری کردنی ناو سوپا ، بۆیە ئەم توانی ڕووی خۆی بکاتە چاکسازی لە ئابووری و بودجەی سوپاو کەشتیگەل و ڕێکخستنی دراوو دانانی بناغەیەکی تازە بۆ باج وەرگرتن لەسەر چەند بنەمایەکی تازە [3].

{صەدری ئەعزەم} کە (قەرە موستەفا پاشا) بوو توانی دەستێوەردانی ژنان لە کاروباری خیلافەتدا ڕابگرێت ، هەروەك توانی سنوریش دابنێت بۆ هەموو ئەو پیاوانەی کۆشکی سوڵتانی کە بۆ گەندەڵکردنی دەوڵەت هەوڵیان دەدا ، لەولاشەوە ئەم صەدری ئەعزەمە توانی لە هەرێمە جۆربەجۆرەکاندا زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەوانەدا کە گەندەڵیان ئەکرد و گاڵتەیان بە ئاسایشی خەڵك ئەکرد و ڕێگەیان لێ ئەگرتن و ڕوتیان ئەکردنەوە [4].

شەڕ دژی {بوندوقدارەکان}

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٦٤ .

[2] السلاطين العثمانيون / ٦٤ .

[3] الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي / ١٠٨ .

[4] تأريخ الدولة العثمانية ، اسماعيل سرهنط / ١٥٠ .

کۆماری بوندوقدارەکان دەسەڵاتیان بەسەر دوورگەی (کریت) و جوڵەی بازرگانی لە ناو دەریان ئیجەدا هەبوو ، ئاشتیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیەکاندا بەهەل ئەزانی بۆ ئەمە ، بۆیە عوسمانیەکان بڕیاری ئەوەیان دا کە دەسەڵاتی بوندوقدارەکان نەهێڵن و بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکیان پێکەوەناو کەشتیگەلیان ڕێك خست و شەڕیان دژ بە بوندوقدارەکان ڕاگەیاند ، و هەرچی بوندوقدار هەیە لە تەواوی وولاتدا دەستگیر کران و ماڵ و موڵکەکانیشیان دەستی بەسەردا گیرا ، و پاشان هێرشێکیشیان برد بۆ (دوورگەی کریت) لە ساڵی ١٠٥٥ك ، ١٦٤٥ ز و چەند پارچەیەکی دوورگەکەیان داگیرکرد [1] ، بەڵام سەربازەکان یاخی بوونێکیان دەست دایە لە ئەستەنبوڵدا و هاروشێت بوون و بڕیاری ئەوەیان دا کە {سوڵتان ئیبراهیم} لەسەر کار لابدەن و {محمدی چوارەم} کە کوڕیەتی کە هێشتا تەمەنی حەوت ساڵی پڕ نەکردبووبەوە بیکەنە خەلیفە لە جێی باوکی ، ئەوەبوو {سوڵتان ئیبراهیم} کوژراو ماوەی حوکمڕانیەکەشی هەشت ساڵ و نۆ مانگی خایاند و تەمەنی هێشتا لە سی و چوار ساڵیدا بوو [2] .

پێنجەم / {سوڵتان محمدی چوارەم} (١٠٥١ – ١١٠٤ك ، ١٦٤٢-١٦٩٢ ز) :

ئەم سوڵتانە لەساڵی ١٠٥١ ك دا لە دایك بووە ، لە حەوت ساڵاندا لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووە ، ئەوروپا لەکاتی ئەمدا وایان ئەبینی کە کاتی ئەوە هاتووە دەست لە دەوڵەتی عوسمانی بوەشێنن ، بۆیە هاوپەیمانیەکیان لە ناوخۆیاندا پێکەوەنا کە ئەم وولاتانەی لە خۆ گرتبوو : نەمسا ، پۆڵۆنیا ، بوندوقدارەکان ، ڕاهیبەکانی ماڵتە ، پاپا ، روسیا، ئەم هاوپەیمانیەشیان ناونا (هاوپەیمانی پیرۆز) مەبەست لەمەش ئەوەبوو لەبەردەم ئەو هێرشە ئیسلامیەدا بوەستن کە لە

---

[1] الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي / ١٠٩ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية / ١٣٧ .

هەموو ماڵێکی ئەوروپی ڕۆژهەڵات نزیک بووبوویەوە لە ئەنجامی ئەو هەمووە جیهادەی کە عوسمانیە قارەمانەکان بەردەوام تێیدا ئەژیان ، هێرشی خاچ پەرستان بۆ سەر وولاتانی دەوڵەتی عوسمانی دەستی پێکرد ، خوای گەورەش بۆ ئەم ماوەیە (بنەماڵەی کوبریللی) نارد کە بەشداری بەرچاویان هەبوو لە بەهێزکردنی دەوڵەت و پوچەڵ کردنەوەی ئەم هێرشانەی دوژمناندا ، {محمد کوبریللی} کە صەدری ئەعزەم بوو لە ساڵی (١٠٧٢ك ، ١٦٦١ ز) وەفاتی کردوە ، توانی سام و هەیبەت بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکاتەوە ، ئەحمەدی کوڕیشی لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی ئەڕۆیی ، ئەمیش ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بوندوقدارەکان و نەمسادا ڕەت کردەوە و بەسەرۆکایەتی سوپایەکەوە پەلاماری نەمسای دا و لەساڵی ١٠٧٤ك توانی گەورەترین قەڵا لە نەمسادا ڕزگار بکات کە پێی ئەوترا قەڵای (نوهزل) کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی (ڤیینا) وەو دروست لە ڕۆژی (٢٥ ی صەفەری ١٧٠٤ك کە بەرامبەر بە ٢٨ ی سبتێمبەری ١٦٦٣ ز دەکات، هەرلەسەردەمی ئەم صەدری ئەعزەمەدا بوو کە فەرەنسا خۆی لەدەوڵەتی عوسمانی نزیک کردەوە و هەوڵی دابوو کە (امتیاز)ەکانی خۆی تازە بکاتەوە ، بەڵام {صەدری ئەعزەم} ڕەتی ئەمەی کردەوە ، فەرەنسا ویستی هەڕەشەی لێ بکات بەوەی {لویسی چوارەم} باڵوێزی فەرەنسای بەسوپایەکەوە نارد هاوڕێ لەگەڵ کەشتیگەلێکی سەربازیدا ، بەلام ئەمە زیاتر صەدری ئەعزەمی لەسەر ئەوە سوور کرد کە خۆی ڕابگرێ و ووتی:(ئەو (امتیازات)انەی دراوە بە فەرەنسا وەك بەرات و خەڵات بووەو پەیماننامە نەبووە کە پێویست بێت گەردنگیربین پێوەی)[1].

فەرەنسا ناچاری پاشەکشە بوو لە بەرامبەر ئەم ویستە پۆڵایینەدا و سیاسەتی نەرمی نواندن و سەرداخستنی بۆ دەوڵەتی عوسمانی پێڕەو کرد و دەوڵەتی

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧٣ .

عوسمانيش پەيمانە كۆنەكانى لەگەڵدا تازە كردەوە ،كە پاراستنى (بيت المقدس) ى ساڵى ١٠٨٤ ك تێدا بوو [1].

بە مردنى {احمد كوبريللى} كە صەدرى ئەعزەم بوو ڕژێمى عوسمانى لاوازى ڕووى تێكرد ، و نەمسا پەلامارى (مجر) ى داو قەڵاى (نوهزل) و شارى (بست) و (بودا) ى لىَ گرت ، پاشاى پۆڵۆنيا پەلامارى (بغدان) ى داو كەشتيگەلى بوندوقدارەكانيش پەلامارى كەنارەكانى (موره) و (يونان) يان داو (أپينا) و (كورنثة) و چەند شارێكى تريان لە ساڵى ١٠٩٧ دا گرت .

كتێبە مێژووييەكان باسى ئەوە دەكەن كە زانايان و پياوانى دەوڵەت لەسەر ئەوە ڕێككەوتن كە (سوڵتان محمدى چوارەم لەسەر تەخت لابدەن و ئەوەبوو ساڵى ١٠٩٩ لەسەر كار لايان برد و {سولەيمانى دووهەم}ى براى هاتە جێگەكەى [2].

شەشەم : {سوڵتان سولەيمان خانى دووهەم} :

لەساڵى ١٠٥٢ى كۆچيدا لە دايك بووە و پاش محمدى چوارەمى براى و لەساڵى ١٠٩٩ى كۆچيدا حوكمى گرتوەتە دەست و لەسەردەمى ئەمدا دەوڵەتى عوسمانى بەبەردەوامى بەرەو دارمان ئەڕۆيشت و دوژمنانيش لەسەردەمى ئەمدا زياتر هار و دڕندە بوون ، {نەمسا} زۆرێك لە شوێن و شارەكانى داگير كرد لەوانە (بەلگراد) لەساڵى ١٠٩٩ كۆچى ، بوندوقدارەكانيش كەنارەكانى {دالماسيا}و كەارەكانى ڕۆژهەڵاتى دەرياى ئەدرياتيك و هەندىَ ناوچەش لە يونانيان داگير كرد ، شكست دواى شكست بە سەردەوڵەتدا ئەهات ، بەڵام خوا پياوێكى بۆ ئەم سەردەمەش نارد كە ناوى (موستەفا كوڕى محمدى كوبريللى) بوو كە ئەوكاتە صەدرى ئەعزەم بوو ، ئەم پياوە لەسەر هەمان بەرنامەى پێشووى باوكى ئەڕۆيشت و ڕێگەى بە مەسيحيەكان دا كە لە ئەستەنبوڵدا هەموو ئەو

---

[1] الدولة العثمانية ، د جمال عبدالهادي / ٧٤ .

[2] الدولة العثمانية ، د. جمال عبد الهادي / ٧٤ .

کلیسانەی کە ڕووخابوون چاك بکەنەوە و ئەمیش هاوکاریان بکات [1]. وبڕیاری ئەوەشی دا کە توند ترین سزای ئەو کەسانە بدات کە بەرامبەریان خراپەیەك دەکات لەسەر بەرپاکردنی شیعارێکی خۆیان ، ئەوەندە چاکەی بەرامبەریان کرد تا توانی دڵی هەموو مەسیحیەکانی دەوڵەت بکاتە خۆی ، ئەنجامی ئەم بەداد جوڵانەوەی لەگەڵ مەسیحیەکاندا وای کرد کە دانیشتوانی (مورە) دژ بە بوندوقدارە کاسۆلیکەکان ڕابپەڕن و سوپاکەیان لە وڵاتی خۆیان دەربکەن چونکە زۆریان ئەچەوساندنەوەو زۆریان لێدەکردن کە بچنە سەر مەزهەبی کاسۆلیکی ، ئەوەبوو هاتنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی بەئیرادەی خۆیان چونکە ئەیانزانی کەدەست بۆ کاروباری ئایینی یان بەهیچ شێوەیەك نابەن [2].

ئەمە شایەتی نەوەکانی (نصاری) یە لەسەر سەماحەتی ئیسلام کە هەموو مرۆڤایەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان لەژێر سێبەری ئیسلامدا نەبووبێ دڵنیا نەبوون لە (دین) و (ناموس) و (ماڵ) و (خوێن) ی خۆیان ، چونکە قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەرداری پێغەمبەران {صلى الله عليه وسلم} فێری ئەوەیان ئەکات ، خوای گەورە ئەفەرموێت :﴿ لاينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم ان تبروهم وتقسطوا إليهم إن الله يحب المقسطين ﴾ الممتحنة : ٨ . واتە : خوای گەورە ڕێگەی ئەوەتان لێ ناگرێ کە چاکە بکەن بەرانبەر بەو کەسانەی کە شەڕتان بەرامبەر ناکەن لەسەر دین و لە ماڵ و حاڵی خۆتان دەرتان ناپەڕێنن ، وەخوا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە چاکەکارن .

ویستی خوا وابوو کە ئەم صەدری ئەعزەمە بەشەهیدی و لە مەیدانی جیهاد دا بباتەوە بۆ لای خۆی لە کاتێکدا کە قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵکرد بۆ بەرگری کردن

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي/ ٧٤ .

[2] تأريخ الدولة العلية / ٣٠٦ .

لە پیرۆزیەکانی ئەم دینەو لە یەکێك لەشەڕەکاندا دژ بە دەوڵەتی نەمسای خاچپەرست لە ساڵی ١١٠٢ کۆچیدا شەهید ئەبێت [١].

مردنی {سوڵتان سەلیمی دووهەم} :

لە ٢٨ ی ڕەمەزانی ١١٠٢ کۆچی کە بەرامبەرە لەگەڵ ٢٣ی یونیو ی ١٦٩١ی زاینی و لەتەمەنی ٥٠ ساڵیدا کۆچی دوایی ئەکات ، و هیچ نەوەیەکیش لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێت ، ماوەی حوکمڕانی ئەم سوڵتانە سێ ساڵ و هەشت مانگ بوو ، لە گۆڕستانەکەی {سوڵتان سولەیمانی یەکەم} ی باپیری دا بەخاك ئەسپێردرێت و براکەی ئەچێتە سەر کورسی دەسەڵات [٢].

حەوتەم : {سوڵتان ئەحمەدی دووهەم }(١١٠٢ -١١٠٦ ك ، ١٦٩٠- ١٦٩٤ ز) :

پاش مردنی {سوڵتان سولەیمانی دووهەم} ی برای و لەساڵی ١١٠٢ ی کۆچیدا حوکمی گرتە دەست و لەسەردەمی ئەمدا صەدری ئەعزەم {موستەفا کوبریلل} ی شەهید کرا کە پیاوێکی زۆر بەکەڵك بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی و پاش ئەم (جی علی پاشا عریجی) بوویە صەدری ئەعزەم کە پیاوێکی لاواز و بێدەسەڵات بوو ، بوندوقدارەکان هەندێ لە دوورگەکانی دەریای (ایجە) یان داگیر کرد ، ئەم سوڵتانە زۆر حوکمی نەکرد و لەساڵی ١١٠٦ ك ، ١٦٩٤ ز دا کۆچی دوایی کرد و لەسەردەمی کورتی ئەمدا شەڕەکان زیاتر دووەر تەقە (مناوشات) بوون نەك پەلاماردان ، دوای ئەم {موستەفای دووهەم کوڕی محمدی چوارەم} کە برازای {سوڵتان ئەحمەد} ئەکات دێتە سەر حوکم [٣].

هەشتەم : {سوڵتان موستەفای دووهەم} : (١١٠٦ -١١١٥ ك ، ١٦٩٤-١٦٠٣ز):

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧٥ .

[2] تأريخ الدولة العثمانية / ٣٠٦ .

[3] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ١١٥ .

لەساڵی ١٠٧٤ کۆچیدا لەدایك بووە و لەسەر تەختی خیلافەت لەساڵی ١١٠٦ ك ، ١٦٩٤ز دا دانیشتووە ، کوڕی {سوڵتان محمدی چوارەم}ە ، لەسەردەمی ئەمدا بزاڤ بڵاو بوونەوەی ئیسلام بە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا ڕاوەستا ، لەبەر ئەوەی خەڵکی باوەڕیان کز بووبوو ، گیانی جیهادکردن لاواز بووبوو ، هۆکارەکانی داڕووخان ڕوویان کردبوویە قەوارەی ئوممەتی ئیسلامی ، و بێ ڕەحمانەش خاچپەرستەکان هێرشیان ئەکردە سەر وولاتانی دەوڵەتی عوسمانی ، لەسەردەمی ئەمدا بوو کە پەیماننامەی (کارلوفس) ی خواروی ڕۆژئاوای (زغرب) لەسەر ڕووباری دانوب لەساڵی ١١١٠ ك ، ١٦٩٩ ز ئیمزا کرا لەگەڵ ڕوسیادا ، بەپێی مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیەش دەوڵەتی عوسمانی پاشەکشەی کرد لە وولاتی (مجر) و هەرێمی {ترانسلفانیا} ، و ئەمەش ئاماژەیەکی خراپی مێژووی هەندێ لە کاربەدەستە عوسمانیەکانە ، کە پاشەکشە لە شەڕ بکەن و واز لە موسوڵمانانی ئەو شوێنانە بهێنن و بیانخەنە ژێر دەستی دوژمنێکەوە کە چیی پێی بوترێ سۆزو بەزەیی لە دڵیدا دەرهاتبوو [1] .

ئەمە وای کرد هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە (جزیە) یان بەدەستی خۆیان ئەدا بە دەوڵەتی عوسمانی و بەوەش ڕازی بوون ، لە جزیەدان یاخی بوون و هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە نەیەڵن دەوڵەتی عوسمانی پێشڕەوی بکات ، و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە پارچەپارچەی بکەن لە ترسی ئەوەی بزاڤ بڵاو بوونەوەی ئیسلام نەگاتە دونیا .

دەست هەڵگرتنی دەوڵەتی عوسمانی لەزەویەکانی خۆی سەرەتای پاشەکشەی بوو لە ئەورووپا ، هەروەها ئەمە بەخاڵی وەرچەرخان دائەنرێ لە مێژووی هەڵوەشانەوەو پوکانەوەی بەپەلەی دەوڵەتی عوسمانیدا ، و لەئەنجامی ئەوەی ئینکیشاریەکان داوای لادانی صەدری ئەعزەمیان ئەکرد و سوڵتانیش ئەمەی

---

1 الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧٦ .

قەبووڵ نەئەکرد ، بڕیاریان دا کە سوڵتان لەسەر کار لابەرن و دوای چوار مانگ و لە سی و حەوت ساڵی تەمەنیدا وەفاتی کرد .

نۆیەم : {سوڵتان ئەحمەدی سێهەم} (١١١٥ -١١٤٣ ك ، ١٧٠٣ -١٧٣٠ ز) :

لەسەردەمی ئەمدا ئاڵای جیهاد بەردەوام ئەشەکایەوە ، و دەوڵەتیش توانی (مورە) و (ئازاق) بگێڕێتەوە ، و بەردەوامییش بەجیهاد بدات دژ بە ڕوسیاو گورزێکی پشت شکێنی لێ بوەشێنێ کە زۆری نەمابوو بیخات ، ئەوەبوو موجاهیدە عوسمانیەکان گەمارۆی قەیسەری ڕوسیاو ژنەکەیان دا کە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزارجەنگاوەریان لەگەڵدا بوو و زۆری نەمابوو کە بە ئەسیری دەستی موسوڵمانان بکەون ، بەڵام ناپاکی لە "بەرماڵ" و لە بەر "ژن" وای لە {صەدری ئەعزەم} کرد کە گەمارۆکەیان لەسەر هەڵبگرێ و ئەو ناپاکیە گەورەیە بەرانبەر بە دەوڵەتی عوسمانی بکات ، و پەیماننامەی (فلکزن) ی لە جمادی دووەمدا لەساڵی ١١٢٣ ك لەگەڵ ڕوسیادا مۆر بکات ، و بەپێی ئەو پەیماننامەیە ئەبوو دەوڵەتی عوسمانی شاری (ئازاق) بداتە خاچپەرستە ڕوسیەکان و پەیمانی ئەوەش بدات کە دەست نەکێشێتە کاروباری (قۆزاق) ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە سوڵتان ئەحمەدی سێهەم ، (بلطة چی پاشای) صەدری ئەعزەمی لەسەر کار لاداو جاڕی جیهادی دژ بە ڕوسیا لێدایەوە ، بەڵام هۆڵندا و ئینگلتەرا سەیریان کرد بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە کە شەڕ ڕابگیرێت بۆیە هاتنە ناو مەسەلەکە و پەیماننامەی (ئەدەرنە) ی ساڵی ١١٢٥ ك ، ١٧١٦ز ڕوویدا [١] .

ڕوسیا لە ئەنجامدا دەستی هەڵگرت لە هەموو ئەو کەنارانەی دەریای ڕەش کە پێشتر دەستی بەسەردا گرتبوو ، هەرچەندە لەگەڵ ئەمەدا ئەو باجەی لەسەر خۆی هەڵگرت کە ئەیدا بە کاربەدەستانی (قەرەم) [٢] ، لە قۆڵی ڕۆژئاواشەوە

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧٦ .

[2] الدولة العثمانية ، د . اسماعيل ياغي / ١١٧ .

عوسمانیەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و بوندوقدارەکانیان شکاندو دەستان گرت بەسەر (کریت) و هەندێ دوورگەی تردا ، ئەوەبوو کە بوندوقدارەکان پەنایان برد بۆ {نەمسا} و ئەویش داوای کرد لە دەوڵەتی عوسمانی کە هەموو ئەوانەی کە لە بوندوقدارەکانیان گرتووە بۆیان بگێڕنەوە ، بەڵام دەوڵەت ئەم داوایەی ڕەت کردەوە و ئەوەبوو شەڕ لە نێوان هەردوولادا بەرپا بوو ، {نەمسا} شەڕەکەی بردەوەو (بەلگراد) ی لەساڵی ١١٢٩ك ، ١٧١٧ ز دا گرت ، پاشان ئاشتینامە کەوتە نێوانیان لە ساڵی ١١٣٠ك ، ١٧١٨ز دا و {بەریتانیا} و {هۆڵندا} کەوتنە نێوان هەردولای شەڕکەر و ڕێکەوتننامەی (بساروێتن) بەسرا ، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە نەمساییەکان توانیان (بەلگراد) و زۆربەی وولاتی (صرب) و بەشێك لە (ئەفلاق) و {دالماسیا} (ڕۆژهەلاتی ئەدریاتیك) بدرێتە بوندوقدارەکان ، وولاتی (مورە) ش بدرێتەوە بە عوسمانیەکان ، ئەم ئاشتینامەیەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ پیاوانی ئایینی کاسۆلیك کە شوێن و بەهای کۆنی خۆیان وەربگرنەوە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا ، ئەمەوای کرد کە چ ئەمان و چ نەمسا بە بیانوی پاراستنی پیاوانی ئایینیەوە دەست وەربدەنە ناو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی، ڕێکەوتننامەیەکی تری جیاواز لەمە بە دەق باس لەوە ئەکات کە ئەبێت هەموو ئەوانەی کە ئیمزایان هەبوو لەسەر ئەم ڕێکەوتننامەیە ئازاد بن لە بازرگانی کردندا ، و بەم شێوەیە نەمسا توانی ماف پاراستنی بازرگانە بیانیەکانی لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات [1].

کە ڕوسیا سەیری کرد دەوڵەتی عوسمانی بێهێز بووە ، ئەویش داوای ئەوەی کرد کە ڕێگە ئاچوخ بکرێت لەبەردەم ئەو بازرگان و کەسانەدا کە بۆ زیارەتی (بیت المقدس) ئەچن بەناو زەویەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ، بێ ئەوەی داوای

---

[1] في اصول التأريخ العثماني / ١٥٦، ١٥٧ .

هیچ گومرگ و باجێکی دەوڵەتییان لێبکرێت ، عوسمانیەکانیش بەڵێنی ئەمەیان پێدان ، عوسمانیەکان وولاتی {ئەرمینیا} و وولاتی { کرج } یان داگیر کرد و {بگرسی گەورە} ش وولاتی {داغستان } و کەنارەکانی ڕۆژئاوای {دەریای خەزەر} یان داگیر کرد چونکە دەوڵەتی صفوییش بێهێزی ڕووی تێکردبوو ، هەموو ئەو دەوڵەتانەش بە ئاسانی لە ئەو شوێنە تازانەدا مانەوە بێ ئەوەی بەرەنگاری بکرێن لە لایەن کەسەوە ، تەنیا دەوڵەتی صفوی نەبێت لە عوسمانیەکان یاخی بوون و دەستیان دایە جەنگ کردن لەگەڵیدا ،هەرچەندە تێکشکان و {تەورێز} و {هەمەدان} و چەند قوللەو قەلایەکی تریشیان لەدەست داو کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکان ، پاشان ئاشتینامەیەك لە ساڵی ١١٤٠ ك ، ١٧٢٨ز مۆر کرا لەنێوانیاندا ، لەو ماوەیەدا ئینکیشاریەکان بە هەلیان زانی وشۆڕشێکیان بەرپاکردو خەلیفەیان لەسەر کار لاداو لە جێگەیدا براکەیان دانا [١].

{داماد ئیبراهیم} پاشاو شارستانیەتی ڕۆژئاوا :

ژمارەیەکی کەمی عوسمانیەکان بانگەشەی ڕیفۆرمیان هەڵگرتبوو ، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو هۆکارانەی کە ئەوروپای گەیاندە ئەو هێزو پێشکەوتنەی بە تایبەتی لە بواری ڕێکخستنی سەربازی و چەکی پێشکەوتوودا ، {داماد ئیبراهیم} پاشا کە لەسەردەمی {سوڵتان ئەحمەدی سێهەمدا} پلەی {صەدری ئەزەم} ی وەرگرتبوو ، بەیەکەم کەس دائەنرێ کە دانی بەوەدا نابێت کە ناسینی ئەوروپا و کرانەوە بەڕوویدا یەکێکە لە شتە گرنگەکان ، بۆیە هەرزوو دەستی کردە بەستنی چەند پەیوەندیەك لە ڕووی بەرنامەیەکی داڕێژراوەوە بە هەموو ئەو باڵوێزە ئەوروپیانەوە کە لە ئەستەنبوڵ دائەنیشتن ، هەروەك ژمارەیەکی زۆریش باڵوێزی عوسمانی نارد بۆ پایتەختە ئەوروپیەکان ، بە تایبەتی هەردوو پایتەختی {ڤیننا} و {پاریس} لە یەکەمجاردا ، کاری ئەم باڵوێزانە هەر ئەوە نەبوو کە

---

[1] تاريخ الدولة العثمانية ، اسماعيل سرهنگ / ٢٠٧ ، ٢٠٨ .

ئیمزا لەسەر ئەو ڕێکەوتننامە بازرگانی و دیبلوماسیە تایبەتانە بکەن کە پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مۆر کرابوون ، بەڵکو داوای ئەوەی لێ کردن کە ڕاپۆرتی تەواو بدەنە دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی بزاڤ دیبلوماسی ئەوروپا و هۆی هێز و گەشەی سەربازی ئەوروپا ، ئەمەش مانای ئەوەیە ، کە ئەو دیوارە ئاسنینەی عوسمانیەکان کێشابوویان کەلێنێکی تێ بووە و ناچارن هەر ئەبێ دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە مومکین نیە عوسمانیەکان چاو لە ئاست ئەو هەمووە پێشکەوتنە ناوخۆییانەدا دابخەن کە لە ئەوروپا ڕوویداوە[1] .

ئەم کەوتنە ژێر کاریگەریەی ئەوروپا زیاتر لە بواری دروست کردنی کۆشك و تەلارو زیادەڕەوی و ماڵ بەفیڕۆداندا ڕەنگی دایەوە کە {سوڵتان ئەحمەد} خۆی یەکێك بوو لەوانە کە پشکی گەورەی هەڵگرت لەم بوارەدا ، ئەوە بوو دەوڵەمەندەکان و ئەشرافەکانی دەوڵەت هەموو سەریان کردە گواستنەوەی ئەو عورف و عادەتانەی ئەوروپیەکان بە تایبەتی لە بواری ڕازاندنەوەی ناو ماڵ و کردنی کۆشکی گەورە و دروست کردنی باخ و باخچە[2] .

دیاردەی لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا لە بواری زیادەڕەوی وماڵ بەفیڕۆداندا بەزۆری لەناو خەڵکدا ئەبینراو شتێکی سروشتیشە کە خوای گەورەش بەدەردی میللەتە پێشوەکانیان بەرێت وەك ئەفەرموێت : ﴿ ولو أن أهل الكتاب آمنوا واتقوا لفتحنا عليهم بركات من السماء والأرض ولكن كفروا فأخذناهم بما كانوا يكسبون ﴾ الأعراف : ٩٦ . هەروەها ئەفەرموێت ﴿ وإذا اردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا فيها فحق عليهم القول فدمرناها تدميرا ﴾ الإسراء : ١٦ .

ئەم ماوەیە بە سەرەتای دەرکەوتنی بزاڤ تازەی ئەدەبی عوسمانی دائەنرێت کە تێیدا بزوتنەوەی وەرگێران بۆ سەر زمانی توركی زۆر چالاك بوو ، {سوڵتان

---

[1] في اصول التاريخ الإسلامي/ ١٥٩ .

[2] الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي / ١١٩ .

ئەحمەد}یش دوو نوێنەری نارد بۆ {فەرەنسا} تا لەنزیکەوە زانیاری تەواو دەربارەی کارگەکان و دەستکەوتەکانی شارستانێتی ڕۆژئاوا وەربگرێت و لە ئەستەمبوڵیشدا ئوفیسێکی گەورە بۆ چاپ و چاپەمەنی دائەنرا [1].

دەیەم : {سوڵتان محمودی یەکەم} (١١٤٣ -١١٦٨ ك ، ١٧٣٠-١٧٥٨ ز) :

پاش ئەوەی کە ئینکیشاریەکان پشێویەکی زۆریان نایەوە ووڵات هێمن بوویەوە {سوڵتان محمودی یەکەم} چوویە سەر کورسی حوکمڕانی ، و بڕیاری ئەوەیدا کە ڕاوێژکارێکی ئەوروپایی فەرەنسی بۆ کاروباری سەربازی دابنێت کە ناوی (الکسندر الکونت دی بونفال) بوو ، کاری زیندوو کردنەوەی تیپی تۆپ هاوێژەکانی پێ سپارد ، و هەندێ سستمی نوێی سەربازی بە پێی بنەما فەرەنسی و نەمساویەکان هێنایە ناو کاروباری سەربازیەوە بەو ئامانجەی کە خزمەتی سەربازی سەرلەنوێ بکرێتەوە بە پیشە یەکی ڕاستەقینە و هەر لەبەر ئەمەش مووچەی باش و هاوکاری باشایان بۆ سەربازەکان بڕیار دا ، پێشنیاری ئەوەشی کرد کە ئینکیشاریەکان دابەش بکرێنە سەر تیپی بچوك بچوك و ئەفسەرێکی گەنج بکرێتە سەرپەرشتیاریان ، بەڵام ئینکیشاریەکان بەم نەخشەیە ڕازی نەبوون و کەوتنە ڕەخنە گرتن لێی و ڕایان گرت ، ئەمە وای کرد لە (بونفال) کە گرنگی بە تیپی تۆپهاوێژەکان بدات و هەوڵی چڕ بکاتەوە لەواندا ، هەروەها گرنگی زۆری تەرخان کرد بۆ کارخانەی تۆپ و باروت و تفەنگ و مین و ئۆتۆمبێلی تۆپ هەڵگر ، قوتابخانەیەکی بۆ ئەندازەی سەربازی کردەوە ، هەرچەندە ئینکیشاریەکان لەبەردەم هەموو ئەم پرۆژانەدا وەستان و دەستیان کردە دژایەتی کردنیان ، کەچی لەسەروو ئەمانەشەوە کارگەیەکی کاغەز دروست

---

[1] الدولة العثمانية ، د . اسماعيل ياغي / ١١٩ .

کردنی کردەوە ، بەڵام هەموو ئەم چاکسازیانە زۆری نەبرد پەکیان کەوت و لەکار کەوتن [1].

دەوڵەتی عوسمانی ڕووی شەڕەکانی کردە شیعە صەفەویەکان و سەرکەوت بەسەر (طهماسپ) دا کە لەساڵی ١١٤٤ ك ، ١٧٣١ ز دا داوای ئاشتینامەی کرد و بەوپێیە عوسمانیەکان دەستیان هەڵگرت لە {تەورێز} و {هەمەدان} و{ لورستان } ، هەرچەندە والی خۆراسان کەناوی (نادرشاه) بوو ئەم ڕێکەوتننامەیەی قەبوڵ نەکردو ڕووی کردە {ئەصفەهان} و لەوێ{شا طهماسب} ی لەسەر کار لابردو لە جێگەیدا {عباسی کوڕی} دانا ، و ئەنجومەنێکی سەرپەرشتیاری بەسەریەوە دانا ، و خۆی بەرەو شەڕی عوسمانیەکان کەوتە ڕێ و سەرکەوتنی بەدەست هێناو هات و گەمارۆی {بغداد} یشی دا و دەوڵەتی عوسمانی داوای ئاشتی لێ کرد و ڕێکەوننامەی ساڵی ١١٤٩ ك ، ١٧٣٦ز لەشاری {تفلیس} ڕوویدا و {نادرخان} ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو پاشای فارسەکانە و عوسمانیەکانیش هەرچیان گرتبوو هەموویان گەڕاندەوە بۆ شیعە ئێرانیەکان [2].

شەڕ لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا :

{ڕوسیا} و {نەمسا} شەڕیان دژ بە (پۆڵەندا) ڕاگەیاند ، و لە ئەنجامدا {ڕوسیا} {پۆڵەندای} داگیر کرد ، {فەرەنسا} حەزی بەوە بوو کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هاوپەیمانیەك ببەستێت بۆ ئەوەی {پۆڵەندا} لەژێر دەستی {نەمسا}و {ڕوسیا} دەربهێنێ ، نەمساش هات {فەرەنسا}ی ڕازی کردو ڕێکەوتننامەی {ڤیننا}ی لەگەڵدا بەست و لە قۆڵێکی ترەوە ڕێکەوتن لەسەر شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ، و {ڕوسیا} کەوتە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی

---

[1] في اصول التأريخ العثماني / ١٦٢، ١٦٣ .

[2] التأريخ الإسلامي (٨) ، محمود شاكر / ١١٠- ١١٢ .

عوسمانیـدا و عوسمانیـەکان توانیـان ڕێگـە لـە پێـشڕەوی {ڕوسـیا} بگـرن لـە هەرێمی(بەغدان) دا ، هەروەك توانیـان ڕێگە لـە {نەمسا} ش بگرن و پێشڕەوی نەکات بەرەو (بۆسنەو صرب و ئەفلاق) و سەرکەتنیان بەدەست هێنا لەشەڕی صربەکان و شەڕی نەمسادا کە زۆری نەبرد پاشەکشەی لەشەڕ کردو لە ڕێگەی {فەرەنسا} وە داوای ئاشتی کرد و ئەوە بوو ئاشتینامەی ساڵی ١١٥٢ ك ، ١٧٣٩ ز لـە {بـەلگراد} مـۆر کـرا ، {نەمـسا} دەسـتی لـە {بـەلگراد} و {صـرب} و {ئەفلاق} هـەڵگرت و ڕوسـیاش پـەیمانی ئـەوەی دا کـە کەشـتیگەل لـە دەریـای ڕەشـدا دروسـت نـەکات و قـەڵاو قوللـەکانی {بەنـدەری ئـازوف} ش بـڕوخێنێ و نەیهێڵێ [١].

{سوڵتان عوسمانی سێهەم} (١١٦٨ -١١٧١ ك ، ١٧٥٨ -١٧٦١ ز) :

ئەم سوڵتانە لـە تەمـەنی ٥٨ ساڵیدا حوکمی گرتەدەست ، لـە مزگـەوتی (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) دا بەیعەتی پێدرا ، و باڵوێزەکانی ئەوروپا پیرۆزباییان لێکرد ، و تـەنیا سـێ سـاڵ حـوکمی کـرد و لـەو ماوەیـەدا نەشـەڕو نـە ناکۆکی دەرەکی ڕووی نەدا و گرنگی دانـی ئـەم بە کاروباری ناوخۆبوو ، فەرمانێکی دەرکرد کە هـەر شـتێك پێـچەوانەی شـەرعی پـیرۆزی ئیـسلام بێـت قەدەغەیـە ، هـەموو ئـەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە هەبوو دایمرکاندنەوە بەتایبەتی ڕاپەڕینی کوردەکان [٢].

لە ژیانی ئەم سوڵتانەدا ئەوە باس ئەکرێت کە شەوانە بە پەنهانی و نەیهێڵاوە کەس بزانێ لە دەنگوباسی میللەتی پرسیوەتەوە [٣].

یازدەهەم : {سوڵتان موستەفای سێهەم} (١١٧١ -١١٨٧ك ، ١٧٥٧-١٧٧٣ز) :

---

[1] تأريخ الدولة العثمانية ، اسماعيل سرهنگ / ٢٠٨ -٢١٢ .

[2] الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي / ١٢١ .

[3] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٧٩ .

ئەم سوڵتانە کە حوکمی گرتەدەست تەمەنی چل و دوو ساڵبوو ، ئاگاداریەکی تەواوی لە کاروباری دەوڵەتداری هەبوو ، هات (قوجە راغب) کە وەزیر بوو کردیە صەدری ئەعزەم چونکە زۆر شارەزاو ئاگاداری کاروباری وولات بوو ، {محمد راغب پاشا} توانی شۆڕشی عەرەبەکانی شام کە هەموو جاریٚ پەلاماری کاروانی حاجیانی ماڵی خوایان ئەدا بە تەواوەتی دابمرکێنێتەوە [1].

{سولتان موستەفا} وای ئەبینی کە گەورەترین ترسناکی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی ئەو هێزە ڕوسیە تازەیە کە دروست بووە ، ئەمە وا ئەگەیەنێت کە سوڵتان ئاگاداری هەبووە بەسەر ئەو نەخشە ڕەشەی ڕوسیادا کە کێشابووی بۆ لەت و پەت کردنی دەوڵەتی عوسمانی کە {بگرسی گەورە} لە وەسیەتەکەیدا دایبنابوو [2]، لەبەر ئەمەبوو {سوڵتان موستەفای سێهەم} ئامادە باشیەکی گەورەی کرد بۆ شەڕی ڕوسیا و هات دەستی کرد بە جێبەجیٚ کردنی هەموو ئەو بەرنامانەی کە دانرابوو بۆ سوپای عوسمانی تا بگاتە ئەو ئاستەی توانای شەڕکردنی لەگەڵ ڕوسیادا هەبێت ، {صەدری ئەعزەم} توانی ڕێکەوتننامە لەگەڵ {بروسیا} دا بکات بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا لەشەڕی دژ بە {نەمسا} و {ڕوسیا}دا هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی بکات ، هەروەها توانی بواری بازرگانی دەریایی و ووشکانی فراوان بکات و هات پرۆژەیەکی دانا بۆ کردنەوەی (کەنداو) و بەستنەوەی ڕووباری دیجلە بە (ئەستانە) ەوە و ڕێگەی دروست کرد بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕووبارە سروشتیەکان ، تابەکار بهێنرێن بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی باج و خەراج لە ویلایەتەکانەوە بۆ سەنتەری خیلافەت و هاوکاریٚکی باشیش بێت بۆ بلاو بوونەوەی بازرگانی بەهەموو لایەکدا ، بەلاٚم ئەوەبوو مەرگ ڕیٚگەی پیٚ نەدا ئەم پرۆژانە بگەیەنێتە ئەنجام و لەساڵی ١١٧٦ ك

---

1 الدولة العثمانية ، اسماعيل ياغي / ١٢٢ .

2 تأريخ الدولة العلية العثمانية / ٣٣٠ – ٣٣٢ .

١٧٦٢ ز دا كۆچی دوایی كرد و (حامد حەمزە پاشا) لە جێگەی ئەو بوویە {صەدری ئەعزەم} و دوای ئەویش {موستەفا باهر پاشا} لەساڵی ١١٧٧ ك ، ١٧٦٣ز و دوای ساڵێك (محسن زادە محمد پاشا) و لەساڵی ١١٧٨ ك ، ١٧٦٤ ز بوویە {صەدری ئەعزەم} .

دەوڵەتی عوسمانی دیسان كەوتەوە شەڕ لەگەڵ ڕوسیا دا لەسەر ئەو هەمووە دەست درێژیەی كە (قوازق)ئەیانكردە سەر ناوچە سنوریەكان ، پاشان قەرەم لە پەلاماردانەكەیدا لەساڵی ١١٨٢ ك ، ١٧٦٨ ز توانی سەركەوتن بەدەست بهێنێ و ژمارەیەكی زۆریش موڵك و ماڵ تێك و پێك بدات ، {صەدری ئەعزەم}یش بە خۆی و سوپاكەیەوە چوو بەگژ ڕوسیادا بۆ ئەوەی ئابلۆقەی سەر ئەو شوێنانە بشكێنێ كە ڕوسیا خستبونیە سەری ، بەڵام خۆی تێك شكاو بوویە قوربانی ئەو تێك شكانەی ، ئەو صەری ئەعزەمەش كە پاش ئەم دانرا بەهەمان شێوە شكێنراو ڕوسیا توانی كە هەردوو هەرێمی (بەغدان) و {ئەفلاق} داگیر بكات و دەست بدەنە هاندانی نەصرانیە ڕۆمیە ئەرسەزۆكسەكان تا شۆڕش بكەن دژ بە دەوڵەتی عوسمانی ، ئەوەبوو نەصرانیەكانی نیوە دورگەی {مۆرە}یان هانداو هەستان شۆڕشێكیان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند ، هەرچەندە دەوڵەت توانی ئەم شۆڕشە دابمركێنێتەوە [1] .

هەروەها ڕوسیا پەلاماری شاری (ترابزون) ی دا بەڵام نەیانتوانی بیگرێت، هەرچەندە لە لایەكی ترەوە توانی وڵاتی (قەرەم) داگیر بكات و دەسەڵات پەیدا بكات بەسەریدا ، ئەمەش لەساڵی ١١٨٥ك ، ١٧٧١ز دابوو ، پاشان دانوستان لەنێوانیاندا دەستی پێكرد بەڵام نەگەیشتە ئەنجام لەبەر ئەوەی ڕوسیا داوای

[1] الدولة العثمانية في التأريخ الإسلامي / ١٢٢ .

ناڕەوای زۆری هەبوو ، بۆیە جارێکی تر شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرسایەوەو عوسمانیەکان ئەوانیان شکاند [1].

گرنگیدان بەپشتیوانی کردنی شۆڕشە ناوخۆییەکان :

پیلانی ڕوسیای خاچپەرست دژ بە وولاتانی دەوڵەتی عوسمانی بەئاشکرا و ڕوونی بۆ هەموان دەرکەوت و هەستان بە لەت و پەت کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوەوە ، کەوتنە دنەدان و هاندانی (عەلی بەگی گەورە) کە بە شێخی وولات ناو ئەبراو والی میصر بوو لە لایەن دەوڵەتی خیلافەتەوە دانرابوو ، تا یاخی ببێت لە دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١١٨٣ك ، ١٧٧٠ز و ئەویش بە قسەی کردن و فەرمانی کرد کە لەسەر مینبەرەکان ناوی ئەم ببرێت نەك خەلیفە . لە دورگەی (باروس) دا دوو نوێنەری {عەلی بەگی گەورە} لەگەڵ ڕووسە خاچپەرستەکاندا کۆ بوونەوە و ئەو نەخشە پڕفێڵەیان دانا کە بریتی بوو لە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوخۆدا ، بۆ ئەمەش {عەلی بەگی گەورە}کرایە چنگوڵ (مخلب)ی پشیلەو (طاهر العمر) یش کە والی شاری عەککا بوو لەگەڵیدا هاوکاربێت کە والی عوسمانیەکان بوو ، بەپێی ئەم نەخشەیە عەلی بەگ هەستا بە دنەدانی ڕۆڵە موسوڵمانە میصریەکان و دانی بەگژ هێزەکانی عوسمانیدا لەشامدا و سوریای بە هێزی چەك گرت لەساڵی ١١٨٥ ك ، نەك هەر ئەوە بەڵکو چوویە ناو (دمشق) و {صەی}داو {یافا}شی گەمارۆدا بە هاوکاری {گاهر العمر} ، کە هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیش هەستان و گەمارۆی {صەیدا}یان دا ، خێرا ڕوسیا هات بە هانای بەکرێ گیراوەکانی خۆیەوە و چەك و تفاقی پێدان و گەمارۆکەی شکاند لەسەریان وشاری {بەیروت}یان لەساڵی ١١٨٦ك دا گرت .

ڕۆژان هات و {عەلی بەگی گەورە} بە ئەسیری کەوتە دەست عوسمانیەکان و هەر لەو ماوەی ئەسارەتەیدا وەفاتی کرد ، ناپاکەکەی تریش کە {گاهر العمر} بوو

---

[1] الدولة العثمانية ، اسماعيل ياغي / ١٢٢ .

دوای گەمارۆی {عەککا} کوژرا لە سەر دەستی {محمد بەگ} دا کە بە {ئەبو زەهەب} ناسرابوو [1].

خاچپەرستە نەصرانیەکان کە بۆیان دەرکەوت لەبەرەکانی شەڕدا دەرەقەتی دەوڵەتی عوسمانی نایەن هاتن پەنایان برد بۆ تەقاندنەوەی دەوڵەت لە ناوەوە لەڕێگەی هەندێ کەسی نەفس نزمەوە کە بەناو موسوڵمان بوون و نوێژو ڕۆژوشیان هەبوو ، بەڵام چەمکی (ولاء) و (براء) یان لە ناو دەریای ئارەزوەکانیان و دونیاویستیەکانیاندا زایە کردبوو ، ئەگەر وانیە ئەی یانی چی خوای گەورە ئەفەرموێت ﴿ يأأيها الذين آمنوا لا تتخذوا عدوي وعدوكم أولياء تلقون إليهم بالمودة وقد كفروا بما جائكم من الحق ﴾ الممتحنە: ١ ، هەروەها ئەفەرموێت ﴿ لايتخذ المؤمنون الكافرين أولياء من دون المؤمنين ﴾ آل عمران : ٢٨ . موسوڵمانی ڕاستەقینە کە لەگەڵ خۆی و خوای خۆی و ئوممەتەکەیدا ڕاست بکات هەرگیز ناچێتە بەرەی ڕوسە ئەرسەزۆکسەکان و دژ بە موسوڵمانە سوننیە عوسمانیەکان بجەنگێت و خوێنیان حەڵاڵ بکات [2] ، دوژمنانی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە هەمیشە پەنا بۆ ئەوە ئەبەن کە ئاگری فیتنە خۆش بکەن لە ناو وولاتانی ئیسلامیدا ، تا ئەو هێزە مرۆیی و ئابوری و ڕەوشتیەی ئوممەتی ئیسلامی بڕوخێنن و بیکەنە سەرەتایەك بۆ ئەوەی هەر بەدەستی خۆیان بیدەن بە زەویدا [3].

{سوڵتان موستەفای سێهەم} یەکێك بوو لەو سوڵتانانەی کە سەرقاڵی جیهاد کردن بوو، لەسەردەمی خۆیدا بەرەنگاری ڕوسیای خاچپەرسی زۆر ئەکرد و لە زۆر شەڕدا تێکی ئەشکاندن ، پیاوێکی ژیرو ووردبین بوو ، هەستی بەوە کردبوو

---

[1] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٨٠ .

[2] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٨٠ .

[3] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٨٠ .

کـە دەوڵـەتی عوسمـانی کەوتۆتـە سـەردەمی پاشەکـشەو داڕووخانـەوە ، ئـەم بینشەشی لەم شیعرەیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت :

دونیا خەراباتەو گومان مەبە کە بۆ ئێمە هەر ئەمێنێتەوە
تەواوی پلەوپایەکانی دەوڵەت کەوتونەتە دەستی خەڵکی هەرچی و پەرچی
هەموو ئەوانی ئەمڕۆ دڵیان خۆشەو بەختیارن هەموو ئەوانەن کە نەفسیان نزمە
ئێمەش پشتمان هەر بەخوا {جل جلاله} قایمە

ئەم سوڵتانە گرنگی زۆری بە مێژووی ئیسلامیی بەگشتی و مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی ئەدا .

شـەڕ لەگـەڵ ڕوسـیادا ماوەیـەکی زۆری خایانـد ، لەسـاڵی ١٧٦٨ ی زاینیـەوە دەسـتی پێکـرد و لەسـاڵی ١٧٧٤ دا کۆتـایی پـێ هـات ، و لەوماوەیـەدا دەوڵـەتی عوسمـانی زەوی فـراوان و گرنگـی زۆری لەدەسـت دا و بێهێـزی و دواکـەوتن و هاتنـە دواوەی ڕاستـەقینەی لـە ڕووی دەوڵەتداریـەوە لێوە دەرکـەوت و {سـوڵتان موسـتەفای سـێهەم} یـش لـە نـاو خەفـەتخواردن بـۆ شـەڕەکانی لەگـەڵ ڕوسـیادا نەخۆشـی ڕووی تێکـرد و لـە دەوروبـەری ٥٧ساڵەی تەمەنیـدا وەفـاتی کـرد[1] ، کە خەلیفـە لەسـاڵی ١١٨٧ ی کۆچـیدا وەفـاتی کـرد {عبدالحمیـدی یەکـەم} ی بـرای هاتە جێگەکەی[2] .

دوازدەهەم : {سوڵتان عبدالحمیدی یەکەم} (١١٨٧ -١٢٠٣ ك ، ١٧٧٣- ١٧٨٨ز) :

لـە سـاڵی ١١٨٧ك ، ١٧٧٣ز و پـاش مردنـی {موسـتەفای سـێهەم} ی بـرای هاتـە سـەر حـوکم ، لـەماوەی حـوکمڕانی موسـتەفای برایـدا ئـەم لـە کۆشـکەکەی خۆیـدا دەسـتبەسـەر بـوو ، ڕوسـیا تـوانی سـەرکەوتن بەدەسـت بهـێنێ و عوسمانیـەکان

---

[1] السلاطين العثمانيون / ٧٢ .

[2] الدولة العثمانية ، اسماعيل ياغي / ١٢٣ .

بشكێنیٚ لەشاری (فارنا) لە {بولغاریا} دا کە ئەیروانی بەسەر دەریای ڕەشدا ، صەدری ئەعزەم داوای ئاشتی و دانوستانی کرد و ئاشتیەکە سەری گرت و لەشاری (قینارجە) لە بولغاریاداو لە سالّی ١١٨٧ ك ، ١٧٧٤ز مۆرکرا ، گرنگترین خالّەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بریتی بوون لە :

١. وەلانانی دوژمنایەتی لە نێوان روسیاو دەولّەتی عوسمانیدا و چەسپاندنی ئاشتی و پاراستنی ڕێکەوتننامەکانی نێوان و نەگۆڕینیان و چاوپۆشی کردن لە هەموو ئەو تاوانانەی کە هاوولاّتیانی هەردولا کردونیان .

٢. نەپاراستنی ئەو کەسانەی کە یاخی بوون یان ناپاکیان کردووە یان پەنایان بۆ شوێنی تر بردووەو بە پێی هەندیٚ مەرج .

٣. هەدولا دان ئەنێن بە سەربەخۆیی هەموو وولاّتی {قەرەم} دا بەبیٚ هەلاّوێران ، و ئازادی تەواویان هەیە لە هەلّبژاردنی (خان) ێك بۆ خۆیان بەبیٚ ئەوەی دەخالەت بکرێت لەوەدا ، هەروەها باج نادەن ، لەبەر ئەوەش کەموسولّمانن کاروباری مەزهەبیان لەلای سولّتانەوە بۆ ڕێك دەخرێت بەپێی شەریعەتی ئیسلامی .

٤. کشاندنەوەی هێزەکانی عوسمانی لە {قەرەم} و تەسلیمکردنەوەی قەلاّکان بە خۆیان و دوای ئەوەش نەسەربازو نە پارێزگاری سەربازی نەنێرێت بۆیان .

٥. هەموو دەولّەتێك ئازادە لە دروست کردنی قوللەو قەلاّو خانوو و ڕەبیە دروست کردندا یان نەوژەن کردنەوەی ئەوانەی پێویستن .

٦. دانانی بالّوێزێکی روسی پلەدوو لە {ئەستانە}دا و پۆزشی بۆ بهێنرێتەوە لە هەر کەمو کورتیەك بەرابەری بکرێت .

٧. دەوڵـەتی عوسمـانی پـەیمانی ئـەوە ئـەدات کـە مافـەکان و کلێـساکانی نەصـرانیەکان لـە زەویـەکانی خۆیانـدا ئـەپارێزێت و قـەرەبووی کـەم و کورتیەکانیش ئەکاتەوە .

٨. ڕوهبانـە ڕوسـیەکان ئـازادن لـە سـەردان کردنـی (قـدس) و هـەموو ئـەو شوێنانەی لای ئەوان ماف سەردان کردنیان هەیە ، بەبێ ئـەوەی باج یـان (خـەراج)یـان لـێ وەربگیرێـت و ئاسـانکاریان بـۆ ئـەکرێت و ئـەپارێزرێن لـەم سەردانکردنەیاندا .

٩. هاتوچۆی کەشـتیگەلی ڕوسـی لـە هـەموو بەندەرەکانی عوسمانیدا کە لـە هەردوو دەریای ناوەڕاست و ڕەش دا هەیە ، ئازادە و گرنتی بۆ وەرگیراوە ، هـەروەها ئـازادی بازرگـانی بـۆ هاولاتیـانی ڕوس پـارێزراوە لـە هـەموو ولاتانی عوسمانیدا چ لە دەریا و چ لە وشکانیدا بێت ، بازرگانە ڕوسەکان ئازادن لـە بـردن و هـاوەردن و مانـەوە لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا ، و ڕوسـیا بـۆی هەیـە قونـصوڵیە لـە هەرشـوێنێکدا بکاتـەوە کـە خـۆی بـە گونجـاوی ئەزانێت .

١٠. لەسـەر دەوڵـەتی عوسمـانی پێویـستە کـە ئەوپـەڕی هـەوڵی خـۆی بـدات ببێتـە کـەفیلی ئـەو حکومەتانـەی لـە ویلایەتـە ئەفریقیەکانـدا هـەن تـا ڕێکەوتننامەی بازرگانی لەگەڵ ڕوسیادا ببەستن ئەگەر ڕوسیا حەزی لەوە کرد .

١١.ڕوسیا ماف ئەوەی هەیە کە کلێسایەك لەسەر ڕێگای گشتی و لەگەڕەکی (بکل اوغلی) لە ئەستەنبوڵ بکاتەوە جگە لەو کلێسا تایبەتـەی کە هەیـە ، و لەلایـەن بـاڵوێزی ڕوسـیاوە پارێزگـاری و سەرپەرشـتی ئـەکرێت و پاسەوانیی و پاراستنی تەواویشی بۆ دەستەبەر ئەکرێت بۆ ئەوەی کـەس دەخالەت نەکات لە کاروباریدا .

١٢. بەپێی چەند مەرجێك ڕوسیا هەندێ ناوچە ئەگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەو مەرجانە : لێبوردنی گشتی بۆ خەڵکەکەی و دابینکردنی ئازادی بۆ نەصرانیەکان لە هەموو ڕوویەکەوە ، وەك دروست کردنی کڵێسای تازە و بەخشینی (امتیازات) بە ڕاهیبەکان و ئازادی دان بە پیاو ماقوڵان بۆ هەرکوێ کۆچ بکەن و دەست نەهێنرێتە ڕێگەیان و لە هەموو ئەرکێکی شەڕو جزیەدان ببەخشرێن .

١٣. ڕوسیا هەموو ئەو دورگانەی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا هەیە و ئەو حوکمیان ئەکات ، ئەگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەو مەرجەی لە خەڵکەکەی ببورێت و باجی ساڵانەیان لێ وەرنەگرێت و ئازادی ئایینیان بداتێ و هەرکەسیش حەزی لەوە بوو وولاتی خۆی جێ بهێڵێ دەست نەهێنێتە ڕێگەی .

هەروەها چەند بڕگەیەکی تری ئەم ڕێکەوتننامەیە پەیوەندی بە هەندێ ناوچەی ترەوە هەیە لە {قەرەم} و باس لە چۆنیەتی کشانەوەو چۆڵکردنی {ئەفلاق} و {بوجاق} و {بەغدان} دەکات و باس لە بەردانی ئەسیرەکان و دانانی باڵوێز دەکات لە پێناوی ئاشتبوونەوەدا ، دەوڵەتی عوسمانیش پەیمانی ئەوە ئەدات کە پازدە هەزار کیس (پارە –وەرگێڕ–)لە ماوەی سێ ساڵدا بداتە ڕوسیا و هەرساڵەی پێنج هەزار کیس بدات .

کە وورد ئەبینەوە لەم مەرجانە تێبینی ئەمانەی خوارەوە دەکەین :

١. لەدەست دانی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر دەریای ڕەشدا لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە بارودۆخ ساز ئەبێت بۆ ئەوەی ڕوسیا دەخالەت بکات لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتی عوسمانیدا لە دەرگای بنەماکانی ئەو دبلۆماسیەتەوە کە لە داهاتوودا ئەیکەنەوە .

٢. فراوانبونی سنورەکانی ڕوسیا کە تا ڕووباری (بوغی خۆرئاوا) درێژ ئەبێتەوە و هەموو ناوچەکانی (ئازروف) و (سهوب کرش) و (نیکال)ی

دێتە سەر کە ئەکەوێتە کۆتایی خۆرهەڵاتەوە لە نیوە ڕووباری (دینیبر) و (بوغ) و (سهوب) و (کینبورن) .

٣. ووڵاتی {قەرەم} بەیەکجاری سەربەخۆ ئەبێت و هیچ پەیوەندیەکی بە دەوڵەتی عوسمانیەوە نامێنێ و هاووڵاتیانی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی نین ئەوە نەبێت یەك ئایینیان هەیە .

٤. ڕوسیا مافی ئەوەی دەست کەوتووە کە لە هەر شوێنێکدا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بیەوێ قونصوڵگەری دائەنێت و بەئازادیش لە ئاوەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دێت و دەچێت .

٥. ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ ڕوسیادا هەندێ (امتیازات) ی دایە ڕوسیا کە سەرپەرشتی ئەرسەزۆکسەکانی ناو (افلاق) و (بەغدان) و دورگەکانی دەریای (ایجە) بکەوێتە دەستی و بەوشێوە ڕوسیا سەرپەرشتی کردنی هەموو ئەرسەزۆکسەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی لە هەرکوێدا بن کەوتە دەستی [1] .

ڕوسیا خاچپەرستەکان بەوەوە نەوەستاون و بەردەوام خەریکی پیلان گێڕان بوون و ئەوەبوو لە کتوپڕدا بە حەفتا هەزار سەربازەوە چوونەناو ووڵاتی (قەرەم) کە بەشێك بوو لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، بێ ئەوەی گوێ بە ڕێکەوتننامەی (کینارجە) بدەن [2] .

{کاترینـا} ی شاژنیان زۆر دڵخۆشی دەربڕی بەم سەرکەوتنە و بە هەموو ناوچەکانی قەرەمدا گەشتێکی کرد و ئاهەنگی بۆ سازدراو تیری سەرکەوتنیان بۆ دروست کرد کە لە هەموویان نوسیبوو (ڕێگای بیزەنتە) و ئەمەش دەوڵەتی عوسمانی سەرلەنوێ وروژاند بۆیە (باب العالی) یاداشتێکی نارد بۆ باڵوێزی

---

[1] العثمانيون والروس / ٨٥ .

[2] الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي / ٨٢ .

ڕوسیا لە ئەستانە لە هاوینی ساڵی ١٢٠٠ ك دا و تێیدا چەند داواکاریەکی باس کردبوو ، لەوانە : داوای کردبوو کە دەست هەڵگرن لە سەرپەرشتی کردنی وولاتی (کەرەج)کە لەژێر دەسەلاتی عوسمانیدا و (فلاح) ی فەرمانڕەواکەی کە لە عوسمانیەکان یاخی بووە تەسلیم بە دەوڵەتی عوسمانی بکەن .

ڕوسیا ئەم یاداشتنامەیەی ڕەت کردەوە و بێ سێ و دوو (باب العالی)یش شەڕی دژی ڕوسیا ڕاگەیاند و باڵوێزی ڕوسیاشی بەند کرد [1].

هاوپەیمانێتی نەمسا لەگەڵ ڕوسیادا :

{کاترینا} نامەیەکی بۆ (بوتمکین)- کە سەرکردەی سەربازەکان بوو ، نووسی - کە چاوەڕوانی عوسمانیەکان نەکات و پێشڕەوی بکات بەرەو هەردوو شاری (بندر) و (ئاوزی) ، ئەوەبوو سەرەنجام توانی بچێتە ناو (ئاوزی) یەوە و بەدوایدا {نەمسا} یەکسەر شەڕی دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند ، {یوسفی دووهەم} کە {ئیمبراتۆری نەمسا}بوو هەوڵی داگیرکردنی (بلگراد) ی دا ، بەلام تێکشکاو کلکی بێ ئومێدی بەدوای خۆیدا ڕائەکێشا و پاشەکشەی کرد بۆ شاری (تمسوار) و سوپای عوسمانیش بەشوێنیدا هات و زۆر خراپ تێکی شکاندن .

مردنی {سوڵتان عبدالحمیدی یەکەم} و ئاسەواری لەسەر ڕووداوەکان :

لەم ماوەیەدا {سوڵتان عبدالحمید} کۆچی دوایی کرد و وورەی سەربازەکان هاتە خوارەوە و بێ ئومێدی ڕووی کردە دڵەکانیان ، دوژمنان ئەمەیان بەهەل زانی و هەوڵەکانیان کرد بەیەکدا بۆ زیاتر بێهێز کردنی عوسمانیەکان ، و توانیان لە ٣١ی تەمووز و لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٧٨٩ ز سەرکەوتن بەدەست بهێنن و {روسیا} توانی دەست بەسەر شاری (بندر) دا بگرێ کە شارێکی مەحکەمیش بوو ، هەروەها زۆربەی (فلاح و بوغدان و بسارابیا) بگرێ و نەمساییەکانیش

---

[1] العثمانیون والروس / ٨٦ .

چوونه ناو (بلگراد) و وولاتی صرب که له پاشانداو بەپێی ڕێکەوتننامەی (زشتوی) درایەوە بە دەوڵەتی عوسمانی [1].

باسی شەشەم

{سوڵتان سەلیمی سێهەم} (۱۲۰۳-۱۲۲۲ك ، ۱۷۸۸-۱۸۰۷ ز) :

پاش مردنی (عبدالحمیدی یەکەم) ی مامی لەساڵی ۱۲۰۳ك ، ۱۷۸۸ز دەسەڵاتی گرتەدەست ، لەسەردەمی ئەمدا قۆناغێکی تازە لە قۆناغەکانی شەڕ هاتە پێشەوە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دوژمنەکانیدا ، ئەم سوڵتانە دەستی دایە زیندوو کردنەوەی گیانی مەعنەوی لەناو سەربازەکانیدا ، و پشتی بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و قارەمانێتیەکانیان ئەبەست ، لەمەراسیمی چوونە سەرکورسی حوکمیدا ئەم سوڵتانە ووتارێکی پڕ حەماسەتی داو لەبەردەم بەرپرسە گەورەکانی دەوڵەتداو زۆری هەڵدا بەو سەرکەوتن و سەروەریانەی کە سوپای عوسمانی لەڕابردوودا بەدەستیان هێناوە لەبەرامبەر دوژمنەکانیاندا ، و باسی هۆی ئەو شکست و گلانانەشی کرد کە لەم دواییەدا دەوڵەتی عوسمانی بەسەریدا هاتووە لە ڕووی دوژمنەکانیدا ، ئەوەی ڕۆشن کردبوویەوە کە هۆی ئەو شکستانە ئەوەیە کە لە دینەکەیان دوور کەوتوونەتەوە و بەشوێن قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەردا درودی خوای لەسەر بێت ناڕۆن ، و هانی ئەوەشی دابوون کە پێویستە ڕێگەی قوربانیدان و جیهادکردن دژ بە دوژمنەکانیان بگرنەبەر و ، پشت بە خوا ببەستن لە هەموو ئیش و کارەکانیاندا و گوێڕایەڵی کاربە دەستەکانی خۆیان بکەن و لەو دوژمنانەی ڕاپەڕن کە دەستیان گرتووە بەسەر زەوی موسوڵمانانداو هەزارانیان لێ کوشتون و زیندانیان کردوون ، تا ئەو کاتەی کە وولاتی {قەرەم}یان لێ ئەسەننەوە [2].

---

[1] العثمانيون والروس / ٨٦.

[2] تأريخ سياسي ، دولة علية عثمانية ، كامل باشا : ٢/ ٢٥٠ .

یەکەم / سووربونی لەسەر جیهاد کردن :

ئەم ئومێدانە لە دڵی {سوڵتان سەلیمی سێهەم}دا وایان لیٚ کرد کە ئەو هەوڵانە ڕەت بکاتەوە کە باڵویٚزەکانی (ئیسپانیا) و (فرنسا) و (ڕوسیا) ئەیاندا بۆ ئاشتی ، و داوای لە {صەدری ئە عظە م } یش کرد کە ئەو کاتە (یوسف پاشا) بوو ، بەرنامەی وورد دابنیٚ بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی دەوڵەت .

{سوڵتان سەلیم} لەوە حاڵی بوو بوو کە ئەو شکستانەی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە چەند کاریگەری خراپی لەسەر گەل داناوە و بۆ ئەوەش هەندیٚ لەو توڕەیی و بیٚزاری یەی خەڵك کەم بکاتەوە هات هەوڵەکانی ئاشتی دایە دواوە و خودی خۆی سەرۆکایەتی سوپایەکی گرتە دەست و بەرەو (دانوب) کەوتە ڕیٚ .

مووچەی سەربازەکانی گەڵ زیاد کرد و خەلاٌتی زیاتریشی دانا بۆیان کە بەراورد بە سوڵتانەکانی پیٚش ئەم زۆر زۆر تر بوو [1] .

ئەم سوڵتانە عوسمانیە وای ئەبینی بۆ بەهیٚزکردنی سەنتەری دەسەلاٌتەکەی پیٚویستە (حسین پاشای کریدلی) هاوڕیٚ ی کۆنی خۆی بوو ، دابمەزریٚنیٚ و بیکاتە سەرۆکی کەشتگەلی عوسمانی و هەموو ئەو دەسەلاٌتانەی کە {حەسەن پاشا} سەرۆکی پیٚشوو هەیبوو دای بە سەرۆکایەتی سوپای وشکانی لە (مولدافیا) و کردیشیە حاکمی ڕاستەوخۆ لەسەر شاری (اسماعیل) و لە هەمان کاتیشدا فەرمانی پیٚ کرد کە (اوزی) بگیٚڕیٚتەوە و لە ڕیٚگەی وشکانیەوە بەرەو (قەرەم) بچیٚت [2] .

ئەم گۆڕانکاریانەی کەکردنی لە پلەکانی سوپا دا هۆکاریٚکی تایبەتی خۆیان بوو ، لە لایەکەوەئەم {حسن پاشا}یە بیروڕای دژی بیروڕای {صەدری ئەعظە م}یوسف پاشا بوو کاتیٚ یەکەمیان ڕای وابوو کە ڕاگەیاندنی شەڕ بەرامبەر ڕوسیا کاتەکەی گونجاو نی یە و ئەمان پیٚویستی زۆریان بە خۆ ئامادەکردنی تەواو هەیە پیٚش ئەوەی بچنە ئەو شەڕەوە ، لەلایەکی تریشەوە گلانی سوپای عوسمانی بە سەرۆکایەتی (حسن پاشا) کاری لە دەرونی سوڵتان زۆر کردو بە پیٚویستی زانی کە گۆڕانکاری لە سەرۆکایەتی سوپادا بکات ، بەلاٌم هۆکاریٚکی لوژیکی تر هەیە کە لە ڕاستی یەوە نزیکترە ئەوەیە ئەم سەرۆکە تازەیە یەکیٚکە لە

---

1) بڕوانە : تأریخ نوري في بیان ، احوال الدولة العلية ، ص١١٠ .

2) بڕوانە : موقف اوروبا من الدولة العثمانيه ، ص٦٨ ، ٦٩ .

هاوڕێ کۆنەکانی سوڵتان خۆی [1] ، کە ئەمە وای لێکرد بێت بیکاتە {صەدری ئەعطە م} بۆ ئەوەی ببێتە پشتیوانێکی بەهێز و سەنتەری دەسەڵاتی بەهێز بکات لەبەردەم دوژمنەکانیدا چ لە ناوخۆدا بێت یان لە دەرەوە بێت [2] .

{سولْتان سەليم} کەوتە هەڵویستێك کە پێویستی کرد لەسەری هەر ئەبێت ڕووبەڕوو ببێتەوە لەگەڵ دوژمنەکانیدا ، بۆیە {سەدری ئەعطە م} یوسف پاشای ڕاسپارد کە گرنگی زۆر بدات بە هەرێمی (ولاشیا) و (بەلگراد) بپارێزێت لە هەر هێرشێك کە لە ناوچەی (کوبان) ەوە بکرێتە سەریان بەو مەبەستەی کە تەتارەکانی قەوقاز دژ بە ڕوسیا بوروژێنێت و ببێتە کۆمەکێکیش بۆ دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتی (قەرەم) بگەڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆیان .

{صەدری ئەعظەم} زۆر دڵ خۆش بوو بە ئەو متمانەیەی کە {سولْتان سەلیمی سێ یەم} بە ئەوی هەبوو ، گومانیشی وابوو کە سەرکەوتن زۆر نزیکە و ئومێی وابوو تەوای ئەو ئامانجانەی دەوڵەت لەوی داوا ئەکات ئەیهێنێتە دی [3] .

دووەم / تێکشانی سوپاکانی عوسمانی :

هێزەکانی{ڕوسیا} و {نەمسا} شوێنەکانی خۆیان قایم کرد ، و سوپاکانی خۆیانیان کۆکردەوە و نزیك بە (بلگراد) و (مولدافیا) مۆڵیان دا ، و {صەدری ئەعطە م}یش توانای ئەوەی نەبوو لە (بەلگراد) دوریان بخاتەوە بۆیە سوڵتان ناچار بوو لەسەر کار لای ببات و لە جێگەیدا (حسن پاشا) دابنێ ، یوسف پاشا لەسەر دەستی هەردوو سەرکردەی ڕوسی (سواروف) و نەمسایی (کوبرف) دا چەند شکستی یەك لە دوای یەکی بەسەردا هات .

{سولْتان سەلیم} زۆر لەسەر ئەوە مکوڕ بوو کە (قەرەم) بگێڕێتەوە و بەسەر دوژمناندا زاڵ ببێت ، بۆیە ڕای وابوو سەرلەنوێ سوپا دروست بکاتەوە و فەرمانی بۆ {صەدری ئەعطە م} دابەزاند کە بەرنامەی بەرەو پێشبردنی سوپا دابنێ و هەوڵەکانی بخاتە سەر یەك لە پێناو چاکردنی باری سوپادا و هەرچی کردووە هێزێکی سەربازی بنێرێت بۆ گۆڕەپانەکانی شەڕ ، و سوڵتانیش بۆ ئەوەی ئەم ڕاسپاردانەی پشت قایم بکات هات پەیمانامەیەکی هاوڕێیەتی لەگەڵ {سویید}دا مۆر کرد ، بەپێ ی ئەو پەیماننامەیە ئە بوو دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی

---

[1]) بڕوانە : تأريخ العثمانية ، اسماعيل سرهنگ ،ص٢٣٥ .

[2]) بڕوانە : موقف اوروبا من الدولة العثمانية ، ص٦٩ .

[3]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٩ .

"ده " ساڵ بڕێکی دیاری کراو پاره بدات بەرانبەر ئەوەی سوید لە باکورەوە پەلاماری سوپای ڕوسیا بدات و لەسەر ئەمە ڕێکەوتن کە بە هەردووکیانەوە بدەن لە ڕوسیا بەو مەرجەی هیچ کام لەم دوو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا ڕێکەوتنی ئاشتی نەکات بەبێ ئاگاداری ئەوی تر [1]

سێیەم/ هەڵوێستی دەوڵەتە ئەوروپایەکان لەم ڕێکەوتنامانە :

دەوڵەتە ئەوروپایەکان یەك هەڵوێست نەبوون لەم ڕێکەوتنامانە ، {بروسیا} پێ خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم ڕێکەوتنامەیە دەربڕی چونکە بەردەوام {سوڵتان سەلیمیسێهەمی} هان ئەدا کە درێژە بەشەڕ بدات لە ترسی ئەوەی نەك ئەویش ببێتە نێچیرێکی تری ڕوسیا ، {فەرەنسا} پشتیوانی لەم ڕێکەوتامەیە نەکرد بەو شێوەیەی هەبوو ، چونکە خزمەتی بەسیاسەت و ئامانجەکانی ئەو نەئەکرد ، بەڵام {بەریتانیا} کەوتە ئەو هەڵویستەی کە شاعیر ئەڵێ :

یعطیك من طرف اللسان حلاوة و یروغ منك كما یروغ الثعلب [2]

واتە / بە زمانی قسەی شیرینت بۆ ئەکات و لەو لاشەوە وەکو ڕێوی خەریکی فێڵ کردنە .

بەریتانیا خۆشحاڵی خۆی بەو ڕێکەوتنامەیە دەربڕی و حەزی لەوە ئەکرد کە دەوڵەتی عوسمانی بە بەهێزی بمێنێتەوە ، بەڵام پێ ی باش نەبوو لە بەرەی دەوڵەتی عوسمانی دا بێت دژ بە ڕوسیا یان نەمسا ، و پێ ی باش نەبوو هیچ جۆرە کۆمەکێك بکات .

ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە ئەوروپاوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نی یە ، بەڵکو شتێکی سروشتی یە ، چونکە پەیوەندی یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تەنیا پەیوەندی بەرژەوەندی بوو ، ئەگەر دەوڵەتێکی ئەورووپیش هەوڵی ئەوەی دابێ کە دەوڵەتی عوسمانی بەو بەهێزی یەی بمێنێتەوە ، لەبەر خۆشەویستیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی نەبووە، بەڵکو ئامانجیان ئەوە بووە خزمەت بە مەبەستە سیاسی یەکانی خۆیان بکات کە مەبەستیان بوو ترازووی هێزەکان لە کیشوەری ئەورووپا دا ڕابگرن و پارێزگاری لە بەرژەوەندی یە ئابوری یەکانیان بکەنە چ لە ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی دا بێت یان لە دەرەوەی دا .

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم هەڵویستانە کاریگەری هەبوو لەسەر ڕەوتی گشتی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پێشڕەوی پێ کردنی لە ناوچەکانی ئەورووپادا ، بەڵام سوڵتانی

---

[1]) بڕوانە : موقف اوروبا من الدولة العثمانية ، ص٧١ .

[2]) بڕوانە : تأريخ الدولة العثمانية ، عبدالرحمن شرف ، ص٢١٠ ، ٢١١ .

عوسمانی هەر بێ ئومێد نەبوو ، بەڵکو هەر هیوای وابوو سوپاکەی سەردەکەوێت لەم ئیشەیدا ئەگەر ئاراستەی باش بکرێت ، ئەوە بوو فەرمانی کرد سوپای عوسمانی بخرێتە ڕێ لە (ئەفلاق) و (بغدان) ەوە تا سەرەتای سوپاکە گەیشتە ڕووباری (رمینیك) لە نزیك سنوری (نمسا) دا ، بەڵام لەوێدا ئەوەی کە بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبوو ڕوویدا و هەردوو سوپای ڕوسیا و نەمسا ، سوپای عوسمانیان غافڵگیر کردوو لە ناکاوێکدا پەلاماریان دان و تێکیان شکاندن ، ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە ناونرا { شەڕی یوزا } یان { رمینیك } چونکە شەڕەکە لەلای ئەو ڕووبارەدا ڕوویدا [1] .

ئەم شەڕە شوێنەواری خراپی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی جێ هێشت ، و هەلی ڕێکخستنەوەی سوپا نەماو ، تێکشکان لە دوای تێکشکان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا ئەهات و بەرەبەرە کەوتە پاشەکشە کردن تا گەیشتە ڕۆژهەڵاتی (دانوب) و ئەم شەڕە هەلی ڕەخساند بۆ نەمساویەکان کە ئابلۆقەی سەرشاری (بلگراد) لاببەن و ڕێگە بکەنەوە بۆ هێزەکانی (هاوپەیمانان) و عوسمانیەکان لە ئەوروپا دەر بکەن [2] .

ئەم هێرشە خاچپەرستی یانە بۆ سەر هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە مانگە دواییەکانی ساڵی (١٧٨٩) زاینیدا خراپترین باری بۆ ئەو ناوچە سنوریانە دروست کرد کە لە نێوان هەردوو لادا هەبوون ، بۆیە دوای ئەو هێرشانە ئەم قۆناغە دوو حاڵەتی جیاوازی لە خۆ گرت :

یەکەم / لەوەدا خۆی ئەبینیەوە کە چالاکی دبلۆماسی و بزاوتی ئایینی و سیاسی لە ناوەندە ئەوروپایی یەکاندا گوروتینێکی زیاتری وەرگرت و خەڵکیان لەشەڕ ئەترساند ، ئەمە وای کرد دەوڵەتە بەهێزەکان بە دوای ئاشتیدا بگەڕێن و بانگەشەی ئەوە بڵاوبکەنەوە کە با شەڕ ڕابگیرێت لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و نەمسا و ڕوسیای دوژمنیدا .

خۆری شۆڕشی فەڕەنساش لە ئاسۆوە دەرکەوت و ترسناکی یەکەی لە هەموو ئاستەکاندا بۆ ئەوروپا کەوتە دەر ، و هەستێکی بەهێزی دروست کرد لەلای دەوڵەتە ئەوروپی یەکان و ڕوسیاشی لەگەڵ بێت کە کاتی ئەوە هاتووە سۆز بە دەوڵەتی عوسمانی بدەن لە ترسی

---

[1]) بڕوانە : تأريخ الدولة العثمانيه ، عبدالرحمن شرف ، ص٢١٠ ، ٢١١ .

[2]) بڕوانە : موقف اوروبا من الدولة العثمانية، ص٧٣ .

ئەوەی نەك شۆڕشی ناپلیۆنی ئەوەندە گەورە بێت و فەڕەنسا بالآدەست بێت بەسەر هەموو کیشوەری ئەورووپادا [1] .

دووەم / ئەو ماوەیە هەندێ گۆڕانکاری و ئامادەباشی تازەی بە خۆیەوە بینی لە ڕووی سەربازی یەوە ، هۆکەشی ئەوە بوو ئەو شکستە یەك لە دوای یەکانەی کە تووشی دەوڵەتی عوسمانی هاتبوو پێشترو پاش شەڕی ((یوزا)) وای کرد خەڵکی تووڕە بکات و بێزاری و دەنگ هەڵبڕێ و داوای ڕاستکردنەوەی بارودۆخەکە بکەن و {صەدری ئەعظە م}یش لە سەر کار لابدەن [2] .

ڕوداوەکان یەك لە دوای یەك ئەهات و شکستیش هەر بەردەوام بوو ، دەوڵەتی عوسمانی لاواز ئەبوو ، کە شۆڕشی فەڕەنسی دەرکەوت لە خەڵکی، دەوڵەتە ئەورووپیەکان بە پێویستیان زانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕێك بکەون تا بتوانن خۆیان کۆبکەنەوە و لە بەردەم بزاوتی فراونخوازی نابلۆییدا بوەستن ، و سنور بۆئەو هەمووە چاوچنۆکیەی فەڕەنسا دا بنێت کە داگیرکردنی زەوی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بیر هەموویان بردبوویەوە وەك قۆناغی یەکەمین ، لە ڕاستیدا دەوڵەتە ئەورووپیەکان لەم ناوبژیوانەیاندا سەرکەوتن و پەیماننامەی بەناوبانگی (زشتویی) مۆر کرا لە ٢٢ / ذی الحجة / ١٢٠٥ ك دا کە بەرانبەرە لەگەڵ ٤/ اغسطس / ١٧٩١ زاینیدا) [3] .

کە ئەمە سەری گرت بۆیان ، مایەوە سەر قۆناغی دووەم ئەویش ئەوە بوو شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا ڕابگرن ، بەبێ ئەو ڕاگرتنە ناوچەکانی ئەورووپا بەردەوام ڕوو لە ترسناکی ئەبوون بەهۆی ئەو موغامەرانەی کە نابلیون بەردەوام ئەیکردن ، لەولاشەوە ڕوسیا بالآ دەست بووبوو لە ناو دەوڵەتی عوسمانی داو ئەمەش هەڕەشەیەك بوو بۆ ئەورووپا [4] .

بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانیش لە ئاستێکدا بوو بەهۆی ئەو هەموە شکستە کە ڕووی دا بوو لێ ی و کاری کردبویە سەر هێزەکەی و وای لێکرد بوو هێرشەکانی بۆ سەر ئەورووپا ڕابگرێت ، ئەمانە وای کرد کە دەوڵەتی عوسمانی ڕەزامەندی بدات بۆ هەموو ڕێکخستنێك

---

1) بڕوانە : موقف اوروبا من الدولة العثمانية، ص٧٤ .

2) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو .

3) بڕوانە : موقف اوروبا في الدولة العثمانية ، ص٨٢ .

4) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٣ .

سەر لە ئاشتی یەوە دەربکات بە هەر مەرجێك بێت ! ئەو ڕووداوانە یارمەتی زۆری ناوبژیوانانی دا کە لە کارەکەیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و پاش چەند دانوستانێك لەگەڵ ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا گەیشتنە ئەوەی ڕێکەوتننامەی ئاشتیان لە نێوانیاندا و لە شاری (یاش) ڕاگەیاند لە بەرواری ١٥/ جی دی الاولی / ١٢٠٦ ك بەرانبەر بە ٩ / ینابر / ١٧٩٢ زایینی .

گرنگترین بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە :

١- گۆڕینەوەی دیلەکانی شەڕ و ڕێگەدان بەو هاوڵاتیانەی کە لە دەرەوەی دەوڵەتەکانی خۆیاندا ئەژین -بەهۆی قەیرانە سیاسیەکانەوە -بگەڕێنەوە وڵاتە سەرەکی یەکانی خۆیان یان لەو شوێنانەدا بمێننەوە کە خۆیان حەزی لێ دەکەن .

٢- دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕوسیا دەست هەڵئەگرێ لە بەندەری (ازوف) و وڵاتی {قەرەم} و نیوەدورگەی (طمان) ووڵاتی (قوبان) و {بسیاربیا} و هەموو ئەو هەرێمانەی کە ئەکەونە نێوان دەریای (بجد) و (دینستر) ، و ((ڕووباری کۆتایی = الاخیر)) ئەبێتە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە .

٣- ڕوسیا ئەم شوێنانە ئەگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی : {بەغدان} و {ئەکرمان} و {کیلی} و {اسماعیل} ، بەرانبەر ئەمە دەوڵەت ئەبێت باج لەسەر خەڵکی " بەغدان " هەڵبگرێ و داوای قەرەبووی شەڕ و ئەو جۆرە شتانەش نەکات لە ڕوسیا .

٤- " باب العالی " ئەبێت بەرگری لە خەڵکی بکات و نەیەڵێت کەس هێرش بەرێتە سەر هەردوو پارێزگای ڕوسی (تفلیس) و (کاتالینا) ، وئەو کەشتیە ڕوسی یانەی کە لە دەریای ناوەڕاستدا هات و چۆ دەکەن ، قەرەبوو کردنەوە ئەکەوێتە سەر دەوڵەتی عوسمانی ئەگەر هەر جۆرە زیانێك دوای ئەوە ڕووبدات بەدەستی خەڵکی ناو دەوڵەتی عوسمانی [1] .

ئەم ڕێکەوتنامەیە شەڕی نێوان ڕوسیا و عوسمانی یەکانی ڕاگرت ، و ئامانجەکانی دەوڵەتی ئەورووپاشی هێنایە جێ ، کە گرنگترنیان ڕاگرتنی شەڕ بوو لە کاتێکدا ئەورووپا زۆر لە بڵاوبوونەوەی شۆڕشی نابلیونی ئەترسا بگاتە هەموو ڕژێمەکانی حوکمڕانی لە ئەورووپادا ، بەو شێوەیە هەموو ئومێدەکانی دەوڵەتی عوسمانی تیاچوون و بەمەش هەموو ئەو

---

[1]) بڕوانە : موقف اوروبا من الدولة العثمانیة ، ص٨٣ .

شوێنانەشی لەدەست داو وای لیٚ هات {دەریای ڕەش} یش کەوتە ژێر بەزەیی ئالاٚی ڕوسیا و هەموو بەندەرەکانی عوسمانی وەك (ارزوف) و (اودیسا) و (سیفا ستبول) بونە بنکەی کەشتی گەلی ڕوسی و هەموو ئەو شوێنانەی ئاوی دەریا گەورەکان ئەچووە سەری وەك (دانوب) و (بج)و (دنستر) و (بروت) و هاتوچۆی کەشتی تێیاندا ، کەوتنە ژێر دەستی ڕوسیا ، بەو شێوەیە ئەم ڕیکەوتنامەیە سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی زۆر تەسك کردەوە لە ئەوروپادا و بەڕەسمی دەستی بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵگرت لە زۆرێك لەو دەستکەوتانەی هەیبوو بۆ دوژمنەکانی !

بەم جۆرە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان بەچەند هەنگاوێك توانیان قەوارەی عوسمانیەکان لە ئەوروپادا نەهێلێن و بەمەش گەیشتنە جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو هەمووە پڕۆژە زۆرەی [1] کە سیاسەتمەداران و هێزە ئیمپریالیزمەکان و هێزە یەهودیەکان بەردەوام بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو کاریان بۆیەك ئامانج ئەکرد وەك بڵیٚ ئەو ئامانجەش ئەوە بوو: ((کۆپانیایەکی جیهانی هەیە دامەزرێنەرانی ئەوروپا لەوێدا ڕای جۆرا و جۆربگۆڕنەوە ، با لەهەندیٚ شتیشدا ڕێنەکەون بەلاٚم دژ بە " ئالی عوسمان " هەموو یەك دەنگ و هەموو یەکێکیان لەوی تر زیاتر حەزی بە خواردن و لەناوبردن و قوتدانیان دەکات) [2] .

بەڵیٚ ڕێکەوتنامەی (یاش) کۆتایی هێنا بەو ڕووبەڕووبونەوانەی نێوان ڕوسیا و عوسمانیەکان بۆ ماوەیەکی کورت بەلاٚم لە ڕاستیدا ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ کۆتایی یەکی پڕ ئازار تر لە یەکەمجار [3] .

چوارەم / چاکسازی ناوخۆ و ئۆپۆزسیون :

پاش ئەوەی بەرەی جەنگ هێور بوویەوە ، {سوڵتان سەلیمی سیٚ یەم} خۆی تەرخان کرد بۆ چاکسازی ناوخۆیی ، سەرەتا دەستی کردە ڕێکخستنەوەی سوپا تا پاکی بکاتەوە لە (ئینکشاری یەکان) کە هۆی هەموو " ئاژاوە " یەك بوون ، دەستی کردە چاو کردن لە ئەوروپاش کە زۆر پێشی دەوڵەتی عوسمانی دابوویەوە ، بۆیە دەستی دایە دروستکردنی

---

[1]) بڕوانە : موقف اوروبا في الدولة العثمانية ، ص٨٣ .

[2]) بڕوانە : المسألة الشرقية الشاذلي ، ص١٢٢ .

[3]) بڕوانە : موقف اوروبامن الدولة العثمانيهة ، ص٨٦ .

کەشتیگەل و چەك و بەتایبەتی تۆپ لەسەر نەخشەی فەڕەنسی یەکان ، لەسەردەمی ئەمدا سەرەتای خوێندنی سەربازی لە شێوازی ڕۆژئاوادا دەستی پیٚ کرد .

جا کە سوڵتان سەلیم دەستی دایە ئەم چاکسازیانە و تیپی نیزامی تازەی دامەزراند ، سەربازە ئینکشاریەکان ڕاپەڕین و پیاوانی (ئەشراف) یش پشتیوانیان کردن لەم وەستانەیاندا دژ بەم یاسا تازانە ، هەرچەندە سوڵتان فەرمانی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی یاسا تازەکە کەچی ڕاپەڕیوەکان هەر دانەمرکانەوە و بڕیاری لەسەر لادانی خەلیفەیان داو دەسەلاٚتیان لیٚ سەندەوە [1] و {مصطفی} ی چوارەم کە ئامۆزای بوو دەسەلاٚتی گرتە دەست کە کاندیدکراوی موحافیزکارەکان بوو ، ئەوە بوو لە پاشاندا بوویە داشی دەستی ئەوانەی لەسەر کورسی دەسەلاٚت دایان نابوو ، لە دوایدا فەرمانێکی سوڵتانیان دەرکرد و تێیدا ئەو یاسا تازەیە و هەموو ئەو چاکسازی یانەو ئە وقوتابخانە و دامەزراوانەیان هەڵوەشاندەوە کە پەیوەند بوون بەو یاسایەوە ، لەگەڵ ئەمەدا چەند کێشەیەك لەسەردەمی ئەمیشدا ڕووی داو وای کرد لەسەر کار لایبەرن [2] .

پێنجەم / شەڕی فەڕەنسی خاچپەرست دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە (میصردا) (١٢١٣ك ـ ١٧٩٨ز) :

دوژمنانی ئیسلامی داڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیان بەهەل زانی و فەڕەنسا ئەم هەلەی قۆستەوە و سوپایەکی گەورەی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ناودار (ناپلیون بۆنابرت) ئامادە کرد ، ئەم سوپایە وەك زایەڵەیەك وابوو بۆ شۆڕشی فەڕەنسی و لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی ئەو شۆڕشەدا بوو ، " نابلیون بۆنابرت "ژمارەیەکی گەورەی لە زانایانی فەڕەنسا لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو کە ژمارەیان ئەگەیشتە (١٢٢) زانا ،ئەم ژمارەیە چەند قاتی ئەو ژمارانە بو کە نابلیون خووی پێوە گرتبوو لە هەڵمەتەکانی تریدا بۆ سەر ئەوروپالەگەڵ خۆی ئەبردن ، ئەم زانایانە لە ژێر کاریگەری ڕۆڵی فەڕەنسا دا بوو کە هەوڵی ئەوەی ئەدا چاکسازی لە کڵێسای کاثولیکەکاندا بکات و دژ بە ئەو هەوڵە چاکسازیانە بوەستێتەوە کە بزاوتە چاکخوازیەکانی پڕۆتستانەکان دەستیان دابوویە لە سەرەتای سەدەی شازدە هەمدا، لە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانیه ، اسماعیل یاغی ، ص١٢٧ .

[2]) بڕوانە : قراءة جدیدة لسیاسة محمد علی التوسعیة ، د. سلیمان الغانم ، ص١٢ .

پەشاندا ئەمانە و لە ماوەیەکی پێشوتردا کە روویان لە رۆژ هەڵات کرد بوو ، کەوتنە ژێر کاریگەری بیروراکانی (رۆسو) و (فولتێر) و (مونتسکیو) کە دیارترین بیرمەندی شۆرشی فەرەنسی بوون و وا ناسرابوون ئەمانە سەر بە گۆرەکانی (ماسۆنیە) یەهودیەکانن چونکە ئەوانیش بەهەمان شێوە دروشمی (ئازادی ، برایەتی ، یەکسانی) یان بەرز ئەکردەوە ، ئەم دروشمانەش بیروباوەرو ئاراستەیەکن لە گشتی دا دژ بە دینن و دژ بەو بیروپایانەشن کە لە دینەوە سەرچاوە ئەگرێت ، بەم پێ یە ئەوە کەم دەرکی یە هەندێ نورسەری مێژوویی رەواج بۆ ئەوە دروست دەکەن گوایە ئامانجی سەرەکی ئەم پەلاماردانانە تەنیا ئەوە بوو لە بەبەرژەوەندی یەکانی بەریتانیا بدرێت لە رۆژهەلاتدا ، ئامانجێکی لەو شێوەیە پێویستی بە کۆکردنەوەی ئەو هەمووە زانا زۆرە نی یە لەگەڵ خۆت بیهێنی [1] ، بۆیە راست ئەوەیە کە بوترێ ئامانج ئەوە بوو ئیمپراتۆریەتێکی فەرەنسی لە رۆژهەلاتدا دروست بکرێت تا ئەو توێژە بۆرجوازە تێر ببێت لە فەرەنسادا کە گەیشتبوونە کورسی دەسەلات پاش شۆرشی فەرەنسی ، ئەمە و رازی کردنی کەنیسەش ئامانجێکی ترە ، هەرچەندە ئەم شۆرشە هەندێ گورزیشی بە شێوەیەك سرەواندە کەنیسەورۆلی بێ هێز کرد لەچاو جاراندا ، بەلام کاریگەری گەورەی کەنیسە لەسەر زۆرێك لە گەلی فەرەنسی هەر مابوو ، ئەمە جگە لەوەی کەنیسە رۆلێکی گەورەی هەبوو لە پشتیوانی کردنی دەسەلاتی فەرەنسی لە (شوێنە داگیرکراوەکان)ی فەرەنسی یەکاندا لە رۆژهەلاتی ئیسلامیدا ، لەمەوەیە کە ئەوترێ ئامانجی ئەم پەلاماردانە تێکەلەیەکە لە ئامانجی ئابوری و سنور زیادکردن و ئامانجی سیاسی و ئایینی ، یان ووردتر بلێین هێرشێکی سەربازی و فیکری بوو ،بۆ ئەمەش بوو نابلیون ئەو هەمووە زانایەی لەگەڵ خۆیدا هێنا [2] .

باسی حەوتەم / رەگ و ریشەی هێرشە خاچپەرستی یەکەی فەرەنسا :

گومان لەوەدا نی یە ئەم داگیرکەرانە زاناو ئاگادار بوون لە سروشت و حاڵی موسڵمانان لە میصردا بەهۆی زۆر رێگەی خۆیانەوە ، یەکێك لەوانە : ئەو گەشتە زۆرانەی کە گشتیارەکانی فەرەنسا (سیخورەکان) لە نێوان سەدەی هەڤدە و هەژدە دا ئەیان کرد کە

---

[1]) بروانە : قراءة جديدة في تأريخ الدولة العثمانية، ص١٤١ _ ١٤٢ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤١ ،١٤٢ .

پەیوەندی پتەویان هەبوو لەگەڵ (قبطیە کان) و (جولەکەکان) و هەندێ لە پاشماوەکانی مەمالیکەکانـدا لـە میـصر ، وزۆر بـە ووردی لێکۆڵینـەوەیان کردبـوو دەربـارەی هـەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و فیکری و سەربازی . ئەوەی وامان لێدەکات ئەم رایە پەسەند بکەین ئەوەیە بەردەوام بازاڕیان بۆ بیروڕاکانی خۆیان گەرم ئەکرد و تەنانەت دوای ئەوەش کە ئەو وڵاتەیان بەجێ هێڵا کۆنگرەکانی یەهودیە ماسۆنیەکانیان ڕواند لە میصردا کە پەیوەندی پتەویان بە {محمد علی پاشا}وە دروست کرد ، هەنگاوەکانی هێرشی فەڕەنسا بە بەرنامەیەکی زۆر وورد ئەنران پێش ئەوەی بێنە میصر ، ئەوە شتێکی کوتوپڕی نەبوو، تەنانـەت دۆزینـەوەی (بـەردە کۆنەکـەی رشـید = حجـر الرشـید الاثـوی) و شـیکردنەوەی ڕەمزەکانی زمانی (هیرۆغلیفی) کە زمانی میصرە کۆنەکانە ، ئەمە ئەگەر شتێکی لە پڕیش بوبێت -کە ئەو مەسەلەیە تا ئێستاش پێویستی بە پشکنین و لێکۆڵینەوە هەیە خۆگرنگی دان بەو ڕووداوە و بازاڕ گەرم کردنی و شیتەڵ کردنەوەی ڕەمزەکانی زمانی فیرعەونی و بەکارهێنانی گارێکی بە بەرنامە و ووردە و ئەچێتە بازنەی ئامانجە گشتیە دیارەکان یان نادیارەکانی هێرشی فەڕەنسی یەوە ، {عبدالرحمن الجبرتی} کە مێژوو نوسێکی موسڵمانە و لە سەردەمی ئەو پەلاماردانەدا ژیاوە ، ئاماژەیەك بۆ ئەو مەسەلانە ئەکات لە باسی ئەو پەیمانگا زانستیەدا کە فەڕەنسی یەکان لە گەڕەکی (ناصریە) دا دروستیان کرد ، ئەوەتا ئەڵێ : ((کاتێك هەندێ موسڵمان ئەهاتە لایان _ ئەوانەی کە مەبەستیان درز دروست کردن بوو تەنانەت ڕێگەی چوونە ئەو شوێنانەیشیان لێ نە ئەگرتن کە لای خۆیان زۆر گرنگ و تایبەت بوو ، بەڵکو بە ڕوویەکی خۆش و دەم بە پێکەنینەوە بە خێریان ئەهێنا و ئەوەشیان بۆ دەرئەبڕین کە زۆر بە هاتنی دڵخۆشن ، بە تایبەتی ئەگەر ئامادە باشی یان بە ئاگایی یان حەزیان تێدا شك ببردایە دەربارەی بابەتەکانی زانست و هەرێمەکان و زیندەوەران و پەلەوەران و ڕووەك و مێژووە کۆنەکان وژیاننامەی میللەتان و چیرۆکی پێغەمبەران و وێنەکانیان و موعجزەکانیان و ڕووداوەکانی مێژوو _ بەتایبەت _ ئەوانەیان کە سەری خەڵك سوڕ دەمێنێ لێ یان ...))[1] .

یەکەم / نهێنی هێزی موسڵمانان : _

---

[1]) بڕوانە : عجائب الاثار في التراجم و الاخبار (٣/ ١٢٠) .

فەڕەنسی یەکان _ و ڕۆژئاوایی یەکان بە گشتی _ لەوە حاڵی بوو بوون کە نهێنی هێزی موسڵمانان لە دووڕووەوەویە : یەکەمیان : ئەو پابەندبوونەیانە بە دینەوە ، دووەمیان : ئەم وڵاتە یەکگرتووەیە لە ژێر سێبەری حکومەتێکی ئیسلامی سامدار دا کە هەموو گوێ لە مشتینی ، پیاوانی ئەم هەڵمەتە فەڕەنسیە حاڵی بوونی خۆیان لەم دوو فاکتەرە دووپات کردەوەتەوە ، ئەوەتا ناپلیۆن و هەندێ لە پیاوەکانی [1] ئەوە ڕائەگەیەنن کەئەمان ئیسلامیان قبووڵ کردووەو بەچاوی ڕێزەوە سەیری یاساو ڕێنمای یەکانی ئەکەن و حەزئەکەن ژنی موسڵمان بهێنن بۆ ئەوەیەی ئەوە بکەنە هۆکارێك بۆ نزیکبونەوە لەموسڵمانی نەخوێندەوار بەئومێدی ئەوەی بارودۆخە کە دابمزرێ ، ئەوەش بەئاشکرا لەیەکەمین بەیانی ناپلیۆندا بۆ گەلی میصر دەردەکەوێت ، ئەوەتا دەڵێت : ((ئەی خەڵکی میصر ! دڵنیام پێیان وتوون ، بەمەبەستی ئەوە هاتومەتە ئەم وڵاتە تا دینەکەی ئێوە بسڕمەوە ، ئەوە قسەیەکی درۆی ئاشکرایە و بڕوای پێ مەکەن و بەو کەسە هەڵخەڵەتاوانە بڵێن من بە دڵنیای یەوە بۆ ئەوە هاتووم تاماف ئێوە لەستەمکاران دەربهێنمەوە ، من زۆر لە مەمالیکەکان خواپەرست ترم و لەوان زیاتر ڕێزی پێغەمبەرو قورئانی گەورە ئەگرم [2] .

هەروەها پیاوانی ئەم هێرشە هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی دین لەرزۆك بکەن لە دەروونی ڕیش سپی و زانا موسڵمانەکاندا بەوەی هەندێ نمونەیان لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا خستە پێش چاویان ، بەڵام فاکتەری دووەمیان کە هەوڵدانە بۆ لەت و پەت کردنی یەکێتی موسڵمانان ئەوە بە ئاشکرا لە هەوڵی فەڕەنسیەکاندا دەرئەکەوت یەکێك لەو هەوڵانە ئەوە بووهێزێکی چەکداریان لە مەسیحی یەکانی میصر دروست کرد بەسەرۆکایەتی (معلم یعقوب) بۆ لێدانی ئەو شۆڕشە جەماوەری یەی کە زانایان دروستیان کرد لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە بۆ وەستانیان لە بەرامبەر هێزەکانی خیلافەتی عوسمانی ئیسلامی دا [3] .

دووهەم / دنەدان و هاندانی تاقمە ناوخۆی یەکان :

---

[1]) بڕوانە :قراءة جديدة فی تاريخ الدولة العثمانية ، ص١٤٣ .

[2]) بڕوانە : الصراع الفكري بين اجيال العصور الوسطى والعصر الحديث / للعدوي ، ص ٨٣ .

[3]) بڕوانە : قراءة جديدة في تأريخ الدولة العثمانية ، ص ١٤٤ .

فەرەنسیەکان لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە توانیان هەندێ لە مەسیحییە قبطی یەکان والێبکەن بە هەموو هۆکارێك یارمەتی ئەم هێرشەیان بدەن ، هەندێ لە نوسەرە مەسیحی یەکانیش وا خەڵك حاڵی ئەکەن کە ئەو سودانەی دەستی میصر کەوت لەو سێ ساڵەدا زۆر زۆر تر بوون لەو سودانەی بە درێژای حوکمی عوسمانی دەستی میصر کەوتبوو ، هەندێکی تر لەو هەڵقە لە گوێیانە زۆر بە شان و باڵی (معلم یعقوب) و ئەو ڕۆڵە ناجوامێرو ناشیرینانەیدا هەڵیان ئەدا لەکاتێکدا ئەو دەستی لە ناو دەستی فەرەنسیەکاندا بووە دژ بە عوسمانیەکان ، تەنانەت وا دەر ئەخەن کە :{ ئەو هاوکاری کردنەی شایانی ئەوەیە هەیکەلێکی لە ئاڵتون بۆ دروست بکرێت و لە گەورەترین گۆڕەپانی قاهیرەدا دابنرێ و لەسەری بنوسرێ : ئەمە یەکەمین کەسێکە ، بانگی (سەربەخۆیی میصری) لە سەدەی تازەدا هەڵگرتووە }[1] .

ئەم هەڵوێستەی " نصاراکان " دژ بە حەزو ئارەزووی زۆربەی خەڵکە موسڵمانەکە بوو بە هەمان ڕێژەی حەزەکانی ئەوان ، ئەتوانرێت ئەمە هەست پێ بکرێت لە بۆچوونی دوژمنکارانەی زۆربەی بیرمەندەکانی نەصاردا بەرامبەر بە زۆرینەی موسڵمانانی میصر، لەم سەردەمەشدابە ئاشکرا دیارە بەردەوام پشتیوانی ناپاکانە ئەکەن بەرانبەر وولاتەکەیان بەو مەرجەی دژ بەبوونی ئیسلامی بێت ، تەنانەت هەر بە چەمکی {یەکێتی نیشتمان}یش کە ئەوان زۆر خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن ، (معلم یعقوب) یەکێکە لە دیارترین ئەو کەسانەی ناپاکیان بەرانبەر وولاتەکەیان کردووە ، بە هەرحاڵ ئەم ڕووداوە لە مێژووی میصریدا بە سەرەتای (فیتنەی طائفی) دا ئەنرێت[2] .

کە نەتەوە نائیسلامی یەکان چ (نصاری) و چ (یونان) هاوکاریەکی زۆری داگیرکەری فەرەنسی یان کرد ، دکتۆر عبدالعزیز الشناوی قسە لەسەر ئەمە ئەکات و ئەڵێ : ((هەندێ لە میللەتە نائیسلامیەکان لە هاوکاری کردنی فەرنسیەکاندا زیادە ڕەوی زۆریان کردو گەیشتنە ئەوەی کە هێزێکی سەربازیان لە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتانە دروست کردو دەرەجەدار و سەربازەکانی داگیرکەری فەرەنسیش هەستان بە مەشق کردنیان و پرچەککردنیان بە چەکی تازە بابەت ، و دوای ئەوە تێکەڵ بە سوپای داگیرکەری فەرەنسیشیان کردن تا کەمی

---

[1]) بڕوانە : تاريخ الفكر المصري الحديث ، د. يونس عوض ، (١/١٨٠- ١٨٨)

[2]) بڕوانە قرأءة جديدة في تاريخ الدولة العثمانية ، ص ١٤٤ .

سەربازەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە ئەو کەمی یەی کە لە ئەنجامی ئەو هەمووە شەڕەی لە میصر و شام و سەرکوتکردنی شۆڕشە جەماوەریەکاندا توشی هاتبوو لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە {طاعون} و {نەخۆشییە ساریەکان} هەرای کردبوو بە سەربازە فەڕەنسیەکان ، گەلی میصری وا سەیری ئەم هێزە سەربازیانەی ئەکرد کە بەکرێگیراوی داگیرکەری فەڕەنسین لە میصردا ، ڕابەری ئەم هێزانەش بریتی بوو لە ((معلم یعقوب حنا)) کە چەند هێزێکی سەربازی لە {قبطی یەکان} دروست کرد ، جل و بەرگەکانیشیان هاو شێوەی جل و بەرگی سەربازە فەڕەنسی یەکان بوو ، ((کلیبر)) یش بەڕەسمی کردی بە سەرۆکی ئەم هێزانە و پلەی (ئاغا) ی پێ بەخشی ، و لە سەردەمی (مینو) شدا پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ لیوا (جەنڕاڵ) و بە شێوەیەکی رەسمیش نازناوی (پێشەوای گشتی) هەموو هێزە قبطی یەکان ی لە ناو سوپای فەڕەنسیدا پێ بەخشرا [1] .

سەرباری ئەو موقاوەمەتە زۆرە و بزاوتە جەماوەری یەی کە زانایانی ئەزهەر پێشەوایەتیان ئەکرد ، هێزەکانی فەڕەنسا توانیان میصر داگیر بکەن بە هاوکاری و کۆمەکی (معلم یعقوبی) میصری .

ئەوندەیش ئیشی خراپ و ناشیرینی ئەنجام دا زۆر جێگەی خۆیەتی کتێبی تایبەت دەربارەی ئەو ماوەیە بنوسرێت ، تا نەوەکانی داهاتوو هەموو بزانن چەند لادێ ی ئاوەدان سوتێنرا و چەند خانوو ماڵی خەڵکی دزراو چەند ناموسی ئافرەتی داوێن پاك ئەتك کراو چەند خێزان ئاوارەو دەربەدەر کرا لە سەر دەستی فەرەنسادا کە خۆی بەڕێبەری (ئازادی) و (برایەتی) و (یەکسانی) و (مرۆڤدۆستی) ئەزانی !!

پاش داگیرکردنی قاهیرە ناپلیۆن کەوتە داگیر کردنی شارەکانی تری میصر ، و " غەزە " و "رەملە " و" یافا " ی داگیرکردو هەوڵی گرتنی (عەکا) شی دا بەڵام بێداری خەڵکی (عەکا) بەڕابەرایەتی (احمد پاشا الجزار) بوونە بەربەست لە بەردەم حەز و ئارەزووەکانی ناپلیۆنی خاچ پەرستدا .کە ناپلیۆن گەیشتە (عەکا) بەیانێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هەموو جولەکەی دنیای بانگ کرد بۆ ئەوەی لەسەر زەوی فەڵەستیندا دەوڵەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن و ناوی نا (میرات گرە شەرعیەکانی فەڵەستین) !! ، باشە هەر ئەمە ئەوە دەرناخات کە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية دولة اسلامية (٢ / ٩٣٨) بە دواوە .

پەیوەندیەکی پتەو هەبووە لە نێوان ئەو ناپلیۆنە –کە پەردەی ئیسلامی بە خۆیدا دابوو – و جوولەکەدا کە بەرنامەی ئەو شتەیان دانا کە دوایی پێ ی ئەوترا (شۆڕشی فەڕەنسی)[1] .

سێهەم / {سوڵتان سەلیمی سێیەم} جیهاد دژ بە فەڕەنسا ڕادەگەیەنێت :–

هێرشی فەڕەنسا بۆ سەر میصر لە مێژووی تازەدا بە یەکەمین هێرشی خاچپەرستی دائەنرێت بۆ سەر یەکێك لە ولأتە عەرەبیەکانی ژێر دەسەلأتی عوسمانی ، بۆیە بەمە {سوڵتان سەلیمی سێیەم} جیهادی دژ بە فەڕەنسی یە خاچپەرستەکان ڕاگەیاند لە (١٢١٣هـ – ١٧٩٨ز) دا ، موسڵمانانی حیجاز و شام و باکوری ئەفریقا یەکسەر هاتن بەدەم ئەم بانگەوازەوە ، لە حیجازەوە موسڵمانان بە ڕابەرایەتی (محمد الگیلانی) هاتن ، (جەبرە)تی لە ڕووداوەکانی (مانگی شەعبانی ساڵی ١٢١٣هـ –٨ ینایر تا (٥) فیرایر ی ساڵی ١٧٩٩ز) دا ئەڵێ :(کە هەواڵی فەڕەنسیەکان گەیشتە حیجاز و دڵنیا بوون وولأتی میصریان داگیر کردووە ، خەڵکی حیجاز زۆر دڵگران و تورە بوون و لە ناو حەرەمی کەعبەدا کۆبوونەوە و ئەم شێخ گەیلانیەیش دەستی کردە ئامۆژگاری کردن و ووتار دان بۆ خەڵکی و بانگی ئەکردن بۆ جیهاد و ئەیوت پێویستە پشتیوانی لە (دین) و (ڕاستی) بکەین و کۆمەڵێکی زۆری هاندا بۆ ئەوەی ماڵ ونەفسی خۆیان ببەخشن و لە ئەنجامدا (شەش سەد) موجاهید خۆیان پێچایەوەو سواری کەشتی بوون و لەگەڵ ئەوانەشدا کە لە شارەکانی (ینبع) و (خلافە) هاتنە ناویانەوە ڕوەو (میصر) کەوتنەڕێ ، موسڵمانەکانی حیجاز زۆر ڕکابەری جەنراڵ ((دیزیە)) بوون کە پۆناپەرت پەلاماردانی (صەعید) و سەرکوتکردنی هێزە جیهادی یەکانی (مرادبگ) ی پێ سپاردبوو ، لە ناو خۆیاندا بڕیاری ئەوەیان دابوو ئەبێ یەکێك لە دوو چاکەکە دەست بخەن ، یان {شەهیدی} یان {سەرکەتن} ، و ئەم ئایەتەیان کردە دروشمی خۆیان (انفروا خفافا و ثقالا وجاهدوا باموالکم و انفسکم في سبیل الله ذلکم خیر لکم ان کنتم تعلمون) التوبە / ٤١. بەرەیەکی جەنگی ئیسلامی لەمان و لە موسڵمانە عەشایەرەکانی میصر بەتایبەتی عەرەبەکانی (هەوارە) و خەڵکی {نوبە}وهێزەکانی {مرادبگ} دروست بوو ، لە بەرامبەر بەرە جەنگی یە نەصارنیەکەی فەڕەنسا دا، کە لە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانیة ، د . جمال عبدالهادي ، ص ٨٦ .

هێزەکانی فەڕەنسا (بە هێزی وشکانی و بە هێزی دەریای یەوە) و هێزە قبطی یەکان کە (معلم یعقوب حنا) ڕابەرایەتی ئەکردن لە ناو سوپای فەڕەنسادا)[1] .

چوارەم / {مەهدی دەرناو}ی لیبیاش دێت بەدەم بانگی جیهادەوە دژ بە فەڕەنسا :

عزەتی ئیسلامی وورەی دینیی ئەمیشی جوڵاند و کەوتە بانگ کردنی موسڵمانانی ڕۆژهەڵاتی لیبیا بۆ جیهادکردن لە پێناوی خوادا ، موسڵمانانی ئەویش پۆل پۆل ئەهاتن بەدەمیەوە وەك تیرەکانی ((بنەماڵەی علی) و (هەنادی) و جگە لە وانیش لە ڕێگەشدا دانیشتوانی ئەو لادێیانەش ئەهاتنە ناویان کە لە ڕێگەیاندا بوون و بە و لەشکرە زۆرەوە کەوتە ڕێ تا گەیشتە (دە مەنهور) لە ساڵی (١٢١٤ ك _ ابریلی ١٧٩٩) ز ، و لە وێدا سەربازگەیەکی فەڕەنسی هەبوو ، {مەهدی} تەفروتونای کردن ، و ئەم سەرکەوتنەی (دەرناوی) لیبیا بەسەر کافرەفەڕەنسیەکاندا زایەڵەیەکی گەورەی هەبوو لەناو خەڵکدا ، و پاڵی نا بە جەنراڵ (مارمون)ەوە کە حاکمی سەربازی فەڕەنسی (ئەسکەندەریە) بوو ، سوپایەکی پشتیوانی پڕچەك بە تۆپەوە بنێرێتە سەر (مەهدی) بەڵام ئەم سوپایەش دیسان تێك شکا ، دووبارە سوپایەکی تری ناردە سەر لە (رشید) ەوە و شەڕی {سنهور} ڕوویدا و حەوت کاتژمێری خایاند و کۆتایی یەکەی بە سەرکەوتنی " مەهدی دەرناری " هات و فەڕەنسیەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن بۆ (رحمانیە) [2]، هەیە ئەڵێت : مەهدی دەرناوی لافی (مەهدیەت) ی لێ داوە .

یەکێك لە مێژوو نوسان قسە لەسەر ئەمە ئەکات و ئەڵێ : ((ناپلیۆن دان بەوە دا ئەنێ کە دین بوەتە پەردەیەك لە نێوان فەڕەنسی یەکان و گەلانی موسڵماندا و گەیشتە ئەو ڕایەی شەڕکردن لەگەڵ موسڵماناندا شەڕی خوێنڕێژی بەردەوام ئەبێت بۆ فەڕەنسی یەکان ، و توانای زاڵ بوونی نی یە بەسەر ئەمەدا ، یەکێکی تر ئەڵێ : میصریەکان ناپلیۆنیان وا وەسف ئەکرد کە، گاوری کوڕی گاورە [3] .

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية دولة اسلامية (٣٩/٢) .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص٩٠ .

[3]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د . جمال عبدالهادي ، ص٩٠ .

لەگەڵ ئەو هەمووە ڕووپامایی و خۆخۆشەویست کردنەدا ، کەچی میصریەکان هەر ئەم فەڕەنسیانە ئەویست {جەبرەتی} سالأنی داگیرکاری فەڕەنسی یەکان بۆ میصر بەم شێوەیە باس ئەکات :

((ئەوسالأنە سالأنی داستانی خوێناوی و ڕووداوی گەورە گەورەو شتی تازەو کارەساتی جەرگبڕی کەڵەکە بوونی خرپەکاری و یەکسانبونی حاڵەتەکان و لێقەومان لە دوای لێقەومان بوون، هەروەك سالأنی گۆڕانی زەمانەوپێچەوانە بوونەوەی سروشتی خەڵك و ئاوەژووکردنەوەی بابەتەکان و تێکچونی حاڵەتی خەڵك و گەندەڵبونی بەرنامەی دەوڵەت و وێرانکاری هەمەلایەنەو لەیەك ترازانی هۆکارەکان بوو ((الاالذین صبرواو عملوالصالحات اولئك لهم مغفرة واجر كبير))[1] (هود /١١) مەگەر ئەوانە نەبێت کە دانیان بەخۆیاندا ئەگرت و خەریکی کاری چاکە بوون کە ئەوانە دیارە خواش لێیان خۆش ئەبێت و پاداشتێکی گەورەشیان دەست ئەکەوێت، مامۆستا و دکتۆر (شناویی) کۆمەڵێك ڕاستی کە پەیوەندە بەم هێرشەی فەڕەنساوە بۆ سەر میصر باس دەکات و ئەڵێ:

* گەلی میصر و بەڕێوە بەرایەتی زانایانی ئەزهەر پەلاماردانی فەڕەنسیەکانیان بۆ میصر وا ئەبینی کە ئەمە شەڕێکی خاچپەرستی یەو ئامانجی ئەوەیە دەست بخاتە ناو دینیانەوە و دەست بخاتە ناو خیلافەتی ئیسلامی یەوە .

* ئەوەی کە ناو ئەبرێ بە ڕاپەڕینی یەکەمی قاهیرەو ڕاپەڕینی دووەم ، لە ڕاستی دا هیچی تر نی یە ئەوە نەبێت بزاوتێکی جیهادی یەو بە ئامانجی ئەوەوە هەڵگیرساوە تا دەسەڵاتی فەڕەنسای خاچپەرست لە میصردا نەهێڵێ و میصر بگێڕێتەوە بۆ باوەشی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی .

* عوسمانی یەکان و مەمالیکەکانیش هەردوك هەر موسڵمانن ، و مەمالیکەکانیش کەحوکمی میصریان ئەکرد بەناوی ئەو سوڵتانە موسڵمانەی عوسمانیەوە حوکمیان ئەکرد .

* دانیشتوانی هەرێمە عەرەبیە کان کەسەیری سوڵتانی عەسمانیان ئەکرد هەرئەوە نەبوو کەبە سوڵتانێکی موسڵمانانیان ئەزانی بەڵکو وەك خەلیفەی موسڵمانا نیش سەیریان ئەکرد[2].

---

[1]) بڕوانە :عجائب الاثار (١/٣)

[2] بڕوانە: الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها ، (٢ / ٩٤٣) .

پێنجەم/{ ئینگلیزو} چاو لەشوێنی بۆمیصر :

بەریتانیا زۆر بەووردیچاودێری ئەو چلێسی (طماع) ەی فەڕەنسای ئەکرد بۆ میصر و شوێنەکانی تر ، لەبەر ئەوە کاتێك فەڕەنسا پەلاماری میصری داو چووەناوی ، بەریتانیایە دوایدا کەشتیگە لێکی بەڕێبەرایەتی (ئمیراڵ نسلون)ی نارده کەنداو بۆ شوێنپێهە ڵگرتنی فەڕەنسیەکان ، {نیسلون} بەشێوەیەکی کتوپڕی لە کەنداودا ڕووبەڕووی کەشتیگەلی فەڕەنسابوویەوە کە لە کەنداوی (ئەبی قیر) دا مۆڵیان دابوو ، پاش ئەوەی هێزە پیادەکەی لە { اسکندریە } دا قایم کرد ، ئەوەبوو هەڵگژان بەیەکدا و شەڕێکی گەورە ڕوویدا لە نێوانیاندا ، بەریتانیا کەشتیگەلەکەی فەڕەنسایان خستە ژێر ئاولە (یەکی / اغسطس / ۱۷۱۸ز) دا ، ئەم شەڕی دەریای (ابی قیر) ە چەند ئەنجامێکی ترسناکی لێ کەوتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن :

۱-هێزە دەریایی یەکانی فەڕەنسا تێکشکانێکی گەورەی وای بەسەردا هات کە ئومێدی ئەوەی بۆ نەهێشتەوە جارێکی تر بتوانن چاکیان بکەنەوە ، بۆیە ئینگلیز دوای ئەوە بوونە دەسەڵاتداری ناو دەریا .

۲- ئینگلیز ئابلۆقەیەکی توندی خستە سەر هەموو ئەو کەنارانەی میصردا ئەیان ڕوانی بەسەر دەریای ناوەڕاستدا ، کار گەیشتە ئەوەی فەڕەنسا نەیئەتوانی هیچ جۆرە کۆمەکێك بنێرێت بۆ هێزەکانی لەناو میصردا .

۳- فەڕەنسی یەکان لە میصردا ناچار بوون بە تەواوەتی وبەتەنیاپشت بەسەرچاوە ناوخۆیی یەکان ببەستن بۆ پڕکردنەوەی پێویستی یەکانیان ، ئەمەش زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی {بۆنابارت} شوێن ئەو سیاسەتە بکەوێ کە پێ ی ئەوترا ((سیاسەتی نیشتمانی ئیسلامی = السياسة الاسلامية الوطنية)) کە مەبەست پێ ی ئەوەبوو هۆکارەکانی ژیان بۆ فەڕەنسی یەکان دەستەبەر بکات و میصریەکانیش ڕابهێنێ لەسەر ئەوەی دەسەڵاتێکی بیانی بەسەر خۆیانەوە قەبووڵ بکەن ، ئەم سیاسەتەی فەڕەنسا لەسەر سێ دینگە وەستا بوو:

۱- بەڕووکەش ڕێز لە ئایینی ئیسلام بگرن و پارێزگاری لە نەریتی وڵاتەکە و خەڵکەکە بگرن.

۲- هەوڵدان بۆ ئەوەی میصریەکان لە باوەشی خیلافەتی ئیسلامی دەربهێنێ .

٣- دروست كردنی حكومەتێكی نیشتمانی لە ((خەڵكی عاقڵەكان)) و پیاوە ناودارەكانی میصر .

ئەم سیاسەتە شكستی خوارد ، شكستێكی خراپ ، و نەیتوانی ئامانجەكانی (پۆنابارت) بێنێتە دی ، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو موقاوەمەتە ئیسلامیە توندە بوو كە بەردەوام سەربازەكانی ئەویان ئەكوشت لە هەر لایەكدا بڕۆشتنایە و لە هەر شوێنێكی (دلتا) و (صعید) دا مۆڵیان بدایە ، ئەوە بوو پاشان شۆڕشێكی یەكەمی قاهیرەی بەدوادا هات (شۆڕشی یەكەمی جیهادی) كە موسڵمانانی قاهیرە شۆڕشەكەیان هەڵگرساند .

{پۆنابرت} لەكاتی هەڵگیرسانی شەڕەكەدا لە دەرەوەی قاهیرە بوو ، بۆیە بەپەلە گەڕایەوە قاهیرە و تۆپێكی زۆری لەسەر قولەكان (مقطم) دابەست تا هاوكاری تۆپەكانی قەڵای {قاهیرە} بكات و پێكەوە گەڕەكی ئەزهەر تۆپباران بكەن كە بنكەی بزاوتی جیهادەكە و مەشخەڵی هەڵگرساوی شۆڕشەكە بوو .

بە پێ ی گێڕانەوەی (جبرتی) و گێرانەوەی فەڕەنسیەكانیش خۆیان بێت، ڕۆژی دووەمی ڕاپەڕینەكە (٢٢/ اكتوبر) و پاش ئەوەی خەڵكە ڕاپەڕیوەكە پەلاماری بنكەی سەركردایەتی فەڕەنسا لە گەڕەكی (ئەزبكیە) ئەدەن ، سەربازە فەڕەنسی یەكانیش پەلاماری زانكۆی ئەزهەر ئەدەن هەۆ بەسواری ئەسپەكانیانەوە ئەچنە ناوی و كەل و پەلەكانی ناوی فەرهود ئەكەن و چی كتێب و قوڕئانی تێدایە پەرش و بڵاوی دەكەنەوە و بە پێڵاوەوە ئەچنە سەریان و سەربازە فەڕەنسی یەكان ئەمێننەوە تا شاندێك لە زانایانی ئەزهەر ئەچنە لای (یونابرت) و داوای لێ دەكەن كە زانكۆی ئەزهەر چۆڵ بكەن و ئەمەش كۆتایی هاتن بوو بەو ڕاپەڕینەی كە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو (لە٢١ تا ٢٣ / اكتوبر / ١٧٩٨ ز) .

فەڕەنسی یەكان زۆر دڕندانە ئەم داخەیان بە موسڵمانانی قاهیرە و دەوروبەری ڕشت ، ئەوە بووماڵەكانی (گەڕەكی ئەزهەر) و گەڕەكەكانی چوار دەوریان فەرهود كردو هەموو ئەو زانا گەنجانەش كە خەڵكیان هاندا بوو بۆ ڕاپەڕین ، لەناو بردو دەستشیان گرت بەسەر ماڵ و سەروەتەكانیاندا و لە چواردەوری قاهیرەدا ژمارەیەكی زۆر قولە و قەڵای قایمیان دروست

کرد و له پێناو ئەم کارەشدا ژمارەیەکی زۆر خانوو کۆشکی خەڵکیان ڕووخاند و لەناویان برد)[1].

شەشەم / عوسمانی یەکان و سیاسەتە نێو دەوڵەتی یەکانیان : ـ

تێکشکانی کەشتیگەلی فەڕەنسا لە شەڕی (ئەبی قیر) دا بویە هاندەرێك بۆ (بابالعالی) تا پەلاماری سوپای فەڕەنسی بدات لە میصردا ، ئەوەبوو شەڕی دژ بە فەڕەنسای ڕاگەیاند و فەرمانی دەرکرد ئەوەی کاری باڵوێزی پێ سپێردراوە لە باڵوێزخانەی فەڕەنسادا دەستگیر بکرێت و هەموو ئەوانەش دەستگیر بکرێن کە هاولاتی فەڕەنسین و لە پایتەختی عوسمانیەکاندا دائەنیشن و بخرێتە زیندانەوە ، زۆری نەبرد وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی لەگەڵ ئینگتەرا دا لە قۆڵێکەوە و لە قۆڵێکی تریشەوەلەگەڵ ڕوسیادا کەوتە دانوستان ئەوەبوو هاوپەیمانیەك بۆ بەرگری و بۆ هێرش بردن لەنێوان ڕوسیاو تورکیادا مۆرکراو لەو لاشەوە هاوپەیمانی یەکی تر لە نێوان تورکیا و ئینگلتەرا دا لە (٥ / ینایر / ١٧٩٩ ز) دا مۆرکرا ، عوسمانیەکان لە ولاتی شامدا کەوتنە خۆ سازدان بۆ جیهاد دژ بە هێزەکانی فەڕەنسا لە میصردا ، ئەمە وای کرد {بۆنابرث} فریای خۆی بکەوێت و دەست پێشخەری بکات و ئەم پەلاماری دوژمنەکان بدات بەرلەوەی ئەوان پەلاماری بدەن ، ئەوە بوو لە (فبرایر / یونیو / ١٧٩٩ ز) دا پەلاماری ولاتی شامی دا و توانی گورزێك بوەشێنێتە ئەو هێزە عوسمانیانەی لە وێدا کۆبوو بوونەوە ، هەرچەندە نەیتوانی هێزەکانی (احمد پاشا الجزار) تێك بشکێنێ چونکەپێشتر نەیتوانی (عکا) بگرێ ، کە هێزە فەڕەنسی یەکە گەڕایەوە بۆ میصر {بونابرد} لە شەڕی وشکانی (ئەبی قیر) دا توانی هێزێکی عوسمانیەکان تێك بشکێنێ کە بە نیاز بوون لە ((ڕۆدس)) ەوە بۆ میصر بڕۆن ، گرنگترین دەستکەوتی {بونابرد} لەم شەڕەدا ئەوە بوو کە (مستەفا پاشا) ی فەرماندەی عوسمانی یەکانی بەدیل گرت و زانیاری یەکی زۆری لێ وەرگرت کە بەکورتی باس لەوە ئەکات شەڕێکی گشتی لە ئەورووپاوە هەڵگیرساوە دژ بە فەڕەنسا ، بۆیە {بونابرد} بەنهێنی میصری جێ هێشت و گەڕایەوە بۆ فەڕەنسا و ڕێبەرایەتی هێزەکانی سپارد بە (جەنراڵ کلیبر)[2] .

---

[1]) بڕوانە : عجائب الاثار (١٨/٣) .

[2]) بڕوانە : العالم العربي في التأريخ الحديث ، د. اسماعيل یاغی ، ص٢١١ .

بەهەرحاڵ ، دوای گەڕانەوەی {بۆنابرد} بۆ فەڕەنسا ، " کلیبر " بە ورەیەکی بەرزەوە کەوتە بەڕێوەبردنی کارەکانی ، سەرتا حکومەتی ڕێکخستەوە و هات میصری کردە (هەشت) هەرێمی ئیداری ، هەموو ئەو دیوانانەی کە {بۆنابرد} دایمەزراندبوون لە هەرێمەکاندا هێشتنیەوە ، هەروەها کاروباری باج وەرگرتنی ڕێکخستەوە و گرنگی زۆری دا بە کۆنتڕۆڵ کردنی حساباتی بەڕێوەبەرایەتی یە جۆربەجۆرەکان لەو لاشەوە گرنگی زۆری دا بە هەموو لق و پۆپەکانی تری بەڕێوەبردن و ئەمانە و گرنگی تایبەتی ئەدا بە چالاکی (دیزیەی سەربازی) لە (صعید) دا ، بەلاّم لەبەرئەوەی لە فەڕەنساوە بەردەوام داوای ئەوەیان لێ ئەکرد کە بگەڕێتەوە فەڕەنسا بۆیە (کلیبر) دەستپێشخەری یەکی کرد بۆ (صەدری ئە عظە م) لە ١٧ / سبتمبر / ١٧٩٩ ز) و تێیدا ئەوەی دەر بڕیوە کە فەڕەنسا نایەوێ میصر لە تورکیا بفڕێنێت ، ئەو هۆکارانەشی بۆ باس ئەکات کە وای کردووە فەڕەنسا پەلاماری میصر بدات کە بریتین لە ترس خستنە ناو دڵی ئینگلیز و هەڕەشە خستنەسەر موڵك و سەروەت و سامانیان لە هیندستاندا تا وایان لێ دەکەن بە زۆر ئاشتیان پێ ئەکەن لەگەڵ فەڕەنسادا _ زیاد لەمانەش تۆڵەسەندنەوەیە کە لە مەمالیکەکان کە ئەزیەتێکی زۆری فەڕەنسی یەکانیان داوە لە سەردەمی خۆیاندا و فەڕەنساش ئامانجی ئەوەیە میصر لە ژێر دەستی " بەگەکاندا " دەربهێنێت و بیخاتە ژێر دەستی تورکیا ، پاشان " کلیبر " داوا لە {صەدری ئە عظە م} ئەکات دەرگای دانوستان بکاتەوە بۆ ئەوەی فەڕەنسی یەکان میصر جێ بهێڵن [1])) ئەوە بوو بە شێوەیەکی کرداری دانوستان لە شاری " عەریش " هوە دەستی پێ کردو پەیماننامەی " عەریش " ی لێ کەوتەوە لە ٢٤ / ینیر / ١٨٠٠ ز) کە بەدەق ئەمانەی تێدایە :

١- ئەبێت فەڕەنسی یەکان میصر چۆڵ بکەن و چی چەك و تەقەمەنی یان هەیە لەگەڵ خۆیاندا بیبەن و بگەڕێنەوە بۆ فەڕەنسا .

٢- بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (ئاگربەست) ڕائەگەیەنرێت وئەکرێ ئەو ماوەیەش درێژ بکرێتەوە ئەگەر پێویستی کرد ، و ئەبێ لەو ماوەیەدا هێزەکان بگوازرێتەوە .

٣- " باب العالی " یان هاوپەیمانەکانی _ ئینگلیز و ڕوسیا- ئەبێ پەیمانی ئەوە بدەن کە لە کاتی پەشەکشەی فەڕەنسادا دەست لە هێزەکانی نەوەشێنن .

---

[1]) بڕوانە : العالم في التاريخ الحديث ، د. اسماعيل ياغي ، ص٢١٢ .

بەلاّم حكومەتی بەریتانیا كە دەنگ و باسی دانوستانەكەی عەریشی پێ گەیشت هەڵوێستی وەرگرت تا ئەو ڕێكەوتننامەیە سەرنەگرێت و ئیمزانەكرێت ، چونكە بەریتانیا لەوە زۆر ئەترسا كە سوپای گەمارۆدراوی فەرەنسا ئەگەر لە میصر پاشەكشە بكات و بگرێتەوە گۆڕەپانەكانی شەڕ لە ئەورووپادا ئەوە تای ترازووی سوپاكەی فەرەنسا قورس ئەبێت و هاوكێشەی هەڵوێستەكان لەوكیشوەرەدا تێك ئەچێت ، بەریتانیا لەژێر ڕۆشنایی ئەو نامانەشەوە كە سەربازە فەرەنسی یەكان بۆ كەس و كارەكانیان ئەناردەوە لە فەرەنسا و ئەكەوتنە دەست پیاوانی دەریایی بەریتانیا ئەو بیرو ڕایەی بۆدروست بو بوو كە كاری هێزەكانی فەرەنسا زۆر خاو بووەتەوە لە میصردا ، بۆیە حكومەتی لەندەن وای بەباش ئەزانی فەرەنسی یەكان هەر لە میصردا_ بەو لاوازیە _ بمێننەوە یان وەك گیراوی شەڕ خۆیان بدەن بەدەستەوە ، لەبەرئەمانە لە (١٥/ دیسمبر / ١٧٩٩ ز) دا فەرمانێكی ڕوون و بێ پەردەی بۆ (لۆردكیث) _ كە سەركردەی گشتی كەشتیگەلی بەریتانی بوو لە دەریای ناوەڕاستدا _ نارد وتێیدا پێ ی ئەڵێ : هەر ڕێكەوتن و پەیماننامەیەك پەیوەند بێت بە چۆڵكردنی میصرەوە ، ڕەت بكاتەوە ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێت كە فەرەنسی یەكان پێویستە وەك گیراو خۆیان بدەن بەدەستەوە بەبێ هیچ جۆرە مەرج و داوایەك ، " كیث " یش نامەیەكی لەو مانایەدا نارد بۆ (كلیبر) و لەسەرتای مانگ (مارس / ١٨٠٠) ز گەیشتە دەستی ..

لەبەردەم ئەم گۆڕانە كتوپڕیەدا ، " كلیبر " هیچ چارەیەكی نەماو چۆڵكردنی میصری ڕاگرت كە بە پێ ی ڕێكەوتننامەی (عەریش) دەستی پێ كرد بوو ، و بەپەلە بەسەركردایەتی سوپایەك لەبەرەبەیانی ڕۆژی (٢٠/مارسی / ١٨٠٠ م) بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڕەوی عوسمانی یەكان كە سەرەتای سوپاكەیان گەیشتبوە (مطرية)_ كە دوو سەعات لە قاهیرەوە دوور بوو كەوتە ڕێ و شەڕی (عين شمس) هەڵگیرسا و ڕووبەری گۆڕەپانی شەڕەكە لە (مطرية) ەوە تا هەر چوار لای (صالحيه) درێژبوویەوە و فەرەنسی یەكان توانیان عوسمانی یەكان خراپ بشكێنن ، و لەماوەی شەڕی (هليوبويس) دا كۆمەڵێك لە سوپای (صەدری ئە عظە م) و هەندێ لە ئەندامانی مەمالیك توانیان دزە بكەن بۆ ناو

قاهیره و خەڵکەکەی بوروژێنن دژ بە فەڕەنسی یەکان و ئەوە بوو ڕاپەڕینی دووهەمی قاهیره ڕوویدا و نزیکەی یەك مانگ درێژەی کێشا لە ٢٠ / مارس / ەوە بۆ ٢٠ ابریل / ١٨٠٠ ز [1])).

" کلیبر " نەیتوانی ئەم ڕاپەڕینەی قاهیره دابمرکێنێتەوە ئەوکاتە نەبێ کە پەنای برد بۆ سەرکورتکردن و توندو تیژی ، و دەستی دایە تۆپبارانکردنی قاهیره لە هەموولایەکەوە بەتایبەتی تۆپبارانکردنی گەڕەکی (بولاق) بەخەستی _ کە ڕاپەڕینەکەی تێدا چڕبووبوویەوە _ و وای لێ هات بڵێسەی ئاگر لە هەموو شوێنێکەوە بەرز ئەبویەوە و ژمارەیەکی زۆری خانو دوکان و خانی سوتاند و دانیشتوانی بولاق ناچار بوون خۆیان بدەن بەدەستەوە و بە دوای ئەوانیشدا گەڕەکەکانی تر یەك لە دوای یەك خۆیان دا بەدەستەوە و زانایانی ئەزهەر کەوتنە نێوان و پەیمانی ئەوەیان لە (کلیبر) وەرگرت کە لێبوردنی گشتی بۆ هەمووی دەربکات و دەست لەکەس نەدات ، بەڵام هەر دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکە کپ بوویەوە ناپاکی کرد بەرامبەر موسڵمانان و زۆر دڕندانە تۆڵەی لە خەڵکەکە کردەوە وباجێکی زۆری خستە سەر هەندێ لە زانایان و پیاوە ناودارەکان و بە گشتیش باجی لەسەر خەڵکی قاهیره دانا ، و تەنانەت توێژە هەژارەکانی میللەتیشی هەڵنەوێرا لەم باجە _ ناڕەوایە [2] . "

کلیبر " دەسەڵاتی دا بە (معلم یعقوب) کە چی ئەوێ بیکات بە موسڵمانان ، ئەوەی پێویستە باس بکرێ ئەوەیە کە (بطریارکی قبطی یەکان) لە میصردا بەم هەڵسوکەوتەی " معلم یعقوب " ڕازی نەبوو ، زۆریش ئامۆژگاری کرد واز لە و بەرنامەیە بهێنێت ، بەڵام ((یعقوب)) قسەی زبری زۆریشی بەرامبەر ئەو ئەکرد و هەر بە سواری ئەسپەکەیەوە خۆی ئەکرد بە کەنیسەدا و چەکەکەی بەرز ئەکردەوە و تا ئەهات هاوکاری و پشتیوانی بۆ فەڕەنسیەکان زیادی ئەکرد [3] .

دوو مانگ بەسەر دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەدا نەڕۆیشت ((کلیبر)) تیرۆر کرا لە ٢٤ / یولیو / ١٨٠٠ ز لە لایەن (سلیمان الحلبی) یەوە کە یەکێك بوو لە قوتابیە ئەزهەریەکان و لە وڵاتی شامەوە هاتبوو، ڕێ ی تێ ئەچێت دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەستیان لە کوشتنی ((کلیبر)) دا هەبوو بێ ، لە ١٧ / یولیو / دا سوپای فەڕەنسیمەراسیمێکی گەورەی بۆ بەخاك

---

[1]) بڕوانە : العالم العربي في التأريخ الحديث ، ص٢١٤ .

[2]) بڕوانە : العالم العربي في التأريخ الحديث ، ص٢١٤، ٢١٥ .

[3]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص٨٩ .

سپاردنی " روفاتی " " کلیبر " گیڕا ، پاش شاردنەوەی تەرمی ((کلیبر)) " سلیمان حلبی " یان لە ناو برد و سەرکردایەتی گشتی کەوتە دەستی (جنرال منیو) ، لەبەرئەوەی بەتەمەنترین ئەفسەری هێزەکە بوو [1] .

ئەم سەرکردەیە پشتیوانی ئەو ڕایە بوو کە سوپای فەڕەنسی لە میصردا بمێنێتەوە و نەخشەی سیاسەتێکی دانا بە ئامانجی ئەوەی جێ قاچی فەڕەنسی یەکان توند بکات بەڵام فشارە ناوخۆیی و دەرەکی یەکان ناچاری کرد میصر بەجێ بهێڵێت _ بەتایبەت _ پاش ئەوەی کە ئینگلیز و عوسمانی یەکان هێرشێکی هاوبەشیان کردە سەر فەڕەنسی یەکان لە میصردا .

ئەو هۆیانە زۆر بوون وای کرد هێزی داگیرکەری فەڕەنسی لە کۆتاییدا لە میصر دەربچن لەوانە :

_ تێکشکاندنی کەشتی گەلەکەیان لە شەڕی (ئەبی قیر) دا کە لە دەریادا ڕوویدا .

_ ئینگلیز دەسەڵاتی بەسەر دەریای ناوەڕاستدا پەیدا کرد و گەمارۆی خستە سەر هەموو کەنارە دەریایی یەکانی میصر و ئەمەش وای کرد حکومەتی فەڕەنسا نەتوانێ هیچ هاوکاری و کۆمەکێك بنێرێت بۆ هێزەکانی لە میصردا .

_ عوسمانی یەکان دایانە پاڵ ئەوانەی دوژمنی فەڕەنسا بوون .

_ کەرت کەرت بوونی هێزەکانی فەڕەنسا کە سەرەتاکانی لە سەردەمی (بۆناپرت) ە وە دەستی پێکرد ئەو کاتەی کە زۆر بە ناڕەحەتی سوپاکە لە ئەسکەندەریەوە بۆ (قاهیرە) کەوتنە ڕێ و پاشان لەت بوونەکە دوای مردنی {بۆناپرت} گەورە بوو بە تایبەتی دوای کوژرانی " کلیبر " و سەرکردایەتی کردنی (مینو) بۆ هێزەکە .

_ دروست بوونی جیهاد لە ناو گەلی موسڵمانی میصردا دژ بە داگیرکەری خاچپەرستی فەڕەنسی کە خۆی لە ڕاپەڕینی یەکەم و دووەمی قاهیرەدا نیشان دا ، هەروەك خۆی لە چالاکی یە جیهادی یەکانی " دلتا " و مقاوەمەتی توندی (صعید) دا ئەبینیەوە . بە بێ هیچ دودڵیەك جیهادی موسڵمانانی میصر گەورەترین کاری کردە سەر لەرزۆکردنی دەسەڵاتی فەڕەنسا لە میصردا و نەیهێڵا بگەنە ئاواتەکانیان و ئامانجەکانیان بپێکن وتوانیان ئومێدەکانیان بدەن بە ئاودا کە بەتەمای ئەوە بوون میصر بکەنە وڵاتێکی جوانی

---

[1]) بڕوانە : عجائب الاثار (٣/٣٠) .

ژێـر چـنگی خۆیـان و خـەویان بـەوە وە ئـەبینی بیکەنـە نـاوکی ئیمپراتۆریەتـە تـازە داگیرکەرەکەیان لە میصردا [1] .

حەوتەم / کاریگەری پەلاماری فەڕەنسا لە سەر میللەتی ئیسلامی :

بـەبێ گومـان ئـەم پەلاماردانـەی فەڕنـسا بـۆ سـەر میـصر کاریگـەری خراپـی زۆری هـەبوو لەسـەر میللـەتی ئیسلامی وهۆیـەك بـوو لـەو هۆیانـەی کـە میللـەتی ئیـسلامی لـە نـاو خـۆدا تووشـی شکـست کـرد ، مامۆسـتا " محمـد قطـب " وێنـەی ئـەو کاریگەریانـە بـەم شـێوەیە ئەگرێت و ئەڵێ : (.. پاشان ئەو تێکشکانە سەربازی یەی بەسەر مەمالیکدا هات لە (امبابە) و لەسـەر دەسـتی ناپلیونـدا ، سـەرەتایەك بـوو بـۆ تێکـشکانی نـاوخۆی ، تێکـشکانی {عەقیـدە} لـەدڵ و دەرونەکانـدا ، تۆپـە دورهاوێـژەکانی نـاپلیۆن موسـڵمانانی ڕاچڵەکاند و بۆیان دەرکەوت کە شمشێری مەمالیکەکان شتێکی بۆش و گاڵتەیە لە چاو تۆپە تازەکانی ئـەودا کـە لـەوەو پـێش شـتی وایـان نـەدیبوو یـان بڕوایـان نـەبوو شـتی وا لـە دەسـت دوژمنەکانیاندا هەبێت ، ترازوی هێزەکان لە دڵ و دەرونیاندا زۆر خراپ پێچەوانەیە بوویەوە و ئـەوە یەکـەم جـار بـوو کـە موسـڵمانان بـەو شـێوەیە تێـك بـشکێن و سـوپای خاچپەرسـتان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەبەر ئەوەی هێزێکی ڕاستەقینەی لـە چـەك و تفاق و تـەکنیکی سەربازی و زانیاری هەیە و موسوڵمانان ئەوەیان نی یە ، هەرچەندە ئەگونجا ئـەم تـەرازووە بەو شێوەیە لە دڵ و دەرونەکاندا گۆڕانی بەسەردا نەهاتایە ، ئەکرا دڵ و دەروونـەکان خۆیـان لەبـەردەم ئـەم تێکشانەدا ڕابگرتایـە تاجـارێکی تـر کۆدەبوونـەوە و سـەرلەنوێ ڕاپـەڕینێکی تریان بەرپا ئەکردەوە وەك چۆن چەند جار لـەوەو پـێش شـتی وا ڕویـداوە ، بەڵام ئـەو ڕێـژەی لە{عەقیدە} مابویەوە لە دڵیاندا لەو ماوەیەدا ئەوەندەی هێـز تێیـدا نـەمابوو کـە بەرگـەی ئـەم گورزە بگرێت و جارێکی تر سەرلەنوێ خۆیان کۆبکەنەوە ، نکوڵی لـەوە نـاکرێ گـەل بـەرگری یەکی قارەمانانەیان کرد لە بەرانبەر پەلاماری فەڕەنسی یەکان دا و قاهیرە ڕاپەڕینی گـەورە ی بـەرپاکرد بـە ڕێبـەری زانایـان و ئـەوان کاریگـەری ڕۆحـی زۆری زۆریـان دانـا لەسـەریان و داستانی قارەمـانێتی سـەیر تۆمـار کـرا ، .. ڕاسـتە ئەمانـە هـەمووی ڕوویانـدا ، بەڵام زۆر تـر کـاری فیـداکاری تاکەکەسـی بـوون، هەرچـەندە قـەوارە شـەڕکەرە ڕاسـتەقینەکەی دەوڵـەتی موسـڵمانان کـە بـەرەی شـەڕی ڕێکئەخـست و سـوپای ئەجوڵانـد و لەبـەردەم داگیرکەرانـدا

---

[1]) بڕوانه : الحملة الفرنسية وخروج الفرنسيين من مصر ، ص١٨٨ .

ئەوەستا بەو سیفەتەی (دەوڵەتی ئیسلامیە) ، ئەوانە هەمخووی لە شەڕی (امبابە) دا بە تەواوەتی توایەوە و بوونی نەما لەوە و دوا .
کاتێك موسڵمانان دەرکیان بەو شکستە ڕاستەقینەیە کرد کە دۆڕاندنی شەڕ بوو ، ناپلیۆن هات و یاسایەکی دانا بەسەر موسڵمانەوە بۆ ئەوەی لە جیاتی (شەریعەتی خوا) حوکمیان بکات ، یاسایەك کە لە یاسای فەڕەنسی یەوە وەرگیرا بوو ، شەریعەتی خواشی تایبەت کرد بە (باری تاکە کەسی) یەوە وەك ژنهێنان و ژن تەڵاقدان و میرات ... ئەوە بۆ یەکومجار بوو لە مێژووی موسڵماناندا جگە لە یاسای خوا یاسایەکی تر حوکمی بکات و لەلایەن ناموسڵمانانەوە دانرێ و جێ بەجێ بکرێ ! خاچپەرستەکان جارجارە پەلاماری نیشتمانی ئیسلامیان ئەدا و هەندێ کاتیش چەند ساڵ ئەمانەوە ، نەك هەر ئەوە بەڵکو پێش {صلاح الدین} وایان لێهاتبوو هەندێ دەوڵەتی بچوکیشیان لە وڵاتی شام و لە کەنارەکانی دەریای سپی دا دائەمەزراند ، بەڵام هەرگیز زاتی ئەوەیان نەئەکرد کە خۆیان یاسایەك دابنێن و بێن حوکمی موسڵمانان بکەن بەپێی ئەو یاسایە ، هەموو جارێ وەك داگیرکەرێك ئەهاتن پارچە زەوی یەکیان فەرهوود ئەکرد ، بەڵام هەرگیز وەك دەوڵەتێك کە حوکمی ئەو زەوی یە بکات هەڵسوکەوتیان نەئەکرد ، ئەم جارە نەبێت ، ئەوە یەکەم جار بوودەستیان کرد بە حوکم کردن لە زەوی ئیسلامیدا پاش ئەوەی دەوڵەتە موسڵمانەکەیان پاڵ پێوەنا و لە گۆڕەپانی شەڕدا تواندیانەوە !

ئەمە سەرتای تێکشکانی ڕاستەقینە بوو ، تێکشکانی {عەقیدە} ، و گرمۆڵە بوونی لە دونیای ڕیالیستیدا ، و پاشان گرمۆڵە بوونی لە ناو دڵ و دەرونەکانیش دا و ئیتر لە ژێر سێبەری ئەم شکستەدا سەرسامی دروست بوو بۆ گەلی میصری بەرامبەر ئەو شتە تازانەی کە هێزی فەڕەنسا هەیبوو ، یەکەمجار بە چەکە تازەکانی فەڕەنسا سەرسام بوون و دوایی بە زانیاری ئەو پیاوانەی لەگەڵ هێزە فەڕەنسی یەکاندا هێنرا بوون ، هەروەها سەرسام بوون بەو چاپخانەیەی کە ناپلیۆن بۆ میصری هێنا بوو ، سەرسام بوون بەو ڕێکخستنانەی کە دایان هێنا بوو ، : بەیەك ووشە ئەمە بڵێین ، سەرسام بوون بە هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕۆژئاواوە هاتووە و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نی یە .
ئا ئەمە بوو {شکستی ڕاستەقینەی هەمە لایەنە} کە سەرەتای هەڵچنی بۆ ئیمپریالیزمی خاچپەرست لەوە و دوا چی وێرانکاری هەیە بیکات لە ژیانی موسڵمانان و لە {عەقیدە} و {بیروڕا} و {هەست} و {هەڵسوکەوتی یان} دا لە ژیاندا ، لەبەرئەوە دەرکردنی فەڕەنسی

یەکان لە میسر یان پاشە کشەیان لێی ، دوای ئەوەی ئەم پەلامارەی فەرەنسا لەناخەوە شکستی بۆ موسڵمانان دروست کرد ، ئەو پاشەکشە لە ڕاستیدا ڕووداوێکی وانی یە شایەنی باس کردن بێت [1] .

ئەم پەلامارەی فەرەنسا بۆ میصر شوێنەواری خراپی بۆ سەر میصر بەتایبەتی و بۆ ڕۆژهەلأت بە گشتی هەبوو ، لە پاسەکانی دواتردا _ بەویستی خوا _ ئەمەت زیاتر بۆ دەرئەکەویٚ و لێت ڕۆشن دەبێت کە چۆن گۆڕە ماسۆنیە فەرەنسی یە یەهودیەکان توانیان ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر و لە وێوە و خەنجەرێکی ژەهراوی بدەن لە ئیسلام ، فەرەنسی یەکان توانیان بیروباوەڕەکانی خۆیان بناژن و خەڵکێکی ئەڵقە لە گوێشیان لەناوچەکەدا دەست کەوت بۆ کارەکانیان ، دوای ئەوەی کە هێزە سەربازی یەکانیان کشانەوە زۆر سوودیان لەو ڕۆڵە ترسناکەی (محمد علی پاشا) ی حاکمی میصر بینی کە ئەیگێڕا ، بەدڵنیای یەوە ئەم پەلاماردانەی فەرەنسا بۆ سەر میصر و پاشان دەرچوونی لێی و دەرکەوتنی کەسایەتی یەکی وەکو {محمد علی} پاشا لەسەردەمی {سوڵتان سەلیمی سیٚ یەم}دا کە لەسەر کار لایان برد لەبەرئەوەی هەندیٚ نەریت و باوی (فەرەنجی یەکانی) هێنایە ناو سوپا و بەوەش وە نەوەستا تەنیا سوود لە چەکی تازە وەربگرێت بەڵکو ئەوەبوو دوایی ئەونەریتانە بونە شتێکی ترسناك لەسەر عەقیدەی میللەتی ئیسلام ، ئەمانە لە دەقی فەتواکەی موفتی میصردا هاتووە کە ئەڵێت : ((هەر سوڵتانێك یاسا و نەریتی (ئیفرەنجی یەکان) بهێنێتە ناو وزۆر لە میللەت بکات بۆ ئەوەی کاریان پیٚ بکات ، ئەوە بەکەڵکی پاشایەتی نایەت [2]) .

باسی هەشتەم

{ سوڵتان محمودی دووەم }(١٢٢٣ _ ١٢٥٥ ك / ١٨٠٨ _ ١٨٣٩ ز) :

ئەم سوڵتانە کە حوکمی گرتە دەست تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو ، زۆر سوودی لەو ماوەیە بینی کە دەستبەسەر بوو لەگەڵ سەلیمی سێهەمدا چونکە ئەم کابرا ئاگاداری کردبوو لە هەمووئەو ڕیفۆرمانەی کە ئەیەویٚ بیانکات ، بەڵام ئەم سوڵتانە تازەیە لەسەرەتادا ناچاری

---

[1]) بڕوانە : هل نحن مسلمون ؟ ص١١٥ _١١٨ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص٩١ .

ئەوەبوو مل بۆ ئینکشاریەکان بدات و فەرمان دەربکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ریفۆرمانە، بۆ ئەوەی ڕازییان بکات تاکاتی ئەوە دێت دەست بەو چاکسازییانە بکات ، ئەم محمودە زۆر خۆگر بوو ، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوو ئەو کاتە بێتە پێشەوە لەدەست ئەم ئینکشاریانە ڕزگاری بێت کەبە هەموو شێوە یەك هەڕەشەیان لەقەوارەی دەوڵەتی عوسمانی ئەکرد، بەڵام ئەو هەلەی دوای چەند ساڵێك نەبێت بۆ هەڵنە کەوت ، بەتایبەت سەردەمی ئەم پڕبوو لە شەڕو شۆڕ و گۆڕنکاری گرنگ کەچی هەوڵ و توانای هەیە لیٚ ی چنی [1]

یەکەم / شەڕلەگەڵ ڕوسیادا :

{سوڵتان محمودی دووهەم} ڕێکەوتنامەیەکی لەگەڵ ئینگلتەرادا لەساڵی ١٢٢٤ ك ١٨٠٩ ز بەست و هەوڵی دا هەمان ڕێکەوتنامەش لەگەڵ ڕوسیادا مۆربکات بەڵام سەرکەتونەبوو ، ئەوە بوو شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگرسا و عوسمانیە کان شکان و ڕوسیا دەستی گرت بەسەر هەندیٚ شوێنی تردا ، {صەدری ئەعظەم}یش { ضیادیوسف پاشا } ی لابردو(احمەد پاشای خستە جێگەی کە سەرکەوتنی بەسەر ڕوسیادا بەدەست هێنا وظیـــاء توانی ئەوشوێنانە یان پیٚ چۆڵ بکات کە هاتبونە ناوی ، و پەیوەندی نێوان فەڕەنساو ڕوسیا ڕووی لەخراپەکرد و ئەوە ندەی نەمابوو شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگرسێت ، ڕوسیا داوای ئاشتی کرد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و ڕێکەوتنامەی (بوخارست) لەساڵی ١٢٣٧ ك – ١٨١٢ ز ڕوویدا کە بەدەق باسی ئەوە ئەکات {ئەفلاق} و{بەغدان} و ولاتی{صیرب}ئەبێت لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بمێنێتەوە ئەم ئاشتەوایی یە ڕێگەی خۆش کرد بۆ {سوڵتان مەحمود} دەست بداتە هەندیٚ ڕیفۆڕم و سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕین و یاخی بوونانەی کە لەناو دەوڵەتدا ڕوو ئەدەن [2] .

کە صیربیەکان ئاگادار بوون لە ڕێکەوتنامەی (بۆ خارست) و گەڕانەوەیان بۆ ژێر دەوڵەتی عوسمانی ، دەستیان دایە ڕاپەڕین،بەڵام هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی هێزەوە ملی پیٚ کەچ کردن و ڕێبەرەکانی ئەم ڕاپەڕینە ڕایان کرد بۆ (نەمسا) بەڵام ((ثیودور فتش))

---

1) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل باقي ، ض١٢٧ ، ١٢٨

2) بڕوانە : التاريخ الدولة العثمانية ، احمد سرهنط ، ص٢٢٦ _ ٢٢٨ .

که ڕێبەرێکی ئەم ڕاپەڕینە بوو پشتیوانی خۆی بۆ عوسمانیەکان دەربڕی و ملی کەچ کرد بۆ دەسەلاتیان و چەند ((امتیازات)) ێکی زۆری وەرگرت لە دەوڵەت [1] .

هەڵوەشاندنەوەی (ئینکشاری یەکان)

سروشتی ئینکشاری یەکان ڕووی لە خراپ کرد و ڕەوشتیان زۆر گۆڕا ، کارە سەرەکی یەکان گۆڕا بۆ کارێکی ترو بوونە سەرچاوەی نەگبەتی بۆ دەوڵەت و ئەو گەلانەی سەربە دەوڵەت بوون ، وایان لێهات دەستیان وەرئەدایە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت ، و دڵیان هەر بۆ کورسی و دەسەلات لێ ی ئەدا و بەتەواوەتی ڕۆچوو بوون لە حەرامخۆری و ڕابواردندا ، زۆر لایان زەحمەت بوون لە سەرمای زستاندا داوای ئەوەیان لێ بکرێ شەڕبکەن و ئەچوونە هەر ولاتێك دەستیان ئەدایە دزی کردن و فەرهود و باج خستنە سەر خەڵکی بەناوی سوڵتانەوە و ئەو مەبەستەیان وەلا ئەنا کە ئەوانی بۆ دروستکرا بوو ، هەروەك بەتەواوی ڕۆچوون لە مەی خواردنەوەدا ، وای لێ هات چی شکست هەبوو لە قوڵی ئەوانەوە ئەهات بەهۆی ئەوەی وازیان لە {شەریعەت} و {عەقیدە} و {بنەما ئیسلام}ی یەکان هێنا بوو لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە لە هەموو ئەو هۆکارانە دوور کەوتبوونەوە کە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی پێ دروست ئەبێت ، هاتن دەستیان دایە لابردنی ئەم سوڵتان و کوشتنی ئەوی تریان وەك عوسمانی دووەم بۆ نمونە ، ئەم ئینکشاری یانە لەسەردەمی {سوڵتان مورادی چوارەم}دا و بۆ ماوەی (دە) ساڵی ڕێك بەردەوام بە ڕێگەی گومڕایی دا ئەڕۆیشتن و تا بهاتایە هەر ڕۆئەچوون و خراپ تر ئەبوون ، لەبەرئەوەی خۆیان دایان نابووبۆیە {ئەبێت} و{ نابێت} هەر لە دەستی خۆیاندا بوو ، هەر ئەمان بوون کە {سوڵتان ابراهیم}ی یەکەمیان خنکاند کاتێك هەوڵی ئەوەی دا خۆی ڕزگار بکات لێیان ، هەر ئەمان بوون کە دەوڵەتیان شپرزکردبوو ، وایان کردبوو دەوڵەت کەوتبووە ناو پشێوی یەکی زۆرەوە بەهۆی ئەوەی کە سوڵتانەکانیان ئەکوشت و منداڵە ووردەکانیان ئەخستە سەر کورسی دەسەلات وەك {سوڵتان محمدی چوارەم} و ئەوەبوو دوای ئەوە ئیفرنجیەکان چەند بەشێکی ولاتیان داگیرکردوو {صەدری ئەعظەم} و زانایانیش ناچار بوون کەلە سەرکار لای بەرن و ئینکشاریەکان جارێکی تر ڕاپەڕین بەڕووی {سوڵتان سەلیمی

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٢٨ .

دووەم}دا و بە دوایدا سوپای دوژمن هاتن و چەند شوێنێکی تریان داگیرکرد ، ئینکشاری یەکان {سوڵتان مستەفای دووەم} و{ئەحمەدی سێ یەم} و {مستەفای چوارەم}یان لەسەر کار لابرد و ، بەو شێوەیە کار هات تا خوای گەورە {سوڵتان محمودی دووەم}ی لە ساڵی ١٢٤١ ك دا نارد و خەڵکی لەمانە ڕزگارکرد [١] .

سوڵتان کۆمەڵێکی زۆر لە پیاوە گەورەکانی دەوڵەت و گەورە ئەفسەرەکانی ئینکشاری لە ماڵی " موفتی " دا کۆکردەوە و (صەدری ئەعظە م) (سەلیم ئەحمەد پاشا) هەستاو دەستی کردە ووتار دان و باسێکی ئەو حاڵەتەی کرد کە ئینکشاری یەکان چەند ڕووخان و لاواز بوون ڕووی تێکردون و باسی ئەوەیشی کرد پێویستە بەپێی ڕێکخستنە سەربازی یە تازەکان دروست بکرێنەوە ، ئامادەبووان هەموو قەناعەتیان بە قسەکانی کردو (موفتی) یش فتوای ئەوەی دەرکرد دروستە کار بکرێت بۆ سەرکوتکردنی یاخی بووان ، هەموو ئەو ئەفسەرو دەرەجە دارانەی ئینکشاری یەکانیش کە لەوێدا بوون بەڕووکەش ڕەزامەندیان دەربڕی و لە ناخەوەش ناڕازی بوون ، کە هەستیان کرد کە نزیکە ((امتیازات)) ە کانیان هەموو لە دەست بدەن و سنوور بۆ هەڵسوکەتیان دائەنرێت ، خۆیان کۆکردەوە بۆ ڕاپەڕین و هەندێ کەسی نەخوێندەواریش هاتن بە دەمیانەوە و لە ٨ی ذی القعدة / ١٢٤١ ك دا ئینکشاری یەکان دەستیان کردە دنە دانی سەربازەکان لە کاتی مەشق کردنیان دا و فێری بێ گوێیان ئەکردن بۆیە سوڵتان بەپەلە زانایانی کۆکردەوە و ئاگاداری کردن لە نیازی خراپی ئینکشاری یەکان و ئەوانیش زۆر هانی سوڵتانیان دا کە لە ڕەگ و ڕیشە دەریان بهێنێ و سوڵتانیش فەرمانی دەرکرد بۆ هێزی بۆمب هاوێژ تا خۆیان بۆ شەڕی ئینکشاری یەکان ئامادە بکەن و ئاماژەشی کرد کە نەرمونیانیش لە هەمان کاتدا بەخەرج بدەن لە ترسی ئەوەی نەك بڵێسەی خراپەیان بگاتە هەموو شوێنێ ، و لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٩/ ذی القعده / دا سوڵتان خۆی و بەدوایەوە سەربازانی هێزی بۆمب هاوێژو بە دوای ئەوانیشدا زانایان و قوتابیان هاتن بۆ گۆڕەپانی (آت میدانی) کە یاخی بووانی لێ کۆبوبوویەوە بۆ ئەوەی پشێوی بنێنەوە ، ئەڵێن سوڵتان (شێخ و ئیسلام قاضی زادە طاهر ئەفەندی) و {صەدری ئەعظەم}سەلیم پاشاش لە پێشی هەموو ئامادەبووانەوە وەستاند بوو کە زیاتر لە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار کەس ئەبوون و هێزی بۆب هاوێژ چواردەوری گۆڕەپانەکەیان دا و

---

[1]) بڕوانە : تاریخ الدولة العثمانية ، د. علی حسون ، ص١٠٧ _١٠٨ .

بەرزایەکانیان لێگرتن و ڕووی تۆپەکانیان تێکردن و ئینکشاری یەکان خەریك بوو دەست بکەنەوە و پەلاماری تۆپەکان بدەن بەڵام ئەوان ئاگربارانیان کردن و ناچاریان کردن بچنە سەنگەرەکانیان لە ترسی مردن و ئەوەبوو هەمووسەنگەرەکانیان بەسەریاندا سوتاند و ڕووخاند و بەوشێوەیەش تەکیەکانی بە کتاشیی یەکانشیان بۆمب باران کرد ، و سوڵتان شەڕەکەی بردەوە و زاڵ بوو بەسەریاندا ، بۆ ڕۆژی دوای مەرسومێکی سوڵتانی دەرکرا و تێیدا تاقمی ئینکشاری لە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەت دا و هەموو ئەو شتانەی پەیوەند بوو پێیانەوە هەڵوەشێنرایەوە وەك جل و بەرگەکانیان ، زاراوەکانیان ، ناویان ، و بڕیار درا کە هەموو ئەوانەش ماونەتەوە و ڕایان کردووە بۆ ویلایەتەکانی تر لەناو ببرێن یان (نەفی) بکرێن ، پاشان {سوڵتان محمودی دووەم} ، (حسین پاشا) ی کردە سەرۆکی گشتی (سەرعەسکەر) کە دەستێکی باڵای هەبوو لەقەلاچۆکردنی ئینکشاری یەکان دا و دوای لەناو بردنیان دەستی کردە جێ بەجێ کردنی یاسای تازەی سوپا [١] .

پاش ئەوە {سوڵتان محمود} هەستی بە ئازادی ئەکرد لە پێش خستنی سوپادا و دەستی کردە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو شارستانیەتی ڕۆژئاوا و لە جیاتی " مێزەر " هات (تربووشی ڕۆمی) دانا و جل و بەرگی ئەورووپای کردە بەر ، و فرمانیشی کرد ئەو جل و بەرگە ببێتە جل و بەرگی ڕەسمی بۆ هەموو کاربەدەستەکانی دەوڵەت چ سەربازی و چ مەدەنی ، و مەدالیایەکی داهێنا ناوی نا (مەدالیای شانازی) [٢] و {سوڵتان محمود} یەکەم سوڵتانێکی ئالی عوسمانە کە ئەمەی داهێنابێت [٣] .

ئەم کارانەی {سوڵتان محمود} کە پێ یان هەڵئەسا وەك ئەوەی مێزەری گۆڕی بۆ تەربووش و جل و بەرگی ئەورووپی سەپاند بەسەر هەموو یەکە سەربازی یەکاندا ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەناخەوە هەستی بەو ڕووخانە دەرونی یە کردووە کە ئێمە لە دوایدا باسی ئەکەین (ان شا ءالله) .

دووەم / {محمد پاشا}ی والی میصر :

---

1) بڕوانە : تأریخ الدولة العثمانية ، د. علی حسون ، ص١٦٩ .

2) بڕوانە : المسلمون وظاهرة الهزيمة النفسية ، عبدالله بن حمد ، ص٧٣ .

3) بڕوانە : تاریخ الدولة العثمانية ، د. علی حسون ، ص١٦٩ .

{محمد پاشا} کەسایەتی یەکی ناوبانگ خراپ بوو، وا ناسرابوو کە پیاوێکی توند و دڵ ڕەقە، دەوڵەتی عوسمانی ئەینارد بۆ تەمێ کردنی ئەو لادێیانەی کە باجەکانی دەوڵەتیان دوا ئەخست تا لێیان وەربگرێتەوە ، کەچی ئەو لە چواردەوری لادێکەدا سەربازگەی دائەمەزراند و خۆی و هێزەکەی کە بۆ تەمێ کردن ڕۆشت بوون دەستیان ئەدایە فەرهود کردن و تالآنی و برۆ و تۆقاندنی خەڵکی بێ دیفاع ، تا ئەیانگەیاندە ئەوەی خەڵکی ئەو لادێیە وایان لێ ئەهات دانی ئەو باجە چەند زۆر بوایە لایان باشتر بوو لەو هەمووە فەرهود و تۆقاندنە ، ئەم کابرایەش ئەوەندە حەزی لە لوت بەرزی ئەکرد گەیاندبوویە سنووری شێتی [1] .

{محمد علی} بەسەرۆکایەتی تیمێکی ڕۆحانی هاتە ناو میصر بەنیازی دەرکردنی فەڕەنسی یەکان و ئەوەبوو توانی بە زیرەکی خۆی و فرت و فێڵ متمانەی زانایانی میصر بۆ خۆی بەدەست بهێنێ و کەوتە هەوڵی ئەوەی ڕکەبەرەکەی کە والی میصر بوو لەناوبەرێت بەهەموو ڕێگەیەکی لارو وێرو فرت و فێڵ تا ئەوە بوو بویە والی میصر لەسەرەتای ٢٠ / ربیع الاول / ١٢٢٠ ك بەرامبەر ١٨ / یونیو / ١٨٠٥ ز دا .

لەگەڵ ئەوەدا کە {محمد علی} سەرەتا زۆر هەوڵی ئەدا ببێت بە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی سوڵتان [2] و لەو پێناوەشدا ووشە و دەستەواژەی زیللەت ئامێزی زۆری بەرامبەر سوڵتان و دەوڵەتی سوڵتان بەکار ئەهێنا [3] ، بەڵام سوڵتان زۆری نەمابوو لە دووریەکانی ئەو جۆرە دەستەواژانە تێ بگات بەوەی ترسی خۆی لەم والیە تازەیە نەشاردەوە و فەرمانی کرد بگوازرێتەوە لە والیەتی میصر کەچی زانایانی میصر، جارێکی تر دەخالەتیان کرد و وایانکرد سوڵتان فەرمانێکی تر دەربکات و لەسەر کورسی حوکمڕانی میصردا بمێنێتەوە لە ٢٤ / شعبان / ١٢٢١ هـ _ ٦/ نوڤمبری / ١٨٠٦ ز .

لێرەوە {محمد علی} کەوتە بەهێزکردنی بنکەی کەسایەتی خۆی و قۆرخ کردنی دەسەڵات لە خۆیدا [4] ، و بەو شێوەیەش لە نەوەکانی خۆیدا ، پرسیارێکی زۆر هەیە و پێویستیان بە

---

[1]) واقعنا المعاصر ، محمد قطب ، ص٢٠٥ .

[2]) بڕوانە :قراءة جديدة لسياسة محمد علیپاشا التوسعية،د.سليمان،ص ١٧.

[3]) لە بەڵگە نامەیەکی تورکی بە ژمارە{ ٥٠/١-٢٤٨لە "ربيع الاول"ی ساڵی ١٢٣٠ك،لە الرياض} وەر گیراوە

[4]) بڕوانە : تاريخ الدولة العثمانية ، ص٣٩١ .

وەلاٌم هەیە دەربارەی حەقیقەتی ئەوڕۆڵەی {محمد علی} پێی هەستا کە هەمووی لە بەرژەوەندی فەرەنسا و بەریتانیا دا بوو، ئایا ئەوانە کێ بوون لە پشت کاری لەناو بردنی دەوڵەتی یەکەمی سعودی یەوە بوون ؟ نەیان هێلاٌ {شام}و {میصر} ببێتە یەك ؟ ئێمە لەم لێکۆڵینەوە مێژووی یە هۆشمەندانەوە هەوڵی وەلاٌمدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەدەین .

سێ یەم / {عبدالرحمن جبرتی} مێژوو نوس بەم شێوەیە باسی محمد علی دەکات :

" عبدالرحمن جبرتی " مێژوو نوس بەم شێوەیە وەسفی {محمد علی} دەکات و ئەڵێ : پیاوێکی گزی بازو درۆزن بوو، سوێندی درۆی زۆری ئەخوارد ، ستەمکارێکی وا بوو، نە پەیمان ئەیخوارد لە لای ئەو نە نزیکی و ڕەفیقایەتی ، بەردەوام نیازی خراپی لە دڵ دا بوو ، هەر خەریکی توندو تیژی و ستەم بوو ، لەهەمان کاتدا بەڵێنی دادی بە خەڵك ئەدا ، ستەم و ئازاری تەنانەت لەسەر پیرێکی ووشك هەلاٌتوش کەم نەئەکردەوە کە دەستی بدایەتە ستەم و تاکرەوی [1] .

ئەم سیفەتانەی وای کرد لە هەندێك بڵێن : {محمد علی} " میکافیلی " بوو یان بیروڕای میکافیلی خوێندوە (میکافیلی خاوەنی کتێبی : - الغایة تبرر الوسیلە = مەبەست هۆکارئەشەرعێنێ) ، جارێکیان بە {محمد علی} وترا میکافیلی کتێبێکی داناوە و ناوی ناوە (میر) ، یەکسەر یەکێك لە (نەصرانییەکانی) دەوروبەری کەناوی (ئەرتین) بوو ئاگادار ئەکات ئەو کتێبەی بۆ وەر بگێرتەوە سەر زمانی عەرەبی {محمد علی} خووی گرتبوو بەوە وە کە زۆربەی هاوەڵەکانی لە جولەکەکان و گەورەکان بوو،ئەم{ئەرتینە}، هەموو ڕۆژێ لاپەڕەیەکی وەرگێڕاوی ئەو کتێبەی بۆ ئەخوێندەوە ، کاتێك کە گەیشتە لاپەڕە (دە) وەرگێڕانەکەی ڕاگرت و ووتی : من فێڵی وا ئەزانم بە خەیاڵی میکافیلیدا هەر نەهاتووە [2]

چوارەم / (محمد علی) و ماسۆنیەت :

---

[1]) بڕوانە : قراءة جدیدة لسیاسة محمد علی پاشا التوسعیة ، د. سلیمان الغنام ، ص١٧ .

[2]) بڕوانە : مصر في مطلع القرن التاسع عشر ، د. محمد فؤاد شکری (٢/ ٨٥٧) .

ئاسان نەبوو بۆ هیچ کورێکی گەنج لە کاتێکدا کەم ئەزموون و کەم زانیاری بێت بە میصرو سروشتی میصرو بگاتە ئەو پلە و پلەیەی کە((محمد علی) پێی گەیشت ، هەرچەندە ئەو گەنجە زیرەك و بە تواناش بێت ئەگەر پشتیوانێکی بەهێزی لە پشتەوە نەبێت کە نەخشەی بۆ بکێشێت و هاوکاری بکات بۆ دەستخستنی ئامانجەکانی ، و لە هەمان کاتیشدا ئەو هێزە ئامانجەکانی خۆی پێ جێبەجێ بکات ، ئەمەیش ئەڵێن چونکە (محمد علی) دەربارەی خۆی دەڵێ (بەکەڵکی بەرپرسیارێتی نایەت و وەزیر نی یە و ئەمیر نی یە و لە گەورە پیاوانی دەوڵەمەنیش نی یە) ئەو سیفەتانە ش لەڕاستی دا لە ئەودا هە بوون ئیتر خۆی هەر مەبەستێکی هەبێت لە و دەربڕینەیدا، بۆیە هەندێ پرسیار لێرەدا دێتە پێشەوە ، باشە بۆچی ئەبێت تیپتی ((ئەلبانی یەکان)) کە ئەو کەسی دووەم بوو تێیدا بەتەنیا لە ناو ئەو هەموو هێزەی عوسمانیدا ، دەستیان دایە ڕاپەڕین دژ بە (خسروپاشا) و لەسەر کار لایان برد بەبیانوی ئەوەی کە ((موچەکانیان)) دوا کەوتووە ، ؟! هەروەها ئەو ئەپرسێ بۆچی زانایان بەو خێرای یە داوای دامەزراندنی(طاهر پاشا) یان کرد کە سەرۆکی هێزە ئەلبانی یە ڕاپەڕیووە کە بوو ، تا بکرێتە (قائیمقام) و بریکاری والی یە دەرکراوەکە و دوای بیست ڕۆژ یەکسەر ئەکوژرێت ؟! یان بۆچی ئەم والی یە تازە (واتە ئەحمەد پاشا) دوای یەك ڕۆژ لە دەسبەکاربوونی دەردەکەرێت ؟! یان بۆچی((محمد علی)) یارمەتی (خورشید پاشا) ئەدات بۆ ئەوەی ببێتە والی و پاشان کودەتای کرد بەسەریدا ؟ یان ئایا((محمد علی)) چۆن توانی مووچەی ئەو هەمووە سەربازە بدات بەتایبەتی پاش ئەوەی کە (مەمالیکەکان) لە ((صعید)) دا دەستیان گرت بەسەر تەواوی مووچەی خەڵکەکەدا لەوێ ؟ هەروەها بۆچی وبۆچی زۆر لایەنی نادیاری هەیە لەم پرسەدا !!

زۆر بەڵگە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە ئەو هێزە _ کە بەدەرەوە نە بوو _ بریتی یە لە بزوتنەوەی ماسۆنیەت کە لە میصردا و لە ساڵی (١٧٩٨ز) و لەسەر دەستی پیاوانی هێزە داگیرکەرەکەی فەرەنسادا دامەزرا کە ناپلیۆن ڕێگەی بۆخۆشکردن و(کلیبر)ی جێگری دوای خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری ماسۆنی سوپای فەرەنسادا کۆڕێکیان [1]. لە(قاهیر)دا

---

[1]) ووشەی : کۆڕم بۆ (محفل) بەکار هێناوە چونکە ((مجلس)) و ((مجمع)) ی بۆ بەکار دەهێنرێت . (وەرگێڕ:ن)

دامەزراند و ناویان نا (کۆڕی ایزیسی) و ڕێبازێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کرد بەناوی (ڕێبازی مەمفیسیه) یان ڕێبازی کۆنی ڕۆژهەڵات [1].

ئەم کۆڕە توانی هەندێ ئەندام بۆ خۆی دروست بکات لە میصری یەکان هەرچەندە کەم بوون ، پاشان بە ڕەسمی و لە دوای کوشتنی (کلیبر) و لە ساڵی (١٨٠٠ز) (کۆڕەکە) هەڵوەشێنرایەوە و ئەندامەکانی بە شێوەیەکی نهێنی و لە پشت پەردەوە ئیشیان دەکرد .

یەکەم پەیام کە ناپلیۆن بەسەر میصری یەکاندا بەخشی کردووە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە ئەو لە سەرەتای پەلامارەکەیشیەوە هەرکاری بۆ ئەو کردووە ئەو جۆرە بیرو ڕایانە بلاّوبکاتەوە ، ئەوەتا باسی ئەکات و ئەڵێ ((پێیان بڵێن (یانی بە میصری یەکان) خەڵکی هەموو لای خوا یەکسانن و ئەوەی لە یەکتریان جیا ئەکاتەوە تەنیا ئەقڵ و ڕەوشت بەرزی و زانیاری یە) [2] ، ڕێبەرێتی کردنی هێزەکانی فەڕەنسا بۆ بیروباوەڕی ماسۆنیەت هەر لەسەرەتاوە زۆر ڕوونە ، ئەوە بوو دەستیان کردە سەپاندنی ئەو خووە پیس و شاراوانەی کەمایەی بێزاری بوو لای موسڵمانانی میصر" وەك لەش فرۆشی و بێ حەیایی و هاندانی ئافرەتانی گوێ ی دەریاکان و ئافرەتانی هەوەس پەرست تا بە شێوەیکی ئاشکرا کاری بەد ڕەوشتی بکەن ، چونکە ئەم شێوازە یەکێکە لە کەرەسەکانی ماسۆنیەت [3]

هەندێك لە بەڵگەکان ئەوە ئەگەیەنن کە هەر ئەوان _ واتە فەڕەنسی یەکان _ توانی یان هەندێك لە پیاوە ئایینی و زاناکان لە خەڵکی میصر ببەنە ناو کۆڕە ماسۆنیەکەی خۆیان وەك (شێخ حسن‌العطار) ، ئەو کۆڕە کە (کلیبر) لە ساڵی ١٨٠٠ز دروستی کرد ، پاش ئەوەی کە شێخ حسن‌العطاروەك زانایانی تر ڕای کرد بۆ(صعید) لە ئەنجامی ئەو قەلامارەی کە کرایە سەر میصر ، پاشان گەڕایەوە بۆ قاهیرە دوای ئەوەی کە فەڕەنسی یەکان هەموو زانایانیان بانگ کردەوە ، جا حسن‌العطارخێرا پەیوەندی کرد بە پیاوانی هێزە فەڕەنسی یەکانەوە و ئەو زانیاریانەی ئەوانی وەرگرت و لە هەمان کاتیشدا دەستی کردە ووتنەوەی وانەی عەرەبی پێیان [4]. تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ زانیاری یەکانی ئەواندا خۆی جووت کرد و لە هەندێ لە

---

[1]) بڕوانە : نهاية اليهود محمد عزت ، ص١٣٢ .

[2]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص١٦٧ .

[3]) بڕوانە : عجائب الاثار (٣/ ١٦١) .

[4]) بڕوانە : الصراع الفكرى بين اجيال العصور ، ابراهيم العدوي ، ص٨٥ .

شیعرەکانیدا بە باڵای هەندێ لەو هاوڕێ خۆشەویستانەیدا هەڵدەدات کەلەناو ئەواندابوون[١]، ئەم کارانە وای کرد لە (العطار) کە بە کەسێك لە بانگخوازانی (نوێبونەوە) ناوزەند بکرێت[٢]. شێخ عطاردوای ئەوەی ((محمد علی)) بوویە والی میصر پەیوەندی لەگەڵیدا زۆر پتەو بوو بە ڕادەیەك وای لێهات کە بوویە یەکێك لە کۆڵەکەکانی کاری ئەو و بۆ هەنگاوەکان پرۆسەی (نوێبوونەوە) زۆر پشتی پێ ئەبەست لە میصردا و ئەمەش ئاماژەیە کە بۆ ئەوەی کە ((محمد علی)) پەیوەندی هەبووە بە کۆڕە ماسۆنی یەکانەوە لە میصر کە لە سەرتای پەلامارەکەی فەرەنسادا بۆ میصر دامەزرا[٣].

بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە((محمد علی)) ئینتەلای کردبوو بە بیروباوەڕی ماسۆنیەت و بە هەمووو جۆرێك ئامادەیی هە بوو بۆ وەرگرتنیان بە هۆی بونیەی سروشتی خۆیەوە ، ئەوەتا دانوستان لەگەڵ فەرەنسی یەکاندا ئەکات دەربارەی (داگیرکردنی جەزائیر) پێیان دەڵێ((متمانەتان هەبێت بڕیارێك کە من ئەیدەم لە هەستی ئایینمەوە هەڵنا قوڵێ ، چونکە خۆتان ئەمناسن و ئەزانن من لە هەموو ئەو شتانەی کە میللەتەکەم خۆیانیان پێوە بەستوەتەوە من خۆم لێ ڕزگار کردووە .. لەوانە یە بلێین هاولاتی و خەڵکەکەی لای تۆ هەمووی کەرو گان، من خۆم ئەو ڕاستی یە ئەزانم))[٤].

لە سەردەمی((محمد علی)) زیاد لە کۆڕێکی ماسۆنیەت لە میصردا دەمەزرا ، ماسۆنیە ئیتاڵیەکان _ مەحفەلێکیان لە ئەسکەندەریە دا لە ساڵ (١٨٣٠ز) دا دامەزراند لەسەر ڕێبازی (ئیسکوتلەندی یەکان) ، هەروەها جگە لە مە هی تری زۆریش دامەزرا) .

﴿ماسۆنیەت ئەو پردە بوو کە زانیونیزمی جیهانی لێوەی پەڕیەوە ، (نۆ) کەسی جولەکە لە بناغەوە ماسۆنیەتیان دامەزراند بە مەبەستی ئەوەی ئەو خەوەی زانیۆنیزم بهێنێتە دی کە دروست کردنی حکومەتێکی زایۆنیزمی جیهانی یە کە بتوانێت دەست بەسەر هەموو دنیادا بکێشێت ، ماسۆنیەتیش هات و نەخشەی بۆ ئەم ئەمانجە کێشا و ئالیەتەکانیشی دانا بۆ دەست کەوتنی ئەو ئامانجانە ، و ناوی خۆی نا ((هێزی شاراوە)) و کاری نهێنی و وادەو

---

[1]) براونە : الجبرتی والفرنسیس ، صلاح العقاد ، ص٣١٦ .

[2]) بڕوانە : قراءة جديدة في التاريخ العثمانى ، ص١٦٩ .

[3]) بڕوانە : قرأءة جديدة في التأريخ العثمانى ، ص١٦٩ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٧٠ .

پەیمانی وایان لە ئەو کەسانە وەردەگرت کە ئەبوونە ئەندام تێیدا ، کەلە دواییدا ئە بویە کارتی فشار لەسەریان و وای لێدەهات ئەبوو بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە ئەوان ئەیانەوێت ، گەندەڵی ماسۆنیەت زۆر زوو لەناو کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا بلاوبوویەوە و توانیشی لە ڕێگەی دروشمە ئاشکراکانیانەوە خەڵکێکی زۆر بۆلای خۆیان ڕابکێشین وەك دروشمی (ئازادی ، برایەتی ، یەکسانی) ﴿[1] .

(ماسۆنیەکان دەسکەلای جولەکەن و ئیشەکانیان بۆ ڕائەپەڕێنن وەك نەخشەکانیان بۆ توندی و تژی و پلانی چەوساندنەوە و لە ناوبردنی خەڵك و سڕینەوە یان، کە بەسەر هەموو میللەتانی دونیادا جێ بەجێی ئەکەن)[2].

(ماسۆنیەت ئامێری ڕاوکردنە بەدەستی جولەکەوە ، بە ماسۆنیەت گەورە سیاسەتمەدارەکان ئەدەن بە زەویدا ، گەل و میللەتە بێ ئاگاکانی دونیا هەڵئەخەڵەتێنن ، ماسۆنیەت ترسناکیەکەی خۆی لە پشت ئەو هەمووە ڕەمزو مەتەڵ و ئارمەوە شاردوەتەوە ، خەنجەرێکە جولەکە کردوویەتی بە دڵی هەموو میللەتەکاندا ، و کردوویانەتە دوژمنێك لە ناوگەلانداو مایەی نەخۆشیە بۆ ناویان ، ، ماسۆنیەت ئەو دووپشکەیە کە چەند سەدە لەسەر یەك بەردەوام بە گەلانیەوە ئەدا لەژێر پەردەی ئازادی و یەکسانی و برایەتی دا ..)[3] .

ماسۆنیەت هیچی تر نی یە ئەوە نەبێت شەتڵگە و بەچکەی جولەکەیە و مادامێکیش وایە کەواتە جۆرەها فێڵ و تەڵەکە ئەزانێت ، و چاك ئەزانێت چۆن گومان بەرامبەر هەموو ئایینێك دروست ئەکات و کوفرو بێ دینی لە هەموو دنیادا بلاودەکاتەوە ، و خەڵك بۆ گەندەڵی و بەرەڵای و پیسی بانگ بکەن ، جولەکە مێژوویان لای هەموو کەسێ دیارە کە چۆن لادانیان لە کتێبە خوایی یەکاندا دروست کردووە و چۆن پێغەمبەرانیان سەربڕیوە و هەموو چەپکە نورێکیان کوژاندوەتەوە و هەمیشە هەر بەدوای سەروەتدا ئەڕۆن و بەندەی ئاڵتونن و هەربەدوای ((شت شاردنەوە= احتكار)) دا ئەگەڕێن و ماڵ کەڵەکە ئەکەن لەسەر یەکتری .... هەروەها چەندان خووی تری خراپیان هەیە کە زیاتر ئەوان بەوەوە ئەناسرێن ، ئەمڕۆیش لەکەس شاراوە نی یە کە ماسۆنیەت ڕێکخراوێکی یەهودی یەو مەبەست پێ ی

---

[1]) بڕوانە : الماسونية وموقف الاسلام منها ، د. محمود الرجيلى ، ص٣،٤ .

[2]) بڕوانە : اليهود الماسونيه ، عبدالرحمن الدوسري ، ص٤٢ .

[3]) بڕوانە ((حقيقة الماسونية)) ی (محمد على)الزعبي ، ص٧٠ .

کاولکردنی جیهانه له ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و دینداری یەوه ... دەستی ژەهراویشی گەیشتوەته هەموو بەهاو بیرو باوەڕێك و مەبەستی ئەوەیە کە تێکی بشکێنێ و لەناوی بەرێت) [1].

کۆمەڵگەکانی ماسۆنیەت لە هەموو وولاتانی میصرو شام و تورکیا دا بلاوبونەوە و شەو ڕۆژ لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە دەوڵەتی عوسمانی لاواز بکەن و لەیەکی هەڵوەشێنن بە پاچە گەندەڵەکانیان کە ئاگای ماندوو بوون و پسانیان نە ئەزانی ، هەر کۆمەڵگەکەی فەڕەنسا بوو لە میصر کە وای کرد فەڕەنسا بە دڵ و بە گیان ((محمد علی)) گرتە باوەش تا سەراپای نەخشەکانی لە ڕێگەی ئەوەوە جێبەجێ بکات و هات سوپایەکی مەشقپێکراوی بۆ دروست کرد لەسەر تازەترین شێواز و بە تازەترین چەك پڕچەکی کرد کە لەو ڕۆژەدا هە بوو ، سولەیمان پاشای بارگە بووی بە فەڕەنسا کردە سەرپەرشتیاربۆئە وهێزە)) [2].

بەرژەوەندی یەکانی (فەڕەنسا) وایان بە پێویست ئەزانی کە پشتیوانی لە (محمد علی) بکەن تا ئاواتەکانی داهاتووی مسۆگەر بکات بەوەی کۆمەڵگەکانی ماسۆنیەت بپارێزێت و بەهێزیشیان بکات ، و دەوڵەتی بەرزیعوسمانی ، لاواز بکات و خەنجەرە ژەهراویەکەیشی بچەقێنێتە دڵی دەوڵەتی عوسمانی ، بۆ ئەمەیش گەلە کەشتیەکی دەریای پێشکەتوو و گەشەسەندووی بۆ دامەزراند ، لە (دمیاط) تیشدا پاشخانێکی دەریای بۆ دانا ، و چەندان پردو بەستی خێری بۆ دامەزراندن تا کاروباری ئاودێری لە میصردا بکات ، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بوو کە نەخشەی خاچپەرستەکانی پێ جێبەجێ ببێت کە پەلامارە سەربازی یەکەی فەڕەنسا نەیتوانی جێبەجێ ی بکات و ناچاری پاشەکشە و هاتنە دەرەوە بوو لە وولاتدا .

((محمد علی)) ڕۆڵێکی گوماناوی بینی لە گواستەوەی میصردا لە ناسنامە ئیسلامی یە گشتی یەکەیەوە بۆ شتێکی تر کە لە کۆتاییدا بەوە تەواو دەبوو کە بە تەواوەتی لە بازنەی شەریعەتی خوا بچێتە دەرەوە ، ئەم ئەزموونەی ((محمد علی)) بوویە مامۆستایەك بۆ خەڵکانی دوای خۆی وەك (کمال ئەتاتورك) و(جمال عبدالناصر) ...هتد .

---

[1]) بڕوانە : الماسونية و موقف الاسلام منها ، د. محمود الحيلي ، ص١٨ .

[2]) بڕوانە ((واقعنا المعاصر)) ص٢٠٥ .

موسڵمانی ڕاستەقینە ناکرێ بەوەها ڕۆڵێك هەڵستێت ، ئیتر ئەو موسڵمانە هوشیار بێت یان گێل و گەمژەبێت ، چونکە ئایینەکەی ڕێگەی نادات ئاڕاستەی خۆی لە دوژمنان وەربگرێت .

دوژمنانی ئیسلام ئەیانویست دەوڵەتی عوسمانی لە ناوبەرن ، جیهانی ئیسلامی بکەنە ڕۆژئاوا یەکی تر و گرنگترین تایبەتیشیان ئەدا بە وولاتی ئەزهەر بۆ ئەوەی لە وێوە و هەموو بیروباوەڕەکانی خۆیان بنێرنە ناوگەلە ئیسلامی یەکانی تر ، سەربارەت بە لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوە((محمد علی)) ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بێهێزکردنی دەوڵەت و بە فیڕۆدانی ووزەکانییدا ، و سامی نەهێلا لای خەڵك و حورمەتی شکاند لایان ، سەبارەت بە نزیك بوونەوەشی لە دوژمنان و سوڕانەوە لە خولگەی فیکری و ژیاری ئەواندا و پلە پلە خۆ داڕنینی پاشخانەعەقیدەیی و فیکری و ڕەوشتی یەکەی، ئەوە بە دڵنیای یەوە قۆناغێکی زۆری پریبوو کە هاوپەیمانەکانی لە ماسۆنی یە فەرەنسی یەکان و بەریتانی یەکان زۆر پێیان دا هەڵدەدا و نکۆڵیش ناکرێ کە دۆڕاندنی خۆی لە بەرانبەر هێرشی فیکری چێنراوی ئەواندا ڕاگەیاند و کەوتە کارکردن بە سیاسەتی شاند ناردن _)واتە ناردنی قوتابیان بۆ ئەوروپا) تا لەوێدا فێری شت بن کە ئەمە یەکێك بوو لە شتە ترسناکەکان کە بوونە پەنجەرەیەك و لە ئەوانەوە ئاڕاستەی ((عەلمانی)) ئەهاتە ناوەوە و سەرتا هاتە گۆڕەپانی خوێندنەوە و پاشان هاتە ناو گۆڕەپانی هەمووو ژیانەوە لە میصری ئیسلامیدا ، و ((محمد علی)) ئەزهەر و شێخەکان و زانایانی پشت گوێ خست و هەر گرنگی بەوە ئەدا منالە ووردکری زۆری ئەنارد بۆ ئەوروپا کە هەموو لە تەمەنی ((مێردمناڵیدا)) بوون و شتی وایان پێ نە بوو بۆئەوەی ڕۆبچن بۆ گوناهو تاوان و گومان و دوو دڵی کاریان تێ بکات و بگەڕێنەوە و ببنە ئەو سەرەڕمەی کە لە ڕۆژئاواوە ئاڕاستەی بۆ دانرابێت ، ڕاستە لەگەڵ هەموو شاندێکدا مەلایەکیان ئەنارد بۆ ئەوەی نوێژیان بۆ بکات ، بەڵام ئەم مەلایانە چیان کرد ؟ ((رفاعه رافع الطهطاوى)) یەکێك بوو لەو مەلایانە ، کەچی کە گەڕایەوە ئەویش یەکێك بوو لەوانە بانگەشەی بۆ ((غەربزەدەیی)) [1] ئەکرد ، تەنانەت کاتێك کە خزم و کەس و

---

[1]) ووشەی غەربزەدەیی لەجیاتی ((التغريب)) ی عەرەبی بەکارهاتووە و مەبەست پێ ی گواستنەوەی بەها و بیروباوەڕو نەریتی ڕۆژئاوایە بۆ ناو دونیای موسڵمانان (وەرگێر:ن) .

کارەکەی چوونە پێشوازیکردنی کە لە فەڕەنسا گەڕایەوە و خۆشی و شادی یان دەربڕی بە هاتنەوەی پاش چەند ساڵ غەریبایەتی ، ناوچاویان لێ ئەدا بەیەکدا و وا باسیان ئەکات گوایە ئەوان خەڵکانێکی عەشایەر و جوتیارن و شایانی ئەوە نیین ڕێزی پێشوازی کەریان پێ ببڕێت بۆ کەسێکی وەك ئەم !! [1]

ئەوە بوو لە پاشاندا کتێبێکی نوسی و تێیدا باسی هەواڵەکانی (پاریس) ئەکات و خەڵکی بۆ ئەوە بانگ ئەکات کە حیجاب فڕێ بدەن و ژن و پیاو تێکەڵی یەك ببن و باسی ئەوەیش ئەکات هیچ شورەیی یەك نی یە لە سەماکردندا و سەماکردنیش تەنیا کۆمەڵێك مەشقی وەرزشی یە لەسەر ئاوازێکی موسیقی و ڕاست نی یە وەك کارێکی ناشیرین و حەرام سەیر بکرێت [2].

پرۆسەی لەسەرخۆ بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن نزیکەی سەدەیەکی خایاند ، بەلاّم پرۆسەیەکی بەردەوام بوو ، نەئەوەستا و هەمیشەش بازنەی پرۆسەکەی بەرەو فراوانی ئەبرا [3].

((محمد علی)) ڕێوی یەکی فێڵباز بوو ، هەموو خەیاڵی هەر لای خۆی و مناڵەکانی بوو بۆ دوای خۆی ، بۆیە کۆمەڵێ کاری ناشایستە و خراپی زۆری کرد بۆ بهێزکردنی میللەتی ئیسلامی و چزی نەهێلاّو تەواوی نەخشەکانی فەڕەنسا و بەریتانیای جێبەجێ کرد ، زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی کە لە چاوی ڕۆژئاوادا جوان بنوێنێ و خەڵك بە دوایدا بڕۆن لە نوێخوازیدا ، تەنانەت بیرکردنەوەیشی وەك دەربارەی خۆی ئەڵێ ((بەعەقڵێکی فەرەنگیانەوە بیر ئەکاتەوە لە کاتێکدا کە کلاوێکی عوسمانی لەسەردایە)) [4].

(محمد علی) لەبری فەڕەنسا و بەریتانیا و نەمسا و ڕوسیا و هەموو دەوڵەت ئەورووپی یەکانی تریش کاری ئەوە بوو کە چەند گورزێکی کاریگەر و تاقەتپڕوکێن بسرەوێنێتە ((ئاڕاستەی ئیسلامی)) لە ناو خەڵکدا لە میصر و دوورگەی عەرەبی و شام و خیلافەتی

---

1) بڕوانە : واقعنا المعاصر ص٢٠٩ .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٩ .

3) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٠ .

4) تجربة (محمد علی) الکبیر ، منیر شفیق ، ص٣٨ .

عوسمانی دا ، ئەو هەولانەی ئەو زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا چاو ببڕێنە جیهانی ئیسلامی .

پێنجەم / (محمد علی)و لێدانی ئیسلام لە میصردا :

پاش ئەوەی (محمد علی) سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەوەدا کە جێگەی خۆی قایم کرد لە دەسەلاتدا و پەرژینێکی بەدەوری خۆیدا دروست کرد لە هاوڕاو یاریدەدەران لە خەلکی نەصارای ئەرۆمی و ئەرمەنی و چەند نوسەرێکی قبطی و جولەکە . ، چەندان مەمالیکی هێنا و کردنیە کاربەدەست لە هەرێمەکاندا ، هەموو ئەمانەشی کۆمەلانی خەلکی لە موسلمانانی میصر بێزار ئەکرد و مانای ئەوەی تێدا بوو کە گرنگی یان پێنادات و گوێیان ناداتێ ، بەتایبەت ئەو یاریدەدەرانە لە سیاسەتی چەوساندنەوەی جوتیاراندا زۆر کۆمەکیان ئەکرد ، (جەبرەتی) ئەمە سیاسەتە بەم شێوەیە وەسف ئەکات ((دەرگای خستە سەر پشت بۆ ئەرمەنەکان و ڕۆمیەکان(*)و بوونە سەردارو خەلکە هیچەکانی خۆیان بەرزکردەوە و (محمد علی) یش ئەوەندە حەزی لەدەسەلات و زۆرداری بوو وای لێهاتبوو خۆشی لە هیچ کەسێك نەئەهات کە ڕکەبەرایەتی بکات)) [1] .

(محمد علی) و ناموسلمانە شوێنکەوتوەکانی سیاسەتێکیان پیادە ئەکرد کە کورتەکە بریتی بوو لە ستەمکاری و داپلۆساندن و بە کۆیلە کردنی هەموو گەلانی میصری ، هەموو جوتیارو خاوەن زەوی یەکانی میصری کۆکردەوە و بەبێ کرێ کاری پێ ئەکردن ، یان ئەبوو لە بری ئەوە با جێك بدەن ، یاساغی کرد لەسەریان کە ئیش بۆ خۆیان بکەن و نانی دەستی خۆیان بخۆن ، بازرگانی هەلوەشاندەوە و نرخی بژێوی خەلکی زۆر گران کرد ئەوەندەی باج خستە سەر خەلکی بۆیان هەلنە ئەسوڕا ، و هەرچی چالاکی ئابوری هەیە گرێ ی دا بەخۆیەوە و بووە نەگبەتی بەسەر خەلکەوە [2] ، ((جەبرەتی)) ئەو هەلسوکەوتەی (محمد علی) ئەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ((نەخۆشی ڕژدی و چاوبرسێتی و چاو بڕینە موڵك و مالی خەلك، ئەو سیفەتانە بوون کە ڕەنگیان دا بوویەوە تێیدا)) [3] .

---

[1]) بڕوانە : عجائب الآثار (٤/١٥٠) .

[2]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثمانيين ، ص١٧٩ .

[3]) بڕوانە : عجائب الآثار (٤/١٥٠ ٩) .

ئەم سیاسەتە داپڵۆساندنە ڕقێكی زۆری لەجوتیاراندا دروست كرد بەرامبەر (محمد علی) و هاوكارانی و كەوتنە هەڵاهاتن لە زەوی یە كوشتوكاڵیەكانیان و بە جێ هێڵانی گوندەكانیان لە تاو سیاسەتی پڕ لە ستەمیان ، و بە هیچ شێوەیەكیش بەشداریان لە ناو سوپاكەیدا نە ئەكرد ، ژمارەی ئەو جوتیارانەی لە ماوەی ساڵێكدا (واتە لە (١٨٣١ ز) دا هەڵاتن گەیشتە شەش هەزار جوتیار [1] .

لە شارەكانیشدا بەتایبەتی لە قاهیرەدا (جەبرەتی) باسی ئەو ئەكات كە كاتێك (محمد علی) داوای لە خەڵك كرد كە شارەكان نەوژەن بكرێتەوە (((دە)) شتی خراپی تر كەوتە سەر خەڵك كە ئەمانەن : كار كردن بەبێ كرێ ، خزمەتكاری ، كرێ دەستی ، زەلیلی ، سوكایەتی پێكردن ، جل دڕین ، پارەدان ، دوژمن دڵخۆش كردن ، بڕینی بژێوی ، كرێ ی گەرماو) [2] .

(جەبرەتی) هاوچەرخ بووە لەگەڵ ئەو سیاسەتە ستەمكاری یەی كە (محمد علی) بەسەر گەلی موسڵمانی میصردا سەپاندوویەتی ، كە هەموو خێرو بێرومافەكانی مژیبوون و دەرگای وڵاتی بۆ بازرگانە ئەوروپیەكان خستبوە سەرپشت، تابێتە میصر و دەست بگرن بەسەر ئابوری ووڵاتدا ، و وای لێ هات میصر بوویە ئەو كێڵگەیەی كە بازاڕەكانی ئەوروپا پشتیان پێ ئەبەست بۆ هەموو بەرهەمێكی كشتوكاڵی ، میصرو ئەوروپا بەیەكەوە بەسترانەوە لە ڕووی بازرگانی و لە ڕووی شارستانیەتەوە ، میصر وای لێ هات ئەو توێژە بازرگانە تازە پێگەیشتوەی هەبوو هەموو پشتیان بە تەواوی بەستبوو بە ئەوروپا لە هەردوو بواری ئابوری و سیاسەتیشدا ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بانگخوازانی ڕۆشنبیری ئەوروپا بەچاكی دەستیان گرتبوو بەسەر ژیانی فیكری دا بەتایبەتی دوای ئەوەی كە بانگخوازانی ڕەوتە ئیسلامیەكە ئیفلیج بوو بوون [3] . ، (محمد علی) بەرنامەكانی خوێندنی ڕاگرت ئەو بەرنامانەی كە لەسەر ئایین ڕاوەستا بوون ، بۆ ئەوەی سیاسەتە ماسۆنیەتەكەی ناپلیۆن پیادە بكات ، ئەم كارە مێژوونوسی ئینگلیزی ((ئارنولد توینبی))یش دووپاتی ئەكاتەوە بەو قسەیەی كە ئەڵێ ((

---

[1]) بڕوانە : تأریخ الشرق العربي ، د. عمر عبدالعزیز ، ص٣٤٦ .

[2]) بڕوانە : قراءة جدیدة في التأریخ العثمانی ، ص١٨٠ .

[3]) بڕوانە : تاریخ الشرق العربي ، د . عمر عبدالزیز ، ص٣٢٢ ، ٣٢٣ لە ((قراءة جدیدة)) وەری گرتووە .

(محمد على) كابرایەکی دیکتاتۆر بوو ، بەتاك ڕەوی خۆی توانی هەموو بیروڕاکانی ناپلیۆن بکاتە چەند ڕاستیەکی کاریگەر لەمیصردا)) [1].

ئیمپریالیزمی ئەوروپی ئامانجەکانی خۆی هێنایە دی بەوەی سوودی زۆری وەرگرت لە و دامەزراوە و چاکسازی یە مادديانەی کە (محمد على) دەسکەلایان بەرپای کردن ، بەڵام گەلی موسڵمانی میصر بێئومێدی باڵی کێشا" بو بەسەریدا و ئەوەندە باجی گەورەی دا کە زۆر لەو چاکسازی یانە گەورەتر بوون ئەویش ئەوە بوو کە ناسنامە شارستانیەکەی لەدەست داو ئەو ناسنامەیەی کە ئیسلام ڕەنگ و ژیواری پێوە نەهێلا بوو ، بویە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی سەردەمە ئیسلامی یەکان ڕۆڵی تایبەتی و بەرچاوی هەبێت [2].

دەرگای (بیری ناسیۆلیزمی و نیشتمانی) لە خەڵك کردەوە و دەستی دایە سیاسەتی بەرتەسك کردنەوە لە ڕووی هەڵگرانی بیری ئیسلامی لە زانا و مەلاکان ، ئەم ئاڕاستەیە تەریب بوو لەگەڵ ئەو هەوڵانەیدا کە ئەیدا بۆ سەربەخۆیی میصر و پاشان پچڕاندنی لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی [3]. کۆڕەکانی ماسۆنیەت کە ئەم ئاڕەستەیان وا دا ئەنا لە کرۆکی ئەنجامەکانی ئەوانە ، هاوکاری و کۆمەکییەکی زۆریان کرد .

دیارترین کەسێك کە هاوکاری ئەم ئاڕاستەیەی کرد (شێخ حسن العطار) بوو لە ساڵی (١٧٧٦ك _ ١٨٣٥ ز) کە بەڵگەکان ئامازە بۆ ئەوە ئەکەن ئەم شێخە ئەندامێکی کۆڕی ماسۆنیەتی میصری بووە ، ((عطار)) وای ئەبینی کەئە بێ میصر ((حاڵەتەکانی گۆڕانکاری بەسەردا بێت و هەندێ زانستی تێیدا تازە بکرێتەوە کە تا ئێستا تێیدا نە بووە)) ، مەبەستیش لەم ئاڕاستەیە ئەوە بوو کە بەتەواوەتی ڕووبکرێتە ڕۆشنبیری ئەوروپی بەتایبەتی دوای ئەوەی بە قەناعەتی ئەو مەلا و زانایان دەستەوسان وەستا وون لە وەی کە وەك موسڵمانە پێشینەکان بەردەوام لە هەوڵداندا بن) [4].

((رفاعة طهطاوی)) (١٨٠١ _ ١٨٧٣ ز) کە قوتابی (عطار) بوو بە شوێن مامۆستاکەیدا ئەڕۆیی ، (محمد على) پێنج ساڵ وەك شاند ناردیە فەڕەنسا (واتە لە (١٨٢٦

---

1) بڕوانە : ئارنوڵد توینبي / عبدالرحمن الجبرتی و عصرة ، ص١٤ .

2) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص١٨٢ .

3) بڕوانە : مصر في مطلع القرن التاسع عشر ، محمد فؤاد (١٢٣٢/٣) .

4) بڕوانە : التيارات الساسية بين المجددين والمحافظين ، بيومي ، ص٢ .

) ەوە تا ١٨٣١ز) گەڕایەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەی (نیشتمان پەروەری و بیرۆکەکانی تری کۆمەڵایەتی برەو پێ بدات ، ئەو بیرۆکانەی کە لە فەڕەنسا دا باویان بوو کە لەگەڵ بارو دۆخی ئەو کۆمەڵگایە نە ئەگونجا کە پەیوەند بوون بە بیری ئیسلامی یەوە ، ئەم بیروڕایانەی (طهطاوی) لە زۆرێك لەو هۆنراوانەدا دەرئەکەون کە دای ئەنان ، یان لەو کتێبانەدا کە وەری ئەگێڕان لە کاتێکدا کە کرابوویە سەرپەرشتیاری قوتابخانەی زمانەکان [١] ، ئەم(طهطاوی) یە کاریگەری تەوژمە فیکری یەکانی ئەورووپا لە ئەم پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ لەسەری چەند بەرامبەر بوو لە چاو کاریگەری بیری ئیسلامی لەسەری ، وای لێهاتبوو لە زۆربەی لایەنەکانی فیکرو قۆناغەکانی ژیانیدا سەرسامی خۆی دەرئەبڕی بەرامبەر بە بیری ((ئازادی)) و ((یەکسانی)) و((پشت بەستن بە عەقڵ)) ، کاری لەسەر ئەوانە ئەکرد کە ناپلیۆن لە پەلامارە بە ناوبانگەکەیدا بانگەشەی بۆ ئەکرد ، طهطاوی کاریگەری خۆی نە شاردوەتەوە بە بیروڕاکانی (مونتسکیو) و تێربوونی بە بیری ماسۆنیەت .

خەڵکێکی زۆر بە شوێن (طهطاوی) دا ڕۆیشتن و بانگەشە یان بۆ نیشتمان پەروەری ئەکرد ، باسی ئەوەیان ئەکرد کە پێویستە بەتەواوەتی ڕووبکرێتە شارستانێتی ڕۆژئاوا ، لەوانە (علی مبارك) و (ابراهیم ادهم) و صالح مجدی) و (محمد عثمان جلال) و (عبدالله ابو السعود) عبداللەفکری و خەڵکی تریش ، ئەمانە هەموویان هێرشێکی بەردەوامیان ئەکردە سەر تەوژمی ئیسلامی لە هەموو ڕوویەکەوە [٢].

شەشەم / بزوتنەوەی(شێخ محمد عبدالوهاب) و ململانێ ی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا :

سەرەتایەك :

شێخ محمد کوڕی عبدالوهاب کوڕی سلیمان کوڕی علی کوڕی محمد کوڕی احمد کوڕی ڕاشدی تەمیمی لە ساڵی (١١١٥ك _ ١٧٠٣ .) لە شاری (العینیة)لەدایك بووە کە ئەکەوێتە باکوری (ریاض) ەوە و هەفتا کیلۆمەتر لێوەی دوورە یان نزیك بە ماوەیەك لەلای خۆرئاوا ،[٣].

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٣ .

[2]) بڕوانە : قراءة جدیدةفي التأريخ العثمانيين ، ص١٨٤ .

[3]) بڕوانە : امام التوحيد محمد بن عبد الوهب ، احمد القطان ، ص٣٥ .

(شێخ محمد) هەر لەم ناڵیەوە حەزی لە زانیاری ئەکرد و بە و مناڵیە بە شوێنیدا ئەگەڕا و بلیمەتی و لێهاتووی پێوە دەرکەوت و توانی هەموو قورئانی پیرۆز لەبەر بکات و ((فقهی حەنبەلی)) و تەفسیرو فەرمودە بخوێنێت ، سەردەمی قوتابیەتی لەگەڵ کتێبەکانی(ئیبن تەیمیەد)ا بەسەر برد چ لە بواری فقهدا چ لە بوارەکانی (عقائید) و (بیروڕا) دا و ئەوەندە سەرسام بوو بۆ ئیبن تەیمیە) هەر مەپرسە ، کاریگەری کتێبەکانی ((ئینولقەییم)) و ((ئین عوروەی حەنبەلی)) و جگە لە وانیش لەسەردروست بوو لە زانایانی ئەم سەرچاوە سەلەفی یە... [1]

بۆ وەرگرتنی زانیاری" کۆچی کرد بۆمەککە و مەدینە و بەصرەو ئەحساء و لە عێراقدا توشی تاقی کردنەوەی زۆر بوو کاتێك کە بیروڕاکانی خۆی باس ئەکرد لە ناو خەڵکیدا، و ئەوە بوو گەڕایەوە بۆ (نجد) .

کە گەڕایەوە بۆ (حریملاء) لە وولاتی (نجد) دا دەستی دایە بانگەشەکردنەکەی و فەرمانی بە چاکە ئەکردوو بەرگری لە خراپە ئەکرد و سەرقاڵ بوو بە زانیاری و خەڵك فێرکردن و ، بانگەشە کردن بۆ یەکتاپەرستی بێ لەکە وخەڵك ترساندن لە (شیرك) و ترسناکیەکانی و جۆرەکانی و شێوەکانی ، هەندێ لە نەفامەکانی (حریملاء) هەوڵی تیرۆرکردنیانی دا و پێوە نە بوو ، پاش ئەوە گەڕایەوە (العینیة) ی زێدی خۆیی و میری ئەوێ زۆر بە خێرهاتنەوەی کردو و هانی زۆری دا لەسەر بانگەواز کردن بەردەوام بێت ، ئەویش دەستی دایە بەرپاکردنی شەریعەت و جێبەجێکردنی سزاکان (حدود) ، و ڕوخاندنی گومەزی سەرقەبرەکان ... لە (حریملاء) دا زۆر بەردەوامی نە بوو بەهۆی ئەو فشارەی کە میری (احساء) هێنای بۆ میری (حریملاء) بۆ ئەوەی شێخ محمد کوڕی عبدالوهاب بکوژرێت ، بۆیە شێخ بەپێی خۆی گەیاندە (درعیە) .

هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ (محمد بن سعود) دا :

محمد کوڕی عبدالوهاب توانی لەگەڵ (میر محمد بن سعود)دا هاوپەیمانی ببەستێت ئەو ((سعود)) ەی کە بە پارەو بە پیاو لە پێناو بانگەوازی یەکتاپەرستیدا رایدا بوویە مەیدان ، ئەم هاوپەیمانێتە لەسەر بناغەیەکی پتەو دامەزرا بوو ، شێخ توانی بانگەوازەکەی بگەیەنێتە هەموو خەڵکی لە ڕێگەی دەرس ووتنەوە و پەیام نوسین و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی یەوە ،

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٦ .

لەسەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو ، خەڵکی فێر ئەکردوو پەیامی ئەنوسی و سەرەتاکانی ئەو پەیامانەی ئەئاخنی بە بەڵگەو ئایەت و حەدیس لەسەر ڕاستی بانگەوازەکەی ، خەڵکی بۆ ئەوە بانگ ئەکرد کە بەرگری لە خراپە بکەن و گومەزی و قسنی سەر قەبرەکان بڕوخێنن و دەرگاکانی (شیرك) دابخەن و تەنیا و بە تەنیا ببنە عەبدی خوا [1].

ئەم بانگەوازە بە ئاشتی و لەسەر خۆ ئەیدا لە دەرگای دڵەکان و لێیان ئەوەستا تا وەلاّمیان ئەدایەوە ، بە (حیکمەت) و (ئامۆژگاری باش) خەڵکی بانگ ئەکرد و بەردەوام خەریکی فێرکردنی ئەوانە بوو کە ئامادەی دەرسەکانی ئە بوون و سنورەکانی عەقیدەی بۆ ڕۆشن ئەکردنەوە و بنەماکانی بانگەوازی بۆ دوورو نزیك ڕاڤە ئەکرد ، بەلاّم سەیری کرد هەندێ خەڵك بەرامبەر ئەم نەرمیەی ئەم توندن و بەرامبەر ئەم ڕاستگۆیی یەی ئەو درۆزنن و بەرانبەر ئەم ئامۆژگاری یە باشانەی ئەو پیلان ئەگێڕن ، بۆیە چار نەما ئەوە نەبێت کە قۆناغی جیهادکردن ڕاگەیەنێت و بڕیاربدات کە خراپە بە هێزی بازوو ڕابماڵێت

اذا لم يكن غير الأسنة مركبا

في حيلة المظطر الا ركوبها [2] .

واتە کە جگە لە شمشێر ڕێگەیەکی ترت نەما (کەسی ناچار) چارەیەکی تری نی یە ئەوە نەبێت ئەوڕێگەیە بگرێتە بەر.

(شێخ) بە هاوکاری (میر محمد بن سعود) دەستی دایە سازکردنی کەرەسەی ئەو جیهادە و ئامادەکردنی (پیاو) و (چەك) تا بە ژمارەیەکی زۆری موجاهیدەوە لە ((درعیە)) بچنە دەرو ئەم بانگەوازە بلاّو بکەنەوە و کۆڵەکەکانی لە دوورگەی عەرەبی و دەرەوەی دوورگەشدا دا بکەوتن ،(شێخ) خۆی سەرپەرشتی ئەم ئامادەکاریەی پیاوانی ئەکرد و خۆی سوپای ڕێك ئەخست و مەفرەزەکانی بە مەلاولادا ئەنارد ، لەگەڵ ئەمانەیشدا بەردەوام دەرسی ئەوتەوە و نامەی بۆ خەڵکی ئەنارد و پێشوازی لە میوانان و خوا حافیزی لە شاندەکان ئەکرد ، خوای گەورە زانیاری و پلەپایەی بۆ یەکخستبوو وەك چۆن سەربەرزی و دەسەلاّتی

---

[1]) بڕوانە : امام التوحيد الشێخ محمد بن عبد الوهاب ، ص٤٥_٤٦ .

[2]) بڕوانە : استمرارية الدعوة ، محمد السيد الوكيل (١٩٣/٣) .

بۆ یەکخستبوو پاش جیهادێکی دوورودرێژ [1] ..(محمد کوڕی عبدالوهاب)پیاوێکی سیاسی و بیر تیژ بوو ، خاوەن ئەزمونێکی فراوان بوو لە مەسەلەکانی (شەڕ) و (سیاسەت) دا [2].

شەر لە نێوان هەوادارانی ئەم بانگەوازە و دوژمنەکانیدا چەند ساڵی خایاند و زۆربەی جارەکانیش سەرکەوتوون ئەبوو بە هاوڕێ و هەوادارى ئەم بانگەوازە و لادێ دوای لادێ ئازادئەکراو لە ساڵی (١١٧٨ ك _ ١٧٧٣ ز) دا ریاض ئازاد کرا بەرابەرایەتی (میر عبدالعزیزی کوڕی محمدی کوڕی سعود) و فەرمانڕەوا پێشوەکەی کە ناوی (دهام کوڕی دەواس) بووو رای کرد ، کە فەرمانڕەوایەکی ستەمکارو دەگیرکەر بوو ، چەند جار هەڵی ئەکوتا یە سەر بانگخوازان و ئەو پەیمانانەی ئەشکاند کە لەگەڵ ڕێبەرانی ئەو بانگەوازە دا ئەیبەستن ، پاش ئازادکردنی ((ریاض)) سەرزەمینی ئەم بانگەوازە زۆر فراوان بوو ، خەڵکێکی زۆر بەویستی خۆیان هاتنە ناو بازنەی بانگەوازەکەوە و هەموو ئەوڕێگرانەی کە لەبەردەم خەڵکیدا بوون نەماو کاروبارەکان گوشادی ڕووی تێ کردن و دوای سەختی ئاسانی هات و پارە زۆر بوو ، بارودۆخەکان هێور بوونەوە و خەڵکی لە ژێرسێبەری ئەم دەوڵەتە ئیسلامیە ساوایەدا هەستیان بە ئارامی کرد کە ماوەیەکی زۆر بوو لەو بەهرەیە بێ بەش بوو بوون، [3] .

پاش مردنی(محمدی کوڕی عبدالوهاب) بانگەوازەکە هەر بەردەوام بوو لە ڕێکردن و(ئالی سعود) بە هەموو هێزی و دەسەلآتیانەوە پشتیوانیان لێ ئەکرد ، و بەرەو حیجازیان کردەوە ، کە ئەوکاتە (شەریف غالب بن مساعد) دەسەلآتی بەسەریدا هە بوو ، ئەم شەریفە دەستی کردە هێرش بردن بۆ ((سعودییەکان)) لە ڕووە ئایینی و لە ڕووی سەربازیشەوە ئەم ململانی یەی نێوانیان درێژەی کێشا تا ساڵی (١٨٠٣) ز ئەو ساڵەی کە سعودیەکان چوونە ناو مەککەوە بەبێ ئەوەی هیچ بەرگری یەك بێتە ڕێگایان لە لایەن (شەریف غالب) ەوە کە هەلآتنی بەرەو (جدە)بەباشترزانی، و پاش دوو ساڵ سعودیەکان(مەدینە)یشیان دایە دەم سنوری دەسەلآتەکەیان [4].

---

[1]) بڕوانە : امام التوحید محمد بن عبدالوهاب ، ص٥٣ .

[2]) هەمان سەرچاەی پێشوو ، ص٧٨.

[3]) بڕوانە : استمرارية الدعوة ، د. محمد الوكيل ، (٢٩٤/٣) .

[4]) بڕوانە : العالم العربي في التأريخ الحديث ، ص ١٧.

دەسـەڵاتی بزوتنـەوەی سـەلەفی بـاڵی کێـشا بەسـەر زۆربـەی دوورگـەی عەرەبییـدا و بەریتنانیا هەستی بە مەترسی ئەم دەسەڵاتە بۆ سەر بەرژەوەندی یەکانی کرد ، دەوڵەتی سعودی یەکەم وای لێ هات باڵی کێشا بەسەر کەنداوی عەرەبی و دەریای سوردا و (قواسم) کەوتە ژێر دەستیان و دەسەڵاتیان بەرەو خوارووی عێراقیش کشا ، کار گەیشتە ئەوەی کە لە ڕێ ی وشکانیەوە کاریگەریشیان لەسەر ئەوروپا و ڕۆژهەڵات دروست کرد لەسەرو ئەمە و ئەوەشەوە ، ئەو بنەما ئایینی یانەی کە ئەم دەوڵەتە پشتی پێ ئەبەستێت ڕێگە بە ئەو گریمانە نادات کە بەریتانیا بتوانێ دەستەمۆی بکات یان پەیماننامەی لەگەڵدا ببەستێت چونکە یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم دەوڵەتە دژایەتی کردنی دەسەڵاتی بێگانە یە لە ناوچەکەدا [1] ، (قواسم) ەکان و لە پشتیانەوەش هێزی سعودیەکان توانیان گورزێکی کوشندە بسرەوێننە گەلەکەشتی ئینگلیز لە سالێی (١٨٠٦ ن) وای لێ هات ناوی کەندا و کەوتە ژێر دەسەڵاتیان [2] .

لەسەردەمی سعودی کوڕی عبدالعزیز ئەم دەوڵەتە گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی لە بوارە سیاسی یەکەیدا ، ئەوە بوو لە عێراقدا تا (کربلاء) ڕۆیشت و لە وڵاتی شام دا (حوران) و دوورگەی عەرەبی بەگشتی کەوتە ژێردەستی (یەمەن) نەبێت [3] .

سێیەم / پیلان دژی بزوتنەوەی(شێخ محمد بن عبدالوهاب) :

شەیتانەکانی مرۆڤ لە ڕۆڵەکانی ئەوروپا کەوتنە بیرکردنەوە لەو ئەنجامەی ئەم دەوڵەتی یەکەمی سعودیەی پێ ئەگات ئەگەر بەردەوام بێت لە دەسەڵاتدا ، وایان ئەبینی بەدڵنیای یەوە بەرژەوەندی یەکانی ئەمان لە ڕۆژهەڵاتدا لە ناو ئەبات ، بۆیە ئەبێت ئەم دەوڵەتە بڕوخێنێرێت ، لەبەر ئەوە هەموو ڕێگەیەکیان گرتەبەر بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی بانگەوازی سەلەفیەکان لەوانە :

١- هاندانی ڕای گشتی لە ناو وڵاتە ئیسلامیەکاندا دژ بە بانگەوازی(شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) ئەوانەی کە بڕوایان بە بیدعە و ئەفسانە هە بوو وە وایان ئەزانی کە ئەوانە لە ئایینی ئیسلامدا هەیە بۆیە دژ بە (شێخ)وەستانەوە و دستیان کردە بەرگری کردنی ، ئەم

---

[1]) بڕوانە : قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين، ص١٥٦ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٥٦ .

[3]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص٩٤ .

بەرگری کردنە تەنیا لەلایەکی دیاری کراوە وە نە بوو بەڵکوو لە هەموو لایەك و لە هەموو لایەنێکەوە بوو ، لە لایەن ئەو شێخانەوە بوو کە دەستیان بەو دەسەڵاتەیانەوە گرتبوو کە خەڵکی نەخوێندەوار و نەزان بۆیان دروست کرد بوون ، گومانیشیان وا بوو ئەو بیدعە و ئەفسانەی ئەوانی لەسەر بوو دینە و پێویستە بیپارێزن، هەروەها لەلایەن خزمەتکارانی گۆڕستانەکانەوە بەرگری ئەکران و لەلایەن ئەوانەوە کە سودی زۆریان دەست ئەکەوت لەو سندوقانەوە کە پارەی نەزریان تێئەخرا ، لەلایەن ئەوانەوە کە لەسەر ئەو خواردن و پارەیە ئەژیان کەلە کاتی سێ ڕۆژە و چلە گیرانی مردووەکاندا دەستیان ئەکەوت کە خزم و کەس و کاریان ئەهاتنە سەردانی قەبرەکانیان ، لەوانەشەوە بەرگری ئەکران کە ڕایان وابوو (شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) ئایینێکی تازەی هێناوە ئەمان ئاشنانین پێ ی و ئەمانەش لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا و بەڵکوو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا هە بوون، ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا ڕوویان دا کە ئینگلیزەکان و فەڕەنسی یەکان و دوژمنانی ئیسلام توانیان بە چەند زانایەکی خراپ فەتوای ئە وە دەربکەن بانگەوازی(محمدی کوڕی عبدلوهاب) و شوێنکەوتەکانی بانگەوازێکی گەندەڵوخراپە .[1]

٢- تێکدانی نێوان بزوتنەوەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب و سەرکردایەتی دەوڵەتی عوسمانی و فیتنەیی کردن لە نێوانیاندا ، ئینگلیز و فەڕەنیسیەکان و جگەلەوانیش سوڵتان محمودی دووەمیان تۆقاند لەم بزوتنەوەیە وایان تێگەیاند کە بزوتنەوەی(شێخ محمدی کوڕی) عبدالوهاب ئامانجی ئەوەیە کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیابێتەوە و(دوورگەی عەرەبی) بکاتە وولاتێکی سەربەخۆ ، و پاشان جیهانی عەرەبی یەك بخاتەوە ، و پەرچەمی (خیلافەت) و سەرکردایەتی لە دەوڵەتی عوسمانی بسێنێتەوە و خیلافەتێکی عەرەبی دروست بکات ، سوڵتان محمودی دووەمیش چووە ژێر کاریگەری ئەم پڕوپاگەندانەی دوژمنان کە نە ئەبوو وای بکردایە و بەڵکوو ئە بوو بەگومانەوە سەیری ئەم دڵسۆزی نواندنە درۆزنانەی بکردایە و چەند کەسێکی دەستپاکی دەوڵەتی بناردایە و ئەوان لەمەسەلەکە بکۆڵنیاتەوە ، بەڵێ سوڵتانی موسڵمانان سەرنجی بۆ ترسناکی ئەو خۆش بڕوایی یەی نەکرد کە هەواڵێکی دروستکراوی وا بدرێتە پاڵ بزاڤێکی ئیسلامی ڕاستەقینە و وەلامی

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهدي ، ص٩٤ .

پێشنیارەکانی دوژمنانی دایەوە بەوەی پێویستە ئەو بزوتنەوەیە لەناو ببرێت پێش ئەوەی گەورە ببێت و خەرجییەکی زۆر لەڕووی پارەو پیاوەوە بخاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی [1] .

دەوڵەتی عوسمانی نەخشەی شەڕکردنی لەگەڵ دەوڵەتی یەکەمی سعودیەدا داڕێژا و وای ئەبینی مە ئەم کارە بەو (والی) یانە بسپێرێت کە هەرێمەکانیان هاوسێن لەگەڵیدا ، ئەمەیش بۆ دوو مەبەست بوو:

یەکەم / ڕێگرتن لە فراوانبونی سعودیەکان لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبییەوە ،

دووەم / لاوازکردنی ئەو والی یانە و خوێنڕێزی کردنی سەرچاوەکانیان تا بەو بهێزی یە بمێنێتەوە و بەتەواوەتی ملکەچ بن بۆ دەوڵەت ، سەرەتا ڕوویان کردە ((والی)) بغداد ، چونکە نزیکترین والی بوو لە (نجد) ەوە ، بەلام ئەم والی یە سەرقاڵ بووبە بشێوی یە ناوخۆی یەکانی خۆیەوە و سوپاکەشی ئەوەندە بێهێز بوو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نە بوو لەگەڵ سعودیەکاندا و چەند جاریش تێ شکا بوو لە بەردەم هەڵمەتهێنانیاندا بۆ سنورەکانی عێراق ، دوای ئەم ڕوەیان کردە والی شام بەڵکوو ئەم لەو کارەدا سەرکەوتوو بێت کە والی عێراق تێیدا سەرکەوتوو نە بوو ، کەچی ئەم لە هاوڕێکەی خراپ تر تێك شکا ، کە دەوڵەت بی ئومێد بوو لە توانای والی یەکانی (بغداد) و (شام) [2] ، ڕووی وەرچەرخاند بەرەو میصر و لە ساڵی (١٨٠٧ ز) دا داوای لە (محمد علی) والی ئەویٚ کرد کە پەلاماری وولاتی عەرەبی بدات و مەککە و مەدینەی پیرۆز پاك بکاتەوە و لە ژێر چنگی سعودیەکان دەری بهێنێت ، و دەسەلاتی دەوڵەت بگێڕێتەوە کە خەریك بوو لە دوورگەی عەرەبی دا هەر نە ئەما ، بەلام (محمد علی) لە ساڵی (١٨١١ ز) دا ئەم داوایەی قبوڵ کرد پاش ئەوەی خۆی ڕزگار کرد لە(بەگەکانی مەمالیك) بەکارەساتەخوێناویەکەی قەلا (مزبحة) دا .

شوینەکەوتەکانی بانگەوازی سەلەفی داوای خیلافەتیان نەئەکرد و ڕەخنەیان لەوە نە بوو کە هاوڵاتی بن لە ناوئەوخیلافەتەخوێناوێناویەدا ،بەڵکو هەموو ناکۆکی یەکان لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆبووبوویەوە :

یەکەم : سەلەفیەکان داوای یان ئەکرد هەموو ئەو شاندانەی دێن بۆ حەجی ماڵی خوا پێویستە گەردنگیر بن بە پەیامی خواوە و دەست لە هەموو ئەوە شتانە هەڵگرن کە

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ص٩٥ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ص١٧٢ .

دەرچوونە لەو پەیامە ، خاڵی دووەم ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی هەستی بە بێهێزی و لە ڕووداوان ئەکرد لە بەرامبەر دەسەلاتی وەهابیەکاندا بەسەر شارە پیرۆزەکانەوە لە حیجازدا، ئەیانزانی ئەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی سام و پلەی سیاسی خۆیان لەدەست بدەن [1].

(جەبرەتی) ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە هەڵوێستی وەهابیەکان لە شاندەکانی شام کە ئەهاتن بۆ حەجی ماڵی خوا ئەوە بوو کە بەو مەرجانە بێن کە ئەوان دایان ناوە کە بریتی بوو لە ((حاجی کەدێت نابێ کۆڵی پێ بێ ، نابێ تەپڵ و جوزەلە و چەك و هەرشتێکی تری پێ بێ کە پێچەوانەی شەریعەتە ، کە ئەوانیش گوێیان لەمە بوو گەڕانەوە و حەجیان نەکردوو وازیان لە شتە ((منکر)) ەکانی خۆیان نەهێنا [2])) هەروەها هەڵوێستێکی لەم شێوەیەیش لە کاروانی حاجیانی میصر ئەگەڕێتەوە ... [3] .

مەرسومەکەی سوڵتان کە داوا لە (محمد علی) ئەکات شەڕ لەگەڵ سعودیەکاندا بەرپا بکات کە بەهەڵنانی نامەکانی (شەریفی جدة) و نیگاو سروشی ئینگلیزنوسیبووی بوو ، تەنیابۆ ئەوەندە : مەککە و مەدینە لەچنگی ئەوان دەربێنێ وچاك ڕەفتاربکات لەگەڵ هاوولاتیان و بازرگانەکاندا [4].

بۆ جارێکی تر ئەم داوایە دووپات کرایەوە و سەرلەنوێ تەنیا داوای ڕزگارکردنی مەککە و مەدینەی پیرۆز ئەکات ، دوای ئەوەی لە ڕێگەی هێزە سەربازیەکانەوە سەرکەوتن بەدەست هات بەسەر وولاتی حیجازدا کە چەند جارێك تێك شکێنراو شکا لەبەردەم شوێنکەوتەکانی(شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب)دا ، سوڵتان محمودی دووەم مەرسومێکی نارد بۆمیصربۆ ئەوەی لە مزگەوتەکاندا بخوێنرێتەوە کەمەککە و مەدینە گێڕراوەتەوە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی [5]، ئەمە دەری ئەخات کە سوڵتانی عوسمانی جگە لە گێڕانەوەی حیجاز بۆ ژێر دەسەلاتی عوسمانی هیچ ئامانجێکی تری نە بووە لەو کارەدا .

---

[1]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثمانی ، ص١٨٥ .

[2]) بڕوانە : من اخبار نجد و الحجاز ، محمد اديب صالح ، ص١١١ .

[3]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١١ ،ص١١٢ .

[4]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثمانی ص١٨٦ .

[5]) بڕوانە : من اخبار الحجاز ونجد ، محمد اديب غالب ، ص١١٠ .

ئەم شەڕە هەرئە بوو بە ئەم ئەنجامە بگات ، ئەو بووو هێزەکانی (محمد علی) دەسەڵاتیان باڵی کێشا بەسەر شارەکانی حیجازدا و (محمد علی) کرا بە شەریفی تازەی ناوچەی حیجاز کە ناچار بوو بچێتە ئەویٚ و(شەریف غالب) دەربکات لەکاتێکدا کە هێزەکانی ئەو چاوساغی هێزەکانی ئەم بوون لە چوونە ناو حیجازدا ![1] ، بە هەمان شێوە سەرکردە سعودیەکانی بانگەوازی سەلەفیەت داوای ئاشتنامەیان کرد لە (محمد علی) بەڵام ئەو چەند مەرجێکی قورسی دانا بۆ قبولٚ کردنی ئەو ئاشتی یە و لە ناو مەرجەکاندا هەندیٚ هەڕەشەی کرد بوو وەك (جەبرەتی) ئەگێڕێتەوە و ئەڵیٚ : ((سەبارەت بە ئاشتی ئێمە ڕەتی ناکەینەوە بە چەند مەرجێك ، ئەبێت هەموو ئەو خەرجیەی کە سەرفمان کردووە بۆ سەربازەکانمان لە یەکەم ڕۆژی شەڕەکەوە تا مێژوی ئەمڕۆ بۆمانی بگێڕنەوە ، وە هەموو ئەو شتانەیش کە وەری گرتووە و پێی دراوە لە گەوهەرو شتی نەختینە کە لە حوجرەی پیرۆزدا بووە ، بدات پێمان ، نرخی هەموو ئەو شتانەیش بدات کە نەماون لەوێداوفەوتاون، دوای ئەمانەش هەمووی ئەبێت بێت و چاوپێکەوتنێك بکات لەگەڵمدا و لەگەڵ خۆیدا ڕێئەکەوم و ئاشتیەکە تەواو ئەکەین دوای ئەمانە ، ئەگەر ئەمە ناکات و نایەت ... ئەوە ئێمە بەرەو ئەوئەڕۆین) [2] .

هەشتەم / ڕاستی ئەم پەلاماردانەی (محمد علی) بۆ سەر(حیجاز) و (نجد):

شەڕی نێوان (محمد علی) و شوێنکەوتەکانی(شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) شەڕی نێوان دوو لایەن نە بوو هەردووکیان گویٚ بۆ ئیسلام بگرن ، هەروەك ئەمە نە بوو شەڕێکی عەرەبیش نە بوو وەك هەندێك ئەیانەوێت وا بیناسێنن ، بەڵکوو ئەم شەڕە شەڕێك بوو لە نێوان دوو هێزدا هێزێکی ئیسلامی کە هیچ طموحێکی سیاسی نە بوو ، ئەوە نەبێت غیرەتی بۆ ئیسلام ئەجوڵاو سوربوو لەسەر ئەوەی کەوا بگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەکی یەکانی ئیسلام ، ئەویش هێزی سعودیە بوو هەروەك ئەو هێزە حەزەرێکی زۆری دەر ئەبڕی بۆ ئەوەی ترسناکی ئیمپریالیزم (کافران) دوور بخاتەوە لە وڵاتی ئیسلامی ، بەڵام هێزەکەی تر کە شەڕی پێچایە ئەوهێزەی کە والی میصر نارد بوویە سەریان کە لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێك خەڵکی میصر نەبوون و زۆربەیان ((ئەونا ئوطی)) ی و هەندێك تورکی و نصارا و هەندیٚ

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٠ .

[2]) بڕوانە : عجائب الآثار _ اخبار یوم آخر العقدة ستة ١٣٢٨ك ، ادیب غالب ، ص١٤٩ .

ئەفسەری فەڕەنسی بوون [1] ، (ئەو هێزە) زۆربەی سەرکردەکانیان هەر بە ناو موسڵمان بوون ، ((جەبرەتی))ی مێژووو نووس باسێکی ووردی ئەو هێزە ئەکات وەك پاشکۆیەك لەسەر قسەی ئەوانەی کە بە هێزێکی باش و لە خوا ترسیان دانا بوو ، (جەبرەتی) شایەتێکەو بە چاوی خۆی شتەکەی بینیوە چۆن لەسەرەتادا ئەو هێزە لەبەردەم شوێنکەوتەکانی بانگەوازی سەلەفیەتدا تێك شکا وەو هەلاتووە ، ئەوەتا ئەڵێت : ((سەرکەوتن لەکوێ دەستی ئێمە ئەکەوێت ... کە زۆربەی سەربازەکانمان لە ئایینی ئیسلام چوونەتە دەرەوە ، هەشیانە هیچ ئایینێکی نی یە و ڕێبازی ئێمەیشی قبولٚ نی یە ، چەندان صندوقە ئارەقمان پێ بوو ، لەسەر بازگەکانی ئێمەدا کەس گوێ ی لە بانگ نەئە بوو ، نوێژە فەرزەکان نەئەکران ، کەس نەدین و نە دروشمە ئایینی یەکانی هەر بەخەیاڵدا نەئەهات ، کەچی خەڵکەکەی تر (مەبەستی وەهابیەکانە) کە کاتێ نوێژ ئەهاتە پێشەوە خێرا بانگوێژەکانیان بانگیان ئەداو ڕیزەکانیان ڕێك ئەخست و لە پشت ئیمامێکەوە بە کزی و ملکەچیانە ئەوەستان و ئەگەر لە گەرمەی شەڕیشدا بوونایە و کاتی نوێژ بهاتایە ، بانگوێژ بانگی ئەداو نوێژی ترسیان ئەکرد ، و کۆمەڵێکیان ئەچوونە پێشەوە و خەریکی شەڕەکە ئەبوون و کۆمەڵێکی تریان دوا ئەکەوتن و نوێژەکەیان ئەکرد و سەربازگەکەی ئێمە سەریان لەمە سوڕ ئەما ، شتی وایان نە بیستبو چ جای ئەوەی ببینن ، لەسەربازگەکەی خۆیانەوە هاواریان ئەکرد وەرن باپڕۆین بۆ شەڕی موشریکەکان ، ڕیش تاشراوەکان ، ئەوانەی نێربازی و زینایان حەلاڵ کردووە ، ئەوانەی عارەق ئەخۆنەوە ، کە زۆرێك لە کوژراوەکانی سەربازگەکەی ئێمەشیان سەیرکردووە ئەبینن خەتەنە نەکراون ، کەچی ئەوانەی ئێمە کە گەیشتنە (بدر) و دەسەلاتیان بەسەر ئەوێ و چەم و دۆڵەکانی تردا پەیدا کرد سەیرئەکەن باشترین خەڵکی تێدایە و هەموو پیاوی باش موسڵمانن کەچی ئەمان فەرهودیان کردن و ژنەکان و کچەکان و منالەکانیان و کتێبەکانیان هەموو بردن) [2] . (محمد علی) کەسێك نە بوو پابەند بێت بەشەرعەوە لە کاتی شەڕکردندا ، بەڵکوو کابرایەك بوو پێچەوانەی شەرع ئەجولایەوە و هەموو سنورەکانی خوای گەورەی ئەبەزاند ، گوێ ی نەئەدا بەیاساکانی ئیسلام ، ئەوە سوپاکەی بوو کە خەڵکی

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. محمد انيس ، ص٢٣٣ .

[2]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص١٨٨ .

ئەکوشت و وولاتی وێران ئەکرد وماڵی فەرهود ئەکردو ناموسی موسڵمانە یەکتاپەرستەکانی ئەشکاند .

(علی رضی الله عنه) لەشەڕی (جمل) دا بە هاوەڵەکانی ووت : کەس بەدوای یەکێکدا نەڕۆات کە لە شەڕ هەڵدێت ، پەلاماری کەسی برینداریش مەدەن ، هەر کەسیش چەکەکەی دانا دەستی بۆ نابرێت))[1] .

هەروەها ئەڵێت : ((نەکەن دەست بۆ ئافرەتان بەرن با تێر قسە بەشەرفتانیش بڵێن و تێر جنێویش بە ئەمیرەکانتان بدەن ، پیاوی وا هەیە بە دار لە ژنێك ئەدات یان بە (گاڵۆك) تا خۆی و وەچەی ئەمێنێ بەوە عەیب دار ئەبێت ...))[2] .

(ئەبی ئومامەی باهیلی) ((رضی الله عنه)) ئەگێڕێتەوە : (لەشەڕی " صفین " دا بەشدار بوون ، کەس پەلاماری برینداری نەئەدا و بەشوێن ئەو کەسەیشدا نە ئەڕۆی کە پشتی هەڵبکردایە و هیچ کوژراوێکیش شتی لێنە ئەکرایەوە ...)[3] .

سوڵتانی عوسمانی ئەوەندەی بەس بوو کە حیجاز لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بێت و پەلاماردانی (درعیه) داوایەکی وا زۆر نەبوو یان پێویست نە بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی ، بەڵام (محمد علی) زۆر توند بوو لە دانانی مەرجەکانی ئاشتیدا هەر بۆ ئەوەیش بووتا شەڕ بەردەوام بێت چونکە ئامانجی ئەو لە و شەڕەدا تێر کردنی ئارەزووە فراوانخوازی یەکانی بوو لە و سنورەدا کە ئامانجەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا ڕێگەی بدایە ، دوای ئەوەی کە دەوڵەتی سعودیە ترسناکی یەکی زۆری دروست ئەکرد لەسەر بەریتانیا لە ناوچەکەدا بە گشتی ئیتر لە دەریای سور دابێت یان لە کەنداوی عەرەبیدا بێت یان لەو ناوچە وشکانیانەدا بێت کە ڕێگەن بۆ ناو عێراق ، ئەوە بوو بەریتانیا هەستی بەو هەڕەشە ڕاستەقینەیە کرد بۆ سەر بەرژەوەندی یەکانی لە ڕۆژهەلاتدا ، جا وەسفکردنی ئەو پەلامارە بەوەی پەلامارێکی خاچپەرستانە بوو لە بەرگێکی ئیسلامیدا لەوە ئەچێ زۆر لە ڕاستی یەوە نزیك بێت[4] .

---

[1]) رواه ابن ابي شيبة ، كتاب الجمل (١٥/ ٢٦٣) .

[2]) نصب الرايه ی زەيلەعی ، (٤٦٣/٣) .

[3]) الحاكم بسند صحيح ، ووافقة الذهبي ، سەبری المستدرك (١٥٥/٢) بكە .

[4]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص١٨٩ .

کاتێك که(طوسون کوڕی محمد علی) تێك شکا لەبەردەم میر (عبدالله ی کوڕی سعود)دا و نیوەی سوپاکەی لە دەستدا ، (محمد علی) بۆ خۆی بەرەو حیجاز و لە ساڵی (١٨١٣ ن) دا کەوتە ڕێ و (غالب کوڕی مساعد) (شەریفی مەککە) ی دەستگیر کرد و تۆمەتباری کرد بەوەی دەستی لەگەڵ سعودیەکاندا تێکەڵ کردووە ، و هەموو پارەو کەل و پەل وماڵ و سەروەتەکەی داگیر کرد و شەریفی مەککە بوویە کارمەندێکی (محمد علی) لە حیجازدا و زۆری نەبرد (محمد علی) سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر هێزەکانی سعودیە دا لە ساڵی ١٨١٥ . دا و شەڕی (بسل) دا [1]، ئەو شەڕەی کە هەندێك وای دائەنێ کە ((لە گەورەترین ئەو شەڕانەیە لەگەڵ وەهابیەکاندا کراوە ، بەڵکوو گرنگترین شەڕێکە لە مێژووی جەنگی میصردا)) [2] .

(محمد علی) لە دوورگەی عەرەبیدا نەمایەوە بۆ بە دواداچوونی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا بوو ، بەڵکوو گەڕایەوە بۆ میصرو ئەوێ ی جێ هێڵا بۆ(طۆسۆنی) کوڕی [3] و ئەویش هەر زوو توانی و بۆ یەکەم جار تێکشکانێکی تر بەسەر سعودیەکاندا بهێنێ و پەلاماری باکوری (نجد) بدات و لەم پەلامارەیدا گەیشتە شاری (برس) و پاشان (الشبیة) و وای لێهات ڕێگەی " درعیە " کرایەوە لە بەردەمیدا ، میر (عبدالله) بەپەلە داوای کرد دەرگای دانوستان بکرێتەوە بۆ ئەوەی خوێنی زیاتر نەڕژرێت و پارێزگاری لەشارو لادێکان بکرێت و دانوستان لە نێوان هەردوولادا دەستی پێ کردوو لەسەر ئەم پرۆسەی ئاشتی یە و بەم مەرجانە ڕێکەوتن :

١- هێزەکانی میصر " درعیە " داگیر بکەن .

٢- میر (عبدالله) خۆی بخاتە ژێر هەڵسوکەوتی طوسون پاشاوە و ئەو ویستی بۆ هەرکوێ ی بنێرێ پێویستە بچێتە ئەوێ .

٣- پێویستە میر (عبدالله) ڕێگەکانی " حج " بپارێزێ و ملکەچی شار بێت کە (محمد علی) فەرمانڕەوایی ئەکات تا ئەو کاتەی کە ئیمزا لەسەر ئەم ئاشتی یە ئەکرێت .

---

[1]) بڕوانە : الدولة السعودیة الاولی ، د. عبدالرحیم عبدالرحمن ، ص١٩٩_-- ٢٣٥ .

[2]) بڕوانە : قراءة جدیدة في التأریخ العثماني ، ص١٧٢ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٧٢ .

٤- ئەم مەرجانەیش لەکاتی ڕێکەوتندا کاری پێ ناکرێت تا (محمد علی) خۆی ئیمزا یان لەسەر نەکات .

ئەوە بوو هێزەکانی لای ئەمیر عبدالله بەمە قایل نە بوون و بڕیاری ئەوەیان دا کە شاندێك بچێت بۆ میصر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ (محمد علی) خۆیدا دانوستان بکەن و قسە لەو مەرجانە بکەن ، بەلاّم شاندەکە بەسەرنەکەوتووی گەڕایەوە بەهۆی توندڕەوی پاشاوە و سعودیەکان جارێکی تر خۆیان کۆکردەوە و خۆیان ئامادە کرد بۆ شەڕوکوشتار ، (محمد علی) یش هێزێکی تری تازەی لە ساڵی ١٨١٨ز دا و بەسەرکردایەتی ابراهیم پاشای کوڕی ناردە ئەوێ[1] .

(ابراهیم پاشا) بە خۆی و هێزەکانەوە بەرەو (نجد) کەوتە ڕێ و دەستی گرت بەسەر شارەکانی (عنیزە) و (بریدە) و شقرا) و هەمووناوچەی (قصیم) یشی خستە ژێر ڕکێفی خۆی ،(ابراهیم پاشا) لەم پەلاماردانەیدا سیاسەتی نەرم جولاّنەوەی لەگەڵ خێڵەکاندا پیادە ئەکرد ، ئەو سیاسەتەی کە توانی دڵی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی (نجد) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت ، چونکە بەردەوام لە هەموو شوێنێکدا کۆڕی ئەگرت و خەلاّتی بەسەر خەڵکیدا دابەش ئەکرد و شێوازێکی وای لەسەرەتاوە گرتە بەر خێڵەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا ئەویش ئەوە بوو فەرهودو تالاّنی کردنی یاساغ کرد ، بە هاوکاری شارەزایی سەربازی یە فەڕەنسی یەکان توانی بەردەوام بە هەڵمەتەکەی بدات و بگاتە (درعیە) ، بەلاّم لەبەر ئەوەی شوێنێکی سەخت بوو هات گەمارۆی خستە سەری و ئەم گەمارۆیە درێژەی کێشا و لە (٦) ابریلەوە تا (٩) ی سێپتەمبەر (١٨١٨) ز خایاند ، کۆتایی بەوە هات کە میر (عبدالله کوڕی سعود) خۆی دا بەدەستەوە و (ابراهیم) چوویە ناو " درعیە " وە و لەوێوە میر عبدالله ی لە ژێر چاودێری یەکی توندا بەرەو میصر نارد ، و لە میصریشەوە ناردیان بۆ (استنبوڵ) [2] ، میر عبدالله بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تەواو بەشەقامەکانی استنبوڵدا ئەیانگەڕاند و ئەیانناساند بە خەڵکی و پاشان فەرمان کرا کە لە ناو ببرێت و بکرێت بە دارا ، ڕەحمەتی خوا لەو پیاوە ستەملێکراوە بێت [3] ، ڕۆژی قیامەت دەرئەکەوێت چۆن و لەبەرچی ئەو پیاوە لەناو برا ، ئەم

---

[1]) بڕوانە : الدولة السعودیة الاولی ، ص٣٣٩- ٣٤٥ .

[2]) بڕوانە : العالم العربي في التأريخ الحدیث ، ص١٧٤ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ص١٧٤ .

پیاوە بە ناوی خەڵکی دوورگەوە داوای ئاشتی کرد و لە و نامەیەدا کە (ئەحمەد الحنبلی) ئەینێرێت بۆ طوسون تێیدا ئەوە ڕۆشن ئەکاتەو کە ئەمان دان ئەنێن بە حوکمڕانی سوڵتانی عوسمانیدا و لەژێر رکێفی دەوڵەتی خیلافەتدا ئەبن و ناچنە دەرەوە لیٚ ی ، دەی کەواتە ئیتر ئەم سووربوونە لەسەر ئەوەی پەلاماری دوورگەی عەرەبی بدرێت لە پێی چی ؟ و بەو شێوەیەیش گیانی ئەو هەمووە موسڵمانە بەدەستی یەکتری لە ناوبرا لە ئەنجامی فرت و فێڵی دوژمنانی ئیسلام خۆ خەڵکی دوورگە پشتیوانی موسڵمانانی میصر یان کرد کە فەڕەنسی یەکان هاتن بۆ داگیر کردنی ، دەی ئەم ستەمە ناهەقیە ئیتر بۆ ئەکریٚ لەمان ؟ (محمد علی) توانی بەهۆی ئەو سەرکردانەوە کە ناوی ئیسلامیان لە خۆیان ناوە زۆرێك لە خەڵکە نەخوێندەوارەکە قەناعەت پێبهێنن کە ئەم شەڕەیان جێبەجیٚ کردنی فەرمانی خەلیفەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە ئەرکی سەرشانیانە (سمع) و (طاعة) ی بکەن و بۆ ئەوەشە نەیەڵن دوورگەی عەرەبی لەلەشی دەوڵەتی خیلافەت بکرێتەوە [1].

مەسەلەی (ولاء) و (براء) لای (محمد علی) بە تەواوەتی باری کرد بوو ، بەبەڵگەی ئەوەی ئەو پشتیوانی تەواوی خۆی دابویە دوژمنانی ئیسلام و بڕیاری دابوو پێکەوە لەگەڵ ئەواندا ئەم میللەتە بەرەو مەرگ بەرن ، ئەمە پاداشتێکی عملی بوو بۆ بازرگانێکی جگەرە (کە کەس نەیئەزانی وەچەی کیٚ یە) بێت و بچێتە سەر کورسی دەسەڵات لە دونیای موسڵماناندا [2] .

بەریتانیا زۆر کامەران بوو کاتێك کە (درعیە) گیرا کە پایتەختی دەوڵەتی یەکەمی سعودیە بوو _ و کەوتە ژێر دەستی هیزەکانی ابراهیم پاشا [3] ، ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی ئەو سەلەفیانە بوو کە پشتیوانیان لە (قواسم) ە کان کرد کاتێك جیهادیان دژ بە بەریتانیا ڕاگەیاند لە کەنداوی عەرەبیدا ، کە ئەوەش واتە هەڕەشە دروست بوون لەسەر بەرژەوەندی یەکانی بەریتانیا لە هیندستادا وەك وتمان [4]، لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین _ بەتایبەت لە ناو ئەو ڕووداوانەدا کە جیهانی ئیسلامی لە مێژووی تازەدا پێیدا تێئەپەڕیٚ _ و بڵێین :

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص٩٦ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٧ .

[3]) بڕوانە : دراسات في التأريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر ، (١٩٨/١) .

[4]) بڕوانە: تأريخ الآحساء السياسي ، د. محمد عرابي ، ص٤٢_٤٣ .

ئەگەر سوپاکەی (محمد علی) و سوپاکەی دەوڵەتی عوسمانی هاوکاربوونایە لەگەڵ دەوڵەتی یەکەمی سعودیەدا لەبری ئەوەی شەڕی تیٚ بئاڵیٚنن ، و هەموو پیٚکەوە لەبەردەم چاوچنۆکی ئەوروپایەکاندا بە شیٚوەیەکی گشتی و لەبەردەم بەریتانیا دا بەشیٚوەیەکی تایبەت بوەستایە ، ئەگەر وایان بکردایە ئایا ڕووی میٚژوویان نە ئەگۆڕی؟ ، بەتایبەتی دەوڵەتی "سعودی" دەوڵەتی موسڵمان و پایەکانی لەسەر میتۆدیٚکی سەلەفیانەی ڕاستەقینە ڕاوەستا بوو ، خۆ جیهانی ئیسلامیش لەو ڕۆژەدا زۆر پیٚویستی بەوەها هەنگاویٚك هە بوو ، بە هەرحاڵ بەریتانیا باش بەوەی زانی کە چۆن سود لەو بارو دۆخە وەربگریٚت بۆیە هەر زوو پیرۆزبایی نارد بۆ (ابراهیم پاشا) بەپیٚی ((بنەمای دەسەمۆکردنی بەرامبەر لە ژیٚر ڕۆشنایی بەرژەوەندی یەکانی خۆیدا)) ئەوە بوو" کابتن جورج فورستر سادلیر " ی نارد تا پیرۆزبایی پیٚشکەش بە (ابراهیم) بکات بەبۆنەی گرتنی (درعیە) ەوە و هەوڵیش بدات بنکەیەك دروست بکات و لەوبنکەیەوە هەماهەنگی لە نیٚوان هیٚزەکانی وشکانی پاشاو هیٚزە دەریای یەکانی بەریتانیا دا دروست بیٚت تا پیٚکەوە شەڕ دژ بە (قواسم) ەکان کە شویٚنکەوتەی دەوڵەتی یەکەمی سعودیە بوون ڕابگەیەنن [1] .

پەیوەندی نیٚوان (محمد علی) و بەریتانیا پەیوەندی یەکی کۆنە ، لەسەرتای حوکمڕانیدا بۆ ماوەی چوار مانگ بەردەوام لە دانوستاندا بوو لەگەڵیاندا و لەو ماوەیەدا (محمد علی) دڵنیای کردن کە ئەو زۆر بەڕاستیٚتی و دڵپاکانە حەز بەوە ئەکات پەیوەست ببیٚت بە بەریتانیاوە ، نەك ئەوە بەڵکوو ئامادەیی دەربڕی کە بچیٚتە ژیٚر دەسەڵاتی ئەوان ، ئەم ڕاستی یە لە ڕاپۆرتیٚکی (فریزر) دا دەرئەکەویٚت کە بەرپرس بوو لە و دانوستانە ، ئەمە وای کرد پاش ئەوەی کە بەریتانیا دڵنیا بوو لیٚ ی _ وازیان لە مەمالیکەکانی هاوڕیٚیان هیٚنا.

لەو ڕاپۆرتەدا کە ((فریزر)) سەرکردەی هیٚزەکەی بەریتانیا کە کاری دانوستانی لەگەڵ نویٚنەرانی (محمد علی) پیٚ سپیٚردرا بوو _ ناردی بۆ جەنڕاڵ مۆر لە ١٦/ اکتوبر / ١٨٠٧ ز دا هاتووە گرنگترین لایەنەکانی ئەو دانوستانە دەرئەخات ، بۆ نمونە تیٚیدا هاتووە :

(ئومیٚد ئەکەم ڕیٚگەم بدەن بە دریٚژی باسی ئەوە بکەم بۆتان .. تا ڕوون بیٚت لەبەرچاوتان لە نیٚوان پاشای میصرو میٚجەر جەنڕاڵ ((شریرول)) و کابتن ((فلیوز)) چی ڕوویداوە

---

[1]) بڕوانە : حروب (محمد علی) في الشام ، د. عایض الروقي ، ص١١٢ .

کاتێك بەکاری دانوەستان هەستاون ، جا ڕای ئەوە و منیش ئەو قەناعەتەم بۆ دروست بووە لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیانە و لە ڕێگەی ئەو پەیوەندی یە زۆرو تایبەتیانەی ترەوە کە خۆم لەگەڵیدا هەمە ، (محمد علی) بە ڕاستێتی و لەو پێشنیارە دا کە ئەیکات ڕاست ئەکات ، بە دڵنیای یەوە (محمد علی) والی میصر ئامادەیی و حەزی خۆی نیشان داوە کە خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە و ئێمەیش پەیمانی ئەوەمان پێداوە کە ئەم پێشنیارەی بگەیەنینە سەرکردەکانی هێزی بەریتانیا و ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە بەرزی بکەنەوە بۆ حوکمەتی ئینگلیزی تا بڕیاری خۆی بدات لەسەری ... (محمد علی) لەلای خۆیەوە پەیمانی ئەوەش ئەدات کە نەیەڵێت نە فەڕەنسیەکان و نە تورکی یەکان و نە سوپای هیچ دەوڵەتێکی تر لە ڕێگەی دەریاوە بێتە ناو " ئەسکەندەریە " و ئەو پەیمانەش ئەدات کە دەست بە ئەسکەندەریە وە بگرێت و وەك هاوڕێ و هاوپەیمانێك بۆ بەریتانیای گەورە بمێنێتەوە ، بەڵام چارەمان نی یە ئەبێ ئینگلتەرا وادەی ئەوەی بداتێ کە پشتیوانی لێ بکات بە هێزە دەریای یەکان ئەگەر لە ڕووی دەریاوە هێرش بکرێتە سەری چونکە ئەو هیچ کەشتی جەنگی نی یە ، (محمد علی) پاشا لەهەمان کاتدا پەیمانی ئەوە ئەدات کە هەموو هاوکاری یەکی کەشتیەکانی بەریتانیا بکات کە نزیك بە ئەسکەندەریە لەنگەریان گرتووە ، بە هەموو ئەو شتانەی ئەوان پێویستیانە لە ئاوی (نیل)دا ، ئەو کاتەی کە ئاماژەی ئەوەی ئەدرێتێ کە ڕێکەوتنامەکە کراوە)) [1] . " دروفتی " کە قونسوڵی فەڕەنسی بوو ، کاتێك ئەم زانیاری یانەی دەربارەی ئەو ڕێکەوتنامەیە پێ گەیشت کە لە نێوان (محمد علی) و ئینگلیزدا دروست بووە ئەمڕایە دەربارەی ئەڵێ :

(ئەم جۆرە ڕێکەوتنامەیە ئەگەر مۆر بکرێت ئەوە هەموو ئەو ئامانجانە ئەپێکێت کە بەریتانیا هە یبوو لە ناردنی ئەو سوپایەدا بۆ میصر ئەگەر زیاد لە هەموو ئەو شتە چاوەڕوانکراوە نەش نەبێت کە ئەوان هە یانبوو بۆ ناردنی ئەو سوپایە) [2].

ئینگلیز نەیان ویست هەموو بڕگەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕابگەیەنن لە پاش ئیمزاکردنی و چۆڵکردنی ئەسکەندەریە و تەسلیمکردنەوەی بە پاشای میصر ، لەبەر ئەوە بوو کە بەریتانیا

---

[1]) بڕوانە : میصر في مطلع القرن التاسع عشر ، د . محمد فؤاد شكري ، (٢/ ٨٥٦،٨٥٧) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (٢/٨٢٦) .

بە پێویستی ئەزانی هەندێ خۆی بگرێت و هەمووی ڕانەگەیەنێت چونکە بڕگەکانی دوژمنایەتی ئاشکرای بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی دەرئەبڕی ، بەوەی پشتیوانی لە کاربەدەستێکی ئەم ئەکات و هانی ئەدات جیاببێتەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕائەگەیەنێت ، ئەمە لە کاتێکدا دیبلۆماتێکی ئینگلیزی و بەرژەوەندی یە باڵاکانی ئەوەی ئەخواست ئەو پەیوەندی یە تێك نەچێت و سودیش لەم بەکرێ گیراوە تازەیە وەربگرن بۆ ئەوەی دەست بکێشن بەسەر تەواوی ناوچەکەدا ئەگەر توانیان [١] .

نۆیەم / شۆڕشی یۆنان :

ئەوروپا سور بوو لەسەر لەت و پەت بوونی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەم ئامانجەیش چەندان ڕێگەی گرتە بەر : لەوانە زیندکردنەوەی ئاژاوەی تایفەگەری و ئایینی و هەڵگرساندنی شۆڕشە ناوخۆی یەکان بە کۆمەکی ئەمان چ لە ڕووی ماددی و چ لە ڕووی مەعنەوی یەوە ، وولاتی یۆنان پارچەیەکی لە وولاتانی ئیسلامی پێك ئەهێنا ، لە ناو لادێ و شارەکانیدا پێنج فەرزە بانگ ئەدرا شەو و ڕۆژ و بۆ ماوەی چەند سەدە بە یاساکانی شەریعەت کاریان ئەکرد ، ئەم حاڵەتە مایەی دڵخۆشی گەورەپیاوانی نەصرانی نەبووچ ئەوانەی یۆنان وچ ئەوانی دەوڵەتانی ئەوروپاش ، بۆیە دەستیان دایە دروست کردنی کۆمەڵەی نهێنی لە ناو یۆنان و لە ناو ڕوسیاو جگە لە وانیشدا ، کە مەبەستیان ئەوە بوو ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کۆن زیندو بکەنەوە بەو مەرجەی لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی باتریاکی ئەرسە زۆکسی ڕۆمیدا بێت لە ئەستەنبوڵ ، با زۆربەی (باتریاك) و (قەشە) و (پیاوانی ئایینی) ئەندامی سەرەکیش بن لە و ڕێکخراوە نهێنی یانەدا کە بۆ دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی دانراون [٢] .

پیاوانی ئایینی هەستان بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیان لە ناو گەلدا و کەوتنە جوڵاندنی خەڵك تا شۆڕش بکەن دژبە دەوڵەتی عوسمانی ، (قەشە) و پیاوە ئایینی یەکانیش پەیوەندی باشیان بە سەرۆکی وولاتە ئەوروپی یەکانەوە و بە تایبەتی ڕوسیاوە هە بوو ، لە م بوارەدا بەڵگەننامەیەکی مێژووی هەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم پەیوەندی یە بۆ ئەوە بووە هەماهەنگی و هاوکاری بکرێت بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت وگەل و کۆڵەکەکانی

---

[1]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص١٧٤ .

[2]) بڕوانە : دور الكنيسة في هدم الدولة العثمانية ، ثريا شاهين ، ص٥٦،٥٧ .

دەوڵـەتی عوسمـانی : ئەمـەی خـوارەوە دەقـی نامەکـەی (باتریـاك گریگوریـوس) ە کـە بـۆ قەیـسەری ڕوسـیای نـاردووە و تێیـدا ئـەوە ڕۆشـن دەکاتـەوە کـە چـۆن لـە نـاوەوە دەوڵـەتی عوسمانی ڕوخێنراوە) ....

﴿ مەحاڵە بە ڕوو بەڕووبونەوەی سەربازی تورکە عوسمانی یەکان لەناو ببرێن و بڕوخێنرێن ، چونکە تورکە عوسمانی یەکان لە ڕاستیدا زۆر شۆڕش گێڕو قارەمانن و بڕوایان بە خۆیان زۆرە و خەڵکانێکن خاوەنی نەفسێکی بەرزن ، ئەم سیفەتە بەرزانەشیان لە پەیوەندی یان بە ئایینەکەیانەوە سەرچاوەیگرتووە و لە وەوە فێری ئەوە بوون کە بە قەزاو قەدەری خوا ڕازی بن و تێریش کراون لەم بیروباوەڕە ، هەروەها لە هێـزی کەلـەپورو مێـژووی ئیسلامیانەوە ئەم سیفەتانەیان وەرگرتووە و فێری ئەوە بوون کـە گـوێ ڕایـەڵی سـوڵتانەکانیان بن و پشتیوانی لەوان و سەرکردەکانیان بکەن و ڕێز بۆ گەورەکانیان دا بنێن .

تورکـە عوسمـانی یـەکان خـەڵکێکی زیـرەکن و زۆر جـدی و تێکۆشـەر و ڕێکـن لەگـەڵ گەورەکانی خۆیاندا کە ئەوانیش جوان ئاڕاستەیان ئەکەن و کردونیـان بە هێزێکی وا خەڵك لێیان بترسێت ، و هێزێکی بە قەناعەت و خاوەن بڕیار و قارەمان و ڕاوەسـتا و بێت لە کاتی ڕووبوڕووبونەوەدا .

هەرچی ئەم سیفەتە جوانانەی تورکە عوسمانی یەکان هەیە ، بەڵکوو هەرچی قارەمانێتی و ئازایـەتی یـان هەیـە هەموولـە هێـزی پابەنـد بونیانەوەیـە بـە دینەکـەیان و بە بـاوو نـەریتی کۆمەڵایەتی و پتەوی ڕەوشتیانەوە وەریان گرتووە ، بۆیە پێویستە :

یەکەم / ئەو هەستی گوێڕایەڵی یەیان بەرامبەر سوڵتان و سەرکردەکانیان بشکێنین و گیـانی مەعنـەوی و پەیوەنـدی یـە ئـایینی یەکـەیان بڕوخێنین ، کورتترین ڕێگـەش بـۆ ئەمـە ئەوەیـە ڕایان بهێنین لەگەڵ ئەو (بیروڕاو)و (هەڵسوکەوتە) ڕۆژئاوایانەکە لەگەڵ کەلـەپوری نیشتمانی و مەعنەوی ئەواندا ناجۆرە وناگونجێت .

دووەم / پێویستە تورکە عوسمانی یەکان لە خشتە ببرێن و وایـان لێبکرێت کـە ئـەو کۆمـەك و هاوکـاری یـە دەرەکـی یانـە قبـوڵ بکـەن کـە هەمیـشە ڕەتـی ئەکەنـەوە و نەفـسیان نایهێنێـت دەسـتی بـۆ بگرنـەوە ، ئـەبێت ڕابهێنـرێن لەسـەر وەرگرتنـی ئەوکۆمەکوهاوکاریانـە ، تەنانـەت ئەگەر ئەوەندە ش هێزو توانایان بۆ دەستەبەر کراوە کە بە ئاشکرا بـە هێزیان بکات ، بەڵام ئەبێت تەنها بۆ ماوەیەکی دیاری کرا وبێت .

ئەو ڕۆژەی کە مەعنەوی یاتیان لەرزەی تیٚ ئەکەویٚت، هەر ئەو ڕۆژە هیٚزە زاتی یەکەیان لەرزەی تیٚ ئەکەویٚت ، چونکە هەر ئەو مەعنەوییات و پەیوەندی یە پتەوانە یانە کە بەرەو سەرکەوتنیان ئەبات ، زیاد لەو هەمووە توانایەی تریان و ئەو ژمارە زۆرەی لە خەڵك هەیانە کە لەڕوودا زیاد لەوە ئەنوێنیٚت کە لەکاتی دەسەلاٌت و فەرمانڕەوایی و بوونیان لە کۆڕە نیٚو دەوڵەتی یەکاندا پێیانەوەدیارە .

هەروەها ئەتوانریٚت لە ڕوویەکی ترەوە بڕوخیٚنریٚن و تیٚك بشکیٚنریٚن ئەویش ئەوەیە لە زەین و عەقڵیاندا بەهای شتە ماددی یەکان گەورە بکریٚت ، واتە گەندەڵ بکریٚن و بەشتی ماددی و بخەڵەتیٚنریٚن ، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە بەس نی یە کە لە گۆڕەپانی شەڕی سەربازیدا بشکیٚنریٚن ، بەڵکو پیٚچەوانەکەی ڕاستە ، چونکە ئەگەر تەنیا ڕیٚگەی شەڕکردن بگیریٚتە بەر بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی عوسمانی ، ئەو ڕیٚگەیە ئەبیٚتە هۆی ئەوەی کە زوو خەبەریان ببیٚتەوە و بگەنە ئەو ڕاستی یەی کە چ نەخشەیەك بۆ لەناوبردن و کاولکردنی خۆیان و وولاٌتیان هەیە و لە نهیٚنیدا بۆیان ئەتەنریٚت .

ئەوەی ئەرکی سەرشانی هەموومانە و ئەبیٚت پیٚی هەستین ئەوەیە بەردەوام بونیەی زاتی و کۆمەلاٌیەتیان لە ناو ڕوسیادا بڕوخیٚنین بە بیٚ ئەوەی بهیٚڵین خۆیان هەست بە هیچ بکەن)[1] .

باتریاك (گریگوریوس) کە باتریاکی ئەستەنبوڵ بوو ، ئەندامیٚکی کارا بوو لە خزمەت کۆمەڵەکەدا و هەرچی کارمەند و دەسەلاٌتی هە بوو لەکاردا بوون بۆجیٚبەجیٚکردنی فەرمانەکانی ئەو ڕیٚکخراوە نهیٚنی کە هەوڵی ئەوەی ئەدا (دەوڵەتی گەورەی یۆنانی) دروست ببیٚت ، هەنگاوەکانی ئەو کۆمەڵەیە بەم شیٚوەیە بوو :

١- دروست کردنی ڕیٚکخراوی نهیٚنی جۆراو جۆر لە هەموو شویٚنیٚکی دەوڵەتی عوسمانیدا ، و ناونوسی هەموو دەوڵەمەندەکانی ڕۆم بکریٚت _ ئەوانە یان دەسەلاٌتیان لە هەمووان زۆرترە لەناو ئەو کۆمەڵانەدا ، بۆ ئەوەی هاوکاری ماددی و مەعنەوی مسۆگەر بکریٚت .

---

[1]) بڕوانە : دور الكنسية في هدم الدولة العثمانية ، ترجمة محمد حرب ، تأليف ثريا شاهين ، ص٧٠تا٧٢ .

*((ئەسقف))پلەیەکیئاینیە لەناو کلیٚسادا لەقەشەگەورەترە ولە(مطران)بچوکترە" المنجد/ووشەی(سقف)(و:ن)

٢- ناوداره هیلینیەکان ئەوانەی پیاوی کەنیسەن بەپلەی بەرپرس دابمەزرێنرێن لەناو کۆمەڵەکەدا .
٣- دروست کردنی کۆمپانیای بازرگانی تا سەرچاوەی دارایی کۆمەڵە نهێنی یەکە دەستە بەر بکرێت .
٤- سود لەو گەنجە هیلینیانە وەربگیرێت کە لە ئەوروپادا ئەخوێنن .
٥- کار بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتی دەوڵەتە گەورەکان دەستەبەر بکرێت [١].

تۆڕەکانی ئەم کۆمەڵە نهێنی یە لە هەمو وولاتی (مۆرە) و دەورووبەریدا بڵاوبوویەوە لە ڕێگەی فرت و فێڵەوە توانیان خۆیان لە پەرچە ناوخۆی یەکان ڕزگاربکەن و لە ساڵی (١٨٢١ ز) دا یاخی بوونی خۆیان ڕاگەیاند ، و لەم یاخی بوونەدا (جرمانوس) کە ئەسقوفی "باتراس " وسەرۆکی ڕێکخستنی کۆمەڵە نهێنی یەکە بوو لە مۆرەدا _ ئاڵایەکی هەڵگرتبوو وێنەیەکی مەریەمی تێدا بوو _ بە خەیاڵی خۆی _ پڕبەدەم هاواری ئەکرد (ئەی ئومەتی یۆنان ! بێداربەرەوە و هەستە تورکەکان بکوژە) ، هاواری ئەکردە هەموو ڕۆم و داوای ئەکرد شەڕ دژ بە عوسمانی یەکان بەرپا بکەن و هەر لەم کاتەدا یاخی بوون کەمە کەمە بازنەکەی فراوان دەبوو .

ئەم یاخی بوونە لە ساڵی ١٨٢١ز دا دەستی پێکرد و زۆر کەسایەتی نیشتمانی و ئایینی و سەرکردەی لە پیاوانی ئایینی بۆ خۆی ڕاکێشا .

" مەکاریۆس " کە سەرۆکی پێشووی کۆماری (قبرص) بوو لە گفتوگۆکەیدا کە ڕۆژنامە نوس و پارێزەری تورکی (نەوزاد قراکیل) لە ساڵی ١٨٥١ لەگەڵیدا سازی دا بوو ئەڵێ :
(... لەوانەیە ئەوە بزانن کە کڵێسا ڕێبەرایەتی یاخیبونەکەی یۆنانی دژ بە عوسمانی یەکان کرد لە ساڵی ١٨٢١ز دا و قەشەکان بوون خاوەنی دەستپێشخەری بوون واتە ئەوان یەکەم کەس بوون کە ئاڵای یاخیبونەکەیان بەرزکردەوە و یۆنان لە ڕێگەی ئەوانەوە بوو گەیشتە سەربەخۆیی خۆی و لە دەوڵەتی عوسمانی جیابوونەوە) [٢] ، پاشان ئەڵێ ، ((ئازادی ئەو تاکە بیرۆکەیە کە مەسیحیەت بەهی خۆی ئەزانێ)) [٣]..لەڕاستیدا ئەمەیش وایە ،

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ص٦٠ .

[2]) بڕوانە : دور الكنيسة في هدم الدولة العثمانية ، ص٦٤ .

[3]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٥ .

قەشـەكان هەسـتان بەوەیكـە هەرچـی لادیٚ و شارۆچـكە هەیـە ئاگاداریـان كـرد كـە شـەوی جەژنی ((فصح)) پەلاماری توركەكان ئەدریٚت بۆ ئەوەی لە ناوببریٚن و هاتن سویٚنیان خوارد كە ئەم نهیٚنـی یە بۆ كـەس باس نەكـەن تا كـاتی دیاری كـراوی خـۆی ، عوسمانیەكان بـەم هەلوێـستەیان زانـی لـە ڕیٚگـەی هەنـدیٚ لـە دۆسـتانی خۆیانـەوە بۆیـە وەك گریمانیٚـك پاشەكشەیان كـرد بـەرەو قـەلاٚكان ، بـەلاٚم لەبـەر ئـەوەی هـیچ كۆمـەكیان پـیٚ نەئەگەیـشت" نەیاتوانی زۆر لەو قەلاٚیانەدا بمیٚننەوە بۆیە قەلاٚ دوای قەلاٚ كەوتە دەست یاخی بووان .

لە ماوەیەكی كەمدا _ نزیكەی سیٚ هەفتە _ یاخیبوان توانییان دەست بەسەر هـەموو (مورە) دا بگرن ، تەنیا قەلاٚی (تریبولیجە)نەبیٚت كە سەنتەری ویلایەتی (مورە) بوو بەرگری یەكی توندیان كرد و ماوەی چەند مانگ بەردەوام بەرگریان دەكرد ، ڕۆمـەكان بە شیٚوەیەكی زۆر دڕاندانە كە ویٚنەی نی یە _ كەوتنە قەتلٚ و عام كردنی ئەو عوسمانیانەی بە دیل ئەگیران _ لە كاتی ئەم یاخیبونەدا _ و ماڵەكانیشیان هەموو تالاٚن كردن .

پیـاوانی ئـاینی بـەردەوام پەیوەنـدی پتـەویان هـە بـوو لەگـەلٚ گـەورە پیـاوانی كۆمەلـەی (بـەرزترین بیرۆكـە) و هەمیـشە هاوكـاری و كۆمـەكیان بـۆ ئـەناردن ، قەشـەكان لـە كلیٚـسا كانیانـەوە هاوكـاری هیٚـزە ڕۆمیـەكانیان ئەكردلـە (ئـەفلاق) و(بەغـدان) دا ، چـی پـارەی نـاو صندوقەكانی كلیٚسە ش هە بوو هـەموویان بۆ ناردن، هـەروەها قەشەكان ڕیٚگـەیان دا بـەوەی كـە كلیٚـساكان بكریٚنـە هـەمباری تـۆپ و بـاروت هـەروەك چـۆن ڕیٚگـەیان دا بكریٚنـە (واتـە كەنیسەكان) ژیٚر زەمین و پەناگا بۆ خۆیان .

مطران(بالیا بادرا) نامەیـەكی بۆ قونسولی ڕۆسـیا نووسـی و تیٚیـدا ئـەلیٚ : (لـە پیٚنـاوی ئـەوەی كـە بەتـەواوی لـەم توركانـە ڕزگارمـان ببیٚـت پیٚویـستە ڕوسـیا هاوكـاری ئـەم گەلـە یاخیبوانە بكات)[1] .

با ترپاك گریگوریوس ڕۆلیٚكی گەورەی گیٚڕا لە دروست كردنی ئەم یاخیبونەی ڕۆمـەكان دا دژ بـە حـوكمڕانی عوسمـانی یەكان وەك لـە پیٚشەوە باسمـان كـرد ، بـەلاٚم پیٚویـستە ئـەوە ڕۆشـن بكەینـەوە كـە ئـەم باتریاكـە لەگـەلٚ ئـەوەدا كـە ئەنـدامی كۆمەلـەی (بنـەمای دروسـت كردنی یۆنانی گەورە)بوو یان وەك ڕۆمەكان ناویان ئەبرد بە (بنەمای گـەورە)یان(بـەرزترین بیرۆكـە) ، ئـەو كاتـەی كـە ڕوسـیا _ وەك چـۆن سیاسـەتی ڕوسیی ئەیخواسـت _ نكـۆلی لـەو

---

[1]) بڕوانە : دور الكنيسة في هدم الذولةالعثمانية ، ص ٦٥ .

یاخیبونەی ئەرسەزوکسەکان کرد ، بۆیە باتریاك گریگوریوس ناچار بوو کە مەرسومێك دەربکات دژ بە یاخیبوەکان و ناوی نا (بەیانی بێ بەش بوون) [١].

دەزگای هەواڵگری عوسمانی توانی لە ڕووی چەند زانیاری یەکی متمانە دار و دڵنیاکەرەوە بگاتە ئەوەی کە (نەخشەی دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەیئەرسەزۆکسی یۆنانی ، لەلایەن باتریاك خۆیەوە داڕێژراوە) [٢].

کە ئەم هەواڵانە گەیشتە سوڵتان محمدی دووەم توشی سەرسامی کرد و بڕیاری دەرکرد بنکەی باتریاك بپشکنێرێت ، و (علی پاش)ا توانی نەخشەیەکی وردو توند تۆڵ دابنێ بۆ دان بەسەر بنکەی باتریاکیدا و لە ئەنجامدا هەموو ئەو دیکۆمێنت و بەڵگە نامانەی لە پێشەوە باسمان کردن کەوتە دەست کاربەدەستان و پیاوانی حکومەت .

لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا هەموو ئەو نامانە گیران کە بۆ ئەو قەشانە نێردرا بوون کە ڕێبەرایەتی یاخیبونەکەیان ئەکرد لە ناو (مۆرە)دا هەروەك چۆن هەموو ئەو زانیاری یانەش گیرا کە لە ئەستەنبوڵەوە دەرچوو بوون بۆ ئامادە باشی و دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ یاخی بوونەکە ، هەروەها هەموو ئەو ڕێکخستن و ڕێگەیانەی کە دەوڵەتی عوسمانی گرتبویە بەر بە شێوەیەکی نهێنی، کە چی ئەو میرانەی ڕۆم کە سەر بە کڵێسا بوون هەموویان ئاشکرا کرد بوو ، ئەمە جگە لە و زانیاری یانەی کە لە هەردوو باڵوێزخانەی (انکلتەرە) و (فەڕەنسا) وەوە گەیشتبونە باتریاکی بەتایبەتی ئەو زانیاری یانەی باس لە هەنگاوەکانی ئامادە باشی ڕۆمەکان ئەکەن لەڕوسیا دا و هەواڵی ئەو چەك و تفاقانەی کەلەسەنتەری کۆمەڵە نهێنی یەکەوە لە شاری (ئودیسا) وەوە ڕەوانە کراون ، بۆیان و هەموو ئەو بەیان و داوانەش کە تکای ناردنی کۆمەك ئەکەن لەگشت "سەئوکسی یەك " لە هەموو کونو قوژبنێکی دونیادا و لیستی هەموو ئەو پارەو کۆمەکی دارایی یانەش گیراکە دراوە بە باتریاکی بۆ ئەوەی یاخی بێن.

هەموو ئەم زانیاری یانە کەوتە دەستی حکومەتی عوسمانی، باتریاك خۆیشی نکوڵی لەهیچ کامێکیان نەکرد ! و ووتی : بەڵێ من بە هەموو ئەو شتانە هەستاوم و هەموو ئەو

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ص٦٦ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٧ .

تۆمەتانەیشی سەلماند کە ڕووبەڕووی کرایەوە ، و لەم تاوانەیشدا هاوکاری زۆری هە بوو کە حوکمەت هەموویانی ناسی لە دواییدا .

سوڵتان محمدی دووەم فەرمانێکی بۆ لەسەر کار لابردنی باتریاك گریگوریوس و پاشان لە سێدارە دانی دەرکرد [1] ، بڕیاری لە سێدارەدانەکەی ڕۆژی (فصح) جێبەجێ کرا کەلای ڕۆمە ئەرسەثۆکسی یەکان ئەو ڕۆژە جەژنە ، پاشان سوڵتان فەرمانێکی تریشی دەرکرد کە کەسێکی تر هەڵبژێرێت بۆ جێگەکەی باتریاکی پێشوو ، ئەم فەرمانەشی دایە دەست (ئیستا فراك بەگ) کە وەرگێڕی دیوانی هەمایونی بوو ، کۆمەڵەکەی ترسێکی زۆریان لێنیشت کە (ئیستا فراکی) نێرا بۆ باتریاکی ، ئەویش فەرمانەکەی بەسەردا خوێندەوە و ئەوانیش لە دواییدا (اویانیوس) یان هەڵبژارد و کردیانە (باتریاك) [2] .

حکومەتی عوسمانی دەستی کردە لە ناوبردنی هەندێ لە سەرکردەکانی ئەم یاخیبونە و ئەمەش کاریگەری زۆری کردە سەر دامرکاندنەوەی خەڵکی و تەنانەت (باتریاك) خۆی بوویە ناو بژیوان لە نێوان حکومەتی عوسمانی و یاخیبواندا لە (مۆرە) ، کارەکەشی گەیشتە ئەوەی کە باتریاك پەیامێکی بەناوی (عەرزەو حاڵ) نارد بۆ حوکمەت و داوای _ ئەمان _ ی کرد بۆ یاخیبوان ، دەسەڵاتدارانی عوسمانیش وەڵامی باتریاکی تازەیان دایەوە و بڕیاری لێبوردن دەرکرا بۆ هەمووئەوانەی کە پەشیمانی دەر ئەبڕن ، و بەو جۆرە ماڵ و موڵکی خۆیشیان دەست کەوتەوە و ئەوانەش مردبوون هەموو مافەکانیان دران بە میراتگرەکانیان و کڵێساش لەوە و دوا دەستی بە کارەکانی خۆی کردەوە و هەمو طقوسە ئایینی یەکانی خۆیشی هەروەك خۆی مایەوە ،

حکومەتیش پەیمانی ئەوەی دا بە خەڵکی نیشتە جێیان بکات و بیانخاتە خۆشی یەوە و ئەم بڕیارەی حکومەتیش گەیەنرایە باڵوێزەکانی دەوڵەتە بیانی یەکان و لەگەڵ ئەمانەشدا ڕووداوەکان هەر بەردەوام بوون و حکومەتیش ناچاری دەست وەردان ئە بوو [3] .

دووەم / (محمد علی پاشا) و یۆنان :

---

[1]) بڕوانە : دور الكنيسة في هدم الدولة العثمانية ، ص٧٣ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ، ص٧٤ .

[3]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادی ، ص٩٨ .

(محمد علی) بە ڕۆڵی خۆی هەستا و بانگەوازی سەلەفیەتی لە دورگەی عەرەبیدا لە ناوبرد ، و کاتی ئەوە هات لاواز بکرێت و نینۆکی بقرتێنرێت ، بۆیە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان داوایان کرد لە (سوڵتان محمود) کە سوپاکەی (محمد علی) بنێرێت و ئاژاوەی یۆنانی پێ دابمرکێنێتەوە ، و لەو لاشەوە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان " (محمد علی) " یان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر داوای وای لێکرا قبوڵی بکات و خستیانە ناو ئەو خەیاڵەی کە ئەگەر ئەو کارە بکات ئەوە ئەبێتە تاکە سەرکردە لە ناوچەکەدا و دوور نی یە کە کارەکە سەر بۆ ئەوەش بکێشیٚ کە بشبێتە خەلیفەی موسڵمانان کاتێك کە سوڵتانی خیلافەت بێهێز ئەبێت! ، (محمد علی) ئەم داوایەی سوڵتان محمودی دووەمی قبولْ کرد بەو مەرجەی فەرمانڕەوایی (کریت) و (یۆنان) بەو بسپێرێت ، هەر کە هەواڵی قبوڵکردنی مەرجەکەی پێگەیشت خێرا (ابراهیم پاشای) کوڕی نارد بۆ سەرپەرشتی کردنی شەڕی (مورە) [١] و سوپای میصر بەسەرکردایەتی (ابراهیم پاشا)و(سێمان پاشای فەرەنساوی ڕاوێژکاری" لە ڕێگەی دەریاو لە(ئەسکەندەریە)وە دەستیان کردە جووڵە ، لە ساڵی (١٢٣٩ ك ١٨٢٣ ز) دا بە ئاڕاستەی (کریت) و نیوە دوورگەی (مورە) کە سەنتەری یاخیبونە خاچپەرستییەکە بوو ، و لە ساڵی (١٢٤٠ك _ ١٨٢٤ ز) دا (نافرین) ی گرت و لە ساڵی (١٢٤١ك _ ١٨٢٥ ز) یشدا چوویە ناو (اثینا) لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەی دەریایی ئینگلیز (لۆرد کوشران) هاوکاری یەکی زۆری خاچپەرستە یۆنانی یەکانی کرد ، پاش ئەوەی کە هێزە ئیسلامیەکە بزوتنەوە خاچپەرستە یۆنانیە یاخیبوەکەی لە باربرد ، خاچپەرستی ئەوروپی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و ئەوەی ڕاگەیاند کە وولاّتی یۆنان لە ژێر دەسەلاّتی ئەو دایە و ڕوسیایش کە بە ئاشکرا پشتیوانی لەو یاخیبوونەی یۆنانی ئەکرد ، سەیری کرد هەل هەڵکەوتووە کە پەلاماری (استنبولْ) بدات و بیگێڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشووی خۆی و بیکاتەوە بەسەنتەری خاچپەرستی و بت پەرستی و ئینگلیزیش دایە پاڵی و پشتیوانی بۆ دەربڕی [٢].

ڕوسیا دەوڵەتی عوسمانی ناچار کرد کە ڕێکەوتنامەی (ئاق کرمان) لە ٢٨ / صفر / ١٢٤٨ بەرامبەر (١٨٣٢) مۆربکات کە گرنگترین بڕگەکانی ئەوە بوو کە :

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٩ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٩ .

(ڕوسیا مافی ئەوەی هەیە کە بە ئازادی بە ناو دەریای ڕەشدا بێت و بڕوات ، بەبێ ئەوەی کەشتی یەکانی پشکنین بکرێن بە تەنگاوەکانی عوسمانیدا دێن و دەڕۆن) ، لەگەڵ ئەوەدا کە هۆی ئەم ڕێکەوتنامەیە یاخیبونی یۆنانە خاچپەرستەکان بوو کە چی لەم ڕێکەوتنامەیەدا هەر باسیش نەکرا ، زۆری نەبرد (ئینگلتەرە) داوایەکی خستە بەردەم دەوڵەتی عوسمانی سەربەخۆیی بە (یۆنان بدات و دەوڵەتی عوسمانیش ئەمەی ڕەت کردەوە چونکە ئەوە دەستێوەردانێکی ئاشکرایە لە کاروباری ناوخۆیدا)[1] ، ئەم ڕەت کردنەوە یە بەس بوو بۆ ئەوەی کە ئەوروپا بۆ جارێکی تر شەڕ رابگەیەنێتەوە .

ڕوسیا و فەڕەنسا و ئینگلتەرا لە (١١ / ذی الحجة /) دا ڕێکەوتن کە زۆر لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن تا سەربەخۆیی بداتە یۆنان ، بەو مانایەی جیای بکاتەوە لە لەشی دەوڵەتی دایك (دەوڵەتی عوسمانی) ، سوڵتانی عوسمانیش ئەم داوایەی ڕەت کردەوە و دەوڵەتە ئەوروپی یەکانیش فەرمانیان دەرکرد بۆ گەلەکەشتیەکانیان بەرەو کەنارەکانی (یۆنان) بڕۆن و داوای شەڕ ڕاگرتنیشیان کرد لە ابراهیم پاش و ئەویش سروشتی یە پێی ىووتن من فەرمان یان لە خەلیفەی موسڵمانانەوە یان لە باوکمەوە وەرئەگرم نەك لە خەڵکی تر ، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ماوەی بیست ڕۆژ شەڕ ڕاگیرا بۆ ئەوەی ڕێنمایی و زانیاری پێ بگات[2] .

سوپا هاوپەیمانەکانی ئەوروپی یەکان گەشتنە بەندەری (نوارین) بێ ئەوەی ئالای شەڕ هەڵبکەن ، بۆیە ئەم هاتنە ناوە گزی و فێڵ کردن بوو ، ئەوە بوو لە ناغافڵێکدا ئەم گەلەکەشتیە دەستیان کردە تۆپ باران کردنی کەشتیگەلە هاوبەشەکەی عوسمانی و میصری و زۆر خراپ تێکیان شکاندن و خستنیانە ژێر ئاو ، ئەم شتە ئەوەندە کتوپڕ بوو کەس چاوەڕوانی نە ئەکرد ، بۆیە هیچ جۆرە کارێکی بۆ نەکرا بوو ، بە بۆنەی ئەم شەڕە ناپاکەوە بارودۆخەکە پێچەوانە بوویەوە و هێزەکانی عوسمانی توشی بێهێزی و داڕوخان هاتن کە لەوەو پێش لە حاڵەتی هێزو سەرکەوتن دا بوون ، گەلانی ئەوروپا بە ئاهەنگ گێران پێشوازیان لەم سەرکەوتنە کرد[3] ، زیاد لە سی هەزار (٣٠٠٠٠) سەرباز لە سوپاکەی (محمد علی) کوژران و بە و شێوەیە دوژمنان هێزەکانی (محمد علی)ان بێ هێز کردوو پارچەیەکیشیان لە وڵاتی ئیسلام و

---

1) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص١٠٠ .

2) هەوان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٠٠ .

3) بڕوانە : دور الكنيسة هدم الدولة العثمانية ، ص٧٧ .

دەوڵەتی عوسمانی کردەوە و فەڕەنساو ئینگلتەرە کارێکی دوو سەریان کرد ، لە لایەکەوە هانی سوڵتانیان دا کە سوپایەك بنێرێت بۆ ئەوەی یا خیبوان لە وولاتی یۆناندا سەرکوت بکات و لەلایەکی ترەوە ئەو سوپایەیان لە وولاتدا قەتڵ و عام کرد ......

کە (محمد علی) والی میصر ئەمەی بینی بەسەر سوپاکەیدا هاتووە فەرمانی بە کوڕەکەی کرد کە پاشەکشە بکات و هێزەکانی فەڕەنسا هەموو ئەو شوێنانەیان گرت کە سوپای (محمد علی) لێ ی کشابوونەوە ، فەڕەنسا و ئینگلتەرە کۆنگرەیەکیان بەست و بڕیاریان دا کە وولاتی یونان لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببێتەوە بەو مەرجەی کەسێکی نەصرانی فەرمانڕەوایی بکات کە بەڕای هەرسێ وولاتەکە هەڵی ببژێرن ... خوای گەورە ڕاست ئەفەرموێ ﴿ وقد مكروامكرهم وعندالله مكرهم وإن كان مكرهم لتزول منه الجبال ﴾ (ابراهيم ٤٦) فێڵ و تەڵەکەی وا ئەکەن شاخ لە بن ئەهێنێ .

یان ئەفەرموێ ﴿ ولا يزالون يقاتلونكم حتى يردوكم عن دينكم ان استطاعوا ﴾ البقرة /٢١٧ ، بەردەوام شەڕتان پێ ئەفرۆشن تا لە دینەکەتان پاشگەزتان ئەکەنەوە _ ئەگەر بۆیان بکرێت _ هەروەها ئەفەرموێ ﴿ لايرقبون مؤمن الا ولاذمة ﴾ التوبه : ١٠ ، نە خزمایەتی و نە پەیمان هیچیان ڕەچاو ناکەن دەرحەق بە ئیماندار ... دوژمنان لەگەڵ خەڵکانی هەر بەناو موسڵمان و لە سەردەمی سوڵتان محمودی دووهەمدا دەستیان دایە پیلان گێڕان بۆ داگیرکردن و بەتاڵان بردنی وولاتانی ئیسلام [1].

یازدە یەم / (محمد علی) پاشا دەست بەسەر شامدا ئەگرێت و ئەکەوێتە شەڕ فرۆشتن بە دەوڵەتی عوسمانی :

سیاسەتمەداری بەریتانی و فەڕەنسی یەکان بینیان ڕێگە دان بەوەی (محمد علی) سوپاکەی بەرەو شام و پاشان بەرەو (ئەنا ضنول) بەرێت ، خزمەتێکی باشی بەرژەوەندی یەکانی ئەمان ئەکات چونکە ڕێگە ئەگرێت لە دەسەلاتی بەردەوام ڕوو لە زیادی ڕووسیا لە موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ، (محمد علی) یش بەم بیرکردنەوە دڵخۆش بوو چونکە بەتایبەتی خزمەت بە ئامانجەکانی ئاغا ئینگلیزەکان ئەکات ، ئەوەش وا ئەکات مرۆ ڤ ئەم قەناعەتە بسەلمێنێ ئەوەیە ئینگلتەرە زۆر بەتوندی دژایەتی ئەوەی ئەکرد کە (محمد علی) کار لەسەر ئەو پێشنیارەی فەڕەنسا بکات و پەلاماری جەزائیر بدات ساڵێك پێش ئەوەی پەلاماری

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، ص١٠١ .

شام بدات ، نەك هەرئەوە بەڵكوو هەڕەشەی ئەوەیشیان لێ کرد کە پەلاماری کەشتیگەل و سوپاکەشی ئەدەن ئەگەر کاری وابکات و پەلاماری جەزائیر بدات ، ئەوە بوو کار گەیشتە ئەوەی لە جێبەجێ کردنی ئەو کارە پاشە کشە بکات هەرچەندە ڕێکەوتنامەیشی مۆر کردبوو لەگەڵ فەرەنسی یەکانداکەوەها کارێك بکات ... ئەمەیە وائەکات بوترێ (محمد علی) لەبەر نەخشە و فشاری بەریتانیا وازی لە شەڕی جەزائیر هێنا ، چونکە ئەمیان (واتە شەڕ فرۆشتن بە شام) یارمەتی بەریتانیا ئەدات پەرچ لەبەردەم دەسەلاتی ڕوسیادا دروست بکات کە بەردەوام لە زیاد کردندا بوو لە ناوچەکەدا ... هەرچۆنێك بێت ، (محمد علی) زۆر هەوڵی ئەوەی ئەدا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و وای دەربخات کە لە بەر فلانە هۆ و فیسار هۆ پەلاماری شام ئەدات وەك ئەوەی ئەیوت ((عبدالله پاشا)) والی ((عکا)) دالدەی شەش هەزار هاوولاتی میصری داوە کەلە خزمەتی سەربازی لە سوپای (محمد علی) هەلاتوون تەنیا لە ساڵی ١٨٣١ ز و ئەوەیشی قبوڵ نی یە بیانگێڕێتەوە ، یان گوایە (عبدالله پاشا) فشار ئەخاتە سەر بازرگانەکانی سەر بە پاشاو بەزۆر شتیان پێ ئەکات ، (محمد علی) نامەیك بۆ (باب العالی) ئەنوسێ و ئاگاداری ئەکاتەوە کەلەبەر ئەو هۆیە پەلاماری (عبدالله پاشا) ئەدات ، " صەدری ئەعظەم " یش لە وەلامدا نامەیەکی بۆ ئەنوسێ کە ئەو کەسەی لێکۆڵەرەوە بێت لەو نامەیەوە بۆی دەرئەکەوێت کە دەوڵەتی عوسمانی لە چ بێهێزی یەکدا ژیاوە لەو کاتەدا و چۆن نەیتوانیوە ڕێگە لە (محمد علی) بگرێت کەتێیدائەڵێ : ((شکاتکردنی هەندێ بازرگان پاساوی ئەوە نادات کە شمشێر بخرێتە کار وئاگری شەڕهەڵبگیرسێت، و ئەو دووبەرەکی و ناکۆکیەش لە نێوان پاشاکانی دەرو جیراندا ڕوودەدات ڕاست نی یە بە هێزی شمشێر چارەسەر بکرێت بەڵکوو چارەسەر بەوەیە کە باب العالی دەخالەت بکات) [1].

(محمد علی) بەم قسانەی (صەدری ئەعظەم) قایل نە بوو ، بۆیە بەسەرکردایەتی (ئیبراهیم پاشا)ی کوڕی سوپاکانی خستە ڕێ و مارۆنیەکانیش بە هەموو شێوەیەك پشتیوانیان کرد لە (محمد علی) و لەگەڵیدا هاو هەڵوێست بوون ، فەرەنسی یەکانیش هانی (مارۆنیە مەسیحی یەکانیان) ئەدا کە لەگەڵ (ئیبراهیم پاشا)دا بن و چەکی باشیشیان پێ دان ، و نەصرانی یەکانی شامیش ڕایان گەیاند کە ئیبراهیم پاشا هاوڕێ و دۆستیانە و ئامادەیی تەواویان دەربڕی بۆ هاوکاری کردن ، (ئیبراهیم پاشا)ش هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەر جولەکە و نەصاری

---

[1]) بڕوانە : قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين ، ص١٩٢ .

هە بوون (تەنیا ئەوان) هەڵگرت لەهەر وولأتێکدا کە ئە کەوتە ژێر دەستیان بە هۆی ئەوەی کە بانگەشەی بۆ ئازادی و یەکسانی ئەکرد [1]. ئەوانەش بەڵگەی بەهێزن کە(ئیبراهیم پاشا)ش لەژێر کاریگەری کۆڕی ماسۆنیەتدا بووە ، ئەو کۆڕەی سەر بە فەڕەنسا بوو کە بە هەموو جۆرێك پشتی نیازەخراپەکانی کانی خۆی و باوکی ئەگرت)) [2].

هەرچەند سوپای (ئیبراهیم پاشا) توانی سوپای عوسمانی تێك بشکێنێ و توانی بەتەواوی دەست بە سەر (شام) دا بکێشێ ، بەڵام عوسمانیەکان لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە خەڵکیان هاندا لە (ئیبراهیم پاشا) و زۆر شتیان کردە هۆ بۆ ئەم بێزار بوونە ، وەك هۆی ئایینی یان ئابوری بەتایبەت دوای ئەوەی کە (ئیبراهیم پاشا) دەستی نابویە بینی موسڵمانان لە کاتێکداکە ئەو پەڕی ئازادی دا بوویە نەصاراو جولەکەکان ، و کارەکە گەیشتە ئەوەی کە ڕێکەوتنامەی "لندن " لە ساڵی ١٨٤٠ ز دا مۆر بکرێت ، ئەو ڕێکەوتنامەیە کە بوونی دەسەلأتی میصری (بۆ والی میصر) لە شامدا بەوە دیاری کرد تا (محمد علی) لە ژیاندا بمێنێت [3].

قۆناغەکانی داگیرکاری (محمد علی) بۆ وولأتی شام ئەوە دەردەخات کە ئەو کابرایە چەندە دوژمن بووە بە موسڵمانان و چەندە هاوکارو پشتیوان بوو بۆ جولەکە و نەصاراکان ، ئەوەش دەردەخات کە (محمد علی) لە شامدا خزمەتکارێکی ئامانجەکانی بەریتانیا بووە و لە ڕووی سیاسیەوە (ئیبراهیم پاشا) دەرگای خستە سەر پشت بۆ تیمە تەبشیری یە فەڕەنسی و ئەمریکایی یەکان ، چی یاسای قۆڕخکراویش هەیە دەربارەی نصاری (بەتەنیا ئەوان) هەمووی هەڵوەشاندەوە و هەندێ لە نوسەران ساڵی ١٨٣٤ ز بەساڵی وەرچەرخانی مێژوویی و ساڵی (یەسوعیەکان) دا ئەنێن .

لەم ساڵەدا تیمە ئەمریکی یەکان بە هەموو لایەکدا بلأو بوونەوە ، و چاپخانەی شاندە ئەمریکای یەکان لە مالطاوە گوازرایەوە بۆ (بیروت) و لەوێدا قوتابخانەیەکی بۆ ئافرەتان دروست کرد لەسەر دەستی "ایلی سمیث " و ژنەکەی دا [4]. چاپخانە درا بە هەندێ

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٢ .

[2]) بڕوانە : الجامعة الاسلامية ، احمد الشوبكة ، ص١٠١ .

[3]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص١٩٣ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٣ .

لەکڵێساکانی تر بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان هەیان بوو تا چاپخانە و پەخش تەنیا لە دەستی مەسیحی یەکاندا بێت تا بتوانن بگەنە هەموو ئامانجەکانی خۆیان لەو کاتەدا کە موسڵمانەکان دەستەوسانن لە پەیداکردنی ئەو کەرەسانەی کە لەڕێگەیەوە بیروڕاکانی خۆیان بەدنیادا بڵاوبکەنەوە لەم بوارەدا [1] .

چوونی سوپای (محمد علی) پاشا بۆ شام خاڵی دەستپێکردن بوو بۆ ئەوەی تیمە مژدەدەرەکان ڕۆڵیان دەست پێ بکات ، ئەگەر کوڕەکەی ئەو نەبوایە پشتی بگرتنایە ، ئەقڵیان هەر بە گۆجی و بیروباوەڕیان بە گەنیوی ئەمایەوە .

کردنەوەی کۆلێژی " عين طورة " کە جارێکی تر دەرگای کرایەوە و تا ئێستا هەرماوە _ ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دروست کردنی چەندان کادیرو بیرمەندا ، لە هەمان کاتدا (محمد علی) سیاسەتێکی خوێندنی لە ناو موسڵماناندا پەرەپێدادا کە ئامانج لێ ی ئەوە بوو خەڵکی فێری ناسیولیزمی بکات لە وڵاتی شام دا ، ئەوە بوو لە میصرەوە کابرایەکی فەڕەنسی بە ناوی " کلوت بگ " [2] ەوە هێنا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەم سیاسەتە بکات چونکە ئەزمونێکی باشی لە میصردا وەرگرتبوو لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەدا ، و یەك چابخانەش بە هەموو کەرەسەکانەوە خرایە ژێر دەستی تا بە عەرەبی ئەو کتێبانە بڵاو بکاتەوە کە ئەم ئامانجەی بۆ ئەهێنێتە دی ، ئەگونجێ بە هەموو ئەم کەرەسانە _ و بە هاوکاری شاندەکانی بە فەلەکردن و پیاوانی کە هەنووتی لە کڵێساکاندا _ لە چەند ساڵێکی کەمدا هاوکێشەکانی خوێندن و پەروەردە هەموو هەڵبگێڕنەوە و ئامانجەکانی کوڕە ماسۆنیەکان فەڕەنسا بهێننەدی لە ئەم شەڕفرۆشتنەیدا بە موسڵمانان و بە ئیسلام [3]) .

لە و کاتەدا کە سوپای (محمد علی) ڕێگەی خۆش ئەکرد بۆ نەصارەکان لە وڵاتی شامدا و شەوکەتی موسڵمانانی لاواز ئەکرد ، سوپای فەڕەنسا و لە ساڵی ١٨٣٠ ز دا جەزائیری داگیر کرد پاش ئەوەی خیلافەتی عوسمانی لاوازی ڕووی تێکردوو بە خۆی و نزیکەی بیست و هەشت هەزار جەنگاوەر وگەلەکەشتیەك کە سەد کەشتی و سێ بارهەڵگر کە بیست حەوت هەزار سەربازی دەریای بەسەرەوە بوو چوونە ناو جەزائیر و دەوڵەتە ئەوروپای یەکانیش

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٦ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٦ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ص١٩٦ .

پشتیوانیان کرد لەم داگیرکاری یە بێ شەرمانە ، کاتی ئەوە هات ئیتر دەست بە دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە بکەن لەسەرڕێو ڕێچکەی ئەوروپا .

لێرەدا جێ ی خۆیەتی بپرسین ، باشە (محمد علی) پاشای والی میصر لە کوێ بوو کاتێك کە فەرەنسی یەکان وولاتی جەزائیریان داگیر کرد ؟ بۆچی خۆی کرکرد ؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە هیچی نەبوو پشتیوانی لەجیهادی گەلی موسڵمانی جەزائیر بکات ، یان لێیان دوور بوو نەئەگەیشت پێیان ؟ یان لەبەر ئەوە بوو کە لە پاداشتی بێ دەنگ بوونی دا دەوڵەتە ئەوروپای یەکان و لەوانە فەرەنسا ، لێئەگەڕێن (محمد علی) هەر بە پاشاو والی میصر بمێنێتەوە و هەلی یەك خستنەوەی وولاتی شام و میصری بۆ بەجێ دەهێڵن ، یان پەیمان و وادەی کارێکی تری پێدرا بوو کەلە پشت پەردەوە بۆیان چنی بوو ؟

(محمد علی) چنگول و خەنجەرێکی ژەهراوی بوو کە دوژمنان بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانیان بە کاریان ئەهێنا بۆیە لەو ڕاپەڕینە زانستی و ئابوری و سەربازیەی دەستی دایە لە گەڵیدا بوون و هاوکاریان دەکرد پاش ئەوەی دڵنیا بوون لەوەی کە لایەنی (عەقیدە) و ئیسلام لە خۆی و یاریدەدەرو سەربازەکانیدا کز بووە [1] .

ڕۆڵی (محمد علی) لە ناوچەکەدا بە گشتی ئەوەی لێئەکەوتەوە کە دەوڵەتە ئەوروپای یەکان ڕادەی بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی یان ڕوونتر بۆ دەرکەوت و بەو شێوەیە خۆیان ئامادەکرد بۆ دابەش کردنی زەوی و زارەکانی، ئەو کاتەی کە هەل و مەرجە سیاسی یەکان سازو ئامادە ئەبن [2] .

لەدوای ئەوەی کە سوپاکانی عوسمانی لەبەردەم سوپاکانی " (محمد علی)" دا لە شام و(ئەناچۆڵ)دا شکا دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو داوای یارمەتی لە ڕوسیا بکات ، چونکە لەوە تێگەی کە (محمد علی) بەریتانیا و فەرەنسا بونەتە باوان بۆی ، ئەوە بوو کە ڕێکەوتنامەی ((نکیار ئەسکلە سی)) لە ساڵی ١٨٣٣ زدا کەوتە نێوانیان داوای ئاگربەستی (کوتا هیە)) ئەم ڕێکەتنامەیە وەك هاوپەیمانێتی بەرگری کردن لەیەك وا بوو لە نێوان ڕوسیا وعوسمانی یەکاندا ، ئەمە وای کرد کە بەریتانیا و فەرەنسا بچن بە گژ " محمد علی " دا لە ترسی ئەوەی نەك ڕوسیا دەست وەربداتە ناوچەکە و بۆیە ڕێکەوتنامەی لەندەنی لەسەر فەرز کرد لە ساڵی

---

1) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص١٠٢ -١٠٣ .

2) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثمانية ، ص١٩٧ .

١٨٤٠ زدا ، ئەم ڕووداوانە وای کرد هەوڵەکانی سوڵتان محمودی دووەم بۆ چاکسازی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا لەبار بچن و ئەمەیش وای کرد دەوڵەتی عوسمانی ناچاری مل بدات بۆ ئەوەی دەوڵەتە ئەوروپای یەکان لە چاوبرسێتی (محمد علی) بپارێزن ،ناچار قبوڵی کرد لە ژێر ((وصایه)) ی ئەوان دا بێت ،![1] .

ئا بەو شێوەیە نەخشەی دوژمنانی ئیسلام بۆ (محمد علی) نەخشەیەکەی وردو لە ڕووی لێکۆڵینەوەوە دانرا بوو ، تا ناوچەکە هەمووی ساز بکەن بۆ قۆناغێکی تری ئیمپریالیزمی کە تا ئەمڕۆیش میللەتی ئیسلامی بە دەست ئاسەوارەکانی ئەو داگیرکاری یەوە ئەناڵێنێ ، سیاسەتی نەصرانیانەی ئەوروپا توانی لە ڕێگەی بەکرێ گیراوێکی دڵسۆزی وەك " (محمد علی) " یەوە ئەم هەموو ئامانجە بەدەست بهێنێت :

١- ڕووخاندنی دەوڵەتی یەکەمی سعودیە کە خەریك بوو ئەبوویە بەربەستێکی سەخت لەبەردەم چاوبرسێتی بەریتانیا لە ڕۆژهەلآتدا بە گشتی و لە کەنداوی عەرەبی دا بەتایبەتی .

٢- دەرگا خستنە سەر پشت بۆ ئەوەی چەندان دامەزراوەی دوژمن بە ئایینی ئیسلام و موسڵمانان دروست بکرێت وەك : کۆڕەکانی ماسۆنیەت ، شاندە تەبشیری یەکان ، کڵێساو شوێن دروست کردن بۆ ڕاهی یەکان و دروست کردنی قوتابخانە بۆ چاندنی تۆی ڕەوتە ناسیونالیزمیەکان تا بدرێن بەگژ ئیسلامدا و ڕەواج بدەن بەو بیروباوەڕانەی کەلە بەرژەوەند یەکانی میللەتی ئیسلام ئەدات .

٣-ڕێگە دان بە کۆپانیاکانی بازرگانی ئەوروپیەکان تا دەست بەسەر بواری ئابوریدا بگرن .

٤- دانی (امتیازات) ێکی بەربلاّو بە ئەوروپاییەکان . گرتنەوەی ئەو (امتیازاتانە) لە خەڵکی شام و میصر .

٥ -خنکاندنی ڕەوتی ئیسلامی و بەرتەسك کردنەوە لە زانایان و شەرع زانەکان و ڕێگە پێ نەدانیان کە کاری کوتلەیی بکەن لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانیاندا .

٦- (محمد علی) بوویە نمونەیەك تا دەوڵەتە ئەوروپای یەکان لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەو شێوەیە بکەن کاتێك ئەیانەوێت بیکەنە هەڵقە لە گوێی خۆیان لە ناو دنیای موسڵماناندا ، بۆ نمونە کەمال ئەتاتورك و جگە لەویش .

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٠٨ .

پاش ئەوەی کە دەوڵەتە ئەوروپای یەکان لە ڕێگەی (محمد علی) هەڵقە لە گوێی خۆیانەوە ئامانجەکانیان هێنایە دی ، کاتی ئەوە هات هێزەکانی خۆیشی لاواز بکەن ،بۆیە ئینگلیز بەبێ پەردە کەوتە دژایەتی هێزەکانی (محمد علی) و بە هاوکاری خەڵکی شام توانی شکست بە هێزەکانی بهێنێت و دەست بەسەر سنورەکانی شامدا بگرێت و لەو شەڕەدا سێ لە سەر چواری هێزەکانی (محمد علی) تیا بچێت کە لە ڕۆڵەکانی میصرو شام پێك هات بوون ، ئینگلیز وای کرد کە بەناچاری (محمد علی) ڕێکەوتنامەیەك مۆر بکات کە ئەمانە گرنگترین خاڵەکانی یەتی :_

١- دەست لە فەرمانڕەوایی وولاتی شام هەڵبگرێت و لەبەرامبەر دا بە فەرمانڕەوایی میصر بمێنێتەوە و سیستەمی پشتاوپشت پیادە بکات بۆ خۆی و منالەکانی لەوەو دوا .

٢- ئەبێت تەنیا هەژدە هەزار سەربازی هەبێت لە میصردا .

٣- نابێت میصر گەلەکەشتی جەنگی دروست بکات .

٤- نابێ لە سوپای میصردا ئەفسەری دەرەجە داری بەرزتر لە (ملازم) هەبێت .

ساڵانەش ئەبێت هەشتا هەزار کیس بداتە دەوڵەتی عوسمانی .

فەڕەنساو بەریتانیا کەوتنە وروژاندنی فیتنەی تایفەگەری .. (لە ساڵی ١٨٤١ زی یەوە تا ساڵی ١٨٦٠ ز) لە نێوان کەمایەتیە ناموسڵمانەکانی لوبناندا ، ئامانجیش لەمە لە لایەکەوە ئەوە بوو کە هێزە عوسمانی یەکان شەکەت بکەن ، ئەو هێزانەی کە بۆ دامرکاندنەوەی فتنەکە ڕەوانەکرا بوون ، و لە لایەکی ترەوە بیانو بۆ دەست وەردانە لوبنان دروست ببێت لە لایەن بەریتانیا و فەڕەنسا وە تابیکەنە سەرەتایەك بۆ لەت و پەت کردنی و پاشان داگیرکردنی [1].

ڕوسیا (ئەفلاق) و (بەندان) ی داگیرکرد ، و ڕێکەوتنامەیەکی تر بەناوی (بلطە لیمان) لە نێوان عوسمانی و ڕوسیا دا لە نزیك ئەستەنبوڵەوە لە ساڵی (١٢٦٥ك _ یونیوی ساڵی ١٨٤٨ز) مۆر کراو بە پێی ئەو ڕێکەوتنامەیە ئەبوو سوپای ڕوسی عوسمانی لە و دوو هەرێمەدا بمێنێتەوە تا بارودۆخەکە جێگیر دەبێت ! ، ئاخر ڕوسیای کافر چ پەیوەندی یەکی بەمەوە هەیە ؟ ! بەم فرتو فێڵە نەصرانی یەکان پێگەیەکی سەربازی یان بۆ دروست بوو لە ناو وولاتی ئیسلامدا ﴿ وان کان مکروهم لتزول منه الجبال ﴾ (ابراهیم : ٤٦) .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٠٨ .

ململانێ گەرم بوو لە نێوان دەوڵەتە ئەورووپای یەکاندا لەسەر دابەش کردنی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی (ماڵ ومیراتی پیاوە نەخۆشەکە [1]) ، ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر گرنگی بە چارەنوسی دەوڵەتی عوسمانی و موڵکەکانی ئەدا ئەمانە بوون :-

١- بەریتانیا ، کە زۆر لای گرنگ بوو ڕێگەی هات و چۆ بۆ ڕۆژهەلاتی ئەوسەرو هیندستان بەتایبەتی دەستەبەر بکات و ڕێگەی بازرگانی سازو بێ ترس بکات لەگەڵ هیندستان ، ئیتر لە ڕێگەی " سویس" ەوە یان " دەریای سورەوە " بێت یان لە ڕێگەی کەنداوی عەرەبی و هەردوو رووباری دجلە و فوراتەوە بێت .

٢- روسیای قەیسەری کە ئەیویست ڕێگەیەکی دەست بکەوێت لێوەی لە دەریای ڕەشەوە بگاتە ئاوە گەرمەکانی دەریای ناوەڕاست ، ئەوەش بە ئەوە دەبێت کە دەست بەسەر (قوستەنتینیە و تەنگاوی "بسفور " و "دردنیل " دا بگرێت ..

هەروەها ڕوسیا ئەوەشی ئەویست کە دەسەلاتێکی گەورەی هەبێت لە نیوە دوورگەی بەلقاندا بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی گەورەی سلاڤی دروست بکات لەوێدا .

٣- فەڕەنسا ، کە هەر زوو ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی هاوولاتی یە نەصرانە کاثولیکەکانی گرتەئەستۆی خۆی لە وولاتی شام بە شێوەیەکی گشتی و مارۆنی یەکان لە لوبناندا بە شێوەیەکی تایبەتی ، هەروەها ئەیویست بێ ترس بەرژەوەندی یەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت و دەسەلاتی بگاتە ئەو موڵك و هەرێمانەی کە وولاتانی تری لێیە لە کەنارەکانی باکوری ئەفریقادا ، بەتایبەتی لە تونس و جەزائیر دا .

٤- بێجگە لەم سێ دەوڵەتە سەرەکی یە کە باسمان کردن ، هەندێ دەوڵەتی تر هە بوون وەك (نەمسا) و (بروسیا) گرنگی یان بە چارە نوسی دەوڵەتی عوسمانی ئەدا ، ئەو دەوڵەتەی کە هەموو کەس چاوەڕوانی تیاچوون و کوژانەوەی ئەکرد ، بۆیە ناو نرا (پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا) [2] .

فاکتەری زۆر ڕۆڵیان ئەبینی لەوەدا کە پرسی ڕۆژهەلات بەم شێوەیە دەربکەوێت و بێتە بوون ، لەوانە :-

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٠٨ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د . اسماعيل ياغي ، ص١٤١ .

١- ئەو ڕێگەیەی کە ڕوسیا بتوانیێت لێوەی بگاتە ئاوە گەرمەکان ، هەر ئەو ڕێگەیەیە کە دەریای ڕەش ئەبەستێتەوە بە دەریای (مەڕمەڕ) ەوە و ئەویش بەدەریای (ئیجە) ەوە و لە دوای ئەوان بە دەریای ناوەڕاستەوە ، واتە : لە ڕێگەی هەر دوو تەنگاوی " بسفۆر " و " دردنیل " دا ئەبێت بڕوات ، دەی ئەو دوو تەنگاوەش لە ژێر چنگی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دایە .

٢- ئەو دەوڵەتە گەورەیەی بتوانێت بنکەی بەهێز لە دەریای ڕەش دا دابمەزرێنێت ئەتوانێت دەست بەسەر هەموو تەنگاوەکاندا بگرێت و ببێتە خاوەنی سەنتەرێکی دیارو بەرچا و و بەو ڕێگەیەش ئەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بکێشێت بەسەر وولاتانی حەوزەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ڕێگەکانی بازرگانیدا لە دەریای ناوەڕاستەوە تا ئەگاتە هیندستان و ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات .

٣- ئەو دەوڵەتەی دەسەڵاتی بگاتە بەڵقان ئەتوانێت بخورێت بەسەر هەموو گەلانی بەڵقاندا، کاتێك دەسەڵاتی عوسمانی بپوکێتەوە لەو ناوچەیەدا ، ئەو دەوڵەتە بنکەو دەسەڵاتێکی وای بۆدروست ئەبێت ئەتوانێت فەرمانڕەوایی (قوستەنینیە) خۆیشی بکات و هەڕەشە لە هاوکێشە دەوڵەتی یەکان بکات لە ئەورووپادا و ئەو هاوکێشانە تێك بدات ..[1] .

لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ، دەوڵەتان بە گشتی (فەڕنسا و ڕوسیا نەبێت) سیاسەتیان وای ئەخواست کە پارێزگاری لە قەوارەی ئیپراتۆریەتی عوسمانی بکەن ، لەبەر ئەو فاکتەرانەی کە لە پێشەوە باسمان کرد .

بەریتانیا لەو کاتەدا لە پێشەوەی ئەو وولاتانەوە بوو کە ڕایان وا بوو پارێزگاری لە قەوارەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکرێت[2] .

کە کار گەیشتە ئەوەی بتوانرێت ئەو بۆشای یە پڕبکرێتەوە کە لە نەمانی دەسەڵاتی عوسمانیدا بەسەر بەڵقانەوە دروست ئەبێت ، بەریتانیا و هەموو دەوڵەتانی تریش وازیان لە و بنەمایە هێنا کە پارێزگاری لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن و کەوتنە ئەوەی کە کار بکەن بۆ سەربەخۆ بوونی دەوڵەتەکانی بەڵقان ، ئەو دەوڵەتانەی کە سەربەخۆیی یان وەرگریت لە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. عبدالعزيز الشناوي ، (١/ ١٩٤ ، ٢٣٢) .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية د. اسماعيل ياغي ، ص١٤٣ .

بەڵقاندا تا کۆتای سەدەی نۆزدەهەم بریتی بوون لە : (یۆنان) و (ڕۆمانیا) و (صرب) و (بولغاريا))) [1] .

باسی نۆیەم

سوڵتان عبدالمجیدی یەکەم (١٢٥٥ _ ١٢٧٧) ك (١٨٣٩ _ ١٨٦٠) ز.

سوڵتان عبدالمجیدی یەکەم هەر چەندە لەش و لاری بێهێز بوو ، بەڵام زۆر زیرەك بوو ، پیاوێکی بەسۆزو واقیع بین بوو ، لە ناو هەموو سوڵتانەکانی تری عوسمانیدا ئەم لە هەموویان بە قەدرتر بوو ، حەزی لە چاکسازی ئەکردوو ڕێکخستنە خۆی یەکانی هێنایە ناو ، دەستی کردە کارکردن لەسەریان ، و چاکسازی زۆری کرد لە سوپاکانی عوسمانیدا و لەسەردەمی ئەمدا زانیاری و زانست پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینی ، و بازنەی بازرگانی فراوان بوو ، خان و کۆشکی زۆر دروست کرا ، هێڵی تەلەفون و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر لەسەردەمی ئەمدا دامەزرا [2] .

پاش مردنی باوکی (واتە سوڵتان محمودی دووەم) لە ساڵی ١٨٣٩زدا دەسەڵاتی گرتە دەست کە ئەو کاتە تەمەنی شازدەساڵ بوو ، ئەم منداڵیەی هەلی بۆ هەندێ لە وەزیرە غەربزەدەکان(*) خۆش کرد کە ئەو چاکسازی یەی باوکی دەستی پێکرد بوو لەسەر ڕێچکەی ئەوروپای یەکان بەردەوام بێت ، و زۆر ڕۆبچن بۆ داهێنانی کەرەسەی ڕۆژئاوایی ، یەکێك لەو وەزیرانە کە لەبەرگی خەڵکی ڕیفۆرم خوازو پیاوی چاك دا خۆی پیشان ئەدا (مستەفا ڕەشید پاشا) بوو ، کە باڵوێزی دەوڵەت بوو لە (لەندەن) و (پاریس)و دا لە کۆتای یەکانی سەردەمی سوڵتان محموددا بەرز بوویەوە بۆ پلەی وەزیری دەرەوە .

نۆبەرەی چاکسازی یەکانی بریتی بوو لە دەرکردنی مەرسومێکی سوڵتانی ناونرا (بەرنامەیژیرۆزی گوڵخانە) واتە مەرسومێك کە بە دەسەختی سوڵتان تاجی لەسەر نراوە ، ئەم مەرسومە لە (سرای زەهر) و لەساڵی (١٨٣٩ ز) دا دەرکرا کە تێیدا هاتووە ئەڵێ : (...

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٤ .

(*)(غەربزەدەکان)زاراوەیەکەبۆئەوانەمان بەکارهێناوەکەلەژێرکاریگەری بیروبەهای ڕۆژئاوادان.(وەرگێڕ:ن)

[2]) بڕوانە : تأريخ الدولة العثمانية ، د. علی حسون ، ص١٩٨ .

لە هیچ کەس شاراوە نی یە کە دەوڵەتە بەرزەکەی ئێمە لەو کاتەوە دروست بووە و تائێستاش بۆ ئەوە بووە پارێزگاری لە بڕیارە بەنرخەکانی قورئان و ئەو یاسا شەرعیانەش بکات کە تەواوکەری ئەون ، بۆیە سوڵتان و هێزی دەسەلاتمان لە خۆشگوزەرانی وئاوەدانی ناو خەڵکدا گەیشتە ئەوپەڕی مەبەستی ، بەلاّم ئەوە بۆ سەدو پەنجاساڵ ئەچێت کارەکە پێچەوانە بووەتەوە و هۆکەشی ئەوەیە کە گوێڕایەڵی و ملکەچی لەناو خەڵکدا بۆ شەرعی پیرۆزی ئیسلام و ئەو یاسا هەڵگۆزراوانە لە ئەوەوە نەماوە ، لە بەرزۆر هۆو شتی تازە کە یەك لە دوای یەك هاتووە بەسەر خەڵکدا و وای لێهاتووە لەبری هێز لاوازی دروست بووە و لەبری سەروەت و سامان هەژاری ....) [1] ، پاشان چەند بەیانی تر دەرکراو ئەکرێ هەندێکیان لەم خالأنەدا کورت بکەینەوە :-

١- پاراستنی ژیان و ناموس و سەروەت و سامانی هاوولاّتیان بە شێوەیەکەی گشتی بێگوێدانە بیروباوەڕە ئایینی یەکانی

٢- دابینکردنی ڕێگەیەکی دروست بۆدابەشکردن و وەرگرتنی باج .

٣- ڕەچاوکردنی دادو یەکسانی لەتەوزیم کردنی سەربازی و ماوەی دیاری کراویدا .

٤- یەکسانی دروست کردن لە (نێوان موسڵمان و ناموسڵماندا لە ئەرك و مافەکاندا) [2] بچێتەسەردێڕ سەردەمێکی تازە دەستی پێ کرد کە بە سەردەمی(ڕێکخستنە خێرخوازی یە عوسمانی یەکان) ناو دەبرێت کە لەناو ئەو ڕێکخستنانەدا ئەم بڕیارە هە بوو کە ڕێز لە ئازادی یە گشتی یەکان ئەگیرێت و ڕێز لە خاوەنداریێتی و کەسایەتی هەموو کەس ئەگیرێ بەدەر لەوەی سەیری بیروباوەڕە ئایینی یەکان بکرێ و بەدەق بڕیاری ئەوە درا کە هەموو خاوەن ئایینێك لەبەردەم یاسادا یەکسانن) [3] .

لە دوورگەی (متلینی) کۆمەڵێك لە پیاوانی ئایینی یۆنانی و ئەرمەنی و جولەکە کۆبونەوە و لەوێدا (رضا پاشا) کە بەکەسێکی ڕیفۆرمخواز دا ئەنرێ بە ناوی سوڵتانەوە هەستایەوە و وتارێکی بۆ دان و ووتی : بەڕێزان ! موسڵمانەکان و جولەکەکان و نەصاراکان ، ئێوە هەموو

---

1) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. علي حسون ، ص١٨٥ .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٨٨ .

3) بڕوانە : الأنحرافات العقيدية والعلمية ، د. علي الزهراني (٢/٢٦٦) .

هاوولاتی یەك ئیمپراتۆرن و كوڕی یەك باوكن ، سوڵتان بەیەك چاو سەیری هەمووتان ئەكات)[1].

(ئەم بەرنامە پیرۆزە)یان ئەم دەستورەی كە (مستەفا ڕەشید) و هەندێكی كەمی چواردەوری پشتیوانیان لێ ئەكرد ڕای گشتی موسڵمانانی عوسمانی پێشوازیان لێ نەكرد و پشتیان نەگرت و زانایان نكوڵیان لێ كردو هەستان فتوای كافربوونی (ڕەشید پاشا) یان دەركرد و وایان دانا كە ئەم بەرنامەپیرۆزە دژ بە قورئانی پیرۆزە بە شێوەیەكی گشتی و بەتایبەتی لەو بڕگەی دا كە موسڵمان و مەسیحی یەكسان ئەكات بەیەكتری ، و وایان ئەبینی كە ئەم بڕیارە _ بەدەر لە لایەنە ئایینی یەكەی _ ئەبێتە مایەی پشێوی نانەوە لەناو هاولاتیانی سوڵتاندا لە ڕاستیشدا ئامانجی بزوتنەوەی ماسۆنیەكان هەر ئەوە بوو ، زیندوكردنەوەی هەستی ناسیونالیزمی لەناو گەلە مەسیحی یەكاندا دژ بە دەوڵەت)[2] .

ئەم مەرسومە خەنجەرێكی تا خواری خوارەوە دا لە بیروباوەڕی (ولاء) و (براء) و كۆمەڵێكی زۆر لە یاساكانی شەریعەتی ئیسلامی وەلانا كە پەیوەندن بە چۆنیەتی هەڵسوكەوت و پەیوەندی موسڵمانان لەگەڵ ناموسڵماناندا)[3] .

ئەوەی سەرنجی مرۆۆ ڕادەكێشێ كە دەركردنی(بەرنامەی پیرۆزی گوڵەخانە)(*) ئەوەیە ئەم دەستورە ئەو نرخە بوو كە بەریتانیاو دەوڵەتە ئەوروپی یەكان لە سوڵتانی عوسمانیان سەند لە بەرامبەر ئەوەدا كە كێشەی نێوان ئە و و (محمدعلی پاشا) والی میصر یان چارەسەر كرد ، ئەو والی یەی كە ئەیویست جیا ببێتەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت لەو ماوەیەدا كە پەیوەندی یەكانی نێوان میصرو عوسمانی یەكان گرژی كەوتە ناو وەك زانراوە (١٢٥٥ _ ١٢٥٧ ك/١٨٣٩ _١٨٤١ ز) ، نابێ لەم قسەیە ئەوە وەربگیرێ كە فشاری ئەوروپا بە شێوەیەكی گشتی و بەریتانیا بە شێوەیەكی تایبەتی ، تاكە فاكتەری دروست بوونی ئەو ڕێكخستن و بزاڤی ریفۆرم و چاكسازی یە بوو لەناو دەوڵەتی عوسمانی دا بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم ، بەڵكوو بە دڵنیای یەوە فاكتەرێكی تریش ڕۆڵی لەم بزاڤە دا هە بوو ئەویش ئەوەیە دەوڵەت

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها (٢٥٣/١) .

(*)(بەرنامەی پیرۆزی گوڵخانە)مان بەكارهێناوەبۆ(حظ شريف طلخانة).

[2]) بڕوانە : قراءة جديدة في التأريخ العثماني ، ص٢٠٨ .

[3]) بڕوانە : الآنحرافات العقدية والعلمية (٢م٢٦٧) .

خۆی و ئەوانەش کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و شارستانێتی ئەوروپاوە بڕوایان بە پێویستی چاککردنی دەزگای دەوڵەت و تازەکردنەوەی هەبوو لەسەربناغەی (وەرگرتنی سیستمە ئەوروپی یەکان یان ئیلهام وەرگرتن لێیان بەبێ ئەوەی زیان بە یاسا شەرعی یەکان بگەیەنێت)[1] .

(بەم لێدوانە ترسناکانە کە دەوڵەت دەری کردن بۆ ئەوەی لە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان نزیك ببێتەوە ... سوڵتان نەریتە عوسمانی یەکانی دڕاند و دەستی گۆڕانکاریشی برد بۆ شەریعەتی ئیسلام ، چونکە نەریت و شەریعەت هەردووکیان ڕێگەیان نەئەدا کە موسڵمانان و ناموسڵمانان هەمان مافیان هەبێت لە ژێر سایەی خەلیفەی موسڵماناندا ، ئەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان موسڵمانان خۆیشیاندا وەك چۆن لەناو ئەهلی زیمەدا جیاوازی ئەکرێ بەلاّم ئەم لێدوانە ترسناکە مانای خۆی هەیە ، ئەویش ئەوەیە پیاوانی دەسەلاّتدار دان بەوەدا ئەنێن کە نەریتە کۆنەکان بەکەڵکی ئەوە نەماون بکرێتە ترازوو بۆ حوکمکردن ، بۆیە پێویستە کەرەستەکانی ڕۆژئاوا وەربگرین و حوکمی پێ بکەین با لەگەڵ شەریعەت و نەریتی خۆیشماندا دژایەتی هەبێت)[2] .

(ڕەشید پاشا) ئەنجومەنێکی نوێنەرانی دروست کرد و یاسایەکی بۆ سزادان دەرهێنا لە ژێر ڕووناکی ڕژێمە تازەکاندا و پیاوێکی فەرەنسی هێنا بۆ ئەوەی یاسایەکی مەدەنی تازە بۆ دەوڵەت دابنێ ، و زۆر بە توندی دەستی دایە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە و داوای لە خەڵك ئەکرد ڕێز لەو یاسایانە بگرن ، و پاش ئەوەش بانکێکی تازەی دەوڵەتی دروست کرد و دراوی کاغەزی لێدا[3] .

پاشان مەرسومێکی تر دەرچوو لە ساڵی (١٨٥٦ز) دا کە سوڵتان عبدالمجیدی یەکەم هەموو ئەو یاساو بنەمانەی کەلەسەر زمانی ڕەشید پاشا دەری کردبوون دووپات کردەوە و هەندێ (امتیازات) و (حصانە) ی زیاتری دا بە هاووڵاتیانی ناموسڵمان لە دەوڵەتدا[4] ، وە ئەم

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٥٤ .

[2]) بڕوانە : الشرق الاسلامي ، حسين مؤنس ، ص٢٥٦ .

[3]) ئەم دراوەی لێدا بێ ئەوەی پاشخان (رصيد) ی کانزایی هەبێت بۆیە هەر خێرا نرخەکەی خۆی لەدەستدا .

[4]) بڕوانە : الانحرافات العقدية والعلمية (٢/ ٢٦٨) .

مەرسومەی تر لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بە (هێڵی هەمایۆن) ناو ئەبرا ، کە چاو نەترسی لەوەی پێشوو زیاتر پێوە دیار بوو هەروەك لەوەی پێشوو زیاتر هەڵپەکردنی پێوە دیار بوو بۆ وەرگرتنی بەها لە ڕۆژئاواوە ، ئەم (هێڵی هەمایۆن) یە لەم بڕگانەی خوارەوە پێك دێت :_

١- هەڵوەشاندنەوەی یاسای گەردنگیری و لە ناوبردنی سووخواردن و گەندەڵی .

٢- بەر قەرارکردنی یەکسانی لە نێوان موسڵمانان و ناموسڵمانان دا لەسەربازی کردندا .

٣- هەموو هاووڵاتیانی دەوڵەت بەیەك جۆر مامەڵەیان لەگەڵ دا ئەکرێت هەردین و مەزهەبێکیان هەبێت [1] .

٤- پاراستنی هەمووئەو ماف و امتیازاتانەی کە پێشتر سەرۆکەکانی کۆمەڵە ناموسڵمانەکان هەیان بووە .

٥- لە ناوبردنی بەربەستەکانی (یاسای کۆمەڵەکان = نظام الملل) ، تا هەموو هاووڵاتی یەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە مافی هاووڵاتی بووندا بەیەکتری یەکسان بن .

٦- پێویستە ئەو پرسە مەدەنیانەی تایبەتن بە هاووڵاتیانی مەسیحی یەوە تایبەت بکرێن بە ئەنجومەنێکەوە کە تێکەڵە لە خەڵك و پیاوانی ئایینی مەسیحی کە(گەل) خۆی هەڵیان هەبژێرێت .

٧- کردنەوەی چەند پەیمانگەیەکی خوێندن لەبەردەم مەسیحی یەکاندا بۆ ئەوەی دەرگای کارەکانی دەوڵەت لە ڕوویاندا بکرێتەوە .

٨- ڕێگە بەخەڵکی بیانی ئەدرێت لە هەموو شوێنێکی دەوڵەتی عوسمانیدا زەوی بکڕێت ، هەروەك سوڵتان پەیمانی ئەوە ئەدات کە پشت ببەستێت بە سەرمایە و شارەزایی یە ئەورووپی یەکان بە ئامانجی ئەوەی ئلبوری دەوڵەت گەشە پێ بدات [2] .

سوڵتان عبدالمجیدی یەکەم بەیەکەمین سوڵتانێکی عوسمانی دائەنرێت کە شەرعیەتی بە برەوی بە ڕۆژئاوایی کردن دابێت ، چونکە خۆی فەرمانی بە دەوڵەت کرد کە کار بکات بۆ ئەو مەبەستە و دوو فەرمانی سوڵتانی لەساڵی ١٨٥٢ ، ١٨٥٦ زدا تایبەت بە ((ڕێکخستنەکان)) دەرکرد ، کە بەو دوو فەرمانە دەوڵەتی عوسمانی سەردەمێکی تازەی دەست پێکرد کە پاشترناو ئەبرا بە ((سەردەمی ڕێکخستنەکان (عهد التنظيمات))) کە ئەوە زاراوەیەك بوو

---

[1]) بڕوانە : تأريخ العرب الحديث / مجموعة علماء ، ص١٤٠ .

[2]) بڕوانە : تأريخ العرب الحديث ، ص١٤٠ .

مەبەست پێی ((ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت بوو بە میتۆدێکی ڕۆژئاواییانە)) ، بەم دوو فەرمانە ئیش کردن بە شەریعەتی ئیسلامی دوورخرایەوە و دەوڵەت دەستی دایە یاسا دانان و دروستکردنی دامەزراوەکان [1] .

ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە سوڵتان عبدالمجید لە ژێر کاریگەری ڕەشید پاشای وەزیریدا بوو ، کە ئەو ماموستایەی بوی ئەگەڕا لە ڕۆژئاوادا دەستی کەوتوو" ئەو فەلسەفەیەی بە شوێندا وێڵ بوو لە ماسۆنیەتدا دۆزیەوە ، ڕەشید پاشا ئەو کەسە بوو کە بەرەی دووەمی دوای خۆی دروست کرد لە وەزیرەکان و پیاوانی دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەو ڕەوڕەوەی غەربزەدەیی‌یەی کە ئەو خستبوویە جووڵە ئەمان بەردەوام پاڵی پێوە بنێن [2] .

کە موسڵمانەکان بینیان دەوڵەت ئەمان و نەصاراو یەهودی یەکسان کردووە و لە بڕی یاسا (ئیسلامیە ڕێکو ڕاستەکان) یاساکانی نەصارا جێبەجێ دەکات و جلو بەرگی پیرۆزی باوباپیرانی فڕێ داوە و جل و بەرگی نەصارای پۆشیوە و هەستی ئەوەشیان کرد کە حکومەتی ڕەشید پاشا وای لێ هاتووە هەر یاسایەك دەربکات لەبەر چاوی کاڵی نەصارا دەری ئەکات و ڕەچاوی ئەوە ئەکات ئەوان دڵیان گەرد نەگرێ و مافیان نەفەوتێ ، کە خەڵکی ئەمەیان بینی زۆر بێزار بوون و سوڵتان و پیاوانی دەوڵەتەکەشی چارێکی تریان نەما لە کار خستن و لابردنی ڕەشید پاشا نەبێت لە کارەکەی ، لە ترسی دیاردەی بێزاری جەماوەری ، و ترسی ئەوەی موسڵمانان هەڵمەت بەرن و دەست بدەنە شۆڕش کردن [3] .

هەرچەندە لابردنی ڕەشید پاشا ڕێگەی لە بزاڤی بەرەو ڕۆژئاوا چوون نەگرت و بەردەوام هەر سیستەم و یاسا لە ڕۆژئاواوە ئەهێنرا دوای ئەوەی کە ئەو ڕێگەکەی بۆ خۆش کرد بوو ، دەرگاکانی بۆ کردبوونەوە ، بەڵێ ئەم ناڕەزایی یە بۆ ڕەشید پاشا و دەستورەکەی لە وەدا سەرکەوتوو بوو کە ڕەشید پاشای لەسەر کار لابرد لە ساڵی ١٨٤١ زدا ، بەڵام دوای چوار ساڵ واتە لە ساڵی (١٨٤٥) زدا جارێکی تر گەڕایەوە و ئەم جارە کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆڕی ماسۆنیەتیش لە پشتیەوە بوون ، ئەوانەی کە زۆر بە خەستی ڕێگەی گۆڕان بەرەو

---

[1]) بڕوانە : الانحرافات العقدية والعلمية (٢٦٨/٢) .

[2]) بڕوانە : مذكرات السلطان عبد المجيد ، ترجمة محمد حرب ، ص٣ .

[3]) بڕوانە : الشرق الاسلامي ، حسين مؤنس ، ص٢٥٦ .

عەلمانیەتیان گرتبووە بەر [1] ، ئەم جارەیان گەڕایەوە بۆ ئەوەی پلەی (صەدری ئەعظەم) بگرێتە دەست لە ساڵی ١٨٤٦ زدا و لە ساڵی ١٨٥٨ زدا دیسان لەسەر ئەو کارە لابرا [2] .

بارودۆخەکان تا ئەهات بەرەو خراپتر و ڕووخانی زیاتر ئەڕۆیشتن ، وای لێ هات پیاوانی دەوڵەت لە ڕاستیدا بیر لە گۆڕان و چاکسازی بکەنەوە و هیچ ڕێگەیەکیشیان شک نەئەبرد ڕێچکەی ئەوروپی یەکان نەبێت لە ڕیفۆرمدا ، و ئاراستەی ڕۆژئاوایی یەکان نەبێت لەم گۆڕانکاریانەدا کە ئەوان دەستیان بەسەرە تاکەکانی کردبوو ، بەتایبەت کاتێک کە بزانین زۆربەی ئەو پیاوانەی دەوڵەت لەوانە بوون کە دەوڵەت خۆی ناردبوونیە دەرەوە وەك نوێنەری سیاسی یان بۆ خوێندنی سەربازی لە دەرەوەی وڵات ، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو بوو لە پیاوی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی تا بێت و کاروبارەکان بەرێتەوە جێگەی خۆیان ، و ڕێگە بگرێت لە پشتیوانانی ئەم هێرشە فیکری یە و خۆی کار بۆ ڕیفۆرم بکات لەسەر میتۆدێکی ئیسلامی [3] ، یان وەك مامۆستا

" نجیب فاضل " کە نوسەرێکی تورکی یە ئەڵێ : لەبەرئەوەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ماوەی سێ سەدە یان چوار سەدە هیچ سەرکردەیەکی فیکری یان ڕیفۆرمخوازێکی کۆمەڵاتی گەورەو ڕەسەنی تێدا ناما بوو ، بوارەکە جێهێڵرا بوو بۆ کۆمەڵێك دیبلۆماتی سادەی کەم ئەزموون کە سەرسام بوو بوون بە ڕۆژئاواوە و بوبونە لاساکەرە بۆی ... ئەوە بوو ئەنجامەکەی بووە ئەوەی پرسەکانی ڕۆح تیاچوون و ویژدانەکان پوکانەوە و ئیرادەکان وشك هەڵاتن و ئیفلیجی لە هەموو شتێکدا دەرکەوت)) [4] .

بیروڕاکانی ئەم هێرشە فیکری یە لەناو زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارە تورکەکان و بەرپرسەکانیاندا بڵاوبوویەوەو سواری کۆڵی ئیفرەنجیەت و خۆداڕنین لە دین بوون ، تەنانەت زانای هەڵکەوتەی عێراقی (ئالوسی) لە ساڵی (١٢٦٧) ك کاتێك کە ئەچێتە سەردانی والی کرکوك کە ناوی (علی پاشا) ئەبێت ، سوپاسی ئەکات مەدحی ئەکات کە زانایانی خۆش ئەوێت و ڕێزیان لێ ئەگرێت ، و پیاوێکی ڕەوشت بەرزە و پاشان ئەڵێ : (ئەوە لە ئێمەوە

---

[1]) بڕوانە : قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين ، ص٢٠٩ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها ، (١٨١/١) .

[3]) بڕوانە : الانحرافات العقدية والعلمية (٢/٢٧٠) .

[4]) بڕوانە : السلطان عبد المجيد حياته و احداث عصره ، ص٤٣ .

دیارە ئەم کابرایە تائێستا دینی نە دۆڕاندوە ، و نە چووەتە ژێر کاریگەری بیروڕا تازەکانی ئیفرینجی یەکان ، ئەوەی لەگەڵیدا دانیشتبێ نەیبستووە باسی (وندرە) و (باریس) بکات ! خەڵکی ئەم شارە ئەوەندەیان بەسە خوا ڕەحمی پێ کردوون ، والی یەکەیان پاکە و لەو شتانە دوورە ، زۆر کەم خەڵکی لەم ڕۆژە خراپەدا ڕەحمەتی وای تووش ئەبێت) [1] !!

ئەم ڕەوتە (غەربزەدەیی) یە بەردەوام هەوڵی ئەوەی ئەدا کە دەست بەسەر هەموو بوارەکان و دەزگاکانی ناو دەوڵەت دا بگرێت .

بەهەرحاڵ نیشانە سەرەکی یەکانی ئەم بزاڤی ڕیفۆرم و نوێبوونەوەیەی عوسمانیەکان بەدەوری سێ خاڵی گرنگدا ئەسوڕایەوە : _

١- سود وەرگرتن لە سیستەمەکانی ڕۆژئاوا لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەند بوون بە ڕێکخستنی سوپا و پرچەك کردنی لە یاساکانی حوکم و بەڕێوە بردندا .

٢- بردنی جامیعەی عوسمانی بەرەو کۆمەڵگە و تەشکیلەیەکی عەلمانی .

٣- ڕۆشتن بەرەو پەیڕەو کردنی دەسەڵاتی (مەرکەزی) لە ئەستەنبوڵ و هەرێمەکانی تردا [2] .

ساڵی دەرچوونی یاساکانی (بەرنامەی گلخانە) ڕووداوێکی مێژووی بوو لە ناو ئەوروپی یەکاندا و یەکێك لە فەڕەنسی یە نەصرانیەکان بەم شێوەیە تۆماری ئەکات و ئەڵێ : ((ساڵی ١٨٣٩ ز ساڵێکی زۆر گەورە بوو سەبارەت بە ڕۆچوونی فەڕەنسا لە ناو تورکیادا .. بە دڵنیایی یەوە ئەو ساڵە سەرەتای ڕێکخستنەکان بوو ، یەکەم ساڵی ڕیفۆرم بوو ... ئێمەی پیاوانی ئایینی سودی باش لەم لیبراڵێتە شەرمنە وەردەگرین ، و دەست بە ناردنی شاندی تەبشیری ئەکەین تا خەڵکی فێری کاثولیی بکەین) [3] ، بەڕێز ئیتان کە سەرۆکی ئەم شاندە بوو ئەڵێ : ((ئەمە یەکەمین هەلێکە هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی قایمکاری لەو سەرکەوتنەی (باوەڕ) دا بەکەین کە ئێمە ئەیزانین ، چونکە قورئان تا ئەو کاتەیش فێر کردنی بە حەرام ئەزانی [4] .

---

[1]) بڕوانە : نشوة المدام في العودة الى مدينة السلام ، ص١٠٣ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٥٢ .

[3]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، قراءة جديدة لعوامل الاغطاط ، د. قيس العزاوي ، ص٦٠ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٦١ .

یەکەم شاند کە لە حەوت پیاوی ئایینی پێك هاتبوو لە ڕۆژی ۱۸۳۹/۱۱/۲۱زدا بەرەو ئەستەنبوڵ ڕۆیشتن ، خوشکان خانەیەکی بێ باوکانیان دروست کردو پاشان قوتابخانەیەکیشیان پێوە لکاندو لە کۆتایی سالی ۱۸٤۰ زدا ژمارەی قوتابیەکان گەیشتە (۲۳۰) قوتابی و لە سالی ۱۸٤۲ زدا ژمارەکە گەیشتە (٥٠٠) پێنج سەد) [۱] .

بەم شێوەیە ئەوروپای مەسیحی و کلێساکانی کاتێکی زۆریان لەدەست نەدا بۆ ئەوەی سود لە هەل و مەرجی نوێبونەوە و ڕێکخستن وەربگرن ، ئەوە بوو دوای حەڤدە ڕۆژ لە دەرچوونی (بەرنامەکە) ، یەکەمین شاندەکانی تەبشیری " مارسیلیە " یان بە جێ هێشت و بەرەو پایتەختی عوسمانی کەوتنە ڕێ ، و بارێك بیروڕای دوژمنکارانەیان بەرامبەر موسڵمانان و قورئانە پیرۆزەکەیان پێبووو ، ئەوەتا قورئان تۆمەتبار ئەکەن بەوەی کە خوێندن حەرام ئەکات ! ، پەتای ڕێکخستنەکان بە خێرایی گەیشتە هەموو ویلایەتە عەرەبی یەکانی عوسمانی کە نیوە سەربەخۆیی یەکانیان بەدەست هێنا بوو ، بۆنمونە لە (تونس) دا " محمدبای " ، یاسای ((سەردەمی نەترسی)) لە سالی ۱۸٥۷ زدا ، دەرکرد کە لەسەر ئەم بنەمانە وەستا بوو :

یەکەم / ئازادی :

لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ بگاتە لوتکەی سەرکەوتنی کاتێك نەبێت کە ئازادی بۆ دەستە بەرئەبێت و شورای دادیش بە دەوریدا ئەکرێ" دژ بە دەست درێژی خەلك .

دووەم / بێ ترسی تەواو :

سێ یەم / یەکسانی تەواو لە نێوان موسڵمانان و ناموسڵماناندا لەبەردەم یاسادا :

ئەم خالەیان لەناو خالی دووەمیشدا هەیە ، چونکە ئەم مافە بۆ هەموو کە سێك، هەموو کەسێکی بیانی ئەبێ هەمان مافەکانی تونسیەکانی هەبێت ، و بۆیان هەیە هەموو جۆرە کاروبارێکی بازرگانی بکەن ، و مافی ئەوەشیان هەیە ببنە خاوەنی موڵك لە وولاتدا [۲] ، میصریش لەسەر هەمان سیاسەت ئەڕۆیی ، بە دەرچوونی ئەم یاسایانە لە ئەستنبوڵ و تونس ومیصرەوە ، ئەو نوێخوازی یەی کە ئەوروپا حەزی پێ ئەکرد و هەندێ کۆمەڵی نوخبەش پشتیوانیان لێ ئەکرد لە نوێخوازی یەوە بوونە یاسای ڕەسمی و سوڵتان خۆی کاری

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٦١ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الانحطاط ، ص٦١ .

پێویستی بۆ ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی دەر ئەکرد ، تا جامیعەی ئیسلامی بکاتە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاوایی ، ململانێ یەکە کە کاتی خۆی هەندێ فشاری دەرەکی بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی و داوای گۆڕانکاری لێ دەکرد ، گۆڕاو بوویە ململانێ یەکی ناوخۆیی توند لە نێوان دەسەڵاتێکدا کە ئەوەی هەڵبژاردووە (یان ناچار کراوە) دام و دەزگاکانی وەك ڕۆژئاوایی لێ بکات و کۆمەڵگەیەك کە ئەم ئاڕاستەیەی لاپەسەند نی یەو لە پشت ئەمانەوە ئەو زاناو شەرعزان و بانگخوازانە وەستاون کە زۆر بەتوندی دژایەتی ئەم ڕەوتی بەڕۆژئاوا بوونە ئەکەن لەو سۆنگەیەوە کە ئەوە شتێکە و پێچەوانەیە بە شەریعەتی ئیسلامی [1] .

لە دیارترین تایبە تمەندی یەکانی ئەم ڕێکخستنانە :

١- یەکەمین بەڵگەننامەیەکی ڕەسمین کەوا لەسەر چاوەی شەریعەتی ئیسلامی یەوە وەرنەگیرا بن ، بەڵکوو لەسەرچاوەیەکی تەشریعی دەستکردەوە هاتوون کە ئەویش لە ئەزموونی دەستووری ئەورووپای یەکانەوە وەرگیراوە و چەندان چەمکی نامۆیان لە خۆ گرتووە وەك چەمکی ((نیشتیمان)) کەلەناو " بەرنامەی گلخانە " دا باسی هاتووە و خراوەتە جێگەی ((ئومەت)) ، ئەمەش واتای ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەمە یەکەمین هەنگاوە بۆ جیاکردنەوەی ((دین)) لە ((دەوڵەت)) .

٢- سەلماندنی ((بێ ترسی تەواو)) و ((سەردەمی نەترسی)) و ((ئەنجومەنی شورای نوێنەران)) یان دیاردەکانی تری وەرگیراو لە ئەزموونی ڕۆژئاوا ، جۆرێك لە شەرعیەتی دا بە ئەو ستەمە بەردەوامەی لە جەماوەری خەڵك ئەکرا لەلایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە ڕێگەی والآ کرد بۆ ئەو بازرگانە ڕۆژئاوایانە و مژدەدەرانە تا جامیعەی عوسمانی پەیوەند بکەن بە یاساکانی بازاڕو بەها فیکری یە تەبشیری یەکانی خۆیانەوە .

٣- هەر دوو بەرنامەی (گولخانە) و (هەمایۆن) گەردن بەند کرا بە دەستورەکەی (مدحت پاشا)وە کە لە ساڵی ١٨٧٦ز دەریکرد ، کە ئەو بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی ئیسلام و دەوڵەتەکانیدا کار بە دەستورێك بکرێت کە لە دەستوری بەلجیکی و فەرەنسی و سویسری وەرگیرابێت کە هەموو دەستوری دەستکردوو عەلمانین .

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٢ .

ئەم ڕێکخستنانە دەوڵەتی عوسمانیان بەشێوەیەکی ڕەسمی خستە سەر ئەو ڕێگەیەی کە کۆتایی پێ بێت وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی ، چونکە بە عەلمانی کردنی یاسا و زۆرکردن لە دامودەزگاکان تا کار بەو یاسا دەستکردانە بکەن و دوورکەوتنەوە لەسەر چاوەکانی یاسادانی ئیسلامی لە بوارەکانی بازرگانی و سیاسەت و ئابوریدا ئەمانە شەرعیەتیان لە دەوڵەتی عوسمانی سەندەوە لە دیدی موسڵماناندا، ئیتر با ئەوە بوستێت کە دەوڵەت لە ناوەوە دوژمنی بۆ دروست بوو ، شۆڕبوونەوەی ئەوروپا بۆ ناو هەمووئاستەکانی ڕۆشنبیری و ئابوری و سیاسی لەلایەکەوە و گومان و دوودڵی زانایان و موسڵمانان لەم ڕێبازەی دەوڵەت گرتبوویە بەر لەلایەکی ترەوە مایەی دروستبوونی ململانێ یەکە کە کۆتایی پێنایەت تەنانەت دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانیش، نەك ئەوە بەڵکو تائیسْتاش هەر بەردەوامە [1] .

زۆر گرنگە ئەوەی ڕوویدا جوان هەڵی بسەنگێنین ، سوڵتان (عبدالحمید)ی دووەم لە ((یاداشتەکانی)) دا شایەتی یەکانی خۆی بۆ مێژوو جێهێشتووە بۆمان ، ئەو زۆر هەوڵی دا کە دەوڵەتی عوسمانی ڕزگار بکات پاش ئەوەی کە لە هەر چوار دەورەوە گەمارۆی خرایە سەرو توندیان کرد لەسەری ، (عبدالحمید)ی دووەم سوڵتانێکی زۆر ووریا بوو ، لە ڕاستی ئەو دروشمانەی داوای نوێخوازیان ئەکرد تێ گەیبوو ، کە لە ژێر پەردەی ((بزاڤی ڕیفۆرم)) دا نیازی سەرەکی خۆیانیان شاردبوویەوە ئەویش ئەوە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی پەیوەست بکەن بە ڕۆژئاواوە ، هەربۆیە دەستورچی یەکان و جولەکەکانی دۆنمە دستیان کردە شەڕ فرۆشتن پێ ی و پاشان لەسەر کار لایان برد ، لە کۆتایی سەردەمی خۆیدا کە کرابویە سوڵتانێکی بێ دەسەڵات و بێ ئیرادە ، ڕاستی بزاڤی (نوێخوازی ڕیفۆرم) باس ئەکات و ئەڵێ :-

(ئەم نوێخوازی یەی ئەوان داوای ئەکەن لە ژێر دروشمی ((ڕیفۆرم)) دا هۆیەکە بۆ پوکانەوەی ئێمە ، باشە ئەبێ بۆچی دوژمنانی ئێمە کە پەیمانیان بە شەیتان داوە ئەوەندە ئامۆژگاری ئێمە بەتایبەتی بەم شتە ئەکەن ، بەبێ دوولی و من دڵنیام کە ئەوان باش ئەوە ئەزانن کە ئەم ڕیفۆرمە دەردە نەك دەرمان ، و هەرئەمە بەسە بۆ ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەناو بەرێت ، ئەگەر ئێمەش بمانەوێ هەندێ لەو چاکسازی یانە جێبەجێ بکەین ئەبێ هەل و مەرجی ناو وڵاتی خۆمانمان لە یاد بێت و نابێ بارودۆخەکان لەسەر بناغەی ئاستی فیکری مشتێکی

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، قراءة جديدة لعوامل الانحطاط ، ص٦٣ .

کەمی کارمەندەکانی دەوڵەت بپێوین ، ئەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە توێژی زانایان زۆر بە گومانەوە ئەڕوانن بۆ هەرشتێك لە ئەوروپاوە بێت ، ئەوروپی یەکان لە خەیاڵدا ئەژین ئەگەر وابزانن تاکە ڕێگەی ڕزگاری ئەوەیە کە ووردوو درشتی شارستانێتی ئەوان وەربگیرێت ، گومان لەوەدا نی یە کە ڕەوتی گۆڕانکاری لای ئێمە وەك ئەوە نی یە کە لای ئەوان هەیە ، ئێمە پێویستە گەشەیەکی سروشتی بکەین و بەویست و ئیرادەی خۆمان بێت ، و سودیش لە هەل و مەرجە دەرەکی یەکان وەردەگرین لە چەند حاڵەتێکی تایبەتی دا ، ئەوە ستەمێکی زۆر ناڕەوایە ئێمە بەوە تۆمەتبار بکرێن گوایە دوژمنی هەموو شتێکین کە لە ڕۆژئاواوە بێت)[1] .

(سوڵتان عبدالحمید) ترازوی دادی دۆزیوەتەوە لەو هەڵسەنگانانەیدا بۆ بزوتنەوەی ڕیفۆرمی عوسمانی و ئەوەی ڕوونکردەوە تەوە چۆن و بەچ ڕێگایەك ئەتوانرێ سوود لە شارستانێتی ڕۆژئاوا وەربیگرێت . منیش وا بەباشی ئەبینم کە بۆ خوێنەری بەڕێزی ڕوون بکەمەوە تا بزانێ هەڵوێستی ئیسلام لە شارستانێتی ڕۆژئاوا و هەر شارستانێتیەکی جاهلی تریش چی یەو چۆن ئەتوانرێت سوودیان لێ ببینرێت .

سوود وەرگرتن لە شارستانێتی کافرانی ڕۆژئاوایی و جگە لەوانیش سێ جۆرە :

یەکەم / سوود وەرگرتن لەپیشەسازی و بنەماکانی و ئەو شتانەی زانست دەری خستوون و هەموو زانستە ئەزموونی و سەربازی و سروشتی یەکان وەك بیرکای و کیمیا و فیزیا و ئەندازە و زیندەوەرزانی و زانستی گەردوون پاش ئەوەی کە تاقی ئەکرێتەوە و ڕزگار ئەکرێت لەو کاریگەریانەی نەفامی بەسەریەوە دای ناون ، و باشتریش وایە بخرێتە قاڵبێکی بێ گەردی ئیسلامیەوە ، ئەو جۆرە شتانە حوکمیان لە ئیسلامدا ، یان (واجیبە)[2]. وپێویستە سوودی لێ وەربگیرێت و دەستە بەر بکرێت ، چونکە یان شتێکە موسڵمانان زۆر پێویستی یان پێ ی هەیە یان شتێکە پێویستی یەکی ئیسلامی هەیە و بەو شتە نەبێت جێبەجێ نابێت وەك چەك و تەقەمەنی ، وسیستەمە سەربازیی یەکان ، کەلە بوارەکانی خەڵك بانگ کردنەوەدا بۆ لای خوا یان لە بواری جیهاد کردن و تێکۆشاندا لە پێناو ئەودا سودیئەبێت... هەموو شتێکی حەڵاڵ کە موسڵمانان پێویستیان پێ ی هەبێت لەو بوارانەدا ئەوە پێویستە موسڵمانان دەستی بخەن و سوودی لێ وەربگرن ، چونکە موسڵمانان لەهەموو کەس شیاو ترن بەو شتانە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، قراءة جديدة لعوامل الانحطاط ، ص٧٦ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، قراءة جديدة لعوامل الانحطاط ، ص٧٦ .

هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی پێ بەرقەرار ئەبێت وەك کەرەسەی حەلاڵ ، بەلاّم بە وریای و ئاگابوونەوە لە خۆ ئەبێ وەریبگریت ، ئەگەر نا ئەوە دەست نەبردن بۆی باشترە یان حەلاڵ ترە [1] و ئەمەش زۆر کەمە ، چونکە خوای گەورە بەئەرکی داناوە لەسەر موسڵمان هۆکاربەکاربهێنێت و شتی تەنگانە دابنێ و خۆی " خود کەفا " بکات تا پێویستی نەکەوێتە ئەو شتانەی لە دەستی کافراندایە ، هەرچ شتێك بێت .

دووەم / چاولێکردنیان لە پەرستش و بیروبڕواو بنەماو چەمك و بڕوا فەلسەفیەکانیان سەبارەت بە (بونەوەر) و (ژیان) و (مرۆڤ) ، ئەوەی کەپەیوەندە بە (بیروباوەڕ)ەوە، ئەم جۆرە کارانە بێ ئەوەی درێژەی بدرێتێ بەبێ قسە حەرامن و نابێت هیچ شتێکی لە کافرانەوە وەربگیرێت و بە گوێکردنی کافران لەمەدا یان (پاشگەزبوونەوە) یە یان (کافربوونە) ئەگەر کەسی چاولێگەر ئەو شتە بەڕاست بزانێ و بیکاتە بەرنامەی ژیانی خۆی ، لانی کەم ئەو کارە حەرامە ئەگەر کابرا ڕاستی مەسەلەکەی نەئەزانی .

سێ یەم / چاولێکردنیان لە جۆرەکانی ئاکارو ڕەوشت و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و جۆری ڕۆشنبیری و بیروڕا و بەرهەمی هونەری و ئەو جۆرە شتانەیان ئەمانە دوو حاڵەتیان هەیە ، حاڵەتی یەکەم ئەوەیە دژایەتی لەگەڵ یەکێك لە بناغە و بنەماکانی ئیسلام دا ئەکات یان مرۆڤ بەرەو شتێك پەلکێش ئەکات کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لەو شتەدا چاو لەکافر بکرێت ، ئەوە دیارە حەرامە .

حاڵەتی دووەم ئەوەیە شتەکە نازانرێ و حوکمەکەشی دیار نی یە ئەوە لانی کەم باش نی یە ، بەلاّم هەرشتێك بە کارێکی باش بزانرێ _ لەو شارستانێتی یەدا _ کە ئەویش زۆر کەمن _ ئەوە کارێکی ڕێگە پێ دراوە [2] _ خوا باشتریش ئەزانێ .

هەندێ لە زانایان و بیرمەندە موسڵمانەکان و هاوچەرخەکان باسیان دەربارەی چاولێگەری و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە شارستانێتی ڕۆژئاوا زۆر کردووە لەوانە :

* **مستەفا صادق الرافعی ئەڵێ** : ((من ڕام وایە کە هاوولاّتیانی هەرێمە عەرەبیەکان نابێت وەك لاسایی کردنەوە سوود لە شتەکانی شارستانێتی ڕۆژئاوا وەربگرن بەڵکوو ئەبێ وەك لێکۆڵەرەوەیەك ئەو شتانە وەربگرن ، وەرگرتنەکەیان ئەبێت دوای ئەوە بێت کە ئەو شتە مافی

---

[1]) بڕوانە : " مجلة المنار " ی محمد رشید رضا (ج١/٥٥٣،٥٥١) .

[2]) بڕوانە : التقلید والتبعیة ، د. ناصر عبدالکریم العقل ، ص٣٨ .

تەواوی خۆی وەربگرێت لە لێکۆڵینەوە و ووردکردنەوە ، لاسایی کردنەوە سروشتی توێژە نزمەکانی کۆمەڵگەن ، ئێمە مەبەستمان بەمە ئەوە نی یە هیچ شتێك لەو خەڵکەوە وەرنەگرین ، چونکە جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەوەدا بریق و باق و ئارەزووبازی ئەو شارستانیەتە وەربگرین یان هونەرەکانی ئەندێشە و جوانی لێکۆڵنەوە وەربگرین) [1].

* حسن بنا (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ : (جێگەی خۆیەتی ئەوە بزانین کە ئێمە زۆر دوورکەوتووینەتەوە لە ڕێنمای یەکانی ئیسلام و بناغە و بنەماکانی ، و ئیسلام ڕێگەمان لێ ناگرێ سوود لە شتی بەکەڵك وەربگرین ، یان دانایی و ژیریمان لە هەر شوینێکدا بینی بیقۆزینەوە ، بەڵام ڕێگەی ئەوەمان لێ ئەگرێ و بەتوندیش لە هەر شتێکدا خۆمان بخەینە بەرگی ئەوانەوە کە هیچ پەیوەندی یەکیان بە ئایینی خواوە نەماوە ، یان بێین بیرەوباوەڕ و یاساو سنورو فەرزەکانی خوا پشت گوێ بخەین و شوێن ئەوانە بکەوین کە دونیا هەڵیخەڵەتاندوون و شەیتان لە خشتە ی بردوون) [2].

* (ئەبولئە علی مەودودی)(بەڕەحمەت بێت) ئەڵێت : هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە میللەتێك لە میللەتانی تر وەریبگرێ و شایانی ئەو گواستنەوە یە بێت ئەو بەرهەمانەیە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی دەستیان کەوتووە ، و گوشراوی هێزە فیکری یەکانیانە و ئەنجامگیری ئەو دۆزینەوە و میتۆدە زانستیانەیە کە ئەوان هەر بەو شتانە وا گەشەیان کردووە و چونەتە لوتکە ، هەر میللەتێك لەم زەوی یەدا هەبێ ، ئەگەر لە مێژوویدا یان لە سستەمە کۆمەلایەتی یەکەیدا یان لە ڕەوشت و ئاکاریدا وانەیەکی بەکەڵك هەبێت ئەوە ئەرکی سەرشانمانە سوودی لێ وەربگرین و ئەرکی سەرشانمانە کە بە دوای ئەو هۆیانەدا بڕۆین کە وای لە و میللەتە کردووە گەشە بکەن و بگەنە لوتکە ، بەلام ژیرانە و ووردەکارانە ، هەروەها ئەرکی سەرشانمانە ئەوەی لەگەڵ هەل و مەرج و پێویستە کانماندا گونجاو و لەبارە لەوان وەری بگرین ، بەلام ئێمە ئەگەر واز لەم شتە جەوهەریانە بهێنین و بێین لە جل و بەرگ و شێوازی ماڵ و جێگە و کەرەسەکانی خواردن و خواردنەوە دا چاویان لێ بکەین لەگەڵ ئەوەدا نهێنی سەرکەوتن و گەشەکردنیان لەوانی تریاندایە نەك ئەمانە ! ئەوە بەڵگەی هیچی تر نی یە بەڵگەی ئەوە نەبێ ئێمە زۆر نادان و داماو گێلین ، چونکە کەس هەیە یەك تۆزقاڵ عەقڵی هەبێت

---

[1]) بڕوانە : وحی القلم (٣/٢٠٣) .

[2]) بڕوانە : رئیس الامام الشهید حسن البنا ، ص٣٠٧ ، طبعة دار الاندلس .

بڕوای وابێت هەموو ئەو پێشکەوتن و گەشە زۆرەی ڕۆژئاوا دەستی کەوتووە لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەچاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخ و کڵاو پێڵاو دەستی کەوتووە ؟! یان لەبەرئەوە ڕۆژئاوا پێشکەوتووە چونکە بە چەقۆو چەتاڵ شت ئەخۆن ؟ یان کەرەسەکانی خۆڕازاندنەوە و خۆشگوزەرانی و سوراو سپیاو و بۆیە و ماکیاج ڕۆڵیان بینیوە و ڕێگەی پێشکەوتن و ئەو پەڕی گەشەکردنیی بۆ دیاری کردووە ؟ ئەگەر ئەمانە وانین _ کە دیارە واش نین _ ئەی مەسەلە چی یە ئەوانەی دەم لە پێشکەوتن ئەدەن و خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن و لافی ڕیفۆرم لێ ئەدەن لە ناوماندا هەوڵ بۆ ئەو شتانە نادەن و هەرخەریکی ئەو شتە ڕووکەشانەن ؟!![1] .

* **شێخ محمد الامین الشنقطی _ بەرەحمەت بێ _ لە ((اضواء البیـان)) هەڵوێستی موسڵمانان لە شارستانێتی ڕۆژئاوا دەردەخات و ئەڵێ :**

(خوێندنەوەی تەواو سەلماندویەتی کە شارستانێتی ڕۆژئاوا شتی بەکەڵك و شتی زیانبەخشی تێدایە ، شتە بەکەڵکەکانی ئەوانەن لە بواری ماددەدا دەستی کەوتووە ، پێشکەوتنی ڕۆژئاوا لە هەموو گۆڕەپانەکانی ماددەدا لەوە ڕۆشنترە کە من ڕوونی بکەمەوە ، ئەو پێشکەوتنانەش ئەوەندەی شتی بەکەڵکیان تێدایە بۆ مرۆڤ لەسەروی خەیاڵەوەیە ، و بەدڵنیای یەوە خزمەتێکی زۆری جەستەی مرۆڤی کردووە وەك ئەوەی جەستەیەکی زیندووە ، بەڵام شتە زیانبەخشەکانی بریتی یە لەو دەسبەردانەی بە گشتی لەو لایەنەی کەسەری هەموو خێرێکە و نەك ئەوە بەڵکوو لەم دونیایەدا بەبێ ئەو هیچ شتێك خێری تێدا نابێت ئەویش پەروەردەی ڕۆحی و پاڵفتەکردنی ئاکاری ئەم مرۆڤەیە)[2] .

پاش ئەوەی حوکمی شەرعی سوود وەرگرتن لە شتە بەکەڵکەکان باس ئەکات ئەڵێ :

(پێغەمبەر (ﷺ)بە دڵنیای یەوە سودی لە شارەزایی ((ابی الاریقط الرؤلي)) لە ڕێگەو باندا وەرگرت بۆ ڕێگەی کۆچکردنی لەگەڵ ئەوەدا پیاوێکی کافریش بوو ، لەم بەڵگەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە هەڵوێستی سروشتی ئیسلام و موسڵمانان لەم شارستانیەتەی ڕۆژئاوا ئەوەیە هەموو هەوڵێك بدەن بۆ بە دەستهێنانی ئەو شتانەی لە بوارە ماددیەکاندا دەستیان کەوتووە و

---

[1]) بڕوانە : (الاسلام في مواجهة التحديات المعاصرة) ی مەودودی ، ص١٦٣_١٦٤ .

[2]) بڕوانە : اضواء البیان في إيضاع القرآن بالقرآن (٤/٤١٢) .

خۆیان بپارێزن لە و شتانەش کە یاخی کردوون لە دروستکەری ئەم گەردوونە (جل جلالە) ، ئەگەر وابکەن ئەوە دونیاش و ئاخیرەتیشیان ڕوو لە باشی ئەبێت ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆربەیان کێشەکە ئاوەژوو ئەکەنەوە و بە درەوشتی و خۆداڕنین لە ئایین و دوورکەوتنەوە لە گوێگرتن بۆ دروستکەری گەردوون ، وەك خۆی وەری دەگرن و هەوڵی وەرگرتنی ئەو شتانە نادەن کە ئەم لایەنە ماددی یە بەکەڵکەی بەرهەم هێناوە ، هەر بۆیە لە دونیا و ئاخیرەتیش بوون و بە ڕاستی ئەوەش دۆڕاندنێکی ئاشکرایە)[1] .

(سید قطب)بەڕەحمەت بێت ئەڵێت :

(بیٚ دوودڵی پێغەمبەر (ﷺ) لەمەسەلەی وەرگرتنی عەقیدەو میتۆدا چەند توند بوو لەگەڵ ئەصحابەکانیدا (ڕەزای خوایان لێبێت) بە ئەندازەی ئەوە بواری بۆ وەرگرتنی ڕاو ئەزموون لە هەموو بوارە زانستیەکانی ژیاندا ئەکردەوە کە ملکەچە بۆ ئەزموون وزانیاری وەك کاروباری کشتوکاڵ و نەخشەکانی شەڕ و لەو جۆرە پرسانە کە شتی زانستی پەتی یە و هیچ پەیوەندی یەکی بە بینشی باوەڕی و سیستەمی کۆمەڵاتی و ڕژێمە پەیوەندەکانەوە نی یە کە ژیانی ئەم مرۆڤە ڕیك دەخەن ، جیاوازی لە نێوان ئەوە و ئەمەدا زۆر ئاشکرا دیارە ، میتۆدی ژیان شتێکە و زانیاری پەتی و ئەزموونی و تاقیگەکان شتێکی ترن ، ئیسلامێك کە بۆ ئەوە هاتبێت ڕێبەرایەتی ژیان بکات بە میتۆدی خوا ، هەر ئەو ئیسلامە ژیری ئاڕاستە کردووە بۆ ئەوەی زانست وەربگریٚ و سود لە هەموو داهێنانێکی ماددی ببینیٚ لە بازنەی میتۆدەکەیدا بۆ ژیان...

پاشان ئەو چیرۆکەی عمر (خوای لیٚ ڕازی بێت) باس ئەکات کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەبینیٚ پارچەیەك تەوراتی بەدەستەوەیە ، لیٚ ی تورە ئەبێت و ئەویش واز دەهێنێت ... فەرمودەکە ... ئەوەش پێغەمبەر (ﷺ)ئەفەرمویٚ : ((لا تسألوا اهل الكتاب عن شئ فأنهم لن يهدوكم وقد ضلوا ...)) فەرمودەکە ئەڵیٚ : (ئەوانە "خاوەن کتێبەکانن" ... ئەمەیە ئاکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو پرسانەدا کە پەیوەندن بە کاروباری عەقیدە و بینش ، و شەریعەت و میتۆدەوە ، دوای ئەوە هیچ کێشەیەك لەوەدا نی یە و بە پیٚ ی گیانی ئیسلام و ئاڕاستەکانی کە سود لە کۆششەکانی هەموو ئەم مرۆڤانە وەربگیرێت _ ئەوانەیسەرەوە نەبیٚ _ لە هەموو بوارێکی زانستی پەتی چ زانیاری و چ ئەزموون _ لەگەڵ ئەوەدا ئەبیٚ پەیوەستیش بکرێت بە میتۆدی باوەڕەوە واتە واهەست بکەی ئەو شتانە هەموو پەیوەندن بە خواوە و ئەو دەستە مۆی

---

[1]) بڕوانە : القليد والتبعية ، د. ناصر العقل ، ص٤١ .

کردوون بۆ مرۆڤەکان ، لەو لاشەوە بەهەستی باوەڕدارانەی ئاڕاستەی بکات و بیکاتە شتانێك کەلە خێری ئەم مرۆڤە تەواو بێت و بۆبە دەسهێنانی بێ ترسی و خۆشگوزەرانی ئەو بێت و هەستی باوەڕدارانەی پەیوەند بکات بەوەوە کە بەندایەتی کردنی بۆ ئەو خوایە جۆرێکە لە سوپاسگوزاری و پێزانین بەو نیعمەتەی کە خوا پێ ی داوە چ وەك ئەوەی فێری ئەو زانستانەی کردووە و چ وەك ئەوەی ئەو هێزو ووزانەی گەردوونی بۆ دەستە مۆ کردووە و چ وەك ئەوەش خوا ئەوەی فێر کردووە کە ئەم زانستە بخاتە خزمەتی ئەم مرۆڤەوە ...

بەلاّم وەرگرتنی بەها لێیان لە بواری بینشی بیرو باوەڕدا ، لە بواری تەفسیرکردنی ئەم گەردوونەو ئامانج لە بوونی مرۆڤ و کارکردن بە میتۆدێکی تایبەت بۆ ژیان و سیستەمەکانی ژیان و یاساکانی ژیان یان لە میتۆدی ڕەوشت و ئاکاردا ، وەرگرتنی شت لە هەموو ئەوانەدا کە باسمان کردن و وای کرد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووی بگۆڕێ لەبەر کەمترین شتێك لەو باسەدا ، ئەمە هەر ئەوەیە کە خوای گەورەش میللەتی موسڵمان ئاگادار ئەکاتەوە لە داهاتووەکەی ، هەر ئەمەشە سەر لە کوفری ئاشکراوە دەر ئەکات [1] .

شەپۆلی لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا زۆر شێتانە دەستی پێ کرد لەوکاتەدا کە بێ هێزی و لاوازی ڕووی لە خیلافەتی عوسمانی کرد و هێزە ڕوخێنەرەکانیش سەریان کرد بەیەکدا بۆهەرەس پێ هێنانی لە ناوەوەو دەرەوە — کە ئەم دەوڵەتە لاوازەش هەستی بەکەمی خۆی کرد لەبەردەم دەوڵەتە نەصرانیە تازە پێگەیشتووەکاندا ، دەستی دایە چاو لێکەری بۆ ئەو دەوڵەتانە و وەرگرتنی بەرهەمە تازەکانیان ، ئەمەش هاوزەمان بوو لەگەڵ مەشلول بوونی بیروبیرکردنەوەی موسڵمانان و دوورگرتنیان لە میتۆدە ڕەسەنەکەیخوا ، دەستیان دایە وەرگرتنی هەموو شتێك لە کافران بێ ئەوەی هۆشیان یان بیرو بیرکردنەوەیان بۆ ئەوە بڕوات ئەو هۆکارو کەرەسانە چی بوون کە ئەم دەوڵەتە کافرانەی بردە پێشەوە ، و بێ ئەوەش کە هەوڵی جیدی بدەن بۆپشت بەستن بە هێزی خۆیان و هێزە ئیسلامیەکەیان بگەیەننەوە بەو دەوڵەتانەدا) [2] .

ئەم لافاوی لاسایی کردنەوە کوێرانەیە زۆر بەتین و شێت بووبەهۆی نەفامی وگێلی ئارەزوو پەرستی و لادانی زۆر لە ناوەوە و هەوڵی بە بەرنامە و فێڵبازی دەرەوەش ، و زۆری نە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٢ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠ .

برد وولاّته ئیسلامی یەکان یەك لەدوای یەك ئەو ڕێگەیان گرتە بەر ، سەرەتا تورکیا و دوای ئەو میصر و شام و پاشان تونس و ایران و هیند .

سەیر ئەوەیە هەموو جۆرەکانی چاولێکەری لە دونیای ئیسلامیدا بەوە دەستی پیّ کرد کە هەستیان ئەکردلە لایەنی سەربازی یەوە زۆر لاوازن و پێویستی بە ڕێکخستنەوەی سوپاکان هەیە لە وولاّتە ئیسلامیەکاندا ، لێوە گریّ ی پشت بەستن بە ڕۆژئاوا و سەرسامی بە هەموو شتێك لە وولاّتی کافرەوە بێت با زۆر گەندەڵ و پیسیش بێت سوك کردنی هەمو شتێکی ڕۆژهەلاّتیش با زۆر چاك و گەورەش بێت لە ناو خەڵکدا دروست بوو [1] .

خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا بەرگری لەوە ئەکات کوێرانە چاو لە خەڵکی بکرێت ، ئەو کارە زۆر زەم ئەکات و خەڵکی ئەترسێنیّ لە داهاتووەکەی لە زۆرێك لە ئایەتەکاندا ، و لە زۆر بۆنەداو بە زۆر شێوە نەخوازەلاّ چاوکردن لە کافر ، هەندیّ جار بەرگری لەوە ئەکات شوێن کافران بکەوی و بە گوێیان بکەی ، هەندیّ جاریش لە خودی خۆیان مرۆڤ ئاگادار ئەکاتەوە و داوا ئەکات بە فرت و فێڵیان کەس نەخەڵەتیّ و مل بۆ ڕاو بۆچوونیان بدات و بچێتە ژێر کاریگەری ئیش و کارو ئاکارو ڕەوشتی ئەوان ، جاری واش هەیە قورئان باسی هەندیّ ڕەوشتی نادروستیان ئەکاتو ئەو ڕەوشتانە و چاوکردن لەو ڕەوشتانەش قێزەون ئەکات لای ئیمانداران .

زۆرترین ئاگاداری یەك لە قورئاندا هاتبیّ دەربارەی جولەکەو دووڕوەکان هاتووە ، دوای ئەوە دەربارەی هەموو ((ئەهلی کتاب)) و دووباوەڕەکان هاتووە .

خوایگەورە (جلّ جلالە) ڕۆشنی کردووەتەوە کە هەندیّ چاولێکەری بۆ کافران و بە گوێکردنیان پاشگەزبوونەوەی لیّ ئەکەوێتەوە ، ئەوەتا ئەفەرمویّ :

﴿ ان الذين ارتدوا على ادبارهم من بعد ماتبئين لهم الهدى الشيطان سول لهم وأملى لهم ذلك بأنهم قالو للذين كرهوا مانزل الله سنطيعكم في بعض الامر والله يعلم اسرارهم ﴾ (محمد : ٢٥ _٢٦) .

خوایگەورە چۆن کەماڵ و تەواوەتی داوە بە شەریعەتەکەی ، هەروا‌ش بەرگری ئەکات لەوەی شوێنی جگە لەئەو بکەوی ئیتر ئەوشتە ئارەزوی خەڵك بێت یان یاسا مرۆڤی یەکان بێت ، ئەوەتا بەرگری لەوە ئەکات کە شوێنی ئەو کافرانە بکەوی کە شتەکە نازانن ، ئەفەرمویّ : ﴿

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١ .

ثم جعلناك على شريعة من الامر فأتبعها ولاتتبع اهواء الذي لايعلمون "١٨" انهم لن يغنوا عنك من الله شيئا وإن الظالمين بعضهم أولياء بعض والله ولى المتقين "١٩" ﴾ (الجاثية : (١٨و ١٩)

.

خوای گەورە لەو شوێنەدا کە ئاگاداری دەربارەی(ئەهلی کیتاب) ئەدات ئەفەرموێ ﴿ ود كثير من اهل الكتاب لو يردونكم من بعد إيمانكم كفارا حسدا من عند أنفسهم من بعد ماتبين لهم الحق ﴾ (البقرة : ١٠٩) .

وە هەروەها ئەفەرموێ : ﴿ ما يود الذين كفروا من اهل الكتاب والمشركين أن ينزل عليكم من خير من ربكم ﴾ (البقرة : ١٠٥) .

هەروەها ئەفەرموێ : ﴿يا أيها الذين امنوا لاتتخذوا اليهود والنصارى اولياء ﴾ (المائدة : ٥١)

.

بەو شێوەیەش بەرگی لەوە ئەکات کە بەگوێیان بکرێت و بە شوێنیاندا بڕۆن و چاو لە کردەوە خراپەکانیان بکرێت وەك ئەفەرموێ : ﴿ ولن ترضى عنك اليهود ولا النصارى حتى تتبع ملتهم ﴾ (البقرة : ١٢٠) .

هەروەها ئەفەرموێ : ﴿يا أيها الذين آمنوا ان تطيعوا فريقا من الذين آوتوا الكتاب يردوكم بعد ايمانكم كافرين ﴾ (آل عمران : ١٠٠) .

هەروەها ئەفەرموێ : ﴿ ولاتتبع اهواءهم واحذرهم ان يفتنوك ﴾ (المائدة : ٤٩) .

ترسناکی نزیك بوونەوە لێیان و خۆش ویستینیان و کردنیان بە هاوەڵ و هاودەم بە وردی باس ئەکات و وای ئەناسێنێ کە زیانەکەی هەڕەشە لە هەموو میللەتی ئیسلامی ئەکات وەك ئەفەرموێ : ﴿يا أيها الذين آمنوا لاتتخذوا بطانة من دونكم لا يألونكم خبالا ودوا ماعنتم قد بدت البغضاء من افواههم وما تخفي صدورهم اكبر ﴾ (آل عمران : ١١٨) .

هەروەها بەرگری کردن لە چاولێکەری و ئاگا بوون لیێ ی بە شێوەی چیرۆك گێڕانەوە لە قورئاندا زۆر هاتووە ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو میللەتە کافرانەی کردووە کە لە ناوچوون و دەنگ و باس و هەڵوێستی دوژمنکارانەیان دژ بە بانگەوازی (یەکتاپەرستی) و کاروانی باوەڕ بە درێژایی مێژووگێڕاوەتەوە ، هەروەها ئەوەی باس کردووە کە چۆن جۆرەها سزا و ئازاریان دراوە لە پاداشتی ئەو گومڕاهی و لادانانەیاندا ، لەو گێڕانانەوە فەرمانمان پێ ئەکات کە پەندو ئامۆژگاری وەربگرین و چیرۆك و بەسەرهاتی ئەوان ببێتە پەند و وانە بۆ مان و

لـیٚ ی دوربکەوینـەوە لاسـایی یـان نەکەینـەوە و بـەو ڕێبـازە وئاکارانـەی ئەوانـدا نـەڕۆین [1] .. ئەمەش وەك خوای گەورە ئەفەرمویٚ لەو کاتەدا کە باسـی ئـەو پەندانە ئـەکات بەسەر ((ئـەهلی کتاب)) دا هاتووە ﴿ فأعتبروا یا اولی الابصار ﴾ (الحشر : ٢) .

هەروەها ئەفەرمویٚ ﴿ لقد کان في قصصهم عبرة لاولی الالباب ﴾ (یوسف : ١١١) .

زانایان هەموو ئەو ئایەتانەی لەقورئانـدا کە بەرگری لـە موسـڵمان ئەکەن چاو لـە کافران بکات ئەکەنە دوو بەشەوە :

* بە شێکیان ئەوە ڕوون ئەکەنەوە بە گشتی کە ئەوە باشە بۆ موسڵمان کە لە هـەموو شتێکدا پێچەوانەی ئەوان بێت ، ئەمەش ئایەتە کان بەگشتی بەڵگەن بۆ ئەمە .

* بەشێکیان ئەوە ڕوون ئەکەنەوە کە جوڵانـەوە بە پێچەوانەی ئەوانەوە یەکێکە لـە داواکانی شەرع و واجیبە وا بکرێت ، ئەمەش هەندێك لە ئایەتەکان ئەبنە بەڵگە بۆی [2] .

لـە سـوننەتی پێغەمبـەری خواشـدا (ﷺ) فـەرمودەی زۆر هـاتووە لەسـەر ئـەوەی بەگشتی بـەرگری ئـەکات لـە چـاولێکەری کوێرانـە ، لـە خـۆ نوانـدن وەك ئـەوان ، لەسـەرنجامی ئەوانـەش ئاگاداری ئەدات ، پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری ئەکات لەوەی کە چاو لە کـافران بکرێـت لـە شـتێکدا کە لە ئیسلامدا باس نەکرابێت یان نەسـەلمێنرابێت ، هـەروەها بـەرگری لـە لاسـایی کردنـەوە ی ئەو شتانەش ئەکات کە کاری ناوسڵمانانە یە وەك ئەفەرمویٚ :

* ((من تشبه بقوم فهو منهم)) [3] هەرکەسێك خـۆی وەك هـەر میللـەتێك لـیٚ بکـات ئـەوە (لـە قیامەتدا) [4] وەك ئەوان ئەبێت .

* زۆر فەرمودەی تری (صحیح) هاتووە دەربارەی بەرگری کردن لەچاو کردن لە کـافران (بـە گشتی) و ((ئەهلی کتاب)) و دووباوەڕەکان و ئاگرپەرستەکان و خەڵکی جاهیلی .

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمویٚ

---

[1]) بڕوانە : التقلید والتعبیة ، ص٥١ .

[2]) بڕوانـە : اقتـضاء الـصراط المـستقیم مخالفـة اصـحاب الجحـیم / ابـن تیمیـة ، ص١٧ .

[3]) سنن ابی داود ، کتاب لباس الشهرة (٢/٣٦٧) .

[4]) ئەوەی ناو کەوانەکە وەرگێڕ زیادیکردووە (٠ ن ٠) .

* " خالفوا اليهود " [١]

* " خالفوا المشركين " [٢]

* " ولا تشبهوا باليهود " [٣] .

كە پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری ئەدات و خەڵك ئەترسێنێ لە لاسایی كردنەوەی كافران و لەسەرنجامی ئەو لاساییكردنەوەیە و ترسناكی لەسەر بیروباوەڕی موسڵمانان و قەوارەیان ، هۆیەكەیشی باس ئەكات بەوەی ئەوان لەسەر گومڕاهی و لادانن ، جابر(ی كوڕی عبدالله)(رضی الله عنه) [٤] ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێ : ((پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (لاتسالوا اهل الكتاب عن شئ فأنهم لن يهدوكم وقد ضلوا ، وانكم اما ان تصدقوا بباطل واما ان تكذبوا بحق ، وانه والله لو كان موسى حيا بين اظهركم ماحل له الا ان يتبعني)) [4] واتە : پرسیار لە ((خاوەن كتێبەكان)) مەكەن بۆ هیچ شتێك ، بە دڵنیای یەوە ڕێگەی ڕۆشتنتان فێر ناكەن ، (چونكە) ئەوان خۆیان ڕێگەیان وون كردووە ، ئێوەش ئەوكاتە یان ئەبێ شایەتی بۆ ناحەقێك بدەن یان درۆ بەدەم حەقێكەوە بكەن ، سوێند بە خوا ئەگەر موسی زیندو بوایە و لەناو تاندا بوایە ، حەلاڵ نە بوو بۆی شوێن من نەكەوێ .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ترسەش باس ئەكات و ئاماژە ئەدات بەوەی چی دێت بەسەر موسڵمانان دا كاتێك واز لە بەرنامەی خوا ئەهێنن و بە شوێن ئاسەواری جولەكە و گاورەكان و میللەتە لادەرەكاندا ئەڕۆن ، ئەمەش لەو فەرمودەیەدا دەرئەكەوێ كە ئەبوسەعیدی خودری (ڕەزای خوای لێبێ) ئەفەرموێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی : (لتتبعن سنن من كان قبلكم شبرا بشبر وذراعا بذراع ، حتى لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم)) قلنا : يارسول الله: اليهود والنصارى ؟ قال : فمن)) واتە : بە شوێن ڕەوشت و ئاكاری خەڵكانی پێش خۆتاندا بست بە بست و باڵ بەباڵ ئەڕۆن ، تەنانەت ئەوان چوونە كونی بزنمژە شەوە ئێوەش بە دوایاندا ئەڕۆن ، وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەشوێن جولەكە و گاورەكاندا ؟ فەرموی : ئەی كێ)) ؟ !

---

[1] و٢و٣) لە چەند فەرمودەیەكدا هاتووە لەوانە ئەم فەرمودەیەی (ﷺ) ((خالفوا اليهود فأنهم لا يصلون في نعالهم)) .

یەکێك لەمەبەستە گەورەکانی شەریعەتی ئیسلام ڕێگەگرتنە لە چاو لێگەری کوێرانە ، چونکە خوای گەورە پێغەمبەری خوای (ﷺ)بە ئایینێکە پڕ ڕاستی و چاو ڕۆشنیەوە ناردووە بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر هەموو ئایینەکانی تردا و دینی تەواو کردوە و کەم و کوڕی تێدا نە هێڵاوە لەبەر خەڵکی﴿ اليوم اكملت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا ﴾ (المائدة : ٣) .

ئەمڕۆ بۆ بەرژەوەندی ئێوە ئاینم بۆ تێرە تەسەل کردوە ، نیعمەتەکانی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕەزامەندیم ڕشت بەسەر ئەوانەدا کە ئیسلام ئەکەنە ڕێبازی خۆیان .

بەدڵنیای یەوە ئەم شەریعەتە چی بەرژەوەندی ئەم مرۆڤە هەیە بۆ هەموو کات و هەمو شوێنێکی لە خۆ گرتووە ، بۆیە پێویست نە بووەهیچ شتێك لە کافران داوا بکرێت و چاویان لێ بکرێت ، ئەوە ڕوونە لاسایی کردنەوە چ زیانێك بە کەسایەتی موسڵمان ئەگەیەنێت ، لەوەدا هەستی خۆ بەکەم زانین و سوکێتی و لاوازی و داڕوخان دروست ئەکات تێیدا و وای لێ دەکات کە لە بەرنامەی خوا و شەریعی خوا دووورېکەوێتەوە و پەیوەندی نەمێنێ ، ئەزمونیش دەری خستووە کە سەرسام بوون بە کافران و لاسایی کردنەوەیان هۆیەکە بۆ ئەوەی خۆشەویستیان بچێتە دڵەوە و متمانەی بێ سنوریان پێ بکرێت و پاشان (ولاء) یان بدرێتێ و خۆی لە ئیسلام و پیاوانی ئیسلام و قارەمانەکانی ئەم ئایینە و کەلەپور و بەهاکانی بدزێتەوە و عەوام ببێتەوە پێیان ... ئەمە ئەو شتە بوو کە لە دەوڵەتی عوسمانی و هەرێمەکانی دا ڕوویدا لە هەردوو سەدەی ڕابردوودا ، کاتێك کە وازیان لە پەیامەکەیان هێنا و خۆیان دا بەدەست دەسەڵاتی ڕۆژئاواوە و دەمی نا بە ژەهری کوشەندەیانەوە [1] .

بڕیاری شەرعی دەربارەی لاسایی کردنەوە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر ئەگۆڕێت بەپێ ی جۆرو چۆنیەتی و سنوری ترسناکی و ئاسەواری ئەو شتە هەروەها بە پێی جیاوازی ئەو کەسەی لاسایی ئەکرێتەوە و ئەو کەسەی لاسایی یەکە ئەکاتەوە و ئەو دوو کەسە پەیوەندیان چۆنە ، بیروڕای کابرای لاسایی کەرەوە بە لاسایی کردنەوەی ناموسڵمان چی یە و چۆنە ، ئەمانە هەمووی ڕۆڵیان هەیە لە بڕیارەکەدا ، لاسایی کردنەوە کوفرو بێ دینی یە ئەگەر لە بواری بیروباوەڕ دا بێت بۆ پرسەکانی ئیمان و بنەماکانی بیروباوەڕ ، یان لە بواری یاسا نە گۆڕاوەکانی شەریعەت دا بێت یان لە " پرسە غەیبی یەکان " دا بێت کە بە ((دەق)) بوونیان

---

[1]) التقليد والتبعية ، ص٨١ .

سەلمێنراوە بۆ نمونە : لاسایی کردنەوەی نەصاراکان لە بیروباوەڕی (تثلیث) [1] دا یان لاسایی کردنەوەی شیوعیەکان لە وەدا نکوڵی لە پێغەمبەرایەتی و ئایینە ئاسمانی یەکان دا ئەکەن هەر بۆ نمونە دیسان : لاسایی کردنەوەی دەوڵەتە کافرەکان لەوەدا شەریعەتی خوا چز بکرێت و بووتریێت شەریعەتی ئیسلامی کەڵکی ئەوەی نی یە جێبەجێ بکرێت و شتی تریش .

لاسایی کردنەوە جاری وا هەیە کوفر نی یە بەڵکو گوناهباری یە وەك ئەوەی چاو لە ڕەوشتە گەندەڵەکانی کافران بکات و سەر بکاتە گوناهکردن و مەشروب خواردنەوە و لەو جۆرە شتانە .

لاسایی کردنەوە جاری وا هەیە کارێکی حەرامە و چاك نی یە وەك لاسایی کردنەوەیان لە جەژن و ئاهەنگەکانیاندا ... جاری واش هەیە (مەکروهە) وەك ئەوەی بە بێ مەبەست و نیازی شتێك لە کاروباری ژیاندا وەك ئەوان بکرێت بەو مەرجەی پەیوەندی بە(عقیدە) وە نەبێت یان شتێك نەبێت تایبەت بێت بەوانەوە و بەو شتەوە بناسرێنەوە .

ئەگەر لاسایی کردنەوە ترسی ئەوەی تێدا بوو کە سەربکێشێ بۆ یەکێك لەو شتانەی پێشەوە واتە (کوفر یان گوناهباری یان حەرامی یان کەراهەت) ئەوە بڕیارە شەرعیەکە ئەوەیە (حەرام بکرێت) بۆ داخستنی دەرگای فتنە لاساییکردنەوە بەچەند مەرج و سنورێك حەلاڵ دەبێت بۆ نمونە ئەگەر لە شتی (ماددی) و (زانستە مرۆڤایەتی) و (زانستە ئەزموونی یە پەتی یەکان) و ئەزموونە سەربازی یەکاندا بێت یان ئەو شتانەی لەو شێوەیەن ئەمەش پاش ئەوەی جارێکی تر ئیسلامیانە دائەڕێژرێنەوە و چڵك و لەکەکانی (جاهیلیەت) یان لێ ئەکرێتەوە و نیازەکانی کافرانیان لێ دائەنرێت و ئەو مەرجەی تێدا دروست ئەبێت کە نەچێت بەگژی بەرژەوەندی ئاینی یان دونیای یەکانی [2](موسڵمانان و جامیعەی ئیسلامیدا) [3].

کەلە مێژووی میللەتان ئەکۆڵیتەوە و هەل و مەرج و قۆناغەکانی ژیانیان ئەخوێنیتەوە بە وردی بۆت دەرئەکەوێت لاسایی کردنەوە لە نێوان ئوممەتێك و ئوممەتێکی تردا ، میللەت و

---

[1]) تثلیث : واتە سێ شت بە خوا بزانرێ ، خوای گەورە و حەزرەتی عیساو ، دایکی عیسا . (وەرگێڕ:ن)

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٨٣ .

[3]) ئەو زیادەیە ماناکەی ساغ دەکاتەوە و وەرگێڕ خستویەتیە سەری (و. ن) .

میللەتێکی تردا ، لەیەك چوون و توانەوە لەیەکتری و کارلەیەك کردن لە نێوانیاندا وای لێدێت جیاوازی و سەربەخۆیی لەوەیاندا نامێنیٚ کە چاو لەوی تریان ئەکات و ئەو لاسایی کردنەوە یە کەساییەتی یەکەی لەرزۆك ئەکات و نایهێڵێت ، خوای گەورەش ئەم خەڵکەی وا دروست کردووە کەئوممەتی لاوازو ژێر دەستە هەمیشە سەرسام ئەبێت بە ئوممەتی زاڵ و دەسەڵاتدار و پاشان دەست بە لاسایی کردنەوەی ئەکات لە ڕەوشت و ئاکار و شێوازی ژیانیدا [1] .

کار ئەگاتە ئەوەی لە (بیروباوەڕ) و (بیرورِا) و ڕۆشتنبیری و ئەدەب و هونەرەکانیشدا هەر لاسایی ئەکاتەوە و بەو شێوەیە ئەم ئوممەتە لاساکەرەوە هەموو بنەمازاتی یەکانی خۆی و شارستانیە تەکەی لە دەست ئەدات _ ئەگەر خاوەن شارستانێتی بێت _ و ئەبێتە بار بەسەر جگە لە خۆیەوە .

ئەگەر ئەو ئوممەتە بارکەوتووە فریای خۆی نەکەوێت و لەو چاولێکەریە کوێرانە (وپشت ئەستور بە هێزە زاتی یەکانی) خۆی قوتارنەکات بەبیٚ گومان و دوودڵی کاری لەکار ئەترازێت و بەرەو پوکانەوە و کۆیلەیەتی و لە دەستدانی کەسایەتی خۆی ئەچێت بەتەواوەتی ، و تووشی چەندان دەردی کۆمەڵایەتی ترسناك ئەبێت وەك (سەرکزی) و (سوکێتی) و (داڕوخان) لە هەموو شتێکدا ، سەبارەت بەو ئوممەتە خواییانەی کە پەیامی خوداییان بۆ هاتووە _ وەك ئوممەتی ئیسلام _ لاسایی کردنەوە یان بۆ جگەلە خۆیان لە پەیامەکەیان دووریان ئەخاتەوە و هەوڵدان و ووزەکانیان لە ئەم دینە دوور ئەخاتەوە و کۆڵیان بە (بیدعە) و (ئەفسانە) ئەکوتێت و باریان ئەکات بە هەموو ئەو شتانەی کە خوا بڕیاری نەداوە لەسەریان چ لەمەیدانی سیستەم و یاساکان دا بێت،یان لە مەیدانی دەردە ڕەوشتەکانیاندا بێت کە ئەنجامەکەی سەر لەوەوە دەردەکات کە دەست بنێن بە پەیامەکەیانەوە و (ولاء) ی خۆیان بدەنە (طاغوت) و (کافران) و لێیان بچنە پێشەوە و دڵیان بدەنیٚ !! و ئیتر کاتی ئەوە دیٚ خوای گەورەش لێیان تورە ببێت و سزایان بۆ بنێرێت ، هەروەك لە زۆر چیرۆکی قورئاندا باسی ئەم جۆرە میللەتانە کراوە ، ئەم ئوممەتەش ئەمڕۆ وەك میللەتانی تر دەستی داوەتە لاسایی کردنەوەی کوێرانەی کافران و پشتی کردووەتە پەیامی خوا و وەلائی داوەتە کافران و بە شوێن ئەواندا ئەڕوا لە هەموو شتێکی ژیانیدا و فەرمانڕەوایی بەشتێك ئەکات جگە ئەو شتەیە

---

[1]) بڕوانە : مقدمة ابن خلدون ، فضل ، اقتداء المغلوب بالغالب ، ص١٤٧ .

خوا ناردوویەتە خوارەوە و زینا و سوو خواردن و داوێنپیسی داوەتە بەرو کەچی هێشتا هەر ئەو " منەت " بەسەر خوادا ئەکات ! چی یە ؟ ؟ موسڵمانێتی خۆی ڕاگەیاندووە)) [1] !!

باسی سێیەم

سوڵتان عبدالعزیز (١٢٧٧_١٢٩٣ك/ ١٨٦١ _ ١٨٧٦ز) :

دوای براکەی و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٢٧٧ ك ، دەسەڵاتی گرتە دەست و لە سەردەمی ئەمدا شۆڕشێك لە دوورگەی (کریت)دا دروست بوو ، لە ساڵی ١٢٨٣ ك _١٨٦٣ ز دا کپ کرایەوە ، و کەناڵی سویس لە ساڵی ١٢٨٥ ك _ ١٨٦٩ ز) کرایەوە و گۆڤاری (الاحکام العدلیە) و (یاسای بازرگانی دەریای) لەسەرتای سەردەمی ئەمدا دەرکران ، سەردانێکیئەوروپای کرد و بیری لەوە ئەکردەوە سوود لەو جیاوازی یە ناوخۆیانە ببینێ کە لەنێوان دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا هەیە ، بەڵام سەیر ئەکات هەموویان لە دژایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا یەك هەڵوێستیان هەیە لەبەرئەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی یە ، و ئەوروپای یەکان نەیانتوانیوە ئەو ڕقە خاچپەرستی یەی خۆیانیان لە بیربچێتەوە کە ڕەگی بەناخیاندا داکوتاوە ، با هەریەکەیشیان لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەگەڵ ئەوی تریاندا جیاوازی بۆ دروست ببێت [2] .

دەوڵەتە ئەوروپی یەکان بڕیاریان دابوو کە بەردەوام فشار بەرن بۆ دەوڵەتی عوسمانی تا دەست هەڵنەگرێت لە هەنگاوەکانی ڕیفۆرم و ڕاپەڕین _ بەحسابی ئەوان _ بەپێ ی میتۆدەکەی ئەوان و بیروبیرکردنەوەی ئەوروپا و بنەما عەلمانی یەکانی ، سوڵتان عبدالعزیزیش بڕیاری دا بوو کە لەسەر هەنگاوەکانی باوکی (سوڵتان محمودی دووەم) و (عبدالمجیدی) ی برای بەردەوام بێت ، بۆیە هەموو ئەوانەی لەکاردا بوون لە ناو دەوڵەتدا و کاری هەڵسوڕاندنی پرۆسەی ڕیفۆرمیان پێ سپێردرا بووو وەك خۆی هێشتنیەوە ... لە گرنگترین چاکسازیە ئیداری یەکانی سەردەمی ئەم دەرکردنی (یاسای هەرێمەکان) بوو لە ساڵی ١٢٨١ : _ ١٨٦٤ ز ،دیسان لە بواری بەڕێوەبردندا دادگای باڵای بڕیاردان (دیوانی یاسا دادگەری یەکان) دامەزرا ، هەروەها لە ساڵی ١٢٨٥ك _ ١٨٦٨ ز ئەنجومەنێك بۆ دەوڵەت

---

[1]) بڕوانە : القلید والتبعیة ، ص١١٤ ، ١١٥ .

[2]) بڕوانە : تأریخ الشعوب الاسلامیة / ص٤٩٠ ، ٤٩٢ .

دامـەزرێنرا لەسـەر شـێوازی فەڕەنـسی نـاونرا (شـورای دولـت) : واتـە ئەنجومـەنی شـورای دەوڵەت و لە گرنگترین تایبەتمەندی یەکانی لێکۆڵینەوە بوو لە میزانەی ساڵانە [1] .

هـەروەها لـە بـواری خوێندنـدا ، قوتابخانەیـەکی دواناوەنـدی لـە سـاڵی ١٢٨٥ ك _ ١٨٦٨ز دامەزراند کە ناوی ((قوتابخانەی غلطه سراي)) بوو ، بەرنامـەی خوێندن لـەم قوتابخانەیـەدا زۆر باشتر بوو لـە بەرنامـەی خوێنـدنی قوتابخانـە دواناوەنـدی یـەکانی تـر ، هـەموو وانـەکانی بەزمانی فەڕەنسی تێیدا ئەخوێنرا ، وانـەی زمـانی تـورکی نـەبێت مەبەست لـە کردنەوەی ئـەم قوتابخانەیە ئەوە بوو کە کۆمەڵێك گەنج پێبگەیەنێت بتوانن باری کارە گشتی یەکانی دەوڵـەت هەڵبگرن ، ئەم کۆمەڵە گەنجە لە شوێنکەوتەی هەموو ئایینەکان هەڵبژێردرابوون ، زۆر بەیان لـە موسڵمانەکان بوون ، و هەندێ لە ئەرمەنە یۆنانی یـەکان کـە نەصرانی بوون و هەندێ کەسی جولەکە شی تێدا بوو ، لە ڕاستیدا قوتابیان ڕوویان کردە ئەم قوتابخانەیە تا ژمارەی قوتابیان لە ساڵی (١٨٨٩ز) دا گەیشتە (شەش صەد) قوتابی لە موسڵمانان و نەصاراو جولەکەکان) [2].

لەگەڵ ئەو هەموو هەنگاوە چاکسازی یەی کەلەسەردەمی سوڵتان عبدالعزیز دانرا ، کەچی دەوڵەتە ئەوروپای یەکان بەوەیان نەئەزانی کە دەوڵەتی پێ بەرزبێتەوە و بەڵگەش بێت لەسـەر ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی ڕیفۆرمی دەوێ ! و کـار بـۆ ئـەوە ئـەکات بـارودۆخی هـاوولاّتی یـە نصاراکان چاك بکات و ئەوەش بەس بێت بۆ ڕامالّینی ئەو گەندەڵی یەی سەراپای سیسەمی بـەڕێوە بەرایـەتی و حوکمـەتی گرتبوویـەوە ، ئـەو گەندەڵیانـە لەدیـدی زۆرێـك لـە ئـەوروپی یـە هاوچەرخەکاندا هەڕەشەی داڕووخانی یەکجاری لە دەوڵەت ئەکرد [3] .

ڕای کۆمەڵێکی گەورە لە ئینگلیزە هاوچەرخەکان و جگە لە وانیش ئەوە بوو کە ڕووخـانی دەوڵـەتی عوسمـانی خـەریکە ئەبێتـە شتێکی پێویـست ، چونکە لـەوەدا سـەرکەوتنی بەدەست نـەهێنا کە میتـۆدی ئـەوروپی بگرێتـە بـەر بـۆ ڕیفـۆرم ، (لـورد کـلا رنـدون) وەزیـری دەرەوەی بەریتانیا لە ساڵی (١٨٥٦ ز) دا ئەڵێ :

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٥٩ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٥٩ .

[3]) بڕاونە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٥٩ .

(تاکە ڕێگەیەك هەبێت بۆ چاکسازی حاڵەتی عوسمانی یەکان ئەوەیە بەشێوەیەکی یەکجارەکی لەم سەر زەوی یەدا نەیانهێڵین) [1] .

دەوڵەتی عوسمانی لەوەدا سەرنەکەوت کە دەست بە هۆکارەکانی ڕیفۆرمی ئەورووپای یەوە بگرێت هۆکەشی ئەوە بوو کە هیچ جۆرە پەیوەندی یەك لە نێوان پرەنسیپەکانی دەوڵەتە ئەورووپای یەکان و پرنسیپەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا نە بوو ، ئەو پرنسیپانەی کە لە قورئان و حدیثی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگیرا بوون [2] .

(لابردنی سوڵتان عبدالعزیز لەسەر کارەکانی)

سوڵتان عبدالعزیز سەردانی ئەورووپای کرد بووو ، لەوە حاڵی بوو کە دەوڵەتە ئەورووپیەکان هەموو لەسەر ئەوە ڕیکەوتن و پلانی ئەوەیان بە دەستەوە یە کە دەوڵەتی عوسمانی لە ناو بەرن ، بۆیە هەوڵی دا بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی سوود لە و ناکۆکی یانە ببێنێ کە لە نێوان دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکانی ئەورووپا و ڕوسیادا هەیە . لەبەر ئەوە زوو زوو بانگێشتی باڵوێزی ڕوسیای ئەکرد بۆ ئەستانبوڵ ، ئەمە وای کرد دەوڵەتە ئەورووپای یەکان بترسن و دەستیان دایە پڕوپاگەندە کردن لەسەر سوڵتان و تۆمەتباریان کرد بەوەی پیاوێکی دەست بڵاو و سەروەت بە فیڕۆدەرە و ئەوە بوو مدحت پاشا توانی لەسەر کار لای بدات و پاش ماوەیەك لەگەڵ تاقمەکەیدا لە ساڵی (١٢٩٣ك _ ١٨٧٦ ز) بیکوژن [3] .

مدحت پاش لە جولەکەکانی (دۆنمە) بوو ، پڕوپاگەندەی ماسۆنیەت لە هەوو ڕۆژهەلاتی عەرەبی و ڕۆژئاوادا توانی وەك قارەمانێکی گەورە و هەڵگری ئالای چاکسازی و ئازادی لە دەسەلاتی عوسمانی دا بیناسێنێ ، و ناوی نا (باوکی دەستور) و هەموو کەناڵەکانی پڕوپاگەندەی خستە خزمەتی چ گۆڤارو ڕۆژنامەکان و چ ئێستگە دەنگی یەکان ، بەو شێوەیە گەیشتە بەرزترین پلەی پاشایەتی لە سوریا و عێراقدا و گەیشتە پلەی (صەدری ئەعظەم) کە بالاترین پلەی بەرپرسیارێتی بوو لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا ، پاشان دەستی دایە سیخوڕی کردن و وێرانکاری هەرچۆن مەزهەبە جولەکەی یەکەی و ماسۆنیەتەکەی داوای بکردایە ، و هەمیشە و بەهاوکاری لەگەڵ ماسۆنیەتدا خەریکی گاڵتە کردن ڕەخنەگرتن بوون لەشتە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. جمال عبدالهادي ، ص١١٠ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی ی پێشوو ، ص١١٠ .

[3]) بڕوانە : اليهود والماسونية ، عبدالرحمن الدوسري ، ص٧٠ _ ٧١ .

سلبیەکانی دەسەلات بەتایبەتی دەسەلاتی (سولتان عبدالحمید) _ دوژمنی هەرە گەورەی ماسۆنیەت کە هیچ کونێکی نەهێلایەوە جولەکە لێوەی ئومێدی ئەوەیان هەبێ بێنەناو فەلەستین ، پاشان ئەم مدحت پاشایە و جولەکە ماسۆنی یەکانن دۆنمەی جیهانی کەلە دەوری بوون (کۆمەلەی یەکێتی گەشەکردن =الاتحاد الترقی) یان دروست کرد کەهەمان دروشمەکانی ماسۆنیەتی هەلگرت و لە (سلانیك) بنکەیان بۆ دانا ، هەندێ لایەنی نهێنی ئەم جولەکە یە بۆ سولتان عبدالعزیز دەرکەوت و ئەویش فرمانی گرتنی بۆ دەرکرد و پاشان لەسەر کار لایبرد و دوای ئەوە دووری خستەوە)[1] .

هۆی کوشتنی سولتان عبدالعزیز :

ڕەتکردنەوەی هەموو دەستووره ڕۆژئاوایی یەکان بەگشتی ، هەروەها هەموو ئەو باوو نەریتە ڕۆژئاوایی یانەی کە بە وولاتی ئیسلامی نە ئەخوارد ، زالبوونی بەسەر پرۆسەی چاکسازیدا لە ناو دەولەتی عوسمانیدا تاڕادەیەکی باش بەتایبەت لە بواری سەربازیدا ، ئەوە بوو هێزێکی باشی دایە سوپا و چەکە کۆنەکانی هەموو بۆ گۆڕین بە چەکی تازە و لە چاکترین ئەمبارەکانی چەکەوە لە ئەوروپا ئەوەی پێویست بوو لە چەك بۆی کڕین ، لەسەر سیستەمی تازە سەرلەنوێ پلەی سەربازی یەکانی داڕشتەوە و چەند تیپی تازە سەربازی دروست کرد لە منالی خەلکی عەشایەر و خێلە جیاجیاکانی گشت هەرێمەکان ، قەلاو قولەکانی هەموو پڕ چەك کرد بە گەورەترین و تازە ترین تۆپهاوێژ ، و وای لێ هات هێزە دوور هاوێژەکانی دەولەتی عوسمانی بە نمونە ئەهێنرایەوە لە پێشێکەوتندا ، خانەی تۆپهاوێژەکان (تۆپخانە) ی نوێژەن کردەوە و تفاق و چەکی زۆری بۆ پەیدا کرد ، تا وای لێ هات ئەتوانرا هەموو جۆرە چەکێکی تازەی تێدا دروست بکرێت ، هەروەها لە بواری دەریایشدا چاکسازی زۆری کرد و خەلکی شارەزای عوسمانی لە جێگای شارەزا بیانی یەکان دانا هەرچەند خۆیشیان و دەولەتە کەیشیان ناڕەزایی یان دەردەبڕی ، لەسەر دەمی ئەمدا دەولەتی عوسمانی بوویە یەکەمین دەولەتێکی دەریایی لە دونیادا ، و تیمی دەریای ئەناردە دەرەوە و کەوتە کڕینی تانك و چەند کارگەی دانا بۆ دروست کردنی تانك و دەزگای تر و دروستکردنی گەنجینە بۆ دەزگای هەلمی ، خانەی کارگەی (ازمیت) هەمان شانوشکۆی جارانی بۆ گەڕایەوە و زۆرێك لە حەوزەکانی تایبەت بە کەشتی نەوژەن کردەوە و گۆڤاری (الاحكام العدليه) ی دامەزراند و کاری بۆ ئەوە

---

[1]) بڕوانە : تأريخ الدولة العثمانية / د. علي حسون ، ص٢٠٥ ، ٢٠٦ .

ئەکرد هەق و ڕاستی بچەسپێنێ و چەند گەورە بەرپرسی دایە دادگا وەك " خسروپاشا " و " عاكف پاشا " و (طاهر پاشا " و بەو كارانەش دادو چاكسازی بۆ هەموو لایەك دەركەوت و ئەمەش مایەی خۆشحاڵی دەوڵەتە ئەوروپای یەكان نە بوو ، چونكە ئەوان ئەیانویست ستەم و زۆرداری ئەوەندە زۆر بێت دەوڵەتە كە بە خێرایی بڕوخێنێ ، هەروەها سوڵتان عبدالعزیز چاكسازی زۆری لە كاروباری ئابوریدا كرد و فەرمانی كرد بە كۆنترۆڵكردنی (بوجە) و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەكانی پارەو بەو شێوەیە هەموو قەرزەكانی دەوڵەتی پاك كردەوە و وای لێ هات مامەڵە بە پارە ئەكراو و كاروباری پارە كەوتە ژێر كۆنترۆڵ ، دەوڵەتە ئەوروپی یەكان كە ئەمانەیان بینی لە ماوەیەكی كورتدا ڕوودەدەن لەسەر دەستی ئەم سوڵتانەدا و نەخشەكانیان بۆ لەناو بردنی ئەم پیاوە نەخۆشە پەرچی لەبەردەمدا دروست بووە ، وایان بە باش ئەبینی پیلان بۆ لەسەر كارلابردنی و پاشان كوشتنی دابنێن [1]، ڕەگ و ڕیشەی كوشتنی سوڵتان عبدالعزیز ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەخشە بەبەرنامەیەی كە قونسوڵگەر و نوێنەرانی دەوڵەتی ئەوروپی یەكان لە پایتەختی عوسمانیدا دایان نا ، هەر خۆشیان لە ڕێگەی بەكرێگیراوەكانیان جێبەجێ یان كرد ، ئەو بەكرێگیراوانەی كە بەبیروباوەڕی خۆیان ئاخنیبونیان و لە پیاوانی دەوڵەتیش بوون ، لەسەرو هەموو یانەوە دەسكەلای دەستی ماسۆنیەت ، (مدحت پاشا) [2]، كە لەكاتی دادگای كردنەكەیدا دانی بەوەدا نا كە لە لابردن و كوشتنی سوڵتان عبدالعزیز دا ئەویش بەشدار بووە و ئەمەش شتێكی ئاشكرایە لە مێژوودا و لە دیكۆمێنێتەكاندا تۆمار كراون [3] .

باسی پازدەیەم

سوڵتان موراديپێنجەم (١٢٩٣ك) و ماوەی دەسەلاتەكەشی تەنیا (٩٣) ڕۆژ بوو .

كوڕی " سوڵتان عبدالمجید " ە ، لە ٢٥ / رجب / ١٢٥٦ ك بەرانبەر بە (١٨٤٠ ز) لە دایك بووە ، لە (٧رجبی الاولى / ١٢٩٣) دا هاتە سەركورسی دەسەلات [4] .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٠٥

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص ٢٠٨ .

[3]) بڕوانە : تأريخ الدولة العثمانية ، على حسون ، ص٢٠٩ .

[4]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٧٧ ، ١٧٨ .

پیاوێکی تاڕادەیەك زیرەك و ڕۆشنبیری توركی و ڕۆژئاوایی بوو ، گرنگی یەكی باشی بەئەدەب و زانست و كاروباری ئەوروپا ئەدا ، سەردانی ئەوروپای كرد و چاوپێكەوتنی لەگەڵ هەندێ لە ئەوروپیەكاندا كرد ، چوویە ناو بازنەی ماسۆنیەتەوە و پەیوەندی بە (نامق كمال) و جگە لەویشەوە هە بووە كە ئەندامێكی بزوتنەوەكەیە ، زۆر لایەنگری دەستوور و لیبڕاڵیەتی و عەلمانیەت بوو [1] .

بزوتنەوەی ماسۆنیەت ئەم سوڵتانەی بردە سەركورسی دەسەلأت ، بەلأم تووشی پشێوی عەقلی ئەبێت لە ئەنجامی ئەوەی تووشی ترس و ڕاچڵەكینێكی زۆر ئەبێ كە نیوە شەو خەبەری ئەكەنەوە و هەواڵی لەكارلادانی سوڵتان عبدالعزیز ی ئەدەنێ ، كاتێكیش هەواڵی كوشتنی (حسن الجركسی) ئەدەنێ تووشی حاڵەتێكی دەروونی و دەماغی ئەبێت كە كار لە دەزگای هەرسی ئەكات ، باری تەندروستی ئەم سوڵتانە بەبەردەوامی بەرەو خراپی ئەڕۆیی هاوكات لەگەڵ ئەو هەولأنەی كە مدحت پاشا ئەیدان بۆ ڕاگەیاندنی دەستوری دەستكرد وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ شەریعەت لەسەروبەندی نەخۆشیەكەی ئەودا و خەریكی لێكۆڵینەوەی یاساو سیستەمە ڕۆژئاوایی یەكان و پەیوەندی كردن بوو بە هاوكارەكانیەوە ، تا گەیشتە ئەوەی دەستورەكەی ئامادەكرد، ئەڵێن عەقڵ لەدەستدانی سوڵتان لە هەموو كەسێكەوە دەركەوت بە ڕوونی ، و لابردنی لەسەر كار پێویست بوو بۆیە (شێخول ئیسلام) لە ساڵی (١٨٧٦ ز) دا ئەوەی ڕاگەیاندو ئەمەش دەقی فەتواكەیە : ((ئەگەر پێشەوای موسڵمانان بە تەواوەتی شێت بوو بەورێژەیەی كە مەبەست لە پێشەوایەتی یەكەی لەدەست بدرێت ، ئایا دروستە مافی پێشەوایەتی لێبسێنرێتەوە ؟ وەلأمەكەی ئەوەیە : بەڵێ دروستە و خواش باشتر ئەزانێ : بەندەی هەژار (حسن خیر) ئەمەی نوسیوە _ خوا لێ ی ببورێت)) [2] .

پاش ئەوەی لەسەر كار لایان برد لە نەخۆشیە عەقلی یەكەی چاك بوویەوە ، و ئەو تەمەنەی تری كە مابووی لە كۆشكی (چراخان) بردیە سەر ، تا لەتەمەنی نزیك شەست و چوار ساڵیدا وەفاتی كرد [3] ، هەندێ لە لاوانی (كۆمەڵەی یەكێتی و گەشەكردن) كاریگەری زۆریان لەم موورادی پێنجەمە كرد و بردیانە ناو كۆڕی ماسۆنیەت و فێری مەشروب

---

1) بڕوانە: تأريخ الدولة العثمانية ، د. علی حسون ، ص٢٠٩ .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢١٠ .

3) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢١٠ .

خواردنـەوەش بـوو ، تێـریش بـوو لـە بـیروڕای عـەلمانی و فەلـسەفەی ڕۆژئـاوایی [1] ، (سـوڵتان عبدالحمید) دەربارەی ئەڵێت : (سروشتی وابوو هەر کە س زەردەخەنەیەکی بەڕوودا بنواندایە پێی ئەخەڵەتا ، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کامە عەقڵ ئەیبڕێ و کامە عەقڵ نای بڕێ هەر لەبەر ئەمە بوو کە هەر بەخەیاڵیشیدا نە ئەهات ئەوە جوان نی یە بۆ کەسێکی وەك ئەو سەر بە کۆڕی ماسـۆنیەت بێـت و لـە داهاتوویـشدا خەلیفـەی موسـڵمانان بێـت و نەیئـەزانی ڕێـژەی ئـەو کارەساتەی لەمەوە دروست ئەبێت چەندێکە ، ئەوە بوو هەندێ کەس ئەوانەی کە لافی ئەوەیان لـێ ئـەدا هـەواداری نوێبوونـەوەن توانیـان هـانی بدەن و فێـری مەشـروب خواردنـەوەی بکـەن و هەندێ شتی ناو ژیانی ئەوروپای لا جوان بکەن کە لای ئێمە زۆر سووك سەیر ئەکرا)) .

بەشی شەشەم

سەردەمی (سوڵتان عبدالحمید)

باسی یەکەم

(سـوڵتان عبدالحمید) (١٢٩٣ _ ١٣٢٦ : / ١٨٧٦ _ ١٩٠٩) :

(سوڵتان عبدالحمید) سوڵتانی سی و چوارەمە لە سوڵتانەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی ، کە هاتـە سەر کورسی دەوڵەت و دەسەلاٚت لە تەمەنی سی و چوار ساڵاندا بوو ، چونکە خۆی لە (١٦/ شعبان / ١٢٥٨ك _ ١٨٤٢ ز) دا لە دایك بوو بوو .

دایکی (سوڵتان عبدالحمید) کە مرد ئەم تەمەنی لە دەساڵاندا بوو ، ژنـی دووەمـی بـاوکی کە ژنێکی نەزۆك بوو کەوتە سەرپەرشتی کردنی ئەم ، لە ڕاستیدا جوان پـەروەردەی کـردو هـەوڵی دا بـۆی ببێتـە دایـك ، هەرچـی خۆشەویـستی خـۆی هـە بـوو دای بـە ئـەم و پاشـانیش کـەمرد وەسیەتی کرد کە هەموو میراتەکەی بدەنە (عبدالحمید) .

(سـوڵتان عبدالحمیـد) زۆر لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم پەروەردەیـەدا بـوو ، بەشـەرم و شـکۆ و دینداری و دەنگی نـەرم و فێنکـی ئـەم ئافرەتـە سەرسـام بـوو ، ئەمـەش بـە ئاشـکرا لـە کەسایەتی (عبدالحمید) دا بە درێژایی ژیانی ڕەنگی دابوویەوە .

(عبدالحمیـد) خوێنـدنێکی ڕێـك و پێکـی لـە کۆشـکی سـوڵتاندا تـەواو کـرد لەسـەر دەسـتی کۆمـەڵێك پیـاوی زانـا و هەڵبـژاردەی سـەردەمی خـۆی دا لـە زانیـاری و لـە ڕەوشتیـشیدا ، فێـری

[1]) بڕوانە : والدي السلطان عبدالحمید ، ص١٧٨ .

زمانی عەرەبی و فارسی بوو ، وانەی مێژووشی خوێند و خۆشەویستیەکی بۆ ئەدەب تێدا دروست بوو ، لە زانستی (التصوف) دا زۆر ڕۆچوو ، بە زمانی تورکی عوسمانی هەندێ شعریشی هۆنیوەتەوە [1] .

مەشقی تەواوی لەسەر بەکارهێنانی چەك کردوە و بە لێزانینەوە ئەیتوانی شمشێر بەکار بهێنێت ، و بە دەمانچە نیشانەی بە وردی ئەپێکا ، پارێزگاری لە وەرزشە لەشی یەکان ئەکردو بەردەوام ئەیکردن ، گرنگی زۆری بەسیاسەتەکانی جیهانی ئەدا زۆر بە وردەکاری یەکی بیۆێنەوە و گرنگی یەوە بەدواداچوونی بەردەوامی هە بوو بۆ ئەو هەواڵانەی دەربارەی وڵاتەکەی و جێگەی لە جیهاندا بڵاو ئەکرایەوە .

یەکەم / سەردانی (عبدالحمید) بۆ ئەوروپا لەگەڵ (سوڵتان عبدالعزیز)ی مامەیدا :

سوڵتان عبدالعزیز سەردانێکی ئەوروپای کرد هاوڕێ لەگەڵ شاندێکی باڵای عوسمانیدا کە لە ناویاندا میر (عبدالحمید) بوو ، کە لە بەرگێکی سادەو ڕەوشتێکی پاك و بەرزدا کەوتە بەرچاوی ئەوروپی یەکان [2] ، میر (عبدالحمید) پێشوەخت خۆی بۆ ئەم سەردانی یە ئامادە کرد بوو ، کتێبێکی زۆری خوێندبوویەوە ، پیاوێکی زۆر وورد بوولە ڕوانین و لە بڕیاردانیدا بەسەر هەرشتێکدا کە لە ڕۆژئاوادا ئەیبینی ، ئەم وەفدەی عوسمانی یەکان لە ئەوروپادا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ گەورە سیاسەتمەدارەکانی ئەوێدا کرد وەك : ناپلیۆنی سێ یەم لە فەرەنسا و (ڤیکتۆریا) شاژنی ئینگلتەرەو لیو بلدڤی دووەم لە بەلجیکا و غلیومی یەکەم لە ئەڵمانیا و فرانسواجوزیف لە نەمسا [3]

میر (عبدالحمید) پێش ئەم سەردانەشی لەگەڵ (سوڵتان عبدالعزیز)دا سەردانی میصریشی کردووە ، لەو ماوەیەی کە لە میصردا مابویەوە سەرنجی ئەوەی دا بوو کەئەم بریق و باقەی ئەوروپا پڕە لە درۆ و گزبازی و خەڵکی ئەوێش تەنیا شتە ڕووکەشەکانی ئەوروپایان وەرگرتووە ، هەر بۆیە میصر فێری قەرزکردن بووە و بووە بە ژێر قەرزیشەوە لەبەرئەوەی کە (خدێوی اسماعیل) دەستی داوەتە زیادەڕۆیی و ئەیەوێت میصر بکاتە پارچەیەك لە ئەوروپا . سەردانەکەشی بۆ ئەوروپا لە ٢١ یۆنیوی /تا / ٧ / اغسطس / ی لە ساڵی ١٨٦٧ ز خایاند ،

---

1) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، محمد حرب ، ص٣١ .

2) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٢.

3) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٣

ئەم شاندە عوسمانی یە ئەم وولاّتانە گەڕان ، فەڕەنسا ، و ئینگلتەرا و بەلجیکا و دەوڵەتی نەمسای مەجەڕی .

لەم سەردانەدا بۆ ئەوروپا ، زەینی (عبدالحمید) کرایەوە بە سەر زۆر شتدا ، کە ئەو شتانە لە دواییدا ڕەنگیان دایەوە لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئەو دەسەلاّتی لەدەستدا بوو ، ئەو شتانەش ئەمانەن :

١- ژیانی ئەوروپایانە بە هەموو ئەو شتانەوە کە هەیانە وەك ڕێبازی جۆربەجۆریان بۆ ژیان و ئاکاری جۆربەجۆرو گرنگی دانیان بە هەندێ شتی ڕووکەش .

٢- ئەو پێشکەوتنە سەربازی و پیشەسازیەی هەیانە بەتایبەت لە هێزە وشکانی یەکەی فەڕەنسا و ئەڵمانیا و هێزە دەریای یەکەی بەریتانیا دا .

٣- گەمەکانی سیاسەتی جیهانی .

٤- ڕادەی کاریگەری هێزە ئەوروپای یەکان لە سەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی ، بەتایبەتی کاریگەری ناپلۆنی سێ یەم لەسەر سوڵتان عبدالعزیزی مامەی ، و فشاری ناپلیۆن لەسەری تا پشتیوانی لە علی پاشای وەزیری بکات لەگەڵ ئەوەدا کە سوڵتان عبدالعزیز هەرگیز نەی ئەهێلاّ کەس هەست بەوە بکات کە ئەم لە ژێر کاریگەری هیچ هێزێکی ڕۆژئاوایی دایە)) [1].

میر (عبدالحمید) لەم سەردانەی دا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە فەڕەنسا وولاّتی گاڵتەو گەپە و ئینگلتەرا وولاّتی سەروەت و کشتوکاڵ و پیشەسازی یەو بەلاّم ئەڵمانیا وولاّتی سیستەم و سەربازی و بەڕێوە بەردنە و زۆر سەرسام بوو بە ئەڵمانیا وە ، هەر بۆیە کاری مەشقکردن بە سوپای عوسمانی سپارد بە ئەوان کاتێك کە بوو بە (سوڵتان) میر (عبدالحمید) ئەم سەردانەی ئەوەندەکاریگەری هە بوو لەسەری وای لێکرد کە گرنگی زۆر بدات بەوەی کە هەموو داهێنراوێکی تازە بێنێتە ناو دەوڵەتەکەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا : چ بواری خوێندن و پیشەسازی و چ بواری دەزگاکانی پەیوەندی کردن و دەزگا سەربازی یەکان نمونە لەسەر ئەمەش وەك ، دوو کەشتی ژێر دەریا (غواصە) ی کڕی ، ئەو کاتە ئەو جۆرە چەکە زۆر کەم بوو، بە پارەی تایبەتی خۆی " تەلەگرافی " هێنایە ناو وولاّت ،قوتابخانە تازەکانی دامەزراند ، و زانیاری یە هاوچەرخەکانی کردە بەرنامەی خوێندن تیاندا ، یەکەم ئوتۆمبێل و یەکەم

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ،ص ٥٦ .

پاسکیلی هێنایە ناو وولآت و سیستەمی پێوانەی بە (مەتر) ی داهێنا ، بەلآم زۆر ئازایانە دژی ئەوە وەستایەوە کە بیروڕای ڕۆژئاوا لە وولآتدا بلآوببێتەوە [1] .

ئەم سەردانەی بۆ ئەوروپا ئەو کاریگەری یەشی لە (عبدالحمید)دا دروست کرد کە یەك سیاسەتی سەربەخۆ پەیڕەو بکات لەگەڵ ئەوروپادا ، بۆیە کەس ئەوەی لەسەر تۆمار نەکردووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان چوبێتە ژێر کاریگەری هیچ کاربەدەستێکی ئەوروپای یەوە ، چەند هاوڕێیەتیشیان بە هێز بوو بێت ، یان ئەو دەوڵەتە نزیك بوو بێت لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا .

لەم سەردانەیدا ئەو چاوپێکەوتنەی (فؤاد پاشا) ی صەدری ئەعظە م کە لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی ئەوروپای دا سازی دا ، سەرنجی (عبدالحمید)ی ڕاکێشا .

پرسیار کرا لە (فؤاد پاش) لەم سەردانەدا : دوورگەی کریت بەچەند ئەفرۆشن ؟ (فؤاد پاشا) لە وەلآمدا ووتی : (بەو نرخەی کەکڕیومانە) ، مەبەستی بەمە ئەوە بوو ، عوسمانی یەکان لە پێناو پاراستنی دوورگەی کریتدا ٢٧ ساڵ لەجەنگدا بووم .

هەروەها پرسیارێکی تریان کرد لە (فؤاد پاشا) : (بە هێزترین دەوڵەتی ئەمڕۆ لە جیهاندا کێ یە ؟

لە وەلآمدا ووتی : ((بە هێزترین دەوڵەتی ئەمڕۆ بریتی یە لە دەوڵەتی عوسمانی ، ئەوە ش لەبەر ئەوەیە ئێوە بەردەوام لە دەرەوە ئەیڕوخێنن و ئێمەش بەردەوام لە ناوە وە ئەیڕوخێنین ، کە چی بەرهەر دوولامانەوە نەمانتوانیوە بیڕوخێنین [2] .

(عبدالحمید) لەمەوە ئەووانەیە فێر بوو چۆن ئەو هێزانە بێدەنگ بکەی کە مەبەستیانە دەوڵەتی عوسمانی بڕوخێنن ، فێری زیرەکی و ووریای بوو لە کاتی حیواری سیاسی دا لە کۆتایشدا هەر لەم بوارەدا زۆر هەڵکەوتوو بوو .

تەمەنی (عبدالحمید) لەم سەردانەدا ٢٥ ساڵ بوو .

دووەم / (بەیعەت) وەرگرتنی بۆ خەلافەت و گەیاندنی دەستور : پاش مرادی برای بەیعەت بەئەم درا ، لە ڕۆژی پێنج شەمە ١١ی شعبان ی ١٢٩٣ ك ، ١٣ اغسطس ١٨٧٦ز ، ڕۆژی بەیعەت دانەکەی هەموو وەزیرەکان و ئەشرا ف و گەورە بەرپرسانی دەوڵەت لە مەدەنی یەکان و سەربازیەکانەوە لە (سرای طوبقبو) ئامادە بوون و سەرۆکەکانی هەموو تایفە

---

[1]) هەامان سەرچاوەی پێشوو ، ص٥٧ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٥٨ .

جۆربەجۆرەکانیش پیرۆزبایی یان لیٚ کردو لە هەموو لایەکی دەوڵەتەوە وەك ئاهەنگێرانێك بەم بۆنیەوە دەست کرایە تۆپ تەقاندن ، و سێ ڕۆژ لەسەریەك لە ئەستەنبوڵدا کۆڵان و بازاڕ ڕازێنرایەوە و (صەدری ئەعظەم) بروسکەی نارد بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان و لەم ئاگارداری کردن [1] .

(سوڵتان عبدالحمید) مدحت پاشای دانا بە (صەدری ئەعظە م) و پاشان لە ۲۳/ دیسمبر / ۱۲۹۲ك و ۱۸۷٦ز) دا دەستور ڕاگەیەنرا کە ئازادی یە مەدەنی یەکانی تێدا دەستەبەر کرا بوو وبە دەق باس لەوە کرا بوو کە ئەمە حکومەتێکی پەرلەمانی یە و ئەم دەستورە بەدەق باسی ئەوەشی کرد بوو کە پەرلەمان لە دووئەنجومەن دروست ئەبێت ، ئەنجومەنی نوێنەران یان (نێرراوان) ، پاشان ئەنجومەن ئەشراف یان پیران [2] .

(سوڵتان عبدالحمید) لەسەرتای دەسەڵاتداریتی دا تووشی دیکتاتۆریەتی وەزیرەکان و سیاسەتی غەربزەدەکان بوو کە "کۆمەڵەی عوسمانیە تازەکانی " ڕێبەرایەتی ئەم سیاسەتەیاندەکرد ، ئەم کۆمەڵە ژمارەیەك نوخبەی ڕۆشنبیر بوون کە چووبوونە ژێر کاریگەری ڕۆژئاواوە و ماسۆنیەتیش توانیبوی دەستیان پێ بگەیەنێت و بەکاریان بهێنیٚ بۆ ئامانجەکانی خۆی ، دیکتاتۆریەتی وەزیرەکان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە مدحت پاشا ئەو کاتەی سەرۆکی نوخبە عوسمانیە تازەکان بوو ، نامەیەکی نوسی بۆ (سوڵتان عبدالحمید) لەسەرتای چوونە سەرتەختیەوە (۱۸۷۷ ز) و ئەڵیٚ : (ئامانجی ئێمە لە ڕاگەیاندنی دەستور هیچ نە بوو ئەوە نەبیٚ کلکی دیکتاتۆرییەت ببڕین و مافەکانی جەنابت و ئەرکەکانی سەرشانت دیاری بکەین و کاری وەزیرەکانیش بە هەمان شێوە دیاربێت و ئازادی و مافی هەموو هاووڵاتیانیش دەستەبەر بکرێت ، تا وولات بەرزببێتەوە بۆ پلەکانی پێشکەوتن ، منیش لەو شتانەدا گوێڕایەڵی تۆ ئەکەم کە پێچەوانەی سوودی ئوممەت نەبێت ...) [3] .

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية في تأريخ الاسلامي الحديث ، ص١٨٣ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٨ .

[3]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص٥٩.

(سوڵتان عبدالحمید) دەربارەی ئەمە ئەڵێت : ((سەیرم ئەکرد مدحت پاشا خۆی کردوە بە کوێخا و "وەسی " بەسەرمەوە فەرمانم بۆ دەرئەکات ، ئەم هەڵسوکەتەشی زۆر دوور بوو لە گیانی (مەرجداری یەوە) (دیموکراتیەتەوە) و لە دیکتاتۆریەتەوە نزیك بوو) [1] .

مدحت پاشا و هاوڕێ ماسۆنی یەکانی تری قاڵبوو بوون لە مەشروب خواردنەوەدا ،(سوڵتان عبدالحمید) لە یاداشتەکانیدا ئەڵێ : ((... ئەوەی زانراوە کە ئەوانەی لافی ئازادی یان لێ ئەدا لەو سەردەمەدا لە شاعیران و ئەدیبان دوای دەرکردنی بڕیاری ((یاسای بنەڕەتی)) ، ئێوارەیەك لە کۆشکی مدحت پاشادا هەموو کۆئەبنەوە ، بۆ ئەوە نا کە باس و خواست لە کاروباری دەوڵەت بکەن ، بەڵکوو بۆ ئەوەی باس لەسەرخۆشی و بەدڕەوشتی بکەن وپێك بنێن بەسەریانەوە ، مدحت پاشا لە مەشروب خواردنەوەدا ڕۆچوو بوو هەرلە کاتی لاوێتی یەوە ، و هەمووکەس ئەوەی ئەزانی ، جا ئەو شەوە لە خۆشی مەشروبەکە و لە خۆشی ڕاگەیاندنی (پێڕەوی ناوخۆدا) کە تێکەڵ یەك ئەبن مەدحەت پاشا لەسەر مێزی نان خواردنەکە هەڵئە سێت و چەند کەسێك دەستی ئەگرن بۆ ئەوەی نەکەوێتە سەر زەوی ، کە ئەڕوات دەست بشۆرێت بە (طوسون پاشا) ی مێردی خوشکە کەی ئەڵێت لەو کاتەدا کە زمانی نەئەچەرخا لە دەمیدا (بەهۆی سەرخۆشی یەوە بە ئارەقەکە) :

ئەرێ پاشا ! ئێستا کێ ئەتوانێ دوای ئەوەی کە گەیشتوومەتە ئەم پلەیە دوورم بخاتەوە ؟ کێ ئەتوانێ ؟ پێم بڵێ بەڕای تۆ چەندساڵ لە پلەی ((صەدری ئەعظە م)) دا ئەمێنمەوە ؟ طوسون پاشا وەڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ : ئەگەر لەسەر ئەم بەزمەتان بەردەوام بن هەفتەیە ناخایەنن) [2] .

مدحت پاشا زۆر جار لەم کۆڕی مەشروب خواردنەوەدا ووردترین نهێنی دەوڵەتی ئەدۆڕاند ، و بۆ بەیانی لە ناو خەڵکی ئەستەنبوڵدا هەموو باسی ئەو زانیاری یانەیان ئەکرد ، شەوێکیان لە کاتی سەرخۆشیدا باسی ئەوە ئەکات کە بەنیازە ڕژێمی کۆماری لە دەوڵەتی عوسمانیدا ڕاگەیەنێت و خۆشی ببێتە سەرۆکی کۆمارەتازەکەی عوسمانی و پاشان ببێتە _ ئیمپراتۆر _ی ئەو کۆمارە و وەك چۆن ناپلیۆنی سێ یەم لە فەڕنسا دا بەو کارە هەستا

مدحت پاشا تۆمەتی ئەوەی لەسەر بوو کە بە دەسکیسەی ئەو (سوڵتان عبدالعزیزە کوژراو) ، (سوڵتان عبدالحمید) لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەو مەبەستە دانا و هەموو

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٦٠ .

[2]) بڕوانە : ذمکرات السلطان عبدالحمید ، محمد حرب ، ص٧٧ .

گومانلێکراوەکانی دایە دەست دادگا و ئەویش بڕیاری دادگای بەسەردا سەپاندن و دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ مدحت پاشا دەرکرد بەڵام (سوڵتان عبدالحمید) دەخالەتی کردو بڕیارەکەی سوك کرد لەسەری و کردیە ((زیندانی)) بۆی و پاشان دووری خستەوە بۆ شام چونکە زیندانی سەربازی لەوێ بوو .

دەستوور دەسەڵاتەکانی (بە ڕووکەش نەك بە ناوەڕۆك) لەیەك جیاکردبوویەوە ، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە پێی دەستوور هاتبوو بەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی دا ، وەك گەشە کردنێك وابوو نەك گۆڕین ، کەس بیری لەوە نەکردبوویەوە کە مافی دەسەڵاتی سوڵتان کەم بکاتەوە ، هەر دەستوور خۆی بە دەق ئەوەی باس کرد بوو کە کەسایەتی سوڵتان پارێزراوە و کەس بۆی نی یە دەستی بۆ بەرێت ، و لەبەردەم هیچ کەسێکدا پرسیاری ئەوەی لێ ناکرێ فلانە ئیشی بۆچی و لەبەر چی کرد ، ئەمە وای کردبوو کە دەستوور لە دەستی خۆیدا بوو [١] .

تەنیا سوڵتان مافی ئەوەی هە بوو کە وەزیرەکان دابنێ یان لەسەر کار لایان ببات ، هەروەها هەر ئەو مافی بەستنی ڕێکەوتنامە و ڕاگەیاندنی شەڕ و بەستنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی هەیە ، خۆی سەرۆکی گشتی هێزی چەکدارە و مافی ئەوەی هەیە کە هەموو جۆرە یاسایەك دەربکات لە هەموو بوارەکاندا بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ (پەرلەمان) بەو شوەیە(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) لە ساڵی (١٢٩٣ ك) تا ساڵی (١٣٢٧ ك) بەرامبەر (١٨٧٦ _١٩٠٩) ز بە هەمان دەسەڵاتەوە مایەوە کە هیچ کام لە سوڵتانەکانی پێش ئەو ئەوەندە دەسەڵاتیان نە بوو ، ئەوە بوو مدحت پاشا خۆی بووبە یەکەم قوربانی ، ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە دەستوور دای بە سوڵتان وای کرد کە سنور بۆ سەرۆکی وەزیران دابنێت و وای لێهات جگە لە ڕۆڵێکی دووەمی دەسەڵاتی لەبەڕێوەبردنی کورسی فەرمانڕەوایی دا ڕۆڵی تری بۆ نەمایەوە [٢] .

دەستوور بە دەق باسی ئازادی ئەندامانی پەرلەمان ئەکات لە کاتی ڕادەربڕین و لە کاتی دەنگداندا و نابێت دادگایی بکرێت کاتێك نەبێت سنورە یاسای یەکانی ئەنجومەن ببەزێنن ، دەستوور ئەوەیشی دیاری کردبوو کە زمانی ڕەسمی دەوڵەت زمانی تورکی عوسمانی یەو ئەنجومەن بەو زمانە بەڕێوە ئەبرێت هەروەك دەستوور باسی ئەویشی کردووە کە دەنگدان بە

---

[1]) بڕوانە : في اصول التأريخ العثماني ، ص٢٣٤ .

[2]) بڕوانە : هە مان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٣٤ .

نهێنی یان ئاشکرا ئەبێت بە پیٚ ی هەلومەرج بێت، بەو مەرجەی کە بوجە ئەنجومەنی نوێنەران دیاری بکات و سوڵتان بۆی نەبێت بریاری تێدا بدات بە پێچەوانەی ئەوەی پەیوەندی بە یاسا ڕۆتینەکانەوە هەیە.

سەربارەت بە مافە تاکە کەسی یەکان دەستوور ئەوەی ڕاگەیاند بوو کە (عوسمانی یەت) بریتی یە لە سیاسەتی ڕەسمی و لەسنوری بنەمای (یەکسانی) دا کە ڕێکخستنەکان بەڕوونی باسیان لێوە کردووە ، دەستوور سیفەتی "عوسمانیەت " ی دا بوو بە هەموو هاوولاتی یەکی دەوڵەت سەر بەهەر ئایینێك بوایە ، و بە دەق باسی ئەوەی کردووە کە هەموو کەس ئازادە و هەموو عوسمانی یەك لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەموو کەسێك ئەو مافانەی هەیە کە بەرامبەرەکەی هەیەتی وەك چۆن هەمان ئەرکی ئەویشی لەسەرە ، دەستوور بە دەق سەربەخۆیی (قەزا) ی سەلماند بوو ، دەستوور ئەوەشی باس کرد بوو کە دادگا شەرعی یەکان بۆ خۆیان ئەمێننەوە و ناموسڵمانەکانیش بۆیان هەیە کە پەنا بۆ دادگاکانی تایبەت بە خۆیان بەرن لەو پرسانەدا کە پەیوەندن بە کاروباری ئایینەکانیانەوە [1]

(سوڵتان عبدالحمید) بریاری دا کە دەست بکرێت بە جێبەجیٚ کردنی دەستوور و هەڵبژاردنی گشتی بکرێت کە ئەوە لە مێژووی عوسمانیەکاندا یەکەمجار بوو ، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە موسڵمانەکان (٧١) کورسی یان بەدەست هێنا و نەصارەکان (٤٤) کورسی و جولەکە (٤) کورسی و یەکەمین پەرلەمانی عوسمانی لە ٢٩ / مارسی / ١٢٩٤ ك _ ١٨٧٧ ز) کۆبوونەوەی کرد وئەنجومەنی ئەشراف یان ئەنجومەنی پیران لە (٢٦) ئەندام پێك ئەهات کە دائەنران و لەوانە (٢١) یان موسڵمان بوون ، هەندیٚ لە نوێنەرە عەرەبەکان ڕۆڵێکی گەورەیان ئەگێرا لە کاتی موناقەشە و ڕا گۆرینەوەدا ، هەرچەندە تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەران کەم بوو ، پێش ئەوەی قۆناغی دووەمی دانیشتنەکان دەست پیٚ بکاتەوە لە (١٣/فێبرایەر / ١٢٩٦ك _ ١٨٧٨ ز) دا نوێنەران داوایان کرد کە سیٚ وەزیر لەبەردەم ئەنجومەندا ئامادە بن بۆ بەرگری کردن لە خۆیان دەربارەی ئەو تۆمەتانەی کە ڕووبەڕوویان کراوەتەوە ، (سوڵتان عبدالحمید)یش چاری نەما هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن نەبێت و پاشان فەرمانی کرد هەر نوێنەرەی بگەڕێتەوە بۆ وولاتی خۆی و هەندیٚ لەوانیشی نەفی کردوو دووری خستنەوە [2] .

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٨٠ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ص١٨١ .

بەو شێوەیە ماوەی بەستنی ئەنجومەن لە قۆناغی یەکەمەوە بۆ قۆناغی دووەم دە مانگ و بیست و پێنج ڕۆژ بوو ، دوای ئەوە تا سی(٣٠) ساڵی تر ئەنجومەن بانگ نەکرایەوە و دەرگای ئەنجومەنی نوێنەران بۆجارێکیش چیە نەکرایەوە[1] .

(سوڵتان عبدالحمید) ناچار بوو کە دەستوور ڕابگەیەنێت بە هۆی ئەو فشارانەی کە ماسۆنیەت لە ڕێگەی مدحت پاشاوە ئەیانخستە سەری ، بۆیە کە هەلی دەست کەوت خێرا ئەنجومەنی پەك خست .

(عبدالحمیدی دووەم) دژ بە دیموکراتیەت و کار کردن بەسیستەمی دەستوور بوو کە لە زاراوەی عوسمانیدا پێی ئەوترا (مەرجداری = المشروطية) واتە مەرج دانان بۆ فەرمانڕەوا بەوەی سنوری دەسەلآتی دیاری بکرێت ، لای ئەو ئەمە بیروڕایەکی هاوردەی ڕۆژئاوا بوو ، بۆیە دژی هەموو ئەوانە ئەوەستاوە کە لافی ئەوەیان لێ ئەدا و لە پشتی هەموویانەوە (مدحت پاشا) ، ڕەخنە لەم وەزیرەی ئەگرێت و ئەڵێ : (تەنیا لایەنە چاکەکانی فەرمانکردن بە (مەرجداری) لە ئەورووپادا ئەبینی ، نە لە هۆکارەکانی ئەم (مەرجداری) یە کۆڵییەوە و نە لە ئاسەوارەکانیشی ، ئاخر خۆ (حەبی سلفات) بۆ هەموو نەخۆشیەك و هەموو لەشێك بە سوود نی یە ، من ڕام وایە کە بنەماکانی ئەم (مەرجداری) یە بۆ هەموو گەل و هەموو شوێنەوارێك بە کەڵك نی یە ، سەرەتا منیش ڕام وابوو شتێکی بەکەڵکە بەلآم ئێستا دڵنیا بووم لەوەی کە زۆر زیان بەخشە)[2] .

سوڵتان بەڵگەی خۆی هە بوو بۆ ئەمە ، یەکێك لەو بەڵگانەی هەڵسوکەوتی خراپی ئەوانە بوو کە داوای دەستووریان ئەکرد هەر لەیەکەم دەستشلکردنی سوڵتاندا بۆ بیبروڕاکانیان ، بۆ نمونە :

حکومەت هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستووردا داوای لە سوڵتان کرد کە ئیمزا لەسەر چەند بڕیارێك بکات بۆ ئەوەی لە چەند هەرێمێکدا کە موسڵمانان تێیدا زۆرترینی(اغلبية) دانیشتووان پێك دەهێنێت ، چەند کەسێکی نصاری ببنە کار بەدەست بەسەریانەوە، هەروەها ئەو داوایەی نصاراکان ئیمزا بکات کە قوتابیانی ئەوانیش لە کۆلیژی سەربازی عوسمانی وەربگیرێن کە ئەو کۆلیژە کۆڵەکەی سوپای عوسمانی بوو ، سوڵتان ئیمزای نەکرد و مدحت

---

[1]) بڕوانە : البلاد العربية والدولة العثمانية ، ساطع الحصري ، ص٩٩_١٠٠ .

[2]) بڕوانە : مذكرات السلطان عبدالحميد ، محمد حرب ، ص٨٠ .

پاشای وەزیریش تێیدا نەوەستا و بە سوڵتانی ووت : ((مەبەستی ئێمە لە ڕاگەیاندنی دەستوور ئەوەیە دیکتاتۆریەتی کۆشك نەهێڵین ، جەنابیشتان پێویستە ئەرکەکانی خۆتان بزانن) [1].

(سوڵتان عبدالحمید) هەندێ هۆی تر ئەهێنێت بۆ پاساوی ئەو هەڵوێستە کە هەیبوو لە (بیری دەستووری) وەك دەڵێت : ((دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکە چەندان گەلی جیاوازی لە خۆ گرتووە و((مەرجداریش)) لە ولاتێکی لەو شێوەیە دا مراندنی توخمە سەرەکی یەکانە لە وولاتدا ، ئایا لە هەموو ئینگلتەرەدا یەك نوێنەری هیندی هەیە ؟

یان لە پەرلەمانی فەرەنسی دا یەك نوێنەری جەزائیری هەیە ؟) [2].

(سوڵتان عبدالحمید) ئەم هەڵوێستەی خۆی بەرامبەر بە (فەرمانڕەوایی دەستووری) نەگۆڕی لە دەوڵەتەکەیدا ، تەنانەت پاش ئەوەی کە لەسەر تەختیش لابرا ، خەڵکی دەستیان دایە حوکمڕانی کردن بە دەستوور ، ئەوەتا ئەڵێ : ((باشە چ شتێك ڕوویدا کە (مەرجدارێتی) ڕاگەیەنرا ؟ ئایا قەرزەکان کەمیان کرد ؟ ڕێگاو بان و بەندەر و قوتابخانە زیادی کرد لە وولاتدا ؟ ئایا ئەو یاسایانەی ئێستا عاقڵانە ترو لوژیکی ترن لەوانەی پێشوو ؟ ئایا خەڵك ترسی لە خۆی نەماوە ؟ ئایا جەماوەر ئێستا لە خۆشگوزەرانی زۆرتردان ؟ ئایا منداڵ بوون زیادی کردووە و مردن کەم بووەتەوە ؟ ئایا ڕای گشتی نێو دەوڵەتی ئێستا لە جاران زیاتر لە گەڵماندایە ؟ دەرمان ئەبێتە ژەهرێکی کوشندە بۆ خەڵکی ئەگەر لە دەستی دکتۆری خۆیدا نەبێت یان لە دەستی کەسانێکدا بێت کە بنەماکانی بەکارهێنانی نەزانێ ، من زۆر بەداخم کە ڕووداوەکان هەموو ڕاستی قسەکانی منیان دەرخست) [3].

(سوڵتان عبدالحمید) ئەوە ڕۆشن ئەکاتەوە کە هەڵوێستی هەمیشەیی لە فەرمانڕەوایی دەستوری وانی یە ، و هەل و مەرجەکان بڕیار لە پرسەکەدا ئەدەن ، ئەگەر هەل و مەرجەکان گۆڕران ئەوا باری سەرنجی ئەمیش لە فەرمانڕەوایی دەستووری ئەگۆڕێت .

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ص٩٥ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٥ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٦ .

لەم بارەیەوە ئەڵێ : (پێویستە وا گومان نەبرێت کە بیروڕای من هەمیشە دژ بە سیستەمێکە پشت بە بناغەکانی (مەرجداریێتی) ببەستێت)[1] .

(سوڵتان عبدالحمید) کەوتە سەردەمێك کە هەل و مەرجێکی زۆر ناڕەحەت و کۆمەڵێك قەیرانی تاقەت پڕوکێنی هاتە ڕێگە و پیلانێکی جیهانی لەناوە وە و دەرەوەدا کەوتبوویە سەر دەوڵەتی عوسمانی ، ئەمیش بە پێ ی یاسا و ڕێنمای یەکانی ئیسلام کەوتە چاکسازی بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت لە دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن ئەوروپای یەکانەوە بگرێت ، زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی کە (شەریعەت) جێبەجێ بکات ، و هەستا نوسەروڕۆژنامە نوسەکانی لە پایتەخت دوورخستەوە و لەبەردەم هەموو ئەو ئاڕاستە ڕۆژئاوای یانەدا وەستا کە (کەلە هەرێمەکانی دەوڵەتدا هە بوون) پێچەوانەی شارستانێتی بەرزی ئیسلامی ، توانی دەزگایەکی هەواڵگری بە هێز دروست بکات بۆ پاراستنی دەوڵەت لە ناوە وە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دوژمنانیش لە دەرەوە ، بیرۆکەی ((جامیعەی ئیسلامی) بویە جێگەی گرنگی پێدانی و بەرهەمی گەورە گەورەی پێ بەدەست هێنا ، و ئەوروپای یەکان کێچ کەوتە کەوڵیان لەم بیرکردنەوە قووڵە ستراتیژی یە و دەستیان کردە کار کردن بۆ هەڵوەشاندنەوە و لەت لەتکردنی .

(سوڵتان عبدالحمید) دەربارەی ئەم دەزگای هەاڵگریەی خۆی قسە ئەکات ومەبەست لێی روون ئەکاتەوە و ئەڵێت : ((بە پێی نەریتی عوسمانی ، سوڵتان لە ڕێگەی دەزگای حوکمڕانیەوە ئاگاداری پەیدا ئەکات بەسەر بیروبیرکردنەوەی خەڵکی ژێر دەستی خۆی و ئاگادارئەبێت لە گلەی و گازندەکانیان لە ڕێگەی والی و قازی یەکانەوە لە لایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگەی ئەو هەموو تەکیەی بە هەموو لایەکی وولاتدا بلاوبووەتەوە بە شێخەکان و دەروێشەکانیشەوە ، جا سوڵتان ئەم زانیاریانە کۆئەکاتەوە و بەپێ ی ئەو زانیاری یانە وولات بەڕێوە ئەبات .

سوڵتان محمودی باپیرم (محمودی دووەم) بازنەی هەواڵگری لەسەردەمی خۆیدا فراوان کرد و هەموو ئەو دەروێشە گەڕۆکانەشی بۆ زیاد کرد کە هە بوون ، ئەمە لەو کاتەدا بوو کە چوومە سەرتەخت و لەسەر ئەوەش بەردەوام ئەبم ، ڕۆژێکیان هەواڵێکیان بۆ هێنام لە (موسورس پاشا) وە کە باڵوێزی ئێمە بوو لە (لندن) ، گوایە حسین عەونی پاشا (صەدری

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٩٦ .

ئەعظەم) ی پێشوو کە (فەرماندەی سوپا = سرعسکر) بوو ، پارەی لە ئینگلیز وەرگرتبووە ، جا ئەگەر صەدری ئەعظەم کە حوکمی وولات ئەکات بەناوی سولتانەوە ناپاکی بەرامبەر وولاتەکەی بکات ، کەواتە سیخوڕەکانی بە دڵنیایەوە وا هەواڵ بە کۆشك ئەدەن کە بەجوانترین شێوە کارەکانی ئەنجام ئەدات ، لەبەر ئەوە ئەو هەواڵە زۆر کاری تێکردم و دڵی گۆڕیم ، هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە (محمود پاشا) پێ گەیی و هەندێ زانیاری دەربارەی چەند ئەندامێکی ((تورکیای لاو (ترکیا الفتاة) پێ ڕاگەیاندم کە ئەو زانیاریانەی ئەو پێیدام زۆر گرنگ بوون ، پرسیاری ئەوەم لێ کرد ئەم زانیاری یانەی لە چ ڕێگەیەکەوە دەست کەوتووە ، بۆم دەرکەوت کە ئەویش دەزگایەکی هەواڵگری تایبەت بە خۆی دروست کردووە و بە پارە هەندێ لە خزمە نزیکەکانی چەند کەسی ناو (ترکیا الفتاە) ی کڕیوە و ئەوانیش بە حوکمی خزمایەتی یەکەیان هەموو جارێك لە نزیکەوە ئەیانبینن و چییان لێ ببیستن دێن بۆ ئەمی ئەگێڕنەوە و ئەویش پارەیان ئەداتێ ڕاستە ئەو مێردیخوشکەکەی بەلام ڕاست نی یەهیچ کەسێك پلەی پاشایەتی هە بوو دەزگایەکی سیخوڕی سەربەخۆ بە جیا بۆ خۆی دروست بکات دوور لە دەزگای هەواڵگری دەوڵەت ، بۆیە پێم ووت ، ئەبێ هەر ئێستا ئەو دەزگایە هەڵبوەشێتەوە و جارێکی تریش ئەو جۆرە کارانە دووبارە نەکەیتەوە ، هەرچەندە زۆری پێ ناخۆش بوو بەلام دەزگاکەی خۆی تەسلیم بە من کرد .

دەوڵەت ناتوانێ بێ ترس بمێنێتەوە کاتێك کە دەوڵەتە گەورەکان بۆ خزمەت کردنی ئامانجەکانیان کەسانێك بکڕن کە لە ئاستی وەزیرێکی گەورە دابێت .

لەبەر هەموو ئەمانە بڕیارم دا کە دەزگایەکی هەواڵگری دروست بکەم کە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە خۆمەوە هەبێت ، ئەم دەزگایەش ئەو دەزگایە بوو کە دوژمنان ناویان نا بوو (جۆرنالجیەت) (پۆلیسی نهێنی = هەواڵگری) ، پێویست بوو کە ئەوە بزانم لەناو ئەندامانی دڵسۆزو ڕاسەقینەی دەزگای جۆرنالجیەتدا (هەواڵگری) دا ، کەسانێکی بوختان چیش هەن ، بەلام من بڕوام نەئەکرد و هەموو شتێکی ئەو دەزگایەم بەڕەهایی وەرنەئەگرت تا بە ووردی لێکۆڵینەوەم نەکردایە لەسەری، سوڵتان سەلیمی باپیرم (سەلیمی سێ یەم) هەمیشە هاواری ئەکردو ئەیووت : (دەستی بێگانە بەسەر جەرگ و هەناو مانەوە بەردەوام ئەگەڕێت ، پێویستە باڵوێز بنێرین بۆ دەوڵەتە بیانی یەکان تا کەرەسەکانی پێشکەوتنی ئەورووپامان بۆ بگوازنەوە ، پێویستە لەسەرمان نوێنەر زۆر بنێرین بۆ دەرەوە ، ئەبێ کاربکەین بۆ ئەوەی بەپەلە خۆمان فێری ئەو شتانە بکەین کە ئەوان پێ ی گەیشتوون .

منیش لە ڕاستیدا هەستم بەو دەستانەی بێگانە ئەکرد ، نەك لەسەر جەرگ و هەناومانا ، بەڵکوو لە ناو جەرگ و هەناومدا ، ئەوانە (صەدری ئەعظەم) ەکان و وەزیرەکان ئەکرێن و دژ بە وولاتەکەم بە کاریان دێنن ، ئەمە چۆن ڕوو ئەدات لە کاتێکدا ئەوانە لە خەزێنەی دەوڵەت پارەیان بۆ سەرف ئەکرێت و کەچی من نەتوانم ئاگاداری ئەوە بم خەریکی چین و چی ئەکەن و چی لەژێر سەریاندایە ؟

بەڵێ من دەزگای جۆرنالجیەت (هەواڵگری) م دروست کردوو هەرخۆشم بەڕێوەم ئەبرد ... بەڵام ئەمە کەی ڕوویدا ؟ .

پاش ئەوەی ئەبینم صەدری ئەعظەمەکان بەرتیل لە دەوڵەتە بیانی یەکان وەرئەگرن بە بەرامبەر ئەوەوە کە دەوڵەتەکەی خۆیان بڕوخێنن و پیلان لە سوڵتانەکەیان بگێڕن ! ئەم دەزگایەم بۆ ئەوە دروست نە کرد کە کەرەسەیەك بێت دژ بە هاوولاتیان بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە بە شوێن هەموو ئەوانە دا بڕوات کە ناپاکی بەرامبەر دەوڵەتەکەی من ئەکەن لە کاتێکدا کە بە ڕۆزی و نیعمەتی عوسمانی دەمیان تا قوڕقوڕاگەیان ئاخنرا بوو [1] .

" کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی " لەسەر دروست کردنی ئەم دەزگای هەواڵگری یە ڕەخنەیەکی زۆریان باراند بەسەر (سوڵتان عبدالحمید) دا ، لە ڕاستیشدا ئەم دەزگایە کارێکی چاکی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد ، لە کاتێکدا کە (... ئاژاوە چی و تیرۆرستە ئەرمەنی یەکانیان هان ئەدا بچن بە گژ دەوڵەتی عوسمانیدا ، و هەر جارەی کە سەربازەکان بەریان لێ ئەگرتن خوێنێکی زۆر ئەڕژا ... بەڵام کە (سوڵتان عبدالحمید) ئەم دەزگایەی دروست کرد _ لەماوەی ئەو (٣٠) ساڵەدا _ سوڵتان لەگەڵ دەرکەوتنی هەر جۆرە جوڵەیەکدا خێرا هەواڵیان ئەدایە و توانی هەموو یاخیبونێکی ناوخۆیی دابمرکێنێتەوە پێش ئەوەی بگاتە خوێن) [2] .

سێیەم / یاخی بوونەکان و شۆڕشە کانی بەلقان :

دانیشتوانی (جبل الاسود) و (صرب) و وولاتی (هرسك) یان هان ئەدا بۆ ئەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببنەوە ، ئەوەش لە ساڵی (١٢٩٣ك _ ١٨٧٦ز) بوو ، بەڵام عوسمانی یەکان توانیان کپیان بکەنەوە ، (سوڵتان عبدالحمید) حەزی لەوە بوو کە ڕێگە لە دەوڵەتە

---

[1]) بڕوانە : مذكرات السلطان عبدالحميد ، ص١٦٠ .

[2]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٨٩ .

ئەوروپی یەکان بگرێت و نە یەڵێت دەست وەردەنە وولآت ، بۆیە هات بڕیاری ئەوەی دا کە (قەزاوەت) لە دەسەلآتی جێبەجێ کردن جیا بکاتەوە ، و بە هەڵبژاردن (قازیەکان) دابنرێن لە ڕێگەی جەماوەرەوە ، موسڵمانەکان و نەصارەکان وەك یەك باج بخرێتە سەریان ... دانیشتوان بەمە ڕازی نە بوون و جارێکی تر شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە و ئەویش سەرکوت کرا ، بەلآم نەمسا کەلە پشت ئەم شۆڕشەوە بوو ئەیوسیت " بۆسنە و هەرسك " بخاتە سەر خۆی، لە هاندانی جەماوەر دژ بە دەوڵەتی عوسمانی هەر بەردەوام بوو ، ئەوەبوو نەمسا لەگەڵ ڕوسیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ئینگلتەرا داویان لە سوڵتان کرد هەندێ چاکسازی بکات و سوڵتانیش داواکەی قبوڵ کردن ، بەلآم نەصرانی یەکانی بۆسنە ئەمەیان قبوڵ نەکرد ، ئەمەیش دەری ئەخات پرسی داوا کردنی چاکسازی جگە لە چەند بیانویەکی بێهێز هیچی تر نە بوو ، ڕاستی پرسەکە ئەوەیە کە ئەوان ئەیانویست ڕاستەو خۆو نا ڕاستەوخۆ دەستووربدەنە کاروباری دەوڵەت و لاوازی بکەن و پاشان پاڵی پێوە بنێن و بیخەن [1] .

هەروەها شۆڕشی بولغاری یەکانیش دەستی پێکرد هەر لەو کاتەی کە نەصاراکانی بۆسنە و بەدنە دانی نەمسا و دەوڵەتە ئەوروپای یەکان و بەتایبەت ڕوسیا دەستی پێکرد بوو ، چەند ڕێکخراوێك لە وولآتی بولغاریادا دروست بوون بۆ بلآوکردنەوەی دەسەلآتی ڕوسیا لە نێوان نەصاڕا و ئەرسەزۆکسەکان و ((صەقالیبەکان))دا ، ڕوسیا بە هەموو شێوەیەك پشتی ئەمانەی ئەگرت و چەکیشی پێ ئەدان ، ئەم ڕێکخراوانەش بە هەموو توانایانەوە دانیشتوانی ((صرب و بۆسنە وهرسك)) یان هان ئەدا بۆ ئەوەی دژ بە عوسمانی یەکان ڕاپەڕن ، کاتێك عوسمانی یەکان هەندێ لە خێزانە (شرکسیە) کانیان هێنایە ئەوێ ، بولغاری یەکان خۆپیشاندانیان کرد لەسەر ئەمە ، و ڕاپەڕنێکیان دروست کردو ڕوسیا و نەمسا دنەیان ئەدان و چەك و پارەی باشیشیان پێ ئەدان ، بەلآم دەوڵەتی عوسمانی توانی ئەمجارەش کپیان بکاتەوە و ڕاپەرینەکە لەناو بەرێت ، دەوڵەتە ئەوروپای یەکان کەوتنە پڕوپاگەندە بلآو کردنەوە گوایە عوسمانی یەکان قەسابخانەیان لەو وولآتەدا دژ بە نەصاڕاکان ئەنجام داوە ، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە ، بەم پڕوپاگەندانە ڕای گشتی ئەوروپا دژ بە دەوڵەتی عوسمانی کەوتە جوڵەجوڵ و حوکمەتە ئەوروپای یەکانیش داوای ئەوایان ئەکرد کە هەڵوێستی توند دژ

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٨٩ .

بە عوسمانی یەکان بنوێنرێ و لەوانە هاوکاری بولغاری یەکان بکرێت کە سەربەخۆیی وەربگرن و فەرمانڕەوایەکی نەصرانی یان بۆ دابنرێ [1] .

ڕوسەکان و ئەڵمانەکان و نەمساوی یەکان پێکەوە دنەی صربەکان و (جبل الاسود) یان ئەدا بۆ ئەوەی شەڕ دژ بە عوسمانی یەکان ڕابگەیەنن ، ڕوسیا حەزی لەوە بوو کە سنورەکانی خۆی لە ڕووی بولغاریاوە فراوان بکات ، نەمساش بەهەمان شێوە ئەیویست سنورەکانی لە ڕووی (بۆسنە و هرسك) ەوە فراوان بکات ، ئەم دەوڵەتانە پەیمانی ئەویان بە میری (صرب) و (جبل الاسود) دا کە هەموو هاوکاری یەکی بکەن ، ئەوە بوو ڕوسیا بە نهێنی سەربازێکی زۆری بردە ناو وولاتی (صرب) و (جبل الاسود) ، دەوڵەتی عوسمانی توانی صربەکان و هاوپەیمانەکانیشیان تێك بشکێنێ و دەوڵەتە ئەوروپای یەکان دەخالەتیان کرد و داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد وە گەر نا ئەوا شەڕی سەرانسەری ڕائەگەیەنن [2] .

نوێنەرانی دەوڵەتە ئەوروپای یەکان لە ئەستەنبوڵ کۆبونەوە و چەند پێشنیارێکیان خستە بەردەستی دەوڵەتی عوسمانی ، گرنگترینیان ئەمانە بوون :

دابەشکردنی وولاتی بولغاریا بۆ دوو هەرێم و فەرمانڕەواکانیشیان ئەبێت لە (نصاراکان) بن ، لیژنەیەکی نێو دەوڵەتیش دروست بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانە ، و هەمان (امتیازات) یش بدرێتە هەردوو میرنشینی بۆسنە و هرسك ودەوڵەت دەست لە هەندێ زەوی هەڵبگرێت بۆ صربەکان و جبل الاسود .

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ئەم بڕیارانەی ڕەت کردەوە و یەك تەرەفە لەگەڵ صربەکاندا ڕێکەوتن و سوپاکانی لەوڵاتی (صرب) کشانەوە ، بەو مەرجەی ئاڵای (صرب) و (عوسمانیەکان) هەردوك هەڵبکرێت تابەڵگەبێت کە صرب لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندایە [3] .

(سوڵتان عبد الحمیدی دووهەم) لەوە دڵنیا بووبوو کەئامانجی دەوڵەتە ئەوروپیەکان ئەوەیەکە دەوڵەتی عوسمانی بڕووخێت ، ئەوەتا لە (یاداشتەکان) ی دا ئەڵێ : ((لەناو کۆنگرەی دەوڵەتە گەورەکاندا کە لە ئەستەبنوڵدا گیرا بۆم دەرکەوت ئەو دەوڵەتانە نیازیان چی یە ،

---

1) بڕوانە : الدولة العثمانية د. اسماعيل ياغي ، ص ١٨٩ .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٠ .

3) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٠ .

ئەویش ئەوە نی یە کە بەدەم ئەڵێن : دەستەبەرکردنی مافی هاوولاتی یە مەسیحی یەکان ، بەڵکوومەبەستیان دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئەو هاوولاتیانەیە و پاشان سەربەخۆیی تەواو بۆیان و بەو شێوەیە دابەشکردنی هەموو دەوڵەتی عوسمانی ، ئەوان بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی و گەیشتن بەم ئامانجە دوو ڕێگەیان گرتبوویە بەر :

یەکەم / وورژاندنی هاوولاتی یە مەسیحی یەکان و لێڵ کردنی بارودۆخەکە و بەو شێوەیەش ئەو دەوڵەتانە خۆیان ئەکەن بە خاوەنیان .

دووەم / داواکردنی (سیستەمی مەرجداریێتی) تا لەناو خۆشماندا دووبەرەکی دروست بکەن بۆ بەدەست هێنانی هەردوو مەبەستەکەیان ، بەداخەوە ئەو نانەی دوژمن ئەیدا هەندێ گەزۆشی پێوە کردبوو بۆیە هەندێ لە گەنجە ڕۆشنبیرە عوسمانی یەکان نەیاتوانی جیاوازی لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا بکەن ، جێ بەجێ کردنی سیستمی دەستوور بە ئاسانی لە وولاتێکدا کە یەك نەتەوەیی یە ومحاڵی ئەو جێ بەجێ بوونە لە وولاتاندا کەیەك نەتەوە نین

چوارەم / شەڕی نێوان ڕوسیا و عوسمانی یەکان :

ڕوسیا ئەیویست هەرچونێك بووە بگاتە ئاوە گەرمەکان لەبەر زۆر هۆکاری ئایینی و ئابوری وجوگرافی (بطرسی گەورە) (١٦٢٧_١٧٢٥ ز) لەوەسیەتەکەیدا بۆ ڕووسەکان لە بڕگەی (نۆیەم) و (یازدەهەم) و (سیازدەهەم) دا باسی ئەوە ئەکات کە پێویستە ململانێ ی شارستانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بکرێت تا ئەو دەوڵەتە کۆتایی پێ ئەهێنرێت ...

" بطرسی گەورە " لە بڕگەی نۆهەمی وەسیەتەکەی دا ئەڵێ :

(لە قسطنطينية) ەو (هیندستانەوە) کەمە کەمە بە پێ ی توانا نزیك ئەبینەوە ، چونکە هەرکەس (قسطنطينية) ی هەبێت ئەوە بە دڵنیای یەوە هەموو دونیای ئەبێت ، لەبەر ئەوە ئەبێت دەست لە شەڕی عوسمانیەکان هەڵنەگرین)

لە بڕگەی یازدەهەمیشدا ئەڵێ : (لەگەڵ نەمسادا بەشدار ئەبین بۆ ئەو مەبەستەی بڕیارمان داوە کە بریتی یە لە دەرکردنی عوسمانی یەکان لە ئەورووپادا) .

لە بڕگەی سیازدەهەمیشدا ئەڵێ : (پاش ئەوەی دەست ئەگرین بەسەر میرنشینە عوسمانی یەکاندا ، سوپاکانمان کۆئەکەینەوە وگەلەکەشتیەکانمان ئەبەینە دەریای (بەلطيق) و دەریای

ڕەش و دەست بە دانوستان ئەكەین لەگەڵ فەڕەنسا و نەمسادا بۆ ئەوەی هەموو دونیا لە نێوان خۆماندا دابەش بكەین)[1]

ڕوسیا گرنگی زۆری بەم وەسیەتە ئەدا ، لە سەردەمی (سوڵتان عبدالحمیدی دووهەم)دا شۆڕش و ڕاپەڕین بە دنەدانی ڕوسیا و دەوڵەتە ئەوروپییەكان زیادی كرد لە بەلقان و یونان و شوێنەكانی تری هەرێمە عوسمانی یەكاندا ، هەربەمەوە نەوەستا بەڵكو كاری بۆ ئەوەش كرد كە دەوڵەتیكی نەصرانی سەربەخۆ لە شوێنێكی چاكی لە (بەلقان) دا بە دەست هێنا ، ڕوسیا خۆی ئامادە كرد بۆ شەڕ ، و پاشماوەیەك شەڕێكی وای ڕاگەیاند دژ بە عوسمانی یەكان كە ئومێدی ئاشتی لێ نەئەكرا[2].

ڕۆمانیاش دایە پاڵ ڕوسیا و عوسمانی یەكان كەوتنە شەڕێكەوە لەگەڵ ڕوسیادا هەردوو لایانی هاڕی، سوپاكانی ڕوسیا لە دەریای " دانوب " ەوە پەڕینەوە و دەستیان گرت بەسەر هەندێ شاردا كەلە ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بوون وەك (تیرنوه) و (نیقولبلی بل) كە ئێستا ئەكەونە بولغاریاوە ، هەروەها ڕوسیا دەستی گرت بەسەر چەند خاڵی گرنگ و پردی تردا كە ڕێگە بوون بۆ بەلقان ، (سوڵتان عبدالحمید) گۆڕانكاری زۆری لەسەركردەكانی سوپادا كرد تا ڕێگە لە شەڕی ڕوسیی یەكان بگرێت ، ڕوسەكان هەوڵیان دا كە دەست بەسەر شاری (بلفنە) شدا بگرن _ كە ئێستا ئەكەوێتە وولاتی بولغاریاوە _ كە یەكێكە لە ڕێڕەوە گرنگەكان بۆ (بەلقان) ، بەلام (عثمان پاشا) كە سەركردەیەكی عوسمانی ئازاو شەڕكەر بوو ، زۆر قارەمانانە بەڕوودا وەستا و پاشەكشەی پێ كردن ، جارێكی تر بە هێزێكی زۆر ترو چڕترەوە هێرشێكی تریان هێنایە وە كەچی ئەم سەركردە عوسمانی یە كەم وێنەیە بەڕووی ڕووسەكاندا جارێكی تر وەستایەوە و توانی سەركەوتن بەدەست بهێنێ ، ئەمەوای كرد كە سوڵتانی عوسمانی مەرسومێكی تایبەتی بۆ بنێرێت و سوپاسی بكات بۆ ئەو كارەی[3] .

لەبەردەم ئەم خۆڕاگریەدا ڕوسەكان ویستیان گۆڕانكاری لە سیاسەتەكانیاندا بكەن بۆ دەست گرتن بەسەر ئەو شارەدا و هاتن سیاسەتی گەمارۆخستنە سەر شارەكەیان پەیڕەو كرد،

---

[1]) بڕوانە : التحفة الحلبية ، ابراهيم حلمي يط ، ص٢٤١ .

[2]) ڕستەی (حرب لا هوادة فيها) بەو شێوەیە واتەكەمان لێكدایەوە چونكە بناغەی ووشەكە لە عەرەبیدا بەو مانایە دێت (وەرگێر . ن.) .

[3]) بڕوانە : الفتوح الاسلامية عبر العصور ، ص٤١٨ .

و ڕێگەکانی کۆمەکی ناردنیان بۆ سوپای عوسمانی هەموو گرت و لە هەمان کاتدا هێزەکانی خۆیانیان زیاتر قاییم کرد و قەیسەری ڕوسیا خودی خۆی ئامادەی شەڕەکە بوو ، میری (ڕۆمانیا)ش بە خۆی و سەد هەزار شەڕکەرەوە دایە پاڵ ڕوسیا و تای ترازووی شەڕەکە لەبەرژەوەندی ڕوسیا وەستایەوە ، چونکە ژمارەی ئەوان بوویە (سەدو پەنجا هەزار شەڕکەر) و لە سێ قۆڵەوە گەمارۆیان خستەسەر هێزەکانی عوسمانی ، لەگەڵ ئەمانەدا سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی (عوسمان پاشا) زۆر پاڵەوانانە خۆیان گرت ، هەرچەند ژمارەی ئەوان پەنجا هەزار شەڕکەر بوو کەچی نەك هەرخۆڕاگر بوون بەڵکوو نەخشەیەکی جوانیشیان دانا بۆ ئەوەی دژە هێرشێك بکەنە سەر هێڵەکانی ئەو دوژمنەی کە گەمارۆی خستوەتە سەریان ، بە ئومێدی ئەوەی یان سەرکەوتن و شکاندنی گەمارۆکە دەست ئەخەن یان شەهید بوونیان دەست ئەکەوێت .

عوسمان پاشا بەخۆی و سوپاکەیەوە بەدەنگی (" لااله الا الله " و الله اکبر ") ەوە پەلاماری دوژمنیان دا و ژمارەیەکی زۆریان بەدەستی ڕوسەکان لێ شەهید بوو ، بەڵام توانیان هێڵی یەکەم وهێڵی دووهەمی گەمارۆکە بشکێنن و دەستیان گرت بەسەر تۆپهاوێژەکان دا و عوسمان پاشای سەرکردە هەندێ بریندار بوو لە کاتی شکاندنی هێڵی سێهەمدا ، لە پڕێکدا هەواڵێکی درۆینەی توند کەوتە ناو سەربازە عوسمانی یەکان گوایە (عوسمان پاشا) شەهید بووە ، بەو هەواڵە سەربازەکان ورەیان بەردا و دەستیان کەوتە لاو هەوڵیان دا بگەڕێنەوە بەرەو شار بەڵام هەندێ هێزی ڕوسی چووبوونە ناو شارەکەو سەربازە عوسمانی یەکان دەرکەوتن و کەوتنە ناو تەقەی هەموو لایەکی دوژمنەوە ، بۆیە ناچاربوون کە خۆیان بدەن بەدەست هێزە ڕوسەکانەوە ، ئەمەش لە ساڵی ١٢٩٤ك _ کۆتایی یەکانی ساڵی ١٨٧٧ز دا بوو ، سەرکردە عوسمانیەکە بە برینداری خۆی دابەدەست ڕوسەکانەوە کە زۆر سەرسام بوون پێ ی و باسی پەلاماردان و قارەمانێتی ئەویان ئەکرد [1] ، تەنانەت سەرکردەی گشتی هێزەکانی ڕوسیا هات پیرۆزبایی ئەو بەرگری یە جوانەی لە عوسمان پاشا کردو شمشێرەکەشی بۆ گەڕاندەوە وەك ڕێزێك بۆ ئەو خۆڕاگری و ئازایەتی یەی لەشەڕدا هەیبوو ، عوسمان پاشا ڕەوانەی ڕوسیا کرا

---

[1] بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٤١٩ .

له مانگی دیسه مبەری هەمان ساڵدا (١٨٧٧ز) ،قەیسەر بە هەموو ڕێوڕەسمێك شایانی ئەو بێت پێشوازی لە (عوسمان پاشا) کرد و مامەڵەی گیراو (ئەسیر) یان لەگەڵ نەئەکرد [1] .

ئەم سەرکەوتنانەی ڕوسیا (صربەکانی) لە بەلقاندا هان دا تادژ بە عوسمانی یەکان دەست بە جوله بکەن ، و سوپاکانیان پەلاماری بنکە و بازگەکانی عوسمانەکانیاندا لەوێدا ، و سەرقاڵیان کردن و نەیانپەرژایە سەر ڕوسەکان ، لەهەمان کاتدا لە هەوڵی ئەودا بوون چەند ناوچەیەکی تری تازە داگیر بکەن ، ئەوە بوو ڕوسیا توانی دەست بەسەر (صوفیا) _ پایتەختی ڕۆمانیای ئێستا _ دابگرێت و هەر ئەوەندەش نا ، بەڵکوو بەرەو باشور کشان ڕوو بە بە پایتەختی کۆنی عوسمانیەکان و گەیشتنە چەند ناوچەیەك کە تەنیا پەنجاکیلۆمەتر لەئەستەنبوڵەوە دوور بوون ، و بارودۆخەکە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا تەواو ڕووی لە خراپتر کرد .

هەر لەم کاتەدا چەندان شەڕی تر لە نێوان ڕوسەکان و عوسمانی یەکاندا لە ناوچەی ئاسیادا ڕوویدا ، کەلە ئەنجامدا ڕووسەکان گەیشتنە (ئەنادۆڵ) بەلام عوسمانی یەکان توانیان تێکیان بشکێنن و بیانکەنەوە بەناو ڕوسیادا ، عوسمانی یەکان و بەسەرکردایەتی (احمد مختار پاشا) زیاد لە شەش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە شەڕەکانیاندا ، بۆیە (سوڵتان عبدالحمید) مەرسومێکی سوڵتانی دەرکرد بۆی و سوپاسی کرد تێیدا ، ڕوسەکان لە پاشاندا هەر لەو ناوچانەوە هێرشێکی تریان کردە سەر عوسمانی یەکان و توانیان لە ساڵی (١٢٩٥) کۆچیدا هێزە عوسمانی یەکان تێك بشکێنن و دەست بەسەر هەندێ ناوچەی ئەنادۆڵ خۆشیدا بگرن [2] .

لەبەردەم ئەم هەمو تێکشکانەی عوسمانی یەکاندا لە ئەوروپا و ئاسیادا ، دەوڵەتی عوسمانی ناچاری ئەوە بوو کە بکەوێتە هوودنە بەستن لەگەڵ ڕوسیادا و دانوستان لەگەڵیاندا بکات و ئەوە بوو کە پەیماننامەی (سان ستیفاس) ی ساڵی (١٨٧٨ ز) کەوتە نێوانیان ، ئەم پەیماننامەیە لە (٣/ مارس / ١٨٧٨ز) بەستراو لە جیاتی دەوڵەتی عوسمانی (صفوت پاشا)

---

1) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ص١٤١ .

2) بڕوانە : الفتوح الاسلامیة عبر العصور ، ص٤١٨ .

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە ئیمزای کردوسروشتی یەکە ئەو پەیماننامەیە هەندێ مەرجی تاقەت پڕوکێنی [1] تێدا بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی [2] .

پە یماننامەی (سان ستڤانو) لە ١٥ی فبرایر / ١٢٩٥ك / ١٨٧٨ز :

نوێنەری ڕوسیا چەند مەرجێکی پێش وەختی خستە ڕوو ، داواشی کرد ڕاستەو خۆ ئیمزای لەسەر بکرێت ، ئەگەر نا ئەوە سوپای ڕوسیا پێشڕەوی ئەکات و ئەستەمبوڵ ئەگرێت ، عوسمانی یەکان ڕێگەیەکی تریان نەما ئیمزا کردن نەبێت و دەقی پەیماننامەکەش ئەمانەی تێدایە :_

١- دیاری کردنی سنور بۆ (جبل الاسود) بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشمە کێشەکە بێت و ئەم میرنشینە سەربەخۆیی خۆی دەست بکەوێت .

٢- میرنشینی (صرب) یش سەربەخۆ ئەکرێت و ئەبێت هەندێ زەوی تازەشی بخرێتە سەر .

٣- بولغاریاش خود موختاری یەکی ئیداری سەربەخۆیی پێ ئەدرێت و ساڵانە بڕێکی دیاری کراو باج ئەداتە دەوڵەتی عوسمانی، و فەرمانبەرەکانی دەوڵەت و سەربازەکان تەنیا خەڵکی (نصرانی) ئەبن ، بە ئاگاداری عوسمانی یەکان و ڕوسەکان سنورەکەیان دیاری ئەکرێت ، و میری وولات لە لایەن دانیشتوانەوە هەڵدەبژێرێت و عوسمانی یەکان بەیەکجاری سەربازەکانیان لە بولغاریادا ناهێڵن و چۆڵی دەکەن .

٤- دەوڵەتی ڕۆمانیاش سەربەخۆیی تەواوی ئەدرێتێ .

٥- ئەبێت (باب العالي) پەیمانی ئەوە بدات کە پارێزگاری لە ئەرمەنەکانو نصرانی یەکانی (کوردەکان) و (شەرکسەکان) بکات .

٦-(باب العالي) ئەبێت هەستێت بە باشکردنی بارودۆخی نەصاراکان لە دوورگەی (کریت)دا .

---

[1]) مەرجی تاقەت پڕوکێن بۆ (شروط مجحفة) بەکار براوە ، عەرەب ئەڵێ (اجحف فلان بعبده ، کلفه ما لایطاق): المنجد / مادەی _جحف _ :وئەشکرێ بڵێ ی:مەرجی ناهەق دەرهەق بەعوسمانیەکان.عەرەب ئەڵێ"اجحف بحقه"انقصه انقاصا فاحشا(وەرگێڕ ن.).

[2]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ص١٤٤ .

٧- دەوڵەتی عوسمانی باجی ئەم شەڕە ئەدات کە بڕەکەی (دوو ملیارو نیو) لیرەی ئاڵتونی یەو ڕوسیا ئەتوانێت لە جیاتی ئەوە بڕە پارەیە زەوی وەربگرێت .

٨- تەنگاوەکانی (بسفور ودردنیل) بە کراوەیی ئەمێننەوە بۆ کەشتی یە ڕوسی یەکان لە هەردوو حاڵەتی شەڕو ئاشتیدا .

٩- موسڵمانەکانی بولغاریا بۆیان هەیە ڕەو بکەن بۆ هەر شوێنێك بیانەوێت لە پارچەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا[1] .

بەم شێوەیە هەرچی موڵکی دەوڵەتی عوسمانی هەیە لە ئەوروپادا بەش بەش کرا هەرچەندە گەورە بوونی بولغاریا بویە مایەی عادز بوونی دەوڵەتەکانی تری بەڵقان وەك : (نەمسا) و (یۆنان) و (صرب) ، هەروەها بەریتانیاش بە زیاد بوونی دەسەلآتی ڕوسیا لە بەڵقاندا قەڵس بوو ، بۆیە ئامادە باشی وەرگرت بۆ شەڕکردن دژ بە ڕوسیا و لە لایەنی دەوڵەتی عوسمانی یەوە مافی داگیرکردن و بەڕێوە بردنی (دوورگەی قبرص) ی لە (یونیو / ١٨٧٨ ز) دا پێ درا بەو مەرجەی کە هەر وەك بەشێکی دەوڵەتی عوسمانی بمێنێتەوە ، بە بەرامبەر ئەوە بەریتانیا ئەبێت پەیمانی ئەوە بدات کە بەرگری لە موڵکەکانی دەوڵەت بکات لە ئاسیادا دژ بە هەر هێرشێکی ڕوسیا ، بەریتانیاش مەرجی وا بوو بۆ ئەم کارە سوڵتانی عوسمانی پەیمانی ئەوە بدات کە چاکسازی بکات لە موڵکەکانی ئاسیادا بەڕاوێژ لەگەڵ بەریتانیادا ، بەریتانیا ئەو پەیمانەشی دا کە هەرکات ڕوسیا ئەو ناوچانەی جێهێشت کە داگیری کردوون ، بەریتانیاش (قبرص) جێ بهێڵێت[2] .

(سوڵتان عبدالحمید) لە بناغەدا ڕازی نە بوو کە بچێتە ئەم شەڕەوە ، بۆیە ئیمزای لەسەر پەیماننامەکە نەکرد، و هەستا بە هەندێ هەوڵی چڕی دیبلۆماسی و سیاسی تا ئەوە بوو بەریتانیای هێنایە سەر ئەو بڕوایەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بوەستێ و بەمەش کۆنگرەی (برلین) ی مسۆگەرکرد تا لەلایەك ئاسەواری خراپی پەیماننامەی (سان ستڤانو) سوك بکات و لەلایەکی تریشەوە ڕوسیا بترسێنێت بە پاڵپاڵێنی بەریتانیا و دەست لە شەڕی هەڵبگرێت ، سوڵتان توانی دەستکەوتی تر بۆ دەوڵەت بەدەست بهێنێ و بڕگەکانی ئەم کۆنگرەیە زیانەکانی پەیماننامەی یەکەمی کەم کردەوە .

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٩٢_ ١٩٣ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٣ .

بەستنی ئەم دوو پەیماننامەیە بەڵگەیە لەسەر لێهاتووی سیاسیانەی (سوڵتان عبدالحمید) ، کە توانی قەڵسی لە نێوان دەوڵەتی ڕوسیا و دەوڵەتی ئەڵمانیاشدا دروست بکات [1] .

(غلیومی دووەم)کە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو لە (یاداشتەکانیدا) ئەڵێ :

(لەسەردەمی (ئەلیکسەندەری دووەم) کەقەیسری ڕوسیا بوو ، لەگەڵ یەکێك لە گەورە سەرکردەکاندا کە دانرا بوو بۆ خزمەت کردنی دیوانی قەیسەری [2]،چەند قسەیەك کەوتە نێوانمان دەربارەی پەیوەندی هەردوودیوانی ڕوسیاو ئەڵمانیاو پەیوەندی نێوان سوپا و وڵاتی هەردوولا ، بەو سەرکردەیەم ووت : ئەرێ من هەست ئەکەم کودەتایەك لەو پەیوەندی یانەماندا ڕوویداوە ، ئەو بە منی ووت : جا خەتای کۆنگرەی برلین بوو ! ئەوە گەورەترین هەڵە بوو کە (بسمارك) کردی ، بەو کارەی ئەو هاوڕێ یەتی یە کۆنەی نێوانمانی لە ناو برد ، و لە دیوانی ڕوسەکان و لەناو حوکمەتی ڕوسیادا متمانە بە ئەڵمانیا نەما دوای ئەو کۆنگرەیە ، سوپای ئێمە وا هەست ئەکەن کەگەورەترین جنایەتیان بەرامبەر کرا دوای ئەو هەموو شەڕە خوێناوی یەی کە کەوتنە ناوی لە ساڵی ١٨٧٧ ز دا [3] .

کۆنگرەی برلین (١٣٠٥ك _ ١٨٨٧ز) :

لەم کۆنگرەیەدا هەموو دەوڵەتە گەورەکانی وەك (ئینگلتەرا ، فەڕەنسا ، ئەڵمانیا ، نەمسا) بەشداریان کرد ، کەوتنە باسی ڕێککردنەوەی پەیماننامەی (سان ستڤانو) کە لە نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا بەسترا بوو ، ئەمەش لەوەوە هات کە هەندێ دەوڵەت ڕەخنەی لێی هە بوو چونکە بەرژەوەندی یە ستراتیژی یەکانی یەکیان نەئەگرتەوە لەگەڵ ئەم پەیماننامەیەدا ... ئەندامانی کۆنگرە لەسەر ڕێککردنەوەی پەیماننامەی (سان ستڤانو) ڕێکەوتن و پەیماننامەی(برلین) بەسترا و ئەم مەرجانەی خوارەوەی لە خۆ گرت :

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید ، ص١٤٥ .

[2]) دیوانی قەیسەرمان بۆ (البلاط القیصري) داناوە چونکە لە ئەم ڕۆژدا واتاکەی گشت گیر ترە ، عەرەب ئەڵێ : ﴿ بلاط الملك : اي قصره ومجازا مجلسه وزعماؤه ﴾ واتە / کۆشکی پاشا کە بۆ ئەنجومەن و سەرکردەکانیشی بەکار دێت ... (المنجد/وشەی:بلط)(وەرگێڕ:ن)

[3]) بڕوانە : مذكرات غليوم الثاني ، ص١٨_١٩ .

١- بولغاريا سەربەخۆیی وەرگریت بەلاّم سنورەکەی ڕیك بکریتەوە ، و لە خوارووی بەلقاندا میرنشینێك دروست بکرێت بە ناوی (رومیللی ڕۆژهەلاّتەوە) کە لە ژێر دەسەلاّتی دەولّەتی عوسمانیدا بێت لە ڕووی سیاسی و سەربازی یەوە ، و کەسێکی نەصرانی فەرمانڕەوایی بکات ، بۆ ماوەی پێنج ساڵ دا ئەنرێت بەڕێکەوتن لەگەڵ دەولّەتدا ، و هێزێکی ڕوسیش لە بولغاریا و (رومیللی) دا ئەمێننەوە لەسنوری پەنجا هەزار سەربازدا .

٢- سنوری یۆنان تۆزێك بەرەو باکور دێتە پێشەوە لەگەل ئەوەدا پێویستە ئەوە بزانرێت کەیۆنان پەیوەندی بە بابەتی شەڕەوە نی یە و پەیماننامەی (سان ستڤانو) پەیوەندی بە هیچ بە شێکی ئەو وولاّتەوە نی یە .

٣- بۆسنە و هرسك ئەدرێنە (نەمسا) .

٤- " بسارابیا " ئەدرێتە ڕوسیا دوای ئەوەی لە ڕۆمانیائەسەنرێتەوە ، و کەرتی (دوبرجیە) و هەندێ دوورگەی تر ئەدرێتە ڕۆمانیا و سەربەخۆیی پێ ئەدرێت .

٥- سەربەخۆیی ئەدرێت بە (صرب) و (جبل الاسود) .

٦- شارەکانی (قارص) و (ردهان) و (باطوم) ئەدرێن بە ڕوسیا .

٧-کۆنگرە بڕیاری ئەوە ئەدات کە ئەوباجی شەڕەی کە پەیماننامەی سان ستڤانو بڕیاری داوە دەولّەتی عوسمانی بیدات ، کە بڕی (دوومليارو نیولیرەی ئالّتونی یە) وەك خۆی بمینێتەوە .

٨- " باب العالي " پەیمان ئەدات کە بەبێ جیاوازی لە ئاییندا شایەتی هەموو هاوولاّتی یەکانی لەبەردەم دادگاکان وەردەگرێت .

٩- کۆنگرەش هەمان بڕیاری هەیە بۆ چاکردنی هەلومەرجی نەصڕانی یەکانی دوورگەی کریت[1] .

" بسمارك " کە ڕاوێژکاری ئەلّمانیا بوو ، ئەو بانگێشتی بۆ ئەم کۆنگرەیە کرد لە ترسی ئەوەی نەوەك پالّپالّێنی بەریتانیا و ڕوسیا سەر بۆئەوە بکێشێت کە شەڕێکی سەرانسەری ئەورووپای لێبکەوێتەوە و ببێتە هەڕەشە لەسەر یەکێتی ئەلّمانیا کە ئەو زەحمەتێکی زۆری لە پێناو دروست بوونیدا کێشا بوو، بۆیە ئەو دەولّەتە گەورانەی بانگێشت کرد بۆ (برلین) تا دووبارە بە

---

[1]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، د. اسماعيل ياغي ، ص١٩٥ .

ئاشتی نامەی (سان ستڤانو)دا بچنەوە و مەرجەکانی شەڕی تورکیا و ڕوسیا سەرلەنوێ چاك بکەنەوە [1]) .

هەندێ لە مێژونوسان [2] باسی ئەوە ئەکەن کەلەپشت پەردەوە ((بسمارك))پێشنیاری بەشبەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردووە لە قەسابخانەی ئاشتی ئەوروپادا و وتویەتی : میصر بدرێت بە بەریتانیا و تونس و شام بدرێت بە فەڕەنسا و بۆسنە و هرسك بدرێت بە نەمسا و بوغازین (بسفۆر ودردنیل) و شوێنی تریش لە موڵکەکانی سوڵتان بدرێتە ڕوسیا ، بەڵام ئەم پێشنیارانە لەناو ڕاسپاردە و بڕیارەکانی کۆنگرە دا نەنوسراونەتەوە [3] .

بەم شێوەیە کۆنگرەی برلین خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە ناچار کرا دەست لە ڕووبەرێکی زۆر و فراوانی موڵکەکانی هەڵبگرێت ، هەروەك ئەوەش ئەبێ بنوسرێ کە بەریتانیا و فەڕەنسا پەیمانی پاراستنی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانیان گرتە ئەستۆ ، هەرچەندە چ بەریتانیا و چ فەڕەنساش نیازی ئیمپریالیزمی خۆیانیان ئاشکرا کردو فەڕەنسا تونسی لە ساڵی (١٢٩٩ ك_ ١٨٨١ ز) داگیر کرد وەك چۆن بەریتانیا (قبرص) ی داگیر کرد ، و میصری داگیرکرد لە ساڵی ١٣٠٠ك _ ١٨٨٢ ز ، بەڵام واشی ڕاگەیاند کە ئەم داگیرکردنە شتێکی کاتی یە [4] .

ئەمە ئەنجامی ئەو شەڕە بوو کە لە نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا بەرپا بوو ، سوڵتانیش بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەم هەل و مەرجە نالە بارەدا بە پێویستی زانی کە نازناوی خەلیفە بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی (تحدی) تازەکان ڕابگرێ ، ئەوە بوو هەستا بە دروست کردنی((جامیعەی ئیسلامی) تا لەو ڕێگەیەوە هەموو موسڵمانان لە دەرەوە و ناوە وە بکاتە یەك کوتلە لە دەوری خۆیدا .

گومانی تێدا نی یە بزوتنەوەی جامیعەی ئیسلامی لەلایەن موسڵمانانەوە پێشوازی جوانی لێ کرا ، ئەوانەی بڕوایان وا بوو کە بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٥ .

[2]) دکتۆر اسماعیل یاغی و ئەمجەد مستەفا عبدالرحیم .

[3]) بڕوانە : في اصول التأريخ العثماني ، ص١٩٥ .

[4]) بڕوانە : الدولة العثمانية ، اسماعيل ياغي ، ص١٩٥ .

هەستی ئایینی لای موسڵمانان بێهێز بووە ، ئەمەیە وای کردووە دوژمنانی ئیسلام هێرشیان بۆ دونیای ئیسلام هێناوە و وولاّت دوای وولاّت بە تالاّن ئەیبەن [1].

باسی سێیەم

جامیعەی ئیسلامی

بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا باسی نە بووبەڵکو لە سەردەمی (سوڵتان عبدالحمید)دا دەستی پێ کرد ، و دروست دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٨٧٦ زاینیدا چوویە سەر تەختی خیلافەتی عوسمانی ، ڕاستەوخۆ و دوای ئەوەی کە (سوڵتان عبدالحمید) ئاهێکی هاتوەتەوە بەبەردا و هەموو ئەوانەی کە چووبوونە ژێر کاریگەری بیری ئەوروپاوە دایمالین لە دەسەلاّتەکانیان ، و خۆی دەسەلاّتی ڕاستەقینەی لە وولاّتدا گرتە دەست، گرنگی یەکی زۆری دا بە بیرۆکەی (جامیعەی ئیسلامی) ، لە بیرەوەریەکانیدا " باسی پێویستی ئەوە ئەکات پشتیوانی لە پەیوەندی برایانەی ئیسلامی لەناو هەموو موسڵمانانی دونیا دا بکرێت لە چین و هیندستان و ناوەڕاستی ئەفریقا و شوێنەکانی تردا تەنانەت ئێرانیش ، لەم بارەیەوە ئەڵێ : (دروست نە بوونی لەیەکتر گەیشتن لەگەڵ ئێراندا مایەی داخە ، ئەگەر بمانەوێ هەل لە دەستی ئینگلیز و ڕوسیا دەربکەین ئەوە من شتێکی بەسوود ئەزانم کە نزیکبوونەوەیەکی ئیسلامی دروست ببێت) [2] باسی پەیوەندی یەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلتەرا ئەکات کە هەمیشە پەرچی لەبەردەم یەکێتی عوسمانیدا دروست ئەکرد ، (عبدالحمیدی دووەم) ئەڵێت : ((ئیسلام و مەسیحیەت دوودیدی جیاوازن و ناکرێ هەردووکیان بەیەکەوە لەیەك شارستانێتی دا کۆبکەیتەوە) [3] بۆیە وا ئەبینێ کە ((ئینگلیز عەقڵی میصری یەکانی گەندەڵ کردووە و هەندێکیان وایان لێ هاتووە ناسیونالیزمیان پێ چاکترە لە ئایین و وا گومان ئەبەن کەئەکرێ شارستانێتی میصری و شارستانێتی ئەوروپا لەناو یەکتردابتوێنەوە ، ئینگلتەرە ئامانجی لە بڵاوکردنەوەی بیری ناسیولیزمی لە وولاّتە ئیسلامی یەکاندا ئەوەیە کە ئەم تەختەی من لەرزۆك بکات ... بیری ناسیونالیزمی

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو . ، ص١٩٦ .

2) بڕوانە : مذکرات السلطان عبدالحمید ، ص٢٣ .

3) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٣ .

پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە لە میصردا و ڕۆشنبیرە میصری یەکان وایان لێ هاتووە بێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن بوونەتە دەسکەلای دەستی ئینگلیز ، ئەوانە بەم کارانەیان توانای دەوڵەتی ئیسلامی لەرزۆك ئەکەن و بەهەمان شێوە ڕێزی خیلافەتیش لەرزۆك ئەکەن لەگەڵ ئەوەدا [1] .

دەربارەی سیاسەتی ئینگلیزیش بەرامبەر خیلافەت ئەڵێ : ((ڕۆژنامەی ستاندەر)) ی ئینگلیزی بەدەق ئەڵێ : ((پێویستە دوورگەی عەرەبی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزی یەوە و ، پێویستە لەسەر ئینگلتەرا دەست بەسەر هەموو شارە پیرۆزەکانی موسڵماناندا بگرێت)) ... ئینگلتەرا بۆ دوو ئامانج هەوڵ دەدات : – بێهێزکردنی کاریگەری ئیسلام و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی ، بۆیە ئینگلیز ئەیەوێ خدێوی لە میصردا ببێتە خەلیفەی موسڵمانان ، بەڵام یەك موسڵمانی ڕاست گۆ نی یە ئەمەی پێ قبوڵ بکرێت کە خدێوی ببێتە (أمير المؤمنين) چونکە کابرایەکە سەرتای خوێندنی لە جنێف دەست پێ کردووەو لە (ڤیێننا) تەواوی کردووەو خۆی بردووەتە پێستی کافرانەوە) [2] هەروەها هەر ئینگلیز بوو کە پێشنیاری ئەوەی کرد کە (شەریف حسین ، میری مەککە بکرێتە خەلیفەی موسڵمانان) [3] .

سوڵتان (عبدالحميد)ی دووەم دان بەوەدا ئەنێ کە ئەوەندە توانا و هێزی نی یە شەڕی پێ بکات لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپای یەکاندا ، بەڵام دەوڵەتە گەورە کان زۆر لە چەکی(خیلافەت) ئەترسان ، ئەم ترسەیان لە خیلافەت وای لێکردبوون کە هەموو سەر بکەن بەیەکدا بۆ کۆتایی پێ هێنان بە دەوڵەتی عوسمانی) [4] هەروەها ئەڵێ : (دەوڵەتی عوسمانی هەموو جۆرە ڕەگەزێکی لە خۆی گرتووە ، تورك و عەرەب و ئەلبان و بولغار و یۆنانی یەکان و زنجەکان و چەند ڕەگەزێکی تریش ، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام وای لێکردووین هەمومان وا ئەزانین ئەندامی یەك خێزانین [5] .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ٢٣.

[2]) بڕوانە : مذكرات السلطان عبدالحميد ، ص٢٤ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٤ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٤ .

[5]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٤ .

(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم)متمانەی خۆی بە یەکبوونی جیهانی ئیسلامی دەرئەبڕی و ئەڵێت : (پێویستە پەیوەندیمان بە هەموو موسڵمانێکەوە بەهێز بکەین لە هەرکوێدا بێت ، پێویستە زیاتر وزیاتر لە یەکتری نزیك ببینەوە ، هیچ ئومێدێکمان لە داهاتوودا نی یە ئەم یەکێتی یە نەبێت ، هەرچەندە کاتی نەهاتووە بەڵام هەر دێت ، ئەو ڕۆژە هەر دێت کە هەموو موسڵمانان تێیدا یەك دەگرن و هەموو بەیەکەوە ڕائەپەڕن و وەك لەشی یەك مرۆڤ ڕاست ئەبنەوە و لەو ڕۆژەدا گەردنی کافرەکان ئەشکێنن [1] .

بە بیرۆکەی ((جامیعەی ئیسلامی) لە دیدی (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) دا ئەتوانرا ئەم ئامانجانە دەست بخرێن :* ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا ، ئەوانەی بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا گۆش کراون ، و ئەوانەی کە چوونەتە ناوسەنتەرە هەستیارەکانی بەڕێوەبردن و سیاسەت ، لە دەزگاکانی هەموودەوڵەتانی ئیسلامیدا بەگشتی ، و لە دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی ، ئەتوانرێت لە سنوری خۆیاندا ڕابگیرێن کە هەستیان کرد بەربەستێکی ئیسلامی بەهێزو گەورە لە بەردەمیاندا وەستاوە .

* چەسپاندنی ئەوەی موسڵمانان ئەتوانن ببنە هێزێکی سیاسی نێودەوڵەتی ، کە حسابیان بۆ بکرێت لەم شەڕە فیرکی وڕۆشنبیری و عەقائیدی یەی کە ڕوسیا و ئەوروپای نصرانی بەرپایان کردووە لەگەڵیدا .

* ئەم یەکێتی یە تازە ئیسلامی یە ڕۆڵی خۆی لەوەدا ئەبینێ کە کاریگەری ئەخاتە سەر سیاسەتی جیهانی [2] .

* دەوڵەتی عوسمانی بەو سیفەتەی دەوڵەتی خیلافەتە هێزی جارانی خۆی ئەگیڕێتەوە و بەو شێوەیەش ئەتوانرێ کە سەرلەنوێ بەهێز بکرێتەوە و هەموو جۆرە دەزگایەکی زانستی تازەی بۆ پەیدا بکرێت لە هەموو بوارەکاندا و بەو شێوەیەش ئەتوانێ سامی خۆی بگێڕێتەوە و ببێتە وانەیەکیش لە مێژوودا .

(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) [1] ئەڵێ : ئیشکردن بۆ بەهێزکردنی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵاتی ئیسلامی ، باشترە لەوەی ئەو قەوارەیە بدەی بەزەویدا یان لە هەمان زەویدا قەوارەیەکی تر دروست بکەیت نامۆ بێت لە ڕووی بیرو لە ڕووی کۆمەڵایەتی یەوە [2] .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٤ .

[2]) بڕوانە : السلطان عبدالحمیدی الثاني ، ١٦٨ .

* زیندوکردنەوەی پلەی خیلافەت تا ببێتە کەرەسەیەکی بەهێز نەك شتێکی رووکەش وەك ماوەیەك وا سەیرنەکرا ، ئەگەر وا کرا ئەوکاتە سوڵتان خۆی بەتەنیا نابێت لە رووی چاوچنۆکی یەکانی رۆژئاوا و بەکرێگیراوەکاندا لەناوەوە ، بەڵکوو یەك گیانی یەکگرتوو دروست ئەبێ لەناو هەموو گەلانی ئیسلامی دا ، و ئەوکاتە ئەو یەکێتی یە ئەبێتە سونبول و ئاراستە کە رو یەکخەر .

مێژوو نوسی بەریتانی " ئارنولدتوینبی" باس لەوە ئەکات کە ئەلێ : (((سوڵتان عبدالحمید) ئامانجی لەو سیاسەتە ئیسلامی یەی پەیرەوی دەکرد ئەوە بوو کە هەموو موسڵمانانی جیهان لە ژێر یەك ئالادا کۆبکاتەوە ، ئەمەش یەك مانا نەبێت مانای تری نی یە ئەویش ئەوەیە دژە هێرشێك دروست بکات کە هەموو موسڵمانان بێنە گۆرەپانەکەوە و دژ بە و هێرشەی جیهانی رۆژئاوا کە کردیە سەر جیهانی موسڵمانان رابوەستن) .

هەربۆیە (سوڵتان عبدالحمید) هەرچی شك ئەبرد و دەستی پێ ئەگەیی لەو کاتەدا بەکاری هێنا بۆ ئەم ئامانجە وەك : بانگکردنی گشت بانگخوازانی ئیسلام لە هەموو رەگەزێك لە دونیای ئیسلامیدا ، چ زانایان و چ ئەوانەی رۆشنبیری ناودار بوون ، لە بوارە جۆراو جۆرەکانی سیاسەتدا ، ئەو بانگخوازانەی کە ئەیانتوانی بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا گەشت بکەن و بێن و برۆن ، و چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلانی ئیسلامیدا بکەن ، و ئەو میللەتانە ئاگادار بکەنەوە و راو بۆچوون و ئاراستەی سوڵتان و خەلیفەیان تێبگەیەنن و زانیاری ئیسلامی بلاوبکەنەوە ، هەموو سەنتەرەکانی لێکۆلینەوە لە ئیسلام ، لە ناوەوە و دەرەوە ، چاپکردنی کتێبە ئیسلامی یە بنەرەتی یەکان (رەسەنەکان) ، هەوڵبدات بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا بکرێتە زمانی رەسمی دەوڵەت یان ئەوەی کە ئێستا پێ ی ئەوترێ ((تعریب _ بەعەرەب کردن)) ی دەوڵەتی عوسمانی ، گرنگی دان بە مزگەوتەکان و شوێنی ناوداران سەرلەنوێ ، نۆژەنکردن و دروست کردنی مزگەوتی تازە و هەڵمەتی پیتاك کۆکردنەوە بۆ زیندوکردنەوەی مزگەوتەکان لە هەموو جیهاندا و گرنگی دان بە رێگەکانی هات و چۆ تا هەموو پارچەکانی دەوڵەتی عوسمانی ببەسترێت بەیەکەوە و راکێشانی دڵی سەرۆك عەشیرەتە عەرەبی یەکان و دروست کردنی قوتابخانەیەك لە پایتەختی خیلافەتدا بۆ خوێندنی منالانی سەرۆك تیرە و عەشیرەتەکان و راهێنانیان بۆ بەرێوە بردنی(کاری دەوڵەت

) ، ڕاکێشانی دڵی شێخەکانی ڕێبازە (تەسەوف) یەکان ، سوود وەرگرتن لە ڕۆژنامە ئیسلامی یەکان بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ ((جامیعەی ئیسلامی) و تەرخان کردنی هەندێ ڕۆژنامە و تایبەت کردنی بە پڕو پاگەندە کردن بۆ ئەم کۆمەڵەیە ، کارکردن بۆ بەرەو پێش بردنی ڕاپەڕینی زانستی و تەکنەلۆجی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ، تازەکردنەوەی دەوڵەت لە هەموو ئەو لایەنانەوە کەپێویستە [1] .

کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان و بانگخوازانی ئوممەتی ئیسلامی هاتن بەدەم ئەم بانگێشتەوە و دەوری پڕۆسەی (جامیعەی ئیسلامیان) دا ، وەك (جمالە ددین ئەفغانی) و (مستەفا کامیل) لە میصر و(ئەبی الهدی الصیادی) لە سوریا و (عبدالرشید ابراهیم) لە سیبریا و (بزوتنەوەی سەنوسیەکان) لە لیبیا و کەسانی تریش .

یەکەم / (جەمالوددینی ئەفغانی) و (سوڵتان عبدالحمید) :

(جمال الدین) زۆر پشتیوانی کرد لە بانگەشەی (سوڵتان عبدالحمید) بۆ پڕۆسەی ((جامیعەی ئیسلامی) و چەند پڕۆژەیەکی تری خستە بەردەم سوڵتان کە لە حەز و ئاواتی ئەو زۆر گەورە تر بوون ، سوڵتان ئامانجەکەی ئەوەندە بوو کە هەموو گەلانی ئیسلامی لە دەور یەك ئامانج کۆببنەوە و بەیەك ئاڕاستە بجوڵێن ، ئەمەیش لە هەمان کاتدا یەکگرتنێکی هەستی و عەمەلیشە ، و خیلافەتیش تێیدا بە بەهێزی و سام داری خۆی ئەمێنێتەوە ، بەڵام ئەفغانی پڕۆژەیەکی خستە بەردەم (سوڵتان عبدالحمید) مەبەست پیٚ ی یەکگرتنی (شیعە) و (سوننە) بوو بەڵام سوڵتان لەم کارەدا هەر ئەوەندەی مەبەست بوو کە بزاڤی سیاسی لە نێوان هەردوولادا یەك بخات بۆ ئەوەی پێکەوە ڕووبەڕووی ئیمپریالیزمی جیهانی ببنەوە [2] .

(سوڵتان عبدالحمید) سوودی زۆری وەرگرت لە ئەفغانی ، بۆ ناساندنی جامیعەی ئیسلامی ، هەرچەندە جیاوازی لە نێوان بیری سوڵتان و بیری ئەفغانیدا هە بوو، هەندێ لە هۆیەکانی ئەم جیاوازی یە باس بکەین :

١- ئەفغانی بڕوای بە پرسی یەکبوونی موسڵمانان هە بوو ، لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە و شۆڕشانەش ئەکرد کە دژ بە سوڵتان ئەکران چ ناسیونالیزمە تورکەکان پیٚ ی هەستایەن یان بە گشتی هاوولاٌتی عوسمانی پیٚ ی هەستایە .

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص١٧٢ .

[2]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص١٨١ .

٢- ئەفغانی بانگەشەی بۆ یەکبوونی هەموو گەلانی ئیسلامی ئەکرد ، بەڕادەیەك هەموو ببنە یەك لاشەو یەك دڵ بۆ ئەوەی لەبەردەم دەوڵەتە ئەوروپای یەکاندا بوەستن کەمەبەستیانە دەوڵەتی عوسمانی بەش بەش بکەن و کاریشیان بۆ ڕوخاندنی ئەکرد ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەفغانی لە ڕووی ئیمپریالیزمی فەڕەنسیدا نەئەوەستا ئەگەر بە دەربڕینی ووشەی ناڕازی بوونیش بوایە ، لە کاتێکدا کە (سوڵتان عبدالحمید) زۆر پێویستی بەوە بوو کە لە باکوری ئەفەریقادا دژایەتی فەڕەنسی یەکان بکرێت و بە ڕوویاندا بوەستن [1] .

٣- (جمال الدین) ئیمپریالیزمی ئینگلیزی تاوانبار ئەکرد کە چی (سوڵتان عبدالحمید) باسی ئەوە ئەکات کە دەزگای هەواڵگری عوسمانی نەخشەیەکی دەست کەوتووە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا دانراوە کە (جمال الدین ئەفغانی) و (بلنت) ی ئینگلیزی تێیدا بەشدار بوون ، ئەم نەخشەیە بڕیاری ئەوەی تێدایە کەخیلافەت لە ژێر دەستی (سوڵتان عبدالحمید) و لە ژێر دەستی هەموو عوسمانی یەکان دەربهێنرێ، و ئەم " بلنت "ە پیاوێکی سیاسەتمەداری ئینگلیزی بوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیزدا کاری ئەکرد و نوسەری کتێبی ((مستقبل الاسلام)) ە کە لەو کتێبەدا بێ پەردە بانگەشە بۆ ئەوە ئەکات کار بکرێت بۆ دەرهێنانی خیلافەت لە ژێر چنگی عوسمانی یەکان و بدرێتە عەرەبەکان ، (مستەفا کامل پاشا) کە ڕێبەری بزوتنەوەی نیشتمانی بوو لە میصردا لە کتێبکدا بە ناوی ((المسالة الشرقیة)) وەڵامی ئەم " بلنت "ە ئەداتەوە و ئەڵێ : ((بە شێوەیکی گشتی بەڕێز نوسەری کتێبی ((مستقبل الاسلام)) وا ئەبینێ _ کە ئەوەش ئاوێنەی حەزو ئاواتەکانی ڕۆڵەکانی ڕەگەزەکەی خۆیەتی _ واجوانترە وشیارترە بۆ ئیسلام کە ئینگلتەرا دەوڵەتێك بۆ ئیسلام دروست بکات ، بەڵکوو وا ئەبینێ کە پێویستە خەلیفە کەسێکی ئینگلیزی بێت) [2] .

٤- لەگەڵ ئەو هەموو چاوبرسێتی یەی ڕوسیا و ئەو هەمووە شەڕەی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی ئەیکرد ، و ئەو هەمووە زەوی یەی لە عوسمانیەکانی ئەگرت ، کە چی هەڵوێستی بەڕێز جمال الدین ئەفغانی سەربارەت بە فراوانبوونی سنوری ڕوسیا زۆر نامۆ بوو بە چەمکی (جامیعەی ئیسلامی) چونکە جمال الدین دانی بەوەدا ئەنا کە ڕوسیا مافی خۆیەتی بڕوات هیندستان بگرێ چونکە بەرژەوەندی ستراتیژی و زیندووی زۆری هەیە لەو

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٨٢ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٨٣ .

ناوچەیەدا ! ئەگەر ڕوسیاش وا بکات ئەوە ئەفغانی ڕەخنە لەو کارە ناگرێت ، و بەڵکوو ئامۆژگاری بۆ ڕوسیا ئەوەیە کە بێزیانترین و ئاسانترین ڕێگە بگرێتە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە ، ئەویش ئەوەیە داوای یارمەتی لە دەوڵەتی فارس و وولاتی ئەفغان بکات بۆ ئەوەی دەرگاکانی هیندستانی بۆ بکەنەوە ، بەو مەرجەی دوایی پشکیان لە غەنیمەتەکە دا هەبێت و بیانکاتە شەریك لە قازانجەکانی ئەو کارەدا .

٥- هەنێد جیاوازی (عەقائیدی) هە بوو لە نێوان جمال الدینی ئەفغانی و زانایانی ئەستەنبوڵدا ، شێخ " خلیل فوزی الفیلیباوی " کتێبێکی بەناوی " السیوف القواطع " دەرکردوو تێیدا بیرو باوەڕەکانی ئەفغانی هەڵوەشاندەوە ، جمال الدین هیچ وەلاَمێکی نەبوو بۆی ، و بەرگری لە خۆی نەکرد ، کتێبەکە بە زمانی عەرەبی نوسرا و پاشان وەر گێڕایە سەر زمانی تورکی ...

(سوڵتان عبدالحمید) بڕوای ئەوەی بۆ دروست بوو بوو کە هەموو دەسەلاَتەکان بهێنێتەوە ژێر دەستی خۆی چونکە دووجار [1]تالاَوی ئەچەشت بەدەست وەزیروئەفسەروصەدرە ئەعظەمەکانەوە کەکەوتبونە ژێر کاریگەری بیری ڕۆژئاواوە،ئەوانەی کەئامانج لێیان ئەوەبو دیموکراتیەتێکی ئەورووپی بەرپا بکەن،ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو بگرێتەخۆی کەلە هەمووگەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی پێك هاتبن،(سوڵتان عبدالحمید) نەیاری ئەم بیرۆکەیەبوو بەڵگەی ئەوەبووکە ژمارەی نوێنەرە موسڵمانەکان نزیکەی نیوەی ژمارەی گشتی پەرلەمان ئەبێت، کەچی (جمالالدینی) ئەفغانی رای لەگەڵ دیموکراتیەتەکەدا بوو،ڕای نەبوو کەدەسەلاَت هەمووی لەدەستی یەك کەسدا بمێنێتەوە،ئەفغانی ڕای لەگەڵ ئەوەدا بووکە ئازادی ڕادەربڕین دەستەبەربکرێت [2] .

(سوڵتان عبدالحمید) لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە ئەکات کە (جمال الددین ئەفغانی) بووەتە قوشمەچی و پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری ئینگلیزەوە هەیە ئەوەتائەڵێ : ((نەخشەیەکم گەیشتووەتە دەست کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیزدا ئامادە کراوە کە کابرایەکی

---

[1]) عەرەب ئەڵێ ((ذاق الامرّین)) یان ئەڵێ ((لقی منه الامرین)) دوو تاڵیەکەی چەشت بەدەستیەوە ، مەبەست ئەوەیە خراپەی خۆیان و خراپەی کارەکانیشیان هەر تاڵی بوون بۆ سوڵتان (وەرگێڕ: ن.) المنجد / وشەی "مر".

[2]) بڕوانە: السلطان عبد الحمید الثاني ، ص١٨٤ .

قوشمەچی کە ناوی (جمال الدین ئەفغانی) یە کابرایەکی ئینگلیزی کە ناوی (بلنت) ە دایان ناوە ، ئەو دوو کەسە لەو نەخشەیەدا ئەڵێن ئەبێ خیلافەت لە تورکەکان بسەنرێتەوە و پێشنیاریان کرد وە بۆ ئینگلیز کە (شەریف حسین) ، میری مەککە بکەنە خەلیفە بەسەر موسڵمانانەوە .

من (جمال الدین) لە نزیکەوە ئەناسم ، کاتی خۆی لە میصر بوو ، پیاوێکی ترسناکە ، جارێکیان پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم (خۆشی لافی مەهدیەتی لێ ئەدا) کە هەموو موسڵمانانی ئاسیای ناوەڕاست بوروژێنێ من ئەمزانی شتی وا ناتوانێ ، ئەم کابرا پیاوی ئینگلیز بوو ، زۆر هەڵئەگرێ کە ئینگلیز ئەم کابرایان بۆ تاقیکردنەوەی من دروست کردبێت ، منیش یەکسەر پێشنیارەکەم ڕەت کردەوە و ئەویش لەگەڵ (بلنت) دا یەکیان گرت ، لەڕێگەی (ابو الهدی الصیادی الحلبی) ەوە کە لەهەموو وولاتە عەرەبی یەکاندا ڕێزی تایبەتی هە بوو بانگم کرد بۆ ئەستەنبوڵ .

هەریەك لە (منیف پاشا) کە پارێزەری(ئەفغانستانی کۆن) بوو ، و (عبدالحمید حامد)ی شاعیرو ئەدیب ، کەوتنە ئەو ناوەندە بۆ تکا کردن ، جمال الدین کەهات بۆ ئەستەنبوڵ ئیتر ڕێگەم نەدا جارێکی تر لە ئەستەنبوڵ بچێتە دەرەوە)[1].

بەڵام بیروڕای (جمال الدین) دەربارەی (سوڵتان عبدالحمید) بەم شێوەیە بوو ، (سوڵتان عبدالحمید) ئەگەر لەگەڵ چوار پیاوی هەڵکەوتووی سەردەمی خۆیدا بخرێتە ترازویەکەوە ، تاکەی ئەو قورستر ئەبێت لە ڕووی زیرەکی و وریای و سیاسەتمەداری یەوە ، بەتایبەت لەڕووی کارکردنە سەر بەرامبەرەوە ، جێگەی سەرسوڕمان نی یە کە ئەتبینی کێشەی گەورە گەورەی لەڕێگەی دەسەڵاتەکەیدا دەستە مۆ ئەکرد کە دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکان بۆیان دائەڕێژا، یان ئەتبینی کابرای ناحەزی کە لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە زۆر ڕازی و دڵخۆشە لە خۆی و لە ژیان و هەڵسوکەوتی ، و بڕوای دێتە سەر بیروڕاکانی ئەو ، ئیتر ئەو کەسە هەرکێ بێ ، پاشا بێت یان میر یان وەزیر یان باڵوێز بێت ...)[2]. هەروەها ئەڵێت : ((ئەو پیاوەم ئەبینی ووردترین ئاگاداری لە پرسەکانی سیاسەت هە بوو ، لە نیازی دەوڵەتە ڕۆژئاوایی

---

[1]) بڕوانە : مذكرات عبدالحميد ، ص١٤٨ .

[2]) بڕوانە : جمال الدين الافغاني ، المصلح المفترى عليه ، د. محسن عبدالحميد ، ص١٣٧ .

یەکان تیَ گەیشتبوو ، بۆ هەموو کارەساتێك کە کەلێنێکی لە سیاسەتدا دروست بکردایە ڕێگە چارەیەکی ئامادەی هە بوو، ئەو شتەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشابوو ئەم پیاوە کەرەسە و فاکتەری زۆر کاریگەری شاراوەی هە بوو لە کاتی خۆیدا بەکاری ئەهێنان و نەیئە هێلاَ دەوڵەتە ئەوروپی یەکان لەسەر شتێکی ترسناك ڕێبکەون سەبارەت بە هەرێمە عوسمانی یەکان ، جاری واش هە بوو دەوڵەتە ئەوروپی یەکانی ئەگەیاندە ئەو بڕوایەی کە بەچاوی خۆیان ئەوە ببینن لەت و پەت بوونی دەسەلاَتی عوسمانی ئەو کاتە ئەبێت کە وێرانکاری لە هەموو هەرێمە ئەوروپی یەکاندا ڕووئەدات بەگشتی) [1].

هەروەها ئەڵێت : ((ئەوەی من بیبینم لە وریای سوڵتان و عەقلَ و بە ئاگابوونی و ئامادەکردنی هەموو کەرەسەیەکی پێویست بۆ پوچکردنەوەی فرت و فێڵی ئەوروپا هەروەها ئەو نیازپاکی وئامادەیی یەم تێدا بینی بۆ ئەوەی دەوڵەت بەرێتە پێشەوە کە ئەوەش بەرەو پێشبردنی هەموو موسڵمانانی تێدایە ، بڕیارم دا دەستی خۆم بخەمە ناودەستی و بەیعەتی پیَ بدەم کە ئەو خەلیفە و پاشا بێت ، هەرچەندە ئەوەم باش ئەزانی و دڵنیا بووبووم کە هەرێمە ئیسلامی یەکان لە ڕۆژهەلاَتدا هەرگیز لە داوی ئەوروپا دەرناچن و لە هەولَی بێهێزکردن و پارچەپارچەکردنی ڕزگاریان نابێت ، و لەکۆتایشدا یەك لە دوای یەك ئەیانکەنە گاڵتە جاڕی خۆیان کاتێك نەبێت کە بەخەبەربێن و هەموو ڕیز ببەستن لە ژێر دەسەلاَتی یەك تاکە خەلیفەی گەورەدا)) [2].

کارو کردەوەی (جمال الدین ئەفغانی) مرۆڤ دوودڵ ئەکات ، هەیە بەرگری لیَ ئەکات و هەشە تۆمەتباری ئەکات بەوەی بەکرێگیراو بووە و لە ناو کۆڕەکانی ماسۆنیەتدا ئیشی کردووە ، بۆ نمونە کتێبی (دعوة جمال الدين الافغاني في ميزان الاسلام) ی نوسەر مستەفا فوزی عبدالطيف الغزال وا ئەبینیَ کە یەکێك بووە لە فاکتەرەکانی ڕووخاندنی ئوممەتی ئیسلامی لە مێژووی تازەدا بەلاَم کتێبی (جمال الددين الافغاني المصلح المفترى عليه) ی دکتۆر محسن (عبدالحميد) بەیەکێك لە چاکخوازە کانی ئەبینیَ .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٣٧

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٣٧ .

دووەم / ڕێبازەکانی سوفیزم :

(سوڵتان عبدالحمید) ڕێبازەکانی سۆفیزمی کردە ئامانجی خۆی و کەوتە هەوڵدان بۆ کێشکردنی (ولائیان) بۆ دەوڵەتی عوسمانی ، و بۆ بیرۆکەی (جامیعەی ئیسلامی) ، سوڵتان توانی پردێك دروست بکات لە نێوان مەڵبەندی خیلافەت (لە ئەستەنبوڵ) و سەنتەرەکانی سۆفیزمدا لە هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامیدا ، و سۆفیزمی کردە بڵندگۆیەك بۆ ئەوەی پڕوپاگەندەی پێ بکات بۆ جامیعەی ئیسلامی ، هەروەها جگە لە سۆفیزم هەموو ئەو دونیا نەویست (زهّاد) انەشی کردە هۆکارێکی بانگەشە بۆ _ بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی ، لە پایتەختی خیلافەتی ئیسلامیدا لیژنەیەکی ناوەندی دروست بوو کە پێکهات بوون لە زانایان و شێخەکانی ڕێبازی سۆفیزم کە پلەی ڕاوێژکاری سوڵتانیان هە بوو بۆ کاروباری جامیعەی ئیسلامی ، : شێخ (احمد سعید) بریکاری (پەردەی پیرۆز) لە حیجاز شێخ ((ابو الهدی الصیادی)) ڕێبەری ڕێبازی ((رفاعی) ، شێخ (محمد ظافر الطرابلوسي) ڕێبەری ڕێبازی مەدەنی ، شێخ (رحمة الله علیه) ، کە یەکێك بوو لە زاناکانی حەڕەمی مەککی ، ئەمانە دیارترین ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی جامیعەی ئیسلامی بوون ، چەند کەسی تریشیان لەگەڵ بوو ، دەستەی خۆجێی بۆ ئەم لیژنە ناوەندی یە لە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دروست کرا بوون ، گرنگترینیان ئەو لیژنەیە بوو کە لە مەککەدا لە ژێر سەرپەرشتی (شەریفی مەککە) دا دامەزرا بوو ، ئەرکی ئەم لیژنەیە ئەوە بوو کە چەمکی (جامیعەی ئیسلامی) لە وەرزی حەج کردندا بڵاوبکاتەوە بەناو حاجیە کاندا ، لیژنەیەکی تریش لە (بەغداد) هە بوو ، کە هەمان ئەرکی پێ سپێردرا بوو لەناو شوێنکەوتەکانی ڕێبازی قادریدا ، کە بەژمارەی زۆر زۆر لە باکوری ئەفریقاوە ئەهاتن بۆ سەردانی شێخ عبدالقادری گەیلانی دامەزرێنەری ڕێبازەکە ، یەکێك لەساڵەکان ژمارەی ئەوانەی تۆمارکران لەکاتی سەردان کردنیاندا گەیشتە نزیکەی(٢٥ هەزار کەس) .

لیژنەی بەغداد هەڵئەسا بە فێرکردن و سازکردنی هەموو ئەوانەی ئەهاتنە ئەوێ تا بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی بە جوانی هەڵبگرن و فێری بەرخۆدان ببن لەبەردەم ئیمپریالیزمی فەڕەنسی دا کە لە باشوری ئەفریقادا بوونیان هە بوو ، دەزگای هەواڵگری فەڕەنسا باسی تێکۆشانی ئەمانە ئەکات کە لە باکوری ئەفریقادا بوون و لە بەغدادەوە ئەهاتن ، چ چالاکی یەکیان دژبە فڕەنسی یەکان و دژ بە ئیمپریالیزمی فەڕەنسی ئەنواند ، ئەڵێ :

(ئەو كارانە هاندانێك بوو لەلایەن هەندێ پیاوانی ئایینی یەوە ئەكران كە شوێنكەوتەی ڕێبازی قادری بوون [1]

ئەم لیژنە ناوەندی یەی جامیعەی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ لقێكی لە ئەفریقاشدا هە بوو ، كارای ئەوە بوو لە ئەفریقادا ئیش بكات ، بەڵام بە ڕێگەیەكی زۆر نهێنی ، ئەركی ئەوە بوو كەكار لە نێوان كۆمەڵە ئایینی یەكانی ئەوێدا گرێ بدات بەیەكەوە ، و دژ بە ئیمپریالیزمی فەڕەنسی بجوڵێن ، ئەو كۆمەڵانەش وەك (شازلیەكان و قادریەكان و مەدەنی یەكان) [2] .

دەسەڵات و سامی ئەم بزوتنەوەیە گەیشتە ئەوەی كە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری فەڕەنسی لە باكوری ئەفریقادا بەم شێوزەیە وەسفی بكات :

(سوڵتان عبدالحمید _ بەو سیفەتەی كە سەرۆكی جامیعەی ئیسلامی یە _ ئەتوانێت لە ڕێگەی ئەو پەیوەندی یە پتوانەی بەكۆمەڵە ئایینی یەكانەوە هەیەتی لە باكوری ئەفریقادا (ئەتوانێ سوپایەكی خۆجێی ڕێك و پێكی وا دروست بكات ئەگەر كارەكە خواستی بەو سوپایە شەڕ لەگەڵ هەموو هێزێكی بیانیدا بكات) [3] .

دەزگای هەواڵگری فەڕنسی نەیتوانی ئەوە دەربخات چۆن و بە چ ڕێگەیەك ئەم ڕێبازانەی سۆفیزم(كەسەر بە خیلافەتی ئیسلامین) لە ئەفریقادا ڕێك دەخرێن و هان ئەدرێن لێیان ، هەموو ئەوەی كە توانی بیكات ئەوە بوو كە هەوڵی دا سام و هەیبەتی (سوڵتان عبدالحمید) لە دڵی موسڵمانانی باكوری ئەفریقادا لاواز بكات ، و هەوڵ بدات زیان بگەیەنێت بەو سیاسیەتەی جامیعەی ئیسلامی ئەجوڵێنێ ، ئەم كارەش بەم سیاسیەتە فەڕنسی یەوە خوارەوە ئەنجام درا : _

١-فریودانی هەندێ لە شێخەكانی ڕێبازی سۆفیزم بە ماڵ و پلەو پایە ، تا بدەنە پاڵ فەڕنسا و سیاسەتەكانی لە باكوری ئەفریقادا .

٢-ڕێگەگرتن لە حاجیەكان تاحەج نەكەن بۆئەوەی لەوێ چاویان بە بانگەوازانی ((جامیعەی ئیسلامی)) نەكەوێت ، ئەمەش بەچەند سیاسەتێكی ئەنجامدا گونجاو لەوانە : ڕانەگەیاندی

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص١٩٩ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٧ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ص ١٩٧ .

حەجنە کردن و گرتنە بەری هۆکاری تەندروستی تا خەڵك بترسیٚ ونە چێت بۆحەجکردن ، بۆنمونەئەوە بلاٚو بکرێتەوە کە نەخۆشی کولێرا لەناو خەڵکدا بلاٚوبوٚتەوە [1] .

(سوڵتان عبدالحمید) کۆمەڵێك سۆفیزم و پیاوی زاهیدو دونیا نەویستی ڕەوانەی هیندستان کرد بۆ ئەوەی ئەو هەولاٚنەی ئینگلیز پوچەڵ بکەنەوە کە ئەیدا بۆ ئەوەی خیلافەت لە عوسمانی یەکان بسەنرێتەوە و بدرێتە عەرەب ، هەرئەم کاروانە سەردانی هەندیٚ کار بەدستی ناو دوورگەی عەرەبیشیان کرد بە تایبەتی ئەوانەی حیجار) [2] .

(سوڵتان عبدالحمید) بەو سیفەتەی سەرۆکی جامیعەی ئیسلامی و خەلیفەی موسڵمانان و سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، پەیوەندی بەردەوامی بە کۆمەلاٚنی ڕێبازەکانی سۆفیزم و شێخەکانیانەوە هە بوو لە تورکستان و خوارووی ئەفریقا و چین ، هەندێك لەو پەیوەندی یانە پەردەیان لەسەر لابراوە و زۆر بەشیان تا ئێستاش بەڵگەننامەکان بە شێوەیەکی تەواو پەردەیان لەسەر لانەبراوە)) [3] .

(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە توانی ئەو هەمووە ڕێبازە لە سۆفیزم لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ، بەلاٚم وای بەباش ئەزانی کە چاوپۆشی لەو هەموو لادانەیان بکات کە لە بیروباوەڕدا لێیان ڕوویداوە ، چونکە ڕێبازە سۆفیزمەکان لەو قۆناغەدا لە قورئان و حەدیسی پێغەمبەر (ﷺ) لایان دا بوو مەگەر کە سانێکیان نەبێت کە خوا ڕەحمی پیٚ کردبن ، بۆیە ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان پشکیان هە بوو لە بێهێزکردن و نشوستی هێنان بە خیلافەتی بەرزی ئیسلامی ، بەویستی خوا لە هۆیەکانی نشوستی هێناندا ڕۆشنی ئەکەینەوە ..

سیٚ یەم / بە عەرەب کردنی دەوڵەت :

(سوڵتان عبدالحمید) هەر لە سەرەتاوە هاتە سەر کورسی دەسەلاٚت بە پێویستی ئەزانی کە زمانی عەرەبی بکاتە زمانی ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانی ، لەم بارەیەوە خۆی ئەڵیٚ : ((زمانی عەرەبی زمانێکی جوانە ، خۆزگە هەر لەسەرەتاوە بمانکردایە بە زمانی ڕەسمی

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٨ .
[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٨ .
[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٨ .

دەوڵەت ، کاتی خۆی کە(خیرالدین پاشای تونسی) صەدری ئەعظم بوو پێشنیاری ئەوەم کرد کە زمانی عەرەبی بکرێتە زمانی ڕەسمی ، بەڵام سعید پاشا کە گەورە ئەمینداری کۆشك بوو ، ڕەخنەی لەم پێشنیارەم گرت و ووتی : ((ئەگەر دەوڵەت بکەینە عەرەب ئەوە هیچ ڕەگەزێکی تورکی دوای ئەوە نامێنێ)) .

سعید پاشا پیاوێکی بۆش بوو ، قسەکانی پووچ بوون ، ئەگەرنا ئەوە چ پەیوەندی یەکی بەڕەگەزی تورکەوە هەیە ؟ ئەم پرسە بەتەواوەتی پێچەوانەی قسەکەی ئەوە ، ئەمە پرسێکەو ئەوەش پرسێکی ترە ، (زیاد لەوەش) ئێمە ئەگەر زمانی عەرەبی بکەینە زمانی ڕەسمی دەوڵەت _ لانی کەم ئەوسوودەی ئەبێ کە پەیوەندیمان بە عەرەبەوە پتەوتر ئەکا) [1] .

(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) شکاتی حاڵی خۆی زۆر ئەکرد بەتایبەتی لەسەرەتای دەسەڵاتەکەیدا لەوەزیرەکان و ئەمیندارەکانی کۆشکی سوڵتان ، چونکە بیرکردنەوە یان وەك ئەو نە بوو ، ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواوە و بوو بوونە کارتی فشار لەسەر کۆشکی سوڵتانی ، چ لەسەردەمی (سوڵتان عبدالمجید)ی باوکیدا بووبێت یان لەسەردەمی (سوڵتان عبدالعزیز)ی مامەیدا بووبێت و یان لەسەردەمی خۆیدا بووبێت ، ئەم ڕەخنە و پەرچ دروست کردنە لەبەردەم ئەم پێشنیارەی(سوڵتان عبدالحمید)دا سەربارەت بە بەعەرەب کردنی دەوڵەتی عوسمانی لەوەدا نەوەستا کە تەنیا هەر ئەو وەزیرانە بن کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ڕۆژئاواوە بەڵکوو گەیشتە هەندێ لە زانایانی ئایینیش) [2] .

یەکێك لەو هەڵە گەورانەی دەوڵەتی عوسمانی تێ کەوت ئەوە بوو کە نەیتوانی دەوڵەتی عوسمانی و گەلی عوسمانی (تەعریب) بکات ، کە زمانی عەرەبی زمانی (قورئانی پیرۆز) و(شەرعی پڕدانایی) ئیسلامە .

مامۆستا محمد قطب ئەڵێ : ((ئەگەر ئەوە بهێنینە بەرچاوی خۆمان ئەگەر دەوڵەتی خیلافەت ببوایەتە عەرەب و بە عەرەبی قسەی بکردایە کە بەو زمانە ئەم دینە هاتووەتە خوارەوە ، گومانی تێدانی یە ئەو کاتە فاکتەرەکانی یەکێتی لەناو ئەو دەوڵەتەدا بەهێزتر ئە بوو و بەتواناتریش ئە بوو لەبەرپەچدانەوەی خەڵکانی گاڵتەجاڕدا ، زیاد لەوەش کە فێربوونی عەرەبی چەند بواری بۆ فێربوونی زانیاری ڕاست و دروست زیاتر ئەڕەخسان

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٩٩ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٠٠ .

دەربارەی ئەم ئایینە لەسەرچاوە ڕەسەن و ڕاستەوخۆکانەوە : (واتە) لە کتێبەکەی خواوە و لە سوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ، کە هەموو لایەك چ کاربەدەست و چ جەماوەر زۆر پێویستیان بەو زانیاری یە دروستانە هە بوو ، ئەمە ونکوڵی لەو هەمووە (کتێبە چاکانەش) ناکرێ کە وەرگێڕرایە سەرزمانی تورکی یان بە زمانی تورکی دائەنران لەسەر ئەم ئایینە)[1] .

چوارەم / چاودێری کردنی سوڵتان بۆ قوتابخانەکان و ڕوانینی بۆ پرسی ئافرەت و بێ حیجابی ئافرەت :

ئەو کاتەی (سوڵتان عبدالحمید) دەسەڵاتی گرتە دەست سەیر ئەکات ، قوتابخانەکان و سیستەمی خوێندن کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیری ڕۆژئاواوە ، و ڕەوتی ناسیۆنالیزمی بریتی یە لە و ڕەوتەی کە لە قوتابخانەکاندا زاڵ بووە ، بۆیە خێرا دەستی وەردایە کاروباریان و بەپێ ی دیدە سیاسی یەکەی خۆی دەستی دایە ئاڕاستە کردنیان بەرەو خوێندنی ئیسلامی ، و ئەم فەرمانەی دەرکرد :

* دوورخستنەوەی وانەی ئەدەب و مێژووی گشتی لە بەرنامەکانی خوێندن ، لەبەرئەوەی ئەو وانەیە کەرەسەیەك بوو لە کەرەسەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوا ، و مێژووی ناسۆنالیزمی گەلانی تر کاریگەری خراپی لەسەر نەوە ئیسلامی یەکانی دا هاتوو دروست ئەکرد .
* دانانی وانەکانی (فقە) و (تەفسیر) و (ڕەوشت) لەبەرنامەکانی خوێندن دا .
* تەنیا مێژووی ئیسلامی بخوێنرێ و مێژووی عوسمانیش بەشێك بێت لەو وانەیە .

(سوڵتان عبدالحمید) قوتابخانەکانی دەوڵەتی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە و بەو شێوەیە ئاڕاستەی ئەکرد کەلە خزمەت " جامیعەی ئیسلامیدا " بێت[2] .

(سوڵتان) گرنگی زۆری بە ئافرەت ئەداو خانەیەکی تایبەتی دانا بۆ مامۆستایانی ئافرەت و تێکەڵ بوونی لەگەڵ پیاواندا یاساغ کرد ، (سوڵتان عبدالحمید) کە بەرگری لەخۆی دەکات سەربارەت بەو تۆمەتەی کە کۆمەڵەی (ئیتیحادوتەرەقی) ئەیدەنە پاڵی گوایە ئەو دوژمنی عەقڵ و زانستە ، سوڵتان ئەڵێ : ((ئەگەر من دوژمنی (عەقل) و(زانست) بوومایە ، ئایا

---

[1]) بڕوانە : واقعنا المعاصر ، ص١٥٣ .

[2]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص٢٠١ .

زانكـۆم ئـەكردەوە ؟ مـن ئەگـەر بـەو شـێوەیە دوژمنـی زانـست بوومایـە ، ئایـا خانـەی ماموستایانی ئافرەتم دائەمەزراند بۆ ئەو ئافرەتانەی کەتێکەڵ نابن بە پیاوان ؟!) [1] .

((سـوڵتان عبدالحمیـد)) دەسـتی دایـە دژایـەتی کردنـی بـیٚ حیجـابی ئافرەتـان لـەناو دەوڵەتی عوسمانیدا و هێرشـی زۆری کرده سـەر ئـەو ڕەوشـت و ئاکارانـەی کـە لـە ڕۆژئاواوە دزەیان کردوەتـە نـاو ژیـانی ئافرەتـانی عوسمـانی ، لـە ڕۆژنامـەکانی ئەسـتەنبوڵدا و لـە ڕۆژی ٣/اکتـوبر/ ١٨٨٣ زدا ، بـە یـانێکی حکومـەتی دەرچـوو کـە ئاڕاسـتەی جـەماوەر کرابـوو، کـە دیـدی خـودی سـوڵتانی دەرئـەبڕی سـەربارەت بـە پۆشـاکی ئـافرەت ، ئـەو بەیانـە ئـەڵێت : ((هەندیٚ لە ئافرەتە عوسمانی یەکان ئەوانەی کە لە کاتـە درەنگـەکان ئەچـنە سـەرجادەکان جل و بـەرگێك لەبـەر دەکـەن کـە پێچەوانەی شـەریعەتە ، سـوڵتان حکومـەتی ئاگـادار کـردووە کـە ڕێوشوێنی پێویست دابنیٚ بۆ نـەهێڵانی ئـەو دیاردەیـە ، هـەروەك سـوڵتان حکومـەتی ئاگـادرا کـردووە پێویـستە ئافرەتـان بگەڕێنـەوە بـۆ پۆشـینی حیجـابی شـەرعی تـەواو لەگـەڵ پەچـەدا کاتێك کە ئەچنە سەرجادەکان ، بۆ جیٚ بەجیٚ کردنـی ئەمـە ئەنجومـەنی وەزیـران کۆبونـەوە و ئەم بڕیارانەی خوارەویان دا :

* مـاوەی یـەك مـانگ دائـەنریٚ و پـاش ئـەوە یاسـاغ ئـەکرێت کـە ئافرەتـان بێنـە سـەرجادەکان کاتێك نەبێت کە حیجابی ئیسلامی یە کۆنەکەی پۆشیبێت و ئەبیٚ ئەو حیجابە هـیچ (زینـە) و نەخشێکی تێدا نەبێت .

* ئـەو پەچـە دەسـتکردانەی کـە لـە قوماشـێکی تـەنك یـان سـوکەڵە دروسـت کـراوە هەڵدەوەشێتەوە و بەو شێوەیە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەو پەچە شەرعیەی کە خـەت و خـاڵی دەم و چاو دەرنەخات .

* ئەرکی سەرشانی پۆلیسە کە دوای مانگێك بەسـەر دەرچوونی ئەم بەیانـەدا ، جـیٚ بـەجیٚ کردنی هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەو بەیانەوە دەرچوون دەستەبەر بکەن بە شێوەیەکی ڕێك وپێك ، و هێزەکانی ڕێکخستن (القوات الضبطیة) یش پێویـستە هاوکاربن لەگـەڵ پۆلیـسدا بۆ ئەم مەبەستە .

* سوڵتان ئیمزای ئەم بڕیارانەیحکومەتی کردووەوسیفەتی ڕەسمیان وەرگرتووە.

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ،ص٩٩ .

*ئـەم بەيانـە لەڕۆژنامەكانـدا بلاّوئەكرێتـەوەو لـەجادەو بازاڕەكانداهەڵئەواسـرێ[1] ، يـەك ڕۆژدواى بـلاّو كردنـەوەى ئـەم بەيانە،واتـە لـە ڕۆژى (٤/ئۆكتۆبـەر/دا ڕۆنامـەى(وقـت) كەلەئەسـتەنبولْ دەرئەچـوو ئەنوسـێت:((كۆمەڵگـەى عوسمـانى بەگـشتى پـشتى ئـەم بڕيارەڕاست ئەكاتەوەو بەبڕيارێكى بەكەڵكى ئەزانێ[2]).

(سوڵتان عبدالحميد) ڕاى وابووكە:(ئافرەت وپياو يەك نين لەڕووى "موديريەتەوە"[3]) هەروەها ئەڵێ:((مادامێك قورئان ئەمەى وتووە،كەواتە پرسەكە كۆتايى پێ هاتووەوناپەوێ باس لەوە بكرێ كە ژن وپياو يەكسانن بەيەكترى)) .

هەروەها ئەڵێ : (ئەم بيرۆكەى ((يەكسانى يە)) بەدڵنياى يەوە بيرۆكەيەكى ڕۆژئاواى يە هاتووەتـە ناومـان)[4] . (سـوڵتان عبدالحميـد) بـەرگرى لـە فـرە ژنـى ئـەكرد لـە كاتێكـدا دەزگاكـانى ڕاگەيانـدنى عوسمـانى ئـەم باسـەيان زۆر ئـە ووروژانـد و ڕەخنـەيان لـێ ئـەگرت ، سوڵتان ئەڵێ : ((هـۆى چـى يە هەنـدێ خـەڵكى ڕۆشنبير ڕەخنـە لـەم كـارە ئـەگرێت؟ ئـەى بۆ هەمان ڕەخنەى لێ ناگرن لە كاتێكدا كە لەناو جگە لە دەوڵەتى عوسمانيدا هەيە وەك هەندێ شوێنى ئەفريقا و ئەمريكا ؟) سوڵتان بۆ دڵنيايى ئەڵێ : ((بنـەماى فرە ژنـى لـە ئيسلامدا ڕێگەى پێ دراوە كەواتە ڕەخنە گرتن لێ ى ماناى چى ئەگەيەنێت[5] .

(سـوڵتان عبدالحميـد) لايـەنگرى ئـەوە بـوو ئـافرەت بخـوێنێ ، بۆيـە خانەيـەكى بـۆ مامۆستايانى ئافرەت دامەزراند تا ئەركى دەرچوواندنى مامۆستاى ئافرەت بگرێتە ئەستۆى ، لەگـەڵ ئـەوەدا دژ بـە تێكـەڵ بـوونى ژن و پيـاو بـوو ، دژى بـێ حيجـابى بـوو ، لەسـەردەمى ئەودا ئافرەت دەستى وەرنەئەدايە كاروبارى دەوڵەت ، ئەو كاروبارە هەرچى بوايە ، بەڵكوو ڕۆڵـى سـەرەكى بريتـى بـوو لـە مـاڵ و پـەروەردەكردنى نـەوەى نـوێ ، هەڵـسوكەتى لەگـەڵ ئافرەتدا زۆر مەردانە و ناوازە بوو ، ئەوەتا كە ئەچێتە سەرتەختى دەسەلاّت ، ژنەكەى باوكى (باوەژنەكەى) كە ئەركى پەروەردەكردن و دايـەنى ئەمى هـەڵگرت هەسـتاو نـاوى (دايكـى

---

[1])بڕوانە: السلطان عبدالحميدالثانى ،ص١٠٠.

[2])بڕوانە: موسوعةأتاتورك (١/٦٠،٥٩)

٣)مديرييەت بە ماناى(القوامة)

[4]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ض١٠٠ .

[5]) هەمان سەرچاوەى پێشوو ، ص١٠١ .

سوڵتان) بڕی بە باڵایدا ، کە بەچەمکی تازەو سەردەم پێ ی ئەوترێ ((شاژن)) ، شاژن لە دەوڵەتی عوسمانیدا بریتی بوو لە ((دایکی سوڵتان)) نەك ژنی سوڵتان وەك لە دەوڵەتەکانی ترا هەبوو ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ، ڕۆژێك دوای ئەوەی کە (سوڵتان عبدالحمید) خرایە سەر تەختی دەوڵەتی عوسمانی ، چوو بۆ بینینی باوەژنەکەی _ کە زۆری خۆش ئەویست _ دەستی ماچ کردوو پێ ی ووت :

(سۆزی تۆ وای لێکردم هەستم نەئەکرد دایکم نی یە ، لە چاوی مندا تۆ هەر دایکی خۆمی و لای من هیچ جیاوازیتان نی یە ، بڕیارم داوە کە (دایکە سوڵتا)ن بیت ، واتە قسەی کۆتایی لەم کۆشکەدا هی تۆیە ، بەڵام تکا دەکەم و لەسەر ئەم تاکەیەشم سورم کە بە هیچ شێوەیەك دەست وەرمەدەرە هیچ کاروبارێکی دەوڵەت ، ئەو کارە گەورە بێت یان بچوك بێت [١] .

پێنجەم / قوتابخانەی خێڵەکان :

(سوڵتان عبدالحمید) لە ئەستەنبوڵدا بەوپێ یەی کە مەڵبەندی خیلافەتە و سەنتەری دەسەلاتە قوتابخانەی (خێڵە عەرەبەکانی) دامەزراند ، کە سەرەتا مەبەست پێ ی ڕاهێنان و پێ گەیاندنی خێڵە عەرەبەکان بوو لە هەرێمی ﴿(حلب) و سوریە و بەغداد و بەصرە و موصل و دیار بەکر و طرابلس ی ڕۆژئاوا و یەمەن و حیجاز و بەنغازی و قودس و دیرالزور﴾دا.

ماوەی خوێندن لە قوتابخانەی خێڵە عەرەبەکاندا لە ئەستەنبوڵ (پێنج) ساڵ بوو ، قوتابخانەیەکی ناوخۆیی بوو ، خەرجی هەموو قوتابیان لەلایەن دەوڵەتەوە دابین ئەکرا ، هەموو قوتابیەکیش ((مۆڵەتی پەیوەندی خزم و کەس و کاری (اجازة صلة الرحم) ی هە بوو کە مۆڵەتێك بوو دووساڵ جارێك ئەدرا بە قوتابی و لەسەر خەرجی دەوڵەت سەفەری ئەکرد.

بەرنامەی (قوتابخانەی خێڵە عەرەبی یەکان) لە ئەستەنبوڵدا بەم شێوەیە بوو :

ساڵی یەکەم / قورئانی پیرۆز _ ئەلف بێ _ زانستە ئایینی یەکان _ خوێندنەوەی تورکی _ نوسین _ مەشقی سەربازی .

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ص٩٨ .

سالّی دووەم / قورئانی پیرۆز _ تەجوید _ زانستە ئایینی یەکان _ نوسین _ بیرکاری _ خوێندنەوەی تورکی _ خەت خۆشی _ مەشقی سەربازی .
سالّی سێ یەم / قورئانی پیرۆز _ تەجوید _ زانستە ئایینی یەکان _ نوسین _ خەت خۆشی _ بیرکاری _ جوگرافیا _ زمانی فەرەنسی _ مەشق کردن .
سالّی چوارەم / قورئانی پیرۆز _ تەجدید _ زانستە ئایینی یەکان _ (صرف)ی عەرەبی _ زمانی فارسی _ نوسینی ڕێزمانی تورکی _ جوگرافیا _ بیرکاری _ خەت خۆشی لە زمانی فەرەنسیدا _ مەشق کردن .
سالّی پێنجەم / قورئانی پیرۆز _ تەجوید _ زانستە ئایینی یەکان _ ڕیزمانی عەرەبی _ زمانی فارسی _ مێژووی عوسمانی _ ڕێزمانی عوسمانی _ نوسین و خوێندنەوەی تورکی _ قسەکردنی تورکی _ جوگرافیا _ بیرکاری _ ئەندازە _ خەت خۆشی_ زانیاری گشتی _ چۆنیەتی پاراستنی تەندروستی _ بنەماکانی هەڵگرتنی تیا نوسەکان [١] _ زمانی فەرەنسی و خەت خۆشی لە زمانی فەرەنسی دا _ وێنە _ مەشق کردن [٢] .

دەرچووی ئەم قوتابخانەیە ئەچوونە قوتابخانەی باڵای سەربازی و دوای ئەوە پلەیەکی بەرزیان پیّ ئەدرا ، ئەیشیان توانی بچنە قوتابخانەی (موڵکیەت) کە قوتابخانەیەکی ئەهلی بوو ، ساڵێك لەوێشدا ئەیان خوێند و دوای ئەوە پلەی (قائیمقام) یان پیّ ئەدرا و ئەگەڕانەوە بۆ وولاّتەکانی خۆیان [٣] .

هەروەها (سوڵتان عبدالحمید) (پەیمانگەی ڕاهێنانی ڕێبەرو وەعز خوێنەکان) ی دامەزراند ، کە ئەرکی پێگەیاندنی بانگخواز بوو ، ئەمانە کاریان ئەوە بوو خەڵك بۆلای ئیسلام و جامیعەی ئیسلامی بانگ بکەن ، پاش ئەوەی لەم پەیمانگایە دەردەچوون بەرەو

---

[1]) ئەو وانەیە پیّ ئەچێت : بنەمای چۆنیەتی پارستنی ئەرشیف و کتێبخانەکان بێت . (وەرگێڕ .ن .) .

[2]) بڕوانە : تاریخ التربیة الترکیة ، عوسمان أرکین ، ص٦١٤ _٦١٥_٨٨٤_١١٨٠_١١٨٢یةك لة دوای یةك .

[3]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ص٢٠٢ .

شوێنە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی ئەنێردران و خەڵکیان بەرەو ئیسلام و خیلافەتی ئیسلامی و جامیعەی ئیسلامی ئەهێنایەوە [1] .

دیدی (سوڵتان عبدالحمید) زۆر دوور ئەیڕوانی و زۆر تیژ شتی ئەبینی لەبەرئەوە گرنگی یەکی باشی بە موسڵمانانی چین ئەدا .

ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ هەواڵێکیان بلاْوکردەوە کە کورتەکەی ئەوەی ، ژمارەیەك لە موسڵمانانی چین زۆر حەزیان لە زانست وزانیاری یە و ئەیانەوێت شارەزا ببن لە زانستە ئیسلامی یەکاندا ، و چەندان دامەزراوەی خوێندن و قوتابخانەیان هەیە ، هەر لەناو (پەکین) دا بەتیا ، (سی و هەشت) مزگەوتی بچوك و گەورە هەیە کە موسڵمانانی ئەوێ نوێژی تێدا ئەکەن و ووتاری تێدا ئەدەن و دوعا بۆ خەلیفەی موسڵمانان (سوڵتان (عبدالحمید)ی دووەم) ئەکەن ، ووتاری جومعە لە مزگەوتە گەورەو بچوکەکانی پەکیندا بەعەرەبی ئەخوێنرێتەوە و پاشان وەردەگێڕێتە سەر زمانی (چینی) ، دوعا کردن بۆ خەلیفەی موسڵمانان قۆرخ نی یە لە پەکیندا بەڵکوو لە مزگەوتە گەورە و بچوکەکانی هەموو وولاْتی چیندا ئەم دوعایە ئەکەن [2] .

لە پەکین (پایتەختی چین) زانکۆیەك دامەزرا ، موسڵمانانی ئەوێ ناویان نا (خانەی حمیدی بۆزانستەکان)، مەبەست بە (حمیدی)(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) بوو ، یان وەك بالۆێزی فەرەنسا لە (ئەستەنبوڵ) بە (زانکۆی حمیدیە لە پەکین) ناوی بردووە لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەرزکردووەتەوە لە پاریس .

بۆ ئاهەنگی کردنەوەی ئەم زانکۆیە هەزاران موسڵمانی چینی ئامادە بوون هەروها موفتی چین و زۆرێك لە زانا موسڵمانەکانی ئەوێ بەشداریان کردوو لە ڕێو ڕەسمی کردنەوکەیدا بە زمانی عەرەبی ووتاریان خوێندەوە و ووتارە خوێنەکە دوعای بۆ (سوڵتان عبدالحمید) (خەلیفەی موسڵمانان) کردوموفتی پەکین هەستایەوە و ووتارەکەو دوعاکانی وەرگێڕایە سەر زمانی چینی و زۆر بەی موسڵمانانە ئامادە بووەکان لەوێدا دەستیان کرد (گریانێکی بەکوڵ لە دڵەوە) و (موسڵمانانی چین پەیوەندیان بەیەکەوە زۆر پتەو بوو ، پەیوەندی یەکی ئایینی ڕۆشن کە ئەم دیینە دروستی کرد بوو بۆیان ، ووتاردان بە زمانی

---

[1]) بڕوانە : الانقلاب الاسلامی ، مصطفی طورن ، ص٣٧ .

[2]) بڕوانە : جریدة ترجمان حقیقه رسالة من الصین ، ١٣٢٥/١٢/٢٦ ك .

عـەرەبی ، زمـانی ئـایینی موسـڵمانان و بەرزكدرنـەوەی ئـاڵای دەوڵـەتی عوسمـانی بەسـەر زانكۆكەوە ، بوونە هۆی ئەوەی كە بەتوندی كار لەو خەڵكە دڵ پاكە بكەن و بەو شێوەیە فرمێسكی چاویان بڕژێنێت [1] .

شەشەم / هێڵی ئاسنینی حیجاز :

(سوڵتان عبدالحمید) كاری بۆ ئەوە ئەكرد كە گەلانی ئیسلامی بە لای خۆیدا ڕابكێشێت لە ڕێگەی گرنگی دان بە دامەزراوە ئایینی و زانستی یەكان ، بەوەی پارەیەكی باشی بۆ خەرج ئەكردن و خەلاّتی پێ ئەدان و بڕێكی زۆر پارەی تەرخان ئەكرد بۆ چاككردنی مەككە و مەدینە و نەوژەنكردنەوەی مزگەوتەكان و ڕازاندنەویان ، (سوڵتان عبدالحمید) بە هەموو هۆكارێك ئەیویست دڵی موسڵمانی عەرەب بۆ لای خۆی ڕابكێشێت ، ئەوە بوولە عەرەبەكان تیپی پاسەوانی تایبەتی خۆی دانان و هەندێ لە و عەرەبانەی كە پشتیوانی بوو لە پلەی بەرز بەرزدا لە ناو حوكمەتدا دایمەزراندن وەك (عیزەت پاشا العابد) _ خەڵكی شام بوو _ كە ئەو پیاوە گەورەترین پشكی لە خزمەت سوڵتاندا بەركەوت و كرایە ڕاوێژكاری سوڵتان بۆ كاروباری عـەرەبی ، و هـەر ئـەو بـوو ڕۆڵـی گـەورەی بینـی لـە ڕاكێشانی هێڵـی ئاسـنین لـە دیمەشقەوە بۆ (مەدینەیمنەوەرە) .

ئەم پرۆژەیە (سوڵتان عبدالحمید) بەیەكێك لە هۆكارە گرنگەكانی ئەزانی كە ڕۆڵی بینی لەبەرزكردنەوەی كاروباری خیلافەت و بلاّوكردنەوەی بیرۆكەی (جامیعەی ئیسلامی) .

(سوڵتان عبدالحمید) گرنگی یەكی زۆری بە هێڵی ئاسنین ئەدا لە شوێنە جۆربەجۆرەكانی دەوڵەتی عوسمانیدا و سیّ ئامانجی هەبوو ئەیویست بەم هێڵە ئاسنینا دەستی بخات :-

١- بەستنەوەی هەموو پارچە دوورەكان بەیەكەوە ، كە ڕۆڵی گەورەی بینی لە سەركەوتنی بیرۆكـەی (یـەكێتی عوسمـانی) و (جامیعـەی ئیـسلامی) دا و تـوانرا كـۆنترۆڵی تـەواوی هەرێمەكان بكرێت كەپێویستە دەوڵەت بە دەستێكی بەهێزز ڕایانبگرێت .

٢- زۆر بكرێت لە هەرێمەكان تا هـەموو لەناو دەوڵەتدا بتوێنەوە و ملكەچ بن بۆ ئەو یاسا سەربازیانەی كە بەرئەركی ئەزانی هەموو بەشدار بن لە پارستنی خیلافەتدا بە پارەو بە پیاو.

---

[1]) بڕوانە : سولطان عبدالحمیدالثاني ، ص٢٠٥ .

٣- ئاسانكردنی كاری بەرگری كردن لە دەوڵەت كاتێك لە هەر قوڵێكەوە هێرش بكرێتە سەری ، چونكە ئەم هێڵە ئاسنینانە ڕۆڵی زۆری بینی لە دابەشكردنی هێزەكانی عوسمانی و گەیاندنیان بە بەرەكانی شەڕ بەشێوەیەكی زۆر خێرا [1] .

هێڵە ئاسنینەكانی حیجاز لە گرنگترین ئەو هێڵە ئاسنینانەیە كە لەسەردەمی (سوڵتان عبدالحمید) دا دامەزراوە ، لە ساڵی (١٩٠٠) زدا دەست كرا بە دامەزراندنی هێڵی ئاسینینی دیمەشق بۆ مەدینە .

ئەمە بۆ ئەوە بوو كە قەرەبووی ئەو هەمووە كاتە بكاتەوە كە كاروانەكانی حاجیان ئەچوو ، كاروانەكان بە (چل) ڕۆژ ئەو ڕێگەیان ئەبڕی ، ئەگەر لە دەریاشەوە بڕۆشتنایە نزیكەیی دوانزە ڕۆژیان پیێ ئەچوو لە كەنارەكانی شامەوە تاناو حیجاز ، كەچی بەم ڕێگە ئاسنینە تەنیا چوار ڕۆژ یان ئەگەر زۆریان پیێ بچوایە پێنج ڕۆژیان پیێ دەچوو ، ئامانج لە دروست كردنی ئەم هێڵە ئاسنینانە تەنیا خزمەتی حاجیانی ماڵی خوا نە بوو كە بە ئاسانی بگەیەنرێنە مەككە و مەدینە ، بەڵكوو (سوڵتان عبدالحمید) لە پشت ئەمەشەوە هەندێ ئامانجی سیاسی و سەربازی تریشی هە بوو، لە ڕووە سیاسی یەكەیەوە ئەم پڕۆژەیە وورە و وزەیەكی ئایینی زۆری جوڵاند لەناوچەكانی جیهانی ئیسلامیدا ، ئەوە بوو (سوڵتان) بەیانێكی بەناو هەموو موسڵمانی سەرزەویدا بڵاوكردەوە و داوای ئەوەی لێ كردن كە بەبەخشین بەشداری بكەن بۆ دامەزراندنیئەم هێڵە ئاسنینانە [2] ، (سوڵتان عبدالحمید) لە گیرفانی تایبەتی خۆی بڕی (پەنجا هەزار لیرەی عوسمانی) بەخشی بە پڕۆژەكە و لیستی بەخشینەكانی بە خۆی كردەوە و بڕیاریش درا لە سندوقی (منافع) سەد هەزار (لیرەی)ئاڵتونینی عوسمانی بدرێت بە پڕۆژەكە و چەند كۆمەڵێكی خێرخوازی بۆ ئەم مەبەستە دروست كرا و موسڵمانان كەوتنە پێشبڕكێ لە هەموو لایەكەوە بۆ كۆمەكی كردن بە نەفس و بەماڵ تا پڕۆژەكە سەربكەوێت [3] .

---

[1]) بڕوانە : صحوة الرجل المريض ، د. موفق بني المرجة ، ص١١٣ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٣ .

[3]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص٢٢٢ .

گەورە پیاوانی دەوڵەتیش هەریەکەی لەلای خۆیەوە کەوتنە ماڵ بەخشین بۆ پرۆژەکە ، وەك (صەدری ئەعظە م) و وەزیری جەنگی (حسین پاشا) و وەزیری بازرگانی و ئەشغاڵ (زهنی پاشا) و(عزت پاشا)کە سەرۆکی لیژنەی پرۆژەکان بوو.

فەرمانبەرەکانی کۆمپانیاکان زەمیان بەسەر یەکتردا ئەکرد لەم بەخشینانەدا ، بۆ نمونە فەرمانبەرەکانی کۆمپانیای کەشتی یە هەڵمی یەکانی عوسمانی ، فەرمانبەرانی دەوڵەت بەگشتی و هەرێمەکان بەتایبەتی هەرێمی بەیروت و دیمەشق و بۆرصە و شوێنانی تریش .

کۆشکی فەرمانڕەواش لە میصر بەشداریان کرد لەم هەڵمەتی بەخشینەدا ، و لیژنەیەك بۆ بانگەشە کردن بۆ پرۆژەکە و پیتاك کۆکردنەوە بۆی بەسەرۆکایەتی (احمد پاشا المنشاوی) دروست کرا ، هەروەها ڕۆژنامەکانی میصر ڕۆڵی چاکیان بینی و بەحەماسەتەوە بەشداریان کرد لە هەڵمەتی پیتاك کۆکردنەوە بۆ هێڵی ئاسنینی حیجاز بۆ نمونە ڕۆژنامەی (المؤید) ، ڕۆژنامەی (اللواء) ی میصریش بڕی سێ هەزار لیرەی عوسمانی تا ساڵی (١٩٠٤) ز کۆکردەوە بۆ ئەم پرۆژەیە ، سەرۆکی ئەم ڕۆژنامەیە (مصطفی کامل پاشا) بوو ، هەروەها (علی کامل) یش بڕی (٢٠٠٠) لیرەی عوسمانی بۆ ئەم پرۆژەیە کۆکردەوە تا ساڵی ١٩٠١ زاینی .

ڕۆژنامەی (المنار) و ڕۆژنامەی (الرائد المصری) یش پێکەوە بۆ بەشداری کردن لەم هەڵمەتەدا پێکەوە (لیژنەیەکی بەخشین) یان دروست کرد بۆ قاهرەو ئەسکەندەریە و شاری تریش لە میصردا .

موسڵمانەکانی هیندستان لە هەمووموسڵمانی تری دنیا زیاتر دڵ گەرمی و حەماسەتیان بۆ ئەم پرۆژەیە دەربڕی ، میر حیدر اباد لە هیندستان دروست کردنی وێستگەکەی مەدینەی منەوەرەی لە ناو پرۆژەکەدا خستە سەر شانی خۆی ، شای ئێرانیش بڕی پەنجا هەزار لیرەی عوسمانی بەخشی بە پرۆژەکە .

لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆژەیە پێویستی بە هەندێ تەکنیککاری بیانی هەبوو بۆ دروست کردنی پردو تونێل ، کەچی (موسڵمانان کەسیان بەکار نەهێنا لە کاتی زۆر پێویستدا نەبوایە ، پێویستە ئەوە بزانرێ بە هیچ جۆرێك هیچ بیانی یەك بەشداری پێنەکرا لەم پرۆژەیەدا هەر لە خاڵی دەست پێکردنی یەوە لە وێستگەی (الاخضر) ەوە _ کە ئەکەوێتە " ٧٦٠ " کیلۆ مەتر خوار دیمەشقەوە _ تا خاڵی کۆتایی پرۆژەکە ، هۆکەشی ئەوە بوو کە

لیژنەی (سەرپەرشتیاری) پرۆژەکە ئیشی نەکەوتە بیانی یەکان و لەبری ئەوان تەکنیککارە میصری یەکانی بەکار ئەهێنا .

ژمارەی کرێکارەکان جگە لە شارەزایان لەم پرۆژەیەدا سالّی (١٩٠٧) ز گەیشتە حەوت هەزار وپێنج سەد کرێکار ، خەرجی گشتی پرۆژەکەش گەیشتە (٤,٢٨٣,٠٠٠) چوار ملیۆن و دووسەدوو هەشتاو سێ هەزار لیرەی عوسمانی ، دامەزراندنی ئەم پرۆژەیە بەخەرجی یەکی کەم ترو کاتێکی کەم تر دامەزرا لەوەی کە بدرایەتە کۆمپانیایەکی بیانی کە لە خاکی دەولّەتی عوسمانیدا کاریان دەکرد [1] .

لە (اغسطس) ی سالّی ١٩٠٨ زدا هێلّی ئاسنین گەیشتە " مەدینەی منەوەرە " و وابڕیار بوو کە درێژبکرێتەوە و بگاتە مەککەش بەلاّم ئەوە بوو کارەکە ڕاگیرا و هۆکەشی ئەوە بوو شەریفی مەککە (کە حسین ی کوڕی عەلی بوو _ ترسی لەناوچوونی دەسەلاّتی بەسەر حیجاز دا لیّ نیشت و لەبەر زات و زۆری دەولّەتی عوسمانی کەوتە دروست کردنی ڕێگر لەبەردەم درێژبوونەوەی پرۆژەکە تا مەککە (کە مەلّبەندی میرنشین و هێزی ئەو بوو) ، هێلّەکە تا مەدینە درێژبوویەوە و کە شەڕی گەورەی یەکەمی جیهانی ڕوویدا ، ئینگلیز کاری کرد بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی یەك لەگەلّ هێزە عەرەبەکاندا کە دایانە پالّ ئەوان و (فیصل ی کوڕی حسین ی کوڕی علی) سەرکردایەتی ئەکردن و لەگەلّ ئینگلیزدا پێکەوە ئەم هێلّی ئاسنینی حیجازەیان وێران و کاول کرد و تائێستاش هەر ماوەتەوە بە پەککەوتووی و ئومێد ئەکریّ کە هەولّ بدریّ نەوژەن بکرێتەوە تا جارێکی تر بکەوێتەوە کارو کاروانی حاجیانی مالّی خوا خزمەت بکات [2].

بالّوێزی بەریتانیا لە(قسطنطینیه) لە ڕاپۆرتی سالاّنەیدا بۆ سالّی (١٩٠٧) ز باسی گرنگی ئەم هێلّە ئاسنینەی حیجاز ئەکات و ئەلّیّ : (• یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی ناو ئەم " دە " سالّەی کۆتایی چەند هەلّویستێکی سیاسی گشتی دیار هەیە ، گرنگترینیان ئەو نەخشە زیرەکانەی سولّتانە کە توانی لەبەردەم سیّ سەد ملیۆن موسلّماندا بەبەرگی خەلیفەوە خۆی دەربخات وەك تاکە سەرۆکی هەموو موسلّمانان ، توانی بەو نەخشەیە بەلّگە بداتە دەستی خەلّکی کە چەند هەست و غیرەتی ئایینی زیندووە تێیدا ، نەخشەکە ئەوە بوو

---

[1]) بڕوانە : سولّتان عبدالحمید الثاني ، ص٢٢٤ .

[2]) بڕوانە : صحوة الرجل المریض ، ص١١٤ .

هێڵی ئاسنینی حیجازی دامەزراند کە لەم نزیکانەدا ڕێگا ئاسان ئەکات بۆ ئەوەی هەموو موسڵمانێك بەفەریزەی حەجی ماڵی خوا هەڵبستێت و ڕوو لە شوێنە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە بنێت) .. جێگەی سەرسوڕمان نی یە کە ئینگلیز بەو شێوەیە قەڵسبێت لەم هێڵە ئاسنینە و هەوڵی دروستکردنی قەیران بدات بۆ ئەوەی ڕێگە لە درێژبوونەوە بگرێت ، و لەیەکەمین هەلێکدا کە بۆی هەڵکەوت هێڵەکەی پەك خستوو وێرانی کرد تا ڕێگەی هاتووچۆکردن لە هۆزەکانی عوسمانی بگرێت .

یەکەمین شەمەندەفەرێك کە لە دیمەشقی و وڵاتی شامەوە گەیشتە وێستگەی مەدینەی منەوەرە لەم هێڵە ئاسنینانەوە ڕۆژی ٢٢/ ئ‌ب / (اغسطس) / ١٩٠٧ زاینی بوو ، ئەمە وەك بەدیهاتنی خەونێك بوو لە خەونەکانی سەدان ملیۆن موسڵمان لە هەموو شوێنێکی دنیادا ، ئەم شەمەندەفەرە لەم کاروانەیدا تەنیا سێ ڕۆژی برد و تێدا (٨١٤) کم ی بڕی کە ناڕەحەتی زیاتر لە پێنج هەفتە زەحمەتی ئەو ڕێگەیەی لە کۆڵ خەڵکی کردەوە کە پێشتر پێویستیان بوو بۆ ئەوسەفەرە ، هەروەك لەو ڕۆژە مێژووی یەدا دڵی هەموو ئەوانەی کەعاشقی فەریزەی حەجی ماڵی پیرۆزی خوا بوون دەستی کردە جووڵە جووڵ [1] .

سیاسەتەکانی (سوڵتان عبدالحمید) سیاسەتێکی ئیسلامیانەی پەتی بوو ، ئەیویست دڵی هەموو موسڵمانان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە بەو سیفەتەی کە خەلیفەی موسڵمانانە ، جا دامەزراندنی ئەم هێڵی ئاسنینەی نێوان شام وحیجاز یەکێك بووو لەو هۆکارە جوانانەی کە ئەم ئامانجە بەرزەی پێ ئەهێنرایە دی [2] .

(کرۆمەر) کاربەدەستی بەریتانی لە میصردا (١٣٠١_١٣٢٥ك / ١٨٨٣ _ ١٩٠٧ ز) لەو کەسانە بوو کە لە سەرەتای هەموانەوە ئەورووپای هاندا لەجامیعەی ئیسلامی ، زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا زۆر بە ڕقەوە باس لە جامیعەی ئیسلامی بکات ، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی (الاهرام) ی میصری لێدوانێکی ووڕژێنەری (هانو تو)ی بڵاوکردەوە کە وەزیرێکی فەڕەنسی بوو ، تێیدا هێرشێکی زۆر ئەکاتە سەر جامیعەی ئیسلامی ، دیارە هێرش کردنە سەر جامیعەی ئیسلامی بەدوایدا ئەوە دێت هێرش بکرێتە سەردەوڵەتی عوسمانیش بۆئەوەی ئەویەکێتی یەی دەوڵەتە ئیسلامیە کان پێکەوە گرێ

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٤ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٤ .

ئـەدان ببـچڕێت و نـەمێنیّ کـە لـەڕووی دەسـەلاّتی ئیمپریـالیزمی داگیرکـەردا وەسـتاوە، ئەوئیمپریالزمـەی نەخـشەی ئـەوەی کێـشاوە هەمووئـەم ولاّتانـە هـەلّ لوشـیّ و بەربەسـتێك دروست بکات و نەهێلّێت جارێکی تر یـەك بگرنـەوە لـەژێر هـەر ناونیـشانێکدا بێـت ، تا ئـەوە دەستە بەربکات بۆ خۆی کەدەسەلاّتی بەردەوام بێت لەسەریان [1] ، بـۆ ئەمـەش چـەند کرێکـی سەرەکی یان گرتەبەر :

١- قولّکردنـەوەی بانگـەوازە هـەرێمی یـەکان و تایبـەت بـە نیـشتمان و خـاك و ئوممـەت و ڕەگەزەکانەوە .

٢- دروست کردنی کەش و هەوایەکی فیکری گشتی ی وا کە شـەڕ لەگەلّ یـەکێتی ئیـسلامی دا بکات و لەناوی بەرێت .

هەموو ئەمانەش سەرەتا بوون بۆ هەلّوەشـاندنەوەی خیلافـەتی عوسمـانی بـۆ هەتاهەتایە بەهاوکاری زایونیزمی جیهانی [2] .

لەگـەلّ جولەکـەکانی (دۆنمـە) و کلکـەکانیان وەك (کۆمـەلّی تورکیـای فـەتات) و (کۆمەلّـەی ئیتحـاد و تـەرەقی) ، ...سیاسـەتی دلّ ڕاگـرتن و خۆخۆشەویـست کردنیـان گرتـە بـەر [3] (سولّتان عبدالحمیدی دووەم) سیاسەتی نزیکبوونەوە لە کەسایەتی یە قسەڕۆشتووەکانی ناو خەلّکی پیادە ئەکرد لە هەموو شوێنەکاندا ، ئەوە بوو لە لایەکەوە ڕێزێکـی زۆری بـۆ خـەلّکی زانا دەرئـەبڕی و بـاوی ئـەدان بەسـەر خـەلّکدا و هـەر بـۆ ئەمـەش ئەنجومـەنی زانایـان (مجلس المشائخ) ی دروست کردو موچەی بۆ هەموو ئەندامانی دیاری کرد، و لەگەلّ ڕێبەرەکانیاندا زۆر دلّ پاك بـوو ، خـەلّکی زانا پلـەی زۆر بەرزیان هـە بـوو لـەلای ئـەو ، زۆر سـۆزی ئـەدا بـەو کەسایەتی یە گرنگانەی کە خەلّکیان تیار ئەکرد بۆ بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی و لەگەلّیدا ئەوەستان ، وەك (مستەفا کمال پاشا) لە میصر ، چاوپۆشی لەهەلّەی ئەو پیاوە گەورانەش ئـەکرد کاتێـك ئـەیزانی نیازیـان پاکـە لەگەلّیـدا و بیروایـان بـە جامیعـەی ئیـسلامی هەیـە و پشتیوانی لەو بیرۆکەیە دەکەن ، بۆ نمونە وەك (نامق کمال) .

---

[1]) بڕوانە : حاضر العالم الاسلامی ، د. جمیل المصری (١/ ١٠١) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١ / ١٠١) .

له قوتابیانی (قوتابخانەی خێڵە عەرەبەکان) ئەوانەیانی لێ هەڵئەبژاردن کە لە بنەماڵە ڕەسەن و پیشەدارەکان بوون و خاوەنی دەسەلاٚت و هێزو حورمەتی جوان بوون لە کوڕانی سەرۆك خێڵە عەرەبەکان، ئەم قوتابخانەیە تا ئەهات گەورەتر ئەبوو ، ئەوە بوو ڕۆڵەکانی کورد و ئەلبانەکانیشی گرتە خۆی ، سوڵتان زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی بەردەوامی هەبێت بە سەرۆك و شێخ و میرەکانی خێڵە عەرەبەکانەوە لە ڕێگەی ئەو پەیام و نوێنەرانەی بەردەوام ئەیناردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی خۆشەویستی وبرایەتی ئیسلامی نێوانیان ، سوڵتان ئاگاداری تەواوی ئەوەش بوو کە ئینگلیز پەیوەندی هەیە بە هەندێ سەرۆك خێڵەوە وەك (شریفی مەککە) و (شێخ حمیدالدین) لەیەمەن و (شێخ عسیر) و هەندێ شێخی تر تا هانیان بدات لە دەوڵەتی عوسمانی و فێری یاخی بوونیان بکات لە گوێڕایەڵی خەلیفە و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی .

(سوڵتان عبدالحمیدی دووهەم) کاری ئەکرد بۆ ئەوەی نەخشە وپیلانە گلاٚوەکانی ئینگلیز هەڵبوەشێنێتەوە ، هەرگیز کەمتەرخەمی نەئەکرد لە دەست بەسەرکردنی کەسانێکدا کە گومان لە وەلائیدا ببوایە بۆ دەوڵەتی عوسمان ، هەر زوو ئەینارد بە شوێنیدا و لەژێر چاودێری دەولەتدا دایئەنا لە ئەستەنبوڵ پلەی ڕەمزی و موچەی باشی پێ ئەدا ، ئەمەش بۆ ئەوەی دەوڵەت بێ ترس بێت لە پیلانەکانیان ، وەك چۆن لەگەڵ شریفی مەککەدا ئەمەی کردوو کردیە ئەندامی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە ئەستەنبوڵدا بۆ ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ مەککە لێ بگرێت ، (سوڵتان عبدالحمید) ڕای خۆی لە شریف حسین دەربڕی لەو لێدوانەدا کە لەگەڵ صەدری ئەعظە م (فرید پاشا) دا ڕوویدا ، (سوڵتان عبدالحمید) ووتی : ((شریف حسین ئێمەی خۆش ناوێت ، ئێستا هێمنە و کڕ لێ ی دانیشتووە ، بەلاٚم مەگەر هەرخوا بزانێ سبەینێ ئەم شریفە چی دەکات) ، ئەوە بووو کە شۆڕشی عەرەب بەسەرۆکایەتی(شریف حسین) کەوتە دوای ئەوەی (ئیتحادیەکان) (سوڵتان عبدالحمید)یان لەسەر کار لادا .

کە حیزبی (ئیتحاد تەرەقی) ماسۆنی دەسەلاتی گرتە دەست ، (شریف حسین) یان گەڕاندەوە بۆ مەککە و ئەویش توانی لەگەڵ ئینگلیزدا هاوپەیمانی ببەستێت و ئەو درزە گەورەیە بکاتە نێوان موسڵمانانی عەرەب وتورکەکان [1].

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ٢٢٧ .

حەوتەم / ((سولتان عبدالحميد)) نەخشەی دوژمنان هەڵدەوەشێنێتەوە :

بەریتانیا لە چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا کەوتە هەڵنانی کوردەکان بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەتی عوسمانی بە ئامانجی ئەوەی دوژمنایەتی (عوسمانی_ کوردی) دروست بکات لەلایەك و کوردەکانیش لە دەوڵەتی عوسمانی ببچڕێنێت و دەوڵەتیان بۆ دروست بکات و لە لەشی دەوڵەتی عوسمانی یان بکاتەوە لەلایەکی ترەوە .

کە کۆمپانیای هیندی بەریتانی دامەزرا گرنگی دانی بەریتانیا بە عێراق زیادی کردو دەستی دایە ئیش کردن بۆ دروست کردنی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی لەناو کوردەکاندا و نوێنەرە بەریتانی یەکان دەستیان کردە گەشتکردن بەناو خێڵە کوردی یەکانی عێراقدا بۆئەوەی خێڵە کوردەکان ڕێکبخەن و بیاندەن بە گژ دەوڵەتی عوسمانیدا دەزگای هەواڵگری دەوڵەتی عوسمانی ئەوپەڕی ووردەکاریەوە چاودێری ڕووداوەکانی ئەکرد ، و (سولتان عبدالحميد) بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم نەخشە ئینگلیزی یە ، ئەم دژە نەخشەیەی دانا :

* دەوڵەتی عوسمانی هەستا بە پاراستنی هاولاتی یە کوردەکان لە هێرش وپەلاماردانە خوێناوی یەکانی ئەرمەن کە ئەیانکردە سەر کوردەکان .

* چەند شاندێکی لە زانایانی موسڵمان ناردە ناو کوردەکان بۆ ئەوەی ئامۆژگاری خەڵك بکەن و خەڵك ئاگادار بکەنەوە و بانگیان بکەن بۆ ئەوەی لە ژێر بانگەوازی جامیعەی ئیسلامیدا هەموو کۆبنەوە ، ئەم شاندانەش ڕۆڵی خۆیان بینی لە ئاگادار کردنەوەی کوردەکان لەو چاوچنۆکی یەکەی ڕۆژئاوا هەیبوو .

* (سولتان عبدالحميد) هەندێ ڕێوشوێنی گرتەبەر بۆ ئەوەی پەیوەندی میرە کوردەکان بە خۆی و بەدەوڵەتەوە دەستەبەر بکات .

* چەند یەکەیەکی سەربازی حەمیدی لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا لە کوردەکان دروست کرد بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەلامارەکانی ئەرمەن بگرن .

* هەڵوێستی دەوڵەت زۆر توند بوو دژ بە چاوبڕینەکانی ئەرمەن سەربارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتێك لەسەرحسابی زەویەکانی و دەوڵەتی عوسمانی ، ئەمە وای کرد کە کوردەکانی ئەو ناوچانە هەست بە بێ ترسی یەك بکەن [1] .

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص١٣١ _١٣٢ .

* دەوڵەت کاری زۆری لەسەر ئەوە ئەکرد کە پەردە لەسەر ئەو نەخشانەی ئینگلیز لابدات کە ئامانجی ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی لەت و پەت بکات ، بەلآم لەژێر پەردەی ئازادی میللەتان بەوەی هەر میللەتێك ئەبێت دەوڵەتێك تایبەت بە خۆی دروست بکات .
(سوڵتان عبدالحمید) توانی دەسەلآتی بەریتانیا بەرتەسك بکاتەوە لە (یەمەن) دا و سەرکەوتنی بەرچاویشی لەو ناوچەیەدا بەدەست بهێنێت لەم زۆرانبازی یەدا ، ئەوە بوو" لەیەمەندا " تیپێکی سەربازی دروست کرد کە پێك هاتبوو لە هەشت هەزار سەرباز بۆ ئەوەی جارێکی تر (یەمەن) بگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی ، گرنگی دان بەیەمەن ئەوەندە زۆر بوو کام سەرکردە زۆر ناودار بوو ناردی بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەو تیپە بکات وەك (احمد مختار پاشا) و (محمد فوزی پاشا) و (حسین حلمی پاشا) و (توفیق پاشا) و (موشیر عثمان پاشا) و(ئیسماعیل حقی پاشا) ، ئینگلیز هەوڵی دا کە ئاگری یاخیبوون لەیەمەن دا بگرسێنێت دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بەلآم ئەو سیاسەتە حەکیمانەی کە (سوڵتان عبدالحمید) گرتبوویە بەر سەرکەوتنی لەیەمەندا بۆ دەستەبەر کرد)[1].

عەقڵیەتی عوسمانی هەوڵی بۆ ئەوە ئەدا کە هێڵی ئاسنینی لە حیجازەوە بۆ یەمەن بەرێت و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی عوسمانی یەکانیش ئاماژە بەوە ئەدەن کە نەخشە و لێکۆڵینەوەیەکی وورد بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژەیەکی وەها گەورە هە بووە .

هەشتەم / چاوبرسێتی یەکانی ئیتاڵیا لە لیبیادا :

ئیتاڵیا خەونی بەوەوە ئەبینی کە باکوری ئەفریقا بداتە دەم وولآتەکەی چونکە بەکەلە پورو میراتی ئیتاڵیای ئەزانی ، " ماترینی " سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەیان بەبێ پەردە ئەمەی باس کردبوو [2] ، بەلآم ئەوە بوو کە فەڕەنسا تونسی داگیرکردوو ئینتگلتەراش میصری داگیرکردو هیچ بۆ ئیتاڵیا نەمایەوە جگە لە لیبیا .

ئیتاڵیا سیاسەتی خۆی بە سێ قۆناغ دیاری کردبۆ داگیرکردنی لیبیا :

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٢٤ .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٣٨ .

یەکەم / چارەسەری ئاشتیانە ، بەوەی قوتابخانە و بانك و دەمەزراوەی خزمەتگوزاری تری دامەزراند .

دووەم / لە ڕێگەی دیبلۆماسی یەوە کاری بۆ ئەوە ئەکرد کە دەوڵەتانی تر دان بنێن بە ئاواتەکانی (مافەکانی) ئیتاڵیادا بۆ داگیرکردنی لیبیا .

سێ یەم / ڕاگەیاندنی شەڕ دژبە دەوڵەتی عوسمانی وداگیرکردنی لیبیا بە عەمەلی .

سیاسەتی ئیتاڵیا نەی ئەهێلا کەس بە جوڵەکانی بزانێ ، بە پێچەوانەی سیاسەتی بەریتانیا و فەڕەنساوە لەو ڕۆژانەدا ، ئیتاڵیەکان زۆر ((دانایانە)) و ((هێمنانە)) ئەجولان و نەیان ئەهێلا عوسمانی یەکان بوروژێن .

(سوڵتان عبدالحمید) ئاگای لەو چاوتێبڕینەی ئیتاڵیا بوو ، بۆیە داوای لە چەند سەرچاوەیەکی جیا جیا کرد کە زانیاری بدەنێ دەربارەی چالاکی و ئامانجەکانی ئیتاڵیەکان لە لیبیادا ، زانیاری یەکانی پێ گەیشت کە ئەڵێ : ((مەبەستی ئیتاڵیا بەم قوتابخانە و بانك و دامەزراوە خێر خوازی یانەی لە هەرێمە عوسمانیەکاندا ئەیانکاتەوە چ لە لیبیاو چ لە ئەلبانیادا ، ئەوەیە لەکۆتایدا دەست بگرێت بەسەر :

١- طرابلسی ڕۆژئاواو .

٢- ئەلبانیاو .

٣- ناوچەکانی ئەنادۆڵ کە ئەکەونە سەردەریای ناوەڕاست :وەك ئەزمیر و ئەسکەندەرۆن و ئەنطاکیا) .

(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) هەستا بەدانی ڕیو شوێنی پێویست بۆ ڕێگە گرتن لە ئەم چاوچنۆکی یانەی ئیتاڵیا ، کە هەستی کرد دوور نی یە ئیتاڵیا هێرشێکی سەربازی بکاتە سەر لیبیا ، خێرا بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی عوسمانی لەوێ (پازدە هەزار) سەربازی تری ناردو بەردەوام چاوی لە شوێن جوڵەی ئیتاڵیا بوو لە لیبیادا ، و لە ڕێگەی باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانیەوە لە (ڕۆما) و لە ڕێگەی والی (طرابلس) ەوە خودی خۆی بە ووردی چاودێری هەموو کاروبارەکانی لیبیای ئەکرد ، ئەمە وای کرد کە ئیتاڵییەکان ناچار ببن داگیرکردنی لیبیا دوا بخەن و لەسەردەمی کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) دا ئەو کارە بکەن [١] ، ئێمە بە درێژی و بەویستی خوا لە کتێبی حەوتەمماندا باسی ئەوە ئەکەین کە کتێبەکە باس لە

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص١٣٩ .

بزوتنـەوەی سەنوسـینەکان و کاریگـەریان ئـەکات لەسـەر ئـەفریقا لـە ڕووی بانگـەوازی و جیهادی یەوە ...

بیرۆکەی ((جامیعەی ئیسلامی)) زایەڵەیەکی دووری هە بوو لەناو جیهانی ئیسلامیدا ئەویش لەبەر زۆر هۆ لەوانە : _

١- دەوڵەتە ئەوروپای یەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کێ بەرکێ یەکی زۆریان لـە داگیرکردنـی ڕۆژهەلاّتـدا کەوتبوویـە نێـوان ، و سـتەمێکی زۆریـان خـستە سـەر گـەلانی ئـیسلامی ، فەڕەنـسا تونـسی لـە ١٨٨١ زدا داگیرکـرد ، ئینگلتـەرا میـصری لـە ١٨٨٢ زدا داگیرکـرد ، فەڕەنـسا دەسـتی وەردایـە کاروبـاری مـراکش و گەیاندیـە ئـەوەی کـە لـە سـاڵی ١٩١٢زدا بەڕەسمی ڕاگەیاند کە مراکش لە ژێر (پاراستنی) ئەودایە و لەگەڵ ئیسپانیادا زەوی یـەکانیان (بـرا) بـەش کـرد ، بـەو شـێوەیەش ئیمپریـالیزمی ئـەوروپی لـە وولاّتـی ئەفریقای ئیسلامیدا دەستی کێشایە ناو سودان و نێجریاو زنجبار و شوێنەکانی تریش ..

٢- هۆکارەکـانی گواستنەوە و پەیوەنـدی کـردن لـە نێـوان دونیـای ئیـسلامیدا گەشـەی کـردو بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە میـصر و تورکیـا و جـەزائیر و هینـدسـتان و فـارس و ناوەڕاسـتەکانی ئاسـیا و جـاوە (ئەندەنوسـیا) دا بلاّوبوویـەوە ، ڕۆژنامـەکان بابـەتی ئیمنپریـالیزم و چاوچنۆکی دەوڵـەتـە ئـەوروپای یـەکان بـۆ دونیـای ئیـسلام ئەدایـە بـەرباس و لێکۆڵینـەوە و هەواڵـە چـەند بارەبووەکـانی ئـەو پەلامارانـەیان بلاّوئـەکردەوە کـە هـەرجارەی لـە شـوێنێکەوە ئەکرایە سەر خاکی ئیسلامی ، دڵەکان بەو هەوالاّنە ڕائەچڵەکان و دەروونەکان تاویان ئەگرت و هەست و سۆزی موسڵمانان یەکی ئەگرتەوە لەگەڵ ئەو برا موسڵمانانەی کە ئەکەوتنە ژێر داگیرکاری .

٣- هـەوڵ و تەقـەلاّی زانایـان و قسەکردنیان لەسـەر ئـەرکی زیندووکردنـەوەی شانوشـکۆی ئیسلام (گاڵتە ی پێ نە ئەکرا) ، بانگەواز بۆ یەکرپزی لە هەموو پارچە زەوی یەکی جیهانی ئیسلامیدا تەشەنەی کرد بوو ، ئەو هەستە دروست بوو لـەناو خەڵکیدا کـە زوڵـم و سـتەمی ڕۆژئاوا ناوەستێت و بەردەوامە بۆ سەر گەلانی ئیسلامی کە ئەوەش مایەی ئەوەیە پەیوەندی یەکان زیـاتر و پتـەوتر بکرێن وکـاتی ئـەوە هـاتووە کـە گـەلانی ئیـسلامی هـەموو لـەناو یەکدا بتوێنەوە و هەموو بچنە ژێر ئالاّی خیلافەتی عوسمـانی یـەوە ..وە هـەروەها، هۆکـاری تـریش

هـەر هـە بـوو[1] (سـوڵتان عبدالحميـد) لـە زيندوكردنـە وەی هەسـتی موسـڵمانانـدا سـەبارەت بـەگرنگی هەوڵـدان بـۆ يـەكبوون و يـەكريزی ئوممـەتی ئيـسلامی لـەژێر ئـالآی خيلافـەتی عوسمانيـدا ، سـەركەوتوو بـوو ، بـەم سـەركەوتنەش تـوانی دوو ئامـانجی گـەورە بەدەسـت بهێنێت : ـ

يەكـەم / قايم كردنـی دەوڵـەتی خيلافـەت لـەناوەوە دژ بـە هـەموو هەڵمەتـە ناسۆناليزمی يـە يەهوديە ماسۆنيە رۆژئاواييە ئيمپرياليزمی يە نەصرانی يەكان .

دووەم / لە دەرەوەش توانی هەموو ئەو موسڵمانانەی كە لە ژێر دەسـەلآتی دەوڵەتـە ئـەوروپای يـەكانی وەك رِوسـيا و بـەريتانيا وفەرِەنـسادا ئـەژين ، هـەموو لـەدەوری ئـالآی خيلافـەت كۆببنـەوە ، بەمـەش سـوڵتان تـوانی لـە رِووی ئـەو دەوڵەتانـەدا بوەسـتێت و و هەرِەشـە لـەو وولآتانە بكات بەوەی ئەو موسڵمانانە بوروژێنیٚ و بانگی جيهاد لەهەموو جيهانی ئيسلاميدا دژ بەو دەوڵەتانە رِابگەيەنێت[2] .

باسی سێیەم

(سوڵتان عبدالحميد) و جولەكە

رِاسـتی ململانـێ ی نێـوان(سـوڵتان عبدالحميـدی دووەم)و جولەكـە لـە گـرنگترين ئـەو رِووداوانەيە كە لەمێژووی ئەم سوڵتانە موسڵمانە بە عيزەتەدا هە بووە .

كاری جولەكە و دوژمنايەتی كردنيان بۆ ئيسلام رِەگ و رِيشەكەی ئەگەرِێتەوە بۆ سەردەمی دەركەوتنـی ئيسلام ، ئەگەرِێتەوە بۆ ئەوكاتـەی ئيسلام تێيـدا سـەركەوتوو، پێغەمبـەر (ﷺ) لە مەدينەی منەوەرە دەری كردن لە پاداشتی ئەو دوژمنايـەتی يـە هەميشەيی و ئـەو هـەمووە ناپاكی يـەی چـەند بارەيـان ئـەكردەوە ، پـاش ئـەوە لـە هـەموو دوورگـەی عەرەبيـدا دەركـران لەسەر دەستی خەليفە عومەری كورِی خەتتابدا (رضی الله عنه) كە بەردەوام پلانيـان ئـەگێرِا لـێ ی ، هەندێ لەم جولەكانە بەرِووكەش موسـڵمان ئـە بـوون و دوای ئـەوە دەسـتيان ئـەكردە ژەهر رِشتن بەناو لەشی ئوممەتی ئيسلاميدا و ئەمەش لە مێژووی درێژياندا هەر هە بووە ، (عبدالله ی كـورِی سـبأ) و (قەرمـەتی يـەكان) و (حەشـاشـی يـەكان) و (رِەوانـدی يـەكان) و

---

[1]) بڕوانە : صحوة الرجل المريض ، ص١١٢

٢) بڕوانە : صحوة الرجل المريض ، ص ١١٣ .

بانگەوازە ڕووخێنەرەکان کە لە مێژووی موسڵمانانندا دەرکەوتوون لە (دەستی ئەوان) دوور نە بوون .

تەتارەکانی وولاتی قەڕەم ئافرەتێکی جولەکەی ڕوسییان بە دیاری نارد بۆ (سوڵتان سولەیمانی قانونی) لەسە دە ی پازدەهەمی زاینیدا ، ئافرەتەکەیان لە یەکێك لە شەڕەکاندا گرتبوو ، (سوڵتان سولەیمانی قانونی)ش ئافرەتەکەی مارەکردوو کچێکی لیٚ بوو ، کە کچە گەورە بوو دایکە جولەکەکەی هەوڵی دا مارەی بکات لە (ڕۆستەم پاشا) کە کابرایەکی (بیٚ باوك و دایك = لقیط) ی (کورواتی) بوو ، جا بۆ ئەوەش ناپاکی یەکەی تەواو خەست بکاتەوە ئەم ئافرەتە هات ابراهیم پاشای کوشت کە (صەدری ئەعظە م) بوو ، لە جیاتی ئەو ئەم زاوا (بیٚ باوك و دایکەی خستە جێگەی) ، پاشان پلانێکی تریشی دانا و توانی لە مستەفا(کە (وەلی عهد) و کوڕی سوڵتان سەلیم بوولە ژنە گەورەکەی (یەکەمەکەی)) خۆی ڕزگاربکات و سەلیمی دووەم کە کوڕی خۆیەتی بکاتە (وەلی عهد) .

لەو کاتانەدا جولەکە لە هەموو لایەکەوە ئەچەوسێنرانەوە: لە ئەندەلوسدا، لە ڕوسیادا،و زۆرێکیان لە دەست دادگاکانی پشکنین هەڵهاتن و ڕایان کرد ، ئەم ژنە یەهودیە هاتە لای سوڵتان و تکای ئەوەی ئەکرد کە سوڵتان ڕێگە بدات جولەکە کۆچ بکەن بۆ ئەم وولاتە ، ئەوە بوو وا دەرچوو هەندێکیان کۆچیان کرد ولە(ئەزمیر) [1] و ناوچەی (ئەدەرنە) و شاری(بورصە) و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای(ئەناچۆڵ) دا گیرسانەوە ، پاش ئەوە دامەزران لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا ، بە پیٚ ی یاساکانی شەریعەت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دا ئەکرا و لەسایەی ئەو شەریعەتەدا هەستیان بە جۆرێك لە(ئۆتۆنۆمی) ئەکرد ، لە ڕاستیدا جولەکەکانی ئیسپانیا لە ناو تورکیای عوسمانیدا هەر ئەوەندەنەبوو کە شوێنی ژیانیان دەست کەوت بەڵکوو ئازادی تەواو و خۆشگوزەرانیشیان دەست کەوت و ، وای لێهات ڕیزبەندیشیان لەناودەوڵەتدا بۆ دروست بوو ،کەمە کەمە چوونە ناو شوێنە هەستیارەکانی دەوڵەتەوە وەك :(دون جوزیف ناسی) و جگە لەوانیش جولەکەکانی ئیسپانیا بڕێکی زۆر سەربەخۆیان پیٚ درا و وای لێهات سەرۆکی حاخامەکانیان دەسەڵاتی ئەوەی پیٚ درا کە کاروبارە ئایینی و مافە مەدەنی یەکانیان ڕاپەڕێنێت بە شێوەیەك وای لێهات بڕیارو

---

[2]) بڕوانە : تأريخ الدولة العثمانية ، دز علی حسوم ، ص٢٤١ .

ڕاسپاردەکانی ئەم حاخامە لەلایەن حکومەتەوە (تصديق) ئەکرا و گەیشتە ئەوەش ئەو بڕیارو ڕاسپاردانە ئە بوونە یاسای تایبەت بەجولەکە (لە دەوڵەتدا) [1] .

جێگەی ئاماژە بۆکردنە لەم بوارەدا ، (علی پاشا) کە وەزیری دەرەوە بوو بوو، بە(صەدری ئەعظە م) و لە ساڵی ١٨٩٥زدا بە خۆی و شاندێکەوە نێردرا بۆ وولاٚتە ئەورووپی یە مەسیحی یەکان ، هەندێ لە ئەندامانی شاندەکەی جولەکە بوون [2] .

جولەکە لەژێر سایەی یاساکانی (هاوولاٚتیانی دەوڵەت) دا گشت (امتیاز) و (حەصانە) یەکیان ئەپارێزرا [3] و ئاشتی و بێ ترسیان دەست کەوت و بوونە خاوەنی تەواوی شتەکانی خۆیان لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا [4]

یەکەم / جولەکەکانی دۆنمە :

ووشەی دۆنمە چەمکێکە مانای جیاوازی زۆری هەیە ، چونکە ئەم ووشەیە لە ڕووی زمانەوانی یەوە لە ووشەی (دۆنمك) ی تورکی یەوە وەرگیراوە کە واتای گەڕانەوە یان هاتنەوە یان پاشگەز بوونەوە ئەگەیەنێت ، بەلاٚم چەمکی کۆمەلایەتی ئەو ووشەیە واتە _ هەڵگەڕانەوە یان حول حولی (متذبذب) ، بەلاٚم لە ڕووی مانای ئایینی یەوە ئەم ووشەیە یانی : مەزهەب و ئایینێکی تازە، کە(حاخام ساباتای زیفی) بانگەشەی بۆ ئەمە ئەکرد ، بەلاٚم چەمکە سیاسی یەکەی ئەم ووشەیە واتە : ئەو جولەکە موسڵمانانەی کە قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە [5] بەلاٚم ئەم ووشەیە پێناسێکی تایبەتی وەرگرت لە سەدەی حەڤدەهەمدا و بەو جولەکانە ئەوترا کە لە شارە ئیسلامی یەکاندا ئەژیان بەتایبەتی هەرێمی " سلانیك " ، عوسمانی یەکان بەو مەبەستانە ناوی دۆنمەیان نا لە و جولەکانە تا خەڵکی بزانێ ئەمانە لە یەهودیەتەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئیسلام ، پاشان ئەمە بوو بە زاراوەیك مەبەست

---

[1]) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ، د. احمد النعيمي ، ص٣٧ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٧ .

[3]) هەمان سەر چاوەی پێشوو ، ص٣٨ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٩ .

[5]) بڕوانە : يهود الدونمه ، د . احمد النعيمي ، ص٨ .

پیٚ ی ئەو جولەکانە بوو کە لە ئەندەلوسەوە پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هینا بوو ، بە رووکەش بیروباوەڕی ئیسلامیان قبوڵ کرد بوو [1] .

دامەزرێنەری تاقمی دۆنمە بریتی بوو لە (شبتای زەیفی) کە لافی ئەوەی لیٚ ئەدا کە ئەو حەزرەتی مەسیحی چاوەڕوانکراوە لەم چەرخی هەڤدەمەدا ، چونکە لەو ڕۆژانەدا پڕوپاگەندەیەك هە بوو گوایە : حەزرەتی مەسیح لە ساڵی ١٦٤٨ زدا دەردەکەوێت بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتی ((یهود)) بکات لە وێنەی مەسیحدا و دێت و فەرمانڕەوایی دونیا ئەکات لە فەلەستینەوە و ((قودس)) ئەکاتە پایتەختی یەهودی _بەخەیاڵی خۆیان_ [2] .

ئەم بیرۆکەیەی(مەسیحی چاوەڕوانکرا و) لەناو جامیعەی جولەکەکانی ئەو کاتەدا بڵاو بوو ، ناوەندە یەهودیە کۆنەکان بڕوایان بە نزیکبوونەوەی دەرکەوتنی مەسیح هە بوو ، بۆیە ئەم بانگەشەی (شبتای) پشتیوانی یەکی زۆری لە ناو جولەکەکانی فەلەستین و میصر و ڕۆژهەلاّتی ئەوروپادا بۆ دروست بوو ، نەك هەر ئەوە بەڵکوو زۆربەی جولەکەکان و خاوەن پارەکان پشتی ئەم بیرۆکەیان گرت لەبەر چەند مەبەستێکی سیاسی و ئابوری [3]، دەنگ و باسی ئەم (شبتای) ە گەیشتە ئەوروپا و پۆڵەندا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئینگلتەرا و ئیتاڵیا و باکوری ئەفریقا و شوێنی تریش و لە ئەزمیردا پێشوازی لەو شاندە یەهودیانە ئەکرد کە لە ئەدرنە و صوفیا و یۆنان و ئەڵمانیاوە ئەهاتن بۆ لای، ئەم شاندانە ناوی (پاشای پاشاکان) یان لێنا ، ئەم (شبتای) یە هەستا هەموو جیهانی کردەسی و هەشت(٣٨) پارچەوە ، و بۆ هەرپارچەیەکی پاشایەکی دانا ، بڕوای وا بوو کە لە فەلەستینەوە فەرمانڕەوایی هەموو دونیا ئەکات ، ئەوە بوو لەم بوارەدا ئەیوت : من نەوەی سولەیمانی کوڕی داودم ، فەرمانڕەوایی هەموو خەڵکی ، قودسیش وا دا ئەنێم کە کۆشی منە [4] .

---

[1]) بڕوانە : صحوة الرجل المريض ، ص٢٤٢ .

[2]) بڕوانە : يهود الدونمة، ص١٦ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢١ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ٢٧ .

ئەم (شبتای) ە هەستا ناوی سولْتان محمدی چوارەمی لە ووتارەکانی ناو کەنیسەی یەهوددا ، سڕیەوە و لە جیاتیدا ناوی خۆی دانا و خۆی ناو نا (سولْتانی سولْتانەکان) و (سولەیمانی کوڕی داود) ئەمە سەرنجی حکومەتی عوسمانی بۆ کارەکە ڕاکێشا [1] .

(شبتای) بوو بە سەرچاوەی دڵە ڕاوکێ ی حاخامەکانی جولەکە و ، لای سولْتان شکاتیان لێ کرد ، و سولْتانیان دڵنیا کرد کە شبتای بە نیازە بزوتنەوە یەکی یاخی دروست بکات لە پێناو دروست کردنی دەوڵەتێکدا بۆ یەهود لە فەلەستیندا [2] .

لە ئەنجامی قایمبونی فتنەی (شبتای زەیفی) دا " احمد کوبرولو " کە وەزیرێکی ئازاو بەجەرگ بوو ، بڕیاری گرتنی بۆ دەرکردو خستیە زیندانەوە ، و ماوەی دوومانگ لە زینداندا مایەوە ، و پاشان گوازرایەوە بۆ قەلاّی دوورگەی (غالیبولی) لەسەر (دردنیل) و ڕێگەی دا کە ژنەکەی و نوسەرە تایبەتی یەکەی خۆی لە خانویەکی نزیك خۆیدا بن ، و ئەنجومەنێکی وەك(ئەنجومەنی میران)ی بۆ خۆی دروست کرد ، کەس بۆی نە بوو بچێتە لای بە بێ مۆڵەتی پێش وەخت ، وای لێهات هی وا هەبووچەند ڕۆژ چاوەڕوانی ئەکرد تا بۆ ساتێك چاوی پێ ی بکەوێت ، ژنەکەی ڕێوڕەسمی شاژنەکانی پیادە ئەکرد لەگەڵ ئەوانەدا کەئەهاتن بۆ سەردانی چ پیاو و چ ژن ، چونکە لە هەموو دونیاوە شاندەکانی یەهود ئەهاتن بۆ سەردانی کردنی [3] .

(شبتای) درایە دادگا لە (سەرای ئەدرنە) و سولْتان دەستەیەکی زانستی بەڕێوە بەری بە سەرۆکایەتی (صەردی ئەعظە م) و ئەندامێتی هەریەك لە (شێخ الاسلام یحیی ئەفەندی منقری زادە) و یەکێك لە زانا گەورەکان بەناوی (محمد ئەفەندی واتلی) کە پێش نوێژی کۆشك بوو ، (د. مستەفا حەیاتی) یش کاری وەرگێڕانی ئیسپانی بوو بۆ زمانی تورکی لە دادگاکەدا [4] .

قازی دادگا ئەوەی دوپات کردەوە کە ئەم کارەی " شبتای " سنور شکاندنە سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی ، سولْتان کە خۆی لە ژوورێکی ترەوە گوێی بۆ دادگاکە ئەگرت ، لە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٧ .

[2]) هەمان سەرچاوەیپێشوو ، ص٣٤ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٦ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٦ .

ڕێگەی وەرگێڕەکەوە ووترا بە "شبتای " : تۆ لافی ئەوە لێ ئەدەی کە حەزرەتی مەسیحی ، دەی فەرموو بزانین (معجزة) ت چی یە ، ئێمە جلەکانی بەرت لائەبەین و بە نیشانە ئەتنێینەوە و چەند پیاوێکی تیر هاوێژی دەست ڕاستی خۆمان دێنین و ئەگەر ئەو تیرانە لەشی تۆیان نەبڕی ئەوە سوڵتان بانگەشەکەت لێ وەرئەگرێت و (بڕوات پێ ئەکات) ،" شبتای" لە شتەکە حاڵی بوو بۆیە نکۆڵی لە هەموو ئەو شتانە کرد کە دراونەتە پاڵی و ووتی : (ئەوانە درۆیان بە دەمەوە کردووە [١] ، قازی باسی ئیسلام (موسڵمان بوونی) بۆ کرد ، (شبتای) موسڵمانێتی خۆی ڕاگەیاندو ناوی خۆی نا (محمد عزیزی ئەفەندی) [٢] و داوای لە دەسەڵاتی عوسمانی کرد کە ڕێگەی بدەن با جولەکەکان بانگ بکات بۆ ئیسلام ، ڕێگەی پێ دراو ئەمەی کردە هەلێك و دەستی کردە گەڕان بەناو جولەکەکاندا و بەردەوام بانگی ئەکردن بۆ باوەڕهێنان و هانی ئەدان پێویستە هەموو کۆببنەوە و لە ڕووکەشدا ئیسلام دەربڕن و لەناخدا دینی لادەری یەهودییەت هەڵبگرن) [٣] .

" شبتای " و پشتویانەکانی هەر خەریکی ئەوە بوون بە پەنهانی بە شوێن دینی موسایی یەکەی خۆیاندا بڕۆن و کار بۆ (زایۆنیزم) بکەن بە دزی یەوە ، و لە ڕووکەشیشدا دڵسۆزی بۆ ئیسلام و پیاو چاکی و لە خواترسان دەربڕن لەبەردەم تورکەکاندا ، بەردەوام بە شوێنکەوتەکانی ئەووت : ئەو وەك موسا پێغەمبەر وایە کە ناچار بوو بۆ ماوەیەك لە کۆشکی فیرعەوندا بمێنێتەوە [٤] .

لەم هەل و مەرجەو لە کاتیکدا کە " شبتای " لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەوادارانی کە لە کەنیسەی (قوری چشمە) کە لە ناو پەرستگاکەدا بوو خەریکی ئاهەنگێڕان بوون و سروودە یەهودی یەکانیان ئەخوێندەوە و مەشروباتیان ئەخواردەوە و خۆشی جلێکی جولەکانەی لەبەرکردبوو ، ژنانیش چواردەوریان دابوو ، هەروەها (مەزامیرەکانی داود) یان ئەخوێندەوە ، ئالەو کاتەدا دەستگیر کرا ، و تۆمەتی ئەوەشی لەسەر بوو کە داوا لە موسڵمانان ئەکات کە

---

1) یهود الدونمة (مصطفی طوران ، وەرگێرانی : کمال خوجە ، د علی حسون لەمەوە گواستوویەتی یەوە ، ص٢٤٣ .

2) بڕوانە : تأریخ الدولة العثمانیة ، د. علی حسن ، ص٢٤٣ .

3) یهود الدونمة : ص٣٥ .

4) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٤١ .

واز له ئایینەکەیان بێنن و بڕوا بەو بهێنن ، جا ئەگەر شێخولسلام دەخالەتی نەکردایە ئەوە ئەدرا له ملی، شێخولسلام بۆ لەناو بردنەکەی ڕەخنەی ئەوە بوو ئەیووت : ئەم کابرا فێڵبازە لە سێدارە بدرێت لە ناو خەڵکدا ئەفسانەیەك دروست ئەبێت و هەوادارەکانی ئەوە لەناو خەڵکدا بلاوئەکەنەوە گوایە وەك حەزرەتی عیسی (علیه السلام) چووە بۆ ئاسمان) [1] ، ئەوە بوو دوورخرایەوە بۆ شاری (دولسجنو) لە ئەلبانیا ، ئەمەش لە هاوینی ساڵی ١٦٧٣زاینیدا بوو ، دوای پێنج ساڵ دوورخستنەوە مرد ، بیروباوەڕی (شاباتائی) لەناوکۆمەڵانی (سالونیك) دا هەرمایەوە و شوێنکەوتەکانی کەوتنە داهێنانی چەندان فرت و فێڵ ودەمارگیری و خۆ داڕنین له پرنسیپەکان و له ڕەوشته بەرزەکان)) [2].

(شباتی زیفی) بیروباوەڕی دۆنمه ی لە(هەژدە) ماددەدا داڕێژاوە ، و لە ڕاستیدا مادەی (شازدە و حەڤدە) بە گرنگترین سەروسیمای دۆنمەکان دا ئەنرێ ، ماددەی (١٦) ئاماژە بەوە ئەدات : ((پێویستە نەریتەکانی تورك زۆر بەووردی جێ بەجێ بکرێ تا چاویان بەسەرتانەوە نەمێنێ ، وە پێویستە هیچ هەوادارێکمان بێزاری لە ڕۆژووی ڕەمەزان و قوربانی کردن دەر نەبڕێت و ئەوانەش ئەم کارانە ئەکەن ئەبێت بە دیار چاوی خەڵکەوە بیکەن و لە قەرەباڵەغیدا بێت) [3] وە مادەی (١٧) ش ئاماژە بەوە ئەدات کە : (ژن و ژنخوازی لەگەڵیاندا (واتە لەگەڵ موسڵماناندا) بە هەمووشێوەیەك قەدەغەیە) [4].

(شبتای) بەیەکەمین کەسێکی جولەکە دائەنرێت کە مژدەی ئەوەی دابێ کە (بنی ئیسرائیل) ئەگەڕێنەوە بۆ فەلەستین ، لە ڕاستیشدا بزوتنەوەی (زیفی) بزوتنەوەیەکی سیاسی بوو دژ بە دەوڵەتی عوسمانی زیاد لەوەی بزوتنەوەیەکی ئایینی بێت) [5].

ئەم تاقمە ڕۆڵی زۆریان بینی بۆ ڕووخاندنی بەها ئیسلامی یەکان لەناو جامیعەی عوسمانیدا ، کاریان بۆ ئەوە ئەکرد کە بیروڕای ڕۆژهەلات و بێدینی (ئیلحاد) و ماسۆنیەت بلاوبێتەوە و بانگەشەی دڕاندنی حیجابی ئافرەتانی موسڵمانانی ئەدا بەگوێ ی خەڵکدا و

---

[1]) یهود الدونمة ، ص٤٢ .

[2]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٤٣ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٤٥ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٤٥ .

[5]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٤٦ .

داوای تێکەڵاوی پیاو ژنیان ئەکرد بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا ، زۆرێك لە پیاوانی کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی) بەشداری بۆ نەوئاهەنگەکانیان ئەکردن .

جولەکەکانی دۆنمە ڕۆڵێکی کاریگەریان هە بوو لەسەرخستنی ئەو هێزانەدا کە دژایەتی (سوڵتان عبدالحمید) یان ئەکرد ، ئەو هێزانەی کە لە (سلانیك) ەوە دەستیان دایە جوڵە و بزاوت بۆ ئەوەی لەسەر کارلای بەرن ، هەر ئەوانە بوون پاشان بیروڕای ئەفسەرەگەنجەکانیان ژەهراوی کردو تا کاتی ئەمڕۆشمان هەر خەریکن ، و ڕۆژنامەو خانەی بلاّوکردنەوەیان هەیە و چوونەتە ناو ڕەگ و ڕیشەی ئابوری عوسمانی و هەموو بوارەکانی ژیان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا) [1] .

ئەمانە توانیان کاریگەری خۆیان لەسەر کۆمەڵەی ((ئیتحاد و تەرەقی)) دابنێن و (سوڵتان عبدالحمیدی دووەهەم)یش باش ئاگاداری ڕاستی دۆنمە بوو ، (جەنراڵ جواد رفعت اتلخان) ئەم ڕاستی یە دوپات ئەکاتەوە و لەم بارەیەوە ئەڵێ : ((ئەو تاکە کەسەی کە لە هەموو مێژووی تورکیدا ، ڕاستی زایۆنیزم و شەبەتائیە و زیانەکانی لەسەر تورك و ئیسلام زانیبێ و ترسناکی یەکانیانی دەرك پێ کردبێ و خەباتی دژیان بوبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە جدی تا سنوور بۆ خراپە کاری یەکانیان دابنێ ، تەنیا سوڵتانە گەورەکەی تورك بوو ، (واتە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) ، خەباتی تەواوی ئەم ڕێکخراوە ترسناکانەی وەك پاڵەوان کرد بۆ ماوەی (سی و سێ ساڵ) زۆر زیرەکانە و ورەبەرزانە بە شێوەیەك خەڵك سەرسام ئەبێت لێ ی [2] .

لە ڕاستیدا ، (سوڵتان عبدالحمید) گرنگی بە ئەوە ئەدا کە ئەم" دۆنمە " یانە هەر لە هەرێمی "سالونێك " دا بمێننەوە نەیەڵێت بێنە " آستانە " ، بۆ ئەوەی هەر لەژێر کۆنترۆڵدا بن و دوور نەبێت لە چالاکی یەکانیان ، ئەنجامی ئەم هەڵوێستە توندەی (عبدالحمید) لە تاقمی دۆنمە وای کرد کە ستراتیژێکی دژ بە سوڵتان بگرنەبەر ، ئەوە بوو دەستیان دایە دژایەتی کردنی سوڵتان لەسەر ئاستی ڕای گشتی عوسمانی و (هێزەکانی) سوپا [3] .

---

[1]) بروانە : تأريخ الدولة العثمانية ، د. علی حسون ، ص٤٦ .

[2]) بروانە : السلطان عبدالحميد والخلافة الاسلامية " ی (الجندي)، ص١٠٧ .

[3]) بڕوانە : يهود الدونمة ، ص٨١ .

دەرەنجامی ئەم هەڵوێستانەی (عبدالحمید) لە دۆنمە ، ئەوە بوو جولەکەکانی دۆنمە بە هاوکاری لەگەڵ (کۆڕەکانی ماسۆنەت) دا کەوتنەئیش کردن بۆ لابردنی ، ئەمانە هەندێ دروشمی دیاری کراویان بەرزکردەوە وەك ئازادی و دیموکراسیەت و لابردنی تاکڕەوی (عبدالحمید) ، لەسەر ئەم بناغەیە هەستان بە دروست کردنی یاخی بوون و دووبەرەکی لەناو هێزەکانی سوپادا ، وە مەبەستیش بەمە هێنانەدی پڕۆژەی نیشتە جێ کردنی زایۆنیزمەکان بوو لە فەلەستیندا ، جولەکەکانی دۆنمە بەردی یەکەمیان پێك دەهێنا بۆ جێ بەجێ بوونی نەخشەکانی جولەکەی جیهانی)[1] .

دووەم / (سوڵتان عبدالحمید) و ((هرتزل)) ی گەورەی جولەکەکانی دونیا .

(تیوردر (هرتزل)) کە ڕێبەری بزوتنەوەی جیهانی جولەکە و زایۆنیزمەکان بوو توانی پشتیوانی ئەوروپا بۆ پرسی جولەکە بەدەست بهێنێت لە هەریەك لە (ئەڵمانیا) و (بەریتانیا) و (فەڕەنسا) دا ، توانی ئەم دەوڵەتانە بکاتە کارتی فشار بەسەر دەوڵەتی عوسمانیەوە و سەرەتایەك هەڵبچنێ بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێك بکات لەگەڵ (سوڵتان عبدالحمید) دا و داوای فەلەستینی لێ بکات ، ئەو کاتەش دەوڵەتی عوسمانی بەدەست جۆرەها گرفتی دارایی یەوە ئەینالاند ، هەل و مەرجی ئابوری لە وڵاتدا گەیشتبووە پلەیەك لە خراپیدا ، ئەو دەوڵەتە ئەوروپانەی کە قەرزیان دابوویە دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوون تیمێکی دارایان ناردە تورکیای عوسمانی بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بارودۆخە ئابوری یەکان بکات تا قەرزەکانی خۆیان دەستە بەربکاتەوە ، ئەم حاڵەتە وای لە (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) کرد هەرچی کردووە چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە گەورەیە بدۆزێتەوە .

ئەم کەلێنە تاکەڕێگەیەك بووکە(((هرتزل))) لێوەی بچێتە ژوورەوە ، وکار لەسیاسەتی (عبدالحمیدی دووەم) بکات بەرامبەر بەجوولەکە ، لەم ڕووەوە (((هرتزل))) لە ((یاداشتەکانیدا)) ئەڵێت : ((ئێمە هەڵدەستین بیست ملیۆن لیرەی تورکی ئەدەین بۆ چاککردنی بارودۆخی دارایی لە تورکیا ، دوو ملیۆنی لەجیاتی نرخی فەلەستین و ئەوی تری بۆئەوەی تورکیا ڕزگاری ببێت لەقەرزو قەرزەکانی بداتەوە و سەرەتایەك بێت بۆ ئەوەش

---

[1]) بڕوانە ((الحركة الاسلامية الحديثة في تركيا)) ی محمد مصطفى ، ص٦٨_٦٩ .

تیمە ئەورووپی یەکە بڕۆنەوەو تورکیا بەجێ بهێڵن و پاش ئەمانەش سوڵتان داوای هەر قەرزێکی تازەمان لێ بکات پێ ی هەڵدەستین [1] .

(هرتزل) پەیوەندی یەکی زۆری کرد بە بەرپرسەکانی ناو(ئەڵمانیا) و (نەمسا)و (ڕوسیا)و (ئیتالیا)و (ئینگلتەرا)و مەبەستی سەرەکیشی لەم هەمووە پەیوەندیکردنە هەر ئەوە بوو کە دانیشتنێکی لەگەڵ (عبدالحمیدی دووەم)دا بۆ دروست بکەن ، لەم ڕووەوە (لاندوٚ)کە هاوڕێیەکی یەهوودی (هرتزل) خۆی بوو لە ٢١/شباط /١٨٩٦ز ئامۆژگاری کرد کە بەبۆنەی (نیو لنسکی) هاوڕێیەوە کە سەرۆکی ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامەی (برید الشرق) بوو ،ئەم کارە بکات.

،لەم بوارەدایە (هرتزل) ئەڵێ:(ئەگەر ئێمە فەلەستینمان دەست بکەوێت ، ئامادەین زۆر شت بدەین بە تورکیا ، یان هەرکەسێك بکەوێتە نێوانمان ئامادەین خەلاتێکی زۆری بدەینێ ، و بە بەرامبەر ئەم کارەشەوە ، ئێمە ئامادەین هەموو کاروبارە دارایی یەکانی تورکیا ڕێك بکەینەوە ، ئێمە دێین هەموو ئەو زەوی یانەی کە هی سوڵتان خۆیەتی لە ڕووی یاسامەدەنیەکانەوە لێ ی وەردەگرین ، لەگەڵ ئەوەدا هەڵئەگرێ کەهیچ جیاوازی یەك نەبێت لە نێوان دەسەلاتی موڵکایەتی و موڵکە تایبەتی یەکاندا) [2] .

(هرتزل) سەردانێکی (قسطنطینیة) ی کرد لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٦ ە زانینیدا و لەم سەردانەیدا (نیولنسکی) هاورێ ی بوو ، کە پەیوەندی یەکی خۆشەویستی لەگەڵ (سوڵتان عبدالحمید)دا هەبوو ، لە ئەنجامی ئەمەدا ئەم (نیولنسکی) یە توانی(بیروڕای (هرتزل)) بگەیەنێتە کۆشکی (یلدز) و حیوارێك کەوتە نێوان (نیولنسکی) و (سوڵتان عبدالحمید)ەوە ، سوڵتان پێ ی ووت : جولەکە ئەتوانن لە پارچە زەوی یەکی تردا نیشتە جێ بن جگە لە فەلەستین ؟ نیولنسکی وەلامی دایەوە و ووتی : (فەلەستین بە لانکەی یەکەمی جولەکە دائەنرێ ، بۆیە جولەکەکان حەزیان لەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ) سوڵتان وەلامی دایەوە و ووتی : ((فەلەستین لانکەی جولەکە نی یە بە تەنها بەڵکوو بە لانکەی

---

١)بڕوانە: اليهود والدولة العثمانية ، ص١١٦.

2) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٧ .

هەموو ئایینەکانی تریش دائەنرێ)) نیولنسکی ووتی : ئەگەر جولەکە فەلەستینیان دەست نەکەوێتەوە ئەوە ئەوان هەوڵ ئەدەن زۆر بە ئاسانی خۆیان بگەیەننە ((ئەرجەنتین) [1] .

(سوڵتان عبدالحمید) نامەیەکی بە ڕێگەی (نیولنسکی) هاوڕێیدا نارد بۆ ((هرتزل)) ، لەو نامەیەدا هاتووە :

((ئامۆژگاری " (هرتزل) " ی هاوڕێت بکە ، با هەنگاوی تازەی تر نەنێت دەربارەی ئەو بابەتە ، چونکە من ناتوانم دەست هەڵبگرم تەنانەت لە یەك بست خاکی ئەو زەوی یە پیرۆزانە ، چونکە ئەوە موڵکی من نین ، بەڵکوو موڵکی گەلەکەمە ، باوباپیرانی من لە پێناو ئەم زەوی یانەدا تێکۆشاون و بە خوێنی خۆیان تێر ئاویان کردووە ، با جولەکە (مەلایینەکان)ی خۆیان بپارێزن .. ئەگەر (کار گەییە ئەوەی دەوڵەتەکەی من لەت و پەت کرا ، ئەوکاتە لەوانەیە بەبێ هیچ بەرامبەرێك ئەوان فەلەستینیان دەست بکەوێت ، ئەوەش وا ئەخوازێ کەسەرەتا دەست بە دڕاندنیجەنازەکەمان بکات بەڵام ئەو بیەوێ هەر بەزینووی لەشم هەڵدڕێ و پارچە پارچەی بکات ئەوە بێ گومان ڕێگەی نادەم [2] !! .

(سوڵتان عبدالحمید) لە ((یاداشتەکانیدا)) لەم بارەیەوە ئەڵێت :

(جێگەی خۆیەتی ئێمە هەستین بە بەپڕکردنەوەو بەرکارهێنانی زەوی یە چۆڵەکانی دەوڵەت ، ئەمەش یانی لە ڕووی یەکی ترەوە ئەرکی ئەوەمان ئەکەوێتەسەر سیاسەتی کۆچپێکردنی تایبەت بگرینە بەر ، بەڵام کۆچکردن بە جولەکە بە هیچ شێوەیەك جێگەی خۆی نی یە ، چونکە مەبەستی ئێمە نیشتە جێکردنی کەسانێکە کە هەمان ئایین و نەریتی باوباپیرانی ئێمەیان هەبێت ، بۆ ئەوەی نەوەك دەسەلات پەیدا بکەن و ڕەشمەی کاروبارەکانی دەوڵەتیان بکەوێتە دەست) [3] . دوای ئەوەی هەوڵەکانی (هرتزل) شکستیان هێنا لە ڕێگەی (نیولنسکی) یەوە ، ڕووی کردە کۆشکی (ولیمی دووەم) کە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو ، چونکە ئەمیش هاوڕێ ی (عبدالحمید) بوو ، زیاد لەمەش ئەم " ولیمی دووهەمە " تا کە

---

1) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٠ .

2) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ، ص١٢٠ .

3) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٠ .

هاوپەیمانی عوسمانیەکان بوو لە ئەورووپادا [1] ، بەلاّم هەولّەکانیشی لەم قۆلّەوە دیسان سەرکەوتنی بەدەست نە هێنا .

(نظام الدين نظيف) کە مێژوو نوسێکی تورکی یە لە کتێبی (اعلان الحريه والسلطان عبدالحميد الثاني) دا ئەلّێ : ((... کاتێك کە ڕەدی شانەدەکەی جولەکەی دایەوە کە بە پالّشتی (ئیمپراتۆر ولیم)هاتبوونە لای ، بۆ ئەوەی نیشتمانێکیان دەست بکەوێ ، واتە کە (هرتزل) لەم هەولّە چنراوەشیدا بێ ئومێد بوو ، ڕقی داگیرسا لە دژی (یلدز) ، (سولّتان عبدالحميد) چاوەڕوانی ئەمەی ئەکرد ، چونکە جوولەکە لە چنینی کاردا شارەزایی باشیان هەیە ، هێزی زۆر شك ئەبەن بۆ ئەوەی هەر هەولّێکیان دا تێیدا سەرکەوتوو بن ، دارایی بێ شوماریان هەیە و دەستیان گرتوە بەسەر پەیوەندی یە بازرگانی یە نێودەولّەتی یەکاندا ، ڕۆژنامەکانی ئەوروپا لەژێر چنگیاندا بوو ، ئەیانتوانی کەی بیانەوێ گەردەلولی ڕای گشتی هەلّبکەن ...) [2] .

ئەم مێژوو نوسە ئەلّێت :

((سەرەتا دەستیان کردە جولاّندنی ڕۆژنامە گەری جیهانی ، پاشان دەستیان دایە کۆکردنەوەی دوژمنەکانی (عبدالحميد) ، ئەوانەی لەو کۆمەلّگە عوسمانیە هەمە چەشنەدا پێ گەیيبوون ، ئەمان بینی کە شوێن کەوتەکانی (مەرجداریێتی = المشروطية) [3] شێوەیەکی ڕێخراوی و پەلاماردەریان گرتەخۆیان لەگەلّ ئەوەدا کەلەوەوپێش پەرش بلاّوو بەبێ ڕێکخستن و هەماهەنگی کاریان ئەکرد ، (لەڕاستیدا) یەك خستن و کۆکردنەوەی دوژمنانی (عبدالحميد) کارێکی گران نە بوو ، نەخوازەلاّ لە کۆمەلّگەیەکی تێکەلّ و پێکەلّی عوسمانی ئەوڕۆژەدا ، (المشرق الاعظم) کە دامەزراوەیەکی ماسۆنی یەکی ئیتالّی بوو ئەرکی ئەوەی خستە سەرشانی کەرێکخستن و هەماهەنگی دروستکردنی کاری ئەو بێت ،

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢١ .

2) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني حياته واحداث عصره ، محمد اورخان ، ص٢٨١، ٢٨٢ .

3) (مشروطية) واتە ئەوانەی داوای دیموکراتیەتیان ئەکرد لەناو دەولّەتی عوسمانیدا و بانگەشەی دەستورو دەسەلاّتی ئازادی تەواویان ئەکرد و گوێیان بە ئاین و نەریتەکان نەئەدا (وەرگێڕ .ن.) .

چونکەئەم نزیکترین مەڵبەندی ماسۆنیەتە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە ، کۆڕە ئیتاڵی یەکان و بەتایبەتی کۆڕی (ریزوتا) لە سلانیك دا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەم بوارەدا ...) [1].

(کە لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا) (هرتزل) بڕیاری دا چەند ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر بۆ ڕاکێشانی (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) بەلای خۆیدا ، ئەوە بوو جارێکی تر لە ڕێگەی (نیولنسکی) یەوە ئامادەیی دەربڕی ئەو کێشەی ئەرمەنی یەکان چارەسەر بکات و لە خزمەت سوڵتاندایە) [2].

(هرتزل) لەم بارەیەوە ئەڵێ : ((سوڵتان داوای ئەوەی کرد خزمەتێك هەیە بیکەم بەرامبەری ، ئەویش ئەوەیە کار بکەمە سەر ڕۆژنامە ئەوروپایی یەکان و وایان لێ بکەم کە بەزمانێکی دوژمندارانەی کەمتر بەرامبەر تورکیا لەسەر کێشەی ئەرمەنی یەکان بنووسن ، منیش بە (نیولنسکی) م ڕاگەیاند کە هەرئێستا بەو ئەرکە هەڵدەستم ، بەڵام ئەوەم دوپات کردەوە با بیرۆکەیەکی تەواوم لەسەر ئەرمەنی یەکان پێ بدەن : کێن ئەو کەسانەی لە (لندەن) دا دائەنیشن و پێویستە من بچم ئەم بیروڕایان بۆ دروست بکەم وە ئەو ڕۆژنامانە کامانەن کە پێویستە بەلای خۆماندا ڕایان بکێشین و جگە لە مانەش هەندێ زانیاری تریش) [3].

لەسەر ئەم بناغەیە دیبلۆماسیەتی زایۆنیزم کەوتنە چالاکی کردن بۆ ئەوەی ئەرمەنەکان بێنە سەرئەو بڕوایەی واز لە شۆڕش کردن بهێنن لە ئەنجامی ئەمەشدا " (هرتزل) " پەیوەندی کرد بە (سالزبوری) و بەرپرسەکانی تری ئینگلیزەوە بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر ئەرمەنی یەکان ، هەروەها جوولەکە لە شارەکانی تری ئەوروپاشدا وەك " فەڕەنسا " بۆ هەمان مەبەست دەستیان دایە چالاکی ، بەڵام ئەم دیبلۆماسی یەتەی " (هرتزل) " شکستی هێنا و هۆکەشی ئەوە بوو کە بەریتانیا دڵ گەرم نە بوو بۆ مەسەلەکە ، چونکە ئەوەیانی

---

[1]) السلطان عبدالحميد الثاني ، حياته واحداث عصره ، محمد اورخان ، ص٢٨٢ .

[2]) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ،ص١٣٢ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٣٧ .

ئەوەی پشتیوانی لە سیاسەتی (عبدالحمید) بکریٚ ، وئەوەش کاریٚك بوو سەری بۆ ئەوە ئەکیٚشا کە ڕای گشتی بەریتانی دژ بە حکومەتی بەریتانیا بوروژیٚنیٚ [1] .

" (هرتزل) " هەوڵیدا جاریٚکی تر (عبدالحمیدی دووەم) ببینیٚ ، بەتایبەت لە کاتی سەردانی دووهەم جاری (ئیمپراتۆروایمی دووەم) بۆ (قسطنطينية) بەلاّم فەرمانبەرەکانی کۆشکی "یلدز " ڕیٚگەی ئەمەیان لیٚگرت و نەیان هیٚلاّ ، (هرتزل) بەردەوام لە هەولّدا بوو بۆ ئەم مەبەستە تا ئەوە بوو دوای دووساڵ (١٨٩٩ -١٩٠١ ز) هەوڵەکانی سەرکەوتن و بە بۆنەی ئەو هەمووە تیٚکەڵیەی لەگەڵ فەرمانبەرەگەورەکانی(یلدز) دا توانی چاوی بە (سولّتان عبدالحمید) بکەویٚ و بۆ ماوەی دووسەعات لەگەڵیدا دابنیشیٚ ، (هرتزل) پیٚشنیازی ئەوەی کرد بۆ (سولّتان عبدالحمید) کە بانکە یەهوودی یە دەولّەمەندەکانی ئەورووپا هاوکاری دەولّەتی عوسمانی بکەن لە بەرامبەر ئەوەدا کە ڕیٚگە بدات لە فەلەستیندا نیشتە جیٚ بن ، زیاد لەمەش پەیمانی بە (عبدالحمید) دا کە قەرزە گشتی یەکانی دەولّەتی عوسمانی سوك بکەن ئەمەش لە سالّی (١٨٨١ ز) ی یەوە ئەبیٚت و (هرتزل) پەیمانی ئەوەشی دا بە (عبدالحمید) کە پاریٚزگاری لەم گتفوگۆیەی نیٚوانیان بکات [2] .

(سولّتان عبدالحمید) لەم دانیشتنەدا زۆرتر گویٚ ی ئەگرت نەك قسە بکات ،پەتی شلکردبوو بۆ (هرتزل) تا چی لەناخ و خەیاڵیدا هەیە لە بیرورا و پرۆسە و داواکاری هەمووی هەڵبڕژیٚت ، ئەم گویٚگرتنەی (عبدالحمید) بڕوایەکی بۆ(هرتزل) دروست کرد گوایە لە کارەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست هیٚناوە ، بەلاّم لە کۆتایی کارەکەدا بۆی دەرکەوت کە دۆڕاندویەتی و کەم کەم لەگەڵ (عبدالحمید) دا بەرەو ڕیٚگەیەکی بنبەست ئەڕوات [3] .

دوای ئەوەی هەولّەکانی(هرتزل) لەگەڵ (عبدالحمید) دا سەرکەوتوو نە بوو ، (هرتزل) ئەڵیٚت : ((لەو حالّەتەدا کە سولّتان فەلەستینمان بداتیٚ ، ئەرکی سەرشانمان ئەوە ئەبیٚت کە کاروبارە دارایی یەکان ڕیٚك و پیٚك بکەین ، بەلاّم لە کیشوەری ئەورووپادا قەلاّیەکی قایم دروست ئەکەین دژ بە ئاسیا ، ئەو کاتە دەست بە دامەزراندنی شارستانیەتیٚك ئەکەین دژ بە

---

1) هەمان سەرچاوەی پیٚشوو ، ص١٣٧ .

2) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ، ص١٤١ .

3) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پیٚشوو ،ص١٤٣ .

دوا کەوتن و لە هەمان کاتدا بەردەوام لەناو ئەورووپادا ئەمێنینەوە بۆ ئەوەی بوونمان دەستەبەرکەین .

لەڕاستیدا (عبدالجمید) ڕای وابوو زۆر پێویستە ڕێگە لە جوولەکە بگرێت بێنە فەلەستین و نیشتەجێ بىن تێیدا و بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ڕەگەزی عەرەبی بکرێ و بەو زۆرینە سروشتی یەی خۆیان بمێننەوە .. لەم بارەیەوە ئەڵێت : ((... بەلاّم ئێمە ژمارەیەکی تەواوی جوولەکەمان هەیە ، جا ئەگەر بمانەوێ کە ڕەگەزی عەرەبی بە زۆرینە بمێنێتەوە ئەوە ئەبێ واز لەو بیرۆکەیە بهێنن کەکۆچەری تر لە فەلەستیندا نیشتە جێ بکەین ، ئەگەر نا ئەوە گەر جوولەکە نیشتە جێ ی هەر خاکێك بىن زۆرنابا دەست ئەگرن بەسەر هەرچی ووزە و توانای ئەو شوێنەدا هەیە ، جا ئەگەر ئێمە وا بکەین ئەوە بڕیاری مردنێکی بێ گومانمان داوە بەسەر ئەو برایانەماندا کە هاو دینن لەگەڵماندا) [1] .

دەوڵەتی عوسمانی زۆر جار هەوڵی ئەوەی ئەدا کە یەهودیە عوسمانیەکانیش لە بیروڕاکانی (هرتزل) و بزوتنەوەی زایۆنیزم دووربخاتەوە ، هەندێ جاریش زمانی هەڕەشەی بەکار دەهێنا لەگەڵیاندا ، لەم بارەیەوە (علی فروخ بگ) لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنە بیانی یەکاندا ئەمە ڕوون ئەکاتەوە و بەبێ پەردە ئەڵێت : (ئەوە زۆر ناڕاستە کە زایۆنیزم هەستن بە دروستکردنی گیروگرفت بۆ دەوڵەتی عوسمانی ، تا ملی پێ کەچ بکەن بۆ بەدەست خستنی بەرژەوەندی یەکانیان ، چونکە ئەم گیروگرفت دروست کردنانە لە کۆتایی دا سەر بۆ ئەوە ئەکێشێ کەخۆیان تووشی سەر ئێشە بکەن و ئاشتی و کامەرانی خۆیان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا لە دەست بدەن ... ئەم خاڵە زۆر ڕوونە سەبارەت بە پەیوەندی عوسمانی یەکان لەگەڵ هاولاّتی یە ئەرمەنی یەکاندا ، چونکە ژمارەیەکی کەم یاخی بوونێکیان بەرپا کردو دەستیان دایە کاری بێ عەقلاّنە و نادروست پشت ئەستور بەڕێنمای یەکانی (میکا ڤیلی) ، ئەوە بوو لە کۆتایی دا هەموو پەشیمانیش بوونەوە لەو کارانەی کردبوویان ، بەبێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێك .

لەگەڵ ئەو شکستەی [2] بەسەر هەوڵەکانی هرتزلدا هات لەگەڵ (عبدالحمید) دا کە چی ئەنوسێ : ((پێویستە ببینە خاوەنی زەوی و لە ڕێگەی خەڵکی جوولەکەشەوە بە شێوەیەکی

---

[1]) بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٦ .

[2]) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ، ص١٤٦ .

پله پله بێ ئەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی توند و تیژی بەرین ، هەوڵ ئەدەین هانی دانیشتوانە ڕەسەنە هەژارەکان بدەین باربکەن بۆ وولاتەکانی دەوروبەرو لە وێدا کاریان بۆ مسۆگەر بکەین و (ئەوەش ئەبێت بزانین) کە ئیش کردن پێیان لە وولاتی خۆماندا کارێکی ترسناکە ، دەست گرتن بەسەر زەویدا لە ڕێگەی بەکرێ گیراوە نهێنی یەکانی خۆمانەوە ئەبێت کە کۆمپانیا یەهودی یەکان دوای ئەوە کاری زەوی‌فرۆشتنیان بەجوولەکە ئەکەوێتە دەست ، لەسەروو ئەمەشەوە کۆمپانیا یەهودی یەکان سەرپەرشتی بازرگانی کردن بە کڕین و فرۆشتنی زەوی یەوە ئەکەن ، بەو مەرجەی کەتەنها بە خەڵکی جوولەکەی بفرۆشێت [1] .

(هرتزل) هەروەها ئەنوسێت : ((دان بەوەدا ئەنێم لەژێر ڕۆشنایی ئەو قسانەمدا لەگەڵ(سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) دا کرد من کە ئێمە ناتوانین سوود لە تورکیا وەربگرین کاتێك نەبێت کە بارودۆخی سیاسی گۆڕانی بەسەردا دێت یان لەو ڕێگەیەوە کە تورکیا بخرێتە ناو شەڕێکەوە و لەو شەڕەدا بشکێت ، یان لەو ڕێگەیەوە بیخەینە ناو کۆمەڵێ گیروگرفتی نێودەوڵەتی یەوە یان لە هەر دوو ڕێگەکەوە لە یەك کاتدا [2] .

(سوڵتان عبدالحمید) ئامانجەکانی جوولەکەی ئەزانی ، ئەوەتا لە یاداشتە سیاسی یەکانیدا ئەڵێت : ((هرتزلی سەرۆکی زایۆنیزم ناتوانێ قەناعەتم پێ بهێنێ بە بیروڕاکانی خۆی ، لەوانەیە ئەو قسەیەی ڕاست بێت لای خۆی کە ئەڵێ : گیروگرفتی جوولەکە کاتێك چارەسەر ئەبێت کە توانای ئەوەی هەبێت خۆی گاسنەکەی خۆی بگرێتە دەست ، بۆیە هەوڵ ئەدات زەوی بۆ برا یەهودی یەکانی دەستەبەر بکات ، بەڵام ئەوەی لەبیر نی یە کە زیرەکی بەس نی یە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکان .. جوولەکە بەوەوە ناوەستن خەریکی کاری کشتوکاڵ بن لە فەلەستیندا ، بەڵکوو ئیشی تریان هەیە وەك دروست کردنی حکومەت و هەڵبژاردنی نوێنەران ، من باش لەوە گەیشتووم جوولەکە چەند چاو چنۆکن ، بەڵام جوولەکە ڕووکەش ئەبینن ، وا گومان ئەبەن من مل بۆهەوڵەکانیان ئەدەم . من چۆن ئەو خزمەتانەی هاوولاتی یە جوولەکەکانی خۆمان ئەنرخێنم کە بەرامبەر (باب العالی) کردوویانە" ئاواش

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٨ .

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤٧.

دژ بەو ئاوات و چاوبڕینانەیان ئەوەستم کە بڕیویانەتە فەلەستین [1] (عبدالحمیدی دووەم) دەربارەی (قودس) یش ئەڵێ :

((بۆچی واز لە قودس بهێنین ... " قدس " خاکی ئێمەیە لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو سەردەمێکدا و تا دونیاش دونیایە هەر ئاوا ئەمێنێتەوە .. ((قدس)) یەکێکە لەشارە پیرۆزەکانی ئێمە ، و ئەکەوێتە خاکێکی ئیسلامی یەوە و ئەبێت هەرواش بمێنێتەوە)) [2] .

(سوڵتان عبدالحمید) (ئەو ماوە زۆرە) گوێ ی بۆ (تیودۆرهرتزل)) گرت مەبەستیشی ئەوە بوو ئەم شتانە بزانێ :

١- ڕاستی نەخشەکانی جوولەکە .

٢- زانینی هێزە جیهانی یەکانی جوولەکە و ڕادەی بەهێزیان .

٣- ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ترسناکی یەکانی جوولەکە [3] .

(سوڵتان عبدالحمید) هەموو دەزگاکانی هەواڵگری دەرەوە و ناوەوەی ئاگادار کرد کە وورد چاودێری جوولەکە بکەن و ڕاپۆرتی (وورد) بنوسن بۆی دەربارەیان ، و دوو فەرمانی دەرکرد : یەکەمیان لە ٢٨ی یوبیو / ١٨٩٠ زدا و دووەمیان لە ٧ی یولیوی / ١٨٩٠ زدا ، لەیەکەمیاندا بڕیاری ئەوە دراوە کە (هیچ جوولەکەیەك وەرناگیرێت لە میرنشینە شاهستانی یەکاندا) و لە دووهەمیاندا هاتووە (ئەرکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە لێکۆڵینەوەیەك بکات لەسەر لق و پۆپەکانی ئەم پرسە و بڕیاری جدی و کۆتایی تێدا بدات [4] .

(سوڵتان عبدالحمید) هەموو ڕێگەیەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی زەوی نەفرۆشرێت بە جوووولەکە لە فەلەستیندا ، لە پێناو ئەمەشدا کاری زۆری بۆ ئەوە ئەکرد کە هیچ جۆرە (امتیاز) ێك نەدرێتە جوولەکە و بیکەنە بیانوو بۆ دەسەلأت پەیدا کردن لەسەر خاکی فەلەستیندا ، کە کار گەیشتە ئەمە پێویست بوو چی ڕێکخراوی زایۆنیزمی هەیە سەر بکەن بەیەکدا بۆ ئەوەی (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) لە دەسەلأت دوور بخەنەوە ، ئەوی پشتی ئەم قسەیە ڕاست ئەکاتەوە ئەو قسەی"(هرتزل) " ە کە ئەڵێت ((من هیچ ئومێدێکم نەماوە بەوەی ئاواتەکانی

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٨ .

2) بڕوانە : العثمانییون في التأريخ والحضارة ، ص٥٧ .

3) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ٥٦ .

4) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص٨٨ .

جوولەکە لە فەلەستیندا بێنە دی ، و جوولەکە ناتوانن بچنە ئەو خاکەی (خوا وادەی پێ داون)[1] تا (سوڵتان عبدالحمید) لەسەر کورسی دەسەلاَت بێت ، و بەردەوام بێت تێیدا[2] .

زایۆنیزمی جیهانی کەوتنە جووڵە ، بۆ پشتیوانی کردنی لە دوژمنانی (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) ، کە ئەوانەش ، یاخی بووە ئەرمەنی یەکان و ناسیۆنالسیتەکانی ناو بەلقان و بزوتنەوەی کۆمەڵەی ((ئیتحاد وتەرەقی)) بوون ، (بڕیاریاندا) کەلە پشت هەموو بزوتنەوەیەکی جوداخوازی یەوە بوەستن کە ئەیانەوێت لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوە[3] .

باسی چوارەم

(سوڵتان عبدالحمید) و کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی

ئەکرێ بێ دوودڵی بڕیاری ئەوە بدەی کە کەسێك هەیە لە توانایدا هەیە کارێك بکات یان لە توانایدا نی یە ، بەلاَم ناتوانی بڕیاری ئەوە بدەی کە بە فلاَن شێوە کارەکە ئەکات ، ئەگەر " کمال بگ " بێنیتە بەرچاوی خۆت ، چونکە ئەو خۆشی خۆی ناناسێت ، ئەتوانی بڵێ ی ئەو یەکێکە لە کەسایەتی یە دەگمەنەکان ، ئەوانەی کە بە دوو شێوەی جیاواز ئەژین،ئەم ژیانەیان بە پێ ی حەزەکانی زۆر جیاوازە لە ژیانەکەی تری ، ئەوانەی لە نزیکەوە ئەیناسن ، ئەزانن .. کاتێك کە لەگەڵ (سرای) دا رێك وبێ کێشە بوو کتێبی (التاریخ العثمانی)) دانا ، و کەئەم پەیوەندی یەشی خراپ بوو ، ئەزانن هات سەری ئەژدیهاکەی قرتاند بەوەی ووتی : ((سەگە ئەو کەسەی بێ ترس لە خزمەت ڕاوکەرێکی بێویژداندا بێت)) ، ئەوکابرایە پیاوێکی حول حولیە ، لەوانیە پیاوێکی زۆر دڵسۆز بێت ، ئەتوانی لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا وای لێ بکەیت وەك تۆ بیر بکاتەوە ، بەلاَم ناتوانی ئەوە بزانی چەند کاتژمێری تر یان چەند ڕۆژی تر لەسەر ئەو بیروڕایە ئەمینێتەوە[4] .

پاش ئەوەی (سوڵتان عبدالحمید) بۆی دەرکەوت کە (کۆمەڵەی عوسمانی یە تازەکان) و بەسەرکردایەتی (مدحت پاشا) بەردەوام کارتی فشار بەکاردێنن بۆ ئەوەی بیروڕاکانی

---

1) ئەوی ناو کەوانەکەمان بۆ ((الارض الموعودة)) بەکارهێناوە (وەرگێڕ. ن.).

2) بڕوانە : الیهود والدولة العثمانیة ، ص١٥٨ .

3) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ی محمد حرب ، ص٢٣٤ .

4) مذکرات السلطان عبدالحمید ، ص٤٧ .

ئەوان وەربگرێت ، و ناچاریشیان کرد شەڕی عوسمانی ڕوسی بکات ، سوڵتان کەوتە کار کردن بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەم کۆمەلەیە بلاْوە پیْ بکات ، سەرتا گەورەکەیان کە (صەدری ئەعظە م)یش بوو (واتە مدحت پاشا)ی دوورخستەوە ، دوای ئەم ڕاستەو خۆ دووپیلان دژی سولْتان ڕاست بوویەوە بۆلابردنی لەسەرکار ، یەکێکیان : بەسەرکردایەتی (علی سعاوی) بوو کە ئەندامی کۆمەلْەکە بوو ، ئەوی تریان :پیلانێکی ماسۆنی بوو کۆمەلْەی ((کلانتی سکالییری عزیر)) پیْ ی هەستا .

هەردوو پلانەکە ئینگلتەرا پشتیوانی لیْکرد ، بەلاْم هەردووکیان نشوستیان هیْنا ، و سولْتانیشی وا لیْکرد کە چاودیْری توند بخاتە سەر ئەو بیروڕا هاوردانە و هەموو ئەوانەش کە کەوتوونەتە ژیْرکاریگەری یانەوە ، لەم سەرو بەندەدا بوو خانەیەکی نهیْنی لە قوتابییانی قوتابخانەی جەنگی لە ئەستنبولْ کە هەواداری ئەو بیروڕا تازەیە بوون ، قوت بوونەوە و ئامانجیان ئەوە بوو کە دژایەتی (سولْتان عبدالحمید) بکەن ، ئەوە بوو یەکیْك لە ئەندامانی کۆمەلْەی (کلانی _ عزیزبگ) ی ماسۆنی کە (علی شفقطی بگ) بوو توانی هەلْبیْت و بچیْتە (نابولی) و لەویْوە بۆ جنیْف ، و لەویْدا لە نیْوان سالانی (١٨٧٩ _ ١٨٨١) ڕۆژنامەیەکی دژ بە دەسەلاْتی عوسمانی دەر بکات بە ناونیشانی (استقبال) واتە: داهاتوو.

لە سالْی ١٨٨٩ زدا لە قوتابخانەی سەربازی تەندروستی دا لەئەستەنبولْ ، ڕیْکخراویْکی قوتابیان دامەزرا ، چونکە هەندیْ مامۆستا لەویْدا بە شیْوەیك زیاتر قوتابیانیان هان ئەدا نەیاری دەسەلاْت بکەن ، و بیرو ڕای عوسمانی یە تازەکان بلاْو بکەونەوە ، دامەزریْنەری ئەم ڕیْکخراوە ((ابراهیم تیمور ڕۆمانی)) بوو کە لەژیْر کاریگەری کوڕە ئیتالْی یەکانی ماسۆنیەتدا بوو ، ئەم ڕیْکخراوەی ناو نا ((یەکیْتی عوسمانی)) و یادی سەد سالْەی شۆڕشی فەڕنسی یان کردە ڕۆژی ئاهەنگیْران و میْژوو بۆ ڕیْکخراوەکەیان و لە ناو ئەنجامەکانیدا : (دژایەتی کردنی فەرمانڕەوایی (سولْتان عبدالحمید) ، دامەزراندنی دەولْەتیْك کە گونجاو بیْت لەگەلْ بیرو ڕا سیاسی یەکانی سەردەمدا ، کە ئەزمونی دەولْەتە ڕۆژئاوای یەکان بکاتە نمونە بۆ خۆی ، وەك _ ئینگلتەرا و فەڕنسا و ئەلْمانیا و بانگەشە کردن بۆ دەستوور و ئازادی و دیموکراتی) هە بوون ..) [1] .

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحمید الثاني ، ص٢٧٩ .

لەم قوتابخانەی سەربازی تەندروستی یەوە ، بیروڕاکانی کۆمەڵەی (یەکێتی عوسمانی) تەشەنەی کرد بۆ هەمووقوتابخانە باڵاکانی تر ، گشت خانەکانی ئەم کۆمەڵەی یەکێتی یە خانەی نهێنی بوون لەسەر سیستمی کۆمەڵەی (کاربۆناری) ئیتاڵی کاریان دەکرد .

ئەم کۆمەڵەیە پەلەپەلی نەئەکرد ، نە لە بانگەشە بۆ بیروڕاکانی ، نە لە چالاکی و جووڵاندا دژ بە سوڵتان ، تەنانەت (احمد رضابگ) تا پلەی بەڕێوبەری بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف لەناوچەی(بۆصە) ش چوو ، پاشان لە ساڵی ١٨٨٩ زدا سەردانێکی پاریسی کرد بە بیانوی ئەوەی کە بۆ پێشەنگایەکی نێو دەوڵەتی ئەچێت لە پاریس ، کە گەیشتە ئەویٚ ڕای گەیاندئیتر ناگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی ، و لە فەڕەنسادا نزیکەی شەش ساڵ مایەوە ، جوڵەیەکی نەیاری وای لیٚ دەرنەکەوت شایەن بە تۆمارکردن بێت ، تا ساڵی ١٨٩٨ ز کە ڕۆژنامەی (مشورات) ی دەرکرد .

دامەزرێنەری کۆمەڵەی یەکێتی _ ابراهیم تیمور _ باسی ئەوە ئەکات کە زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوە بەسەرئەبرد تا ساڵی ١٨٩٤ ز _ و هەر لەهەوڵی ئەوەدا بوو ئەندامی تازەپەیدا بکات بۆ ڕێکخراوەکەیان و پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانەیان بکات و کۆبونەوەی نهێنی بکات و چالاکی یە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکان بخوێنێتەوە کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی عوسمانی یە تازەکانەوە ئەنووسران ، وەك _ نامق کمال و ضیاء پاشا ، هەروەها بلاْوکراوەکانی (علی شفقطی بگ) کەڕای کرد بوو بۆ ئەوروپا و ئەندامی (کلانتی ماسۆنی) بوو(٢)[1] . لە ئەنجامی نامە گۆڕینەوەی نهێنی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی یەکێتی عوسمانی لە دەرەوە و لە ناوەوە ، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە کاری سەربازی و مەدەنییان دژ بە سوڵتان یەك بخەن ، ناوی (کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی) بنێن لە خۆیان وەك (ڕێکخراوێك) بۆ یەکگرتنی هەردوو باڵی (سەربازی و مەدەنی) کە لە بازنەی یەکێتی یەکدا کاریان ئەکرد .

ناوی کۆمەڵەکە لە ناوەندە سەربازی یەکاندا بریتی بوو لە (یەکێتی عوسمانی) ،(احمد رضا بگ) نوێنەری باڵای مەدەنی بوو ، لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی (اوغست کانت) ی فەیلەسوفدا بوو، دەستوری ئەم فەیلەسوفە ئەوە بوو : ((ڕێکخستن و گەشەکردن)) ، (احمد رضا) ووشەی ((گەشەکردن))ی لە دەستوری (کانت) ەوە وەرگرت ، باڵە سەربازیەکەش

---

[1]) بڕوانە : مذکرات ابراهیم تیمو ، ص٩ .

دەستیان گرت بەناوی ((یەکێتی)) یەکەوە ، هەموو لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ناوی کۆمەڵەکەیان ((یەکێتی و گەشەکردن)) بێت [1] .

خانەکانی (یەکێتی و گەشەکردن)(*) بەناو یەکەکانی سوپا و فەرمانبەرەکانی دەوڵەت لەدەزگا مەدەنیەکاندا بلاْوبوویەوە و ، ئەم دوو باڵە لە (پارسیدا) یەکیان گرت لە یەك کاردا بە هەر دوو باڵە مەدەنی و سەربازی یەکەیەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیك دژ بە (سوڵتان عبدالحمید) بکەونەکار ، ئەم کۆمەڵە توانی سوڵتان لە ٢٤/ یولیو / ١٩٠٨ زدا ناچار بکات دەستور ڕابگەیەنێت کە لەوە و پێش و لە ساڵی ١٨٧٧ زدا بڕیاری ئیش ڕاگرتن بەدەستور دا بوو [2] .

بیری سیاسی کۆمەڵەی ((ئیتیحادو تەرەقی)) پێ ی لەسەر چەمەکەکانی طورانی دائەگرت لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە ، " طورانیەت " ناوێکە ئاماژە بۆ نیشتمانی ڕەسەنی تورك ئەکات ، و ئەم ناوە ئەدرێتە پاڵ کێوی " گوران " کە ئەکەوێتە ناوچەی باکوری ڕۆژهەلاّت لە ئێراندا [3] .

لەناو بزوتنەوەی ((ئیتیحادو تەرەقی)) دا ڕەوتێکی بەهێز هە بوو پێ ی لەسەر ئەوە دا ئەگرت کە تورك کۆنترین میللەتانی سەرزەوی یە و لە هەموو میللەتانی دنیا ڕەسەنترە و پێش هەمووان شارستانێتی ناسیوە ، ئەمان و ڕەگەزی (مەغولی) لە بنەڕەتدا یەکن و ئەبێت ببنەوە بەیەك ، و ئەمە ناو ئەنێن ((کۆمەڵەی طورانی)) و ئەمەیان تەنیا قۆرغ نەئەکردەوە لەو تورکانەدا کە لە (سیبریا) و تورکستان و صین و فارس و قەوقاز و ئەناضۆلَ و ڕوسیادا هە بوون ، دروشمیان گوێ نەدان بوو بە ئایین و پشتگوێ خستنی جامیعەی ئیسلامی بوو، کاتێك نەبێت کە خزمەت بە ناسیونالیزمی طورانی بکات ، ئەوکاتە ئەبێتە ((کەرەسە)) نەك ((مەبەست)) ! ئەمەش واتای ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەم ئاڕاستەیە بانگەشە بۆ زیندوکردنەوەی بیروباوەڕە بتپەرستیەکانی کۆنی تورك ئەکات وەك(بتی کۆنی تورك بوز قورت) یان گورکی

---

[1]) بڕوانە : السلطان عبدالحميد الثاني ، ص٢٨١،٢٨٠ .

(*)ئێمە لەم نوسینە دازیاتر(ئیتیحادوتەرەقی)مان بەکارهێناوەتە((یەکیەتی وگەشەکردن)) (وەرگێڕ:ن.)

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٨١ .

[3]) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ، ص١٨٣ .

سپی _ ڕەش کە وێنەکانیان خستنە سەر(پولی پۆستە)و سروودیان پێدا هەڵئەدان و سوپایان بەو ئەرکە بارکرد کە ئە بوو هەموو پێش خۆر ئاوا بوونێك ڕیز ببەستن و ئەو سروودە بڵێن ، وەك ئەوەی سلاو کردن لە (گورگ) لە بری نوێژ دانرابێت ، ئەمەش وەك زیادەڕەوی یەك بۆ ئەوەی هەستە ناسیۆنالیزمەکە بچێتە جێگەی هەستە ئاینی یەکە ، ئەم کەسانە (ئەتلاو طغرك ، جەنگیزخان و تیموری لەنگ) بە پاڵەوان و قارەمانی خۆیان ئەزانن و نمونەیان پی"دێننەوە .

ئەم ئاڕاستەیە لەناو (طورانیە ت)دا ئەوەندە توند ڕەوی کرد گەیشتە ئەوە بڵێن : ((ئێمە تورکین و کەعبەی ئێمە طورانە) ، ئەمانە بەردەوام گۆرانی بە بالآی (جەنگین)دا ئەڵێن و زۆر بەسەرسامیەوە باس لە فتوحاتەکانی مەغۆل ئەکەن و نکوڵی لە هیچ کارێکیان ناکەن و سروودیان بۆ هەموو ڕووداوەکانی جەنگیزخان داناوە بۆ ئەوەی هەموو کەس سەرسام بێت پێیان و دەرونیان بچێتە ئەو ئاستەی ڕێبەرەکەی ئەمانی پی' گەیی ، هەموو ئەمانە نوێنەرایەتی ئەو ئاڕاستەیان ئەکرد : (فیاکوك الب) [1] و یوسف اقثور و جلال ساهر و یحیی کمال و حمدالله صبحی و محمد امین بەگی شاعیر و زۆرێك لە ئەدیبان و زۆربەی تری قوتابیان و نەوەی نوێ .

کاریگەری جوولەکە لەسەر (طورانیە ت) شتێکی ئاشکرایە ، لەم ڕووەوە (نیازی برکس) لە کتێبی " هاوچەرخی لە تورکیا " دا ئەڵێ : ((جوولەکەکانی ئەوروپا و جولەکە خۆ جێی یەکانیش لەهەردووسەدەی نۆزدەهەم و بیستەم دا ڕۆڵی گەورەیان بینی لە دامەزراندنی ناسۆنالیزمی گورانیەتدا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا لە هەردوو سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا ، زانا جولەکەکان لە ڕۆژئاوادا وەك (لومالی داڤید و لیون کاهون و ئەرمینیوس نامیری) دەستیان دایە نوسین لەسەر بنچینەکانی بیری ناسۆنالیزمی طورانی ، هەر وەك جولەکە خۆجێ یەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەك کراسوا (قەرەصو) و موئیز کوهین و ئابراهام غالانتی ، پشکی گەورەیان هەبوولە کۆمەڵەی (یەکێتی و پێگەیشتن) دا ، هەرئەوەندەی ئەم کۆمەڵە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و حوکمی (عبدالحمید)یان لابرد و دەستیان بەسەر

[1]) بڕوانە : الیهودو الدولة العثمانیة ، ص١٦٥ .

دەسەڵاتدا گرت خێرا زایۆنیزم داوای لە یەکێتی یەکان کرد کە کۆمەڵە دان بەوەدا بنێت کە فەلەستین نیشتمانێکی نەتەوەیی جوولەکەیە ..) [1] .

(نیازی برکس) لەو کتێبەی ڕابورد" ناوی " موئیزکوهین " ی جوولەکە دێنێ ، کە ((رینیە بیلو)) بەم شێوەیە باسی ئەو کابرایە دەکات و دەڵێت :

١- بە دڵنیایی یەوە ((کوهین)) یەکێکە لەدامەزرێنەرانی بیری ناسۆنالیزمی طورانی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا .

٢- کتێبەکەی ((موئیزکوهین)) بریتی بوو لە (کتێبی پیرۆز) بۆ سیاسەتەکانی طورانیەت) [2].

ئەم موئیز کوهینی جولەکە (مەزهەبە) زۆر چالاکانە پێناسەی ((بزوتنەوەی یەکێتی وگەشەکردن)) ی لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا ئەکرد ، چونکە لەگەڵ زانینی زمانی عیبرانی و تورکیشدا چەند زمانی ئەورووپیشی ئەزانی بە وتارێك دەستی پێ کرد کە بە زمانی فەڕەنسی نوسیبووی بە ناوی (تورکەکان بە دوای گیانێکی ناسیۆنالیزمی دا ئەگەڕێن) [3] .

موئیز کوهین پشکی گەورەی هە بوو لە داڕشتنی سیاسەتە ڕەگەزپەرستی یەکەی طورانیەت دا ،ئەو سیاسەتەی کە کۆمەڵی (ئیتیحادو تەرەقی) لەسەری ئەڕۆیشتن و ئەو سیاسەتەش بوویە هۆی لێکترازاندنی گەلەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی و کردنی بە ڕەقیبی یەکتری .

ئەم کابرا جوولەکەیە نەماندوبون و نە بێ تاقەتی نەئەزانی لەکارکردندا بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ناسیۆنالیزمی (تورکی) بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەت و پەت بکات ، سێ کتێبی نوسی کە دوایی بوویە میتۆد بۆ یەکێتی یەکان کە ئەمانەن : (ماذا یمکن ان یکسب الاتراك من هذه الحرب) و (الطوران) و (سیاسه التتریك) .. ئەم نوسەرە یەهودیە نوسینی لەسەر بیری کەمالیەتیش هەیە وەك (الکمالیه) و کتێبی تریشی بەناوی (الروح الترکیه)هەیە کە تێیدا مێژووی گەشەسەندنی " ڕەگەزی تورکی " ی باس کردووە [4] .

---

[1]) بڕوانە : العثمانیون في التأریخ والحضارة ، ص١١٩ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٩ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٠ .

[4]) بڕوانە: العثمانیون في التاریخ والحضارة ، ص١٢٢ .

کۆمەڵـەی (یـەکێتی و گەشەسـەندن) کـاری بـۆ ئـەوە ئـەکرد هەسـتی ناسـیۆنالیزمی لای تورکـەکان بوروژێـت لەژێرخـەونی طـورانیەتـدا ، چـەند چـەمکێکی تـازەی خـستە نـاو وەك (نیشتمان) و (دەستور)و (ئازادی) کە ئەم چەمکانە شتی نامۆ بوون لـە ناوعوسمانی یەکاندا و کۆمەڵێك لاوی ڕۆشنبیری تورك لە ڕیزەکانیاندا هە بوون جگـە لـە جوولەکـەکانی دۆنمـە ، و مەبەستی سەرەکیشیان ئەوە بوو کە حوکمی (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) نەهێڵن [1] .

(باس پێنجەم)

(دەست گرتن بەسەر فەرمانڕەوایی سوڵتانی عبد الحمیدی دووەمدا)

سـوڵتان عبدالحمـدی دووەم زۆر بـەئاگاو بەحـەزەر بـوو لـە کۆمەڵـەی (ئیتیحـادو تـەرەققی) پاڵپـشت کـراو بـە جولەکـەو دەسـتەو تاقمـە ماسـۆنی و دەوڵەتـە ڕۆژئـاوایی یـەکان . دەزگـای زانیـاری سـوڵتان عبدالحمیـدی دووەم تـوانی کـە شـارەزایی لەسـەر ئـەو بزوتنـەوەیە بەدەسـت بخـات و زانیـاری یـەکانی لـەبارەوە کۆبکاتـەوە ، بـەڵام بزوتنـەوەکـە بـەهێز بـوو ، چـاودێری عبدالحمیدیش لەسەر ئەندامانی ئەو بزوتنەوەیە لە کاتێکی دواتر و درەنـگ دا بـوو ، بەوەی خەڵکیان پاڵ پێوە نا بۆ چەندخۆپیشاندانێکی پڕ هەراو هوریا لە (سلانك) و (مناسـتە) و (ئـسکوب) و(سوسـن) و داوای پێداچـونەوەی دەسـتوریان دەکـرد . زیـاد لـەوەیش خۆپیشاندەران هەڕەشەی کشان بەسەر قوستەنتینیەیان دەکرد . ئەو کارەی وایکرد سوڵتان ملبـدات بـۆ داواکـاری خۆپیـشاندەران و هەسـتا بەڕاگەیانـدنی دەسـتورو زیندووکردنـەوەی پەرلـەمان ، ئـەوەیش لـە ٢٤ی تـەمووزی ١٩٠٨ دا بـوو . لێـرەدا چـەند هۆکارێـك وای لـە(ئیتیحـاد و تـەڕەقی) کـرد کـە لـەو ماوەیـەدا سـوڵتان عبدالحمیـدی دووەم لەسـەر کورسـی دەسەڵات بمێنێتەوە ، لەوانە :

١-(ئیتیحاد و تەڕەققی) هێزی تەواو پێویستی نەبوو بۆ لابردنی سوڵتان لە ساڵی ١٩٠٨ ز دا .

٢- سـوڵتان عبدالحمیـدی دووەم سیاسـەتی نـەرمی لەگەڵـدا نوانـدن ، بـەڵێنی جێبـەجێکردنی خواستەکانیان کە هێنانەوەی دەستور بوو .

٣- هـۆگری عوسمـانی یـەکان بـۆ خـودی سـوڵتان عبدالحمید . ئەم خاڵـەیش ڕوون و دیـارە ، چـونکە لیژنـەی ئیتیحـاد و تـەڕەققی زاتـی تـەواو و پێویـستی نـەبوو لەسـەر بڵاوکردنـەوەی

---

[1]) بڕوانە : اليهود والدولة العثمانية ، ص١٦٨ .

بانگەشەکانی دژ بە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم لە نێو سەربازەکانیدا چونکە ئەو خەڵکە ڕێزی سوڵتانیان دەگرت و بە گەورەیان دادەنا [1].

بەڕاستی زایۆنیزمی جیهانی بەوەوە نەوەستاکە کودەتای دەستوری لە ساڵی ١٩٠٨ز دا بکات . بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەڕەقیدا هاوکاری کرد لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوت گەلێکی زیاتر لە نێو فەلەستیندا .بۆ ئەمەش وا پێویست بوو بە یەکجاری ڕزگاری بێت لە سوڵتان عبد الخمیدی دووەم . بۆیە نەخشەی ڕووداوەکانی ٣١ی ئەبرێلی ١٩٠٩ ی نێو ئەستەنبوولی سازدا . کە لە ئەنجامەکەیدا پێکدادانێکی گەورە ڕویدا و تیادا هەندێ سەربازی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەڕەقی کوژران کە لە مێژوودا بەناوی (ڕوداوی ٣١ی مارت) ناسراوە .

ئەو پێکدادانە گەورەیە بە پلانێکی ئەورووپی جولەکانە لەگەڵ پیاوانی ئیتیحاد و تەڕەققی لە پایتەختدا ڕویدا . لە ئەنجامدا سەربازانی(ئیتیحاد و تەڕەقی) لە سلانیکەوە کەوتنە ڕێ و چوونە ئەستانبوول ، بەمە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم لە هەموو دەسەڵاتی شارستانی و ئایینی یەکان داڕنرا ، پاشان کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەڕەقی) ئەم تۆمەتانەیان دایە پاڵ :

١- ئەنجامدانی ڕوداوی ٣١ی مارت .

٢- سوتاندنی قورئانەکان .

٣- زیادەڕۆیی کردن .

٤- ستەمکاری و خوێن ڕشتن [2].

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی (ئتیحاد و تەڕەققی) کاری بە بیرۆکە ڕۆژئاوایی یەکانی دژ بە ئیسلام و بیری ئیسلامی ئەکرد ، بەڵام لەکاتی قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا ئایینیان بەکارئەهێنا بۆ کاریگەری کردنە سەر خەڵکەکەو بەدەستاهێنانی پشتیوانان بۆ خۆیان دژ بە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم . لە و کارەشیاندا سەرکەوتوو بوون . کۆمەڵەکە لە بەیانەکەیاندا بۆ عوسمانی یەکان دەیانوت : (ئەی عوسمانی یەکان : مەبەستی ئێمە سەلامەتی دەوڵەت و خەلافەتە و هیچ کەسیش نی یە لەوە بێ ئاگا بێت) . (پشت بەخواو هیممەتی برایان) و (

---

[1]) اليهود و الدولة العثمانية ص١٦٨

[2]) العثمانيون في التأريخ والحضارة ص٥٠

ئـەی موسـڵمانان : بەسـە ئـیتر هـەروەك تەماشـاكەرێك سـەیری سـوڵتانێكی خـۆ سـەپێن و بێباوەڕبكەین كە قورئان لە ژێرپێكانیدا دەشێلێت ، هەروەها ویژدان و ئیمانیش ئەخاتە ژێر پـێ) و (ڕاچڵەكێن ئـەی ئوممـەتی محمـد) و (دلێـری دلێـری ئـەی موسـڵمانان ! دلێری لـە ئێمەوەو یارمەتی لە خواوە ، نـصر مـن الله وفتح قريـب) و (ئـەی موسـڵمانی یەكتاپەرست ! بـەناوی پەروەردگارتـەوە بخوێنـە) و (ئـەی موسـڵمانی یەكتاپەرسـت ڕاپـەڕەو ئـایین و ئیمانەكـەت لـە دەسـت ستەمكاران ڕزگار بكە و بەوەیش خـۆت ڕزگار بكـە ! چونكە لێرەدا شەیتانێكی خۆسەپێن و زۆردار هەیە كە تاجێكی لەسەرسەری داناوە و ئایین و ئیمانەكـەت لە دەستی ئەو دایە . جا ئەی یەكتاپەرست ئایین و ئیمانەكەت لە دەستی ئـەو ڕزگار بكـە) و (ئەیموسـڵمانان : سـوڵتان عبدالحميـد – بـە پێـی شـەرع – سـوڵتان و خەلیفـە نـی یـە ! هەركەسیش بـاوەڕ بـەو قـسەیەمان ناكـات : بـا بڕوانێتـە قورئـان و فـەرموودەكانی پێغەمبـەر (صـلى الله عليـه وسـلم) . بەڕاسـتی كۆمەڵەكـەمان بـە ئایەتـە قورئـانی و فـەرمودەكانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و فرمانەكانی خواو فرمانەكانی پێغەمبـەر (صـلى الله عليـه وسلم) سـەری هەڵـداوە كـە ئاڕاسـتەی حكومـەت و خـەڵك كـراون . بـەڵام سـوڵتان عبدالحميـد خـۆی دوور گرتـووە لـە فەرمانـەكانی خـواو پێغەمبـەر (صـلى الله عليـه وسـلم) لەمـەوە : ستەمكاری یەكەی چەسپاو و سەلمێنراوەو شـەرمی ڕەخنـەگرتن لـە خـوا تێدا نـی یـە ، بۆیـە پێویستە لەسـەر گەلەكـەمان پـەنا بـەرن بۆ چـەك لـە دژی . ئەگـەر گـەل ئـەوە نـەكات ، ئـەوكات دەبێت تاوانەكانی سوڵتان عبدالحميد وەك ستەمكارێك لە ئەستۆ بگرێت)[1].

بەڕاستی بیری جوڵێنەری نێو ئاڕاسـتەكانی كۆمەڵـەی ئیتیحـاد و تـەڕەقی بریتـی بوو لـە بیروڕای :

(ماسۆنیەت) كە دان نانێت بە هیچ ئاینێكدا وكاربە فەلسەفە دانراوەكان (عەقڵانیـەت ، كە ئـایین ڕەت ئەكاتـەوە) و عەلمانیـەت (كـە ئـایین لـە ژیـان دوور دەخاتـەوە) دەكـات . لەگـەڵ ئەمەیشدا شۆڕشگێرە ئیتیحادی یەكان ئایینیان بەكار دەهێنا بۆ دژایەتی كردنـی سـوڵتان عبدالحميدی دووەم و بەناوی ئایینەوە قسەیان بۆ هەڵدەبەسـت[2] ئـەو تۆمەتانـەی ئاڕاسـتەی سـوڵتان عبدالحميـدی دووەم كرانـەوە ، لـە بـەردەم لێكۆڵینـەوەی زانـستی دا دەركـەوت كـە

---

[1]) السلطان عبدالحميد الثاني ص٢٨٢ ، ٢٨٣ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ص ٢٨٣ .

خۆیان ناگرن هەروەك لەبەردەم ئەو بەڵگانەدا خۆیان ناگرن كە شایەتن لەسەر دوورە پەرێزی تەواوی سوڵتان لەوانەی دراونەتە پاڵی ، بە بەڵگەكان بێ ئاگای سوڵتان هەر ئاگاداری ڕوداوی ٣١ی مارت نەبووە ، هەروەك (شتێكی مەحاڵە كە سوڵتان عبدالحمید قورئان بسوتێنێن ، چونكە ئەو سوڵتانێكی ناسراو بووە بە لە خوا ترسی ، و نوێژنەكردن و تەمبەڵی كردن لە پەرستشی لێنە بینراوە ، هەروەك ئەو بە زێدەڕۆیی نەكردن ناسراوە ، چونكە ئەو زێدەڕۆیی نەزانیوە بەوەی هەمیشە ماڵ و سامانی لەلا كۆبووەتەوە . ئەو لە ماڵی تایبەتی خۆی چەندین باری گرانی لە سەرشانی دەوڵەت لابردووە) . لەمەڕ ستەم و خوێن ڕێژیشەوە ، سوڵتان عبدالحمید شتی وای لێ نەبینراوە ، خوێن ڕشتنیش هیچكات لەنێو سیاسەتی ئەودا نەبووە [1] .

ئەوە لە بیروخولیای كودەتاكەران وون نەدەبوو كە فشاربەرن بۆ موفتی ئیسلام محمد ضیاءالدین تا فەتوای لابردن لەسەر كاری خەلیفە دەربكات ، جا لەڕۆژی سێ شەممە ٢٧ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ ز دا ٢٤٠ ئەندامی ئەنجومەنی ناوداران لە كۆبوونەوەیەكی هاوبەشدا كۆبونەوەو بەیەك دەنگ بڕیاری لابردنی سوڵتان عبدالحمیدیان دا نوێنەر (حەمدی ئەفەندی مالی) ڕەشنوسی فەتواكەی شێخی نوسی ، بەڵام ئەمینی فەتوا (نوری ئەفەندی) كە بانگ كرابوو بۆ كۆبونەوەكە ، ئەو ڕەشنوسەی ڕەت كردەوە و هەڕەشەی دەست لە كاركێشانەوەی لە پۆستەكەی خۆی كرد ئەگەر گۆڕانكاری بەسەردا نەهێنرێت ، ژمارەیەك لە پشتوانەكانی لە نوێنەران لەو گۆڕانكاری یە دا پشتگیریان كرد . بۆیە بەشی كۆتایی گۆڕدرا بەوەی ئەنجومەنی (مبعوثان) بڕیاری ئەوەی دا سوڵتان خۆی وازبێنێ یان لەكورسی دەسەڵاتلا بدرێت .

ئەمەیش دەقی فەتواكەیە : (ئیمزا كراو لەسەری لەلایەن شەیخو ئیسلام محمد فیساءالدین ئەفەندی یەوە و ئەنجومەنی (مبعوثان) بەكۆی دەنگ لەسەری ڕێكەوتوون كە : (ئەگەر پێشەوای موسڵمانان (زەیدناوێك) خوو بگرێت بەوەوە كەباس و خواسە گرنگە شەرعی یەكانی نێو كتێبە شەرعی یەكان پشتگوێ بخات و كتێبە باسكراو خراپەكان كۆبكاتەوەو زێدەڕۆیی لە بەیتوڵمانی موسوڵماناندا بكات و ڕێككەوتنی پێچەوانەی بەڵگە شەرعی یەكان ئیمزا بكات و كوشتن و گرتن و ئاوارەكردنی تاكی كۆمەڵگە بەبێ هۆكاری

[1]) العثمانيون في التأريخ والحضارة ص٥٠ .

شەرعی دەست بداتیّ و هەموو ستەمکاری یەکانی تربکات ، پاشان سویّند بخوات کە وازبهیّنیّ و کەچی سویّندەکەی بشکیّنیّ و بگەڕیّتەوە سەرڕەوشتەکانی جارانی و ، و سوربیّت لەسەر ڕوودانی فتنە و ئاژاوە تاکوو بەتەواوی باری موسڵمان تووشی بشیّوی بکات و . لەلایەن موسڵمانانەوە لە هەمو بەشە ئیسلامی یەکانەوە بە دووبارەو یەکڕایی ناڕازی بەرزببیّتەوە و وا هەست بکریّ کە (ئەم زەید) ە لەسەر کار لابراوە و لە مانەوەیدا تیّبینی زیانیّکی دیاربکریّت و لە لابردنیشیدا خیّر ببینریّت . ئایا لەسەر ئەهلی(حەل و عەقد) و کاربەدەستان پیّویست ئەبیّت کەدابەزین لە خیلافەت و دەسەڵاتبخەنە بەردەستی زەیدی ناوبراودا یان لەلایەن خۆیانەوە لایبەن ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە : بەڵیّ پیّویستە) .[1]

ئەو فەتوایە لە کۆبونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنەی نەتەوایەتیدا خویّندرایەوە و نویّنەرە ئیتیحادی یەکان هاواریان کرد : دەمانەویّت لایبەرین ، پاش قسەگۆڕینەوەیەك یەکدەنگ بوو لەسەرلابردنی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم .[٢]

بە داخوازی یەکی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەڕەققی) لیژنەیەکی ڕاگەیاندنی خەلیفەی موسڵمانان و سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی عبدالحمیدی دووەم پیّکهیّنرا بۆ بڕیاری لابردنی . ئەو لیژنەیە پیّکهاتووە لە :

١- ئیمانویل قراصو : کە جولەکەیەکی ئیسپانی بوو ، لە کەسە یەکەمەکانەن کە بەشداربووە لە (بزوتنەوەی تورکیای گەنجان) دا و لەبەرامبەر کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەڕەقیدا بەرپرسی نانەوەی ئاژاوەگیّڕی و هاندان بوو دژ بە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم ونهیّنی پاریّزی زانیاری وەرگرتنی نیّوان سلانیك و ئەستانبوول بوو لەو بوارانەی پەیوەند بوون بە پەیوەندی یەکانی بزوتنەوەکە وە ، ئەم قراصوەیە پاریّزەر بوو کۆمەڵەی(ئیتیحاد و تەڕەققی) بەسەرکەوتوویی نیشانیان کرد بۆ دامەزراندنی لە ئەنجومەنی نویّنەرانی عوسمانیدا ، جاریّك نویّنەری سلانیك و دووجارنویّنەری ئەستانبول بوو . سەرچاوە ئینگلیزی یەکان وا باس و وەسفی دەکەن کەیەکیّك بووە لەسەر کردەکانی ئیتیحاد و تەڕەققی بوو . لەکاتی جەنگ دا وەك موفەتیشی بوژاندنەوە(ئیعاشە)کاری کردووە ، لە کاتی ئەو پایەیەدا توانی

---

[1]) صحوة الرجل المريض ص٤١٠ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پیّشوو ص٤١٠ .

ماڵ و دارایی یەکی زۆر کۆبکاتەوە بۆ حسابی تایبەتی خۆی ، لە داگیرکاری ئیتاڵیا بۆ لیبیا ڕۆڵێکی گرنگی بینی کە ئیتاڵیبا ماڵ و دەستکەوتێکی بێوێنەی پێدا .

لە ئەنجامی ناپاکی لە دەوڵەتدا ناچار بوو ڕابکات بۆ ئیتاڵیا ومافی هاووڵاتی بوونی ئیتاڵی بەدەست بهێنێت و لە (تریسنا) نیشتە جێ بوو و لەساڵی ١٩٣٤ز دا مرد . لەکاتی بوونی لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا ، گەورە مامۆستای کۆڕی مقدونیا یزولتای ماسۆنی بوو .

٢- ئارام : ئەرمەنی بوو ئەندامی نێو ئەنجومەنی ناودارانی عوسمانی بوو .

٣- ئەسعەد طوبطانی : ئەلبانی بوو ، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا جێگری ناوچەی دراج بوو .

٤- عارف حیکمەت : کە فەریقی دەریایی و ئەندامی ئەنجومەنی ناوداران بوو ، کە خەڵکی کەرەجی عێراق بوو [1]

سوڵتان عبدالحمید لە یادەوەری یەکانیدا درێژەی ئەو ڕوداوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت : (ئەوەی دڵگرانم دەکات دوورکەوتنەوە لە دەسەلات نی یە ، بەڵکوو ئەو هەڵسوکەوتە بێڕێزانە بوو کە ئەسعەد پاشا دوای چەند قسەیەك ئەنجامیدا ، کە لە هەموو سنورێکی ڕەوشت چووبوە دەرەوە ، کاتێك پێم ووتن : من سەرم بۆ شەریعەت و بڕیاری ئەنجومەنی مەبعوثان دادەنەوێنم ، ئەوەیش بڕیاری خوایە ، بەڵام ئەوەندەیە من دوپاتی دەکەمەوە نە لە دوورو نە لە نزیکەوە بچوکترین پەیوەندیم نی یە بەو ڕووداوانەی لە ٣١ی مارت دا تەقینەوە ، پاشان بە دوایدا ووتی : ئەو بەرپرسیاریەتەی لە ئەستۆتان گرتووە زۆر قورسە) . پاشان عبدالحمید ئاماژەی کرد بۆ قراصو و ووتی : ئەم جولەکەیە لە پێگەی خەلافەتدا چی دەکات و بەچ مەبەستێك ئەم کەسەتان هێناوە بۆ بەردەمم ؟) [2] .

بەراستی جولەکە و ماسۆنی یەکان ئەو ڕۆژەیان بە جەژنی خۆیان دەربڕی و پێی دڵخۆش بوون و هەستان بە ڕێپێوانێکی گەورە لە شاری سلانیکدا ، ماسۆنی یەکان بەمەوە نەوەستان بەڵکوو وێنەی ئەو ڕێپێوانەیان لە چەند کارتێکی نامەیدا چاپ کرد تا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە بازاڕەکانی تورکیای عوسمانیدا بفرۆشرێت . بەڕاستی ئیتیحادی یەکان هەمیشە شانازی یان بەوەوە دەکرد کە ماسۆنین . ڕەفیق مانیاسی زادە چەند

---

[1]) العثمانیون في التأريخ والحضاة ص٥١ .

[2]) الیهود الدولة العثمانیة ص٢١٩ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ص ٢٢٠ .

پەیامێکی بۆ ڕۆژنامەی (تمیس) ی فەرەنسی خستە ڕوو لە دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی بزوتنەوەی (ئیتیحاد و تەڕققی) کە تیایدا هاتبوو (لە ڕاستی دا لە یارمەتی یە ماددی و مەعنەوی یانەدا کە لە کۆمەڵەی ماسۆنی یە تی ئیتاڵی یەوە وەرمان ئەگرت کە یارمەتی و پاڵپشتی یەکی گەورەیان ئەکردین ، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەهێزو پتەومان لەگەڵیاندا) [1] .

سوڵتان عبدالحمید لە نامەیەکیدا کە ئاڕاستەی شێخ محمود ئەبو الشاماتی کردبوو(کە مامۆستای بوو لە ڕێبازی لە شاذەلیدا لە دوای لابردنی، ئەو پەیوەندیە نێوان صەهیۆنیەت و ماسۆنی یەتی ڕوون کردبوویەوە ، ئەمەیش لە ساڵی ١٣٢٩ ك دا بوو [2] کە تیایدا هاتبوو : (ئەو ئیتیحادی یانە سوربوون لەسەر کە من دان بنێم بە دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە خاکی پیرۆزی فەڵەستیندا ، لەگەڵ ئەو زۆر کردنەیاندا بە هیچ جۆرێك ئەو داخوازی یەم قبوڵ نەکرد ، لە کۆتاییدا بەڵێنی پێشکەش کردنی ١٥٠ ملیۆن لیرەی ئاڵتونی ئینگلیزی یان دا ، دووبارە بە هەمو شێوەیەك ئەو داخوازی یەم بەرپەرچ دایەوە و بەم وەڵامی یەکلایی یەوە وەڵامم دانەوە (ئێوە ئەگەر پڕ بە هەموو دنیا ئاڵتونم بدەنێ ، بە هیچ جۆرێك ئەو داخوازی یە تان قبوڵ ناکەم ، بەڕاستی زیاتر لە ٣٠ ساڵە خزمەتیمیللەتی ئیسلامی و ئوممەتی موحەممەد دەکەم ، ئێستا ئەو لاپەڕانەی موسڵمانان ناشۆرمەوە) .

پاش ئەو وەڵامەم یەکدەنگ بوون لەسەر لابردنم ، و وایان پێڕاگەیاندم : کە ئەوان بە زوویی دوورم دەخەنەوە بۆ سلانیك ، جا ئەو کۆتا داخوازی یە یانم قبوڵ کرد ، ئەمەو سوپاسی خوام کرد و ئەیکەم کە قبوڵی ئەوەم نەکرد، ئەو شەرمەزاری یە هەمیشەیی یەم نەهێنا بەسەر جیهانی ئیسلامیدا کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکە بوو لە خاکە پیرۆزەکانی فەلەستنیدا) [3] .

لە نوسراوێکدا کە لە ڕۆژنامەی (بویرك ضوغو) ی تورکیدا لە ٢ی مایۆی ساڵی ١٩٤٧ ز ژمارە ٦١ دا محرم فوزی طوغای لە ژێر ناونیشانی (فەلەستین وکێشەی جولەکە) دا دەڵێت :

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢١ .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٣ .

3) هەمان سەرچاوەی پێشوول ٢٢٣ .

(سوڵتان عبد الحمید ڕێگری کرد لە بە دیهێنانی ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکەیی لە فەلەستیندا ، ئەو ڕێگری یەی سوڵتان عبدالحمیدی زۆر لەسەری کەوت و بویە هۆی ئەوەی کورسی دەسەلاتەکەی لەدەست بدات وئەوەش بوە هۆی داڕمانی هەموو دەوڵەتی عوسمانی لەپاشاندا) . لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەو(وەك نیزامەددین لبەدتخلیی ئوغلو لە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر ڕۆڵی جولەکە لە داڕمانی دەوڵەتی عوسمانی دا دەڵێت ، ئەیزانی کە (جولەکە خاوەن هێزێکی زۆرن کە دەتوانن لە کاری ڕێخراوەیدا سەرکەوتوو بێن ، چونکە ئەوان ماڵ و سامانیان لە لایە ، پەیوەندی یە بازرگانی و نێو دەوڵەتی یەکانیش لە نێو دەستیاندایە ، هەروەك ئەیزانی خاوەنی ڕۆژنامەگەری ئەورووپی وکۆڕ ماسۆنی یەکانن) [1] .

هەندێ لەسەرانی بزوتنەوەی (ئیتیحاد و تەڕەقی) دواتر بۆیان دەرکەوت چۆن کەوتنە ژێر کاریگەری ماسۆنی و زایۆنیزمەوە ، ئەوە تا (ئەنوەر پاشا) کە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨ ز دا ، لە قسەیەکدا لەگەڵ(جەمال پاشای) دا یەکێکە لەکۆڵەکەکانی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەڕەقی) دەڵێت (ئەی جەمال ئەزانی تاوانی ئێمە چی یە ؟ پاش ئاه هەڵکێشانێکی قوڵ ئەڵێ (ئێمە سوڵتان عبدالحمیدمان نەدەناسی ، بەمە بووینە ئامێرێکی دەستی زایۆنیزمە کان و ماسۆنی یەتی جیهانی چاك بەکاری هێنایین . ئێمە هەرچی بوو لە خزمەت زایۆنیزمدا بوو ئائەوە تاوانە ڕاستەقینەکەی ئێمەیە) [2] .

هەر لە مانایەدا ئەیوب صەبری سەرکردەی سەربازی ئیتیحادی یەکان دەڵێت : (بەڕاستی کەوتینە نێو داوی جولەکەوە کاتێك لە ڕێگەی ماسۆنی یەکانەوە ولە پێناو دوو پارچەی ئاڵتونی دا ، خواستەکانی جولەکەمان جێبەجێ کرد ، لە کاتێکدا جولەکە ٣٠ ملیۆن لیرەی ئاڵتونی بەردەم سوڵتان عبدالحمید بۆ جێبە جێکردنی داواکاری یەکانیان ، کەچی ئەو قبوڵی نەکرد) [3] .

هەرلەوبارەیەوە (برنارد لویس) دەڵیت (بەڕاستی برایانی ماسۆنی و جولەکەبەشێوەیەکی نهێنیدەستیان کرد بەیەکدا بۆ لابردنی سوڵتان عبدالحمید ، چونکە ئەو نەیارێکی بەهێزی

---

[1]) السلطان عبدالحميد الثاني ص ٨٨ .

[2]) اليهود والدولة العثمانية ص٢٢٨ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ص٢٢٩ .

جولەکە بوو، زۆر بەتوندی بەپەرچی ئەوەی دایەوە کە ئامادەنی یە بستێك لە خاکی فەلەستین بدات بە جولەکە)[1] .

نەجمەددین ئەربەکانی موجاهیدی گەورە سەرکردەی حیزبی رەفای لە تورکیا لەسەر ئەو بابەتە لێدوانێکی دا و ووتی : (بزوتنەوەی ماسۆنی هەوڵێکی زۆری دا بۆ لابردنی سوڵتان عبدالحمید ، لە هەوڵەکەیشیدا سەرکەوتوو بوو ، یەکەم کۆڕێکی ماسۆنی کەلە تورکیای عوسمانیدا کرایەوە لە سەردەستی(ئەمیل قرەصوە) دا بوو کە کابرایەکی زایۆنی بوو ئەوەبوو کە سەرلەشکرەکانی ناوچەی سالونیکاش دایانە پاڵی ....)[2] .

پاش دوورخستنەوەی عبدالحمید لە دەسەلآت ، ڕۆژنامە جولەکەیی یەکانی نێو سلانیك دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕی لە ڕزگاربوون لە (چەوسێنەری ئیسرائیل) بەو جۆرەی کە ئەو ڕۆژنامانە وەسفیان دەکرد ، لەو بارەیەوە (لۆثە ر) دەڵێت : (پاش دوورخستنەوەی عبدالحمید لە دەسەلآت ، ڕۆژنامە جولەکەیی یەکان لە سلانیکدا دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕی و موژدەکانیان بلآو دەکردەوە بە ڕزگاربوون لە (چەوسێنەری ئیسرائیل) ئەو کەسەی کە دوو جار بەرپەرچی داواکاریەکانی (هرتزل) دایەوە . ئەو کەسەی کە پاسپۆرتی سووری دانا کە وەك یاسای بێگانەکان) ە لای ئێمە)[3] .

هێرشە ڕێکخراوە ڕاگەیاندنی یەکان بەردەوام بانگەشە یەکی بلآوی لەمەڕ سوڵتان عبدالحمیدی دووەم بلآو دەکردەوە ، دوژمنانی ئیسلام لەم هێرشانەیاندا ئامانجیان بریتی بوو لە :

١- بەرگری کردنی لە ئەندامانی (ئیتیحاد و تەڕەققی) ، پاساو هێنانەوە بۆهەڵسوکەوتیان لە کۆتایی پێکهێنانی دەسەلآتی سوڵتان عبدالحمید دا گوایە بۆ ئەوە بووە تا دەوڵەت پێگەی خۆی بگێڕێتەوە .

٢- سڕینەوەی شکستی (ئیتیحاد و تەرەققی) لە حوکمی دەوڵەتدا ، چونکە پیاوانی ئیتیحاد و تەڕەققی پەنایان برد بۆ هێزو چەوساندنەوە و ناکۆکی یان لە نێو دانیشتوانی وولآتەکەدا نایەوە .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوول٢٢٩ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٩ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٠ .

٣- نیشاندانی وێنەیەکی پڕشنگدار بۆ سەردەمی سەرکەشی و مولحید (مصطفی کمال اتاتورك) و هاوکارەکانی وپاساو هێنانەوە بۆ هەڵسوکەوتی بەکرێ گیراوەکانی جولەکەو ئینگلیز و دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکان لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و دەسەلات و ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیادا .

٤- خواستی زایۆنیزمە کان لەشێواندنی ژیانی سوڵتان عبدالحمید دا وەك تۆڵە لێکردنەوەی لەمەڕ سیاسەتە دژایەتی یەکەی ئامانجەکانیان لە فەلەستین دا [1] .

ڕاستی باسەکە ئەوەیە کە ئەگەر ڕەسەنایەتی و ریشەداری و بڵندی دەوڵەتی عوسمانی نەبوایە ، ئەوە هەر لەسەدەی ١٨ یان ١٩ ئە بونە تۆزی بەر بادووە لاپەڕەکانی دەپێچرایەوە ، بەلام زیاتر لە دوو سەدە بەرگری سەختیەکانی ڕۆژگاری گرت و لە ئەنجامی هێرشی داگیرکاری و فرت و فێڵی جولەکەو خۆرەکانی لە ئەنجامی ئەمانەدا ماسۆنی و ئەو لاوازی و یە توندەی کە دەوڵەت بەسەریدا هاتبوو لاوازی یەکە کە سوڵتان عبدالحمید لێی بەرپرس نە بوو ، شمەکەکانی دەوڵەت بوویە تالانی بەدەست دەوڵەتە داگیرکەری یە ئەورووپی یەکانەوە کە لە دێر زەمانەوە پیلانی دادەنا بۆ لە ناوبردنی ئەم دەوڵەتە [2] .

(باسی شەشەم)

(فەرمانڕەوایی ئیتیحادی یەکان و کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی)

لەدوای سوڵتان عبدالحمیدی دووەم ، محمد ڕەشادی برای دەسەلات و خەلافەتی گرتە دەست بەلام لە ڕاستیدا هیچ دەسەلاتێکی کرداری لە دەستدا نەبوو ، بەڵکوو دەسەلات کەوتبووە دەست کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەڕەققی) کە حوکمەتی عوسمانی لە نێوەڕۆکەکەیدا تورکی و لە دەرمارگیریدا نەتەوەیی بوو ، لەکاتێکدا پێشتر لە نێوەڕۆکەکەیدا عوسمانی و لە پەیوەندیدا ئیسلامی بوو . جا ئەو کۆمەڵەیە کاریگەری هێزی ئەو بیرۆکە نەتەوەیی یە تورانی یانە بوو بوو کە بانگەوازیان دەکرد بۆ ڕزگاری هەموو تورك لاف ئەوەیان لێ ئەدا کە گەلانی ئیسلامی لە ئەنادۆڵ و ئاسیای ناوەڕاستدا هەموویەك گەل پێکدەهێنن ، ئەمە ئەو

---

[1]) الدولة العثمانية – د. الشناوي (٢/ ١٠١٨ – ١٠٢٣) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (٢/ ١٠٦١) . ص٥١٤

بیرۆکەیە بوو کە لە پاشاندا بە هەوڵە دراوەکانی هەندێ لە نوسەرەکانی کۆمەڵەکە و لەسەروو هەموویانەوە (موئیز کوهین)ی جولەکە و نوسەری ناوداری تورکی (ضیاکوك ئالب) گەشەی زیاتری پێ درا ، ئەوە بوو حوکمەت دەستی دایە سیاسەتی بە تورك کردن (تەتریك) . ئەوەیش بە کردنی زمانی تورکی بە تاکە زمانی ڕەسمی ،کە پێشتر زمانی عەرەبیش لە پاڵیدا ڕاوەستیابوو . بۆیە بزوتنەوەی بانگەشە بۆ نەتەوایەتی عەرەبی لە بەرامبەر بزوتنەوەی بە تورك کردندا کڵپەی سەند .

عەرەب (حیزبی لامەرکەزی) پێکهێنا ، بەو واتایەی ویلایەتە ناتورکی یەکان سەربەخۆی یەکی خۆیی وەربگرێت و دەرەوەش هەر بە ملکەچی ئیستانبول بمێنێتەوە . هەروەك چەند کۆمەڵەیەکی نهێنی یان دامەزراند وەك (کۆمەڵەی قەحتانی) بەسەرکردایەتی (عبدالکریم خەلیل) و (عەزیزی عەلی میسری) ئەفسەرو (کۆمەڵەی عەرەبی گەنجان) کە لە پاریس و لە ساڵی ١٣٢٩ ك دا لەسەر بەرنامەی کۆمەڵەی تورکیای گەنجان دەمەزرا ، لە لایەن چەند خوێندکارێکەوە کە لەوێ وانەیان دەخوێند و بە بیرۆکە ڕۆژئاوایی یەکان تێر بووبوون بەتایبەت بنەماکانی دەمارگیری نەتەوەیی ، هەندێکیان زاراوە ماسۆنی یەکانیان بەکارهێنا ، کە ئامانجیان : سەربەخۆیی تەواوی عەرەب بوو ، پێگەیشیان لە پاریسەوە گواستەوە بۆ بەیروت و پاشان بۆ دیمەشق کەژمارەی ئەندامەکانیان بە تایبەت لەمەسیحی یە عەرەبەکان زیادی کرد .

کۆمەڵەی چاکسازی لە بەیروت لە ساڵی ١٣٣١ ك پێکهات و لەگەڵ کۆمەڵەی ڕاپەڕینی لوبناندا لە تاراوگە هەوێیان کرد بەیەکداو دا و لە ساڵی ١٣٣١ك دا نامەیەکی هاوبەشیان پێشکەش کرد بە حوکمەتی فەڕەنساو تیایدا داوای داگیرکردنی سوریاو لوبنانیان کرد ، لە کاتێکدا هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عێراق بەرەو ڕووی ئینگلیز چوون ، کە پشتیوانیان لە وە ئەکرد کە بەریتانیا سەرپەرشتی بەرنامەی چاکسازی بکات ، بەڵکوو تەنانەت پشتیوانیشیان لەوە ئەکرد کە بەریتانیا دەست بگرێ بەسەر وولاتەکەیاندا !![1].

کاتێك ئیتیحادی یەکان بەرەو ڕووی ئەندامانی کۆمەڵەی عەرەبی بوونەوە ، گەنجانی عەرەبی هەستان بە بەستنی کۆنگرەیەکی عەرەبی لە پاریس لە ساڵی ١٣٣٢ ك / ١٩١٣ ز دا .

---

[1]) تأريخ الدولة العثمانية – د . علي حسون ص ٢٤٩ .

فەڕەنسی یەکان شوێنی لەباریان ئامادەکرد بۆ بەستنی کۆبونەوەکە و ئەندامانی کۆنگرە بڕیاری ئەمانەیان دا :

١- پێویستی جێبەجێکردنی چاکسازی بەپەلە .

٢- بەشداری عەرەب لە کارگێڕی مەرکەزیدا .

٣- کردنی زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی لە هەموو ویلایەتە عەرەبی یەکاندا .

٤- خزمەتی سەربازی لەمەڕ عەرەبەوە ناوچەیی بێت تەنها لە کاتی پێویستدا نەبێت .

٥- سۆزداری و نەرمونیانی نواندن لەگەڵ داخوازی یەکانی ئەرمەندا .

ئەندامان ئەوەیان دوپاتکردەوە کە بزوتنەوەکە یان (نائایینی یە) و ژمارەی مە سیحی یەکان لەگەڵ ژمارەی موسڵمانەکانا هاوسەنگ بووە وبەسەرکردایەتی عبدالحمیدی زەهراویکۆنگرەکە بەستراوە [1] .

فەڕەنسا چەندین هیوای گەورەی بەست بەم کۆنگرەوە کە ژمارە یەکی زۆر پیشتوانی خۆیی لە ناوکۆنگرەکەدا هەبوو ، پاشان هەستا بە بلاوکردنەوەی بڕیارەکانی کۆنگرە .

کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم (١٣٣٣ - ١٣٣٧ ك / ١٩١٤- ١٩١٨ ز) بەرپابوو ، تورکیا لە پاڵ دەوڵەتە نێوەندەکاندا (ئەڵمانیا و نەمسا) چووە نێو جەنگەوە لە کاتێکدا ئینگلیز لە ڕێگەی نامەکانی(حسین مکماهۆن) ەوە عەرەبی ڕاکێشا بۆ لای هاوپەیمانی (بەریتانیا ، فەڕەنسا ، ڕوسیا) بەمە بیرۆکەی نەتەوەگەری عەرەبی قەڵەمڕەوی گرتە دەست و پێکدادان لە نێوان عەرەب و تورك دا دەستی پێ کرد [2] .

تورکیا پاش شکستهێنانی لە جەنگەکەدا کەوت و هاوپەیمانان و یۆنان بە شێکیان داگیر کرد و (ئاستانە) کەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی ئینگلیزو خەلیفە تیایدا وەك دیلی لێهات .

لابردنی سوڵتان عبدالحمید و بەرپابونی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەڕەقی) لە فەرمانڕەواییدا ، پیلانێکی بنەڕەتی بوو بۆ بە دیهێنانی ئەو نەخشەیەی کە لە کاتی جەنگ و دوای جەنگدا لە چەند قۆناغێکدا تەواو بوو کە لە مانە دا پوختی دەکەینەوە :

١-ڕێکەوتنی هاوپەیمانان لەسەر دابەشکردنی جیهانی ئیسلامی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان هاوپەیماناندا ، کە ئەوەیش لە پەیمانامەی نهێنی سایکس بیکۆدا لە

---

1) حاضر العالم الآسلامي (١/ ١٠٩) .

2) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل (١/ ١١٠) .

ساڵی ١٣٣٤ك / ١٩١٦ ز دا بە ڕوونی دەرکەوت لەو کاتەدا کە پەیمانی سەربەخۆیی درابوو بە عەرەب ، گرنگترینی ئەو بڕگانەی ئەو پەیماننامەیە لە خۆی گرتبوو بریتی بوون لە :

* باشوری عێراق بۆ بەریتانیا و کەناری باکوری سوریا (لوبنان و کەناری باکوری سوریا) بۆ فەڕەنسا بێت .

*-دوو دەوڵەتی عەرەبی لە باکوری عێراق و نێوەندی باشوری شامدا دابمەزرێنن کە لە یەکەمدا کە باکوری سوریا و ڕۆژهەڵاتی ئوردونە باڵادەستی بۆ بەریتانیا و لە دووەمدا کە ناوەڕاستی سوریا ودوورگەی فوراتی یە باڵادەستی بۆ فەڕەنسا بێت .

*- فەڵەستین وولاتێکی نێو دەوڵەتی بێت .

*- ئاستانە و تەنگاوەکان (گەروەکانی) (بسفۆر و دەردەنێل) بۆ ڕوسیا بن [1].

٢- پەیمانی بلفۆر کە بەریتانیا لە ٢/ ١١/ ١٩١٧ ز (موحەڕەمی ١٣٣٦ك) دا دەری کرد بۆ زایۆنیزم بەوەی فەڵەستین ببێتە نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە .

٣- بەدەستەوەدانی تورکیا بە دڕەندەترین بزوتنەوەی (بەڕۆژئاوایی کردن) و کاولکردنی ئاکارە ئیسلامی یەکان بە گواستنەوەی لە دەوڵەتێکی خاوەن مۆرکی ئیسلامی یەوە بۆ دەوڵەتێکی مۆرکی ڕۆژئاوایی ، بۆیە دەکرێت بوترێت کە ئەو ماوەیەی کە لە تورکیادا سوڵتان عبدالحمید لابراو ئیتیحادی یەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست ، ئەو ماوەیە خواستی فەرمانڕەوا و داگیرکەران یەکی گرت لەسەر پاکتاوکردنی دەوڵەتی عوسمانی و نیشاندانی مۆرکی کۆمەڵگەی تۆرانی و گەیشتنی پەیوەندی تورك و عەرەب بە تونترین و ڕەقترین ئەو قۆناغانەی کە ئاسانکاری کرد بۆ ئاوابوونی دەوڵەت و پەلاماری ڕۆژئاوا بۆ بەشە عەرەبی یەکان و پێدانی ئەو پەیمانەی بلفۆر بە جولەکە کە مافی بەرپاکردنی دەوڵەتی فەلەستینی پێدەدان . [2]

ئیتیحادی یەکان هەستان بە ئاڕاستەکردن دەوڵەت بۆ ئاڕاستە یەکی نەتەوەیی نا ئایینی ، کاتێکیش ئینگلیز ئەستانبول یان گرت (استانە) و خەلیفە بوو بە نیمچە دیلێك

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/ ١١٠) .

لەبەردەستیاندا و مەندوبی سامی بەریتانی و جەنراڵ هارنجوت (سەرکردەی گشتی هێزە هاوپەیمانەکان لە ئەستانبوڵدا) بوونە خاوەندەسەڵاتی کرداری [1] .

فێڵی جیهانی بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی خیلافەتی عوسمانی وای ئەخواست کە بانگەشە بۆ دروست کردنی پاڵەوانێك بکەن کە لە بەردەمیدا سوپا بێشومارەکەی هاوپەیمانان بەزێنێت میللەتی بێ هیوای ئیسلامی ، هیوای گەورە و خەونی چەند ساڵەی بەو پاڵەوانە بهێنێتەدی و جا لەو لوتکەی گەورەیی و لێهاتووەیدا کۆتا هەناسەکانی ژیانی نێو جەستەی ئومەت ببڕێت و قەپی پیا بکات و گیانی بکێشێ ، ئەوەیش باشترین شتێکە بەبێ دوو دڵی لەو: (سەد پرۆژەیە بۆ دابەشکردنی تورکیا) و داڕومانی ئیسلام کە هەبوو [2] .

بە هۆی هەواڵگری ئینگلیزی یەوە بەسەرکەوتوویەکی نایاب دروست کردنی پاڵەوانەکە تەواو بوو ، (مصطفی کمال) لە پڕدا دەرکەوت بە ناوی ڕزگارکەری شەرەفی دەوڵەت لە هاوپەیمانان و یۆنان پاککردنەوەی لە ئەوانەی بە پشتیوانی بەریتانیا لە ساڵی ١٣٣٨ ز دا ئەزمیریان داگیرکرد و لە ڕق و کینەی داپۆشراوی خاچپەرستی لە ئەنادۆڵ دا ڕۆچوون ، مصطفی کمال هەستا بە هاندان و وورووژاندنی ڕۆحی جیهاد لە نێو تورکەکاندا و قورئانی یۆنانی یەکانی پاشە کشەپێ کردو هێزەکانی هاوپەیمانانیش بەبێ ئەوەی چەکی خۆیان بە کاربهێنن . کشانەوەو شوێنەکانیان لە بەردەم دا چۆڵ کردو (مصطفی کمال) یش پلە بەپلە ئەکەوتە بەرچاو جیهانی ئیسلامی دڵخۆش بوون و نازناوی غەزاکەریان لێنا و شاعیران شعریان بە سەردا ئەوت و وتار بێژان پیایاندا هەڵدەدا ، ئەحمەد شەوقی لە یەکەم دێڕی قەسیدە بەناوبانگەکە یدا دەیخاتە پاڵ خالیدی کوڕی وەلید [3] .

الله أكبر كم في الفتح من عجب .... يا خالد الترك جدد خالد العرب

پاشان دەیخاتە ریزی صەلاحەددینی ئەیوبی کە دەڵێت :

حذوت حرب الصلاحيين في زهن .... فيه القتال بلا شرع ولا أدب

سەرکەوتنە کەیشی بە سەرکەوتنی بەدر چواند و دەڵێت :

يوم كبدر فخيل الحق راقصة ....على الصعيد وخيل الله في السحب

---

1) حاضر العالم الآسلامي (١/ ١١١) .

2) العلمانية ، د. سفر الحوالي ص٥٦٩ .

3 حاضر العالم اللآسلامي (١/ ١١١) .

تهيئة أيها الغازي وتهنئة ....بآية الفتــح تبقــى آية الـــحقب

جا كه خه‌ڵكی خه‌بات و تێكۆشانی (مـصطفی كمـال) ی زاڵ و سـه‌ركه‌وتويان بـه‌راورد ئـه‌كرد بـه بوده‌ڵـه‌ی (خه‌ليفـه‌و صـيد الـدين محمـدی شه‌شـه‌م) كه لـه ئاسـتانه‌دا خـۆی مـت كردبوو ، به‌و هه‌موو زه‌ليلی يه ڕازی بوو كه به‌سه‌ريدا هاتبوو ، تا ئه‌هات لای خه‌ڵك مصگفی كمال گه‌وره تر ئه‌بوو خه‌ليفه‌ش سوكتر ئه‌بوو ، ئه‌وه‌ی زياتر خـه‌ڵكی پڕكرد لـه خه‌ليفه ئـه‌وه بـوو كـه ڕۆژنامـه‌كان هـه‌واڵی ئـه‌وه‌يان بڵاوكـرده‌وه كـه خه‌ليفـه بڕيـاری كوشـتنی "مـصگفی كمـال" ی ده‌ركـردووه و نـاوی نـاوه (بێگـوێی يـاخی) ! لـه به‌رچاويـشياندا مـصطفی كمـال پاڵه‌وانێكی خۆ به‌ختكه‌رو ره‌نجده‌ره بوو ، كه لـه پێناو گه‌ڕاندنـه‌وه‌ی شكۆداری خه‌يلافه‌تـدا گيـانی خـۆی بـه‌خت ده‌كـات ، وا خرابـووه خـه‌ياڵيان كـه خه‌ليفـه لـه ژێـر پێـی سـوپا داگيركه‌ره‌كانـدا لـه نێـو خۆڵـدا گـه‌وزاوه . بـه‌ڵام زۆری نه‌خاياند كه ڕاستی (مـصطفی كمـال)ده‌ركـه‌وت كـه دروسـت كـراوی دوژمنـانی ئيـسلامه لـه جوله‌كـه‌و مه‌سـيحی يـه‌كان به‌تايبـه‌ت ئينگلته‌را كه بينی له كارخستنی خيلافه‌ت كارێكی ئاسان نـی يه ، ئه‌وه‌يش ناكرێت مه‌گه‌ر به دروسـت كردنـی پاڵـه‌وانێك نـه‌بێت كه وێنـه يـه‌كی گـه‌وره پێـی بدرێت و ده‌وری بدرێت بـه خه‌رمانه‌يه‌ك و خه‌ڵك وای و نيشان بدرێت بناسێت كه ، كه‌رامه‌ته‌كان له‌سـه‌ر ده‌سـتی ئـه‌ودا ڕووئه‌ده‌ن ، ئه‌و كاته ئـه‌كرێ به ئـه‌و خه‌نجـه‌رێك بدرێت لـه موسـڵمانان بـێ ئه‌وه‌ی هه‌سـت بـه ئێشه‌كه‌ی بكه‌ن چونكه سه‌ركه‌وتنه درۆينـه‌كان ، كه هه‌سـته‌كانی سـڕكردووه ! هاوپـه‌يمانان خۆيـان ئـه‌هاتن بـشێويان دروسـت ده‌ركـردو داوای دامركاندنـه‌وه‌يانيان لـه سـوڵتان ده‌كـرد . ناوی مصطفی كماليشيان پێشنيار ئه‌كرد بۆ ئه‌و كاره گرنگه ببێته جێگـه‌ی هيواكـانی خـه‌ڵك و جێگه‌ی ڕێزگرتنی سه‌رله‌شكره‌كان ، ئيدی پێگـه‌و سـام و شـكۆی ئه‌و سـه‌رده‌كه‌وت و ڕێـزو شكۆی خه‌ليفه‌ش ئه‌هاتـه خـواره‌وه لـه چاوی خه‌ڵكدا سـه‌نته‌ری خيلافـه‌ت كزده‌بوو، فـرت و فێڵه‌كانی ئينگليزيش به ئاسانی هه‌ستی پـێ ناكرێ [1] .

به‌ڕاسـتی ده‌زگـای هـه‌واڵگری ئينگليـز تـوانی ئـه‌وه‌ی بـه شـوێنيدا ئه‌گـه‌ڕا لـه كه‌سـێتی (مصطفی كمال) دا بيدۆزێته‌وه ، ئه‌و په‌يوه‌ندی نێوان هه‌واڵگری يه‌كانی ئينگليز و مـصطفی كمال له ڕێگه‌ی (ارمسترونج)ی پياوی هه‌واڵگری ئينگليزه‌وه بوو كه لـه فه‌له‌سـتين و سـوريا

---

[1]) تأريخ الدولة العثمانية ص٢٧٧ .

دا پەیوەندی لەگەڵ دا بەهێز کرد لەو کاتەدا کە مصطفی کمال لەوێ سەرکردەیەکی نێو سوپای عوسمانی بوو .

دەبینین(ارمسترنج) لەو کتێبەیدا لەسەر (مصطفی کمال) نووسیویەتی بەڕاشکاوانە پەنجەی دادەنێت لەسەر سەرتای گرێی دەرونی یەکانی(مصطفی کمال) و ئاماژە دەکات بۆ شووکردنی دووەمی دایکی لەگەڵ یەکێك لە رۆدیسی یە دەوڵەمەندەکاندا و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دایکی دا و پەنا بردن بۆ ئەو هاوەڵە ڕوهبانە مەکدۆنیانەی کە بە هەلیان گرت و بنەماکانی زمانی فەڕەنسیان فێرکرد لەگەڵ هاوڕێیەکی مەکدۆنیدا کە ناوی (فتحی) بوو. ئیدی هەردوکیان کتێبەکانی(فۆلتێر) و(ڕۆسۆ) و دانراوەکانی (هۆبز) و (جون ستیورات میل) و چەندین کتێبی تری قەدەغەیان کرد بە قوڕگیاندا ، لە کاتی تەواو خوێندنەوەکەیدا لە کۆلیژی سەربازیدا وتاری دەدا و باسی گەندەڵی سوڵتانی بۆ دەکردن پێش ئەوەی تەمەنی لە ٢٠ ساڵ تێپەڕ بێت . پاشان گواستیەوە بۆ ئەستانبول و لە نێو شوێنە نارەواکانیدا ڕۆچوو و دەیخواردەوەو قوماری دەکرد و خەریکی دڵداری کردن بوو . لە پێش ئەوەی بە هۆی پەیوەندی کردنی بە (کۆمەڵەی نیشتمانی یەوە) بگیرێت [1] .

(ارمسترونج) لە پێشەکی مێژووەکەیدا بۆ ژیانی(مصطفی کمال)شایەتی پەیوەندی (ئیتیحاد و تەڕەقی) دەدات بە (دۆنمە)وجولەکەوە . جا باس دەکات چۆن (بانگکراوە بۆ یەکێك لە کۆبونەوەکانی لە ماڵەکانی هەندێ لە جولەکە خاوەن ڕەگەز نامە ئیتالیی یەکان وسەربە کۆمەڵە ماسۆنی یە ئیتالیی یە کان . ئەو ڕەگەزنامەیەیان بە هۆی گرێبەست و پەیماننامە و مافە بیانی یەکانەوە دەیپاراستن ، بەڕاستی ئیتیحادی یەکان تێکۆشان و هەوڵیان دا بۆ پارێزگاری کردن لە قەلای جولەکە و ئەوان لە ماڵی جولەکەکاندا بە دڵنیایی و بەبێ مەترسی کۆدەبونەوە و هەندێکیان وەك (فەتحی مەکدۆنی) هاوڕێی کۆنی(کمال) دایانە پاڵ کۆمەڵەی ماسۆن (بنیاد سازە ئازادەکان) ئەوەیش دەگێڕێتەوە کە چۆن بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنی کۆمەڵە شۆڕشگێڕی یەکەیانا پشتیان بەستوە بە ئەوڕێساو شێوازی ڕێخراوە ماسۆنی یەکان لەسەری دەڕۆیشتن ، و وایان لێهات لە چەند لای جیاوازەوە پاڵپشتی و هاوکاری ماددی یان بوون پێدەگەیشت و پەیوەندی یان دەکرد بەو پەنابەرە سیاسی یانەوە کە سوڵتان دووری خستبوونەوە (نەفی کردبوون) بۆ دەرەوەی وولات .

---

[1]) صحوة الرجل المريض ص٢٦٥-٢٦٦ .

(ارمـسترونج) ئـەوە بـە دەر دەخـات کـە چـۆن بـۆ جێبـەجێکردنی کۆتـا هـەنگاوی نەخـشەی بەریتانیا خواست کەوتۆتە سەر خودی مصطفی کمال و نەکەوتە سەر کەس لە هاوڕێکانی ، ئـەوەتا دەڵێـت : سروشـتی وابـوو کـە حـەزی دەکـرد ببێتـە فەرمانکـەر و نـەهی کـەر و هـیچ ڕێزێکی بۆ سەرکردە ئیتیحادی یەکان نیشان نەدەدا و لـە دواییـدا کێشەی بۆ دروست بوو لەگـەڵ هەریـەك لـە (انـور) و (جمـال) و (جاویـدی بەڕەچـەڵەك جولەکـە) و (نیـازی بەڕەچـەڵەك ئـەڵمانی) کـەپیاوێکی دڕنـدە و (گلعـت) کـە ورچـە گـەورەی پـێ ئـەوترا و کارمەندێکی بچوکی پۆستە بوو .

پاش ئەوەی مصطفی کمال لە تەنها ئەفسەرێکی یاخی بچوکەوە گۆڕا بۆ سـەرکردەیەکی سەربازی و بۆیە حاوەنی چەندین سەروەری و سەرکەوتن ، نازناوی (الغازی =غەزاکەر) ی لێنرا بە هۆی دەستڕۆیی و قەڵەمڕەوی دەزگای هەواڵگری یەکانی بەریتانیاوە . (ارمسترونج) باسـی لاپەڕەیـەکی نوێی ژیانی تایبـەتی دەکات لـە پاش بە دیار خستنی و ئەهلیـەتی بۆ ڕووخاندنی خیلافەتی ئیسلامی ، بەرەلایی و حەرامکاری یەکانی جا باسـی ئـەو ژن هێنانـە ئەفسانەیی یەی (کمال اتاتورك) ئەکات کە (لطفیە) ئـەهێنێت _ئـەو کچەمیرە دەوڵەمەندەی کە زۆر نەبوو لە پاریسەوە گەڕابوویەوە تا ئەزموونە ئیداری و ڕۆشنبیری یـە هاوچەرخەکانی و زمانزانینەکەی کـە هەشـت زمـانی ئـەزانی بخاتـە خزمـەت غـازی مـصطفی کمـال ئەمـە جگـە لەوەی ژنێتی و جوانی و کۆشکە گەورەکەی باوکی لە ئەزمیردا بە دیـاری پـێ بەخـشی !بـەو شـێوەیە (غـازی مـصطفی ی)خـستە دوای خۆیـەوە و (فکریـە) ی پـێ لـە نـاوبرد کـە بـۆ چارەســەری نەخۆشــی نــاردبووی بــۆ (میــونخ) ئــەو نەخۆشــیەی کــە لــە ئــەوەوە بــۆی گوازرابوویەوەە ، پاشان ئەوە بوو نەخشەی خۆکوشتنی "فکریە " شی دانا . هـەروەها وازی لە " صالحە " ی ژنیشی هێنا و لە پڕێکدا و پاش ئەوەی ژیانی (سعادت) و دەیان کچ و ژن ومێرد منداڵی تری شێواند هات و (لطفیە) ی مارەکرد .. ئەو دیکۆمێنتانەش کە لـە یـەکێك لە ئەفسەرەکانی هاوڕێیەوە بە جێماوە هەموو ئەمانە دووپات ئەکەنەوە [1].

خودی " لگفیە " ش لە پاشاندا بوویە قوربانیەکی تر لە قوربانیەکانی ئەم (غازی) یە ، ئـەوە بـوو بـە بڕیـارێکی وەزاری تـەلاقی دا و بوویـە نێـچیری دەسـتی نەخۆشـی و ئـازار و هەڕەشـەی ئەوەشـی لـێ کـرد کـە ئـەبێت بێـدەنگ بێـت و لـە هـیچ شـوێنێك باسـی (شـذوذی

---

[1]) صحوة الرجل المريض ص٢٦٧.

جنسی) ئەم نەکات ، کەس لەگەڵیدا نەمایەوە ((عفت)) خانم نەبێت کە ئەو هونەرمەندەی کە مامۆستا و مێژوو نووسیشی بوو ، ئەم (عفت) ە توانی جڵەوی ئەم دڕندەیە بە پێ ی دەربڕینی خۆی _ بگرێت و ملی پێ کەچ بکات و بیکاتە کۆیلەی خۆی .

بەڵام (لەتیفە) هانم ئەشاکی . پیاوەرێك بووو کە یاسای پارێزگاری مصطفی کمال رێگری هیچ هێرش یان ڕەخنەیەکی لێنە دەگرت لە ماستاو چێتی نێو دێرە یادەوەری یەکانی کە ڕۆژنامەی (الحریة) ئازادی تورکی لە حوزەیران (یونیو) ی ساڵی ١٩٧٣ زدا بلاوی کردۆتەوە کە چەند تیشکێکی خستۆتە سەر ژیانی تایبەتی ئەتاتورك و زیادەڕۆیی لە خواردنەوەو هەوڵی بەرپرسی خستنەسەر هاوریێ و وەك (قلج عەلی) و(نوری جنکر)و(ڕەجەب مدی)کە بەدەست ئەنقەست کاتی ئەتاتورکیان بە فیرۆدەدا ، ئەوانە کۆمەڵێکی بکوژو سەرکەشی ناوداربوون کە ئەتاتورك لە چواردەورو بۆ پاسەوانی خۆی دابوینە پاڵ خۆی ، هەندێکیان تێچوون و خەرجیان تا دوورترین سنور بەرزدەکردەوە پاشئەوەی چەندین کارو تاوانی گەورەیان ئەنجامدا بۆ کەمال ئەتاتورك کە بەهۆی ئەمانەوە لە چەندان نەیاری خۆی ڕزگاری بوو[1] .

بەڕاستی ئەو ئاکارە گەنیوانەی کە مصطفی کمال ناوی پێدەرکردبوو ، سەیر نی یەبۆ کەسێکی وەکو ئەو کە لە بنەرەتداله جولەکەکانی دەونەمەیە .

لە (دائیرەتولمەعاریف)ی جولەکە دا هاتووە کە : (بەڕاستی زۆرێك لە جولەکەکانی سلانیك دووپاتیان کردەوەکە کەمال ئەتاتورك بەڕەچەڵەك لە جولوکەکانیدۆنمەیە ، ئەوەیش ڕای ئیسلامی یە نەیارەکانی کەمال ئەتاتورکە . بەلاّم حکومەت بەرپرچی ئەوە دەداتەوە)[2] .

(توینبی) قسە دەکات لەسەر بنەچەی مصطفی کمال و دەڵێت : (خوێنێکی جولەکە بەنێو دەمارەکانی بنەماڵەی کەمالیدا هاتوچۆدەکات . چونکە بەڕاستی سلانیك پێگەی جولەکە بووە کاتی لێقەومانەکەیان ، بیروباوەڕەکانی خۆیشیان ئەپاراست بەبۆنەی ئەوەوە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پیشوو .

[2]) یهود الدونمة – د. النعیمي ص٨٧-٨٩ .

بەدەم ئیسلامیان ڕاگەیاند بوو، بەڵام سروشتی کەمال ئەتاتورك وڕەنگی چاوی و پێکهاتەی جەستەیی لەوە دووری دەخاتەوە کە بە خوێنێکی جولەکە کاریگەر بوو بێت)[1] .

(ئوسامە عەینای) دەڵێیت : (دۆنمەکان زۆر شانازی دەکەن بە ئەتاتورکەوە و بیروباوەڕێکی چەسپاویان هەیە کە : ئەو لەوانە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە کە کەمال ئەتاتورك کاتێ فەرمانڕەوایی گرتە دەست پەردە لەسەر نیاز خراپەکانی دژ بە ئیسلام لادا)[٢] .

بەڕاستی کردارەکانی مصطفی کمال لە دواتردا بەڵگە بوون لەسەر ڕق و کینەی لە ئیسلام ، جا لەساڵی ١٣٣٧ ك دا کاتێك لە ئەنقەرە دا زاڵبوو بەسەر یۆناندا ، لەبەردەم گەلدا ڕایگەیاند (هەموو ئەو دابیناکاری یانەی دەخرێتە کار جگەلە پارێزگاری کردنلە دەسەلأت و خیلافەت وڕزگارکردنی سوڵتان و وولأت لە کۆیلایەتی بیانی هیچ ئامانجێکی تریلە پشتەوە نی یە)[٣] . دەبینین پاش ئەوەی لە ساڵی ١٣٤١ك / ١٩٢٣ ز دا دەستی گرت بەسەر خەڵك و وولأت دا (کۆمەڵەی نیشتمانی تورکی) بەسەرکردایەتی ئەو بەرپابوونی کۆماری تورکیای ڕاگەیاند و مصطفی کەمالی بە یەکەم سەرۆکی هەڵبژارد و بۆماوەیەکی کاتی پارێزگاری کردن لە خیلافەتی داوا ئەکرد و عبدالمجیدی کوڕی سوڵتان عبدالعزیزی لە جیاتی محمدی شەشەم هەڵبژارد کە بەسەر کەشتی یەکی جەنگی بەریتانی یەوە بەرەو ماڵتە وولأتی بەجێهێشت و سوڵتان عبدالمجیدش هیچ دەسەلأتێکی فەرمانڕەوایی لەدەستدا نە بوو[٤] .

خەلیفە عبدالمجید پیاوێکی بەرەوشت و ڕۆشنبیر بوو کەشایەنی بنەماڵە و نەوەی عوسمان بوو ، لە ڕوانگەی تورکەکانەوە عبدالمجید هەڵقەی پەیوەندی زیندووی بوو بە کەلتورو مێژووی عوسمانی ئیسلامی یەوە ، جەماوەری ئەستانبول هەموو هەینی یەك بەعەرزەتی بینین وسلاو لێکردن و ڕێزلێگرتنێکی بوون . کاتێك ئەڕۆیشت بۆ نوێژی فەرزی جومعە . خەلیفە بەتەواوی هەستی بەگەورەی پایەخیلافەت وڕەسەنی ئەو بنەماڵەی ئەکردکە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پیشوو ل٩٠ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٤ .

[3]) حاضر العالم الاسلامي (١/ ١١٢) .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

که دەچێتەوەسەری ، بۆیە جارێك مێزەرەکەی محمدی فاتیحی ئەکردە سەر و جارێکیش شمشێرەکەی سولەیمانی قانونی ئەبەست لە هاتنە دەرەوەدا .

مصطفی کەمال لە تووڕەیدا ئاگری تێبەر بوو ، توانای ئەوەی نەبوو کە خۆشەویستی خەڵك و وابەستەیی یان بە ئالی عوسمان و خیلافەت و دەسەلاتەوە ببینێت یان ببیسێت . بۆیە ڕێگری کرد لە خەلیفە کە بچێت بۆ نوێژ ، پاشان دەرماڵەی تایبەتمەندی و مافەکانی دابەزاند بۆ نیوە ، مصطفی کەمال بەئاگرو ئاسن فەرمانڕەوایی وولاتی ئەکرد و پاڵپشتی دەوڵەتەگەورەکانی بۆ سیاسەتە توندڕەوی یەکە ی خۆی دابین کردبوو. مصطفی کمال کۆمەڵەی دامەزرێنەری لە ٣ی ئازار / مارسی ١٩٢٤ز دا بانگکرد بۆ کۆبوونەوە یەك متمانەی یەکی تەواوی هەبوو کە هیچ یەکێك لە نێو کۆمەڵەی دامەزرێنەردا — کە جگەلە ناوەکەی خۆی هیچی تری تێدا نەمابوو و نی یە کە نەیاری بکات . بڕیاری لە کارخستنی خیلافەتەی خستە بەردەم کۆمەڵەکە کە ئەو ناوی نابوو (دوومەڵی سەدەکانی ناوەڕاست) [1]. ئەو بڕیارەی کەدوورخستنەوەی خەلیفەی لە وولات لە خۆگرتبوو لە ڕۆژی داهاتوودا بەبێ قسەو لێدوان هەموارکراو لەسەردەستی (مصطفی کمال) ئەومەشخەڵی خیلافەتە کوژایەوە کە موسڵمانان بە درێژایی ئەو هەمووە هێمای یەکریزی و بەردەوامی قەوارەی خۆیانیان لێ وەردەگرت .

بەڕاستی(مصطفی کمال) نەخشەیەکی بۆ کێشراوی نێو ئەو پەیماننامانەی جێبەجێ دەکرد کە لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکاندا بەسترا ، جا پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٣٤٠ ك / ١٩٢٣ ز بەسەر تورکیادا سەپێنراو ئەویش مەرجەکانی ڕێککەوتنی قبووڵ کردکە بە چوارمەرجەکەی کروزن ناسراو (کە سەرکردەی وەفدەکەی ئینگلیز بوو لە کۆنگرەی لۆزاندا) ی قبوڵ کرد کە بریتین لە :

١- بڕینی هەموو پەیوەندی یەکی تورکیا بە ئیسلامەوە .

٢- لە کارخستنی تەواوی خەلافەتی ئیسلامی .

٣- دەرکردنی خەلیفەو پشتیوانانی خەلافەت و ئیسلام لە وولاتدا و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانی خەلیفەدا.

---

[1]) التأريخ العثماني في شعر أحمد شوقي — محمد أبو غدة ص١١٠ .

٤- دانانی دەستورێکی شارستانی لە جیاتی دەستوری کۆنی تورکیا [1] .

بێ ئومێدی یەکی زۆر جیهانی ئیسلامی داپۆشی ، ئەو (ئەحمەد شەوقی) یەی پێشتر وەسفی (کمالئەتاتورك) کردبوو ، گریا بۆ خیلافەت و ووتی :

پاشان شەوقی سەرزەنشت و ڕەخنەی توند ئاڕاستەی ئەو ئەتاتورکە کرد کە دەیویست بە نوکە پێنوس یان بە ئاگرو ئاسن تورکەکان خۆشیان بێت و ترشیان بێت لە ئاسیاوە بگوێزێتەوە بۆ ئەوروپا لە وڕیشەداریەیانەوە لە ئاسیادا هەیانە بیانبات بۆ چاوەڕوانی لە بەردەرگای ڕۆژئاوادا [2] .

شەوقی وازی لەوە نەهێنا کەهۆی دەرکەوتنی ئەو خۆ سەپێنانە بۆ نەزانی گەلان وخۆدانیان بەدەستی سەرکەشە چەوسێنەرەکان ڕوونبکاتەوە و دەڵێت : [3]

بەڕاستی مصطفی کمال بەتەواوەتی نەخشەکەی جێبەجێ کردو دوورکەوتەوە لە هێڵە ئیسلامی یەکان و تورکیا چووە نێو چەند چالاکی یەکی ترسناکی بەڕۆژئاوایی کردن ، جا لەساڵی ١٣٤٣ك / ١٩٢٤زدا وەزارەتی ئەوقاف لەکارخرا و وەزارەتی مەعاریف کاروبارەکانی گرتە ئەستۆ ، و لە ساڵی ١٣٤٤ك / ١٩٢٥ز دا مزگەوتەکان داخران و حوکمەت زۆر بێ بەزەییانە هەموورەوتێکی ئایینی لەناو بردو هەموو ڕەخنەیەکیئایینی بەتوندی سەرکوت ئەکرد ، و لەساڵی (١٣٥٠-١٣٥١ ك / ١٩٣١-١٩٣٢ ز) دا ژمارەی مزگەوتەکان دیاری کراو ڕێگە تەنیا بە مزگەوتێك ئەدرا لە هەریەکەیەکی بەڕێوەبردندا کە ڕووبەری زەوی یەکەی بگاتە ٥٠٠ مەتر ، ڕایشی گەیاند کە ڕۆحی ئیسلامی ڕێگە لە پێشکەوتن دەگرێت .

(مصطفی کمال) لە هێرشکردنی دا بۆ سەر مزگەوتەکان بەردەوام بوو ، ژمارەی ئەو ئامۆژگاری کەرانە(واعیزەکان) کەم کردەوە (ئەوانەی کە دەوڵەت موچەی بۆ دابین دەکردن) بۆ ٣٠٠ سێ سەد ئامۆژگاری کەر ، فرمانیشی پێکردن کە لە وتاری هەینیدا بواری فراوان بکەنەوە بۆ قسە کردن لە سەر کاروباری کشتوکاڵی و پیشەسازی و سیاسەتی دەوڵەت و وەسف کردنی زۆری ئەو . هەروەها ناودارترین دوو مزگەوتی گەورەی ئەستانبوڵ داخستن

---

[1]) تأريخ الدولة العثمانية د . علي حسون ص٢٨٧ .

[2]) تأريخ العثماني في شعر أحمد شوقي ص١١٢ .

[3]) الشوقيات ، ديوان أحمد شوقي (١/ ١١٢) .

و یەکەمیان کە مزگەوتی (ئایاصوفیا) بوو گۆڕی بۆ مۆزەخانە ، دووەمیش کە مزگەوتی (ئەلفاتیح) بوو گۆڕی بۆئەمباروگەنجینەیەك .

شەریعەتی ئیسلامیش گۆڕرا و یاسایەکی مەدەنی شوێنی گرتەوە کە حکومەتی تورکیا لە یاسای سویسری لە ساڵی ١٣٤٥ك / ١٩٢٦ ز دا وەری گرت ، ڕۆژ ژمێری کۆچیشی گۆڕی و ڕۆژ ژمێری (گریگۆری) ڕۆژئاوایی دانا جا ساڵی ١٣٤٢ کۆچی لە هەموو بەشەکانی تورکیا دا لەکارخرا و ساڵی ١٩٢٦ زایینی شوێنی گرتەوە .

* لەدەستوری ساڵی ١٣٤٧ ك / ١٩٢٨ زدا لە دەستوردا باس لەوە نەکرا کە تورکیا(دەوڵەتێکی ئیسلامی) یە دەقی سوێندی یاسایی کە پیاوانی دەوڵەت لە کاتی گرتنە دەستی کارەکانیدا سوێندیان پێ دەخوارد گۆڕاو سوێندیان بەشەرەفی خۆیان دەخوارد لە جیاتی ئەوەی سوێند بە خوا بخۆن کە وەك چۆن پێشتر وابوو .

* لە ساڵی ١٩٣٥ زدا حکومەت پشووی ڕەسمی گۆڕی و هەینی تێدا نەما ، بەڵکوو ڕۆژی یەکشەممە بوو بە پشوی ڕەسمی و پشووی کۆتایی هەفتە لە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەوە دەستی پێدەکرد و تاکوو بەیانی ڕۆژی دووشەممە بەردەوام بوو .

* حکومەت بە تەواوەتی فێرکردنی ئایینی لە خوێندنگە تایبەتی یەکاندا پشتگوێ خست ، پاشان هەڵی وەشاندەوە ، نەك هەر ئەمە بەڵکوو کۆلیژی شەریعەت لە زانکۆی ئیستانبول تا ئەهات ژمارەیەکی کەمتر خوێنکاری وەرئەگرت تا لە ١٣٥٢ك / ١٩٣٣زدا بەتەواوی داخرا .

* حکومەتەکەی مصطفی کمال لە بزوتنەوەی بە ڕۆژئاوایی کردندا بەتەواوەتی ڕۆچوو ، ئەوەبوو ، بڕیارێکی دەرکرد بۆ یاساغ کردنی (طربوش) کردنە سەر و فرمانی کرد دا شەبقە بکرێتە سەر وەك دەوڵەتە ئەوروپی یەکان [1]. و لەساڵی ١٣٤٨ك / ١٩٢٩ زدا حکومەت دەستی کرد سەپاندنی بەکارهێنانی پیتە لاتینی یەکان لە نوسینی زمانی تورکی دا لە بری پیتە عەرەبی یەکان . ئیدی ڕۆژنامەو کتێبە کان بە پیتە لاتینی یەکان دەردەچون و لە کۆلیژەکاندا فێربوونی زمانی عەرەبی و فارسی لابرا . هەروەها بەکارهێنانی پیتە عەرەبی یەکان بۆ چاپکردنی نوسینە تورکی یەکان قەدەغەکرا . ئەو کتێبانەیش کە پێشتر لە چاپخانە کانی ئەستانبول لە سەردەمەکانی پێشوودا چاپیان کردبوون ، نێردران بۆ میسرو

---

[1]) حاضر العالم الاسلامي (١/ ١١٥) .

فـارس و هینـد ، بـەم جـۆرە حکومـەتی تورکیـا پەیوەنـدی لـە نێـوان تورکیـا و ڕابـردووی ئیسلامیدا لە لایەك ولە نێوان خۆی و موسڵمانانی هەموو وولاّتە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا لـە لایەکی ترەوە دابڕا .[1]

*(ئەتاتورك) ڕۆحی نەتەوەپەرستی دەکرد بە گەلی تورکیادا ، ئەوەیشی بەهەل قۆستەوە کـە هەنـدێ لـە مێژوونوسـەکان بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد کـە زمـانی سـۆمەری یـەکان خـاوەن شارستانیەتی کۆن لە وولاّتی نێوان دوو ڕووبار دا پەیوەندی هەیە لەگەڵ زمانی تورکیدا ، بۆیە ئەیوت : تورکەکان خاوەنی کۆنترین شارستانی یەتن لە جیهاندا ئەمەش بۆ ئەوە ئەیوت تاقە ڕەبووی ئەو هەمووە بەها بالاّنەی لەدەستیدااوا بکاتەوە بۆیان ، پاش ئەوەی دژایەتی هـەموو چالاکی یـەکی ئیسلامی دەست دایـە . جا (مـصطفی کمـال) نـاوی (ئـەتاتورك) ی دابڕی بەسەر خۆیدا کە بە واتای (باوکی تورکەکان) دێت[2].

* حکومەتەکـەی (ئـەتاتورك) ئیشی ئـەوە بـوو کـە گرنگـی بـە هـەموو ئەوشـتانە بـدات کـە ئـەوروپی بێـت ، ئیـدی بوارەکـانی هونـەر گەشـەیان سـەند و لـە هـەموو مەیدانـەکانی شـارەگەورەکاندا پەیکـەری ئـەتاتورك ڕاسـت ئەکرایـەوە ، و گرنگـی دان بـە وێنـە و مۆسـیقا زیادی کرد و ژمارە یەکی گەورەی هونەرمەندان وەك وەفد هـاتن بۆ تورکیا کە زۆرینەیان لە فەڕنساو نەمساوە هات بوون[3] .

* حکومەتەکەی(ئەتاتورك) ئیشی ئـەکرد لـە سـەر ئەوەی کە بالاّپۆشـی ئافرەت (حیجاب) نەهێڵێت و فرمانی کرد بە سفوری (قوامة)و بەرپرسیارێتی پیاو بەسەر ئافرەتدا نەهێشت و بەناوی ئازادی و یەکسانی یەوەجڵەوی بۆ ئافرەت بـەرداو دەستی کردە پشتیوانی کـردن لـە ئاهەنگەکانی سەماکردن شانۆ تێکەڵەکان .

* لە هاوسەرگیریشدا لەگەڵ(لەتیفە هانی) دا کە کچی یـەکێك لـە دەوڵەمەنـدەکانی ئـەزمیربوو پەیوەنـدی یـەکی پتـەویان هـەبوو بـە جولەکـەکانی دانیـشتووی ئـەزمیر ، ئاهـەنگی ژنگواستنەوەکەی لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی بەڕێوە برد هـانی دەستهەڵگرتن لە خوونەریتـە ئیـسلامی یـەکان بـدات و بەکـەناری شـاردا گەڕانـدی کـە هـەمووگیانی بـەدەرەوە بـوو ، لەگـەڵ

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[3]) المسألة الشرقية – الاسوقی ص٤٢٨-٤٣٢.

پیاواندا تێکەڵ دەبوو و پێشکەوتووترین جلوبەرگی لەبەر ئەکرد کە یارمەتی بدات بۆ پیشاندانی جوانیەکانی [1].

* فرمانی کرد بە وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانی تورکی . بەمە هەموو واتاو نێوەڕۆکەکانی لە دەستدا ، فرمانیشی کرد کە بانگ بە زمانی تورکی بێت [2].

* ئیشی کرد لەسەر گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن و لە پێناو بە دیار خستنی ڕابردووی نەتەوەیی تورکیدا نوسینەوەی مێژووی دووبارەکردەوە و کەوتە پاکتاو کردنی زمانی تورکی لە ووشەی عەرەبی و فارسی و گۆڕی بۆ ووشە گەلێکی ئەوروپی یان کۆنە لاتینی.

* ئەوروپا سوربوونی لە سەرچوون بە ئاڕاستەی ئەوروپا ڕاگەیاند و لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی دابڕاو حکومەتەکەی بەپەلە پشتی کردە ئیسلام تەنانەت بە توندی دژایەتی هەر هەوڵێکی کرد کە هاویشتەی بەرەو زیندووکردنەوەی ڕێبازە ئیسلامی یەکان بوایە [3].

ئەو هەنگاوانەی مصطفی کمال کاریگەری دووریان هەبوو لەسەر میسر و ئەفغانستان و ئێران و هیندی ئیسلامی و تورکستان و لە هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامی، ئەگەر هەل برە خسایە بۆ بانگخوازە بە ڕۆژئاوایی کەرەکان و خزمەتگوزارانی ڕۆشنبیری ئیمپریالیزمی کە تا ئەو پەڕی توانست جێبەجێی بکەن و لە بواری پێشکەوتن و ڕاپەڕینی بانگەشە کراودا تورکیا بە نمونە بهێننەوە . جا ڕۆژنامە میسری یەکانی وەك (– الأهرام) ، (الساسة) (المقطم) کە ئاڕاستەیەکی ئیسلامیان هەبوو و لەلایەن دەسەلاتی ڕۆژئاوایی و سەنتەرەکانی جولەکە و ماسۆنی یەوە پالپشتی ئەکران کەوتنە بە پیا هەڵدانی کەمال ئەتاتورك.

ئەو ڕۆژنامانە هەڵسوکەوتەکانی کمال ئەتاتورکیان بە بیانوو دەهێنایەوە و لەگەڵ ئەوەدابوون کە ئەو دایهێناو چەندین قسەیان لەبارەوە بلاوەکردەوە بۆ نمونە (تورکیای نویٚ هیچ پەیوەندی یەکی بە ئایینەوە نی یە) و مصطفی کمال (ڕۆژێك قورئانێکی بەدەستەوە و ووتی : بەڕاستی پێشکەوتنی گەلەکان ناگونجێت بە کۆمەڵە یاساو بنەمایەك جێبەجێ بکرێت کە لەسەر دەمە کۆنەکاندا دانراوە) .

---

[1]) حاضر العالم الآسلامي (١/ ١١٦) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[3]) الإتجاهات الوطنية (٢/ ١٠٠) .

بەڕاستی حکومەتی عەلمانی کەمالی تورکیا – وەك ئەمیر شکیب ئەرسەلان وەسفی کردووە حکومەتێکی ئایینی نەبووە لە شێوەی فەڕەنسا و ئینگلتەرادا ، بەڵکوو دەوڵەتێکی(نائایینی) بوو ، وەك شۆڕشی بەسشەفی بوو لە ڕوسیادا_ چونکە ئەو هەمووە حکومەتە لە ڕۆژئاوادا بە شۆڕشە ناودارەکانیەوە دەستی نەخستە نێو پیتەکانی ئینجیل و جۆری بەرگی پیاوانی ئایینی و ڕێوڕەسمە تایبەتی یەکانیان و کەنیسەکانی لە کار نەخستن [1] .

ڕاگەیاندنی جولەکەیش ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە نرخ پێدانی ئەو هەڵگەڕانەوەیە دا . هەروەك ڕۆڵی دیاریشی هەبوو لە هاندانی ئەتاتورك لەسەر دژایەتی کردنی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامی ، هەروەها ئەو کارانەی بۆ جوان و ڕازاوە دەکرد کە لەسەر بڕینی دڕندانەی دژ بە مرۆڤ پێی هەڵدەسا وای ئەناساند جگەلە چەند جەنگێکی پاڵەوانێتی هیچی تر نی یە ، هەروەك مینبەرێك بوو بۆ هەموو بانگە خۆ چوێنەرەکان بە ڕۆژئاوای خاچپەرستی و بانگەواز بۆ ئازادی لە سنور دەرچوو بۆ ئافرەتی تورکی و نرخدان بە هونەرەکانی ڕووخاندنی ڕەوشت وای دەرئەبڕی کە خواردنەوەی مەی و قومارو زینا جگەلە دیاردەی شارستانێتی و ژیاری بوون هیچی تر نی یە [2] .

ڕاستی تاڵ ئەوەیە : مصطفی کمال بوو بە نمونەیەکی زەق بۆ فەرمانڕەواکانی جیهانی ئیسلامی و شێواز چەوسێنەری یە بێوێنەکەی کاریگەری هەبوو لە سیاسەتی ئەوانەی دواتردا . هەروەها بیانوی پێویستی دا بە دەستئیمپریالیزمی ڕۆژئاواوە تا ئیسلام لەناو بەرێت ، بۆ نمونە فەڕەنسا ئەوەی ئەکرد بە بیانوو کاتێك خەریکی بە نەصارنی کردنی کیشوەری ئەفریقا بوو ، بە هەموو شێوەیەك ئەیویست لە ئایین و عەقیدە و ئیسلامەکەیان دووریان بخاتەوە ، ئەیوت ، خۆ ئێمە لە تورکە موسڵمانەکان سوور ترنین بۆ پاراستنی ئیسلام [3] .

بەڕاستی مصطفی کمال بوو بوو بەسەرکردەیەکی دیار بۆ زۆرێك لەو فەرمانڕەوایانەی کە دوا ڕۆژی خۆیان فرۆشت بۆ دنیایەکی بەسەر چوو .

---

[1]) العلمانية – د . سفر الحوالي ص٥٧٣ .

[2]) حاضر العالم الأسلامي (١/ ١١٧) .

[3]) العلمانية – د. سفر الحوالي ص٥٧٣ .

موسڵمانان چەندین شۆڕشی چەکداری یان دژ بە حوکمی عەلمانی تورکی (کە دوژمن بوو بە ئیسلام) بەرپا کرد . گرنگترین شۆڕشەکانیش لە ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بوو لە ساڵی ١٣٤٤ ك دا . پاشان لە ساڵی ١٣٤٩ ك دا لە منیمین . کە کەمالی یەکان بەتوندو تیژی یەکی بێوێنە سەرکوتیان کرد و ژمارەیەکی زۆری زانایان بوونە قوربانی و ناوچەکە لە ڕووی ئابووری و زانستی یەوە پشتگوێ خرا .

بزوتنەوەی نور بەسەر کردایەتی (شێخی بەدیعوز زەمان سەعیدی نورسی) و خوێندکارەکانی دوای خۆی بەرپا بوو، و ژمارەی یەکی زۆری پەیامی ئیسلامی بلاۆکردەوە لە ژێر ناونیشانی (پەیامەکانی نوور) دا لە پێناودروست کردنی هۆشیاری ئیسلامی وبەرەنگاری کردنی ئیسلامی و بیروڕاکانی کەمالی و عەلمانی یەکان . بزوتنەوەکەی ئەو پشتی بە هەڵگرتنی چەك نەبەست و بەڵکو بە جیهادکردنی زمانەوە وەستا . ئەتاتورك هەوڵیدا بۆ لای خۆیی ڕاکێشێت و موناقەشەی زۆری لەگەڵدا کرد گوایە ئەو خەڵکی بۆ نوێژ بانگ دەکات و ئەو بانگەشە یەی ئەویش دوبەرەکی و ناکۆکی دەنێتەوە لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا ، ئەویش وەلامی دایەوە و فەرموی (گەورەترین ڕاستی یەك کە لە دوای ئیسلام ئە درەوشێتەوە لە نوێژدایە ،هەرکەسیش کە نوێژ ناکات ناپاکە . فەرمانڕەوایی ناپاکیش ڕەت ئەکرێتەوە) [1].

کەمال ئەتاتورکیش گرتی و پاشان پاش ئەوەی بە پیلانی هەڵگەڕاندنەوەی نیزامی حوکم تۆمەت باری کرد دووری خستەوە (نەفی کرد) بەلاّم بانگەوازەکەی بە نهێنی لە نێو ڕیزی لاوانی زانکۆ و سەربازەکانی سوپا و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەردەوام لە بلاّوبوونەوە دابوو ، جارێکی تر بە تۆ مەتبارکردنی ئەتاتورك بە دەجال ڕووبە دادگایی کردن بوویەوە. ئەویش لەبەردەم دادگا ڕاوەستا و ووتی : (من سەرم زۆر سوڕ دەمێنێت کە چۆن خەڵکانێك کە لە نێو خۆیاندا قورئان و واتا و موعجیزەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکەن تۆمەتباردەکرێن بەوەی خەریکی سیاسەت ودروستکردنی کۆمەڵە نهێنی یەکانن ، لە کاتێکدا هەق ئەدرێ بە خەڵکانی یاخی زۆربێشەرمانە و بەردەوام درۆ بەدەم قورئان و ڕاستی یەکانەوە بکەن !پاشان ئەوەدەکرێتە کارێکی پیرۆز ! چونکە ئەوە ئازادی یە ، بەلاّم ئەو ڕۆشنایی قورئانەی کە لە نێو دڵی ملیۆنەها موسڵمانی وابە ستە بە دەستورەکەیدایە جێگەی مەترسی یەوئەبێت

---

[1]) حاضر العالم الآسلامي (١/ ١١٧) .

هەموو زاراوە خراپو پیسی یەکانی ناو و سیاسەت هەیە برژێنرێت بەسەریدا . گوێ بگرن ئەی ئەوانەی ئاینەکەتان فرۆشتووە بە دنیا و ئاوەژووی نێو(بێ باوەڕی تەواو) بوون من بەوپەڕی ئەو هێزەی کە خوا پێی داوم دەڵێم : چی لە تواناتاندا هەیە بیکەن ، ئەوپەڕی ئامانجی ئێمە کە دەیخوازین ئەوەیە سەرمان بکەینە قوربانی بچوکترین ڕاستی لە ڕاستی یەکانی ئیسلام .....) [1].

ئینجا گەڕێنرایەوە بۆ دەست بەسەریەکەی و تا ساڵی ١٣٦٧ ك مایەوە ئەو کاتەی حکومەت ناچار بوو دەستبکات بە وەڵامدانەوەی داواکاری یەکسانی گەلی موسڵمان تایبەت بە چالاکی ئاینی [2] .

بەڕاستی سیاسەتە علمانی یەکەی ئەتاتورك بەڕوونی لە ناو بەرنامەی حیزبەکەیدا (حیزبی کۆماری گەل) دەرکەوت لە ساڵی ١٣٤٩ : دا جارێك و ساڵی ١٣٥٥ ك یش بۆ جاری دووەم . کە دەستوری تورکی نوسیەوە . ئەویش ئەو شەش بنەمایە بوون کە بەشێوەی شەش تیر لەسەر ئاڵای حیزبەکەی کێشرابوون کە هێما بوون بۆ : نەتەوایەتی ، کۆماری گەلێتی ، عەلمانی یەت ، شۆڕش ، دەسەلاتی دەولەت [3] . ئەتاتورك لەگەڵ ناڕازیبوونی موسڵماناندا عەلمانی یەتی تورکیای هەرسەرخست و لە ساڵی ١٣٥٦ ك دا مردو دونیای بەجێ هێشت !! بە دیهێنا . بە ڕاستی مصطفی کمال بەدوو ساڵ پێش مردنی تووشی نە خۆشی یەکی سەخت بوو لە گورچیلەکانیدا کە کەس لێی تێنە دەگەیشت ، توشی چەند نەخۆشی یەکی درێژ خایەن بوو بوو کە بەرگەی نەدەگرت ، هۆکەیشی سەرکردنە خواردنەوەی مەی بوو، کە بووە هۆی پەککەوتنی جگەر و هەڵئاوسانی دەمارەکانی دەست و قاچی و پاشان تووشی حاڵەتی خەمۆکی و دڵتەنگی وگۆشەگیری بوو ، لە بەشە سەرەکی یەکانی مێشکیشیدا تووشی داوەرین و داڕمان بوو . بۆیە ئەم دیکتاتۆرە نمونەیەکی ناوازە بوو لە دڵرەقی و زۆرداری و خۆویستی کاولکەریدا [4] .

---

[1]) حاضر العالم الآسلامي (١/١٢٢) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/١٢٢) .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/ ١١٦) .

[4]) المسألة الشرقية – محمد ثابت الشاذلي ص٢٤٢ .

(باسی حەوتەم)

(چەند موژدەیەکی ئیسلامی لە تورکیای عەلمانیدا)

پاش مردنی ئەتاتورک لە ساڵی ١٣٥٦ ك دا (عیسمەت ئینونو) ی هاوڕێی لەسەر هەمان ڕێڕەوی عەلمانی سەرۆکایەتی گرتە دەست و لەسەرهەمان سیاسەتی ئەتاتورك دەچوو ، لە کاتی هەڵگرسانی جەنگی دووەمی جیهانی دا تورکیا پابەندی بێلایەنی بوو کەچی شەڕەکە دەستی پێکرد دایە پاڵ هاوپەیمانان و چوویە نێو جەنگەکەوە ، پاش کۆتای پێهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ، تورکیا لە ولایەتە یەکگرتووەکان نزیك بوویەوە و لەگەڵیدا چووە نێو چەند پەیماننامەیەکەوە ، ئەمریکا لەسەر خاکە تورکی یەکان چەن بنکەیەکی سەربازی دانا و چەندین قەیرانی توندی ئابووری سەری هەڵدا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسی یەکەی زیادی دەکرد و هەڵئاوساوی ماددی زیادی کرد .

دەوڵەت ڕێخۆشکەری کرد بۆ دامەزراندنی چەند حیزبێکی نوێی عەلمانی ، جا حیزبی دیموکراتی لە ساڵی ١٣٦٦ ك دا لە دوو بەرەکی نێو خودی ڕیزەکانی حیزبی کۆماری گەلدا گەشەی سەند . لە بە ختوکەدانی هەستی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکانیشدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو دەستیان دایە پێڕەوی کردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا و (جلال بایار) کە سەرۆکی حیزبەکە بوو ، بوویە سەرۆك کۆمار لە ساڵی (١٣٧٤ك) دا و پایەی سەرۆك وەزیران ئەوکاتە لە گرنگی دا دەیدا بەسەر پایەی سەرۆك کۆماردا .

قەیران و کارەساتە ئابووریەکان درێژەیان کێشا و ڕەخنەیەکی زۆریش ڕووی کردە حیزبی فەرمانڕەوا، حیزبی ناسیونالیزمی کە لە ساڵی (١٣٦٨ك) دا دروست بوو بوو ، فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەرکرا بە بیانووی ئەوەی کە دژایەتی پرنسبە کەمالیەکان ئەکات ، بەڵام ئەم حیزبە بەناوێکی ترەوە دامەزرایەوە و ناوی خۆی نا (حیزبی نەتەوایەتی کۆماری) و باجێکی زۆرو سەختی خستە سەر ئەو ڕۆژنامە نوسانەی کە لە ڕێزی حکومەتیان دادەبەزاند ، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی فشاری خستە سەر مامۆستایانی زانکۆکان و دادوەران و کارمەندە مەدەنی یەکان ، لە ساڵی ١٣٧٦ ك یشدا چەند مەرجێکی سەپاند بەسەر کۆبونەوەکاندا . حیزبی دیموکراتی تۆمەتی ئاڕاستەی زۆرێك لە بێتاوانەکان کرد بە بەشداری کردن لەوەدا کە بە (پیلانی ئەفسەرەکە ناسرا بوو کە تۆمەتیاری کردبوون بە هەڵگەڕانەوە لە ڕێبازەکانی عەلمانی یەت ولادانەوە بەرەو ڕێکخراوەکانی ئایینی ئیسلامی

، له ڕاستیدا هەندێ چاو پێدا خشاندنەوە کرا دەربارەی هەندێ هەڵوێستی دژ بەرامبەر بە ئیسلامبەهۆی ئەوفشارە ئیسلامی یەی کە دروست بوو بوو [1].

تەنانەت حیزبی گەلی کۆماری دەستی کرد بە گۆڕان لە ئاڕاستە عەلمانی یەکەیەوەلەو کاتەوە کە بڕیاری گواستنەوە بۆ فرە حیزبی لە وولاّتدا دا ، ئەوە بوو حیزبەکە کۆك بوو لەسەر کردنەوەی ئیلاهیات و پەیمانگەی زانستە ئیسلامی یەکان لە ئەنقەرە .

حیزبی دیموکراتی لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ١٩٥٠ ز دا پشتی بە کۆمەڵە ئیسلامی یەکان ئەبەست کە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بردنەوەی لە حیزبی گەلی کۆماری. بە هۆی ئەمەوە حیزبەکانی تریش پشتیان بەست بەو کۆمەلاّنەی باسکران . وەك حیزبی عەدالەت لە ماوەی نێوان ١٩٦١-١٩٨٠ز دا . حیزبی ڕێگەی ڕاستیش لە هەشتاکاندا هێزی خۆی لە ڕای گشتی ئیسلامی یەوە وەردەگرت . حیزبی کاری نەتەوایەتی بەسەرکردایەتی (ئە لب ئەرسەلان تورکش) لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامیەکەدا کەوتە ڕێ و گۆڕانی لە چەمکی عەلمانیەتدا دروست کردوو دەستی کرد بە نزیك بوونەوە لە ڕای گشتی ئسلامی و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٧ز دا دروشمی ئەم حیزبە بریتی بوو لە (ڕێ نیشاندەرمان قورئانە و ئامانجمان طورانە) [2].

بەلاّم کاری ئیسلامیبە شێوەیەکی ڕێکخراوەی ولە نێو ئەو شەپۆلە عەلمانی یە یەك لە دوای یەکدا بە ڕوونی دوای دەرکەوت و ڕێگەی دەرکەوتنی (حیزبی ئاشتی نیشتمانی) (حزب السلامة الوطني) دەرکەوت و کەوتە ڕێگەبڕین .

- **بزوتنەوەی ئیسلامی لە تورکیا دا پێش دەرکەوتنی حیزبی ئاشتی نیشتمانی پێکهاتبوو لە :**

* نرامەکانی سۆفیزم کە دژایەتی بزوتنەوەی "کەمالیەت " یان ئەکرد : ئەمانە بەپێی چەمکی تایبەتی خۆیان پارێگاری یان دەکرد لە کەلتوری ئیسلامی و بە نهێنی قورئانیان لە بەردەکرد ، ئامانجی ئەم بزوتنەوە یە بریتی بوو لە پارێزگاری کردن لە پەرستشە ئیسلامی یەکان لە دەروونی ڕای گشتی تورکیدا ، لەو بوارەشدا هەستان بە پێکهێنانی چەند کۆمەڵەیەك بۆ هاوکاریکردنی ماددی خوێندکارانی خوێندنگەکان تایبەت بە ئیمام وتار بێژان تابەردەوام ڕوو لەزیاد بوون بکەن ، و قەرەبووی ئەو کەم بوونەوەیە بکەن لە کاردیری

---

[1]) حاضر العالم الآسلامي (١/ ١٢٠) .

[2]) الحركة الآسلامية الحديثة في تركيا _ د .أحمد النعيمي ص١٨٤- ١٨٧ .

ئیسلامیدا کە لە ئەنجامی خۆشاردنەوەی بانگخوازە ئیسلامی یەکانەدا دروست بوو بوو کاتێك حیزبی کەمالی ڕووبەڕووبوویەوە لەگەڵیاندا .

* بزوتنەوەی پێشەوای گەورە چاکساز (سەعیدینورسی) کە بە (بزوتنەوەی نور) دەناسرێ و هەوڵەکانیئەم بزوتنەوەیەچڕ ئەبێتەوە لەسەر بانگەوازکردن بۆ ئیمان بە خواو ڕۆژی دوایی و بەرەنگاریکردنی ماتریالیزمی وبێباوەڕی (ئیلحاد) و گرنگیدان بە پەروەردەی نەوەکانی داهاتوو . زۆرێك لە شوێن کەوتوانیئەم بزوتنەوەیە لە سیاسەت دوورکەوتنەوە [1] .

کە تورکیا جۆرێك لە ئازادی بەدەست هێنا ، ئەو ئیسلامیانەی باوەیان بە گرنگی ململانێ ی سیاسی هەبوو پێشڕەوی یان کرد بۆ دامەزراندنی (پارتی ڕژێمی نیشتمانی) لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ ز دا کە (یونس عارف) هەستا بە دامەزراندنی .هاوکاری و پاڵپشتی ئەم حیزبە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن بازرگانە بچوکەکان و پیشە گەرو پیاوانی ئاین ویستی نێو ئەنادۆڵەوە بوو . حیزبەکە لە ماوەیەکی تەواو کەمدا فراوان بوو . ئیدی هەڕەشە یەکی ترسناکی پێك دەهێنا لەسەر حیزبە عەلمانی یەکان . لە دەقی بەیانی دامەزرانەکەیدا ئەمە هاتووە : ((ئەمڕۆ : ئومەتە گەورەکە ئێمە کە درێژە پێدەری ئەو پاڵەوانە ئازاد خوازانەیە کە پێش هەزار ساڵ سوپا خاچپەرستەکانیان تێکشکاند و پێش ٥٠٠ ساڵ فەتحی ئەستانبولیان کرد ، ئەوانەی پێش ٤٠٠ ساڵ لە دەرگاکانی(ڤێننا) یان داو پێش ٥٠ ساڵ جەنگی سەر بەخۆیی یان بەرپا کرد .ئەو ئومەت ڕەسەنە ئەمڕۆ هەوڵ دەدات کە لە گەلان ڕاست ببێتەوە و هێزو پەیمانەکانی لەگەڵ پارتە ڕەسەنەکەی (پارتی ڕژێمی نیشتمانی) نوێ بکاتەوە . پارتی ڕژێمی نیشتمانی پەیمان ئەدات کە پلەو پایەداریبەرز دەگەڕێتەوە بۆ ئومەتەکەمان ، ئەو ئومەتەی پشکێکی گەورەی لە ڕەوشت و فەزڵی هەیە زیاد لە پشکە مێژووی یەکەی و ئەو پشکەی ئێستاشی کە بریتی یە لە ئەو هەموو گەنجە تێگەیشتووەی کە باوەڕی بە باس و خواستی خۆی و نیشتمانەکەی هەیە) [2] .

---

[1]) المعالم الرئسية التأريخية والفكرية لحزب السلامة ص ٤٣٥ .

[2]) الحركة الآسلامية الحديثة في تركيا ص١٢٦ .

* پارتی ڕژێم بەرنامەی ئیشکرندنی لە دووتوێ ی چەندین بیروڕا (ی گشتیدا) ئەخاتە ڕووکە دەکرێت لەم خالانەدا پوختی بکەینەوە :

١- هەموو دامەزراوزە گرنگەکانی نێو تورکیا لە دەسێکی ڕۆژئاوایی نانیشتمانی دایە ، باری سروشتی و پێویستی نەتەوەیش داوای ئەوە دەکەن کە ئەو دامەزراوانە بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان .

٢- خەڵك (٤٠) ساڵ ژیاو هێزە دەرەکی یە کاریگەرکانیش هەوڵی دوورخستنەوەیان دەدەن لە تەوەری ڕاست و دروستی خۆیانەوە بۆ تەوەرێکی نامۆ ، بۆیە خەڵك کەوتوونەتە نێو تەنگەبەری و چەرمەسەری توندەوە ، پێویستە خەڵك بگەڕێتەوە بۆ باری سروشتی و تەوەرەی ڕەسەنی یان (سروشتە خوا دابیٚ بەکری) تا کاروو باریان ڕاست ببێتەوە و لە بیرو باوەڕەنامۆکانیان ڕزگاریان بێت .

٣- ئەم ناوە تازانەی سەردەم وەك ڕاست و چەپ و ناوەڕاست . ئەمانە لە داهێنانی ماسۆنی وزایونزمن کە هەموویان چەند دامەزراوە یەکی شوێنکەوتەی یەك ئامانجن . ئەویش ئەوەیە کە تورکیا لەو هێڵە شارستانی یەی لابدات کە تەمەنی هەزار ساڵە . جا ڕزگار بوون لەو ناوانەو گەڕانەوە بۆ ئەو هێڵە ڕەسەنە کە ڕابردووی پرسەروەری سبەینێی پڕشنگدار دەگەیەنێت .

٤- پارتی ڕژێمی نیشتمانی وەك هیچ حیزبێکی تر نابێت . هەموو حیزبەکان لەسەر بنەمای دەسەڵات گرتنە دەست و ئارەزووی فەرمانڕەوایی بەرپا دەبن ، بەڵام ئێمە لەسەر بنەمایەکی نوێ هەڵدەستین کەڕازی یکردنی خواو کارکردنە لە پێناو نیشتماندا .

٥- سیسم فێرکردن لە تورکیا گەندەڵە و کەمینەیەکی کینە لە دڵە خاچپەرست و جوولەکە بە شێوەیەك دایانناوە کە لەگەڵ ئەم ئوممەتەدا شیاو وگونجاو نی یە ، ئەو سیستمە هەموو نرخێکی ئایینی یان ڕەوشتی لە ڕیشەوە دەرهێناوەو ئامانجی جیاکردنەوەی تورکیا یە لە ڕابردووی ئیسلامی و سڕینەوەی لە ئایین و) بەهابالاکانی وتەنیا بەم ڕێگە یە دەتوانن نەوەکان لە ناوبەرن و وولات کاول بکەن ، بەڕاستی وا ٥٠ ساڵ تێپەڕی و ئێمە هەر دەبیستین تورکیا بەشێکە لە ئەورووپا و پێویستە ڕاپەڕین لە سەر کەلاکی ئایین دەستپیٚ بکات چۆن لە ڕۆژئاوادا ڕوویدا ، کەچیئەوەیان بیر چووەتەوە کە : ئیسلام جیاوازە لە کەنیسەو دەوڵەتیقەشەو پیاوانی ئاینی .

٦- لەو کاتەدا کە تیایدا دەوڵەت ڕێگری دابەشکردنی کتێب دەکات بەسەر پەیمانگە باڵا ئیسلامی یەکاندا و هەوڵی داخستنی پەیمانگەکانی پێشنوێژو وتابێژان و خوێندگەکانی فێرکردنی قورئان دەدات ، یارمەتی ماددی ملیۆنەها شانۆ و هونەر مەند دەدات . لەگەڵ پارە بۆ ئەو خواردنەوانەی لە نێو باڵوێزخانەکاندا دابەش دەکرێت . لەو کاتەدا کە دەوڵەت ڕێگری دەکات لەو کچە خوێندکارە کەمدەسانەی کە لەچك دەدەن بەسەریاندا ، لە هەموو شوێنێك بەبێ چاودێری یان فشارێك کتێبەکانی لاهوت دەوترێتەوە . ئەمەیش واتای ئەوەیە کە پارتی ڕژێمی نیشتمانی هەقیەتی دووپاتی گەڕانەوە دەکات بۆ ئیسلامی ڕاست و دروست [1] .

جولەکە و عەلمانی یەکان لە تورکیادا لە ڕووی ئەو دەنگە گەنجانەدا خۆیان نەدەگرت کە بەزینوویی و چالاکی یەوە دەردەپەڕی و سەری هەڵدەداو ئیمانێکی قوڵی بە ئیسلام و گرنگی گەڕانەوەی گەلی تورکی بۆ ئیسلام لە باس و خواسەکانیدا دەیجولاند . بۆیە سوپای تورکی لە ئازاری ١٩٧١ زدا بە هۆی چالاکیپارتی کرێکارانەوە کەوتە ڕێو جوڵاو باس و خواسی پارتی رژێمی نیشتمانی گەیاندە دادگای دەستوری کە لە ٢١ی مارسی ١٩٧١ زدا بڕیارێکی زۆردارانەی دەرکرد بە هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە [2] .

* لە بڕیاری دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتدا ئەمە هاتبوو :

١- ئەوبنەمایەی کە پارتەکەی لەسەر بەرپا بووە لەگەڵ هەڵسوکەتەکانیشیدا پێچەوانەی دەستوری تورکین .

٢- ئیش کردن بۆ لە کارخستنی عەلمانی یەت لە وولات دا و بەرپا کردنی حوکمەتێکی ئیسلامی .

٣- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی یانەی کە وولاتی لەسەر ڕاوەستا وە .

٤- ئیش کردن دژ بە بنەماکانی ئەتاتورك .

٥- هەستان بەهەندێخۆپیشاندانی ئایینی .

---

[1]) الحركة الآسلامية الحديثة في تركيا ص١٢٧ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢٨ .

هەروەها لە بڕیاری دادگاکەدا هاتبوو : هیچ کەسێك لە کەسایەتی یەکانی پارتەکە بۆی نی یە لە چوارچێوەی هیچ پارتێکی تری سیاسیدا ئیش بکات و بۆیشیان نی یە حیزبێکی نوێ دامەزرێنن وڕێگەش نادرێ خۆیان بۆ هیچ هەڵبژاردنێکی تر بپاڵێون ئەگەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ بابەناوی سەربەخۆشەوە بێت . ئەمەیش واتای ئەوەیە کە نێوانی سەرهەڵدان و داخستنی حیزبەکە تەنها دەمانگ بووە [1] .

لە نێو ئەم ڕووداوە گەرمو گوڕو تەواو توندو تیژەی یەی نێوان ئیسلام و عەلمانی یەت لە تورکیادا، موجاهیدی گەورە (نەجمەددین ئەربەکان) دەرکەوت و جەنگێکی فیکری لەگەڵ عەلمانی یەکاندا بەرپاکرد ، جا لە ٢ی ئابی ١٩٧٢ ز و پێش دامەزراندنی حیزبی ئاشتی نیشتمانیدا (ئەربەکان) لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا قسەی کردوو ووتی : (ڕامان وایە کە ڕونکردنەوەی گرنگی زیاترو لەبار بدەین بۆ کردنی دەستور بەدەستورێکی دیموکراتی ، پێویستشتە لێرەدا چەند مادەیەکی لەباری دەستور هەبن بۆ ناساندنی بزوتنەوەکان و مافەکانی فیکرو بیرو باوەڕ . هەروەها دەکرێت کەشێك برەخسێنرێت بۆ جێبەجێکردنەکانی ئێستا کە لەگەڵ بنەما بنەڕەتی یەکانی دەستوردا نەیارن ، خەڵك پێویستە سەرەتا قسە لە بناغەکانی (بیری ئازاد) و(ئازادی بیرو باوەڕ) بکات . دەوڵەتەکەیشمان بەردەوام لەو کارەدایە و گەشە دەسێنێت ولە داهاتوودا شوێنی خۆی وەردەگرێت لە نێو جومسەرە شارستانی یەکانی جیهاندا) [2].

(ئەربەکان) وای دەبینی کە سیستەمی دیموکراتی بە دیموکراتی ناژمێرێت بەبێ دیاری کردنی مافەکان و ئازادی بیروباوەڕ ، لە پشت ئەمەیشەوە ئامانجی ئەوە بوو ئازادی تەواودەستەبەر بکاتبۆ بلاوکردنەوەی بیروڕا ئیسلامی یەکان ، هەر دوو ڕۆژنامەی (جمهوریەت) و(مللیەت) ی عەلمانی لێدوان و قسەکانی ئەربەکانیان بەوە لێکدایەوە کە ڕێگەبۆ ئەوە خۆش دەکات کە ئایین بەکار بهێنێ بۆ ئامانجگە لێکی سیاسی [3] .

بەڕاستی (نەجمەددین ئەربەکان) هێرشی زۆری کردە سەر عەلمانی یەت و سودی لە کونوکەلە بەرەکانی نێو دەستوری تورکی بینی ، وەلامی هێرشەکانی ڕاگەیاندنی عەلمانی یە

---

[1]) الحركة الآسلامية الحديثة في تركيا ل١٢٨ .

[2] الحركة الاسلامية في تريا – د. النعيمي ل١٢٨ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٢٨ .

ناحەزەکانی کە دژ بە پرۆژەکانی ئەو بوون بەوە دایەوە ، ووتی : (بەڕاستی چەمکەکانی نەتەوایەتی و دیموکراتی و عەلمالنی یەت و کۆمەلأیەتی کە کەسێتی دەوڵەتی لەسەر بەندە بە پێی ماددەی دووەمی دەستور ، ئەمە دەکرێت بەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەو ماددەیە ڕێگەی ئەوە نادات ،هێزی ئۆپۆزیسیۆن تەفسیرو بەکارهێنانی خۆی پەیڕەوبکات ، لەم بوارەیشدا بەشێوەیەکی تایبەت چەمکی نەتەوایەتی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە ، ئەمەیش واتە پێویستە وا دەستنیشان بکرێت ڕێزگرتنی هەموو ئاکارە ڕۆحی یەکانی نەتەوایەتیمان بگرێتە خۆی چ وەك سەروەریە مێژووی یەکانمان وچ وەك نەریتەکانمان)[1].(نەجمەددین) ئەوەیشی زیاد کردوو ووتی : (ئایین بیرۆباوەڕێکی بنەڕەتی و سیستەمێکە بۆ بیرکردنەوەی هەمووتاکێك ، ئەوەیش واتە داننان بە مافی ئازادی و بوون و مافە بیروباوەڕی یەکانی تاکدا ، بەڕاستی بێبەش کردنی تاك لە بنەمایانە دژ بەڕۆح پرنسیبە بنەڕەتی یەکانی دەستورە بە تایبەت بڕگەی یەکی ماددەی نۆزدە و بیستی (١٩، ٢٠) دەستور)[2].

پاش هێور بوونەوەی کەشی توندو تیژی و ڕاڕایی سیاسی لە نێو سیاسەتی ناوخۆیی تورکیدا بە پێی یاسا (عورفی) یەکان ، ئەربەکان هەستا بە کۆکردنەوەی کادیری ئەندامانی پارتی ڕژێمی نیشتمانی و حیزبێکی نوێی لێ دامەزراندن و ناوی نا(حیزبی ئاشتی نیشتمانی) .

(حیزبی ئاشتی نیشتمانی) لە ماوەیەکی کەمدا کە لە (٨ی) مانگ تێنەپەڕی توانی لە ١٧ پارێزگادا بنکەکانی ڕێکبخات و نەجمەددین ئەربەکان ڕایگەیاند کە سەرکەوتنی حیزبەکەی لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سۆزە گشتی یەی لەگەڵ ئەو حیزبەدا هەیە کە بانگەواز بۆ گرنگیدان بە ڕەوشتە ئایینی و هەڵوێستە مەعنەوی یەکان دەکات ، لەسەر ئەو بنەمایەیش حیزبی ئاشتی نیشتمانی لەبەر نامەکانیدا ئەمەی دووپات دەکردەوە :

(بەرقەرارکردنی ڕێکخراوێك کە لەسەر ڕەوشت و کاری چاك دائەمەزرێت و بەهای مەعنەوی بە مرۆڤ دەبەخشێت هەروەك ماددەی دەو چواردەی دەستور نوسیویەتی و دوپاتی دەکاتەوە کە بەهای مەعنەوی مرۆڤ لەسەر بناغەی ڕەوشت و کاری چاك ڕائەوەستێت)[3] .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢٨ .

[2])المعالم الرئيسية للآسس التأريخية لحزب السلامة الوطني ص٤٣٥ .

[3]) الحركة الآسلامية الحديثة ص١٣٠ .

* گرنگترین کارەکانی حیزبی ئاشتی :

کاتێك حیزبی ئاشتی (سەلامەت) هەستی بە بەهێزی خۆی کرد و بوو بە بە شێك لە ژیانی سیاسی نێو تورکیا ، ناودارانی حیزبەکە هەستان بە بەرپاکردنی هێرشێکی ڕاگەیاندنی ڕێکخراو بۆ سەر بنەما عەلمانی یەکان نێو تورکیا و بۆ خەڵکیان ڕوونکردەوە کە چوارچێوەی سیاسی بۆ تورکیای نوێ دژ بەبنەما سیاسیەکانی ئیسلامە و ئیسلام بڕیاری یەکخستنی دەسەڵاتە سیاسی و ئایینی یەکان لە ژێر دەسەڵات ئاییندا دەدات ، بەم واتایەیش عەلمانی یەت و ڕژێمی عەلمانی دژی ئیسلام و شەریعەت و ئایینە بەتایبەت جێبەجێکردنی لە تورکیادا چونکە ئەو بۆ دابیناکردنی زەندەقە نەخشەی بۆ کێشراوە [1] .

بەدوای ئەم قسانەدا ئەڵێن: (تەنیا ناپاك و درۆزنەکان دەڵێن ئایین و سیاسەت دووشتی لەیەك جیان . چونکە موسڵمانان کاروباری دنیا لە کاروباری ئاسمان جیا ناکەنەوە . بە ڕوونیئەوە دیارە کە مافی مرۆڤ نی یە ((شەرع)) دابنێت ، بەلام ئەگەر دەستی کردە یاسادانان یان لافی ئەوەی لێ ئەدا کە ئەتوانێ یاسا دابنێ . ئەوا ئەو زاستەی بە هەڵەو تاوان دادەنرێت . دروستکەری یاسا ئیسلامی یەکان خودی دروستکەری مرۆڤە ، بەڕاستی خوا مرۆڤیگونجاو بە ئەو یاسایانە دروست کردووە ، بەڕاستی یاسا مرۆڤکردەکان لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناگونجێن ، ئیسلام ڕژێمێکە بۆ هەموو سەردەمێك دەگونجێت ، ئەو هەم ئایین و هەم دەوڵەتیش لە خۆ دەگرێت . قورئان بۆ ئەوە دانەبەزیوە تا لە گۆڕەکاندا بخوێنرێت یان لە شوێنەکانی پەرستشدا کلیل بدرێت . بەڕاستی خوا قورئانی دابەزاندوە حوکم بکات) [2] .

موجاهیدی گەورە (نەجمەددین ئەربەکان) لە ڕێگەی دژایەتی کردنی عەلمانی یەتدا زەحمەتی زۆری بوو کە ململانێ ی بە بەڵگە و پڕۆژە لەگەڵدا ئەکردن ڕێگە ی خۆی بڕی ، لە کاتی لێدوانەکانیشی لەگەڵ (ضیائولحەققی) فەرمانڕەوای پێشووی پاکستاندا – خوا ڕەحمی پێبکات – بەڕاشکاوانە ڕاکانی خۆی دەردەبڕی بە جەخت کردنە وە لەسەر ئەوەی : بەشداری ئیسلام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تاکە مەرجی بەرپابوونی دەوڵەتی ئیسلامی یە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣١ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

، لەم بوارەیشدا (نەجمەددین ئەربەكان) دەڵێت (پێش هەموو شتێك پێویستە دەوڵەت ئیسلامی بێت ، ئەگەر وانەبێت ، ئەوا ئایینی ئیسلام لە مەترسیدا یە) [1].

حیزبی ئاشتی نیشتمانی لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٧٣زدا هەوڵی نەدەدا كە ڕاستەوخۆ هەڵوێستی هێرش بردن بگیرێتەبەر بەرامبەر دیموكراتی یەت ، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠ زدا هەستیڕاستەقینەی خۆیان دەربڕی كاتێك دەستیان كرد بە ڕەخنە گرتن لە دیموكراتی یەت بە دوپات كردنەوەی ئەوەی دیموكراتی یەت لەگەڵ بنەماكانی ئیسلامدا ناگونجێت [2]. لەم بوارەیشدا حیزبی ئاشتی دووپاتی كردەوە كە : (دیموكراتی یەت پیلانێكی ڕۆژئاوایی یە بۆ سەركردایەتی كردنی نەزانانەكان بە پێی شێوازی ئاكارە ڕۆژئاوایی و مەسیحی یەكان ، بەڕاستی ئەوە سەركەوتنی مەسیحیەتە دژ بە ئیسلام ، بۆیە پێویستە یاسا خوایی یەكان جێبەجێ بكرێن ، چونكە مرۆڤ ناتوانێت یاسا گەلێك دابنێت كە بتوانرێت جێبەجێ بكرێن) [3]

دەكرێت دیدی ڕوانینی حیزبی ئاشتی نیشتمانی لەمەڕ سەرمایەداری و هاوبەشەكی لە نوسراوێكی(نەجیب (فازل) دا پوخت بكەینەوە كە تیایدا هاتووە : (ئێمە ڕێگەی ڕزگار بوون دابەش دەكەین بۆ دوو كۆمەڵە :

یەكەمیان ڕێگەی ئیسلامە لە ڕزگاربووندا . دووەمیش دەكرێت وەك ڕێكخستنێكی بۆماوەیی ڕیزبەندی بكەین كە ناتگەیەنێتە ڕزگار بوون ، كۆمەڵەی دووەم پشت بە ڕێنمایی یە خودایی یەكان نا بەستێت و دژایەتی خودی خۆی ئەكات بە پشت بەستنی بەیاسا گەلێكی كە دروست كراوی مرۆڤە ، وەك : كۆمۆنیستی ، سەرمایەداری ، سۆسیالیزمی ، دیموكراتی ، بەڕاستی ئەوە دووپات كراوەتەوە كە خوا فەرمانمان پێ دەكات بەوەی بەپێی ڕێنمای یەكانی قورئانی پیرۆزحوكمڕانی بكەین نەوەك بەپێی ڕا تایبەتی یەكانی خۆمان . ئەگەر بەپێی نیزامی دەنگدان فەرمانڕەوایی یان كرد ، ئەوا پێویستی یان بە قسەی خوانی

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٢ .

2 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٥ .

3) الحركة الآسلامية الحديثة ص١٣٥ .

یە . لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە هەموو باس و خواسەکان بەپێی دەنگدان چارەسەر بکرێن ، ئیسلام بڵاو نابێتەوە) [1] .

سەبارەت بە پەیوەندی حیزب بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ، حیزبی ئاشتی نەیاری بوونی ئەمریکی بوو لە خاکە تورکی یەکاندا ، هەروەها نەیاری بەکارهێنانی زەوی یە تورکی یەکان بوو لە لایەن ئەمریکاوە دژ بە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . لە ئەنجامی ئەمەیشدا حیزب لە کۆتایی یەکانی ساڵی ۱۹۷۹ زدا بە هۆی زیادە چالاکی سەربازی ئەمریکی لە تورکیا ڕەخنەی (توندی) گرت لە حوکمەتەکەی (دیمریل) ، بەوەی داوا یەکی پێشکەش کرد بە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکی کە تیایدا داوای لێپرسینەوەی لە حکومەتەکەی دیمریلی دەکرد بەهۆی ئەو چالاکی یە ئەمریکی یانەوە . بەڵگەی لەمەشدا ئەوە بوو دوو فرۆکە لە فرۆکەخانەی مالقا کە ۱۸۰ سەربازیان تێدا بووە نیشتبوونەوە لەگەڵ نوێترین ئامادەسازی جەنگیدا ، حیزب ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئەوە هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە دەکات .

لەڕاستیشدا حیزبی ئاشتی توانی ڕایەکی گشتی دژ بە ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێك بهێنێت لە ڕێگەی کێشەی قوبرصی یەوە . ئەربەکان هەستا بە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕازی کردنی سەرکردە سەربازی یەکان بۆ ئەوەی سوپاکانیان ببەنە دوورگەکە . جا لە کاتی ئامادە نەبوونی ئەجوید کە لەسەردانی هەندێ وولاتی ئەورووپای باکوردا بووئەربەکان سەرکردایەتی گرتە دەست .

حیزبی ئاشتی بەسەرکردایەتی ئەربەکان ئیشی ئەکرد بۆ لە کارخستنی هەموو نەخشەو پڕۆژە یۆنانی یەکان لە دەریای ئیجەدا . لە و بوارەدا ئەربەکان دەڵێت (بەپێی بنەماکانی دادپەروەری و ماف و ڕاستی دەجوڵێنەوە نەوەك بەپێی ئەو بنەمایانەی کە جەمسەرە گەورە ئەورووپی یەکان دەسنیشانی دەکەن) [2] .

لە و بارەشەوە کە پەیوەندی بە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپاوە هەیە ئەربەکان دەڵێت : (پێویستە تورکیا لە نێو بازاڕی هاوبەشی ئەورووپای دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکاندا نەبێت ، بەڵکوو ئەبێت لە بازاڕی هاوبەشی دەوڵەتە ڕۆژ هەڵاتیەکاندابێت ، چونکە تورکیا لە ناووڵاتێ

---

1) هەمان سەرچاوەیپێشوو .

2) الآحزاب السیاسیة في ترکیا ص١٩٢ .

ڕۆژئاوایی یەکاندا دواکەوتووە ، بەڵام لەلای وڵات ڕۆژهەڵاتی یەکان پێشکەوتووە ، ئەگەر تورکیا چووە نێو بازاڕی هاوبەشی بارودۆخە قەڵەمڕەو بە دەستەکانی ئەمڕۆوە ئەوا دەبێتە جێگە ی تەماحی وڵاتی ئیمپریالیزمەکان) [1].

بەڕاستی حیزبی ئاشتی کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر شەقامی تورکیدا و کاری کرد لە سەر گەڕاندنەوەی پێناسی ئیسلامی و بە بورهان و بەڵگەکانی ئیسلام ململانێ ی ئەکرد لەگەڵ ڕژێمە سوسیالیزمی و سەرمایەداری یەکان دا . نەجمەددینی سەرکردەی حیزبەکەش هاوڕێ لەگەڵ عیززەتی ئیسلامی دا قسەی دەکرد و مەترسی لادان لە مەنهەجی خوای بۆ گەلی تورکی ڕوون ئەکردەوە و موشەکەکانی ئاڕاستەی دوژمنانی ئیسلام دەکرد . لەم بوارەیشدا (نەجمەددین ئەربەکان) هەر دوو ڕژێمی سوسیالیزمی و سەرمایەداری مان بۆ هەڵدەسەنگێنێت و لەبارەی ئەوەی پەیوەندی بەیەکەمەوە هەیە دەڵێت (سوسیالیزمی بیرۆکەیە کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی یەکان و زیان لەقەوارەی نەتەوەیی دەدات و جەخت لەسەر سەرچاوە بیانی یەکان دەکاتەوە) [2] لەمەڕ ئەوەیش پەیوەندی بە دووەمەوە هەیە دەڵێت (بیری سەرمایەداری بیرێکە لەسەر(سووخواردن) وەستاوە و سەرچاوەکەشی سەرچاوەیەکی بیانی یە ، حیزبی ئاشتیش بە بەرزکردنەوەی ئالای ڕەوشت وڕەسەنایەتی ڕێگەی خۆی ئەبڕێت و ڕژێمی سەرمایەداری و ڕژێمی سوسیالیزمیش تەنیا پەیوەند نین بە مەیدانی ئابوریەوە ، بەڵکو کاریگەری یانئەگاتە هەردوو مەیدانەکەی کۆمەڵایەتی و مەعنەویش . هەرچەند هەردوو ڕژێمەکە لە ڕووکەشدا لەیەك جیان ، بەڵام هەردووکیان ماددین و هەردووکیان کار لەسەر ڕاپەڕینی ماددی ئەکەن لە بەرامبەر ڕماندنی ڕەوشت و مەعنەوی ییاتدا ، هەردووکیشیان لەگەڵ داڕومانی ڕۆشنبیری و ڕەوشتدا بەرزبوونەوەی ماددی یان زیاددەکات) [3].

بەڕاستی ئامانجی حیزبی ئاشتی گەیشتن بوو بە تێگەیشتنی (تورکیای گەورە) و سووربوون لەسەر ئەوەی دەست بگرن بە ڕابردووی شکۆداری عوسمانی یەوە ، گرنگی پابەندبوون بە ئیسلامیشی بۆ خەڵك ڕوون کردەوە و سیاسەتێکی گرتە بەر کە لە مەودایەکی

---

[1]) الحركة الآسلامية الحديثة في تركيا ص١٣٧ .

[2] يقظة الآسلام في تركيا ص٢٩-٣٠ .

[3]) هەمان سەرچاوە ل٣٠ .

دووردا دەبێتە هۆی لەناو بردنی بنەما عەلمانی یەکانی ئەتاتورك ، لە هەمان کاتیشدا بانگەوازی دەکرد بۆهەماهەنگی نەکردن لەگەڵ ڕەگەزە نائیسلامی یەکانی نێو تورکیا . لە هەمان کاتیشدا بەتوندی بەرەنگاری شیوعیەت بوویەوە و دووپاتی ئەوەی دەکردەوە کە چاکترین ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ڕێبازە ئیسلامی یەکان بریتی یە لە دابین کردنی ژیانی ئازاد بۆ هەموو هاوولاتی یەکی تورکی . ئەربەکان بانگەوازی ئەکرد بۆ پێویستی گەشە و برەو دان بە پەیوەندی یەکانی تورکیا لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا لە هەموو بوارەکاندا ، بۆ نمونە دەڵێت : (با ئەو پەیوەندی یانە بە وێنەیی نەمێنێتەوە ، بەڵکوو پێویستە ببنە پەیوەندی کرداری گەشەسەندوو ، بەوەی لە جیهاندا نزیکەی ٥٠ دەوڵەتی ئیسلامی هەن کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە یەك ملیار کەس ، ئەو دەوڵەتە ئیسلامی یانەیش بازاڕێکی سروشتی بەهێزن بۆ بەرهەمەکانمان)[1] لەسەر ئەو بنەمایە ، (ئەربەکان) بە توندی ڕەخنەی لە زایۆنیزمی و ماسۆنی یەت ئەگرت و[2]بەوەی لە بوارەدا دەڵێت (بەڕاستی زایۆنیزمی و ماسۆنی یەت کاتی خۆی هەوڵیعەزلکردنی تورکیایان لە جیهانی ئیسلامی داوە و پیلانەکانیشیان بەردەوامە ، جا جەنگی نێوان ئیسلام و زایۆنیزم لە تورکیا دا چەندین شێوەی وەرگرتووە و جەنگی درێژخایەنە و ماوەی پێنج سەدەیە بەردەوامە ، هەر لە کاتی فەتحکردنی قوستەنتیەوە لەسەردەستی سوڵتان محمدی فاتیحدا وکارکردنی بۆ فەتح کردنی (روما) ش . بەڵام ئەو ململانێیە لەسەد ساڵی کۆتاییدا شێوە یەکی نەخشە بۆ کێشراوی پێشوەختی لە خۆ گرت ، بۆیە لە ساڵی ١٨٣٩ زدا هەندێ لە هێزەکان توانی یان کاربکەنە سەر فیکری دەوڵەت و بە هۆی ڕێکخراوە ماسۆنی یە جولەکەکانەوە چەندین یاسای دانراوی دوور لە ئیسلام بخەنە ناوی یەوە .

کاری جولەکەیی لە تورکیا دابەش کرا بۆ سێ قۆناغ کە ماوەی ٣٠ ساڵ بخایەنێت کە ئامازەیە بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکەی (لیتویود و هرتزل) بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە تورکیادا ، قۆناغی دووەمیش ٢٠ ساڵ بەردەوام بوو کە بۆ دوورخستنەوەی تورکیا بوو لە ئیسلام . پاشان حیزبی (ئیتیحاد و تەڕەقی) گەشەی سەند کە پەیوەندی بە جولەکە و ماسۆنی یەتەوە هەبوو ، پاشان توانی (سوڵتان عبدالحمید) بخات و دەستی کرد

---

[1]) هەمان سەرچاوە .

[2]) الحركة الأسلامية الحديثة في تركيا ص١٤١ .

به دوورخستنه‌وه‌ی تورکیا له ڕێڕه‌وی ئیسلامی وهه‌وڵدان به چه‌ندین ڕێگه بۆ به ڕۆژئاوای کردنی ئه‌و وولاته ، گرنگترینیان ئه‌و عه‌لمانی یه‌تیه كه به شێوه‌یه‌كی ده‌ست نیشان كراو له توركیادا مه‌به‌ست پێ ی چه‌وساندنه‌وه‌ی موسڵمانان بوو[١] .

حیزبی ئاشتی نیشتمانی به‌شداری هه‌ڵبژاردنه گشتی یه‌كانی ساڵی ١٩٧٣ ز كردو تیایدا ١١/٩٪ ی ده‌نگه‌كانی به ده‌ست هێنا ، واته ٢٤ / ١ ملیۆنی ده‌نگی ده‌نگده‌ران ، له ئه‌نجامی ئه‌مه‌یشدا له ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی توركی دا به ٤٥ كورسی خۆی نواند[٢].

ئه‌ربه‌كان له ئێواره‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كانی ١٩٧٣ زدا ڕایگه‌یاند : (ئێمه‌به‌م زووانه سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) ده‌گێڕینه‌وه) . هه‌روه‌ك پاش هه‌ڵبژاردنه‌كان ڕایگه‌یاند كه دروشمی حیزبه‌كه‌ی ئه‌و _ كلیله _ ئه‌ویش كردنه‌وه‌ی ڕێگه‌ی داخراوی به‌رده‌م حیزبه‌كه‌ی داپین ده‌كات و ده‌بێته كلیلی هه‌موو حكومه‌تێكی (ئیئتلافی) تر له‌مه‌و دوا .[٣]

له ئه‌نجامی ئه‌مه‌دا یه‌كه‌م حكومه‌تی ئیئتلافی پێكهات كه حیزبی كۆماری گه‌ل و حیزبی ئاشتی نیشتمانی له خۆگرت ، ئه‌وه‌یش له ٢٥ ی كانونی دووه‌می ١٩٧٤ زدا بوو كاتێك وه‌زاره‌ت ١٨ وه‌زیری ئه‌ندامانی حیزبی كۆماری گه‌ل و حه‌وت ئه‌ندامی حیزبی ئاشتی له خۆگرت .

به فه‌زڵی خواو دواتر به هه‌وڵه‌كانی حیزبی ئاشتی نیشتمانی به‌سه‌ر كردایه‌تی ئه‌ربه‌كان ، بۆ یه‌كه‌م جار له ئازاری ١٩٧٤ ز دا توركیا له كۆنگره‌ی بالآی ئیسلامیدا به‌شداری كرد و وه‌زیری ناوخۆی توركی (كه له حیزبی ئاشتی نیشتمانی بوو) له و كۆنگره‌یه دا هه‌ڵبژێردرا .

به‌ڕاستی چالاكی حیزبی ئاشتی نیشتمانی له ماوه‌ی حه‌فتاكاندا بووه هۆی شڕو شێواو بوونی دیارده عه‌لمانی یه‌كانی نێو توركیا به‌وه‌ی كه چه‌ند دیارده‌یه‌كی ئیسلامی بلآوبوویه‌وه كه ڕێگه‌ی درا به پێگه‌یاندن و ڕاهێنانی پێشنوێژ و ئامۆژگاری كه‌ره‌كان ، ئه‌و خوێندنگانه نزیكه‌ی ١٠٪ ی زانست خوازانی نێو خوێندنگه ناوه‌ندی یه‌كانی ده‌وته‌وه كه ٥٠٠٠٠ ڕه‌گه‌زی ئافره‌تی نێو توركیای تێدا بوو ، له ڕاستی دا ده‌نگدانی ئیسلامی گه‌یشته

---

[1]) الصحوة الأسلامية منطلق الأصالة وإعادة بناء الأمة ص١١٧ .

[2]) الحركات الأسلامية الحديثة في تركيا ص١٤٢ .

[3] هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو ل١٤٣ .

نێوان ١٠ ٪ بۆ ١٥ ٪ ، عەلمانی یەکانیش ئەو ڕێژەیەیان بە مەترسی زانی بۆ سەر شارستانی توركی [1].

بەکاریگەری حیزبی ئاشتی نیشتمانی و خوێندکارەکانی نور لە تورکیا دا زنجیرەی (هەزار کتێب) هاتە بوون کە وەزارەتی پەروەردە هاوکاری دەکرد ، ئەم زنجیرەیە ڕۆشنبیری تورکی بە پێوەرێکی ئیسلامی ئەخوێندەوە هات ، حیزبی ئاشتیش لە کۆنگرەی گەورەی نیشتمانی تورکی دا چەمکە ئیسلامی یەکانی قوڵ دەکردەوە ن ڕۆژنامە ئیسلامی یەکانی نێو تورکیا هێرشیان ئەکردە سەر کمال ئەتاتورك و ناوی (دەجال) یان بەسەردا بڕی ، حیزبی ئاشتی نیشتمانی فشاری خستەسەر سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی ئەوە بوو لە حوزەیرانی ١٩٧٣ دا بەیانێکی دەرکرد کە تێیایدا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی تورکی هانبدات بۆ باڵا پۆشی (حیجاب کردن) .

کاتێ ئەربەکان لە ساڵی ١٩٧٤ ز دا گەشتێکی کرد بۆ سعود یە – لە کاتێکدا جێگری سەرۆك وەزیران بوو – سەردانەکەی بە زیارەتی کەعبە دەست پێکرد ، لە و نامەیەدا کە بۆ مەلیك فەیصەڵی – ی نوسی (بەڕەحمەت بێت) تیایدا ئەمەی باس کرد بوو (ئاگاداری گەل و حاجی یەکان لەو پرۆژانەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوایی تورکیادا ڕوو دەدات بەهۆی ئەو قەرزانەی دەیدەن بە تورکیا ئەوە یەکێکن لە کارە گرنگەکان ، بەڕاستی پاڵپشتی و هاوکاری ئێوە بۆ هەڵوێستی من لە تورکیا دا قۆناغێکی نوێ دەکاتەوە بۆ تورکیا لە جیهانی ئیسلامی دا ، یارمەتی ئێوەیش بۆ ئێمە لەو بوارەدا دواتر پاڵپشتی و دەستگرۆیی ئەو قۆناغەیە) [2].

(ئەربەکان) توانی لە پەرلەماندا یاسایەك پەیڕەو بکات کە بەهۆیەوە ماوە بە تورکەکان بدات بۆ گەشتی و شکانی بۆ حەج کە ئەوە پێشتر قەدەغە بوو [3] .

بە ڕاستی هەنگاوەکانی حیزبی ئاشتی نیشتمانی لە کۆمەڵگەی تورکیدا دلێرانە بوو ، بۆیە سوپای تورکی خزمەتگوزاری عەلمانیەت لە تورکیادا بەرگەی ئەو کردارە سوپاسگوزاری یانەی نەگرت ، ئەوە بوو سوپا کودەتای کردو فرە لایەنیو ئازادی سیاسی

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٥ .

[2]) الحركات الآسلامية الحديثة في تركيا ز دز محمد مصطفى ص٢٠٧ .

[3]) الحركة الاسلامية الحديثة في تركيا – د . النعيمي ص ١٤٧ .

لەناو برد لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ ز دا ، لە پێش ئەو کودەتایە لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولدا لە شاری قونیا چەند ڕێپێوانێکی گەورە کراو ڕێپێوان کەران هاواری دامەزراندنی دەوڵە تێکی ئیسلامی یان دەکرد . پشتیوانانی حیزبی ئاشتی دەستیان کرد بە گاڵتە کردن بە دامو دەزگا سەربازی یەکان و هەموو ئەو شتانەی کە ئەتاتورك بڕوای پێیان هەبوو ، ئەوانەی کە لە هەموو بەشەکانی وولاتەوە هاتبوون بە دروشمە ئایینی یەکان هوتافیان دەداو داوای بە کارخستنی شەریعەتی ئیسلامیان دەکرد لە هەڵسوکەوتی سیاسی ناوخۆییدا و ڕێگەیان نەدا سرودی نیشتمانی بووترێت [1] .

خۆپیشاندەران ناڕەزایی خۆیانیان بۆ داگیر کردنی (قدس) دەربڕی و بانگەوازیان دەکرد بۆ بڕینی پەیوەندی یەکان لەگەڵ ئیسرائیل دا و بانگکردنی ئیسرائیل بۆ ئەوەی کە قودس ئازاد بێت ، هەروەك ئەربەکان لە ڕێپێواندا بانگەوازی دەکرد بۆ دەست کردن بە ململانێ بۆ کۆتایی هێنان بە عەقڵیەتی درۆینەی ڕۆژئاوایی کە فەرمانڕەوایی تورکیا دەکات . خۆپیشاندەران دروشمەکانیان بە زمانی عەرەبی نوسی بوو ، هەروەها هەستان بە سووتاندنی ئاڵای قەوارەی زایۆنی و ئەمریکا و سۆڤیەت ، خۆپیشاندەران بە دروشمی (مردن بۆ جولەکە) هاواریان دەرکر بە تایبەت کە شاری قونیا ژمارەیەك لە تایەفەی جولەکەی لە خۆ دەگرت کە ژمارەیان دەگەیشتە ٢٠٠٠٠ هەزار جولەکە ، هەروەها خۆپیشاندەران بانگیان دەکرد (ڕۆڵی یاسای ئایینی هات و جەنگەڵی بوون تەواو بوو ، شەریعەت یان مردن ... دەوڵەتی بێباوەڕی پێویستە لە ناو بچێت ... قورئان دەستورمانە ... دەوڵەتێکی ئیسلامیمان دەوێت بە بێ سنور و چینایەتی) [2] .

جەماوەری حیزبی ئاشتی نیشتمانی بەردەوام زیادی ئەکرد چونکە ئەو بەڕاشکاوانە پابەندی باس و خواستە ئیسلامی یەکان بوو ، بە تایبەت لە دوو ساڵی ١٩٧٩ز – ١٩٨٠ ز . حیزبی کۆماری و حیزبی عەدلەتیش ناچار بوون حیزبی ئاشتی نیشتمانی ڕازی بکەن و چەند سازشکاریان کرد بۆ ڕەوتی ئیسلامی ، بەهێوای یارمەتی یە ماددی یەکانی وڵاتە ئیسلامی یەکان و پێویستی زۆر بە پەترۆڵەکەیان .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٥١ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

سەرکردایەتی سوپای تورکی پاش کودەتا سەربازی یەکان شەرمیان لەوە نەکرد بڵێن : هۆی دەستێوەردانیان لە پێنا ڕاگرتنی هەڵکشانی ئیسلامی دایە .

کودەتایی یەکان بڕیارێکیان دا کە هەموو حیزبێکی سیاسی یاساغە و پێویستە سەرکردەکانیان دەستبەسەربکرێن و بدرێنە دادگا ، ئاسایی و سروشتی بوو کە حیزبی ئاشتی نیشتمانیش دادگایی بکرێت و تۆمەت ئاراستەی ئەربەکان و هاوڕێ موجاهیدەکانی بکرێت . تۆمەتەکان هەموو بە دەوری مکوڕی حیزبی ئاشتی لە سەر گێڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلام لە تورکیا و ڕزگار بوون لە بیرۆکە عەلمانی یەکان و ڕێبازە کەمالی یەکاندا دەسوڕایەوە . عەلمانی یە تورکە لوتبەرزەکان بە هەموو بێشەرمی یەکەوە و لە سەرزمانی (جەنڕاڵ ئیفرنی) سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکی ڕایگەیاند کە ئەو ئەوەندە سوپای هەیە دەتوانێت زمانی هەموو کەسانە بڕێت کە هێرش دەکەنە سەر ئەتا تورك [1] .

بەڕاستی حیزبی ئاشتی نیشتمانی توانی هەندێ گۆڕانکاری بکات لە ئاکاری سیاسی ناو خۆیی تورکیادا ، لەوانە : بە دیهێنانی بانگ لە مزگەوتەکاندا و بە زمانی عەرەبی و سەپاندنی خوێندنی قورئان لە وێستگەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆندا . کە ئەمانە لەو ڕۆژەوەی گەندەڵ و خراپە کاری گەورە (مصطفى كمال) هاتە سەر کورسی فەرمانڕەوایی هەمووی قەدەغە کرد .

بەڕاستی ئەربەکان لەگەڵ حیزبە موجاهیدەکەیدا بوو بە مەشخەڵێك لە مەشخەڵەکانی بزوتنەوەی هاوچەرخی ئیسلامی لە تورکیا دا و حیزبی ئیسلامی کاری کردە سەر نێوەندە ئیسلامی و ڕێبازەکانی سۆفیزم و تەکیە و خانەقاکان و لە نێو ڕەوتە ئیسلامی یە گشتی یەکەدا کەسانێکی دیتەوە کەسەری بخەن و لە پاڵیدا بوەستن و پاڵپشتی بکەن . لە ساڵی ١٩٨٣ زدا دادگای ستەمکاری سەربازی بڕیاری بەندینخانەی بۆ ماوەی ٤ ساڵ دەرکرد بۆ ئەربەکانی موجاهید و ٢٢ کەس لە ئەندامانی حیزبی ئاشتی نیشتمانیش بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو کرانە بەندینخانە [2] .

سوپای تورکی هەستا بە دەرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە بۆنێکی ئیسلامی لێوە بێت ، (ئیفرن) لەو هێرشەیدا کە ئامانجی لێدانی ئیسلامی یەکانی نێو هێزی چەکدار بوو ووتی

---

[1]) الحركة الآسلامية الحديثة في تركيا ص١٥٠ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پیشوو ل١٥٦ .

ئەو موسڵمانانە (ئامانجیان گەیشتنە بە پلە بەرزەکانی نێو هێزە چەکدارەکان ، چی ڕوودەدات ئەگەر ئەوان جڵەوی سوپا بگرنە دەست ؟) [1] .
ئینجا دەڵێت (پێدەچێ وولات بگۆڕن بۆ هەر جۆرە ڕژێمێك كە دەیانەوێت ، ئایا ئەمە چالاکی ئایینی یە یان ناپاکی یە ؟) [2].
سەرکردایەتی سەربازی لە تورکیادا دەستی کردبە گەڕان بەدوای چارەسەری گرفتە سیاسی یەکانی و ڕازی
کردنی فشارە ئەورووپی یەکان کە تورکیای بە پێشێلکاری مافە کانی مرۆڤ تۆمەتبارکردو لەسەری پێویست کرد سەرلەنوێ دیموکراتی یەت بگێڕێتەوە بۆ وولات ، بۆ ئەمەش چەند لیژنەیەکی نوێی پێکهێنابۆ دروستکردنی دەستورێك بۆ وولات بەجۆرێك مافی سەپاندنی باری نا سروشتی و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و بانگەواز بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی بدات بەسەرۆکی تورکی ، بەمە توانی مافی ئەوە بدات بە عەلمانی یەکان کە ڕێگە بگرن لە هەوڵە بەردەوامە کانی ئیسلامی یەکان بۆ لەناوبردنیدەستوری عەلمانی . یاساکان گۆڕانیان تێدا کرا بە جۆرێك کە سەرکردایەتی سەربازی مافی ئەوەی هەبێت کە هەندێدەسەلاتی بە سەر ژیانی سیاسی نێو تورکیا ببێت .
پاش ڕاگەیاندنی دەستوری نوێ لە ساڵە ١٩٨٢ زدا چەندین حیزبی سیاسی پێکهات و (حیزبی ڕەفاە) یش دەرکەوت کە ئەویش درێژە پێدەری حیزبی ئاشتی نیشتمانی بوو ، خەڵکە ئیسلامی یەکان بە کۆمەڵ دەچوون بۆ لای ئەو حیزبە نوێ یە ، ئەو حیزبەی دووچاری بەرەنگاری سوپا و فشار خستنە سەر بووتا ڕێگەی چوونی بۆ نێو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٣ ز لێ بگرن . بەلاَم ئەو چووە نێو هەڵبژاردنەکان و ڕێژەی ٥٪ ی دەنگەکانی بە دەست هێنا[3].
زیاد لەوەیش ، حیزبی ڕەفاە لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ زدا بەشداری کرد و بە ٧/٠٦ ٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا [4] .

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٥ .
[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٥ .
[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٧٩ .
[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

کۆمەڵـە ئیـسلامی یـەکان بـە دەوری (حیزبـی ڕەفـاە) دا کۆدەبوونـەوە و (حیزبـی ڕەفـاە) دەسـتی کـرد بەسـەرکردایەتی کردنـی بزوتنـەوە ئیـسلامی یـەکان لـە هـەموو شـارە تـورکی یەکانـدا ، تەنانـەت لـە پارێزگـا گـەورەو گونـدە دوورەکانیـشدا . بزوتنـەوەی ئیـسلامی لەگـەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتی (ئەوزال) بوژایەوە ، ئەو لەگەڵ ئیسلام لـە تورکیـادا بـە سـۆز بـوو بەتایبەت کە ژمارەیەکی گەورەی سەرکردایەتی حیزبەکەی _ حیزبی نیشتمانی دایـك _ لـە بەرە ناوداره ئیسلامی یەکانی نێو تورکیا دا بوون ، چەندین کادریی گرنگی سەرکردایەتی لە حیزبی هەڵوەشاوەی ئاشتی چوونە نێو حیزبی نشیتمانی دایکەوە کە لـە هەڵبژاردنـەکانی ساڵی ۱۹۸۳ زدا بە زۆرینە یەکی گەورە سەرکەوت ، حکومەتەکەی (ئەوزال) هـانی چـالاکی مزگـەوت و خوێندنگـە ئـایینی یـەکانی دا و(کـاظم اکـصوی) کـە وەزیـری دەوڵـەت و سەرپەرشـتیاری کاروبـاری ئـایینی بـوو گرنگـی دا بـە کردنـەوەی چـەند خـولێکی فێرکردنـی قورئانی پیرۆز کە لـە سەرەتای هەشتاکاندا ۲۰۰ خـولی ڕەسمـی بوو و لـە ساڵی ۱۹۸۷ ز دا گەیـشتە ۳۰۰۰خـول ، ڕێبـازە ئـاینی یـەکان چـالاك بـوون و(کـاظم اکـصوی) هەسـتا بـە دامەزرانـدنی چەند دامـەزراوە و بـانکی ئـایینی وەك (بـانکی ئـەوقاف) کە لـە گـرنگترین ئـەو مەڵبەندانە بوو کە لە تورکیادا پشتیوانی لە بزوتنەوەی ئیسلامی دەکرد [1].

(حیزبی ڕەفاە) لەجیهادی ئاشتیانە و ڕۆچوونی تـەواو بـە قـولایی یـەکانی گـەلی موسـڵمانی تورکیـدا بـەردەوام بووـەو گەلـەی کـە بـەردەوام کارەکـانی حیزبـی ئاشـتی لـە بیرەوەری و ویژدانیدا حزوریان هە بوو ، توانی ئامـادەیی ئیـسلامی بگێڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگـەی تـورکی . (حیزبـی ڕەفـا) کـە درێـژە پێـدەری حیزبـی ئاشـتی بـوو . تـوانی لـە مارسـی سـاڵی ۱۹۹٤ زدا گرنگترین و گەورەترین شارەوانی یەکانی نێو تورکیا بە دەست بهێنێت و لـە هەڵبژاردنـەکانی دیـسەمبەری سـاڵی ۱۹۹۵ زدا وەك گـەورەترین حیزبـی نێـو وولات سـەرکەوتن بـە دەسـت بهێنێت و لە ئەنجامیدا لە ساڵی ۱۹۹٦ ز دەسـەڵاتی لـە ئیئتلافێکـی حکومیـدا لەگـەڵ حیزبـی ڕێگەی ڕاست دا گرتە دەست [2].

موجاهیدی گەورە (نەجمەددین ئەربەکان) بوو بە سەرۆك وەزیـران و هەسـتا بـە چـەند چاکسازی یەکی زۆر چاکی ئابوری و لـە مـاوە یـەکی کورتـدا موچـەی بـەرزکردەوە و وەك تـیر

---

[1])هەمان سەرچاوەی پێشوول۱۸۳ .

[2]) تحديات السياسية تواجه الحركات الآسلامية ص۱۱۸ .

بەرەو بانگەشە كردن بۆ بنیاد نانی بازاڕێكی هاوبەشی ئیسلامی بەرەو پێشەوە دەڕۆشت و ڕەفزی چونە ناوەوەی توركیا بۆ بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی دەكرد ، جا ئەوە بانگەواز بوو بۆ بەرپابوونی میللەتانی یەكگرتووی ئیسلامی و كۆنگرەی هاوبەشی ئیسلامی و نوێنەرانی حیزبی ڕەفاه لە شارەوانی یەكان و لەسەر ئاستی دەوڵەت بە جوانترین نمونەی پاكێتی و دەستپاكی و توانی نەخشەكێشان بوون بە پێشەنگ ، دامەزراوەكانی حیزب گرنگیان بە پێش خستن و چاككردنی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری یەكان ئەدا بە هاووڵاتیان . گەلی توركیش سۆزیان هەبوو لەگەڵ (حیزبی ڕەفاه) دا تەنانەت زۆرێك لە دامەزراوەكان دەنگەكانی خۆیان دا بە حیزبی ڕەفاه كە كاری دەكردبۆ بە دیهێنانی هەلی كاركردنی شەرەف مەندانە بۆیان و لابردنی خانەكانی لەشفرۆشی گەندەڵی و كاركردن بۆ گەڕانەوەبۆلای خوا تا لێیان خۆش ببێت .

بەڕاستی نوێنەری ڕەفاه كە شارەوانی ئەستانبولی گرتە دەست بە هەموو دلێری یەكەوە كێشەكانی پایتەختی چارەسەر كرد و بودجەی دووقات كردەوە دوای ئەوەی بودجەی شارەوانی هەمیشە كەمی ئەهێنا بە هۆی ئەو دزی یەوە .

جولەكە و عەلمانی یەكان بە و دەستكەوتە گەورانە ڕازی نەبوو كە بزوتنەوەی ئیبسلامی لە توركیادا بە دی هێنا ، بۆیە سەركردەی سوپایان پاڵ پێوەنا تا فشارببات بۆ سەر حیزبەكان ئەوە بوو نوشوستیان هێنا بەسەر هاوپەیمانی نێوان (حیزبی ڕێگەی ڕاست) و(حیزبی ڕەفادا) . حیزبێكی توندڕەوی پاڵپشت كراو بە هێزی سەربازی و پیاوە عەلمانی یە دەوڵەمەندەكان پێشڕەوی كردو (حیزبی ڕەفاه) ی دایە دادگای دەستوری و دادگاش لە ساڵی ١٩٩٧ ز دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (حیزبی ڕەفاه) ی دا و دەستی گرت بەسەر ماڵو سامانەكانیدا .

هێشتا ئیسلامی یەكان لە توركیادا بە هەموو دلێری و نەترسی و ژیری یەكەوە ململانێی خۆیان لەگەڵ جولەكە و عەلمانی یەكان و دوژمنانی ئیسلام بەڕێوە دەبەن ، منیش بە و پەڕی دڵنیایی و بێ دوودڵی ئەڵێم بزوتنەوەی ئیسلامی لە توركیا بەزوویی دەگات بە فەرمانڕەوایی و بە ویستی خوا شەریعی خوا جێبەجێ دەكات ، چونكە هەموو ئاماژەو سونەتەكان وا دەڵێن .

بەم گفتوگۆیەی مامۆستا و موجاهیدی گەورە (پرۆفیسۆر نجمە الدین ئەربەكان) كۆتایی بە ئەزموونی ئیسلامی نێو توركیا دێنم كە پایەكانی عەلمانی یەتی لە توركیادا

توشی کرمۆلی کرد (*) ڕۆژنامەوانێکی موسڵمانی ناودار بەم شێوەیە پرسیاری لێکرد :(هەندێ موسڵمان ڕای وایە) بەشداریکردن لە چالاکی هەڵبژاردندا لە ئیسلامدا کارێکە لەلایەنی شەرعییەوە دروست نی یە ، چونکە ئەو بەشداری یە ڕێژمە نەزانەکان بەهێز ئەکات چونکە ئەوان پشت بەو ڕیو شوێنانە دەبەستن ..... ئەربەکان وەڵامی دایەوە : ئەی چی بکەین ؟ ئایا دەتوانین ئەو هەمووە دەستکەوتە گەورانە لە سەر ئاستی ئازادی یە شەخصی و گشتی یەکان بەدی بهێنین ... و ئەو سەدان خوێندنگە ئیسلامی یانە دابمەزرێنین ... و لە پەرلەماندا دەنگمان بەرزبکەیەنەوە بۆ گۆڕینی ئەو ماددە دەستوری یانەی کە سنوور بۆ ئازادی یە ئایینی یەکان دەست نیشان دەکات و ئەتوانین بۆ خەڵکی بڕوابوون بە خۆ و ئایینیان بگێڕینەوە و هەموو جۆرە خراپەیەك گەمارۆ بدەین کە خەریکە لەوڵاتدا قێزەون ئەبێت بەبێ ئەو هۆکارانەی کە ئاستی خزمەتی هەموو تاك و کۆمەڵەیەك بەرزدەکاتەوە و پاڵ بە هەموانەوە ئەنێت تا بچنە ژێر باری بەرپسیار یەتی لە دووبارە بنیادنانەوەی (کۆمەڵگەکانیاندا) [1].

ڕەوتی ئیسلامی لە تورکیادا بەردەوام لە گەشە سەندنێکی بەرز دایە لەگەڵ گەورە و قەبەیی نەخشە گەمارۆدەرەکانی دوژمندا و لەگەڵ ترسناکی ئەو پیلانانەدا کە بەشێوەیەکی یەکسان لە ڕاست و چەپەوە دا ئەڕێژرێت ، بەڵام ئێمە هەر چاوەڕێی بە دیهاتنی بەڵێنی خواین کە ئەفەرموێت : ﴿فأما الزبد فيذهب جفاء وأما ما ينفع الناس فيمكث في الأرض﴾ (الرعد : ١٧) و ﴿ إن الله لايصلح عمل المفسدين﴾ (يونس : (٨) و ﴿ و يأبى الله إلا أن يتم نوره واو كره الكافرون﴾ (التوبة : ٣٢) . (مانای ئایەتەکان یەك لە دوای یەك : ((بەڵام ئەوەی کەفی سەردەریایە ئەڕوات و ئەوەشی کەڵکی ئەگرێت لە زەویدا ئەمێنێتەوە)) ، ((خوای گەورە بە دڵنیایی یەوە کاری خراپەکاران ڕێکوپێك ناکات)) !! ((خوای گەورە هیچ قەبوڵ ناکات ئەوە نەبێت کە نووری خۆی تێرو تەواوبکات با کافرانیش پێیان ناخۆش بێت)).

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٧ .

(باسی هەشتەم)

(هۆکارەکانی نشوستی هێنانی دەوڵەتی عوسمانی)

ڕێخۆشکەری : هۆکارەکانی نشوستی هێنانی دەوڵەتی عوسمانی زۆرن ، کۆی هەموویان دوورکەوتنەوەیان بوو لە حوکمکردن بە شەریعی خوا کە هەرچی سەختی و چەرمەسەری و دڵتەنگی دونیاهەیە هێنای بەسەر تاك و ئوممەت دا ، شوێنەوارەکانی دوورکەوتنەوە لە شەریعەتی خوایش لە ژیاندا لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئابووری دا دەردەکەوێت .

فیتنەکان بەردەوام دێن بەسەر خەڵکدا و هەموو کاروبارەکانی ژیانیان دەگرێتەوە ، خوا دەفەرموێت ﴿ فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم ﴾ (النور : ٦٣) .

بەڕاستی دوورکەوتنەوەی سوڵتانە دواییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شەرعی خوا کاریگەری (خراپی زۆری) هەبوو لە سەر ئوممەتی ئیسلامی ، تۆ دەبینیت مرۆڤی ڕۆچوو لە نێو ژیانی ماددە و نەزانی دا توشی ڕاڕایی و واق و ڕومان ترس و سام دەبێت و هەموو شتێك بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر خۆی . لە مەسیحی یەکان دەترسێت ناتوانێت بە عیززەت و شکۆداری و سەربڵندی یەوە لە بەردەمی یاندا بوەستێت ، ئەگەر لە جەنگێك لە جەنگەکانیشدا وورە بداتە بەر خۆی ، کەچی لە ئەنجامی تاوانەکانی نێو دڵیدا لە بەرامبەر دوژمندا لاواز دەبێت و لە ژیانێکی دڵتەنگی و ناخۆشی دا دەبێت ﴿ ومن أعرض عن ذكري فأن له معيشة ضنكا ﴾ .

لە ڕاستیشدا گەلە ئیسلامی یەکان لە کۆتا قۆناغەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا توشی گەوجی ولە دەستدانی هەست کردن بە خۆ و لاواز بوونی ویژدان بوون ، ئیدی فرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بە هیچ جۆرێك نەما ، ئەوەی توشی (بەنی ئیسرائیل) بوو کاتێك کە فرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە یان وازهێنا توشی ئەوانیش هات ، خوا دەفەرموێت ﴿ لعن الذين كفروا من بنى إسرائيل على لِسانِ داود وعيسى بن مريم ذلك بما عصوا وكانوا يعتدون ، كانوا لايتناهون عن منكر فعلوه لبئس ماكانوا يفعلون ﴾ (المائدة ٧٨، ٧٩) .

جا هەر ئوممەتێك شەرعی خوا چ فرمانەکان وچ نەهی یەکان بەرز ڕانەگرێت هەروەك (بەنی ئیسرائیل) چۆن لە ناو چوون و کەوتن ئەوانیش دەکەون و نامێنن . پێغەمبەر (ص) دەفەرموێت (نەبەخوا ، یان فرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە دەکەن و دەدەن بە دەستی

زۆرداردا و ملی پیٚ نەوی ئەکەن بۆ ڕاستی و بە زۆرملکەچی ئەکەن بۆ ڕاستی یەکان یاخود خوای گەورە دڵی هەندێکتان ئەماڵیٚ بە دڵی هەندێکی ترتاندا و پاشان نەفرینتان لیٚدەکات وەك نەفرینی لەوان کرد) . (واتە لە بەنی ئیسرائیل) .

بەڕاستی لە دەوڵەتی عوسمانی دا سوننەتی خوا لە گۆڕینی دەرونەکان لە گوێڕایەڵی و ملکەچی یەوە بۆ سەرچێچی و هەڵگەڕانەوە بەسەر حوکمەکانی خوادا هاتەدی ﴿ ذلك بأن الله لم يك مغيرا نعمة أنعمها على قوم حتى يغيروا ما بأنفسهم ﴾ (الآنفال ٥٣) .

هەروەك ئەو گەلانەی سەر دادەنەوێنن بۆ ئەو فەرمانڕەوای یانەی کە لە شەرعی خوا دوور کەوتوونەوە سەر شۆڕو ڕسوا دەبن تاکوو لەبەردەم ئەوەدا ڕادەوەستێت کە سەرپێچی فرمانی خوا دەکات و داوای یارمەتی لە برا هاوبیروباوەڕەکانی دەکات . لادانی سوڵتانە دواییـنەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە شـەرعی خـواو کـەمڕەوی گەلـە ئیسلامی یـەکانی ژێردەستیان لـە فرمـان بـە چاکەو نـەهی لـە خراپـە کاریگـەری کـردە سـەر ئـەو گەلانـە و دوژمنکاری یە نێو خۆیی یەکان نێوان خەڵك زیاد بوون و دەروونـەکان تووشی قوڕ بەسەری و ماڵـەکان تووشـی تالانکـاری و ناموسـڵمانەکان تووشـی دەسـتدرێژی بـوون بـە هـۆی لـە کارخستنی حوکمەکانی خوا لە نێو خۆیاندا ، چەندین جەنگ و بەلاٚ و ئاژاوە لە ئەنجامی دوژمنایەتی و ڕق و کینە دا لە دایك بوون و هەڵگیرسان کە تەنانەت لە دوای ئاوابوونیشیاندا تیایاندا ماون . سام وشکۆی دوژمن : ڕوس و ئینگلیز و بولغارو صربەکان و ئەوانی تریش بە هێز دەبوو و چەندین دەستکەوتی گەورەیان بە دەست خست و سەرکەوتنی خوایی بە دوور نەبوو لـە ئوممـەت و سـوڵتانە عوسمـانی یـەکان و بێبـەش بـوون لـە دەسـەلاٚتداری و لـە تـرس و بیمـی دوژمنانـدا بـوون و چەرمەسـەری یـەکان یـەك لـە دوای یەکدا هـاتن و ماڵـەکان بەفیڕۆ چوون و بێباوەڕان زاڵ بوون .

لەو سوننەتە خودایانەی کە لە ڕاستی یە ئایینی و مێژوویی یەکان وەرگیراوە ئەوەیە کە : ئەگەر کەسانێك کە خوا دەناسـن لـە خـوا یـاخی بـوون ، خـوا کەسانێك کە نەیناسن زاڵ دەکـات بەسـەریاندا ، بۆیـە خـوا مەسیحی یەکانی زاڵ کـرد بەسـەر موسـڵمانەکانی دەوڵـەتی عوسمانیدا ، ئەو تاوانانەی خوا دەوڵـەتی پیٚ لـە نـاو دەبات و ئوممەتـەکانی پیٚ سـزا دەدات دووبە شن :

١- ملە جیڕەیی کردنی پێغەمبەران و بێباوەڕ بوون بەوانەی پێی هاتوون .

٢- ناشوكرى كردنى نعمەتەكان سوك سەيركردنيان و خراپە و داپۆشينى ڕاستى و خەڵك خەڵەتاندن و ستەمكردن لە هەژاران و خۆشەويستى بە هێزان و زيادە ڕۆيى لە دەرچوون و لادان و سەركەشى بوون بە دەوڵەمەندى و سامان . ئەمانە هەموويان ناشوكرى نيعمەتەكانى خوايە و بەكارهێنانيەتى لە ڕێيەكدا كە خوا پێى ڕازى نى يە وەك ڕێگەى دوور لە سودى خەڵك و دادپەروەرى گشتى .

جۆرى دووەمى تاوانەكان ئەوە بوو كە كۆتا سوڵتان و كار بەدەستەكانى دەوڵەتى عوسمانى پەيرەوى يان كرد [1] .

دەوڵەتى عوسمانى لە سەرتايدا لە هەموو بچوك و گەورە يەكدا لەسەر شەرعى خوا دەچوو و پابەندى مەنهەجى ئەهلى سوننە بوو لە ڕێكردەى بانگەوازى و جيهادى خۆيدا و مەرج و هۆكارەكانى دەسەلآتدارى كە لە قورئانى پيرۆز و سوننەتى شەرەفمەندانەى پێغەمبەردا هاتووە بەجێدە گەياند ، بەلآم لە كۆتا سەردەمەكەيدا لايدا لە مەرجەكانى دەسەلآتدارى و دووركەوتەوە لە هۆكارە ماددى و مەعنەوى يەكان ، خواى گەورە دەفەرموێت ﴿ وعَدَ الله الَّذينَ ءامَنواْ مِنكم و عَمِلواْ الصلِحتِ لَيَستَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرضِ كَمَا استَخْلَفَ الَذينَ مِن قَبلِهِم وَ لَيُمَكنَنَّ لَهُم دِينَهُم الذِى ارتَضى لَهُم وَلَيُبَدِلَنَهُم مِن بَعدِ خَوفِهِم أمنا يَعبُدونَنى لاَ يُشرِكونَ بِى شيئا وَمَن كَفَرَ بَعدَ ذلِكَ فأُولئكَ هُمُ الفسِقون ، وَ أقيمُو الصلوةَ وَ ءاتُو الزَّكَوةَ وَأطِيعوُ الرَسولَ لَعَلَكُم تُرحَمُونَ ﴾ (النور ٥٥ و٥٦) .

جا دەوڵەتى ئيسلامى عوسمانى لەسەرتايدا لەو مەرجانە تێگەشتبوو ، بەلآم لە كۆتايى يەكانى سەردەمەكەيدا ئەو مەرجانە تووشى لارێبونى چەمكە بنەڕەتى يەكانى بوون ، بۆنمونە :

يەكەم : لە پێويستى يەكانى ئيمانى ڕاست و دروست هۆگرى و دوورەپەرێزى يە واتە (ولاء) و (براء) ە :

دەوڵەتەكە لە سەردەمە سەرەتاكانيدا بەم فەرمايشتانەى خوا ئيشى دەكرد ﴿ لايتخذ المؤمنون الكفرين أولياء من دون المؤمنين ومن يفعل ذلك فليس من الله في شيئ الا أن تتقوا منهم تقة ويحذركم الله نفسه ،وإلى الله المصير﴾ (آل عمران ٢٨) و﴿ يأيها الذين ءامنوا

[1]) دولة الموحدين _ د. على محمد الصلابي ص١٧٠ .

لاتتخذوا اليهود والنصرى أولياء بعضهم أولياء بعض ومن يتولهم منكم فأنه منهم إن الله لايهدى القوم الظلمين ﴾ (مائدة ٥١) .

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت (أوثق عرى الأيمان الموالاة في الله و المعاداة في الله والحب في الله و البغض في الله) [١] واتە : بە هێزترین هەڵقەی ئیمان هاودەمی و هۆگری یە لەپێناو خوادا و دوژمنایەتی کردنە لە پێناو خوادا و خۆشەویستی لە پێناو خوادا و ڕق و کینە بوون لە پێناو خوادا) .

بەڵام لە کۆتا سەردەمەکانیدا و بەتایبەت لە دووسەدەی ١٣ و ١٤ ی کۆچیدا ، چەمکی (ولاء) و(براء) تووشی لادان بوو بەهۆی ئەو نەزانی یە چڕوپڕەی کە باڵی کێشا بوو بەسەر زۆرینەی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی و وولآتە ئیسلامی یەکاندا لە ئەنجامی نەبوونی ئەو زانا خواویستانەی کە ڕێگەی ئوممەت ڕۆشن ئەکەنەوە و جڵەوی ڕۆیشتن بەرو ڕێگەی ڕاست و دەگرنە دەست ، فەرمانڕەواو سوڵتانەکانیش موجامەلەی دوژمنیانی لە بێباوەڕیان دەکرد لە جیاتی موسڵمانان دەیانکردنە هاودەمی خۆیان ، لەکاتێکدا ئەو بێباوەڕانە لە لایەنێکی گەورەی هێزی ماددی دا بوون و تەواو بە پێچەوانەوە موسڵمانەکان لە بەرامبەردا لە لاوازیدابوون جا ئەو بارو دۆخە ناخۆش و سەختەی کە موسڵمانانی تێدا دەژیا یارمەتی ئەوەی دا ئەو بیروباوەڕە ئیسلامی لەرزەی تیْ بکەوێت [٢] .

بۆ نمونە ئەو بارودۆخەی کە پڕبوو لە هەموو شێوەکانی تیاچوون وەك هەژاری و لاوازی و نەزانی و نەخۆشی و ئەفسانە لە بەرامبەر بارودۆخی (واقیعی) ئەورووپیدا ، هۆیەك بوو لە لاوازبوونی بیروباوەڕی (ولاء) و(براء) ، لەگەڵ ئەوەیشدا هەرگیز دروست نی یە بۆمان کە بە واقیعی بێباوەڕان بیانوو بدەینە دەست ئەوانەی پێیان سەرسام بوون . چونکە ئەگەر ئیمانەکە یان ڕاست و بیروباوەڕیان چەسپاو بوایە ، ئەوا ئارەزووی دەروونیی بێباوەڕان ڕاینەدەماڵین و شەپۆلەکانی ماددی و هێز فریێ نەدەدان ، وەك چۆن باری سەرەی یەکەم _ ڕەزای خوایان لێبێ _ بە ئایین و بیروباوەڕەکەیان زاڵ بوون بەسەر بێباوەڕان و لووتبەرزیاندا ، تەنانەت لە کاتی شکست و ساتی سەرنەکەوتنیشدا ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ ولاتهنوا ولاتحزنوا وأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين ﴾ (آل عمران ١٣٩) .

---

[1]) صحيح الجامع الصغير (٣٤٣/٢ / ج ٢٥٣٦) .

[2]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/ ١٤٢) .

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو بیروباوەڕە لەسەر ئاستی گەلانی ئوممەتی ئیسلامی لە نێو دەرونەکاندا کڵپەی سەندوو و لە نێو عەقڵەکاندا سەقامگیر بوو . جا موسڵمان لە باکوری ئەفریقی یەوە برایەکی موسڵمانی خۆی لە شامدا خۆش دەویست و دراوسێ مەسیحی یە (داگیرکەرە) کەی ڕق لێبوو ، بە مجۆرەیش لە هەموو کونج و لاو هەرێمەکاندا وابوو . موسڵمان لە هەموو شوێنێکەوە هەستی بە براکانی ئەکرد و هەستی بەو دوژمنایەتی و لێقەومانانەش ئەکرد کە تووشی ئایینەکەی بوو بوو، هەندێکیان لە جیهادی دەستدرێژکەران و دەرچوون لە ڕێی خوادا لەگەڵ براکانیدا بەشدار یان دەکرد ، تاڕادەیەکی زۆر بەو شێوەیە بوون کە پێغەمبەر (ﷺ) وەسفیان دەکات (کالجسد الواحد إذا اشتکی منه عضو ، تداعی له سائرا الجسد بالسهر والحمی) رواه البخاري . سەرخستنی موسڵمانانی حیجازو لیبیامان بۆ براکانیان ڕۆشن کردەوە لە کاتێکدا لە ساڵی ١٢١٣ك / ١٧٩٨ ز دا فەرنسی یەکان داگیریان کرد . وەچۆن موسڵمانان لەگەڵ بانگەوازەکەی (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) دا جولاَنەوە بۆبیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی و بانگەوازی بۆ یەکێتی موسڵمانان لە بەرامبەر دەسەلاَتگیری و خۆسەپاندنی ئەوروپیی و ڕوسی و لایەنانی تردا . ئەو بانگەوازەیش تا ئاستێکی گەورە بەرهەمی هەبوو و موسڵمانان لە هەموو لایەکەوە بە جیاوازی زمان و ڕەنگ و وولاَتیانەوە لەگەڵیدا بوون ، بەڵگەی لەوە گەورە تر نی یە کە چۆن موسڵمانان لە هەموو لاکانی جیهانەوە دەستیان دایە ماڵ بەخشین بۆ داڕشتنی هێڵی ئاسنینی نێوان بەغداد و حیجاز کە سێ یەکی تێچوونی هێڵەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان . لەگەڵ ئەو لاڕێبونانەی کە بەشبەشەکی و دابەشبونی موسڵمانانی لێکەوتەوە وەك مەزهەبە کەلامی و فیقهی و ڕیبازە سۆفیزمەکان . هەستکردن بە پەیوەندی ئایینی نێوان موسڵمانان بە هێزتر بوو ، (ولاء) و (براء) یش تا ئاستێکی گەورە لە نێو دەرونی هەمواندا ساغ و سەلامەت بوو ، بۆیە لەسەر دوژمنانی ئیسلام وەك جولەکە و مەسیحی یەکان سەخت بوو کە لەو بیروباوەڕەدا دیوارێکی پتەو و بەربەستێکی بە هێز ببینن لە بەرامبەر پیلان و هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی موسڵمانان و ئایینەکەیاندا ڕاوەستێت ، بۆیە کەوتنە کارکردن لەسەر ڕوخاندنی ئەو دیوارە و تواندنەوەی ئەو بەربەستەی لە ڕێگەی هەڵقە لەگوێ و بەکرێ گیراوەکانی خۆیانەوە لە جیهانی ئیسلامی و نێو دەوڵەتی عوسمانیش بەتایبەت ئەوانەیان کە کاروباریان لە دەستدایە وەك سوڵتان و پاشاکان . وەك لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی محمودی دووەمی کۆچکردووی ساڵی ١٨٣٩ زدا ڕویدا کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی چاکسازی خۆ چوێنەر

بەمەنهەجی ئەوروپی دەکرد . ئەوە بوو هەستا بە کارکردن بۆ داماڵینی بیروباوەڕی (ولاء) و(براء) و هەوڵی سڕینەوەی دا لە دەرونەکاندا ، ئەو ئاڕاستە مەترسی دارەیش لە خودی قسەی سوڵتاندا دەردەکەوێت : (من ئەمەوێت _ لە ئێستاوە بەدوا _ موسڵمانان تەنها لە مزگەوت و مەسیحی یەکان تەنها لە کەنیسە و جولەکەکان تەنها لە پەرستگاکاندا جیابکرێنەوە ، من دەمەوێت هەموان یەکشێوە بەڕێزەوە ئاڕستە بگرن و هەموان بەیەکسانی ماف و پارێزگاری باوکایەتی یەوە بە خۆشی بیگوزەرێنن ، ئەوە بوو مەسیحی یەکان و جگە لەوانیش لەو سەردەمەدا ئازادیەکی بەرفراوانیان دەست کەوت [1] .

لەو سەردەمەیشدا خوێندگە یۆنانی و ئەرمەنی و کاسۆلیکی یەکان بە فراوانی بڵاوبوونەوە بە هۆی سەرپەرشتی و هاندانی سوڵتانەوە [2] .

پیاوانی یەکێك لە سەربازگەکانی عوسمانی شۆڕشێکیان بەرپاکرد لەبەر ئەو گریمانەی کە گزایە زۆریان لێ ئەکرێت ئەبێ دووپشتوێنی یەکتربڕ _کە شێوەی (خاچ) بدات وەك (نەمساوی یەکان) _ بەسەر سنگیانەوە دابنێن ، شۆڕشگێڕەکان هەستان و ئەو (پاشا) ش کە سوڵتان ڕەوانەی ئەویٚ ی کرد بوو ، دەریان کرد و ناردیانەوە [3] .

هەروەها سوڵتان ڕێگەی دا بە هاولاتی یە مەسیحی یەکانی ژێر چنگی خۆی تا تیربوش بکەنە سەر لە جیاتی (کلاوە کۆنەکانیان) ، بەمەیش لە هێمای تایبەت بەوان ڕزگاری کردن ، ئەمەیش خۆشی یەکی زۆری لای ئەوان دروست کرد ، هەوڵی فەڕزکردنی تەڕ بوشی سوریشی دا بەسەر زانایاندا لە جیاتی مێزەر ، جا کاتێك لە دژی ڕاوەستان لەسەر ئەوکارەی پاشگەز بوویەوە و ئەو هەڵوێستەی بە ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بە ڕوسیا داپۆشی [4]. لە ویش خراپتر ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی داوای هاوکاری لە سەرلەشکرەکانی(داتوا) کرد پێشتر (ولاء) یان بۆ ڕوسیا . دەوڵەت لەو ڕاستی یە بێئاگا

---

[1]) حركة الأصلاح في عصر السلطان محمود الثاني ص٢١٤ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١٤ .

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٨ .

[4]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٦١ .

بوو ، دواتریش ڕوسیا چەندین هەواڵگری لە سوپای نوێی سوڵتاندا هەبوو ، کە لە وردترین زانیاری و نەخشە ڕوسیایان ئاگادار ئەکرد)[1] .

دەوڵەتی عوسمانی تووشی چەند شکستی پشتشکێن بوو لەلایەن ڕوسیاوە ، هۆکارەکانیشی دزەکردنی زانیارە گرنگەکان بوون لە ڕێگەی ئەو هەواڵگرانەوە .

ئەمە نمونە یەکی دیارە لەسەر لاوازی بیروباوەڕی (ولاء) و (براء) لەلای هەندێ لە سوڵتان عوسمانی یەکان و گرنگی نەدانیان پێی .

(پاشا محمد علی) والی میسریش بەڕۆژئاوا هەڵخەڵەتاو شوێن سیاسەتی ئەوان کەوت و بە ڕێڕەوی ئەواندا ئەڕۆیشت ، لە ماوەی دوورو درێژی فەرمانڕەوایی یەکەیدا کە گەیشتە نزیکەی ٤٥ ساڵ ، دەیدایە پاڵ بێباوەڕان و موجامەلەی ئەکردن و پلە وپایەی یانی بەرزدەکردەوە و دەکەوتە شوێنیان و وەرگرتنی ڕێکخستن و یاساکانیان و ڕۆشتن لەگەڵ کاروانی ئەواندا ، لە کاتێکدا زۆر خراپ و دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ موسڵمانانندا ئەکرد و گاڵتەی پێ ئەکردن . بیروباوەڕی (ولاء) و(براء) ی لابرد و لەڕیشەوە لێیدا تا سەرکردە خاچپەرستەکانی ڕازی بکات و ئوممەت و گەلە موسڵنانەکەی ملکەچی نەخشەکانی جولەکە بکات ، جا بەڕاستی (محمد پاشا)خووی بەوەوە گرتبوو کە زۆربەی کەسانی چواردەوری لەو مەسیحی و جولەکانە بن کە خۆیان خزاند بووە نێو حکومەت و کۆشکەکەیەوە ، بەتایبەت مەسیحی یە ئەرمەنی یەکانی دوژمنی میللەت کە کەسانی تایبەت و ئەندامانی کۆڕو جێگەی ڕاوێژی بوون و بەشدارانی بوون لە بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی وبە تالآن بردنی خێروبەری دەوڵەتدا[2] .

دەرگاشی خستە سەر پشت بۆ دەستە و تاقمە مەسیحی یە خاچپەرستەکان بۆ گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی شوێنەوار و لێکۆڵینەوە و بە دوادا چوونی مەڵبەندەکانی سامان و لێکۆڵینەوەی پێگەکان بە لێکۆڵینەوەیەکی نەخشەیی کە بوویە بەڵگەی بۆ داگیرکردنی میسر لە دواتردا لە ساڵی ١٨٨٢ ز . بە تایبەت کە زانیمان زۆربەی ئەو پشکێنەرانە لە ئینگلیزەکان بوون . چەندین ئامانجی تر هەبوون کە زۆرێك لە لێکۆڵەران هەستیان پێنەکرد بوو. باسەکە بەجێدەهێڵین بۆ یەکێك لە ڕۆژهەلآت ناسەکان لە کتێبەکەیدا (الشرق الآدنی ، مجتمعه

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٤٧ .

[2]) الآنحرافات العقدية والعصبية (١/ ١٦٥) .

وثقافته) ، (ئێمه كه چووبینه هەر وولاتێكی ئیسلامی یەوه . زەوی یەكه مان هەڵدەكەندەوه تا شارستانیەتی پێش ئیسلام بدۆزینەوه ، ئێمە بە سروشتی حاڵ تەماعی ئەوەمان نەبوو كه هیچ موسڵمانێك هەڵگەڕێتەوه بۆ بیروباوەڕی پێش ئیسلام . بەڵكووئەوەمان بەس بوو كه دڵە ڕاوكێ و ڕاڕایی بۆ دروست ببێت لە پشتیوانی كردنی نێوان ئیسلام و ئەو شارستانیەتانه ....) [1].

لەژێرڕۆشنایی ئەو ئامانجانەی پێشوودا دەتوانین گرنی دانی ئەو مەسیحی یانه واژه بكەین به لەت و پەرتەوازەكردنی وولات به درێژی و پانی یەوه و پێدانی دارایی یەكی زۆر و زەبەندە لە دۆزینەوەی شوێنەوارەكان و داماڵینی وولاتەكه به دەست پێشخەری فەڕنسی یەكان و دواتر ئەو ئینگلیزانەی كه لەجێبەجێكردنی ئەو ئامانجه پیسانەیاندا لەسەر یەك هێڵ دەچوون [2].

مامۆستا (محمد قطب) دەڵێت (بەلأم ئەو پلان و نەخشه پیسەی كه خاچپەرستەكان لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان گرتبوو و بە ئەمسەرو ئەوسەری وولاتدا دەگەڕان و بریتی بوو لە هەڵدانەوەی خاكی ئیسلامی بۆ دەرهێنانی شارستانیەتەكان تا بیكەنە سەرەتایەك بۆ بەیەكجاری دابڕێن له پشتیوانی كردنی ئیسلام) [3].

(محمد عەلی) بە لێدانی ئاڕاستەی ئیسلامی سەلەفی لە دوورگەی عەرەبیدا خزمەتێكی پێشكەش به پلان و نەخشەكانی دوژمن كرد به ڕووكەش گوێڕایەڵی كردنی بوو بۆ سوڵتانی عوسمانی كه دەسەلأتی و قەڵەمڕەیی بەسەر دوو حەرەمی پیرۆزدا له دەستدا بوو ، لەمەیش پەردەیەكی پێكهێنا بۆ داپۆشینی پیلانەكانی بەریتانیا و فەڕنسا كه هەردووكیان وایان دەبینی بوونی سعودی مەترسی پێكدەهێنێن بۆ سەر بەرژەوەندی یەكانیان به تایبەت لە كەنداوی عەرەبی و دەریای سوردا [4]. ئەو سوپایانەش كە(محمد عەلی) ئاڕاستەی كرد بوون زۆرێك له سەركردەكانیان ئەفسەری فەڕەنسی و هەندێ مەسیحی بوون [5].

---

[1]) واقعنا المعاصر ص٢٠٢ .

[2]) الأنحرافات العقدية و العلمية (١/ ١٧١) .

[3]) واقعنا المعاصر ص٢٠٢ .

[4]) قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين ص١٨٩ .

[5]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨٧ .

فەڕەنسا و هەروەها بەریتانیایش بەو کارە جەنگی یە کاولکەرە دڵخۆش بوون و فەڕنسا لە ڕێگەی کونسوڵی خۆیەوە لە قاهیرە بە محمد عەلی ڕاگەیاند کە ئەو زۆر سوپاسی (محمدعەلی) ئەکات بەهۆی ئەو بەهێزی یەی لە بلاْوکردنەوەی ڕوخساری شارستانێتی لە وولاْتە ڕۆژهەلاْتی یەکاندا دەری بڕی [1].

(محمد عەلی پاشا) فشاری خستە سەر زانا و فیقهناس و پیاوە ئەزهەری یەکان لە تیکەی ژیاندا ، و دەستی گرت بەسەر هەموو ئەوقافەکانی سەر بەئەزهەردا و دایە پاڵ دەوڵەت و دواتر خۆی زاڵکرد بەسەر زانا کاربەدەستەکانی فێرکردن لە پیاوانی ئەزهەر [2]. تەنانەت ئەو دەستەو کۆمەلاْنەی نەوە تازە پێشکەوتووەکانی موسڵمانان کە قورئان زانستە سەرەتایی یەکانیان فێر دەبوون ، لەو سەرکەشی یەی محمد عەلی ڕزگاریان نەبوو ، جا (جەبرەتی) _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ باس لەوە دەکات کە زۆربەی خوێندنگاکان بەهۆی لەکار کەوتنی وەقفەکان و دەستگرتنی(محمد عەلی) بەسەریاندا داخران [3].

(شێخ محمد عەبدە) باس دەکات کە ئەوەی (محمد عەلی) لە وەقفەکانی ئەزهەرو وەقفەکانی تری هێشتبوویە وە ، هێندەی یەك لە هەزاری داهاتەکانی نەدەبوو ، ئەو لە وەقفەکانی مزگەوتی ئەزهەر تا ئەمڕۆ (لەسەر دەمی شێخ محمد عبدەدا) ئەو تالاْنی یەی لە نیو ملیۆن جونیە لە ساڵێکدا کەمتر نی یە ، دەیبرد ، بۆ ئەزهەریش لە ساڵێکدا ڕێژەی ٤ هەزار جونیەی بڕیار دابوو ، لە کاتێکدا دەبینین بەرەو ڕۆژئاوایی بوون و ناردنی دەستەکان چوو وەك لە لێکۆڵینەوەکەدا باسمان کرد . ئەو سیاسەتە کاولکەرەی کە (محمد عەلی) گرتیە بەر و کردنی بەمەنهەج و بەناچاری بەسەر موسڵماناندا سەپێنرا ، جێبەجێکردنی پلانی خاچپەرستی بوو کە هێرشی فەڕەنسی بەهۆی ناچاربوونی بە کۆچ کردن و بەجێهێشتن نەیتوانی جێبەجێی بکات . ئەوەیش شتێکە کە(ئەرنۆڵد توینبی) مێژونوسی ئینگلیزی لە قسەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە "محمد عەلی " دیکتاتۆرێك بوو کە توانی(بیرو ڕاکانی ناپلیۆن) بگۆڕێت بۆ چەند ڕاستی یەکی کارا لە میسردا) [4].

---

[1]) الأنحرافات العقدية والعلمية (١٧٤/١) .

[2]) قراءة جديدة في تأريخ العثمانيين ص١٧٩ .

[3]) عجائب الآثار (٣/ ٤٧٨) .

[4]) قراءة جديدة في تأريخ العثمانين ص١٨٢ .

بەبیٚ بێگومان (محمد عەلی پاشا) دروستکراوێك لە دروستکراوەکانی ڕۆژئاواو بەکرێ گیراوێك بوو لە بەکرێگیراوەکان ، ئیدی ئەوە یەکسانە کە گەیشتنی بەپایەی دەسەلاّت لەئەنجامی نەخشەیەکی خاچپەرستی دابێت بەتایبەت نەخشەیەکی فەڕەنسی ، یان لە ئەنجامی لێهاتوویی و فێلّ و ڕۆشنبیری (محمد عەلی) خۆیەوە بوو بێت . یان هەردوو هۆکارەکە پێکەوە بووبێت ، چونکە هەموو ئەمە هیچ لەبارەکە ناگۆڕێت و ئەوە بەرپەرچ ناداتەوە کە (محمدعەلی) دەوڵەتە ڕۆژئاوایی یەکان چواردەوریان دابوو لەگەلّ کاروانەکەی خۆیاندا ئەیانبرد بە تایبەت کە چەند ڕەوشت و سیفەتێکی تێدا بوو کە هەمیشە هێزە ئیمپریالیزمەکان بە دوایدا ئەگەڕان ، وەك شێتی گەورەیی (جنون العظمة) و دلڕەقی و توڕەیی ودین ناسکی یان بیٚ دینی .

(محمد عەلی) بە درێژایی ساڵەکانی فەرمانڕەوای ئیشی کرد بۆ لەونابردنی بیروباوەڕی (ولاء) و(براء) و سیاسەتی توندو تیژی و تۆقاندن و چەوساندنەوە لەبەشەکانی دەسەلاٚتەکەیدا ، تا ئەو بیروباوەڕە لە دلّی موسلّماناندا دارمێنێت و بەیەکجاری نەهێلّێت [1].

لە گەلّ ئەو خەرمانە زۆرەی کە(محمد عەلی) پیٚ گەمارۆ درابوو لەلایەن ڕۆژهەلاّتناسان و ئەو مێژو نوسە نەتەوەیی و عەلمانی یانە شەوەکە بەشوێن ئەواندا ئەڕۆیشتن وبە بالاّی ئەو چاکسازی یانە دا هەلّیان ئەدا کە لە زۆرێك لە بوارە زانستی و ئابوری و سەربازی یەکاندا پێی هەستا . بەلاّم ئەوە لە مێژووی ژیانی(محمد عەلی) دا چەسپاوە کە ئەوزۆر ڕقی لە موسلّمانانی میسر بووە وئەوپەڕی پیٚ کردوون سوکایەتی وناڕاستی تەواوی لەڕوودا کردون ، بەلّگەترین شتیش لەسەر ئەوە قسەکەی خۆیەتی (متمانەتان هەبێت کە بڕیاری من لە سۆزێکی ئایینی یەوە سەرچاوە ناگرێت ، جا ئێوە دەمناسن و دەزانن کە من ڕزگار بووم لەو ئامـاژەو دەربڕینانـە کـە گەلەکـەم پێوەی کـۆت و بەنـدە _ لەوانەیە بلّێن کە هاونیشتمانی یەکانی من (کەر) و (گان) ! دەی ئەوەیش ڕاستی یەکە کە خۆم دەیزانم) [2].

(محمد عەلی پاشا) لەگەلّ فەڕەنسی یەکاندا لە کاتی داگیرکردنی جەزائیردا ڕێکەوت ، تەنانەت پاش ئەوەی لە ئاغاکانیەوە فەرمانی بۆ هات_ خەریك بوو خۆی هەستێت بە داگیرکردنی جەزائیر وەك خزمەتێك بۆ فەڕەنسی یەکان و کارێك بۆ حسابی تایبەتی یان .

---

[1]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١٨١/١) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٨٨/١) .

بەلاّم ئاغاکانی ئەو بیرۆکەیان ڕەفزکردەوە چونکە موسڵمانەکانی دەوروژاند و کرێگرتەیی بەکریّ گیراوەکەیان بە دیار دەرکەوت. بۆیە کەوتنە لە کارخستنی ئەو بڕیارە و (محمد عەلی) کاری تیّنیا ئەوە بوو کە دانەوێڵە بنێریّ بۆ فەڕەنسی یەکان لە جەزائیردا !! [1].

دکتۆر(سولەیمان غەننام) بۆ ئەو رایە دەچێت کە بەریتانیا کاتێك بە بڕیارو نیازی محمد عەلی زانی لە دژی ڕاپەڕی و هەڕەشەی ژێر ئاوخستنی کەشتی گەلەکەی لێکرد ئەگەر بیر لەوە بکاتەوە .

ئەوە هەڵوێستەیەکە لەگەڵ پاشایەك لە پاشاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە کاری دەکرد لەسەر لاواز کردنی بیروباوەڕی(ولاء) و (براء)لەلای ئوممەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، کە لەسیاسەتی توندو تیژی و تۆقاندن دا خۆی دەنواند . بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش ڕۆژئاوایی کرد بە ڕێباز بۆ خۆی . بەڕاستی (محمد عەلی) شیاوی ئەوە بوو کە ببێتە ڕابەری(ڕۆژئاوایی کردن) لە جیهانی ئیسلامی عەرەبی دا کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو . کوڕو نەوەکانیشی لەدوای خۆی لەسەر هەمان سیاسەتی ئەو چوون ، ئەوانیش بەردەوام پەیمانی چاندنی ڕۆژئاوایی کردن و عەلمانی یەتیان دەدا وبە هەمان ڕێگەدا دەڕوشتن و بۆ دەست خستنی هۆگری ڕۆژئاوا و خوازیاری خۆشەویستی ئەو پێشبرکیّ یان دەکرد [2]. دەستەیەك لە سوڵتان و پاشاکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆچوون لە دۆستایەتیکردنی بێباوەڕاندا و خۆشەویستی یان پێبەخشین و دایانە پاڵیان و لە جێی موسڵمانان بە دۆستیان گرتن وکاریان کرد لە سەر لاواز کردنی بیروباوەڕی (ولاء) و (براء) لە ئوممەتی ئیسلامیدا و لە ڕیشە وە کاریان تیّ کرد ، بەمەیش کەسێتی و پێناسی دەوڵەتی عوسمانی توایەوە و دیارترین پێکهاتە و پایەکانی لە دەستدا و دوای ئەوە لەسەر دوژمنەکانی ئاسان بوو کە چواردەوری بدەن و دواتر بە خراپترین شێوە لەت و پەتیان کرد .

دووەم : قۆرخبوونەوەی چەمکی پەرستش :

ئەو مەرجانەی کە دەسەلاّتداری عوسمانی یەکان پێی هەڵدەستان بریتی بوو لە بەدیهێنانی چەمکی گشتگیری پەرستش بەو جۆرەی کە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی

---

[1]) الشرق الآسلامي ، حسين مؤنس ص٣١١ .

[2]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/ ١٨٩) .

پێغەمبەرەوە (ﷺ) لێی تێگەیشتبوون و لەسەلەفی صاڵحەوە (ڕەزای خوای لێبێت) وەریان گرتبوو .

جا تێگەشیت بوون کە ئایین هەمووی پەرستشە ، بۆیە پەرستش بە چەمکە فراوانەکەی ئەو مەبەستە ڕاستی یەیە کە خوای گەورە دروستکراوی لە پێناودا دروست کردوە . وەك خوا دەفەرموێت ﴿ وما خلقت الجن والآنس الا ليعبدون ﴾ (الذاريات : ٥٦) . ئەوەش بانگەوازی هەموو پێغەمبەران بووە هەر لە نوح (عليه السلام) ەوە تاکوو پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) بۆ گەلەکانیان ﴿ ياقوم أعبدوا الله مالكم من الله غيره ﴾ (الآنحراف : ٥٩،٦٥، ٧٣،٨٥) . هەروەها دەفەرموێت ﴿ ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن أعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ﴾ (النحل : ٣٦) و ﴿ ما ارسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي اليه انه لا إله إلا انا فأعبدون ﴾ (الآنياء : ٢٥) .

بەڕاستی عوسمانی یە پیشینەکان بەو جۆرەی خوا دەیویست لە چەمکی گشتگیری پەرستش گەیشتبون ئەویش ئەوەیە کە هەموو چالاکی یەکی نێو ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە ﴿ قُل إنَّ صَلاَتِي وَ نُسُكِي وَ مَحيَايَ وَمَمَاتِي لِلهِ رَبِّ العلَمِين ، لاَ شَرِيكَ لَهُ وَ بِذلِكَ أُمِرتُ وَ أنا أوَّلُ المُسلِمِين ﴾ (الانعام ١٦٢ و ١٦٣) .

بۆیە ژیانیان پڕبوولەکاری گەورە ، وەك بەهێزکردنی دەوڵەتی عوسمانی و پەروەردەکردنی بەردەوامی ژێردەستەکانی و فێرکردنی قورئان و زانست و جیهادکردنی بێباوەڕ ودوو ڕوەکان و هەستان بەکاراوباری موسڵمانان و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دەسەڵاتداری ، بۆیە دەبینین (شێخ ئاق شەمسەددین) ڕۆڵی لە ئاڕاستە کردن و فێرکردنی ئوممەت وبەکارهێنانی زانستی دارودرەخت و پزیشکی و صەیدەلی پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان . بەڕاستی ئەو شێخە بە زانستی ئاینی و دنیایی خوای گەورەی دەپەرست ، چەند لێکۆڵینەوەیە کیشی لە زانستی دارو درەخت (ڕووەك) و چارەسەری (نەخۆشی ساریەکان) دا هەبوو ، لەم بارەیشەوە کتێبێکی دانا ، هەروەها گرنگی زۆری دا بە چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە، لە ڕیزەکانی سوپای (محمدی فاتیح)یشدا موجاهیدێك بوو ، پەروەرشیارێك بوو بۆ هەموو عوسمانی یەکان لەسەر گوێڕایەڵی خواو گرنگی دەدا بە (تەزکیە) پاك کردنەوەیان لە تاوان و هەڵە ، فرمانی ئەکرد بە چاکە و نەهی ئەکرد لە خراپە ، بەڕاستی پەروەرشیارێکو دڵسۆزێکی چاك بوو بۆ (محمدی فاتیح) ، جا دوای ئەوەی (قوستەنتینە) فەتح کرا ، (محمدی فاتح) هاتە لای شێخ کە لەخەوەتدابوو ، (شێخ

شەمسەددین) ڕێگری ئەوەی لێکرد و بە محمدی فاتحی ووت : (تۆ ئەگەر بچیتە خەڵوەتەوە ، چێژێکی وای لێوەر دەگریت حوکمەو دەسەلاتت لەبەر چاو ئەکەوێت و ئەوکات کاروباری دەوڵەت تێکدە چێت و خوایش لێمان عادز ئەبێت و ، مەبەستیش لە خەڵوەتکردن بە دەستهێنانی دادپەروەری یە ، جا بۆیە ئەرکی سەرشانتە ئەمەو ئەوەبکەی و، چەند ئامۆژگاری یەکی بۆ باس کرد) .

ئەم تێگەیشتنەجون بۆ (عیبادەت) ئەوڕێبازە بووکە دەوڵتی عوسمانی لەسەری دەڕۆیشتن ، ئەوکاتەکە زانایانی خواناس حلەوی ئاراستە کردن وئامۆژگاری و فێکردنیان لەدەست دابوو ، بۆیە ئەوهەموپێشکەوتنە هەمەلایەنە لەسەردەمی محمد فاتح دا ڕوویداو هەموو بوارەکانی ژیانی (پەروەردەیی و سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەلایتی و زانستی) یشی گرتەوە ، هەمووئەوپێشکەوتنانە لەو تێگەیشتنەوە هاتبووکە هەیانبوبۆ "پەرستش" کەلە شەرعیەتی پاکی ئیسلامەوە وەریان گرتبوو ، هەرلەبەرئەوەبووکە دەوڵتی عوسمانی لەسەردەمی سەروەری و هێزیدا پێشڕەوتی یەکی لەبواری زانستیەکاندا بەخۆیەوەبینی ، بۆ نمونە : لەجوگرافیادا ناوی (ریس بیری) لەهەردو سەردەمی (سەلیمی یەکەم) و (سولەیمانی قانۆنی) دا زۆرئەبرێت ، (ریس بیری) سەرکردەی هێزی دەریای عوسمانی بوو ، زانایەکی جوگرافیاناسی گەورەش بوو ، لە سالی (١٤٦٥ ز) دا لە دایك بوە و لە سالی (١٥٥٤ ز) کۆچی دوایی کردووە ،

ئەو زانا جوگرافی یە پێشەنگێك بوولەوپێشەنگەکانی نەخشەسازی لە ئەدەبی جوگرافی عوسمانیدا . لە و بوارەشدا دوو نەخشەی گرنگی هەیە ، یەکەمیان بۆ ئیسپانیا و ڕۆژئاوای ئەفریقا و زەریای ئەتڵەسی و کەنارە ڕۆژهەلاتی یەکانی هەردوو ئەمریکا _ ئەمەیشی لە سالی ١٥١٧ ز لە میسردا پێشکەشی سوڵتان سەلیمی یەکەم کرد ، ئێستایش لە مۆزەخانەی (توبقبو) لە (ئەستان بولْ) دا هەیە (٦٠ × ٨٥ سم) ئیمزایی ڕیس) یشی لەسەرە ، ئەوی تریان بۆ کەنارە زەریایی یەکان لە گرینلاندەوە تا فلۆریدا (٦٨ × ٦٩سم) کە ئەمەیش ئێستا لە مۆزەخانەی (توبقبو) لە (ئەستانبولْ) دا هەیە . ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە کە ئەو نەخشەیەی (ڕیس بیری) بۆ ئەمریکای کێشاوە کۆنترین نەخشەیە بۆ ئەمریکا کێشرابێت !!

لە ٢٦ی ئوغسطسی سالی ١٩٥٦ زدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زانکۆی جۆرج تاون دا کۆبونەوەیەکی ڕادیۆیی کیرا بۆ نەخشەکانی (ڕیس بیری) ، تیایدا هەموو

جوگرافیناسە بەشداربووەکان یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی نەخشەکانی (ڕیس بیری) بۆ ئەمریکا (دۆزینەوەیەکی نائاسایی یە) لە توانیستی ئاسایی مرۆڤدا نی یە (خارق للعادة).

(ڕیس بیری) پێش دۆزینەوەی ئەمریکا شارەزای بوونی ئەمریکا بوو و لە کتێبی (البحرية) دا دەریایی دا دەڵێت (دەریای ڕۆژئاوا _ مەبەستی زەریای ئەتڵەسی یە _ دەریایەکی گەورەیە ، بە پانی ۲۰۰۰ میل لە بوغاز سەبتە وە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە و لە کەنارەکانی ئەو دەریا گەورەیەدا کیشوەرێك هەیە کە کیشوەری (ئەنتیلیا) یە . دەستەواژەی کیشوەری(ئەنتیلیا) دنیا یان ئەمریکا ئەگەیەنێت .(ڕیس) ئەوەشی نوسیوە کە ئەو کیشوەرە لە ساڵی ۸۷۰ك / ۱٤٦٥ز دا دۆزراوەتەوە واتە نزیکەی ۲۷ ساڵ پێش دۆزینەوەکەی (کۆلۆمبس) بۆ ئەمریکا [1].

بەڕاستی (ڕیس بیری) لە هێزی دەریایی دا کتێبێکی بەجێ هێشتووە ئەو زانیاری و نەخشە و ردانەی کە تیایدایە ، زانا جوگرافی یە هاوچەرخەکانی ئەورووپا و ئەمریکای توشی ڕامان کرد ، زانیاری و نەخشە گەلێك کە جیهانی سەردەم ڕاستی ئەوانەی سەلماندووە .

ڕاهیبی جزویتی(لاین هام) ی بەڕێوەبەری مەڵبەندی (ارصاد) لە (ویستن) باس لەوە دەکات کە بەڵگەیە لەسەر لێهاتویی (ڕیس بیری) سەرکردەی عوسمانی لە زانستی جوگرافیدا ئەوەتا دەڵێت : (نەخشەکانی (ڕەیس بیری) ڕاستیان لە پلەیەکدایە کە عەقڵ سەرسام دەکات ، بە تایبەت کە ئەو بەڕوونی چەند شوێنێك لەسەر نەخشەکە دیاری دەکات کە تا سەردەمی خۆیشی لەسەدەی ۱٦ی زاینیدا نەدۆزرابونەوە ، لایەنی هەژێنەری پێگەی (ڕەیس بیری) ئەو وێنە کێشانەیەتی بۆ شاخەکانی ئەنتارکتیکا بە دووروودرێژی کە لە چەند نەخشەیەکدا کێشاویەتی ، لەگەڵ ئەوەی ئەو شاخانە کەس نەیتوانیوە بیاندۆزێتەوە تا ساڵی ۱۹٥۲ ز واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی ۲۰ زاینیدا . چۆن ؟ پاش بەکارهێنانی دەزگای پێشکەوتووی دەنگدەرەوە ، بەڵام پیش سەرکردەی عوسمانی ڕەیس بیری واتە تا سەدەی ۱٦ ی زایینی _ هیچ کەس نەیدەزانی کە (ئەنتارکتیکا) هەیە کە بەدرێژایی چاخەکانی مێژوو بە بەفر داپۆشرا بوو) [2].

---

[1]) العثمانيون في التأريخ والحضارة ص۳۸۲ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل۳۸۳ .

دیارە کە ئەنتارکتیکا کیشوەری شەشەمە و دەکەوێتە نیوەی باکوری زەوی یەوە ، تەنها ڕاهیب لاین هام سەرسام نەبووە ، بەڵکوو ئەوە زۆربەی زانا و نوسەرەکانی دەستەو سان کردووە ، بەڕاستی هەندێ لە زانایان وێنەی زەوی کەوێنەی گرتنی لە کەشتی هەواوە گیراوە لە سەدەی (٢ دا) لەگەڵ ئەو نەخشانەدا بەراورد کرد کە سەرکردەی دەریایی عوسمانی ڕەیس بیری لە سەرتاکانی سەدەی ١٦ دا کێشا بوونی ، لێکچوونێکی سەرسوڕهێنەرانەی نێوان وێنە گیراوە ئاسمانی یەکان و نێوان نەخشەکانی ڕەیس بیری دا هەبوو [1] .

ڕاپەڕین لە دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمە دیارو ڕووناکەکانیدا لە هەموو ئاستە زانستی وجەماوەری و حکومی و سەربازی یەکاندا بوو ، بزوتنەوەی دەوڵەت و گەلیش دەربڕینێکی ڕاست بوو بۆ چەمکی گشتگیری پەرستش . بەڵام لە کۆتا سەردەمەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ، چەمکی پەرستش لە چەند وێنەیەکی پەرستشی عەشایەریدا قۆرخبوویەوە و وای لێهات بووە نەریتێکی جێماوەیی کە هیچ کاریگەری یەکی لە ژیانی پەیڕەوکەرانیدا نە بوو . مەگەر لە سەردەمێکدا ڕۆچوو بن لە جێبەجێکردنیدا (لابردنی پەرستش لە بەشەکانی تری ئیسلامدا کرا تا وای لێکرا وەك بڵێ ی ئیسلام تەنیا بریتی یە لەوانە و شتی تر لە ئیسلامدا نی یە ، بۆ نمونە (جیهاد) و حوکمەکانی کڕین و فرۆشتن و پەیوەندی یە دارایی یەکان . لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی خەڵك ئەگەر نەڵێین هەموویان ، دەیانزانی کە ئیسلام تەنها پەرستشە فەرزەکان نی یە و بەس ، چونکە ئەوان لایەنەکانی تریان واز لێهێنا بوو، و چاویان لێدا خستبوو، پایەیان دابەزاند بوو ، دەستەیەك لە وەعز خوێن و مورشیدەکان داوای ئەوەیان ئەکردکەخەڵکی واز بهێنێ لە جگە لەو پەرستشانە . جا جیهاد و نکوڵی کردن لە خراپە و بەرپەرچدانەوەی سەرکەشی و ئیمپریالیزم و بەرەنگاری ستەم و کارکردن لە هەموو ئەو بوارەکانە دا کە لە کاروبارە گشتی یەکان و سود بە موسڵمانان بگەیەنێت ، هەموو ئەوانە لە بەرچاوی ئەو دەستەیەی خەڵکدا _ کە لە سەردەمەکانی دواکەوتوییدا زۆر زۆرن _ چەند شتێکی زیادە کە لە خواو عیبادەت دووریان دەخاتەوە لە کاتێکدا کە پێوەر لە ئیسلام دا لە بۆ (چاکە) و (خواناسی) گشتگیرە هەموو ئەو واجیباتانە ئەگرێتەوە کە ئیسلام بڕیاری داون وەك جیهاد و زانست و دادپەروەری و ئیشی بەسود بۆ خەڵك وتەپسان لە هەڵسوکەوت و چاکەدا هەموو ئەو کارانە هاوڕێن لەگەڵ (

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٨٤ .

یەکتاپەرستی) و (دڵسۆزی نواندن بۆ یەکتا پەرستی) ، کەچی پێوەر وای لێهات .جا پێوانەکانی لە خوا ترسان لە نێو قۆرخ بوویەوە لەو عیبادەتانەدا)[1].

بەم شێوەیە ئەو بیرۆکەیەی کە پەرستشی لە بەشەکانی تری ڕژێمی گشتگیری ئیسلام لابرد بویە هۆی لاوازی لە هۆشیاری سیاسی و کۆمەلاّتی و ڕەوشتیدا .

ئەم قۆرخکردنەی چەمکی پەرستشی بووبە هۆی چەند خراپەیەك (سلبيات) کە لە گرنگترینیان ئەمانەن :

* دروشمە کانی عیبادەت بە شێوەیەکی تەقلیدی بیّ سود وبیّ کاریگەری ئەنجام ئەدران کاتێك واز لە بەشە کانی تری ئیسلام هێنرا . جا ئەو دروشمانە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی خۆی نەدەبینی ، هەروەها لە بوارەکانی تری پەرستش دابڕا . جا نوێژێك خوا لە بارەیەوە دەفەرموێت ﴿ إن الصلوة تنهى عن الفحشاء والمنكر ﴾ (العنكبوت : ٤٥)وای لێهات هیچ کاریگەری یەکی دیاری لە نێو ژیانی جێبەجێکەرانی لە خەڵکدا نەبوو، بە جۆرێك کە لە خراپە و داوێن پیسی دووری نەدەخستنەوە . نەیشدە بوو کە ئەو کاریگەری یە ی هەبێت کە پەرستش لە تەنها بەجێکەیاندنی دروشمە تەقلیدی یەکاندا قۆرخ بکرێتەوە .

_ خەڵکی تەمەڵ بوون لە لایەنەکانی تری عیبادەتدا . چونکە لە دیدی خەڵکدا ئەو شتانەی تر " عیبادەت " نین

کاتێك دەبینین لە نێو موسڵماناندا هەیە کە نوێژە فەرزەکانی بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا دەکات . پاشان دەچێتە دەرێ و بە درۆ لەسەر حسابی مزگەوت سوێند دەخوات و لە کڕین و فرۆشتندا فرت و فێڵ (ڕیبا) دەخوات بە چەند قات ! و دەم ئەخاتە ناموسی خەڵکەوە و مێشێکیش میوانی نی یە و ویژدانی ئاسودەیە وخەیاڵی ڕاحەتە و ئازارەکانی ویژدانی و سەرزەنشتی دەرونی بەهۆی ئەو چەند ڕکاتە نوێژانەوە بێدەنگ کردووە .

* پشت بەستن بە لایەنی تاکی شەخسی و پشتگوێ خستنی لایەنە کۆمەلاّیەتی یەکان ، دەبینین کە موسڵمانان (گرنگی یان زیاتر داوە بە ئاکارە تاکی و وابەستە بەخودی مرۆڤەکان تا ئاکارە کۆمەلاّتی یە وابەستەکان بە خەڵکانی تر ، هەندێ جار موسڵمان لە خودی خۆیدا پاکە ، بەلاّم گوێی لیّ نی یە شەخەڵێك لە ڕێگەی موسڵماناندا لاببات ، ئەوەی لەبیرچووە کە (اماطة الاذى عن الطريق من شعب الايمان)) واتە : (لابردنی ناڕەحەتی و

---

[1]) الانحرافات العقدية والعلمية (١/ ١٠٠) .

ئازار دەرێك لەسەر ڕێگا لە لقەكانی ئیمانە) وەك لە فەرمودەی (صحیح) دا هاتووە [1] هەندێ جار موسڵمان دەكرێت چاودێری یاساكانی پاكی و مەرجەكانی پاكیزەیی نێو خۆی بێت ، بەڵام گوێی لیّ نی یە ڕێگەی خەڵك و شوێنی دانیشتنیان پیس بكات و ئەو ئاكار و ڕەوشتە كۆمەڵایەتی یانە نەكات كە ئیسلام فرمانی پێكردووە) [2].

لە ئەنجامی ئەوەی چەمكی پەرستش تەنها لە دروشمەكاندا مایەوە و هەموو كارەكانی تری لیّ دابرا خەڵكی هاتن كەوتنە گرنگی یان بە كاروباری تایبەتی خۆیان و كاروباری گشتی یان پشتگوێ خست و ڕۆحی تاكەگەرایی لەسەر حسابی ڕۆحی كۆمەڵایەتی گەشەی سەند .

* پەرستش كردن لە جیاتی كاركردن دانرا و دەست گرتن بە ڕیوڕەسم و دروشمەكانیەوە كە چەندان بیدعەشی تێكەڵكرا بوو بە بەكارهێنانی هۆكارەكانەوە تێدا ڕوودا . كرایە هەموو شت و دەستبەردرا لە هۆكارە ماددیەكان .

(خوێندن و خوێندنوەی قورئان بەزارچوویە جێگەی كاركردن كە چەندین لە ئایەتی جیهاد وڕوانین بۆ بونەوەر و بیركردنەوە لە خولقاوەكانی خوا و بەرپاكردنی دادپەروەری و تەرازوو بە یەكسانی و حوكم كردن بەوەی خوا دایبەزاندووە و بەرهەمهێنانی ئەو بەخششانەی خوا كە لە بونەوەردا هەن لەگەڵ ئەوەدا كە ئەمانە هەمووی پەرستشن .

هەروا پێغەمبەر (ﷺ) بەو جۆرەی خوا فەرمانی كرد بوو بەتەواوەتی خۆی بۆ كوشتاری بێباوەڕان ئامادە دەكردو لە خوا دەپاڕایەوە و پەرستشی دەكرد تاكوو سەری بخات . كەچی لەم سەردەمە كۆتاییانەدا موسڵمانان نوێژو نزای لێوە بە جێماو و داهێنەرو بیدعەیان لە جێی هۆكارەكان داناوداوای . ڕۆزی و شیفا و سەركەوتنیان لە و نەوە ئەكرد نەكلەو ڕێگە شەرعی یەكانە وەكە خوا كردونی بە هۆكار و بۆ دەستخستنی ئەو ئامانجانەو دەستخستنی ئەوشتانەدا ئەهێنا ، چەند نزایەكی تایبەت كە تەنها ئەوانەیان دەخوێند . بجاری واهەبوو دوعا و نوشتە و زیارەتگەلێكیان بۆ دەستخستنی ئەوشتانەدا ئەهێنا و چەندین ویردیان تایبەت ئەكرد بۆی....) [3].

---

[1]) بڕوانە : (صحیح مسلم) ، باب بیان عدد شعب الایمان ، (٦٣/١) .

[2]) المجتمع الآسلامی المعاصر ص٦٦ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٩ .

له ئەنجامی ئەم تۆرخکردنە مەترسیدارەی چەمکی پەرستنەدا هەموو کارەکانی تر لە بازنەی پەرستش چوونە دەرێ . جا کاری سیاسی کە چاودێری ئوممەت لەسەر کارەکانی فەرمانڕەوا و پێشکەش کردنی ئامۆژگاری بۆی و شەونخونی کێشان بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و بەجێگەیاندنی دادپەروەری لە نێو ژیانی خەڵکی لەبازنەی عیبادەت چووە دەرەوە ، ئەو قسە چەند جوانە کە (سید قطب) لە ڕوون کردنەوەی بۆ ڕاستی پەرستش و سەرزەنشتی ئەوەی کە لە دروشمە پەرستشی یەکاندا کورتی دەکاتەوە و دەڵێت : (ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەرعیبادەتی ڕاستەقینە تەنها دروشمە پەرستشی یەکان بوونایە ئەوا ئەو کاروانە پیرۆزەی پەیامبەر و ئەوهەمووە پەیامانەی ، ئەو هەموو هەوڵە ماندوکەرانەیشی شیاو نە بوو کە پێغەمبەران (علیه السلام) بە خەرجیان دەدا ، ئەو هەموو سزا و ئازارانەیشی شیاو نە بوو کە بانگخوازان و موسڵمانان بە درێژایی کات بەرەو ڕووی بوونەوتەوە ! بەڕاستی ئەو بەها قورس و گرانە تەنها شیاوی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی بەیەکجار لە ئاینداری بەندەوە دەربهێنێت و بیانگێڕێتەوە بۆ ئاییینداری بە تەنها بۆ خوا لە هەموو کاروباری ژیانداو بۆ مەنهەجی ژیانی دنیا و دوا ڕۆژیاندا بەیەکسانی)[1] .

ئەوەیش واتای ئەو پەرستشە گشتگیرەیە کە عوسمانی یە پێشینەکان هۆشیان لای بوو لە ژیانیاندا جێبەجێیان دەکرد و لە واقیعی سەر زەویدا کاریان پێکرد ، بۆیە میرنشینەکان گشتیان سەریان بۆ دانەواندن و سەرکەشەکان لەبەردەمیاندا ملیان کەچ کرد و خوای گەورە لە زەویدا دەسەڵاتی پێدان و جێگری کردن و بە بەسەر هەرێمە فراوانەکانی دونیاوە ئاڵای ئیسلامیان بەرزکردەوە ، ئەو ڕۆژیش کە ئەو چەمکە گۆڕا و لە بازنەی دروشمەکاندا قۆرخ کرایەوە ، هیممەتەکان کول بوون و بڕیارو نیازەکان لاواز بوون بۆ ئەنجامدانی تەواوی کاروباری ئیسلام پاشان بێهێزی و پاشان نشوستی ڕوویدا .

ئەوشکستە سەربازی وقەیرانە ئابوری و لادانە ڕەوشتی و لێقەومانە کۆمەڵایەتی و گەندەڵبوونی بیر و وشکی لە ڕۆحدا و دواکەوتن لە قەیرانە شارستانی یەتدا یەکەی کە تووشی دەوڵەتی عوسمانی بوو ،هەموو هۆکانی بریتی بوون لە بەتاڵ کردنی ئیسلام لە پێکهاتە بنەڕەتی یەکەی و لەدەستدانی چەمکی گشتگیری پەرستش .

---

[1]) في ظلال القرآن (٤/ ١٩٣٨) .

((ئەو ڕۆژەی کە ﴿ وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ﴾ (أنفال : ٦٠) پەرستش بوو . هیچ کەس سامی داگیرکردنی خاکەکانی موسڵمانان و بردنی خێرو بێری نە بوو . ڕۆژێکیش کە (طلب العلم فریضة) بوو . لەوێدا لادانێکی زانستی نە بوو ، بەڵکوو ئوممەتی موسڵمان ئوممەتی زانستێك بوو کە ئەورووپا لە خوێندنگە و زانکۆکانی ئەمدا فێری بوون !

ڕۆژێك کە ﴿ فأمشوا في مناكبها وكلوا من رزقه ﴾ (الملك : ١٥) پەرستش بوو .کۆمەڵگە ئیسلامی یەکان دەوڵەمەندترین کۆمەڵگەکانی زەوی بوون . ڕۆژێك کە (كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته) پەرستش بوو ، کاربەدەست و بەرپرسیار هەستی بەوە دەکرد کە ئەو بەرپرسە لە ژێردەستەکەی و لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کێشەیەك بەناوی کێشەی هەژارانەوە نەبوو ، چونکە چارەسەری خوایی بۆ کێشەی هەژاری لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا وەك پەرستش بۆ خوا جێبەجێ دەکرا .

ڕۆژێك ﴿ عاشروهن بالمعروف ﴾ پەرستش بوو ، ئافرەت کێشەیەکی نە بوو ، چونکە هەموو ئەو ماف و دابینکاری یانەی کە خوا فەرمانی پێکردبوون وەك گوێڕایەڵی و پەرستش بۆ خوا جێبەجێ دەکران) [1].

بەڕاستی لادان لە چەمکی گشتگیری پەرستش لە سەردەمە کۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا هۆکارێك بوو بۆ بڵاوبوونەوەی مەزهەبی عەلمانی و زاڵبوونی دروشمە عەلمانی یەکانلە زۆرێك لە هەرێمەکانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی دا .

سێ یەم : بڵاوبوونەوەی دیاردەکانی ((شیرك)) و بیدعە و ئەفسانە :

دەوڵەتی عوسمانی لە دووسەدەی کۆتایدا ڕۆچوو بوو نێو زۆرێك لە دیاردەکانی (شیرك)و بیدعە و ئەفسانە ولاڕێبونێکی ترسناك لە یەکتاپەرستی پەروەردگاریدا ڕویدا و شەپۆلێکی گومڕایی و تاریکی لە ڕاستی ئاینیدا لە لایان ڕۆیدا و ڕۆشنایی یەکتاپەرستی سەرکوت کرا و لە ڕێگە ڕاستەکەیان لایاندا [2].

ڕۆژێك کەدەوڵەتی عوسمانی بە دیهێنەری یەکتاپەرستی بوو و چەمکی پەرستشی گشتگیری پەیڕەو دەکرد ودژایەتی (شیرك) ی دەکرد لە و پەڕی دەسەڵاتداری و عیززەت و سەرکەوتندا بوو کە خوا بۆی ئەناردن ، ئەوەتا (سوڵتان موڕادی یەکەم) پاش ئەوەی

---

[1]) مفاهيم يجب ان تصحيح ص٢٤٩ .

[2]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/ ٢٧١) .

سەربازێکی صربی خەنجەرێکی لێدا ، لەسەرە مەرگیدا بە چەند واتایەکی قوڵی یەکتاپەرستی وچەند وشەیەکی پڕ لە یەکتاپەرستی و دژ بە ((شیرك)) ماڵئاوایی لە دنیا دەکات و دەڵێت (لە کاتی ماڵئاواییدا جگە لە سوپاسی خوا هیچی ترم پێناکرێت ، ئەو ئاگاداری تەواوی نەزانراوەکانە و گیراکەری نزای هەژارانە ، (اشهد أن لا إله إلا الله) ، جگە لەوەیش کەس شیاوی سوپاس و سوپاس گوزاری نی یە ، بەڕاستی
ژیانم لە کۆتایی نزیك بوەتەوە و سەرکەوتنی سەربازی ئیسلامم بینی ، گوێڕایەڵی یەزیدی کوڕم بن و دیلەکان سزا و ئازار و ئەشکەنجە مەدەن ، لەم کاتەوە ماڵئاوایی لەئێوە و سوپاسەرکەوتوەکەشمان دەدەمە دەست ڕەحمەتی خوا ، چونکە هەر خوا دەوڵەتەکەمان لە هەموو خراپەیەك دەپارێزێت)[1].
سوڵتان مورادی دووەمیش وەسیەتەکەی خۆی وا بەجێهێشت (ڕۆژێك دێت خەڵك تیایدا خۆڵەکەم دەبینن)[2]. ئەو لەوە ڕاڕا بوو کە دەترسا لە گۆڕێکی گەورەدا بنێژرێت و دەیویست هیچ لەسەر گۆڕەکەی بنیاد نەنرێت . بەڕاستی سوڵتانەپێشوەکان واتاکانی یەکتاپەرستی لە قسەکانیاندا هەڵدەقولاً ولە کارەکانیاندا ڕەنگی دابوویەوە . ئەو چەمکانەیش لە هەموو گەلی عوسمانیدا بلاْوبووبوونەوە . بەلاْم لە کۆتا سەردەمەکاندا بارەکە گۆڕا و لەگەڵ کە ڵەکەبوون و یەك بەدوای یەك بەڵگەکان و ڕوونی نەهی کردن لەو ڕێگە یانەی کە سەر بۆ ((شیرك)) ئەکێشن و وریایی دانی پێغەمبەر (ﷺ) و سوربوونی لەوەدا لە پێش مردنی وەك لە هەر دوو صەحیحەکەدا هاتووە (لعن الله اليهود و النصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد) مسلم واتە (نەفرینی خوا لە جولەکە و مەسیحی یەکان کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت) لەوە وریایی دەدا کە وەك ئەوان بکەن .
دایکمان (عائیشە) "ڕەزای خوای لێبێت " دەفەرموێت (ئەگەر وا نەبوایە ئەوا بە دڵنیایی یەوە گۆڕەکەی (پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بەرزئەکرایەوە بەلاْم ، پێناخۆشی دەربڕیوە لەوەی کە بکرێت بە مزگەوت . وتەی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) (لعن الله زائرت القبور والمتخذين عليها المساجد والسرج) الترمذی .

[1]) الفتوح الآسلامية ص٣٩١ .
[2]) العثمانيون في التأريخ والحضارة ص٣٤٦ .

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێنج ڕۆژ بەرلەوەی بمرێت فەرمووی (لە پێش ئێوە میللەتانێك هەبوون کە گۆڕەکانیان دەکردە مزگەوت وریابن ئێوە گۆڕەکان نەکەن بە مزگەوت بە دڵنیایی یەوە من بەرگری ئەوتان لێدەکەم) رواه مسلم .

هەروەها دەفەرموێت (خوایە گۆڕەکەم نەکەیتە بت و بپەرستێت ، توڕەیی خوا لەسەر گەلێك توند بووە کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکەنە مزگەوت) رواه مالك . و (لەسەر گۆڕەکان دامەنیشن و نوێژیان بۆ مەکەن) رواه مسلم .

کاتێك هەندێ لە ئافرەتەکانی باسی ئەو کەنیسەیان بۆ کرد کە لە خاکی حەبەشە دیتبویان و وێنەی تێدا دانرا بوو ، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی (ئەوانە ئەگەر پیاوی چاك تیایاندا بمردایە لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتێکیان بنیاد دەنا و پاشان ئەو وێنەو پەیکەرانە یان بۆ دەکێشا . ئەوانە لە لای خوا خراپترینی دروستکراوەکانن) رواه البخاری .

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەهی کردووە لەوەی کە گۆڕگە چکاری بکرێت و لەسەری دابنیشت و لەسەری (بینا) بکرێت ، لە گێڕانەوەیەکی تردا دوورە پەرێزی لە نوسین لەسەر گۆڕەکان کراوە . الترمذي . لە کۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانیشدا بە شێوەیەکی نایاسایی دانانی گومەز و بنیادنانی گڵکۆ و دانانی دیمەن و نوێ کردنەوەی مەزارگەکان زیادی کرد تا ئەوەی وەك ئەو دەقانە هاتبن و فرمانی بکەن بە بنیادنان لەسەر گۆڕەکان و باسی فەزڵیان بکەن و هانی ئەوە بدەن .

بارەکە زیاتر ڕووی لە خراپە کرد :کە هەندێ لە فیقهناسەکان فەتوای دروستی گومەزی دانان لەسەر گۆڕەکانیان دا ئەگەر مردووەکە پیاو باش بووبێت ، بەڵگەیشیان بۆ ئەوە بریتی بوو لەوەی کە هەندێ لە پێشینان (سلف) ئەوەیان بەباش زانیوە ، قورەکە بەوە زیاتر خەست بوویەوە کە ئەوان ئەوڕاو بۆچونە گەندەڵانەیان لە (کتێب و) دانراوەکانیاندا بە جێهێشت کە خوێندکارەکان لە خوێندنیدا پێوەی وابەستە ئە بوون [1] .

ئەو دەردە گەورەیە گوازرایە وە و کەوتە بنەبرکردنیدەوڵەتی عوسمانی و خراپەکەی زیادی کرد و ئەوشیرکە گەورەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) وریایی لێدەدا ڕویدا .

---

[1]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/ ٢٧٢و ٢٧٣) .

دیاردەو هۆکارەکانی ((شیرك)) لەو ماوەیەدا لەم شێوانەدا زاڵ بوو :

_ بنیادنـانی مزگـەوت و گومـەزی و دیمەنـە کـان لەسـەر گڵکـۆو گۆڕەکـان لـە هەرێمـەکانی دەوڵەتدا ، بەڵکوو ئەوە لە هەمو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوویەوە ، بەداخێکی زۆرەوە لە کۆتا سەدەکاندا دەوڵەتی عوسمانی دا دەبینین کە هانی ئەو دیمەن و گڵکۆبڵاوانەی نێو جیهانی ئیسلامی دەدرا ، بۆ نمونە دەوڵەت لـە خـەڵکی بەسرە بوورا ڕێوڕەسم و ئەرکـەکانی ، لەسـەر هەڵگرتن وەك ڕێزێك بۆ(زوبەیری کوڕی عەووام) ((ڕەزای خوای لێبێت)) . عوسمانی یـەکان لەسـەر گڵکۆکەیـشی مزگـەوتێکیان بنیـاد نـا و دایکـی (سـوڵتان عبـدالعزیز) هەسـتا بـە چاکسازی گومەزی و گەورەکردنی مزگەوتەکە ، لەساڵی ١٢٩٣ : یشدا بڕیارێك لە (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) ەوە دەرچوو بە بنیادنانەوەی ئەو مەزارگە پیرۆزانە بە چاودێری والی بەسرە (ناسر پاشای سەعدون) .

پاشان لە ساڵی ١٥٠٣ ز دا دووبارە (سوڵتان عبدالحمید) بڕیاری سپی کردنـەوەی گومـەزی یەکەو بنیادنانەوەی مزگەوتەکەی داو دووبارە بڕیاری دا بە دووبەرگ بۆ گـۆڕی (زوبـەیر و عوتبەی کوڕی غەزوان) بە ئاورشمی سوری جوان نەخشێنراو بە زیـو ، هـەروەها فـەرمانی کـرد بـە دانـانی چـەند بـوخردان و گـولاوداێکی زیـوی لـە لای هـەردوو گـۆڕی پیرۆزیانـدا [1] .

هەموو هەرێمە ئیسلامی یەکان و لە حیجاز و یەمەن و ئەفریقیا و میسر و ڕۆژئـاوای عـەرەبی و عێراق و شام و تورکیا و ئێران و ئەودیو ڕوبار و هینـد و شـوێنەکانی تـردا پێشبڕکێیان لە بنیادنـانی گڵکـۆو گومەزیـدا دەکـرد و کێبـەرکێیان دەکـرد لـە گـەورە کـردن و ڕازاندنەوەیـدا ، چونکە بنیـاد نـان لەسـەر گۆڕەکـان بەزمێك بـوو کـە خـەڵکی ئـەو سـەرەدەمە لەسـەری بـوون و ئەوە پایەبەرزی یەك بوو کە زۆرینـە بەدەوریـدا دەسوڕانەوە . بەڕاستی عوسمـانی یـەکان لە کۆتایی سەردەمەکانیاندا ڕاهاتبوون لە هەموو شتێکدا کە خەڵکی ئەو سەردەمە بە گەورەیان دەزانـی ئیـدی ئەوشـتە یـان شـوێنەواری پێغەمبـەران یـان هەرشـتێکی تربووبێـت و بەگـەورە دابنرایـە . ئـەو دیـاردەو گڵکـۆیانە بوون بە شوێنی پاڕانـەوە و پـشت بەسـتن بـەمردووەکان و چـەند بیروبـاوەڕێکی (شـیرك) ی بڵاوبوونـەوە وەك سـەربڕین بـۆ جگـە لـە خـوا و نـەزر بـۆ گۆڕەکان و داوای شیفا کردن و داوای چاکە لە گۆڕەکان و پـشت بەسـتن پێیـان . ئیـدی گـۆڕو گڵکـۆکـان دەسـتیان گـرت بەسـەر ژیـانی خەڵکییـدا ، ئـەو گڵکۆیانـە ڕژانـە نـاو ژیـانی

---

[1]) الأنحرافات العقدية والعلمية (١/ ٢٤٩) .

خەڵکیودەستیان کێشا بەسەر کاروباری خەڵکدا و سەرقاڵ کردبوون و لە دڵیاندا بەرزترین پێگەی گرتبوو ، دەستهاڕی ئەم دەسەلاّتی گۆڕو گۆڕستانانە بەدەوری شیرك و زیادەڕەویدا ئەسوڕایەوە ، و خەڵکیان وابەستە ئەکردپێیانەوە جگە لە خوا ، ئیدی هیچ کارێکی بچوك و گەورەی ژیانیان نەما پرس بە مردووەکان نەکەن تێیدا و ڕاوێژیان پێ نەکەن و لێیان نەپاڕێنەوە کە ئەوانە هیچ سود و زیانێکیان بۆ خۆیشیان نە بوو ، ئیدی چۆن بۆ جگە لە خۆیان ئەیانبێت ، زاناکانیش (بەداخێکی زۆرەوە) پێش جەماوەر دەکەوتن و سوننەتی خراپی بەگەورەکردنی گڵکۆ و پایەکان و خوو پێوە گرتنیان فێری خەڵك دەکرد و پێی هەڵدەستان سامێکی گەورەیان لە دەرونیاندا دەچاند . خەڵك لە (شیرك) و(گومڕایی) ڕۆچوون وچوونە ناو ژیانی بتپەرستی و دژایەتی کردنی یەکتاپەرستی خەڵکەکە بەوەشەوە نەوەستان پەنا بۆ مردووی قەبرسان و زیندووەکان بەرن ، بەڵکو دەستیان دایە " شیرك " بەهۆی دار بەردەوە و کار گەیشتە ئەوەی کە بیروباوەڕی جەماوەری نێو بەغداد لە تۆبخانەیەکی کۆنی نێو مەیدانی پاشماوەی چەکی سوڵتان موڕادی عوسمانی کە لە جەنگی دژ بە فارسەکاندا بەکاری هێنا بوو بۆ دەرکردنیان لە بەغداد . نەزریان بۆ دەکردن و خوازیاری کردنەوەی زمانی منداڵەکانیان لێدەکردو لای ئەوان ناسرا بوو بە (طوب ئەبی خوزاعە) کەوای لە زانا محمد شوکری ئالوسی کرد بە ڕیگرتن لەو خەیاڵاتە شەرمەزاری یە بە نوسینی نامەیەك کە سەرزەنشتی ئەو زانانەی پێدەکرد کە ناوی نا (القول الأنفع في الردع عن زيادة المدفع) [1] .

لەکۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا خەڵك خوویان بەوەوە گرت کە سوێند بە جگە لە خوا بخۆن لە دروستکراوەکان ، سوێندی بەدرۆی دەست ئەنقەستی بەناوی خوایان لائاسان بوو ، بەلاّم هەرگیز زاتیان نە بوو سوێند بەو دروستکراوانە بخۆن کە بەگەورەیان دادەنان مەگەر بەڕاستی نەبێت) .

_ بلاّوبوونەوەی بیدعە و خەیالاّت :

سوڵتانە یەکەمەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی لە بیدعە و خاوەن بیدعەکان ڕایانده کردو دژایەتی یان دەکرد ، جا ئەو سوڵتان محمدی فاتیحە کە لە وەسەتەکەیدا بۆ ئەوانەی دوای خۆی دەڵێت (دووربکەوە لە بیدعە و خەڵکی بیبدعە و لە وانە دووربکەرەوە کە هانت دەدەن

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/ ٣٧٦) .

لەســەری) . بــەلاّم لــەکۆتا چــاغەکانی دەوڵــەتی عوسمانیــدا زۆر بەرپــشەیی بیدعــەکان بڵاوبوونەوە و تێکەڵ بوو بە ژیانی ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی . ئەوان کەم پەرستش یـان کاریـان بوارێك لـە بوارەکـانی ژیـانی لێبـە دەربوو ئیدی لـە مردوو ناشتن و ماتـەمینی و ئاهەنگی هاوسەری و میوانداری و وەلیمە و بیدعەکانی لە دایك بوون بێت لـە لای سۆفی یـە لارێبوەکان . بەو جۆرە بیدعەکان لە هەموو شوێنێکدا دەبینران و خـەریك بـوو ژیـانی خـەڵکی دادەگرت و نەزانەکان کاریان پێدەکرد و زاناکان پشتگیری یان دەکردن سوننەت بوو بەبیدعە و بیدعـە بـوو بـە سـوننەت [1]. و چـەمکی ئـایین و زانـست لـە مەنهـەجێکی تـەواو و گـشتگیری هـەموو بوارەکـانی ژیانـەوە گـۆڕا بـۆ چـەند ڕێـوڕەسمێکی نـامۆ و تەسـکاو کـە خۆیـان پێـوە هەڵدەواسی و وایان دەزانی ڕێنمونی کراون . صەحیحی بوخاریش کە مەنهەجی پێغەمبـەری (ﷺ) ی لـە خۆگرتبـوو گـۆڕا بـۆ چەواشـەکاری یـەکی نەسـکاوی نـەگۆڕ کـە لـە ئەزمەکانـدا دەوتراو لە جەنگەکانیشدا دەخوێندرا بۆ داوای سەرکەوتن و تێکشکاندنی دوژمن [2].

لەومەوەیـەدا سـوننەت تـەواو نـامۆ بووبـوو پـاش ئـەوەی لافـاوی گـەورەی بیدعـەکان ڕایمـاڵی و خـەڵك دایـان خـۆ هەڵواسـین بـەو بیدعانـەی لـە ڕۆخـی ئاییـندان و بەڕاشـکاوانە کەمتەرخەمی یان تێدا نەدەکرد ، لە کاتێکدا لە زۆرێك لـە یاساکانی ئیسلام دا کەمتەرخـەمی یان دەکرد و لە پێناویدا قوربانی یان دەدا و لەسەری ڕێکەوتن و وایان دەزانی خزمـەتیان بـە ئایین کردوە و سودیان بە موسڵمانان گەیاندووە [3].

_ بڵاوبوونەوەی خەیالاّت : لە کۆتایی یـەکانی دەوڵـەتی عوسمانیدا خـەیالاّت و ئەفسانەکان بە شێوەیەکی بێوێنە لە نێو کۆمەڵی موسڵماناندا بڵاوبوونـەوە و وەك چـەند ڕاسـتی یـەکی بـە دیهێنراوی لێهات کە بەهیچ جۆرێ گفتوگۆی نەوێت . تەنها ئەوەیش نا ، بـەڵکوو لای زۆرێـك لەوانە چەند کارێکیان لاپیرۆز بوو ڕەوا نەبوو سوکایەتی یان پێبکرێت نەوەك گومان بکەوێتە نێـو ڕاسـتی یەکەیـەوە . لـەو خەیالاّتانـەی لەئاسـتانە داباو بـوو ئـەوەبوو مزگـەوتی خواجـە مـستەفا پاشـا بـەزنجیرێکی بەسـتراو بـەدرەختێکی کـۆنی چـنارەوە چـواردەور درا بـوو ، ئـەو زنجیرە خـەیالاّتێکی هەبوو کە نەزانـەکان دەیانگواسـتەوە بـەو شـێوەی کـە هـەر کـەس شـتێکی

---

[1]) مشكلات الجيل في ضوء الآسلام ص٣٧٣ .

[2]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/٣٨٠) .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/٤٢٨) .

ڕاستی ئینکاربکات و لە ژێر ئەو درەختە دا دابنیشێت ئەوا زنجیرەکە دەکەوێت بەسەریدا ، ئەگەر لە و ئینکاری یەیشیدا ڕاستگۆ بوو ئەوا زنجیرەکە ناجوڵێت [1]. بەڕاستی ئوممەت لە وماوەیەدا بەتەواوەتی کەوتبوونە پەرستشی گۆڕەکان و پشت بەستن بەجگەلە خواچەندین دیاردەی هاوەڵ دانان و زیادە ڕۆیی و بیدعە و خەیاڵات ڕویدا کە ژیانی ئوممەتی پڕکردبووە وە و کاتەکانی سەرقاڵ کردبوو و وزەکانی کوشتبوو و هەوڵەکانی لە ڕێگە ڕاستەکەی خۆیەوە گۆڕی بوو ، ئیدی ئوممەت نەیەتوانی لەو هەڵخلیسکانەی ڕاپەڕێتەوە و چارەسەری هۆکارەکانی کەوتنی بکات و لە بەردەم سوپاکانی دوژمندا شکستی خوارد و لە بەرگری پیلان و نەخشەکانیاندا دەستەوسان وەستا کە ئەنجامەکەی لەدەستدانی دەوڵەتی عوسمانی بوو .

چوارەم : سۆفیەتی لادەر :

گەورەترین لادانێك کە لە مێژووی ئوممەتی ئیسلامیدا ڕویدا بێت دەرکەوتنی سۆفیەتی دەرەوەك هێزێکی ڕێکخراوی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی کە چەند بیروباوەڕ و بیرۆکە و پەرستشێکی دوور لە قورئان و سوننەتی هەڵگرتبووە ، سۆفیەتی لادەر بە هێز بوو و لە کۆتایی یەکانی سەردەمی عوسمانیدا بە هۆی چەند هۆکارێکی جۆراوجۆرە وە سام و شکۆی زیادی کرد . لەوهۆکارانە :

١- ئەو بارودۆخە خراپەی کە ئوممەتی ئیسلامی تێدا دەژیا و ئەو بارە ناخۆشەی کە موسڵمانان لە و ماوەیەدا تێیدا دەژیان لە بڵاوبوونەوەی لادان و ستەم و سەرکەشی و هەژاری و نەخۆشی و نەزانی و هەمووهۆکارێك وای کرد خەڵك خۆیان بدەن بە لای سۆفیەتی لادەردا کە زیاتر هەڵنەدەسابە دوورەپەرێزی لێ کردن و وریایی یان بداتێ و وایان لێبکات لە بارێك ببالەوبارەدادا بژین کە ڕایان کردووە لەدەستی .

٢- پێکدادان و نەهێشتنی ئارامی مۆرکێك بوو لە مورکەکانی کۆتا سەردەمەکان بەوەی ڕۆحەکان بە هۆکارگەلێکی بێ بایەخەوە لە ناو دەچوون . بەڵکوو هەندێ جار بە بێ هۆکار و لە و کەش و هەوا تاریك و بارو دۆخە ئاڵۆزەدا سەرۆك تەسەوفەکان ژیانێکی هێدی یان زیندو دەکردەوە کە دوور بوو لە و چەرمەسەری و ئاژاوانەی خەڵکیان لە ناو دەبرد . خەڵکی

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/ ٤٣٢) .

هەژار زیاتر دڵخۆش و دڵئارام بوون لە لەجوتیارەکانی نێو کێڵگەکانیان و بارزرگانەکان لە شوێنی بازرگانی یەکانیان و پیشە گەران لە کارەکانیاندا بوون ، ئەوانە بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکانە وە لە ئارامشدا بوون دووربوون لە دیاترین ماوەکانی ستەمی کاولکەران لە هەموو ئەو خراپانەدا . چونکە سەربازان دەترسان لەخراپە زیان و دەسەڵاتی ڕۆحی یان و باوەڕیان هە بوو بە پەیوەندی یان بە خواوە ، بۆیە ملکە چیان دەبوون و داوای ڕەزامەندی یان لێدەکردن ، هەندێ کەیش ڕازی بوون بچنە سەر ڕێگەکە ئەمەیش پاڵنەری کەدواتر لە سایەی تایبەتمەندی یەکانیدا دڵنیایی و سەقامگیری بارو دۆخ دەیگرێتەوە)[1].

٣- زیادەڕۆیی لە ژیانی سەرۆك دەستەکاندا (هەژاران لەسەرو فشاری ژیانی ئەو ڕۆژەوە ، هەوڵی خۆیان دەدا بۆ کارێك کە بەهۆیەوە ژیانیان دابین بکەن ، بەڵکوو لە کونجەکاندا دەژیان و نان و پۆشاکیان لەسەر بەخششی ئەوچاکە کارو ساماندارانە بوو کە بانگەشەی یەکلای بونەوە بۆ زیکر و خۆ دابڕان بۆ شەونخونی و یەکلا بونەوە بۆ خوا یان دەکرد . لە خەندانترین دیمەنەکانی ئەو سەردەمە ئەوەیە کە ئەو دنیا نەویستانەی بانگەشەیان دەکرد بۆ دەست کورتی و ڕازی بوون بە کەمێك لە کاروباری ژیاندا زیاتر لە جوتیارو بازرگان و خاوەن پیشەکان بەرزترین و دەوڵەمەندترین ژیانیان لە جوتیارو بازرگان و خاوەن پیشەکان هە بوو[2] .

٤- خۆشەویستی عوسمانی یە تورکەکان بۆ دەروێش و تەسەوف (تورکەکان تەسەوفیان خۆش دەویست و خوازیاری پیرۆزکردنی داروەستەی ئیمان بوون بە بوونی دۆستایەتی ڕاست و دروستیان)[3] .

(سۆفیەت لە کۆمەڵگەی عەبباسیدا بڵاودەبوویەوە ، بەڵام پایەیەکی کەنار گیر لە کۆمەڵگە بوو ، بەڵام لەژێر سێبەری دەوڵەتی عوسمانی و لە خودی تورکیادا ، گۆڕا بۆ ئەو کۆمەڵگە و ئایینە و بە شێوەیەکی تایبەت لە دوو سەدەی کۆتاییدا ئەو قسەڵۆکە سەرسوڕهێنەرە بڵاو

---

[1]) التصوف في مصر ابان العصر العثماني ص ١٥٣، ١٥٤ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوول١٥٤ .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوول١٥٤ .

بویەوە کە (هەرکەس شێخی نەبێت ، ئەوا شەیتان شێخ یەتی ! بە شێوەیەکی گشتیش لە ئاست هەمووواندا خەڵکی بەوجۆرە چوونە ناو ئایین و بواری پەیڕەوکردنی ئایینیان گۆڕا) [1].

زۆرێك لە سوڵتانە عوسمانی یەکان هەڵدەستان بە چاودێری سۆفیەتی و سۆز و مهریی خۆیان بەسەردا دەڕشتن . تا ئەوەی سوڵتان عبدالحمید لە بارودۆخێکی تەنگەژەدا هاتە سەر دەسەلاّت کاتێ پیلانەکان ئوممەتیان داگیرکرد بوو و کارەسات و چەرمەسەری یەکان لە هەموو لاوە گەمارۆیان دابوو . بانگەوازە نەتەوەیی یەکانیش لە هەموو ولاّتەکانەوە بانگەوازی خۆیان بلاّودەکردەوە ، ئەویش بانگەوازی کرد بۆ جامیعەی ئیسلامی و پەیوەندی ئایینی ، سۆفیە تیش بە هەموو دەستە وڕێگەکانی یەوە قورسایی یەکی پێکدەهێنا لە بانگەواز کردن بۆجامیعەی اسلامی .

ئەو سەردەمە ، سەردەمی سۆفی یەتێك بوو کە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا چەسپا هەر لەخوارەوە تا سەرەوەی ، هیچ شارو گوندێك نەمابوو سۆفیەتی‌نەچووبێتە ناوەوە ، مەگەر ئەوەی بە فریا خوازی و هاوشێوەیەکی‌ئەوی هەبوایە [2].

لە و ماوەیەدا سۆفیەتی لادەر زاڵ بوو بەسەر جیهانی ئیسلامیدا و جەماوەرێکی موسڵمان کەوتنە دیلی یەوە و لە و دووسەدەیەدا دەسەلاّتی سۆفی گەران زیاد بوو و گەیشتە پلەیەکی بەرز ، ئەگەر لە هێزو دەسڕەویدا نەبوایە ئەوا لە هەموو پانی و درێژی ولاّتدا زاڵ بووونی خۆی بەسەر جەماوەردا بسە پاندایە بەس بوو . جا ئیدی چۆن بێت ئەگەر دەوڵەت دەستی پێوە بگرێت و فەرمانڕەواکان سەری بخەن [3].

دیدی تەسەوفگەری لادەر ڕێزی بێکاری دەگرت و سواڵکردنی ڕەوا دەکرد و تەنگەبەری دەسازاند و هەوڵی لایەنی زەلیلی دەدا ، پێیان وابوو دەبێ هۆکارە تەواو لادەرەکان بگیرێتەبەر (جا ئەو بازرگانەی کاتی خۆی لە بازرگانی دا بەخەرج دەدا و جوتیاران کە هەوڵی خۆیان لە کوشتوکاڵەکانیاندا بەخەرج دەدا و پیشە گەران کە چالاکی یان لە پیشەگەری یەکاندا بە خەرج دەدا ، بێهیوا دەبوون هەر کەسیشیان بۆ ڕۆزی بەدەسخستن یان خواستێکی ماڵ سەرف یان بکردایە ئەوا شکستی دەهێنا ، چونکە ڕۆزی لەداخوازی

---

[1]) واقعنا المعاصر ص١٥٥ .

[2]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/ ٤٤٧) .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١/ ٤٤٨) .

خاوەنەکەیدا بازنەیی یە کەسی ڕۆژی دراویش لە خواستی ڕۆژی یەکەیدا بە جۆشە ، بەوەستانی یەکێکیان ئەوی تریان دەجولێت ....) .

لای زۆرێك لە سۆفی یەکان بیروباوەڕی قەزا وقەدەر تێکچووبوو و بووبووبە بیروباوەڕیکی لە خشتە بەری سیلبی ، یەك لە ڕۆژهەلاتناسە ئەلمانی یەکان کە باری موسلمانان لە کۆتا سەردەمەکاندا دەگێڕێتەوە دەلێت (سروشتی موسلمان خۆ بەدەستەوەدانە بۆ خواستی خواو ڕازی بوون بە قەزاو قەدەری و بە هەرچی شتێکی کە هەیەتی ملی بۆ خوای تاکی بەدەسەلات کەچ بکات . لە و گوێڕایەلی یەدا دوو شوێنەواری جیاواز هە بوو : لەسەردەمی یەکەمی ئیسلامیدا لە جەنگەکاندا ڕۆلێکی گەورەی بینی بەوەی سەرکەوتنێکی بەردەوامی بە دیدە هێنا . چونکە پالی دەنا ڕۆحی فیداکاری لە سەربازدا ، لە کۆتا سەردەمەکانیشدا هۆکارێك بوو بۆ ئەو بەستویی و ناکارایی یەی کە خۆی دا بەسەر جیهانی ئیسلامیدا و بەرەو کەوتن و نەمانی بردو دووری خستەوە لە تەیارەکانی ڕووداوە جیهانی یەکان)[1].

ئەو پیاوە کە بێباوەڕیشە هەستی بەو ڕاستی یە کردووە : ڕاستی جیاوازی نێوان باوەڕ بەقەزا و قەدەر بە و شێوەی کە پێشینە لێی تێگەیشتوون و نێوان باوەڕێك کە دوایی یەکان بەکاریگەری یان بە سۆفی گەران دایان هێنا بوو . جا تاوان تاوانی بیروباوەڕە کە نە بوو ، بەلکوو تاوانی باوەڕدارانی بوو . شاعیری ئیسلامیش محمد اقبال بە شعرێك ئەوەی داڕشتووە :

من القرآن قد تركوا المساعي	و بالقرآن قد ملكوا الثريـا
إلى التقدير ردوا كل سعـي	وكان زماعهـم قدرا خفـيا
تبدلت الضمائر في إســار	فما كرهوه صارلهم رضيـا[2]

ناپلیۆن پۆناپەرتیش ئەو بیرۆکە لادەرەی قەزاو قەدەری قۆستەوە کاتێك سوپا خاچپەرستی یەکان خاکی میسریان داگیرکرد ، ئەو بلاکراوەی بلاودەکردەوە و بیری موسلمانانی خستەوە کە کە ئەو داگیرکاری و دیلی یەی ڕویداوە بۆیان بە قەدەری خوا بووە

---

[1]) الاسلام قوة الغد العلمية ص٧٨ .

[2]) العلمانية _ د. سفر الحوالي ص٥١٩ .

، بۆیە ئەوەی هەوڵ بدات لە ڕووی ئەوەدا ڕابوەستێت کە ڕوویداوە وەك ئەوە وایە ڕەخنە لە قەزا و قەدەر بگرێت و لە ڕوویدا ڕابوەستێت [1] .

لە ڕاستی دا چەمکەکانی سۆفیگەری لادەر لە نیوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا جێپێی دادەکوتا و جیهانی خاچپەرستیش لە بوارەکانی زانست و مەیدانەکانی مەعریفی دا بەرەو گرتنە بەری هۆکارەکانی هێزو پێشکەوتن و چارەسەر دەڕۆیشت و پیلان و دەسکیسە دادەنا بۆ لە ناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی و دواتر زاڵ بوون و خۆسەپاندن بەسەر جیهانی ئیسلامیدا .

سۆفیگەرە لاڕێبووەکان کەوتنە گوێگرتن لە گاڵتەجاری مۆسیقا و فێری مۆسیقا دەبون و کۆڕەکانیان پڕبوو لە تەپڵ و نەی و دروشم و فێرکاران . زۆربەی ڕێگە لادەربوەکانیشیان بازنەکانی زیکریان خاڵی نە بوون لە دەف . تا ئەوەی ئەبو لهودای صەییادی کە لە کەسانی تایبەتی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم و لە پشتیوانانی جامیعەی ئیسلامی یە دەڵێت :

لای زۆرینەی سۆفی گەرەکان (سەماع) پێگەیەکی گەورەی هەبوو ، ئەبولهودای صەییادی دەڵێت (هەرکەسێك (سەماع) نەیجوڵێنێت ئەوا کەموکورتەو لایداوە لەسۆزی نێوەندبوون ، دوورە لە ڕۆشنایی ڕۆحانی یەت و ڕۆچووەنە لێو مۆرکی توند تیژ وتوڕەیی ، بەڵکوو لە بێ گیان و باڵندە گیانداران زیاتر دڵڕەقترو بێ هەست ، چونکە هەموویان بە ئاوازە کێشی یەکان کاریگەر دەبن ، .... بەگشتی سەماع لە دڵدا بارێك بەرهەم دەهێنێت کە بە (وەجد) ناودەبرێت ، وەجدیش بزوانی لایەکان بەرهەم دێنێت ، یان بە جوڵەیەکی بێ کێش کە بە پێکداداان ناو دەبرێت یان بە جوڵەیەکی کێشدار کە بە چەپڵە و سەما ناودەبرێت .

خۆزگە ئەو سۆفی گەرانە تەنها خوویان بە ئامێری ژەندن و گۆرانی یەوە بگرتایە ، بەڵام ئەوان ئەوەیان کردە هۆی نزیکبوونەوەی خوا و بە گوێڕایەڵی یەکی خوایان دادەنا کە دڵەکان پێی نەرم و ڕۆحەکان پێی پاراو دەبن . چەند ئەوە جوانە کە زانای (حافظ) ئیبن قەییمی جەوزی لە بارەی ئەو سۆفیگەرانەوە دەڵێت (ئەگەر لە کاتی مۆسیقا ژەنین دا دەنگیان بێدەنگ دەبێت و جوڵەیان هێور دەبێتەوە و دڵیان بە تەواوی حووی پێوەگردەیٚ و بەیەکجاری دەدەن بە لایدا و وەك شەیدایی سەرخۆشان لێ دێ لە جوڵە و سەمادەبڕێن ، ئایا دیوتە ژنانی و نامەردان و سەرخۆشان بشکێن ؟ ئەوەیشیان شیاوە . شەرابی دەروونەکان

---

[1]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/٤٦٧) .

تێکەڵ بوون و گەورەترین شت تیایدا ڕووی دەدا کە دەیکات بۆ کەسێ جگەلە خوا ، بەڵکوو بۆ شەیتان ، دلآنێك کە لێرەدا تێکدەشڵەژێن و جلانێك لە جگە لە گوێڕایەڵی خوادا دەبەخشن تا ئەوەی سەرخۆشیی کاری خۆی دەکات و شەیتان ئارامیش و هیوای خۆی تێدا دەدۆزێتەوە و بە دەنگ و فێڵی خۆی هەڵیان دەخەڵەتێنێ و بەپێ و سواری خۆی ڕای کێشان و لە دڵیاندا پێی داکوتا وبەتوندی دەیاندات بەزەویدا ، هەمان کات بەدەوری بازنەیەکدا دەیانکاتە وەك وشتر و جارانێکیش وەك مێش لە نێوەندی ماڵدا سەما دەکەن . دەی ڕەحمەت لە سەقف و زەوی کە پێیان بشکێنن . شەرمەزاریش بۆ هاوشێوەکانی وشتر و ئاژەڵ . جنێویش شیاوی دوژمنانی ئیسلامە ، ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان تایبەتمەندانی ئیسلامن و ژیانیان لە چێژو ڕابواردندا بەسەر دەبەن و ئایینە کەیان کردوەتە ئارەزووبازی و گاڵتەجاری ، دەنگی دەهۆڵی شەیتان لە لایەن خۆشترە لە گوێگرتن لە سورەتەکانی قورئان ، ئەگەر یەکێکیان لەسەرەتای قورئانەوە تاکۆتایی یەکەی ببیستێت هیچ ناجوڵێت و بێزاری دانیشتن نی یە و هیچ کارێکی تێناکات و هەستی شەیدابوونی خوای بۆ پەیدا نابێ ، تاکوو ئەگەر قورئانی شەیتانی بەسەردا بخوێنرێت و گوێی لە خورپەی دەنگەکەی بێت . پلمەکانی شەیدایی نێو دڵی لەسەر هەردوو چاوی دەتەقنەوە و لەسەر پێکانی سەما دەکات و لەسەر دەستەکانی چەپڵە دەکوتێت و لەسەر هەموو بەشەکانی لەشی دەلەرێتەوە و دەبزوێت و لەسەر هەناسەکانی هەناسە تەنگ دەبێت و ئاگری شەیدایی لێ دادەگرسێت شاعیریش جوان دەڵێت [1] .

بەمجۆرە ژیانی سۆفیگەرە لاڕێبووەکان بووە گاڵتەو گەپ و ڕیسوایی وکات و تەمەنیان لە کۆڕەکانی زیکر و بیستن و گاڵتەجاریدا بە فیڕۆ دەداو ژیانیان وای لێهات لەسەرەتایەوە تاکوو کۆتایی یەکەیدەسوڕایەوە بە دەوری زیکردا ئەویش لە شێوە لاربووەکەیدا و پەرستشی نێو هەوڵی سەختی یەکانی دنیا و داوای ڕۆزی و جیهاد و زانست و بلاّوکردنەوەی زانست و فرمانی بە چاکە و نەهی لە خراپە نەمان ، ئەوانە هەموویان کارگەلێك بوون کە لە زیکر سەرقاڵیان دەکردیت و ڕێی لێدەگرتی . پاشان لەسەر موسڵمانان پێویست بوو سەرقاڵ نەبن بەوانەوە و ژیانیان بە زیکر بەرنە سەر کە گوێگرتن لە گۆرانی و سەما کردنە .

---

[1]) الآنحرافات العقدية والعلمية (٥٠٦/١) .

پیرۆزکردنی کەسە مردوو و زیندووەکانی سۆفیگەرەکان چووە نێو جیهانی سۆفیگەری لاڕێبووە وە و نازناوی سەرو توانست و کەرامەتیان دایە پاڵیان و لە ئەفسانەو ژیانی خەڵکدا دەژیان و خەڵکی توشی وەهەن و بێتوانای و داکەوتن بوون و پێناسی لاساری و کەوتن بڵاوبویەوە ، ئەوروپای خاچپەرستیش بەردەوام لە بەرزبونەوەی باشترین شارستانی یەتی ماددی دا بوو و سوپاکانی ئامادەبوون تا بکێشن بەرەو جیهانی ئیسلامی کە ئەوکات ڕۆچووبوویە نێو دنیای خەیاڵ و ئەفسانەکانی پشت بەستوو بەسەروتوانست و کەرامەتەوە.

لەو کاتەدا کە ئوممەت بەتوندی بەدەست لاوازی و کەوتنەوە دەیناڵاند و پیلانەکانی دوژمنان گەمارۆی دابوون و دەسکیسەکان چاویان تێبڕیبوو ، زۆرێك لە زاناکان بە خواستی شێخەکانی نێو سۆفیگەری لادەر ڕازی بوون ، ئەوانەی گیانی زەلیلی و سەرشۆڕی نێو ئوممەت و خۆبەدەستەوە دانیان بڵاوکردەوە لەگەڵ چەندین نەخۆشی تری لادەردا . زۆرێك لە ڕیگە لادەربووە سۆفی یەکان جیهادی بەگژدا چوونی دوژمنانیان واز لێهێنابوو و لە نەریتی خەڵکدا ئەولیاکان بوون بە ڕاکێشەرو سەرپەرشت کەرو شێتوکە کەر . گومانیش نی یە لە نێوانیاندا چەندین دەجال و فێڵباز هەبوون کە ئەو ڕاکێشەری یە دەرونی یەی خەڵکیان لە پایەیەکی پیرۆزەوە بەهەند وەرگرت و دەستیان خستە ڕیزەکانیانەوە تاکوو دەست بخەنە پەیوەندی ئەولیاکانەوە ئەوانەی کە لۆمەو سەرزەنشتیان لەسەر نی یە ، هەرچەندە توشی گوناهە گەورەکانیش بووبن و داوێن پیسی و خراپەیان بە ئاشکرا کردبێت . زۆرێك لەوانەیش لەگەڵ جنۆکەدا هەڵسوکەوتیان هە بوو . ئیدی ئاسایی بوو تیرەکانی دوژمن کاری خۆیان بکەن و نەخشەکانیان سەربگرێت و سوپاکانیان خاکمان داگیر بکەن و نیشتمانمان بکەوێتە بەردەستیان . سۆفی یەکان دەریایەکی پڕلە بیروباوەڕە لادەربوو و گومڕایی یانەکانیان گرتە بەر ، پێدەچیٚ کۆتا بیروباوەڕێك کە زۆرێك لە سۆفیگەرە لاڕێبووەکان باوەڕیان پێهێنابیٚ . بیروباوەڕی یەکبونی بوون و حلول بووبیٚ ، سۆفیگەرە لادەرەبووەکان ئەو بیروباوەڕانەیان گرتە خۆ و کەوتنە بڵاکردنەوەی و لە پێناویدا چەندین نوسراویان نوسی و بەڕاستی یەکیان دادەنا کە نهێنی یەکەیان بۆدەرکەوتووە و لە خەڵکی تر شاراوەتەوە .

خوێندنی دوو کتێبی (فصوص الحکم) و (الفتوحات المکیة) ی ئیبن عەرەبی و ئەو کتێبانەی تری سۆفیگەرەکان کە بیروباوەڕی (وحدة الوجود والحلول) ی دەگرتەوە ، دروشمی گەورەی زاناکانی نێو سۆفیگەرایی و ئەوانی تر بوو ، ئەوەیش ئەو پێگە زانستی

یەیەکە کەس پێی ناگات جگە لە تایبەتمەندانی خۆیان ئەو ئاستە زانستی یەیشە کە جگە لە زاناکان کەس پێی ناگات [1].

ئەو بیروباوەڕە لادەربوانە هەڕمێنێکی (رواج) فراوانی نێو سۆفیگەرە لادەربووەکانی گرتەوە لەو ماوە ناکاوەدا کە ئوممەتی ئیسلامی پێیدا تێدەپەڕی . زۆرێکیان بڕوایان بە بیروباوەڕی یەکبونی بوون هەبوو کە لە سایەیدا ژیان خراپ و گەندەڵ نەدەبوو و هەموو جیهانی دەگرتەوە و هەموو ئایینەکانی تری پووچەڵ دەرکردەوە ، ئیدی هیچ ئایین و جیهاد و دژایەتی یەکی نێوان موسڵمان و بێباوەڕی جودا نەدەکردەوە و ، هەموان یەك بوون و بوونیش یەکە ، ئەگەر چی دیاردەکانیش فرە جۆرن . داوای سەلامەتی نێو ئایین لە خوا دەکەین . ئەوان کەوتبوونە شاردنەوەیەکی زۆری دروشمەکان ئەرکەکانیان لادەبردن یان نەیان دەهێشت سوکایەتی یان دەرکرد بە فرمان و نەهی یەکانی ئایین لە ژێرناونیشانی ویلایەت و حیزب و ڕاکێشان و. بەڕاستیش واقیعی سۆفیگەری بەڵگەیەکی بەهێز بوو کە بزوتنەوەکانی بە ڕۆژئاوایی کردن کردیانە بەڵگەی دەستیان . ئەوانەی دەوڵەتی عوسمانی یان داڕماند .

پێنجەم : چالاکی دەستە لادەربووەکان :

وەك قادیانی و بە هائی و دەستە و تاقمەکانی ترکە لەسەر ئیسلام حسابدەکران . بەڕاستی ئەو دەسەڵات و تاقمانە کاروباریان گرنگ بوو بەتایبەت لەگەڵ هاتنی ئەو ئیستعمارە خاچپەرستی یەی کە ئوممەتی ئیسلامی گەمارۆ دا بوو ، ئەوان هەمیشە لەسەر نەریتی خۆیان بوو بوونە یارمەتی دەری دوژمنانی ئیسلام و سەربازێکی دڵسۆزی ژێر سەرکردایەتی یان .

لەڕابوردودا گەورەترین یاریدەدەری تەتار و خاچپەرستەکان بوون دژ بە موسڵمانان . ئەوەتا هەمووی لەسەر هەمان مەنهەجی ناپاکی و پیلان گێڕانی خۆیانن لەسەر حیسابی دوژمنانی ئوممەت . لەم کتێبەیشدا ڕۆڵی سەفەوی یەتی(اثنا عشري) دەبینین لە دژایەتی کردنی دەوڵەتی عوسمانی دا بە تێپەڕبوونی سەردەمەکان ، کاتێکیش فەڕەنسی یەکان سوریایان داگیرکرد و بزوتنەوە جیهادی یەکان لە دژی هەستان ، ئەندامانی هەندێ لە

---

[1]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/٥٥٦) .

دەستەو تاقمە گومڕاکان دەست بە دەست لەگەڵ فەڕەنسی یەکاندا دەجەنگان وەك ئەوەی لەگەڵ موجاهید (ابراهیم هنانو) و موجاهیدە هاودەمەکانیدا کردیان [1].

ئەمیر بەشیری شەهابی کۆچکردووی ساڵی ١٢٦٦ ك لە کاتی داگیرکردنی شام دا بەسەربازەکانی یەوە لەپاڵ سوپای محمد عەلیدا وەستا کە بوویە هۆی ئاسانکردنی شکستپێهێنانی سوپای عوسمانی بۆ محمد عەلی لە حمیص دا بە درێژایی شاخەکانی تۆرۆس و سوپاکانی لە نێوەندی وولاتی تورکدا داکەوتن . لەکاتی داگیرکاری فەڕەنسی یەکان بۆ عەککا چەند هاتوچۆیەکی پەیوەندی هەبوون لە نێوان ناپلیۆن و دەستەی شەهابیدا [2].

بە هائی یەکان لە ساڵی ١٢٦٠ ك / ١٨٤٤ز لە ژێرچاودێری ئیستعماری ڕوسی و جولەکەی جیهانی و ئیستعماری ئینگلیزیدا بە ئامانجی گەندەڵ کردنی بیروباوەڕی ئیسلامی و تێکدانی یەکریزی موسڵمانان و گێڕانەوە یان لە باس و خواسە سەرەکی یەکان گەشەیان سەند ، بەهاء بانگەشەی مەهدی بوون و دواتر پێغەمبەرایەتی و دواتر خوایەتی و پەروەردگاریەتی دەکرد [3].

لە ڕاستی دا ئەوەی جێی داخە بریتی یە لە گوێ نەدانی دەوڵەتی عوسمانی بە لەناو بردنی ئەو ڕەگەزە پیسەداو جێبەجێکردنی حوکم و شەرعی خوا بەسەر هاوشێوەی ئەوانەدا . قاد یانی ڕەگەزێکن کە دەدرێنەوە پاڵ (غولام ئەحمەدی قادیانی) دەدرێتەوە پاڵ گوندی قادیان لە هەرێمی بنجاب لە هیند (کۆچکردووی ساڵی ١٣٢٦ك) کە بریتی یە لە (بزوتنەوەیەك کە بە پلانێکی ئیستعماری ئینگلیزی لە کیشوەری هیندیدا گەشەی سەند بەمەبەستی دوور خستنەوەی موسڵمانان لە ئایینەکەیان و لە جیهاد بە شێوەیەکی تایبەتی گەشەی سەند تاکوو بەناوی ئیسلامەوە بەرەو ڕووی ئیستعمار گەر نەبنەوە) [4].

قادیانی بانگەوازی پێغەمبەرایەتی و دواتر خوایەتی دەکرد ، لە دیارترین ڕوانگەکانی (غولام ئەحمەدی قادیانی) (ئارەزوومەندی بووە بۆ ئینگلیز و خزمەتکردنی ئامانجەکانیان

---

[1]) الآعلام (٤٢/١) .

[2]) الأنحرافات العقدية والعلمية (٥٧٧/١) .

[3]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (٥٨٩/١) .

[4]) الموسوعة الميسرة للآديان ص٣٨٩ .

لـه وولاتـی هینـد و پوچـەڵ کردنـەوەی بیروباوەڕی جیهـادی بۆیـان و سـوپاس کردنیـان و سوربونی شوێنکەوتوانی لەسەر خستنی ئینگلیز لە هەموو شوێنێکدا ....) [1].

قادیـانی دەڵێـت (لای مـن دروسـت نـی یـە ژێـر دەسـتەکانی هینـد ڕێـی موسـڵمانە سەرکەشەکان بگرن و شمشێرەکانیان لە ڕووی ئەو دەوڵەتە چاکەدا هەڵگرن ، یان لەم کارەدا کەسێك دەست نیشان بکەن . و لەسەر شتێك بەقسە یان کردار یان ئامـاژە یـان مـاڵ وسـامان یان بیرکردنەوە گەندەڵی یـەکان یـەکێك لـە لادەران دەسـت نیشان بکرێـت ، بەڵکوو ئەوانـە بـە یەکجارەکی حەرامن . هەرکەسیش ئەوەی بوێت ئەوا لـە خـوا و پێغەمبەرەکەی یـاخی بـووە و بە ڕوونی گومڕا بووە) [2].

بەڕاسـتی ئـەو دەسـتە و تاقمانـە سەرچـاوەیەکی شـێواندن و نانـەوەی ڕاڕایـی و ئـاژاوە و ڕوودانـی گیرەشـێوێنی بـوون لـەنێو خـۆی دەوڵـەتی عوسمـانی وتەنانـەت لـە کۆبونـەوەکانی موسـڵمانان لـە هینـد و شـوێنەکانی تریـشدا . ئـەو دەسـتە و تاقمانـەیش بێزارنـە دەبـوون لـە پـیلان گێـڕی بـەردەوامیان لەگـەڵ دوژمنـانی ئیـسلام و ناپـاکی کـردن لـە موسـڵمانان لـە ناکـاوترین کاتـەکان و ناسـکترین بارودۆخەکانـدا ، ئوممـەت دوچـاری خراپـە و زیـانی ئـەو دەسـتەو تاقمانـە بووبـوو کاتێـك بیروبـاوەڕی ئـەهلی سـوننە لـە کیـانی دەوڵـەتی سـوفنە و دەروونی ژێردەستەکانی ئەهلی سوننەدا لاواز بوو بوو .

شەشەم : ئامادە نەبوونی سەرکردایەتی لە خواترس :

سـەرکردایەتی لـە خـواترس هۆکارێکـە بـۆ ڕاپـەڕین و دەسـتەڵاتداری ئوممـەتـە ، چونکە سەرکردەکانی ئوممـەت کرۆکـی ژیـان و وەك سـەری جەسـتی ئوممـەتن ، جـا ئەگـەر سـەرکردە چاك بوو ئوممـەتیش چاکە ئەگـەریش سـەرکردە خـراپ بوو ، ئـەو خراپەیـە لـە ئوممەتیشدا ڕوودەدات ، بەڕاسـتی دوژمنـانی ئیـسلام هەسـتیان بـە گرنگـی سـەرکردایەتی لـە خـواترس دەکرد لـە نێـو ئوممەتـدا ، بۆیـە بەتـەواوەتی سـور بـوون لەسـەر ئـەوەی سـەرکردایەتی یـە لـە خواترسەکان کاروبارە گرنگەکان و حوکمە دیارەکانی نێو ئوممەتی ئیسلامی نەگرنـە دەسـت . وەك لە پلانەکەی لویسی نۆیەمدا وەسیەتی بەوە کردووە کە (دەستەڵاتدار نەبوونی وولاتـە

---

[1]) عقيدة ختم النبوة ص٢٠٩ .

[2]) عقيدة ختم النبوة بالنبوة المحدية ص٢٥٥ .

ئیسلامی و عەرەبی یەکان تا فەرمانڕەوایەکی باش حوکمیان نەکات) . هەروەك وەسیەتی کردووە بە (کارکردن بۆ گەندەڵ کردنی ڕێکخستنەکانی فەرمانڕەوایی لە وولاتە ئیسلامی یەکاندا لە ڕێگەی ڕەشوە و گەندەڵی و ئافرەتەوە تاکوو جەماوەر دابڕێت لەسەرەوە)[1] . سەرکردەی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی (مونتجومری وات) لە (ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی دا) بە ئاشکرا دەڵێت : (ئەگەر سەرکردەیەکی لەبار هەبێت کە بەقسەی لەبار لە مەڕ ئیسلامەوە قسە بکات ، ئەوا پێدەچوو ئەو ئایینە جارێکی تر وەك یەکێك لە هێزە گەورە سیاسی یەکانی نێو جیهان دەردەکەوێتەوە)[2] .

ڕۆژهەڵاتناسی صەهیۆنی (برنات لویس) لە ژێر ناونیشانی (گەڕانەوەی ئیسلام) لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٧٦ زدا بڵاوی کردەوە ، دەڵێت : (ئامادەنەبوونی سەرکردایەتی ڕۆشتنبیریسەرکردایەتی یەك کە بکەوێتە خزمەتکردنی ئیسلام بەو جۆرەی کە زانستی ئەمڕۆ داوای دەکات ، ئامادە نەبوونی ئەو سەرکردایەتی یەی بزوتنەوەی ئیسلامی هێزێکی سەرکەوتوو کۆت دەکات و ڕێگری نە بوونی ئەو سەرکردایەتی یانەی بزوتنەوە ئیسلامی یەکان دەکات تا نەبێتە ڕکەبەرێکی مەترسیداری سەر دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامی ، بەڵام ئەو بزوتنەوانە دەکرێت بگۆڕدرێن بۆ هێزی لەباری سیاسی ئەگەر بێت و ئەو جۆری سەرکردایەتی یەیان بۆ ئامادە بکرێت)[3] .

لێکۆڵەری مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەبینێت کە لەسەردەمە یەکەمەکانیدا و بەتایبەت لە کاتی فەتحی قوستەتینیەدا سەرکردایەتی لە خوا ترس هەبوون . جا لە بواری جیهادی و شارستانی دا سەرکردە لە خواترسەکان دەبینین و ڕەچاوی سیفەتە هاوبەشەکانی نێوانیان دەکەین ، وەك سەلامەتی بیروباوەڕ و زانستی شەرعی و متمانە بوون بە خوا و پێشەنگی و ڕاسیت گۆیی و لێهاتوویی و دلێری و پیاوەتی و دونیا نەپەرستی و خۆشەویستی بۆ قوربانی دان و چاك هەڵبژاردنی یاریدەدەرەکان و نەوازش و قوربانی دان قبوڵ کردن و لەسەرخۆیی و خۆڕاگری و ورەبەرزی و تایبەتمەندی ڕۆح سوکی و ڕوخۆشی و دلێری و

---

[1]) قادة الغرب يقولون ص٦٣ .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥ .

[3]) التمكين للأمة الأسلامية ص١٨٥ .

خواستی بەهێزو دادپەروەری و ڕێزی هاوبەرانبەرو توانای چارەسەری کێشەکان و وانە ووتنەوە و ئامادە سازی سەرکردایەتی و سیفەتی تریش .

بەڕاستی محمدی فاتیح لەسەردەمی خۆیدا وەك سەرکردەیەکی یەکی لە خواترس سەرکردایەتی ئوممەتی دەکردو ئیمان لە دڵ و دەماریداهاتوو چۆی دەکرد و بەرهەمەکانی لە جەستەیدا ڕەنگیان دابوویەوە و لە هەستان و دانیشتنیدا سیفەتەکانی لە خواترسان هەڵدەقوڵان و گەل و دەوڵەتەکەیشی بەرەو چەند ئامانجێکی دیاری کراوی پلان بۆ دانراوی نە گۆڕ دەبرد ، سەرکردە لە خواترسەکان خودی دڵی سەرکردایەتی و عەقڵی بیریاری دەوڵەتن ، بۆیە ئوممەت و دەوڵەتی عوسمانیش لەسەرچاوڕوونی و ڕێنمونی و زانست دەڕۆیشتن [1].

بەڵام لە کۆتا سەردەمەکاندا لێکۆڵەر لادانێکی پڕ مەترسی نێو سەرکردایەتی عوسمانی دەبینێت لە ئاستی سەربازی و زانستی دا . بۆ نمونە مەدحەت پاشای ماسۆنی گەیشتە پایەی صەدری گەورە و زانا و فیقە ناسەکان محمد عەلی پاشایان کردەوالی میسر پیاو سەری سوڕ دەمێنێت زانایان چۆن پیاوێکی وەك (محمد عەلی پاشا) یان هەڵبژارد تاکوو کاروباریان بگرێتە دەست ئەو زانایانە چۆن سوربون لەسەر ئەوەی ئەو کەسە فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست ،هەرکامیان لەوان زۆر باشتر بوو لە کەسێکی سەربازی نەزانی سەرکەش کە ببێتە والی ، وا دەردەکەوێت زانایان متمانەی نێو زانستەکەیان لە دەست دابێت و سامی دابەزینە نێو مەیدان و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی یە گەورەکانیان نەمابێت ، چونکە ئەوانە پایەیان بۆ بازنە زانستی یەکان دادەڕشت و کتێبیان دادەنا و نەیان دەتوانی جگە لەوکارە هەستن بە ئەرك و بەرپسیارێتی یەکانی تر .

لەو بارو دۆخە دڵتەزێنەی کە لە نێوان زاناکاندا ڕووی دەدا ، ڕوودانی کێبەرکێ و کینەی نێوانیان و پشت بەستنی هەندێکیانبوو بە فەرمانڕەواکان و داوای دژایەتی دەسەڵات بوو بۆ سەر ئەوانی تر ، هەرکات ئەوە ڕویدا ئەوا هەل بۆ سەرکەشەکان هەڵدەکەوێت تاگورزە پڕ ئازارەکانیان بوەشێنن بۆ تێکشکاندنی ڕیزی زانایان . وەك ئەو ناکۆکی یەی لە نێوان (شێخ عبدالله شەرقاوی) شێخی ئەزهەرو هەندێ لە شێخەکانی تردا ڕوویدا کە بەدوای ئەو ناکۆکی یەدا دەرچوونی فەرمانەکەی محمد عەلی پاشای لێکەوتەوە لەڕووی شێخی شەرقاوی دا کە فەرمانی پێکرد بچێتەوە ماڵی خۆی تەنانەت بۆ نوێژی هەینیش نەچێتە دەر . هۆکاری

---

[1]) فقة النصرو والتمكين في القرآن الكريم ص٣٢٨ .

ئەمەیش وەك جبرتی دەڵێت : (چەند بوارو کینەو کێبەرکێ یەکی نێوان ئەو و براکانی بوو ، بۆیە پاشا لێیان هەڵتۆقی و ئەوەی پێکرد کە باس کرا . کارەکە وای لێهات و ئەویش هیچ سەرخەرێکی بەدی نەدەکرد بۆیە و بوارەکەی پشت گوێ خست) [1].

شێخ مستەفا سەبری باری ئەو زانایانەمان بۆ وەسف دەکات کە لە کاروباری فەرمانڕەوایی و ئامۆژگاری کردنی فەرمانڕەواکان دوورکەوتبونەوە وهاوکات ڕوانین عەلمانی یەکان بۆ زانایان چی یە کە دەڵێن : (ئەوانەی لە وڵاتەکانماندا ئایینیان لەسیاسەت ڕاماڵی ئەوانە خۆیان و براکانیان سەرقاڵبونی زانایانی ئایین یان بە سیاسەتەوە بەڕەوا نەدەبینی بەو بەڵگەیەی ئەوە شیاوی ئەوان نی یە ڕێزیان کەم دەکاتەوە . (ئامنجیشیان سنوردارکردن و گەمارۆدانی سیاسەت بوو بۆ خۆیان و فێڵ کردن لە زانایان بە دابەزاندنیان بۆ پلەی بێ دەسەڵاتی . ئەوان دەستی زانایانیان ماچ دەکرد و وایان بۆ نیشان دەدان کە ئەوانە زانایان لە لایان ڕێزدارن پاشان چی یان بویستایە بۆ ئایین و دونیای خەڵك ، دەیانرکردو لە و ئیحتمالە ڕزگاریان دەبوو کە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە لە کوێوە لە لای زانایانەوە دێت مەگەر لەسەرزمان و لە دوورە وە یان لەدڵدا خۆی مەڵاس بدایە ئەوەیش لاوازترینی ئیمانە .

زانا دوورە پەرێزەکان لە سیاسەت ، وەك ئەوەی لەگەڵ هەموو سیاسەتمەدارە چاك و ستەمکارەکاندا یەکڕا بووبن کە کاروبار بەدەستی ئەوانەوە بێت و موچەی بەخشش و ڕێزگرتنیان لە لایەن ئەوانەوە هەبێت هەروەك خەلیفەیەکی لە دەسەڵات و هەموو دەستڕەوێکی سیاسی لابرد .....) [2].

بەڕاستی زانایان لە کۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوونە دنیا ویستی یەکجاری و شوێن ئارەزوەکانیان کەوتن و کەوتنەلاوازی لە هەستان یان بە کارەکانیان . بەمە بوونە پیشەنگێکی خراپ بۆ ئەو جەماوەرەی کە لە نزیکەوە چاودێریان دەکردن و چاویان لێ زیت دەکردنەوە ، زۆرێکیشیان لەخۆشگوزەرانی دونیادا خنکان و تێیدا ڕۆچوون و زمانیان بەبێ شمشێر یان قامچی یەك داخرا . بەڵکوو بە دیاری پێبەخشینیان لەلایەن پاشا و

---

[1]) عجائب الآثار ص (٣/ ١٣٤) .

[2]) الآتجاهات الوطنية في الآدب المعاصر (٨٤/٢) .

فەرمانڕەواکانەوە و دانانیان لە پایە بەرزە خاوەن پلە نایابەکان و تایبە تمەندی یە گەورەکان کە ئەمانەزامنی بێدەنگ کردنیان و کپ کردنەوەی شۆڕش و ڕەخنەکانیان بوو [1] .

(بەڕاستی زانایـانی ئـایین هەمیشە لـە مێـژووی ئـەم ئوممەتـەدا سـەرکردەو ئاڕاستە کـەری ئوممەت بون، هەروەها ئەگەر بارێك لە کاتی ترس و سامدا گرتبنی یەوە ئەوان پەناگەو جێ پـەنای ئوممـەت بـون خـەڵکی چوونەتەلای ئـەوا تـاکوو زانسـتی ئـایینی یان لێـوەر بگـرێن و لەکارە گرنگەکاندا ڕاوێژیان پێبکەن و ئەگەر ستەمێکی فەرمانڕەوا و والی یەکان ڕوویـدابێت لـە ڕویانـدا ئـەوا دەچـونە لای زانایـان تـاکوو هـەوڵی لابردنـی سـتەم بـدەن لەسـەریان بـە بیرخستنەوەی ئەوفەرمانڕەوا و والی یانـە بـە خـوای خۆیان و فـەرمان پێکردنیان بـە چاکە و نەهی کردنیان لە خراپە . هەندێ جار زانایان لەلایەن سوڵتانەکانەوە ئازار دەدران و دەخرانە بەندیخانـە وبـە جەسـتەو مـاڵ ئـازار دەدران ، بـەلأم ئـەوان خـۆڕاگرن بـوون وەك ڕێزگرتنـی بەرپرسیارێتی یان لەبەردەم خوادا .

هەروەك زانایان لە کاروبارە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوری و ڕۆحی یەکاندا سەرکردەو ڕێبـەری ئوممـەتن ، هـەروەها ئـەوان هـەرکات دژایـەتی یـەك ڕوبـدات بـۆ ئوممـەت ، دەبنـە بانگخوازی ئوممـەت بۆ جیهـادو بیری خواو ڕۆژی دوایـی و ئـەو بەهەشـتەیان دەخەنـەوە کـە موجاهیدە ڕاستگۆکان چاوەڕێی دەکەن و خۆیـان لـە جیهـاددا بەشـداری دەکـەن ، بەڵکوو لـە هەندێ کاتدا خۆیان سەرکردایەتی سوپا دەکەن .

ئەمـە گرنگـی و ئـەرکی زانایـانی ئـایین بـوو ، ئـایینیش لـە دەروونیانـدا زینـدووە ... لـە مێژوویشدا چەندین نمونە هەیـە کـە خـوای خۆیـان ڕازی کردووە و ئـەرکی خۆیـان جێبەجێ کردووە و بەوپەڕی ڕاستی یەوە جیهادی ڕێی خوایان کردووە هەرچی یەکیش لە ڕێی خوادا توشیان بووبێت ، خۆیان ڕاگرتووە . بۆیە لاواز و بێدەسەلأت نەبوون ، ئەی لـەو ماوەیـەدا کـە ئێمە لە مێژوودا بەدوایدا دەگەڕێین کوان ؟

ئایا لە شوێن ئەو سەرکردایەتی یەدان کە ئوممـەت بۆ ماوەیـەکی دووروودرێـژ پەیوەنـدی پێوە کردوون ، ئایا ئەوانـە پارێزەری ئوممـەت بـوون ، لـە دوژمـن و لـەو سـتەمەی کـە لەلایـەن سوڵتانەوە لێیان دەکرا !

---

[1]) الآنحرافات العقدية والعلمية (١/٦٠٥) .

ئایا ئەوانە بوون کەداوای مافەسیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوری یەکانی ئوممەتیان دەکرد ؟ ئایا ئەوانەن کە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە دەکەن و لەبەردەم پێشەوای ستەمکاردا رادەوەستن و فەرمانی پێدەکەن و نەهی لێدەکەن ، ئیدی بیان کوژێت یان نەیان کوژێت ؟ یا خود زۆرێکیان خۆیان کردبووە بەندەی سوڵتان و بەڕێڕەوی ئەودا دەچوون و ماستاو چێتی یان بۆ دەکردن و ستەمەکانیان بە پیرۆز دادەنا و لەسەرکەشی و لادەریدا بەردەوام بوون ، لە کاتێکدا زانا چاکەکانی تریان لە ماڵەکانیاندا کەناریان گرت یان لە وانەو کتێبدا ڕۆچوون وایان دەزانی ئەگەر زانست بەخەڵکدا بڵێنەوە ئەوا ئەرك و گرنگی یەکەی تەواو بووە . نامانەوێت ستەمیان لێبەکەین ، بێگومان تیایاندا هە بووە وشەی ڕاستی دەربڕیّ ، یان کاتێك هەستی بکردایە دەکرێتە کۆیلەی سوڵتان یان لە وشەی حەق ڕێگری لیّ دەکات ، پلەو پایەی دەخستە ژێر پێکانی ، بەلأم ئەوانە کەمینە یەکی کەم بوون لە نێو زۆرینەیەکی زاڵدا کە لەپشت خۆشی یەکی دنیایی دا دەمیان داچەقاند بوو . یان لە نێو وانە و کتێبدا خۆیان کەنار دا بوو بەو کەمتەرخەمیەوە کە تیایاندا بوو ...) [1] .

ئاساییش بوو کە لەو ماوەیەدا زانستە ئایینی یەکان توشی بەستوی وناکارایی بن ، لە ئەنجامی چەند هۆکارێك کە بە پێی سەدە یەك بەدوای یەك هاتوەکاندا کاریگەری خۆیان نواند ، لە و هۆکارانەیش بریتین لە :

١- گرنگی دان بە کورتکردنەوەکان :

هەندیّ لە زاناکان هەستان بە کورتکردنەوەی دانراوە دووروودرێژەکان لە پێنا و ئاسانکردنی لەبەرکردنی بۆ زانست خوازان کاتێك کە لەبەرکردن بوو بە ئامانج لەلای زانست خوازو زانایان کاتێك توانستی تێگەشتن و لێدەرهێنان (ئیستنباط) لەلایان لاواز بوو (ئیدی فیقەناسان قسەکانی پێش خۆیان نەقلّ دەکرت و دانراوەکانیان لە چەند دەقێکی کورت و پوختدا کورت دەکردەوە و ئەو قسانەیان بە تەنها و بە بیّ بەڵگەکانی قورئان و سوننەت وەردەگرت و بەو هێندە بۆ هاوەلأنیان دەوەستان [2] و وازیان دەهێنا) .

شێخ عبدالحمیدی کوڕی بادیس بەڕەخنەگرتن لەڕێگەی وانە ووتنەوەی فیقە دەڵێت : (بەبیّ ڕوانین خوێندنی لقە فیقهی یەکانمان بە موجەڕەدی کورت دەکردەوە و وشك و بیّ حیکمەت

---

[1]) واقعنا المعاصر ص٣٢٧ .

[2]) المحتمع الآسلامی المعاصر ص٥٦ .

دەبـوون و لـەودیو شـورای نێـو دەربڕینـە کورتەکانـەوە پـێش گەیـشتن بـە بیناکـان لـەناو دەچوون)[١].

پێشەوا شەوکانی باسـی گرنگـی دانـی خـەڵکی ئـەو سـەردەمە دەکات بـەو کورتکراوانـە و ئەو مەترسی یانـەی کـە لێـی دەکەوتنـەوە و دەڵێت (بەڕاسـتی ئامـانجی مەبەسـتی زانستیان کردبـووە کورتەیـەکی ئـەو کورتکردنـەوە فیقهـی یانـەی کـە زانـستی ڕاو گێڕانـەوە و ڕای زاڵ تریان پێکهێنابوو ، جگە لەوەیش هیچ گرنگی یەکیان نەدەدا بە هیچ جۆرە زانستێکی تـر ، بۆیە بوونە بێئاگا ونەشارەزای قورئان وسوننەت و فێـری نـەزانی یـەکی تـەواوبوون ، چونکە ئـەوە لای ئـەوان چەسـپاو بـوو کـە حـوکمی شـەریعەت لـەو کورتکراوەیـەدا تەسـکاو وگـەمارۆ(منحصر) دراوە وجگە لەویش پاتاڵ و نەویستراوە ، بۆیـە تـەواو کەوتنـە پێـوە شـلۆقبوون و پەلاماردانی تەواو لە زانستەکانی تر دوور دەکەوتنەوە) [٢].

٢- شەرح و پەراوێزو بەیاننامەکان : شەوکانی – ڕەحمەتی خـوای لێبێـت- کـە زۆرێکـی ئـەو شەرح و پەراوێزانەی لە هەمە جۆرەی زانستە ئایینی وزمانی یەکاندا خوێندووە و وتۆژتـەوە بەرەخنە گرتن لێی دەڵێت : (لەگەڵ ئـەوەی کـەزۆر شـتی تێدایە کە پێویـست نـی یـە بـەڵکوو زۆرینەی وایە ، بەتایبەت ئەو لێوردبونانەوەی کە لـە شـەرح و پەراوێزەکانیـدا هەیـە ، چونکە ئەوە دوورە لە زانستی قورئان و سوننەت) [٣].

بەڕاستی دانراوەکان بەزۆری شەرح و پەراوێزەکانی وچەندین زیادەڕۆیی تر کـە عـەقڵی کـە لەپـچە دەکـردو دەبـووە هـۆی بەسـتوویی و ناکـارایی زانـستەکان بـە درێـژایی چـەندین سـەدە بەردەوام بوون . چەند پـەراوێزو شـەرحێکی بەسـودی هـەبوون ، بـەڵام هێنـدە نـەبوو کـە بـاس بکرێت . مەنهەجی فێرکردنیش لەو ماوەیەدا بەتەواوەتی دوور لە مەنهـەجی ئـەهلی سـوننەت و جەماعـەت بـوو هـەموو پـەیمانگا ئیـسلامی یـەکانیش بـە هێنـدێك دوور بـوون لـە مەنهـەجی بنەڕەتی ئیسلامی .

بۆ نمونە ئەزهەر کە پەیمانگەیەکی گەورەی ئیسلامی و زانکۆیەکی کۆن بوو . مەڵبەنـدێك بوو بۆ ئەو زانستانەی کـە دوور لـە ڕۆح و ڕێبـازی ئیـسلام قـسەیان دەکـرد ، یـەکێك لـە وانـە

---

[1]) ابن باديس _ حياته والآثاره (١/ ١٠٨) .

[2]) أدب الطلب ص٥٩ .

[3]) البدر الطالع بمحاسن ما بعد القرن السابع (١/ ٨٦) .

بێژانی نێو ئەزهەر لە بارەی زانستی کەلامەوە دەڵێت : (بە ڕەهایی لەو زانستانەی کە لە زانکۆی ئەزهەردا سودم لە خوێندنی نەبینیوە زانستی کەلامە ، بەڕاستی چەند ساڵ لە ئەزهەردا وتومەتەوە ، بەڵام هیچی لەبارەی خواوە لێوە فێرنە بووم ، بەڵکوو تەنها لە چەند زاراوەیەکدا ڕۆچووم کە شلۆقی و پێکدادانی بیرمی زیاد کرد تا ئەوەی خوازیاری ئیمانی نەخوێندەواریێ بووم)[1].

بەڕاستی مەنهەجە ئیسلامی یەکان لەو ماوەیەدا بە زیاد لە ناکارایی و بەستوویی یان توشی شەپۆلێکی ووشکی بون کاتێك (سەردەمە دواینەکان تەواو دوور کەوتنەوە لە ڕۆحی و ئیسلام و گرنگیان دا بەجەستەو مادده تا ئەوەی خوێندنە ئیسلامی یەکان بووە خوێندنێك کە ژیان و ڕۆحیان تێدا نەبێت دەردی ئەو خوێندنانەیش چوو بووە هەموو بەشەکانی فیقە تاکوو ئەو بەشانەیش کە پێویست بوو خوێندنی ڕۆح گرنگترین ڕەگەز بێت تیایاندا وا نەمابوون)[2].

٣- مۆڵەتەکان : یەکێ لە هۆکارەکانی داڕمانی ژیانی زانستی لەو ماوەیەدا ئاسانکاری بوو لە پێدانی مۆڵەتەکاندا ، جا لەماوەی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیدا چاوپۆشی یەك دەکرا کە هێندە بەس بوو زانستخواز سەرەتاکانی کتێبێك یان دوو کتێب بخوێنێت کە مامۆستاکەی دەیوتەوە تاکوو مۆڵەتی هەموو گێڕانەوەکانی بەدەست بخات ، زۆرێك لەو مۆڵەتانەیش لەڕێگەی (موراسەلە) وە دەبەخشرایە ئەوانەی کە لە وولاتە دوورەکانەوە خوازیاری بوون . جا زانایەك لە قاهیرەوە مۆڵەتی دەنارد بۆ خوێندکارێکی نێو مەککە بە بێ ئەوەی بینیبێتی یان تاقی کردبێتەوە[3]. جا ئەو ئاسانکاری یەی کاروبارانە موسڵمانانی بێئاگا کرد لە بەدەست خستنی زانست بەو جۆرەی کە پێویستە ، هەروەها ئاسانکاری لە بەخشینی مۆڵەتەکاندا هۆکارێکی گرنگ بوو لە هۆکارەکانی داڕمانی ئاستی زانستی و لاوازی زانستە شەرعی یەکان بەوەی ئامانجی زۆرێك لە وانەی خۆیان دابووە پاڵ زانست بەڕاشکاوانە بڵێن

---

[1]) الأنحرافات العقدية والعلمية (٢/ ٤٢و٤٣) .

[2]) المجتمع الأسلامي المعاصر ص٢١٠ .

[3]) الأنحرافات العقدية والعلمية (٢/٥٩) .

بەدەست خستنی زیاترین ئەو مۆڵەتە وێنەیی یانەی بوون کە لە ڕاستیدا زۆرجار هیچ نرخێکیان نەبوو [1].

٤- میراتگری پایەی زانستی : لەکۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا پایە زانستی یەکان لە کاروبارە زانستی یە گرنگەکانی وەك وانە ووتنەوە و فەتوا و ئیمامەت و تەنانەت دادوەریشدا بوو بە میراتگری ، بەڕاستی ئەو پایانە وایان لێهات بە مردنی کاربەدەستەکەی بە تەواوی دەبوو بە میراتگری وەك ڕۆڵ لەدەستدان و ماڵ و سامانیش بەمیرات دەکیرا ، جا زۆر جار وا ڕوویداوە مامۆستایەك کە وانەی دەوتەوە دەمرد ، پێش ئەوەی بخرێتە گۆڕەوە پایە و کورسی یەکەی دەگوازرایەوە بۆ کوڕ یان برا یان یەك لە نزیکەکانی ، هەندێ جاریش میراتگرەکە کەم تێگەیشتوو بێئاگا بوو لە زانست ، بەلاّم بۆ سەرکردایەتی و وانەووتنەوە کورسی چۆڵ نە دەکرد کە هەندێ جار کەسێکی بێگانەی کەسوکاری مردووەکە لە شوێنیدا دادەنیشت ئەگەر شیاوی جێگرایەتی ئەو پایە بوایە کە کۆچ کردووەکە بەجێی هێشتبوو [2].

مێژوونوسی تورکی ئەحمەد جەودەت کە لە ساڵی ١٣١٢ك دا مردووە [3] لەباسی ئەو دیاردە خراپەی نێو دەوڵەتی عوسمانی دا دەڵێت : (ئەوەی دەسەلاّت دارو دادوەران کە هێشتا تازە پێگەیشتوو منداڵ بوون ، ئەرکەکانیان دەگرتە دەست و بۆ ئەمەیش لە ئەرکەکاندا سەردەکەوتن تا ئەوەی دەچوون بۆ پلەی (مەولەوی) لە دادگای عوسمانیدا دوای پلەی دادوەرو سەربازی دووەم پلە بووە) سەرەی دەهات کەچی هێشتا سمێڵی نەهاتبوو و زوڵفی زەرد نەبوو بوو ، هەروەها هەموو خاوەن ڕوو و ناودارێك پایەی وانە وتنەوەی دەگرتە دەست . تا ئەوەی پلەو پایە زانستی یەکان بە میرات وەردەگیران ، ئیدی وەزیرەکان و پیاوانی دەوڵەت ڕێیان بۆ ئاسان بوو کە ئەو پایانە بدەن بە نەوەکانیان و کەسانی تریش . ئیدی ژاوەژاو دەوڵەتی گرتەوە و نەزانەکان دەیاندا بەسەر یەکدا و کاروبار تەواو تێکچوو و تەواو خراپ بوو) [4].

---

1) هەمان سەرچاوەی پێشوو (٢/٦٤) .

2) الآنحرافات العقدية والعلمية (٢/٦٤) .

3) وەزیرێکی نێو کۆشکی عوسمانی بوو و لە ١٢ی بەرگدا مێژووی نوسیوەتەوە.

4) الآنحرافات العقدية والعلمية (٢/٦٨) .

(محمد كرد عەلی) لەبارەی بارودۆخی زانستی نێو شام و دواکەوتنی لەسەردەمی عوسمانیدا دەڵێت : (لەو سەردەمەدا بنکەی چاکەی باوك بۆ کوڕ بەهێز بوو و (ئەبوسعود) ی موفتی کە یەکێ بوو لە شێخەکانی ئیسلام بوو لە ئاستانە ، یەکەم کەس بوو کە ئەوەی داهێنا و بۆ خەڵکی هێنایە مەیدان ، ئیدی وانە وتنەوە و بوون بە والی و وتار بێژی و پێشنوێژی و پێگە ئایینی یەکانی تریش دەدرایە دەست نەزانانەوە بەو بانگەشەیەی کە باوباپیرانیان زانا بوون و پێویستە ئەوان ئەرك و پایەکانیان بە میرات بگرن هەرچەندە نەزانیش بن ، هەروەك چۆن فرۆشگە و بینا و فەرش و کتێبەکانیشیان بە میرات دەگرتن ، بەڵکوو باری دەوڵەت گەیشتە ئەوەی نەخوێندەوارەکان دادوەری یان دەگرتە دەست ،جا چەند نەخوێندەوار لە دیمەشق و حەلەب و قودس و بەیروتدا پایەی دادوەرەکانیان گرتە دەست جا لە هەرێمەکاندا پێدەچێت نەخوێندەواران زیاتر جگە لە خۆیان بووبن ...)[1].

بەڕاستی ئەو نەریتە خراپە چەندین شوێنەواری تەواو خراپی بەجێ هێشت وەك دابەزینی ئاستی فێرکردن و لاواز بوونی ژیانی زانستی لای موسڵمانان ، ئەویش بە بەمیراتگری ئەو پایە ئایینی یانەوە و قۆرخ کردنی لە نێو بنەماڵە یەکی دەست نیشان کراودا ، دواتریش ئەو نەریتە کاری کردە سەر هێنانە دی چەندین زانای لە خوا ترسی خۆ یەك لاکەرەوە بۆ ئایینی خوا کە مون بریتی بوو لە هێنانە دی دادپەروەری و سەرخستنی ستەم لێکرا و سەربڵندکردنی ئایین .

حەوتەم : ڕەفزکردنی دەرگای ئیجتهاد : لە کۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بانگەشە بۆ کردنەوەی دەرگای ئیجتهاد بوو بە تۆمەتێکی گەورە کە دەگەیشتە تۆمەتباربوون بە گوناهە گەورەکان . لای هەندێ لە لاسایی کەرەوە و ناکارا و کەسە چەق بەستوەکانیش دەگەیشتە ئایستی بێباوەڕی ، لە و تۆمەتانەی کە نەیارانی بانگەوازی سەلەفیەت بۆ زاناکانیان دەکرد بانگەشەی ئیجتهاد بوو کە لەو کاتەدا تۆمەتێکی توند و گەورە بوو ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هیچ کامیان ئەوەی نەوتبوو ، بانگەواز بۆ قوفڵکردنی دەرگای ئیجتهادیش بە درێژایی سەردەمەکان میراتی دەمارگیرەکان بووە ، لە کۆتایی یەکانی دەوڵەتی عوسمانیشدا سووربونیان بە ئاشکرا دەرکەوت و لە پێناو نەکرانەوەی ئەو دەرگایە و بەرنگاری هەموو کەسێکدا کە بچێت بە پاڵیدا تەشەنەیان سەندو بڵاوبونەوە کە بە ڕۆژئاوایی کەرەکانی

---

[1]) خطط الشام (٣/٧٠) .

هاندان بۆ هەوڵدانی بێوچان بۆ گێڕانەوەی ڕێبازو ڕێکخستنەکانی ئەوروپا . دوابەدوای ئەم داخستنەی دەرگای ئیجتهادەیشدا چەند شوێنەوارێکی تەواو مەترسی دار هاتنە ئارا کە هێشتا زیانەکانی لە ژیانی موسڵماناندا تا ئەمڕۆی ئێمەیش کون و کەلەبەر دروست دەکات . جا کاتێك ئیجتهاد لەگەڵ بوونی بانگەواز کەرو خوازیارەکانیدابوەستێت .... ئیدی چی ڕوودەدات ؟

یەکێ لەم دوو بوارە ڕوودەدات : یان ژیان دەیبەستێت و لەگەشەسەندن دەوەستێت ، چونکە ئەو بەچەند قاڵبێك بەستراوەتەوە کە فراوان و لەباری ناکات . یان لەو قاڵبە حەبس کراوەدا دەردەچێت . لە هەمان کاتیشدا لەسێبەری شەرعەتدا دەچێتە دەرێ ، چونکە ئەو سێبەرە درێژەی ئیجتهادی نە بووە تاکوو بیبەخشێت . هەردوو بوارەکە پێکەوە ڕوویاندا و یەك لە دوای یەك هاتن ، یەکە مجار بەستوویی و پاشان پاش ئەوە دەرچوون لە بازنەی شەریعەت [1].

بەراستی ئوممەت بە دەست قوفڵکردنی دەرگای ئیجتهادەوە دەیاناڵاند و دەوڵەتی عوسمانیش لە کۆتایی یەکانی سەردەمی خۆیدا مافی ئەو دەرگایەی نەدا . ڕێڕەی ژیانیش بە پەلە ترو بەهێز تر بوو لەو بەست و کۆتکراوانەی کە بەرپەرچی هەموو شتێکی نوێ یان دایەوەو کارەکە لە دەستیان دەرچوو (بەو جۆرەیش بزوتنەوەی عەقڵی لای موسڵمانان وەستا کە لە بەردەم هەموو نوێ گەری یەکدا وەستا کە ژیان دەیهێنایە دونیاوە ، ژیانیش داهێنەرە و هەرگیز لە لەدایك بوون و داهێنانی خۆی ناوەستێت ، ئەو ڕۆژانە شتی نوێ دەبێت کە مرۆڤایەتی پێشتر نەیناسیوە . بۆ ئەمەیش خەڵکی _ جگە لە موسڵمانان _ لەگەڵ هەموو نوێگەری یەك دا دەچوون و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەرکردو نوێ گەری یەکیان لێ بەرهەم دەهێنا ، بەو حۆرەیش خەڵکی _ جگەلە موسڵمانان _ لە ژیاندا هەنگاوێکیان دەنا و موسڵمانان ڕاوەستا بوون بەوەی ئەو شوێنەی خۆیان بەجێنە دەهێشت کە باوباپیرانیان لە چەند سەدەیەکدا لەسەری بوون) [2].

دەمارگیری مەزهەبی بەردەوام بوو لە لاوازکردنی ئاستی زانیاری و دواخستنی زانستەکان و بەستوویی و کەلەپەچەکردنی عەقڵ و تێگەیشتنەکان و ناکارا کردنیدا زیاد

---

1) واقعنا المعصر _ محمد قطب ص١٥٩ .

2) سدباب الآجتهاد وما ترتب عليه ص١٤٤ .

لەوەی کە بووە هۆی دووبەرەکی قسەی موسڵمانان و خراپ کردنی نێوانیان و چاندنی دژایەتی و دووبەرەکی نێوان تاك و کۆمەڵی موسڵمانان . پاش ئەوەی بوونە چەند دەستەو کۆمەڵێك ، هەموو دەستەیەك مەزهەبی خۆی سەردەخست و لە پێناویدا دژایەتی مەزهەبەکانی تری دەکرد، لەو کاتەدا ئەو دەمارگیریە خراپ تر بوو و بەشە ئیسلامی یەکانی گرتەوە و هیچ بەش و وڵاتێکی لیّ دەرنەچوو جا زانکۆی ئەزهەر مەیدانێکی پێشوازی کەری ئەو ململانیّ مەزهەبیانە بوو بەتایبەت لە نێوان شافعی و حەنەفی یەکاندا ئەمەیش لە پێناو کێبەرکیّ ی توند لەسەر بوون بەشێخی ئەزهەر [1] .

دەمارگیری مەزهەبی لە کۆتا سەدەکاندا چەندین بەربەستی چڕو پڕی لە نێوان موسڵماناندا هێنایە دی ، کە تەواو هەستی لاواز کردن بەرامبەر بە یەکبوونی ئیسلامی یان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ، لە نێوانیشیاندا چەندین دژایەتی بەجێهێشت کە بێئاگای کردن لە هەموو جۆرە دوژمنانێکی ئیسلام و مەترسی یە کینە لە دڵانەیان بۆ ئیسلام و موسڵمانان [2] . بەڕاستی دەمارگیری مەزهەبی لە مەنهەجی خوادا کارێکی لادەرە ، ئەو لادانەیش قوڵی لەکارخستنی عەقڵ و بەستووی زانستەکان و تێك و پێکشکاندنی ڕیزی ئیسلامی زیاد دەکات کە گەورەترین کاریگەری هەبوو لە لاوازی و کۆت بوونی دەوڵەتی عوسمانی و سەرقاڵ بوونیدا بەکێشە ناوخۆیی یەکانی یەوە ، لە کاتێکدا پیلانەکان گەمارۆیان دا بوو و خاچپەرستان دەستیان کرد بوو بە خۆ ئامادەسازی بۆ سەرپیاوە نەخۆشەکە .

هەشتەم : بڵاوبونەوەی ستەم لە دەوڵەتدا :

ستەم لەدەوڵەتدا وەك نەخۆشی وایە لە مرۆڤدا ، پاش ئەوەی ماوەی دیاری کراوی تەواو بوو وهەر نەخۆش بوو ئەوا مەرگ پێش دەخات و بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە کاتی مەرگی دێت ، بەهەمان شێوە ستەمیش لە دەوڵەتدا لەناو چوونی پێش دەخات بەوەی چەندین کاریگەری کاولکەری تێدا ڕودەدات کە دەبێتە هۆی لە ناوچوون و شڕۆڵ بوونی لە ماوەیەکی دیاری کراودا کە خوا دەیزانێت ئەوەیش ئەجەلی دەستنیشانکراویەتی ، واتە ئەوەی خوا

---

[1]) عجائب الاثار (٢/٢٤٢) .

[2]) الآنحرافات العقدية والعلمية (٢/٨٦) .

بـۆی دانـاوە بـە پێـی ئـەو سـوننەتە گـشتی یـەی کـە بۆمـەرگی ئوممەتـەکانی دانـاوە بـەپێی هۆکارەکـانی مانــەوە کــە تیایدایــە وەك دادپــەروەری یــان هۆکارەکــانی لەناوچــوون وەك ستەمکاری کە کاریگەری یەکەی بەدەر دەکەوێت ، ئەویش لە ناوچونیەتی پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دەستنیشان کراو کە خوا دەیزانێت [1]. خوا دەفەرموێت

﴿ ولكـل امـة اجـل فـأذا جـاء أجلـهم لا يـستأخرون سـاعة ولا يـستقدمون ﴾ (أعـراف ٣٤) . ئالوسی لە تەفسیریدا

بۆ ئەم ئایەتە دەڵێت ﴿ ولكل أمة أجل ﴾ واتە بۆ هەموو ئوممەتێك لە ئوممەتە لە ناوچووەکان ئەجـەلێك هەیـە . واتـە کـاتێکی دیـاری کـراو دەستنیـشانکراوی پـێشە کـێش کردنیـان [2]. لـە ناوچونی ئوممەتەکان هەرچەندە شتێکی دووپاتکراوەیە بەڵام کاتی هـاتنی نادیـارە لای ئێمـە واتـە ئێمـە بـە دڵنیـای یـەوە دەزانـین کـە ئوممـەتی سـتەمکار بـە بـە هـۆی سـتەمەکەیەوە لـە ناودەچێت بە پێی سوننەتی خوا بۆ ستەم و ستەمکاران ، بەڵام ئێمـە بە تـەواوەتی کـاتی لـە ناوچوونی نازانین ، جا کەس ناتوانێت ڕۆژان یـان سـاڵانێك دەستنیـشان بکـات ، ئـەوەیش لـە لای خوا دەستنیشان کراوە [3].

سوننەتی خوا لە لەناوچونی ئوممەتە ستە مکارەکاندا بەدوای یەکدادێت ، خوا دەفەرموێت

﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ ۖ مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ۖ فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِى يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾

﴾ . ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕوونی دەکاتەوە : سزای خوا تەنها بۆ گەلە ستەمکارەکانی پێشوو نی یە ، بەڵکوو سوننەتی خوا لە گرتنی هەموو ستەمکاراندا یەك سوننەتە . جا ناکرێت کەسێك وا بزانێت ئەو لە ناوچوونە تەنها بۆ ئەو ستەمکارە پێشوانە یە ، بەڵکوو خوای گەورە کاتێك

---

[1]) السنن الآلهية ص١٢١ .

[2]) تفسير الآلوسى (١١٢/٨) .

[3]) السنن الآلهية ص١٢١ .

باریان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت ﴿ وكذلك أخذ ربك اذا أخذ القرى و هي ظالمة ﴾ . جا خوای گەورە ئەوە بەدیار دەخات کە هەرکەس لەکاری ئەوانەی پێشودا بەشداری بکات کە بوو بەهۆی لەناوچونیان ، ئەوا دەبێت لەو گرتنە سەختە توندەیشدا بەشداریان بێت ، ئایەتەکە ئاگاداری ناسازی و زیان بەخشی ستەممان دەکاتەوە . هەندێ جار دەوڵەتی بێباوەڕ دادپەروەر دەبێت بەو واتایایەی کە فەرمانڕەواکانی ستەم لە خەڵکی نەکەن و خەڵکیش لە نێو خۆیاندا ستەم نەکەن ، جا ئەودەوڵەتە لەگەڵ بێباوەڕیشدا دەمێنێتەوە ، چونکە سوننەتی خوا تەنها بە بێباوەڕبوونیان نابێتە هۆی لە ناوبردنی دەوڵەت ، بەڵکوو ئەگەر ستەمی فەرمانڕەواکان بۆ ژێردەستە (ڕەعیەت) دایە پاڵ بێباوەڕی یەکەی و خەڵك لە نێو خۆیاندا ستەمیان کرد [1] . خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وما كان ربك ليهلك القرى بظلم وأهلها مصلحون ﴾ (هود ١١٧) .

ئیمامی ڕازی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت : (مەبەست لە ستەم لەم ئایەتەدا هاوەڵ دانانە. واتە: خوای گەورە تەنها بە بێباوەڕبوونی خەڵکێك لەناو یان نابات ، ئەگەر هەڵسوکەوتی نێوان خۆیان چاك بێت و ، لەگەڵ یەکتردا بە چاکی و خراپە نەکردن هەڵسوکەوت بکەن) [2] .

لە تەفسیری قورتوبییشدا ﴿ بظلم ﴾ واتە بە هاوەڵ دانان و بێباوەڕی ﴿ وأهلها مصلحون ﴾ واتە لە نێوان خۆیاندا لە بەخشینی مافەکاندا . واتای ئایەتەکەیش ئەوەیە کە : خوای گەورە تەنها بەبێ باوەڕبوونیان لە ناویان نایات تاکوو خراپەی بۆ زیاد نەبێت ، وەك گەلی شوعەیبی بەهۆی سوکی کێش و تەرازوو و گولی لوتی بەهۆی نێربازی یەوە لەناو بردن [3] . ئیبن تەیمیە لە لەناوچوونی دەوڵەتی ستەمکاردا ئەگەریش موسڵمان بێت دەڵێت (کاروباری خەڵك لەگەڵ دادپەروەریدا سەقامگیردەبێت با هەندێ جۆری خراپەیشی تێدابێت زیاتر لەوەی لەگەڵ ستەم لەمافەکاندا سەقامگیر دەبێت ئەگەر لە خراپەیەکیشدا بەشدار بێت . بۆ ئەمەیش وتراە : خوای گەورە دەوڵەتی دادپەروەر سەقامگیر دەکات ئەگەر بێباوەڕیش بێت ، دەوڵەتی ستەمکاریش سەقامگیر ناکات گەرچی موسڵمانیش بێت . دەیشوترێت (دنیا لەگەڵ دادپەروەری و بێباوەڕیدا بەردەوام دەبێت ولەگەڵ ستەم و ئیسلامدا بەردەوام

---

[1]) هەمان سەرچاوە ص١٢٢ .

[2]) تفسير الرازي (١٦/١٨) .

[3]) تفسير القرطبي (١١٤/٩) .

نابێت . ئەوەیش ئەوەیە کە دادپەروەری نیزامی هەموو شتێکە ، جا ئەگەر کاروباری دنیا بە دادپەروەری بەرپا بوو ، ئەوا بەرپا بووە ، ئەگەریش بە دادپەروەریش بەرپا نەبوو ، ئەوا ئەویش بەرپا نابێت ، ئەگەرچی خاوەنەکەیشی ئیمانی هەبێت کە لە ڕۆژی دوایی دا پاداشتی پێوەردەگرێت)[1] .

هەندێ پاشا هەستان بەچەند کارێکی ناشیرین و کەوتنە خوێن ڕشتن و دەستیان دەگرت بە سەرماڵ و ساماندا ، جا ئەوە ابراهیم پاشای ناسراو بە (بدلی) یەکی وەزیری سوڵتان موراد سێ یەمەو ئەمیری ئەمیرەکانی دیار بەکربوو ، کەوتە کاولکاری لە شارەکەدا و ستەمی لە خەڵکەکەی کرد و چەندین تالاّن کردنی ماڵ و سامان و کاری لاساری زۆری ئەنجادان ، کاتێ هەواڵ گەیشتە سوڵتان: ئەنجومەنی دادوەری بەست ئەویش خەڵکی ترسان کە شایەتی لەسەر بدەن ، دادوەر نەیتوانی لە سکالاّکەیدا وردبونەوە بکات ، چونکە خوشکەکەی جێی ڕەزامەندی سوڵتان بوو ، نەیارەکانیشی پاشگەز بوو نەوە و سوڵتان لە دیاربەکردا داینایەوە ، ئەویش چوو بۆ ئەوێ بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی سکالاّیان لەسەرنوسیبوو و لەژێر سزادا زۆرێکی لێ لەناوبردن . ئینجا لەقەلاّدا خۆی توند و تۆڵ کردو بە تۆپەکان تۆپارانی خەڵکی شارەکەی دەکرد تاکوو زۆرێکی لێکوشتن[2] .

ئەوستەمەیش کە پاشا محمد عەلی پێی هەستا لە ڕووی خەڵکی میسر و شام و حیجازدا شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ، لەم کتێبەیشدا باسمان کردووە ، ستەمی تورکەکانیش بۆ عەرەب و کورد و ئەلبەکان لەگەڵ هاتنی ئیتیحاد تەرەققی بۆ سەر حوکم توندبوویەوە ، بەڵکو ئەو جەنکەرانە کەوتە ستەم کردن لە خەڵك لەنێو تورکیاودەرەوەیشدا ئەو ستەم و توندو تیژی و خراپەیانەیشیانمان باسکرد کە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم بەرەو ڕووی بویەوە ، جا ئەو سوننەتەی خوا کە ناگۆڕێت تیایاندا ڕویدا و تۆڵەی لە ستەمکاران سەندەوەو خراپەی خۆیانی خستە نێو خۆیانەوەو دەوڵەتی عوسمانی لە بوونەوە ئاوابوو .

---

[1]) رسالة الآمر بالمعروف والنهي عن المنكر _ ابن تيمية ص٤٠ .

[2]) المختار المصون من اعلام القرون (٢/ ٩١٦، ٩١٧) .

نۆیەم : زێدەڕۆیی دنیایی و ڕۆچوون لە نێو ئارەزووەکاندا:

خوا دەفەرموێت ﴿ فلولا كان من القرون من قبلكم أولوا بقية ينهون عن الفساد في الارض إلا قليلا ممن انجينا منهم واتبع الذين ظلموا ما اترفوا فيه وكانوا مجرمين ﴾ . (سورەتی هود ئایەتی ١١٦) . کاتێ دەفەرموێت ﴿ واتبع الذين ظلموا ما أترفوا فيه ﴾ مەبەستی لە (ظلموا) بریتی یە لە : وازهێنەرانی لە نەهی کردن لە خراپەکان واتە گرنگیبەو کارە نادەن کە پایەیەکی گەورەیە لە پایەکانی ئایین کە فەرمان بەچاکە ونەهی لە خراپە یە . بەڵکوو گرنگی یان داوە بە خۆشگوزەرانی و زێدەڕۆیی دنیایی و ڕۆچوون لە ئارەزووەکان و هەوڵی بە دەستخستنی سەرکردایەتی و پاراستنی دا و هەوڵدان بۆ ئەو مەبەستە و خواستی هۆکارەکانی ژیانی خۆش و کامەران [1] .

سوننەتی خوا بۆ سزا دان و هیلاکی ئەو دنیاپەرستانەی کە بەخششی دنیایی سەرکەشی کردبوون و لە شەرعی خوا دوورکەوتبوونەوە هاتە دی . خوا دەفەرموێت ﴿ وكم قصمنا من قرية كانت ظالمة و انشأنا بعدها قوما ءاخرين ، فلما أحسوا بأسنا إذا هم منها يركضون ، لاتركضوا وارجعوا إلى ما اترفتم فيه ومسكنكم لعلكم تسئلون ﴾ (انبياء ١١ و ١٢ و١٣) . یەکێ لە سوننەتەکانی خوا بەهیلاکدا بردنی ئوممەتە بەهۆی (فسق) ی دنیا پەرستەکانیەوە . خوا دەفەرموێت ﴿ و إذا اردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا فيها فحق عليها القول فدمرنها تدميرا ﴾ (اسرا ١٦) . لە تەفسیرەکەیدا هاتووە کە (کاتێك کاتی لە ناوچونیان هات ، فرمانی گوێڕایەڵیماندا بە سەر دنیاپەرستەکانی دا واتە خۆشگوزەران و خۆسەپێن و پاشاکانی دا . ئەوانیش لێی دەرچوون ، بۆیە چی یان پێ وتاربوو هاتە دی لە ناومان بردن . خوای گەورە تەنها باسی دنیاپەرستەکانی کردووە لەگەڵ فرمان کردن بە گوێڕایەڵیش بۆ هەموان ، چونکە ئەوان پێشەواکانی دەرچوون و سەرکردەکانی گومڕایین . هەر خراپەیەکیشیان توش بێت ، ئەوا توشی شوێنکەوتە و فریودراوەکانیشیان دەبێت ، بۆیە ئاراستەکردنی فرمانەکە بە ڕووی ئەواندا دوپات دەکرێتەوە) [2]

لەسەردەمی سوڵتان محمدی کوڕی ابراهیم دا ڕوویدا کە (کۆشکی خیلافەت سێ ڕۆژ ڕازێنرایەوە و سوڵتان محمد کە لە شاری سلسترە بوو لە روم ئیلی ، نامەیەکی نوسی بۆ (

---

[1]) السنن الآلهية ص١٨٦ .

[2]) تفسير الالوسي (١٥/٤٢) .

عبدی پاشای نەیشانی) قائیمقامی وەزیر لە قوستەنینە کە دەیوت : ئەو دەیەوێت بێت بۆ دارو لمەملەکە . ئەو لەماوەی تەمەنیدا دیمەنێکی جوانی پێوە نەدیوە و فرمانی کرد بانگەوازبکرێت بۆ ئامادەسازی جوانکاری یەکی تر ئەگە رهات بۆیە پێش ٤٠ ڕۆژ لە هاتنی سوڵتان بانگەواز کرا و خەڵکی کەوتنە جوانکاریان ، پاشان سوڵتان هات و دەستیان کرد بە ڕازاندنەوە وهەوڵەکانیان لەو ڕۆچوون و جوانکاری یەدا خستەگەڕ ، خەڵکی ئەو سەردەمە لەسەر ئەوە کۆك بوون کە لە هیچ سەردەمێکدا جوانکاری لە و شێوە ڕوویندەداوە ، منی هەژار کە لە قوستەنینە بووم و بینیم . هیچ جۆرە هۆکارێکی خۆشحاڵی و شادمانی نەما بوو کە هەوڵ و تەقەلای تێدا بە خەرج نەدرابی نێردراوەکان بەرەو لای چوون خەڵکیش لە چێژوکامەرانیدا ڕۆچووبوون و هەموو جۆرە ئامێرەکانی چالاکی و خۆشگوزەرانی یان گرتبووە بەرو ناڕەوایی یەکان بلاوبوونەوە . ژیرەکان زانی یان کە ئەو کارە هەڵە بووە و توشبونی تاوانێکی گەورە یە ، ئەمەیشیان بە تاکۆتایی دەسەلات و دەرگای بەختەوەری و بە خشداری و دانا ، پاشان هەڵوەشاندنەوەی کتوپڕ ڕوویدا و کەموکورتی خۆی نواند و دوای ئەوە بردنەوە وخۆشی یە دوڕاندن و چەرمەسەری شوێنی گرتەوە ...) [1].

لە ساڵی ٩٩٠ ك دا سوڵتان موڕادی دووەم بە بۆنەی خەتەنە کردنی سوڵتان محمدی کوڕیەوە ئاهەنگی گێراو بۆئەمە خۆشی یەکی گێرا کە لە سەردەمی هیچکام لە خەلیفە و پاشاکاندا ڕوویندەداوە .هەروەها وەلیمە و خۆشی وڕابواردن و خۆشحاڵی ماوەی ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو ، سوڵتان لە ماڵی ابراهیم پاشادا لە ناوچەی ئات مەیدان دانیشت بۆ سەیرکردن و کەوتە بەخشی گەورە و دابەشی دەکردن لە مێژووی (کبری) دا بینیومە کە چەند بەردە ئەستێ یەکی بچوکی لە زیوو و زێر دروست کردووە و زێری بەزیوو زیوی بە زێڕ پڕکردووە ، و داویەتی بە خاوەن (ڕابواردنگە) کان [2]. ئەوە لادانێکی ترسناك بوو لەو مەنهەجەی کە دەوڵەت لەسەردەمی بەهێزی و چەسپاوی و دەسەلاتداریدا لەسەری دەڕۆیشت . لە وەسیەتەکانی محمدی فاتیح بۆ جێگرەکەی بریتی بوو لەوەی (پاسەوانی ماڵ و سامانی بەیتوماڵ بکە لەوەی کە بەفیرۆبچێت) (ماڵ و سامانی دەوڵەت لە ڕابواردن و گاڵتەجاڕیدا بە خەرج مەدەو زۆر بە هێندەوە پابەند بە ، چونکە ئەو لەگەورەترین هۆکاری لە

---

[1]) المختار المصون (١١٦٣/٢ ، ١١٦٤) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١١٥٥/٢،١١٥٤) .

ناوچـوونه) . بۆیـه ئاسـایی یـه دوای ئـەو لادانـه گـەوره و ڕۆچـوونەی نێـو گاڵتـەجاڕی و ڕابواردن و ئارەزوانه دەوڵەت پاش نەمانی جێپێ وەستاوەکانی مانەوەی (مقومات البقاء) ی بڕوخێت و نەمێنێت .

دەیەم : ناکۆکی و دووبەرەکی :

سوننەتی بەردەوامی خـوا لـه نێوگـەل و ئوممەتەکانـدا ناگۆڕێت و لـه خۆوە چاك نابێت . خوای گەورەیش ناکۆکی کردۆته یەك لە هۆکارێکی لە ناوچوونی ئوممەتان ، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت (فأن من كان قبلكم اختلفوا ، فهلكوا) یان (فأهلكوا) [1]. واتـه : ئەوانـەی پێش ئێوە ناکۆکی یان تێکەوت و لەناوچوون یان لـەناوبران) . ئیبن حبان و حـاکم لـه ئیبن مەسعودەوە دەگێڕنەوە بە (فأنما اهلك من كان قبلكم الاختلاف) واتـه : بەڕاستی نـاکۆکی ئەوانەی پێش ئێوەی لەناو برد .

ئـیبن حەجـەری عەسـقەلانی دەڵێـت : لـەو فەرمودەیـه و ئـەوەی پـێش ئەویـشدا سـوربوون لەسەر کۆمەڵبون و یەکانگیری و ئاگادار بوون لە دووبەرەکی و ناکۆکی هەیە [2] .

ئیبن تەیمیە (ڕەحمـەتی خـوای لێبیـت) دەڵێـت (خـوای گـەورە فـەرمانی پێکـردوین بـه کۆمەڵبوون و هاو بەرەیی و نەهی لێکردووین لە دووبەرەکی و ناکۆکی) [3] .

ناکۆکی لە نـاو بـەرەی ئوممـەتیش دا هـەمان نـاکۆکی زەم کـراوە (ناپەسـەند) کـه دەبێتـه هـۆی دوو بـەرەکی بـوون و بـەش بـەش بـوونی ئوممـەت و ڕێگـری سـەرکەوتن بـەوەی لـەنێو ناکۆکی کەراندا هەر لایەنێك باوەڕی بە پوچەڵی ئەوەیە کە لەلای لایـەنی دووەمـه تـا ئـەوەی بارەکە دەگاتە ڕەواکردنی کوشتنی یەکتری [4] .

بەڕاستی نـاکۆکی هۆکارێکی لـه ناوچونی ئوممەتانـه وەك لـه فەرمودەکەی پێغەمبـەردا (صلى الله عليه وسلم) هات . چونکه ئەو ناکۆکی یانە بە ناپەسەندی (زەم کراوە) ی هەندێ لە وەسفەکانیان باس کرد ، ئوممەت دەبێتە چەند دەستەیەکی جیا کە ئوممـەت لاواز دەکات

---

[1]) صحيح البخاري بشرح العسقلاني (١٠٢/٩،١٠١) .

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٠٢/٩) .

[3]) مجموعة الفتاوى

[4]) السنن الالهية ص١٣٩ .

، چونکه هێزی ئوممەت لەو کاتەدا کە یەکن گەورەترە لەو هێزەی کە دووبەرەکن ، ئەو لاوازی یە گشتی یەیش کە بە گشتی توشی ئوممەت دەبێت ، دوژمن زاڵ دەکات بەسەریدا و تەماعی هەمووی دەیگرێت و خاکەکانی داگیر دەکات و خۆی دەسەپێنێت بەسەریدا و دەیکات بە کۆیلە و کەسایەتی یەکەی دەسڕێتەوە ، ئیدی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان و لە ناوچوونی لە مەدایە[1] .

وانە گرنگەکانی نێو ئەم لێکۆڵینەوە مێژوویی یە ئەوەیە کە : ڕێگری و خۆپارستن لە لەناوچوون بە ڕێگری و خۆپاراستنە لە ناکۆکی ناپەسەند ، چونکە ناکۆکی هۆکارێك بوو لە هۆکارەکانی ئاوا بوون و لەناوچوون و پوکانەوەی دەوڵەتی عوسمانی ، مەترسیدارترین ئەو شتەیش کە ئێستا پێوەی دەناڵێنین ، ناکۆکی نێو ڕیزەکانی ئەو ئیسلامی یانەیە کە هەستاون بە ئەرکی بانگەواز بۆ خوای گەورە ، ئەو ناکۆکی یە دەبێتە هۆی لاوازی ئوممەت ئەگەر بێت و ڕێگەی خۆپاراستن لێی نەگیرێتە بەر . شێخ عبدالکریم زەیدان دەڵێت (ناکۆکی وەك چۆن ئوممەت لاوازدەکات ولەناوی دەبات . ئەو موسڵمانەیش لاواز دەکات کە هەڵدەستێ بە ئەرکی بانگەواز بۆ خودا و دواتر لە ناویان دەبات . بۆیە خراپترین شتێك کە کۆمەڵی موسڵمانی پێوە توش دەبێت ، ڕودانی ناکۆکی ناپەسەند و زەم کراوە لە نێوانیاندا ، بە جۆرێك دەیانکات بە چەند دەستەیەکەوە تا ئەوەی هەموو دەستەیەك وادەزانێت ئەو ڕاستەو کارەکەی پێکاوە و ئەوانی تر لەسەر وجگە لەو هەڵە و گومراین . هەموو دەستەیەکیش باوەڕیان وا دەبێت کە ئەو ئەوەیە کە لە بەرژەوەدی بانگەوازدا کار دەکات . هاوار ئەگەر دووبەرەکی و دەستەگەرایی و ناکۆکی ناپەسەند لە بەرژەوەندی بانگەوازدا بێت ، یان بەرژەوەندی بانگەواز لە ڕێگەی دوو بەرەکی یەوە بێت . بەڵام شەیتانەکە دەستگەرایی و دووبەرەکی لە چاوی دووبەرەکی کەرو ناکۆکی کەرەکاندا جوان دەکات و وایان لێدەکات باوەڕیان وابێت کە ناکۆکی و دووبەرەکی یان لە بەرژەوەندی بانگەوازدا یە ناکۆکی نێو کۆمەڵ کاریگەری یەکەی لە سنوری لاوازکردنی کۆمەڵدا ناوەستێت ، بەڵکوو کاریگەری یەکەی خەڵك لاواز دەکات و دەستبەرداران والێدەکات ڕای پوچەڵی خۆیان لە نێو خەڵکدا دابڕژێنن و بڵێن : کۆمەڵێکی خراپ فرمان بە خەڵك بکەن بە یاساکانی ئیسلام و ئیسلامیش بانگەواز بۆ یەکانگیری و کۆبونەوە دەکات و نەهی دەکات لەناکۆکی ، کەچی ئەو کۆمەڵە

---

[1]) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٩ .

ناکۆکی دەبێت چونکە ئەو لە نێو خۆیدا دوو بەرەکی و ناکۆکەو هەر دەستەیەك ئەوی تر لەکە داردەکات و بانگەشە دەکات کە تەنها ئەو لەسەر ڕاستی یە ، پاشان بارەکە دەگاتە تەنگەبەری (انحسار) کاریگەری کۆمەڵەکە لە نێو کۆمەڵگادا و پاشان لاواز و شڕۆڵ و لە ناوچونی و بەرپا بوونی چەند کۆمەڵێکی نویٚ لە شوێنی دا کە دەستەی جیابووەوەی ئەون . ڕووداوە دوور و نزیکەکانی مێژوویش پیشتگیری ئەوە دەکەن و وا دەڵێین)[١] .

بەڕاستی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت لە کۆتایی یەکانی سەردەمەکەیدا توشی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان سەرکردەو سوڵتانەکانی بوویەوە ، جا هەندێ لە فەرمانڕەوا ناوچەیی یەکان هەوڵی سەربەخۆبوونیان دەدا لە حکومەتی مەرکەزی بۆ درێژە پێدانی ماوەی فەرمانڕەوایی یان و هەوڵی دەمەزراندنی بنەماڵە گەلێکی ناوچەیی (مەمالیك لە عێراق ، ئالی گەورە لە سوریا ، موعەننی و شیهابی یەکان لە لبنان ، محمد عەلی لە میسر ، ظاهر و لعەمر لە فەلەستین ، ئەحمەدی جەززار لە عەککا ، عەلی بەگی گەورە لە میسر قراملی یەکان لە لیبیا)[٢] . ئەو ململانێیەی نێوان فەرمانڕەوا ناوچەیی یەکان و دەوڵەتی عوسمانی هۆکارێکی لاوازکردنی دەوڵەت و دواتر ئاوابوون و کەوتنی بوو . هەندێ لە مێژوو نوسانیش چەند هۆکارێکی کەوتنە کە باس دەکەن و دوچاری تێکەڵکردنێکی نێوان هۆکارەکانی کەوتن و نێوان شوێنەوارە بەجێماوەکانی دوورکەوتنە وە لە شەرعی خوا بوون) . قسەکردن لەسەر لاوازی سیاسی و جەنگی و ئابوری و زانستی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و چۆنێتی نەهێشتنی ئەو لاوازی یەدا و قسەکردن لەمەڕ ئیستعمار و شالاّوی فکری و سەرخستن و چۆنێتی بەرنگاربوونەوەی هیچ هەوڵێکی لەناو بردنی ئەو دیاردە بێزراوانە زیاد ناکات ، بەلاّم هەرگیز ناتوانرێت ئوممەتێك ڕاپەڕین بکات کە توشی برسێتی بیروباوەڕی بوون ، تاکوو جەنگان دژ بە هۆکارە ڕاستی یەکان و زاڵبوون بەسەریدا ڕوونەدات ، ئەوا بە جۆرێك لە جۆرەکان ناتوانرێت بەسەر ئەو شوێنەوارە مەترسیدارانەدا زاڵ بێت . شوێنەوارەکان پێکدادراوو نێوخۆیی بوون و هەریەك لەوانە کاریگەری یەکی وێنە دانەوەی هەبوو بۆ ئەوی تر ، جا بۆ نمونە لاوازی سیاسی کاری دەکردە لاوازی ئابوری و پێی کاریگەر دەبوو و بەو جۆرە .... زۆرێك لەو هەولاّنەی لە جیهانی ئیسلامیدا لە پێناوی دوبارە گێڕانەوەی دەوڵەتی

---

[1]) السنن الالهية ص١٤١،١٤٠ .

[2]) العلم العربي في التأريخ الحديث ص ٩٤ .

ئیسلام و عیززەت و هێزەکەیدا بەگەر خران . جەختی لەسەر شوێنەوارەکان دەکردەوە و هۆکارە ڕاستی یەکانی چارەسەر نەدەکرد کە لە پشت لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی و لاوازی و گەمارۆدرانی ئوممەتدا بوون .

هەوڵەکانی مەسیحی و جولەکە و عەلمانی یەکان کاریگەری یان لە دەوڵەتی عوسمانیدا نە بوو تا دوای ئەوەی دەوڵەت لە شەرعی خوا لایدا و مەرجەکانی دەسەلاٌتداری لە دەستدا و هۆکاری ماددی و مەعنەوی یەکانی پشت گوێ خست ﴿ لقد كان في قصصهم عبرة لاولى الالباب ما كان حديثا يفترى ولكن تصديق الذي بين يديه و تفصيل كل شىء وهدى و رحمة لقوم يؤمنون ﴾ (سوره يوسف ١١١) .

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە :

١- مێژووی عوسمانی بەرەو ڕووی هێرشەکانی شێواندن و تەزویرکردن و گومان دروست کردن بۆتەوە لە لایەن جولەکە و مەسیحی و عەلمانی یەکانەوە .

٢- مێژوونووسە عەرب و تورکەکان لەسەر ئاراستەی دژایەتی کردنی سەردەمی خیلافەتی عوسمانی چون .

٣- هێزە ئەوروپی یەکان دایەنی ئاراستە ڕاپەڕینەکانی دژ بە خەلافەتیان کردووە و هەستان بە دەسگرۆیی مێژوونوسەکانی نێو میسر و شام لە پێناو چەسپاندن و قوڵکردنەوەی چوارچێوەی نەتەوەیی وەك بوستانی و یازەجی و جورجی زەیدان و ئەدیب ئیسحاق و سەلیم نەققاش و شبلی شەمیل و سەلامە موسا و کەسانی تر .

٤- تاقمە ماسۆنی یەکان توانی یان زاڵ ببن بەسەر عەقڵی سەرکردەکانی ئاراستەی نەتەوەیی نێو گەلە ئیسلامی یەکان ، ئەو سەرکردانەیش زیاتر لە نەوازش و سەردانەواندنیان بۆ داواکاری یەکانی گەلەکانیان بەتایبەت لە هەڵوێستیان لەمەڕ ئایینی ئیسلام ، زیاتر سەریان بۆ ئاراستە و ئاماژەی تاقمە ماسۆنی یەکان دانەواند .

٥- ئەو مێژوو نوسانەی کاریان کردبۆ شێواندنی دەوڵەتی عوسمانی ، پشتیان بەست بە تەزویرکردنی ڕاستی یەکان و درۆ و قسە هەڵواسین و گومان خستنە دڵەوە و دوو دڵی . بەڕاستیش مۆرکی ڕق و کینەی کوێرانە و هاندەری لاڕێبوو (منحرف) ی بە دوور لە هەموو مەوزوعیەتێك زاڵبوو بەسەر ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەدا .

٦- کۆمەڵێك لە زانایانی مێژووی عوسمانی لە نەوکانی ئوممەتی ئیسلامی هەستان بە بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتانە و بەرگری کردن لەدەوڵەتی عوسمانی . لە گرنگترین و دیارترینیان ئەو نوسینەیە کە دکتۆر عبدالعزیزی شینناوی لە سێ بەرگی گەورەدا لە ژێر ناونیشانی (الدولة العثمانية دولة مفترى عليها) پێی هەستا . هەروەها ئەو کتێبە گرنگانەی کە د. محمد حرب پێشکەشی کرد وەك (العثمانيون في التأريخ والحضارة) و (السلطان محمد الفاتح فاتح القسطنطينيه وقاهر الروم) هەروەها لەگەڵ ئەو کتێبەی کە دکتۆر موفق بەنی لمورجە نوسی (صحوة الرجل المريض) .

٧- ڕەچەڵەکی تورکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ئەو دیو ڕوبار کە ئەمڕۆ بە تورکستان ناو دەبرێت و لە بانی مەنغۆلیا و باکوری چینەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە درێژدەبێتەوە بۆ دەریای قەزوین لە ڕۆژئاواوە . وە لە بیابانەکاکنی سیبریا لە باکورەوە بۆ نیمچە دوورگەی هیندی و فارس لە بارشورەوە _ درێژدەبێتەوە_ ، کە هۆز و تیرە گەورەکانی غەز لەو ناوچانەدا نیشتە جێ بوون کە بەتورك یان تورکەکان ناسران .

٨- تورکەکان لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عفان (رضي الله عنه) لەساڵ ٢٢ك دا هاتنە نێو ئیسلامەوە .

٩- هۆزە تورکەکان پاش چونیان بۆ نێو ئیسلام بوونە بەشێك لە ژێردەستەو ئەندامانی (رعيه) دەوڵەتی عوسمانی ، ژمارەیان لە کۆشکی خەلیفە و سەرکردە عەبباسی یەکاندا زیادی کردو دەستیان کرد بە گرتنە دەستی پایە سەرکردایەتی و کارگێڕی یەکانی نێو دەوڵەت ، و سەربازو سەرکردەو نوسەریان تێدا بوو .

١٠- سەلجوقی یەکان کە تورکن توانی یان هەستن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورەی تورکی کە خوراسان و ئەودیو ڕووبارو ئێران و عێراق و وڵاتی شلم و ئاسیای بچوکی لە خۆدەگرت .

١١- سەلجوقی یەکان پاڵپشتی خیلافەتی عەبباسی یان کرد لە بەغداد و مەزهەبی سوننی (کە مەزهەبی دەوڵەتی عەبباسی بوو) یان سەرخست پاش ئەوەی خەریکبوو لە نێوان دەستڕەوی بوەیهی شیعی نێو ئێران و عێراق و دەستڕەوی عەبیدی فاتیمی نێو میسرو شامدا داڕوخێت . جا سەلجوقی یەکان بە تەواوی زاڵبون بەسەر دەستڕەو (قەڵەمڕەو) ی بوەیهیدا و ڕێگەیان لە خیلافەتی عەبیدی فاتیمی گرت .

١٢- توغرولْ بەگی سەرکردەی سەلجوقی توانی لە ساڵی ٤٤٧زدا لە بەغداد دەوڵەتی بوەیهی یەکان بخات و زاڵبێت بەسەر ئاژاوەکاندا و هەرچی قسەوتن بوو بە هاوەڵان لەسەر دەرگای مزگەوتەکاندا لایبەرێت و ئەبو عبدالله الجلالی پێشەوای ڕافیزەکان بەهۆی ڕۆچوونی لە ڕەفزدا بکوژێت .

١٣- ئەلب ئەرسەلان پاش مردنی توغرولْ بەگی مامی سەرکردایەتی گرتە دەست . ئەو سەرکردەیەکی لێهاتوو لەسەر پێ بوو ، ئەوبوو کە لە جەنگی ملازگردی ساڵ ٤٦٣ ك دا سەرکەوت بەسەر سوپاکانی ئیمپراتۆری ڕۆمدا . ئەو سەرکەوتنە خاڵی گۆڕانی مێژووی ئیسلامی بوو ، چونکە قەڵەمڕەوی ڕۆمی لە زۆربەی بەشەکانی ئاسیای بچوکدا لاواز کرد ، ئەوێیش ئەو ناوچە گرنگانە بوون کەئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتی جەختی لەسەر دەکردەوە .

١٤- پاش مردنی ئەلب ئەرسەلان مەلیك شای کوڕی سەرکردایەتی سەلجوقی یەکانی گرتە دەست ، لەسەردەمی ئەودا دەوڵەتی سەلجوقی فراوانبوو تاکوو گەیشتە ئەوپەڕی درێژبونەوەی لە ئەفغانستان لە ڕۆژئاواوە بۆ ئاسیای بچوك لە ڕۆژهەڵاتەوە و وولاتی شام لە باشورەوە .

١٥- نیزامولمولك بە گەورەترین وەزیرە سەلجوقی یەکان دادەنرێت ، و ناوداره بە ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و خۆشویستنی زانست و زانایان و زۆربەخشین و کارەکانی لە چاکە و خێروبنیادنانی خوێندنگەکاندا بۆ فێرکردنی موسڵمانان .

١٦- چەند هۆکارێکی زۆر هەبوون بۆ کەوتنی دەسەڵاتی سەلجوقی کە بە و هۆیەوە کەوتنی خیلافەتی عەبباسی ئاسان کرد . لەوانە ململانێی نێو بنەماڵەی سەلجوقی و دەستێوەردانی ئافرەتان لە کاروباری فەرمانڕەوایی دا و لاوازی خەلیفە عەبباسی یەکان و ئەو فێڵەی باتینی یەکان کە لە تیرۆکردنی سوڵتان و پێشەواو سەرکردە سەلجوقی یەکاندا خۆی دەنواند .

١٧- دەوڵەتی سەلجوقی چەند کارێکی بەرزو شکۆداری پێشکەش کرد بە ئیسلام ، لەوانە : ڕۆڵیان هە بوو لە دواخستنی ئاوابوونی دەوڵەتی عەبباسی دا بۆ ماوەی دوو سەدە . ڕێگری دەوڵەتی عەبیدی نێو میسری کرد لە بەدیهێنانی ئامانجە فراوانخوازی یەکانیدا . هەوڵەکانی سەلجوقی یەکان ڕێخۆشکەر بوون بۆ یەکخستنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی . کەلە سەردەستی صەلاحەددینی ئەیوبیدا لە ژێر ئاڵای خەلافەتی عەبباسی سوننی دا هاتە دی . هەستان بە بڵاوکردنەوەی زانست و ئارامی و سەقامگیری لە و هەرێمانەدا کەلە ژێر قەڵەمڕەویاندا بوون . لە ڕووی جوڵە و بزاوتنە خاچپەرستی یەکانی ئیمپڕاتۆری بیزەنتی دا وەستان تا

ئاستێکی دیار و هەوڵی ڕێگری مەترسی مەغۆلیان دا و لە پلەو پایەی مەزهەبی سوننی و زاناکانی (ئەو مەزهەبەیان) بەرزکردەوە .
١٨- عوسمانی یەکان دەدرێنەوە پاڵ تیرەیەکی تورکمانی کەلە کوردستاندا دەژیان و پیشەی شوانێتی یان دەکرد .
١٩- سولەیمانی باپیری عوسمان لە ساڵی ٦١٧ك دا لەگەڵ تیرەکەیدا لە کوردستانەوە چوون بەرەو وولاتی ئەنادۆڵو لە شاری ئەخلاتی ڕۆژهەلاتی تورکیای ئەمڕۆدا سەقامگیر بوون .
٢٠- لە دوای مردنی سولەیمان ئورتوغرلی کوڕی سەرکردایەتی تیرەی سولەیمانی گرتە دەست و جولەو بزاوتی بەرەو باکوری ڕۆژئاوایی ئەنادۆڵ درێژە پێدا . لە ڕێگەکەیدا ململانێ یەکی چەکداری لە نێوان سەلجوقی یە موسڵمانەکان و ڕۆمە مەسیحی یەکاندا ڕوویدا . ئینجا دایانە پاڵ موسڵمانەکان . هاتنە نێو ئیسلامیان لەکاتی پێویست و لەباردا هۆکارێك بوو لەبەدیهێنانی سەرکەوتنی سەلجوقی یەکاندا .
٢١- سەرکردەی ئیسلامی سەلجوقی پارچە زەوی یەکی سەر سنوری ڕۆژئاوایی ئەنادۆڵی لەپاڵ سنوری ڕۆمدا بڕی یەوە بۆ ئورتوغرول و کۆمەڵەکەی و هەلی فراوان خوازی پێدان لەسەر حیسابی ڕۆم .
٢٢- عوسمانی یەکەم سەرکردایەتی گەلەکەی لەدوای مردنی باوکی گرتە دەست و لە فراوانخوازی خاکەکانی ڕۆمدا لەسەر بەرنامەی سیاسەتی پێشووی باوکی دەچوو .
٢٣- عوسمانی یەکەم خاوەنی چەند سیفەتێکی بەرزو بڵند بوو ، لەوانە : دلێری و دانایی و نیازپاکی وخۆڕاگری و وابەستەیی ئیمانی و دادپەروەری و وەفاداری و خۆ یەك لاکردنەوە بۆ خوا لە فتوحاتەکانی دا و خۆشەویستی بۆ زانست و زانایان .
٢٤- ژیانی عوسمانی یەکەمی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی بریتی بوو لە جیهادکردن و بانگەواز لە ڕێی خوادا . زانایانی ئایینیش چواردەوریان دا بوو و سەرپەرشتی پلان و نەخشەی کارگێڕی و جێبەجێکاری شەرعی یان دەکرد لە پێشەوایەتی یەکەیدا . مێژوویش وەسێتەکەی عوسمان بۆ ئورخانی کووڕی بۆ پاراستوین لە وکاتەدا کە لەسەرجێگەی مەرگدایە . لەو وەسیەتەدا بەڵگەی شارستانی و مەنهەجی بوونی شەرعی تێدایە کە دواتر دەوڵەتی عوسمانی لەسەری دەڕۆیشت .
٢٥- سوڵتان ئورخان لە ساڵی ٧٢٦ك دا پاش مردنی باوکی فەرمانڕەوایی گردە دەست و لە فەرمانڕەوایی و فتوحاتەکاندا لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی دەچوو سوریش بوو لەسەر

بەدیهێنانی موژدەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە فەتحکردنی قوستەنتینی یەدا . پلانێکی ستراتیژی دانا کە ئامانجی گەمارۆدانی پایتەختی بیزنتی بوو لەڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە لە یەك کاتدا .

٢٦- گرنگترین ئەو کارانەی پەیوەندیان هەیە بە ژیانی سوڵتان ئورخانەوە ، دامەزراندنی سوپای ئیسلامی و سوربوونی یەتی لەسەر هێنانی نیزامێکی تایبەت بە سوپا . بۆیە هەستا بە دابەشکردنی سوپا بۆ چەند یەکەیەك کە هەریەکەیەك لە ١٠ یان ١٠٠ یان ١٠٠٠ کەس پێکهاتبوو ، یەك پێنجی دەستکەوتەکانیشی دانا بۆ دابەشکردن لەوەیش بڕێکی بەسەر سوپادا . لەپاش ئەوەیش کە پێشتر سوپا تەنها لە کاتی جەنگدا کۆدەبوویەوە .کردی بە سوپایەکی هەمیشەیی و چەند مەڵبەندێکی تایبەتی بۆ کردنەوە کە تیایدا مەشقیان دەکرد .

٢٧- ئورخان گرنگی دا بە پتەوکردنی پایەکانی دەوڵەتەکەی ، جا چەند کارێکی چاکسازی و بینا سازی گرتە خۆو کاروباری کارگێڕی ڕێکخست و سوپای بەهێز کردو مزگەوتەکانی بنیاد نان و پەیمانگا زانستیی یەکانی دامەزراندو چاکترین زانا و مامۆستاکانی کردە سەرپەرشتیاری ، کە لە دەوڵەتدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو ڕێزیان لێدەگیرا .

٢٨- دوای ئورخان ، لەساڵی ٧٦١ك دا سوڵتان مورادی یەکەم فەرمانڕەوایی گرتە دەست ، مورادی یەکەم دلێرو موجاهیدو بەڕێز و دیندار بوو ، نیزامی خۆش دەویست و پێوەی پابەند بوو ، لەگەڵ ژێردەستەو سەربازەکانیدا دادپەروەر بوو ، سەرقاڵی غەزاو مزگەوتو خوێندنگەو پەناگەکان بوو . لە پاڵیدا کۆمەڵێك لە چاکترین سەرکردەی بە ئەزمون و سەربازی هەبوون کە ئەنجومەنێکی لێپێکهێنان بۆ ڕاوێژ پێکردنیان . لە یەك کاتیشدا لە ئاسیای بچوك و لە ئەوروپایشدا فراوانخوازی دەکرد .

٢٩- مورادی یەکەم توانی لەساڵی ٧٦٢ك دا ئەدرنە فەتح بکات و ئەو شارە لەساڵی ٧٦٢ك دا بکاتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ، بەمە پایتەخت لە ئوربەوە گوازرایەوە و ئەدرنە بوو بە پایتەختێکی ئیسلامی .

٣٠- سوڵتان مورادی یەکەم دەیزانی لە ڕێگەی خواداجەنگ دەکات و سەرکەوتنیش لای خوایە ، بۆیە زۆر نزای دەکردو لای خوا سکاڵای دەکردو خۆی لە ڕوودا کەم دەنواند و پشتی پێ دەبەست ، لە نزاکەیشیدا بەڵگەی ناسینی خوا لەلایەن سوڵتان مورادەوە و بەدیهێنانی واتاکانی پەرستش بەدەستدەخەین . لە جەنگی قوصوە دا کە دژ بە صرب بوو شەهید بوو .

٣١- سولتان موراد ماوەی ٣٠ ساڵ بە هەموو دانایی و لێهاتویی یەکەوە کە هیچ کام لە سیاسەتمەدارانی سەردەمەکەی پێی نەگەیشتبوون ، سەرکردایەتی گەلی عوسمانی دەکرد .

٣٢- بایەزید لە ساڵی ٧٩١ کۆچی پاش مردنی باوکی فەرمانڕەوایی گرتە دەست ، ئەو دلێرو نەبەردو بەڕێز و گەرم و گوڕ بوو بۆ فتوحاتە ئیسلامی یەکان ، بۆیە گرنگی یەکی زۆری دا بە کاروبارە سەربازی یەکان و هەرێمە مەسیحی یەکانی نێو ئەنادۆڵی کردە جێ ئامانج و لە ماوەی ساڵێکدا ئەو ناوچانە بووە بە پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانی . بایەزید لە بزاوتنەکەیدا لە نێوان دوو بەرەی بەلقانی و ئەنادۆڵی دا وەك بروسکە وابوو ، بۆیە نازناوی (هەورە بروسکە) یان لێنا .

٣٣- بایەزید بەهۆی ڕاکەڕاك و پەلەکردن و چاك هەڵنەبژاردنی ئەو شوێنەدا کە سوپای تێدا دادەبەزاند لەبەرامبەر سوپاکانی تەیموری لەنگدا شکستی خوارد .

٣٤- دەوڵەتی عوسمانی بەرەو ڕووی مەترسی یە ناوخۆیی یەکانی بوویەوە و جەنگی ئەهلی لە نێو دەوڵەتەدا لە نێوان کوڕەکانی بایەزیددا هەڵگرسا لەسەر کورسی دەسەڵات ، ئەو جەنگە دەساڵ بەردەوام بوو ، ئەو قۆناغە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا بە قۆناغی تاقی کردنەوە و توشبون دادەنرێت کە پێش دەسەڵاتداری کارای وەك فەتحی قوستەنتینیە کەوت .

٣٥- سوڵتان محمد چەلەبی توانی بەهۆی ئەو ژیری و ووردی و دووربینی یەی کە هەیەتی زاڵ بێت بەسەر جەنگی ئەهلیردا و یەك لە دوای یەك بەسەر براکانیدا زاڵ بێت تا ئەوەی هەموو کارەکەی کەوتە دەست و بە سوڵتانی بە تەنها مایەوە ، ماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانی بردە سەر بە بنیادنانەوەی دەوڵەت و پتەوکردنی پایەکانی . هەندێ لە مێژوو نوسان بە دامەزرێنەری دووەمی دەوڵەتی عوسمالنی دادەنێن .

٣٦- سوڵتان محمد چەلەبی توانی زاڵ بێت بەسەر ئەو بزوتنەوەیەی شێخ بدرالددین دا کە بانگەشەی یەکسانی ماڵ و سامان و شمەك و ئایینەکانی دەکرد و جیاوازی نەدەکرد لە نێوان موسڵمانان و ناموسڵمان ، لە بواری بیروباوەڕەدا .

٣٧- سوڵتان محمد چەلەبی شعرو ئەدەب و هونەرەکانی خۆش دەویست . دەوترێت ئەو یەکەم سوڵتانی عوسمانی بووە دیاری ساڵانەی ناردووە بۆ ئەمیری مەککە .

٣٨- له ساڵی ٨٢٤ك دا موڕادی دووەم کاروباری دەسەڵاتی له دوای مردنی محمد چەلەبی باوکی گرته دەست ، ئەوەیش جیهاد و بانگەوازی ڕێی خوای خۆشدەویست و شاعیر بوو و زانا و شاعیرەکانی خۆش دەویستن .

٣٩- محمدی فاتیح له دوای مردنی باوکی له ساڵی ٨٥٥ك دا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی گرته دەست و که لەو کاتەدا تەمەنی ٢٢ساڵ بوو . ئەو خاوەن کەسایەتی یەکی کەم وێنه بوو ، که هێزو دادپەروەری پێکەوه کۆ کردبویەوه . هەروەك هەر لەسەرتای پێگەیشتنەوه زۆرێك لەو زاننستانەی خسته هۆشی خۆیەوه که لەخوێندنگەی ئەمیرەکاندا وەری گرتبوو بەتایبەت شارەزایی له زۆرێك له زمانەکانی سەردەمی خۆی و خواستی زۆری بۆ لێکۆڵینەوەی کتێبه مێژوویی یەکان .

٤٠- له گرنگترین کارەکانی سوڵتان محمدی دووەم فەتحکردنی قوستەنتینیه بوو ، ئەو فەتحکردنه کاریگەری یەکی گەورەی هه بوو لەسەر جیهانی ئیسلامی و ئەورووپی ، فەتحکردنی قوستەنتینیه چەند هۆکارێکی ماددی و مەعنەوی و چەند مەرجێکی هەبوون که به جێگەیەنران .

٤١- عوسمانی یەکان سوربون لەسەر فەرمانڕەوایی پێکردنی شەرعی خوا ، کاریگەری دنیایی و دوا ڕۆژی یەکانیشی بەسەر کۆمەڵگەی عوسمانیدا دەرکەوتن ، لەوانه : خیلافەت کردن و دەسەڵاتداری و ئاسایش و سەقامگیری و سەرکەوتن و فەتح و عیززەت و شەرەف و بڵاوبوونەوەی فەزڵ و بڵندی یەکان و لابردنی سوکی و نزمی یەکان و چەندین کاریگەری تر.

٤٢- له گرنگترین سیفەته سەرکردایەتی یەکانی نێو کەسایەتی محمدی فاتیح : نەبەردی و دلێری و ژیری و سوربوون و جەخت کردنەوه و دادپەروەری و سەرکەش نه بوون بەهێزی خۆی و زۆری سەربازو فراوانی سوڵتانی و نیاز پاکی و زانست بوو .

٤٣- له کاره شارستانی یەکانی محمدی فاتیح :کردنەوەی خوێندنگه و پەیمانگەو گرنگی دانی بوو به زانا و شاعیر و ئەدیبەکان و وەرگێران و بیناسازی و بنیادنان و نەخۆشخانه و گرنگی دانی به بازرگانی و پیشەسازی و ڕێکخستنه کارگێڕی و سوپایی و دەریایی یەکان و دادپەروەری .

٤٤- محمدی فاتیح وەسیەتێکی بەجێهێشت که ڕاسترین ئامارەیه بەمەنهەج و ئاکارو ئامانجەکانی له ژیاندا که بڕوای پێهێنا بوو .

٤٥- هەردووماموٚستا محمدی کوری حەمزەی ناسراو بە (ئاق شەمسمددین) و احمدی گۆرانی لەو زانایانە دادەنرێن کە کاریگەری یان هەبووە لەسەر محمدی فاتیح .
٤٦- دوای مردنی سولّتان محمدی فاتیح لە سالّی ٨٨٦ ك دا بایەزیدی کوری حوکمی گرتە دەست . ئەو سولّتانێکی ڕووخۆش و نەرمونیان بوو . بە خۆشەویستی ئەدەب پێگەیشت و شارەزای زانستەکانی شەریعەتی ئیسلامی بوو و سەرقالّ و شەیدای زانستی گەردوونناسی بوو .
٤٧- سولّتان بایەزید چووە نێو ململانیّ یەك لەگەلّ جەمی برایدا ، لەسەر سنوری شامیش لەگەلّ مەمالیك لە چەند شەڕێکدا پێکیاندادا . هەولّیشی دا یارمەتی موسلّمانانەکانی ئەندەلوس بدات لەو چەرمەسەری یە سەختەدا کە دوچاریان بوو بوو .
٤٨- لە دوای بایەزیدی دووەم ، سولّتان سەلیمی یەکەم فەرمانڕەوایی گرتە دەست ، ئەو ئەدەب و شعری فارسی و مێژووی خۆش دەویست . لەگەلّ دلّڕەقیدا ئەو حەزی بە هاودەمی کەسانی خاوەن زانست دەکرد و هاودەمی مێژوونوس و شاعیرەکانی دەکرد لە مەیدانی جەنگدا تاکوو گەشەسەندنی جەنگەکان تۆماربکەن و ئەو قەسیدانە بهۆننەوە کە سەربلّندی ڕابردوو دەگێڕنەوە .
٤٩- لە لاوازکردنی قەلّەمڕەوی شیعە لە عێراق و وولاّتی فارسدا دوای خوا فەزلّەکە دەگەڕێتەوە بۆ سولّتان سەلیمی یەکەم . کە سەرکەوتنێکی گەورەی لە جەنگی چالّدێراندا بەدەست هێنا بەسەر سەفەوی یە شیعە ڕافیزەکاندا .
٥٠- ئەنجامی ململانێی نێوان دەولّەتی عوسمانی و دەولّەتی سەفەوی ، دانە پالّی باکوری عێراق و دیاربەکر بوو بۆلای دەولّەتی عوسمانی . کە عوسمانی یەکان سنوری ڕۆژهەلاّتی دەولّەتەکەیان و زالّبوونی مەزهەبی سوننی یان لە ئاسیای بچوك هێنایە دی و مە ترسی یان نەما پاش ئەوەی زالّ بوون بەسەر شوێنەکەوتە و پالّپشتانی ئیسماعیلی صەفەویدا .
٥١- پورتوگالی یەکان سودیان وەرگرت لە ململانێی عوسمانی یەکان ، لەگەلّ سەفەوی یەکاندا و هەولّیاندا گەمارۆیەکی گشتی بسەپێنن بەسەر هەموو ڕێگە کۆنەکانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا لە دەریا ڕۆژهەلاّتی یەکاندا.
٥٢- بەهۆی ململانێی نێوان عوسمانی و ئەوروپایی یەکانەوە ، خۆشی و کامەرانی چووە نێو ئەورووپی یەکانەوە . و ئەورووپی یەکان هەولیّاندا لەگەلّ شیعەی صەفەویدا دژ بە

دەوڵەتی عوسمانی ڕاوەستن بەڵکوو شڕوشێواوی بکەن هەتا نەتوانێت لە ئەوروپادا درێژە بەکشانەکەی بدات .

٥٣- عوسمانی یەکان توانی یان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەسەر مەمالیکەکاندا بهێنن لە جەنگی غەززە و پاشان جەنگی ریدانیە دا و پاش ئەوە دەوڵەتی مەمالیکیان سڕی یەوە و نەیانهێشت .

٥٤- پاش کوژرانی سوڵتانی غوری و طومان بای جێگری ، شەریفی مەککە (بەرەکاتی کوڕی محمد) بەپەلە گوێڕایەڵی خۆی پێشکەش بەسوڵتان کرد و کلیلەکانی کەعبەی پێدا . بەمە سوڵتان سەلیم بوو بە خزمەتگوزاری دوو حەرەمە پیرۆزەکە .

٥٥- دوای کەوتنی دەوڵەتی مەمالیك ، یەمەن چووە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی یەوە . کەخاوەن کیانێکی ستراتیژی بوو ، و بەکلیلی دەریای سور دادەنرا ، لەسەلامەتیشدا جێی سەلامەتی پێگەو شوێنە پیرۆزەکانی نێو حیجاز بوو ، عوسمانی یەکان سودیان بینی لە بونیان لە یەمەندا ، وەك هەستان بەچەند هێرشێکی دەریایی بۆ کەندا وبەمەبەستی ڕزگاربوونیان لە فشاری ئیسپانی .

٥٦- پاش ئەوەی عوسمانی یەکان وولاتی مسیرو شامیان گرتە خۆو ولاّتە عەرەبی یەکان چوونە ژێر چوارچێوەی حوکمی عوسمانی یەوە ، دەوڵەتی عوسمانی بە داێری یەکی کەم وێنەوە بەرنگاری پورتوگالی یەکان بوویەوە و توانی هەندێ پێگەی ئیسلامی کەنار دەریای سور بگێرێتەوە وەك مصوع ، زەیاع ، هەورەك توانی هێزێکی دەرایایی بەسەرکردایەتی میر عەلی بەگ بنێرێت بۆ کەناری ئەفریقی و مەقدیشۆ و ممبسە ڕزگار بکەن و سوپا پورتوگالی یەکانیش توشی چەندین زیانی گەورە بوون .

٥٧- لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونیدا (٩٢٧_٩٧٤ك) دەوڵەتی عوسمانی توانی پورتوگالی یەکان لە دەریایی سور دوور بخاتەوە و لەو مەڵبەندانە دا هێرشیان بکاتە سەر کەلە کەنداوی عەرەبیدا تیایدا سەقامگیر بوون .

٥٨- عوسمانی یەکان توانی یان ڕێگری پورتوگالی یەکان بکەن بە دوور لە مەملەکەتە ئیسلامی یەکان ڕایان وەستێنن و سنور بۆ چالاکی یان دابنێن . دەوڵەتی عوسمانی توانی مەترسی سەر دەریای سور نەهێڵێت و پارێزگاری شوێنە پیرۆزەکان بکات لە فراوانخوازی پورتوگالی کە بنیاد نرا بوو لەسەر ئامانجە داگیرکاری و ئامانجی سوك و هەوڵەکانیان بۆ کارکردنە سەر ئیسلام و موسڵمانان بە هەموو جۆرە ڕێگەیەك .

٥٩- ئەنجامی ململانێی عوسمانی پورتوگالی ئەوە بوو کە عوسمانی یەکان پارێزگاری شوێنە پیرۆزەکان و ڕێگەی حەجیان کرد لەگەڵ پاراستنی سنوری وشکانی لە هێرشە پورتوگالی یەکان بە درێژایی سەدەی ١٦ و بەردەوامی ئەو ڕێگە بازرگانی یانەی بەسترابوونەوە بە هیند و ئەندۆنیسیا لەڕۆژهەڵاتی دوورەوە بە هۆی کەنداوی عەرەب و دەریای سورەوە .

٦٠- لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونیدا ڕۆدس فەتح کرا و سولەیمان توانی ڤیەننا ئابلۆقە بدات و لەگەڵ فەرەنسادا چووە نێو سیاسەتی لێکنزیکبوونەوە وە .

٦١- دەوڵەتی عوسمانی گرنگی دا بەباکوری ئەفریقی و لەگەڵ بوزتنەوەی جیهادی دەریاییدا ڕاوەستا و هەموو خزمەتگوزاری یە ماددی و مەعنەوی یەکانی پێشکەش کردن .

٦٢- لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا جەزائیر چووە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی یەوە و دوو سەرکردەی گەورەی مەیدانی جیهادی باکوری ئەفریقیی دەرکەوتن کە هەردوو برا : عروج و خەیرەددین بربروس بوون .

٦٣- خەیرەددین سەرکەوتوانە چەندین پاڵپشتی پێشکەش کرد بە دەوڵەتێکی گەنجی نێو جەزائیر ، یارمەتی یە عوسمانی یەکانیش بە بەردەوام لە لایەن سوڵتان سولەیمانی قانونی یەوە پێی دەگەیشتن ، خەیرەددین توانی گورزەکانی ئاڕاستەی کەنارەکانی ئیسپانیا بکات . هەوڵەکانیشی بۆ ڕزگارکردنی هەزاران موسڵمان لە دەست ئیسپانیا بەرهەمدار بوون .

٦٤- بوونی عوسمانی لە جەزائیردا کاریگەری هە بوو لەسەر هەڵوێستی پاشای پورتوگالی لە مەغریبدا ، کە وازی هێنا لە هەستان بە چەند چالاکی یەکی سەربازی لە مەغریبدا .

٦٥- پاش ئەوەی خەیرەددین بربروسە بوو بە سەرکردەی کەشتی گەلی عوسمانی ، گرنگی دا بە حەوزی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و سەرکردە ئاغا طوشی فەرمانڕەوایی جەزائیری گرتە دەست کە تەواو کەوتبووەزیاد کردنی ئارامش و دانانی چەند بنەمایەك بۆ کارگێری سەقامگیر ، هەروەها هەوڵی کۆکردنەوەی چواردەوری وڵاتەکەی دا بە دەوری دەسەڵاتی مەرکەزی جەزائیریدا .

٦٦- حەسەن ئاغای طوشی توانی سوپا خاچپەرستەکان بە سەرکردایەتی شارلی پێنجەم لە خاکەکانی جەزائیردا شکست پێبهێنێت . ئەم شکستە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ئیمپڕاتۆری یەتی ئیسپانی و شارلەگانی پاشای و ئاستی ڕوو داوە جیهانی یەکان .

٦٧- هەوڵەکانی شکستی شارلەگان وەك هەورەبرەسکە دابەزینە سەر ئەوروپا و ڕووداوەکان لەسەر ئاستی ئەوروپی بەپەلە گەشەیان سەند .

٦٨- شارلی پێنجەم توانای بیرکردنەوەی هێرشێکی تری نە بوو دژ بە جەزائیر ، هەروەها سێبەری خەیرەددین و حەسەن ئاغایش زاڵ بوو بەسەر هەمواندا .

٦٩- لە باکوری ئەفریقیدا چەند سەرکردەیەکی گەورە دەرکەوتن کە بەشداری جیهادی دژ بە ئیسپانیا و مەسیحی یان دەکرد لە دەریای ناوەڕاستدا ، لە بەناو بانگترینیان : حەسەن خەیرەددین بربروسە ، و صالح رایین ، و قلج عەلی .

٧٠- دەولەتی عوسمانی هەوڵی دا پەیوەندی یەکی ستراتیژی لەگەڵ دەوڵەتی سەعدیدا پێکبهێنێت ، بەڵام لە هەندێ جاردا سەری نە دەگرت بەتایبەت لەسەردەمی سوڵتان محمدی شێخی سعدی و محمد المتوکلدا .

٧١- لەو کارە گەورانەی کە دەوڵەتی سەعدی لەسەردەمی سوڵتان عبدالملك دا پێی هەستا ، سەرکەوتنە هەڵکەوتە و گەورەکەیان بوو لە جەنگی سێ یەمی پاشاکاندا کەبەسەر مەسیحی یە پورتوگالی یەکان داسەرکەوتن . لە کتێبەکانی مێژودا بە جەنگی (القصر الکبیر) (کۆشکی گەورە) یان جەنگی (وادی المخازن) ناسراوە .

٧٢- سەرکەوتنی مەغریبی یەکان لە جەنگی وادی المخازن دا بە هۆی چەند شتێکەوە بوو لەوانە : ئەو سەرکردایەتی یە دانایی یەی کە لەسەرکردایەتی سوڵتان عبدالملك و ئەبولعە باسی برایدا خۆی دەنواند ، وکۆبونەوە و گردبونەوەی خەڵك بەدەوری سەرکردایەتی یەکەیدا . خواستی موسڵمانەکانیش بۆ پارێزگاری ئایین و بیروباوەڕو ئابڕویان ، و کارکردن بۆ برینپێچکردنی برینەکان بە هۆی کەوتنی غرناطە و لەدەستدانی ئەندەلوسەوە . هەروەها بەشداری چەند خاوەن ئەزمونێکی عوسمانی یەکان ، کە بە لێهاتوویی وەشاندنی تۆپ تایبەتمەند بوون ئەمە وایکرد تۆپە مەغریبی یەکان زاڵ بن بەسەر تۆپە ڕۆژئاوایی یە مەسیحی یەکاندا .

٧٣- سوڵتان ئەحمەدی مەنسور لە دوای شەهید بوونی عبدالملکی برای لە جەنگی وادی المخازندا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی سەعدی گرتە دەست .

٧٤- بە مردنی قلج عەلی لە جەزائیر ، نیزامی بەیلەر بەگی کۆتایی پێهات کە چەندین پاشای دەسەڵات و قەڵەمڕە و فراوانی نێو فەرمانڕەواکانی جەزائیری پەیدا کرد . بە نیزامی پاشایەتیش شوێنی گیرایەوە کە لە تونس و تەرابلوس دا جێبەجێدەکرا .

٧٥- دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی دەرکەوتنی جەزائیر لە هەوڵەکانیدا بۆ گرتنە خۆی ڕۆژئاوا ی دوورنەیتوانی ڕۆژئاوای دوور لە خۆبگرێت .

٧٦- عوسمانی یەکان خواستێکی سگەورەیان هە بوو لە گەڕاندنەوەی ئەندەلوسدا ، بەلآم نەیانتوانی ئامانجە خوازراوەکە یان بەدی بهێنن بە هۆی هوڵێستی دەوڵەتی سەعدی لە لایەك و هەڵسوکەوتی هەندێ ئینکشاری لە لایەکی ترەوە و بەرەکانی ڕۆژئاوا لە لای سێ یەمەوە .

٧٧- مێژوونوسان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی گەورەیی دەوڵەتی عوسمانی بەمردنی سوڵتان سلێمانی قانونی عوسمانی لە ساڵی ٩٧٤کردا کۆتایی هات ، پێشەکی یەکانی لاوازی دەوڵەت لەسەردەمی سوڵتان سولەیماندا بەدیارکەوتن .

٧٨- سەلیمی دووەم پاش سولەیمانی قانونی فەرمانڕەوایی گرتە دەست کە ئامادەی پاراستنی فتوحاتەکانی سوڵتان سولەیمانی باوکی نە بوو . ئەگەر بوونی وەزیری نایاب و موجاهیدی گەورە و سیاسی لێهاتوو محمد پاشا ی صوقلی نەبوایە ئەوا دەوڵەت دا دەڕوخا ، ئەمەیش فەزڵی خوایە بەسەر ئوممەتەوە .

٧٩- لەجەنگی لیبانۆ لەساڵی ٩٧٩ك/ ١٥٧١زدا عوسمانی یەکان شکستیان هێنا . ئەنجامی ئەو جەنگە لەناوبردنی هیواکانی عوسمانی یەکان بوو. بەمەترسی سەرکردایەتی عوسمانی لەدەریای ناوەڕاستدا نەما ، ئەو شکستە خاڵی گۆڕان بوو بەرەو وەستانی ماوەی سەردەمی گەشەسەندنی هێزی دەریایی دەوڵەت .

٨٠- جەنگی لبانتو هەلێکی لەبارو پێویست بوو بۆ دەرکەوتنی چاوچنۆکی فەڕەنسا بەرەو ڕۆژئاوای ئیسلامی ، کەتەنها بە بلآوبونەوەی هەواڵی دارمانی کەشتیگەلی عوسمانی لەو جەنگەدا . پاشای فەڕەنسا شارلی نۆیەم پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بە سوڵتانی عوسمانی ، ئەمەیش لە ڕێگەی باڵوێزەکەیەوە لە ئەستانبول ، کە خواستی پێدانی هەلی لە خۆ دەگرت بۆ حکومەتەکەی بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی بەسەر جەزائیر دا بەبانگەشەی پارێزگارکردن لە کیانی ئیسلام و موسڵمانان بەو هۆیەوە .

٨١- سوڵتان سەلیمی دوووەم کەوتە هەوڵی ڕزگارکردنی تونس لە دەستڕۆیی و زاڵبوونی ئیسپانیا . عوسمانی یەکان بەسەرکردایەتی قلج عەلی و سنان پاشا توانی یان لە ساڵی ٩٨٢کدا فەتحی تونس بکەن .

٨٢- ئیسپانیا كە تونسی لە دەستدا هیواكانی لە ئەفریقیادا لەناو چوون . پلە بە پلەیشدەسەلاتی لاواز بوو تائەوەی تەنها چەند پێگەیەكی لە دەستدا ما وەك : ملیلە ، وەهران ، مرسی گەورە ، خەیاڵی ئیسپانیش بەرەو بنیادنانی دەوڵەتێكی ئیسپانی لە باكوری ئەفریقیدا تێكشكاو چووە ژێر لمەوە .

٨٣- سوڵتان سەلیمی یەكەم هێرشێكی گەورەی نارد بۆ یەمەن و توانی عەدەن و سە نعاء لە دەست بەسەرا گرتن و دەستڕۆیی موزایەدە كەران ڕزگار بكات .

٨٤- پاش جەنگی لیبانتو لە ٩٧٩ك دا سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی وای لێ هات مافی یەكەمێتی هەبێت لە پاراستنی شوێنە پیرۆزە ئیسلامی یەكان دا یەكەمجارو دواتر دەریای سور و كەنداوی عەرەبی وەك پشتوێنێكی پارێزگاری بەدەوری ئەو شوێنانەدا . ئەوەیش داوای كەشتی گەلێكی بەهێزی دەكرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی پورتوگالی یەكان .

٨٥- دەوڵەتی عوسمانی توانی قەڵغانێكی بەهێز بنیاد بنێت كە پارێزگاری شوێنە پیرۆزە ئیسلامی یەكان بكات لە هێرشە مەسیحی یەكان ، تەنها لەگەڵ ئەم قەڵغانەدا . سوڵتان بەپاسەوانێكی تایبەت پارێزگاری لە مەككەی پیرۆزو مەدینەی پرشنگدارو یەنبەع دەكرد .

٨٦- پاش مردنی سەلیمی دووەم ، موورادی سێ یەمی كوڕی فەرمانڕەوایی گرتە دەست كە گرنگی دەدا بە هونەرەكانی زانست و ئەدەب و شعر ، بە سێ زمانی توركی و عەرەبی و فارسی قسەی دەكرد ، هەوڵی قەدەغەكردنی مەی دا بەڵام ئینكشاری یەكان ناچاریان كرد بە لابردنی فەرمانەكەی ، ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر دەركەوتنی لاوازی دەوڵەت .

٨٧- لە دوای موورادی سێ یەم ، محمدی سێ یەم فەرمانڕەوایی گرتە دەست ، لەگەڵ ئەو بارە لاوازی و داخورانەی كە دەستی كرد بوو بەلەكەداركردنی دەوڵەت ، بەڵام ئاڵای جیهاد هەر بەرزو بڵند بوو ، سوڵتان خۆی چووە نێو مەیدانەكانی جەنگەوە . شێخ سەعدەددین ئەفەندی لەوانە بوو كە هانیان دا خۆی بچێت بۆ سەركردایەتی سوپاكان و بە سوڵتانی وت : (من لەگەڵتدا دێم و هەنگاو دەنێم تاكوو دەروونم لە تاوان پاك بكەمەوە ، چونكە من بەوەوە هەنگاو دەنێم .

٨٨- لەدوای محمدی سێ یەم ئەحمەدی یەكەمیكوڕی فەرمانڕەوایی گرتە دەست كە تەمەنی ١٤ساڵ بوو ، هیچ كام لە سوڵتانە عوسمانی یەكانی پێش ئەو لەو تەمەنەدا لەسەر كورسی دەسەلات دانەنیشتبوون ، بارودۆخی دەوڵەت بەتەواوی شەق و شۆڕبوو بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە جەنگەكانی نەمسا لە ئەوروپا و جەنگی ئێران وشۆڕشە نێو خۆیی

یەکانی نێو ئاسیاوە . أحمود کەوتە ئەو ئامادەسازی یەی کە باوکی دەستی پێکردبوو ، کە ئامانجی لە خواترسان بوو ، ئەو کەسێکی کۆڵ نەدەر بوو لەسەر گوێڕایەڵی یەکان و خۆی بەشداری ڕاستەو خۆی کاروباری دەوڵەتی دەکرد ، لە جل و بەرگیشدا نەوازشی هەبوو ، زۆر ڕاوێژی بە ئەهلی زانست و دانا و سەرکردایەتی دەکردو زۆر پێغەمبەری (ﷺ) خۆش دەویست .

٨٩- پاش مردنی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم ، چەند سوڵتانێکی لاواز فەرمانڕەوای یان گرتە دەست ، لەوانە : مستەفای یەکەم ، عوسمانی یەکەم ، موڕادی چوارەم ، ابراهیمی کوڕی ئەحمەد ، محمەدی چوارەم ، سولەیمانی دووەم ، ئەحمەدی دووەم ، مستەفای دووەم ، ئەحمەدی سێ یەم ، محمودی یەکەم ، عوسمانی سێ یەم ، مستەفای سێ یەم ، عبدالحمیدی یەکەم .

٩٠- سوڵتان سەلیمی سێ یەم پاش مردنی عبدالحمیدی یەکەمی مامی لە ساڵی ١٢٠٣ زدا فەرمانڕەوایی گرتەدەست کە قۆناغێکی نوێ لە قۆناغەکانی جەنگی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دوژمنەکانی دەستی پێکرد ، سوڵتان سەلیم دەستی کرد بە زیندووکردنەوەی ڕۆحی مەعنەوی لەدەروونی سەربازەکانیدا .

٩١- سوپا ڕوسی و نەمساوی یەکان توانی یان سوپای عوسمان شکست پێبهێنن ، ئەو جەنگە چەند شوێنەوارێکی هە بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی . ئیدی شکستەکان یەك بەدوای یەك دەهاتن بەسەر عوسمانی یەکاندا و هێزی عوسمانی یەکان بەرەو دواوە بە ئاڕاستە ڕۆژهەلاتی دانوب پاشەکشێیان کردکە ئەمە هەلی دا بە نەمساوی یەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆیی بەلگراد و کردنەوەی ڕێگا بۆ هێزە هاوپەیمانی یەکان و دەرکردنی عوسمانی یەکان لە ئەوروپادا .

٩٢- پاش هێوربوونەوەی جەنگەکە ، سەلیمی سێ یەم پاشەکشێی کرد بۆ چاکسازی یە نێو خۆیی یەکان ، ئیدی دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی سوپا بۆ ڕزگا بوون لەو ئینکشاری یانەی کە بوو بوونە هۆی هەموو ئاژاوەیەك ، ئینجا کەوتەخۆچواندن بە ئەورپا ، بەلام لەدەسەلات دەرکراو لابرا .

٩٣- فەڕەنسی یەکان و ئەمان لاوازی دەوڵەتی عوسمانی یان ڕاشڵەژاند ، و بەسەرکردایەتی سەرکردەی ناودار ناپلیۆن پۆناپەرت هێرشە ناودارەکەیان نارد ، ئەو هێرشە دەنگدانەوەیەکی شۆڕشی فەڕنەسی بوو و کاریگەر بوو بە بیرۆکە شۆڕشگێڕی یەکانی .

٩٤- پیاوانی هێرشی فەرنسی هەوڵی شڵەژاندنی ئایینیان دا لە دەروونی مامۆستا و زانا و نەخوێندەوارانی موسڵماناندا بە خستنە ڕووی چەند نموونەیەکی شارستانێتی ڕۆژئاوایی بەڕوویاندا .

٩٥- فەرەنسی یەکان سەرکەوتوانە توانی یان ڕەگەزە قیبتی یە مەسیحی یەکان بجووڵێنن بۆ پاڵپشتی هێرشەکە بە هەموو جۆرە هۆکارێك .

٩٦- هێرشی فەرەنسی بۆ سەر میسر بەیەکەم هێرشی خاچپەرستی دادەنرێت لە مێژووی نوێدا بۆ سەر هەرێمێکی عەرەبی لە هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، یەکسەر سوڵتان سەلیمی سێ یەم جیهادی دژ بە فەرەنسی یە خاچپەرستەکان ڕاگەیاند ، موسڵمانانیش لە حیجازو شام و باکوری ئەفریقاوە چوون بەدەم بانەگەوازەکەیەوە

٩٧- بەریتانیا زۆر بە وردی شوێن پێی چاوچنۆکی یە فەرەنسی یەکانی لەمسیرو شوێنانی تردا بسرێتەوە ، کاتێك هێرشە فەرەنسی یەکە جوڵاو گەیشتە میسر ، بەریتانیا کەشتی گەلێکی بەسەرکردایەتی امیرال نیاسون نارد بۆ بە دواداچوونی هێرشە فەرەنسی یەکە . کەشتی گەلی ئینگلیزی توانی لە جەنگی ئە بی قیری دەریایی دا کەشتی گەلی فەرەنسی تێك بشکێنێت .

٩٨- شکستی کەشتی گەلی فەرەنسی لە ناوچەی ئەبی قیری دەریایی دا دەوڵەتی عوسمانی هاندا بۆ هێرش کردنە سەر هێرشە فەرەنسی یەکە لە میسردا . جا سوڵتان سەلیمی سێ یەم جەنگی ڕاگەیاند دژ بە فەرەنسا و فەرمانی دەرکرد بە گرتنی هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵوێزی فەرەنسی و هەموو ژێر دەستەکانی فەرەنسا لە ئەستانبوڵدا و خستیانە نێو بەندینخانەوە .

٩٩- هێرشی فەرەنسی ناچار بوو بەهۆی ئەو هێرشە هاوبەشەی کە ئینگلیزو عوسمانی یەکان پێی هەستان بۆ سەر فەرەنسا ، میسر بەجێ بهێڵن ، چەند هۆکارێك سەریان هەڵدا کە لە کۆتایی دا داگیرکەرە فەرەنسی یەکانی ناچار کردبچنە دەرێ لە میسر . لەوانە : تێکشکاندن و کاولکردنی کەشتی گەلەکەیان لەجەنگی دەریایی ئەبی قیردا ، زاڵبوونی دەریایی ئینگلیز لە دەریایی ناوەڕاستدا و توندکردنەوەی گەمارۆیان بۆ سەر کەنارە مسیری یەکان کەحکومەتی فەرەنسی بێ دەسەلات کرد لە ناردنی فریاکەوتن و فریادڕەسی یەکانی بۆ فەرەنسا لەمیسردا .

١٠٠ – هێرشەکەی فەڕەنسا کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر میسر بەتایبەتی و ڕۆژهەڵات بەگشتی کە تاقمە ماسۆنی یە جولەکە فەڕەنسی یەکان توانی یان هەنگاو بنێن بۆ تانەو تەشەر دان لە ئیسلام بە خەنجەرە ژەهراوی یەکەیان . فەڕەنسی یەکانیش توانی یان بیرۆکەکانیان بچێنن و لەناوچەکەدا چەندین بەکرێ گیراویان بۆ پەیدا ببێت ، کە پاش چوونە دەرەوەی سەربازی یان سودیان لەو ڕۆڵە مەترسیدارە وەرگرت کە دواتر محمد عەلی پاشای فەرمانڕەوایی میسر پێی هەستا .

١٠١– سوڵتان محمودی دووەم لە ساڵی ١٢٢٣ك دا فەرمانڕەوایی گرتە دەست و توانی ڕزگاری ببێت لە ئینکشاری یەو لایبردن ، لە دوای ئەوە لەگەشەپێدانی سوپاکەیدا سەربەست بوو و نەخشەی شارستانی ڕۆژئاوای کێشاو تەربووشی ڕۆمی گۆڕی بە مێزەرو تزیای گۆڕی بە زیی ئەورووپی ، و فرمانی کرد کە ئەو زیی یە ڕەسمی یە بۆ هەموو کارمەندانی دەوڵەت بێت .

١٠٢ – لەم بارە تەنگاوەی مێژووی عوسمانیدا ، تاقمە ماسۆنی یەکان لە میسر و شام و تورکیادا بلاوبوونەوە و بە شەو و ڕۆژ لە پێناو لە ناوبردن و لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانیدا پشت ئەستور بە کارە خراپ و گەنیوەکانیان کە کۆڵنەدان و ماندوو نەبون و بێ هیوا نەدەبوون و کاریان دەکرد .

١٠٣– تاقمە ماسۆنی یەکان پاڵپشت کردنی محمد عەلیان بەباش دەزانی تاکوو چاوچنۆکی یە داهاتووی یەکانیان بەدیبهێنێت کە پارستن و بەهێزکردن و وزە پێدانی تاقمە ماسۆنی یەکان و لاواز کردنی دەوڵەتی شکۆرداری عوسمانی وچاندنی خەنجەر ژەهراوی یەکەیەتی لە دلی دەوڵەتی عوسمانیدا ، بۆیە کەشتی گەلێکی پێشکەوتووی گەشە سەندووی دەریایی و پێگەیەکی دەریایی یان لە دمیاط بۆ دامەزراند .

١٠٤– محمد عەلی هەستا بە ڕۆڵێکی گوماناوی کە گواستنەوەی ئاڕاستەی ئیسلامی بوو بۆ شتێکی تر کەلە کۆتایی دا دەگەیشتە دەرچوون لە شەریعەتی خوا ، ئەوئەزمونەی محمد عەلی پێشەنگێك بوو بۆ ئەوانەی دوای ئەو وەك مستەفا کەمال ئەتاتورك .

١٠٥– محمد عەلی لە جیاتی فەڕەنسا و بەریتانیا و ڕۆسیا و نەمسا و دەوڵەتەکانی ترهەستا بە وەشاندنی چەند گورزێکی توند بەڕووی ئاڕاستەی ئیسلامی لە هەموو میسر و دوورگەی عەرەبی و شام و خیلافەتی عوسمانی دا کە کاریگەری هەبوو لە ئامادە سازی جیهانی ئیسلامی بۆ چاوچنۆکی یەکانی ڕۆژئاوا .

١٠٦- محمد عەلی چنگولْ وەشێن و خەنجەرێکی ژەهراوی بوو کە دوژمنان لە جێبەجێکردنی پلانە کانیاندا بەکاریان دەهێنا ، بۆیە لە ڕاپەڕینە زانستی و ئابوری و سەربازی یەکەیدا لەگەڵیدا ڕاوەستان لەپاش ئەوەی دڵنیا بوون لە لاوازی لایەنی بیروباوەڕیی شارستانیە کەی خۆیی و پاڵپشت و سەربازەکانی .
١٠٧- دوای ڕۆڵی محمد عەلی لە ناوچەکەدا ، واڕویدا کە دەوڵەتە ئەوروپی یەکان خۆیان لەو باسە بەدوور گرت لەگەڵ ئەو لاوازی یەی کەدەوڵەتی عوسمانی توشی بووبوو . پاشان ئامادە سازی یان کرد بۆ دابەشکردنی خاکەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەهەر کاتێکدا بارودۆخی سیاسی گونجاو لەبار بێت .
١٠٨- لەدوای مردنی سوڵتان محمودی دووەم ، عبدالمجیدی یەکەمی کوڕی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی گرتە دەست کە لەشێکی لاوازی هەبوو ، بیرتیژو واقیع بین و میهرەبان بوو لە بەهێزترین سوڵتانەکاتنی بنەماڵەی عوسمانی بوو .
١٠٩- سوڵتان عبدالمجید ملکەچی کاریگەری ڕەشید پاشای وەزیری بوو کە لە ڕۆژئاوادا و فەلسەفەی لە ماسۆنی یەت دا کەم وێنە بوو . ڕەشید پاشا ئەو کەسە بوو کە چینی داهاتووی وەزیرو پیاوانی دەوڵەتی ئامادە کرد و بەیارمەتی ئەو ئەو دەستانە بەشداریان کرد لە پالْ پێوەنانی عەرەبانەی ئەوبە ڕۆژئاوایی کردنەی کە دەستی پێکرد بوو .
١١٠- بزوتنەوەی چاکسازی و نوێگەرایی بەدەوری سێ خاڵی گرنگدا دەسوڕایەوە : خۆچواندن بە ڕۆژئاوا لەو بوارەدا کە پەیوەندی بە ڕێکخستنی سوپاوە هەیە ، خۆپڕ چەك کردن لەڕێکخستنی حوکم و کارگێڕیدا . ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەی عوسمانی بەرەو پێکهاتەیەکی عەلمانی و ئاڕاستەکردن بەرەو مەرکەزی بوونی دەسەڵات لە ئەستانبولْ و هەرێمەکاندا .
١١١- بە فرمانی مەدحەت پاشا لە ساڵی ١٨٧٦ زدا و دووهێلی گولەخانەو هومایون کێشران و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلام و دەوڵەتەکانیدا بەپێی دەستورێکی وەرگیراو لە دەستوری فەرەنسی و بەلجیکی سویسری کاروبار دەچوو بەڕێوە دەبرا کە ئەوانە چەند دەستورێکی دانراوی عەلمانی بوون .
١١٢- بزوتنەوەی ڕێکخستنەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەڕەسمی لە کۆتایی ڕێگەی دا وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی گۆڕدرا و یاساکان بوون بە عەلمانی و چەند دامەزراوەیەك دانران کە بەیاساگەلێکی دانراو ئیشیان دەکردو لە بوارەکانی بازرگانی و سیاسەت و ئابوریدا لە

تەشریعی ئیسلامی دوور کەوتبونەوە . بەڕاستی ڕەوا بوونی دەوڵەتی عوسمانی لەبەر چاوی موسڵمانان داوە .

١١٣- بەڕاستی ئەو ڕوانینە پشکنینەی نێو مێژووی ئوممەتەکان و خوێندنەوەی بارودۆخیان بۆ مان ڕوون دەکاتەوە کە : بە لێکچواندنی نێوان ئوممەت و ئوممەتێکی تر و نێوان گەلێك و گەلێکی تر . هاوشێوەیی و کارلێك و لێکتوانەوەیەك ڕوودەدات کە تایبەتمەندی و سەربەخۆیی لە نێو گەلە لێکچوێنەرەکاندا لاواز دەکات و دەیکاتە کەسێتی یەکی شلۆق و داشڵەژاو .

١١٤- سوننەتی خوا لە دروست کراوەکانیدا بەڕێوە دەچوو : کە گەلی لاواز ژێرکەوتوو سەرسامی گەلی بەهێزی خاوەن سام و شکۆ سەرکەوتوو دەبێت و پاشان خۆی پێوەی دەچوێنێت و ڕەوشت و ئاکارو شێوەی ژیانی بەدەست دەخات تاکوو دەگاتە خۆ پێوە چواندنی لە بیروباوەڕو بیرۆکەو ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەریشدا بەمە گەلی خۆ چوێنەر (مقومات) پاڵپشتی یە تایبەتی یەکانی خۆی و شارستانێتی یەکەی _ ئەگەر خاوەن شارستانێتی بێت _ لەدەست دەدات و لەسەر باری خەڵکی تر دەژێت .

١١٥- لە دەوڵەتی عوسمانیدا سوڵتان عبدالعزیزی کوڕی محمودی دووەم لە ساڵی ١٢٧٧زدا فەرمانڕەوایی گرتە دەست . دەوڵەتە ئەوروپایی یەکانیش سور بوون لەسەر فشارخستنە سەرحکومەتی عوسمانی بۆ بەردەوامبوونی لە نەخشەکانی چاکسازی و ڕاپەڕینی بانگەشە بۆ کراوی بەرنامە بیرۆکە ئەوروپی و ڕێبازە عەلمانی یەکان . سوڵتان عبدالعزیزیش بەرپەرچی ئەو دەستورە ڕۆژئاوایی و خوونەریتانەی دایەوە کە دوورن لە ڕەوشتی ئیسلامی . هاوکات هەوڵی ڕاپەڕینی دا بە کۆمەڵگەی ئیسلامی عوسمانی . جا لە ڕێگەی کونسوڵ و نوێنەرانی دەوڵەتە ئەوروپی یەکان لە پایتەختدا پیلانێك دانرا بۆ کوشتنی عبدالعزیز و هەستان بە جێبەجێکردنی لە ڕێگەی ئەو بەکرێ گیراوانیانەوە کە لە پیاوانی دەوڵەت بوون و بیرۆکەکانیان نۆش کرد بوو . لەسەروو هەموویشیانەوە دروست کەری مسۆنی یەتی تۆمەتبار مەدحەت پاشا .

١١٦- لە دوای سوڵتان عبدالعزیز ، موڕادی پێنجەمی برازای فەرمانڕەوایی گرتە دەست کە لە ئاکارە ماسۆنی یەکاندا ڕۆچوو بوو . و تامەزرۆیی دەستور و لیبڕالیەت و عەلمانی یەت بوو ، بزوتنەوەی ماسۆنی یەت بوو کە پالی بە موڕادی پێنجەمەوە نا بۆ دەستەلات ، بەلام پاش ئەوەی توشی گەشکە و ترس بوو بەهۆی کوژرانی مامی یەوە توشی پێکدادانێکی

عەقڵی بوو . چەند پێکدادانێکی عەقڵی لێوە دەرکەوت کە کاری کردە سەر دەزگای هەست کردنی و تەندروستی لە داڕومانێکی بەردەوامدا بوو ، جا هەر دەبوو لابرایە . ئەوەیش لە لایەن شەیخول ئیسلامەوە ڕاگەیەندرا .

١١٧- لە دوای موڕادی پێنجەم ، سوڵتان عبدالحمیدی دووەم لە ساڵی ١٢٩٣ ك دا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی گرتە دەست و لەلایەن مەدحەت پاشاوە فشاری خرایە سەر . ئینجا دەستوری ڕاگەیاند ، وەزیرەکان زۆرداری خۆیان پەیڕەو دەکردو سیاسەتە بە ڕۆژئاوای کەرەکەیان بە سەرکردایەتی کۆمەڵی نوێگەرە عوسمانی یەکان توند بوویەوە کەچینی هەڵبژاردەی ڕۆشنبیرانی لە خۆ دەگرت کە بەڕۆژئاوا کاریگەر بوو بوون . کاتێك هەل ڕەخسا بۆ سوڵتان عبدالحمید دەستوری هەڵوەشاندەوە و سەرکردەکانی بە ڕۆژئاوایی کردنی ڕاوە دونا و کەوتە کارکردن لەسەر لاوازکردنی دەسەلاتیان ، و دەستی کرد بە چاکسازی دەوڵەت بەپێی ڕێنمای یە ئیسلامی یەکان و سور بوو لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی .

١١٨- سوڵتان عبدالحمید کەوتە هەوڵی پێکهێنانی دەزگایەکی بەهێزی هەواڵگری بۆ پارێزگاری کردنی دەوڵەت لە ناوخۆدا ، و زانیاری کۆکردەوە لەسەر دوژمنەکانی لە دەرەوە دا و شۆڕشەکانی لە بەلقان و هەڵگەڕانەوە ناوخۆیی یەکانی دامرکاندەوە . دەزگای زانیاری لە و هۆکارە گرنگانەیە کەلای سوڵتان بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵگەڕانەوە ناو خۆیی یەکانی ئەو کاتەی خۆی دا بەکاری دەبرد .

١١٩- دەوڵەتی عوسمانی چووە نێو جەنگێکی وێران کەرەوە لەگەڵ ڕوسیادا و لە بەرامبەری دا شکستی خوار دو ناچاری بەستنی پەیماننامەی سان ستفانو بوو لەگەڵیدا . پاشان لەدوای ئەوە چووە کۆنگرەی بەرلین لە ئەڵمانیادا .

١٢٠- بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی لە نێوەندی سیاسەتدا لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدا بەدیار کەوت کە لە پێناو پاڵپشتی برایەتی نێوان موسڵمانان دا کاری دەکرد و لە هەموو شوێنێکدا گرنگی بەو بیرۆکەیە درا . تاکوو ئوممەت بتوانێت دژ بە چاوچنۆکی یە خاچپەرستی یەکان ڕابوەستێت .

١٢١- سوڵتان عبدالحمید دەستی کرد بە جێبەجێکردنی نەخشەکەی بۆ گەشتن بە جامیعەی ئیسلامی بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە لەوانە : پەیوەندی کردن بە بانگخوازانەوە و ڕێکخستنی ڕێگە سۆفی یەکان و کارکردن لەسەر بە عەرەب کردنی دەوڵەت و بەرپاکردنی

خوێندنگەی عەشیرەتەکان و بەرپاکردنی هێڵی سکەی ئاسنینی حیجازو پوچەڵکردنەوەی پلانەکانی دوژمن .

١٢٢- سوڵتان عبدالحمید هەوڵی تەنگەتاوکردنی جولەکەی دەونەمەی دا کاتێك هێزو پیلانەکانیانی بۆ دەرکەوتن دژ بە ئیسلام . بۆیە جولەکەی دەونەمە هەستان بە دانانی پیلانێکی ستراتیژی دژ بە ئەو ، بەوەی لەسەر ئاستی ڕای گشتی عوسمانی و سوپادا لەدژی جولانەوە و هەستان بە پاڵپشتی و دەستگیرۆیی تاقمە ماسۆنی یەکان بۆ دەستبەسەردا گرتنی ، و دروشمەکانی ئازادی و دیموکراتی و قسە سەپاندنیان بە کارهێنا . لەسەر ئەو بنەمایە هەستان بە بلاوکردنەوەی دووبەرەکی و هەڵگەڕانەوە لە نێودەوڵەت و نێو ریزەکانی سوپادا ، جولەکەی دەونەمە دەستەی یەکەمیان پێکدەهێنا بۆ جێبەجێکردنی پلان و نەخشە جیهانی یە جولەکانەکان ، دەکەوتە هەوڵی بەدیهێنانی پرۆژەی بە نیشتمان کردنی صەهیۆنی لە فەڵەستیندا .

١٢٣- سوڵتان عبدالحمید کۆسپی بەهێزی بەردەم پیلانەکانی فەرمانڕەواکانی صەهیۆن بو ، بۆیە ئەوانیش کەوتنە هەوڵی هە لخەڵەتاندنی و دڵخۆش کردنی بەسامان ، بەلام نەیانتوانی ، سوڵتان دابینکاری یە پێویستی یەکانی دادەنا لە پێناو نەفرۆشتنی خاکەکانی نێو فەڵەستین بە جولەکە ، و لە شانو شکۆی خۆی هیچ پایەو پلەیەکی نەدەدا بە جولەکە تا نەبێتە هۆی زاڵبونی جولەکە بەسەر زەوی یەکانی فەڵەستیندا .

١٢٤- صەهیۆنی جیهانی کەوتە جولان بۆ پاڵپشتی کردنی دوژمنانی سوڵتان عبدالحمید کە ئەوانیش هەڵگەڕاوەکانی ئەرمەن و نەتەوەیی یەکانی بەلقان و بزوتنەوەی ئیتیحاد و تەرەقی بوون ، هەروەها ئەوان و لەگەڵ هەموو بزوتنەوەیەکی جیاخوازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەوەستان و پاڵپشتی یان دەکرد .

١٢٥- کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی توانی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم لەسەر حوکم لابەرێت کە بەراستی ئەو کۆمەڵەیە لە پاڵپشتی چەند دەوڵەتێکی ئەورووپی و جولەکە و تاقمە ماسۆنی یەکانەوە بەرهەم هات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە (ئامانجی دژایەتی سوڵتان و سەرخستنی جوولەکە) . بۆ ئەو ئامانجە بەدەست کەوت .

١٢٦- کۆمەلی ئیتیحاد و تەرەقی پاش شکست هێنانی لە جەنگی جیهانی دووەمدا نەیتوانی بەرنگاری هاوپەیمانان ببێتەوە و سەرکردەکانیان ناچار بوون ڕابکەن بۆ ئەڵمانیا و ڕۆسیا .

١٢٧- ئینگلیزو جولەکە توانی یان پاڵ بنێن بە مستەفا کەمالەوە تا سەرکردایەتی دەوڵەتی عوسمانی بگرێتە دەست ، ئەویش هەستا بەجێبەجێکردنی نەخشەیەکی کێشرا و کە بەوە مەرجەکانی کرزونی چوارەم هاتنە دی کە بریتی یە لە بڕینی هەموو پەیوەندی یەکی تورکیا بە ئیسلامەوە ، لەکارخستنی خیلافەتی ئیسلام بەتەواوەتی ، دەرکردنی خەلیفە و پشتیوانانی خیلافەت و ئیسلام لە وڵات و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامانی خەلیفە و دانانی دەستورێکی شارستانی لەجێی دەستوری کۆنی تورکیا .

١٢٨- مستەفا کمال کەوتە هەوڵی شۆردنەوە و سڕینەوەی تورکیا لە بیروباوەڕ و ئیسلامەکەی و جەنگ و دژایەتی ئایین داری و تەنگەبەری خستنە بەر بانگخوازانی و بانگەشەی دەکرد بۆ سفوری و تێکەڵی ، بەڵام لە تورکیادا دەنگی ڕاستی بەتوندی بەرنگاری عەلمانی یەت بوویەوە و بزوتنەوەی سەعیدی نەورەسی و حیزبی سەلامەت بەدیارکەوتن کە دواتر ئەو حیزبە بوو بە حیزبی ڕەفاە . هێشتاململانێی نێوان ڕاستی و پوچەڵی و ڕێنمونی و گومڕایی و سەربەرزی و ڕسوایی بەتوندترین شێوە لە تورکیادا هەیە .

١٢٩- هۆکارەکانی کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی زۆرن ، کەکۆی هەموویان دورکەوتنەوە بوو لە فەرمانڕەوایی پێکردنی شەریعەتی خوا کە سەختی و دڵگرانی و ناخۆشی ژیانی ڕاکێشکرد بۆ تاکەکان و ئوممەتیش ، کاریگەری دورکەوتنەوە لە شەرعی خوایش لەلایەنە ئایینی و کۆمەڵاتی و سیاسی و ئابوری یەکانیدا دەرکەوتن .

١٣٠- لادانی کۆتا سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شەرعی خوا و شلکردنەوەی گەلە ئیسلامی یەکانی ژێردەستیان لەفەرمان کردن بە چاکە و بەرپەرچی خراپەدا کاریگەری لە نێو ئەو گەلانەدا هەبوو و دوژمنکاری یە نێو خۆی یەکانی نێوان خەڵك زیاد بوون و دەروونەکان ڕووبەڕوی بە هیلاکدا چوون و ماڵەکان ڕوبەڕوی تالانکردن و زەوی یەکان ڕوبەڕوی دەستبە سەرداگرتن بوونەوە بەهۆی لە کارخستنی حوکمەکانی خوا لە نێوانیاندا . ئیدی جەنگ و ئاژاوە و بەڵاکان هەڵگیرسان کە لەو ئەنجامەیدا دوژمنایەتی و ڕق و کینەیەك هاتە بوون کە تا دوای ئاوابونیشیان هەر تیایاندا مایەوە .

١٣١ – لەو سوننەتە خوایی یانەی لە مێژوودارپوو دەدەن ئەوەیە : ئەگەر خەڵك سەرکەش بن لەوکەسانەی کە خوا دەناسن ، ئەوا خوا کەسانێك زاڵ دەکات بەسەریاندا کە نایناسن ، بۆیە مەسیحی یەکانی زاڵ کرد بەسەر موسڵمانەکاندا و سەرکەوتنی ئوممەت دیار نەما و بێبەش

بـوون لـه دەسـتەڵاتدرای و کەوتنـە نێـو تـرس و بیمـەوە و بـە دوایـدا چەرمەسـەری یـەکان بەسەریاندا هاتن و شارەکان فەوتان و بێباوەڕان زاڵ بوون .
١٣٢- بەڕاسـتی ئوممـەت توشـی لادانێکـی تونـد بـوو بـوو لەچـەمکەکانی ئایینەکەیـدا ، وەك بیروباوەڕی هۆگری و نەویستن (الولاء والبراء) و چـەمکی پەرسـتش . هـەروەها دیاردەکـانی هاوەڵ دانان و بیدعە و ئەفسانەکان بڵاوبووبوونەوە .
١٣٣- لە گـەورترین ئـە لادانانـەی لـە مێژووی ئوممـەتی ئیسلامیدا ڕوویانـدا ، دەرکـەوتنی سۆفیەتی لادەر بوو وەك هێزێکی ڕێکخراوی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی کە چەندین بیروباوەڕو بیرۆکـە و پەرسـتـشی دوور لـە قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەر (ﷺ) ی هـەڵگرت بـوو ، جـا سـۆفیەتی لادەر بـەهێزبوو و لـە کۆتـایی یـەکانی سـەردەمی عوسمانیـدا سـام و شـکۆی زۆر زیادی کرد بوو .
١٣٤- زۆرێـــك لـــەزانایان بـــوون بـــە یـــاری دەســـتی فـــەرمانڕەوا زۆردارەکـــان و لەســـەر بەدەستخستنی پیشە و پلان پێشبڕکێیان دەکردو ئـەو ڕۆڵـەی لێیـان داواکرا بوو نـەیانما ، ئیدی شتێکی ئاسایی بوو کە لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی دا زانستە ئایینی یەکان توشـی چەق بەستویی و بە بەرد بوون بێن . هەروەها زانایان گرنگی یاندا بە کورت کردنەوەی شەرح و پەراوێز و تەقریرەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕۆحی ڕاستی ئیسلام کە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبـەرەوە (ﷺ) درێژبوەتـەوە . زۆرێـك لـە زانایـانیش کردنـەوەی دەرگـای ئیجتیهادیـان داخسـت ، و بانگـەوازکردن بـۆ کردنـەوەی دەرگـای ئیجتیهـاد بـوو بـە تۆمـەتێکی گـەورە کـە دەگەیـشتە دانـانی لـە تاوانـە گـەورەکان و لای هەنـدێ لـە خۆچـوێنەرو کەسـە بەسـتوەکاندا دەگەیشتە ئاستی کوفر .
١٣٥- ستەمکاریی لەدەوڵـەتی عوسمـانی دا بڵاوبوویـەوە ، ستەمیش وەك نەخۆشـی وایـە لـە نێو مرۆڤدا کەپاش ئەوەی ماوەی توانستی تێپەڕاند و هەر نەخۆش بوو . ئـەوا مـەرگی پێش دەخات . دە ئاوایش ستەم لە ئوممەتدا هیلاکی و لەناو بردنی پێش دەخات کە تیایدا چەند کاریگەری یەکی کاولکەر ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی بە چەرمەسەردا بردنـی و شلۆق بوونیـدا لـە ماوەیـەکی دیـاری کـراودا کـە خـوای باڵادەسـتی توانـادار دەیزانێـت ، بۆیـە دەوڵـەتی عوسمـانی لە بوونیـدا ئـاوا بـوو و هـەروایش ئـەوەی ئـاوا بـوونی دەوڵەتـەکان پێش دەخـات ، ڕۆچونیەتی لە نێو ئارەزوەکان و دنیاپەرستی و زۆر ناکۆکی و دووبەرەکیدا .

١٣٦- بە دوای دەرکەوتنەوەی ئوممەتیش لە بەرنامەکەی پەروەردگاری چەند شوێنەوارێکی مەترسیدار هاتن وەك لاوازی سیاسی و جەنگی و ئابوری و ڕەوشتی و کۆمەلاّتی ، ئوممەتیش تواناکانی بەرنگاری و زاڵبوون بەسەر دوژمنانی لەدەست داو تووشی ئیستعمار بوو و شالاّوی فیکری لە ڕوودا بەرپا کرا لە ئەنجامی لە دەستدانی مەرجەکانی دەسەلاّتداری و دوورکەوتنەوەی لە هۆکارە ماددی و مەعنەوی یەکان و نەزانی و بێئاگایی لە سوننەتەکانی خوا لەمەڕ ڕاپەڕین وکەوتنی ئوممەتەکاندا . خوا دەفەرموێت ﴿ ولو أن أهل القرى ءامنوا و اتقوا لفتحنا عليهم بركت من السماء والأرض ولكن كذبوا فأخذنهم بما كانوا يكسبون ﴾ (أعراف /٩٦) .

١٣٧- ئەو هەوڵەی کە دراوە نەوازشی یەو شیاوی ڕەخنە و ئاڕاستەو ڕێنمایی یە . ئەمە تەنها هەوڵێکی نەوازشی یە کە ئامانجی نیشاندانی هۆکارەکانی ڕاپەڕین و کەوتنی ئوممەتە ، نێوانی من و ڕەخنەگریش قسەی شاعیرە :

إن تجد عيبا فسد الخللا جل من لاعيب فيه وعلا

لە خوا دەپاڕێمەوە کە ئەو هەوڵە بە چاکترین شێوە قبووڵ بکات و بەرەکەتی تێ بخات و بیخاتە سەر ئەو کارە چاکانەم کە پێی نزیکم دەخاتەوە لە خۆی . ئەو برایانەیشم لە پاداشت بێبەش نەکات کە لە تەواو کردنیدا یارمەتیان دام ، ئەم کتێبەیش بە فەرمایشتی خوا کۆتایی پێ دێنم ﴿ ربنا اغفر لنا و لآخواننا الذين سبقونا بالآيمان ولاتجعل في قلوبنا غلا للذين أمنوا ربنا إنك رءوف رحيم ﴾ (الحشر : ١٠) .

شاعیریش دەڵێت :

أنا الفقير إلى رب البريان ________ أنا المسكين في مجموع حالاتي

أنا الظلوم لنفسي وهي ظالمتي ____ والخير إن يأتنا من عنده يأتي

لا أستطيع لنفسي جلب منفعة ______ولا عن النفس لي دفع المفسرات

والفقير لي وصف ذات لازم أبدا ________ كما الغني أبدا وصف له ذاتي

وهذة الحال حال الخلق أجمعهم ____________ وكلهم عنده عبد له آتي

(سبحانك اللهم وبحمدك ، أشهد أن لاإله إلا أنت ، أستغفرك و أتوب إليك) .

جەنگاوەرە فەتحکەرەکان لێکرا لە کاتێکدا کە سوڵتان جەنگی لەگەڵ سەفەوی شیعەی ڕافیزی دا دەکرد لە وولاتی فارس [1].

دەیەم : گەڕانەوەی خەیرەدین بۆ جەزائیر : خەیرەدین لە دوای شکانی لە تونسدا گەڕایەوە بۆ جەزائیر و یەکەم جار لە قوستەنتینیەدا جێگیر بوو ، لێرەوە خۆی ئامادە کرد بۆ بەرپاکردنی جیهاد دژ بە ئیسپانیا لەو برانەوەکە دەست نیشانی دەکردن و بە خەیرەدینەوە پەیوەست بوون ، بەکاتی لە شاری جەزائیردا جێگیر بوو لەبەر ئەو پابەند بوونانەی کە نەخشە نوێیەکە بەسەریدا دەچەسپاند ، وەك قبودان پاشا بۆکەشتیگەلی ئیسلامی عوسمانی کە شالی پێنجەم هەستی بە بوونی دەکرد تا بەرپەرچی ئەو لێدانەی تونس بداتەوە بە لێدانێکی هاوشێوە . بۆیە هەستا بە هێرش کردن بۆ سەر دورگەی ئیسپانیەکانی بلبار و کەنارەکانی باشوری تاگەیشتە گەروی جبل تاریق ، عەننان خۆی هەستا بە هێرش بردنە سەر کەشتیە ئیسپانی و پورتوگالیەگەڕاوەکان لە زەویەکانی ئەمریکاوە کە هەڵگری زێڕو زیو بوون ، ئەم ڕووداوانە هەموو نێوەندەکانی مەسیحیەتی هەژاند و شارل دودڵی و ڕاڕایی تێکەوت لە کاتێکدا کە وای دەزانی کە خەیرەدین هەرگیز خۆی بەهێز ناکاتەوە پاش ڕووداوی پێشووی تونس لە ٩٤٢ك ، ١٥٣٥ز دا [2].

لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی عومسانی چووە نێو هاوپەیمانێتیەکی ڕەسمی لەگەڵ فەرەنسادا لەساڵی ٩٤٣ك ، ١٥٣٦ز کە ئەمەیش بە دژە هەڵوێستێك دادەنرێت بەسەر ئەو هێرشە دژایەتیەی کە ئیسپانیان پێی هەستا بۆسەر تونس [3].

---

[1] فتح العثمانيين عدن / ١٣٠ .

[2] حرب الثلاثمائة عام / ٢٢٧، ٢٣٦، ٢٤١، ٢٤٢ .

[3] جهود العثمانيين / ٣٢٣ .

بۆیـه واهاتـه پـێش و دەرکـەوت کـه ئیمبراتۆیـەتی پـیرۆزی ڕۆمـانی لەلایـەن نـەیار فەرەنـساو عوسمانیەکانـەوە گـەمارۆ دراوە ، کـە بوویـە هـۆی سـەرلەنوێ سـەرهەڵدانەوەی جەنگـەکانی نێوانیـان ، هـەروەك ئامانجـەکانی ئیـسپانیا و پورتوغـال بووبەیـەك ، ئەمـەیش لـە داگیر کردنـی مەڵبەنـدەکانی ڕۆژئاوادا لەگـەڵ بوونی ترسیان لە پێشڕەوی عوسمانیەکان بو نیمچە دورگەی ئیبیری .

دیبلۆماسیەتی پورتوگالی و هەڵوەشاندنەوەی یەکڕیزی لە باکوری ئەفریقیادا :

ئەحمەد وەطاس توشی شکست بوو لە ٩٤٣ك ، ١٥٣٦ز لە ڕووی سەعدیەکاندا لە ناوچـەی (بیرعقبـە) لـەنزیك (وادی العبیـد) . پـشێوی لـە هـەموو سـوپادا بـڵاو بوویەوە ، بەهۆی ئەو شکستەوە ئەحمەدی وەطاسي لە پورتوگـال نزیـك بوویـەوە ، ئەمـەیش لـە ئـەنجامی هەسـتکردنی بـە سـەرقاڵ بـوونی عوسمانیـەکان لـە جەنگەکانیاندا دژ بە ئیسپانیا ، بۆیە لە گەڵیاندا گرێبەستێکی بەست بۆ ماوەی ١١ساڵ کە بارودۆخی ڕۆژئاواییە نیشتەجێکانی ناوچەکانی ئەهیلا و طنجة و (القصر الصغیر) ی دەخستە ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی پاشای فاس ، هـەروەك بۆ ژێردەستە بازرگانە دەریاییەکانی پاشای وەطاسي هەبوو کە بچنە ئەو ناوچانەوە بە مەرجی نەبونی بازرگانی چەك و شمەکە مەترسیدارەکان .

ئەگەر پاپۆڕە عوسمانی یان فەرەنسی یان شوێنکەوتوەکانی مەسیحیەکانی جگە لە ئیسپانیا و پورتوگالیەکان هاتن بۆ خاکی پورتوگالیەکان بە شمەکەوە ، ئەوا ڕۆژئاواییەکان هیچیان لێناکرێن ، هەروەها لەمەڕ ڕۆژئاواییەکانیش دەبێت شمەك لە عوسمانیەکان نەکرن تادەست بەسەر دەستکەوتەکاندا بگیرێت و ئەملاو لایان پێ بکرێ تا هێزەکانی دوژمن هەلی هێرش کردنە سەریان بۆ نەڕەخسێت [1] .

هـەروەها پورتوگالیـەکان هـەولی بەسـتنی گرێبەسـتی کاتیـان دا لەگـەڵ سـەعدیەکاندا ، بۆیـە وەفـدێکیان نـارد بـۆ مـەراکیش بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ مـەولا

---

[1] جهود العثمانیین / ٣٢٣ .

ئەحمەدی ئەعرەجدا کە ئامادەبوو ، چونکە ئەو پێویستی بە ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتە تازە پێگەیشتەوەکەی هەبوو بەتایبەت پاش ئەو سەرکەوتنانەی کە نەیارە وەطاسیەکانی بەدەستیان هێنا لە ناوچەی بیر لەدوای ٩٤٣ك ، ١٥٣٦ز . پورتوگالیەکان لەگەڵ سەعدیەکاندا ڕێککەوتن بۆ بەستنی گرێبەستی کاتی لە نێوانیاندا لە ٢٥ی ذي القعدة ی ٩٤٤ك ، ٢٥ی ئەپریلی ١٥٣٧ز بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ ئاڵوگۆڕپێکردنی بازرگانی نێوان ژێردەستەکانی هەردولا دا گرێبەستەکە بەسترا [1].

ئامانجی پورتوگالیەکان لە نزیکبونەوە لە وەطاسیەکان و سەعدیەکان حەسانەوەیەکی کاتی بوو بەبێ بونی یارمەتیەکی دروستی نێوان عوسمانیەکان لە لایەك و وەطاسی و سەعدیەکان لە لایەکی ترەوە ، چونکە هەرهاوکاریەك لە لایەن ئەوانەوە واتای هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی نیمچە دورگەی ئیبریە لە ڕۆژئاوادا . گرنگتر لەوە ترسی ئیسپانیاو پورتوگال بوو لە پێشڕەوی کردنیدەوڵەتی عوسمانی بۆ نێو نیمچە دورگەی ئیبریەو هێنانەدی ئامانجەکانی لە گەڕاندنەوەی ئەندەلوس دا [2].

باسی پێنجەم

موجاهیدی گەورە حەسەن ئاغای طوشی

خەیرەدین بربروسە سەرقاڵ بوو بە حوکمکردنی پایەکەی قبودان پاشا وەکە کارکردن بوون لە کەشتیگەلی عوسمانیدا ، چالاکی لە حەوزی ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاستەوە دەستی پێکرد . لە کاتێکدا حەسەن ئاغای طوشی بەردەوام بوو لەو پایە دەسەڵاتەیدا کە بە جێگری بیلریك دانرابوو ئیشی دەکرد بۆڕا وەدوونانی جەردە ئەوروپیەکان . لەم پێناوەشدا هەر ڕێگەیەکی چاکی گرتەبەر ،

---

1 جهود العثمانيين / ٣٢٤ .

2 جهود العثمانيين / ٣٢٤ .

کەسێتی ئەو لە جەزائیردا نمونەیەکی دیاریپاڵەوانێتی و قوربانیدانی ئیسلامی بوولە پێناو بەرگری کردن لە وڵاتانی ئیسلام لە باکوری ئەفریقیادا . بەمە جەزائیر شکۆداری وبڵندیەکی بەدەست هێناو وای کرد گەلانی مەسیحی ڕاکەڕاکەیان بێت (پەلە بکەن لە ڕۆشتن) بۆ لای شاهەنشاهی گەوەر یان ئیمبراتۆر شارلی پێنجەم تاداوای ڕزگاری و فریاکەوتنی لێبکەن ،بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوەو و بچنە ژێر ئاڵای ئەوەوە لە نێو ئەوانەشدا پاپا پۆلی سێیەم بوو .

شارلی پێنجەم لە ٩٤٦ك ، ١٥٣٩زدا هەوڵیدا ڕێککەوتنێکی کاتی ببەستێت لەگەڵ خەیرەدین بروسە ، بەڵام هیواکەی سەری نەگرت [1] .

هەروەك چۆن لە هەوڵی یەکەمیدا سەرنەکەوت کاتێك بە نهێنی دانی نابە خەیرەدیندا وەك فەرمانڕەوای باکوری ئەفریقیا لە بەرامبەر سەرانەیەکی کەمدا . شارلی پێنجەم کە هەستا بە هاوپەیمانیەتی ئیسپانی جەزائیری، هیوای وابوو سەنگەرگیری هاوپەیمانێتی فەرەنسی عوسمانی پێبکات و ئیش بکات لە سەر جیاکردنەوەی باکوری ئەفریقیا لە ئەستانبوڵ بەو هیوایەی ئەگەر ئەوەی هێنایەدی ئیدی باکوری ئەفریقی هەرگیز ناتوانێت دەست بکات بە بەرگریەکی بەهێز ، بەوەش کەوتنی ئاسان دەبێت [2] .

حەسەن ئاغا طوشی تەواو کەوتە پتەوکردنی ئاسایش و دانانی بنەڕەتەکانی بەڕێوە بردنێکی جێگیرو هەوڵی کۆکردنەوەی لایەنەکانی وڵاتی دا بەدەوری دەسەڵاتی مەرکەزی جەزائیریدا [3] .

---

[1] تأريخ الجزائر العام : ٦٢،٦٣/٣ .

[2] تأريخ الجزائر الحديث /٣٥ .

[3] حرب الثلاثمائة سنة / ٢٧٩ .

جا شاری موستەغانمی ملکەچی دەوڵەتەکەی کرد ، پاشان بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات پێشڕەوی کردو دەستی گرت بەسەر پایتەختی (زاب بەکرە) و دەوربەریدا ، لەوێدا قەڵایەکی پتەوی دروست کرد و پارێزەری بۆ دانا .

لە مانگی جەمادی یەکەمی ٩٤٩ك ، سێبتەمبەری ١٥٣٩ز دا سوپای عوسمانی چووەوە نێو دەریا کە نزیکەی ١٣٠٠ پیاو بوون لە نێو ١٣کەشتیدا و بەهۆیەوە بەرەو ئیسپانیا بەڕێکەوتن . حەسەن ئاغاو سوپاکەی لە وشکانیدا دابەزین و شارەکەیان داگیرکردو تیایدا سەقامگیر بوون و هەرچی خێرو داهات و ڕۆزی و دەستکەوتی بوو دەستی گرت بەسەریدا بۆ موسڵمانان، هەروەها چووە نێو بەرەکانی کەناری باشوری ئیسپانی و ئەو ماڵ و سامان و شمەکەی ئیسپانیا کردە دەسکەوت کەکەوتە ژێردەستی یەوە. لە نێوانیاندا دەستەیەك لە دیل و (سەبایا) کانی هەڵبژارد تا لە شارە ڕۆژئاواییەکانی باکوردا بەتایبەت لە تەطواندا بیانفرۆشێت و دواتر بگەڕێتەوە بۆ مەیدان ، کاتێك ویستی بگەڕێتەوە بۆ جەزائیر ڕێگەیەکی بنیادی ئیسپانی بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەرەنگاری بوونەوە و جەنگ لە نێوان هەردوو هێزدا ڕوویدا کە زۆر پشێوو توندو سەخت بوو بویە هۆی چونە ژێرئاوی ژمارەیەك لە کەشتیەکانی هەردولا ، لەگەڵ ئەوەدا زیانەکانی ئیسپانی لەوجەنگەدا زۆر گەورەتربووە [1] .

شارلی پێنجەم سوربوو لەسەر ئەوەی هەستیّ بە هێرشێکی سەربازی کە ئامانجی زاڵبوون بوو بەسەر بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامیدا لە حەوزی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست . پێش ئەوەی دەست بکات بە جێبەجێکردنی هێوریەکی نیمچەیی کیشوەری ئەورووپی گرتبوویەوە بەهۆی بەستنی ڕێککەوتنی کاتی (نیس) لە موحەڕەمی ٩٤٨ك هاوکاتی ١٥ی مانگی ئۆکتۆبەری ١٥٤١ ز ەوە کاتێك حەسەن ئاغای طوشی بینی شارل نیازی چیە ، لە دیوانەکەیدا لەگەڵ

---

[1] حرب الثلاثمائة سنة / ٢٨٠ .

ناوداران و گەورەپیاوانی دەوڵەتدا کۆبوویەوە و هانی دەدان لەسەر جیهاد و بەرگری کردە لە ئیسلام و نیشتمان بەو وتەیەی : (... بەڕاستی دوژمن گەیشتوە پێتان تا کوڕو کچەکانتان بفڕێنێت . جا لە پێناو ئەم ئایینە پاکەدا خۆتان شەهید بکەن ... ئەو زەویانە بەهێزی شمشێر فەتح کراون و پێویستە بپارێزرێن ، پشت بەخوا سەرکەوتن هاودەممانە ، ئێمە ئەهلی ڕاستی و حەقین ...) موسوڵمانانیش دۆعایان بۆکرد و پشتگیریان کرد بۆ جیهاد کردن دژی دوژمن ، پاشان حەسەن ئاغای طوشی دەستی کرد بە ئامادەسازی سوپاکانی و سازدانیان بۆ جەنگ [1] .

لە لایەکی ترەوە ئیسپانیا دەستی کرد بە ئامادەکردنی ڕیزەکانیان ، شارلی پێنجەم سەری سوڕما لە ئامادەسازیەکانی حەسەن ئاغاو دەیویست گاڵتەی پێبکات ، بۆیە فەرمانی کرد بە نوسەرەکەی تا دەقێك ئامادە بکات بۆ حەسەن ئاغا کەتیایدا هاتبوو : (... تۆ دەمناسیت کە من سوڵتانم ، هەموو میللەتی مەسیحیەکان لە ژێر دەستمدایە ، ئەگەر دەتەوێت بەرەوڕووم بیتەوە ، ئەوا ڕاستەوخۆ قەڵاکەم بۆ بدە بەدەستەوە ، خۆت لە دەستم ڕزگار بکە ،گەرنا فەرمان دەکەم بەردەکانی قەڵاکە بخەمە نێو دەریاکان و نەگەورەیی و نە قەڵاکەو نەتورکەکانت بۆ نەمێننەوە ، هەموو شارەکانیش کاول دەکەم ...) . ئەو دەقە گەیشتە حەسەن ئاغا ، ئەویش وەڵامی دایەوە : (.... من خزمەتگوزاری سوڵتان سولەیمانم ... وەرە قەڵاکە وەربگرە ، بەڵام ئەم وڵاتە خوو و نەریتێکیان هەیە کە ئەگەر دوژمن هات بۆیان جگە لەمردن هیچی تر نابەخشن) [2] .

لە گێڕانەوەیەکی تردا : (ئیسپانیا جارێك لەسەردەمی عوروجدا جەنگی کرد لەگەڵ جەزائیر ، لەسەردەمی خیرەدینیشدا جارێك بەڵام ، هیچی بەدەست

---

[1] جهود العثمانيين / ٣٢٦ .
[2] جهود العثمانيين / ٣٢٦ .

نەکـەوت ، بـەڵکو مـاڵ و سـامانی لەدەسـت چـوو و سـەربازەکانی لەناوچـوون ، بەویستی خوا جاری سێیەمیش تۆیش هەرئەوە بەدەست دەهێنیت)[1] .

لەوشەوەدا نوێنەرێکی والی جەزائیر گەیشتە سەربازگەی شارلەگان و داوای لێ کرد ڕێگە بدات بە ئازادی چوونی هەرکەسی لە خەڵکی دورگەکە کە دەیانەوێت بڕۆن ، بەتایبەت ئافرەتـان و منداڵـەکانی بە چوونەدەرێ لەشارەکە لە ڕێگەی (باب الـوادی) یـەوە . شارلەگان زانـی پارێزەری جەزائیر سـوورە لەسـەر بـەرگری کردنی بەردەوام ، و مەحاڵە جەزائیر داگیر بکات مەگەر بە تەواوی وێرانی بکـات ، ئیمبراتـۆریش تائـەو کاتـە تـۆپی گـەمارۆدانی بـەکار نـەهێنابوو ، بەمـەیش نەیدەتوانی بە تۆپ جەزائیر تۆپ باران بکات ، لە هەمان کاتدا موجاهیدەکان لە هەموو شوێنێکەوە گورزە کوشندەکانیان ئاراستەی هێزە ئیسپانیەکان دەکرد. تا یەك لەسوارەکانی مالطـة لە قسەکانیدا لە بارەی جەنگەکەوەوتی : (بەڕاسـتی ئەو ڕێگەیەی جەنگ دای هەژاندین ، چونکە ئێمە پێشتر نەماندەزانی و شـارەزای نەبووین)[2] .

ژمارەی موجاهیدەکان بەردەوام زیـادی دەکـرد بـەو هۆیـەی کـە تـەنها بـە بیسـتنی دابـەزینی هێـزە ئیـسپانیەکان جـەنگاوەرەکانیان لـە هـەموو لاوە دەردەپـەڕین ، موجاهیـدەکان سـودیان دەبـینی لـە وەشـاندنی گورزەکانیانـدا بـەهۆی شـارەزایی وردو تەواویان بەخاکەکە و بەکارهێنانیان بە هۆی تایبەتمەندییان بە شێوەیەکی باش . خـوای گـەورە بـاران و ڕەشـەباو شـەپۆلەکانی بـۆ سـەربازانی ئیـسلام دابین دەکـرد (لەبەرژەوەنـدیان) ڕەشـەبای گـەردەلولێك چـەند ڕۆژێـك بـەردەوام بـوو و چـادرەکانی سـەربازانی هێرشـبەری پێـچانەوەو کەشـتیەکان هەنـدێکیان دەیانـدا بەهەنـدێکی تریانـدا کـە بـووە هـۆی چوونەژێرئاوی زۆرێکیـان . شـەپۆلە دەنـگ

---

[1] خیرالدین بربروسة / ١٠٨ .

[2] خیرالدین بربروسة / ١٠٨ .

ترسێنەکانیش هەندێ لە کەشتیەکانیان بەرەو کەناری دەریاکە فڕێ دەداو بەرگریکەرە موسوڵمانەکانیش هێرشیان دەرکردنەسەر و دەستیان دەگرت بەسەر ئامێرو خەزێنەکانیدا . بارانیش باروتەکەیانی لەکار دەخست ، لە نێوەندی ئەو کارەساتانەدا ، ئیمبراتۆر هەوڵی هێرش کردنەسەر شاری جەزائیری دا ، بەلاّم هەموو هەوڵەکانی شکستیان خوارد)[1] .

پاڵەوانیەتیەکی بێوێنە لە سەرکردە (الحاج الكبير) ەوە دەرکەوت کە توانی بەسەربازەکانیەوە مەسیحیەکان بەدلێریەکی سەرکەوتوانەو نەبەردیەکی کەموێنەو پاڵەوانێتیەکی بێوێنەوە پاکتاو بکات . بەڕاستی سەرکردایەتی سەربازی جەزائیری توانی سود لەو بارە گەمارۆدراوەی مەسیحیەکان وەربگرێت و سەربازەکانی بەڕێگەیەکی تایبەتی (کرّ و فرّ) ئاراستەبکات کە بەشێکی گەورەی دوژمنەکانی لەناو برد و ئیمبراتۆری ناچار کرد بە پاشەکشەکردن لەگەڵ ئەو سەربازانەی تری دا بەو بڕە کەشتیانەی کە بۆیان مابوونەوە و بە کەشتیگەلەکەیەوە لە جیاتی ئیسپانیا بڕۆن بەرەو ئیتالیا .

ئەو هۆکارانەی بوونە یارمەتی دەری شکست هێنانی ئیمبراتۆر ، سەرکردایەتی پێگەیشتوانەو کۆبوونەوەی گەلی جەزائیری بوو بەدەوریدا لەگەڵ دەرپەڕینی پیاوانی هۆزەکان بەرەو مەیدانی جەنگ بە داخوازی شەهید بوون لە ڕێگەی خواو پارێزگاری کردن لە ئیسلام و موسوڵمانان . خەڵکی دورگەکە ئەو شکانەیان بەوێنەی شکانی یارانی فیل چواند کە لە قورئاند هاتووە ، جا لە نامەیەکدا کە ئاراستەی سوڵتان سولەیمانیان کردووە دەڵێن : (خوای گەورە شارلی پێنجەم و سەربازەکانی بە تۆڵەی یارانی فیل تۆڵە لێکردەوە و فڕوفێڵیانی کردە گومڕایی و ڕەشەبایەکی گەردەلولی و شەپۆلێکی تێکشکێنەری بۆ ناردن کە خستنیە

---

[1] الدولة العثمانية ، دولة إسلامية : ٢/ ٩١٩ .

کەنارەکانی دەریا بە شێوەی دیلی یان کوژراوی ، جگە لە کەمێکیان نەبێت هەموو خنکان) [1] .

دانیشتوانی جەزائیر –ئایا خەڵکانی سەرەکی و ڕەچەڵەکی هەرێمەکەبن یان ئەو موسوڵمانە ئەندەلوسیابن کە بە ئایینەکەیانەوە بەرەو جەزائیر ڕایان کردبوو – هەستان بە ناردنی نامەیەك لە مانگی داهاتوودا بۆ سوڵتان سولەیمان لە مەڕ شکانی شارلی پێنجەم . ئەو نامەیە ئەو بارودۆخە نالەبارو لەناکاوەی ڕوون دەکردەوە کە گەمارۆی ئەو موسوڵمانانەی دابو کە پارێزگاریان لە ئایینەکەیان دەکرد لە ئیسپانیادا پاش ئەوەی لاپەڕەی حوکمی ئیسلامی لە ئەندەلوس پێچرایەوە ، لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمی دەسەڵاتە مەسیحیەکان و دادگاکانی دیوانی بەدواداچوون –دادگاکانی پشکنین – و سوتاندنیان ، نامەکە باس لەو خزمەتگوزاریە بەرزو بەنرخانە دەکات کە خەیرەدین پاشای موجاهیدی ڕێی خوا و سەرخەری ئایین و شمشێری خوایی دژ بە بێباوەڕان بەجێی گەیاندوون لەپێناو ئیسلام دا) .

هەروەها نامەکە دەیوت : خەڵکی ئەندەلوس پێشتر داوای فریاکەوتنیان لێکردووە ، ئەویش چوو بەدەمیانەوە (کە بوویە هۆکارێك بۆ ڕزگاربوونی زۆرێك لە موسوڵمانان لەدەست بێباوەڕە هەڵگەڕاوەکان و گواستنەوەیان بۆ خاکی ئیسلام) بەمە بوونە ژێردەستەی دڵسۆزی دەوڵەتی عوسمانی . نامەکە دوو داواکاری سەرەکی دەستنیشان کردبوو :

١. ناردنی فریاگوزاری یە سەربازەیی یەکان (بۆ سەرخستنی جەزائیر ، چونکە دیواری ئەهلی ئیسلام بوو ، سزاو سەرقاڵی ئەهلی بێباوەڕی و سەرکەشیش بوو ، کە بەناوی پیرۆزتانەوە لەژێر قەڵەمڕەوی پایەی بڵندی

---

[1] الدولة العثمانية ، دولة إسلامية : ٢/٩٢٠ .

ئێوەدا مۆر کرا کە دڵە شکاوەکان پێی عیززەتمەند دەبن و ژێر دەستە هەمەجۆرەکانیش تەواو هۆگری دەبن)[1] .

٢. گەڕاندنــەوەی خــەیرەدین پاشــا بــۆ پایەکــەی پێــشووی –بەگلەربــەگی جەزائیر– (چونکە جێبە جێکاری فەرمانەکانی گەورەمانە چونکە ئەو ئەم وولاتـەی زینـدوو کـردەوە و دڵـی بێبـاوەڕانی تۆقاند و مـاڵی هەڵگـەڕاوەو هەڵهاتوانی کاول کرد ، ئەو سەرخەرێکی چاك بوو بۆ ئەم وڵاتـە و هـەموو هاوەڵدانەران لێی دەترسان و دەتۆقان)[2] .

خەیرەدین بربروسە گەیشتە شاری جەزائیر بۆ بەشداریکردن لە بەرگری لێکردنی ئەو ناوچـەیە تـا بەتـەوفیقی خـوا بـۆ موسـوڵمانان و پـەیمان پێدانی موسـڵمانان سـەرکەوێت کـە بەسەرکەشـتیگەلی ئیـسپانیا دا . بـەو لەدەسـت دانـی کاروبـاری بەگلەربەگیـەوە وەسـتاو ئاگـاداری بەڕێوەچـوونی کارەکـانی بـوو ، پاشـان بـە کەشتیگەلەکەیەوە بەرەو وولاتی ئیسپانیا چوو تا سزایەکی سـەخت و دەردناکی تـوش بکـات . سـوڵتان سـولەیمان پلـەی پاشـایەتی بەخـشی بـە حەسـەن ئاغـای طوشی بە هۆی ڕۆڵی کاریگەری لە سەرکەوتن و چۆڵکردنی دەریای ناوەڕاست لـە کەشتیگەلی ئیسپانی کـە برینەکـەی دەپێـچایەوەو هـەوڵی گێڕانـەوەی هێزەکـەی دەدا ، جا کەشتیە عوسمانیەکان بەرەو کـەنارە ئیـسپانی و ئیتالیـەکان دەرچـوون و لـەوێ چـەند جـەنگێك بـە دوای یەکـدا ڕوویانـدا . تـرس و بـیم ئـەو ناوچـانەی گرتــەوە کــە بــەڕوی عوسمانیەکانــدا بــەکراوەیی مابوونــەوەو لــەوێ شــەپۆلیان دەهاویشتە ناوی و ئەوەی تیایدا بوو بە دەستکەوتیان دەگرت[3] .

---

[1] الدولة العثمانية ، دولة إسلامية : ٩٢١/٢ .

[2] الدولة العثمانية ، دولة إسلامية : ٩٢١/٢ .

[3] حرب الثلاثمائة سنة / ٢١٣ .

هـەروەك دەوڵەتـە ئەوروپیـەكان حیـسابێكیان بـۆ عوسمانیـەكان دەكـرد ، بەمـە مەڵبەنـدی ئیـسپانیا لـە وەهـران و ناوچـەكانی تـری ژێـر قەڵـەمڕەویان لـە باكوری ئەفریقیدا هەژاند و كەوتە لەرزین [1] .

لـە لایـەكی تـرەوە سـەعدیەكان سـەركەوتنێكی گـەورەیان بـە دیهێنـا بەسـەر پورتوگالیەكانـداو قـەڵای سـانتاكروزیان فـەتح كـرد ، كـە جـانی سـێیەم پاشـای پورتوگـالی ئـەم هەواڵـەی بیـست یەكـسەر فـەرمانی بـە پـارێزەرانی ئاسـفی و ئەزموركرد كە بەجێی بهێڵن . لەم بارەدا پاشا جانی سێیەم باڵوێزی خۆی نارد بۆ مەدرید بە نامەیەكی تۆماری مێژوویی لە ٢٢ی ڕەمەزانی ٩٤٨ك ، دیسەمبەری ١٥٤١زدا كـە تیایـدا شارلی پێنجـەمی ئیمپراتـۆری ئیـسپانی ئاگـادار دەكرێتـەوە بـەوەی باسـی ئـو هۆكارانـە دەكـات كـە پورتوگـالی ناچـار كـرد بـە بڕیـاری بەجێهێـشتنی دوو بنكـەی ئاسـفی و ئـەزمور . بـە زیـاد لـە بـاری نالـەباری ئـەویٚ، هێزەكـانی سـەعدیەكان بـەهۆی یارمـەتیـە عوسمانیەكانـەوە زیادیـان كـرد و فـەرمانڕەوای سـەعدی بویـە خـاوەنی تـۆپی عوسمـانی و ئامێـرە جەمگیـەكان كـە چـەندین سـەربازی مەشـق پێكـراوی لەگەڵـدا بـوون ، ئـەم یارمەتیانـە لـەكاتی ئابلۆقـەدانی سـانتاكروز دا دەركـەوتن كـە پارێزگـاری كـردبن ئـەودوو مەڵبەنـدەی كردە كارێكی سەخت و گران ، پاشان بەجێهێشتنی ئاسفی و ئـەزموور بـە واتـای بەجێهێشتنی ڕۆژئاوا نـەبوو ، چونكە فـەرمان بۆلـە دەرچوو بتـەوكردنی مازكـان ئەویش بە هۆی ئاسانی بەكارهێنانی بەندەرەكەی بە درێژایی ڕۆژانی ساڵ [2] .

لەمـەوە مـاوەی گرنگیـدانی دەوڵـەتی عوسمـانی دەردەكـەوێت بـە پێشكەشكردنی یارمـەتی هێـزە ئیـسلامیەكان لـە ڕۆژئـاوا دادژ بـە مەسـیحیەكانی ئـەویٚ ، ئـەوەیش چونكە دەوڵەت دەیویست پشتەوەی بێ خـەم و دڵنیا بكـات تـا هـەڵی هێرشـی بـۆ

---

[1] المغرب العربي الكبير / ٩ .

[2] جهود العثمانيين / ٣٢٨ .

هەڵکەویٚ ، لێرەدا دەوڵەت خوازیاری یارمەتی سەعدیەکان بوو تا کۆتایی بەبوونی پورتوگالی بهێنن لە مەڵبەندە باشوریەکانی ڕۆژئاوادا و دواتر تێپەڕبن بۆ ئەندەلوس ، چونکە ڕۆژئاوا نزیکترین خاڵی تێپەڕبوونی دەنواند [1] .

سەرەنجامی شارلەگان : شکستی شارلەگان (شارلی پێنجەم) لە هێرشەکەیدا بۆ سەر جەزائیر ، کاریگەریەکی قووڵی هەبوو نەوەك تەنها بۆ سەر ئیمبراتۆریەتی ئیسپانی و پاشایی شارلەگان ، بەڵکو لەسەر ئاستی ڕووداوە جیهانیەکاندا . شیعری عەرەبی ئەو ڕووداوە تۆمار دەکات کە لە بارەیەوە ووتراوە :سلوا شارلکان

کم رأى من جنودنا	فليس له الا هم من زواجر
فجهز أسطو لاوجيشا عرمرما	ولكنه قد اب اوبة خاسر

هەواڵەکانی شکست وەك هەورە بروسکە دابەزینە نێو ئەوروپا ، لەوێدا ڕوداوەکان بەپەلە گەشەیان سەند ، هیچ هاوپەیمانێك نەمایەوە بۆ ئیمبراتۆر جگە لە هنری سێیەم پاشای ئینگلتەرا کە دایە پاڵ پاشای فەرەنسا دۆق دی کلیف و پاشای دانیمارك و پاشای ئیسکەندنافیا ، فەرەنسیەکان زۆر دڵخۆش بوون، چونکە شکست و کەوتنی جەزائیر دەبویە هۆی بێ هیوایی ڕوخان و کەوتنی فەرنسا ، فرانسوای یەکەم کە پاشای بوو ، کەوتە بەستنی چەند گرێبەستێك لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا ، هەروەها ئەم کارەیش چەند ئەنجامێکی مەعنەوی (دەرونی) هەبوو لە نێوخۆی باکوری ئەفریقیادا ، لەئەوروپایش (ترسی موسوڵمانەکان لە دڵی خەڵکی ئەوروپادا بۆ ماوەیەکی درێژ مایەوە) .

شارلی پێنجەم نەیتوانی بیر بکاتەوە لە هێرشێکی تر دژ بە جەزائیر ، سامی خەیرەدین و حەسەن ئاغا زاڵبوو بەسەر هەموو گشتی و تاکی خەڵکدا تائەوەی خەڵك ئەگەر لە دوورەوە کالانێکیان بدیبایە دەیاندایە پاڵ خەیرەدین و هاوار

---

[1] جهود العثمانيين / ٣٢٨ .

بەرز دەبوویەوەو قیژەو گریانیان زیادی دەکرد و دانیشتوان لەماڵ و کێڵگەو پێگە بازرگانیەکانیاندا ڕایان دەکرد ، ئەگەر ڕەشەبا کەشتیەکی لەناوبردایە ، خەڵکی دەترسان و وایان دەزانی خەیرەدین بربروسە بووە کە دەریای هەژاندووە ورووژاندویەتی و بەرەو ژێر ئاوخستنی کەشتیەکانی بردووە . ترس لەسەرکردەکانی جەزائیر گەیشتە ئەوپەڕ تا خەڵکی ئیسپانیا و ئیتالیا ئەگەر تاوان یان دزی یان ناپاکی و خراپە یان کاولکاری یان نەخۆشی یان دەرد یان نەهاتی ڕووی بدایە دەیانووت : خەیرەدین و هاوەڵەکانی هۆکاری ئەوەن [1].لە پرمەی گریانیاندا دەیانووت :

بربروسة	بربروسة
انت صاحب	كل شرّ
ما كان من	الم ،اوعمل
مؤذن وجهنمي	مدمر
الا والسبب	فيه

*مردنی حەسەن ئاغای طوشی : حەسەن ئاغای طوشی بەردەوام بوو لە هەستان بە ئەرکی پیرۆزی تاکاتی مردنی لە ٩٥١ك ، ١٥٤٤زدا ، خەڵکی دیوانیش لە جەزائیردا کۆبوونەوە بۆ دانانی حاجی بکیر لە شوێنیدا ، هەروەها بابی عالی لە ئەستانبول فەرمانڕەوایی نوێی دەستنیشان کرد کە حەسەنی کوڕی خەیرەدینی دەستنیشان کرد و لەهەمانساڵدا چوویە شوێنەکەی [2].

باسی شەشەم

*موجاهید حەسەنی کوڕی خەیرەدین بربروسە

حەسەنی کوڕی خەیرەدین لە گەڵ گەیشتنیدا دەستی کرد بە خۆئامادەکردن بۆ جیهاد و بەرەنگار بوونەوەی مەسیحیەکان ، بۆیە کەوتە پتەوکردن و بەهێزکردنی

---

[1] خيرالدين بربروسة / ٢٠٠ .

[2] تأريخ عام الجزائر : ٣/ ٨٤ .

شاری جەزائیر ، ئەوەیش لەو ناوچانەدا کە هێرشی شارلی یەکەم لاوازی نواند بوو ، هەروەك کەوتە پتەوکردن وچەسپاندنی نیزام لە جەزائیر و نێو ڕیزەکانی سوپادا .

پاشان کشایەوە بۆ چارەسەری کێشەی تلمسان کە بۆی دەرکەوت مانەوەی بنەماڵەی زیانی و بونی ئیسپانیا لە وەهران چارەسەری کێشەکە پەك دەخەن [1]. فەرمانڕەوای تلمسان (أبو زيان) ئەحمەدی دووەم فەرمانڕەوایی گرتەدەست بە پاڵپشتی عوسمانیەکان ، بەڵام ئەوەبوو ملی کەچ کرد بۆ پلانە دەرەکیەکان و کەوتنەشوێن دەستەکەیان و لە ئیسپانیا نزیك دەبوویەوە کە بوویە هۆی ناڕەزایی خەڵکەکە لێی ،و بڕیاریاندا لەسەر کورسی دەسەڵاتەکەی لایبەرن و بەیعەت بدەن یەك لە براکانی حەسەن . بۆیە {ئەبووزییان} بەرەو وەهران چوو بۆ داوای پاڵپشتی لە ئیسپانیا و پەیمان پێدانیان بەوەی وابەستەی هۆگربوونیان بێت ، بۆیە فەرمانڕەوای وەهران بڕیاری قۆستنەوەی ئەو هەلەی داو سوپایەکی ئامادەکردو هەموو ملکەچانی ئیسپانیایش لە بەنوعامر و فلیتە و بەنو ڕاشید و لەسەرو هەموویانەوە سەرکردە مەنصوری کوڕی بوغنام دایانە پاڵی و بەرەو تلمسان پێشڕەویان کرد بۆ دوورخستنەوەی حەسەن و دووبارە دانانەوەی ئەبو زیان لەسەر کورسی دەسەڵاتی شارەکە . کەحەسەنی کوڕی خەیرەدین بە بزاوتنی هێزی ئیسپانی زانی ، سەرکردایەتی سوپای ئیسلامی کرد لە تلمسان تاکوو ڕێگری ئیسپانیا بکات بۆ گەیشتن بەئامانجیان . حەسەن لەمەدا سەرکەوت ،بەڵێ ئەو کەسەی کە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەناسرا پاڵپشتی پاشا حەسەنی هاوپەیمانی کرد لە تلمسان دا [2].

---

1 تأريخ الجزائر الحديث / ٣٨، ٣٩ .

2 الجزائر والحملات الصليبية / ٢١، ٢٢ .

هــــەروەها پاشــــا حەســــەنی کـــوڕی خــــەیرەدین پـــارێزەرێکی عوسمـــــانی دانابەســەرکردایەتی ســەرکردە محمــد لــە قــەڵای میـشواردا لــە تلمـسان ، لەگــەڵ ئەوەدا قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی لەدەرەوەی تلمساندا دەلەری یەوە بەهۆی تەنگەبەریەکانی هەندێ لەو هۆزە هاوسنورانەی بە سەرکردایەتی مزواری کوڕی بوغنام کە بەچاکی دەزانی بکەوێتە یارمەتیدان و دانەپاڵی زاوای ئەمیر مەولای ئەحمەدی هاوپەیمانی ئیسپانیا[1].

دەوڵـەتی عوسمـانی هەسـتا بە پاڵپـشتی سـوڵتان شـەریفی سـەعدی بە بڕی ٢٠ هەزار سەرباز کە بەدەوریدا کۆبوونەوەو پاڵیان پێوەنا بۆ دروستکردنی کەشتی جـەنگی بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئیـسپانیادا ، شـەریف سـەعدیش بـەوەژازی بـوو و موچەی دەستگرۆیی بۆ بەخەرج دەدات[2].

شـەریف سـەعدی تـوانی کۆتـایی بـە فـەرمانڕەوایی وەطـاسـی بهێنێـت ، بەمـە ئیسپانیەکان دەترسان لە هێرشـی هاوبەشـی عوسمـانی سـەعدی ، بۆیـە هەسـتان بە کۆتـایی هێنـان بە فـەرمانرەوا خوازیـە پیشاوەکان و چـەند لێپرسینەوەیەکی ئاسایـشیان ســەپاند بــە ســەر جەبــەل تــاریق و قــادش دا لەگـــەڵ چــەند لەبەرچـاوگرتنێکی تـردا ، یەکـەمجار سـەعدیەکان وەك ڕزگارکـەری ڕۆژئـاوا لـە بوونی مەسیحیەکان دەرکـەوتن ، ئەمـەیش پشتگیری موسوڵمانانی بۆ بەدەسـت خـستن بـەوەی ئـەوەیان بـە جـۆرێ لـە جیهـاد دادەنـا ، دەوڵـەتی عوسمـانی یارمەتیگـەلێکی زۆری پێشکەش کـرد بـۆ هێنانـەدی ئـەو کـارە ، پاشـان پـرۆژەی گەڕاندنـەوەی ئەندەلوسـی خـستەڕوو بـۆ سـەعدیەکان . پـاش ئـەوەی وڵاتـانی ڕۆژئاوا کەوتنـە ژێردەستی شـەریف سـەعدی و فـەرمانڕەوایی وەطـاسـی کۆتـایی هات ، شـەریف بەرەو تلمسان چوو چەند سوپایەکی گەورەی نارد بۆ کۆتـایی

---

[1] جهود العثمانيين / ٣٢٩ .

[2] جهود العثمانيين / ٣٣٠ .

هێنـان بـه حـوكمی عوسمـانی تیایـدا ، كاتێـك عوسمانیـەكان هەسـتیان بـەو چاوچـنۆكیانه و لادانـی شـەریف سـەعدی كـرد لـه ئامـانجی ئیـسلامی ، چـەند هێرشێكیان ناردەسەر تاكوو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی [1].

موجاهیـدەكان لـه باشـوری ئـەفریقیادا هەڕەشـەی ئاسایـشی ڕۆژئـاوای دەریـای ناوەڕاسـتیان دەكـرد ، هەسـتان بـه چـەند هێرشـێكی بازرگـانی و كەشـتیه بارهەڵگرەكانی نێـوان ئیـسپانیاو ئیتالیایـان بێزاركـرد ، موجاهیـدەكانی خەڵكی باكوری ئـەفریقی بەشێك لـه دەریای ناوەڕاستیان داپۆشـی لـه نێـوان سـەردینیاو كەناری ئـەفریقیدا ، بەمه كەشتیه مەسیحیەكان ناچار بوون ڕێگەیـەكی زیاتر لـه بارو ئارام بگرنەبـەر لـەنزیك دووسـەری كورسیكاوه ، بـەڵام داگیركـەری فەرەنسی ئەویَ بەیارمەتی عوسمانیەكان لەوێیش كەوتنه خەڕەشه كردن لەپەیوەندیـەكانی نێوان ئیسپانیاو ، لێرەدا هەلێك بۆ شارلی پێنجەم نەمایەوە بۆ بەرگری كـردن لـه ڕێگه دەریایەكان دژی قوستەنتینیه كه هەر لەساڵانی منداڵیەوه خەون و خـەیاڵی بوو ، هەروەك نەیتوانی بەرژەوەندیه ڕاستەوخۆكانی ئیسپانیا سەربخات [2].

یەكـەم : كۆتـا ڕۆژەكـانی خـەیرەدین بربروسـه : خـەیرەدین بـەردەوام بـوو لەسەركردایەتی كەشتیگەلی عوسمانیـدا و چـەند سـەركەوتنێكی گـرنگ و دیـاری بەدیهێنا كه هەموو ئەوروپای داهەژاند . پاش ئـەوەی دەوڵـەتی عوسمـانی لەگـەڵ فەرەنـسادا هاوپـەیمانی بەسـت ، خـەیرەدین لەشـاری (مارسـیلیا) دا بنكەیـەكی دانا بۆ سەركردایەتی خۆی و پێگەیه كێشی دانا بۆ كەشتیگەلەكەی ، لێـرەدا – لەمەرسیلیا– خەیرەدین و پیاوانی كەشتیگەلەكەی ئەو دەستكەوتانەیان فرۆشت كه لـه كاتی جەنگ كـردن لەگـەڵ ئیسپانیایاند هـەڵیان گرتبـوو ، هـەورەك تیایـدا پیـاوان و ئافرەتـانی ئیـسپانیایان فرۆشـت . بەمـه لەدەسـتی خەڵكـدا دەسـت

---

[1] جهود العثمانيين / ٣٣٠ .

[2] جهود العثمانيين / ٣٥٦ .

بەدەستیان پێدەکرا ، فەرەنسیەکان بە داهاتێکی بێوێنە کڕینیان . پاشان بە پشکی درێژخایەن دەیانفرۆشتن بە جولەکەی ئیتالی (لیفورنو) . ئەمان بە ڕۆڵی خۆیان بە نرخێکی خەیاڵی فرۆشتنی دیلە هەڵکەوتەکانیان بە ئیمبراتۆر شارلەگان دەفرۆشتەوە .

کەشتیگەلی فەرەنسی بە فەرمانی پاشای فەرەنسا دایە پاڵ کەشتیگەلی عوسمانی ، سەرکردەی کەشتیگەلی فەرەنسی (ئەمیر فرانسوا دبوبوربون) هێزەکانی خستە ژێر دەستی سەرکردایەتی خەیرەدینەوە ، بەوەی ئەو کاتە سەرکردەی گشتی هێزە هاوپەیمانەکان (عوسمانی —فەرەنسی) بوو ، یەکەم کار خەیرەدین پێی هەستا ، سەرکردایەتی کردنی هێزەکان بوو بۆ هێرشکردنە سەر (نیس) و دەرکردنی فەرمانڕەواکەی (دوق سافوا) و داڕماندنی لە فەرمانڕەوایی ئیسپانی و گەڕاندنەوەی بۆ پاشای فەرەنسا .

پاشان خەیرەدین بە کەشتیگەلەکەیەوە لە شاری (طولون) جێگیربوو و کردیە بنکەیەك بۆ سوپاو کەشتیگەلی ئیسلامی پاش ئەوەی زۆربەی دانیشتوانەکانی بەفەرمانی پاشای فەرەنسا چۆڵیان کرد و لە نێو دەستی موسوڵماناندا بە جێیان هێشت . هەڵچوونی هەموو مەسیحیەکان دژ بەو هەڵسوکەوتە فەرەنسیە راپەڕی و بانگەشەی دژ بە موسوڵمانان بە هەموو بەشەکانی ئەوروپادا بڵاو بوویەوە کە ئیسپانیاو خاچ لەملەکان هەڵیاندەگرت و ئەیانگەیاندە ئەوپەڕی سنور . لەوانە دەیانوت : (خەیرەدین زەنگی کەنیسەکانی لەبن هەڵکێشاوە و لە طولوندا جگە لە بانگی بانگبێژان هیچی تر نابیسترێت) خەیرەدین و سەربازانی ئیسلامی لە شاری طولوندا مانەوە تاساڵی ١٥٤٤ز لەوکاتەدا شارلەگان هێرشی کردە سەر باکوری ڕۆژهەڵاتی فەرەنساو لەژێر دیواری (شاتوتییری) دا شکستی خوارد [١] .

---

[1] خيرالدين بربروسة / ١٦٦ .

پاشـان ناچاربوو بـچێت بـەرەو ئـەڵمانیا لـە کاتێکـدا بزوتنـەوەی هەڵگەڕانـەوەی پرۆتستانتی بە شێوەیەکی گشتی دژ بە کاسۆلیکیەکان و بەشێوەیەکی تایبەتی دژ بەئـەو —چـەند بـوارێکی مەترسـیداری گرتـەوە ، ئـەوەیش دوای ئـەوەی ئەستێرەکەی کەوتە خوارو دەستکەوتەکەی پوکایەوە —لە ئەنجامی نەگبەتیەکەی لـە بەرامبـەر جـەزائیردا – ئەمـە ناچاری کـرد هەسـتێت بە بەسـتنی گرێبەسـتێك لەگـەڵ پاشـای فەرەنسا لـە ڕۆژی ١٨ی ئـەیلولی ١٥٤٤ز لـە شـاری (کریسبی دی ڤالوا)دا ئەنجامی ئەم گرێبەستە لابردنی خەیرەدین و سوپاکەی لە شاری طولـون و گەڕانـەوە بـۆ ئەسـتانبوڵی پایتـەختی لێکەوتـەوە . جـەنگی نێـوان ئیـسپانیا و موسـوڵمانەکان نەوەسـتاو خـەیرەدین بـەردەوام بـوو لـە بـەجێهێنانی کـارە جەنگیـەکان لـە کـاتی ڕێگـەی گەڕانەوەیـدا ، لـەلای شـاری جـەنوەدا وەسـتا و ئەنجومەنی پیرانـەی ئەو شـارە پێیـان خۆشبوو کۆمـەڵێك دیاری گرانبـەهایان بۆ نارد لە بەرامبەر توشنەبوونی شارەکە بەناخۆشی و زیان . خـەیرەدین ڕێگەکەی خۆی گرتەبەر تاکوو گەیشتە دورگەی (البا) کە لـەژێر فـەرمانڕەوایی ئیسپانیادا بـوو —ئـەوەی لـە دواتـردا بـوە مـەنفای نـاپلیۆن پۆناپـارت – چـی تێـدا بـوو بەدەسـتکەوتی گـرت ، هـەروەك هەنـدێ لـە شـارە کەناریـەکانی داگیرکـرد لەوانـە شاری (لبیاری)خەیرەددین، بەکەشتیە قورسە دەستکەوتیەکانیەوە گەڕایـەوە بۆ پایتـەخت و بە چاکترین شێوە کە دایـك پێشوازی لـە منداڵـە چاکەکانی دەکـات پێشوازی لێکرا .

خەیرەدین دوای ئـەوە زۆر تەمـەنی نـەکرد و گەڕایـەوە بۆ لای پـەروەردگاری ، کە هاوەڵە جیهادی یەکەی حەسەن ئاغای طوشی لەساڵی ١٥٤٤ز دا پێشی کـەوتبوو (پێش ئەو مرد).

بە مردنی خەیرەدین ئەستێرەیەك دیار نەما کە بەردەوام ئاسمانی موسوڵمانان لە وشکانی ودەریادا پێی دەدرەوشایەوە ،بەئامادەنەبوونی خەیرەددین لاپەڕەیـەکی

دیار له لاپەڕەکانی جیهادی ڕێگای خوا پێچرایەوە تا لاپەڕەیەکی نویێ دەست پێبکات .

بەڕاستی خەیرەدین جەنگەکانی باوەڕی سەرکردایەتی دەکرد و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدیهێنا و خاوەن وەفاو پاکی و خۆشەویستی و ئامادەیی بەردەوام بوو بۆ قوربانیدان و ڕاستی و دلێری بەهەموو شێوەکانیەوە ، مێژوو وەلامی ئەومان بۆ دەپارێزێت بەرامبەر شارلەگان کاتێك پێی وت : (پێویستە لەبیرت نەچێت ئیسپانیا له جەنگێکدا شکستیان نەخواردووە و دوبراکەی ئیلیاس و عوروجیان کوشتووە و ئەوەیش لەسەریەتی درێژە دەکێشێت و سەری دووبراکەی خۆی هەڵدەگرێت ، چونکە سەرەنجامی ئەویش وەك سەرەنجامی دووبراکەیەتی) خەیرەدینیش وەلامی دایەوە (بەیانی دەبینین ، بەیانیش دوورنیە ، کە سەربازەکانت پارچەکانیان (أشلاء) دەچن بە ئاسماندا و کەشتیەکانت دەچنە ژێر ئاو و سەرکردەکانت بە داماوی و شەرمەزاری شکستخواردنەوە دەگەڕێنەوە بۆ لات) کاتێك شارلەگان لە دوای مردنی عوروج بربروسە ئابلۆقەی جەزائیری دا خەیرەدین هات و سووربونی خۆی نواند و ئەم ئایەتەی بەسەر هەموو سەرکردەو سەربازەکانیدا خوێندەوە ﴿ إن تنصروا الله ینصرکم ویثبت أقدامکم ﴾ محمد : ٧ ،دواتر لەگەڵ پیاوەکانیدا بەرەو مەیدان پێشڕەوی کرد ، پێی ووتن : (موسوڵمانان لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە دۆعا و نزای تەوفیق دەکەن بۆ ئێوە ، چونکە سەرکەوتنی ئێوە سەرکەوتنی ئەوانە ، تێکشکاندنی ئەو سەربازە خاچپەرستانە لە شکۆی موسوڵمانان و ئیسلام بەرزدەکاتەوە)[١] .

(بۆیە هاواریان کرد : الله أکبر ، و هێرشیان کردەسەر ئیسپانیاو هەموویان لەناو بردن)[٢] .

---

[1] خیر الدین بربروسة / ١٧٠، ١٧١ .

[2] خیر الدین بربروسة / ١٧١ .

ئەم وێنەیە هەرگیز نە لە شێوەو نەلە واتایدا جیاوازی لە وێنەی ئەو سەرکردە موجاهیدانەی ڕێگەی خواو ئەوانەدا نیە کە لە دورگەکەیاندا دەرچوون و پەیامی ئیسلامیان بۆ جیهان هەڵگرت .

جگەلەوەی هەڵوێستی گشتی لەسەردەمی خەیرەدیندا هاوشێوەی ڕۆژانی فەتح نەبوو ، چونکە لاوازی بەرودڵی موسوڵمانانی گرتبوو ، ئەوان پێشتر لە ژێر سەرکردایەتیەکدابوون کە ڕێگەی بە ئاشکرا هاتنەناوی دوژمنیان نەدەدا یان بە پەیرەوکردنی ڕۆڵیان لە کاریگەری خستنە سەر تەیاری گشتی ، لە کاتێکدا ئەوان ڕۆڵیان هەبوو لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا ، مەترسیدارترین کار ئەوەبوو ئەوان مەڵبەندەسەرکردەییەکانیان داگیرکرد کە بۆیان دەلوا پەیرەوی ڕۆڵێکی ترسناك بکەن دژ بە هاوڵاتیان و برا هاوئایینەکانیان .

شتێکی مەحاڵ بوو سەرکەوتن لەوجۆرە چالاکیانەدا بەدی بهێنیت ئەگەر لێهاتووییەکی سەرکردایەتی بەرز نەیەتەدی ، تا بەڕێوەبردنی جەنگ لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەسەختەکانیدا بگرێتە ئەستۆ .

سێ هۆکارەکەی سەرکەوتن هاتنەدی ، گەلێکی موجاهیدی ڕێگای خوا ، جێبەجێکاریەکی بەرزی بیروباوەڕی ئیسلامی جەنگی ، سەرکردەیەك لە پلەیەکی بەرزی لێهاتوویيدا .

بەمە گەلی جەزائیر و خەیرەدین سەرکەوتن و گەلی جەزائیر و خەیرەدین لەژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا چیرۆکی شکۆداری جیهاد و موجاهیدەکانیان نوسیەوە .

خەیرەدین نەیدەتوانی ئەوە بەدی بهێنێت کە دەیویست ئەگەر گەلی موجاهیدی جەزائیر پێی هەڵنەسایە ، گەلی جەزائیریش بە ئامانجەکەی نەدەگەیشت ئەگەر سەرکردەیەکی لە بار نەبوایە ، خەیرەدین ڕۆڵی خۆی لە بەدیهێنانیدا جێبەجێ کردو لە ئاستی ڕووداوەکاندا داینا .

خـەیرەدین گەڕایـەوە بـۆ لای خـوای خـۆی بەرەزامەنـدی خـۆی و لیـّڕازی بـوونی ئوممەتی ئیسلامی .بە درێژایی سالان .ئەو هەلویستە پالەوانیتیانە دەگیرنـەوە کە بیرو باوەڕو ڕیبازەکانی جیهاد و ئاکارەکانی ڕیگای خوا دروستی کرد .

*دووەم : لابردنی حەسـەنی کوڕی خـەیرەدین لەسـەر جـەزائیر : حەسـەنی کوڕی خـەیرەدین بربروسـە پـاش ئـەوەی شکـستی یەسـەعدیەکان هێنـا لـە تلمـسان و پالپـشتیەکانی حـوکمی عوسمـانی تیـادا بـەهێز کـرد لـە ٩٥٩ك ، ١١٥١ز بـەرەو ڕیبـازی سیاسـەتیکی دژ بـە هـەموو دەولەتـە بیانیـەکان چـوو بـەوەی فەرەنـسای تیدا بوو کە بە پەیوەندیگەلیکی ڕەسمی تەواو توندو باشی هەبوو ، کـە یارمـەتی فەرەنـسیەکانی دا سـودمەند بـن لـە ئیمتیـازاتی ئـابوری کـە لەگـەل ئەسـتانبولدا بۆلوا ، کە هەموو هەریمەکانی دەولەتی عوسمانی گرتەوە ، بەلام حەسـەنی کوڕی خـەیرەدین بـەوەوە پابەنـد نـەبوو و دوژمنایـەتی خـۆی لـە چـەند بۆنەیەکـدا بـۆ فەرەنسا ڕاگەیاند ، فەرەنـسایش بالویزی بـاوەڕپیکراوی خـۆی لـە ئیستانبولەوە نارد بۆ جەزائیر ، بە ئامانجی زانینی ئەو ماوەیەی کە حەسـەنی کوڕی خـەیرەدین پیـی کەوتۆتـە دژایـەتی فەرەنـسا ، ئایـا ئـەو دوژمنایەتیـەیش کاریگـەری هەیـە لەسەر پەیوەندیە ئابوریەکانی نیوان فەرەنساو بەگلەربەگی جەزائیر؟

بـالویزی فەرەنسا لەگـەل بەگلەربـەگ حەسـەنی کـوڕی خەیرەدینـدا کۆبوویـەوە و پیـشکەشکردنی یارمەتیـە سـەربازیەکانی بـۆ خـستە ڕوو لـە مەڕجیبـەجیکردنی پـرۆژەی دەولـەتی عوسمـانی لـە هیـرش کردنـە سـەر ئیـسپانیا و ڕزگـارکردنی موسولمانانی ئەندەلوس ، بەلام حەسەن بەرپەرچـی دایەوە بەهـۆی شارەزایی لـە هەلویـستە پیـشیەکانی فەرەنـسا لـە خـودی دەولـەتی عوسمانیـدا ، بەڕاشـکاوی ڕایگەیاند : باس و خواسی جیهاد باس و خواسیکی تایبـەت بە موسـولمانانە و ڕوونیکـردەوە کـە بـە دوژمـن بەسـەر دوژمنـدا سـەرناکەویت ، بـالویزی فەرەنـسی گەڕایـەوە بـۆ ئەسـتانبول صـەدری بـابی عـالی تووڕەبـوو ووتـی: (بەڕاسـتی ئـەو دەسـەلاتە فراوانـە ڕاشـکاوانەی حەسـەنی کـوڕی خـەیرەدین بربروسـە پیـادەی

دەکات ، هەوڵی فراوانخوازی مەملەکەتەکی یەکرێزی دەوڵەتی عوسمانی تێك دەشکێنێت و هەڕەشەی دابەشبوونی کیانی دەکات)[1]. بە تایبەت کە دایکی لە گیراوە جەزائیریە ناسراوەکان بوو .

دەوڵەتی عوسمانی بینی پێویستە سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا بگۆڕێت بە تایبەت دوای ئەوەی ڕۆژئاوا بوویە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئیسپانیا کە بوویە هۆی ڕاستەوخۆ هەڵگەڕانەوەی پێوانە ستراتیژیەکان بەرەو پشتەوە . سوڵتان چەند بیرکردنەوەیەکی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی باری نوێی ، لەوە سوڵتان سولەیمان قانونی بەگلەربەگی جەزائیر حەسەنی کوڕی خەیرەدینی لەکار خست بە بانگەشەی خراپەکاری لە چاك سنوری لەگەڵ ڕۆژئاوادا ، هەروەك بانگەشەی بۆ یەکبونی ئیسلامی وچاك سنوری و دراوسێیەتی کرد[2] .

دەوڵەتی عوسمانی بەگلەربەگی جەزائیری دایە پاڵ صالح ڕایس لە سەفەری ٩٦٠ك ، ینایر ١٥٥٢ز لە جیاتی حەسەنی کوڕی خەیرەدین[3] .

*<u>سێیەم : نامەی سوڵتان سەلیمی قانونی بۆ فەرمانڕەوای فاس محمدی سەعدی:</u>

(... ئەمە ئاماژەی پیرۆزی بەرزی سوڵتانی و دەقی بەرزو بڵندی سامی خاقانیە ، بەردەوام جێبەجێکەر و گوێڕایەڵە پشت بەخوا ، پارێزگاری هەمیشەیی کە لە جەنابی باڵای ئەمیری گەورەی بەڕێزی شکۆداری تەواو دادپەروەری خەمخۆری بڵندی سەرخەری خەزێنەداری بەشی ڕێژەیی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی هاشمیە ، لقی درەختی پاکی پێغەمبەرایەتی ، ڕێبازی مێژەری پێچراوەی عەلەوی بەلایەنە تۆزاویەکان بە هەستەکانی پاشای خۆڕاگر ، فەرمانڕەوای ویلایەتی فاسی ئەمڕۆژە پایەداری بەڕێز محمد هەمیشە سەربڵند بێت و شکۆی زیاد بکات ، ئەم

---

[1] الجزائر والحملات الصليبية / ٣٠-٣٢ .

[2] بداية الحكم المغربي للسودان الغربي / ٩٠، ٩١ .

[3] المغرب العربي في عهد السعديين / ٧٩ .

وێنه بەرزو بڵندو بەڕێزەمان دەکرد بۆ جەنابی باڵا کە بەسەلامی پڕ خۆشەویستی بەڕێزی پاك ڕادەگرین ، وە بەبۆنی خۆشی خۆیەوە دوپاتی پەیوەندیە هۆگری و سۆزاویەکان دەکەین لەگەڵ سەلامی پاك و زوڵاڵ دا ، پاشان خوای گەورە توانای بەرز و بڵند و خواستی بەرزەلەو کاتەوەی لە دەوڵەتێکی گەروەو دیاردا جێگیری کردین تا سواری ئەسپەکانی بووین و بەخششێکی درێژخایەنی پێدااین کە بەردەوام دەکشێت ، وە قەڵەمڕەویەکی پایەداری وەك خۆر و بەرەبەیانی بەختەوەریەکی هەوڵ بۆدراوی وەك مانگی بەدوادا هات ، هەروەها خەلافەتێکی شکۆداری پێ تایبەتمەند کردین کە کەسی سەرخراو ئیمانی پێ بەهێز دەبێت ، دەسەلاتێکی پێبەخشین کە ئیسلامی پێ سەربڵند دەکات ، جا بێگومان پێویستە و لە گەردنمانە سوپاسی ئەو میهرە گەورەو چاکە گشتیە بکەین ﴿ ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء والله ذو الفضل العظيم ﴾ الجمعه : ٤ ، هەمیشە سروشتمان گرنگیدانە بە بەجێگەیاندنی شەرعی ڕوون و دیارو جێبەجێکردنی سوننەتی پێشوان (پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم") و هەستان بە کوژاندنەوەی ئاگری بێباوەڕی و سەرکەشی و پێچانەوەی ستەم و دژایەتی و بڵاو کردنەوەی دادپەروەری و چاکە ، کاتێك بیستمان ئەمیری پێشووی ئەمیرەکان لە ویلایەتی جەزائیر حەسەن پاشا چاك هاوسنوری لەگەڵ دراوسێکەیدا نەکرد و دایە پاڵ لایەنی توندو تیژی و لەپشت ئەوەوە دەستبەرداری ڕێگەکانی ڕێککەوتن و یەکگرتن بوو ، دەرگای یەکبونی نێوان موجاهیدانی پارێزەری ئایینی داخست بۆیە گۆڕیمان بۆ کەسێکی تر ، جا ویلایەتی جەزائیرمان بەخشیە پاشای ژێردەستی پاشای بەڕێزمان . ڕەمزی خزمەت گوزاری.

المصادر والمراجع

(حرف الالف)

١- اخبار الامراء والملوك السلجوقية ، د. محمد نورالدين

٢- ايعيد التاريخ نفسه،محمد عبده، المنتدى الاسلامي ،طبعة ١٤١١هـ .

٣- اعلام الموقعين عن رب العالمين، الامام ابن قيم ،مراجعة وتعليق طه عبد الرؤوف سعد ،دار الجيل، بيروت - لبنان .

٤- اوروبا في العصور الوسطى، سعيد عاشور، الطبعة السادسة ، الانجلو المصرية ١٩٧٥م .

٥- اقتصاديات الحرب في الاسلام ،د.غازي التمام، مكتبة الرشد الرياض، الطبعة الاولى ١٤١١ هـ - ١٩٩١م.

٦- اطوار العلاقات المغربية العثمانية،ابراهيم شحاتة، منشاة المعارف، الاسكندرية، الطبعة الاولى ١٩٨٠م.

٧- امام التوحيد محمد بن عبد الوهاب ، احمد القطان، مكتبة السندس الكويت، الطبعة الثانية ١٤٠٩هـ،١٩٨٨م.

٨- استمرارية الدعوة، محمد السيد الوكيل، دار المجتمع المدينة، السعودية، الطبعة الاولى ١٤١٤ هـ ،١٩٩٤م.

٩- اضواء البيان في ايضا ح القران بالقران، لمحمد الامين الشنقيطي، مطبعة المدني ، الطبعة الاولى عام ١٣٨٤ هـ.

١٠- اقتضاء الصراط المستقيم مخالفة اصحاب الجحيم لابن تيمية، تحقيق محمد حامد الفقي، الطبعة الثانية عام ١٣٦٩هـ، مطبعة السنة المحمدية.

١١- ابن باديس حياته وآثاره ، د . عمار الطالبي ، دار الغرب الاسلامي،بيروت الطبعة الثانية ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م.

(حرف الباء)

١٢- البداية والنهاية ، ابو الفداءالحافظ ابن كثير الدمشقي، دار الريان ، الطبعة الاولى ، ١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م.
١٣- البطولة والفداء عند الصوفية ، اسعد الخطيب، دار الفكر ، سورية - دمشق .
١٤- البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع، لمحمد بن علي الشوكاني ، دار المعرفة، بيروت.
١٥- بدر التمام في اختصار الاعتصام، اختصره ابو عبد الفتاح محمد السعيد الجزائري ، دار الحنان الاسلامية، الطبعة الاولى ١٤١١هـ ، ١٩٩١م ،الامارات العربية المتحدة .
١٦- بدائع الزهور في وقائع الدهور ، محمد بن احمد بن اياس، القاهرة، مطابع الشعب ١٩٦٠م.
١٧- بداية الحكم المغربي من السودان الغربي، محمد الغربي ، الدار الوطنية للتوزيع والنشر، طبعة عام ١٩٨٢م.
١٨- البرق اليماني في الفتح العثماني، دار اليمامة، الرياض، قطب الدين محمد بن احمد المكي، الطبعة الاولى ١٣٨٧هـ - ١٩٦٧م.
١٩- البلاد العربية والدولة العثمانية ، ساطع الحصري، بيروت ١٩٦٠م.

(حرف التاء)

٢٠- تاريخ الترك في آسيا الوسطى، بارتولد ترجمة احمد السعيد القاهرة، مطبعة الانجلو المصرية ١٣٧٨هـ - ١٩٥٨م.
٢١- تاريخ الامم والملوك ، محمد بن جرير الطبري، دمشق، دار الفكر ١٣٩٩هـ -١٩٧٩م.
٢٢- تاريخ الدولة العلية العثمانية ، محمد فريد بك، تحقيق الدكتور احسان حقي ، دار النفائس ، الطبعة السادسة، ١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م.

٢٣- تاريخ الاسلام ، شمس الدين محمد بن احمد الذهبي ، دار الكتاب العربي، الطبعة الثانية ، ١٤١١هـ - ١٩٩١م.
٢٤- تاريخ دولة آل سلجوق ، لمحمد الاصبهاني، القاهرة ، دار الآفاق الجديدة، بيروت الطبعة الثانية ١٩٧٨م.
٢٥- تاريخ سلاطين آل عثمان ،تحقيق باسم الجابي، تاليف يوسف آصاف ، دار البصائر ، الطبعة الثالثة ١٤٩٥هـ - ١٩٨٥م.
٢٦- تاريخ العرب الحديث ، رافت الشيخ ، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية .
٢٧- تاريخ العرب الحديث ،تاليف د .جميل بيفون، د. شحادة الناظور، الاستاذ عكاشة، الطبعة الاولى ١٤١٢هـ -١٩٩٢م، دار الامل للنشر والتوزيع.
٢٨- التقليد والتبعية واثرها في كيان الامة الاسلامية ، ناصر العقل، دار المسلم، الطبعة الثانية ١٤١٤هـ.
٢٩- تاريخ الدولة العثمانية ، د. علي حسون ، المكتب الاسلامي ، الطبعة الثالثة ١٤١٥هـ - ١٩٩٤م.
٣٠- التاريخ العثماني في شعر احمد شوقي بقلم محمد زاهدعبد الفتاح ابو غدة، دار رائد كندا ، الطبعة الاولى ١٤١٧هـ - ١٩٩٦م.
٣١- تاريخ سلاطين آل عثمان ، للقرماني، الطبعة الاولى ١٤٠٥هـ -١٩٨٥م، دار البصائر ، دمشق - سوريا.
٣٢- تاريخ المشرق العربي ، عمر عبد العزيز عمر، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
٣٣- تجربة محمد علي الكبير، دروس في تغيير والنهوض، منير شفيق، دار الفلاح للنشر ، الطبعة الاولى، ١٩٩٧م- ١٤١٨هـ ، بيروت - لبنان.
٣٤- التراجع الحضاري في العالم الاسلامي، د. علي عبد الحليم، دار الوفاء، ١٤١٤هـ - ١٩٩٤م.

٣٥- تفسير المنار ،محمد رشيد رضا، دار المعرفة، الطبعة الثانية، بيروت.
٣٦- تفسير القرآن العظيم ، ابن كثير ابو الفداء اسماعيل، تحقيق :عبد العزيز غنيم، وحمد احمد عاشور، ومحمد ابراهيم البناء، مطبعة الشعب، القاهرة – مصر.
٣٧- تفسير الطبري المسمى جامع البيان عن تاويل القرآن، لأبن جرير الطبري،دار الفكر ، بيروت- لبنان، ١٤٠٥هـ.
٣٨- تفسير السعدي ، المسمى تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، للشيخ عبد الرحمن بن ناصر السعدي، المؤسسة السعدية بالرياض ١٩٧٧م.
٣٩- تركيا والسياسة العربية ، امين شاكر و سعيد العريان و محمد عطا.
٤٠- تفسير القرطبي ،لأبي عبد الله القرطبي.
٤١- تفسير النفسي مدراك التنزيل و حقائق التاويل، للأمام ابي البركات عبد الله بن احمد بن محمود النفسي.
٤٢- تاريخ الدولة العثمانية ،يلماز اوزنتونا ، ترجمة الى العربية عدنان محمود سلمان ،د.محمود الانصاري، المجلد الاول- منشورات مؤسسة فيصل للتمويل، تركيا- اسطنبول ١٩٨٨م.
٤٣- تطبيق الشريعة الاسلامية، د. عبد الله الطريقي، مؤسسة الرسالة ، الطبعة الاولى ١٤١٥هـ- ١٩٩٥م،بيروت- لبنان.
٤٤- التيارات السياسية في الخليج العربي ، صلاح العقاد، المطبعة الفنية الحديثة ، ١٩٧٤م.
٤٥- تاريخ الجزائر الحديث، محمد خير فارس ، دار الشروق، الطبعة الثانية ، ١٩٧٩م.
٤٦- الأتراك العثمانيون في افريقيا ،عزيز سامح ،دار النهضة العربية، ترجمة محمود عامر، الطبعة الاولى ١٤٠٩هـ- ١٩٨٩م.

٤٧- تاريخ الجزائر العام ،عبد الرحمن الجيلالي، دار الثقافة ، الطبعة الرابعة ،١٩٨٠م.
٤٨- تاريخ افريقيا الشمالية ، شارل اندري جوليان، محمد المزالي، الدار التونسية للنشر،١٩٧٨م،تونس.
٤٩- تاريخ المغرب، لمحمد عبود ، دار الطباعة المغربية الثانية.
٥٠- تاريخ الفكر المصري الحديث، لويس عوض،الطبعة الاولى، ١٩٧٩م ، القاهرة – مصر.
٥١- التيارات السياسية الاجتماعية بين المجددين و المحافظين ، د.زكريا سليمان موسى، دراسة فكر الشيخ محمد عبده، ١٩٨٣م، القاهرة– مصر .
٥٢- تاريخ الأحساء السياسي ، د.محمد عرابي، منشورات ذات السلاسل الكويت، ١٤٠٠هـ– ١٩٨٠م.
٥٣- التحفة الحليمية في تاريخ الدولة العلية، ابراهيم حلمي بك.
٥٤- الاتجاهات الوطنية، لمحمد حسين، ١٩٧٢م، بيروت – لبنان .
٥٥- التصوف في مصر ابان العصر العثماني ، د.توفيق الطويل، مطبعة الاعتماد، ١٣٦٥هـ –١٩٤٦م، مصر.

(حرف الجيم)

٥٦- جوانب مضيئة في تاريخ العثمانيين، زيادة ابوغنيمة ، دار الفرقان، الطبعة الاولى ١٤٠٣هـ– ١٩٨٣م.
٥٧- جمال الدين الأفغاني المصلح المفتري عليه، د. محسن عبد الحميد، مؤسسة الرسالة، الطبعة الاولى ١٤٠٣هـ– ١٩٨٣م، بيروت – لبنان.
٥٨- جهود العثمانيون لا نقاذ الأندلس في مطلع العصر الحديث، د. نبيل عبد الحي رضوان، مكتبة الطالب الجامعي. الطبعة الاولى ١٤٠٨هـ– ١٩٨٨م.
٥٩- الجبرتي و الفرنسيين، د. صلاح العقاد، ندوة الجبرتي، ١٩٧٦م، القاهرة– مصر.

(حرف الحاء)

٦٠- حاضر العالم الاسلامي، د. جميل عبد الله محمد المصري، جامعة المدينة المنورة.

٦١- حروب البلقان و الحركة العربية في المشرق العربي العثماني، د. عايض بن خزام الروقي، ١٤١٦هـ - ١٩٩٦م.

٦٢- حروب محمد بن علي في الشام و أثرها في شبه الجزيرة العربية، د. عايض بن خزام الروقي، ١٤١٤هـ، مركز بحوث الدراسات الاسلامية، مكة المكرمة.

٦٣- حركة الجامعة الاسلامية، احمد فهد بركات، مكتبة المنار، الأردن، الطبعة الاولى، ١٤٠٤هـ - ١٩٨٤م، الأردن.

٦٤- الحكم و التحاكم في خطاب الوحي، عبد العزيز مصطفى كامل، دار طيبة، الطبعة الاولى ١٤٠٤هـ - ١٩٩٥م.

٦٥- الحكومة الاسلامية للمودودي، ترجمة احمد ادريس ، نشر المختار الاسلامي،للطباعة والنشر، الطبعة الاولى ١٤١٥هـ - ١٩٧٧م، القاهرة - مصر.

٦٦- الحسبة في العصر المملوكي، د.حيدر الصافح، دار الاعلام الدولي،الطبعة الاولى ١٤١٤هـ -١٩٩٣م، القاهرة.

٦٧- حرب الثلاثمائة سنة بين الجزائر و اسبانيا، احمد توفيق مدني، الطبعة الثانية، ١٩٨٤م.

٦٨- حقائق الأخبار عن الدول البحار، اسماعيل سرهنك، المطبعة الأميرية، ببولاق، الطبعة الاولى ١٣١٢هـ، مصر.

٦٩- الحروب الصليبية في المشرق و المغرب، محمد العمروسي، دار الغرب الاسلامي، الطبعة الثانية، ١٩٨٢م، بيروت - لبنان.

٧٠- حقيقة الماسونية، محمد الزعبي، دار العربية، ١٩٧٤م، بيروت - لبنان.

٧١- الحركة الاسلامية الحديثة في تركيا، د. احمد النعيمي، دار البشير، الطبعة الاولى ١٤١٣هـ - ١٩٩٣م،عمان - الأردن.
٧٢-حركة الاصلاح في عصر السلطان محمود الثاني، د. البحراوي، دار التراث، الطبعة الاولى ١٣٩٨هـ - ١٩٧٨م،القاهرة - مصر.

(حرف الخاء)

٧٣- خراسان، محمود شاكر، الطبعة الاولى ، المكتب الاسلامي، ١٣٩٨هـ - ١٩٧٨م، بيروت - لبنان
٧٤- خير الدين بربروسة،بسام العسلي، دار النفائس الطبعة الثالثة ١٤٠٦هـ - ١٩٨٦م.
٧٥- الخلافة و الملك للمودودي، تعريب احمد ادريس، دار القلم، الطبعة الاولى ١٣٩٨هـ - ١٩٧٨م.
٧٦- خليفة بن خياط، تاريخه، تحقيق د.اكرم ضياءالعمري، الطبعة الثانيةو دار القلم ، و مؤسسة الرسالة ١٣٩٧هـ - ١٩٧٧م، بيروت - لبنان.
٧٧- خلاصة تاريخ الأندلس، دار مكتبة الحياة، شكيب ارسلان، بيروت.
٧٨- خطط الشام ، محمد كرد علي ،دار العلم للملايين، ١٣٩٠هـ ، بيروت.

(حرف الدال)

٧٩- الدولة العثمانية و الشرق العربي، محمد أنيس ، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
٨٠- دور الكنيسة في هدم الدولة العثمانية، تأليف ثريا شاهين، ترجمة الدكتور محمد حرب، دار المنار للنشر والتوزيع ، الطبعة الاولى ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م.
٨١- دعوة جمال الدين الأفغاني في ميزان الاسلام، مصطفى فوزي عبد اللطيف غزال،دار طيبة، الطبعة الاولى ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م.

٨٢- الدولة العثمانية، دولة اسلامية مفترى عليها، د. عبد العزيز الشناوي، مكتبة الانجلو المصرية، مطابع جامعة القاهرة عام ١٩٨٠م.

٨٣- الدولة العثمانية في التاريخ الاسلامي الحديث، د. اسماعيل احمد، مكتبة العبيكان، الطبعة الاولى ١٤١٦هـ - ١٩٩٦م.

٨٤- الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الانحطاط، قيس جواد العزاوي ، مركز دراسات الاسلام و العالم، الطبعة الاولى ١٤١٤هـ - ١٩٩٤م.

٨٥- الدولة العثمانية، اخطاء يجب ان تصحح في التاريخ ، د. جمال عبد الهادي ، د. وفاء محمد رفعت جمعة ، علي احمد لبن، دار الوفاء ، الطبعة الاولى، ١٤١٤هـ - ١٩٩٤م.

٨٦- دراسات متميزة في العلاقات بين المشرق و المغرب على مر العصور، يوسف الثقفي، دار الثقة، الطبعة الثانية ، ١٤١١هـ.

٨٧- دراسات في التاريخ المصري، احمد سيد ، د. أ. ج. والسيد رجب حراز، دار النهضة، ١٩٧٦م ، القاهرة – مصر.

٨٨- الدولة السعودية الاولى، عبد الرحيم عبد الرحمن .

٨٩- دولة الموحدين، علي محمد الصلابي، دار البيارق، الطبعة الاولى، ١٩٩٨م، عمان – الأردن.

(حرف الراء)

٩٠- الرسالة الخالدة ، عبد الرحمن عزام، القاهرة ١٩٤٦م.

٩١- رسائل البنا، حسن البنا، دار الأندلس.

٩٢- رياضة الأسماع في احكام الذكر والسماع، محمد ابو الهدى الصيادي، مطبعة التمدن ١٩٠٣م، مصر.

(حرف الزاي)

٩٣- زاد المعاد في هدي خير العباد، لأبن قيم الجوزية .

(حرف السين)

٩٤- السلوك، احمد بن علي المقريزي، الطبعة الثانية، ١٣٧٦هـ - ١٩٥٦م، القاهرة - مصر .

٩٥- السلاطين في المشرق العربي، د. عصام محمد شبارو، طبعة ١٩٩٤م، دار النهضة العربية ، بيروت - لبنان.

٩٦- سير اعلام النبلاء، الذهبي، مؤسسة الرسالة ، الطبعة السابعة ، ١٤١٠هـ - ١٩٩٠م، بيروت - لبنان.

٩٧- السلطان عبد الحميد الثاني ، د. محمد حرب، دار القلم ، الطبعة الاولى، ١٤١٠هـ - ١٩٩٠م، دمشق.

٩٨- الاسلام في آسيا منذ الغزو المغولي، د. محمد نصر مهنا، الطبعة الاولى، ١٩٩٠ - ١٩٩١م، دمشق.

٩٩- السلطان محمد الفاتح ، فاتح القسطنطينية وقاهر الروم، عبد السلام عبد العزيز فهمي ، دار القلم ، الطبعة الرابعة ، ١٤٠٧هـ - ١٩٨٧م، دمشق.

١٠٠- السلاطين العثمانيون، كتاب مصور، طبع في تونس .

١٠١- الاسلام واوضاعنا القانونية، عبد القادر عودة ، الناشر المختار الاسلامي ، الطبعة الخامسة ١٣٩٧هـ، مصر .

١٠٢- سنن ابي داود، سليمان بن الأشعث، تحقيق : عزت عبيد الدعاس، حمص الناشر : محمد السيد .

١٠٣- سنن الترمذي، لأبي عيسى الترمذي،تحقيق : احمد شاكر ، مطبعة مصطفى الحلبي، القاهرة - مصر.

١٠٤- الاسلام في مواجهة التحديات ، ابو الأعلى المودودي، الطبعة الاولى ١٣٩١هـ ، دار القلم .

١٠٥- سد باب الأجتهاد وما ترتب عليه ، عبد الكريم الخطيب ، دار الاصالة الطبعة الاولى، ١٤٠٥هـ - ١٩٨٤م.

١٠٦- السنن الالهية في الامم والجماعات والافراد، عبد الكريم زيدان.

(حرف الشين)

١٠٧- الشعوب الاسلامية الاتراك العثمانيون، الفرس ، مسلمو الهند ، د. عبد العزيز سليمان نوار ، دار النهضة العربية ، طبعة ١٤١١هـ - ١٩٩١م.

١٠٨- شذرات الذهب في اخبارمن ذهب، لأبن عماد الحنبلي، دار الآفاق الجديدة ، بيروت.

١٠٩- الشرق الاسلامي في العصر الحديث، حسين مؤنس، مطبعة حجازي، الطبعة الثانية، ١٩٣٨م ، القاهرة - مصر .

١١٠- الشوقيات ، ديوان احمد شوقي ، دار العودة ، ١٩٨٦، بيروت - لبنان.

(حرف الصاد)

١١١- صحوة الرجل المريضو د. موفق بني مرجه، دار البيارق، الطبعة الثامنة، ١٤١٧هـ - ١٩٩٦م.

١١٢- صحيح البخاري، للأمام محمد بن اسماعيل البخاري .

١١٣- صحيح مسلم، للأمام ابي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، دار الحديث ، الطبعة الاولى ١٤١٢هـ - ١٩٩١م، القاهرة - مصر.

١١٤- صراع المسلمين مع البرتغال في البحر الأحمر، غسان علي الرمال، دار العلم، ١٤٠٦هـ ، جدة - المملكة العربية السعودية .

١١٥- الصراع الفكري بين اجيال العصور الوسطى والعصر الحديث كما صوره الجبرتي، د. احمد العدوي، ابحاث ندوة الجبرتي ، ١٩٧٦م، القاهرة - مصر .

(حرف الطاء)

١١٦- طبقات الشافعية الكبرى، لتاج الدين ابي نصر عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي السبكي ، تحقيق: عبد الفتاح محمد ، محمود محمد الطناحي، دار احياء الكتب العربية .

(حرف العين)

١١٧- العثمانيون في التاريخ والحضارة ، د. محمد حرب ، دار القلم ، دمشق، الطبعة الاولى ١٤٠٩هـ - ١٩٨٩م.

١١٨- العالم العربي في التاريخ الحديث ، د. اسماعيل احمد ياغي ، مكتبة العبيكان ، ١٤١٨هـ - ١٩٩٧م .

١١٩- العلمانية نشأتها وتطورها وآثارها في الحياة الاسلامية المعاصرة ، سفر عبد الرحمن الحوالي، طبعة ١٤٠٨هـ - ١٩٨٧م.

١٢٠- العثمانيون والفرس، د . علي حسون ، المكتب الاسلاي، الطبعة الاولى ، ١٠٢هـ - ١٩٨٢م.

١٢١- العبر وديوان المبتدأ والخبر، عبد الرحمن ابن خلدون .

١٢٢- علاقات بين الشرق والغرب بين القرنين الحادي عشر والخامس عشر ، المكتبة العصرية ، ١٩٦٩م. عبد القادر احمد يوسف ، صيدا – لبنان .

١٢٣- علاقة ساحل عمان ببريطانيا ، دراسة وثائقية ، عبد العزيز عبد الغني ابراهيم ، مطبوعات دار الملك عبد العزيز ، ١٤٠٢هـ - ١٩٨٢م، الرياض.

١٢٤- عجائب الآثار في التراجم والأخبار ، عبد الرحمن الجبرتي، دار فارس، بيروت – لبنان .

١٢٥- عقيدة ختم النبوة المحمدية ، د. احمد سعدان حمدان ، دار طيبة، الطبعة الاولى ، ١٤٠٥هـ - ١٩٨٥م، الرياض – المملكة العربية السعودية.

١٢٦- عقيدة ختم النبوة بالنبوة المحمدية، د. عثمان عبد المنعم ، مكتبة الأزهر ١٩٧٨م.

(حرف الفاء)

١٢٧- فتوح البلدان ، احمد يحيى البلاذري.

١٢٨- الفتوح الاسلامية عبر العصور، د. عبد العزيز العمري ، دار اشبيلية، الطبعة الاولى ،١٤١٨هـ - ١٩٩٧م، الرياض المملكة العربية السعودية .

١٢٩- الأفعى اليهودية في معاقل الاسلام ، عبد الله التل ، المكتب الاسلامي.

١٣٠- في اصول التاريخ العثماني ، احمد عبد الرحيم مصطفى ،دار الشروق، الطبعة الثانية، ١٤٠٦هـ - ١٩٨٦م.

١٣١- في ظلال القرآن الكريم ،سيد قطب ، دار الشروق.

١٣٢- الفوائد لأبن القيم.

١٣٣- فتح القسطنطينية وسيرة السلطان محمد الفاتح، محمد مصطفى .

١٣٤- فتح القسطنطينية وسيرة السلطان محمد الفاتح ، محمد صفوات، منشورات الفاخرية، الرياض، دار الكتاب العربي ، بيروت بدون تاريخ.

١٣٥- فقه التمكين في القرآن الكريم ، لعلي محمد الصلابي ، رسالة دكتوراه لم تطبع بعد.

١٣٦- فقه التمكين عند دولة المرابطين، علي محمد الصلابي، دار البيارق طبعة الاولى ١٩٩٨م، عمان – بيروت .

١٣٧- فتح العثمانيون عدن وأنتقال التوازن الدولي من البر الى البحر، محمد عبد اللطيف البحراوي، دار التراث، الطبعة الاولى، ١٩٧٩م، القاهرة – مصر.

١٣٨- فلسفة التاريخ العثماني، محمد جميل بيهم.

(حرف القاف)

١٣٩- قراءة جديدة في تاريخ العثمانيين، د. زكريا سليمان بيومي ، الطبعة الاولى، ١٤١١هـ - ١٩٩١م، عالم المعرفة.

١٤٠- قيام الدولة العثمانية ، د. عبد اللطيف عبد الله دهيش، الطبعة الثانية ،١٤١٦هـ - ١٩٩٥م، مكتبة و مطبعة النهضة الحديثة،مكة المكرمة - المملكة العربية السعودية.

(حرف الكاف)

١٤١- الكامل في التاريخ، علي بن محمد بن ابي الكرم بن عبد الكريم، القاهرة

.

١٤٢- الكشوف الجغرافية البرتغالية والأسبانية، مقالة في الصراع بين العرب والأستعمار، شوقي عبد الله الجمل، القاهرة ، ١٤١٥هـ - ١٩٩٥م.

(حرف اللام)

١٤٣- ليبيا بين الماضي والحاضر، حسن سليمان محمود ، مؤسسة سجل العرب، ١٩٦٢م، القاهرة.

١٤٤- ليبيا منذ الفتح العثماني، أتوري، روسي، تعريب خليفة التليسي، دار الثقافة، الطبعة الاولى ١٩٧٤م.

(حرف الميم)

١٤٥- معركة نهاوند، شوقي ابو خليل.

١٤٦-مرآة الزمان لبسط ابن الجوزي.

١٤٧- الموسوعة العامة لتاريخ المغرب والأندلس، نجيب زبيب ، دار الأمير، الطبعة الاولى، ١٤١٥هـ - ١٩٩٥م.

١٤٨- مذكرات السلطان عبد الحميد ، تقديم د. محمد حرب، دار القلم، الطبعة الثالثة، ١٤١٢هـ - ١٩٩١م.

١٤٩- موقف الدولة العثمانية من الحركة الصهيونية، د. حسان علي حلاق، دار الجامعة ، الطبعة الثالثة، ١٩٨٥م.

١٥٠- موقف اوروبا من الدولة العثمانية، د. يوسف علي الثقفي، الطبعة الاولى، ١٤١٧هـ.

١٥١- المختار المصون أعلام القرون، محمد بن حسن بن عقيل موسى ، دار الأندلس الخضراء للنشر والتوزيع ، الطبعة الاولى، ١٤١٥هـ - ١٩٩٥م،جدة - المملكة العربية السعودية.

١٥٢- المسألة الشرعية، دراسة وثائقية عن الخلافة العثمانية، محمود ثابت الشاذلي، مكتبة وهبة، الطبعة الاولى ١٤٠٩هـ - ١٩٩٨م.

١٥٣- محمد الفاتح ، د. سالم الرشيدي، الارشاد، الطبعة الثالثة ١٤١٠هـ - ١٩٨٩م، جدة - المملكة العربية السعودية.

١٥٤- معجم المؤلفين، تراجم مصنفي الكتب العربية، تأليف عمر رضا كحالة، الاحياء التراث العربي.

١٥٥-المشرق العربي والمغرب د. عبد العزيز قائد المسعودي ، جامعة صنعاء، دار الكتب الثقافية ، الطبعة الاولى ١٩٩٣م، صنعاء.

١٥٦- مجموع الفتاوي، للشيخ الأسلام ابن تيمية،جمع وترتيب عبد الرحمن القاسم .

١٥٧- الامر بالمعروف والنهي عن المنكر ، خالد السبت ، المنتدى الاسلامي .

١٥٨- معارج القبول شرح سلم الوصول الى علم الأصول في التوجيد، تأليف الشيخ الحافظ احمد حكمي (رحمه الله)، تعليق عمر محمود ، دار ابن القيم للنشر والتوزيع،الطبعة الاولى ١٤١٠هـ - ١٩٩٠م.

١٥٩- مسند الامام احمد ، المكتب الاسلامي ، ١٤١٠هـ - ١٩٨٥م، بيروت .

١٦٠- المجتمع المدني في عهد النبوة ، الجهاد ضد المشركين، الطبعة الاولى ١٤٠٤هـ .
١٦١- مواقف حاسمة ، محمد عبد الله عنان.
١٦٢- منهج الرسول في غرس الروح الجهادية في نفوس الصحابة، د. السيد محمد السيد نوح، الطبعة الاولى ١٤١١هـ - ١٩٩٠م ، نشرته جامعة الامارات العربية .
١٦٣- المغرب العربي في بداية العصور الحديثة ، صباح العقاد ، مكتبة الأنجلو المصرية ، الطبعة الثالثة ، ١٩٦٩م، القاهرة .
١٦٤- المغرب العربي الكبير، شوقي عطا الله الجمل ، طبعة الاولى، ١٩٧٧م، مكتبة الأنجلو المصرية ، القاهرة.
١٦٥- المجتمع الأسلامي المعاصر ، محمد المبارك، دار الفكر ١٣٩٠هـ - ١٩٧١م، بيروت .
١٦٦- مشكلات الجيل في ضوء الأسلام ، محمد المجذوب ط ١٣٩٠هـ.
١٦٧- المغرب في عهد الدولة السعدية ، عبد الكريم كريم ، شركة الطبع والنشر ، ١٩٧٧م، الدار البيضاء ، المغرب .
١٦٨- المغرب العربي الكبير، جلال يحيى .
١٦٩- محنة المورسيكس في اسبانية ، لمحمد قشتيلو ، مطبعة الشويخ ، تطوان، ١٩٨٠م.
١٧٠- الموسوعة الميسرة في الأديان ، لندوة الشباب العالمي، جدة .
١٧١- المسلمون وظاهرة الهزيمة النفسية، عبد الله بن حمد الشبانة، دارطيبة ، الطبعة الثالثة ١٤١٧هـ - ١٩٩٧م.
١٧٢- مصر في مطلع القرن التاسع عشر ، د. محمد فؤاد شكري ، ١٩٥٨م،القاهرة .

١٧٣- الماسونية وموقف الأسلام منها ، د. حمود احمد الرحيلي، دار العاصمة . السعودية ، الطبعة الاولى ١٤١٥هـ .
١٧٤- من اخبار الحجاز ونجد في تاريخ الجبرتي ، محمد اديب غالب ، دار اليمامة ، الطبعة الاولى ، ١٩٧٥م ، السعودية .
١٧٥- المعالم الرئيسية للأسس التاريخية والفكرية لحزب السلامة ، محمد عبد الحميد حرب ، ندوة اتجاهات الفكر الاسلامي المعاصر البحرين .
١٧٦- مفاهيم يجب ان تصحح، لمحمد قطب ، دار الشروق ، الطبعة السابعة ، ١٤١٢هـ - ١٩٩٢م، القاهرة .
١٧٧- المجتمع الأسلامي المعاصر، محمد المبارك ، دار الفكر ، ١٣٩٠هـ - ١٩٧١م، بيروت - لبنان.

(حرف النون)

١٧٨- الأنحرافات العقدية والعلمية في القرنين الثالث عشر والرابع عشر الهجريين وآثارهما في حياة الأمة ، تأليف علي بن نجيب الزهراني، دار طيبة مكة ، دار آل عمار ، الطبعة الثانية ، ١٤١٨هـ ١٩٩٨م، الشارقة .
١٧٩- النظام السياسي في الاسلام د. محمد أبو فارس ، دار الفرقان ، عمان ، الأردن ، الطبعة الثانية ، ١٤٠٧هـ - ١٩٨٦م.
١٨٠-النجوم الزاهرة ، لجمال الدين أبي المحاسن يوسف بن تغري ، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ١٣٩١هـ - ١٩٧١م.
١٨١- النفوذ البرتغالي في الخليج العربي، نوال صيرفي، مطبوعات دار الملك عبد العزيز ، ١٤٩٣هـ - ١٩٨٣م، الرياض - المملكة العربية السعودية .
١٨٢- نشوة المدام في العودة الى المدينة السلام : أبو الثناء الآلوسي - مطبعة ولاية بغداد ، ١٢٩٣هـ.

(حرف الواو)

١٨٣- واقعنا المعاصر ، الشيخ محمد قطب ، الطبعة الثانية ، ١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م، مؤسسة المدينة المنورة .

١٨٤- الولاء والبراء في الاسلام ، محمد سعيد القحطاني ، دار طيبة الطبعة السادسة ، ١٤١٣هـ ، مكة - الرياض .

١٨٥- وادي المخازن ،شوقي أبو خليل .

١٨٦- وحي القلم ، مصطفى صادق الرفاعي،دار الكتاب العربي ، الطبعة الثانية .

١٨٧- والدي السلطان عبد الحميد ، مذكرات الأميرة العائشة ، دار البشير، الطبعة الاولى ، ١٤١١هـ - ١٩٩١م.

(حرف الياء)

١٨٨- اليهودية والماسونية ، عبد الرحمن الدوسري ، دار السنة ، الطبعة الاولى ، ١٤١٤هـ - ١٩٩٤م.

١٨٩- اليهود والدولة العثمانية ، د. احمد نوري النعيمي ، مؤسسة الرسالة دار البشير ، الطبعة الاولى ١٤١٧هـ - ١٩٩٧م .

١٩٠- يهود الدونمة ، دراسة في الاصول والعقائد والموافق د. احمد نوري النعيمي ، مؤسسة الرسالة ، الطبعة الاولى ، ١٤١٥هـ - ١٩٩٥م.

ناوەڕۆك

ئێمەی وەرگێڕیش قسەیەكمان هەیە.......... ٤
پێشكەش.......... ٨
پێشەكی.......... ٩
دەروازە ٢١
بەشی یەكەم : ڕەگ وڕیشە و ڕەچەڵەكی توركەكان ٣٣
باسی یەكەم : ڕەچەڵەك ونشینگەی توركەكان.......... ٣٣
باسی دووەم :هەستانی دەوڵەتی سەلجوقی.......... ٣٧
باسی سێیەم : كۆتایی دەوڵەتی سەلجوقی.......... ٥٨
بەشی دووەم : بەر قەراربوونی دەوڵەتی عوسمانی و جەنگە ئازادیخوازەكان٦١
باسی یەكەم : عوسمانی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی ٦٣
باسی دووەم : سوڵتان ئۆرخانی كوڕی عوسمان ٧٥
باسی سیٚ یەم : سوڵتان موورادی یەكەم ٨٦
باسی چوارەم : سوڵتان بایەزیدی یەكەم ٩٧
باسی پێنجەم : سولَتان محمدی یەكەم ١١٠
باسی شەشەم : مورادی دووەم ١١٨
بەشی سێیەم : محمدی فاتح وفەتح كردنی قوستەنتینیە.......... ١٢٩
فەتح كردنی قوستەنتینیە ١٣١
ئامادەسازی بۆ فەتح كردن.......... ١٣٧
دانیشتنەكانی نێوان محمد فاتح و قوستەنتین.......... ١٤٥
لە كار لادانی سەركردەی كەشتیوانی عوسمانی و دلێری محمد فاتح.......... ١٤٦
لێهاتووییەكی جەنگی ناوازو.......... ١٤٩
كۆبوونەوەی نێوان پاشای قوستەنتینیەو یاریدەدەرەكان.......... ١٥٢

جەنگی دەروونی عوسمانی ١٥٣
پەلاماری لەناكاوی عوسمانیەكان ١٥٧
دانیشتنە كۆتایەكانی نێوان محمدی فاتح و قوستەنتین........................ ١٥٩
سوڵتان محمد فاتح و كۆبوونەوەیەك بۆ ڕاوێژ........................ ١٦١
محمدی فاتح و ڕێنماییەكانی ئاراستە دەكات ١٦٤
نصر من الله وفتح قریب ١٦٨
هەڵس و كەوتی محمد فاتح لە گەڵ مەسیحیە بەسەر زاڵبووەكاندا. ١٧٢
باسی دووەم : فاتحی مەعنەوی قوستەنتینیە (شیخ ئاق شەمسەدین) ١٧٥
باسی سێیەم : كاریگەری فەتحی قوستەنتینیە لە سەر جیهانی ئەورووپی ئیسلامی........................ ١٨٣
هەندێك لە نامەكانی فاتح بۆ سوڵتانی میصر ١٨٩
نامەی سوڵتان محمدی فاتح بۆ شەریفی مەككە ١٩١
باسی چوارەم : هۆكارەكانی فەتح كردنی قوستەنتینیە ١٩٣
كاریگەری حوكم كردن بە شەرعی خوا لە سەر دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی محمدی فاتح........................ ١٩٩
باسی پێنجەم هەندێ سیفەتی ڕێبەری محمد فاتح........................ ٢٠٩
باسی شەشەم : شتێك لە كارە ژیارییەكانی ٢١٤
باسی حەوتەم : وەسیەتەكەی سوڵتان محمد بۆ كوڕەكەی ٢٣١
مردنی محمد فاتح و كاریگەری لەسەر ڕۆژاوو ڕۆژهەڵات ٢٤٧
بەشی چوارەم :........................ ٢٥٢
سوڵتانە بەهێزەكانی دوای محمد فاتح ٢٥٢
باسی یەكەم : سوڵتان بایەزیدی دووەم ٢٥٢
باسی دووەم : سوڵتان سەلیمی یەكەم ٢٦٨
ڕوودانی پێكدادانەكە ٢٨٨

باسی گواستنەوەی خیلافەت ٢٩٢
هۆکارەکانی رووخانی دەوڵەتی مەملووکی ٢٩٣
ملکەچی حیجاز ونجد بۆ عوسمانیەکان ٢٩٤
یەمەن ٢٩٥
ململانێی عوسمانی و پورتوگالی ٢٩٦
مردنی سوڵتان سەلیم ٣٠٦
باسی سێیەم : سوڵتان سولەیمانی قانوونی ٣٠٧
باسی چوارەم دەوڵەتی عوسمانی وباکووری ئەفریقیا ٣١٦
دیبلۆماسیەتی پورتوگالی و هەڵوەشاندنەوەی
یەکریزی لە بکووری ئەفریقیا ٣٤٢
بەشی پێنجەم :سەرەتای پووکانەوەی دەوڵەتی عوسمانی ٣٤٢
باسی یەکەم سوڵتان سەلیمی دووەم ٣٤٣
باسی دووەم : سوڵتان موڕادی سێهەم ٣٧٠
باسی سێیەم : سوڵتان موراد خانی سێهەم ٣٧٦
باسی چوارەم :سوڵتان ئەحمەدی یەکەم ٣٧٩
باسی پێنجەم :هەندێ لە سوڵتانە بە هێزەکانی عوسمانی ٣٩٠
سوڵتان موستەفای یەکەم ٣٩٠
سوڵتان عوسمانی دووەم ٣٩١
سوڵتان موڕادی چوارەم ٣٩٢
سوڵتان ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد ٣٩٤
سوڵتان محمدی چوارەم ٣٩٧
سوڵتان سولەیمان خانی دووەم ٣٩٩
سوڵتان ئەحمەدی دووەم ٤٠١
سوڵتان موستەفای دووەم ٤٠١

سوڵتان ئەحمەدی سێهەم ٤٠٣
سوڵتانی مەحموودی یەکەم ٤٠٧
سوڵتان عوسمانی سێهەم ٤٠٩
سوڵتان موستەفای سێهەم ٤٠٩
سوڵتان عبدالحمیدی یەکەم........................ ٤١٤
بەشی شەشەم : سوڵتان سەلیمی سیهەم ٤٢٠
سووربوونی لەسەر جیهادکردن ٤٢١
تێکشکانی سوپای عوسمانی ٤٢٢
هەڵوێستی دەوڵەتە ئەوروپایەکان لەم رێکەوتننامانە........ ٤٢٣
چاکسازی ناوخۆی ئۆپۆزسیۆن ٤٢٧
شەری فەرەنسی خاچپەرست دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە میصردا...... ٤٢٨
باسی حەوتەم .....ڕەگ وریشەی خاچ پەرستییەکەی فەرەنسا........ ٤٢٩
سوڵتان سەلیمی سێهەم جیهاد دژ بە فەرەنسا رادەگەیەنێت ٤٣٤
عوسمانیەکان و سیاسەتە نێو دەوڵەتیەکانیان........................ ٤٣٩
کاریگەری پەلاماری فەرەنسا لە سەر میللەتی ئیسلامی........................ ٤٤٤
باسی هەشتەم : سوڵتان مەحموودی دووەم ٤٤٦
هەڵوەشاندنەوەی ئینکشاریەکان ٤٤٨
محمد علی وماسۆنیەت ٤٥٢
محمد علی و لێدانی ئیسلام لە میصردا ٤٦٠
بزووتنەوەی ئیسلامی شیخ محمد عبدالوهاب وململانێی
لەگەل دەوڵەتی عوسمانی........................ ٤٦٣
هاوپەیمانی بەستن لەگەل محمد بن سعود........................ ٤٦٤
پیلان دژی بزووتنەوەی شیخ محمد عبدالوهز........................ ٤٦٧
راستی ئەم پەلاماردانەی محمد علی بۆ سەر حیجاز ونجد........................ ٤٧١

شۆرشی یۆنان ٤٧٩
محمد علی پاشا و یۆنان ٤٨٥
محمد علی پاشا دەست بە سەر شام دا ئەگرێت ٤٨٨
باسی نۆیەم : سوڵتان عبدالحمیدی یەکەم ٤٩٧
سوود وەرگرتن لە شارستانێتی کافرانی رۆژاوا ٥٠٨
باسی دەیەم : سوڵتان عبدالعزیز ٥٢١
لابردنی سوڵتان عبدالعزیز لە سەر کارەکانی ٥٢٣
هۆی کوشتنی سوڵتان عبدالعزیز........................ ٥٢٤
باسی یازدەهەم : سوڵتان موارادی پێنجەم........................ ٥٢٥
بەشی شەشەم: سەردەمی سوڵتان عبدالحمید........................ ٥٢٧
بەیعەت وەرگرتن بۆ خیلافەت ٥٣٠
یاخیبوونەکان و شۆرشەکانی بەلقان ٥٣٩
شەری نێوان رووسیا و عوسمانێکان ٥٤٢
پەیمان سان ستڤانۆ ٥٤٦
کۆنگرەی بەرلین ٥٤٨
باسی دووەم : جامیعەی ئیسلامی........................ ٥٥١
جمال الدین افغانی وسوڵتان عبدالحمید........................ ٥٥٥
رێبازەکانی سۆفیزم ٥٦٠
بەعەرب کردنی دەوڵەت ٥٦٢
چاودێری کردنی سوڵتان بۆ قوتابانەکان ٥٦٤
قوتابخانەی خێڵەکان ٥٦٧
هێڵی ئاسنینی حیجاز ٥٧٠
سوڵتان عبدالحمید نەخشە دوژمنان هەڵدەوەشێنێتەوە........................ ٥٧٧
چاوبرسێتیەکانی ئیتاڵیا لە لیبیا........................ ٥٧٨

باسی سێیەم : سوڵتان عبدالحمید و جولەکە........................ ٥٨١
جولەکەی دۆنمە ٥٨٣
سوڵتان عبدالحمید و هرتزل گەورەی جولەکەکانی دونیا..................... ٥٨٩
باسی چوارەم سوڵتان عبدالحمید و کۆمەڵەی ئیتیحاد
و تەرەقی... ٥٩٨
باسی پێنجەم : دەست گرتن بە سەر فەرمانڕەوایی
سوڵتان عبدالحمیدی دووەمدا ٦٠٤
باسی شەشەم : فەرمانڕەوایی ئیتیحادیەکان و کۆتایی دەوڵەتی
عوسمانی.. ٦١٣
باسی حەوتەم : چەند موژدەیەکی ئیسلامی لە تورکیای
عەلمانیدا ٦٣١
باسی هەشتەم : هۆکارەکانی نشوستی هێنانی دەوڵەتی
عوسمانی ٦٥١
بڵاوبوونەوەی دیاردەی شیرك و بیدعەو ئەفسانە ٦٦٩
سۆڤیەتی لادەر ٦٧٥
ئامادەنەبوونی سەرکردایەتی لە خوا تر................................ ٦٨٤
بڵاوبوونەوەی ستەم لە دەوڵەتدا ٦٩٥
زێدە ڕۆیی دونیایی... ٦٩٩
ناکۆکی و دووبەرەکی ٧٠١
ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ٧٠٤
موجاهیدی گەورە حەسەن ئاغای طوشي................................ ٧٢٩
موجاهید حەسەنی کوڕی خیرالدین بربرۆسە............................. ٧٣٩
المصادر والمراجع :.. ٧٥٠
ناوەڕۆك ٧٦٧

کتێبخانەی نارین

هەولێر – فلکەی شیخ مەحموود– باڵەخانەی سیّد بهاءالدین -بازاڕی

زانست بۆ کتێب

پۆستی ئەلیکترونی: nareen_1@yahoo.com

faiqmuhammed@gmail.com